**نیکۆس کازانتزاکیس**

# پەیام بۆ گریکستان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

نیکۆس کازانتزاکیس

# پەیام بۆ گریکستان

## یادەوەری

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: دلاوەر قەرەداغی



**تەرجومەی ئەم پەیامە پێشکەشە بەهەوار**

ناوی کتێب: پەیام بۆ گریکستان- یادەوەری
نووسینی: نیکۆس کازانتزاکیس
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: دلاوەر قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٠٢
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: هونەرمەند محەمەد زادە
هەڵەگری: دلاوەر صادق ئەمین + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٨٣)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

# سێ جۆر ڕۆح، سێ نزا

خودایە، من کەوانێکم وام لەدەستتا
ڕامکێشە ئەگینا دەڕزێم
خودایە، زۆرم ڕامەکێشە
ئەگینا دەپچڕێم
زۆر زۆرم ڕاکێشە خودایە،
دە لێ گەڕێ با بپچڕێم!

نیکۆس کازانتزاکیس لە خودا دەپاڕایەوە کە ١٠ساڵی تریش مۆڵەتی بدات تا کارەکانی تەواوکات. لەو کارانەدا هەموو ئەو شتانە بڵێ کە پێویستە بیانڵێ و ئیدی پشوو بدات، کازانتزاکیس لەخودای داوا دەکرد کاتێ مردن دەگاتە سەری، مشتێ چڵوچێوی لێ مابێتەوە، (دە) ساڵی بۆ ئەوە بەس بوو، یان خۆی وای مەزەندە دەکرد کە دە ساڵ بۆ ئەوە بەسە.

بەڵام کازانتزاکیس لەو جۆرە کەسانە نەبوو بکرێ پشوو بدات، لە تەمەنی حەفتا و چوار ساڵیدا هەستی بەپیرێتی و ماندوویی نەدەکرد و تەنانەت پاش دوایین ڕووداو و دوای واکسنە کارەساتاوییەکە، هەردوو تایبەتمەندی گەورەی خوێن، (هلیمێر) و (کراوس)ی هات بەخەیاڵدا خۆی پیشانیان بدات.

بەدرێژایی مانگەکانی دواتر، پرۆفیسۆر هیلمێر دوای هەر سەردانێ هاواری دەکرد: "پێتان دەڵێم ئەم پیاوە چاک بۆتەوە، خوێنەکەی ساخ و سەلیمە وەک خوێنی من."

هەمیشە لە نیکۆس تووڕە دەبووم: "بۆچی ئاوها ڕادەکەیت؟" دەترسام لەسەر عەردە چیمەنتۆکە بکەوێ و ئێسکێکی بشکێت. وەڵامی دەدایەوە: "لینوتسکا نیگەران مەبە، من باڵم هەیە!" بونیادەم دەیتوانی هەست بەو باوەڕ بەخۆبوونە بکات کە لە پێکهاتە و لە ڕۆحیدا قوڵپی دەدا، باوەڕ بەخۆبوونێک کە دەستەمۆبوون زەفەریی پێ نەدەبرد. هەندێ جار بەهەناسە هەڵکێشانەوە دەیگوت: "گەر تەنها بمتوانیایە بۆم بخوێندبایتایەوە!" پاشان هەوڵی دەدا بنووسێ، قەڵەمەکەی بەدەستە چەپ دەگرت.

– "پەلەی چیتە؟ کێ ڕاوتدەنێ؟ وا خەریکە چاک دەبیتەوە. لەمیانەی چەند ڕۆژێکی کەمدا دەتوانیت بەئارەزووی دڵی خۆت بنووسیت!"

سەری وەردەگێڕا و قەیرێک بەبێدەنگیی لێم ڕادەما، پاشان بەهەناسە هەڵکێشانەوە دەیگوت: "شتم زۆر زۆرە کە پێویستە بیانڵێم! جارێکی تر سێ بابەت وروژاندوویانم، سێ ڕۆمانی تازە، بەڵام پێویستە یەکەم جار پەیام بۆ گریکستان تەواوکەم."

– "تەواوی دەکەیت... نیگەران مەبە!"

– "لە بەرنامەمدایە گۆڕانکاریی تێدا بکەم، بێ زەحمەت قاقز و قەڵەمێکم دەدەیتێ؟ بزانم دەتوانین پێکەوە کار بکەین؟"



بەڵام کارکردنمان بەیەکەوە پێنج دەقیقە زیاتری نەدەخایاند!

– "مەحاڵە! ناتوانم بخوێنمەوە و تۆ بنووسیت، قەڵەمم بەدەستەوە نەبێت ناتوانم بیربکەمەوە."

پێشینان، باوان، تافی منالّیی، ئەسینا، کریت، گەشتەکان، سیکیانوس، ڤێنا، بەرلین، بریفیلاکیس، مۆسکۆ...

ئەلعان ساتەوەختێکی وردی تری ژیانی خۆمانم وەبیردێتەوە. لە نەخۆشخانەیەکی تر و ئەمجارەیان لە پاریس، نیکۆس زۆر نەخۆش و پلەی گەرمای لەشی بێ ئەندازە بەرزببۆوە، پزیشکەکان شپرزە ببوون، هەمووان ئومێدیان بەچاکبوونەوەی بڕیبوو، کەچی نیکۆس هەر خۆڕاگربوو. گوتی:

– "لینوتسکا، قەڵەمێکم دەدەیتێ؟"

بەدەنگێکی پچڕپچڕ و نوقووم لە خەون، ئەو وشانەی قەدیس (فرانسیسکۆس)ی پێ نووسیم: "بەداربادامم گوت: خوشکێ لەبارەی خوداوە بۆم بدوێ، کەوام گوت، درەختی بایام شکۆفەی کرد و پشکووت!"

بەرلەوەی بەڕێکەوین بەرەو چین، (پەیام بۆ گریکستان)ی لای وێنەکێشێکی جحێڵ جێهێشت، ئەو جحێڵەی ناونابوو دایەنی ئەو کتێبە، لەبەرئەوەی هەر لەسپێدەوە دەهات و بەشپرزەیی و کێشەی گەورەوە لەبارەی خودا و خەڵک و هونەرەوە، خۆی دەکرد بەکتێبخانەکەی نیکۆسدا، دەکەوتە پرسیارە بێ کۆتاییەکانی لەبارەی (کەی) و (ئەگەر) و (چۆن)ەوە، نیکۆسیش دۆشداماو پێدەکەنی و سەرسام بوو بەگەرم و گوڕیی ئەو کوڕە گەنجە و خۆشەویستیی بەلرفەی بۆ هونەرەکەی. گەنجێک بوو کە ڕاشکاوانە بیرو خەیاڵاتەکانی خۆی دەردەبڕی و باری شانی خۆی سووک دەکرد. نیکۆس پێی گوت: "ڕەنگە تا دێمەوە ماڵەکە بسوتێ، لەبەرئەوە دەسنووسی (پەیام)ت لەلا جێدێڵم، ئاخر گەر لەم قۆناغەیدا بسووتێ، ئەوا جارێکی تر ناتوانم بینووسمەوە، زۆر شەرمەزارم کە تا ئێستا نەمتوانیوە تەواوی بکەم."

بەڵام چ شتێک هەبوو کە دەبوو تەواوی بکات؟ لەمیانەی ئەو چەند مانگە کەمەی بەر لە سەفەرەکەدا، چ شتێک مابوو کە تەواوی نەکردبێت؟ پاییزی ساڵی ١٩٥٦ و دوای گەڕانەوەمان لە ڤێنا، کەوتە نووسینی (پەیام). کاتێ پێویستی بەجەو گۆڕینێکبا، ئەوا ئۆدیسەی هۆمیرۆسی دەگرت بەدەستەوە کە بەهاوکاری پرۆفیسۆر کاکریدیس کاری تێدا دەکرد.

– "پێویستە لەسەرمان لەکاتی خۆیدا تەواویکەین، بەرلەوەی بەشەلەشەل بۆ هادیس دابەزم(*)!"

ئەمە ئەو وتەیە بوو کە ڕاهاتبوو بەشتێک لەسوعبەت و بەشتێکیش لەترسەوە دەیگوتەوە. هەر لەمیانەی ئەو مانگانەدا و لەوەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی ئۆدیسەدا توانی بڕێک لاپەڕەی تەرجومەکات کە گەلێ وشەی قورسیان لەخۆ گرتبوو، ئای چ کات و چ هەوڵێکی سەرلەنوێ لەئۆدیسەدا سەرف کرد! ئەمە جگە لەچاپی جۆراوجۆری کارە گریکییەکانی تری. دەقگەلێک هەبوون کە پێویستیان بەپێداچوونەوەو بۆ زیادکردن بوو. جگە لە ئیشکردنی لە (ڕوسیا)دا. ڕوسیا ئەو دەسنووسە بوو کەدواتر بزربوو. (بیرسیبریۆ)ش لەئیزگەی فەڕەنسە بەوتووێژەکانی ماندووی کردبوو. فیلم و ئەو سەفەرەی هیندوستان کە

(*) شوێنی مردووان لە ئەفسانەکانی گریکدا.

نەهرۆ بۆی بانگهێشت کردبووین و خۆمان بۆ ئامادەکردبوو، بەڵام نەچووین، چونکە ترسایین لەو شرینقانەی کە دەبوو لەخۆمانیان بدەین .

نەخێر ئەو نەیدەویست پەیام بۆ گریکستان لەکاتی دیاریکراودا تەواوکات، وەک ئەدگاری خۆی نەیدەتوانی نووسینەکە بۆ دووەم جار پاکنووس کات، بەڵکو دەیویست هەموو بەشی یەکەم و یەکێ لە بڕگەکانی کۆتایی کە ناوی (کاتێ تۆوی ئۆدیسە لەناوەوەمڕا چرۆی کرد)ی لێنابوو، بنووسێتەوە کە پێش مردنی ناردی تا لەگۆڤاری وەرزیی نیائێستیا Neaestia دا بڵاوبێتەوە. جگە لەوەش مەبەستی بوو لە خوێندنەوەی دەسنووسەکەی بێتەوە و بەقەڵەم هەندێ شتی لێ کەم و زیادکات.

هەنووکە کاتێک بەتەنێ دەبم، ئەو سپێدە پاییزییەم بیردێتەوە کە بەوپەڕی ئارامیی و میهرەبانییەوە وەک منالێکی چکۆڵە بەبەشی یەکەمی کتێبەکەیەوە هات بۆ لام.

– "لینوتسکاکەم، بیخوێنەوە، بیخوێنەوە و با گوێم لێت بێ."

(ئەشیاکانم کۆ دەکەمەوە: ئەشیای بینین، بۆن، لەمس، تام، بیستن و ئەقڵ، تاریکیی داهاتووە و کاری ڕۆژانە ئەنجام دراوە، وەک کوێرە مشکێک دەگەڕێمەوە کونجەکەی خۆم، دەگەڕێمەوە نێو عەرد، نەک لەبەر ئەوەی ماندووم و ناتوانم کاربکەم، من ماندوونیم، بەڵام خۆر ڕۆنیشتووە...)

نەمتوانی لەخوێندنەوە بەردەوام بم، دڵم پڕبوو، ئەوە یەکەم جار بوو کە نیکۆس لەبارەی مەرگەوە دەدوا، بەنائومێدییەکی ڕاستەقینەوە هاوارم کرد:

– "بۆ دەنووسیت؟ وەک ئەوەی ئامادەی مەرگ بیت؟"

پاشان لە دڵی خۆدا گوتم: "چما بۆ ئەمڕۆ تەسلیمی مەرگ بووە؟"

بێ هیچ دوودڵییەک وەڵامی دایەوە:

– "لینوتسکا نیگەران مەبە، من نامرم، نەمگوت (دە)ساڵی تر دەژیم؟" هەنووکە دەنگی نزمتربوو، پاشان دەستی ڕایەڵ کرد و خستییە سەر ئەژنۆم ، گوتی:

– "دەی بیخوێنەوە، با بزانین چیم نووسیوە!"

لەلای من نکوڵی لەوەکرد کە بمرێت، بەڵام دەشێ لەناخیدا هەموو شتێکی لا یەکلایی بووبێتەوە. هەمان شەو ئەو بەشەی لەزەرفێک نا و بۆ (بانتدیلیس بریفیلاکیس)ی هاوڕێی نارد، لێی نووسی: "هیلین ناتوانێت بۆمی بخوێنێتەوە، بەخوێندنەوەی کوڵی گریانی بەر دەبێ، بەڵام بۆ خۆی و بۆ منیش واباشترە ڕابێت."

وێ دەچێ شەیتانەکەی ناخی هانی دابێ دەسبەرداری (فاوست – بەشی سێیەم) بووبێت، ئەمە ئەو کتێبە بوو کە مەبەستی بوو بینووسێ و لەبری ئەو ناونیشانە، ناوی (یادەوەرییەکانی خۆی) لێ بنێ.

پەیام بۆ گریکستان تێکەڵەیەکە لەواقیع و ئەندێشە، بڕێکی زۆرە لەحەقیقەت و لانی کەمە لەئەندێشە، چەند مێژوویەکی تێدا دەسکاری کراوە، کاتێکیش لەبارەی خەڵکانی ترەوە دەدوێ، ئەوە حەقیقەتە بەبێ چ گۆڕانکارییەک، ئەوە ئەوەیە کە وی بەتەواوی بینیویەتی و بەتەواوی بیستوویەتی. کاتێک لەبارەی سەرکێشییە شەخسییەکانی خۆیەوە دەدوێ هەندێ گۆڕانکاری تێداکردوون. بەڵام شتێک هەیە دڵنیام لێی، ئەویش ئەوەیە کە گەر بیتوانیبا سەرلەنوێ ئەم پەیامە بنووسێتەوە، ئەوا دەیگۆڕی...



بەڵام چۆن؟ ئەمە ئەو شتەیە کە نایزانین... بەنووسینەوەی بابەتەکەی دەوڵەمەندتر دەکرد، لەبەر ئەوەی هەموو ڕۆژێک ڕووداوی نوێی بیر دەکەوتەوە کە بیری چووبوونەوە، هەمدیس ئەو ڕووداوانەی – وەک بزانم – لەقاڵبی حەقیقەتدا دادەڕشتنەوە، ئاخر ژیانی پڕبوو لە ماتریاڵ و ئازار و شادیی و ژان. بەیەک وشە ژیانی پڕبوو لەعیززەت. باشە ئیدی بۆچی ژیانی خۆی دەگۆڕی؟ نەک لەبەر ساتەوەختە سەختەکانی لاوازیی و لادان و عەزاب، بەڵکو بەپێچەوانەوە، خودی ئەو ساتەوەختە سەختانە لای ئەو دەبوونە پلەی نوێ کە یارمەتییان دەدا بۆ هەڵگژان بەرەو ژوورتر، هەڵگژان تا گەیشتن بەترۆپک، ئەو ترۆپکەی کە کازانتزاکیس بەڵێنی بەخۆی دابوو بەرلەوەی شەودابێ و دەسبەرداری کەرەستەکانی ئیشکردن بێ، پیایدا هەڵگژێ. تێکۆشەرێکی تر لێم پاڕایەوە و گوتی: "بەئیشەکانمدا حوکمم بەسەرا مەدەن، لە ڕوانگەی مرۆڤیشەوە حوکمم بەسەرا مەدەن، بەڵکو لەڕوانگەی خوداوە حوکمم بەسەرا بدەن."

– "لەئامانجی کورتکراوەی ئەودیو کارەکانمەوە حوکمم بەسەردا بدەن!"

دەبوو ئاوها لە کازانتزاکیس بنۆڕین. نەک لەوەی کردوویەتی و چما لەو کارانەشدا بەهای باڵا هەن یان نا ، بەڵکو پێویستە بەو کارانە حوکمی بەسەرا بدەین کەدەیویست ئەنجامیان دا، بەوەدا حوکمی بەسەرا بدەین کە چما ئەو کارانەی دەیویست ئەنجامیان دا خاوەن بەهایەکی باڵابوون بۆ خۆی و بۆ ئێمە یان نا! پێم وایە کارەکانی وی خاوەن ئەم بەهایەن.

لەو سی و سێ ساڵەی لەگەڵیدا ژیام، بیرم نایەت لەهەڵسوکەوتێکی شەرمەزاربووبم، لەڕادەبەدەر پاکژ و بێ فێڵ و دڵپاک و بێ ئەندازە میهرەبان بوو لەگەڵ خەڵکیی، تەنها بەرامبەر خۆی توندوتیژ بوو، کاتێ دەچووە گۆشەگیرییەوە، لەگەڵ خۆیدا توندوتیژ دەبوو، لەبەر ئەوەی هەستی دەکرد ئەو کارانەی پێویستە ئەنجامیان دا زەحمەتن و سەعاتەکانی ژیانی ئەمیش دیاریکراوە. وا ڕاهاتبوو هەمیشە بەچاوە ڕەشە بازنەییەکانییەوە، کە نوقووم بوون لەتاریکیی و لێوڕێژبوون لە فرمێسک، پێم بڵێ: "وا هەست دەکەم خەریکم دەکەومە پراکتیزەکردنی ئەوەی کە برگسون باسی دەکرد، واتە چوونە سەر جادە و دەست پانکردنەوە لە ڕێبواران: خێرێک برادەرینە، لەتەمەنی هەریەکەتان چارەکە سەعاتێکم بدەنێ، ئای بۆ تۆزێک عومر، تۆزێک عومر بۆ تەواوکردنی کارەکەم، ئیدی دوای ئەوە با چیرون charon بێت و بمبا!(*)"

دواجار چیرۆن هات – نەفرەتی لێ بێ – هات و نیکۆسی لەهەڕەتی لاویدا برد، بەڵێ خوێنەری بەڕێز، پێمەکەنە. نیکۆس لەوەختێکدا جێیی هێشتین کە کاتێکی گونجاو بوو بۆ گەشانەوەی بەری هەموو ئەوەی کە ئەو پیاوە دەستی پێ کردبوو، ئەو پیاوەی کە خۆشم دەویست و کە تۆی خۆشدەویست، ئەو (نیکۆس کازانتزاکیس)ی هاوڕێت بوو.

هێلین. ن کازانتزاکیس

ژنێڤ ١٥ ی حوزەیرانی ١٩٦١

(*) چیرۆن یان شیرۆن، گوێزەرەوەی ڕۆح بۆ هادیس.

# بەر لە پێشەکی

پەیامەکەم بۆ گریکستان ژیاننامە نییە. ژیانی شەخسیم هەندێ بەهای هەیە، بەهایەکی ڕێژەیی، ئەوەش بۆ خۆم نەک بۆ هیچ کەسێکی تر. تەنها بەهایەک گەر هەیبێت لەو هەوڵانەدایە کە بۆ هەڵگژان لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر داومن بۆ گەیشتن بەباڵاترین خاڵێک کە دەشێ پڕاوپڕی ئیرادە و سەرکێشیی بێت، واتە ئەو لوتکەیەی کە خواوڕاسان ناوم ناوە (ڕوانگەی کریتیی). لەبەر ئەوە خوێنەری ئازیز تۆ لەم لاپەڕانەدا ئاسەواری سوور دەبینی کە بەدڵۆپە خوێنی من تەڕ بوون، ئاسەوارێک کە سەفەری من لەنێو ئینسانەکان و هەست و سۆز و فیکردا دیاری دەکات. ئاخر هەموو ئینسانێک کە شایانی ئەوەبێت بەکوڕی خواوەند ناوزەد کرێ، پێویستە لەسەری خاچی خۆی لەکۆڵ نێ و بەجەلجەتای خۆیدا هەڵگژێ. زۆرێکیان، لەڕاستیدا زۆربەی زۆریان، دەگەنە مەنزڵگەی یەکەم یان دووەم، پاشان لەنیوەڕێی ئەو سەفەرەدا هەناسە بڕکێیان پێ دەکەوێ و لە پێ دەکەون، ناگەنە ترۆپکی جەلجەتا، بەواتایەکی تر ناگەنە ترۆپکی فەرمان، واتە ناگەنە لەخاچدان و هەستانەوە و ڕزگاربوونی ڕۆح، ترسی لەخاچدان دڵیان پێ دەدۆڕێنێ، ئەوانە نازانن کەخاچ تەنها ڕێگەی هەستانەوەیە، جگە لەوە ڕێگەیەکی تر نییە.

چوار پێپلیکەی یەکلاکەرەوە هەیە لە هەڵگژانما و هەریەکەیان ناوێکی پیرۆزی هەڵگرتووە: ئەوانیش (مەسیح و بووزا و لینین و ئۆلیسۆس)ن. سەفەرە خوێناوییەکەشم بەنێو ئەم هەموو ڕۆحە مەزنەدا ئەوەیە کە دوای ئەوەی خەریکە خۆرئاوا دەبێ، بەوپەڕی توانا هەوڵدەم ڕوخسار و تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕۆحە مەزنانە لەم یادەوەرینامەیەدا وێناکەم. ئەمە سەفەری ئینسانێکە کە دڵی وا لەنێو لەپی دەستیا و بەسەر شاخی قەدەرە سەخت و تووڕەکەیدا هەڵدەگژێ، ئاخر ڕۆحم هەر هەمووی هاوار بووە و کارەکانم هەر هەموویان شوێنپێ هەڵگرتنی ئەو هاوارە بوون.

بەدرێژایی ژیانم وشەیەک هەبووە کە هەمیشە عەزابی داوم و تازەی کردوومەتەوە، ئەویش وشەی (هەڵگژان) بووە، ئەم هەڵگژانە دەخەمە ڕوو. لێرەدا واقیع ئاوێتەی خەیاڵ دەکەم، لەگەڵ ئەو شوێن پێ سوورانەدا کە لەکاتی سەرکەوتن لەدوای خۆمەوە جێم هێشتوون، سوورم لەسەر ئەوەی کە بەزوویی کۆتایی بەو سەفەرە بێنم و بەر لەوەی (کلاوە ئاسنینە ڕەشەکەم) لەسەر بنێم و بگەڕێمەوە بۆ خۆڵ. لەبەر ئەوەی ئەم ئاسەوارە خوێناوییە تاقە نیشانەیە کە لە تێپەڕبوونما بەسەر عەرددا دەمێنێتەوە، هەموو ئەوەی کە نووسیومە و کردوومە، لەسەر ئاو نووسراوە یاخود لەسەر ڕووی ئاو ئەنجام دراوە، چتاقیان دیار نەماوە.

من زەینم وەخەبەر دێنم تا شتەکانم بیربێنەوە، وەک سەربازێک دەچمە بەردەمی ژەنەڕاڵەکەم، تا پەیامەکەم بۆ گریکستان بنووسم، لەبەر ئەوەی گریکستان تێکەڵەیەکە لە خاک و خۆڵی کریت، هەمان ئەو تێکەڵەیەی کە منی لێ خوڵقاوم. هەر بۆیە ئەو دەتوانێ لە هەموو تێکۆشەرانی ئێستا و ڕابردووم زیاتر تێم بگات.

چما ئەوانە هەمان شوێن پێی خوێناویی نین کە بەسەر گاشە بەردەکانەوە جێ ماون؟



*سێ جۆر ڕۆح، سێ نزا:*
*خودایە، من کەوانێکم وام لە دەستتا*
*ڕامکێشە ئەگینا دەڕزێم.*
*خودایە، زۆرم ڕامەکێشە*
*ئەگینا دەپچڕێم.*
*زۆر زۆرم ڕاکێشە خودایە،*
*دە لێ گەڕێ با بپچڕێم!*

# پێشەکی

ئەشیاکانم کۆدەکەمەوە، هەستی بینین، بۆن، لەمس، تام، بیستن، ئەقڵ.. شەو داهاتووە، ئیش و کاری ڕۆژانە ئەنجام دراوە، وەک کوێرە مشکێک دەگەڕێمەوە نێو عەرد، دەگەڕێمەوە کونجەکەی خۆم، نەک لەبەرئەوەی ماندووم و ناتوانم کاربکەم، ماندوو نیم، بەڵام ئاخر ئیدی خۆر ڕۆنیشتووە .

خۆر ڕۆنیشتووە، تەپۆڵکەکان تاریک دەنوێن، زنجیرە چیای زەینم هێشتاکە ڕۆشناییەکی چکۆڵەی بەبەرزایی ترۆپکەکانیانەوە لە خۆیدا پاراستووە، بەڵام شەوی پیرۆز کێشێکی قورسی وا بەسەر سەرمەوە، لەسەر عەردەوە هەڵدەگژێ و لەئاسمانەوە دادەچێ. ڕووناکیی بڕیاری داوە خۆی نەدا بەدەستەوە، بەڵام دەشزانێ شتێ نییە ناوی ڕەهایی بێ، ڕووناکیی خۆی نادات بەدەستەوە، بەڵام بەرەو موحاق(*) دەکەوێتە ڕێ، دوا سەرنج دەدەم لە دەوروبەر، ماڵئاوایی لە کێ بکەم؟ بەچی ماڵئاوایی بکەم؟ ماڵئاوایی لە چیا و زەریا و کەپری تژیی بەترێی بەرهەیوانی ماڵەکەم؟ ماڵئاوایی لە چاکە.. لە گوناه؟ ماڵئاوایی لە ئاوی سازگار؟ بێ هوودەیە، بێ هوودە... ئەوانە هەمووی لەگەڵمانا دەخرێنە گۆڕەوە.

بەکێی بسپێرم؟ سنووقی چکۆلانەی نهێنیی شادی و خەمەکانم بەکێ بسپێرم؟ سنووقی پڕ لەسەرچڵیی دۆنکیشۆتانە و عاریفانەی جحێڵیی و پاشان ڕووبەڕووبوونەوەی سەختم لەگەڵ خواوەند و ئینسانەکاندا بەکێ بسپێرم؟ ئەو سنووقە بەکێ بسپێرم کە لە دوا غرووری دڕندانەی تافی پیریدا هێشتا هەر دەسووتێ، کەچی مل نادات بۆ ئەوەی ببێتە خۆڵەمێش؟ قسە و باسی هەڵخلیسکان و گلان و خلۆربوونەوە یەک لەدوایەکەکانم بۆ کێ بگێڕمەوە؟ هەڵنوتان و بەربوونەوەم لە کاتی کەوتنە ڕێ بەرەو هەڵگژانی سەخت و ناهەمواری خواوەند و دووبارە و دووبارە هەستانەوە و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەم بەجەستەیەکی شەلاڵ لەخوێن، بۆ کێ بگێڕمەوە؟ لەکوێ بتوانم ڕۆحێکی دەستەمۆ نەبوو بەجێنیشانەی هەزاران برینەوە، ڕۆحێک وەک ڕۆحی خۆم بدۆزمەوە تا گوێ لە ددانپیانانەکانم ڕادێرێ؟

بەسۆز و میهرەبانییەوە مشتێ لە خاکی (کریت) هەڵدەگرم و لەنێو دەستما دەی وڵم، بەدرێژایی ڕۆژانی ئاوارەییم ئەو مشتە خاکەم لای خۆم پاراستووە، لەساتەوەختی شپرزەیی و تەنگەتاوییە گەورەکانا بەهەڵگلۆفینی ئەو خاکە لەنێو دەستما هێز و ئیرادەم تێ هاتۆتەوە، ڕێک وەک گوشینی دەستی یارێکی ئازیز.

بەڵام ئەلعان خۆر ڕۆنیشتووە و کاری ڕۆژانە ئەنجام دراوە، ئیدی چیی لە هێز و توانا بکەم؟ ئیدی پێویستم بەو هێز و توانایە نییە. ئەم خاکەی (کریت) لە نێو دەستما دەهێڵمەوە و بەشادی و میهر و شوکرانەبژێرییەوە هەڵی دەگلۆفم، تەواوێک وەک گوشینی مەمکی ئەو ژنەی ڕۆژانێک خۆشم دەویست، هەڵی دەگلۆفم و خوداحافیزیی لێ دەکەم، من بووم ئەو خاکی نەمرییە، ئەو خاکی نەمرییە من دەبم. ئەی خاکی زبری کریت، ئەو کاتەی تۆ لە شێوەی ئینسانێکی جەنگاوەردا خولقای، وەک بڵێی بەخێرایی

(*) کۆتایی مانگی قەمەریی، دوایین سێ شەوی مانگی قەمەریی کە مانگ نابیندرێت.



نەیزەکێکیش ئاوا بوویت!

چ جەنگێ لەنێو ئەو مشتە خاکەدا هەڵایسا؟ چ ئاشوبێک، چ هەوڵێک بۆ وەگیرهێنانی دەعبایەکی ئەفسانەیی مرۆخۆر؟ چ ئاهورا و ئەهریمەنی هێزە خەتەرناکەکان! ئەو خاکە بووە تێکەڵەیەک لە خوێن و ئارەقە و فرمێسک، ئەو خاکە بووە قوڕ، بووە ئینسان و هەڵگژانی بەرەو گەیشتن دەس پێ کرد، بەرەو گەیشتن بەچیی؟ بەهەناسەبڕکێوە لەقەوارەی تاریکی خواوەندەوە هەڵکشا، قۆڵی لێ هەڵماڵی و کەوتە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ڕوخساری خواوەنددا.

لەهەمان ئەو ساڵانەی دواییدا، کاتێک ئەو پیاوە هەستی بەنائومێدیی کرد لەوەی قەوارەی تاریک چ سیمایەکی نییە، ئیدی جەنگێگی تازەی لێوانلێوی لە ئازایەتیی و ترس دەست پێ کرد تا ئەو دوندە بێ ڕوخسارە داتاشێ و سیمایەکی پێ ببەخشێ، سیمای خۆی.

بەڵام حاڵی حازر کاری ڕۆژانە ئەنجام دراوە، ئەشیاکانم کۆ دەکەمەوە، دەی .. با مشتە خاکەکانی تریش بێن و درێژە بەجەنگ و زۆران بدەن، ئێمە مردووانی لەشکری کاری جاویدانەیین، خوێنی ئێمە مەرجانی سوورە و دوورگەیەک بەسەر گەرداوی نهێنییەوە ڕۆدەنێین.

خواوەند سەرگەرمی خولقاندنە، منیش دەنکە چەوە سوورەکەم، دڵۆپە خوێن، بەکاردەهێنم تا گوڕی ئەوەی پێ ببەخشم هەرەس نەهێنێ، تا ئەویش گوڕی ئەوەم پێ ببەخشێ هەرەس نەهێنم، ئیدی من کاری خۆم گەیاندۆتە کۆتایی.

خوداحافیز!

دەست ڕایەڵ دەکەم، دەسکی دەرگای دونیا دەگرم تا دەرگاکە بکەمەوە و بڕۆم، بەڵام تۆزێکی تر لەبەر دەرکی ڕووناکدا خۆم تاخیر دەخەم، چاوانم، گوێم، ناخم، دابڕانیان لە بەرد و سەوزاییەکانی دونیا پێ ئەغزە، ئینسان دەتوانێ بەخۆی بسەلمێنێ ئەو دابڕانە هەمان بەختەوەریی و ڕزگاربوونە، دەتوانێ بەخۆی بسەلمێنێ ئیدی چ مەبەستێکی تری لە پێش نییە، دەتوانێ بەخۆی بسەلمێنێ کاری خۆی ئەنجام داوە و ئامادەی ئۆغرکردنە، بەڵام دڵ نایەوێ بڕوات، چنگ لە بەرد و سەوزاییەکان گیر دەکا و دەپاڕێتەوە: تاوێک بمێنەوە! تەواوی هەوڵم بۆ ئەوە بووە تەسەللای دڵم بدەمەوە و قایلی کەم ئازادانە وشەی (بەڵێ) بهێنێتە سەر زوبان، ئێمە نابێ وەک کۆیلەیەکی زەلیلی بەر ڕەحمەتی قامچیی، بەگریانەوە عەرد جێ بێڵین، بەڵکو دەبێ وەک ئەو پاشایانە ئۆغرکەین کە دوای تێرخواردن و تێرخواردنەوە، دەست لەسەر سفرە هەڵدەگرن. بەڵام وا دڵ هێشتا لە قەفەسی سینەدا لێ دەدا و هاوار دەکات: "تاوێکی تر بمێنەوە!" ئاخر دڵ نایەوێ بڕوات.

منیش دەمێنمەوە و دوا سەرنج لەڕووناکیی دەدەم، ڕووناکییش وەک دڵی مرۆڤێک پێ دادەگرێ و دەجەنگێ، هەور ئاسمانی تەنیوە، نمە نمە بارانێکی گەرم دەپرژێتە سەر لێوم، خاک بۆنێکی خۆشی گرتووە، دەنگێکی شیرین و ئەفسووناوی لەخاکەوە بەرز دەبێتەوە و دبێژێ: "وەرە، وەرە، وەرە.."

باران بەلێزمە دەبارێ، یەکەمین باڵندەی شەو هەناسە هەڵدەکێشێت، ئازاری ئەو تەیرە لەو هەوا شێدارەدا، بەوپەڕی چێژەوە لەچڵی بەشەو تەڕبووی درەختەوە دەتکێ، ئارامیی، چێژێکی قووڵ، کەس

لەماڵەوە نییە، لەدەرەوە چیمەنزاری تینوو بەشوکرانەبژێریی و دڵێکی خۆشەوە لەیەکەمین بارانی پاییز دەخواتەوە، عەرد وەک ساوایەک خۆی هەڵدەبڕێ تا مەمکی ئاسمان بمژێ.

لەکاتێکدا وەک هەمیشە مشتێ خاکی کریتم لەنێو لەپی دەستابوو، چاوانم لێک نا و نووستم، نووستم و خەونم بینی، وا پێ دەچوو خۆر هەڵاتبێ، ئەستێرەی بەیان بەژوور سەرمەوە هەڵواسرابوو، لەبەر ئەوەی دڵنیا بووم دەکەوێ بەسەر سەرمدا، بۆیە ترسام و بێ یار و یاوەر بەنێو چیا قاقڕ و ڕووتەنەکاندا هەڵهاتم، خۆر لەخۆرهەڵاتەوە وەدیارکەوت، خۆر نەبوو، بەڵکو ئاگردانێکی بڕۆنزیی پڕ لەپشکۆی هەڵایساو بوو، هەوا کەم کەم گەرم دەبوو، کەوێکی بۆر لەتەپکەیەکەوە هاتە دەرێ، باڵەکانی لێک دەدا و بەقاسپەقاسپی خۆی گاڵتەی پێ دەکردم، قژقڕەیەک بەبینینی من لەدامێنی کێوەکەوە بەرەو سەرێ هەڵفڕی، هەڵبەت چاوەڕێی دەرکەوتنی من بووە تا بەپێکەنینەوە دوام کەوێ، لەڕقا دانەویمەوە، بەردێکم هەڵگرت تێی بگرم، بەڵام قژقڕەکە بووە پیرەمێردێکی چکۆڵە و زەردەخەنەی هاتێ.

بەواق وڕماویی کەوتمەوە ڕاکردن، چیاکان دەسووڕانەوە و منیش لەگەڵیانا باوەخولێم پێ کەوتبوو، ئەڵقەکان وردە وردە دەهاتنەوە یەک، سەرم گێژی خوارد، چیاکان بەدەورمدا سەمایان دەکرد، کوتوپڕ هەستم کرد ئەوانە چیا نەبوون، بەڵکو ئاسەواری کەللەسەرێکی بەر لەمێژوو بوون، لە لای ڕاستیشەوە و بەژوور سەرمەوە خاچێکی گەورە لەسەر گاشە بەردێک، مارێکی زەبەلاحی بڕۆنزیی لەسەر لە خاچ درابوو.

پشتوێنی برووسکەیەک لەزەینمەوە ئالاو چیاکانی دەوروبەرمی ڕووناک کردەوە، خۆمم بینیی لە زنارێکی تەنگ و پێچاوپێچ و ترسناکدا گیرم خواردووە، زنارێک کە هەزاران ساڵ لەمەوبەر بەنی ئیسراییل بەسەرکردایەتی (یەهووە) لەکاتی هەڵاتن لەسەر زەمینی بەپیتیی فیرعەون، لەوێوە تێپەڕیون. ئەو زنارە تەنگە کورەیەکی تاقیگەیی بوو کە تیایدا قەومی بەنی ئیسرائیل لە برسێتیی و تینوێتیی و کوفردا خارا بوون.

ترس، ترس و شادومانییەکی قووڵ سەراپای بوونمی لە خۆوە پێچا، پاڵم دا بەبەردێکەوە تا سەرە گێژییەکەم هێور بێتەوە، چاوانم لێک نا و دەسوبرد هەموو شتەکانی دەوروبەرم مەحف بوون و هێڵێک لە کەناری گریکستانەوە درێژ بۆوە، زەریای ڕەشیی مەیلەو شین، گاشەبەردی سوور، بەنێو ئەو گاشە بەردانەدا باریکەڕێیەک دەچۆوە سەر ئەشکەوتێکی ڕەشی شەبەق ڕەنگ، دەستێک پەردەی هەوای لادا و مەشخەڵێکی نایە دەستم، فەرمانەکەم وەرگرت، خاچم کێشا و چوومە ناو ئەشکەوتەکەوە.

گێژوویژ، بەنێو ئاوی ڕەشی شەختەبەندا، بەلەتردانەوە دەڕۆیشتم، هەر چراوگی شینی بلوورین بوو بەژوور سەرمەوە شۆڕ ببوونەوە، گاشە بەردێک کە لەبەر ڕۆشنایی مەشخەڵەکەدا پرشنگی دەدا و پێدەکەنی، لەعەردەوە سەری هەڵبڕی، ئەو ئەشکەوتە منالدانی ڕووبارێکی گەورە بووە و دوای چەندین سەدە ڕەوتی خۆی گۆڕیوە و ئەشکەوتەکەی جێ هێشتووە.

مارە بڕۆنزییەکە لەتووڕەییدا دەیفیشکاند، چاوانم کردنەوە و هەمدیس چیا و زناری تەنگ و هەڵدێرەکانم بینی، سەرە گێژییەکەم نیشتبۆوە، هەموو شتێک بێدەنگ و تژیی بوو لە ڕووناکیی، حاڵی



بووم لەوەی کە (یەهووە)یش بەهەمان شێوە لەناخی چیاکانی دەوروبەرمدا تونێلێکی لێداوە، ئیدی من چووبوومە نێو ڕوحمی ترسناکی خوداوە و جێپێی ئەوم هەڵدەگرت و لەدوایەوە هەنگاوم دەنا.

لە خەونەکەمدا هاوارم کرد: "ئەمەیە، ڕێگەی ئینسان ئەمەیە، ئەمە تەنها ڕێگەیەکە کە هەبێ!"

هەر کە ئەم وشانە بێ پەروا لە زارمەوە هاتنەدەر، گێژەڵووکەیەک لە خۆیەوە پێچام، بایەکی توند لەڕەگەوە هەڵی کێشام، کوتوپڕ خۆمم لەسەر لوتکەی چیای سینا بینی، هەوا بۆنی گۆگردی لێ دەهات، لێوم کەوتە برژانەوە وەک ئەوەی لێکدا لێکدا پڕیشکی ئاگرێکی نادیاری بەرکەوێ، لە سەرەوەم ڕوانی، چ کاتێ چاو و ناخم تامی لەززەتی دیمەنێکی نائینسانیی لەو جۆرە و ئاوها هاوئاهەنگیان لەگەڵ دڵمدا نەکردبوو، دیمەنێکی بێ ئاو، بێ درەخت، بێ ئینسان و بێ ئومێد. ڕۆحی ئینسانێکی لەخۆبایی یان نائومێد دەیتوانی لێرە بەختەوەریی ڕەها بدۆزێتەوە.

لە گاشە بەردەکەی ژێر پێم ڕوانی، دوو چاڵی قووڵ لەسەر بەردەکە بوون، ئەو دووچاڵە بێ شک جێ پێی پێغەمبەرێکی قۆچدار بوون کە چاوەڕێی دەرکەوتنی شێری برسیی کردووە، چما مەگەر هەر ئەو شێرە نەبوو کە فەرمانی دابووە پێغەمبەر تا لەوێ لەسەر ئەو ترۆپکە چاوەڕێی بکات؟ دەی ئەویش چاوەڕێی دەکرد.

منیش چاوەڕێ بووم، پاڵم دا بەهەڵدێرەکەوە و بەوردی گوێم هەڵخست، لە ناکاوێکڕا گرمەی کپیی هەنگاونانی کەسێکم لە دوورەوە ژنەفت کە نزیک دەبۆوە، چیاکان لەرزین، پەڕەی کەپووم کەوتە لەرین، هەوای دەوروبەر بۆنی کەڵە بزنی لێ دەهات، لەبەر خۆمەوە گوتم:" ئەو خەریکە دێ... خەریکە دەگاتە ئێرە!" پشتێنەکەم لێ توندکرد، خۆم ئامادەی جەنگ کرد. ئای چەند ئارەزووی ئەو ساتەوەختە بووم کە لەگەڵ دەعبای برسی دارستانی ئاسماندا بکەومە زۆران، بەبێ ئەوەی دونیای بەتاڵ و دیار ببێتە بەربەستی ڕێگەم و بەلاڕێمدا بەرێت، چاوەڕێی ئەو ساتەوەختە بووم کە لەگەڵ ئەو باوکە نادیار و هەمیشە برسی و دڵپاکەدا ڕووبەڕوو ببمەوە کە فرزەندەکانی دەکاتە پڕپۆڵە و لە لێو و ڕیش و نینۆکەکانیەوە خوێن دەچۆڕێ، کە دێت ئازایانە لەگەڵیدا دەئاخڤم، لەبارەی عەزابی ئینسان و تەیر و درەخت و بەردەوە قسانی بۆ دەکەم، پێی دەڵێم بڕیاری ئێمە ئەوەیە کە نەمرین، ئەو یاداشتانەمەیەی تەسلیم دەکەم کە ئیمزای تەواوی درەخت و تەیر و گیانەوەر و ئینسانەکانی لەسەرە، یاداشتێک کە لێی نووسراوە: (باوکە ئێمە نامانەوێ بمانخۆیت!) یاداشتنامەکەی دەدەمێ، دەیدەمێ و هیچ ناشترسم!

وام دەگوت و دەپاڕامەوە و بەردەوامیش پشتێنەکەم لێ توند دەکردەوە و دەلەرزیم، لەوکاتەی کە لەوێدا چاوەڕێم دەکرد، وا پێ دەچوو بەردەکان جێگۆڕکێ بکەن، دەنگی هەناسەبڕکێیەکی توندم بیست، لەبەرخۆوە گوتم: "ئەوە... خۆیەتی... هاتووە!"

هاتمەوە سەرخۆ، بەڵام یەهووە نەبوو، یەهووە نەبوو، ئەوە تۆ بوویت باپیرە گەورە، ئەوە تۆ بوویت خوڵقاو لە خاکوخۆڵی ئازیزی کریت. لەبەر دەما تۆی نەجیبزادە گرژ و مۆن ڕاوەستابوویت، بەڕیشە سپییە بەفرینەکەتەوە، بەلچولێوی وشکهەڵاتەی ئەستوورتەوە، بەنیگای بەرینی پڕ لە بڵێسە و باڵتەوە، ڕەگی گیای شیوەران بەتاڵە مووەکانی قژتەوە لکابوو.

لێم خورد دەبوویتەوە و لە نیگاتا هەستم دەکرد ئەم دونیایە هەورێکە ئاوس بەتەرزە و با، ڕۆحی ئینسان هەورێکە ئاوس بەتەرزە و با، خواوەندیش لەسەرەوە فوو بەو هەورەدا دەکا و چ ڕێیەک بۆ ڕزگاربوون نییە.

بۆ سەرێ ڕوانیم و تۆم بینی، ویستم بپرسم: "باپیرە گەورە، چما ڕاستە چ ڕێگەیەک نییە بۆ ڕزگاربوون؟" بەڵام زوبانم بەسترابوو، ویستم لێت نزیک ببمەوە، بەڵام قاچم لە دووم نەدەهات.

لەم کەین و بەینەدا دەستت ڕایەڵ کرد، وەک بڵێی من خەریک بێ بخنکێم و تۆیش بتەوێ ڕزگارم کەیت، بەوپەڕی پەرۆشییەوە بەدەستتەوە نووسام، ڕەنگی جۆراوجۆر لەسەر دەستت بڵاوبوونەوە، وەک بڵێی هێشتا لەساتەوەختی ڕەنگگرتنا بیت، دەستت دەسووتا، بەدەستدان لە دەستتەوە هێزم تێ هاتەوە و توانای قسەکردنم پەیداکردەوە.

– "باپیرە گەورەی ئازیز، ئەمرکە!"

بەزەردەخەنەیەکەوە دەستت بەسەرمدا هێنا، ئەوە دەست نەبوو، بەڵکو ئاگرێکی ڕەنگاوڕەنگ بوو، بڵێسە ڕۆچووە مۆخمەوە.

– "کوڕەکەم، بگەرە ئەوەی کە دەتوانیت پێی بگەیت!"

دەنگت جیددی و خەمین بوو، وەک بڵێی لە گەرووی قووڵی ئەرزەوە هەڵقوڵێ، دەنگت هەتا بنی مۆخم ڕۆچوو، بەڵام کاری لەدڵم نەکرد.

هەمدیس بانگم کردیت و ئەمجارەیان بەرزتر: "باپیرە گەورە، فەرمانێکی قورستر، فەرمانێکی کریتییانەترم پێ بسپێرە!" قسەکەم تەواو نەکردبوو کە یەکسەر بڵێسەیەکی بەلرفە هەوای شەق کرد، باپیرە گەورەی هەرگیز تەسلیم نەبوو، بەڕەگو ڕیشاڵی شیوەرانی نووساو بەتاڵە مووەکانی قژییەوە لەبەرچاوانما مەحف بوو، هاوارێکی لەسەر ترۆپکی کێوی سینا جێ هێشت، هاوارێکی فەرماندەرانە، فەزا هاتە لەرزە.

– "بگەرە ئەوەی کە ناتوانی پێی بگەیت!"

ڕاچڵەکیم و وەئاگابوومەوە، خۆر هەڵاتبوو، هەستام، بەرەو دەرگاکە ڕۆیشتم و چوومە هەیوان، کەپری شەلاڵ بەبۆڵەترێ هێنامیەوە سەرخۆ، باران هێور ببۆوە، بەردەکان دەدرەوشانەوە و پێدەکەنین، فرمێسک شانی گەڵێکانی قورس کردبوو.

– "بگەرە ئەوەی کە ناتوانی پێی بگەیت!"

ئەوە دەنگی تۆ بوو باپیرە گەورە، کەسی تر شیاوی دەرکردنی ئاوها ئەمرێکی جوامێرانەی نەبوو، چما ئەدی تۆ ژەنەراڵی نائومێد و تەسلیم نەبووی نەسلی جەنگاوەرانەی من نیت؟ ئەدی ئێمە ئەو قەومە بریندار و نەهاتیی دیوە نین، ئەو قەومە ئەقڵ سووک و گێلە نین کە چاومان لە فەرەحیی و یەقین پۆشیی تا بەسەرکردایەتی تۆ هێرش بەرەو سنوورەکان بەرین و تێکوپێکیان بشکێنین؟

خواوەند درەوشاوەترین ڕوخساری نائومێدیی و درەوشاوەترین ڕوخساری ئومێدیشە، باپیرە گەورە.. تۆ من بەرەو ئەوسەری ئومێد و نائومێدیی بەرێ دەکەیت، بەرەو ئەوسەری سنوورە دێرینەکان، بەرەو کوێ؟



لەدەوروبەرم ورد دەبمەوە، لەناخم ورد دەبمەوە، چاکەخوازیی حەپەساوە، ئەندازە و ماددە حەپەساون، زەینی یاساساز، دەبێ هەمدیس تەشریف بێنێ تا سیستم و یاسای نوێ دارێژێ، دەبێ دونیا بەیەکپارچەییەکی شیاوتر بگات.

ئەمە ئەوەیە کە تۆ دەتەوێ، ئەمە ئەو شوێنەیە کە منی بۆ ڕەوانە دەکەیت، ئەو شوێنەیە کە هەمیشە منی بۆ بەرێ دەکەیت، شەو و ڕۆژ گوێ قوڵاغی فەرمانت بووم، بێ ئەندازە جەنگیم تا دەستم بگاتە مەحاڵ، ئەوەم بەئەرکی سەرشانم دادەنا. تۆ دەبێ سەرکەوتن و شکستەکانم پێ بڵێیت، ئامادەباش لەبەردەمتا ڕادەوەستم و چاوەڕێم.

ئەی ژەنەراڵ، وا جەنگ لە تەواو بووندایە و منیش ڕاپۆڕتی خۆم دەنێرم، گۆڕەپانی جەنگ و چۆنێتیی بەرەنگاربوونەوەم ئاوهاییە، بریندار بووم، نائومێد بووم، بەڵام ڕام نەکرد، گەرچی لەترسا ددانە چۆقەم پێ کەوتبوو، بەڵام بەدەسەسرێکی سوور، توند توند نێوچەوانم بەست تاخوێنەکە بشارمەوە و هەمدیس بگەڕێمەوە گۆڕەپانی جەنگ.

لەحزوورتا یەکەیەکە پەڕە گرانبەهاکانی خەسڵەتی قەلەڕەشانەی ڕۆحم هەڵدەکێشم تا ئەو مشتە خاکەی تێکەڵ بەخوێن و ئارەقە و فرمێسک بووە لەشوێنی خۆیدا بمێنێتەوە، قسە و باسی جەنگەکانمت بۆ دەگێڕمەوە تا باری شانی خۆم سووک کەم، فەزیلەت و شەرم و حەقیقەت وەلا دەنێم تا باری شانی خۆم سووک کەم، ڕۆحی من لەمەخلوقەکەی تۆ (تۆلیدۆ لە تۆفان)دا دەچێت، کە بەتەرزە و هەوری ڕەش گەمارۆدرا، دژی ڕووناکیی و تاریکیی دەجەنگێم، جەنگێکی نائومێدانە و چالاکانە، تۆ ڕۆحم دەبینی و بەبرۆ چرووپرەکانتەوە دادێیتەوە و ڕۆحم کێشانە دەکەیت و دەکەویتە داوەریی. چما ئەو پەندە جوانە کریتییەت لەبیرە کە دەڵێ: (بگەڕێرەوە ئەو جێیەی کە تیایدا شکستت هێنا، ئەو جێیە جێ بێڵە کە تیایدا سەرکەوتیت!) گەر دۆڕام ئەوا دەگەڕێمەوە مەیدانی شەڕ تەنانەت گەر زیاتر لە سەعاتێک عومریشم نەمابێ، گەر بردیشمەوە، ئەوا دەرکی عەرد وا لێ دەکەم تا بێم لە لاتەوە بحەوێمەوە.

بۆیە ئەی ژەنەراڵ، گوێ لە پەیامەکەم ڕادێرە و خۆت حوکم دە. باپیرە گەورە، گوێ لەقسەوباسی ژیانم ڕادێرە. گەر لە ڕیزی تۆدا جەنگیبم، گەر بریندار بووبم و نەمهێشتبێ کەسێ لە سوێیی برینەکەم وەئاگابێ، ئەگەر هیچ کاتێ پاڵم بەدوژمنەوە نەدابێت، ئەوا لەدوعای خێری خۆتم بێ بەش مەکە.

## باپیران

لە ناخم دەنۆڕم و هەڵدەلەرزم، باپیرانم لەباوکەوە لە ئاودا چەتەی زەریا بوون، لەسەر وشکانیش جەنگاوەر، نە ترسیان لەخودا هەبوو نە لەئینسان، لەدایکیشەوە باپیرانم جوتیارانی دڵ و دەروون پاک بوون کە بەدرێژایی ڕۆژ بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە لەسەر عەرد دەچەمینەوە، عەردیان تۆو دەکرد، بەدڵنیاییەوە چاوەڕێی باران و خۆر دەبوون. درەویان دەکرد، دەمەو عەسرانیش لەسەر سەکۆی بەردەمی ماڵەکانیان دادەنیشتن، باسکیان لەنێو باسک دەنا و ئومێدیان بەخودا دەبەست. ئاگر و خاک، چۆن دەمتوانی ئەو دوو باپیرە جەنگاوەرە لە ناوەوەمرا یەکانگیرکەم، هەستم دەکرد یەکەمین وەزیفەم ئەوەیە

پەیمانی ئاشتییان لەگەڵ مۆرکەم تا تاریکایی چڕیان لە خاچەکەم بێنمە دەرەوە و ڕۆشنایی پێ ببەخشم، ئەی مەگەر ڕوخساری خواوەندیش ئاوهایی نییە؟ ئەی مەگەر وەزیفەی ئێمەش ئەوە نییە کە بەهەڵگرتنی جێ پێکانی وی، ئەم شێوازە بەکاربەرین؟ ئاخر تەمەنی ئێمە لە نیگایەک زیاتر نییە. دەی ئەوەش بەسە.

تەواوی دونیـا، بێ ئەوەی خـۆی پێ بزانێ، ئەو شـێـوازە پەیڕەو دەکـات، هەر مـەخـڵـوقـێک بۆ خـۆی کارگەیەکە و تیایدا خواوەند بەنهێنی خۆڵ ئامادە دەکات و ڕۆحی خۆی ئامێتەی دەکات، بەو هەنجەتەیە کە درەختەکان چرۆ دەکەن، کە ئاژەڵەکان زاووزێ دەکەن، هەر بەم هەنجەتەشە کە مەیمون پێی لە کەوشی چارەنووسی خۆی ناو توانی لەسەر دووپێ ڕاوەستێ. لەمـێـژووی دروست بـوونی دونیـاوە تا ئەمـڕۆ، بۆ یەکەمین جار، ئینسان توانی بچێتە کارگەی خواوەندەوە و شان بەشانی ئەو کار بکات، هەرچی زیاتر گۆشتی جەستە بگۆڕێت بەئەڤین و ئازادیی، زیاتر کوڕی خواوەندبوون وەدی دێت.

ئاوها وەزیفەیەک سەخت و بێ کۆتاییە، من سەراپای عومرم جەنگیوم و هێشتاکەش هەر دەجەنگم، بەڵام ئاسەوارێک تاریکایی لەدڵمدا ماوە، جار جارە سەرلەنوێ زۆرانگرتن دەست پێ دەکاتەوە. باپیرانم لە باوکەوە زۆر بەتوندی ڕەگیـان لەمندا داکوتیوە، بەردەوام شێوەیان دەگۆڕدرێ، بۆیە زەحمـەتە بتـوانم لەتاریکیی ڕەهادا ڕوخسـاریان لەیەکـتر جیـاوەکەم، لە گەڕانمدا بەدوای دۆزینەوەی یەکەمین باپیـرەی ترسناک لە ناخمـدا، هەرچی زیاتر بچمە پێشێ و بەنێو چینەکانی عەردی ڕۆحمدا - تاک، نەتەوە، ئینسـانییـەت - ڕۆچم، ترسی پیرۆز زیاتر بەسەرما زاڵ دەبێ و داگیـرم دەکـات، سەرەتا ڕوخسـارەکـان لەشێوەی ڕوخساری برا یان بابدا دەردەکەون، پاشان کە زیاتر بۆ نێو قولآیی دادەبەزم، لە کەلەکەمەوە، باپیرەیەکی کوڵکنی شەویلە زل دەردەپەڕێ.

برسی و تینوو، هاوار دەکا و خوێن بەری چاوانی گرتووە، ئەم باپیرەیە دەعبایەکی زەبەلاح و ناقۆڵایە و دراوەتە من تا بیکەمە ئینسـان، لەو مـۆڵەتەدا کە بۆم تەرخان کراوە هەوڵ دەدەم بیکەمە مـەخلـوقـێکی باڵاتریش لەئینسان. چەند سامناکە! لە مەیموونەوە بوون بەئینسان و لە ئینسانەوە بوون بەخواوەند!

شەوێکیـان لەگەڵ هاوڕێیـەکدا بەسەر شـاخێکی بەرزەوە بووین، بەفرێکی زۆر باری بوو، ڕێمان وێڵ کرد، تاریکی گەمارۆی داین، هەورێ بەئاسمـانەوە نەبوو، مـانگی چواردە بەخامۆشی بەژوور سەرمانەوە شۆڕ ببۆوە، لەبەرزایی شاخەکەوە تا پێدەشت، بەفر بەڕەنگێکی شینی کاڵ دەدرەوشایەوە، بێدەنگییەکی ترسناک و شپرزەو تاقەت پڕووکێن باڵی کێشابوو، هەڵبەت هەزاران ملیۆن ساڵ لەمەوبەریش، شەوانی بەمانگ شۆڕاو هەروەک ئەمشەو بوون، بەرلەوە خواوەند بێدەنگییەکی ئاوها تاقەت پڕووکێنی پەیدا کرد و قوڕی گرت بەدەستەوە تا ئینسان دروست بکات.

چەند هەنگاوێک پێش هاوڕێکەم کـەوتم، زەینم سـەرەسـووڕێیـەکی سـەیری پێ کـەوتبـوو، وەک سەرخۆشێک لەترم دەدا، وا پێ دەچوو لەسەر ڕووی مانگ بڕۆم یان بەسەر عەردێکی دێرین و چۆڵ، بەڵام زۆر ئاشناوە بم، عـەردێک بەرلەوەی ئینسـان پێی بخاتەسەر. کوتوپڕ لەپێچێکی دووری پێدەشتـەکەی نزیک کۆتایی دۆڵەکەوە، ڕۆشنایی چرامـان بینی، هەڵبـەت ئەوێ گـوندێکی چکۆڵە بوو کـە هێـشـتـا خەڵکەکەی نەنوستبوون. لەو ساتەدا حاڵەتێکی سەیر گرتمی، حاڵەتێ کە تا ئێستاش لە وەیادهێنانەوەیدا



لەرز دام دەگـرێ. ڕاوەسـتـام، مـشـتم هێنایەوە یەک و بەرەو ڕووی پێـدەشـتـەکـە گـوڕم دایە خـۆم، بەتووڕەیییەکی شێتانەوە هاوارم کرد: "هەمووتان دەکوژم!"

ئەو دەنگە وشک و شکاوە دەنگی من نەبوو، بەبیسـتنی ئەو دەنگە هەمـوو ئازای جـەسـتـەم لەترسا کـەوتە هەڵلەرزین، هاوڕێکەم بەرەو لام ڕای کرد، بەنیگەرانییـەوە دەستی گرتم و پرسی: "چیت دەوێ؟ دەتەوێ کێ بکوژیت؟" ئەژنۆم سـڕ ببـوو، کـوتـوپڕ هەسـتم بەمـاندوویـیـەکی زۆر کـرد، بەڵام بەبینینی هاوڕێکەم هاتمەوە سەرخۆ، لەژێر لێوەوە گوتم: "من نەبووم، من نەبووم، کەسێکی تر بوو!"

کـەسێکی تر بوو! بەڵام ئاخـر کێ بوو؟ هیچ کـاتێ ناخم ئاوها قـووڵ و ئاشکرا نەکـەوتبـووە ڕوو، لەو شـەوەوە بەدوا، مـەزەندەی سـالآنی لەوەوبەرم بـووە یەقین: نـاخی ئێـمـە، چین بەچینی ناخی ئێـمـە پڕە لەتاریکیی، پڕە لە دەنگی وشک و شکاو، پڕ لە دەعباگەلی کوڵکنی برسیی. کەواتە بەم شێوەیە، هیچ شتێ لەبەین ناچێ؟ چما ناشێ لەم دونیایەدا هیچ شتێک لەبەین نەچێ؟

برسێتیی، تینوێتیی و یەکەمین عـەزاب، تەواوی شـەوان و مـانگانی بەر لەهاتنی ئینسان، مـادامەکی زیندووین، هاوشانی ئێـمە درێژە بەژیان و برسێـتیی دەدەن و شـان بەشـانی ئێـمـە ئامێـز بۆ تینوێـتیی و عـەزاب دەگـرنەوە، بەبیـسـتنی هاوارێکی سـامناک کـە لەهەناومـدا هەڵم گـرتووە، ترسێکی گـەورەم لێ دەنیشێ، مانای وایە هەرگیز ڕزگارم نابێ؟ چما ئایا ناخم پاکژ نابێتەوە؟

ناوبەناو بانگێکی شیرین لەقولآیی دڵمەوە بەرز دەبێتەوە، پێم دەڵێ: (مەترسە من یاسا دادەڕێژم و نەزم بەرقـەرار دەکەم، من خواوەندم، ئیـمـانت هەبێ!) بەڵام یەکسـەر لە قولێیی بوونمەوە گرمـەیەکی قـایم هەڵدەستێ و ئەو بانـگە لەگوێدا شیـرینە دەشارێتەوە: (ئەی خۆپەرست، مـن یاسـاکـانت بەتاڵ دەکـەمەوە، نەزم و نیزامت بەیەکدا دەدەم و تۆیش نابووت دەکەم، من بێ سەروبەرەییم!)

دەڵێن: جارێکیـان خۆر لەکـاتی ڕۆیشـتنیدا ڕادەوەستێ تا گـوێ لەدەنگی گۆرانیی چڕینی کیژۆڵەیەک ڕادێرێ، خۆزیا ئەم قسەیە ڕاست دەبوو، چ دەبوو گەر زەرووڕەت بەسیحری کیژۆڵەیەکی گۆرانیبێژ ڕەوتی ڕێڕۆشتنی خۆی گۆڕیبا؟ چ دەبوو گەر بمانتوانیبا بەگریان و پێکەنین و گۆرانیی یاسایەکمان خولقاندبا تا نەزمێکمان لەسەر ڕووی بێ سەروبەرەیی بەرقەرار کردبا! چ دەبوو گەر بانگی لەگوێدا شیرینی ناخی ئێمە بیتـوانیبا هەراو هوریای داپۆشیبا! کاتێ سەرخۆش سەرخۆشم یان تووڕەم، یاخود کاتێ دەست بەجەستەی ئەو ژنەدا دەهێنم کە خۆشم دەوێ، یاخود کە ناعەدالەتیی دەست دەنێتە گەرووم و لەیاخیبوون لەخواوەند و ئەهریمەن و خـەلیـفـەکـانی خـواوەند و ئەهریمەن کـۆڵ دەدەم، لەسـەر ڕووی عـەرد هاواری ئەو پەیکەرانە دەبیـسـتم کـە بەرەو دەرگـاکـە هوروژم دێنن و دەیانەوێ بیـشـکێنن، دەیانەوێ هەمـدیس بەرەو ڕووناکـیی بکەونە خـۆ و جـارێکی تر چەک هەڵگرنەوە، هەرچۆنێ بێت، من ئاخـرین و ئازیزترین نەسلم و ئەوانیش جگە لە من چ ئومێد و پەناگەیەکی دی شک نابەن، تەنها لە ڕێگەی منەوەیە کە دەتوانن تۆڵە بکەنەوە یان لەزەت وەرگرن یاخود بڕەنجێن، گەر من تیاچم، ئەوا ئەوانیش لەگەڵ مندا تیادەچن. کـاتێ دەخرێمە گـۆڕەوە، سـوپـایەک پەیکەری کـوڵکن و خـەڵکی ڕەنجـدیدەش لەگـەڵ مندا دەخـرێنە گـۆڕەوە، ڕەنگە لەبەر ئەوەبێ کە ئاوها ئازارم دەدەن و ئاوهاش بەپەلەن، دەشێ لەبەر ئەوەبێ کە جحێڵێیم بەو شێوەیە نائارام و

نیگەران و سرک بووە.

ئاخر ئەوان بێ ئەوەی نرخ بۆ ڕۆحی خۆیان یان ئەوانی تر دانێن، کوشتوکوشتاریان کرد و کوشتوکوشتاریان لێ کرا. بەهەمان بێزاریی لەڕادەبەدەرەوە ڕقیان لە مردن و ژیانیان خۆشدەویست، وەک دێو دەیانخوارد و وەک وشتر دەیانخواردەوە، کاتێکیش مەسەلە مەسەلەی جەنگبا، ئەوا جەستەی خۆیان لەژن نێزیک نەدەخستەوە.

هاوینان هیچیان نەدەپۆشی و زستانانیش فەرەنجییان لەبەردەکرد، هاوین و زستان بۆنی نێرە ئاژەڵیان لێ دەهات. هێشتا هەست دەکەم خوێنی باپیرەم بەشادەمارما دەگەڕێ، بڕوام وایە لەناو هەموویاندا، وی لەهەموویان زیاتر ئامادەیی لە دەمارەکانما هەیە. باپیرەم نێوەڕاستی سەری دەتاشیی، پەڕۆیەکی چنراوی لەپشتی سەرەوە دەپێچا، دەستی تێکەڵاو کردبوو لەگەڵ چەتەی زەریایی دوورگەکان و هێرشی بۆ زەریا ئازادەکان دەبرد، ئەوان مۆڵگەی خۆیان لە دوورگە لاکەوتەکانی (گرابۆسا)، لەگۆشەی خۆرئاوای کریت دامەزراندبوو، لەوێوە چارۆکەیان هەڵدەدا و هێرشیان دەکردە سەر ئەو کەشتییانەی کە بەزەریادا ڕەت دەبوون، هەندێ لەو کەشتییانە خەڵکانی موسوڵمانیان بەرەو مەککە دەبرد، هەندێکی تر مەسیحییەکانیان بەرەو مەرقەدی موتەهەر، دزەکانی زەریا، نەعرەتەیان دەکێشا و خۆیان دەگەیاندە کەشتییەکە، ڕوحمیان بەموسوڵمان و مەسیحییەکان نەدەکرد، بەشیشی ئاسن پیرەمێردەکانیان دەکوشت، جحێڵەکانیان بەدیل دەگرت، سواری ژنەکانیش دەبوون و ئەوجا هەمدیس بۆ پەناگەکانیان دەگەڕانەوە. کە دەگەڕانەوە سمێڵیان بۆنی ژنی لێ دەهات و خوێن لە سمێڵیانەوە دەچۆڕا، زوربەی کات هێرشیان دەبردە سەر ئەو کەشتییانەی کە لەخۆرهەڵاتەوە دەهاتن و بارەکانیان داوودەرمان و عەتر بوو، پیرەمێردان هێشتا چیرۆکێکیان لەیادە کە جارێکیان سەراپای دوورگەی کریت بۆنی دارچین و میسکی گرتبوو، لەبەرئەوەی باپیرەم کەشتییەکی پڕ داوودەرمانی بەتاڵان بردبوو، کاتێ چ ئیستیفادەیەکی لێ نەکردبوو، ئەوسا هەمووی بەناوی دیاری بۆ کچەزا و کوڕەزاکانی لە ئاوایییەکانی کریت هەناردبوو.

ماوەیەک لەوەوبەر، کاتێ پیرەمێردێکی سەد ساڵەی خەڵکی کریت ئەو ڕووداوەی بۆ گێڕامەوە، بێ ئەندازە ورووژام، ئاخر من بێ ئەوەی بزانم بۆچیی، بەردەوام حەزم کردووە لە سەفەرەکانما شووشەیەک دارچین و چەند دەنکە میسکێک لەگەڵ خۆمدا ببەم و لەسەر مێزی نووسین لەبەردەمی خۆمدا دایاننێم.

بەگوێڕادێران بۆ دەنگە پەنهانەکانی ناخم، دەمتوانی لە بری زەین جێ پێی خوێن هەڵگرم، بەیەقینێکی عاریفانەوە دەگەیشتمە دوورترین سەرەتای باپیرانم، دواتر ئەم یەقینە نهێنیی ئامێزە لەشوێنی خۆیدا و بەنیشانەی بەڵگەدار، لەژیانی ڕۆژانەدا ڕەنگی دایەوە، گەرچی سەرەتا ئەو نیشانانەم بەتشتی ڕێکەوت دەزانی و گرنگیم پێ نەدەدان، بەڵام دواتر بەئاوێتەکردنی دەنگە ئاشکراکانی دونیا و دەنگە نائاشکراکانی ناخم توانیم ڕۆ بچمە قوڵایی تاریکی زەینمەوە، دەرگاکە بکەمەوە و بنۆڕم.

لەو لەحزەیەوە کە بینیم، ڕۆحم پێیی گرت، ئیدی وەک ئاو هەڵنەدەکشا و دانەدەچوو، بەڵکو بەدەوری ناوکێکی تەنکدا ڕوخسارێک دەنەخشی، ڕوخساری ڕۆحم.

بەدرێژایی ڕێگە هەمیشە گۆڕاوەکان، لەبری ئەوەی یەکەم جار بەڕاست و دواتر بەچەپدا بڕۆم، تا بۆم



دەرکەوێ کە نەوەی کام ئاژەڵی دڕندەم، بەدڵنیاییەوە چوومە پێش، لەبەرئەوەی ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆمم دەناسی و دەشمزانی تاکە وەزیفەم چییە. تاکە وەزیفەم ئەوەبوو ئەو ڕوخسارە بەتەواوی حەوسەڵە و ئەڤین و سەلیقەیەکەوە کە لە توانامدا هەبوو بدۆزمەوە، بیدۆزمەوە یانی چیی؟ واتە بیکەمە بڵێسە و بەر لەمردن فرسەتێ بقۆزمەوە و ئەو بڵێسەیە بکەمە ڕووناکیی، تا کە مردم شتێکم لێ نەمێنێتەوە بۆ ئیزراییل ببیات، لەبەرئەوەی گەورەترین ئامانجم ئەوەبوو جگە لەچەند پارچە ئێسکێ شتێکی تر بۆ مەرگ جێ نەهێڵم. تاقە شتێ کە بەزۆریی بۆ گەیشتنە ئەو یەقینە یارمەتی دام، خاکێ بوو کە باپیرانی بابم لەوێدا لەدایک ببوون.

نەسەبی بابم دەچێتەوە سەر گوندێک بەناوی (بەربەری) کە دوو سەعاتێک لە (میگالۆ کاسترۆ)وە دوورە، کاتێ لەسەدەی دەیەمدا (نیفوروس فۆکاس)ی ئیمپراتۆری بیزانس، (کریت)ی لەعارەبەکان پاک کردەوە، ئەو عارەبانەی کە لەچەند گوندێکدا لەکوشتن ڕزگاریان ببوو، لە زیندانی ئاخنین و ئیدیی ئەو گوندانە ناونران (بەربەری)، لە گوندێکی وەک ئەو گوندانەدا بوو کە باپیرانی بابم ڕیشەیان داکوتی. هەموو ئەوانە سروشتی عارەبانیان هەیە، ئەوان وەک عارەبان لە خۆباییی، کەللە ڕەق، کەم دوو، زاهید و گۆشەگیرن.

ساڵانێکی درێژ ڕق و ئەڤین لەدڵیاندا دەهێڵنەوە و دەم هەڵناهێننەوە، کوتوپڕیش شەیتان دەچێتە بن کلێشەیان و لەتووڕەیییەکی شێتانەدا دەتەقنەوە، نیعمەتی گەورە لای ئەوان ژیان نییە، بەڵکو ئاشووب و شەڕە، ئەوانە خەڵکانی باش و میهرەبان نین. تۆماریان پڕە لەشەڕ و ئاشوب، نەک بۆ خەڵک بەڵکو بۆ خۆیان، دێوێک لەناوەوەڕا دەستی ناوەتە بینەقاقایان، لە پێناوی ڕزگاریی و ڕاکردن لە دەستی تاسان و ئارامیی دەبنە چەتەی زەریا، یان لەوپەڕی سەرخۆشیدا دەمارێکی خۆیان دەبڕن، یاخود ئەو ژنە دەکوژن کە خۆشیاندەوێ، نەبا ببنە دیل و کۆیلەی، یان وەک من، منی نەوەی بێ جەوهەریان هەوڵ دەدەن تاریکیی بکەنە ڕۆح. ئەرێ چما من دەمەوێ باپیرە دڕندەکانم بکەمە ڕۆح؟ واتە ڕاگرتنیان لەبەردەم ئەو ئەزموونە دژوار و باڵایەدا، واتە مەحفبوون و نابووتکردنیان.

هێشتا دەنگی نهێنیی تر، بەرەو لای باپیرانم دەمبەن، هەر کاتێ بەدارخورمایەک دەگەم لەشادیدا دڵم ڕادەچڵەکێ، وەک بڵێیی دڵم بەرەو زێدی خۆی بگەڕێتەوە، زێدێکی قاقڕو خۆڵاوی قەراخ بیابان کە خورما تاکە زینەتی بەنرخیەتی. جارێک کە بەسواری حوشترەوە چووبوومە بیابانی عارەبستان، وردبوومەوە لە شەپۆلی لمی بێ سنوور و نائومێدی بەردەمم. لمی زەرد و خاکی وەنەوشەیی لەکاتی دەمەو عەسراندا و بێ ئاسەوار لە شەودا، سەرمەستییەکی سەیر لەخۆیەوە پێچام، دڵم دەتگوت مێیە شەهێنێکە کە بەرەو هێلانەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، هێلانەیەک کە هەزاران ساڵ لەوەوبەر جێیی هێشتووە، دڵم کەوتە هاوار.

سەردەمێک تاک و تەنها لە کوختێکی لاکەوتەی نزیک گوندێکی گریکستاندا ڕۆژگارم دەگوزەراند، بەقەولی زاهیدێکی بێزانسیی (شوانی با) بووم، بەمانایەکی تر واتە خەریکی شیعر نووسین بووم، ئەو کوختە چکۆڵەیە بەدرەختی زەیتون و کاج شاردرابۆوە، زەریای بێ سنوور و شینی (ئیژە) لەنێوان پەلکی

درەختەکانەوە دەبینرا، کەسێک لەوێوە ڕەت نەدەبوو، (فلۆرۆس)ی شوانی سافیلکە و کراس چڵکن بەڕیشە ڕەنگ خورماییەکەیەوە، هەموو بەرەبەیانییەک بەمەڕەکانیەوە دەهات، شووشەیەک شیر و هەشت هێلکەی کولاو و تۆزێک نانی بۆ دەهێنام و دەڕۆیشت، کە دەیبینیم سەرم بەسەر پەڕە قاقزاندا شۆڕکردۆتەوە و خەریکی نووسینم، دەکەوتە سەرلەقاندن و دەیگوت: "گەورەم.. خودا بمانپارێزێ، ئەم هەموو نامە نووسینە بۆچی؟ ئەرێ هیلاک نابیت؟" دوای ئەو قسانە دەیدایە قاقای پێکەنین. ڕۆژێکیان بەپەلە بەلای کوختەکەدا ڕەت بوو، هێند بێ میزاج و تووڕەبوو کە تەنانەت سڵاویشی نەکرد، بانگم کرد: "فلۆرۆس.. چ بووە؟"

دەستە زڵلەکەی تەکاندا و گوتی: "گەورەم.. جا چ نەبووبێ؟ ئەسڵەن دوێنێ شەو خەو نەچۆتە چاوم، چما ئەی تۆ گوێت لەهیچ نەبوو؟ ناشێ هەستی ژنەفتنت لەدەس دابێ؟ نەفرەت لەو شوانەی سەر شاخ، بیری چووە زەنگۆڵەکانی گەلەکەی میزان کا، ئیتر چۆن بتوانم خەوم لێ بکەوێت!"

– "فلۆرۆس.. ئەدی ئەلعان بۆکوێ دەڕۆی؟"

– "هەڵبەت دەڕۆم زەنگۆڵەکان میزان کەم تا بنووم!"

ئێوارەیەک کاتی شێو، چووم خوێدانەکە بێنم، لەو کاتەدا تۆزێ خوێ ڕژایە سەر عەردەکە، دڵەکوتێم پێ کەوت، بەپەلە چەمیمەوە و زەرڕە زەرڕە کەوتمە کۆکردنەوەی خوێکە، لە ناکاوێکڕا بەخۆدا هاتمەوە و بەخۆم گوت ئەرێ ئەوە چ دەکەم؟ ئەم هەموو نیگەرانییە بۆ تۆزێ خوێی ڕژاو لەبەر چیی؟ چ نرخێکی هەیە؟ هیچ!

گەر لەسەر ڕووی لمیش بکەوتمایە گەڕان، دەمتوانی نیشانەی تر بدۆزمەوە کە بماتەوە لای باپیرانم، ئەو نیشانانەش ئاگر و ئاو بوون.

کاتێ سەرنج دەدەم ئاگر لەخۆڕا دەسووتێ، لەجێگەکەم ڕادەپەڕم و دەیکوژێنمەوە، لەبەرئەوەی ناخوازم فەنابوونی ببینم، کاتێ دەبینم بەلوعەی ئاو کراوەتەوە و نە سەتڵێکی لێ پڕ دەبێ، نە ئینسانێک لێی دەخواتەوە و نە باخێکی پێ ئاو دەدرێ، هەڵدەسم و دەیگرمەوە.

من تەواوی ئەو شتە سەیر و سەمەرانەم تەجرەبە کردووە، بەڵام هیچ کات ئەو شتانەم بەئاشکرایی بەزەینمەوە گرێ نەداوە تا یەکانگیرییە نهێنیی ئامێزەکەیان هەڵگۆزم، دڵم بەرگەی بەهەدەر ڕۆیشتنی ئاو و ئاگر و خوێی نەدەگرت، هەر کاتێ دارخورمایەک دەبینم دەخرۆشێم، کاتێک پێ دەنێمە بیابانێکەوە حەزناکەم لێی بێمە دەرەوە، بەڵام زەینم چوونە پێشتری پێ ناسەلمێنرێ. ئاوها ساڵانێکی زۆر ڕەت بوون، بەڵام لە کارگە تاریکەکەی ناوەوەمڕا، ئەو ویستە بەنهێنیی سەرگەرمی کار بوو، تەواوی ئەو ڕووداوە بەیاننەکراوانە بەنهێنیی لەناخمدا گرێ دەدران، کاتێ لەپاڵ یەکدا ڕیزبوون، هێواش هێواش مانایەکیان بینییەوە. ڕۆژێکیان کە لەشارێکی گەورەدا بێ مەبەست هەنگاوم دەنا و بیرم لەو مانایە نەدەکردەوە، کەچیی دۆزیمەوە، خوێ، ئاگر، ئاو.. دار و نەداری بیابانن. هەر بەڕاست یەکێ لە باپیرانم لە ناخمدایە، کاتێ دەبینێ خوێ و ئاگر و ئاو بەهەدەر دەڕۆن، ئیدی هەڵدەسێتە سەر پێ و یارمەتیم دەدات.

ئەو ڕۆژە لەو شارە گەورەیەدا، باران دەباری. بیرم دێ کیژێکم بینی چووبووە ژێر میچی دەرگای



ماڵێکەوە، چەپکی چکۆڵەی گوڵە وەنەوشەی دەفرۆشت، وەنەوشەکان تەڕ ببوون، ڕاوەستام و لەکیژۆڵەکەم ڕوانی، بەڵام زەینم ئارام و خۆشحاڵ، لەوپەڕی بیاباندا پیاسەی دەکرد.

دەشێ هەموو ئەو شتانە وەهم بن، نیگەرانییەکی نهێنیی ئامێز بن بۆ شتە غەریب و دوورەکان، دەشێ تەواوی ئەو ڕووداوانەی کە ژماردمن سەیر نەبن، یان خاوەن ئەو مانایە نەبن کە من پێیان دەدەم. بەڵێ بۆی هەیە، لەگەڵ ئەو هەموو فرتوفێڵە ڕێکخراو و پەروەردەکراوەدا، ئەم فریوەش (گەر بکرێ پێی بگوترێ فریو)، فریوی ئەوەی کە لە دەمارەکانما دوو جۆر خوێن دێن و دەچن، خوێنێکی گریکیی لە دایکمەوە و خوێنێکی عارەبیش لە بابمەوە، کاریگەرییەکی باش و بەسەمەریان لە مندا هەبووبێ و هێز و لەزەت و توانایان پێ بەخشیبم. هەوڵی من بۆ ڕێکخستنی ئەو دوو خوێنە دوژمن بەیەکە، ئامانج و هاوسەنگیی بەژیانم بەخشیوە، ئەو لەحزەیەی کە گومانی شاراوەی ناخم بووە یەقین، ئیدی دونیای دەوروبەرم ڕێکخرا و بەدۆزینەوەی ڕەچەڵەکی دوورەگی باو و باپیرانم، ژیانی ناوەوە و دەرەوەم هێدیی بۆوە. بەو جۆرە و ساڵانی دواتر، ئەو نەفرەتە شاراوەیەی کە بەرامبەر بابم هەستم پێ دەکرد، دوای مردنی بووە ئەڤین.

## باوک

بابم بەدەگمەن قسانی دەکرد، قەت پێنەدەکەنی، قەت خۆی هەڵنەدەقورتانە شەڕو دەمەقاڵێوە، تەنێ هەندێ جار نەبێت ددانی جیڕ دەکردەوە یاخود مشتی دەهێنایەوە یەک. گەر بەرێکەوت بایامێکی ڕەقی بەدەستەوە با، ئەوا لەنێو پەنجەکانیدا دەیگوشی و خرمەی لێ هەڵدەسان. جارێکیان کاتێ بینی کابرایەکی تورک پاوانێکی ناوەتە کۆڵ مەسیحییەک و وەکی گوێدرێژ باری کردووە، چاوی پەڕییە پشتی سەری و بۆ کابرای تورک چوو، ویستی پڕ جنێوی کا، بەڵام دەمی بۆ هەڵنەهاتەوە. لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی ئەو شتە بهێنێتە سەر زوبان کە دەیویست بیلێ، ناچار وەک ئەسپ حیلاندی. ئەو کاتە من مناڵ بووم و لە ترسا هەڵلەرزیم و تەماشای ئەو دیمەنەم کرد، ڕۆژێکی تر پاش نیوەڕۆ لەکۆڵانێکی باریکەوە ڕەت دەبوو تا بۆ نان خواردن بگەڕێتەوە ماڵەوە، لەو کۆڵانەدا دەنگی قیژەو هاواری ژنان و زرمەی داخستنی دەرگای ژنەفت، بینی تورکێکی بەدخووی شمشێر بەدەست سەری خستۆتە سەر مەسیحییەکان و شەڕیان پێ دەفرۆشێ، کە بابمی بینی، یەکسەر هێرشی بۆ برد، دونیا گەرم و بابیشم کە تازە لە ئیش گەڕابۆوە، حەوسەڵەی شەڕی نەبوو، هات بەخەیاڵیدا ڕاکا و لە کۆڵانێکی ترەوە بگەڕێتەوە ماڵ، کەسیش ئاگادار نەبوو، بەڵام کارێکی لەو جۆرە بۆ وی شوورەیی بوو، بۆیە کراسەکەی بەری داکەند و لە مشتیەوە ئاڵاند، ڕێک لەو لەحزەیەدا کە کابرای تورک شمشێرەکەی هەڵبڕیی، ئەم بۆکسێکی توندی لە ورگی وەشاند و تەختی عاردەکەی کرد، پاشان نوشتایەوەو شمشێرەکەی لەدەستی کابرای تورک دەرهێنا و ڕێی ماڵەوەی گرتەبەر. دایکم کراسێکی پاکی بۆ هێنا، جەستەی بابم شەلاڵی ئارەقە ببوو، منیش (وابزانم تەمەنم نزیکەی سێ ساڵانێک بوو)، لەسەر کورسییەک دانیشتبووم و لێی ورد بوومەوە، هەڵم لەسینگە توکنەکەیەوە هەڵدەسا، دوای ئەوەی کراسەکەی گۆڕی و وشک بۆوە، شمشێرەکەی لەپاڵ مندا لەسەر کورسییەکە دانا، ئەوجا ڕووی کردە دایکم و گوتی: "کاتێ مناڵەکەت گەورە بوو چووە

مەکتەب، ئەم شمشێرەی بدەرێ تا وەک قەڵەمدایان بەکاری بێنێ!"

بیرم نایەت قسەیەکی خۆشم لە بابم بیستبێت، تەنها یەک جار نەبێ. ئەو کات گەرمەی شۆڕش بوو، لە (ناکسۆس) بووین و لەقوتابخانەیەکی فەڕەنسایی دەمخوێند کە قەشەگەلی کاسۆلیک مەزەب بەڕێوەیان دەبرد، من لەو قوتابخانەیەدا خەڵاتی زۆرم وەرگرتبوو، خەڵاتەکان کتێبی ئەستوور بوون بەبەرگی تەجلیدکراوی ئاڵتونیی ڕەنگەوە، لەبەرئەوەی نەمدەتوانی هەموو کتێبەکان هەڵگرم بابم نیوەی لەگەڵدا بۆ هەڵگرتبووم، هەوڵی دەدا ئەو لەزەتە بشارێتەوە کە هەستی پێ دەکرد، لەزەتی ئەوەی کە کوڕەکەی سەرشۆڕی نەکردووە، کاتێ گەیشتینەوە ماڵ، زاری هەڵهێنایەوە، بەدەنگێکی نەوازشئامێز و لە کاتێکدا کە سەیری نەدەکردم گوتی: "ئافەرین، کریتت سەرشۆڕ نەکرد!"

بەڵام هەر زوو بەخۆیدا هاتەوە، پێ دەچوو دەربڕینی ئەو هەستی میهرەبانییە فریوی دابێ، بۆیە تەواوی ئەو ڕۆژە مۆنی کرد و تەماشای نەکردم.

کاتێ خزم و هاوسێیان هاتبان بۆ ماڵمان و دەستیان بەپێکەنین و قسان کردبا، زۆر خەتەر بوو گەر لەو کاتەدا دەرگا کرابایەوە و بابم خۆی کردبا بەژووردا، ئیدی یەکسەر قسە و پێکەنین نەدەما و بێدەنگییەکی قورس باڵی بەسەر ژوورەکەدا دەکێشا، سلاوێکی ساردوسڕی دەکرد و لە جێگا هەمیشەییەکەی خۆی، لە گۆشەیەکی قەنەفەکە و لەبەر پەنجەرەی بەر هەیوانەکەدا دادەنیشت، چاوانی دەبڕییە عەردەکە، کیسە تووتنەکەی دەکردەوە و سیغارێکی دەپێچایەوە و یەک حەرفی لە زار نەدەهاتە دەر، میوانەکانیش دەکەوتنە ئحم ئحم کردن و پاککردنەوەی قوڕگیان، بەدزییەوە تەماشای یەکتریان دەکرد و دوای تاوێ هەڵدەستان و خۆیان دەگەیاندە دەرگاکە و ئاودیو دەبوون.

بابم ڕقی لە قەشەگەل بوو، هەرکاتێ قەشەیەکی لە کۆڵان دیبا، نیشانەی خاچی دەکێشا تا جادووی ئەو ڕێکەوتە شوومە بەتاڵ کاتەوە، خۆ گەر قەشەی بەستەزمان لە ڕووی ئەدەبەوە گوتبای:

(بەیانیت باش قارەمان میخایل!) ئەوا بابم لە وەڵامدا دەیگوت: (بەنەفرەتم کە!) بۆ ئەوەی خۆی لە شەڕی بینینی قەشەگەل بەدوور بگرێ، هەرگیز بەشداری لە ڕێوڕەسمی شێوی ڕەببانیدا نەدەکرد، بەڵام ڕۆژانی یەکشەمووان، دوای تەواوبوونی نوێژ و پاش ئەوەی هەمووان کڵێسایان جێ دەهێشت، ئەوجا دەچووە ژوورێ و بەرامبەر پەیکەرەکەی قەدیس (میناس)، مۆمێکی دادەگیرساند. ئاخر بابم قەدیس (میناس)ی لە هەر مەسیح و مەریەمێکی پاکیژەی تر زیاتر دەپەرست، چونکە قەدیس (میناس) قارەمانی (میگالۆ کاسترۆ) بوو.

قورسایی سەر دڵی لانەدەچوو، باشە بۆچی؟ ئاخر بابم تۆکمە و لەشساخ بوو، کاروبارەکانی بەباشیی بەڕێوە دەچوون، چ شکایەت و گلەیی لە ژن و منداڵەکانی نەبوو، خەڵکیی ڕێزیان دەگرت، خەڵکانی دەستکورت لەکاتی ڕەتبوونیدا، لەبەری هەڵدەسانە سەرپێ و دەستیان بۆ بەسینگەوە دەگرت و بە(قارەمان میخایل) بانگیان دەکرد، ڕۆژی جەژنی پاک، مەتران بۆ کۆشکی ئەسقەفیی داوەتی دەکرد و پاش ڕێوڕەسمی زیندوو بوونەوە و شان بەشانی ڕیش سپییانی شار، قاوە و کێکی تایبەت بەجەژنی بۆ دادەنرا و هێلکەی ڕەنگکراوی پێشکەش دەکرا، ڕۆژی یانزەی نۆڤەمبەریش، ڕۆژی قەدیس (میناس)،



لەبەر دەرگای ماڵەوە ڕادەوەستا و کاتێ کەژاوەکە بەبەردەمیدا تێدەپەڕی، دۆعای دەخوێند، بەڵام هێشتا هەر دڵی بەهیچ نەدەکرایەوە.

ڕۆژێکیان قارەمان (ئەلیاس)ی خەڵکی (میسارا)، ئازایەتیی دایە بەر خۆی و لێی پرسی: "ئەرێ قارەمان، بۆچی هەرگیز خەندە بەسەر لێوتەوە نابینرێ؟" بابیشم کە فیلتەری سیغارەکەی لەدەمیدا دەجوو، تف کردەوە و گوتی: "قارەمان ئەلیاس، ئەدی تۆش پێم بڵێ بۆچی قژقڕە ڕەنگی ڕەشە؟"

بیستم ڕۆژێکی تر بەخزمەتکارەکەی قەدیس میناسی گوتبوو: "تۆ دەبا باوکمت بینیبا. باوکم دێوێک بوو بۆ خۆی، من لە چاو ئەودا چیم؟ مشتێ پووش و پەڵاشم!" ئاخر باپیرەم بەپیریی و کوێریشەوە چەکی هەڵگرت و بەشداری لە شۆڕشی ساڵی ١٨٧٨دا کرد، دایە شاخ تا بجەنگێ، بەڵام تورک گەمارۆیان دابوو، بەئەڵقەی گوریس گرتبوویان و ئەوجا لە دەرەوەی دەیری (ساوا تیانا)دا سەریان بڕیبوو. ڕەهبانەکان کەللەسەرەکەیان لەمیحرابەکەدا دانابوو، ڕۆژێکیان لەمیانەی پەنجەرە بچووکەکەی کڵێساوە کەللەسەرەکەم بینی، دەبریسکایەوە و بەزەیتی پیرۆزی چرای نەزرکراو چەورکرابوو. تیغی شمشێر بەقوولایی بڕیبووی!

لە دایکمم پرسی: "دایکە، باپیرەم شێوەی چۆن بوو؟"

– "هەر عەینەن بابت.. نەختێک ئەسمەرتر!"

– "ئیشی چ بوو؟"

– "جەنگ!"

– "ئەی لە ئاشتیدا خۆی بەچییەوە خەریک دەکرد؟"

– "سەبیلێکی درێژی قانگ دەدا و لە کێوەکانی دەنۆڕیی!"

سەبارەت بەعیبادەتی تافی جحێڵیی پرسیارێکی ترم کرد: "ئەدی هاموشۆی کڵێسای دەکرد؟"

– "نا. بەڵام سەرەتای هەموو مانگێک قەشەیەکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایەوە ماڵەوە و داوای لێ دەکرد بپارێتەوە کە کریت هەمدیس دەس باتەوە چەک، کە بێ ئیش دەبوو دەکەوتە بیانووگرتن، کاتێ هەمدیس چەکی هەڵگرتەوە، لێم پرسی: (باوکە، لە مردن ناترسی؟) بەڵام ئەو نەک وەڵامی نەدامەوە، بەڵکو هەر ئاوڕیشی لێ نەدامەوە.

کە گەورەتر بووم، ویستم لە دایکم بپرسم: "دایکە.. باپیرەم چ ژنێکی خۆشدەویست؟" بەڵام شەرمم کرد ئەو پرسیارە بکەم و ئیدی قەت پەیم بەوە نەبرد. بەڵام هەڵبەت زۆر ژنی خۆشویستووە، لەبەر ئەوەی کاتێ تورک کوشتیان و کەسوکارەکەی باوڵەکەیان کردبۆوە، سەرینێکیان تێدا دۆزیبۆوە کە پڕی ببوو لە تاڵە پرچی ڕەش و زەرد.

## دایک

دایکم ژنێکی ئیماندار بوو، سەیرم لێ دێ چۆن توانیویەتی بێ ئەوەی دڵی برەنجێ ماوەی پەنجا ساڵ لە

پاڵ شێرێکدا بنوێ، دایکم وەک خاک بەحەوسەڵە و ئارام و میهرەبان بوو، باو و باپیرانم لە دایکەوە خەڵکانی جوتیار بوون، لەسەر ڕووی خاک دەنووشتانەوە، بەخاکەوە لکابوون، دەستوپێ و زەینیان لێوڕێژ بوو لە خاک، عاشقی عەرد بوون و ئومێدیان بەعەردەوە گرێ دابوو، نەوە بەنەوە ئەوان و عەرد ببوونە یەک. لە ڕۆژانی وشکە سالّییدا ئەوانیش وەک عەرد لە تینوواندا ڕەش دادەگەڕان، هەر کە پەڵەشی دەدا، ئێسکیان دەکەوتە گۆرانی و وەک نەی دەئاوسا، کاتێ بەگاسن زەوییان دەکێلا، لەسەر سینگ و ڕانیان هەمدیس شەوی عەروسییان تەجروبە دەکردەوە.

ساڵی دووجار، لەجەژنی پاک و کریسمێسدا، باپیرەم لەگوندەکەی خۆیانەوە کە زۆر دوور بوو، بەرەو میگالۆکاسترۆ دەهات تا کچ و کچەزاکانی ببینێ، پێشتر حیسابی ئەوەی دەکرد کەی بێت و لە دەرگا بدات کە زاوا دێوەکەی لە ماڵ نەبێ. باپیرەم پیرەمێردێکی چوست و چالاک و تۆکمە بوو، قەت نەچووبووە لای سەرتاش، چاوانی شین و دەم بەپێکەنین و دەستەکانی زل و زبر، کاتێک دەستی بەسەر سەر و بەجەستەمدا دەهێنا، پێستی لەشم وەخووروو دەکەوت، دایمەی خواش پۆتینی ڕەشی لەپێ دەکرد و جلکە شینە تایبەتییەکەی ڕۆژانی یەک شەمووانی دەپۆشی، دەسەسرێکی سپیشی هەبوو کە خاڵی شینی تێدابوو، بەردەوامیش هەمان دیاریی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا، ئەویش بەچکە بەرازێکی برژاوی پێچراوبوو لە توێکڵە لیمۆوە، کاتێک سەرەکەی لادەبرد، بۆنێکی خۆش بەهەموو ماڵەکەدا بڵاو دەبۆوە، باپیرەم بەجۆرێک بەچکە بەرازە برژاوەکە و توێکڵی لیمۆکەی ئاوێتەی یەک دەکرد، کە دواتر بەبۆنکردنی بەچکە بەرازی برژاو و چوونە نێو باخی لیمۆوە نەمدەتوانی ئەو ساتانە وەیاد نەهێنمەوە، یادی پێکەنینە خۆشەکەی و بەچکە بەرازە برژاوەکەی دەستی. من بەو یادەوەرییە دڵخۆشم. چونکە مادامەکی زیندووم، ئەوا ئەویش بەزیندوویی لەیادەوەریمدا دەمێنێتەوە، گەرچی ئێستا کەسێ لەم دونیایەدا ئەو بەیاد ناهێنێتەوە، بەڵام ئێمە بەیەکەوە دەمرین. ئەو باپیرەیەم یەکەمین کەسێ بوو هانی دام ئارەزووی مەرگ نەکەم تا مردووەکانی ناخم نەمرن، لەو ڕۆژانە بەدواوە زۆر لە ئازیزان هەڵخزان، نەک بۆ ناو گۆڕ، بەڵکو بۆ ناو یادەوەریم. من ئێستا دەزانم کە مادامەکی زیندووم، ئەوا ئەوانیش بەزیندوویی لە یادەوەریمدا دەمێننەوە.

کە باپیرەم وەیاد دێنمەوە بڕوام بەخۆ زیاتر دەبێ و دڵنیا دەبم لەوەی کە دڵم دەتوانێ بەسەر مەرگدا زاڵ بێ، لە تەمەنما کەسێکی ترم نەبینیوە ڕوخساری هێندەی ڕوخساری وی نورانیی و میهرەبان بێ، پێ دەچوو ڕوخساری ڕۆشنایی چرای شوکرانەبژێریی بێ، یەکەم جار کەهاتە ماڵەوە و بینیم، هەر لەخۆمەوە هاوارێکم کرد. بەو جلکە تایبەتییەی یەکشەمموان و پشتێنە سوورەکەیەوە، بەسیمای ناسک و تریفە ئامێزیی و ڕەوتاری شاد و شەنگیەوە، لە ڕۆحی ئاو دەچوو، یان ڕۆحی عەرد کە لەو کاتەدا لە باخەکان هاتبێتە دەر، ئاخر باپیرەم بۆنی گژوگیای تەڕی لێ دەهات.

کیسە توتنەکەی دەردەهێنا و سیغارێکی دەپێچایەوە و پێی دەکرد و دوای مژێک بەخۆشحاڵیی و ئاسوودەییەوە لە کچ و کچەزا و ماڵەکەی دەنۆڕی، ناوبەناویش زاری هەڵدەهێنایەوە و لەبارەی مایینەکەیەوە دەدوا کە جوانوویەکی هێناوەتە دونیا، لەبارەی باران و تەرزەوە، لەبارەی



کەروێشکەکانییەوە دەدوا کە زوو زوو زازوزێ دەکەن و زیان لە بێستانەکەی دەدەن. من لەسەر ڕانی دادەنیشتم، دەستم لە پشتییەوە دەئاڵان و گوێم ڕادەدێرا، دونیایەکی نەناسراو لەزەینمدا ڕادەخرا، کێڵگەکان، شەستە باران، کەروێشکەکان. لە خەیاڵمدا دەبوومە کەروێشکێک و دزەم دەکردە بێستانەکەیەوە و شێلمەکانیم دەکرۆژت.

دایکم حاڵوئەحواڵی خەڵکی گوندی لێ دەپرسی، چما گوزەرانیان چۆنە و ژیان چۆن بەسەر دەبەن، ئایا هێشتا زیندوون؟ باپیرەم هەندێ جار وەڵامی دەدایەوە: زیندوون، مناڵیان خستۆتەوە و بەخۆشیی ژیان دەگوزەرێنن. هەندێ جاریش لەبارەی مەرگی خەڵکانێکی ترەوە دەدوا: فڵان کۆچی کردووە، عەمری بۆ ئێوە جێ هێشتبێ! وەک ئەوەی لەبارەی لە دایکبوونەوە بئاخڤێ، ئارام و بەهەمان سۆز لە بارەی مەرگەوە دەدوا، پێ دەچوو باسی سەوزایی و کەروێشک بکات. دەیگوت: "کەنیشکم.. ئەویش کۆچی کرد، بەخاکمان سپارد، پرتەقاڵێکیشمان نایە دەستی تا بیداتە ئیزرایل، ڕاسپاردەشمان بۆ خزمانمان لە هادیس(*) پێدا نارد، سوپاس بۆ خودا، هەموو شتێ بەباشی بەڕێوەچوو." پاشان مژێکی لەسیغارەکەی دەدایەوە، دوکەڵ لە کەپوویەوە دەهاتە دەرێ و زەردەخەنەی دەهاتێ.

ساڵانێک لەوەوبەر ژنەکەی مردبوو، هەر کاتێ باپیرە بهاتبا بۆ ماڵمان، ژنەکەی وەیاد دەهێنایەوەو چاوانی پڕ دەبوون لە فرمێسک، ژنەکەی لە کێڵگەکەی و مایینەکەی خۆشتر دەویست و ڕێزی لێ دەنا. گەرچی بەهەژاریی ژنی هێنابوو، بەڵام بەهیممەت و هەوڵ و کار توانیبووی ژیانی دامەزرێنێ، باپیرەم دەیگوت:" ئەگەر ژنێکی باشت هەبێ، هەژاریی و ڕووت و ڕەجاڵیی چ نین!" ئەو ڕۆژانە بەپێی دابونەریتە دێرینەکان، لەگوندەکانی کریت عادەت وابوو کاتێک پیاو لەکێڵگە دەگەڕایەوە، ژنەکەی ئاوی بۆ گەرم دەکرد و پێوپلی مێردەکەی دەشت، دەمەو عەسرێک کاتێ باپیرەم شەکەت و ماندوو دەگەڕێتەوە، لە حەوشە دادەنیشێ و ژنەکەی بەلەگەنێ ئاوی گەرمەوە دێت لەبەردەمیدا لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێ تا پێوپلی خۆڵاوی باپیرەم بشوات، باپیرەم تاوێ لێی ورد ببۆوە و سەرنجی دابوو دەستوپلی ژنەکەی بەهۆی ئیشەوە قڵیشاوە و سەریشی خەریکە سپی دەبێ، لەژێر لێوەوە گوتبووی: "ئەم ژنەم پیر بووە و پرچەکانی لە ماڵی مندا سپیی بوون!" ئیدی هەستی دڵسۆزیی بەرانبەر ژنەکەی هانی دەدا لەگەنە ئاوەکە بنێتە ئەو لاوە و بڵێ: "ژنەکە، ئیتر تۆ لەم سەعاتەوە پێوپلم ناشۆیت، خۆ تۆ کۆیلەی من نیت، تۆ ژنی من و خانمی منیت!"

گوێم لێ بوو ڕۆژێکیان گوتی: "هەرگیز ژنەکەم دڵی عاجز نەکردووم، تەنها یەک جار نەبێ. هیوادارم خودا ڕۆحی غەرقی ڕەحمەت کات." هەناسەیەکی هەڵکێشا و بێ دەنگ بوو، دوای ساتێ لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: "هەموو ڕۆژ دەمەوعەسران لەبەر دەرگای ماڵەوە دەوەستا و چاوەڕێی دەکردم تا لە کێڵگە دەگەڕامەوە، کە دەیبینیم ڕای دەکرد، ئەشیاکانی لێ وەردەگرتم و پاشان پێکەوە دەچووینەوە ماڵەوە. بەڵام عەسرێکیان بیری چوو، ڕای نەکرد بەپیرمەوە، ئەو مەسەلەیە دڵی ئێشاندم." خاچی کێشا

(*) هادیس: شوێنی مردووان لە ئەفسانەکانی گریکدا.

و لەژێر لێوەوە گوتی: "خودا گەورەیە، من هیوام بەخودایە دەیبەخشێ." ئەوجا بەچاوانێکی درەوشاوەوە سەیرێکی دایکمی کرد و زەردەخەنەیەکی هاتێ.

جارێکیان لێم پرسی: "باپیرە، مەگەر لە کوشتنی بەچکە بەراز بێزار نەبوویت؟ کاتێ دەیانخۆیت هیچ بەزەییت پیایاندا نایەتەوە؟"

لەکاتێکدا کە لەپێکەنینا خەریک بوو دەکەوت بەپشتا، وەڵامی دایەوە: "ئەدی کوڕەکەم چۆن، خودا دەزانێ بەزەییم پیایاندا دێتەوە، بەڵام چ بکەم، گۆشتی ئەو بەچکە بەرازە نارەسەنانە زۆر خۆش و بەتامە!" هەر کاتێ ئەو جوتیارە گۆنا سوورە پیرە وەیادی خۆ دێنمەوە، باوەڕم بەخاک و ڕەنجی ئینسان لەسەر خاک زیاتر دەبێ، ئاخر ئەو یەکێکە لەو پایانەی کە شانیان ناوەتە بەر دونیا و ناهێڵن بنەوێ.

بابم تاقە کەسێک بوو خۆشیی بەو باپیرەیەم نەدەهات، کاتێک باپیرەم دەهات بۆ ماڵمان و لەگەڵ مندا دەدوا، بابم بێزار دەبوو، وەک ئەوەی بترسێ کە نەبا خوێنم ئاڵوودە بێت، کاتێکیش سفرەی کریسمیس و جێژنی پاک ڕادەخرا، دەمی لە گۆشتی بەچکە بەرازی برژاوەوە نەدەدا، وای پیشان دەدا بەبۆنەکەی دڵی تێکەڵدێ، لەسەر سفرەکە دەکشایەوە و سیغارێکی پێدەکرد تا ئەو بۆنە ناخۆشە لەکەپوویدا بڕەوێنێتەوە، هەرگیز قسەشی نەدەکرد، تەنها جارێکیان نەبێ دوای ڕۆیشتنی باپیرەم بڕۆی گرژ کرد و بەتووڕەییەوە لەبەرخۆوە گوتی: "وای لەچاوی شین!" دواتر تێگەیشتم کە بابم زیاتر لەهەر شتێکی تر لە دونیادا، ڕقی لە چاوی شین بوو، دەیگوت: "شەیتان چاو شین و قژی زەردە!"

کاتێ بابم لەماڵ نەدەبوو، ماڵەکە لەوپەڕی ئارامیی و هێمنیدا بوو، زەمەن چەند خێرا و بە چ خۆشحاڵییەکەوە بەنێو باخچەی حەوشەکەماندا ڕەت دەبوو. کەپری مێو، گوڵی ئەکاکیای بەرز و بۆنخۆش لەگۆشەی حەوشەدا، ئینجانەی ڕێحان و مەعدەنووس، گوڵە یاسەمینی عارەبیی لەگۆشەی ئینجانەکانا، دایکم لەبەر پەنجەرەکەدا دادەنیشت و گۆرەوی دەچنی، سەوزەی پاک دەکرد، قژی خوشکە چکۆڵەکەمی دادەهێنا یان لەسەر ڕانی ڕایدەژاند، منیش لەسەر چەرپاکەم دادەنیشتم و لە دایکم دەنۆڕی، کە دەنگی پێی ڕێبوارانم لەدەرەوە دەژنەفت و بۆنی خاکی شێدار و گوڵە یاسەمینەکانم هەڵدەمژت، ئێسکی سەرم هاواری دەکرد و دەکەوتە سەر پشت تا پێشوازیی لەو دونیایە بکات کە هاتبووە نێو جەستەمەوە.

ئەو ساتانەی لەگەڵ دایکما دەمبردنە سەر، تژیی بوون لە ڕەمز و ڕاز، وی لەسەر کورسییەک لەبەر پەنجەرەکەدا و منیش لەسەر چەرپاکەم بەرامبەری یەک دادەنیشتین، هەستم دەکرد سینگم لەمیانەی بێدەنگیدا، لێوڕێژ دەبێ لە دڵنیایی، وەک بڵێی فەزای نێوانمان شیر بێ و من مەمک بمژم.

بەژوور سەرمانەوە، دار ئەکاکیا هەڵکشابوو، کاتێ ئەو درەختە گوڵی دەگرت، حەوشی ماڵەکەمان پڕ دەبوو لە بۆنێکی خۆش، وای کە خونچە زەرد و بۆن خۆشەکانیم خۆشدەویست! دایکم خونچەکانی لەنێو باوڵ و جلی ژێرەوە و کراسەکانمان دەنا، ئیدی تەواوی تافی منداڵیم بۆنی ئەکاکیای گرتبوو.

قسانمان دەکرد و ماوەیەکی درێژ لەگەڵ یەکدیدا دەدواین، گا دایکم لەبارەی باوکی و گوندەکەیەوە دەدوا، گا منیش چیرۆکی ئەو قەدیسانەم بۆ دەگێڕایەوە کە خوێندبوومنەوە، لە زەینی خۆدا تشتی زیادەم بەو حەکایەتانەوە دەنا، ئەزموونی شەهیدەکانم پێ زۆر نەبوو، بۆیە ئەزموونی ترم پێوە دەلکاندن، کاتێ



دایکم دەیدایە پڕمەی گریان، بەزەییم پێیدا دەهاتەوە، لەسەر ڕانی دادەنیشتم و دەستم بەسەریدا دەهێنا و دڵنەواییم دەکرد.

– "دایکە، ئەوان چوون بۆ بەهەشت، خەفەت مەخۆ، ئەلعان لەژێر درەختگەلی پڕ لە خونچەدا پیاسە دەکەن، لەگەڵ فریشتاندا دەئاخڤن، ئازارەکانیان بیرچۆتەوە، یەکشەمووان جلکی ئاڵتوونیی دەپۆشن، کڵاوی سووری گوڵنکەدار دەکەنە سەر و بۆ دیداری خواوەند دەڕۆن."

دایکم فرمێسکەکانی دەسڕی، تەماشای دەکردم و زەردەخەنەی دەهاتێ، وەک ئەوەی بپرسێ: "بەڕاست.. وایە؟" دەتگوت کەناریی ناو قەفەسەکە گوێی لە دەنگمان بووە، بۆیە گەرووی درێژ دەکرد و بەنەشوەیەکی مەستانە دەیچریکاند، وەک بڵێی لە بەهەشتەوە دابەزیبێ، بۆ چەند ساتێک قەدیسەکانی تەنها جێ هێشتبێ و بۆ شادومانکردنی خەڵکی سەر عەرد بۆ ئێرە دابەزیبێ.

دایکم و ئەکاکیا و کەناریی لە زەینمدا بەجۆرێکی تۆکمە و نەمر پێکەوە گرێ دراون، هەرگیز ئەکاکیایەکم بۆن نەکردووە، یان چریکەی کەنارییەکم نەژنەفتووە بێ ئەوەی هەست بەوە نەکەم کە دایکم لە گۆڕەکەیدا – لەناخمدا – ڕادەبێتەوە و لەگەڵ بۆنی عەتر و ئاوازی کەناریدا یەکانگیر دەبێ.

قەت نەمبینیبوو دایکم پێبکەنێ، ئاخر ئەو تەنها زەردەخەنە لەسەر لێوی دەنەخشی، بەچاوانێکی ئارام و میهرەبانەوە دەیڕوانییە هەمووان. لە ماڵەوە وەک ڕۆحێکی میهرەبان دەهات و دەچوو، بێدەنگ هەموو خواستەکانمانی جێبەجێ دەکرد، پێ دەچوو ڕەحمەت و توانایەکی ئەفسانەیی لە دەستەکانیدا بێت کە ئاوها خێرخوایانە ویستە ڕۆژانەییەکانی بەئەنجام دەگەیاند، کاتێ بەهێمنیی دیقەتیم دەدا، بەخۆم دەگوت ڕەنگبێ ئەم دایکەی من (نەریدی)(*)یەک بێ کە لە ئەفسانەی پەرییەکانا هەیە، ئیدی ئەندێشە لەزەینی منداڵیمدا دەکەوتە جووڵە:

گوایە بابم شەوێکیان بەکەناری ڕووبارێکدا ڕەت دەبێ، دایکم دەبینێ لەژێر تریفەی مانگدا سەما دەکات، شاڵاوی بۆ دەبات و دەستماڵەکەی دەفڕێنێ، ئیدی دەیهێنێتە ماڵەوە و دەیکات بەژنی خۆی. وا هەنووکەش دایکم بەدرێژایی ڕۆژ لە ماڵەکەدا دێ و دەچێ تا دەسماڵەکەی بدۆزێتەوە و بیکاتەوە سەری و هەمدیس ببێتەوە بەنەریدی و ئۆغر کاتەوە. من لە هاتوچوونی دایکم لەماڵەکەدا ورد دەبوومەوە، لەکردنەوەی سنووق و باوەڵی جلکەکان، لە بەتاڵکردنی سەتڵەکان، لە چەمینەوە بۆ سەیرکردنی ژێر تەختەنوێن، کوتوپڕ دەترسام نەبا دەستماڵە ئەفسانەییەکەی بدۆزێتەوە و جێمان بێڵێ، ئەو ترسە ساڵانێک درێژەی کێشا و برینێکی قووڵی لەسەر ڕۆحی تازە زاوم جێ هێشت، تەنانەت تا ئەلعان ئەو برینە لە جاران بەسوێترە، من بەهەمان دڵەڕاوکێ و عەزابەوە لەتەواوی خەڵکیی و ئەو ئەندێشانە دەنۆڕم کە خۆشم دەوێن، چونکە دەزانم ئەوانە بەدوای دەسماڵەکانیاندا دەگەڕێن تا هەمدیس ئۆغر کەنەوە و بڕۆن.

تەنێ یەک جارم لەبیرە کە دایکم پێکەنیبێ و چاوانی بەڕووناکییەکی سەیر پرشنگی دابێت، ئەو جارە

(*) نەریدی Nereid هەر یەک لە پەنجا حۆرییە زەریاییەکە، کیژانی (نیرۆس) خواوەندی زەریا.

دایکم وەک ڕۆژانی دەستگیرانیی یان تافی کچێنیی لەزەت لە ڕوخساریدا ڕەنگی دایەوە، ئەوەش لە یەکەمین ڕۆژی مانگی مایسدا بوو، چووبووین بۆ گوندی (فودلی)، ئەو گوندە گوندێکی پڕ لە ئاو و پڕ لە دارپڕتەقاڵ بوو، ڕۆیشتبووین بۆ ئەوێ تا بابم شاهیدی غوسلّی منالێک بێت، لەپڕا زریانێکی بەهێز هەڵی کرد، ئاسمان بووە ئاو و دەڕژایە سەر عەرد، عەردیش دەم بەپێکەنین و خۆشحاڵ جێی ئاوی لە سینەیدا دەکردەوە، زریانەکە ڕیش سپییانی گوند و ژنان و کچانیانی ڕاونایە ژوورێکی گەورەی ماڵی خاوەن ئاهەنگەکەوە، باران و هەورە برووسکە لەپەنجەرە و لەدرزی دەرگاکەوە دزەیان دەکردە ژوورێ، هەوا بۆنی خاک و نارنجی لێ دەهات، هەر شەراب و عارەق و مەزەش بوو پەیتا پەیتا دەهێنرانە ژوورێ و دەبرانە دەرێ، خەریک بوو شەو دادەهات، چراکان پێکران، پیاوان زەوق گرتنی، ژنان چاوانی سەربەرەوژێریان هەڵبڕی و وەک کەو کەوتنە قاسپەقاسپ، لە دەرەوەش خواوەند لە گرمە گرمی خۆی بەردەوام بوو، تا دەهات گرمەی هەور قایمتر دەبوو.

کۆڵانە باریکەکانی گوند ببوونە جۆگە، بەرد بەنێو ئەو جۆگانەدا تلی دەدا و دڕندانە پێدەکەنی، خواوەند ببووە زریان و عەردی لە ئامێز دەگرت، ئاودێریی دەکرد و تول بڕیی دەکرد.

بابم ڕووی کردە دایکم، یەکەم جار بوو ببینم بابم ئاوها بەسۆز و میهرەبانییەوە لە دایکم بنۆڕێ، یەکەم جار بوو جۆرە چێژێ لەدەنگی بابمدا ببیەم. بەدایکمی گوت: "مارگی... گۆرانیی بێژە!"

مۆڵەتی دایە دایکم گۆرانی بڵێ! لەکوێش؟ لەبەردەم نامەحرەمدا، من نازانم بۆچی لە خۆمەوە ڕقم هەستا، شپرزە هەستام و بەرەو لای دایکم ڕام کرد، وەک بڵێیی بمەوێ لە شتێکی بپارێزم، بەڵام بابم پەنجەی نایە سەر شانم و داینیشانم. ئیدی ڕوخساری دایکم درەوشایەوە، وەک بڵێیی هەموو ئەو باران و هەورە برووسکەیە ئەویان لە ئامێز گرتبێ، سەری هێنایەوە دوا، یادم دێ کەزییە شەبەقڕەنگەکەی کوتوپڕ لێک جوێ بوونەوە و بەسەر شانیدا بۆ سەر سمتی پەخش بوون.

دەستی کرد بەگۆرانیی چڕین، خودایە... چ گۆرانییەک؟ قووڵ، شیرین، پۆشراو بەسایەیەک لە خەم، تژیی لە سۆز، هەروا کە چاوە نیوەکراوەکانیشی لەسەر بابم بوو، گۆرانییەکی چڕیی کە هەرگیز یادم ناچێتەوە، ئەو کات تێنەگەیشتم ئەو گۆرانییە بۆچی و بۆ کێ دەڵێ، بەڵام کە گەورە بووم لەوە گەیشتم. وای کە دەنگە خۆشەکەی لێوڕێژ بوو لە چ خرۆشانێک:

*کاتێ تۆ پیاسە دەکەیت*

*سەیرم لێ دێت چۆن شەقامەکان ناپۆشرێن بەخونچە و*

*تۆیش نابیتە هەڵۆیەکی باڵ زێڕین!*

بۆ خۆ دوور ڕاگرتن لە سەیرکردنی بابم، بۆ خۆ پاراستن لەبینینی دایکم، لە شوێنێکی ترم دەنۆڕی، بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشتم و نێوچەوانم نووساند بەشووشەی پەنجەرەکەوە و سەیری ئەو شەستە بارانەم دەکرد کە خاک دەینۆشیی. زریان بەدرێژایی ئەو ڕۆژە وچانی نەدا، شەو باڵی بەسەردا کێشابووین، دونیای دەرەوە تاریک داهات، ئاسمان و عەرد تێکەڵاوی یەکدی بوون، هەردووکیان ببوونە قوڕ، چرای زیاتر پێکران، هەمووان بەرەو لای دیوارەکان هاتن، مێز و کورسییەکان هێنرانە لاوە تا جێگە بێتەوە،



جحێڵ و پیر دەیانویست سەما بکەن، کەمانچەژەن لەناوەڕاستی ژوورەکەدا لەسەر چوارپایەیەکی بڵند دانیشتبوو، کەمانچەکەی وەک شمشێرێک بەدەستەوە گرت، لەژێر لێوەوە بەیتێکی چڕی و پاشان دەستی بەژەنین کرد، ئیدی پێکان وەخووروو کەوتن و ناوقەدەکانیش کەوتنە جووڵە، ژنان و پیاوان سەیری یەکتریان کرد و هەستانە سەرپێ. یەکەمین کەسێ هاتە مەیدانی سەما، ژنێکی ڕەنگ پەڕیو و باریکەلە بوو کە تەمەنی چل ساڵێک دەبوو، لێوە نارنجییەکەی بریقەی دەدایەوە بەڕەنگی توێکڵە گوێز و پرچە شەبەقڕەنگەکەشی دەدرەوشایەوە بەزەیتی گەڵای داردێمشت. هەر کە ئاوڕم دایەوە و ئەو ژنەم بینی، ترس دایگرتم، نوورێکی خەمین و شین لەژێر چاوانیدا دەواری هەڵدابوو، کوتوپڕ ڕەشایی چاوانی پرشنگی دا، یان با بڵێیم: هەڵایسا، وا هات بەخەیاڵمدا تەماشای من دەکات، لە ترسانا چمکی کراسەکەی دایکم گرت. هەستم کرد ئەو ژنە دەیەوێ قۆڵم بگرێ و لەگەڵ خۆیم بەرێ.

پیرەمێردێکی کەتە و ڕیش بزنیی، هاواری کرد: "بارەکەڵڵا سورمێلینا!" وای گوت و ئیدی چووە بەردەم سورمێلینا، دەستەسڕە ڕەشەکەی دەرهێنا، چمکێکی دایە دەستی وی و چمکەکەی تری بەدەستی خۆیەوە گرت، پاشان دووقۆڵی کەوتنە سەما، سەریان بۆ سەرەوە و جەستەیان وەک دوو مۆم قیت و قینج ڕاگرتبوو. ئیدی ئاوها خۆیان بەدەستی سەما سپارد.

سوورمێلینا قاپقاپی تەختەیی لەپێدا بوو، بەهەموو هێزی خۆی، پاژنەی قاپقاپەکەی دەدا بەئەرزی ژوورەکەدا و تەواوی ماڵەکەی هێنابووە لەرە، گرێی سەرپۆشە سپێکەی کرایەوە و ملوانکە لیرەکەی، کە گەردن و سەرسینگی ڕازاندبۆوە وەدیارکەوت، پەڕەی کەپووی دادەخرا و دەکرایەوە و بۆنی هەوای هەڵدەمژت، هالاوی هەناسەی پیاوان گەمارۆی داو بەدەوریدا شەپۆلیان دەدا، ئەژنۆکانی نوشتانەوە، سووڕایەوە، خەریک بوو بکەوێ بەسەر ئەو پیرەمێردەدا کە لەبەردەمیدا سەمای دەکرد، بەڵام یەکسەر بەپێچدانی سمتی لەبەردەمیدا بزربوو، پیرەمێردی سەماکەریش وەک ئەسپ دەیحیلاند، هەر بەحەواوە ژنەی دەگرتەوە، بەڵام ئەو هەمدیس لە باوەشی هەڵدەخزایەوە، ژنە و پیرەمێرد گەمەیان دەکرد، یەکدییان ڕاودەنا، هەورە گرمە و باران نەمان، دونیا بارگە و بنەی پێچایەوە و جگە لەو ژنە (سورمێلینا) کە سەمای دەکرد، چ شتێکی تر بەسەر هەڵدێرەوە نەما. ئیدی کەمانچەژەن خۆی بەسەر چوارپایەکەوە بۆ ڕانەدەگیرا و هەستایە سەرپێ، کەمانچەکەی وەک بونیادەم هەناسەی هەڵدەکێشا و هاواری دەکرد، خۆی لەگەڵ سووڕانەوەی پێی سورمێلینادا یەکانگیرکرد، ڕوخساری پیرەمێرد ڕەنگی دڕندەی لێ نیشتبوو، تا بناگوێی سوور هەڵگەڕابوو، لێوەلەرەی پێ کەوتبوو، لەژێر چاوەوە لەژنەکەی دەنۆڕی، هەستم دەکرد کە هەر ئەلعان هەڵدەکوتێتە سەر ژنە و لەتوپەتی دەکات، پێم وابوو کابرای کەمانچەژەنیش هەمان هەستی هەیە، لەبەرئەوەی یەکسەر مۆسیقاکەی بڕی، سەما تەواوبوو، هەردوو سەماکەرەکە لەجووڵە کەوتن، ئارەقە لەتەواوی جەستەیانەوە دەچۆڕا، پیاوان بەرەو لای پیرەمێرد ڕایان کرد، بردیانە ئەولاوە و بەعارەق کەوتنە شێلانی، ژنەکانیش دەوری سورمیلینیایان دا تا پیاوان نەیبینن، منیش کە هێشتا منداڵ بووم، لەنێو ژنەکانا شوێنێکم بۆ خۆم کردەوە، ژنەکان ڕێیان دام سەیرکەم، سوخمەکەیان لە مەمکۆڵانی کردبۆوە، ئاوی نارنجیان بەمل و ژێر باڵ و هەنییەیدا دەپرژاند، ئەویش چاوانی لێکنابوو، زەردەخەنەی دەهاتێ.

ئەمە ئەو کاتە بوو کە سەما و سورمیلینا و ترس، یاخود سەما و ژن و مەرگ لە ناخمدا ئامێتە و یەکانگیری یەکدیی بوون، چل ساڵ دواتر، لە بانیژەی بەرزی هۆتێلی (ئۆرینت) لە (تفلیس)، ژنێکی هیندوستانیی سەمای دەکرد، ئەستێرەکان بەژوور سەریەوە دەدرەوشانەوە، بانیژەکە تاریک و چرایەکی لێ هەڵنەکرابوو، دە دوانزە کەسێ بەدەوری ئەو ژنەدا ڕاوەستابوون، جگە لە ڕووناکیی کزی سیگارەکانیان هیچی تر دیارنەبوو، ژنە هیندوستانییەکە لەژێر قورسایی زێڕ و زیو و گوارە و خاڵخاڵی زێڕیندا، بەترسێکی پەنهان و لەسەرخۆ سەمای دەکرد، وەک بڵێی بەلێواری هەڵدێرێکەوە لەگەڵ خواوەنددا سەما بکا و گەمانی لەگەڵدا بکا، دەهاتە پێشەوە، دەکشایەوە، سەری دەکردە سەری و لە تەواوی ئەو ماوەیەشدا هەموو گیانی لە ترسا هەڵدەلەرزی تا نەبا هەڵدێررێ. ناو بەناو بێ جووڵە لەجێی خۆیدا ڕادەوەستا. قۆڵ و باسکی وەک مار لەیەک دەئاڵاند و دەکرانەوە و لەهەوادا لەگەڵ یەکدیدا جووت دەبوون، ڕوناکیی سیگارەکان کوژانەوە و لەپانتایی شەودا جگە لەو سەماکەرە و ئەستێرەکانی ژوور سەری شتێکی تر دیارنەما، ئەستێرەکانیش بێ جووڵە کەوتنە سەما، ئێمە هەناسەمان لەخۆ بڕیبوو. کوتوپڕ ترسێک دایگرتم، چما ئایا ئەوە ژنێک بوو کە لەسەر لێواری هەڵدێر سەمای دەکرد؟ نا، ئەوە ڕۆحی خودی ئێمە بوو کە گەمەی ئەڤینی بەمەرگ دەدۆڕان!

# کوڕ

هەر شتێ بهاتبایە زەینی منداڵیمەوە، هێند بەتاسەوە ئامێزم بۆ دەکردەوە و هێند بەقووڵیی لە زەینمدا تۆمار دەبوو، کە ئەلعانیش لە تافیی پیریبیدا لە وەیادهێنانەوەی ماندوو نابم، یەکەمین ئاشنایەتیم لەگەڵ زەریا و ژن و ڕەنگ و بۆنی دونیادا بەبێ کەم و زیاد وەیاد دێنمەوە.

دوورترین یادەوەری ژیانم ئەمەیە: هێشتا بەتەواوی نەمدەتوانی بەپێوە خۆڕاگرم، بەگاگۆڵکێ بەرەو دەرگای حەوشە دەڕۆیشتم و لە ترس و پەرۆشییەوە سەرم بۆ فەزای کراوەی حەوشە درێژ دەکرد، تا ئەو کاتە تەنها لە شووشەی پەنجەرەوە تەماشای دەرەوەم کردبوو، شتێکی وام نەدیتبوو، بەڵکو تەنها سەرنجم دابوو. بەڵام ئیدی وا بۆ یەکەمین جار دونیام دەبینی، خودایە چ دیمەنێکی سەرسووڕهێن بوو! باخچەی حەوشەکەمانم بێ سنوور دەهاتە پێش چاو، ویزە ویزی هەزاران مێشهەنگی نەبینراو لە فەزادا دەهاتە گوێ، بۆنێکی سەرخۆشکەر دەگەیشتە لووت و گەرمای خۆریش چڕ هەر وەکی هەنگوین بوو، دەتگوت فەزا تژییە لەشمشێر و لەنێو شمشێرەکانا دەعباگەلی درێژ و فریشتەئاسا، بەباڵە ڕەنگاوڕەنگ و بێ جووڵەکانیانەوە بەرەو لام دێن. لەترسا هاوارێکم کرد، چاوانم پڕ بوون لە فرمێسک و دونیا لەبەر چاوانمدا بزر بوو.

ڕۆژێکی تر دێنمەوە یاد کە پیاوێکی ڕیش قرژ بوو لە باوەشی گرتم و بردمی بۆ بەندەر، کە نزیک بووینەوە دەنگی ئاهوناڵەی بوونەوەرێکی دڕندەم ژنەفت، پێ دەچوو برینداربێ، یان بیەوێ بمانتۆقێنێ، بەترسەوە خۆم ڕاپسکان و لەباوەشی پیاوەکە خۆم خستە خوارەوە و وەک مەلێک زیکاندم، دەمویست بگەڕێمەوە، کوتوپڕ بۆنی تیژی خڕنووک و قیر و لیمۆی گەنیو گەیبیە کەپووم.



ناخم بۆ هەڵمژتنی ئەو بۆنە کرایەوە، لەنێو باسکی تووکنی پیاوەکەدا کەوتمە خۆڕاپسکان، تا لەپێچی شەقامێکدا هەموو زەریای کەفچڕێن ڕژایە ناخمەوە، زەریایەکی شین ، پڕ لە هاوار و بۆن (چ بوونەوەرێکی سەیر بوو! چ تەڕ و تازەییەک بوو! چ دیمەنێکی بێ سنوور بوو!) سەرم تژیی بوو لە پێکەنین و خوێ و ترس.

ژنێکی هاوسێمان بەیاد دێنمەوە کە ناوی (ئانیکا ) بوو، تازە بووک و تازە دایک، ژنێکی شۆخ و نازدار، کەزیی کاڵ و درێژ و چاو گەورە، ڕۆژێکیان دەمەو عەسر لەحەوشە یاریم دەکرد، وا بزانم تەمەنم سێ ساڵان بوو، باخچە بۆنی هاوینی لێ دەهات، ئانیکا نوشتایەوە و لەباوەشی گرتم و لە ئامێزیدا داینام، منیش پێڵووم لێکنا و سەرم لەنێو مەمکۆڵانی نا و بۆنی جەستەیم هەڵمژت: هاڵاوی بۆنێکی گەرم و چڕی شیر و ئاوێتە بەئارەقە لەجەستەی نۆبووکەوە هەڵدەسا، بەنەشوەیەکی هاوئامێزییەوە ئەو هاڵاوەم ڕژانە ناخمەوە، کوتوپڕ سەرم گێژی خوارد و لەهۆش خۆ چووم، ئانیکا لەشەرمدا سوور هەڵگەڕا، لەنێوان دوو ئینجانەی گوڵە ڕێحاندا داینام، ئیدی لەوە بەدوا هەرگیز لە باوەشیدا داینەدەنیشانم، بەڵکو تەنها بەچاوە گەورەکانی سەرنجی نەوازشئامێزی لێ دەدام و زەردەخەنەی دەهاتێ.

شەوێکیان هاوین لەحەوشە لەسەر کورسییە چکۆڵەکەم دانیشتبووم، بیرم دێ کاتێ سەرم هەڵبڕیی، بۆ یەکەمین جار ئەستێرەکانم بینی، هەستامە سەرپێ و لە ترسا هاوارم کرد: "بڵێسە.. بڵێسە...!" دەتگوت ئاگر لە ئاسمان هەڵایساوە و جەستەی چکۆڵەم کەوتۆتە بەر مەترسیی شاڵاوی ئاگرەوە.

ئاوها بوو یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەم لەگەڵ عەرد و زەریا و ژن و ئاسمانی پڕ لە ئەستێران، ئەلعانیش لەقووڵترین ساتەکانی ژیانمدا، ئەم چوار توخمە ترسناکە بەهەمان تاسەی تافی منداڵیمەوە تەجروبە دەکەم، لە خواستی هەمدیس تەجروبەکردنی ئەم توخمە ترسناکانە (بەهەمان ترس و سەرسوڕمان و پەرۆشیی تافی منداڵیم)ەوەیە کە ئەورۆ دیسان ئەوانە بەقووڵی لەجەستە و ڕۆحمدا هەست پێ دەکەم، لەبەرئەوەی ئەوانە یەکەمین هێزێک بوون کە هۆشیارانە تۆماربوونیانم لە ڕۆحمدا پێ زانی و ئیدی بەتەرزێکی لێک نەپچڕاو، گرێ دران و یەکانگیری یەکدی بوون، بەڕوخسارێک دەچوون کە هەمیشە لە شێوەگۆڕکێدا بن، کاتێ تەماشای ئاسمانی پڕ لە ئەستێران دەکەم، هەندێ جار مەزەندە دەکەم باخێکی پڕ لەگوڵ بێ، یان زەریایەکی تاریک و خەتەر، هەندێ جاری تریش لەوێنەی ڕوخسارێکدایە غەرق لە فرمێسک، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لەسۆز و خەیاڵاتم، تەنانەت ڕووتەنترینیان، لەم چوار پێکهاتە سەرەتاییە دروست بوون. لەناخمدا فەلسەفیترین مەسەلە، شێوەی جەستەیەکی گەرم و دونیایی بەخۆوە دەگرێ و شەڵاڵ دەبێت لەبۆنی زەریا و خاک و ئارەقە، ئاخر وشە بۆ ئەوەی بتوانێت دەستم تێوە بدا، پێویستە ببێتە جەستەیەکی گەرم، کاتێ دەتوانم پەی بەدونیا ببەم کە بتوانم بۆن بکەم، ببینم و لەمس کەم.

جگە لەو چوار هەستە، ڕۆحم بەقووڵیی لە ڕووداوە ڕێکەوتەکان ڕاچڵەکی. ڕووداوی ڕێکەوت؟ چ دەکەیت کاتێ زەینی ترسنۆک لەڕاڤەکردنی شتێکدا دۆش دادەمێنێ و ئیدی لە حەژمەتا پەنا دەباتە بەر گوزارشتی ناجوامێرانە و ناڕاستەوخۆ، تا نەبا قسەکانی ببنە چەنەبازی و شکۆی بریندارکات. وا بزانم

تەمەنم چوار ساڵان بوو کە بابم بەبۆنەی ساڵی نوێوە کەنارییەک و تۆپێکی وەک جەژنانە، یان ئەوەی کە لە (کریت) پێی دەڵێن (تەبەڕوک) بۆ هێنام، دەرگا و پەنجەرەی ژوورەکەم دادەخست، دەرگای قەفەسەکەم دەکردەوە و کەنارییەکەم ئازاد دەکرد، کەنارییەکە ڕاهاتبوو لەسەر تۆپەکە بنیشێتەوە و چەند سەعاتێک لەسەریەک بخوێنێ، منیش بەدیارییەوە هەناسەم لەخۆدەبڕی و گوێم ڕادەدێرا.

پێ دەچێ ئەم ڕووداوە زۆر ساکارە، لە هەموو کتێبەکان زیاتر و لەو کەسانەش زیاتر کە دواتر ناسیمن، کاریگەری لەسەر ژیانم، لەهەڵسوکەوتەکانی ساڵانی دواترم لەسەر عەرد، لە سلاو و ماڵئاواییەکانا هەبووبێ، هەستم کرد سەرم ئەو تۆپەیە و کەنارییەک لەکاتی گۆرانی چڕینا دەیکاتە هێلانە.

ڕاڤەکردنی یەک بەیەکی یادەوەرییەکانی مناڵیم لەبەر ئەوە نییە کە خاوەن سیحرێکی گەورەن، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە لەو سەردەمەدا، هەروەکو خەون، ڕووداوێکی بەرواڵەت گچکە، ڕوخساری ڕاستەقینەی ئەڤینی ئاشکرا دەکرد، زیاتر لەوەی ڕامان و ڕاڤەی دەروونیی ئاشکرای دەکات، هۆکاری گوزارشتکردن لەمنداڵیدا یان لە خەوندا زۆر ساکارە، هەر بۆیە جوانترین لایەنی دەروونیی بەبێ زۆر پێوەنان ئاڵوگۆڕ دەکا و تەنها جەوهەرەکەی دەمێنێتەوە.

زەینی منداڵ بێ گەرد و جەستەشی نەرم و نیانە، خۆر و مانگ و با و باران، بەبێدەنگیی بەسەریدا دەڕژێن، منداڵ هەویرێکە و ئەوانە هەڵی دێنن. منداڵ بەئیشتیهاوە دونیا قووت دەدا، گەدەی هەرسی دەکا، هەرسی دەکا و دەیکاتە منداڵ.

کاتێ هەتاو هەوای گەرم دەکرد، لەخانووە گەورەکەی دراوسێکەماندا، ترێ دەگوشرا و دونیا تژیی دەبوو لە بۆنی شیلەی ترێ. زیاتر لەسەر سەکۆی ماڵەکەمان دادەنیشتم، چاوانم بەخۆشحاڵییەوە لێکدەنا، دەستەکانم ڕایەڵ دەکرد و چاوەڕێی شتێکم دەکرد. هەمیشە خواوەند لەشێوەی منداڵێکی وەک خۆمدا دەهات و یارییە مناڵانەکانی - خۆر و مانگ و با - ی دەدایە دەستم و دەیگوت: "ئەمانە دیاری منن، یارییان پێ بکە، یاریی مندالانەی تریشم هەن !" ئیدی من چاوانم دەکردەوە و خواوەند دیار نەدەما، بەڵام هێشتا یارییە مناڵانەکانیم هەر بەدەستەوە بوو.

قودرەتی ڕەهای خواوەندم لەبەر دەستابوو (ئەوەم نەدەزانی، لەبەرئەوەی تەجروبەیم دەکرد) دونیام بەو جۆرە دەخولقاند کە خۆم دەمویست، ئاخر من هەویر بووم، دونیاش هەروا. بیرم دێ لە تافی منداڵیدا ئاڵوباڵو وگێلاسم لە هەر میوەیەکی تر خۆشتردەویست، قاپێکم لە بیرەکە پڕ دەکرد لە ئاو، دەنکە گێلاس و ئاڵباڵوەکانم تێ دەکرد، دەنوشتامەوە و تەماشای بریقەدانەوەیانم دەکرد. بەپەرۆشەوە لێم دەنۆڕین، بەڵام کاتێ لە ئاوەکە دەرم دەهێنان، بەوپەڕی نائومێدییەوە لە ژاکانیان ورد دەبوومەوە. چاوانم دەنووقاند تا ژاکانیان نەبینم، هەر بەچاوی نووقاوەوە دەمهاویشتنە زارم.

ئەم ڕووداوە هاکەزاییە، بەگشتیی ئەو ڕێگەیە ڕۆشن دەکاتەوە کە تا ئێستا بەپیریش ڕووبەڕووی واقیعی پێ بوومەتەوە. من واقیعییەت، ڕووناکتر، باشتر و گونجاوتر بەمەبەستم دەخولقێنمەوە. زەین هاوار دەکات، ڕاڤە دەکات، ڕێنوێنیی دەکا، بەرەنگار دەبێتەوە، بەڵام نەغمەیەک لە ناخمەوە بەرز دەبێتەوە و هاوار دەکا: "ئەی زەین، بێ دەنگ بە! وا باشترە گوێ لە دەنگی دڵ ڕادێرین!" ئەدی کام دڵ؟



شێتیی: جەوهەری ژیان. ئیدی دڵیش دەکەوێتە گۆرانیی چڕین.

یەکێ لە عاریفە بێزانسییەکان دەڵێ: "هەنووکە کە ناتوانین واقیع بگۆڕین، باشترە ئەو چاوە بگۆڕین کە واقیع دەبینێ!"(*) لە تافی مناڵیدا وام کرد، ئەلعانیش لە لێوانلێوترین ساتەکانی ژیانمدا بەبەخشش، هەر وا دەکەم.

بەڕاستیی زەین و چاو و گوێی منداڵ موجیزەن! بەپەرۆشییەکی بێ ئەندازەوە ئەم دونیایە قووت دەدەن و لێی تێر دەبن. دونیا مەلێکە بەپەڕی سوور و سەوز و زەردەوە، دەی منداڵ ئەو مەلە ڕاو دەکات.

لە چاوانی خواوەندەوە شتێکی تر نییە لە چاوانی منداڵ بچێ، دونیا بۆ یەکەم جار دەبینێ و دەیخولقێنێ، بەر لەوە دونیا بێ سەروبەرەیە، تەواوی مەخلوقاتەکان (ئاژەڵ، درەخت، ئینسان و بەرد) تەواوی شتەکان (شێوە، ڕەنگ، دەنگ، بۆن، تیشکی برووسکە) لەپێش چاوی منداڵدا بەتەرزێکی گوزارشت نەکراو ڕەت دەبن - لەپێش چاویدا نا، بەڵکو لە ناوەوەیرا - منداڵ ناتوانێ پێکیانەوە گرێ دا و نەزمێ لە مابەینیانا پێک بێنێ، دونیای منداڵ لە گڵ نەخولقاوە تا بەرگە بگرێ، بەڵکو لە هەور دروست بووە، نەسیمێکی فێنک بەسەر لاجانگەکانیدا هەڵدەکاو دونیا لەبەریەک دەڕەوێنێتەوە و دیار نامێنێ.

بێ شک، بەر لەخەڵیقەت، بێسەروبەریی بەو شێوەیە بەبەردەم خواوەندا ڕەت بووە.

کاتێ منداڵ بووم، لەگەڵ ئاسمان، مێروو، زەریا و با دا، واتە لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا کە دەمبینی یا دەستم تێوە دەدان یەکانگیر دەبووم، (با) سینگی هەبوو، دەستی هەبوو، نەوازشی دەکردم، هەندێ جار تووڕە دەبوو، بەڕوومدا هەڵدەشاخا و نەیدەهێشت بڕۆم، هەندێ جار دەیخستم بەعەردا، گەڵێ مێوەکانی دەوەراند، قژی تێک دەدامەوە کە دایکم جوان بۆی شانە کردبووم، کڵاوەکەی سەری (دیمیترۆس)ی دەڕفاند و داوێنی کراسەکەی (پنلۆپ) خانی ژنی وی هەڵدەدایەوە.

هێشتا من و دونیا لەیەک جوێ نەبووینەوە، بەڵام وردە وردە خۆمم لە ئامێزی وەدەرنا، ئەو لە کەنارێکدا ڕاوەستا و منیش لە کەنارێکی تر، ئیدی هەمدیس شەڕ هەڵایسایەوە.

ئەو منداڵەی کە ئاوها لەسەر سەکۆی بەردەم ماڵەکەیاندا دادەنیشت و پەی بەزریانی چڕ و ڕەشی دونیا دەبرد، ڕۆژێکیان کوتوپڕ چاوانی کرانەوە و دونیای بینی، هەر پێنج هەستەکە کەوتنە خۆ، هەریەکەیان ڕێی بۆخۆی کردەوە و بەشی خۆی لە دونیا وەرگرت، بیرم دێ هەستی بۆنکردن بەر لە هەستەکانی تر لە مندا وورووژا، یەکەمین هەست بوو کە کەوتە بەرقەرارکردنی نەزم و یاسا بەسەر ئاژاوە و بێ سەروبەریدا.

دوو ساڵان بووم، هەر کەسێک لەلام بۆنێکی تایبەتیی خۆی هەبوو، بەرلەوەی سەر هەڵبڕم و ئەو کەسە ببینم، بەبۆنیدا دەمزانی کێیە. دایکم، بابم، خاڵەکانم، ژنەکانی دراوسێمان، هەریەکەیان بۆنی تایبەتی خۆیان هەبوو، کاتێ کەسێک لە باوەشی دەگرتم، بەبۆنیدا ئەو کەسەم خۆشدەویست یان دەکەوتمە لنگەفرتێ تا لەباوەشیم داگرێ. لەگەڵ ساڵاندا ئەو توانایە لە بوونمدا بارگە و بنەی پێچایەوە و بۆنی

(*) دەبێ چاوەکان بشۆردرێنەوە. دەبێ جۆرێکی تر ببینرێ (سوهرابی سوپهێری).

جۆراوجۆر تێکەڵاوی یەکدی بوون.

یەکەندەردوو بەبۆندا مەسیحی و تورکم دەناسییەوە. ماڵێکی میهرەبانی تورک دراوسێمان بوو، کاتێ ژنەکەیان دەهات بۆ ماڵمان بەبۆنەکەی دڵم تێکەڵ دەهات، ناچار چلێ ڕێحانەم لێ دەکردەوە و دەکەمە بۆنکردنی، یان گوڵێکی ئەکاکیام دەترنجانە کونە لووتمەوە.

بەڵام ئەو ژنە تورکە، کە ناوی فاتیمە بوو، کچێکی چکۆڵەی چوارساڵانی هەبوو ناوی (ئامینە) بوو – وا بزانم ئەو کاتە من تەمەنم سێ ساڵان بوو– ئەو کچە چکۆڵەیە بۆنێکی سەیری لێ دەهات کە نە تورکیی بوو نە گریکیی. بۆنێکی خۆش بوو!

ئامینە پێست سپیی و خەپان، دەست و پێ خەناویی، لەپرچییەوە سەدەف یان موور و شۆڕ ببۆوە. ئامینە بۆنی میسکی لێ دەهات.

دەمزانی کەنگێ دایکی لە ماڵەوە نابێ، دەچوومە دەرێ و ئامینەم دەبینی لەبەر دەرگا دانیشتووە و بنێشت دەجوێ، بڕیارم دەدا بچم بۆ لای، بونیادەم بەسێ پێپلیکانە بۆ ماڵەکەیان سەر دەکەوت، ئەو سێ پێپلیکانەیەم بەلاوە زۆر بەرز بوو، بیرم دەکردەوە چۆن بتوانم لەو پێپلیکانانەوە سەرکەوم؟ هەرچۆنێک با خنەخن لەپێپلیکانەی یەکەم سەردەکەوتم، ئەنجا هەوڵم دەدا دووەمیش ببڕم، تۆزێ بۆی ڕادەوەستام تا هەناسەیەکم تێ بێتەوە، سەرم هەڵدەبڕی تا سەیرێکی ئامینە بکەم، دەمبینی بێ باک لەبەر دەرگا دانیشتووە، لەبری ئەوەی دەستی ڕایەڵکا و یارمەتیم بدات، کەچی سەیری دەکردم و جووڵەی لەخۆی بڕیبوو، وەک ئەوەی بڵێ: "کاتێ بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ دەبیت، ئەوجا هەموو شتێک بەدڵی خۆت دەبێ، ئیدی ئەو کات دەگەیتە لام و بەیەکەوە یاری دەکەین، خۆ گەر نایشتوانی ئەوا بگەڕێوە!" بەڵام من نەدەگەڕامەوە، دوای هەوڵێکی زۆر بەسەر پێپلیکانەکانا سەر دەکەوتم و دەگەیشتمە لای ئامینە، کە دەگەیشتمە لای هەڵدەسایە سەر پێ، دەستی دەگرتم و دەیبردمە ژوورەوە، دایکی تا نیوەڕۆ نەدەهاتەوە، جلشۆریی دەکرد، بێ ئەوەی تەنها ساتێک بەهەدەر بدەین، گۆرەوییەکانمان دادەکەند، ڕادەکشاین و پاژنەی پێمان دەنووساند بەیەکەوە، ورتەمان لێوە نەدەهات. چاوانم لێک دەنا و هەستم دەکرد گەرمای لەشی ئامینە لەپاژنەی پێیەوە بۆ پاژنەی پێم ڕەت دەبێ، هێدی هێدی بەرەو ئەژنۆم، زگم، سینگم، هەڵدەچێ و تەواوی بوونم لە خۆ دەگرێ(*).

ئەو لەزەتە هێند قووڵ بوو کە هەستم دەکرد لە هۆش خۆ چووم. بەدرێژایی تەمەنم هیچ ژنێ لەزەتێکی ترسناکتری لەو لەزەتەی ئامینە پێ نەبەخشیوم و هەرگیز گەرمایی لەشی ژنم بەو قووڵییە هەست پێنەکردووە، ئەلعانیش دوای هەفتا ساڵ، چاوانم لێک دەنێم و گەرمایی لەشی ئامینە هەست پێ دەکەم کە لەپاژنەی پێمەوە هەڵدەکشێ و بەسەراپای ڕۆح و جەستەمدا پەخش دەبێ.

وردە وردە لە سەرکەوتن و دابەزین ترسم شکا، دەچوومە ماڵی دراوسێکانمانەوە و لەگەڵ مناڵەکانیانا گەمەم دەکرد، هێور هێور دونیا فراوانتر دەبوو.

---

(*) تەواوی ئەم دیمەنە، بێ کە و زیاد لە ڕۆمانی (دوا وەسوەسەی مەسیح)دا هەیە.



تەمەنم پێنج ساڵان بوو، ژنە مامۆستایەکیان بۆ گرتم تا لەسەر تەختە فێری کێشانی هێڵ و بازنەم بکات، ئەو کارە دەستی ڕادەهێنام تا دواتر نووسینی پیتەکان فێربم. مامۆستاکەم ژنێکی ساکار و لادێیی بوو، ناوی خاتوو (ئارت) بوو، کورتە باڵا، قەڵەو و تۆزێ کۆم، باڵوکەیەک بەلای ڕاستی چەناگەیەوە بوو، خاتوو (ئارت) دەستی دەگرتم و فێری دەکردم چۆناوچۆنیی تەباشیر بەدەستەوە بگرم و پەنجەکانم بجووڵێنم. خاتوو ئارت هەمیشە دەمی بۆنی قاوەی لێ دەهات.

یەکەم جار چ حەقم بەسەرییەوە نەبوو، نە خۆشیم بەبۆنی دەمی دەهات و نە بەکۆمێکەی، بەڵام دواتر نازانم چۆن بوو کە هێدی هێدی شێوەی لەبەر چاوم گۆڕا، باڵوکەکەی سەر چەناگەی نەما، کۆمێکەی ڕێک بۆوە، قەڵەوییەکەی نیشتەوە و جەستەی باریک و جوان بۆوە، لەماوەی چەند هەفتەیەکدا بووە فریشتەیەک بۆ خۆی، فریشتەیەکی باریکەلە بەکراسێکی سپیی ئاودامان بەڕەنگی بەفرەوە، شەیپوورێکی برۆنزیی گەورەی بەدەستەوە، بێ شک من ئەو فریشتەیەم لەنێو یەکێک لە نیگارەکانی کڵێسای قەدیس (میناس)دا بینیبوو، جارێکی تر چاوانی مناڵیی موجیزەی خوڵقاند و فریشتە و خاتوونی مامۆستای یەکانگیرکرد.

ساڵان تێپەڕین، من چووم بۆ دەرەوەی وڵات و هەمدیس گەڕامەوە، بەدوای مامۆستاکەمدا گەڕام، پیرێژنێکی چکۆڵە لەبەر دەرکی ماڵەکەیاندا خۆی دابووە بەر هەتاو، بەباڵوکەکەی سەر چەناگەیدا ناسیمەوە. خۆی بوو، لێی نزیک بوومەوە و خۆم پێ ناساند، لە خۆشیدا دەستی کرد بەگریان، دیاریم لەگەڵ خۆم بۆ هێنابوو: قاوە و شەکر و پاکەتێک ڕەحەتەڵقوم، سەرەتا شەرمم کرد پرسیاری لێ بکەم، بەڵام وێنەی فریشتەی شەیپوور بەدەست، هێند لەناخمدا بنجی داکوتیبوو کە نەمتوانی ددان بەخۆدا بگرم. لێم پرسی:" ئەرێ خاتوو ئارت، تۆ قەت کراسی درێژی سپیت لەبەر کردووە و شەیپوورێکی برۆنزیی گەورەشت بەدەستەوە بووبێ؟"

پیرێژنی بەستەزمان نیشانەی خاچی کێشا و هاواری کرد: "خودا بۆ خۆی ڕەحم کات، من و کراسی سپیی؟ من و شەیپوور؟ خودایە تۆبە.. من و گۆرانی گوتن؟"

هەموو شتێ موجیزە ئاسا لەزەینی مناڵیمدا دروست دەبۆوە، لەسنووری ماقووڵی تێدەپەڕاند و لە شێتیی نێزیک دەبۆوە، بەڵام ئەو شێتییە جۆرە خوێیەکە دەکرێت بەسەر ئەقڵی ساخدا تا بۆگەن نەکا. لە دونیای ئەفسانەی پەرییاندا دەژیام و دەدوام و دەبزوام و ڕێگەم بۆ خۆم دەکردەوە و بەنێوانیاندا ڕەت دەبووم، چ شتێکم دووجار نەدەبینی، لەبەرئەوەی هەر جارەی سیمایەکی نوێم پێ دەبەخشی. ئیدی بەو جۆرە بەردەوام پاکیژەیی دونیا تازە دەبۆوە.

چەند میوەیەکی تایبەتی سیحرێکی پەنهانیان تێدا دەوروژاندم، بەتایبەتی گێلاس و هەنجیر، بەگەڵاو بۆنی گەڵای هەنجیر هەر وەک خواردنیان، ئەفسوون دەبووم. چاوانم لێک دەنا و بۆنی گەڵای هەنجیرم هەڵدەمژت، لە خۆشییەکی ترسناکدا غەرق دەبووم و ڕەنگم دەپەڕی: خۆشیی نا، بەڵکو خرۆشان، ترس، هەڵلەرزین، وەک بڵێی چووبێتمە ناو دارستانێکی تاریک و خەتەرناکەوە.

ڕۆژێکیان دایکم لەگەڵ خۆیدا بردمی بۆ کەنار زەریایەکی چۆڵی دەرەوەی میگالۆ کاسترۆ، ئەو

جێگەیە شوێنی مەلەی ژنان بوو، زەینم پڕبوو لەزەریای بێ سنوور و هەڵچوو، پێ دەچوو لەمیانەی ئەو فەزا شینەوە قەڵافەتی ڕەنگپەڕیو و لاواز و سەیر بێنە دەرێ، وەک بڵێی نەخۆش بن، دەیانزریکاند و شەڕەئاویان دەکرد، تا ناوقەدیان لەئاودا بوو، بەخۆم گوت: "دەشێ لەناوقەد بەرەو خوار ماسیی بن، هەمان ئەو کیژانەی زەریا بن کە خەڵکی لەبارەیانەوە دەئاخڤن!"

حەکایەتێکی نەنکم بیرهاتەوە لەبارەی کچێکی زەریاوە کە خوشکی ئەسکەندەری گەورە بووە، هەموو زەریاکان بەدوای براکەیدا تەی دەکا، هەر بەلەمێک بەلایدا ڕەت دەبێ لە سەرنشینەکانی دەپرسێ: "ئەرێ شا ئەسکەندەر زیندووە؟" بەلەمەوانەکەیش وەڵام دەداتەوە: "بەڵێ خانمەکەم، شا ئەسکەندەر خۆشحاڵ و زیندووە!" وای بەحاڵی ئەوەی گوتبای: "شا ئەسکەندەر مردووە!" ئیدی کیژەکە کلکی دەکێشا بەزەریادا و زریان هەڵدەسا و هەموو بەلەمەکانی تەفروتوونا دەکرد.

یەکێک لەو کیژانەی زەریا بەسەر شەپۆلێکی بەرزەوە بەرەو لام هات، شتێکی لێ پرسیم، بەڵام هاژەی زەریا هێند بەرز بوو کە لەپرسیارەکەی حاڵی نەبووم، پێشتر تێکەڵی دونیای ئەفسانە ببووم و وام زانی پرسیاری براکەیم لێ دەکات، بۆیە بەترس و لەرزەوە هاوارم کرد: "شا ئەسکەندەر زیندووە، خۆشحاڵ و زیندووە!" وام گوت و کوتوپڕ سەرجەم کیژانی زەریا دایانە قاقای پێکەنین.

بەشەرمێکی تێکەڵ بەتووڕەیی ڕام کرد. لەبەرخۆوە گوتم: "نەفرەتیان لێ بێ، ئەوانە ژن بوون، کیژانی زەریا نەبوون!" ئیدی لەسەر بەردێکی چکۆڵە دانیشتم و لە ڕقا پشتم کردە زەریا.

سوپاسی خودا دەکەم کە هێشتا ئەو خەونە خۆشانەی منداڵیی بەتەواوی ڕەنگ و دەنگیانەوە لەگەڵمدان، هەر ئەوەشە زەینم لەچنگی ئافات قوتار دەکات و لە ژاکان و وشکهەڵاتن دەیپارێزێ، ئەوە ئەو قەترەی پیرۆزی ئاوی حەیاتەیە کە لەچنگی مەرگم دەردێنێ، هەر کاتێ بمەوێ لە نووسینەکانما لەبارەی زەریا و ژن و خواوەندەوە بدوێم، چاو دەبڕمە دڵم، گوێ بۆ ناڵەکەی ناخم ڕادەدێرم و ئیدی ئەو شتەکانم پێ دەنووسێتەوە، گەر من توانیبێتم جارێک لەجاران لەهێزە گەورەکانی ژن و زەریا و خواوەند نزیک بووبێتمەوە و لەڕێی وشەوە گوزارشتم لێ کردبن، ئەوا بۆ ئەوە خۆم بەقەرزارباری ناڵیی دەزانم کە هێشتا هەر لەگەڵمدایە. سەرلەنوێ دەبمەوە بەمنداڵ تا بتوانم هەمیشە دونیا بۆ یەکەم جار و بەچاوانێکی پاکیژەوە ببینم.

دایک و بابم لە دەمارەکانمدا دێن و دەچن، یەکێکیان بەزەبر و زەنگ، توندوتیژ و مۆن، ئەوی تریشیان: ناسک و میهرەبان و ئیماندار، بەردەوام ئەو دوو کەسەم لەگەڵدا بوون، هیچ کامیان نەمردن، مادامەکێ من زیندووم، ئەوانیش لە ناخمدا هەر زیندوو دەبن و بۆ حوکمکردن بەسەر ڕەوتار و کردارما لەگەڵ یەکتر دەجەنگێن، مەدەلعومر هەوڵ دەدەم ئەو دووانە لەخۆمدا ئاشت کەمەوە تا یەکێکیان قودرەتی خۆی و ئەوی تریان میهرەبانیی خۆیم پێ ببەخشێ، تا پێکەوە نەگونجانیان کە بێ وچان لە ناوەوەمرا درێژەی هەیە، لە دڵی کورەکەیانا هاوئاهەنگ کەم.

ئامادەیی دایک و بابم بەئاشکرا بەدەستەکانمەوە دیارە، دەستی ڕاستم بەهێزترە، بێ هەست و تەواوێک پیاوانەیە، بەڵام دەستی چەپم زۆر هەستیارە. بەوەیادهێنانەوەی مەمکی ژنێک کە خۆشم



دەویست، دەستی چەپم دەیەشێ و وەخوورو دەکەوێ. لەئازاردا شین هەڵدەگەڕێ و هێندەی نامێنێ ببێتە برین. لەخەڵوەتی تەنهاییی خۆدا، کاتێک لەفڕینی مەلێک دەنۆڕم، گەرمای ژێر زگی لە لەپی دەستی چەپمدا هەست پێ دەکەم، لە دەستەکانمدایە، تەنها و تەنها لە دەستەکانمدایە کە دایک و بابم شوێن پێیان دیارە، بابم دەستی ڕاست و دایکیشم دەستی چەپمی بۆخۆی هەڵگرتووە.

هەر لێرەدا ئەوەش بڵێم کە ڕووداوێک کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ژیانم جێ هێشت، ئەوە یەکەمین برینێک بوو کەوتە ڕۆحم، وا پیر بووم و کەچی ئەو برینە هەر بەسوێیەو هێشتا سارێژ نەبووە.

وا بزانم تەمەنم چوار ساڵان بوو، ڕۆژێکیان یەکێک لە خاڵۆکانم دەستی گرتم تا بچین بۆ دیدەنی گۆڕی هاوسێیەکمان لەگۆڕستانە چکۆڵەکەی کڵێسای قەدیس ماتیۆ.

وەرز وەرزی بەهار بوو، گوڵە بەیبوون ڕەشماڵی بەسەر گۆڕەکانا هەڵدابوو، تەڵانێک گوڵی سوور لەقوژبنێکدا تژیی ببوو بەخونچەی چکۆڵەی بەهاریی ، کات نیوەڕۆ بوو، هەتاو عەردی گەرم دەکردەوە و گژوگیاش تەڕ و بۆندار، دەرگای کڵێساکە کرابۆوە، قەشە بخووری خستبووە بخووردانەکەوە و پشتوێنی بەستبوو، لەدەرکی کڵێسا هاتە دەرەوە و ڕووەو لای گۆڕەکان چوو. من لەو کاتەدا کە بۆنی بخوور و خاکم هەڵدەمژت، لەخاڵۆم پرسی:" ئەوە بۆچی بخووردانەکە دەگەڕێنێ؟" بۆنەکە گەرم و کەمێ ناخۆشیش بوو، بۆنی ئەو حەمامە تورکییەی وەیاد هێنامەوە کە شەممەی ڕابردوو لەگەڵ دایکما خۆمان لێ شتبوو.

خاڵۆم بەبێدەنگیی بەنێو گۆڕەکانا دەڕۆیشت. هەمدیس لێم پرسی: "ئەوە بۆچی بخووردانەکە دەگەڕێنێ؟"

خاڵم وەڵامی دایەوە: "وس بە.. ئەلعان دەبینی، بەدواما وەرە!"

کە لەپشتی کڵێساکەوە داگەڕاین، دەنگە دەنگێکمان هاتە گوێ، پێنج شەش ژنی ڕەشپۆش لەمبەر و ئەوبەری گۆڕێکدا ڕاوەستابوون، دوو پیاویش کێلی گۆڕەکەیان لادەبرد، پاشان یەکێکیان چووە نێو گۆڕەکە و کەوتە هەڵکەندن، من و خاڵۆم نزیکیان بووینەوە و لە لێواری چاڵەکەدا ڕاوەستاین.

پرسیم: "ئەوە خەریکی چین؟"

خاڵۆم وەڵامی دایەوە:" ئێسکوپرووسک لەژێر خۆڵدا دەردەهێنن!"

پرسیم: "ئێسکوپرووسکی چیی؟"

وەڵامی دایەوە: "ڕاوەستە، ئێستا خۆت دەیبینی."

قەشە بەسەر گۆڕەکەوە ڕاوەستابوو، بخووردانەکەی بەرز و نزم دەکردەوە و لەژێر لێوەوە دوعای دەخوێند، بەسەر خۆڵە تازە دەردراوەکەدا دانەویمەوە، بۆنێکی ناخۆش دەهات، کەپووم گرت، گەرچی دڵم تێکەڵدەهات بەڵام نەکشامە دواوە، چاوەڕێ بووم و لێکدا لێکداش لەخۆم دەپرسی: "ئێسکوپرووسک؟ ئێسکوپرووسکی چیی؟"

چاوەڕێ بووم، کوتوپڕ ئەو پیاوەی خۆڵەکەی دەردەدا، خۆی ڕاست کردەوە، کەللەسەرێکی بەدەستەوەبوو، خۆڵەکەی لێ پاک کردەوە، پەنجەی بەچاڵی چاوەکەیدا کرد و خۆڵی لێ دەرهێنا ، پاشان کەللەسەرەکەی لەسەر لێواری گۆڕەکەدا دانا ، دانەوێوە و هەمدیس کەوتەوە خۆڵ دەردان.

لە ترسا هەڵدەلەرزیم، لە خاڵۆم پرسی: "چییە؟"

– "ئەی نابینی.. کەللە سەری مردووە، کەللەسەرە!"

– "کەللە سەری کێیە؟"

– "بیرت نایە، کەللە سەری (ئانیکا)ی دراوسێمانە!"

– "کەللە سەری ئانیکا؟"

دامە خوڕەی گریان و کەوتمە قیژە و هاوار، هاوارم کرد: "کەللە سەری ئانیکا؟ کەللە سەری ئانیکا؟" وام گوت و بۆ ئەرزەکە دانەویمەوە و هەر بەردێکم بەدەستەوە هاتبا دەمگرتە گۆڕهەڵکەنەکە، بەگریان و هاوارەوە دەمگوت: "ئانیکا چ شۆخ بوو؟ چ بۆنێکی خۆشی لێ دەهات!"

ئانیکا دەهات بۆ ماڵمان. لەباوەشیا دایدەنیشاندم و بەشانەکەی نێو پرچی قژی بۆ دادەهێنام، ختووکەی ژێر باڵی دەدام و پێدەکەنیم، وەک مەلێک دەمدا لەچریکە.

خاڵۆم گرتمیە باوەشی و بردمییە ئەولاوە، بەتووڕەیی گوتی: "بۆچی دەگریت؟ وا دەزانی چییە؟ مردووە، هەموومان دەمرین!"

بەڵام من بیرم لای قژە زەردە کاڵەکەی ئانیکا، خەیاڵم لای چاوە درشتەکانی بوو. بیرم لای ئەو لێوە سوورەی بوو کە ماچی پێ دەکردم، کەچی ئێستا...

قیژاندم: "قژی، لێوی، چاوانی؟"

– "لەبەین چوون... خاک لووشی دان!"

– "بۆچی؟ بۆچی؟ نامەوێ خەڵک بمرن!"

خاڵۆم شانێکی هەڵتەکاند و گوتی: "کاتێ گەورە دەبی، وەڵامی ئەو بۆچییەت دەست دەکەوێت!"

دەستم نەکەوت، گەورە بووم، پیربووم، بەڵام وەڵامی ئەو بۆچییەم هەر دەست نەکەوت!

## قۆناغی خوێندنی سەرەتایی

بەچاوانی هەمیشە ئەفسووناویمەوە، زەینی لێوانلێو لەهەنگوین و ویزەویزی هەنگ، کڵاوێکی تیسکن لەسەرا و جووتێک پێڵاوی گلۆنکەدار لەپێدا، بەرەبەیانییەک، نیوەی بەخواست و نیوەکەی تری بەنابەدڵیی بەرەو قوتابخانە بەڕێ کەوتم، بابم دەستی گرتم، دایکم چلێ ڕێحانەی دامێ، گوایە بۆنکردنی شەهامەتم پێ دەبەخشێ، خاچی ئاڵتوونیی ڕێوڕەسمی غوسڵدانەکەمی کردە ملم و بەشانازییەوە سەیری کردم و لەژێر لێوەوە گوتی: "خودا ئاگادارت بێ و بەدوعای خێری منت لەگەڵ بکات."

بەقۆچی قوربانییەکی چکۆڵە دەچووم کە زەنگۆڵەکەی، قورسایی خستبێتە سەر گەردنی، لەناوەوەمڕا هەستم بەشانازی و ترس دەکرد، بەڵام دەستم نوقووم لەدەستی پیاوانەی بابمدا و ئازایانە ڕێم دەکرد، بەکۆڵانە باریکەکاندا ڕەت بووین، گەیشتینە کلێسای قەدیس میناس، لەوێوە داگەڕاین و چووینە



ساختمانێکی کۆنەوە کە حەوشێکی بەرفەراوانی هەبوو، چوار هۆدەی گەورە لەهەر چوارلای حەوشەکەدا، دارچنارێکی قژ خۆڵاویی لەناوەڕاستا، ترسام و لەڕۆیشتن سڵەمیمەوە، دەستم لەنێو دەستی زل و گەرمی بابمدا دەلەرزی.

بابم سەری نەوی کرد و دەستی بەسەرمدا هێنا، ڕاچڵەکیم. چونکە وا بزانم ئەوە یەکەم جار بوو نەوازشم کا، سەرم هەڵبڕیی و بەترسەوە دیقەتیم دا، بابم سەرنجی ترسەکەمی دا و دەستی کێشایەوە و گوتی: "لێرە بۆ خۆت خوێندنەوە و نووسین فێردەبیت، تا بۆ خۆت ببیتە پیاو.. دەی خاچ بکێشە!"

مامۆستا لەبەر دەرگاوە دەرکەوت، دارێکی درێژی بەدەستەوە و لە ئاژەڵێکی لمۆز زل دەچوو، لەتەوقی سەری ورد بوومەوە تا بەڵکو قۆچێک ببینم، بەڵام لەبەر ئەوەی کڵاوی لەسەردا بوو نەمبینی.

بابم گوتی: "ئەمە کوڕی منە!" وای گوت و دەستی لەنێو دەستم دەرهێنا و منی بەمامۆستا سپارد، پاشان گوتی: "ئێسقانی بۆ من و گۆشتی بۆ ئێوە، بەزەییتان پیایدا نەیەتەوە، دارکاری کەن و بیکەنە ئینسان!"

مامۆستا ئیشارەتی بۆ دارەکەی دەستی کرد و گوتی: "قارەمان میخایل، نیگەران مەبە! ئەم دارە هۆکارێکە بۆ دروستکردنی ئینسان!"

لەو ڕۆژانەی قۆناغی خوێندنی سەرەتاییمدا، کۆمەڵە ڕوخسارێک لەیادەوەریمدا ماون، کۆمەڵێ سەری منداڵانە کە وەک کەللەسەر بەیەکەوە نووساون، ئەلعان زۆربەی ئەو سەرانە بوونەتە کەللەسەر، بەڵام بەرزتر لەو سەرانە – چوار مامۆستاکەم لە زەینمدا نەمرن.

لەپۆلی یەک، (پاترۆ پۆلۆس)، پیرەمێردێکی بچکۆلانە و کورتەباڵا بەچاوانێکی دڕندانە و سمێڵێکی شۆڕەوە، هیچ کات دارەکەی دەستی دانەدەنا، بەئیشارەتێکی دارەکە هەموومانی کۆدەکردەوە، پاشان ڕیزی دەکردین، وەک ئەوەی مراوی بین و بمانبا بۆ بازاڕ بمانفرۆشێ، هەموو باوکێک بەسپاردنی مناڵەکەی بە(پۆلۆس)، پێی دەگوت: "مامۆستا، گۆشتی بۆ من و ئێسقانی بۆ تۆ، دارکاری کە تا بۆ خۆی ببێتە پیاو!" ئیدی ئەویش بێ ڕوحمانە دارکاریی دەکردین. هەمووومان، هەر لەمامۆستاوە تا قوتابی، چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بووین کە ئەو دارانە بمانکاتە ئینسان، کە گەورە بووم و تیۆرەکانی مرۆڤدۆستیی زەینمی بەرەو گومڕایی ڕاپێچا، بۆم ساخ بۆوە کە ئەو جۆرە فێرکردنە فێرکردنێکی دڕندانە بووە، بەڵام بۆ باشتر ناسینی ماهییەتی ئینسان، لەوەیاندا دوعا بۆ دارەکەی پاترۆ پۆلۆس دەکەم، هەر ئەو دارە بوو فێری کردین کە عەزاب گەورەترین مورشیدە بۆ هەڵزنینی ئاژەڵ بەرەو ئینسانبوون.

(تیتیرۆس) – چ جۆر پەنیر– لەسەر عەرشی پۆلی دووەمدا فەرمانڕەوایی دەکرد، فەقیرە تەنها دەسەڵاتداریی دەکرد نەک حوکمەت، پیاوێک بوو چاویلکە لە چاو و ڕەنگ پەڕیو، کراسی یەخە ڕەقی لەبەرا و پێڵاوی پاژنە نزمی نووک باریکی لەپێدا، خاوەن کەپوویەکی زل و تووکن، دوکەڵی جگەرە پەنجە لاوازەکانی زەرد هەڵگەڕاندبوو، ناوە ئەسڵییەکەی (چ جۆرە پەنیر) نەبوو، بەڵکو ناوی پاپا داکیس بوو، بەڵام ڕۆژێکیان بابی کە قەشەی گوند بوو، دەچێ بۆ شار و پەنیری بەدیاری بۆ دەهێنێ، کوڕەکەی دەڵێ: "باوکە.. چ جۆرێکی پەنیرە؟" بەرێکەوت دراوسێیەکیان گوێی لەو قسەیە دەبێ و

دەکەوێتە بڵاوکردنەوەی، ئیدی مامۆستای بەستەزمان ئەو نازناوەی بەسەردا دادەبڕێ. مامۆستا (پەنیر) داری نەدەوەشاند، بەڵام هەڕەشەی دەکرد، (ڕۆبنسۆن کرۆزۆ)ی بۆ دەخوێندینەوە و وشە بەوشە ڕاڤەشی دەکرد، ئیدی بەمیهرەبانی و دڵەڕاوکێوە دیقەتی دەداین، وەک بڵێی تکامان لێ بکات تێی بگەین، وەلێ ئێمە سەرقاڵی هەڵدانەوەی پەڕەکانی کتێبەکە بووین، لەژێرەوە سەرنجمان دەدا لە وێنەی جەنگەڵە گەرمەسێریەکان، لە درەختە گەلێ پان و ئەستوورەکان، سەرنجمان دەدا لە (ڕۆبنسۆن کرۆزۆ) بەکڵاوە حەسیرییە پانەکەی و لەپانتایی ئۆقیانووسە لاکەوتەکەی چوار دەوری. مامۆستا (پەنیر)ی داماو لەزەنگی حەوانەوەدا کیسە تووتنەکەی دەردەهێنا و سیغارێکی دەپێچایەوە، بەپاڕانەوەوە سەیری دەکردین و مات و حەپەساو دوکەڵی سیغارەکەی هەڵدەمژت.

ڕۆژێکیان (مێژووی پیرۆز)مان دەخوێند، ناوی (عیسۆ)(*)مان بەرگوێ کەوت، ئەوەی بەخاتری شۆربای نیسک کە یاقوبی برای لێی نابوو، مافی (سەر بەمۆربوون)ی خۆی فرۆشت. ئێوارە کە گەڕامەوە ماڵەوە، مانای (مافی سەر بەمۆربوون)م، لە بابم پرسی، بابم تۆزێ سەری خوراند و بەکۆکە کۆکەوە گوتی: "ئەوە لە خاڵۆ (نیکۆلاکی)ت بپرسە!"

خاڵۆ نیکۆلاکی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواوکردبوو، بەخوێندەوارترین پیاوی بنەماڵەکە دەژمێردرا، خاڵۆ نیکۆلاکی کورتەبنە و قەڵەو و کەچەڵ، خاوەن چاوانێکی گەورە و ترسنۆکانە، دەستی زل و تووکن. لەژنهێناندا پێی بەقەدەر بەڕەکەی خۆی ڕانەکێشابوو، پاروویەکی زلتر لەدەمی خۆی قووتدابوو، ببووە مەسخەرەی ژنە نالەبار و بەخیلەکەی، هەموو شەوێ ژنەکەی قاچی خاڵۆمی بەتەختە نوێنەکەیانەوە دەبەستەوە، نەبادا بچێ لەگەڵ کارەکەرە قەڵەو و مەمک مەشکەییەکەیاندا بنوێ، بەیانیانیش پێی لە تەختەنوێنەکە دەکردەوە. ئەو خاڵۆ داماوەم بۆ ماوەی پێنج ساڵ ئاوها ژیانی لەگەڵ ژنەکەیدا گوزەراند، بەڵام دواتر ئیرادەی خودا وای ویست کە ئەو ژنە نارەسەنە بمرێ، ئاخر هەر لەبەر ئەمەشە کە ناوی خودامان ناوە میهرەبانی ڕەها.

ئەم جارەیان خاڵۆم کچێکی لادێیی میهرەبان و لەش ساغ و دەم نوقڵێیی هێنا، ئەم ژنەی تر شەوانە قاچی خاڵۆمی نەدەبەستەوە، ئیدی بەسەرفرازییەوە دەهات بۆ ماڵمان و سەردانی خوشکەکەی دەکرد. دایکم لێی دەپرسی: "نیکۆلاکی، لەگەڵ ژنە تازەکەتا چۆنیت؟"

– "مارگی، هەر مەپرسە چەند بەختەوەرم... ئاخر ئەو نامبەستێتەوە!"

خاڵۆم لە بابم دەترسا و هەرگیز نەیدەوێرا لەحاستیا سەر بەرزکاتەوە و لەڕوخساری بنۆڕێ، بەڵکو کاتێ دادەنیشت بەردەوام دەستە تووکنەکانی بەیەکدا دەهێنا و سەرنجی دەبڕییە دەرگاکە. ئەو ڕۆژە هەر کە بیستی قارەمان میخایل کاری پێیەتی، یەکسەر لەسەر سفرە ڕاپەڕی و هێشتا پاروەکە لە دەمیدا

---

(*) لەبەرئەوەی بەهۆی ئەو شۆربای نیسکەوە کە یاقوبی برای لێی نابوو (مافی سەر مۆر بوون)ی خۆش فرۆشت، لەبەر ئەوە و لەبەر سووری ڕەنگی ڕوخساری ناویان نا بوو (عیسۆ)، نازناوەکەی (ئادوم)ە، واتە سوور و نیسک ڕەنگ (فەرهەنگی کتێبی پیرۆز).



بوو، بەرەو ماڵی ئێمە بەڕێ کەوت، بەدەم ڕێوە پاروەکەی ناو دەمی دەجویی و بەتووڕەییەوە بەخۆی دەگوت:

– "بڵێی جەنابی دێو چ ئیشێکی پێم بێ وا لەم کاتەدا ناردوویەتی بەدواما؟ ئەرێ ئەو خوشکە داماوەم چۆن لەگەڵ ئەو دێوەدا هەڵدەکا؟" بەڵام بەوەیادهێنانەوەی ژنی یەکەمی، سەرێکی ڕەزامەندی لەقاند و بەزەردەخەنەیەکەوە بەخۆی گوت: "سوپاس بۆ خودا کە من دواجار ڕزگارم بوو!"

هەر کە بابم خاڵۆمی بینی، گوتی: "ئا وەرە ئێرە، تۆ خوێندەواریت، وەرە ئەمە لێک بدەرەوە!" ئەوسا هەردوو بەجووتە سەریان بەسەر کتێبەکەدا شۆڕکردەوە.

بابم دوای ڕامانێکی درێژ گوتی: "یەعنی جلکی ڕاو!"

خاڵۆم ڕەتی دایەوە و گوتی: "وا بزانم یەعنی تفەنگ!"

کە وای گوت دەنگی لەزری.

بابم نەڕاندی: "گوتم یەعنی جلکی ڕاو!" کە وای گوت، برۆی گرژ کرد و خاڵۆم داچڵەکی.

ڕۆژی دواتر، مامۆستا پرسی: "مافی سەربەمۆربوون یانی چی؟" منیش یەکسەر هەستامە سەرپێ و گوتم: "یەعنی جلکی ڕاو."

– "ناماقوڵیت کرد.. چ وەڵاخێ ئەوەی پێ گوتیت؟"

– "بابم!"

مامۆستا ساکا، ئاخر ئەویش وەک هەر کەسێکی تر لە بابم دەترسا، چۆن دەیوێرا قسە لە قسەیدا بکات؟ مامۆستا بەزەحمەت تفێکی قووت دا و گوتی: "بەڵێ.. بەڵێ.. هەڵبەتە یانی جلکی ڕاو، بەڵام زۆر بەدەگمەن یانی جلکی ڕاو، بەڵام لێرەدا..."

دەرسی مێژووی پیرۆز، دەرسێکی خۆش بوو لەلام، حەکایەتی سەیری پەرییان بوو، پڕ لە سەرگوزەشتەی ئەو مارانەی دەئاخڤن، حەکایەتی زریان و پەلکە ڕەنگینە، حەکایەتی دز و بکوژان، لەو حەکایەتانەدا برا برای دەکوشت، باوک دەیویست کوڕە تاقانەکەی سەر ببڕێ، خواوەند هەر دوو دەقیقە جارێ دەخاڵەتی دەکرد و بەشی خۆی لە کوشت و کوشتار ئەنجام دەدا، خەڵکی بێ ئەوەی قولە پایان تەڕبێ بەزەریادا دەپەڕینەوە.

لەوانە نەدەگەیشتین، لەو بارەیەوە پرسیارمان لە مامۆستا دەکرد، ئەویش کۆکەیەکی بۆ دەکرد و بەتووڕەیی دارەکەی هەڵدەبڕی و دەینەڕاند: "فزوولێییەت بەسە، چەند جار پێم گوتن بێ قسە!"

ئێمەش دەمانگوت: "ئاخر تێناگەین؟"

مامۆستا وەڵامی دەدایەوە: "ئەوانە هەمووی ئیشی خودان، ئێمە بۆمان نییە تێیان بگەین، گوناهە"!

گوناه! ئەو وشە ترسناکەمان دەژنەفت و لە حەژمەتا بەملاولادا دەمانڕوانی، ئەوە وشە نەبوو، بەڵکو مار بوو، هەمان ئەو مارە بوو کە حەوای فریو دا و ئەلعانیش لە شوێنەکەی مامۆستاوە دەهاتە خوارەوە، دەمی دەکردەوە تا قووتمان بدا، ئیدی لە جێگەکانمانا دادەنیشتین و ورتەمان لەخۆ دەبڕی.

وشەیەکی تر کە بۆ یەکەم جار بەر گوێم کەوت و تۆقاندمی، وشەی (ئیبراهیم) بوو: (ئاه) و (ئای) ئەم وشەیە لە ناوەوەمڕا دەنگی دەدایەوە، پێ دەچوو لە دووری دوورەوە، لەناو چاڵێکی قووڵ و تاریک و خەتەرناکەوە بێت. بەنهێنی لەبەر خۆمەوە دەمگوت: "ئیبراهیم.. ئیبراهیم!" و... ئیدی دەنگی تەپەی پێ و هەناسەبڕکێم لەدوای خۆمەوە دەژنەفت. هەستم دەکرد کەسێ بەپا زەبەلاح و پەتییەکانییەوە بەدوامەوەیە، کاتێ زانیم ئیبراهیم ڕۆژێ لە ڕۆژان کوڕەکەی خۆی بردبوو سەری ببڕێ، ئیدی بەیەکجاری زەندەقم چوو، بێ شک ئەو هەمان ئەو کەسە بووە کە منداڵانی چکۆڵەی سەربڕیوە، ئیدی لەپشت مێزەکەمەوە خۆم قایم دەکرد نەبا ببینێ و لەگەڵ خۆیم بەرێ. کاتێ مامۆستا پێی گوتین گەر ئەو کەسەی ملکەچی فەرمانەکانی خودا بێ ئەوا دواجار دەچێتە سینگی ئیبراهیمەوە، ئیدی من لەوە بەدوا سوێندم خوارد کە سەرپێچی هەموو فەرمانەکانی خودا بکەم تا خۆم لە چوونە نێو سینگی ئیبراهیم ڕزگارکەم.

کە بۆ یەکەم جار واژەی (حەبەقوق)(*)یشم بەر گوێ کەوت، هەمان شێوە خرۆشام،

ئەو واژەیەش لەلام بێ ئەندازە تاریک بوو، ئاخر (حەبەقوق) خێوێ بوو کە هەر دونیا تاریک دادەهات، لەحەوشەکەماندا خۆی دەنایەوە، باش دەمزانی لەکوێدا خۆی دەنێتەوە، لەودیو بیرەکەوە! جارێکیان جورئەتم دایە بەرخۆم و بەتەنها چوومە حەوشە، لەودیو بیرەکەوە دەرکەوت، دەستی ڕایەڵ کرد و هاواری کرد: "حەبەقوق ..." واتە "خۆت بگرە، هەر ئەلعان دێم و دەتخۆم!"

ئەو وشانە بەتایبەتی وشە عیبرییەکان دەیانخرۆشاندم، ئەم خرۆشانەش لە ترسەوە بوو نەک لە شادومانیی، باپیرەم دەیگوت: "ڕۆژانی هەینیی پاک، یەهودییەکان منداڵانی مەسیحییان دەگرت، دەیانخستنە نێو تەشتێک نووکە بزمارەوە و خوێنیان دەمژین!" زیاتر وا پێ دەچوو کە واژە عیبرییەکانی تەورات و – واژەی یەهووە لە هەموویان زیاتر تەشتێک نووکە بزمار بێ و کەسێ بیەوێ بمخاتە ناوییەوە.

(پریاندەر کراساکیس) ناوی مامۆستای پۆلی سێیەممان بوو، کام باوەپیارەی دلڕەق، ناوی ئەو دەعبا بێ ڕوحمە (کۆرنس)ییەی لەم کۆترە برینداره لە بونیادەم چووە نابوو؟ کراسێکی یەخە دەڵبی لەبەردەکرد تا غودەکانی ملی داپۆشێ، قاچی دەتگوت قاچی کوللەیە، دایمەی خواش دەستەسڕێکی دەنا بەدەمەوە و تفی ڕۆدەکرد، وەک بڵێی دوا نەفەسی گیان دەرچوون بدا، ئەو مامۆستایە شێتی پاک و تەمیزیی بوو، هەموو ڕۆژێک گوێچکە و لووت و ددان و نینۆکەکانمانی دەپشکنی، لێی نەدەداین، هەڕەشەشی نەدەکرد، بەڵکو تەنها کەللە زل و ناقۆڵاو پڕ زیپکەکەی تەکان دەدا و هاواری دەکرد: "ئاژەڵینە! بەرازینە! گەر هەموو ڕۆژێ دەست و دەموچاوتان بەسابوون نەشۆن نابنە ئینسان! دەزانن ئینسان بوون یانی چی؟ یانی دەست و دەموچاو شتن بەسابوون، منداڵینە تەنها مێشک بەس نییە، بەڵکو سابوونیش پێویستە، ئەدی چۆن دەتانەوێ بەو دەستانەوە لەبەردەم خواوەندا دەرکەون؟ دەی.. یاڵا دەی بڕۆنە حەوشە و دەستتان بەسابوون بشۆن!"

بۆ ماوەی چەند سەعاتێک باسی ئەوەی دەکرد کە کام پیتی دەنگدار بەرزە یان نزم، کامیان ناسکە و کامیان گڕ. ئێمە لەو باسانەدا خەیاڵمان دەڕۆیشت، لە کاتێکدا کە وی سەرگەرمی ئەو باسانە بوو، ئێمە

(*) حەبەقوق Habakkuk: حەبەقوق یان هاباکوک، یەکێکە لە پێغەمبەرەکانی بەنی ئیسراییل.



گوێمان ڕادەدێرا بۆ ئەو دەنگانەی لە کۆڵانەوە دەهاتنەگوێ، دەنگی سەوزەفرۆشان، دەنگی منداڵانی کولیچەفرۆش، زەڕینی کەر، پێکەنینی ژنان، گوێمان ڕادەدێرا و چاوەڕوانی لێدانی زەنگ دەبووین تا بچینە دەرێ، تەماشای مامۆستاکەمان دەکرد کە هێندە قسانی کردبوو ئارەقەی دەردابوو، تەواوی هەوڵی بۆ ئەوەبوو دەرسەکە لە زەینماندا بچەسپێنێ، بەڵام خەیاڵی ئێمە لە شوێنێکی تر بوو، خەیاڵی ئێمە لەبەر هەتاو و لای شەڕە بەرد بوو. ئاخر زۆر حەزمان بەو یارییە دەکرد و زۆربەی جار بەسەری شکاوەوە لە قوتابخانەوە خۆمان بەماڵدا دەکردەوە.

ڕۆژێکی بەهار، پەنجەرەکان کرابوونەوە، لە کۆڵانەکەی ئەودیو قوتابخانەوە درەختێکی نارنج خونچەی کردبوو، بۆنی خونچەی درەختەکە دەڕژایە پۆلەوە، زەینی ئێمە ببووە دار نارنجە بەخونچە ڕازاوەکە، ئیتر حەوسەڵەی گوێگرتنمان لە مامۆستا و تاقەتی دەنگی بەرز و نزم، ناسک و گڕمان نەمابوو، ڕێک لەو لەحزەیەدا مەلێک هات و لەسەر چڵی دارچنارەکەی حەوشی مەکتەب نیشتەوە و کەوتە چریکە. قوتابییەکی ڕەنگ پەڕیو و سەر سوور کە ئەو ساڵە لەگوندەوە هاتبوو، ناوی (نیکۆڵۆس) بوو، نەیتوانی ددان بەخۆیدا بگرێ، پەنجەی هەڵبڕی و هاواری کرد: "مامۆستا بێ دەنگ بە و لێگەڕێ با گوێمان لە جریوەی ئەو مەلە بێت!"

ئای (پریاندەر کراساکیس)ی داماو، ئای لەو ڕۆژەی بەخاکمان سپارد، ئێمە مردنەکەیشیمان بینی، بەئارامی سەری نابووە سەر مێزەکەی، لەحزەیەک وەک ماسی خۆی ڕاپسکاند و ئیدی گیانی سپارد. لەدیداری مەرگ زەندەقمان چوو، بەقیژەقیژ و هاوارهاوارەوە ڕامانک ردە حەوشە. ڕۆژی دواتر، جلکی تایبەتیی یەک شەممومان پۆشی، جوان جوان دەستمان شت، ئاخر دەمانویست ئامۆژگارییەکانی وی لەگوێ بگرین، بەرەو گۆڕستانێکی دێرینی کەنار زەریامان برد، کات بەهار بوو، ئاسمان دەتریقایەوە، عەرد بۆنی گوڵە بەیبوونی لێ دەهات، سەری تابووتەکە هەڵدرابۆوە، ڕوخساری مردووەکە، پڕ لە زیپکە، ڕەنگی سەوز و زەرد هەڵگەڕابوو، کاتێ قوتابییەکان یەکە یەکە نوشتانەوە تا ماچی کەن و دوا ماڵئاوایی لێ بکەن، ئیدی بەهار بۆنی گوڵە بەیبونی لێ نەدەهات، بەڵکو بۆنی گۆشتی گەنیوی لێ دەهات.

***

لە پۆلی چوارەم، مامۆستاکەمان بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو، کە هەم فەرمانڕەوایێتیی دەکرد و هەم حوکمەت، کورتە بنە و خڕپلانە بوو، قەڵەو وەک کووپەڵە، ڕیشێکی تەنکی هێشتبۆوە، ڕەنگی چاوانی خۆڵە مێشی و هەمیشە تووڕە، قاچی گێڕ، بەجۆرێک کە گوێی لێمان نەبێ دەکەوتینە چپەچپ. دەمانگوت:" دە توخوا سەیر، قاچی جوانە، سەیر چۆن لەیەکترەوە دەئالێن، چاو لەو کۆکەیە. ئەم کابرایە کریتی نییە!" ئەو مامۆستایە لە ئەسیناوە هاتبوو، مامۆستایەکی تازە دەرچوو بوو، لای خۆی (پیداگۆژی نوێ)(*)ی لەگەڵ خۆیدا بۆ هێنابووین، وامان دەزانی ڕەنگە (پیداگۆژی) ناوی خانمێک(**) بێ، بەڵام کە یەکەم جار ئەو مامۆستایەمان بینی تەنها بوو، (پیداگۆژی) لەگەڵ نەبوو، وامان زەن کرد کە چ شکی

(*) پیداکۆژی Pedagogie وشەیەکی فەرەنسییە، واتە پەروەردە و فێرکردنی منداڵان، هونەری مامۆستایەتی.

(**) وشەی نوێ لە زوبانی گریکییدا واتای خانمی جحێڵ دەگەیەنێ.

تێدانییە خاتوو پیداگۆژی لە ماڵەوەیە. ئەو مامۆستایە قامچییەکی کوڵی بەدەستەوە بوو کە لە پێستی گا چنرابوو، ڕیزی کردین و دەستی بەقسان کردن، گوتی: "هەر چییەک فێردەبین، دەبێ بیبینین و دەستی تێوەبدەین، ئەوجا بەخاڵ لەسەر قاقز ڕەسمی کەین، پێویستە تەواوێک هۆشمان لای دەرسەکە بێت!" ئەو مامۆستایە حەوسەڵەی گوێگرتنی لە قسەی زیادە نەبوو، تەنانەت نەماندەوێرا لەزەنگی حەوانەوەشدا پێبکەنین و هاوارکەین، دەبوو دەستمان بەنیشانەی خاچ لەسەر یەک دانابا، دەبوو هەر کاتێ قەشەیەک دەبینین، دەستی ماچکەین، دەیگوت: "منالێنە، تەواوێک هۆشتان لای خۆتان بێت، ئەگینا – ئاماژەی بۆ قامچێکەی دەکرد– خۆ دەبینن، من تەنها قسان ناکەم، بەڵکو جێبەجێشی دەکەم!" بەڕاستیش هەر وابوو، گەر هاریمان کردبا، یان وەزعی خۆی باش نەبا، ئەوا پانتۆڵەکەی لەپێ دادەکەنین و دەرپێکەمانی ڕادەکێشایە خوار، ئەوجا بەقامچی دەیسرەواندە قوونی ڕووتمان. خۆ گەر حەوسەڵەی داکەندنی پانتۆڵەکانمانی نەبا، ئەوا هێندەی دەسرەواندە پەنا گوێمان تاخوێن فیچقەی دەکرد.

ڕۆژێکیان وێرام پەنجە هەڵبڕم و بپرسم: "مامۆستا، ئەدی خاتوو پیداگۆژی لەکوێیە؟ ئەرێ ئەوە بۆچی نایەت بۆ مەکتەب؟"

لەسەر کورسییەکەی هەستا و قامچییەکەی لەقولاپی سەر دیوارەکە کردەوە و هاواری کرد: "هەی بێ ئەدەب، وەرە ئێرە. پانتۆڵەکەت داکەنە!" خۆی حەوسەڵەی نەبوو پانتۆڵەکەم داکەنێ، ئەوجا کەوتە قامچی تێسرەواندنم، بەدەم قامچی وەشاندنەوە هاواری دەکرد: "وەرە، وەرە، وەرە!" دەموچاو و ڕوخساری شەلاڵی ئارەقە ببوو، کە ماندوو بوو، ئەوجا دەستی لە لێدانم هەڵگرت و گوتی: "خاتوو پیداگۆژی لێرەدایە، ئەمجارە بێدەنگ بیت!"

ئەو مامۆستایە، مێردەکەی (پیداگۆژی خانم) شەیتانێکی فێڵباز بوو، ڕۆژێکیان پێی گوتین: "سبەینێ دەمەوێ لەبارەی کریستۆڤەر کۆلۆمپس و چۆنێتیی دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکاوە قسانتان بۆ بکەم، ئەمجا بۆ ئەوەی باشتر لەوەبگەن، دەمەوێ سبەینێ هەر یەکەتان هێلکەیەک لەگەڵ خۆی بێنێ، هەر کەسێکیش لە ماڵەوە هێلکەیان نەبوو، وا باشترە کەمێک کەرە بێنێ."

کچێکی هەبوو بەناوی (ترپسیکۆر) کە وەختی شووی بوو، کورتە باڵا بەڵام شۆخ، خوازبێنیکەرێکی زۆری هەبوو، بەڵام بابی نەیدەویست بیدا بەشوو، دەیگوت: "ڕێگە بەکارێکی ئاوها ئابڕووبەرانە لەماڵەکەما نادەم!" سەرەتای زستانانیش کاتێ پشیلە نێرەکان دەهاتنە دەرێ و دەکەوتنە میاو میاو، ئەم پەیژەی دەنا بەدیوارەوە و دەچووە سەربان و ڕاوی دەنان و لەبەرخۆیەوە دەیگوت: "نەفرەت لە سروشت کە نازانێ ئەخلاق چییە!"

ڕۆژانی (هەینی پاک) دەیبردین بۆ کلێسا تا لەبەرامبەر مەسیحدا کڕنۆش بەرین، دوای ئەوە دەیهێنانیەوە مەکتەب تا لەبارەی ئەوەی بینوومانەوە و ئەوەی کڕنۆشمان بۆ بردووە بۆمان بدوێ و باسی مانای لەخاچدانمان بۆ بکا، ئێمەش هیلاک و ماندوو لەجێگەکانمان دادەنیشتین، لەبەر خاتری چەشتنی عەزابی مەسیح، جگە لە لیمۆ و سرکە هیچی ترمان نەخواردبوو، بەو برسێتی و شەکەتییەوە، مێردەکەی (پیداگۆژی خانم) بەدەنگێکی شکۆدار دەکەوتە باسکردنی چۆنێتی دابەزینی خواوەند بۆ سەر عەرد و



باسی مەسیحبوونی، باسی عەزاب و مردنی لە پێناو ڕزگاربوونی ئێمە لە گوناه، بەجوانیی لە ماهیەتی ئەو گوناهە نەدەگەیشتین، بەڵام دڵنیابووین لەوەی مەسیح دوانزە هاوڕێی هەبووە و یەکێ لەو هاوڕێیانەی ناوی (یەهووزا) بووە و خیانەتی لێ کردووە.

– "یەهووزا.. لە کێ.. لە کێ.. دەچوو؟"

مامۆستا لە جێگەکەی هەستا و هێواش و هەڕەشە ئامێز لەریحلەیەکەوە چوو بۆ لای ڕیحلەیەکی تر، چاوی بەیەکە بەیەکەماندا گێڕا.

– "یەهووزا.. وەکو.. وەکو...."

پەنجەی شایەتمانی درێژکرد، بەسەر یەک بەیەکی قوتابیێکاندا گێڕای، هەوڵی دا بزانێ کاممان لە یەهووزا دەچین، هەموومان لەترسا خۆمان تەڕ کردبوو، زەندەقمان چووبوو نەبا ئەو پەنجە ترسناکە لەسەر یەکێکمان بگیرسێتەوە، کوتوپڕ هاوارێکی کرد و گوتی: "دۆزیمەوە...!" وای گوت و پەنجەی لەسەر منالێکی ڕەنگپەڕیو و هەژار دانا. ئەو منالە (نیکۆلیۆس) بوو، هەمان ئەو منالەی کە ساڵی پێشوو لە پۆلی سێیەمدا بەمامۆستای گوت: مامۆستا بێ دەنگ بە، لێگەڕێ با گوێمان لە چریکەی ئەو مەلە بێت.

مامۆستا هاواری کرد: "خۆیەتی.. کوتومت وەک نیکۆلیۆس، بەموو فەرقیان نییە، هەمان ڕەنگ پەڕیویی، هەمان جلک.. یەهووزاش هەر وەک ئەم سوورفل بوو، سوورفلێکی تۆخ.. وەک بلێسەی دۆزەخ!"

نیکۆلیۆسی داماو کە ئەوەی بیست دایە پڕمەی گریان، ئەوانی ترمان کە لەخەتەریات ڕزگارمان ببوو، نیگای دڕندانە و دوژمنکارانەمان بڕییە نیکۆلیۆس، بەنهێنیی ڕێککەوتین لەسەرئەوەی کە هەر ئیزن بووین، نیکۆلیۆس تەمبێ کەین، ئاخر چۆن دەبوو خیانەت لە مەسیح بکات؟

مامۆستا کە بەپەیڕەوکردنی شێوازی (پیداگۆژی) لە نیشاندانی شێوە و ڕوخساری (یەهووزا) ڕازی و خۆشحاڵ بوو، ئیزنی داین. هەر کە گەیشتینە دەرەوە، گەمارۆی نیکۆلیۆسمان دا و کەوتینە لێدان و تف لێ کردنی، نیکۆلیۆس بەچاوانێکی فرمێسک تێ زاوەوە ڕای کرد، بەڵام ئێمە لە کۆڵی نەبووینەوە، بەبەرد هەڵمانبڕی، تا گەیشتە ماڵێ و خۆی کرد بەژووردا، هەر بەردمان تێ دەگرت و هاوارمان دەکرد: "یەهووزا.. یەهووزا!"

ئیدی نیکۆلیۆس پێی نەخستەوە مەکتەب، دوای سی ساڵ کە لە ئەوروپا گەڕامەوە کریت، لە دەرگای ماڵەوە درا، شەممەی پیرۆز بوو، بابم بەبۆنەی جەژنی پاکەوە ڕایسپاردبوو پێڵاوی تازەمان بۆ بکڕدرێ. بینیم پیاوێکی ڕەنگ پەڕیو و لاواز، قژی سەر و مووی ڕیشی سوور، لەبەر دەرگاکە ڕاوەستاوە، پێڵاوەکانمانی لەقوماشێکی ڕەنگاو ڕەنگەوە پێچاو و دای پێم، بەشەرمەوە لەبەر دەرگای حەوشە ڕاوەستابوو، سەیرێکی کردم و سەری لەقاند.

– "نامناسیتەوە؟ بیرت چوومەتەوە؟"

کە وای گوت دەسوبرد ناسیمەوە.

باوەشم پیاکرد و هاوارم کرد: "نیکۆلیۆس!"

گوتی: "یەهووزا..!"

وای گوت و زەدەخەنەیەکی تاڵ لەسەر لێوی نەخشی.

زۆر جاران هاوسێکانمان لەپیاو و ژن وەیاد دێنمەوە، لەو کاتانەدا ترسم لێ دەنیشێ، زیاتر ئەوانە خەڵکانی حولحولی و نیوە گێل بوون، لەبەر ئەوەی لێیان دەترسام، بەپەلە بەبەردەمماڵەکانیاندا ڕەت دەبووم، باڵەخانەکانیان دابووە کرێ، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە بەدرێژایی ساڵ لەنێو چوار دیواری ماڵی خۆیانا زیندانیی بوون و لە خەڵکانی تر دابڕابوون، ڕەنگیشە بەهۆی ترسیانەوە بووبێ لە تورک و پابەندییان بەژیان و شەرەف و سامانەوە کە بەردەوام لەبەر هەڕەشەی خەتەردا بوو، ئەوانە هەمدیس باسی قەتلوعام و جەنگەکان، ئەزموونی دژواری مەسیحییەکانیان لەزاری پیرەمێردانەوە دەژنەفت و مووی جەستەیان ڕاست دەبۆوە، گەر کەسێ هاتبا و لەبەر دەرگاکەیان ڕاوەستابا، ئەوا ئەمان لە ترسا ڕادەچڵەکین و شپرزە دەبوون، ئەدی شەوانە چۆن دەیانتوانی بنوون ؟ بەچاوانێکی دەرپۆقیو و گوێ لە زەنگی دەرگا، چاوەڕێی ئەو ساتەوەختە شوومە بوون کە تیادەچن.

بەترسەوە پیاوان و ژنانی هاوسێمان وەیاد دێنمەوە، خاتوو (ڤیکتۆریا)، ماڵەکەی کەمێک لەخوار ماڵی ئێمەوە بوو، هەندێ جار زۆر بەگەرمیی چاکوچۆنیی لەگەڵ خەڵکا دەکرد، دەکەوتە چەنەبازییەک وێنەی نەبوو، هەندێ جاری تریش دەرگای بەڕووتدا دادەخست و لەودیوەوە دەکەوتە جنێوپێدانت.

ماڵی خاتوو (پنلۆب) بەرامبەریان بوو، پنلۆپ ژنێکی قەڵەو و چەور و چلیک بوو، دایمەی خوا شەوەری دەخوارد تا گوایە بۆنی دەمی خۆش کات، بەردەوام پێدەکەنی، پێدەچوو خوتوکەی بدەن، مێردەکەی ناوی (دیمیترۆس) بوو، کەسێکی عاشق و کەم دوو بوو، زوربەی جاران چەترەکەی هەڵدەگرت و دەیدایە شاخ، دوای دوو سێ مانگ بەجلکی شڕوپڕەوە دەگەڕایەوە، گیرفانی پانتۆڵەکەی بەتاڵ و لەبرسا قوڕەی زگی دەهات، هەر کە سەرو کەللەی لەدوورەوە وەدیار دەکەوت، خاتوو پنلۆب دەیدایە قاقای پێکەنین، بەدەنگی بەرز بەدەرو دراوسێی دەگوت: "ئەوەتا، بۆم هاتەوە تا پانتۆڵەکەی پڕکاتەوە!" ئەوانیش بەدوایدا دەیاندایە قاقای پێکەنین.

لەخواری کۆلێندا، (مانۆسۆس) دەژیا، مانۆسۆس بازرگانێکی بەشانس بوو، بەڵام ئەوێی کەمێک ناتەواو بوو، بەیانیان کە لە ماڵ دەچووە دەرێ، بەپارچە گەچێ خاچێکی لەسەر دەرگاکەیان ڕەسم دەکرد، نیوەڕوانیش کە بۆ نانخواردن دەگەڕایەوە ماڵ، لەسەری سەعاتێکی دیاری کراودا دەکەوتە لێدانی خوشکەکەی، کاتێک هاوار و قیژەی خوشکەکەیمان دەژنەفت، ئیدی دەمانزانی کاتی نانی نیوەڕۆیە و لەسەر سفرە دادەنیشتین، قەت بۆ بەیانیی باشکردن لێوی هەڵنەدەهێنایەوە، تەنها بەدڕندەیی و ترسێکەوە سەیری دەکرد.

(ئەندریاس)ی پاسەوان کەمێک لە سەروو ماڵی ئێمەوە بوو، لەسەری کۆڵاندا لەخانوویەکی گەورەدا دەژیا، ئەندریاس دەوڵەمەند و دەموچاوی ئاوڵاوی بوو، کەپوویەکی زل و دوو کونە لووتی فراوان کە بەهی گوێرەکە دەچوون، هەرکاتێ دەرگای حەوشەی ماڵەکەی دادەخست، بۆ ماوەی یەک سەعات دەستی بەدەرگاکەدا دەهێنا تا دڵنیابێ لەوەی ناکرێتەوە، بەردەوام دوعای دەخوێند تا دز و ئاگر و نەخۆشیی لە



ماڵەکەی بەدوور بێت، دوا جار سێ کەڕەت خاچی دەکێشا و ئەوجا دەکەوتە ڕێ، جارناجاریش ئاوڕی لە دواوە دەدایەوە، منالانی دراوسێ بۆیان دەرکەوتبوو کە ئەندریاس بەسەر چەند بەردێکی دیاریکراودا دەڕوا، ئەنجا بۆئەوەی سەر بکەنە سەری، خۆڵ یان تەرسی ئەسپیان دەخستە سەر ئەو بەردانە، بەڵام ئەو بەگۆچانەکەی گڵ و تەرسەکەی لەسەر بەردەکان لادەبرد و بەرێی خۆیدا دەڕۆیشت.

دکتۆر (پریکلیس)یش هاوسێمان بوو، ڕەمزی شانازیی گەڕەک بوو، پزیشکێ بوو تازەکیی دوای وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا، لەپاریس گەڕابۆوە، موو زەرد و قۆز، چاویلکەی ئاڵتونیی لە چاو دەکرد، کلاوێکی لەگەنیی لەسەر دەنا - ئەوە یەکەمین کلاوێک بوو هاتبووە میگالۆ کاسترۆوە- بەنەعلەوە دەچوو بۆ سەردانی نەخۆشەکانی، لەبەرئەوەی بەقەولی خۆی گوایە پێی برینداره. خوشکە قەیرەکەی ئەو نەعلانەی بۆ گوڵچنیی کردبوو، دکتۆر پریکلیس بەپارەی جازیی ئەو خوشکەی خوێندنی تەواو کردبوو، وی دختۆری ماڵی ئێمەش بوو، کاتێ دەهات بۆ ماڵمان دادەنەویمەوە و بەتاسەوە سەیری گوڵەکانی نەعلەکەیم دەکرد، گوڵی سووری ئاوریشمی لە ناوەندی گەڵای سەوزدا. جارێکیان (تا)م لێ هاتبوو، دختۆریان هێنایە سەرم، بەپاڕانەوەوە پێم گوت: "گەر دەتەوێ چاک ببمەوە، ئەوا پێویستە نەعلەکانتم بدەیتێ!" ئەویش هەر بەڕاستیی نەعلەکانی خۆی لەپێ کردم تا بزانێ بەپێم دەبێ یان نا، بەڵام زۆر بەپێم گەورەبوو، ناچار بۆ ئەوەی تاسەی خۆم بشکێنم، لووتم نا بەگوڵی سەر نەعلەکەوە تا بۆنی کەم، بۆنی لێ دەهات.. بەڵام بۆنی گوڵ نا.

بەردەوام بەپێکەنینێکی ئاوێتە بەفرمێسکەوە، هاوسێکانم وەیاد دێنمەوە، ئەو ڕۆژانە خەڵکی لەیەک قاڵبدا دانەڕێژرابوون، هەریەکە و بۆخۆی دونیایەکی جودا و تایبەتی خۆی هەبوو، پێکەنین و قسەی لەگەڵ پێکەنین و قسەی هاوسێکەیدا جوێ بوو، دەرگای بەڕووی خۆیدا دادەخست و لە شەرم یان لە ترسا ئارەزووە پەنهانەکانی لای خۆی دەهێشتەوە و دەیپاراست، تا ئیدی ئەو ئارەزووانە لە ناوەوەیڕا پەلک و چڵ و گەڵایان لێ دەبۆوە و دەیانتاساند، بەڵام دەمی هەڵنەدەهێنایەوە و ژیانی ویقارێکی شاهانەی لە خۆگرتبوو. هەژاریی دەردی سەرباری دەردان بوو، عیزەتی نەفس ڕێی نەدەدا هیچ کەس لەو هەژارییە ئاگاداربێ، خەڵکیی نان و زەیتون و چڵە خەردەلیان دەخوارد تا بەجلکی پینەکراوەوە نەچنە دەرێ. جارێکیان گوێم لێ بوو، دراوسێیەکمان گوتی: "هەژار کەسێکە کە لەهەژاریی دەترسێ، دەی من لەهەژاریی ناترسم!"

## مردنی باپیرەم

وابزانم قۆناغی خوێندنی سەرەتاییم تەواو نەکردبوو کە ڕۆژێکیان شوانێک لە گوندەوە بەشپرزەیی هات تا بۆ لای باپیرەمم بەرێت، دیاربوو باپیرەم گیانی دەدا، ناردبووی بەدواما تا بەرەکەتم دا. بیرم دێ مانگی ئاب بوو، دونیا گەرم، من سوارە و شوانەیش پیادە لە دوامەوە هەنگاوی دەنا، بەدارە دوولاکەی کە بزمارێک بەنووکەکەیەوە بوو، پەیتا پەیتا نەقیزەی لە گوێدرێژەکە دەژەند، خوێن فیچقەی دەکرد و ئاژەڵی داماو لەتاو ئازار هەڵی دەتیزان و بەلەسە دەبوو. ئاوڕم دایەوە و لە شوانەکە پاڕامەوە: "ڕوحمت هەبێ،

مەگەر بەزەییت بەو بێ زمانەدا نایەتەوە؟ خەریکیت بریندارى دەکەیت!"

وەڵامی دامەوە: "تەنها بونیادەم هەست بەئازار دەکات. کەر، کەرە!" بەڵام کە گەیشتینە ڕەز و دار زەیتونەکان، ئازاری (گوێدرێژ)ەکەم لەبیر خۆ بردەوە، ژنان هێشتا ترێیان دەڕنی و لەجێگەیەکی وشکدا و لەسەر قوماشێک هەڵیاندەخست تا ببێتە مێوژ. هەوا بۆنێکی خۆشی گرتبوو، وژەی کوللە گوێی بونیادەمی کەڕ دەکرد، یەکێک لە ترێڕنەکان ئێمەی بینی و دایە قاقای پێکەنین.

لە شوانەکەم پرسی: "کریاکۆس – تا ئێستا ناوەکەیم لە یادماوە – ئەوە بەچیی پێدەکەنێ؟"

وەڵامی دامەوە: "ختوکەی دەدەن و ئیدی پێدەکەنێ!"

وای گوت و تفێکی ڕۆکرد.

– "ختوکەی دەدەن؟ کریاکۆس، کێ ختوکەی دەدا؟"

– "شەیتان!"

حاڵیی نەبووم، بەڵام ترس دایگرتم، بۆ ئەوەی شەیتان نەبینم بەمشت کەوتمە لێدانی گوێدرێژەکە تا خێراتر لەو جێگەیە دوورم خاتەوە.

لەیەکێ لەو گوندانەوە کە ڕەت بووین خەڵکانی کوڵکن و کەتە، تا ناو قەد ڕووت، ترێیان دەفلیقاندەوە، لەناو تەشتێکی گەورەدا سەمایان دەکرد و گاڵتەی بێ مانایان لەگەڵ یەکدی دەکرد و وەختە بوو لەتاو پێکەنین بەپشتا بکەون.

عەرد بۆنی شیلەی ترێی گرتبوو، ژنان نانی برژاویان لە تەنوور دەردەهێنا، حەپەی سەگ، ویزەی هەنگ، خۆر مەست و ڕوخساری سووری بەرەو خۆرئاوا لار کردبۆوە، وەک بڵێی ئەویش کەفت بووبێ و بەدرێژایی ڕۆژ شان بەشانی خەڵکەکە ترێی فلیقاندبێتەوە. منیش دامە قاقای پێکەنین، بەفیکەلێدانەوە دارەکەم لە کابرای شوان وەرگرت و کەوتمە نەقیزە تێوەژەنینی گوێدرێژەکە.

کاتێ گەیشتینە ماڵی باپیرەم، لەتاو ماندوویی و خۆر و کوللە وروکاس ببووم، کاتێ گەیشتین، باپیرەم بینی لە ناوەڕاستی حەوشەکە پاڵخراوە و کچەزا و کوڕەزاکانی دەورەیان لێ دابوو. هەناسەیەکی ئیسراحەتم هەڵکێشا، شەو پاشەکشێی بەگەرما کردبوو، باپیرەم چاوانی لێک نابوو، چ ئاگای لەئامادەبوونی من نەبوو، ئیتر بەو جۆرە لەشەڕی باپیرەم ڕزگارم بوو کە هەر جارێک دەستی تێوەدەدام، پێستم وەخوروو دەکەوت و لەحەیوەتا تێم دەتەقاند.

بەو ژنەم گوت کە کردمیە باوەش و لە گوێدرێژەکە دایگرتم:

– "ماندووم!"

وەڵامی دامەوە: "ئارامت هەبێ، باپیرەت لە ئان و لەحزایە. باشترە لە لای بیت تا یەکەم کەس بیت بەرەکەت بدرێییت!"

ئەو بەرەکەتەی کە ئەو هەموو ڕێگەیەم بۆ بڕیبوو، بەدیارییەکی ئەفسووناویی، یان یارییەکی مناڵانەی گرانبەها، یاخود بەمووی ئەژدیها دەچوو کە لەئەفسانەی پەرییاندا باس کراوە، ئەو مووەت وەک جادوو



لای خۆت دەپاراست و لەکاتی خەتەردا دەتسووتاند و ئیدی ئەژدیها بەهاناتەوە دەهات، دەی لەبەر ئەوەبوو چاوەڕێ بووم تا باپیرەم چاوانی بکاتەوە و مووی ئەژدیهاکەم بداتێ.

باپیرەم هەر عەینەن لەو کاتەدا هاوارێکی لێ هەستا و کووڕ و گرمۆڵە ڕاست بۆوە و لەسەر ئەو فەرووە مەڕە دانیشت کە لەژێریدا ڕاخرابوو.

پیرەژنێک گوتی: "ئەوە مەلایکەتەکەی خۆی بینی، ئیتر لەهەر لەحزەیەکدا بێ ڕۆحی دەردەچێت!"

پیرەژنەکە بەدەم گوتنی ئەو قسانەوە خاچی کێشا و پارچەیەک مۆمی هەڵگرت، بەهاڵاوی هەناسەی کەوتە گەرمکردنی و بەپەنجەشی نەرمی دەکرد، شێوەی خاچێکی لێ دروست کرد تا لێوی مردووەکەی پێ کلۆم دا.

یەکێ لەکوڕەکان لەجێی خۆی هەستا، ڕیشێکی ڕەشی شەبەقڕەنگ و زبری هەبوو، چووە ژوورێ، هەنارێکی هێنا و خستیە نێو لەپی باپیەوە تا لەگەڵ خۆیدا بۆ (هادیس)ی بەرێت.

هەمووان لێی نزیک بووینەوە و دیقەتیمان دا، ژنێک کەوتە لاوانەوە، بەڵام ئەو کوڕەی کە ڕیشێکی زبری هەبوو دەستی خستە سەر دەمی ژنەکە و گوتی: "بێدەنگ!"

لەو کاتەدا باپیرە چاوانی کردنەوە و ئاماژەی بۆ خەڵکەکەی دەوروبەی کرد نزیکی ببنەوە، خەڵکەکە چوونە پێش و کوڕەکانی بازنەی یەکەمیان بەدەوریدا دروست کرد، کوڕەزا و کچەزا کوڕەکانی لەدوای ئەوانەوە دانیشتن و پاشان کەنیشک و بووکەکانی.

باپیرەم دەستی هەڵێنا، پیرەژنێک سەرینێکی نایە ژێر سەری. دەنگیمان هاتە گوێ، گوتی: "مناڵینە، خوداحافیز، من بەشی خۆم نانم خواردووە، ئیتر وا ئەلعانیش دەڕۆم، حەوشی ماڵەکەم پڕ کردووە لە مناڵ و نەوە، کوپەڵەکانم پڕن لە زەیت و هەنگوین و بەرمیلەکانم پڕ لە شەراب کردوون، چ گلەییم نییە، ئیدی خوداحافیز."

دەستی بەنیشانەی ماڵئاواییکردن تەکان دا، لەسەرخۆ بەملاولای خۆیدا ئاوڕی دایەوە و سەرنجی لە یەکە بەیەکەمان دا، من ئیدی تەواوێک مەسەلەی بەرەکەتدانەکەم بیرچۆوە، لە پشت سەری دوو سێ خاڵۆزامەوە خۆم شاردبۆوە و باپیرە منی نەدەبینی، کەس ورتەی لێوە نەدەهات، باپیرەم هەمدیس زاری هەڵێنایەوە:

– "مناڵینە، گوێ بۆ دوایین وەسێتم ڕادێرن، ئاگاتان لە ئاژەڵان بێ، لە گا و مەڕ و گوێدرێژان، خۆتان فریو مەدەن، ئاخر ئەوانیش وەک ئێمە ڕۆحیان هەیە، ئەوانیش وەک ئێمە بونیادەمن، تەنها هێندە هەیە ئەوان کلکیان هەیە و ناشتوانن بئاخڤن. نەسەبی ئەوانیش دەچێتەوە سەر ئادەم، خواردنی تەواویان بدەنێ. ئاگاتان لە دار زەیتوون و ڕەزەکان بێ، گەر دەتانەوێ مێوەتان بدەنێ ئەوا لە پەین و ئاو و قەڵەمکردنیان تەقسیری مەکەن. نەسەبی ئەوانیش دەچێتەوە سەر ئادەم، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر دەمێکە، بیریان نایەت، بەڵام ئینسان بیری دێت، هەر لەبەر ئەمەشە کە ئێمە بونیادەمین. گوێتان لێمە یان بۆ کەڕولاڵان دەئاخڤم؟"

هەمووان بەیەک دەنگ گوتیان: "گوێمان لێتە، گوێمان لێتە."

باپیرەم دەستە زەبەلاحەکەی تەکان دا و کوڕە گەورەکەی بانگ کرد: "کوستاندیس، وەرە بۆ ئێرە."

کوستاندیس ناکەسبەچەیەکی قژ بژ بوو، خاوەن ڕیشێکی بۆر و دووچاوی گەورە بوو وەک چاوی گا، کوستاندیس دەستی بابی گرت.

– "قوربان، ئەمەتام. ئەمر بفەرموون."

– "بڕێک گەنمی دەستچنم لە گۆزەیەکی بچووکدا هەڵگرتووە، ماوەیەکی زۆرە ئەو گەنمەم بۆ ڕێوڕەسمی خەتم داناوە، نۆیەم ڕۆژ بیکوڵێنە، بیرت نەچێت بایامی زۆر تێکەیت – سوپاس بۆ خودا بایەمان زۆرە – بۆ شەکریش ڕەزیلی نەکەیت، گوێت لێمە؟ تۆ بونیادەمێکی بەدخوویت و چ متمانەم پێت نییە!"

کوڕە گەورە دوای ئەوەی سەری بەنیشانەی ڕەزامەندی لەقاند، لە وەڵامدا گوتی: "ڕێز لە وەسێتەکەتان دەگرم، بەڵام وا چاکترە هەمووان لەخەرجیی و مەسرەفدا شەریک بین، بەو جۆرە هەموو شتێک بەرێکوپێکی بەڕێوە دەچێت، مەسەلە مەسەلەی ڕێوڕەسمی خەتمە، گاڵتە نییە، پول و پارەی دەوێ، مۆمی دەوێ، کرێی قەشە و گۆڕهەڵکەنی دەوێ، ئەمە جگە لە پارەی شیرینی دوای ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردن و پول و پارەی شەراب و مەزەی دوای خەتم و پارەی قاوە خواردنەوەی ژنان، ئەو هەموو مەسرەف و خەرجییەی دەوێ. گاڵتە نییە، دەبێ هەمووان لەو مەسرەف و خەرجییەدا شەریک بین!"

ئەوجا ڕووی کردە براکانی و لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: "گوێتان لێمە؟ دەبێ هەموومان لەو خەرجی و مەسرەفەدا شەریک بین، وا چاکترە ئەم مەسەلەیە یەکلاکرێتەوە!"

کوڕەکان ددانە جیرەیان پێ کەوت، یەکێکیان بەدەنگێکی بەرز گوتی: "زۆر باشە کۆستاندیس، لەسەر مەسەلەیەکی ئاوها نایکەینە قڕە!"

خۆم خزاندە یەکەمین بازنەوە، پێشانیش گوتم کە مەرگ هەمیشە نهێنییەکی سەر سوڕهێنەر بووە و ئەفسوونی کردووم، بۆیە نزیکتر بوومەوە، تا بەباشی مردنی باپیرەم (بابی دایکم) ببینم.

باپیرەم چاوی پێم کەوت.

– "ئێی بەخێربێی کوڕە چکۆڵەکەمان لە میگالۆ کاستڕۆوە، دانەوە تا بەرەکەتت بدەم."

ئەو پیرێژنەی کە مۆمی نەرم دەکرد، سەری چەمانمەوە، باپیرەم دەستی زەبەلاح و قورسی هێنا بەسەرمدا، گوتی:

– "نەوەی میگالۆ کاسترۆییم، دۆعای بۆ دەکەم و بەرەکەتی دەدەم و ئومێدەوارم ڕۆژێک لەڕۆژان ببێتە پیاو."

لێوی بۆ گوتنی شتی تریش جوڵاند، بەڵام ئیدی ڕۆح لەجەستەیدا نەمابوو، چاوانی لێک نا.

بەدەنگێکی بێگیان گوتی: "بەئاراستەی ئاوابوونی خۆر پاڵم خەن!"

دووان لە کوڕەکانی بەئاراستەی خۆرئاوابوون پاڵیان خست. ئەوجا لەبەرخۆیەوە گوتی: "خوداحافیز.. ئیتر من دەڕۆم!"

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، پێکانی لەیەکەوە ئاڵاند، سەری لەسەر سەرینەکە لار بۆوە و بەر وردە



بەرد و زیخی حەوشە کەوت.

لەیەکێک لە خاڵۆزا چکۆڵەکانم پرسی: "باپیرەم.. مرد؟"

وەڵامی دامەوە: "شەرابی مەرگی نۆشی، خۆمان خۆش، باشترە بڕۆین شتێک بخۆین!"

## کریت لەبەرامبەر تورکیادا

شتێک کە زیاتر لەمەکتەب و مامۆستا و قووڵتر لە ئەووەڵین شادیی و ترسەکانم لەکاتی ڕوانینە دونیا کاریگەریی لەسەر ژیانم دانا، تێکۆشانی کریت بوو دژی تورک، ئەو بەرەنگاربوونەوەیەی کە بەرەو تاقە ڕێگەیەک پەلی گرتم، گەر ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە نەبا، ئەوا ژیانم ڕێگەیەکی تری دەگرتە بەر و خواوەندیش ڕوخسارێکی تری دەپۆشی. لەیەکەمین ڕۆژی لە دایکبوونمەوە پەیم بەو شەڕە ئاشکرا و نهێنییە ترسناکە بردبوو کە خۆی لە هەناسەدانمدا حەشاردابوو.

مەسیحی و تورکم دەبینی مۆڕەیان لەیەکدی دەکرد و لەتووڕەییدا سمێڵیان بادەدا، ئەو دەمەی سەربازانی تفەنگ بەشانی هێزی داگیرکەر کۆڵانەکانیان تەحەڕی دەکرد، مەسیحییەکانم دەبینی لەودیو دەرگای ماڵەکانیانەوە سەنگەریان لێدەدا، پیرەمێردان چیرۆک و داستانیان لەبارەی قەتڵوعام و ئازایەتی و ئازادیی و گریکستانەوە دەگێڕایەوە و من گوێم ڕادەدێرا، قووڵ و بێدەنگ لەنێو هەموو ئەو شتانەدا دەژیام، چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بووم گەورەبم و لەمانای هەموو ئەوانە تێ بگەم، تا منیش قۆڵی لێ هەڵماڵم و بەرەو جەنگ بچم. دواتر لە هەموو شتێک گەیشتم. کریت و تورکیا سەنگەریان لەیەکدی گرتووە، کریت بۆ وەدەسهێنانی ئازادیی دەجەنگێ و تورکیش دەستی نابووە بینی و لێی نەدەگەڕان ئازاد بژی.

ئیدی دوای ئەوە شتەکانی دەوروبەرم ڕوخسارێکیان بەخۆوەگرت، ڕوخساری کریت و تورکیا. لە ئەندێشە و جەستەمدا هەموو شتێک بووە ڕوخسارێک کە ئەو جەنگە ترسناکەی وەبیر دەهێنامەوە.

ڕۆژێکی هاوین، شازدەیەمی مانگی ئاب، ئەیکۆنی (دابەزینی ڕوحولقودس لە مەریەمی پاکیژەدا)یان هێنا بۆ کڵێسا و لەسەر کورسی عیبادەت دایاننا، دایکی مەسیح ئارام و دەستی بەشێوەی خاچ لێک نابوو، مەلایکەتێک لای ڕاستەوە و شەیتانیش لای چەپ، هەردووکیان بۆ وەدەسهێنانی ڕۆحی وی، بەرببوونە گیانی یەکتر، مەلایکەتەکە شمشێرەکەی ڕاکێشا و هەردوو دەستی شەیتانی لەئانیشکا بڕیبوو، دەستە قرتاوەکان بەحەواوە مابوونەوە و خوێنیان لێ دەچۆڕا، لەئایکونەکە ورد دەبوومەوە و دڵم لێواولێو ببوو لەخۆشحاڵی، بەخۆم گوت: "مەریەم: کریتە، شەیتانە ڕەشەکە: تورکە، فریشتە سپییە بەفرینەکەش: پادشای گریکستانە. ڕۆژێک دێ پادشای گریکستان دەستی تورک دەقرتێنێ. کەنگێ؟" بەخۆم گوت: "کە گەورە بووم!" وام گوت و سینەی مناڵانەم پڕبوو لە شانازیی.

ئیدی ئەو سینگە ناسکە مناڵانەیە، لێوانلێو دەبوو لەڕق و نائارامی، منیش ئامادە بۆ چوونە مەیدانی نەبەرد، مستە چکۆڵەکانم دەهێنایەوە یەک، باش دەمزانی وەزیفەم دەرگیربوون لەگەڵ کام لایەنی ئەو جەنگەدایە، پەلەم بوو گەورەبم تا بتوانم بجەنگم و درێژە بەڕێگەی باب و باپیرەم بدەم.

ئەوە تۆوەکە بوو، نەمامی درەختی ژیانم لەو تۆوەوە سەوز بوو، خونچەی کرد، گوڵی گرت و پشکوت و

بەری هێنا. ئاخر سەرەتا ترس یان عەزاب نەبوو کە ڕۆحمیان ڕاچڵەکاند، لەزەت و گەمەش نەبوون، بەڵکو پەرۆشی بوو بۆ ئازادی، دەبوو ئازادی وەدەس بێنم. بەڵام لە چی و لە کێ؟ هێدی هێدی و بەمروری زەمەن بەپێپلیکانەی قۆقز و سەختی ئازادیدا سەرکەوتم، یەکەمین پێپلیکانە وەدەسهێنانی ئازادیی بوو لە تورک، پاشان شەڕێکی نوێ هەڵایسا، وەدەسهێنانی ئازادی لە تورکی ناخ، واتە لە جەهل، لەشەڕانگێزیی و حەسەد، لەترس و تەمبەڵی، لەمەزەندە درۆیینەکان، دواتر وەدەسهێنانی ئازادی لەبتەکان، لەتەواوی بتەکان، تەنانەت لەبەڕێزترین و شکۆدارترین بتیان.

گەورە بووم و زەینم زیاتر کرایەوە، پانتایی شەڕەکەش بەرفراوانتر بوو، لەسنووری کریت و گریکستانی تێپەڕاند، تەواوی زەمەن و شوێنەکانی تەی کرد و مێژووی بەشەرییەتی خستە ژێر نقێمەکەی خۆیەوە، ئاخر هێشتا کریت و تورک دەستیان نەدابووە یەخەی یەکتر خێر و شەڕ هەبوون، ڕووناکی و تاریکی هەبوون، خواوەند و شەیتان هەبوون، بەردەوام هەمان جەنگ هەبوو، جەنگێکی هەمیشەیی. بەردەوامیش کریت لایەنگیری خێر و ڕووناکی و خواوەند بوو، تورکیش لایەنگیری تاریکی و شەیتان، قیسمەتم بوو کە لەساتەوەختی قەیراناویی شەڕی کریت بۆ وەدەسهێنانی ئازادیدا، لەم نیشتیمانەدا لەدایک بم، قیسمەتم بوو لەتافی منداڵییەوە حاڵی بم لەوەی دونیا خاوەنی نیعمەتێکە ئازیزتر لەگریکستان، شیرینتر لە بەختەوەری. ئەو نیعمەتەش ئازادی بوو.

قارەمانێکی پیر و بەساڵاچووی هاوڕێی بابم هەبوو ناسراو بوو بە(پۆلی مانتلیاس)، واتە چەند دەسەسڕ، نازناوی – چەند دەسەسڕ–ی لەوەوە بەسەرا دابڕابوو کە هەمیشە چەند دەسەسڕێکی پێ بوو، یەکێکیان بۆ قژی، یەکێکیان بۆ ژێر باڵی چەپی، دوو دەسەسڕ بۆ بەر پشتێنە ئاوریشمینەکەی، دەسەسڕێکیش بەدەستیەوە بۆ سڕینی ئارەقەی نێوچەوانی، لەبەرئەوەی بەردەوام ئارەقە لەنێوچەوانییەوە دەچۆڕا. دووکانەکەی بابم ببووە جێی هەموو کاتەی ئەو، بابم نێرگەلەیەک و فنجانێک قاوەی بۆ بانگ دەکرد. هاوتەمەنەکانی بابم لەو دووکانەدا کۆدەبوونەوە، قارەمان مانتلیاس کیسە توتنەکەی دەکردەوە، نەختێکی دەترنجاندە کەپوویەوە، دەپژمی و ئەوجا سەری قسەی دادەمەزراند.

منیش لە قوژبنێکدا ڕادەوەستام و گوێم ڕادەدێرا، جەنگ و دەسدرێژیی و کوشتار و میگالۆکاسترۆ دیار نەدەمان و چیاکانی کریت لەبەردەممدا سەریان قیت دەکردەوە، هەوا تژیی دەبوو لەنەعرەتە، نەعرەتەی مەسیحییەکان، نەعرەتەی تورک، تفەنگی قۆناغ زیوین بریقەی دەدایەوە، ئاخر ئەوە کریت و تورک بوون، لەشەڕدا بوون، یەکێکیان هاواری دەکرد: ئازادی و ئەوی تریان هاواری دەکرد: مەرگ(*)، ئیدی زەینم تژیی دەبوو لەخوێن.

ڕۆژێکیان قارەمانی پیر، بەوردی دیقەتی دام، هەڵیسەنگاندم و گوتی: "گەنم لە گەنم دەڕوێ و جۆ لە جۆ(**). پالیکار(***)ی چکۆڵە، تێدەگەیت؟"

---

(*) ناونیشانی یەکێک لە ڕۆمانەکانی کازانتزاکیس بەناوی (ئازادی یان مەرگ).

(**) لەدەقە ئەسڵییەکەدا: (کۆتر لەهێلکەی ڕیشۆڵە دەجوقێ).

(***) Pallikari: واتە ئینسانی حیسابی، کە مەبەست لێی ئینسانی ئازا و بەهێزە.



سوور هەڵگەڕام و وەڵامم دایەوە: "نەخێر قارەمان!"

– "تۆ بابت پالیکارە، تۆیش بتەوێ و نەتەوێ دەبیتە یەک پالیکار!"

(بتەوێ و نەتەوێ!)... ئەو وشە قورسانە لە زەینمدا ڕۆنیشتن، کریت لە زوبانی ئەو قارەمانە پیرەوە دەدوا، ئەو کات من لە قسەکەی قارەمان مانتیلیاس نەگەیشتم، دواتر سەرنجم دا خاوەنی هێزێکی زیاترم، ئەو هێزە لە منەوە نەبوو کە حوکمی بەسەر بوونمدا دەکرد، ئاخر چەند جاران دەمویست خۆم دەس پێ بکەم. بەڵام ئەو هێزە نەیدەهێشت.. کام هێز؟ کریت!

کە منداڵیش بووم، لە هەوڵی زاڵبووندا بووم بەسەر ترسدا، لەلایەک بەخاتری عیزەتی نەفسی کریتیی بوونم و لە لایەکی تر لەترسی بابم. یەکەم جار نەمدەوێرا شەوانە بچمە حەوشە، هەستم دەکرد، شەیتانێکی گرگن بەچاوانێکی زیتەوە لەسووچ و قوژبنەکاندا، لەودیو ئینجانەکانەوە، لە لێواری بیرەکەدا بەدزێوە تێم دەڕوانێت، بەڵام بابم لەسەر ئەوە قسەی ڕەقی پێ دەگوتم، دەیکردمە حەوشە و دەرگاکەی لەو دیوەوە لەسەر کلیل دەدام.

تا ئەو کاتە نەمتوانیبوو ترسی خۆم لە بومەلەرزە بشکێنم، زۆر جاران میگالۆکاسترۆ دەلەرزی، دەنگی گرمە و نەعرەتە لەگەنجینەکانی دونیاوە دەنگی دەدایەوە، عەرد کاژی فڕێ دەدا و خەڵکی داماو لەتاوا شێت دەبوون، کە (با) لەناکاوێکڕا دەیخست، گەڵایەک چییە نەدەجووڵاو بێدەنگییەکی ترسناک باڵی بەسەر هەموو شتێکدا دەکێشا، دانیشتوانی میگالۆکاسترۆ لە ماڵ یان لەدووکان دەهاتنە دەرێ و یەکەم جار لە ئاسمان پاشان لە عەردیان دەنۆڕی، بێدەنگ.. وەک ئەوەی حەبی بێدەنگییان قووت دابێت، ئاخر نەبا شەڕ گوێی لێ بێت و بێت. بەڵام بەترسەوە بەخۆیان دەگوت: "ئەلعان بومەلەرزە ڕوودەدا!" وایان دەگوت و خاچیان دەکێشا.

ڕۆژێکیان مامۆستاکەمان، (پاترۆپۆلس)ی پیرەمێرد، هەوڵی دا ترسمان لە بوومەلەرزە بشکێنێت. ئاوها کەوتە قسان: "بومەلەرزە چ نییە، لێی مەترسن، گایەک لە ژێر عەردایە، ئەو گایە دەبۆڕێنێ و قۆچ لە عەرد دەدا و ئیدی دەلەرزێ. گریکییە دێرینەکان پێیان گوتووە: مینۆتۆر(*)، باوەڕم پێبکەن، بومەلەرزە هەر هیچ نییە!"

دوای ئەو دڵنەوایییەی مامۆستا، هەستمان کرد ترسمان لەبومەلەرزە زیاتر بووە، ئاخر مامۆستا بومەلەرزەی لێ کردینە مەخلوقێکی زیندوو، لێی کردینە دەعبایەکی شاخدار کە لەژێر پێماندا دەیبۆڕاندو دەلەرزی و ئینسانی دەخوارد."

(ستراتیس)ی چکۆڵە و تەپۆ، کوڕی زێوانی کلێسا، لە مامۆستای پرسی: "ئەدی باشە بۆچی قەدیس میناس نایکوژێت؟"

مامۆستا تووڕە بوو، هاواری کرد: "قسەی قۆڕ مەکە!" ئەوجا یەکسەر لەسەر مێزەکەی هەستا و زللەیەکی توندی لە بنا گوێی ستراتیس سرەواند.

ڕۆژێکیان – لەبەر ئەوەی بەبۆنی جەستەی تورک سەخڵەت دەبووم – بەپەلە لە گەڕەکی تورکانەوە ڕەت

---

(*) Minotaur ئینسانی گا.

بووم، لەو کاتەیدا عەرد سەرلەنوێ لەرزی، دەرگا و پەنجەرەکان بەیەکدادران، گرمەیەک هاتە گوێم وەک بلێیی خانووەکان هەرەسیان هێنابێت، ترس سەراپای بوونمی لەخۆگرت. لە کۆڵانێکی باریکدا ڕاوەستام و چاوم بڕییە عەردەکە، چاوەڕێ بووم عەرد بقڵیشێ و (گا)کە بێتە دەرێ و بمخوات، لەناکاو دەرگایەکی تاقدار کە باغێکی لێوە دیاربوو، کرایەوە و سێ کیژی تورکی پێ پەتیی، پرچ ژاکاو و بێ سەرپۆش ڕایان کردە دەرەوە، ساکاو بەهەر لایەکدا ڕایان دەکرد و وەک پەڕەسێلکە دەیانزیقاند، کۆڵان بۆنی میسکی گرت، لەو ساتەوە بەدوا، چیدی بومەلەرزە ڕوخسارێکی تری پۆشی، ڕوخسارێک کەمەدەلعومر لەگەڵمدا مایەوە، چیدی ڕوخساری ترسناکی گا نەبوو، بەڵکو لە نەعرەتە کەوت و وەک مەل کەوتە جریوەجریو. بومەلەرزە و کچە تورکەکان یەکانگیری یەکدی بوون، ئەوە یەکەمین جار بوو ببینم کە هێزی تاریک لەگەڵ ڕۆشناییدا دێتە دەرێ و ناسک و نەرم و نیان خۆ دەنوێنێ.

زۆر جاران لە ژیانمدا، گا ئاگا و گا نائاگا، بەو شێوەیە ڕووپۆشی گونجاوم داوە بەسەر ترس و ئەڤین و چاکە و ناخۆشیدا. ئاخر ئەز بەو جۆرە بەرگەی ژیانم گرتووە.

## ئەفسانەی قەدیسان

ئازادیی یەکەمین ئارەزووی گەورەم بوو، دووەمین ئارەزوو کە تا ئەمڕۆ لەبوونما شاراوەیە و ئازارم دەدا، ئارەزووی قەدیس بوونە. قارەمان و قەدیس بەیەکەوە: نموونەی باڵای بەشەریەت ئاوهایە. تەنانەت لە تافی منالێمدا ئەو نموونەیەم بەژوور سەر و لەئاسمانی شیندا تۆمارکردبوو.

ئەو ڕۆژگارە لەمیگالۆ کاسترۆ، هەموو کەسێک ڕەگێکی لەقوڵایی عەرد و ئاسماندا داکوتیبوو، هەر بۆیە دوای فێربوونی حونجە و پێکەوەنانی وشە، یەکەمین شتێک داوام کرد لە دایکم بۆم بکڕێت کتێبی ئەفسانە بوو: کتێبی چیرۆکی پێغەمبەران. (جیلوەی خودا موجیزەیەکی سەرسوڕهێنەرە، بەردێک لەئاسمانەوە بەر عەرد کەوت.. و ئەو بەردە شکا، لەناو بەردەکە نووسرابوو: وای بەحاڵی ئەو کەسەی کە ڕۆژانی چوارشەممە یان هەینی ڕۆن بەکاردێنێ یاخود شەراب دەنۆشێ!)

کتێبی پیرۆزم دەگرت بەدەستەوە، وەک ئاڵا بەرزم دەکردەوە و هەموو ڕۆژانی چوارشەممە و هەینییەک لە دەرکی ماڵانم دەدا. ماڵی خاتوو پنلوپ، ماڵی خاتوو ڤیکتۆریا، ماڵی خاتوو کاترینا دێلیڤاسیلاینای پیرێژن. سەراپا غەریب دەچوومە حەوشەکانیانەوە، یەکڕاست دەچوومە موبەق و بۆنم دەکرد، ئای لەو ڕۆژەی گەر بۆنی گۆشت یان ماسیم کردبا، بەهەڕەشەوە کتێبی پیرۆزم ڕادەوەشاند و هاوارم دەکرد: "وای بەحاڵتان، وای بەحاڵتان!" ئیدی دەسوبرد چەند دراوسێیەک کە زەندەقیان چوو بوو، دەکەوتنە دڵنەوایی کردنم و لێم دەپاڕانەوە بێدەنگ بم.

ڕۆژێکیان لەمیانەی پرسیارێکدا لە دایکم، کاتێک حاڵی بووم لەوەی کە بەمنالی لە ڕۆژانی چوارشەممە و هەینیدا مەمکیم مژیوە و لەو ڕۆژە پیرۆزانەدا شیرم خواردووە، دامە قوڵپی گریان و کەوتمە شیوەن.

تەواوی یارییە منالێنەکانم فرۆشت بەهاوڕێکانم، بەپارەکەی کتێب و ژیاننامەی قەدیسانم کڕی، چاپی



ئاسایی و بەشێوەی زنجیرە، عەسران لەسەر چەرپا چکۆڵەکەم لەمابەینی ڕێحانە و گوڵی هەمیشە بەهاریی حەوشەکەمان دادەنیشتم و بەدەنگی بەرز ئەزموونی جۆراوجۆر و سەختی قەدیسانم موتاڵا دەکرد، ئەزموونی ئەو قەدیسانەی کە ڕێگەی ڕزگاریی ڕۆحیان گرتبووە بەر. دەرو دراوسێ وردە وردە لێم کۆدەبوونەوە، هەندێکیان گۆرەوییان دەچنی و ئەوانی تریش یان قاوەیان دەکوتی یاخود پەلکە خەردەلیان چاک دەکرد، ئەوانە بەدەم کاری خۆیانەوە گوێیان ڕادەدێرا و هێور هێور دەنگی گریان و شیوەن لە حەوشەکەمانەوە بەرز دەبۆوە، گریان و شیوەن بۆ ڕەنج و عەزابی قەدیسان. کەنارییەکە، کە قەفەسەکەی لەژێر درەختێکی ئەکاکیادا هەڵواسرابوو، بەبیستنی ئەو گریانە، مەستانە گەرووی بۆ دواوە دەکشانەوە و دەکەوتە خوێندن، باخچە بەبۆنی عەتر و کەپری مێوەکەی ژوور سەریەوە، لەمەزاری گوڵبارانی مەسیح و کەژاوەی عەزا دەچوو کە ژنان بەدەوریدا بگرین و بلاوێنەوە.

ڕێبواران کە لەو کاتەدا بەلای ماڵەکەماندا تێدەپەڕین، ئێستێکیان دەکرد و بەیەکتریان دەگوت:" هەبێ و نەبێ یەکێک لەو ماڵەدا مردووە!" ئەوجا بەهەڵەداوان خۆیان دەگەیاندە لای بابم تا ئەو هەواڵە دڵتەزێنەی بدەنێ، بەڵام وی سەری ڕادەوەشاند و دەیگوت: "چ نییە، ئەوە کوڕەکەی منە دەیەوێ دەرو دراوسێ بەلارێدا بەرێت!"

زەریا دوورەکان لە ئەندێشەی مندالێمدا دەکشان، بەلەمەکان هەپروون دەبوون، لەنێو هەڵدێرەکانەوە دەیرەکان دەدرەوشانەوە، شێرەکان ئاویان بۆ زاهیدان دەبرد، زەینم لێواولێو دەبوو لەخورما و وشتر، سۆزانییەکان پاڵەپەستۆیان دەکرد و پەلەی چوونە کلێسایان بوو. گالیسکەی ئاگرین بەرەو ئاسمان هەڵدەگژا، جیرەی پێلاو و پێکەنینی ژنان لە بیابانەکاندا دەنگی دەدایەوە، شەیتان وەک بابە نۆێلێکی میهرەبان دەهات و خۆراک و ژن و ئاڵتونی وەک دیاریی بۆ زاهیدان دەبرد، بەڵام ئەوان هەر لە خواوەندیان دەنۆڕی و ئیدی شەیتان دیار نەدەما.

– "بەهێز و ئارام بە، بەختەوەری بەهیچ بزانە، لە مەرگ مەترسە، لەم دیو ئەم دونیایەوە لەنیعمەتی باڵا بنۆڕە!" ئەمە ئەو نەغمەیە بوو کە لەو کتێبانەوە بەرز دەبۆوە و دڵی منالێمی دەرس دادەدا. تینوویەتییەکی ئاگرین بۆ هیجرەتی شاراوە و سەفەرە دوورو درێژەکان، بۆ ئاوارەبوونە تژیی لەشەهادەتەکان، پێ بەپێی ئەو نەغمەیە هەڵی دەکرد.

ئەفسانەی قەدیسانم موتاڵا دەکرد، گوێم بۆ ئەفسانەی پەرییان ڕادەدێرا، گوێم لە قسان دەگرت، ئەو هەموو شتە لە ناوەوەمڕا لەشێوەی درۆیەکی جواندا وەدیار دەکەوتن. هاوپۆلەکانم، یاخود منالانی دەرودراوسێم کۆدەکردنەوە و ئەو درۆیانەم بۆ دەگێڕانەوە وەک ئەوەی بەسەر خۆمدا هاتبن. پێم دەگوتن، تازەکی لە بیابان گەڕاومەتەوە، لەوێ شێرێکم لەگەڵ بوو، دوو مەشکەم لێ بار کردبوو، چووبووم ئاو لە کانییەکە بهێنم، یاخود دەمگوت: چەند ڕۆژێک لەمەوبەر فریشتەیەکم لە دەرەوەی ماڵەکەمان بینی، ئەو فریشتەیە یەکێک لە پەڕەکانی خۆی هەڵکێشا و دای بەمن، کە ئەوەم دەگوت، تەنانەت پەڕەکەشم گرتبوو بەدەستەوە تا پیشانیان دەم. – ئەو پەڕە هی کەڵەشێرە سپییەکەمان بوو کە چەند ڕۆژێک لەوەو بەر سەرمان بڕیبوو، منیش پەڕێکی درێژیم لێ هەڵکێشابوو! – درێژەم بەقسەکانم دەدا و دەمگوت: بڕیارم

داوە ئەو پەڕە بکەمە پەڕەموچ و ئیتر بەوە بنووسم.

– "بنووسیت؟ چ بنووسیت؟"

– "ژیانی قەدیسان... ژیاننامەی باپیرەم!"

– "مەگەر باپیرەت قەدیس بوو؟ ئەدی تۆ پێت نەگوتبووین کە ئەو لەگەڵ تورکدا دەجەنگی؟"

بەدەم داتاشینی نووکی پەڕەکەوە، وەڵامم دەدانەوە: "جا فەرقی چییە؟"

لە قوتابخانەی سەرەتایی ڕۆژێکیان لە کتێبی ئەلفوبێدا ئەوەمان خوێندەوە منداڵێک دەکەوێتە بیرێکەوە، لەو بیرەدا شارێکی سەرسوڕهێنەر دەدۆزێتەوە، شارێک بەکڵێسای ئاڵتونی، باغی پڕ لە گوڵ و ڕێحانەوە، بەدووکان و مەغازەی پڕ لە کێک و نوقڵ و شیرینی و تفەنگی منداڵانەوە، کە ئەوەم بیست زەینم ئاگری گرت، بەهەڵەداوان خۆم گەیاندەوە ماڵەوە، جانتاکەم هەڵدایە حەوشە و چوومە قەراخ بیرەکەی حەوشە تا شۆڕببمەوە ناوی و خۆم بگەیەنمە ئەو شارە ئەفسانەییە. دایکم لەبەر پەنجەرەی ڕووەو حەوشەدا دانیشتبوو، قژی خوشکە چکۆڵەکەمی شانە دەکرد، هەر کە چاوی بەمن کەوت، قیژاندی و یەکسەر لەو کاتەدا کە خەریک بوو خۆم هەڵدەدایە بیرەکەوە ناو قەدی گرتم(*).

یەکشەممان کە دەچووم بۆ کڵێسا، پەیکەرێکم دەبینی، پەیکەری مەسیح لە کاتی ڕابوونەوە و پیاسەکردن لە فەزادا، ئاڵایەکی سپی بەدەستەوە بوو، لەبەردەمی پەیکەرەکەدا پاسەوانەکان دەبینران کەوتبوون بەپشتا و بەترسەوە لەمەسیحیان دەنۆڕی، من ئەو دەمە حەکایەتی زۆرم لە بارەی ڕاپەڕینی خەڵکی کریت و جەنگەوە بیستبوو. دەمزانی باپیرەم ڕابەرێکی سەربازیی گەورەی ئەو ڕاپەڕینە بووە، کاتێک لە پەیکەرەکەم دەنۆڕی، وردە وردە باوەڕم بەخۆ دەهێنا کە مەسیح هەر بەڕاستی باپیرەم بووە، دواتر هاوڕێکانم لە دەوری پەیکەرەکە کۆدەکردنەوە و پێم دەگوتن: "تەماشای باپیرەم کەن، سەیری کەن چۆن ئاڵاکەی بەدەستەوە گرتووە و دەچێت بۆ شەڕ، ئەوانەیش کە لەبەر پێی پەیکەرەکەدان، تورکن!"

ئەوەی دەمگوت نە ڕاست بوو نە درۆ، لە سنوورەکانی مەنیتق و ئەخلاق تێدەپەڕی تا لە هەوایەکی سووکەڵەتر و ئازادتردا بفڕێ. گەر بەدرۆ بخرامایەوە، ئەوا لە شەرمدا دەستم بەگریان دەکرد. ئیدی ئەو پەڕەی بەدەسمەوە بوو پەڕی کەڵەشێر نەبوو، بەڵکو فریشتە دابووی پێم. من درۆم نەدەکرد، بەتەواوی دڵنیا بووم لەوەی مەسیحی ئاڵا بەدەس، ڕێک باپیرەمە و پاسەوانە زەندەقچووەکانی بەردەمیشی تورکن.

ماوەیەک دواتر، کاتێک دەستم کرد بەشیعر و ڕۆماننووسین، بۆم دەرکەوت ئەوەی من لە منداڵیدا کردوومە، بەزاراوەی (خولڵقاندن) ناوزەد کراوە.

ڕۆژێکیان ئەفسانەی قەدیس (ژان)م دەخوێندەوە، هەستامە سەر پێ و بڕیارم دا بچم بۆ سەر چیای ئاتوس و لەوێ بۆ خۆم ببمە قەدیس! بێ ئەوەی ئاوڕ بدەمەوە و تەماشای دایکم بکەم – ئاخر قەدیس (ژان)یش هەر وای کردبوو– لەماڵ چوومە دەرێ و لە ترسی ئەوەی نەبا یەکێک لە خاڵۆکانم ببینێ و بمگەڕێنێتەوە ماڵەوە، ڕێی کۆڵانە چەپەکەکانم گرتەبەر و لە تەواوی ڕێگەدا هەر ڕام دەکرد. گەیشتمە

---

(*) هاوشێوەی ئەم ڕووداوە لە ڕۆمانی (ئازادی یان مردن)دا هەیە.



بەندەر، بەرەو لای کەشتییەک چووم کە ئامادەی حەرەکەت بوو، کەشتییەوانێکی هەتاو بردوو لەسەر تارمەی کەشتییەکە نوشتابۆوە و لەهەوڵی کرنەوەی گوریسەکەدا بوو، لەکاتێکدا لەپەرۆشیدا هەڵدەلەرزیم، چووم بۆ لای کەشتییەوانەکە.

– "کاپتن.. لەگەڵ خۆت دەمبەیت؟"

– "دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆیت؟"

– "چیای ئاتوس!"

– "کوێ؟ چیای ئاتوس؟ ئەدی لەوێ چ دەکەیت؟"

– "دەبمە قەدیس!"

کابرای کەشتییەوان دایە قاقای پێکەنین، دەستی بەیەکدا ماڵی، وەک بڵێی کشە لە مریشک بکات، هاواری کرد: "یاڵڵا، بگەڕێوە!"

بەشەرمەزارییەوە گەڕامەوە ماڵەوە، چوومە نێو جێگەکەمەوە و ئیدی هەرگیز ئەو نهێنییەم لای کەس نەدرکاند.

ئەمڕۆ یەکەم جارە ئەو نهێنییە دەدرکێنم، هەوڵی یەکەمم بۆ بوون بەقەدیس بە(با) چوو. ساڵانێک ئەو نائومێدییەم، ڕەنگە تا ئەمڕۆ، بەردەوام بوو، ئاخر من ڕۆژی هەینی، هەژدەی شوبات، ڕۆژی ڕۆحەکان، ڕۆژی سەختی پیرۆز لەدایک بووم، مامانە بەساڵاچووەکەم، بەدوو دەست هەڵی گرتبووم و لەبەر ڕووناکیدا بەوردی دیقەتی دابووم، وەک بڵێی سەرنجی چەند نیشانەیەکی نهێنی لەجەستەمدا دابێت. گوتبووی:" باوەڕ بکەن، ڕۆژێک ئەم کوڕە دەبێتە ئەسقەف!"

لەگەڵ ڕۆژگاردا، کە پەیم بەو پێشبینییەی مامانەکەم برد، باوەڕم کرد. ئاخر ئەو پێشبینییە لەگەڵ ئارەزووە شاراوەکانمدا دەهاتەوە، ئیدی بەرپرسیارێتییەکی گەورە کەوتە سەر شانم، کارێک نەمابوو ئەسقەفەکان کردبێتیان و من نەمکردبێت، دواتر کاتێک بەچاوی خۆم کاروباری ئەسقەفەکانم بینی، قەناعەتم گۆڕی. لەوە بەدوا، لەبەر خاتری پاراستنی حورمەتی عیبادەت کە بەدڵ و گیان دەمخواست، حاشام لە هەموو ئەو شتانە کرد، کە ئەسقەفەکان دەیانکرد.

## تاسەی هەڵهاتن

ئەو ڕۆژگارە، زەمەن خاو و یەکتا ڕەت دەبوو، خەڵکی ڕۆژنامەیان نەدەخوێندەوە، هێشتا ڕادیۆ و تەلەفیزۆن و سینەما دانەهاتبوون، ژیان بێ قڕە، جیددی و بێدەنگ بەڕێوە دەچوو. هەرکەسێک بۆ خۆی دونیایەک بوو داخراو، دەرگای خانووەکان ئەڵقەڕێز کرابوون، سەرەک خێزانەکان ڕۆژ بەڕۆژ پیرتر دەبوون، بەچرپە دەدوان نەبا دەنگیان ببیسترێ، بەنهێنی دوژمنایەتیی یەکتریان دەکرد، یاخود بێدەنگ نەخۆش دەکەوتن و دەمردن، پاشان بۆ هێنانە دەرەوەی تەرمەکە دەرکی حەوشەکانیان دەکرایەوە و بۆ ساتێک نهێنیی نێو چوار دیواری ماڵەکانیان دەکەوتە ڕوو، بەڵام هەمدیس دەرکی حەوشە دادەخرایەوە و ژیان سەرلەنوێ بەبێدەنگی دەکەوتەوە جوینی عومر.

خەڵکی لە کاتی پشووی سالآنە، لەدایکبوون، مردن، یاخود ڕابوونەوەی مەسیحدا، جلکیان دەپۆشی، زێڕ و زیوەکانیان لەخۆ دەدا، لەماڵ دەهاتنە دەرێ و دەڕژانە کۆڵانەکانەوە، ڕێگەی کلێسایان دەگرتەبەر و دەرگای کلێسا بۆ پێشوازییان دەکەوتە سەر پشت. چرا و مۆمەکان دادەگیرسان، مەیتەر و خاوەن ماڵ، واتە قەدیس میناس، لەبەر دەرگاکە ڕادەوەستا تا پێشوازی لەهاوڕێ خۆشەویستەکانی، لەدانیشتوانی میگالۆ کاسترۆ بکات. ئیدی دڵەکان دەکرانەوە، داماوییەکان لەبیردەکران، ناوەکان یاد دەچوونەوە، هەمووان دەبوونە یەک، ئەوانە ئیدی لە کۆیلایەتی دەردەچوون، ئیدی شەڕ و تورک بوونیان نەدەما. هەروەها مەرگیش نەدەما. لەناو کلێسادا بەپێشەوایەتیی قارەمان میناسی ئەسپ سوار، هەر کەسێک خۆی بەجەنگاوەری سوپای نەمریی دەزانی.

ئەو ڕۆژگارە، ژیان قووڵ و بێدەنگ بوو، ئەو ڕۆژگارە لە میگالۆ کاسترۆ، پێکەنین کەم بوو، بەڵام گریان زۆر، وتوویریی دڵی ئاشکرا نەکراو زۆرتر. شارنشینانی ڕەسەن، خەڵکانی جیددیی بوون و سەرگەرمی کاری خۆ، خەڵکەکەی تریش گوێڕایەڵ و ئامادە، هەر کاتێک سەروەتمەندێک بەلایاندا ڕەت دەبوو، ئەمان بەڕێزەوە لەبەری هەڵدەسان، بەڵام ئەڤینێکی هاوبەش هەمووانی بەیەکەوە گرێ دەدا و دەبووە هۆی ئەوەی هەمووان ئازار و میحنەت و گەنجینەی نهێنییەکانیان لەبیرکەن و برایانە پێکەوە هەڵکەن. بەڵێ، ئەو ئەڤینەیان نەدەدرکاند، چونکە لەتورک دەترسان.

وای لەو ڕۆژەی ئاوە مەنگەکان جووڵەیان تێ کەوت و بەرەبەیانییەک کەشتییەکی بوخاریی ڕازاوە بەئاڵا گەیشتە بەندەر، ئەو خەڵکانەی میگالۆ کاسترۆ کە بەڕێکەوت لەو بەیانییەدا لە لەنگەرگەی بەندەر بوون، کاتێک کەشتییەکەیان بینی، داچڵەکین و حەپەسان.

ئەدی ئەو کەشتییە پڕ زێڕ و زیو و ڕازاوە بەئاڵایە چ بوو کە لەنێوان دوو بورجە ڤینیسیاییەکەی کلکەی بەندەرەکەدا هێور هێور دەهاتە پێش؟ کەشتییەکە نزیک بۆوە، یەکێک گوتی:

– "پەنا بەخودا، پۆلێک مەلن!" یەکێکی تر گوتی: "تیپی ڕەقس و سەمان!" هەندێکی تر گوتیان: "باغێکی نێو زەریایە، لەو باغانەیە کە سەندیباد لەزەریا گەرم و دوورەکانا بینیویەتی!" لەو بێنەو بەردەیەدا، چەند دەنگێکی نامۆ و وەحشی لەچاخانەکەی بەندەرەوە هاتنەگوێ:" دەسەسرِ لەملان! سەفاتان هێنا!"

تەماشاچییان هەناسەی قووڵیان هەڵکێشا، مەسەلەکەیان بۆ یەکلایی بۆوە، لەو کاتەدا کەشتییەکە نزیکتر ببۆوە، ئیدی ئاشکرابوو بارەکەی چییە: بارەکەی ژنانی جوانپۆش بەکڵاو و پەڕ و دەسەسڕی ڕەنگاو ڕەنگی مل و گۆنای سوورەوە، پیرەمێردە کریتییەکان بەبینینی ئەو ژنانە خاچیان کێشا و بەدەم تفکردنە سینگ و مەمکیانەوە لەبەرخۆوە گوتیان:

– "شەیتان کوێر بە، شەیتان دوور کەوە!"

ئەدی باشە بۆچی قەحپەکان هاتبوون بۆ ئێرە؟ ئاخر ئێرە میگالۆ کاسترۆی نەزر کردووبوو، ڕیسواییەکی ئاوهای پێ قووت نەدەچوو! سەعاتێک دواتر دیوارەکان پڕ کران بەبانگەوازی سوور، خەڵکی ئاگادارکران کە ئەوانە تیپێکی نواندنی ژنان و پیاوانن، هاتوون تا خەڵکی میگالۆ کاسترۆ



دڵخۆش کەن. تا ئەمڕۆ نەمتوانیوە حاڵی بم لەوەی ئەو موجیزەیە چۆن ڕووی دا، بابم دەستی گرتم و گوتی: "با بڕۆین بۆ شانۆ و بزانین ئەوانە چ جڕو جانەوەرێکن!"

شەو هەڵکشابوو، دەستی گرتم و ڕێی بەندەرمان گرتەبەر، بەرەو گەڕەکێکی هەژارنشین کە بەمن نائاشنابوو کەوتینە ڕێ، هەموو ناوچەکە پڕبوو لەپشتیری مەڕ، تاک و تەرا خانوو دەبینرا، لەیەکێ لەو پشتیرانەوە ڕووناکی پرشنگی دەدا، دەنگی تەپڵ و جووزەلە دەهاتە گوێ و پەردەیەک بەدەرگای دەرەوە کرابوو، بابم پەردەکەی لادا و خۆی کرد بەژووردا. کە چووینە ژوورەوە، مێز و چەرپا و کورسی سەرنجیان ڕاکێشاین، هەر ژن و پیاو بوو لەسەر کورسییەکان دانیشتبوون چاوەڕێی لابردنی پەردەکەی بەرامبەریان بوون. شنەیەکی فێنک لە زەریاوە هەڵی کرد، هەوا بۆنی عەتری گرتبوو، پیاوان و ژنان بەیەکەوە دەدوان، پێدەکەنین و فستق و ناوکە کوولەکەیان دەخوارد.

بابم کە هەر وەک من یەکەم جاری بوو پێ بنێتە ئەو جۆرە شوێنانەوە، پرسی: "ئەی شانۆکە کوانێ؟" پەردەکەیان نیشان دا، ئیدی ئێمەیش دانیشتین و چاومان بڕییە پەردەکە.

لەژوور پەردەکەوە بەپیتی گەورە نوسرابوو: (چەتەکان... نووسینی: شیللەر، سەرگەرمکەرترین نمایش.) لەژێریشیدا نووسرابوو: (مەترسن لەوەی دەیبینن، ئەوەی دەیبینن شتێکی فانتاسییە!)

لە بابم پرسی: "ئەرێ فانتاسیی یەعنی چی؟"

وەڵامی دامەوە: "یەعنی هەوای گەرم!"

بابیشم پرسیاری تایبەتی خۆی هەبوو، لای کردەوە تا لەو کەسەی لایەوە بپرسێت ئەو چەتانە کێن، بەڵام ئیدی کات درەنگ بوو، سێ زەڕبە لێدرا و پەردە کرایەوە. بەسەرسوڕمانەوە سەرنجم دا، بەهەشتێک لەبەردەممدا ڕاخرا، ژنان و پیاوانی فریشتە، جوان پۆش بەپەڕ و زێڕ، گۆنا ڕەنگکردوو بەڕەنگی سپی و نارنجی، دەهاتن و دەچوون. دەنگیان هەڵدەبڕی و هاواریان دەکرد، بەڵام من تێنەدەگەیشتم، تووڕە دەبوون، بەڵام من نەمدەزانی بۆ؟ پاشان دوو زەلامی کەتە و نامۆ هاتنە ژوورێ کە لە برا دەچوون، دەستیان کرد بەشەڕو دەمەقاڵێ و بەمەبەستی کوشتن کەوتنە ڕاوەدوونانی یەکتر.

بابم بەوردی گوێی ڕادێرابوو، لەناڕەزایەتیدا بۆڵە بۆڵی پێ کەوتبوو، خۆی بەسەر کورسییەکەیەوە نەدەگرت، دەتگوت لەسەر پشکۆی هەڵایساو دانیشتووە، دەسەسڕەکەی دەرهێنا و ئارەقەی نێوچەوانی سڕی، بەڵام کاتێک سەرنجی دا کە ئەو دوو برا حوشترە لەگەڵ یەک بەشەڕ هاتوون، بەوپەڕی تووڕەیی هەستایە سەرپێ.

بەدەنگێکی بەرز گوتی:" ئەمە چ مەهزەلەیەکە، یاڵڵا بابڕۆینەوە ماڵەوە!" دەستی گرتم و هاتینە دەرەوە، لە پەلە پەلیدا دوو سێ کورسی هەڵگێڕایەوە.

بەتوندی شانی ڕاوەشاندم و گوتی: "ئیتر نەبینم پێ بخەیتە شانۆ. گوێت لێمە؟ گەر پێ بخەیتە شانۆ ئەوا ئەژنۆی قاچت دەشکێنم!"

ئەوە یەکەمین ئاشنایی من بوو لەگەڵ شانۆ.

***

شنەیەکی گەرم هەڵی دەکرد، گژو گیا لە زەینمدا سەوز دەبوو، ناخم پڕ دەبوو لەگوڵاڵە سوورە، بەهار لەگەڵ قەدیس (جیۆرج)ی دەسگیرانیدا، بەسواری گالیسکەیەکی سپییەوە دەهات، بەهار تێدەپەڕی، هاوین دەهات، هاوین دەهات و پاکیژەی پیرۆزیش بەرگرتوو ڕادەکشا، تا ئەویش دوای هێنانە دونیای ئاوها کوڕێک، بۆ خۆی بحەوێتەوە، قەدیس (دیمیتریس) بەنێو باراندا بەسواری ئەسپە شێوە دەگەیشت، پاییزی بەدوای خۆدا دەهێنا و گەڵا مێوەکانی دەژاکاند، زستان بەسەرمانا ڕۆدەنیشت، لەماڵەوە - کاتێک بابم لەوێ نەبوو - دایکم و خوشکەکەم و من ئاگردانەکەمان گڕ دەدا، لەبەریدا دادەنیشتین و گوێز یان نۆکمان دەبرژاند، لەچاوەڕێی لەدایکبوونی مەسیحدا دادەنیشتین، تا باپیرە ناو لەپ قوڕاوێکەم بەخۆی و بەچکە بەرازی پێچراو لە توێکڵی لیمۆوە بێت. زستان لەمەزەندەی ئێمەدا ڕێک ئاوهایی بوو: تەواوێک وەک باپیرەم، بەپۆتینی ڕەش و سمێڵی سپی و بەچکە بەرازی برژاو بەدەستەوە.

زەمەن تێدەپەڕی و من گەورەتر بووم، لەنێو حەوشە گوڵە ڕێحانە و گوڵی هەمیشە بەهار دەژاکان، پێپلیکەیەک بەپێپلیکانەکانی ماڵی ئامینەدا دەچوومە سەرێ. گەورەتر بووم و ئارەزووی دێرینیش لەناوەوەمرا گەورەتر دەبوو، وەک بڵێی ئارەزووی نوێ لەپاڵ ئەواندا چرۆیان کردبێ، ئیدی ئەفسانەی قەدیسان ڕقیان هەڵدەسانم، من باوەڕم لە دەس نەدابوو، باوەڕم هەبوو، بەڵام ئەو قەدیسانەم لەلا ببوونە خەڵکانی داماو، ئەوانە ناو بەناو لەبەرامبەر خواوەنددا سەریان شۆڕ دەکرد و بەڵێ قوربانیان دەگوت، خوێنی کریت لەناوەوەمرا وەئاگا ببۆوە، بێ ئەوەی ئەو مانایە لەزەینمدا ڕاڤەکەم، هەستی شەشەمم بۆی ساخ ببۆوە کە ئینسانی واقیعی کەسێکە بتوانێ مقاوەمەت کات، بتوانێت بجەنگێ. لەکاتی وەدیهێنانی خواستی گەورەدا نەترسێت لەوەی بەخواوەند بڵێ (نا).

نەمدەتوانی ئەو خرۆشانە نوێیە بەڕستێک وشە دەرببڕم، لەو قۆناغەی ژیانمدا پێویستیم بەوشە نەبوو، بێ کۆمەکی ئەقڵ یان وشە، تێدەگەیشتم، تێگەیشتنم کامڵ بوو، کاتێک دەمبینی قەدیسان دەستەوئەژنۆ لەبەر دەرکی بەهەشتا دانیشتوون و زەلیلانە چاوەڕێی کردنەوەی دەرگاکەن، خەم سەراپای بوونمی داگیردەگرد، ئەو گەڕو گوڵانەیان دەهێنامەوە یاد کە لەکاتی چوونە نێو باغدا دەمبینین. ئەوانە لەدەرەوەی دەروازەی شار، بەکەپووی شۆڕ و دەست و پەنجەی لەرزۆک و لچ و لێوی کێماوییەوە دادەنیشتن و لەپی دەستیان بۆ ڕێبواران پان دەکردەوە و داوای سەدەقەیان لێ دەکردن، یەک زەڕڕە بەزەییم پییاندا نەدەهاتەوە، بەبینینیان پەست دەبووم، هەمیشە سەرم وەردەچەرخان و بەوپەڕی خێرایی ڕەت دەبووم، قەدیسانیش تا ئەو ڕادەیە لەزەینی منالێمدا نزم ببوونەوە. ئاخر چما جگە لەوە چ ڕێگەیەکی تر نەبوو بۆ چوونە بەهەشت؟ بەتێپەڕاندنی ئەژدیها و شازادە خانمەکانی ئەفسانەی پەرییان، لەگەڵ قەدیسانی پرسیارکەردا چووبوومە بیابانی تیبس و ئەلعانیش دەبوو لێیان هەڵبێم.

دایکم لەجێژنە گرنگەکاندا شیرینی دروست دەکرد، هەندێک جار کولیچەی شەکر، هەندێک جاری تر ڕەحەتەلقوم، لەجەژنی (پاک)یشدا کێکی تایبەت بەو جێژنەی دروست دەکرد، منیش جوانترین جلکەکانم دەپۆشی و وەک نیشانەی خۆشەویستی، شیرینییەکانم بۆ ماڵی پوور و خاڵۆکانم دەبرد، ئەوانیش هەر یەک لای خۆیەوە شتێک پارەی دەدامێ تا شوکولاتە و وێنە چەسپی پێ بکڕم، بەڵام من وام نەدەکرد،



بەڵکو ڕۆژی دواتر خۆم دەگەیاندە کتێبخانە چکۆڵەکەی جەنابی (لوکاس)، بەو پارەیە زنجیرە چیرۆکی تایبەت بەوڵاتانی دوور و گەڕیدە گەورەکانم دەکڕی. خەیاڵی (ڕۆبنسۆن کرۆزۆ) دابوویە کەللەم، ئەو خەیاڵە وردە وردە گەڵاو پەلکی دەردەکرد.

زۆر سەرم لەو ئەفسانە نوێیەی قەدیسان دەرنەدەچوو، بەڵام جەوهەری ئەو ئەفسانانە لە قوڵایی ڕۆحمدا ڕۆدەنیشت، دەریچەی زەینم کەوتبووە سەرپشت و لێواولێو دەبوو لەبورجگەلی سەدەکانی ناوەڕاست، لەناوچە نامۆکان، لەو دوورگە نهێنی ئامێزانەی کە بۆنی شەوەر و دارچینییان لێ دەهات، دڕندەکان، بەپەڕی سوورەوە لەناوەوەمرا هەنگاویان دەنا، سەمایان دەکرد، ئاگریان دەکردەوە و ئادەمیزادیان دەبرژان، دوورگەکانی دەوروبەریان بۆنی ساوای تازە لەدایکبوویان لێ دەهات. ئەو قەدیسە نوێیانە سواڵیان نەدەکرد، هەرچییەکیان ویستبا بەزەبری شمشێر بەدەستیان دەهێنا، بەخۆم دەگوت: "چ دەبوو بونیادەم بیتوانیبا بەو شێوەیە، بەسواری ئەسپەوە، تەواوێک وەک ئەو پیاوە ئازایانە چووبایەتە بەهەشت! قارەمان و قەدیس پێکەوە: ئادەمیزادی کامڵ ئاوهایە!"

هێدی هێدی ماڵی بابم تەنگ دەبوو، هەروەها میگالۆ کاسترۆش، عەرد بەدارستانێکی ئیستوایی دەچوو پڕ لەمەل و ئاژەڵی ڕەنگاو ڕەنگ، پڕ لەمیوەی گەییو، میوەی شیرین وەکی هەنگوین، منیش دەمویست - مەزەندەم وا دەکرد- تەواوی ئەو دارستانە تەی کەم تا ئەو کیژۆڵە ڕەنگ پەڕیو و خەمینە بپارێزم، ئەو کیژۆڵەیەی کە ڕۆژێکیان لای قاوەخانەیەکەوە ڕەت بووم و ڕوخساریم بینی، ناوی (جینیڤیڤێ) بوو.

قەدیس و قارەمانان لەئەندێشەمدا یەکانگیر دەبوون، ئەوانە لەپێناوی ڕزگاریی دونیا - مەرقەدی موتەهەر- یاخود لەپێناو ڕزگارکردنی کیژۆڵەیەکدا دەکەوتنە خۆ، قەدیس و قارەمان لەگەڵ گەڕیدە گەورەکانا ئامێتە دەبوون، کەشتییەکانی (کریستۆف کولۆمبس) کە لەبەندەرێکی چکۆڵەی ئیسپانیاوە کەوتبوونە ڕێ، هەمان ئەو کەشتییانە بوون و هەمان ئەو (با)یانەش بوو چارۆکەکانیانی وەجووڵە دەخست، هەمان شێوە کەشتییە ڕەوانەکراوەکان بەرەو بیابان لەناوەوەمرا تا ئەو کات تژیی بوون لەقەدیسان.

دواتر کە (سێرڤانتیس)م خوێندەوە، پاڵەوانەکەی وی، (دۆنکیشۆت) لەلام وەک قەدیس و شەهیدێکی گەورە خۆی نواند کە لەمیانەی تەنز و خەندەوە سەری هەڵدابوو، تا لەودیو شتە ڕۆژانەییەکانەوە، ئەو شتە جەوهەرییانە کەشف کات کەلەودیو شتە بینراوەکانەوە شاردراونەتەوە، کام جەوهەر؟ ئەو کات نەمدەزانی، دواتر تێگەیشتم. تەنها یەک جەوهەر هەیە و هەمیشەش هەر ئەوەیە، بەو جۆرە ئادەمیزاد جگە لەئامێتەکردنی مادە و تەسلیمی ڕۆح بەمەبەستێک مایەی باڵابوونی تاک دەبێ، با ئەو مەبەستەش ئەفسانەیی بێت، جگە لەوە ڕێگەیەکی تری نەدۆزیوەتەوە. کاتێک دڵ باوەڕ دەهێنێ و خۆشەویستی دەکات، ئیدی چ ئەفسانەیەک بوونی نییە، شتێکی تر جگە لەغیرەت و پشت بەخۆبەستن و کاری بەسەمەر، چ شتێکی تر بوونی نییە.

ساڵان تێپەڕین، هەوڵم دا پردێک بەسەر هەراو هوریای ئەندێشەمدا ڕاکێشم، بەڵام ئەو جەوهەرە، ئەو

جەوهەرەی لەکاتی منداڵیمدا تۆز و خۆڵاویی خۆی دەنواند، بەردەوام لەشێوەی دڵی حەقیقەتدا خۆی نیشان دەدام، ئاخر ئەوە وەزیفەی ئێمەیە کە لەودیو ئارەزووە تاکە کەسییەکانی خۆمانەوە، لەودیو عادەتە ڕاحەت و دڵنشینەکانەوە، باڵاتر لەبوونمان، ئامانجێک بۆ خۆمان دەستنیشان کەین، بەحەقتر دانانی پێکەنین، برسێتی، تەنانەت مەرگ، شەو و ڕۆژ هەوڵی گەیشتنە ئەو ئامانجە بدەین. گەیشتن بەئامانج؟ نا... ڕۆحی خۆپەرست هەر کە گەیشتە ئەو ئامانجەی خۆی ئیدی لەمەودایەکی دوورترا ڕات دەگرێت، نەگەیشتن بەئامانج، واتە ڕانەوەستان لەهەڵگژان. تەنها بەو شێوەیەیە ژیان ڕەسەنێتی و یەکانگیری مسۆگەر دەکات.

ئاوها بوون ئەو بڵێسانەی تیایاندا منداڵیم گوزەراند، بەرزایی و نشێوە زۆرەکانی قەدیس و قارەمانان لەلام، لە شێوەی ساکارترین و واقیعیترین ڕەوتی ئادەمیزاددا خۆیان دەنواند، ئەو بڵێسانە لەگەڵ بڵێسە گەورەکانی تری ئەو زەمانی کۆیلایەتییەدا کە میگالۆ کاسترۆ و کریتی دەسووتاند، یەکانگیر دەبوون.

لەو سەردەمانی قارەمانییە دێرینانەدا، میگالۆ کاسترۆ چەند ماڵ و دووکان و ڕیزە کۆڵانێک نەبوو کە بەهێڵی کەناری کریتا بەرامبەر زەریایەکی تووڕە درێژ بووبێتەوە، خەڵکەکەی کۆمەڵێک پیاو و ژن و منداڵی بێ نەزم و بێ سەروبەر نەبوون، کە تەواوی خەم و ئارەزووی خۆیان بۆ پەیوەندییە ڕۆژانەییەکانی وەک خواردن و ژن و منداڵ تەرخان کردبێ. یاسایەکی وشک و نەنووسراو حوکمڕانی دەکردن، کەسێک نەبوو دەستی یاخیبوون دژی یاسا وشکەکەی ژوور سەری بەرزکاتەوە، بەژوور سەریەوە، کەسێک فەرمانی دەردەکرد، تەواوی شار ڕەبیەیەک بوو، هەر شارنشینێکیش بۆ خۆی ڕەبیەیەکی جاویدانەی گەمارۆدراو بوو، قارەمان و قەدیسی ئەو شارنشینە کەسێک بوو بەناوی قەدیس (میناس) کە پارێزەری میگالۆ کاسترۆ بوو، ئەم قەدیسە، بەسواری ئەسپێکی شێوە، بەنێزەکەی دەستییەوە ڕووەو ئاسمان، بەدرێژایی ڕۆژ بێ جووڵە لەکڵێسا چکۆڵەکەیدا، بەسەر پەیکەرەکەیەوە – چاو وەحشی، هەتاو بردوو، بەڕیشە کورت و لوولەکەیەوە- ڕادەوەستا. بەدرێژایی ڕۆژ لەژێر باری بەردی زیوینی موراز – دەست، پێ، چاو و دڵ – کە خەڵکی میگالۆ کاسترۆ بۆ شیفای خۆیان پێیانەوە دەکرد، بێ جووڵە مابۆوە و وای دەردەخست لەپەیکەرێک یان لەنیگارێکی سەر تەختە زیاتر نییە، بەڵام هەر کە شەو دادەهات و مەسیحییەکان دەگەڕانەوە ماڵی خۆ، هەر کە یەک یەک چراکان دەکوژانەوە، ئیدی بەئیشارەتی دەستی، ئەو نیگار و بەردە مورازانەی لادەدا، قامچی لەئەسپەکەی دەسرەواند و دەچوو بۆ ئێشکگرتن و پاراستنی گەڕەکە گریکیی نشینەکان. ئەو دەرگایانەی دادەخست کە مەسیحییەکان بیریان چووبوو دایخەن، فیکەی بۆ کونەپەپووەکان دەکێشا تا بۆ هێلانەکانیان بگەڕێنەوە، هەرکات گوێی لە گۆرانییەک با، لەبەر دەرگاکە ڕادەوەستا و بەخۆشحاڵییەوە گوێی ڕادەدێرا، بەچرپە بەخۆی دەگوت:" دیارە مەسەلەکە ژنهێنان و شووکردنە، دوعای خێرم بۆ ئەو زاوا خۆشبەختە، هیوادارم بۆ زیادبوونی ژمارەی مەسیحییەکان منداڵ بخەنەوە."

پاش ئەوە سەرێکی لەشورا و سەنگەرەکانی میگالۆ کاسترۆ دەدا، لەگەڵ قووقەی کەڵەشێر و بەرلەوەی گزنگ بدا، قامچییەکەی لەئەسپەکەی دەسرەواند و بەیەک قەڵەمباز دەگەیشتەوە کڵێساو دەچۆوە نێو



پەیکەرەکەی، جارێکی تر قڵافەتی بێ پەروایی بەخۆوە دەگرتەوە، بەڵام ئارەقە لەئەسپەکەیەوە دەچۆڕا، دەمی کەفی کردبوو، کاتێک بەرەبەیان جەنابی (هارا لامبیس)ی مجێوری کڵێسا بۆ سڕین و بریقەلاهێنانی مۆمدانەکان دەهاتە ژوورێ، ئەسپەکەی قەدیس (میناس)ی دەبینی شەڵاڵی ئارەقەیە، ئەوەی بەلاوە سەیر نەبوو، لەبەرئەوەی دەیزانی – هەموو خەڵکی دەیانزانی کە قەدیس بەدرێژایی شەو پاسەوانی کردووە. هەر کاتێک تورک چەقۆیان تیژ دەکردەوە و خۆیان بۆ هێرشبردنە سەر مەسیحییەکان ئامادە دەکرد، قەدیس (میناس) جارێکی تر لە پەیکەرەکەی دەهاتە دەرێ تا پارێزگاری لە هاوشارێکانی خۆی بکات، تورک وییان نەدەبینی، بەڵکو تەنها حیلەی ئەسپەکەیان دەژنەفت، دەنگیان دەناسییەوە، پڕیشکیناڵی ئەسپەکەیان دەبینی کاتێک بەر بەردەکان دەکەوت. ئیدی زەندەقچووانە بەرەو ماڵ ڕایان دەکرد و خۆیان حەشاردەدا.

تورکەکان چەند ساڵێک لەوەوبەر، قەدیس میناسیان بەچاوی خۆیان بینیبوو، ئەوکات خۆیان بۆ قەتڵوعامێکی تر نابۆوە، بەڵام قەدیس میناس بەسواری ئەسپەکەیەوە، بەرەو ناوچە تورکنشینەکان غاری دابوو، کاتێک لای کۆڵانێکەوە داگەڕابوو، حاجی (مستەفا)ی شێتۆکە بینیبووی، بەهاوار و قیژەقیژ تێی قوچاندبوو:" ئەڵڵا.. ئەڵڵا.. قەدیس میناس خەریکە شالاومان بۆ دێنێ!" لەو کاتەدا تورکەکان لەدرزی دەرگاوە سەیرێکی دەرەوەیان کردبوو، هەر کە قەدیسیان بەزرێی ئاڵتونی و ڕیشی لوول و ماش و برنجی و نێزەکەیەوە بینیبوو، ئەژنۆیان شکابوو، ئیدی شمشێرەکانیان نابۆوە کێلان.

ئاخر قەدیس میناس بۆ خەڵکی میگالۆ کاسترۆ هەر بەتەنها قەدیس نەبوو، بەڵکو قارەمانیشیان بوو، بەقارەمان میناس بانگیان دەکرد، بەنهێنی تفەنگەکانی خۆیان بۆ بەرەکەتپێدان دەبرد بۆ لای، تەنانەت بابم مۆمی بۆ دادەگیرساند، خودا دەیزانی سەبارەت بەدواکەوتنی ئازادبوونی کریت، چی پێ دەگوت و چ سەرزەنشتێکی ئاراستەی دەکرد.

قەدیس میناس قارەمانی دونیای مەسیحییەت بوو، (حەسەن بەگ) دوژمنی خوێنەخۆری مەسیحییەکان هاوسێی وی بوو، میحرابەکەی (حەسەن بەگ) پاڵی بەپاڵ دیواری کڵێساوە بوو، شەوێکیان کەسێک بەدیوارەکەیدا دەماڵێ، یەکسەر دڵی خەبەر دەدا کە ئەوە قەدیس میناسە هەڕەشەی لێ دەکات، چونکە هەمان ئەو ڕۆژە حەسەن بەگ بەقەسدی کوشتن لە مەسیحییەکی دابوو، هەر بۆیە قەدیس میناس لەوە تووڕە ببوو، بەدیوارەکەی حەسەن بەگیدا ماڵی، حەسەن بەگیش مشتی بەرزکردەوە و بەدیوارەکەیدا ماڵییەوە. هاواری کرد: "هێی هاوسێ حەقی خۆتە، بەڵێ بەئیمانم حەقی خۆتە، بەڵام دەس لە بەدیوار ماڵین هەڵگرە، هەر ساڵەی دوو دیزە زەیت بۆ چرای نەزری و بیست پاکەت مۆمت بۆ دێنم تا تووڕەییت دامرکێنمەوە. ئاخر ئێمە هاوسێی یەکترین، وا چاکترە بەشەڕ نەیەین!" ئیدی لەو کاتەوە حەسەن بەگی (سەگ) هەر ساڵەی لە ڕۆژی یازدەیەمی نۆڤەمبەردا کە تایبەت بوو بەڕۆژی قەدیس میناس، خزمەتکارەکەی بەدوو دیزە زەیت و بیست پاکەت مۆمەوە دەنارد، ئیدی قەدیس میناس هەرگیز بەدیواری ماڵی حەسەن بەگیدا نەماڵی.

بڵێسەیەک لە کریت هەیە، باشترە بەڕۆح ناوی بەرین کە بەهێزترە لەمەرگ یان لەژیان، ئەو بڵێسەیە

شانازییە و سەرسەختییە و ئازایەتی. هاوشانی ئەوانەش شتێکی تری بەیاننەکراو و بەدەر لەئیدراک، شتێک کە تۆ لەوەی ئینسانیت، دەتخرۆشێنێت و لەهەمان کاتیشدا جەستەت دێنێتە هەڵلەرزین.

کە منداڵ بووم، هەوای کریت، بۆنی هەناسەی تورک، بۆنی هەناسەی دەعبایەکی وەحشی لێ دەهات، خەنجەرێکی تورکی بەژوور سەرمەوە هەڵواسرابوو، ساڵانێک دواتر، بەبینینی (تۆلیدۆ لە تۆفان)دا زانیم لەتافی منداڵیمدا چ جۆرە هەوایەکم هەڵمژتووە و کام فریشتەی لەنەیزەک چوویان بەژوور سەری کریتەوە هەڵواسیوە.

***

لە تافی منداڵیدا، مانگی (ئاب)م لە هەموو مانگەکانی تر خۆشتر دەویست، هێشتاکەش هەر ئاوهام، بیرمان نەچێت کە لەم مانگەدا ترێ و هەنجیر و کاڵەک پێدەگەن.

ئەو مانگەم ناونابوو ئابی قەدیس، بەخۆم دەگوت: "پشت و پەنای من لێرەیە، ڕووەو قیبلەی وی نوێژ دادەبەستم، خواست و ئارەزووەکانم بەئابی قەدیس دەڵێم، ئەویش ئەو خواستانەم دەگەیەنێتە خودا و خوداش جێبەجێیان دەکات."

جارێکیان بەبۆیەی ئاویی وێنەیم کێشا. شێوەی باپیرە گوندنشینەکەمی بەخۆوە گرت، بەهەمان گۆنای گۆشتن و زەردەخەنەی بەرین، بەڵام پێ خاوس، لەنێو تەشتێکی گەورەدا ترێی دەفلیقاندەوە، قاچیم تا ئەژنۆ بەڵکو تا ڕان، بەشیلەی ترێ ڕەنگاند، تاجێکیشم لە گەڵامێو لەسەری کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، وێنەکە لە شتێکی کەم بوو.. لەچی؟ کە لێی وردبوومەوە، لەنێوان گەڵامێوەکانەوە دوو قۆچم بۆ دروست کرد، لەبەرئەوەی ئەو دەسەسڕەی کە باپیرەم سەری پێ دەبەست، دوو گرێی پێوەبوو لە قۆچ دەچوون، یەکێکیان لای ڕاست و ئەوی تریشیان لای چەپ.

ئەو ساتەی (ئاب)م وێنە دەکێشا و شێوە و نیشانەیم دەنەخشاند، باوەڕم بەو مانگە لەناوەوەمڕا دەچەسپی، هەموو ساڵێک چاوەڕێم دەکرد تا بێت و لەڕەزەکانی کریتدا ترێ بڕنێ و ترێ بفلیقێنێتەوە و موجیزەی خۆی لەگۆڕینی ترێ بۆ شەراب بنوێنێ. بیرم دێ ئەو نهێنییە بێ ئەندازە ئازاری دەدام، ئەدی چۆن دەبێ ترێ ببێتە شەراب؟ ئاوها موجیزەیەک تەنها لە قودرەتی ئابی قەدیس دەوەشایەوە. خۆزگەم دەخواست ڕۆژێک بەرێکەوت بمتوانیبا ویم لەو ڕەزەی لەدەرەوەی میگالۆ کاسترۆ هەمانبوو، بینیبا و ئەو نهێنییەم لێ پرسیبا!

سەرم لەو موجیزەیە دەرنەدەچوو، چۆناوچۆنی بەرسیلە دەبێتە ترێ و ترێ دەبێتە شەراب، چۆن خەڵکی شەراب دەخۆنەوە و سەرخۆش دەبن، بۆچی؟ بۆچی سەرخۆش دەبن؟ ئەو شتانە، نهێنییەکی ترسناکیان لەلام خولقاندبوو. جارێکیان کە لەو بارەیەوە پرسیارم لەبابم کرد، نێوچەوانی گرژ کرد و وەڵامی دامەوە: "هەی فزوڵیی نەدیو بدی!"

هەر لەمانگی ئابدا بوو تلێپەی ترێ هەڵدەخرا تا وشک بێتەوە و ببێتە مێوژ، ساڵێکیان چووبووینە باغەکەمان و لەخانووی ناو باغەکە مابووینەوە، هەوا بۆنی شیلەی ترێی گرتبوو، عەرد دەسووتا و



هەروەها کوللەکانیش، وەک بڵێی لەسەر پشکۆی سوور دانیشتبن.

ڕۆژی شانزەی ئاب بوو، ڕۆژی (ڕۆچوونی ڕوحلقودس بۆ مەریەمی پاکیژە)، کرێکارەکان مۆڵەت درابوون، بابم لەژێر دار زەیتونێکدا دانیشتبوو سیگاری دەکێشا، هاوسێکانیش ترێیان هەڵخستبوو، لەپاڵیدا دانیشتبوون و سیگاریان دەکێشا، خەمبار دەیاننواند، چاوانیان بڕیبووە پەڵە هەورێکی تاریک کە لە ئاسۆوە دیار و ڕێڕۆیشتنی خۆی دەس پێ کردبوو، وەک ئەوانی تر، لەنزیک بابمەوە دانیشتم و تەماشای پەڵە هەورەکەم دەکرد، خۆشیم پێ دەهات، وەک قوماشی مەلمەل ڕەنگێکی خۆڵەمێشی و مەیلەو ڕەشی هەبوو جار ناجار گەورەتر دەبوو، بەردەوام ڕوخسار و بەدەنی دەگۆڕی، هەندێ جار لە مەشکەی دەم بەسراو دەچوو، هەندێ جاری تر لەداڵە کەرخۆرەیەکی ڕەش، جارێکی تر لەو فیلە دەچوو کە لەوێنەدا بینیبووم، کەپووی بەرز و نزم دەکردەوە و هەوڵی دەدا عەرد بدۆزێتەوە و لەمسی کات، بایەکی گەرم هەڵی کرد، گەڵاکانی دار زەیتوونەکەی هێنایە لەرە، یەکێک لەدراوسێکان هەستایە سەر پێ و دەستی بەرەو ڕووی هەورەکە ڕایەڵ کرد.

لەبەرخۆوە گوتی: "نەفرەت لەشەیتان، فلان نەبم گەر ئەو هەورە بەسەرماندا نەیکاتە ڕەهێڵە و زریان!"

پیرەمێردێکی ئیماندار وەڵامیدایەوە:" کورە ئاگات لە دەمت بێت، ئاخر چۆن مەریەمی پاکیژە مۆڵەتی شتێکی لەو جۆرە بەو هەورە دەدا، ئاخر ئەمڕۆ ڕۆژی مەریەمی پاکیژەیە!"

بابم مڕەمڕێکی کرد، بەڵام چ وشەیەکی نەهێنایە سەر زوبان، باوەڕی بەمەریەمی پاکیژە هەبوو، بەڵام سەبارەت بەتوانای مەریەم بۆ ئەمرکردن بەسەر هەورەکانا دوودڵ بوو.

لەکاتی قسەکردنی ئەواندا، هەور سەراپای ئاسمانی داپۆشی، یەکەمین دڵۆپە گەرم و درشتەکان کەوتنە بارین، هەور لەعەرد نزیک بۆوە، قامچی بروسکە خۆی بەئاسماندا دەدا، هاوسێکان هاواریان لێ هەستا: "وەی پاکیژەی پیرۆز.. هاوار!"

هەستانە سەرپێ و بەهەموو لایەکدا بڵاو بوونەوە، بەپەلە ڕووەو ڕەزەکانیان ڕایان کرد، بۆ ئەو شوێنەی بەرهەمی ساڵانەی مێوژیان لێ هەڵخستبوو، وردە وردە دونیا تاریکتر دادەهات، قەڵبەزەی ڕەش بەهەوردا شۆڕ ببۆوە و کردییە تەرزە، ئاو دێراوەکانی داپۆشی، شەقامەکان بوونە ڕووبار، دەنگی گریان و شیوەن لە ڕەزەکانەوە بەرز بۆوە، ژمارەیەک جنێویان دەدا، هەندێکی تر لەمەریەمی پاکیژە دەپاڕانەوە بەزەیی بەحاڵیاندا بێتەوە و ناوبژییەک بکات، دواجار هاوار و گریان و شیوەن و زاری لەودیو دار زەیتونەکانەوە بەرز بۆوە. لەخانووەکەی باخ هاتینە دەرێ و لەژێر تاوە تەرزەدا لەکاتێکدا پەرۆشییەکی مەستانەی سەیر لەخۆوەی پێچابووم، ڕام کرد و تێم قوچاند، بۆ یەکەمین جار ئەوەم لەخۆمدا پێ سەلما بەوەی هەر کە موسیبەتە گەورەکان دێن، پەرۆشییەکی بەیاننەکراو و نا ئینسانی، بوونم لە خۆ دەگرێ. یەکەم جار کە ئاگرێکم بینی، ئەو کاتەی ماڵی پوورە (کالیوپ)م سووتا لەبەردەم بڵێسەکانا کەوتمە سەما، تا ئەو کاتەی کەسێک ملی گرتم و لەئاگرەکە دووری خستمەوە، کاتێکیش (کراساکیس)ی مامۆستامان مرد، بەزەحمەت توانیم جڵەوی پێکەنینم بگرم، وەک بڵێی مامۆستاکەم و ماڵی پوورم ئەڵقە بووبن لە گەردنما و ئەلعان ئەو تەوقانە شکابن و ئیدی دەتوانم هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵمژم.

ئاگر و تۆفان و مەرگ بەلامەوە وەک تارمایی ئەڤین خۆیان دەنواند، هەستم دەکرد بەبنەماڵەی تارماییەوە پەیوەستم، ئاخر هەموو ئێمە تارمایی بووین و لە هەوڵی ڕزگار کردنی عەرددا بووین لەشەڕی ماڵ و خەڵکەکانی ناویان.

گەیشتمە سەر جادده، بەڵام لافاو هەستا بوو، نەمتوانی بپەڕمەوە، لەهەمان شوێندا ڕاوەستام و کەوتمە سەیرکردن، ترێی نیوە وشکەوە بوو، بەری ڕەنجی یەک ساڵ، بەدەم ئاوەوە ڕووەو زەریا دەڕۆیشت، شیوەن و گریان بەرزتربۆوە، ژمارەیەک لە ژنان تا ئەژنۆ لەئاودا، چەمیبوونەوە و لەهەوڵی گرتنەوەی چنگێک مێوژدا بوون، ژمارەیەکی تر کە لەچکیان بەسەرەوە نەمابوو، لەقەراغ جاددەکە وەستابوون و قژی خۆیان دەڕنی.

بەپەلە، وەکی مشکی تەڕ، لەکاتێکدا هەوڵم دەدا شادومانیی خۆم وەشارم، گەڕامەوە ماڵەوە تا بزانم چما کاردانەوەی بابم چۆنە. بڵێی بگری؟ بڵێی جنێو بدا؟ یان کەوتبێتە هاوار هاوار؟ ئاخر باران تەواوی ترێکەمانی بەتاڵان بردبوو. بینیم بێ جوولە لەبەر دەرگای حەوشە ڕاوەستاوە و سمێڵی دەجوێ و دایکیشم لەدوایەوە ڕاوەستاوە و دەگری.

هاوارم کرد: "باوکە.. ترێکەمان فەوتا!"

وەڵامی دامەوە: "بێدەنگ بە، خۆ خۆمان نەفەوتاوین!"

چ کاتێک ئەو لەحزەیەم لەیاد ناچێتەوە، مەزەندە دەکەم لەقەیرانەکانی ژیانمدا دەرسێکی گەورەم لێ وەرگرتبێت، بەردەوام بابم بەیاد دێنمەوە کە ئارام و بێ جوولە لەبەر دەرکی حەوشە ڕاوەستاوە، بێ ئەوەی جنێو بدات، یان هەڕەشە بکات، یاخود بگری، بێ جوولە لەکارەسات دەنۆڕێ و لەنێو گشت هاوسێکاندا بەتەنها غروری ئینسانیی خۆی پاراستووە.

# کوشتار

لە کریت پەندێکمان هەیە دەڵێت: "کاتێک بەدبەختی خۆی بەتەنها هات، بڵێ با بەخێر بێ!" ئەو پەندە ڕاستە، لەبەر ئەوەی بەدەگمەن بەدبەختی بەتەنها هەر خۆی دێ. ڕۆژی دواتر ئاسمان ساماڵ بوو، ڕۆژی پێشتر ژەهری خۆی ڕژاندبوو، ئەمرۆش پێدەکەنی، خاوەن باغەکان، بەرەزەکانی خۆیاندا دەگەڕان، هەموو ترێکان لەبەین چووبوون، هێشتا بۆڵ بۆڵ ترێی غەرقبوو لەقوڕ و لیتاودا دەبینرا، نیوەڕۆ بابم بەپەلە لە میگالۆکاستڕۆوە گەڕایەوە، یەکێک لە ڕەفیقەکانی بەرەبەیان شتێکی بەگوێیدا چرپاند و ئەویش ڕۆیشت، وا بڵاو ببۆوە کە مەسیحییەکان ئاغایەکی بەناوبانگیان لەگوند کوشتووە، تورکەکان قوشقی ببوون و خۆیان چەکدار کردبوو، چاوەڕێی پەلامارێکی تر بووین، تورک ڕژابوونە میگالۆکاستڕۆ تا لەپاڵ دیوارە ڤینیسییەکاندا خۆیان بنێنەوە.

من و دایکم و خوشکەکەم ئەو دوا بۆڵە ترێیانەمان لێ دەکردەوە کە بەمێوەکەوە مابوونەوە، گەرما تاوی سەندبوو، هەوا پۆنگی خواردبۆوە، کوتوپڕ دەنگی هاواری بونیادەم و بۆڕە بۆڕی وڵاخ لەجاددەکەوە گەیشتە گوێمان، حەشاماتێکی زۆر بەهەراو زەناوە ڕەت دەبوون، تەشت و کتری و ژنە تورک بەسواری



گوێدرێژەوە، لەپشتەوە پیاوانی مێزەر بەسەر، ژمارەیەکیان پێ خاوس، هەندێکیان جزمە لەپێدا و بەنێو قوڕ و لیتاودا هەنگاویان دەنا.

بەهاوار هاوار و بێ قسە بەرەو میگالۆکاستڕۆ دەهاتن. دایکم لەبەرخۆیەوە گوتی: "تورکە سەگبابەکان!" وای گوت و باوەشی پێداکردین و بەرەو خانووەکەی ناو باغ چووین.

بەئەژنۆیەوە نووسام و پرسیم: "دایە بۆ وا بەپەلە ڕێ دەکەن؟ چییان دەوێ؟ بۆچی هەڵدەلەرزیت؟"

دەستی بەقژمدا هێنا و وەڵامی دایەوە: "کوڕەکەم، هێشتا لەکوێمانە! ئاخر بەکریتیی لەدایکبوون شتێکی ترسناکە!"

لەدرزی پەنجەرەکەوە لەدەرەوەمان دەنۆڕی، حەشاماتەکە دوور کەوتبوونەوە، لەودیو دار زەیتوونەکانەوە دیارنەمان. بێدەنگی باڵی بەسەر ڕێگەکەدا کێشا.

بابم گوتی: "یاڵڵا پەلەکەن، دەبێ بەر لەخۆرئاوابوون بگەینەوە ماڵەوە!"

دایکم دەستی گرتین، بابم دەمانچەکەی لەبەر باخەڵیدا دەرهێنا، تاقی کردەوە، پڕ بوو، لەکاتێکدا کە دەمانچەکەی نایەوە گیرفان لەدوای ئێمەوە کەوتە ڕێ.

خەریک بوو خۆرئاوا دەبوو کە بەدەروازەکەی شاردا چووینە ژوورێ، دەتگوت شەڕ لەکۆڵانەکانا بارگە و بنەی خستووە، خەڵکی بەپەلە دەڕۆیشتن، دەرگاکانیان لەو دیو خۆیانەوە کلیل دەدا، دایکان مناڵەکانی خۆیان لەکۆڵان بانگ دەکردەوە، فاتیمە، هاوسێ تورکەکەمان، ئێمەی بینی و چاک و چۆنی لەگەڵ نەکردین.

بابم لەجێگە هەمیشەییەکەی خۆیدا، لەسەر قەنەفەکە لەبەر پەنجەرەی ڕووەو حەوشە دانیشت، دایکم گوێ لە مستی فەرمان و لەبەرامبەریدا کروشکەی کرد، دەیزانی بابم ئامادەی فەرماندانە، بابم کیسە تووتنەکەی دەرهێنا، لەسەرخۆ سیغارێکی پێچایەوە، پاشان سەری هەڵبڕی و گوتی:

– "نابێ هیچ کەسێک پێ لەماڵ بنێتە دەر!"

ئەوجا بەتووڕەیی لای بۆ من کردەوە و پرسی: "دەترسیت؟"

وەڵامم دایەوە: "نەخێر!"

– "ئەدی ئەگەر تورک دەرگاکەیان شکاند، هەر ناترسیت؟ گەر هاتنە ژوورێ و تۆیان کوشت چۆن؟"

کە ئەوەم بیست لەرز دایگرتم، تیغی ڕمم بەسەر گەردنمەوە هەست پێ کرد، ویستم هاوارکەم: "بەڵێ دەترسم!" بەڵام لەنیگای بابم سڵەمیمەوە، کوتوپڕ سینگم پڕبوو لە هەوا، هەستم کرد دڵم پڕ بووە لەغیرەت و پیاوەتیی. گوتم: "گەر بشمکوژن، هەر ناترسم!"

بابم گوتی: "باشە!" و ئیدی سیغارەکەی پێکرد.

هاوینی ڕابردوو کە چووبوومە گوند تا شاهیدی مردنی باپیرەم بم، لەگەڵ یەکێک لەخاڵۆکانما لە بێستان نوستم، خۆم بەدەستی خەو سپاردبوو، کوتوپڕ دەنگی قرچە قرچێکم بیست، زەندەقم لەو دەنگە چوو، خۆم بەرەو لای خاڵۆم تەکان دا، پرسیم: "ئەو دەنگە دەنگە چییە؟ من دەترسم!" خاڵۆم تووڕە بوو

لەتاو ئەوەی کە خەبەرم کردۆتەوە، پشتی تێ کردم و گوتی: "کوڕە شاریی بنوو، مەگەر تا ئەلعان ئاوها دەنگێکت نەبیستووە؟ ئەوە کاڵەکەکانن گەورە دەبن!" ئەو ڕۆژەش کە بابم ئاوها دیقەتی دەدام، هەستم دەکرد دڵم گەورە دەبێ و دەنگدانەوەی ئەو گەورەبوونە دەبیسم.

میگالۆکاسترۆ چوار دەروازەی هەبوو، هەموو ڕۆژێک لەکاتی خۆرئاوابووندا، تورک ئەو دەروازانەیان دادەخستن و لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا دەیانکردنەوە، بەدرێژایی شەو کەس نەیدەتوانی بێتە ئەمدیو بۆ ناو شار، یاخود لەشار بچێتەدەر، بەو جۆرە مەسیحییەکان دەبوون بەتەڵەوە، مادامەکی دەروازەکان داخرابوون، ئیدی تورک دەیانتوانی شەوانە دەست بدەنە قەتلوعام، لەبەرئەوەی هەم ژمارەیان زیاتر بوو، هەم بارەگایان هەبوو. یەکەمین جار بوو من قەتلوعام ببینم، چەند ڕۆژێ لەوەوبەر، زەینی منالیم ڕوخساری ڕاستەقینەی ژیانی لەودیو دەمامکە جوانەکانی زەریا، دارمێوی پڕ لەترێ و نانی گەنم و زەردەخەنەی دایکێکەوە دەبینی. بەڵێ، ڕوخساری ڕاستەقینەی ژیان: (کەللە سەر!)

هەر لەو سەردەمەدا بوو تۆوێک لەناخمدا چێنرا، دەبوو ئەو تۆوە ماوەیەک دواتر گوڵ بکاو بەرەکەی لەشێوەی چاوی سێیەمدا، لەشێوەی چاوی ناوەوەمدا دروست بێت، چاوێکی سازگار کە شەو و ڕۆژ کراوە بێ و ترس و خۆف نەناسێ.

دایکم و خوشکەکەم و من لەماڵەوە پاڵمان دابوو بەیەکەوە و خۆمان مات دابوو، لەدەرەوە دەنگی جنێو و هەڕەشەی تورکە شێتەکانمان دەهاتە گوێ، دەنگی شکاندنی دەرگاکان و قەتلوعامی مەسیحییەکانمان دەژنەفت، دەنگی قڕوسکەی سەگ و هاواری گیانکێشانی برینداران. هەراو هۆریایەک فەزای گرتبۆوە نەبێتەوە، دەتگوت بومەلەرزە ڕووی داوە. بابم لەمدیو دەرگاکەوە بەتفەنگەوە، ئامادەباش لە کەمیندا بوو، بیرم دێ بەردێکی شێوە لاکێشەیی بەدەستەوە بوو کە بەردی چەقۆ تیژکەرەوەیان پێ دەگوت، چەقۆیەکی درێژی دەسک ڕەشی پێ تیژ دەکردەوە، ئێمەش چاوەڕێ بووین، ئاخر بابم گوتبووی: "گەر تورک دەرگاکەیان شکاند و هاتنە ژوورێ، بڕیارم داوە بەرلەوەی بکەونە بەر دەستیان خۆم بتانکوژم!" ئیدی دایکم و من و خوشکەکەشم ڕازی بووین، بۆیە هەنووکەش چاوەڕێ بووین.

***

لەو ساتەوەختانەدا، گەر کەسێک دەرکەوتبا، ڕەنگ بوو ڕۆحم کامڵ با، هەستم دەکرد لە ماوەی چەند سەعاتێکدا کوتوپڕ لەمناڵێکەوە بوومەتە پیاو.

شەو بەو شێوەیە ڕەت بوو، ڕۆژ بۆوە، هەراو هۆریاکە نەما، سوپای مەرگ پاشەکشێی کرد، بەوریایی دەرگاکانمان کردەوە و سەرمان بردە دەرێ، هەندێ لە ژنە دراوسێکان، بەدزی و ترس و لەرزەوە پەنجەرەی ماڵەکانیان کردبۆوە، دیقەتی کۆڵانیان دەدا، لەو کاتەدا تورکە کولیچە فرۆشەکە دەرکەوت، ڕیشی نەبوو، دەنگی بەرز، کولیچەی دارچین و پەلکە خەشخاشی لەسەر سینییەک نابوو، بەگۆرانی چڕینەوە هاواری بۆ فرۆشتنی کولیچە و پەلکە خەشخاشەکانی دەکرد، چ کەیفێکی هەبوو! وا پێدەچوو هەموو شتێک سەرلەنوێ لە دایک بووبێتەوە، دەتگوت یەکەم جارە ئاسمان و هەور و سینییەکی پڕ لەکولیچەی بۆندار



دەبینین، دایکم کولیچەیەکی بۆ کڕیم، ئیدی بەوپەڕی کەیفەوە کەوتمە خواردنی.

پرسیم: "دایکە، کوشتار تەواو؟"

بەترسەوە وەڵامی دامەوە: "کوڕەکەم بێدەنگ بە، ناوی کوشتار مەهێنە، ئاخر ڕەنگە گوێی لە دەنگت بێ و هەمدیس بگەڕێتەوە!"

ئەلعان کە وشەی (کوشتار) م لەسەر قاقز نووسی، مووی سەرم ڕاست بۆوە، ئاخر کاتێک منالْ بووم، ئەو وشەیە تەنها پێنج پیت لەپیتەکانی ئەلف و بێ نەبوو، بەڵکو هەراو زەنایەکی گەورەبوو، پێی هەبوو دەرگاکانی بەلەقە دەشکاند، ڕوخسارێکی تۆقێنەر و چەقۆیەک لەمابەینی ددانەکانیا بوو، قیژە و هاواری ژنانی دەرو دراوسێ بوو، پیاوانێک بوو کە لەمدیو دەرگاوە خۆیان نابۆوە و فیشەکیان دادەگرتەوە.

بۆ ئێمە کە لەو سەردەمەدا منالْ بووین و لەکریت دەژیاین، وشەی تریش هەبوون کە فرمێسک و خوێنیان لێوە دەچۆڕا، ئەو وشانەی کە ببوونە هۆی لەسێدارەدانی خەڵکانێک، ئەوانەش وشەگەلی: ئازادی، قەدیس میناس، مەسیح و شۆڕش بوون.

نووسەر، قەدەرێکی زاڵمانە و تاڵی هەیە، لەبەرئەوەی ماهییەتی کارەکەی وشەی پێ بەکار دەهێنێ تا کوڵی ناخی بۆ بێدەنگی بگۆڕێ، هەر وشەیەک بۆ خۆی سەدەفێکی ڕەقە و هێزێکی گەورە و تەقینەوەیی لەخۆیدا حەشارداوە، بۆ دۆزینەوەی ماناکەی، دەبێ ڕێگە بدا لەناخیدا وەک بۆمبێک بتەقێتەوە. بەو جۆرەیە کە ئەو ڕۆحەی زیندانی کراوە ئازاد دەبێ.

جارێکیان حاخامێک کە هەمیشە بەر لەچوون بۆ کلێسا بۆ دوعاکردن، وەسیەتی دەکرد و بەچاوانی پڕ لە فرمێسکەوە خودا حافیزی لە ژن و منالەکانی دەکرد، ئاخر ئەو دڵنیا نەبوو لەوەی کە چما دوای دۆعاکردن دەمرێ، یاخود بەزیندوویی دەمێنێ. دەیگوت:

– "کاتێک وشەیەکی وەک وشەی خودا دەهێنمە سەر زوبان، ئەو وشەیە دڵم هەپروون بەهەپروون دەکات، زەندەقم دەچێ و نازانم دەتوانم وشەکانی دواتر (ڕوحمم پێ بکە) بڵێم یان نا!"

چ دەبوو گەر کەسێک توانیبای بەو جۆرە شیعرێک بخوێنێتەوە، یان وشەی (قەتلوعام) نوتق کات، یاخود نامەی ئەو ژنە بخوێنێتەوە کە خۆشی دەوێ، یان بەو جۆرە ئەم پەیامە بخوێنێتەوە کە شەرحی حاڵی ئینسانێکە زۆر لەژیانیدا جەنگی و شتێکی کەمی دەسکەوت.

***

ڕۆژی دواتر، سوبای ساڵحان، بابم دەستی گرتم و گوتی:

– "وەرە!"

دایکم بەترسەوە گوتی: "ئەرێ ئەو تولفە بۆ کوێ دەبەیت؟ تەنانەت مەسیحییەک لەماڵ نەهاتۆتە دەرێ!"

بابم دووبارەی کردەوە: "وەرە!" وای گوت و ئیدی دەرگاکەی کردەوە و چووینە دەرێ.

لێم پرسی: "بۆ کوێ دەچین؟" وام گوت و دەستم لەنێو دەستی پیاوانەیدا دەلەرزی.

سەیرێکی خواروو ژووری کۆڵانم کرد، کەس بەدەرەوە نەبوو، جگە لە دوو ژنی تورک نەبێ کە لە سووچی کۆڵاندا و لەبەر بەلوعەدا خەریکی شت شتن بوون، ڕەنگی ئاوەکە سوور بوو.

– "دەترسیت؟"

– "بەڵێ؟"

– "قەیناکا، ڕادێیت!"

لەسووچی کۆڵانەکەوە داگەڕاین و بەرەو دەروازەی بەندەر کەوتینە ڕێ، لای دەرگای ماڵێکەوە ڕەتبووین کە هێشتا دوکەڵی لێ هەڵدەسا. لای ماڵی زۆرەوە ڕەت بووین کە دەرگاکانیان شکاو و هێشتا خوێنەکەی سەریان وشک نەبۆوە، کاتێک گەیشتینە گۆڕەپانی شار بەئەستێرکی پەیکەری شێر و دارچنارە دێرینە گەورەکەی لێوارەکەیەوە. بابم ڕاوەستا.

بەدەم ئیشارەتکردنەوە گوتی: "بنۆڕە!"

سەیری دار چنارەکەم کرد و لە حەیوەتا قیژەیەکم لێ هەستا، سێ کەس لە پاڵ یەکدا لە دار درابوون، پێیان پەتی و جلکی نوستنیان لەبەردا بوو، زوبانیان بەڕەنگێکی سەوزی تۆخ لە دەمیانەوە هاتبووە دەرێ. ئاخر ئەو دیمەنە زیاد لە وزەی من بوو، سەرم وەرچەرخان و باوەشم کرد بەئەژنۆی بابمدا، بەڵام ئەو بەدەست سەری گرتم و بەرەو چنارەکە وەری چەرخاند.

هەمدیس ئەمری پێ کردمەوە: "بنۆڕە!"

پانتایی چاوانم پڕبوون لە خەڵکانی لەسێدارەدراو.

– "ئومێدەوارم بەدرێژایی تەمەنت، دیمەنی ئەم لەسێدارەدراوانە لە پێش چاوانت نەسڕدرێتەوە!"

– "کێ ئەوانەی کوشتووە؟"

– "ئازادی، تا خودا لێمانی پیرۆزکات!"

من لەو قسەیە نەگەیشتم، بەچاوانێکی دەرپۆقیوەوە لەو سێ جەنازەیە ورد دەبوومەوە کە لە مابەینی گەڵا زەردەکانی دارچنارەکەوە بەئەسپایی دەلەرینەوە.

بابم چاوی بەملاولادا گێڕا و گوێی ڕادێرا، کۆڵانەکان بێدەنگ بوون، ڕووی تێ کردم و گوتی: "دەتوانیت دەستیان تێوە بدەیت؟"

بەترسەوە وەڵامیم دایەوە: "نا!"

– "چۆن؟ دەتوانیت... وەرە!"

نزیک بووینەوە، بابم بەپەلە خاچی کێشا، ئەمری کرد:

– "دەی دەست لە پایانەوە بدە!" دەستی گرتم، پێستی سارد و وشکی جەنازەکانم لەسەر پەنجەکانم هەست پێ کرد، هێشتا شەونمیان لەسەر بوو.

بابم ئەمری کردەوە: "ماچیان کە، ڕێوڕەسمی دۆعاکردن بەجێ بێنە!"

کاتێک سەرنجی دا دەمەوێ بڕۆم، ژێر باڵی گرتم، بەرزی کردمەوە، سەری چەماندمەوە و لێومی



بەپایانەوە نووساند، پاشان دایگرتمە سەر عەردەکە، لەشم لەسەر پام قورس بوو، بابم نوشتایەوە و سەیری کردم. گوتی: "ئەمە بۆ ئەوە بوو تا لەسەر مەرگ ڕابێییت!"

جارێکی تر دەستی گرتم و گەڕاینەوە ماڵ، دایکم بەنیگەرانییەوە لەودیو دەرگاوە چاوەڕێی دەکرد، بەدەم باوەش پێداکردن و ماچکردنمەوە گوتی:" توخودا، ئەو توڵفەت بۆ کوێ برد؟"

بابم وەڵامی دایەوە: "چووین بۆ دۆعا کردن!" وای گوت و سەرنجێکی پڕ لە باوەڕ بەخۆبوونی لێ دام.

***

بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەروازەکان بەداخراوی مانەوە و لەڕۆژی چوارەمدا کرانەوە، بەڵام تورک بەکۆڵانەکانا دەگەڕان، چاخانەکانیان تەحەڕیی دەکرد، لە مزگەوتەکان کۆدەبوونەوە، هێشتا کەفوکوڵی دەروونیان نەنیشتبۆوە، چاوانیان پڕ بوو لەقەتڵوعام، کریت بەلێواری تەقینەوەوە بوو، تەنها پزیسکێک بەس بوو بۆ ئەو تەقینەوەیە، ئەو مەسیحییانەی منداڵیان هەبوو، سواری بەلەم و کەشتی بوخاری بوون و بەرەو گریکستانی ئازاد کەوتنە ڕێ. بەڵام ئەوانەی منداڵیان نەبوو، میگالۆ کاستڕۆیان جێ هێشت و دایانە شاخ.

ئێمە لەو کەسانە بووین کە بەنیازی سەفەر چووین بۆ بەندەر، بابم لە پێشەوە دەڕۆیشت و من لەدواوە و دایکم و خوشکەکەم لەدوای بابمەوە هەنگاویان دەنا.

بابم گوتی: "ئێمەی پیاوان دەبێ ئاگاداری ژنان بین ئاخر هێشتا تەمەنم نەگەیبووە هەشت ساڵان من لە پێشەوە دەڕۆم و تۆ لە دواوە بە، زۆر وریابە!"

لای ماڵی سووتاوی هاوسێکانمانەوە ڕەت بووین، هێشتا ژمارەیەک لە جەنازەکانیان بەخاک نەسپاردبوو، لاشەکان بۆنیان کردبوو، بابم لەبەر دەرگایەکدا نوشتایەوە و بەردێکی بەخوێن سووری هەڵگرتەوە. بەردەکەی دامێ و گوتی:

– "ئەمە بۆ تۆ، هەڵی گرە!"

سەرەنجام پەیم بەڕەوتاری توند و وشکی بابم برد، ئاخر وی شێوازی (پیداگۆژی نوێ)ی پەیڕەو نەدەکرد، ئەو پەیڕەوکاری شێوازێکی دێرین و بێڕوحمانە بوو، تەنها شێوازێک کە دەیتوانی پارێزگاری لەنەژاد بکات. ئاخر گورگ یەکەمین بەچکەی خۆی فێری ڕاو و کوشتن دەکات، فێری دەکات چۆن بەفێڵ یان ئازایەتی، خۆی لە تەڵە ڕزگارکات. حەوسەڵەو سەرسەختیم کە هەمیشە لەهەلومەرجی خەتەرناکدا لەگەڵم بوون، بەقەرزارباری (پیداگۆژیی)یە زبر و وشکەکەی بابمیان دەزانم، هەروەها ئەو ئەندێشە دەستەمۆ نەبووانەی کە هەر ئەلعان لە کۆتایی عومرمدا حوکمڕانیم دەکەن و ئامادەی قەبووڵکردنی تەسەللای من لە خواوەند و شەیتان نین، بەقەرزارباری ئەو ڕەوتارە وشک و زبرەی بابمیان دەزانم .

***

بەر لەوەی ماڵ جێ بێڵین، بابم پێی گوتم: "وا باشترە بچینە ژوورەکەی تۆ و بڕیار بدەین بۆ کوێ بچین!"

لەناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستا و ئیشارەتی بۆ نەخشەی گریگستان کرد کە بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو.

– "پیرایۆس یان ئەسینام ناوێ، هەمووان لەوێ کۆدەبنەوە، دواتریش دەکەونە هاوارهاوار کە شتێک شک نابەن بیخۆن و پاشان دەکەونە دەستی سواڵ پانکردنەوە. ئەو جۆرە کارانە پەست و تووڕەم دەکەن، دورگەیەکی تر هەڵبژێرە."

– "هەر کامێک خۆم بمەوێ؟"

– "بەڵێ، هەر کامێک خۆت بتەوێت."

لەسەر کورسییەکە هەستام و لە تەواوی دوورگەکانی (ئیژە) – خاڵچنیی سەوز لەسەر زەریای شین – وردبوومەوە، پاشان لە (سانتۆرینی)یەوە دەستم پێ کرد و پەنجەم بە(میلۆس) و (سیپنۆس) و (میکۆنۆس) و (پارۆس)دا گێڕا و لەسەر (ناکسۆس) ڕام گرت.

گوتم: "ناکسۆس!"

شێوە و ناوەکەیم پێ خۆش بوو، لەو ساتەوەختەدا چۆن دەمتوانی پێشبینی ئەوە بکەم کە ئەو هەڵبژاردنە ڕێکەوت و خەتەرناکە چ کاریگەرییەک لەسەر تەواوی ژیانم جێ دێڵێ.

سەیری بابم کرد و هەمدیس گوتم: "ناکسۆس!"

وەڵامی دامەوە: "زۆر باشە، دەچین بۆ ناکسۆس."

## ناکسۆس

ئەم دوورگەیە لە نێو ڕووناکی و ئارامییەکی چڕدا نوقووم بوو، لە هەموو لایەک کاڵەک و هەڵووژە و هەنجیر هەڵدرابوونەوە، زەریایەکی ئارام دەوری دابوو، لە خەڵکی ئەو دوورگەیەم دەنۆڕی، ڕوخساریان میهرەبان و هەرگیز لە حەژمەت تورک یان بوومەلەرزە هەڵنەلەرزیبوون و ڕووبەڕووی مەترسی نەبیبوونەوە، لێرە ئازادیی، پەرۆشبوونی بۆ ئازادیی خامۆش کردبوو، ژیان وەک گەڵایەکی ناو ئاو بەبێ جووڵە دەڕۆیشت، گەرچی ناو بەناو دەخرۆشا بەڵام هەرگیز لافاوێکی لێ نەدەکەوتەوە. کاتێک لەو ناوەدا پیاسەم دەکرد، یەکەمین نیعمەتێک کە سەرنجی ڕاکێشام، ئاسایش بوو: ئاسایش و چەند ڕۆژێک دواتریش بێزاری.

پیاوێکمان ناسی ناوی (لازارۆس) بوو، ئەو پیاوە ناکسۆسییە دەوڵەمەندێکی خەڵکی (ئینگاریس) بوو. ئەو ناوچەیە یەک سەعات لەشارەوە دوور بوو، لازارۆس باخێکی گەورەی هەبوو، ئێمەی بۆ ئەوێ دەعوەت کرد و دوو هەفتەیەک لەلای ماینەوە. خودایە چ فەرەحییەک و چ جوانییەک و چ درەختگەلێکی بەبەر، ئیدی کریت لە لامان ببووە ئەفسانەی پەرییان، هەوری هەڕەشەکەر لەو دوورەوە چ خەتەری بۆ سەر ئێمە نەبوو، نە لەخوێنڕێژیی هەواڵێک هەبوو، نە لە جەنگێن بۆ ئازادیی، ئەوانە هەموو تواپوونەوە و لە نیعمەتەکانی ناکسۆسدا بزر ببوون.

چەند کتێبێکم لە گەنجینەی خانووی باخەکەدا دۆزییەوە، ڕۆژگار پەڕەکانی زەرد هەڵگەڕاندبوون،



کتێبەکانم هەڵگرتن و ڕۆژانە لەژێر دار زەیتوونێکدا دادەنیشتم و بەپەرۆشەوە دەکەوتمە هەڵدانەوەی پەڕەکانیان، لە وێنەی کۆن و بێرەنگی قارەمانان و خانمان، لەئاژەڵانی درندە و مۆزی دارستان ورد دەبوومەوە، لە کتێبێکی تردا، وێنەی زەریای شەختەبەند و کەشتیی لەناو سەهۆڵدا گیرخواردوو، وێنەی بێچووە ورچ کە وەک تۆپەڵە لۆکە لەسەر ڕووی بەفر تلیان دەدا. لە کتێبێکی تردا وێنەی شارە دوورەکان، دوکەڵکێشگەلی بەرز، کرێکاران و ئاگری گەورە.

زەینم دەکشا و دونیاش لەگەڵیدا بەرفەراوان دەبوو، ئەندێشەم پڕ دەبوو لە درەختە گەورەکان، لە گیانەوەرە سەیرەکان، لە خەڵکانی ڕەش و زەرد. لە یەکێک لەو کتێبانەدا ئەم وشانەم هاتنە بەرچاو: چەند بەختەوەرە ئەو کەسەی کە زۆرترین زەریا و کیشوەرەکانی بینیوە! لە کتێبێکی تردا ئەم ڕستەیە سەرنجی ڕاکێشام: گا– بوون بەڕۆژێک باشترە لە – مانگا بوون– بەساڵێک! باش لەو ڕستەیە حاڵی نەبووم، بەڵام دەمزانی نامەوێ ببمە مانگا، بەداخستنی کتێب و سەیرکردنی داربەهێ و دارهەڵووژەی گەییو و ئاودار، هەوای گەرم و بۆنخۆشم هەڵدەمژت، بەمێروویەک دەچووم کە هێشتا باڵەکانی تەواو کامڵ نەبووبن و پا چکۆڵەکانی بەعەرددا بدا تا بەڵکو باڵ بگرێ و بفڕێ، گەرچی دەشترسێ لەوەی چما سەردەکەوێ یان شکست دێنێ؟ ئاخر ئەمە بوو وای لێ کرد عادەت بەتۆزێکی تر ئارامییەوە بگرێ.

من عادەتم بەئارامییەوە گرت، بێ ئەوەی چ زانیارییەکم هەبێ، بەنهێنی خۆم بۆ ڕۆژێک ئامادە دەکرد کە باڵەکانم ئامادەی فڕین دەبن و ئیتر بۆ خۆم دەڕۆم.

بەڵام خوشکەزاکەی لازارۆس، کە کچێکی بزێوی دوانزە ساڵان و ناوی (ستیلا) بوو، بەدار زەیتوونەکەی ئەو لامەوە جۆلانەی دەکرد و گۆرانیی دەچڕی. لەکاتی جۆلانەکردنا کراسەکەی هەڵدەدرایەوە و پێپووزە خڕ و وەک بەفر سپییەکەی لەبەر ڕۆشنایی هەتاودا دەبریسکایەوە. حەوسەڵەی بیستنی گۆرانییەکەی، یاخود بینینی پێپووزیم نەبوو، ڕۆژێکیان بەتووڕەیی کتێبەکانم کێشا بەعەرددا، ئەویش بەدەم بنێشت جوینەوە سەیری کردم و دایە قاقای پێکەنین، لەو هەموو گۆرانییەی ستیلا تەنها یەکێکیانم بیرماوە کە دەیگوت:

ئەو چاوە ڕەشانە داگرە کە تەماشای منیان پێ دەکەی
زێڕ و زیوەکەم دایانگرە، وا خەریکە ئاگرم تێ بەردەدەن.

هەستامە سەر پێ و هاوارم کرد: "ستیلا، یا تۆ بڕۆ یاخود من دەڕۆم!"

لە جۆلانەکە دابەزی و ئیتر بێ ئەوەی پێبکەنێ، وەڵامی دامەوە:

– "وەرە با هەردووکمان بڕۆین!" پاشان دەنگی نزم کردەوە و لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: "هاوڕێی داماو، باشترە پێکەوە بڕۆین، چونکە ڕۆژی دووشەممە لە قوتابخانەیەکی کاسۆلیکەکاندا زیندانیی دەکرێی. گوێم لێ بوو باوکت لەو بارەیەوە قسەی بۆ خاڵۆم دەکرد!"

لەناو قەڵاکەی ناکسۆسدا، کە تەرمی داگیرکەرە فەرەنگییەکانی تێدا بەخاک سپێردرابوون، قوتابخانەیەکی بەنێوبانگی فەرەنسایی هەبوو کە قەشەی کاسۆلیک مەزەب بەڕێوەیان دەبرد. من و بابم ڕۆژێکیان بۆ ئەوێ چووین، بابم بۆ ماوەیەک سەیری کرد و پاشان سەرێکی لەقاند و گوتی:

– "ئێره بۆ فێربوون قەیدی ناکا، بەڵام مامۆستاکانی قەشەی کاسۆلیکن، نەفرەتیان لێ بێ. دەشێ بتکەنە کاسۆلیک!"

گەرچی دووباره ناوی ئەو قوتابخانەیەی نەهێنایەوە، بەڵام دەمزانی کە بیرێکی لەو جۆره گینگڵی پێ دەدا و نازانێ چ بڕیارێک بدا. شەوی هەمان ئەو ڕۆژەی کە ستیلا لەو بارەیەوە قسانی بۆ کردم، دوای شێو بابم لەگەڵ خۆیدا بۆ پیاسە بەرەو باغەکەی بردم. مانگ تریفەی دەدا، هەموو شتێک ئارام و بۆنێکی خۆشی لێ دەهات. ماوەیەک زاری هەڵنەهێنایەوە، لەکاتی گەڕانەوەدا، ڕاوەستا و گوتی: "لە کریت شۆڕش هەڵایساوەتەوە و ئیدی من دەگەڕێمەوە بۆ ئەوێ، ئاخر ڕەوای حەق نییە برا مەسیحییەکانم لەوێ بجەنگن و منیش لێره لەباغەکاندا پیاسە بکەم، دەبێ بڕۆم. تۆیش نابێ هەل لەدەس بدەیت، دەمەوێ بۆ خۆت ببیتە پیاو!"

هەمدیس بێدەنگ بۆوە، چەند هەنگاوێکی نا و جارێکی تر ڕاوەستا.

– "تێگەیشتیت؟ بوون بەپیاو واتە بەکەڵکی وڵات هاتن، حەیفێک ناوکیان بۆ دەرس و دەور بڕیویت نەک بۆ چەک هەڵگرتن، داخەکەم تازە چ شتێک ناکرێ. ئیتر ڕێگەی تۆ ئەوەیە، ئەو ڕێگەیە بگرەبەر. تێدەگەیت؟ دەرس بخوێنە تا لە ڕێی وەدەسهێنانی ئازادیدا یارمەتی کریت بدەیت، دەبێ ئامانجی تۆ ئەوە بێ، ئەگەر نا ئەوا خوێندن و خوێندەواری بەجەهەننەم، من نامەوێ ببیتە مامۆستا و قەشە و سولەیمانی حەکیم، تێدەگەیت؟ من بڕیاری خۆم داوە، ئەلعان تۆیش بڕیاری خۆت بدە! گەر لە ڕێی قەڵەم یان تفەنگەوە نەتوانیت یارمەتی کریت بدەیت، ئەوا وا باشترە بۆ خۆت پاڵکەویت و بمریت!"

گوتم: "ئاخر من لە قەشە کاسۆلیکەکان دەترسم!"

– "هەروەها منیش لێیان دەترسم، پیاوی حیسابی دەترسێ، بەڵام بەسەر ترسەکەیدا زاڵ دەبێ، من ئیمانم پێت هەیە."

ساتێک بیری کردەوە و ئەوجا ئاوها قسەکانی ڕاست کردنەوە:

– "نا، ئیمانم بەتۆ نییە، بەڵکو ئیمانم بەو خوێنە هەیە کە لەدەمارەکانتا دێ و دەچێ، ئیمانم بەخوێنی کریتیی هەیە، دەی نیشانەی خاچ بکێشە، گوڕ بدە خۆت و بەئومێدی خودا ڕۆژی دووشەممە دەچین ناونووست دەکەین."

ئەو ڕۆژەی من و بابم بەو تەپۆڵکەیەدا سەر دەکەوتین کە لەبەردەم قەڵاکەدا بوو، باران دەباری، نمە بارانێکی پەراگەندەی پاییزیی ڕێگەکانی تاریک دەکرد، زەریا لەدوامانەوە هەناسەی هەڵدەکێشا، شنەیەکی فێنک گەڵای درەختەکانی شەن دەکرد، تاک تاک گەڵاکان، بەڕەنگی زەرد و قاوەیی دەڕژانە سەر عەرد و سەری تەڕی درەختەکانیان دەڕازاندەوە، بایەکی توند کە بێگومان لەو سەری سەرەوە هەڵی کردبوو، پەڵە هەورەکانی ڕاودەنا، سەرم هەڵبڕی و سەرنجێکی قووڵم لە پەڵە هەوەرەکان دا، ڕایان دەکرد، یەکیان دەگرتەوە، جوێ دەبوونەوە و هەندێکیان قەڵبەزەی بەرزی ڕەنگ خۆڵەمێشییان لەدوای خۆیانەوە جێ دەهێشت تا بەشکم عەرد لەمس کەن.

لە تافی منالیمەوە بەدوا، حەزم دەکرد لە حەوشە لەسەر پشت ڕاکشێم و لە هەور بنۆڕم، زۆربەی کات



مەلێک، ڕیشۆڵەیەک یان پەڕەسێلکەیەک یاخود کۆترێک دەفڕی و بەشێوەیەک لەگەڵیدا یەکانگیر دەبووم کە گەرمای سینگیم لەسەر لەپی دەستم هەست پێ دەکرد. خاتوو (پنلوپ)ی هاوسێمان ڕۆژێک بەدایکمی گوتبوو: "مارگی، مەزندە دەکەم کوڕەکەت بونیادەمێکی دەسگرەوە یان فاڵچی لێ دەرچێ. ئاخر دایمەی خوا تەماشای هەور دەکات."

دایکم وەڵامی دابۆوە: "پنلوپ خەفەت مەخۆ، شەقی زەمانە ناچاری دەکات سەرنجی بۆ خوارەوە نەوی کات!"

بەڵام هێشتا زەمانە شەقی خۆی نەوەشاندبوو، ئەو ڕۆژەی بەرەو قەڵاکە سەردەکەوتم، هەورم ستایش دەکرد، جار ناجار هەڵدەنووتام و پام دەخزا، بابم شانی گرتم و گوتی:

– "هەور لەبیرکە، تەماشای بەردەکانی ژێر پێت کە تا نەکەویت و هەڵنەدێرێیت!"

کیژۆڵەیەکی جحێڵ و مەلوول لەخانوویەکی نیوە وێران هاتە دەرێ، ئەویش لە ئاسمانی دەنۆڕی، کیژۆڵەکە زەرد و لاواز بوو، لەڕوخساریدا نیشانەی ویقار و نەجابەت دەبینرا، شاڵێکی کۆنی لەخۆیەوە پێچابوو، هەڵدەلەرزی، دواتر زانیم ئەو کیژۆڵەیە سەر بەیەکێک لەبنەماڵە بەناوبانگە کاسۆلیکەکان بووە، هەموو ئەندامانی ئەو خێزانە کۆنت و ژنە کۆنت بوون و چەند سەدەیەک لەوەوبەر ناکسۆسیان داگیرکردبوو، ئەو قەڵایەیان بۆ نیشتەجێبوونی خۆیان ڕۆنابوو، قەڵاکە کەوتبووە بەرزترین شوێنی شارەوە، لەوێوە دەیانتوانی ڕەشە خەڵکە ئەرتەدۆکسییەکە بخەنە ژێر چاودێرییەوە و لە بەندەرەوە تا عەردە تەختانییەکانی پشتەوە، لەڕەنج و هەڵپڕووکان و بێگاریی پێکردنیان بنۆڕن. بەڵام ئەلعان ئیدی کەوتبوونە سەر بەڕەی خاڵی و لەوپەڕی زەلیلیدا دەژیان، کۆشکەکانیان داڕووخاوو نەوە بەئەسڵ و فەسڵەکانیان برسی و ڕەنگپەڕیو ببوون. کیژانی ئەو بنەماڵەیە بەدڵی خۆیان مێردێکیان نەدیبۆوە، لەبەرئەوەی پیاوانی هاوسینفی ئەو کیژانە پیاوەتییان لەدەس دابوو، ئەو پیاوانە یان ئارەزووی ژن هێنانیان نەبوو، یاخود دەرەقەتی ژیانی ژن و مناڵ خستنەوە نەدەهاتن، لەلایەکی تر ئەو خانمانە پێیان شوورەیی بوو شوو بەئەرتەدۆکسێکی هەژار بکەن. ئەوانە لەکەلی خۆبەشتزانی و شکۆی خۆیان نەهاتبوونە خوارەوە. لەبەرئەوەی تەنها خۆبەشتزانی و شانازییان شک دەبرد.

کیژۆڵەکە بۆ ساتێک لە ئاسمانی نۆڕی، سەرێکی بادا و هەمدیس چۆوە ژوورەوە.

تەواوی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە موو بەموو وەیاد دێنمەوە، ئەو ڕۆژە دەڵێم کە بەقەڵاکەدا سەرکەوتم تا لە قوتابخانەی کاسۆلیکەکان خۆم ناونووس کەم. هێشتا دەتوانم ئەو پشیلەیە ببینم کە لەسەر سەکۆیەک لە بەر باراندا وێستابوو، سەگێکی سپی بەپەڵەی نارنجییەوە، کیژۆڵەیەکی پێ خاوس مەقەڵییەکی پڕ لەپشکۆی سووری بەدەستەوە و ڕای دەکرد، ڕوخساری بەتینی ئاگرەکە هەڵایسابوو.

بابم گوتی: "ئەوا گەیشتین!" ئیدی دەستی برد و لە ئەڵقەی دەرگا گەورەکەی دا.

لە ژیانی فیکریمدا، ئەوە یەکەمین و ڕەنگە گرنگترین ڕاچڵەکین بووبێ، دەرگایەکی ئەفسووناوی لەزەینمدا کەوتە سەرپشت و بەرەو دونیایەکی سەیر ڕانومایی کردم. تا ئەو دەمە ڕۆحم لەدونیای داخراوی کریت و گریکستاندا دیل بوو، بەڵام هەنووکە دونیا بەر فراوان دەبوو، دابەشکاریی گرووپە بەشەرییەکان

زیاتر دەبوو، ئێسکی سینەی هەرزەکاریم بۆ لەخۆگرتنی هەموو ئەو شتانە هاواری دەکرد. بەر لەو ساتە، نەگەیشتبوومە ئەو یەقینەی کە دونیا زۆر گەورەیە و ڕەنج و هەوڵ تەنها لای جەنگاوەرانی کریت نییە، بەڵکو لای هەموو ئینسانێک هەیە. لەوەش زیاتر، لەڕێی شیعرەوە دەتوانرێ تەواوی ئەو ژان و هەوڵانە بکرێنە خەون، جیلوەی بوون بەهەر ڕادەیەکیش زوو گوزەر بێ، شیعر دەتوانێ وەک گۆرانی نەمری کات.

تا ئەو دەمە تەنها دوو یان سێ ئەڤینی سەحرایی حوکمڕانییان بەسەر بوونمدا کردبوو: ئەوانیش ترس، جەنگ بۆ زاڵبوون بەسەر ترسدا و پەرۆشیی ئازادیی بوون. بەڵام حاڵی حازر دوو ئەڤینی تازە لە ناخمدا بڵێسەیان دەدا، ئەوانیش جوانی و ئەڤینی فێربوون بوون. دەمویست بخوێنم و فێربم، سەر زەمینە دوورەکان ببینم، ئەزموونی شەخسیم لەبارەی ڕەنج و شادییەوە هەبێ، ئاخر دونیا لە گریکستان بەرفراوانتر بوو، ڕەنجی دونیا لەڕەنجی ئێمە گەورەتر بوو، پەرۆشبوون بۆ ئازادی، موڵکی ڕەهای کریت نەبوو، بەڵکو جەنگی هەمیشەیی تەواوی بەشەرییەت بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، کریت لە پانتایی ڕۆحمدا نەسڕدرایەوە، بەڵکو تەواوی دونیا لەناخمدا بووە کریتێکی گەورە کە گیرۆدەی زوڵمی جۆراوجۆری تورکان ببوو، بەڵام جارناجار هەڵدەسایە سەر پێ و داوای ئازادیی دەکرد.

لەو ڕێگەیەوە، لە ڕێی گۆڕینی تەواوی دونیا بەکریت، لەساڵەکانی یەکەمی هەرزەکاریمدا توانای ئەوەم پەیدا کرد کە ڕەنج و عەزابی تەواوی بەشەرییەت هەست پێ بکەم.

لە تەواوی گریکستانەوە قوتابیان بۆ ئەو قوتابخانە فەڕەنسایییە دەهاتن، لەبەر ئەوەی من کریتیی بووم و کریت لەو ڕۆژگارەدا دژی تورک دەجەنگی، بەوەزیفەی خۆم دەزانی نەبمە مایەی سەرشۆڕی زێدەکەم، بەئەرکی سەر شانی خۆم دادەنا بەیەکەم دەرچم، ئەوە باوەڕێک بوو کە پێم وابوو لە شانازیی شەخسیمەوە هەڵنەقوڵا بوو، بەڵکو لە وەزیفەی نەتەوەییمەوە نەشەونومای کردبوو. ئەو مەیلە توانای ئەوەی پێ دام پێشی هەموو هاوپۆلەکانم بدەمەوە - نا، من نا... بەڵکو کریت- بەو جۆرە چەند مانگێک لەسەرمەستییەکی دەگمەندا ڕەت بوو: ئارەزوویەکی مەستانە بۆ فێربوون و پێشکەوتن و شوێن باڵهەڵگرتنی مەلی ڕۆح.

زەینم ئازایەتییەکی وای پەیداکردبوو کە ڕۆژێکیان بڕیارم دا بەرامبەر هەر وشەیەکی فەڕەنسی لە فەرهەنگدا، مانا گریکییەکەی بنووسم، چەند مانگێک بەو کارەوە خەریک بووم، سوودم لەچەند فەرهەنگێکی جۆراو جۆری زوبان وەرگرت، کاتێک تەواوم کرد، بەشانازییەوە فەرهەنگەکەم پیشانی (پییێر لورن)ی بەڕێوەبەری قوتابخانە دا. ئەو پیاوە قەشەیەکی بیریار و کەمدوو بوو، چاوانی ڕەنگ خۆڵەمێشی و زەردەخەنەیەکی تاڵی لەسەر لێو، ڕیشێکی پانی ماش و برنجی هەبوو.

فەرهەنگەکەمی گرت بەدەستەوە، پەڕە پەڕە هەڵی دایەوە، بەستایشەوە سەیری کردم و دەستی بەنیشانەی پیرۆزبایی بەسەرمدا هێنا. گوتی:" کریتیی جحێڵ، ئەو کارەی تۆ کردووتە نیشانی دەدا کە تۆ ڕۆژێک لەڕۆژان دەبیتە شت، تۆ بونیادەمێکی بەختەوەریت کە لەم عومرەدا ڕێگەی خۆت دۆزیوەتەوە، ڕێگەی گەڕان. خودا ئاگای لێت بێ."

تژیی لە شانازیی بەدوای (پییێر لاورێنت)ی یاریدەدەریدا گەڕام، پییێر لاورێنت قەشەیەکی نەوسن و



قۆز و چاو باشقاڵ بوو، پێدەکەنی و نوکتەی دەگێڕایەوە و لە گەڵمانا گەمانی دەکرد، پشووی هەفتان بەرەو یەکێک لە باغەکانی دەوروبەری قوتابخانە بۆ پیاسەی دەبردین، لەوێ دەکەوتینە زۆران، پێدەکەنین، میوەمان دەخوارد، لەنێو چیمەنەکەدا دەگەوزاین و ماندوویی ئەو هەفتەیەمان لەجەستە دەچووە دەر.

بەپەلە بەشوێن (پییێر لاورێنت)دا گەڕام تا شاکارەکەمی پیشان دەم، لە حەوشی قوتابخانە بینیم، گوڵە سۆسەنەکانی ئاو دەدا، فەرهەنگەکەی لێ وەرگرتم و پەڕە پەڕە سەیری کرد، هەرچی زیاتر پەڕەکانی هەڵدەدایەوە، زیاتر ڕوخساری دادەگیرسا، کوتوپڕ فەرهەنگەکەی بەرزکردەوە و کێشای بەدەموچاوما.

هاواری کرد: "شەرم ناکەیت؟ تۆ منداڵیت یان پیرەمێردێکی سەر لە گوێی قەبر لەرزیو؟ ئەم کارە پیرەمێردانەیە چییە کە وەختی خۆتت پێوە بەفیڕۆ داوە؟ لەباتی پێکەنین و گەمە و مێبازیی، وەک پیرەمێردێکی خەڵەفاو دانیشتوویت و فەرهەنگی زوبانت تەرجومە کردووە! دەی بڕۆ ون بە و ئیدی سەرو فەساڵت نەبینمەوە، گوێ بگرە.. گەر لەسەر ئەم ڕێگەیە بەردەوام بیت، ئەوا هەرگیز هیچ ناکەیت بەهیچ، دەبیتە مامۆستایەکی داماوی پشت کۆماوەی عەینەک لەچاو، گەر تۆ بەڕاستی کریتیت، ئەوا ئەم فەرهەنگە بسووتێنە و خۆڵەمێشەکەیم بۆ بێنە، ئەوسا بەرەکەتت دەدەم، باش بیخە مێشکتەوە، دەی ئێستا بڕۆ لەبەر چاوم مەمێنە!"

سەراپا گێژو وڕ گەڕامەوە، ئەدی کامیان لەسەر حەق بوون؟ چیم کردبا؟ کام ڕێگە لەو دوو ڕێگەیە ڕاست بوو؟ ساڵانێک ئەو پرسیارە ئازاری دام، کاتێک وەڵامەکەیم دەسکەوت ئیدی سەرم سپی ببوو، ڕۆحم لە مابەینی پییێر لورن و پییێر لاورێنتدا دەهات و دەچوو، سەیری فەرهەنگەکەم دەکرد کە وشە گریکییەکان بەخەتی سووری ورد لە پەراوێزدا نووسرابوون، بەوەبیرهێنانەوەی ئامۆژگارییەکەی پییێر لاورێنتیش دڵم دەشکا، نا.. من ئازایەتی سووتاندنی فەرهەنگەکە و بردنی خۆڵەمێشەکەیم بۆ پییێر لاورێنت نەبوو، ساڵانێک دواتر، کاتێک پەیم بەمەسەلەکە برد، فەرهەنگەکەم خستە نێو ئاگرەوە، بەڵام خۆڵەمێشەکەیم کۆنەکردەوە، چونکە ئیدی پییێر لاورێنت مردبوو.

بابم هەر یەکسەر دوای ئەوەی خستمیە قوتابخانە و لەو بارەیەوە دڵنیابوو، خۆیشی لە نێو بەلەمێکدا دانیشت و بەنهێنی خۆی کردەوە بەکریتدا تا لەوێ بجەنگێ، جارێک چەند دێڕێکی کورتی لەسەر قاقزێکی باروتاویی بۆ ناردم:

من وەزیفەی خۆم ئەنجام دەدەم، دژی تورک دەجەنگم، تۆیش بجەنگە، جێ خاڵیی مەکە و مەهێڵە ئەو کاسۆلیکانە مێشکت تێکدەن، ئەوانە سەگن، تەواو وەک تورک وەهان، بیرت نەچێت تۆ خەڵکی کریتیت. ئەقڵت موڵکی خۆت نییە، بەڵکو هی کریتە، تا دەتوانیت قاڵی کە، تا ڕۆژێک بتوانیت لە پێناوی ئازادیی کریتدا بەکاری بێنیت، حاڵی حازر کە ناتوانیت بەچەک یارمەتی کریت بدەیت، بۆچی بەقەڵەم ئەو کارە ناکەیت؟ قەڵەمیش وەک تفەنگ وایە، تێگەیشتیت من چیم لێت دەوێ؟ بڵێ بەڵێ، ئەمەش بۆ ئەمڕۆ و سبەینێ و بۆ هەمیشە سەرو زیادە. ها... ڕووم ڕەش نەکەیت!"

تەواوی قورسایی کریتم لەسەر شانم هەست پێ دەکرد، گەر بەباشی لە دەرسەکان نەگەیشتبام، ئەگەر

پرسیارێکی بیرکاریم بۆ حەل نەکرابا، گەر لە تاقیکردنەوەدا بەیەکەم دەرنەچووبام، ئەوا هەستم دەکرد کریت سەرشۆڕ بووە، من لە تافی هەرزەکاریدا شەڕە شەق و بزێوی و شتی لەو جۆرەم نەدەزانی، کاتێک دەمدی هاوپۆلەکانم پێدەکەنن و گەمە دەکەن، ئافەرینم دەکردن، منیش وەکو ئەوان حەزم لە یاری و پێکەنین بوو، بەڵام ئاخر کریت دەجەنگی و لە خەتەردا بوو، لەوەش ترسناکتر ئەوەبوو کە سەرجەم مامۆستا و قوتابییەکان بەناوی خۆمەوە بانگیان نەدەکردم، بەڵکو بە(کریتیی) بانگیان دەکردم، ئەمەش وەبیرهێنانەوەی ئەو ئەرکە بوو کە کەوتبووە سەر شانم.

بەڵام سەبارەت بەکاسۆلیکبوون، چ ترسێکم نەبوو، نەک لەبەرئەوەی دەمزانی کام مەزەب لەسەر حەقە، بەڵکو هۆیەکی تری هەبوو کە لەگەڵ ڕووکەشییە بێ بایەخەکەیدا، قووڵتر ڕۆحی هەرزەکاریمی لەهەر ئایین و مەزەبێک خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

بەیانیانی هەموو ڕۆژێک لەقوتابخانە، ڕێوڕەسمی نوێژکردنی ئیجباری بەڕێوە دەبرا، شوێنی نوێژ، هۆدەیەکی چکۆڵە و هاکەزایی بوو، کەوتبووە ناوەڕاستی قوتابخانەوە، ئەو ژووره هاوینان ترسناک و گەرم و زستانانیش ترسناک و سارد، دوو پەیکەری لەگەچ دروستکراوی لێ دانرابوو، یەکێکیان هی مەسیح و ئەوی تریشیان هی مەریەمی پاکیزە، لە گوڵدانە شوشەییبیە بەرزەکانی سەر میحرابی پیرۆزدا، چەپک چەپک گوڵە سۆسەنی سپی هەبوون، گرنگییەکی ئەوتۆ بەو گوڵانە نەدەدرا، بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ ئاوی گوڵدانەکانیان نەدەگۆڕی، سەرەنجام دەڕزین و بەیانیان کە دەچوومە ژووری نوێژ، بۆڕزیو هێڵنجی پێ دەدام، بیرمە جارێک بەبۆنی ئەو گوڵانە بوورامەوە. بەو جۆرە وردە وردە کڵێسای کاسۆلیک و گوڵە سۆسەنە ڕزیوەکان لە ناوەوەمرا ئاوێتەی یەکدی بوون، ئیتر لەوساوە مەسەلەی بوون بەکاسۆلیک وەڕسی دەکردم.

لەگەڵ ئەوەشدا، ساتەوەختێک پێشهات کە تیایدا بەلێواری هەڵدێری خیانەتکردن لە ئیمانمەوە گیرسامەوە – تا ئەمڕۆش بەشەرمەوە ئەو ساتە وەختە وەیاد دێنمەوە- بۆچی؟ ئەدی کام شەیتان چووە بن کڵێشەمەوە؟ دەبێ ئەو شەیتانە چەند فێڵباز و ئارام بێ کە ئاوها لەو دیو چاکەخوازییەکانی ئێمەوە دەچێتە بۆسەوە و خۆیشی جلکی فەزیلەت دەپۆشێ! دڵنیاشە لەوەی کە درەنگ یان زوو بەڵام بێ سێ و دوو نێچیرەکە دەکەوێتە بۆسەکەیەوە!

لەڕاستیدا ئەو ساتەوەختە هات، بەیانیی ڕۆژێکیان کاردینالێک کە قوتابخانە کاسۆلیکەکانی خۆرهەڵاتی بەسەر دەکردەوە، خۆی کرد بەقوتابخانەکەی ئێمەدا، جبەیەکی ڕەشی ئاوریشمینی بەداوێنی سوورەوە پۆشیبوو، کڵاوێکی سووری گەورەی لەسەردا و گۆرەوی سووری لەپێدا، ئەنگوستیلەیەکی گەورەی یاقیقی لە پەنجەدا، فەزای دەوروبەری پرشنگی دەدا و تژیی لەبۆنی عەتر بوو. ئەو ساتەی هاتە قوتابخانەکەمانەوە، یەکسەر لەبەردەمی ئێمەدا قووت بۆوە، گومانمان نەکرد لەوەی بونیادەمێکی بێگانەیە و هەر ئەلعان لە بەهەشتەوە دابەزیوە، دەستە سپی و قەڵەوەکەی – هەمان ئەو دەستەی ئەنگوستیلە یاقیقییەکە لەپەنجەکەیدا بوو- هەڵبڕی و بەرەکەتی داین، هەمووان هەستمان کرد هێزێکی شاراوە لە تەوقی سەرمانەوە دەڕژێتە جەستەمانەوە و تا نووکەپێمان دەچێ، پێ دەچوو شەرابی ترێمان نۆشیبێ و



مۆخمان بەوێنەی سووریی چڕیی خوێنی لێ هاتبێ.

گومانم لەوە نەبوو کە پییێر لورن باسی منی بۆ کردبوو، لەبەرئەوەی کاتێک ڕۆیشت، ئیشارەتی بۆ کردم بەدوایدا بچم، چووینە ژوورەکەی، لەسەر کورسییەکەی بەردەمیدا مۆڵەتی دامێ دانیشم.

بەنەغمەیەکی شیرین، شیرین وەکی هەنگوین گوتی:" حەز دەکەیت لەگەڵ مندا بێیت؟"

بەسەرسوڕمانەوە پرسیم: "بۆ کوێ ؟ ئاخر من کریتیم!"

کاردینال پێکەنی، پاکەتێکی کردەوە، چکلێتێکی دەرهێنا و نایە دەمم، دەمی کاردینال چکۆڵە و ورد و پاکژ، لێوی ئەستوور، ڕەنگی لێوی سوورێکی تۆخ بوو، هەر کاتێک دەستی دەجووڵان، بۆنی عەتر ئەو ناوەی دەتەنیی.

گوتی: "دەزانم، هەموو شتێک لەبارەی تۆوە دەزانم، تۆ کریتیت، بەمانایەکی تر تۆ بزنە کێویت. بەڵام ئارام بە و گوێم بۆ ڕادێرە، ئێمە دەچین بۆ ڕۆما، بۆ شاری پیرۆز، بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچیتە قوتابخانەیەکی گەورە تا بەناوبانگ بیت، کێ چوزانێ، ڕەنگە ڕۆژێک جلکێکی وەک ئەم جلکانەی من بپۆشیت، لە بیرت نەچێ کاتێک کریتییەک دەبێتە پاپا، واتە دەبێتە ڕابەری هەموو مەسیحییەکانی دونیا، گەورەتر لە ئیمپراتۆر، ئەوکات تۆ دەتوانیت بێیتە مەیدان و کریت ئازاد کەیت. گوێت لێ بوو گوتم چی؟"

بەچرپە گوتم: "بەڵێ... بەڵێ!" سەرم هەڵبڕی و بەپەرۆشەوە گوێم ڕادێرا.

– "کوڕەکەم، تەواو لەم لەحزەیەوە، ژیانت لە خەتەردایە، گەر وەڵامم بەبەڵێ بدەیتەوە، ئەوا ڕزگار دەبیت، ئەگەر نا، ئەوا بۆ خۆت زایە دەبیت، ئەدی گەر لێرە بمێنیت دەبیت بەچی؟ باشە بابت ئیشی چییە؟"

– "بازرگان."

– "کەواتە تۆیش دەبیتە بازرگان، ئەوپەڕەکەی دەبیتە قازیی یان پزیشک، بەواتایەکی تر دەبیتە بەتاڵە، گریکستان لە کوێرە دێیەک زیاتر نییە. کوڕەکەم، لەو کوێرە دێیە وەرە دەرێ، زۆر شتم لەبارەی تۆوە بیستووە، نامەوێ لێرە زایە بیت!"

دڵم بەتوندی کەوتبووە تەپە تەپ، جارێکی تر دوو ڕێگە لەبەردەمما ڕاخران، دەبوو کام ڕێگەیان هەڵبژێرم؟ دەستی داوای یارمەتیم بۆ کێ ڕایەڵ کردبا؟ پییێر لۆرن بۆ ڕێگەیەکی دەبردم و پییێر لاورێنتیش بۆ ڕێگەیەکی تر. ئەدی کام ڕێگەیان ڕاست بوو؟ چۆنە لە بابم پرسیبا؟

کە بابم بیرکەوتەوە زەندەقم چوو، جلک و سەر و گوێلاک باروتاوی، تازە لە کریت گەڕابۆوە و قۆڵی بەقورسی پێکرابوو، هەنووکە تفەنگەکان کڕ ببوون، دوای چەند سەدەیەک خوێن و خوێن ڕێژی، بووکی ئازادیی پێی نابووە خاکی کریتەوە، بەو زووانە شازادە جۆرجی هێلینییەکان دەگەیشت و ڕێک لەو کاتەدا کە کریت و گریکستان بۆ هەمیشە دەبوونە یەک، ئەویش ئەڵقەی لەپەنجەی دوڵبەرەکەی دەکرد.

بابم لەگەڕانەوەیدا یەکسەر هات بۆ بینینم، یەکەم جار نەمناسییەوە، ڕەنگی پێستی لە جاران ڕەشتر و زەردەخەنەیەکیش لەسەر لێوانی نەخشیبوو. ئەوە یەکەمین زەردەخەنە بوو بەڕوخساری بابمەوە بینیبێتم،

بەپێکەنینەوە لێی پرسیم: "حاڵ و ئەحواڵت چۆنە؟ خۆ نەچوویتەتە سەر ئایینی تازە؟" لەشەرما سوور هەڵگەڕام، دەستە زلەکەی هێنا بەسەرما و گوتی:" گاڵتە دەکەم، متمانەم پێتە!"

ئەلعان کە لەحزووری کاردیناڵدا، بیرم لە قسەکانی بابم کردەوە، شین و مۆر هەڵگەڕام، کاردیناڵ دەستە زلەکەی بەمیهرەوە نایە سەر سەرم و پرسی: "بیر لە چ دەکەیتەوە؟"

بەچرپە گوتم: "بیر لەوە دەکەمەوە، چی جوابی بابم بدەمەوە؟"

– "نابێ ئەو بەم مەسەلەیە بزانێ. نە ئەو و نە هیچ کەسێکی تر، ئێمە شەوانە بەنهێنی لێرە دەڕۆین!"

– "ئەی دایکم چۆن؟ ئاخر دوایی دایکم دەگری؟"

– "مەگەر ئەو وتەیەی عیسات نەژنەفتووە کە دەڵێ: هەر کەسێ حاشا لە دایک و بابی خۆی نەکات، ناتوانێ شوێن پێی من هەڵگرێ!"

بێدەنگی لێوەکانمی دروو، لە ڕۆژانی منالیمەوە بەرەو ژوور، ڕوخساری عیسا ئەفسوونی کردبووم، لەسەر ڕووی تابلۆکان هەنگاو بەهەنگاو کەوتبوومە شوێن چیرۆکی ژیانی وی: لەدایکبوون، گەیشتن بەتەمەنی دوانزە ساڵی، ڕاوەستان لەنێو بەلەمەکەدا و دەس ڕایەڵکردن بۆ هێورکردنەوەی زەریا، پاشان قامچی لێدان و لەخاچدان، هاواری وی لەسەر خاچ کە گوتبووی: خودایە، خودایە، بۆچی بەتەنها جێت هێشتم؟ دواتر ئەو بەیانییە دلڕفێنەی کە لەنێو گۆڕەوە هاتە دەرێ و بەبەیداخێکی سپییەوە بەرەو ئاسمان هەڵگژا. بەبینینی وی، منیش بەر قامچی دەدرام، لەخاچ دەدرام، ڕادەبوومەوە، ئەو سەردەمەی (کتێبی پیرۆز)م دەخوێندەوە، داستانە کۆنەکانم لەلا دەژیانەوە، ڕۆحی بونیادەم لەمەخلوقێکی کێویی و نوستوو دەچوو کە لە خەوندا هاواری دەکرد، کوتوپڕ دەروازەی ئاسمانەکان دەکرانەوە و مەسیح دادەبەزی، ئەو مەخلوقەکەی ماچ دەکرد و ئەمیش یەکسەر هەناسەیەکی خۆشی هەڵدەمژت و وەئاگا دەبۆوە، ئیدی دەبۆوە بەوێنە هەمیشەییەکەی خۆی، دەبۆوە بەشازادە خانمێکی زۆر ناسک و نازدار.

دەستی کاردیناڵم ماچ کرد و گوتم: "زۆر باشە، من حاشا لە دایک و بابم دەکەم!"

کاردیناڵ گوتی: "کوڕی خۆم، هەر ئەلعان ڕوحلقودسم بینی کە بەسەر تۆدا دابەزی، تۆ ئیدی ڕزگارت بوو."

وای گوت و ئەنگوستیلە یاقیقێکەی بۆ ڕاگرتم تا ماچی کەم.

بڕیاربوو دوای سێ ڕۆژی تر بڕۆین، من دەمویست بێ ئەوەی ئەو نهێنییە بدرکێنم دایک و بابم ببینم و لەدڵی خۆدا، خودا حافیزییان لێ کەم. بەڵام کاردیناڵ قایل نەبوو. گوتی: "بونیادەمی حیسابیی کەسێکە کە بێ خوداحافیزی، ئازیزانی خۆی جێ دێڵێ!"

ئاخر لەبەرئەوەی منیش دەمویست ببمە بونیادەمێکی حیسابی، پێم بەدڵی خۆدا نا و هیچم نەگوت، چەند جارێک لە ئەفسانەکاندا خوێندبوومەوە کە کاتێک قەلەندەران دەدەنە بیابان، هەمان شت دەکەن، تەنانەت بۆ بینینی دایکیشیان ئاوڕ نادەنەوە، خودا حافیزی لێ ناکەن. دە منیش دەبوو هەمان شت بکەم.

چەند کتێبێکی قەبە و بەرگ ئاڵتونییان دامێ سەبارەت بەشاری ڕۆمای نەمر و باوکی پیرۆز و پاپا.



کتێبەکانم دەخوێندنەوە، لەوێنەی کلێسای قەدیس پەترۆس و فاتیکان ورد دەبوومەوە، لەنیگار و پەیکەرەکانم دەنۆڕی و سەرمەست دەبووم.

هەموو شتێک بەباشی دەچووە پێش، لە خەیاڵی خۆدا لە زەریا دەپەڕیمەوە و دەگەیشتمە شاری پیرۆز، خوێندنم تەواو دەکرد، جبەیەکی سووری داوێن ئاوریشمینم دەپۆشی. هەر کە تەماشای پەنجە گەورەی دەستی ڕاستم دەکرد، ئەنگوستیلەیەکی یاقیقیم تێدا دەبینی کە لەنێو تاریکیدا دەدرەوشایەوە. بەڵام یەکسەر دەستی قەدەر کەوتە جووڵە و ڕێگەی لێ گرتم، کەسێک دابووی بەگوێی بابمدا:" وا کاسۆلیکەکان خەریکن کوڕەکەت دەبەن!"

شەوبوو، بابم، ئەو کریتییە گرژ و مۆنە، لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕادەپەڕێ و ژمارەیەک بەلەمەوان و ماسیگری ڕەفیقی خەبەر دەکاتەوە، مەشخەڵ گڕ دەدەن، تەنەکەیەک نەوت و گوریس و تێشە لەگەڵ خۆیان دەهێنن و بەقەڵاکەدا سەر دەکەون، لەدەرگای قوتابخانە دەدەن و هاوار دەکەن: دەمانەوێ قوتابخانەکە ئاگر تێبەردەین! قەشەکان دەحەپەسێن. پیێر لورن ئەرەقچنەکەی لەسەردەنێ، سەر لەپەنجەرەوە دەباتە دەرێ و نیوەی بەفەڕەنسایی و نیوەشی بەگریکی دەکەوێتە هاوارهاوار و پاڕانەوە.

بابم بەدەم ڕاوەشاندنی مەشخەڵەکەی دەستییەوە هاوار دەکات:

– "کوڕەکەم دەوێتەوە، ئەی سەگانی لایەنگیری پاپا کوڕەکەم دەوێتەوە، ئەگەر نا، ئەوا بەئاگر و تێشە دەتانهێنمە ژێر بار!"

منیان خەبەرکردەوە، بەپەلە جلکەکانم پۆشی، خستمیانە سەبەتەیەکەوە و لە پەنجەرەیەکەوە شۆڕیان کردمە خوارەوە و کەوتمە نێو باوەشی بابمەوە، بابم ملی گرتم و سێ جار سەرمی بەعەردەکەدا کێشا، ئەوجا ڕووی کردە هاوڕێکانی و گوتی: "مەشخەڵەکان بکوژێننەوە، دەی یاڵڵا با بگەڕێینەوە!"

بابم سێ ڕۆژ قسەی لەگەڵ نەکردم، حەمامی بۆ گەرم کردم و جلکی پاکی بۆ ئامادە کردم، سەریان بەزەیتی چرای نەزری پاکیژە بۆ چەور کردم، چوون بەدوای قەشەدا تا بێت و ئاوی پیرۆزم پێدا بپرژێنێ و بەخوێندنی دۆعا، جادووی پیسی کاسۆلیک لە ڕۆحمدا پووچەڵ کاتەوە. پاشان ڕووی تێ کردم و بەددانە جیرێوە گوتی: "یەهووزا!" وای گوت و سێ تفی کرد.

بەڵام خودا میهرەبانە، چەند هەفتە دواتر مژدەیەک هات کە شازادە جیۆرج بەڕێوەیە بگاتە کریت و ئیدی جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست. بابم ڕاپەڕی، سێ جار سوژدەی برد، خاچی کێشا و چوو بۆ لای سەرتاش. ڕیش و قژی بابم هەرگیز گوێزانیان بەخۆوە نەبینیبوو، ڕیشی تا سەر سینگی هاتبوو، لەبەرئەوەی خۆی بەتازیەبار دەزانی، تازیەباری کریت. ئاخر کاتێک کریت ژیانی لە دیلیدا دەگوزەراند، بابم نەک هەر ئیتر پێنەکەنیبوو، بەڵکو بەو مەسیحییانەش تووڕە و قەڵس دەبوو کە پێدەکەنین. بەلای ئەوەوە پێکەنین کارێکی نا نیشتیمانپەروەری بوو. بەڵام ئەلعان کە کریت ئازاد ببوو، یەکڕاست چوو بۆ لای سەرتاش، کاتێک گەڕایەوە ماڵ، ڕوخساری دەدرەوشایەوە و ماڵەکە پڕبوو لە بۆنی ئەو عەترەی کە سەرتاشەکە بەسەرو ڕیش و ڕوخساریدا پرژاندبوو.

پاشان ڕووی کردە دایکم و ئیشارەتێکی بۆ من کرد و پێکەنی:

– "کریت ئازاد بووە. ئەوەی چوو چوو، وا باشترە تەنانەت لە یەهووزاش ببوورین!"

دوای چەند رۆژێک رێگەی گەڕانەوەمان بەرەو کریت گرتەبەر، خودایە چ سەفەرێکی تژیی بەشانازی و سەرفرازی بوو! خودایە چۆن هەتاو لەو رۆژە پایزییەدا بەقوڵایی دڵدا رۆ دەچوو! پەڕینەوەی کەشتی بەزەریای ئیژەدا چەند درێژەی کێشا! بەرەبەیان بابم لەسەر رووی کەشتییەکە نوشتایەوە، رووەو باشوور دەینۆڕی، گەر چاوی بونیادەم توانیبای چیاکان لە شوێنی خۆیان هەڵکەنێ، ئەوا کریتمان دەبینی وەک کەشتییەکی چارۆکەدار رووەو ئێمە دەهاتە پێش.

## ئازادی

دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵانە، هێشتا بەوەیادهێنانەوەی ئەو رۆژە، چاوانم پڕ دەبن لە فرمێسک، ئەو رۆژەی کە شازادە (جیۆرج)ی هێلینییەکان بەدروشمی ئازادییەوە، پێی نایە خاکی کریتەوە، هەر بەڕاستی بەرخۆدانی ئینسان عیبادەتێکی لێک نەپچڕاوە. ئەم کاسەو گۆزە لەتوپەت بووانە چییە کە بونیادەم، ئەو مشەخۆرە قوڕاوی و قەوزاوییە، دەبێ لە ساتەوەختی گەڕان بەدوای ئازادیی خۆیدا لەسەری هەڵخلیسکێ؟ چەند ڕاچڵەکێنەرە تەماشاکردنی گریکییەکان لە ترۆپکی سوپادا، ئەو ساتەی کە بەدوندی بڵندی ئازادیدا سەردەکەون و بەقەڵغان و نێزەوە، یان بەتفەنگگەلی ساڵی ١٨٢١وە، یاخود بەشەرواڵی دەڵبی کریتییەوە ڕێی چوونە پێش دەکەنەوە.

قارەمانێکی کریتیی دێتەوە یادم، ئەو قارەمانە شوان بوو، بۆنی پشقلی نێرە بزنی لێ دەهات، تازەکی لە جەنگ گەڕابۆوە، وەک شێر جەنگی بوو، رۆژێک پاش نیوەڕۆ لە پشتیری مەڕەکانیدا لەگەڵی بووم، لە کۆمەڵەی (برایەتیی کریت) لە ئەسیناوە نامەیەکی پێ گەیشتبوو کە بەپیتی درشتی سوور و ڕەش نووسرابوو. کۆمەڵەکە لە نامەکەیدا بەسەر قارەمانێتیی ویدا هەڵی دابوو، لەنامەکەدا بەقارەمان ناوی بردبوو.

بەتووڕەیی لە هەڵگری نامەی پرسی: "ئەوە چییە؟ ناشێ هەمدیس مەڕەکانم چووبێتنەوە ناو دەغڵەکە؟ چییە، داوای غەرامەم لێ دەکەن؟"

هەڵگری نامە بەشادومانییەوە نامەکەی کردەوە و بەدەنگی بەرز بۆی خوێندەوە.

– "خۆمانە بدوێ تا لە مەسەلەکە بگەم! ئەدی مەبەستیان چییە؟"

– "مەبەستیان ئەوەیە تۆ قارەمانیت، گەل ئەم نامەیەی بۆ ناردوویت تا بۆ منداڵەکانتی لە چوارچێوە بگریت."

قارەمان دەستە زلەکەی ڕاگرت و گوتی: "ئادەی بمدەرێ!" نامەکەی وەرگرت، ورد وردی کرد و خستییە نێو ئاگرەکەوە کە قابلەمەیەک شیری لەسەر بوو.

– "برۆ پێیان بێژە من لەبەر خاتری ئەم کوتە قاقزانە خەباتم نەکردووە، من بۆیە خەباتم کردووە تا مێژوو رۆبنێم!"

تا مێژوو رۆبنێم! شوانەی نەخوێندەوار باش دەیزانی دەیەوێ چ بڵێ، بەڵام نەیدەزانی چۆن گوزارشت



لەوە بکات، خۆ ڕەنگیشە بەباشترین شێوە مەبەستەکەی پێکابێ.

گەیەنەری نامە، بەبینینی نامەی وردکراوی لەناو ئاگردا تووڕدراو، نیگەران بوو، قارەمان هەستایە سەر پێ، کاسەیەک شیر و برێک پەنیر و دوو نانی جۆی هێنا، پاشان رووی کردە گەیەنەری نامە و گوتی: "برادەر، وەرە ئێرە، تووڕە مەبە، هانێ وەرە بۆ خۆت بخۆ و بخۆرەوە، هەرچی نامە و سوپاسنامە هەیە بەجەهەننەم، پێیان بێژە من پاداشتم گەرەک نییە، من شەڕ دەکەم لەبەرئەوەی حەزم لە شەڕە، ئەوەیان پێ بێژە. دەی یاڵڵا وەرە و تشتێک بخۆ!"

لەژیانمدا دوو رۆژی شکۆدار هەن، یەکەمیان ئەو رۆژەیە کە شازادە جیۆرج پێی نایە خاکی کریتەوە، دووەمین رۆژیش ساڵانێک دواتر، رۆژی ئاهەنگی دەیەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو. لەو دوو رۆژەدا هەستم کرد جەستە و مۆخ و رۆحی ئینسان توانای وێرانبوونی هەیە و مرۆڤایەتی دوای سەرگەردانییەکی ترسناک و خوێناویی، هەمدیس دەتوانێ یەکانگیرییە خۆڕسک و خواوەندییەکەی خۆی بەدەس بێنێتەوە، لە ئاوها هەلومەرجێکدا، ئیدی (من) و (تۆ) و (ئەو) بارگە و بنەیان دەپێچنەوە و هەموو شتێک یەکانگیردەبێ، ئەو یەکانگیربوونە سەرمەستییەکی عاریفانە و قووڵی وەها دەخوڵقێنێ کە ئیدی مەرگ داسەکەی لەدەست دەکەوێتە خوارەوە و لەبووندا نامێنێ. جیا جیا لە یەکدی، ئێمە یەکە یەکە دەمرین، بەڵام لە پەیوەندییانا بەیەکترەوە نەمر دەبین، هەروەک کوڕانی ئەهلی عەیش و نۆش(*)، دوای برسێتی و تینوێتی و یاخیبوونێکی سەخت، ئامێز والا دەکەین و باب و دایکمان، ئاسمان و عەرد لەباوەش دەگرین.

قارەمانانی کریت، کە فرمێسک زەنگۆڵ زەنگۆڵ بەرپیشیاندا دەهاتە خوارەوە، دەسەسڕەکانیان لە هەوادا بادەدا، دایکان ساواکانیان لەسەر دەستیان هەڵدەبڕی تا بتوانن ئەو غەولە موو زەردە، ئەو شازادە ئەفسانەیییەی پەریییان ببینن، ئەو شازادەیەی کە چەند سەدەیەک لەمەوبەر دەنگی ناڵە و شیوەنی کریتی ژنەفتبوو، وەک قەدیس جیۆرج بەسواری ئەسپەوە بۆ وەدەسهێنانی ئازادیی دوورگەکە هاتبوو، کریتییەکان هێندە لەزەریایان ڕوانیبوو، رۆشنایی لە چاوانیاندا نەمابوو، بنۆڕن .. وا هات! نا، هێشتا وەدیارنەکەوتووە، بەڵام هەر لەحزەیەک بۆی هەیە وەدیارکەوێ. ناو بەناو هەورێکی بەهاری یان چارۆکەیەکی سپی ئەو خەڵکەی بەهەڵەدا دەبرد، هەندێ جاری تریش تاریکە شەو، بەڵام هەمیشە هەورەکە دەڕەوییەوە، چارۆکەکە دیار نەدەما، خەونەکەش کۆتایی دەهات و جارێکی تر کریتییەکان لە باکوور، لەگریکستان و لە مۆسکۆڤی، لە خواوەندی بێ ڕوحم و ئارامیان دەنۆڕی.

هەنووکەش بنۆڕە! تەواوی کریت لەرییەوە، قەبرەکانی دەمیان کردەوە، هاوارێک لە ترۆپکی (پسیلۆرێتی)یەوە هەستا: "ئەوە هات، گەیشت، بنۆڕن!" قارەمانە پیرەکان بەجێزامی جەستە و تفەنگە زیوینەکانیانەوە لەچیاکانەوە دابەزین، جحێڵان بەچەقۆی دەسک ڕەش و کەمانچە کۆک کراوەکانیانەوە هاتن، زەنگەکان لێدران، گەڵای دارخورما و دارمۆرت شاریان ڕازاندەوە، قەدیس جیۆرجی قژ زەردیش لە

(*) ئاماژە بەئینجیلی لۆقا، دەروازەی پانزەهەم.

کەژاوەی ڕازاوە بەگەڵای درەختی دێمشتدا ڕاوەستابوو، زەریای کریتیش لەودیویەوە دەدرەوشایەوە.

کریتییەکان لەمەیخانەکانا گۆرانییان دەچڕی و سەمایان دەکرد، دەیانخواردەوە و کەمانچەیان دەژەند، نائارام و بێ ئۆقرە، لە پێستی خۆیاندا دانەدەسەکنان، ناچار دەستیان دەدایە خەنجەر و ڕۆیان دەبرد بەقۆڵ و ڕانی خۆیاندا، تا خوێن فیچقە بکا و لەو هەستە پۆنگخواردووەی ناوەوەیان بەتاڵ ببنەوە. مەترانی پیر دەستەکانی بۆ ژێر گومبەزی کلێساکە هەڵبڕی و دیقەتی پەیکەری قودرەتی بێ هاوتا(*)ی دا، دەیویست نوتق بدا، بەڵام گەرووی نووسابوو، هەر کە زاری هەڵێنایەوە، هاواری کرد: "ڕۆڵەکانم، مەسیح هەستاوەتەوە!" جگە لەوە نەیتوانی هیچی تر بێژێت، دەنگەکان تێکەڵاوی یەکدی ببوون، هەر بەڕاست مەسیح هەستاوەتەوە؟ چلچرا گەورەکانی کلێسا دەلەرینەوە، دەتگوت بوومەلەرزە ڕووی داوە.

من ئەو کات گەنج و بێ ئەزموون بووم، ئەم سەرمەستییە پیرۆزە تا ماوەیەکی درێژ لەبوونما مایەوە – ڕەنگە تا ئێستاش هەر ئاسەواری مابێ، تەنانەت لەقووڵترین ساتەکانی شادومانیدا – کاتێک لە زەریا، لە ئاسمانی پڕ ئەستێرە، یان لە درەختێکی بایامی چرۆکردوو دەنۆڕم، یاخود ئەو دەمەی یەکەمین ئەزموونی خۆشەویستیم وەبیردێنمەوە – نۆی دیسەمبەری ساڵی ١٨٩٨، ئەو ڕۆژەی کە دەسگیرانی کریت (شازادەی گریکستان) پێی نایە خاکی کریتەوە، لە ناخمدا چەخماخە دەدا و دڵم هەروەک ئەو ڕۆژەی کریت، بەدارمۆرت و گەلێی داردێمشت دەڕازێتەوە.

دەمەو عەسر، لە کاتێکدا کە خەڵکی میگالۆ کاسترۆ لە شادومانیدا هاواریان دەکرد، بابم دەستی گرتم و بەدرێژایی شەقامە سەرەکییەکە کەوتینە پیاسە، سەراپای شەقام بەگەڵای دارمۆرت و دار دێمشت پۆشرابوو، پاشان لە دەروازەی شارەوە ڕەت بووین و لە کێڵگەکانەوە سەرمان هێنایە دەرێ. وەرز وەرزی زستان بوو، بەڵام هەوا گەرماییەکی نەشئەبەخشی هەبوو، درەختێکی بایام لەودیو پەرژینەکەوە یەکەمین خونچەی خۆی کردبۆوە، کێڵگەکان بەهۆی ساتەوەختە دڵڕفێنەکانی فێنکایی هەواوە، مەیلەو سەوز دەیاننواند، لەلای چەپەوە، شاخەکانی (سێلینا) ئەرەقچنی بەفریان لەسەرنابوو، گەرچی دارمێوەکان لە پەلکەداری وشک زیاتر نەبوون، بەڵام خونچەی داربادامەکە، هاتنی وەرزی بەهاری ڕادەگەیاند، هەر بۆیە پەلکی دارمێوەکە جارێکی تر خونچەی دەکرد، تا ترێ سپی و ڕەشەکانی ناو ناخی ئازادکات. پیاوێکی کەتە بەباوەشێک گەڵای داردێمشتەوە بەرەو لامان هات، کە بابمی بینی، لەشوێنی خۆیدا وەستا و گوتی:

– "قارەمان میخاییل، مەسیح هەستاوەتەوە!"

بابم دەستی بۆ بەسینگەوە گرت و وەڵامی دایەوە: "مەسیح هەستاوەتەوە!"

بەرێگەی خۆماندا کەوتینەوە ڕێ، بابم پەلەی بوو، دەبوو منیش ڕاکەم تا پێی بگەمەوە.

بە هەناسەبڕکێوە پرسیم: "باوکە، بۆ کوێ دەچین؟"

– "بۆ بینینی باپیرەت! دەی بێ بەرێوە!"

---

(*) Pantocrator وەرگێڕی فەرەنسایی ڕۆمانی (مەسیح هەمدیس لەخاچ دەدرێتەوە)، ئاماژەی بەوە داوە کە لەکلێساکانی گریکستاندا وێنەیەکی گەورەی مەسیح بەناوی پانتۆکراتۆر لەژێر گومبەزەکەیدا وێنەکێشراوە.



گەیشتینە قەبرسان، بابم بەشان دەرگاکەی کردەوە، بەژوور دەرگاکەوە، کەللە سەرێک لەسەر دوو ئێسک وێنەکێشرابوو، ئێسکەکان لەشێوەی نیشانەی زەرب (X) دابوون – شێوەی یەکەمین پیتی ناوی مەسیح لە گریکیدا، ئاخر ناوی مەسیح بەپیتی (X) دەس پێ دەکات – بەژێر دار سەرووەکانا و لەلای ڕاستەوە بەسەر گۆڕە لەبیرکراوە خاچ شکاوەکاندا چووینە پێش، لەمردووەکان دەترسام و بەدەم هەڵنووتانەوە، چمکی چاکەتەکەی بابم گرتبوو، لەدوایەوە هەنگاوم دەنا.

بابم لەلای یەکێ لەگۆڕە لاکەوتەکاندا ڕاوەستا، گۆڕەکە لەتەپکەیەکی چکۆڵانە و خڕ دەچوو، خاچێکی تەختەیی لەسەربوو، زەمانە ناوی مردووەکەی لەسەر سڕیبۆوە، بابم دەسەسڕەکەی لەسەری کردەوە و دەموچاوی بەعەردەکەوە لکاند، پاشان بەنینۆک کەوتە لابردنی خۆڵی سەر گۆڕەکە و کونێکی بچووکی تێ کرد، دەمی نا بەکونەکەوە و سێ جار بەدەنگی بەرز گوتی:"باوکە، ئەو هات! باوکە ئەو هات! باوکە ئەو هات!" دەنگی بەرز و بەرزترب ۆوە و بووە نەعرەتە، دوایی بوتڵێکی بچکۆڵەی پڕ شەرابی لە گیرفانی دەرهێنا و دڵۆپ دڵۆپ ڕۆی کردە کونەکەوە تا خاک بینۆشێت. ئیدی هەستایەوە سەرپێ، خاچی کێشا و سەیرێکی منی کرد. چاوانی پرشنگیان دەدا.

پرسی: "گوێت لێ بوو؟" دەنگی بابم لە خرۆشاندا گڕ ببوو. "گوێت لێ بوو؟"

بێدەنگ بووم، ئاخر هیچ دەنگێکم گوێ لێ نەببوو.

بابم بەتووڕەیی گوتی: "گوێت لێ نەبوو؟ دەنگی قرچەی ئێسکەکانی هات!"

***

هەر کاتێک ئەو ڕۆژە وەیاد دێنمەوە، سوپاسی خودا دەکەم کە منی دروست کردووە، زیاتریش لەبەر ئەوە سوپاسی دەکەم کە بەکریتیی دروستی کردووم، ئەوەش لە سەردەمێکدا کە بەهەرتک چاوی خۆم شاهیدی ڕەتبوونی ئازادیی بووم بەسەر گەڵای داردێمشت و پێشڕەویی ئەو لە دەروازەی بەندەرەوە بەرەو بێشەی قەدیس میناس. چەند شەرمەزارییە چاوانی لە قوڕ دروستبووی بونیادەم نەتوانێ نادیار ببینێ، گەر چاو توانای بینینی نادیاری هەبا، ئەوا من لەو ڕۆژەدا (قەدیس میناس)م دەبینی کە لەپەیکەرەکەیەوە هاتە دەرێ، لەبەردەم کلێسادا بەسواری ئەسپەکەیەوە ڕاوەستا، لە چاوەڕێی شازادەی گریکستاندا، فرمێسک بەگۆنای خۆربردووی و ڕیشە ماش و برنجییەکەیدا دەهاتە خوار.

سەرەنجام دوای نیشتنەوەی شەپۆڵی شادومانیی و دوای چەند ڕۆژێک، پاش هەڵکردنی بایەکی بەهێز کە گەڵای داردێمشتی لەکۆڵان و جادەکان کۆکردەوە، دوای بارینی بارانێکی تازە کە شەرابی ڕژاوی سەر شۆستەکانی شوشتەوە، ژیان هەمدیس بێدار بۆوە و زەینمان گەڕایەوە حەرەمی سنوورەکانی خۆی، سەرتاشەکان تۆپەڵە مووی قژ و ڕیشیان لە دوکانەکانیان گسک دا، ڕیشی تاشراوی مەسیحییەکان بریقەی دەدایەوە، تاو ناتاوێکیش دەنگی تیژ و قەبە لە مەیخانەکانەوە دەگەیشتە گوێ.

من بەو کۆڵانانەدا پیاسەم دەکرد کە تەڕ ببوون بەباران، هەر کاتێک سەرنجی چۆڵوهۆڵیی کۆڵانەکانم دابا، دەمقیژاند و هاوارم دەکرد تا هێور ببمەوە، هەزاران نەوە لە ناخمدا دەیانقیژاند و هاواریان دەکرد تا

هێور ببنەوە.

هیچ کاتێک ئاوها بەقووڵی هەستم نەکردبوو کە باپیرانی ئێمە نەمردوون، لە ساتەوەختە قەیراناوییەکانا هاوار دەکەن، قەڵەمباز دەدەن و چاو و دەست و زەینی ئێمە دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، لەمیانەی ئەو ڕۆژانەدا هەر کاتێک کۆڵان چۆڵ با و کەس ئێمەی نەبینیبا، ئەوا تەواوی باپیرە کوژراوەکانم بەدەستی تورک، تەواوی نەنکە ئەشکەنجە دراوەکانم بەدەستی تورک، لە خۆشیدا هاواریان دەکرد و دەیانقریواند، منیش خۆشحاڵ بووم و پێشبینی ئەوەم دەکرد کە منیش وەک ئەوان وام و نامرم، تەنانەت دوای مردنیش توانای بیرکردنەوە و بینینم دەبێ. تەنها بوونی بەردەوامیی دڵەکان بەس بوو تا لە یادەوەرییدا بمێنمەوە.

***

لەمیانەی ئەو دەروازەیەوە، لەمیانەی ئەو تاقی سەرفەرازییەی کە بەگەڵای دارمۆرت و ئێسک و پروسکی باپیران ڕازابۆوە، خۆم کرد بەنێو ساڵەکانی هەرزەکارییدا. ئاخر من ئیدی مناڵ نەبووم.

# گرفتەکانی هەرزەکاری

ساڵانی هەرزەکاریم بەکێشە و گرفتە ئاساییەکانی تافی جحێڵییەوە بەڕێ کرد، دوو دەعبای زل و زەبەلاح لەناخما وەئاگا بوونەوە، یەکێکیان: جەستە، واتە پڵنگ، ئەوی تریشیان: زەین، واتە ئەو بازە تێرنەخۆرەی کە ناوەوەی ئینسان دەخوا و هەرچی زیاتریش بیخوا، برسیتر دەبێ.

سێ چوار ساڵان بووم، لەژێر زەبری دەسەڵاتی هەستی زیتەڵەییدا بۆ پرسیارکردن، کەوتمە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی لەنهێنیی لەدایکبوون بگەم، لەدایک و پوورەکانم دەپرسی: "ئەرێ مناڵان چۆن لەدایک دەبن؟ چۆناوچۆنیی ئاوها کوتوپڕ خۆیان دەکەن بەماڵدا؟ لەکوێوە دێن؟" دەمویست بەبەڵگەوە پێیان بسەلمێنم کە دەشێ وڵاتێکی پڕ خێر و بەرەکەت هەبێ، دەشێ ئەو شوێنە بەهەشت بێ، لەوێ مناڵان بەچەشنی گوڵاڵە سوورە دەڕوێن، هەر جارێ باوکێک پێ دەنێتە بەهەشت، گوڵاڵە سوورەیەک لێدەکاتەوە و لەگەڵ خۆی بۆ ماڵێی دێنێتەوە. بێ ئەوەی بایەخێکی زۆر بەوە بدەم، چەندین جار لەزەینی خۆمدا دەمهێنا و دەمبرد، دایکم و پوورەکانم یان نەیاندەتوانی وەڵامێکم بدەنەوە، یاخود حەکایەتی پەرییانیان بۆ دەگێڕامەوە، بەڵام زیاتر لەوەی خۆم و ئەوان بۆ مەسەلەکە دەچووین، من تێدەگەیشتم و حەکایەتی پەرییەکانی ئەوان نەدەچوو بەئەقڵمدا.

هەر لەو سەردەمانەدا، ڕۆژێکیان خاتوو (کاتینا)ی هاوسێمان مرد، کاتینا ژنێکی جحێڵ بوو، کاتێ تەرمەکەیان لەماڵ هێنایە دەرێ و ژمارەیەکی زۆر خەڵک بەهەڵەداوان کەوتنە دوای تابووتەکەی و لەپێچی کۆڵانەکەدا بزر بوون، ئیدی ترس سەراپای بوونمی لەخۆ گرت. پرسیم:"چما بۆ کوێیان برد؟ بۆچی بردیان؟" وەڵامیان دامەوە:"مرد!" پرسیم: "مرد؟ یەعنی چی؟" گوتیان: "مرد و تەواو!" ئیدی لەودیو قەنەفەکەوە هەڵترووشکام، بەدەست ڕوخسارم شاردەوە و دامە پڕمەی گریان، ئەو گریانەم لەدڵتەنگیی یان ترسەوە نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوەبوو لەمانای مردن حاڵی نەدەبووم. بەڵام چەند ساڵ دواتر کاتێ



(کراساکیس)ی مامۆستامان مرد، ئیدی مەرگ سەرسامی نەدەکردم، بەڵکو هەستم دەکرد پەی بەمردن دەبەم و ئیتر لە هیچم نەدەپرسی.

مەرگ و لەدایکبوون، ئەوەڵین نهێنییەک بوون کە ڕۆحی مناڵانەمیان هێنایە گیروگاز، مشتی چکۆڵانەم بەدەرگای داخراوی ئەو دوو نهێنییەدا دەکوتا بۆ ئەوەی بیانخەمە سەر پشت، سەرنجم دا کە نابێ بۆ وەدیهێنانی ئەوها ئەرکێک چاوەڕێی یارمەتیی بم لە هیچ کەس، خەڵکی یان قوڕوقەپیان لێ دەکرد یاخود پێم پێدەکەنین، ئاخر دەبوو خۆم فێربم. هێور هێور جەستەش وەئاگا دەبۆوە، مەودای حوکمدارێتیم کە لە هەور و کەشفکردن پێکهاتبوو، قاڵبی جەستەی خۆی دۆزییەوە. قسە و باسی کۆڵان و بازاڕ دەکەوتنە بەر گوێم، گەرچی بەباشی لەو قسە و باسانە حاڵی نەدەبووم، بەڵام هەندێ لەو قسانە بەلامەوە نهێنی ئامێز و گوناهبارانە بوون. بەو جۆرە ڕێوشوێنی ئەو قسانەم لەزەینمدا دیاری دەکرد و لەگەڵ خۆمدا دەمگوتنەوە تا بیرم نەچنەوە. بەڵام ڕۆژێکیان یەکێ لەو قسە قەدەغانەم بەزاردا هات. لە بەردەمی دایکمدا و بەدەنگێکی بەرزیش! دایکم قیژاندی بەسەرما: "کێ ئەو قسە ناشیرینەی فێرکردیت؟ گوێم لێ نەبێ جارێکی تر دووبارەی کەیتەوە!" ئەوجا چوو بۆ موبەق و بڕێک وردە بیبەری تیژی هێنا و ترنجانیە دەمم، کەوتمە قیژەو هاوارهاوار، دەمم ئاگری گرتبوو، لە ڕقا بەڵێنم بەخۆم دا بەردەوام ئەو وشانە لەبەرخۆمەوە بڵێمەوە، لەبەرئەوەی بەگوتنیان هەستم بەلەزەت و خۆشیی دەکرد.

بەڵام، لەو وەختەوە بەدوا تا ئەلعان، تەنانەت دوای تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر و ئاشنایی بەگوناهی بێ شومار، هەر وشەیەکی قەدەغە هاتبێ بەزارما، لێوی سووتاندووم و دەمم بۆنی بیبەری تیژی گرتووە.

***

لەو سەردەمە دوورانەدا لە کریت، زۆر درەنگ باڵقبوون خۆی دەردەخست، لەتاو شەرم و شوورەیی هەوڵی دەدا خۆی لەودیو دەمامکە جۆراو جۆرەکانەوە حەشاردا، ئەوەڵین جار هاوڕێیەتیی بۆ من، یەکێک لەو دەمامکانە بوو، ئەو هاوڕێیەتییەش ئەڤینێ بوو کە بەرامبەر یەکێ لە هاوپۆلەکانم هەمبوو. ئەو هاوپۆلەم هەر بەناو بونیادەم بوو، مناڵێکی کورتەبنە و خەپان، قاچ گێڕ و جەستەی تۆکمە، بەڵام خاڵی لە زیتەڵەیی و ئەقڵ. هەموو ڕۆژێک نامەی گەرم و گوڕمان بۆ یەک دەنارد، گەر ڕۆژێک بهاتبا نامەیەکیم بەدەست نەگەییبا، ئەوا هەستم بەنوقسانیی دەکرد و زۆر جاریش دەمدایە پڕمەی گریان، دەورو خولی ماڵەکەیانم دەدا و چاوەڕێم دەکرد بزانم کەی دێتە دەرێ، کاتێ لەنێو دەرگاکەوە دەردەکەوت، ئیدی دڵم بۆ لەحزەیەک لەجووڵە دەکەوت.

جەستەم بێدار ببۆوە، بەڵام هێشتا نەیدەزانی چ سیمایەک بەخواستەکانی ببەخشێ و بەچاکی نەیدەتوانی ڕەگەزی نێر لە مێ جیاکاتەوە. لە لایەکی دییەوە هاوڕێیەتی بەستن لەگەڵ کوڕدا کەم خەتەرتر و بێ سەر ئێشەتر بوو. کاتێ بەژنێک دەگەیشتم، لە ناخمدا هەستم بەنەفرەتێکی ئاوێتە بەترس دەکرد، کاتێک (با) هەڵی دەکرد و داوێنی کراسەکەی هەڵدەدایەوە، یەکەندەردوو ڕووم وەردەگێڕا و لەشەرم و نەفرەتا تا بناگوێ سوور هەڵدەگەڕام.

ڕۆژێکیان – وا بزانم نیوەڕۆ بوو، لەبەرئەوەی هەتاو وەک تەنوور هەڵایسابوو– لەڕێی گەڕانەوەمدا بۆ ماڵەوە، بەکۆڵانێکی باریک و سەر بەچینکۆ گیراودا دەهاتمەوە: کوتوپڕ ژنێکی تورک لەوبەری کۆڵانەکەوە دەرکەوت، کاتێک بەبەردەمما ڕەت بوو، تۆزێ سنگی کردەوە و مەمکۆڵانی وەدیارخست، کە ئەوەم بینی ئەژنۆکانم سست بوون، هەر چۆنێک بوو بەهەڵەداوان خۆم گەیاندە ماڵەوە و لەسەر دەستشۆرەکە چەمیمەوە و ڕشامەوە.

ساڵانێک دواتر، کاتێ نامەکانی هاوڕێکەم لەنێو گەنجینە تۆز لێ نیشتووەکەماندا دۆزییەوە، ڕاچڵەکیم. خودای گەورە، چ پەرۆشییەک و چ دڵپاکییەک! بێ ئەوەی خۆم ویستبێتم، یان ئاگام لێ بووبێ، ئەو هاوپۆلە دەعجانەم ببووە دەمامک و تا چەندین ساڵ ژنی لێ حەشاردابووم. بەدڵنیاییەوە گەر تۆزێ ئەو لەزەتە مەرگهێنە، واتە هەڵخلیسکانی ویم بۆ بۆسەی تۆقێنەری ژن تاخیر کردبا، ئەوا منیش بۆ ئەو دەبوومە هەمان دەمامک.

هەواڵم پێ گەیشت کە ئەو دواجار کەوتۆتە بۆسەوە، کەوتۆتە بۆسەی ژنەوە و ئیدی بۆ خۆی زایە بووە!

پشووی هاوینێکیان، من و ئەو هاوڕێیە و هاوپۆلێکی تر، (ئەنجومەنی هاوڕێیان)(*)ی نوێمان دامەزراند، بەنهێنی کۆدەبووینەوە و سوێندی وەفاداریمان بۆ یەکتر تازە دەکردەوە. ئامانجێکمان بۆ ژیانمان دیاری کردبوو، ئەو ئامانجەش ئەوەبوو تا ماوین، جەنگێکی درێژ خایەن دژی درۆ و کۆیلەیی و ناعەدالەتیی بەرپاکەین، پێمان وابوو دونیا لەسەر بناغەی درۆ و ناعەدالەتی و فرتوفێڵ ڕۆنراوە، بەرپرسیارێتی ڕزگارکردنی دونیامان خستبووە ئەستۆی خۆمان، ئێمە یەکێتییەکمان لەنێوان خۆمانا ڕۆنابوو، خۆمان لە هاوپۆلەکانی ترمان دابڕیبوو، بۆ گەیشتنە ئامانج نەخشە و پلانمان دادەڕشت. وەزیفەی من لەو جەنگەدا بریتی بوو لە نووسینی نمایشنامە و وەزیفەی هاوڕێکەشم تەمسیلکردن بوو لەو دەقانەدا، هاوڕێی سێیەمیش کە شێت و شەیدای بیرکاریی بوو، داماننابوو ببێتە ئەندازیار و داهێنانێکی گەورە ئەنجام دا، تا بەپارەی مۆڵی ئەو داهێنانە کۆمەکی هەژار و زۆر لێکراوان بکەین. پەلەمان بوو تا هەرچی زووتر بگەینە ئەو ساتەوەختە مەزنە، تەواوی هەوڵەکانمان بۆ ئەوە بوو لە سوێند و بەڵێنەکانمان لانەدەین، هەرگیز درۆمان بەدەمدا نەدەهات، کە لە کۆڵانەکاندا بەمناڵانی تورک دەگەیشتین دەکەوتینە بیرازکردنیان، فالینەکانی ژێرەوەمان بەڕەنگی سپی و شین بوو، ڕەنگی ئاڵای گریکستان.

دەمەو ئێوارەی ڕۆژێکی زستان، لەسەر شۆستەی بەندەر، حەماڵێکی تورکی پیرمان بینی کە لەقوژبنێکدا هەڵترووشکا بوو، هەڵدەلەرزی، دونیا تاریک داهاتبوو، کەس بەدەرەوە نەبوو، یەکێکمان فالینەکەی، ئەوی ترمان کراسەکەی، سێیەممان هێلەکەکەی لەبەری خۆی داکەند و بەو حەماڵەمان بەخشی، تەنانەت دەمانویست بیکەینە کۆڵ، بەڵام نەمانوێرا، شەرمەزار و پەرێشان لەوەی کە نەمانتوانیبوو ئەرکەکەمان بەتەواوی بەئەنجام بگەیەنین لەو ناوە دوورکەوتینەوە.

هاوڕێکەم پێشنیاری کرد: "باشترە بگەڕێینەوە و ئەو پیرەمێردە بدۆزینەوە!"

---

(*) ئەنجومەنی هاوڕێیان لەساڵی ١٨٢١دا نەخشەی شۆڕشی گریکستانی داڕشت.



– "زۆر باشە، با بگەڕێینەوە!"

بە هەڵەداوان کەوتینە سۆراخی حەماڵی پیر تا لەکۆڵی کەین، بەڵام لەوێ نەمابوو. ڕۆژێکی تر، بیستمان قازییەکی بەنێوبانگی خەڵکی میگالۆکاسترۆ، کە خانمێکی جحێڵ و دەوڵەمەندی نیشانە کردبوو، بڕیاربوو زەماوەندەکەیان لە هەمان ئەو یەکشەممەیەدا سازدەن، لەو کەین و بەینەدا خانمێکی جحێڵی تر لە ئەسیناوە هاتبوو، ئەو خانمەش جوانکیلە بوو بەڵام هەژار، هاوڕێی کچەکەی قازی بووە لەزانکۆ و کاتی خۆی قازی بەڵێنی پێ داوە بیهێنێ، بەڵام هەنووکە دەیویست ئەو خانمە دەوڵەمەندە بهێنێ. بەبیستنی هەواڵەکە، ئەندامانی (ئەنجومەنی هاوڕێیان)م بۆ کۆبوونەوە بانگ کرد، هەرسێکمان لەتووڕەییدا قوڵپمان دەدا، لە ژوورەکەی من کۆبووینەوە، بەپێی ڕێوڕەسمی ڕێکخراوەییمان نەدەبوو ئاوها ناعەدالەتییەک قەبووڵ کەین، دوای چەند سەعاتێک وتووێژ لەبارەی ڕێوشوێنی جێبەجێکردنی بڕیارەکان، دەرەئەنجام لەسەر ئەوە ڕێکەوتین هەرسێکمان بچینە لای مەتران و ئیدانەی ئەو کارە نائەخلاقییە بکەین، نامەیەکیشمان بەئیمزای ئەنجومەنی هاوڕێیان بۆ قازی ڕەوانە کرد کە ئەگەر دورۆتی – ناوی خانمە ئەسینایییەکە بوو– نەهێنێ، ئەوا دەبێ حیسابی خۆی لەگەڵ ئێمە و خواوەنددا یەکلایی کاتەوە. جلکی پاک و تەمیزی ڕێوڕەسمی کلێسامان پۆشی و بۆ حزووری مەتران چووین.

مەتران پیرەمێردێکی لاواز و سیلاوی و لەهەمان کاتیشا فێڵباز بوو، گەرچی بەزەحمەت قسەی بۆ دەکرا و خێرا خێرا تەنگە نەفەس دەبوو، بەڵام چاوانی وەک پشکۆی هەڵایساو دەدرەوشایەوە، پەیکەرێک بەدیواری پشت مێزەکەیەوە هەڵواسرابوو، پەیکەری مەسیحێکی سوورفل و باشخۆر و قژ بەملاولادا شانەکراو.

وێنەیەکی بەردینی گەورەی قەدیس (سۆفیا)ش بەدیوارەکەی بەرامبەرەوە کرابوو.

مەتران بەواقوڕماوییەوە دیقەتی داین، پرسی:

– "منالینە چیتان دەوێ؟"

هەرسێکمان بەیەکەوە گوتمان: "قوربان، ناعەدالەتییەکی گەورە بەڕێوەیە بقەومێ!"

مەتران کۆکی، بەڵغەمێکی لەنێو دەسەسڕەکەی کرد و بەدەنگێکی فێڵبازانە گوتی: "ناعەدالەتی گەورە؟ باشە ئەو مەسەلەیە چ پەیوەندییەکی بەئێوەوە هەیە؟ ئێوە تەلەبەی مەکتەبن. هەر بەڕاست وا باشترە ئێوە خەریکی دەرس و دەوری خۆتان بن!"

هاوڕێکەمان کە گوتاربێژێکی چاپووکی ڕێکخراوەکەمان بوو، وەڵامی دایەوە: "قوربان... "ئیدی مەسەلەکەی لەسیرەوە تا پیاز بۆ گێڕایەوە، لەکۆتایی قسەکانیدا گوتی: "قوربان، تا ئەم ناعەدالەتییە ڕانەگیرێ، ئێمە ناتوانین هێور بینەوە، پێویستە قازی خاتوو دورۆتی بێنێ!"

مەتران هەمدیس کۆکی، چاویلکەکەی داگرت و ماوەیەکی درێژ دیقەتی داین، پێ دەچوو سێبەری خەمێکی سەیر لەسەر ڕوخساری نیشتبێ. هەرسێکمان بەشپرزەییەوە لەبەردەمیدا ڕاوەستابووین، دواجار زاری هەڵهێنایەوە و گوتی: "ئێوە جحێڵن، هێشتا منالن، نازانم خودا هێندە تەمەنم دەداتێ تا ببینم دوای پانزە بیست ساڵی تر چۆن چۆنی لە ناعەدالەتییەوە دەگلێن!" ماوەیەکی کەم بێدەنگ بوو،

پاشان بەچرپە، وەک ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێ، گوتی: "ئێمە هەموومان ئاوها دەستمان پێ کرد!"

هەر کە زانیم دەیەوێ بابەتەکە بگۆڕێ، یەکسەر گوتم: "قوربان، چ بکەین بۆ ئەوەی بەر لە ناعەدالەتی بگرین؟ لەپێناو چەسپاندنی عەدالەتدا، فەرموو ئێوە ئەمر بکەن و ئێمەش ئامادەین خۆمان فڕێ بدەینە ناو تەنووری هەڵایساوەوە!"

مەتران هەستایە سەرپێ، لەکاتێکدا دەستی بۆ ماچکردن بەرەو لامان ڕایەڵ کرد، گوتی: "ئێوە بڕۆن، دوعای خێری منتان لەگەڵ بێ، ئێوە ئەرکی خۆتان بەئەنجام گەیاند، ئەوەش بەسە، ئەوەی ماوە پەیوەندی بەمنەوە هەیە!"

خەنی و خۆشحاڵ گەڕاینەوە، لەڕێگە هاوڕێکەمان کە لەناوەڕاستەوە دەڕۆیشت، دەستی نایە سەر شانی من و هاوڕێکەی تر و گوتی: "ئافەرین هەی ئەنجومەنی هاوڕێیان!"

هەمان ئەو یەکشەممەیە، قازی خانمە دەوڵەمەندەکەی هێنا، دواتر زانیمان مەتران ڕووداوی دیدارەکەی ئێمەی بەقاقای پێکەنینەوە بۆ هاوڕێکانی گێڕاوەتەوە!

***

هەر چ ڕۆمانێکمان بەدەست گەییبا دەمانخوێندەوە، زەینمان ئاگری گرتبوو، سنوورەکانی نێوان واقیع و ئەندێشە، حەقیقەت و شیعر لەبەین چووبوون و پێدەچوو ڕۆحی ئینسان توانای لەخۆگرتن و کارایی هەموو شتێکی هەبێ.

بەڵام چەند زەینم کرابایەوە و لە سنوورەکانی حەقیقەتی تێپەڕاندبا، بەهەمان پێودانگ دڵم پڕدەبوو لەخەم، ژیان بەلامەوە بێ ئەندازە تەنگ دەهاتە بەرچاوم، ئارەزووی مەرگم دەکرد، لەبەرئەوەی نەمدەتوانی لەگەڵ ژیاندا هەڵکەم، ئاخر تەنها مەرگ بوو کە ڕووبەرێکی بەرفراوان و بێ سنووری وەهای هەبوو کە دەمتوانی تیایدا جێگەم بێتەوە.

ڕۆژێکیان – بیرم دێ – خۆر دەدرەوشایەوە و هەستم بەلەشساغی و دڵنیایی دەکرد، پێشنیارم بۆ هاوڕێکەم کرد خۆمان بکوژین، پێشتر نامەیەکی درێژی خەمینم نووسیبوو، وەسێتنامەیەک بوو کە تیایدا ماڵئاواییم لەدونیا دەکرد، بەڵام هاوڕێکەم قایل نەبوو، منیش هیچ حەزم نەدەکرد بەتەنها خۆم بکوژم.

ئەو خەمە بەیاننەکراو و پەی پێ نەبراوە، هێند دەستی ڕۆبردبووە بوونمەوە، کە ئیدی حەزم بەبینینی هاوڕێکەشم نەدەکرد، ئێواران دەچوومە دەرێ و بەتاقی تەنها بەدرێژایی دیوارە ڤینیسیاییەکە بەسەروو شەپۆڵەکانەوە پیاسەم دەکرد.

خودایە هەوا چ موجیزاوی بوو! چ شنەیەکی خۆش لەزەریاوە هەڵی دەکرد! کیژان بەقردێلەی ئاوریشمی کەزی و پرچە پەخشەکانیانەوە دەهاتن و دەچوون، مناڵە تورکە چکۆڵەکان، بەپێی پەتی و بەدەنگ و نەغمەی کچانەیان یاسەمین و ناوکە کوولەکەیان دەفرۆشت، (بار بالاریس) لە قاوەخانەکەی، مێز و کورسییەکانی ڕێکدەخستن تا پیاوان لەگەڵ هاوسەرەکانیانا، کوڕان لەگەڵ دەسگیرانەکانیانا بچنە ئەوێ و قاوە و شەربەت و مرەبا داواکەن و بەدڵێکی ئاسوودەوە لەئاوابوونی خۆر بنۆڕن، بەڵام من هیچم



نەدەبینی: نە زەریای بێ سنوور و ئارام، نە تەنگەی بڵند و سیحراوی (ئاجیا پلاجیا)، نە چیای (ئەسترومبولاس)ی شێوە قووچەکیی بەنوێژخانەی لەخاچدراو و هێلکە چکۆڵە و سپییەکەی سەر ترۆپکەکەیەوە، نە کوڕان لەگەڵ دەسگیرانەکانیانا، هیچیانم نەدەبینی، فرمێسک بەرچاوی تاریک کردبووم. دوو نهێنی گەورە ڕۆحمیان هێنابووە گیروگاز، دوو نهێنی کەساڵێکیان مامۆستای فیزیا ئاوەڵای کردبوون. مەزەندە دەکەم ئەو برینانەی ئەو مامۆستایە کردنییە ڕۆحم، تا هەنووکەش سارێژ نەبووبن!

یەکەمین نهێنی، نهێنییەکی لە حەقیقەتا ترسناک ئەوە بوو، کە عەرد پێچەوانەی باوەڕی ئێمە، ناوەندی کەون نییە و خۆر و مەدارە پڕ ئەستێرەکان بەدەوری عەردا ناسووڕێنەوە، بەڵکو هەسارەکەی ئێمە لە ئەستێرەیەکی چکۆڵە زیاتر نییە کە بەخەمساردی فڕێ دراوەتە کۆئەستێرەوە و بەدەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، بەو پێیە تاجی پادشایەتی لە تەوقی سەری (عەرد)ی دایکمان کەوتبووە خوارەوە.

سەراپای بوونم تژیی ببوو لەخەم و دڵتەنگی، ئاخر ئێمەش لەگەڵ دایکمانا لەسەر عەرشی پادشایەتی داگیرابووین، بەواتایەکی تر، عەردەکەی ئێمە وەک خانمێک بێ حەرەکەت لەناوەندی مەدارەکانا، لەگەڵ ئەستێرەکانی چواردەوریدا ڕانەوەستاوە، بەڵکو ئەم خانمە لەنێو بڵێسە مەزنەکان و لەنێو بێ سەروبەریدا وێڵە و لەچاوشارکێیەکی هەتاهەتاییدایە. ئەدی بەرەو کوێ دەچێ؟ بۆ ئەو شوێنەی بۆی دەستنیشان کراوە، بەپێی خۆری سەروەرییەوە بەستراوە و بەدوای ئەودا ڕێ دەکات، ئێمەش هەروەک ئەو بەستراوینەوە، ئێمەیش کۆیلەین و پاشکۆ، خۆریش بەهەمان شێوە. کەواتە ئەو حەکایەتەی پەرییان چییە کە مامۆستاکانمان تا ئەلعان بەبێ شەرمی بۆمانی دەگێڕنەوە؟ چیرۆکی ئەوەی گوایە خودا خۆر و مانگی وەک زێڕ و زیو بۆ عەرد خولڤاندووە و مەداری پڕ ئەستێرەی وەک چرا بەژوور سەرمانەوە هەڵواسیوە تا ڕۆشناییمان پێ ببەخشێ!

ئەوە یەکەمین زام بوو، زامی دووەم ئەوەبوو کە ئینسان مەخلوقی ئازیز و هەڵبژێرراوی خودا نییە، بەڵکو ئەویش وەک مەخلوقەکانی تر، بازنەیەکی چکۆڵەی نێو بازنەی بێ کۆتایی ئاژەڵان و نەوەی مەیمونە، ئاخر پشتمان بگەڕێین، ڕۆحمان بگەڕێین، لەژێر داپیرە گەورەمانا هەر مەیموون دەبینین!

خەم و دڵتەنگیم لەوەدا نەبوو، تەنهای تەنها بەدرێژایی ڕۆخی زەریا، یا بەنێو کێڵگەکانا دەڕۆیشتم، یاخود بەپەلە هەنگاوم دەنا تا ماندووبم و ئەو خەم و دڵتەنگییە لەبیرکەم. بەڵام ئەدی چۆن دەمتوانی ئەو خەمە فەرامۆش کەم؟ بەسەری ڕووت دەڕۆیشتم و هەر دەڕۆیشتم، تەواوی قۆپچەکانی کراسەکەم دەترازاند تا نەخنکێم، هەنگاوم دەنا و لەخۆم دەپرسی: "ئەدی بۆچی ئەو هەموو ساڵانە فریومان خوارد؟ بۆچی ئەو تاجی پادشایەتییەی کە لەسەر ئێمەی ئینسان و عەردی دایکمان نرابوو کەوتە خوارەوە؟ واتە ئیدی عەرد هیچ! ئێمەی ئینسانەکان بێ بایەخ بووین، ڕۆژێکیش دێ هەموومان تیاچین؟" لەبەرخۆمەوە هاوارم دەکرد: "نا.. نا.. من سەر بۆ قەناعەتێکی لەو جۆرە نەوی ناکەم، ئێمە پێویستە هێند تەقولباب لە دەرکی چارەنووسمان بدەین، تا ئەو دەرکە دەکرێتەوە و خۆمان ڕزگار دەکەین!"

ڕۆژێکیان عەسر، کە ئیتر نەمدەتوانی بەرگەی ئەو بارودۆخە بگرم، چووم بۆ لای مامۆستای فیزیا، ئەو

مـامـۆسـتـایە کـەسێکی زەردەڵ، کەمـدوو، قـسـەی دەبێـژا ئەوجـا دەیبـێـژا، هەمـیـشـە قـسـەکـانی ڕەق و کینایەتئامێز بوون، زیرەکی و فێڵبازی لەچاوانی سارد و لێوانی ناسکی دەباری، نێوچەوانێکی چکۆڵە و تا برۆکانی هەر قژ بوو، لە ڕاستیدا بەمەیموونێکی نەخۆش دەچوو، بینیم لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو دەیخوێندەوە، دیقەتی دام و بەئاشکرا سەرنجی شپرزەییمی دا، زەردەخەنەیەکی تەشەراوی هاتێ. پرسی: "ئەوە چۆن بوو؟ دیارە دەبێ بۆ شتێکی گرنگ هاتبیت؟"

– "ببوورە ناوەخت هاتم، بەڵام دەمەوێ حەقیقەت بزانم!"

بەگاڵتەپێکردنەوە وەڵامی دامەوە: "هەر ئەوە! داواکەتان داوایەکی مەحاڵە، کام حەقیقەت؟"

– "ئەو حەقیقەتەی کە (ئەو) چنگی کرد بەخاکدا و لە هەناسە..."

– "کێ؟"

– "خواوەند!"

پێکەنینێکی وشک و بڕندە لە لێوە ناسکەکانیەوە قوڵپی دا.

چاوەڕێی وەڵامـێک بووم، بەڵام مـامـۆسـتـا پاکـەتێکی چکۆڵەی کـردەوە، چوکلێـتـێکی ئاوی نەواتی دەرهێنا و کەوتە جوینی.

غیرەتم دایە بەر خۆم و پرسیم: "قوربان، ناتانەوێ وەڵامم بدەنەوە؟"

بەدەم ئەملاولاپێکردنی چوکلێتەکە لەدەمیدا گوتی: "با... با!"

دوای ماوەیەک، سەرلەنوێ پرسیم: "کەی؟"

– "دە ساڵ، ڕەنگە بیست ساڵی تر، ئەو کاتەی زەینی چکۆڵەت دەبێتە زەینێکی کامڵ و حیسابی، ئێستا بۆ وەڵامدانەوەت زووە، فەرموو بگەڕێوە ماڵێ!"

دەمویست بەگریانەوە بڵێم: "قوربان، ڕوحمم پێ بکە، حەقیقەتم پێ بڵێ، هەموو حەقیقەت!" بەڵام قوڕگم گیرابوو. هەمدیس گوتی: "بگەڕێوە ماڵێ!" وای گوت و ئیدی دەرگاکەی نیشاندام.

لە ڕێی گەڕانەوەدا، مامۆستای (ئایین )(*)مانم، بینی. ئەو مامۆستایە بونیادەمێکی ساکار و ئیماندار بوو، گوێ قورس و کورتەبنە، پیرێژنەکەی دایکی تا ڕادەی عیشق دەپەرست، دایکی لەگوندێکی چکۆڵەی دوور لە میگالۆکاسترۆ دەژیا، زوربەی جاران ئەو مامۆستایە بەچاوانی فرمێسکاوییەوە پێی دەگوتین کە خەونی بەدایکییەوە بینیوە. وی هێند داوێنپاک بوو کە ئیدی سەرەنجام لەپیاوەتی کەوتبوو، کاتێ زەنگی پشوو لێی دەداو دەرس تەواو دەبوو، بۆ لەحزەیەک لەبەر دەرگاکە ڕادەوەستا و پاشان ئاوڕی دەدایەوە، بەنەغمەیەکی گریاناوییەوە پێی دەگوتین: "ڕۆڵەکانم، بۆ زۆرکردنی نەسل تێبکۆشن!" ئێمەیش کە خەریکبوو لەپێکەنینا ژانمان دەکرد، هاوارمان دەکرد: "خەمت نەبێ، قوربان خەمت نەبێ!"

من هیچ ئەو مامۆستایەم خۆش نەدەویست، ئەقڵی هێندەی ئەقڵی مەڕێک بوو کە بەردەوام دەیباعاند و نەیدەتوانی وەڵام بەهیچ یەکێ لە دڵەڕاوکێکانمان بداتەوە. ڕۆژێکیان بنەماکانی ئایینی بۆ باس

(*) ئەسڵی ئەم واژەیە archimandrite لێک دراوە لە archos واتە سەرۆک و mandrita واتە شوان.



دەکردین، پەنجەی بەنیشانەی پیرۆزی بۆ سەرەوە هەڵبڕی و گوتی: "خودا یەکە، یەک ک ک! بنەمای ئایین دەڵێ، من بڕوام بەخودایەک هەیە، گەر دوو خودا هەبان، ئەوا بنەماکانی ئایین دەیانگوت، من بڕوام بەدوو خواوەند هەیە... دوو... دوو...." کە ئەوەمان بیست، دڵمان بۆی سووتا، هیچ کاممان بەڕەوای حەقی نەزانی بەرپەرچی بداتەوە.

بەڵام ڕۆژێکیان ئیدی نەمتوانی ددان بەخۆدا بگرم، باسی قودرەتی ڕەهای خودای بۆ دەکردین، قەڵەمەکەم هەڵبڕی و پرسیم: "قوربان، خودا دەتوانێ واقیعیەتی بوونی ئەم قەڵەمە ڕەت کاتەوە؟"

مامۆستای فەقیری ئایین سوور هەڵگەرا، بۆ ساتێک تێفکری و هەوڵی دا وەڵامێک بدۆزێتەوە. کاتێ چ وەڵامێکی بۆ نەهات، تەختە سڕەکەی تێ گرتم و کێشای بەدەموچاوما، منیش هەستامە سەرپێ و بەوپەڕی شانازییەوە گوتم:" جا ئەوە کەی وەڵام بوو!"

سێ ڕۆژ لەقوتابخانە دەری کردم و عەسری هەمان ڕۆژ چووبووە لای بابم و پێی گوتبوو: "کوڕەکەت ئاژاوەگێڕ و هاروهاجە، پاشەڕۆژێکی خەراپ چاوەڕوانێتی، باشترە توند جڵەوی بگریت!"

– "چی کردووە؟"

مامۆستای ئایین تەواوی ڕووداوەکەی لە نووکەوە بۆ گێڕابۆوە. بابم بەشان هەڵتەکاندنەوە وەڵامی دابۆوە: "کاتێک مەسەلەیەکی ئەوها پەیوەندی بەمنەوە هەیە کە کوڕەکەم درۆ بکا یان دارکاری بکرێ، پێچەوانەی ئەوە پەیوەندی بەمنەوە نییە، ئەو ئیدی پیاوێکە بۆ خۆی، لێگەڕێ با هەرچی پێ خۆشە ئەوە بکات!"

ئەلعانیش کە مامۆستای ئایینم بینی، ڕووم وەرگەڕاند تا ناچار نەبم سڵاوی لێ بکەم، لەو ساتەوەختەدا زۆر داخ لە دڵ بووم، بۆم ساخ ببۆوە کە ساڵانێکە ئەو و هاوکارەکانی فریویان داوین، ئاخر لەو بەشەی تایبەت بەپیرۆزترین هەوڵی بەشەرییەتدا، گاڵتە و سووکایەتییان پێ کردبووین.

وای لەو ڕۆژانەی دوو بڵێسەی برووسکە، ئەڵقاو ئەڵق لەزەینمەوە ئاڵان! وای چ شەوانێک بوون ئەو شەوانەی خەو نەدەچووە چاوانم، نیوەشەوان لەسەر تەختە نوێنەکەم ڕادەپەڕیم، هێور هێور نەبا بانگم کەن و ئاشکرابم، لەسەر نووکی پێ بەپێپلیکانەکاندا دەهاتمە خوار، وەک دز دەرگاکەم دەکردەوە و دەچوومە کۆڵان، هەموو شوێنێ چۆڵ و بێدەنگ، دەرگاکان داخراو، چراکان خامۆش. بەکۆڵانە تەنگەبەرەکانی میگالۆکاسترۆدا دەکەوتمە پیاسە، بەوردی گوێم بۆ هەناسەدانی ئارامی شاری نوستوو ڕادەدێرا، جارناجارێک دەنگی ژنانێکی عاشقم دەژنەفت کە لەودیو پەنجەرە داخراوەکانەوە، بەگیتار و عود گۆرانییەکی عاشقانەی خەمینیان دەچڕی، گۆرانییەکی بەشکۆ و گریاناویی کە لەساپیتەکانەوە بەرز دەبۆوە و هەڵدەفڕی. سەگەکانی دەروجیران گۆرانییەکەیان دەبیست، وە ئاگا دەبوونەوە و دەیانقروسکاند. بەڵام من لە ئەڤین و لە ژن بێزار بووم، لێکدا لێکدا لەخۆم دەپرسی: "خەڵکیی چۆن دەتوانن گۆرانی بڵێن؟ چۆن دڵیان ڕاناچڵەکێ بۆ تێگەیشتن لەماهییەتی خودا و بۆ حاڵیبوون لەوەی لە کوێوە هاتووین و بۆ کوێ دەڕۆین؟ بەخێرایی لەو ناوە ڕەت دەبووم، دەگەیشتمە دیوارەکانی کەنار و لەوێ هەناسەیەکی ئیسراحەتم هەڵدەمژت، زەریای قیر ڕەنگ لەو خوارەوە نەعرەتەی دەکێشا، هوروژمی بۆ دیوارەکان دەبرد و

دەیڕووشاندن، کەفی ئاو بەدیوارەکاندا سەری دەکرد و بەسەر نێوچەوان و لێو و دەستمدا دەپرژا و فێنکی دەکردمەوە، چەند سەعاتێک بەسەر ڕووی ئاوەوە دەمامەوە، هەستم دەکرد زەریا دایکمە نەک عەرد، تەنها زەریا بوو نیگەرانیمی پەی پێ دەبرد، پێدەچوو ئەویش لەو نیگەرانییەدا شەریکم بێ، هەر بۆیە ئەویش چاوانی نەدەچوونە خەو، بەسینگی خۆیدا دەکێشا، هوروژمی بۆ کەنار دەبرد و ئەویش بەشی خۆی گورزی بەردەکەوت. ئاخر ئەوەتا ئەویش لە گەڕانیدا بەدوای ئازادیدا، هەوڵی دەدا دیوارەکانی کەنار ڕامالێ و لەو سنوورانەوە بەرەو دیوی ئەودیو ڕەتبێ. وشکایی ئارام و دڵنیا و سادە دڵ و بەهەوڵە، شکۆفە دەکات، میوە دەدا و دەژاکێ، بەڵام نایەڵێ ترس دزە بکاتە دڵییەوە، لەبەرئەوەی دڵنیایە بیەوێ و نەیەوێ بەهار جارێکی تر لە خاکەوە سەر دەردێنێ، بەڵام زەریای دایکم، ئارام نییە، شکۆفە ناکات، میوە نادات، لەباتی ئەوە نەعرەتە دەکێشێ و شەو و ڕۆژ لە جەنگدایە. من گوێم بۆ ئەو ڕادەدێرا و ئەویش گوێی بۆ من ڕادەدێرا و تا کازێوەی دەدا دڵی یەکترمان دەدایەوە، پاشان لە خۆفی ئەوەی نەبا خەڵکی پێکەوە بمانبینن، بەپەلە دەگەڕامەوە ماڵەوە و لەسەر قەرەوێڵەکەم ڕادەکشام، دڵنیاییەکی تاڵ و سوێر لە جەستەمدا دەبزووت، خۆشحاڵ بووم لە ئاوی زەریا خولقاوم نەک لە خاک.

یەکێ لە هاوسێکانمان مەیموونێکی هەبوو، مەخلوقێکی بێ شەرم و گەلۆقوون سوور و خاوەن چاوانێکی بونیادەمانە، ئەو هاوسێیەمان هاوڕێی پیرەمێردێکی خەڵکی ئەسکەندەریەی ئەو مەیمونەی دابوویێ، هەر کاتێ لەوێوە ڕەت دەبووم، لەسەر سەکۆکەی بەر دەرگا دەمبینی، بەردەوام بستەی دەکرتاندو دەیخوارد، هەمیشەش خۆی دەخوراند تا لە گۆڵمەزی ڕشک و ئەسپێکانی لەشی ڕزگاربێ. زیاتر تەماشای جووڵە و پێکەنینەکەیم دەکرد، وەک کاریکاتێرێکی بونیادەمانە دەهاتە بەرچاوم، مەخلوقێکی عەییار و بێ حەیا و خاڵی لە نهێنیی بوو، دەکرا خەڵکیی بێ بایەخانە لێی بنۆڕن، بەڵام من ئەمجارە کە بینیم زەندەقم چوو، بۆ ئەوەی سەر و فەسالی نەبینم ڕێگەکەم گۆڕی، بەخۆم گوت: "بڵێی ئەوە نەنکم بێ؟ ئەمە ئیدی سووکایەتییە بۆ ئینسان!" شەرمەزار و تووڕە هەستم دەکرد دەسەڵاتی ناوەوەم هەرەس دێنێ. ئایا نەنکی ئەوەڵینم ئەم مەیموونە بووە؟ بەواتایەکی تر ئایا ڕاستە دەستکردی خودا نیم و ڕۆحی خۆی لە مندا نەچاندووە؟ ئایا من لە نێرە مەیموونێک کەوتوومەتەوە کە تۆوەکەی لە مێ مەیموونێکەوە بۆ مێ مەیموونێکی تر گوێزراوەتەوە؟ بەکورتی ئایا من کوڕی خواوەند نیم و کوڕی مەیموونم؟

چەندین مانگ ئەو سەرە گێژی و تووڕەییەم درێژەی کێشا، کێ چوزانێ! ڕەنگە تا هەنووکەش بەردەوام بێ، لە بەرێکی ئەو گەرداوە نهێنی ئامێزەدا مەیموون ڕاوەستا بوو، لەوبەریشەوە مامۆستای ئایین، لەنێوان ئەمبەرو ئەوبەردا، بەژوور ئەو فەوزا و بێ سەروبەرییەوە، بەسەر داوە دەزوویەکەوە بووم، بەوێوە هاوسەنگی خۆم پاراستبوو، بەترسەوە هەنگاوم دەنا و ڕۆژگارێکی ناخۆشم دەگوزەراند.

کاتی پشووی قوتابخانە بوو، بەباوەشێک کتێبەوە لەبارەی ئاژەڵ و گژوگیا و ئەستێرەوە دەرگام لەخۆ کلیل دا، بەپیاوێک دەچووم کە لە تینوواندا خەریک بێ لە پەلوپۆ بکەوێ، تا ئەو کاتەی لە ڕۆخی ڕووبارێکدا بەدەما دەکەوێ تا ئاو بنۆشێ. شەو و ڕۆژ سەرم بەسەر ئەو کتێبانەدا شۆڕکردبۆوە، نەدەچوومە دەرێ، بەدەستی ئەنقەست نیوەی سەرم سفر کردبوو، کاتێ هاوڕێکانم دەهاتن بەدواما تا لەگەڵیانا بچم



بۆ پیاسە، سەرم لە پەنجەرەکەوە دەبردە دەرێ و ئاماژەم بۆ سەرە نیوە سفرکراوەکەم دەکرد و دەمگوت: "چما نابینن؟ چۆن بەم وەزعەوە دەتوانم بێمە دەرێ؟" ئەوجا هەمدیس سەرم بەسەر کتێبەکانا شۆڕ دەکردەوە و بەئارامی گوێم بۆ پێکەنینی گاڵتە ئامێزی هاوڕێکانم ڕادەدێرا کە دوور دەکەوتنەوە. هەرچی زانیارییەکانم زیاتر دەبوون، دڵم زیاتر تژیی دەبوو لە دڵتەنگی و گومان، سەرم هەڵدەبڕی و گوێم بۆ قریشکە و هاواری مەیموونەکەی دراوسێم ڕادەدێرا. ڕۆژێکیان پەتەکەی پچڕاند، هاتە حەوشە و بەسەر درەختی ئەکاکیاکەدا هەڵگژا، کاتێ سەرم هەڵبڕی سەرنجم دا لەنێو پەلکەکانی درەختەکەوە دیقەتم دەدا، ڕۆحم چوو، بەهەموو ژیانم ئاوها چاوانێکی بونیادەمانەم نەبینیبوو، دووچاوی بازنەیی، دووچاوی ڕەش و بێ جووڵە، دووچاوی پڕ لە فێڵ و گاڵتەجاڕیی دیقەتیان دەدام.

هەستام و کتێبەکانم لەولاوە دانا، بەدەنگی بەرز گوتم: "ئاوهایی نابێ، من پێچەوانەی ماهییەتی ئینسان هەڵسوکەوت دەنوێنم، لەپێناوی سێبەردا چاو لەجەستە دەقوچێنم، ژیان لەگۆشت و جەستە پێکهاتووە و منیش برسیم!"

لە پەنجەرەکەوە دانەویمەوە و گوێزێکم بۆ مەیموونەکە هەڵدا، گوێزەکەی بەحەواوە گرتەوە، لەنێو ددانەکانیدا شکاندی، توێکڵەکەی لێکردەوە و بەدەم جوینی ناوکەکەیەوە بەگاڵتەجاڕییەوە سەیری دەکردم. فێری خواردنەوەی شەرابیان کردبوو، ڕام کردە ژێر زەمینەکە و پیاڵەیەک شەرابم هێنا و لەسەر لێواری پەنجەرەکە بۆم دانا، بەئیشتیهاوە پەڕەی کەپووی بۆ لەراندەوە، قەڵەمبازێکی دا و خۆی گەیاندە سەر لێواری پەنجەرەکە، لمۆزی نایە نێو پیاڵەکە و کەوتە خواردنەوەی شەراب، هێند بەکەیف و لەزەتەوە شەرابەکەی دەخواردەوە کە بەزوبان تەقەی لەنێو زاری هەڵدەسان، پاشان دەستی کردە ملم، وەک بڵێی ئیدی نەیەوێ جێم بێڵێ، بۆنی شەراب و چڵکی لێ دەهات، گەرمای جەستەیم لەسەر ملم هەست پێ کرد، مووی سمێڵی دەچوو بەنێو کەپووما، ختوکەیدەدام و دەیخستمە پێکەنین، بەهەموو جەستەی ئامێزی پێداکردبووم و وەک بونیادەم هەناسەی دەدا، گەرمای جەستەمان ئاوێتەی یەکدی بوو، هەناسەی مەیموونەکە لەدووی هەناسەکانی منەوە دەهات، پێکەوە ببووینە هاوڕێ. کاتێک جێی هێشتم، هەستم کرد، ئەو لەئامێزگرتنە بەجێژنی تەبشیریی شووم دەچێ، مەلایکەتێکی تاریک، پەیامهێنی خواوەندێکی کولکن و چوار پێ، لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە دەچووە دەر.

ڕۆژی دواتر، دەمەو ئێوارە چووم بۆ بەندەر، وەک بڵێی لەوەوبەر وەها پلانێکم دانەڕشتبێ، خۆم کرد بەمەیخانەیەکدا، مەیخانەیەک کە ماسیگران تیایدا دەیانخواردەوە. داوای شەرابم کرد، نەمدەزانی خەمین و تووڕەم یان خۆشحاڵ، هەموو شتێ – مەیموون، ئاسمانی ئەستێرەباران، خواوەند و پلەی ئادەمی – هەموو شتێ لە ناخمدا ببووە گرێکوێرە، پێدەچوو ئومێدم لەسەر ئەلکول هەڵچنیبێ تا ئەو گرێکوێرەیەی پێ بکەمەوە.

چەند ماسیگر و حەماڵێک کە هەموویان ئارەقخۆری حیسابیی بوون لە گۆشەیەکدا دانیشتبوون، پێک پێک شەرابیان هەڵدەدا، هەرکە منیان بینی، دایانە قاقای پێکەنین.

یەکێکیان گوتی: "هێشتا دەمی بۆنی شیری خاوی لێ دێ و دەیەوێ لاسایی پیاوان بکاتەوە!"

ئەوی تریان گوتی: "لاسایی بابی دەکاتەوە، بەڵام ڕێیەکی درێژی لە پێشە!"

بەبیستنی ئەو وشانە لە تووڕەییدا قوڵپم دەدا، هاوارم کرد: "هێی هاوڕێیان، وەرنە ئێرە، تا سەرخۆشتان کەم!" ئەوانیش بەقاقای پێکەنینەوە هاتنە سەر مێزەکەم، خێرا خێرا پەرداخەکانمان پڕ دەکرد و چۆڕ بڕمان دەکرد، ئەوان بەتووڕەیی دیقەتیان دەدام، نە قسەمان دەکرد و نە گۆرانیمان دەچڕی، تەنها پەرداخە پڕەکانمان بەرز دەکردەوە و سەیری یەکترمان دەکرد تا ببینین کامان گرەوەکە دەباتەوە، عیزەتی نەفسی کریتیی بوونیان تاوی دابوون. ئەو ئارەقخۆرە بەئەزموونانە شەرمیان دەکرد لەوەی مێردمناڵێک لێیان بەرێتەوە. بەوجۆرە یەکە یەکە تەختی عەرد بوون و من تا ئەخیر بەئاگا مامەوە، پێدەچوو عەزابم هێند قورس بووبێ کە ئەوها شەرابەکە چ سەرخۆشی نەکردبووم.

شەوی دواتر و شەوانی تریش، هەمان بەزم دووبارە بۆوە، چیرۆکی شەونشینیم لەگەڵ ماسیگر و حەماڵەکانی بەندەردا کەوتە سەر زاری خەڵکی و لە سەراپای میگالۆ کاسترۆدا وەک ئارەقخۆرێکی بەد مەست ناوبانگم دەرکرد.

هاوڕێکانم بەو هەڵخلیسکانەم خۆشحاڵ بوون، ئاخر نەیاندەتوانی بڕوا بەو واقیعیەتە بێنن کە من ڕقم لە هاوڕێیەتی ئەوان دەبێتەوە و دەرگا بەڕوویاندا دادەخەم و دەخوێنمەوە، یان باوەڕ بەوەی کە بەو دواییە کتێبێک بنێمە گیرفان و بەتاقی تەنها بچم بۆ پیاسە. ئەو هاوڕێیانە بەنیگای نەفرەتاوی و بەتانە و تەشەرەوە گوتبوویان: "ئاخرییەکەی سەری بەر ئەستێران دەکەوێ و هەپروون بەهەپروون دەبێ!" بەڵام هەنووکە کە دەیانبینی لەگەڵ خەڵکانی هەرچی و پەرچیی میگالۆکاسترۆدا دەخۆمەوە و باجی ڕووڕەشیی خۆم دەدەم خۆشحاڵ بوون، هەواڵیان دەپرسیم، خۆ دەشێ لە ڕووی میهرەبانیشەوە سۆراخیان کردبم.

شەوێکی شەممە، بەپێی بەڵێن و بڕیارێکی نهێنی، بۆ باشترین مەلهای شاریان بردم، مەلهاکە ناوی مەلهای (جەنگاوەرانی ١٨٢١) بوو، ماوەیەک لەوەوبەر تیمێکی نوێی نمایشکار، کە پێکهاتبوو لەژنانی شۆخ و شەنگی ڕۆمانی و فەڕەنسایی هاتبوونە میگالۆکاسترۆ، ئەو ژنانە بەڕادەیەک شۆخ بوون کە ئەقڵیان لەسەری پیاوماقووڵانی شاردا نەهێشتبوو. عەسرانی شەممە ئەو پیاوانە، بەوپەڕی حیرسەوە لەماڵ دەهاتنە دەر و وەک دز پێیان دەنایە ئەو بەهەشتە قەدەغە و نیوە تاریکەوە، بەترس و لەرزەوە لەسەر مێزەکانی ئەوپەڕدا دادەنیشتن، بەمەلاولای خۆیاندا دەیانڕوانی تا دڵنیابن لەوەی ناسیاوێک نەیدیون، ئەوجا دەستیان دەدا بەیەکدا تا ژنە گۆرانیبێژێکی بۆنخۆش و ئارایشتکراو بێت و لە نێو ئامێزیاندا دانیشێ، پیاوە هاوشارییە ماقووڵەکان بەو جۆرە چەند ساتەوەختێکی شەرمەزارانەی پڕ شەڕو شۆڕیان لەبیر خۆ دەبردەوە، ساتەوەختگەلێک کە پەیوەست بوو لەگەڵ ژیانێکی هاوجووت لەگەڵ فەزیلەتدا.

هاوڕێکانم منیان بۆ ئەوێ برد و داوای شەرابیان کرد، ژنێکی ڕۆمانیی خڕو خەپان هاتە سەر مێزەکەمان، مەمکە ئارەقاوییەکانی هێنابووە دەرێ، بەو تەمەن و ئەزموونەی کە هەیبوو، بەتەواوی کاری خۆی دەزانی. هاوڕێکانم پێک دوای پێک بۆیان تێ دەکردم و منیش دەمخواردەوە، سەرم گەرم بوو، بەبۆنکردنی ڕەگەزی مێ هەستم دەکرد مەیموونەکەی ناخم وە ئاگا دێتەوە، تاکێ پاپووجی ژنە



گۆرانیبێژەکەم هەڵگرت، خێرا خێرا شەمپانیام تێ دەکرد و دەمخواردەوە.

ڕۆژی دواتر، چیرۆکی ڕیسوایی گەورە لە میگالۆ کاسترۆدا دەنگی دایەوە. قەدیس، سولەیمانی حەکیم، شەوی لەقەحپەخانەیەکا ڕۆژ کردۆتەوەو لە پاپووجی ژنە گۆرانیبێژێکدا شەمپانیای خواردۆتەوە! قیامەتێ هەستابوو نەبێتەوە! یەکێ لە مامەکانم، تووڕە لەپێهەڵخلیسکانی ئابڕووبەرانەی برازاکەی چووە لای بابم و هەواڵەکەی پێ گەیاند، بەڵام بابم بەدەم شان هەڵتەکاندنەوە وەڵامی دابۆوە: "ئەلعان ئیتر ئەو بۆ خۆی بووەتە پیاو، یان دەیەوێ ببێتە پیاو، تاقە ئیشێ بیکات ئەوەیە، جووتێک پاپووج بۆ ئەو ژنە گۆرانیبێژە بکڕێ!" بەڵام من، لە دڵەوە خۆشحاڵ بووم، لەبەر ئەوەی سەرپێچی یاسام کردبوو، خۆم لەشەڕی مامۆستای ئایین و دێوی (دە فەرمان)ەکە ڕزگارکردبوو، شوێن پێی جێگیر و تۆکمەی باپیرە کۆڵکنەکانم هەڵگرتبوو، هەڵخلیسکابوومە نێو نشێوێکەوە و ئەو هەڵخلیسکانەم پێ خۆش بوو.

دوا ساڵی قۆناغی خوێندنی ناوەندیم بوو، بەرقەوە لەمامۆستای ئایینم دەنۆڕی کە لەپاڵ چاکە خوازیەکانیدا، بەئارامی زەردەخەنەی دەهاتێ، ئەو پیاوە مەڕە، ئاسوودە خەیاڵ لە دونیا و قیامەت، بەمیهرەبانییەوە لە ئێمەی گورگی دەنۆڕی، منیش بەرگەی ئەوەم نەدەگرت، دەبوو ئارامی و ئاسوودەییەکەی تێکوپێک بشکێنم، دەبوو تۆفانێک لە دەمارەکانیا بەرپاکەم و ئەو زەردەخەنە گێلانەیەی پانتایی ڕوخساری بسڕمەوە. هەر بۆیە بەیانییەکیان، کارێکی شەیتانانەم بەرامبەری لێوەشایەوە، چووم نامەیەکی کورتم بەم ناوەڕۆکە بۆ نووسی: "تەندروستی دایکت زۆر خەراپە، وا ئەلعان گیان دەدا و ئیتر لەمردنایە، خێرا وەرە بۆ لای تا لەدوعای خێری مەحرووم نەبیت!"

نامەکەم بۆ پۆست کرد، ئەوسا چووم بۆ قوتابخانە و چاوەڕێم کرد، ئەو ڕۆژە مامۆستای ئایین نەهاتە پۆلەوە، ڕۆژی دووەم و ڕۆژی سێیەمیش هەر نەهات، دوای پێنج ڕۆژ گەڕایەوە، بەزەحمەت دەناسرایەوە، بەهۆی نەخۆشی ئاگیسماوە دەموچاوی ئاوسابوو، ڕەنگی بونیادەمی پێوە نەمابوو، تا مل و ژێر باڵی هەمووی ببووە لیر، لێکدا لێکدا خۆی دەخوراند، پێستی سوور هەڵدەگەڕا، لەقسان دەکەوت و بەر لەوەی زەنگ لێبدا لەپۆل چووە دەرێ، سێ مانگ لەجێگەدا کەوت، پاشان بەیانییەکیان هاتەوە، ئاوساوییەکەی نیشتبۆوە، بەڵام هێشتا کاریگەری نەخۆشیەکە بەڕوخساریەوە هەر دیاربوو، بەمیهرەبانییەوە تەماشای کردین، جارێکی تر زەردەخەنە سیمای پۆشییەوە، یەکەمین قسەی گوتی: "ڕۆڵەکانم، سوپاسی خودا دەکەم ئاوها دەستێکی ڕاسپارد نامەم بۆ بنووسێ کە تەندروستیی دایکم خەراپە، بەو جۆرە دەرفەتی بۆ ڕەخساندم تا بەشی خۆم تێبکۆشم بۆ بەرز و بەڕێز ڕاگرتنی بەشەرییەت: واتە بەشی خۆم عەزاب بچێژم."

ئەو وشانە لەرزیان لێ هێنام، چما زاڵبوون بەسەر چاکەخوازیدا هێند کێشە بوو؟ بۆ ساتێ ویستم لە جێگەی خۆم هەستم و هاوارکەم: "بمبوورە لەبەر ئەو گوناهەی کردم!" بەڵام خێرا دەنگێکی تر لەناخمەوە بەرز بۆوە، دەنگێک تژیی لە لۆمە و شەڕەنگێزی گوتی: "تۆ سەگیت، سەگی مامۆستای ئایین، قامچیت لێدراوە و تۆیش ئەو دەستە ماچ دەکەیت کە قامچییەکەی تێ سرەواندوویت!" نا، کارەکەم ڕاست بوو، نەدەبوو داوای لێبوردن بکەم!

***

ڕۆژی دواتر، ئەندامانی (ئەنجومەنی هاوڕێیان)م کۆکردەوە و پێم گوتن: "ئەلعان ئیدی زەینمان ڕۆشن بۆتەوە، پێویستە هەوڵ بدەین زەینی خەڵکانی تریش ڕۆشن کەینەوە، دەبێ ئەرکی مەزنی ئەنجومەنی هاوڕێیان ئەوەبێ بۆ هەر شوێنێ سەفەرکەین، لەهەر جێگایەک لابدەین، پێویستە کار و قسەمان بۆ یەک ئامانج بێت: ئامانجی ڕۆشنگەریی!"

ئەرکی ڕۆشنگەریی دەستی پێ کرد، ناوەندیمان تەواو کردبوو، هەنووکە ئازادبووین، بابم کە دەیویست بچمە ناو سیاسەتەوە، بۆ گوندێکی ناردم تا شاهیدی ڕێوڕەسمی غوسڵی منالێک بم، دوو هاوڕێکەشم لەگەڵ خۆم برد، ئەوە هەلێکی دەگمەن بوو تا تەواوی خەڵکی ئەو گوندە بەڕۆشنگەریی ئاشناکەین. دوای تەواوبوونی ڕێو ڕەسمی غوسڵ، کاتێ لەسەر سفرە دانیشتین و دەملەوەڕان دەستی پێ کرد، هاوڕێ گیانی بەگیانییەکەم، بەوپەڕی گەرم و گوڕییەوە کەوتە وەعزدان و باسکردنی ڕۆشنگەریی. بەر لەهەر شتێ، سەرەتا لەبارەی خوڵقاندنی مرۆڤەوە قسانی کرد و گوتی: "ئەوەڵێن باپیرەمان مەیموونە و ئێمە نابێ لافی ئەوە لێ بدەین کە شەرافەتمەندترین مەخلوقی خوداین!"

لەتەواوی ئەو ماوەیەدا کە هاوڕێکەم سەرگەرمی نوتقەکەی بوو، قەشەی گوند بەچاوانێکی زەقەوە دیقەتی وی دەدا و چ زاری هەڵنەهێنایەوە، کاتێک باسی ڕۆشنگەریی تەواوبوو، قەشە بەمیهرەبانیی سەری تەکان دا و گوتی: "کوڕەکەم ببوورە لەکاتی نوتقەکەتدا دیقەتم دەدایت، بەقسەی تۆ، دەشێ نەسەبی بونیادەم بچێتەوە سەر مەیموون، هیوادارم لێم ببووریت، بەڵام من پێموایە کە نەسەبی ڕاستەقینەی تۆ دەچێتەوە سەر ولێخ!"

لەرزێک ڕۆچووە گیانمەوە، لە هاوڕێکەم ڕوانی، وەک بڵێی یەکەم جار بێ بیبینم، بەدەم و قەپۆزی پان و شۆڕیەوە، بەگوێی قەرنابیتیانە و چاوانی ئارام و ڕەنگ مەخمەلییەوە، هەر بەڕاستی لە وڵاخ دەچوو. ئەدی باشە بۆچی تا ئەو کاتە سەرنجی ئەوەم نەدابوو؟ تاڵە داوێک لەناخما پچڕا و ئیدی لەو ڕۆژەوە بەدوا، نامەم بۆ نەنارد و چ بەخیلیشم پێ نەدەبرد.

ڕۆژانی دواتریش، میگالۆکاسترۆمان تەی دەکرد و گوندەکان دەگەڕاین، لە هەوڵەکانماندا بۆ ڕۆشنبیرکردنی خەڵک، بەرگەی دەردی سەری و ئازارێکی زۆرمان گرت، ئاخر ئێمەیان بەکافر و فەرمەسۆن و بەکرێگیراو مەزەندە دەکرد، پاش ماوەیەک بۆ هەر شوێنێک دەچووین، خەڵکی دەکەوتنە هوها لێکێشانمان و توێکڵە لیمۆیان تێ دەگرتین، بەڵام ئێمە بەشانازییەوە گوێمان بەوانە نەدەدا و سەربەرزانە لەتانە و تەشەر و توێکڵە لیمۆمان تێدەپەڕاند، مایەی دڵخۆشیی ئێمە ئەوەبوو لە پێناوی (حەقیقەت)دا شەهید بین و شەهیدبوون بەگیان بکڕین، بۆ دڵدانەوەی یەکتر بەیەکدیمان دەگوت: "ئەی مەگەر هەمیشە هەر ئاوها نەبووە؟ چەند خۆشە مردن لەپێناو فیکری گەورەدا!"

جارێکیان، سێ قۆڵی چووین بۆ شارۆچکەیەک، ئەو شارۆچکەیە دوو سەعات لە میگالۆکاسترۆوە دووربوو، کەوتبووە دامێنی چیای (یۆکتاس)وە و بەڕەز و مێوەکانی بەناوبانگ بوو، دەیانگوت: (زیۆس باوکی خواوەندەکان و مرۆڤەکان لەو چیا پیرۆزە نێژراوە، بەڵام ئەو خواوەند مردووە کە ئەمێستا لەژێر بەردەکانا بەئارامی ڕاکشاوە، هێشتا توانای ئەوەی هەیە ئەو چیایە سەرلەنوێ داتاشێتەوە، بۆیە



شوێنگەی بەردەکانی ئاڵوگۆڕ پێ کردووە و شکڵی کەللەسەرێکی هەڵاوگێڕاو و زەبەلاحی پێداوە.) دەتوانرا بەئاشکرا ئەوە ببینرێ کە دار گوێز و دار زەیتونەکان لەشێوەی برۆ و کەپوویدا بوون و ڕیشە درێژەکەی تا ڕێکی پێدەشتەکە درێژ ببۆوە.

ئەو هاوڕێیەمان کە مەزەندەمان کردبوو ببێتە داهێنەر و (ئەنجومەنی هاوڕێیان) دەوڵەمەندکات گوتی: "تەنانەت خواوەندەکانیش دەمرن!" وەڵامیم دایەوە: "خوداکان دەمرن، بەڵام خوایەتی نەمرە!"

گوتی: "مەبەستت لەچییە؟ تێ ناگەین!"

بەپێکەنینەوە وەڵامیم دایەوە: "خۆیشم بەتەواوی تێناگەم!"

گەرچی هەستم دەکرد قسەکانم ڕاستن، بەڵام نەمدەتوانی مەبەستەکەم بەڕۆشنی دەربڕم، دەرەنجام دەمامێکم لەپێکەنین دروست دەکرد و خۆم لەژێر باری وەڵامدانەوە پێ ڕزگار دەکرد. ئاخر من بەردەوام لە هەلومەرجە خەتەرناکەکاندا، پێکەنینم وەک ڕێگەیەک بۆ هەڵاتن هەڵبژاردووە.

گەیشتینە شارۆچکەکە، هەوا بۆنی ئەلکول و شیلەی ترێی لێ دەهات، خەڵکی شارۆچکەکە لەکاری ترێ ڕنین ببوونەوە، ئاوی ترێیان کردبووە تەنەکەوە و تڵپەکەشیان کردبووە ئارەق. ئیدی هەنووکە لەباڕەکان دانیشتبوون و ئارەقیان دەخواردەوە، یان لەدەرەوە لەسەر سەکۆیەکی بەردین یاری قاقزێنیان دەکرد، یاخود لەژێر سێبەری سپیدارەکانا دانیشتبوون و ماندوویی خۆیان لەجەستە دەردەکرد.

چەند کەسێک بەڕێزەوە لەبەرمان هەستان، لەسەر مێزەکەی خۆیان دایاننیشاندین و ئاوی ئاڵوباڵۆیان بۆ بانگ کردین. سەری قسانمان دامەزراند، ئێمە هەرسێکمان لەسەر خاڵێک بۆ دەسپێکردنی قسەکانمان ڕێکەوتبووین، وردە وردە لێزانانە بابەتی قسەکانمان هێنایە سەر باسی موجیزەکانی زانست.

پرسیمان: "دەتوانن مەزەندەکەن کە چۆن قاقز دروست دەکرێ و ڕۆژنامە چاپ دەکرێ؟ چ موجیزەیەکی گەورەیە! درەختەکانی دارستانێک دەبڕدرێنەوە، کۆتەرە دارەکان دەخرێنە ئامێرێکەوە، لەو ئامێرەدا دەکرێنە هەویر، ئەو هەویرە دەکرێتە قاقز. لەدەرگایەکەوە دەبرێتە چاپخانە و لەدەرگایەکی ترەوە ڕۆژنامە دێتە دەرێ!" خەڵکەکە بەدیقەتەوە گوێیان بۆ ڕادێرابووین، ئەوانەیشی کە لەسەر مێزەکانی دەوروبەر دانیشتبوون، هاتنە سەر مێزەکەی ئێمە.

بەخۆمان گوت: "زۆر چاکە، وا خەریکە تەسقیفیان دەکەین!" بەڵام پیاوێکی کەتە و زل کە هێندەی باری وڵاخێک داری هەڵگرتبوو لەبەر دەرگاوە دەرکەوت، هاتە ژوورێ و قیت لەبەردەممانا ڕاوەستا بۆ ئەوەی گوێ لە قسەکانمان ڕادێرێ. یەکێک پێی گوت: "هێی دیمترۆس، ئەو دارانە بۆ کوێ دەبەیت؟"

وەڵامی دایەوە: "دەچم ڕۆژنامەیان پێ دروست دەکەم!"

بەو قسەیە، هەموو خەڵکەکە، تەنانەت ئەوانەشی کە لەڕووی ئەدەبەوە گوێیان بۆ ڕادێرابووین، دایانە قاقای پێکەنین.

بەچرپە بەهاوڕێکانم گوت: "باشترە لێرە بڕۆین، هەست دەکەم هەر ئەلعان بەر توێکڵە لیمۆ دەدرێین!"

خەڵکەکە کە لەپێکەنیندا ژانیان کردبوو، هاواریان کرد: "بۆ کوێ منالینە؟ لەلامان بمێننەوە و زیاتر قسەمان بۆ بکەن، ئاخر ئێمە دەمانەوێ پێبکەنین!" ئەوجا کەوتنە دوامان و هاواریان دەکرد:

– "بلێین با بزانین، کامیان یەکەم جار هەبوو، مریشک یان هێلکەی مریشک؟"

– "ئەرێ خواوەند چۆن چیمەنتۆ بێ بزمار بەدیوارەوە ڕادەگرێ؟"

– "ئەرێ ئەوە سولەیمانی حەکیم نێر بوو یان مێ؟ منالینە گەر ئازان لە پشتێنە بەرەو خواری خۆتانمان پیشاندەن!"

– "باشە بۆچی بزنی بەڵەک پێدەکەنێ؟ دەتوانن ئەو مەتەڵە هەڵبێنن؟"

بەڵام ئێمە ئیدی تێمان قوچاندبوو!

لەوە بەدوا، نائومێدبووین لەوەی بتوانین لەڕێی قسەوە ڕۆشنگەریی لە ناو خەڵکدا بڵاوکەینەوە، ڕۆژێکیان بڕیارمان دا بەیاننامەیەک چاپ کەین و بەناو خەڵکیدا بڵاوی کەینەوە، لەو بەیاننامەیەدا بەڕۆشنی و بێ ئەملاولا باس لە ئامانجی خۆمان و ماهییەتی ئەرکی ئینسان بکەین. پارە پاشەکەوتەکانی خۆمان کردە یەک و چووین بۆ لای خاوەن چاپەمەنییەک کە ناوی (مارگۆلیس) بوو. لەبەرئەوەی لە بەیاننامەکانیدا هەژار و بێنەوایانی بۆ ڕاپەڕین و یەکێتی بانگێشت دەکرد بەجەنابی پرۆلیتاریا بانگیاندەکرد. ئامانجی (مارگۆلیس) ئەوەبوو، هێزێکی گەورە لەو خەڵکە پێک بێنێ تا بۆ نوێنەرایەتی پارلەمان هەڵی بژێرن، ئێ هەر بۆیە ئێمەش چووین بۆلای.

جەنابی (مارگۆلیس) پیاوێکی تەمەن مام ناوەنجی بوو، سەر و قژێکی لوول و ماش و برنجیی، چاویلکە لەچاو، کراسی دەڵبی لەبەرا و پێ گێڕ و ورد ئەندام، دەسەسرێکی سووری لە ملیەوە دەپێچا، ڕەشنووسی بەیاننامەکەمانی بەزێدەڕۆیی و دەنگێکی بەرز خوێندەوە، هەرچی زیاتر بەیاننامەکەی دەخوێندەوە، ئێمە زیاتر خەنی و خۆشحاڵ دەبووین، چەند جوان و بەچ هێزێک وشەکان دارێژرابوون، هەرسێکمان، ملمان وەک کەڵەشێر لە کاتی قووقاندندا، بەنیشانەی سەرکەوتن بردبووە پێشێ.

مارگۆلیس کە لەخوێندنەوەی ڕەشنووسی بەیاننامەکە بۆوە، بەدەم پێچانەوەیەوە گوتی: "ئافەرین منالینە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئێوە ڕۆژێک لەڕۆژان بۆ نوێنەرایەتی پارلەمان هەڵدەبژێررێن و خەڵک ڕزگاردەکەن، کەواتە بۆچی پەیوەندیی بەهێزی هەژار و بێ نەوایانەوە ناکەن؟ منیش بەیاننامەیەک دەردەکەم، یاڵڵا دەستتان بێنن!"

بەڵام من قایل نەبووم، گوتم:" تۆ تەنها لەبیری هەژار و بێ نەوایاندایت، بەڵام ئێمە لەبیری هەموو خەڵکداین، ئامانجی ئێمە مەزنترە!"

جەنابی مارگۆلیس، بەدڵشکاوییەوە وەڵامی دایەوە: "بەڵام زەینی ئێوە چکۆڵەترە، پێتان وایە دەتوانن دەوڵەمەندەکان بێننە سەر بیروباوەڕی خۆتان؟ پەندێکی بەناوبانگ هەیە دەڵێ: (ژەنگ بەشتن سپی نابێتەوە!)(*) گوێم بۆ ڕادێرن، خەڵکانی دەوڵەمەند کاریان بەڕێوە دەچێ و لەگەڵ چ جۆرە گۆڕانکارییەکدا نین، نە خواوەند، نە نیشتیمان، نە ژیانی خۆش و دەوڵەمەندانەیان، کەواتە ئێوە دەتانەوێ لەدەرگای خەڵکانی کەڕ بدەن، کەڵەشێرە چکۆڵەکانم، دەی وەرن بەهەژار و بێ نەوایان دەست

(*) لەدەقەکەدا: شتنی غولامێکی ڕەش بەهەدەردانی سابوونە.



پێ بکەین، ئەوانەی ژیانیان بەڕێوە ناچێ، بەزوڵم لێکراوان دەست پێ بکەین، گەر نا، ئەوا بڕۆن بەدوای خاوەن چاپەمەنیەکی ترا بگەڕێن، ئاخر من جەنابی پرۆلیتارم ناوە!"

سێ قۆڵی چووینە بەر دەرگا تا لەبەینی خۆمانا مشاوەرەکەین، بەبێ بەهەدەردانی کات، گەیشتینە بڕیارێکی هاوبەش. هاوڕێکەم ڕووی کردە جەنابی پرۆلیتاریا و گوتی: "نەخێر ئێمە بەپێشنیارەکەی تۆ قایل نین، هەوڵ و کاری ئێمە هی سازش نییە، پێچەوانەی ئێوە، ئێمە جیاوازی ناکەین لەنێوان خەڵکانی هەژار و دەوڵەمەندا، هەمووان دەبێ بگەنە ڕۆشنگەریی!"

مارگۆلیس نەڕاندی: "کەواتە ناڕەسەنینە ونبن لەبەرچاوم!" وای گوت و ڕەشنووسی بەیاننامەکەی کێشا بەدەموچاومانا.

# کیژە ئایرلەندی

هێشتا بەتەواوی نەگەیبوومە قەناعەت، ئەو ڕێگەیەم خۆش دەویست کە گرتبوومەبەر، بەڵام دەمویست بگەمە کۆتاییەکەی. ئەو ساڵە کیژێکی ئایرلەندیی هاتبوو بۆ میگالۆکاسترۆ و دەرسی ئینگلیزی دەگوتەوە، لەبەر ئەوەی هەمیشە خولیای فێربوون لە منا قوڵپی دەدا، بۆیە داوام لێ کرد ئینگلیزیم فێرکات، دەمویست فێری ئەو زوبانە بم تا بەیاننامە بەزوبانی ئینگلیزی دەرکەم و ڕۆشنگەری لەنێو ئەو خەڵکانەدا بڵاوکەمەوە کە لە دەرەوەی گریکستان دەژیان، ئاخر چۆن دەبوو بهێڵین لەتاریکیدا بمێننەوە؟ هەر بۆیە بەدڵ و گیان کەوتمە فێربوونی زوبانی ئینگلیزی، فێربوونی ئەو دونیا سەیر و ئەفسانەییە.

چەند خۆش بوو ئەو ساتەوەختانەی کە لەگەڵ ئەو کیژە ئایرلەندییەدا بەنێو دونیای شیعری لیریکی ئینگلیزیدا پیاسەم دەکرد، زوبانی ئینگلیزی بەپیتە دەنگدار و بێدەنگەکانی ببوونە مەلی نەغمەخوێن، تا شەوێکی درەنگ لەماڵی ئەو کیژە دەمامەوە، لەبارەی مۆسیکەوە دەدواین، شیعرمان دەخوێندەوە، بۆشایی نێوانمان ئاگری دەگرت، لەسەرشانی دەنوشتامەوە و شیعرەکانی (کیتس) و (بایرون)(*)م بۆ دەخوێندەوە، بۆنی گەرم و تیژی بن باڵیم دەژنەفت، زەینم شپرزە دەبوو، کیتس و بایرۆن دیار نەدەمان و دوو ئاژەڵی نا ئارام، یەکێکیان پانتۆڵ لەپێ و ئەوی دییان لەپۆشاکی ژندا، لەژوورێکی چکۆڵەدا جێ دەمان.

هەنووکە کە قۆناغی ئامادەییم تەواوکردبوو، خۆم ئامادە دەکرد بچمە ئەسینا و خۆم لە زانکۆ ناونووس کەم، کێ دەیزانی جارێکی تر ئەم کچی قەشە ئایرلەندییە، ئەم کچە چاوشینە، ئەم کچە بڕێک کۆم بەڵام گۆشتنە دەبینمەوە.

لەگەڵ نێزیکبوونەوەی ڕۆژی جیابوونەوەدا، خەم و ناڕەحەتیم زیاتر دەبوو، هەنجیرێکی گەییو بێننە پێش چاوی خۆتان کە شیلەی لێ دەتکێ، ئێمەش برسی و تینوو، بەوپەڕی پەرۆشییەوە دەس ڕایەڵ دەکەین تا لە پەلکەکەی بکەینەوە، ڕێک لەگەڵ لێکردنەوەیدا ئاو دەزێتە دەمان، بەهەمان شێوە منیش

(*) کیتس و بایرۆن لە شاعیرانی ڕۆمانتیکی سەدەی نۆزدە.

بەدزییەوە لەو کیژە ئایرلەندییە گەییوەم دەنۆڕی و لە ئەندێشەی خۆدا وەک هەنجیر لەپەلک و لقەکانیم دەکردەوە.

ڕۆژێکی مانگی سیپتێمبەر، بڕیاری خۆم دا، لێم پرسی: "حەز دەکەیت پێکەوە بچین بۆ چیای پسیلۆریتی؟ تەواوی کریت لەترۆپکی ئەو چیایەوە دیارە، ژوورێکی نوێژیشی لێیە کە دەتوانین شەو لەوێ ڕۆژ کەینەوە و منیش دەتوانم لەوێ خواحافیزیت لێ کەم!"

گوێچکەی سوور هەڵگەڕا، بەداواکەم قایل بوو، ئای.. چ نهێنییەک لەو گەشتەدا خۆی حەشاردابوو! چ تام و چێژێک، چ چاوەڕوانییەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ! تەواوێک وەک مانگی هەنگوینی! شەو بەڕێ کەوتین، لە مانگەوە هەنگوین دەچۆڕا، هیچ کات لە ژیانمدا مانگم بەو شێوە نەبینیبوو، ڕوخساری مانگ کە هەمیشە لەلام وەک ڕوخسارێکی خەمین خۆی نواندووە، کەچی هەنووکە پێدەکەنی و بەهەمان پێکەنینەوە لەگەڵماندا، لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا کەوتبووە ڕێ و بێباکانە تەماشای دەکردین، لە یەخەی کراوەی کراسەکانمانەوە خۆی دەکرد بەژووردا و دەگەیشتە گەروومان و لەوێشەوە بۆ سینگ و زگمان بەرەو خوار دەبۆوە، بەبێدەنگی دەڕۆیشتین و زارمان هەڵنەدەهێنایەوە، دەترساین نەبا وشە، لێک حاڵیبوونی تەواوی جەستەمان کە لە پاڵ یەکدا هەنگاویان دەنا تێکوپێک دات. کاتێ لەتوولە ڕێیەکەوە ڕەت دەبووین، هەندێ جار ڕانمان بەر ڕانی یەکدی دەکەوت، بەڵام کوتوپڕ هەریەکەمان دوور دەکەوتەوە و دەچووە قەراغی ڕێگەکە، پێدەچوو نەمانەوێ ئارەزووە ئاگرینەکانمان لە لەزەتی هیچ و پووچدا سەرف کەین. دەبوو ئەو ئارەزووانە دەست لێ نەدەین و بۆ ساتەوەختە مەزنەکان هەڵیانگرین. بەپەلە دەڕۆیشتین، وەک دوو هاوڕێ نا، بەڵکو وەک دوو دوژمنی بەخوێنی سەری یەکتر تینوو، بەرەو جەنگێک هەنگاومان دەنا کە تیایدا دەستەو یەخە دەکەوتینە گیانی یەکتر.

گەرچی تا ئەو ساتەوەختە قسەیەکی عاشقانەمان لەگەڵ یەک نەکردبوو، چ بڕیار و بەڵێنێکیشمان بۆ ئەو گەشتە نەبوو، بەڵام هەردووکمان بەباشی دەمانزانی بۆ کوێ دەچین و بۆچی دەڕۆین. نیگەرانی گەیشتن بووین، هەستم دەکرد نیگەرانییەکەی ئەو بۆ گەیشتن لەمن زیاترە.

بەیانی لەگەڵ کازیوەدا خۆمان لەگوندێکی بناری پسیلۆریتی بینییەوە، شەکەت و ماندوو بووین و لەماڵی قەشەی گوند دامەزراین، لەبارەی هاوڕێکەمەوە بۆ قەشە دوام، کە کیژی قەشەیەکی خەڵکی دوورگەیەکی دوور و پڕ پیت و بەرەکەتە و دەخوازێ لە ترۆپکی چیاکەوە بڕوانێتە کریت. ژنی قەشە سفرەی ڕاخست، فەرامینمان کرد، پاشان لەسەر قەنەفە دانیشتین و سەری قسەمان دامەزراند، سەرەتا لەبارەی هێزە گەورەکان - ئینگلیز، فەڕەنسە، ئەمەریکا و مۆسکۆ - وە دواین، پاشان لەبارەی ترێ و زەیتوونەوە، دواتریش قەشە لەبارەی مەسیحەوە قسانی کرد کە گوایە مەسیح ئەرتەدۆکسە و هەرچییەکی لێ بکەن نابێتە پرۆتستانت، گرەویشی کرد کە ئەگەر بابی ئەو کچەمان لەگەڵبا، ئەوا بەیەک شەو دەیکردە کاسۆلیک، بەڵام کچە چاو شینەکەی هاوڕێم خەوی دەهات، قەشە بەژنەکەی گوت: "بڕۆ جێگەی بۆ داخە تا ئیسراحەت کات، هەرچییەک بێ ژنە و ماندووە!" پاشان ڕووی کردە من و گوتی: "بەڵام تۆ پیاوێکی بەهێزی کریتیت، نوستن لە ڕۆژدا مایەی سەرشۆڕییە بۆ کریت، وەرە تا ڕەزەکانمت پیشاندەم،



هێشتا مێوەکان ترێیان پێوەماوە، دەی با بچین پێکەوە ترێ بخۆین."

لە ماندوویی و خەواڵوییدا توانای هیچم نەبوو، بەڵام ئەی ئاخر چیم کردبا؟ کریتیی بووم و نەدەبوو کریت سەر شۆڕکەم. وەلحاڵ چووین بۆ ڕەزەکان، لەبەرماوەی ترێکانمان خوارد و پیاسەیەکمان بەئاواییدا کرد، تلێپەی ترێ لە حەوشەکانا دەپیشا و دەبووە ئارەق، بڕێکی باش ئارەقی گەرممان خواردەوە و قۆڵ لە قۆڵی یەکدا و لۆژ لۆژ گەڕاینەوە ماڵ. خەریک بوو خۆرئاوا دەبوو، کیژە ئایرلەندی خەبەری ببۆوە و ژنی قەشەش مریشکێکی سەر بڕیبوو، هەمدیس کەوتینەوە نانخواردن.

قەشە گوتی: "ئەمشەو بێ قرە بخەون، نیوە شەو خەبەرتان دەکەمەوە و شوانەکەم وەک ڕێنوێن لەگەڵتان دەنێرم تا ڕێگە ون نەکەن."

ئەوجا چووە حەوشە و وەک ئەستێرەناسێک چاوێکی بەئاسماندا گێڕا، پاشان بەڕوویەکی خۆشەوە هاتەوە ژوورێ و گوتی: "بەختتان هەیە، هەوای سبەی گەرمە وەک هەوای شەڕ، هەموو شتێ بسپێرن بەخودا، شەو باش!"

لای نیوەشەو، قەشە بەپێیدا کێشام و خەبەری کردمەوە، بەلێدانی مەنجەڵێکی مس، کیژەکەی هاوڕێشمی خەبەرکردەوە، کوڕە شوانێک، بەگوێی پان و ڕوانینی وەحشیانەیەوە لەحەوشە چاوەڕێی دەکردین، بۆنی نێرە بزن و هەڵاڵەی کێوی لێ دەهات.

لەگەڵ هەڵبڕینی دارەکەیدا گوتی: "یاڵڵا ئامادە، با بڕۆین. دەبێ لەگەڵ خۆر هەلاتندا بگەینە لوتکە."

مانگ هێشتا شادوشەنگ بەئاسۆوە بوو، هەوای دەرەوە سارد، خۆمان لە پاڵتۆوە پێچا، کەپووی کیژە ئایرلەندی سپی هەڵگەڕابوو، بەڵام لێوی سوور بوو وەکی خوێن، لە حەیوەتا ڕووم وەرگێڕا تا ئەو دەم و لێوە نەبینم.

چیایەکی کووڕ بوو. لە ڕەز و باخی زەیتوونەکان ڕەت بووین، گەیشتینە دارگوێز و سەرووە کێوییەکان، گەیشتینە گردۆڵکە بەردینی ڕووتەن، بنی پێڵاوەکانمان خلیسک بوو، بەردەوام هەڵدەخلیسکاین، کیژە ئایرلەندیی دوو سێ جار کەوت، بەڵام بێ دەسگرتن هەڵدەسایەوە. ئیدی سەرمامان نەبوو، ئارەقمان کردبۆوە، بەتوندی زارمان لێکنابوو تا لەهەناسە نەکەوین، بەبێدەنگی ڕێمان دەکرد، شوانەکە لەپێشەوە، کیژە ئایرلەندی لە ناوەڕاستەوە و منیش لەدواوە.

بناری ئاسۆ زیوین، گاشە بەردەکان وەدیارکەوتن، شەهێنەکانی سەحەر لە هەوایەکی شیندا پیاسەیان دەکرد و بەدووی نێچیردا دەگەڕان، کاتێ گەیشتینە لوتکە، خۆرهەڵات ڕەنگی گوڵی پۆشی، بەڵام نەماندەتوانی لەو مەودایەدا شتێ ببینین، تەمێکی چڕ گەمارۆی دابووین، تەمێک کە عەرد و زەریای حەشاردابوو، تەواوی کریتی پۆشاندبوو، لەکاتێکدا کە لەحەژمەت سەرما هەڵدەلەرزین، دەرگا چکۆڵەکەی ژووری نوێژمان کردەوە و چووینە ژوورێ، لەو کەین و بەینەدا کوڕە شوان بەدوای چیلکە و چوێلێ دەگەڕا تا ئاگرێک پێکات.

ژووری نوێژ لەبەرد ڕۆنرابوو، چیمەنتۆی تێدا بەکار نەهێنرابوو، من و کچە ئایرلەندی تەنها ماینەوە، مەسیح و پاکیژە لەمیحرابە پەڕپووتەکەیانەوە سەیریان دەکردین، بەڵام ئێمە سەیرمان نەدەکرد،

شەیتانگەلێکی یاخی لەمەسیح و پاکیژە، لە دژە مەسیحەکان، لە دژە پاکیژەکان لە ناخمانا سەریان هێنابووە دەر، دەستم ڕایەڵ کرد و گەردنی کیژەم گرت، بێ چ بەرگرییەک خۆی دا بەدەستەوە و ئەمەش هەمان ئەو شتە بوو کە چاوەڕێی دەکرد. ئیدی هەردووکمان لەسەر وردە بەردەکە ڕاکشاین.

دەرگایەکی ڕەش بۆ لووشدانم کەوتە سەر پشت و من لەناویدا مەحف بووم، هەر کە پێڵووم کردەوە، سەرنجم دا عیسا لەنێو پەیکەرەکەیدا بەتووڕەیی سەیرم دەکات، ئەو تۆپە سەوزەی بەدەستی ڕاستییەوە بوو دەلەرییەوە، پێدەچوو مەسیح بیەوێ ئەو تۆپەم تێ بگرێ. ترسام، بەڵام باسکی ژن لەخۆیەوە پێچامەوە و هەمدیس لە تێکەڵ پێکەڵێدا غەرق بوومەوە.

کاتێ دەرگاکەمان کردەوە بچینە دەرێ، ئەژنۆکانم لەرزین، کاتێ دەستم دایە دەسکی دەرگاکە، دەستەکانم لەرزین، کوتوپڕ ترسێکی دێرین باڵی بەسەر بوونمدا کێشا، ترسی ئەوەی کە هەر ئەلعان خودا برووسکەیەک نازڵ دەکات و هەردووکمان، کیژە ئایرلەندی و من -حەوا و ئادەم- دەکاتە قەرەبرووت، هەر بەڕاست بێ حورمەتی کردن بەماڵی خودا و بەبەرچاوی پاکیژەوە، بێ سزا بەسەر کەسەوە ناچێ. هێزێکم دایە بەر خۆم، دەرگاکە کرایەوە و پەڕیمە دەرەوە، بەخۆم گوت، هەرچی دەبێ با زوو ببێ.

بەڵام کاتێ چوومە دەرەوە، خودایە چیم بینی؟ وای لەو شادومانییە مەزنە! چ بوو ئەو موجیزەیەی کە لەبەرامبەرمدا ڕاخرابوو! خۆر وەدیار کەوتبوو، تەمەکە ڕەوییبۆوە و تەواوی دوورگەی کریت لەو سەرەوە بۆ ئەمسەر، بەڕەنگی سپی و سەوز و سوور دەدرەوشایەوە و وەک نیگێن لە مابەینی چوار زەریاکەیدا دانرابوو، کریت بەسێ ترۆپکە بەرزەکەیەوە - ترۆپکی کێوە سپی، ترۆپکی پسیلوریتی و ترۆپکی دهیکیتی- کەشتییەکی سێ ستون لەنێوان شەپۆلەکانا چارۆکەی هەڵدابوو، هیۆلایەکی زەریایی بوو، (گورگون)[*]ێک بوو بەمەمکە بێ شومارەکانییەوە لەسەر شەپۆلەکان ڕاکشاو و خۆی بەهەتاو دەدا، لە خۆری ئەو بەیانییەدا بەئاشکرا، ڕوخسار و دەست و پێ و کلک و مەمکە هەڵتۆقیوەکانیم دەبینی، لە تەمەنما زۆر لەزەتم چەشتووە، شکات و گلەییەکم نییە، بەڵام بینینی دوورگەی کریت بەسەر شەپۆلەکانەوە، گەورەترین لەزەتە بینیبێتم. گەڕامەوە تا لە کیژە ئایرلەندی بنۆڕم، پاڵی بەدیواری کلێسا چکۆڵەکەوە دابوو، دەنکێک شکولاتەکەی لە دەمدا بوو، ئارام و خەمسارد لێوی دەلێسایەوە، لێوێک کە بەماچی من تەنرابوو.

گەڕانەوە بۆ میگالۆ کاسترۆ، خەمین و دڵتەنگی ورووژێن بوو، هەرچۆنێ بوو گەیشتینەوە، دیواری ڤینیسیایی بەشێرە بەردینە باڵدارەکانییەوە وەدیارکەوت، کیژە ئایرلەندی لەتاو ماندوویی و شەکەتی،

(*) Gorgon: گورگونەکان سیان بوون لەنێو ئەو سیانەدا تەنها (مەدوز) نەمر بوو، ناونیشانی (گورگون) تەنها بە(مەدوز) دەدرا و ئەویان بەگورگونی ئەسڵی دەزانی، ژمارەیە مار چواردەوری سەریانی دابوو، خاوەن ددانی گەورەی وەک ددانی بەزار و دەستی بڕۆنزی و باڵی زێڕین، بەهۆی ئەو باڵانەوە دەیانتوانی بفڕن، چاویان زۆر تەنک و نیگایان بەئەندازەیەک بڕندە بوو کە هەر کەسێ لەو نیگایەی ڕوانیبا، دەبووە گاشە بەرد. فەرهەنگی ئەفسانەکانی یۆنان و ڕۆم، ترجمە (احمد بهمنش).



نزیکم بۆوە تا خۆی بەباسکەکانمەوە بگرێ، بەڵام نەمتوانی بەرگەی بۆن و بەرگەی چاوە بێ ڕەنگەکانی بگرم، ئاخر وی سێویێکی دەرخوارد دابووم کە لێو و ناودەمی کردبوومە خۆڵەمێش، خێرا چوومە ئەولاوە، ئەویش بێ ئەوەی تەنها وشەیەک بڵێ، هەنگاوێک لێم دوورکەوتەوە. قوڵپە قوڵپی گریانیم ژنەفت، ویستم بگەڕێمەوە، تا لە ئامێزی بگرم و قسەیەکی خۆشی لەگەڵ بکەم، بەڵام لە بری ئەوە هەنگاوەکانم خێراکرد و بێدەنگ مامەوە. ئاخرییەکەی گەیشتینە بەردەمی ماڵەکەی، کلیلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و دەرگاکەی کردەوە، پاشان لە بەر دەرگا چاوەڕێ بوو، بەسەرێکی شۆڕەوە چاوەڕێ بوو، بچوومایە ژوورێ یا نا؟ میهرەبانییەکی زیاد لە وزە و وشەگەلی شادی ورووژێن و خەمهێن لەناخمەوە هەڵقوڵی و تا گەرووم هات، بەڵام لێوم لێک نا و هیچم نەگوت، تۆقەم لەگەڵ کرد، لەیەک جیا بووینەوە. ڕۆژی دواتر چووم بۆ ئەسینا، مەیموونێکم نەبوو بەدیاری بیدەمێ، بەڵام لە ڕێی یەکێ لە قوتابییەکانییەوە، توولە سەگێکم بۆ نارد، توولە سەگێک کە خۆشم دەویست و حەزی لە گازگرتن بوو. ئەو توولە سەگە ناوی (کارمەن)[*] بوو.

## ئەسینا

جحێڵی گیانەوەرێکی کوێر و گۆشەگیرە، خواردنی دەوێ، بەڵام نایخوا، شەرم دەکا بیخوا، بەختەوەری لە کوڵان پیاسە دەکات و هێندە بەسە سەرێکی بۆ بلەقێنێ و بەپیر داواکەیەوە بێ، بەڵام سەری بۆ نالەقێنێ، بەلوعەی ئاو دەکاتەوە و لێدەگەڕێ زەمەن بێ سوود لێ وەرگرتن بڕژێ و سەر کات، وەک بڵێی زەمەن ئاو بێ. جحێڵی ئاوهایە: ئاژەڵێکە بێ ئەوەی خۆی پەی بەئاژەڵێتی خۆی بەرێ.

بەوەبیرهێنانەوەی ڕۆژانی زانکۆم لە ئەسینا، دڵم تەنگ دەبێ، هەرچەند دیقەتم دەدا هیچم نەدەبینی، دونیا لە تەمێکی چڕی ڕەوشت و فیکری وەهامێز و پڕوپوچییەوە پۆشرابوو، دونیا لەچاوانی من شاراوە بوو، ئاخر جحێڵی شتێکی تاڵ و نەفرەتاوییە، لە هیچ حاڵی نابێ، تا زیاتر خۆت ڕاپسکێنی، ئەو زیاتر بەهەدەر دەچێ. ئەو حەکیمە چینییەی کە بەسەرو ڕیشی سپی و چاوانی پڕ لە فرمێسکەوە لەدایک بوو، لەگەڵ ڕۆژاندا وردە وردە سەرو ڕیشی ڕەش بۆوە، پێکەنین لەنێو چاوانیدا بارگە و بنەی خست، باری دڵی سووک بوو، دواجار کە مەرگ لێی نێزیک بۆوە، تازەکی گۆناکانی وەک گۆنای گەنجێک گەندەمووی لێ دەڕوا، گەر خودا ڕوحمی بەبەشەرییەت کردبا، دەبوو عومری ئێمە بەو جۆرە تێپەڕیبا!

لە کریت، دژی چارەنووسم یاخی ببووم، دەمێک دەستم بەداوێنی شەراب و دەمێکی تر خۆم هاویشتبووە ئامێزی کیژە ئایرلەندییەکەوە، بەڵام ئەوە ڕێگەی من نەبوو، هەستم دەکرد گوناهم کردووە.

ئیدی شەرمەزار و ژێوان بۆ کتێب و تەنیایی دەگەڕامەوە.

لەجحێڵییەوە تا پیری، هەر گوفتار یان ڕەوتارێک منی لە ڕەوتی چارەنووسم لادابێ، ئەو گوفتار و ڕەوتارەم بەگوناه داناوە، ئەدی چارەنووسم چ بوو؟ بۆ کوێی کێش دەکردم؟ تا ئەو جێگەیەی ئەقڵم پەی

(*) کارمەن واتە دەنگی ساحیران.

بەجەوهەری نهێنی نەدەبرد، بڕیارەکەم بەدڵ دەسپارد، دەیگوت:" ئەمە بکە، ئەوەیان مەکە، بڕۆ پێشەوە، بوەستە و هاوار مەکە، تەنیا ئەرکێکت لە ئەستۆیە و ئەویش گەیشتنە بەکۆتایی!" دەمپرسی: "کام کۆتایی؟" دەیگوت: "مەپرسە و بەرەو پێش بڕۆ!"

کاتێ لەتەنیاییدا گوێم ڕادەدێرا بۆ ئامۆژگاریی گێلانە و پڕ دەعوای دڵم، خواستەکانم بەر فراوان دەبوون، ئەوەی لە شاری ئەسینای بەنێوبانگدا دەمبینی و دەمبیست، نەیدەتوانی تینوێتیم بشکێنێ. وانەکانی کۆلێژی مافناسی، ئارەزووە ڕۆحییەکانی منیان تێر نەدەکرد، قەناعەتیشیان بەزیتەڵەیی فیکریم نەدەهێنا، هیچ چێژێکیشم لەو کۆڕ و کۆبوونەوانە نەدەبینی کە هاوڕێکانمی لەگەڵ کیژە قوتابییەکانی هاوپۆلیاندا کۆدەکردەوە، ئاخر ئەو سێوەی کیژە ئایرلەندی دەرخواردی دابووم، هێشتا ئاسەوارەکەی بەسەر لێومەوە بوو. ناو بەناو بۆ شانۆ یان کۆنسێرتێک دەچووم و چێژم لێ وەردەگرت، بەڵام چێژێکی ڕووکەش کە ناوەوەمی نەدەورووژاند، کە دەگەیشتمەوە ماڵ، ئەو لەزەتەم بیردەچۆوە.

بەردەوام بووم لەسەر فێربوونی زوبانە بیانییەکان، هۆشیار بوون بەرامبەر بەبەرفراوانیی فیکر، زۆر خۆشحاڵی دەکردم، بەڵام زوو بەزوو (با)ی نهێنی ئامێز و گەرمی جحێڵی هەڵی دەکرد و گوڵی ئەو شادومانییەی دەژاکاند. شتێکی ترم دەخواست، شتێک لەودیوی ژن، لەودیوی فێربوون، لەودیو جوانی.. چما ئەو شتە چ بوو؟ ئەو دوو زامەی تافی هەرزەکاریم ناوبەناو دەهاتنەوە سوێ، هەموو شتێ بێ هوودە و بێ بەها خۆی دەنواند، لەبەرئەوەی هەموو شتێ زوو بەزوو تێدەپەڕی و لە گەرداوێکی نهێنی ئامێزدا غەرق دەبوو، دەستێکی شاراوە و بێ ڕوحم ئەوەی وەک گاڵتەیەکی بێ مانا دەورووژاند، دەمامکی ڕوخساری شادومانانەی کیژۆڵەکانی هەڵدەگرت و لەو دیوەوە پیرێژنی ئایندەم دەبینی، ئیدی گوڵ دەژاکا، لەودیو زاری پێکەنیناوییانەوە ماسولکەی شەویلاگەکانیانم دەبینی، دونیا لەپێش چاوانمدا نەغمەیەکی ڕەق و زبری لەخۆدەگرت و بەرەو نابووتی ملی دەنا. ئاخر جحێڵی لەگەڕاندایە بەدوای نەمریدا، بەڵام دەستی ناکەوێ، ئامادەی چ جۆرە سازێکیش نییە، بەو پێیە لەڕووی خۆبەزلزانییەوە تەواوی دونیا ڕەتدەکاتەوە. ئەم مەسەلەیە گەواهی ڕاستگۆییەکی سەراپاگیری نییە، وەختێ حەقیقەتێکی سووتێنەر دەخاتەوە، ئەوکات ئەم مەسەلەیە دەبێتە حەقیقەت.

یەکشەمموان، بەتەنها دەچوومە دەرەوە. هەستم دەکرد چوونە دەرەوە لەگەڵ هاوڕێیاندا، قسە و سوعبەت و پێکەنینەکانیان بێدەنگیی پیرۆز لەکەدار دەکات. هەنگوین و دارکاجەکان، کێوەکانیان کردبووە عەترستان، دەچوومە نێو دار زەیتوونەکانەوە و چاوانم پڕ دەبوون لە تەڕ و بڕیی، گەر بۆ نموونە جوتیارێکی ئالبانیایی بەنێوچەوانی چکۆڵە و کڵاوە ڕەش و چڵکنەکەیەوە کە بۆنی شیر و سیری لێ دەهات، بەرێکەوت بەلامدا ڕەت بووایە، دوو سێ قسەمان ئاڵوگۆڕ دەکرد، گوتەکانی عەوامانە و قورس و ئاڵۆز و پڕ لە زیتەڵیی پرسیارکردن بوون، ئەو جوتیارانە بەتیلەی چاوانی فێڵبازانە و وردیان لێیان دەنۆڕیم، مێشکی چکۆڵەیان دەگوشی تا ناو و ناونیشانم بزانن و بەڵگەیەک بۆ ئەم گەشت و هاتوچۆیەم لەچیاکاندا بدۆزنەوە! بڵێیی سیخوڕ بێ؟ بڵێیی شێت و چەرچی بێ؟ دڕندانە لە کۆڵە پشتەکەم ورد دەبوونەوە، دەیانپرسی: "هاوڕێ چ دەفرۆشیت؟ کتێبی پیرۆز؟ ناشێ فەرمەسۆن بیت؟"



ڕۆژێکیان دەنگی جریوە جریوێکم ژنەفت و مەلێکی شینم لەکاتی هەڵفڕینیا بینی، جوتیارێک بەلامدا ڕەت بوو، لێیم پرسی:

"– هاوڕێم، ئەرێ ئەوە چ جۆرە تەیرێکە؟ ناوی چییە؟" بەدەم شان هەڵتەکاندنەوە وەڵامی دامەوە: "فەقیر خۆشیت لێ نەیە، گۆشتی ئەو تەیرە ناخورێ!"

کاتێ سپێدەی دا وەئاگابوومەوە، ئەستێرەی سەحەر ڕۆشنایی بەسەر عەرددا دەپرژاند، تەمێکی سووکەڵە بەسەر بەرزایی چیای (هیمتۆس)دا پیاسەی دەکرد، شنەیەکی سارد پرۆشە بەفری بەدەموچاومدا دەدا، کڵاوکوڕەکان بەدەم خوێندنەوە بەرەو سەرێ هەڵدەفڕین و بەنێو ڕۆشناییدا بەرز دەبوونەوە. بیرم دێ ڕۆژێکی یەکشەممەی بەهار، دوو سێ درەختی پڕ لە شکۆفەی ئاڵوباڵوم لەباغێکی تازە کێڵراودا بینی، دڵم لێواولێو بوو لە بەختەوەری، لەهەمان لەحزەدا خۆر هەڵات، خۆر دەتگوت هەر هەمان ئەو ڕۆژە لەکارگەی خواوەند هاتۆتە دەرەوە، کەنداوی (سارونیک) دەدرەوشایەوە، (ئەجینا) لەدووری دوورەوە لەنێو ڕۆشنایی بەرەبەیاندا، پڕ لەگوڵی سوور بوو، دوو قژقڕە کە باڵەکانیان وەک ژێی کەمان دەلەرییەوە، لەلای ڕاستەوە بەرەو لای من هەڵفڕین، من ئەوەم بەشانسی باش لێکدایەوە – لە لایەک، شەپۆلی یاڵ سپی وەک ئەسپەکانی هۆمەر، وەک شیعرە تیژڕۆ و تەڕ و پاراوەکانی هۆمەر، لە لایەکی تریش، زەیتوونی پڕ لەڕۆن و ڕۆشنایی (ئاتینا) و داردێمشتی (ئاپۆلۆ) و ترێی موجیزاویی (دیۆنیزیۆس)ی پڕ لەشەراب و گۆرانی، عەردی هیشک و لەخۆگرەوە کە بەردەکانی لەژێر هەتاودا بەڕەنگی گوڵی سوور دەرکەوتن، چیاکان بەڕەنگی شین لەمیانی هەوادا هەڵواسران، لەژێر ڕۆشناییدا خۆیان دەشت و ڕووت و قووت وەک پاڵەوانان بەئارامی لەژێر ڕۆشنایی هەتاودا ڕادەکشان.

دەچوومە پێش، کە دەچوومە پێش هەستم دەکرد تەواوی عەرد و ئاسمان لەگەڵما سەفەر دەکەن، هەموو موجیزەکانی دەوروبەرم ڕۆدەچوونە ناخمەوە، شکۆفەم دەکرد، پێدەکەنیم و منیش هەروەک ژێی کەمان دەلەریمەوە. وای لەو ڕۆژی یەکشەممەیەی کە چۆناوچۆنیی ڕۆحم دیارنەما و وەک پاساری بەجریوەجریو لەڕۆشنایی بەرەبەیانییەکدا بزر بوو. بەگردۆڵکەیەکدا سەرکەوتم و وردبوومەوە لەکەنارە تەنگەبەر و گوڵڕەنگەکان، لە زەریا، لەدوورگە نیوە دیارەکان، وای خودایە چ لەزەتێ لەو ڕوانینەدا هەبوو، خودایە چۆن گریکستان بەجەستەی پاکیژەیەوە لەنێو شەپۆڵەکانا مەلەی دەکرد و بەسەر شەپۆڵەکانەوە قەدی ڕاست دەکردەوە، خۆریش وەک زاوایەک، بەسەریدا پرشنگی دەدا، چۆن گریکستان ئاو و بەردەکانی کەوی کردووە و خۆی لە چەسپاوی و گرژیی ماددە ڕزگار کردووە و ماهییەتی خۆی پاراستووە.

من دەگەڕام تا ببمە ئاشنای ئاتیکا – یان وا مەزەندەم دەکرد دەکارم ببمە ئاشنای– بەڵام لە ڕاستیدا دەگەڕام تا ببمە ئاشنای ڕۆحی خۆم، دەمویست بیدۆزمەوە و لە درەختەکان و لە چیاکان و لە تەنهاییدا بەشانازیی ناسینی بگەم، بەڵام بێ هوودە بوو، لەشادومانیدا دڵم لەلێدان کەوتبوو، ئەمەش نیشانەیەکی دڵنیاکەرەوە بوو بۆ ئەوەی ئەو شتەی کە من بەدوایدا دەگەڕێم هێشتا نەمدۆزیوەتەوە.

تەنها جارێکیان نەبێت، ڕۆژێک دەمەونیوەڕۆ، لەو قەناعەتەدا بووم دۆزیومەتەوە. بەتاقی تەنیا سەفەرم کردبوو بۆ (سونیون)، هاوین بوو، کەتیرە لە درزی قەدی دارکاجەکانەوە هاتبووە دەرێ، کوللەیەک

دابەزی و لەسەر شانم نیشتەوە، ماوەیەک بەیەکەوە ڕۆیشتین، تەواوی جەستەم بۆنی کاجی لێ دەهات، ئاخر من ببوومە کاج، پاشان کە لە دارستانی کاج هاتمە دەرێ، ستوونە سپییەکانی پەرستگای (پوسیدون)م بینی و لەمیانەی پەرستگاکانیشدا زەریای شینی پیرۆزەیی کەوتبووە لەرە، ئەژنۆم سست بوو، لەجێی خۆدا ڕاوەستام، بەخۆم گوت: ئیدی ئەمەیە جوانی، ئەمەیە فڕین بەبێ باڵ، ئەمەیە ترۆپکی شادومانی، ئینسان ناتوانێ لەمە زیاتر ئەولاوەتر بچێ، ئەمەیە گریکستان. ڕوانین لە جوانی گریکستان بۆ لەحزەیەک وەها شادومانییەکی ڕژاندە گیانمەوە کە ئیدی باوەڕم هێنا بەوەی هەردوو برینەکەم سارێژ بوون و ئەم دونیایەش لەگەڵ زوو بەسەر چوونەکەشیدا - ڕێک بەهۆی ئەو زوو بەسەر چوونەشییەوە - خاوەنی بەها و نرخە، ئیدی باوەڕم هێنا بەوەی هەڵەبووم کە هەوڵم داوە لەودیو ڕوخساری گەنجانەی کیژۆڵەوە، پیرێژنی ئایندە ببینم، ئاخر خۆی دەبوو لە ڕوخساری پیرێژندا، تەڕو بڕیی گەنجیی کیژێک بخوڵقێنم و زیندووی کەمەوە، کیژۆڵەیەک کە هێشتا لەدایک نەبووە.

دیمەنی (ئاتیکا) سیحرێکی بەیاننەکراو و بڕندەی هەیە، هەست دەکەیت هەر شتێ پاشکۆی گۆڕانییەکی ساکار و دڵنیا و هاوسەنگە. لێرە هەموو شتێ خاوەنی شکۆ و ئارامییەکی نەجیبزادانەیە: عەردی لەخۆگرەوە و هیشک، چەمینەوەی فریودەرانەی (هیمتۆس) و (پنتلیکوس)، درەختانی گەلێ زیوینی زەیتوون، دار سەرووی باریک ئەندام و خەڵوەت نشین، درەوشانەوەی گەمەئاسای بەردەکان لەژێر هەتاودا، لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە، ڕۆشناییەکی سووکەڵە و تەنکی مەلەکوتی کە جلکی دەکردە بەری شتەکان، دیمەنی ئاتیکا پۆرترێتی ڕوخساری مرۆڤێکی خاوەن ئامانج دەکێشێ: مرۆڤێکی سەرو ڕیش تەراشکراو، کەمدوو، ڕەها لە ناز و نیعمەت، بەدەسەڵات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا مرۆڤێکی خاوەن توانا لە جڵەوکردنی هێز و دەستنیشانکردنی سنوورەکانی فیکردا. هەندێ جار دیمەنی ئاتیکا وشک و بێ ڕوخسار خۆ دەنوێنێ، بەڵام لەوە زیاتر ئەولاوەتر ناچێ، لەتۆکمەییەکی شەوقدار و پڕ لوتفدا دەمێنێتەوە، دڵڕفێنییەکەی لەزەلکاوی بێ تین و تاوی و نائارامیدا ڕۆناچێ و هێز و گوڕی بۆ توندو تیژی و زەبروزەنگ هەڵناگەڕێتەوە.

هەموو شتێ هاوسەنگ و پێوانەکراو، تەنانەت چاکە خوازییەکانیشی ڕێگەی زیادەڕۆیی ناگرنەبەر، لە سنووری گوڕ و تینی ئینسان ئەولاوەتر ناچن، بەڵکو لەجێگەیەکدا دەمێننەوە کە لەکاتی چوونە ئەو دیویدا، یان زاڵمانە و نا ئینسانی، یاخود مەلەکوتی دەردەکەون. دیمەنی (ئاتیکا) ناز ناکات، دەسەودامێنی خوازە نابێ، خۆی فەقیر دەرناخا و ناپارێتەوە، بەڵکو بەپێداگرتنێکی ئارام و جوامێرانە، ویژدانی خۆی دەخاتە ڕوو. بەساکارترین شێوە هێڵە سەرەکییەکان وێنا دەکات.

بەڵام جارناجار لەمابەینی ئەم تۆکمەیی و توندوتۆڵییەدا زەردەخەنەیەک هەیە. دوو سێ درەختی پەلک زیوینی زەیتوون لەداوێنی چیایەکی ڕووتەن و بێ پیتدا، تاک و تەرا داردێمشت، گوڵاڵەسوورەی کەنار ڕووبارێکی هیشک و سپی، چەپکێ وەنەوشەی کێوی لەمابەینی بەردی درەوشاوە و شیندا. لێرە دژەکان بەیەک دەگەن، یەکانگیر دەبن و سازش بۆ یەکدی دەکەن، هاوئاهەنگی وەدی دێنن، هاوئاهەنگییەک کە ئەوە ئیدی بالاترین موجیزەیە.



ئەدی چۆن ئەو موجیزەیە ڕووی دا؟ لەکوێوە دڵڕفێنی بەو هەموو تۆکمەییە گەیی و لەکوێوە تۆکمەیی ئەو هەموو دڵڕفێنییەی وەدەست هێنا؟ دەسەڵات چۆن توانی لە بەد سوود وەرگرتنەوە ئامادەباش بێ؟ ئەمانە هەمووی موجیزەی گریکستان پێک دێنن، ئەو کاتەی کە هەر وا لە ئەتیکادا دەگەڕام، چەند ساتێ لە بیری ئەوەدا بووم کە ئەم سەرزەمینە لە شارستانییەت و ڕەسەنی و هێزدا، دەتوانێ ببێتە وانەیەکی نموونەیی. هەر جارێک دوای گەڕان و پیاسەیەک لەدەوروبەری ئەتیکا، دەچووم بۆ(ئاکروپلیس) تاکو دووبارە و دووبارە سەیری (پارتنون) بکەم، ئەو پەرستگایە بەلامەوە نهێنی ئامێز بوو. نەمدەتوانی دووجار وەک یەک ئەو پەرستگەیە ببینم، پێدەچوو بەردەوام لەخۆگۆڕینا بێ، جارێک ژیانی تێ بێتەوە و جارێکی تریش بێدەنگی، پێدەچوو یاری بەڕۆشنایی و چاوی ئادەمیزاد بکات، بەڵام کاتێ دوای ئارەزوویەکی درێژ بۆ زیارەتی ئەو پەرستگەیە، کە بۆ یەکەم جار بینیم، وەک پەیکەری ئێسکیی ئاژەڵێکی کێویی بێ جووڵە هاتە بەرچاوم و دڵم وەک گۆلکێ ڕاچڵەکی، (ئاخر لەسەراپای ژیانمدا، ئەم ڕاچڵەکینی دڵە، وەک ئاماژەیەکی هەڵە قەبووڵنەکەر بووە، هەر کاتێ لەگەڵ هەڵاتنی خۆردا، لەگەڵ نیگارێکدا، لەگەڵ ژنێک یاخود فیکرێکدا ڕووبەڕوو بوومەتەوە، دڵم وەک گۆلکێ ڕاچەنیوە، ئیدی زانیومە بەختەوەرییەک ڕووم تێدەکات.) بەڵام کاتێ بۆ یەکەم جار بەرامبەر (پارتنون) ڕاوەستام، دڵم ڕانەچەنی، ساختمان، شاکاری ئەقڵ - ژمارەکان، ئەندازە - فیکری بێ خەوشی مەڕمەڕین، وەبەرهاتووی باڵای زەین و هەموو جۆرە باشییەکیان تێدابوو، تەنها یەکێک نەبێ، بەبەهاترین و ئازیزترینیان، ئەویش ئەوەبوو کە (پارتنون) دڵی بونیادەمی ڕانەدەچڵەکاند.

هەستم کرد پارتنون پێکهاتووە لە ژمارەی جووت، وەک دوو، چوار. ئاخر ژمارەی جووت پێچەوانەی دڵی منە، دڵم بەینی لەگەڵیانا خۆش نییە، ژیانی ئەو ژمارانە زۆر ساکار ڕێکخراوە، زۆر تۆکمە لەسەر دوو قاچ وەستاون و چکۆڵەترین ئارەزوویان نییە بۆ گۆڕینی شوێنەکانیان، ژیانێکی قانیع، کۆنسێرڤاتیڤانە و بێ دڵەڕاوکێ، هەر پرسیارێک حەل بکەن، ئارەزوویان بەواقعیەت ئاڵوگۆڕ پێدەکەن و ئارامی وەدەست دێنن، ژمارەی تاک لەگەڵ ڕیتمی دڵمدا هاودەمە. ژیانی ژمارەی تاک، ساکارانە ڕێکنەخراوە، ژمارەی تاک، ژیانی بەو تەرزە خۆش ناوێ کە هەیە، بەڵکو هەوڵی گۆڕینی دەدا، هەوڵ دەدا لێی زیاد بکا و بەرەو پێشی بەرێ، لەسەر یەک قاچ ڕادەوەستێ، قاچەکەی تری ئامادەباش لە هەوادا ڕادەگرێ و لە خواستی حەرەکەتدایە، بۆ کوێ؟ بەرەو ژمارەی جووتی دوایی، تا ساتێک ئێستێک بکات، هەناسەیەک وەرگرێ و هێزی تێ بێتەوە.

ئەم ئەقڵگەراییە هۆشیار و مەڕمەڕییە، لەگەڵ چێژی دڵی یاخیبووی جحێڵی نایەتەوە، ئەم دڵە دەیەوێ ڕاخەری کۆنەیی بپێچێتەوە و دونیایەکی تازە ڕاخات، پارتنون بەپیرەمێردێکی چەنەباز و دوور ئەندێش دەچێ کە بیەوێ بەپەند و حیکمەت، لێوڕێژ بوونی دڵ جڵەوکات، لەگەڵ پشتکردنە پارتنون، لەدیمەنێکی دڵڕفێندا غەرق بووم کە تا زەریا درێژ دەبۆوە، خۆر لەنیوەی ڕێدا بوو، نە سێبەرێ بارگە و بنەی لەسەر عەرد خستبوو، نە ڕۆشناییەک گەمەی دەکرد. خودایە چ ساکاری و باڵایی و کاملییەک! لە شارم ڕوانی کە لەژێر تینی هەتاودا بەڕەنگێکی سپی دەدرەوشایەوە، زەریای پیرۆز بەئەڵقاوئەڵقی

(سالامیس) بریسکەی دەدایەوە، شاخەکانی دەوروبەر ڕووت و قووت و قاییل لەژێر هەتاودا ڕاکشابوون. غەرق لەو دیمەنەدا، (پارتنون)م لەیادی خۆ بردەوە کە وەک جاران لە پشتمەوە ڕاوەستابوو.

بەڵام لەگەڵ هەر گەڕانەوەیەکی تازە لە زەیتوونستانەکانی ئاتیکا و کەنداوی سارۆنیک، هاوئاهەنگییەکی شاراوە، یەکە یەکە ڕووپۆشەکانی لادەدا و وردە وردە و هێدی هێدی خۆی لەزەینمدا وەدیار دەخست، هەر جارێک کە هەمدیس دەچووم بۆ (ئاکروپلیس)، وام هەست دەکرد پارتنون بەحاڵەتی وەک سەمایەکی بێ جووڵە، ڕادەچەنێ و هەناسە هەڵدەکێشێ.

مانگێک، ڕەنگە ساڵانێک، ئەم نهێنیی فێربوونە درێژەی هەبوو، تا ئەو کاتەی لەگەڵ ڕازێکی تەواو ئاشنادا لەبەردەم پارتنوندا ڕاوەستام، بەوردی بیرم نییە چ ڕۆژێک بوو، دڵم وەک گۆلکێ ڕاچەنی، ئەم پەرستگەیەی لەبەر دەمما قەدی بەرز کردبۆوە، سەرسامیی یادەوەرییەک بوو، بەری هاوکاریی نێوان عەقڵ و دڵ و میوەی گەییوی هەوڵی بەشەریی بوو. فەزا گۆڕاو و جیاوازی نێوان گەورە و گچکە مەحف ببوو، بێ سنوورییەک چووبووە نێو ئەم لاتەریبە باریک و ئەفسانەیییەوە و لەوێدا ڕاکشابوو. زەمەنیش گۆڕابوو، ساتەوەختی باڵا بەئەبەدییەت گۆڕابوو، نیگام لەسەر مەڕمەڕی گەرم وەرچەرخاند، ئەو مەڕمەڕەی کە خۆراکی خۆی لەهەتاو وەردەگرت، دەستی لەبەردەکانەوە دەدا. پێدەچوو دەستێ لە ناخیانا بگەڕێ و نهێنییە شاراوەکانیان ئاشکراکات، بەبەردەکانەوە دەنووسا و پێی لەسەر مانەوە دادەگرت، ئەستونگە بەڕووکەش تەریبەکانم بینی کە سەریان بەسەر یەکتردا چەماندبۆوە تا لەکۆمەڵەیەکی هاوئاهەنگدا، بەلوتف و هێزەوە، باری ئەمانەتی وێنەی هەڵکۆڵراو و پیرۆزی سەر بەردەکان هەڵگرن، جووڵەی شەپۆڵەکان هیچ کات وەها هێڵی ڕاستیان نەخولْقاندبوو، هیچ کات ژمارە و مۆسیک بەئاوها ئەڤین و لێک حاڵیبوونێکەوە، ئاوێتەی یەکدی نەببوون.

***

وا بزانم ئەوە گەورەترین لەزەتێک بوو کە لە چوار ساڵی خوێندنی زانکۆمدا لە ئەسینا تەجرەبەم کردبێ، هەناسەم تێکەڵی هەناسەیەک نەببوو بۆنی ژنی لێ بێ، بەڵام چەند هاوڕێیەکم هەبوون کە لەگەڵیاندا دەچووم بۆ شاخ و هاوینان بەیەکەوە لە زەریادا مەلەمان دەکرد. لەبارەی ڕووداوە هەنووکەییەکانەوە دەدواین و جارناجار کۆڕ و کۆبوونەوەمان ڕێکدەخست کە هەندێک لە برادەران، کچە هاوڕێکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنا، بەبێ هۆ پێدەکەنین لەبەرئەوەی گەنج بووین، بێ هۆ خەممان دەخوارد، لەبەرئەوەی گەنج بووین، بەگۆلکێک دەچووین لە کاتی بۆڕاندنا، لەبەرئەوەی توانا و هێز تاساندبووینی.

هەلی زۆر لە ڕێگەمانا هەبوو، لەچاوانی یەک بەیەکی هاوڕێکانم ورد دەبوومەوە و هەوڵم دەدا مەزەندە بکەم هێز و توانایان چ ڕێچکەیەک دەگرێتەبەر. یەکێ لەو هاوڕێیانەم، کاتێ زاری هەڵدەهێنایەوە تا لەبارەی فیکرێک یاخود ئەڤینێکەوە بدوێ، یەکسەر ئاگری دەگرت، وەک بولبول گوزارشتی لەبیر و ئەندێشەکانی خۆی دەکرد، گوێڕادێران بۆ قسەکانی لەزەتێکی زۆری دەبەخشی. بەخیلیم پێی دەبرد، لەبەرئەوەی هەر کاتێ من زارم بۆ قسەکردن هەڵدەهێنایەوە، یەکسەر ژێوان دەبوومەوە، وشەکان بەدژواری



دەهاتنە زەینمەوە، ئەگەر بەڕێکەوت بۆ سەلماندنی قسەیەک بەڵگەیەکم هێنابایەوە، ئەوا بەڵگەیەکی پێچەوانە کە بەهەمان ڕادە ڕاست بوو، بەزەینمدا دەهات، شەرمەزار لەو قسە درۆیە بێدەنگ دەبووم.

هاوڕێیەکی تر، کەمدوو بەڵام دەم و لەپز شیرین، هەرگیز لێوی هەڵنەدەهێنایەوە، مەگەر کاتێ مەسەلەیەکی مافناسی کۆلێژی مافی باس کردبا، بەدەستی ئەنقەست کێشە مافناسییەکانی دەکردە گرێکوێرە و پاشان لێزانانە دەکەوتە کردنەوەیان، مامۆستا و قوتابی بەستایشەوە گوێمان بۆی ڕادەدێرا. یەکێکی ترمان سیاسییەکی گەورە بوو، بەسەر خەڵکیدا فەرمانڕەوایی دەکرد، خۆی تێکەڵی سیاسەت دەکرد، خۆپیشاندانی ڕێکدەخست، نوتقی دەدا، زیندانی دەکرا، ئازاد دەبوو، هەمدیس درێژەی بەتێکۆشان دەدایەوە، هەمووان پێمان وابوو وی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێتە دەسەڵاتدارێکی گەورە. یەکێکی تر، ڕووەکییەکی ڕەنگ پەڕیو و دەنگ ناسک، چاوانی شین و ڕەنگ پەڕیو و خاوەن دەست و پلێکی ژنانە، بەهەوڵێکی زۆر توانیبووی یانەیەک بکاتەوە کە سیمبولەکەی گوڵە سۆسەنێکی سپی بوو، لەژوور ئەو سیمبولەوە نووسیبووی: (پێکان پاکژترن لەدەستەکان). مانگی خۆشدەویست، دەیگوت: "مانگ تەنها ژنێکە کە ئازیزە لەلام." هاوڕێیەکی تر، بەسۆسەنێکی دەست لێنەدراو دەچوو، ڕەنگ پەڕیو، پەرێشان، چاوانی شین و گەورە و قامکی درێژ، شیعری دەنووسی، لە دوو سێ بەیت زیاتر لە شیعرەکانیم لە یاد نەماوە، هەر کاتێ لە تەنهاییدا ئەو شیعرە لەبەرخۆوە دەڵێمەوە، چاوانم پڕ دەبن لە فرمێسک، لەبەرئەوەی شەوێکیان ئەو گەنجە لە دەرەوەی پەرستگەی (کایسیاریانی) دەدۆزنەوە خۆی بەپەلکی دار زەیتوونێکدا هەڵواسیوە.

زۆر هاوڕێی تریش هەبوون، هەر یەکێ بەڕۆحی ئیندیڤیدواڵیی خۆیەوە، پڕ لە خونچەی شکۆفە نەکردوو، لەخۆم دەپرسی:" چما کەی ئەو خونچانە شکۆفە دەکەن و بەردەگرن؟" لە خودا دەپاڕامەوە هێند دەرفەتم بداتێ تا ئەوانە ببینمەوە، بیانبینمەوە و بزانم کام خونچەیان لەناخی مندا شکۆفەی کردووە و چ بەرێکی داوە. بەدڵەڕاوکێ و خەمێکی بەیاننەکراوەوە لە هاوڕێکانم ورد دەبوومەوە، وەک بڵێیی بمەوێ ماڵئاواییان لێ بکەم، دەترسام زەمەن (با)یەکی توند بێ و لەکاتی شکۆفەکردنی سروشتدا هەڵبکات، دەترسام ئەو (با)یە بێڕوحمانە هەڵکا و ئەم ڕۆحانە وشک هەڵگەڕێنێ.

***

کاتی ئۆغرکردن لە ئەسینا، دوو تاجی گەورەی داردێمشتم جێ هێشت کە تاکە خەڵاتی ڕۆژانی ژیانم بوون، یەکەمیانم بەبۆنەی شمشێربازییەوە وەرم گرتبوو، تاجێکی قورس بوو، تان و پۆی بەڕستی سپی و شین پۆشرابوو، لە گەڵای داردێمشت دروست کرابوو، گوایە ئەو گەڵایانە لە زناری پەرستگەی (دلفی) لێکرابوونەوە. دەمزانی ئەوە درۆیە، هەموو کەسێ دەیزانی درۆیە، بەڵام ئەو درۆیە گەڵاکانی غەرقی شکۆ کردبوو. دووەمین خەڵات، لەپێشبڕکێی شانۆنامە نووسیدا وەرم گرتبوو. نەمزانی بۆچی ڕۆژێکیان هەستم ورووژا و شانۆنامەیەکی پڕ تین و تاوم نووسی، شانۆنامەکە لەبارەی ئەڤینەوە بوو، بەناونیشانی (گزنگ دەدا). وام هەست دەکرد، ڕەوشتێکی باڵاتر، ئازادییەکی گەورەتر، ڕۆشناییەکی تازەم بەدیاری بەخشیوەتە دونیا. یەکێ لەمامۆستاکان کە کەسێکی جیددی بوو، کراسێکی یەخە زلی دەپۆشی، وەک

لیژنەی هەڵسەنگاندن، شانۆنامەکەی منی بەیەکەم دەرچوواند، بەڵام بەدەنگێکی بەئەدەبانە و ڕەسمی، خەوشەکانی شانۆنامەکەی ژماردن و ئەوها ئەنجامگیرییەکی کرد: "تاجی گەڵای داردێمشت دەدەینە شاعیر، بەڵام لەم ناوچە پیرۆزە وەدەری دەنێین!" وای گوت و منیش، منی قوتابی بێ ئەزموون و مووی ڕیش نەهاتوو، لەوێ، لە هۆڵی گەورەی زانکۆ گوێم ڕادێرا بوو، لە کاتێکدا کە هەتا بناگوێ سوور هەڵگەڕابووم، لە جێگەکەم هەستام، تاجەکەم لەسەر مێزی لیژنەی هەڵسەنگاندن دانایەوە و چوومە دەرێ. هاوڕێیەکم هەبوو لەوەزارەتی کاروباری دەرەوە، دواجار بەڵێنمان دابوو پێکەوە سەفەر بۆ ئەوروپای خۆرئاوا بکەین، ڕۆژێکیان پێی گوتم: "وا باشترە خەڵاتی شمشێربازییەکەت لەگەڵ خۆت بهێنیت، لە ئەوروپا گەڵای داردێمشتمان دەست ناکەوێ، بۆ خواردن پێویستمان پێی دەبێ!"

تاجەکەم بەدیوارەکەوە هەڵواسی و نەمفەوتاند، ساڵان تێپەڕین، کاتێ بڕیاری من و ئەو هاوڕێیەم هاتە دی و بەرەو ئەڵمانیا ڕۆیشتین، من تاجەکەم لەگەڵ خۆم برد، لە ماوەی دوو ساڵدا، تەواوی گەڵاکانمان کرد بەچێشت.

## گەڕانەوە بۆ کریت... کنۆسۆس

بۆ گوزەراندنی دوا پشووی هاوینەی قۆناغی خوێندنی زانکۆ، گەڕامەوە کریت. دایکم لە جێگا هەمیشەییەکەی خۆیدا، لەپاڵ پەنجەرەی بەرحەوشەدا دانیشتبوو گۆرەوی دەچنی، کات عەسر بوو، خوشکەکەم ئینجانەی گوڵە ڕێحان و شیوەرانەکانی ئاودەدا، دارمێو بەژوور بیرەکەوە پڕ لە هێشووە ترێی ئاودار و نەگەییو بوو. هەموو شتێکی ماڵەکە لەجێی خۆیدا بوو، هیچ شتێ ئاڵوگۆڕی پێ نەکرابوو، ئاوێنە، چرا و وێنەی قارەمانانی شۆڕشی ساڵی ١٨٢١ بەسمێڵی ئەستوور، بەسینگی تووکن، حەوت تیر بەبەر پشتوێن، دڕندە و عاشق، کردە بەباش و خەراپ، بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو.

(کاریاسکاکیس) بۆ قارەمان (ستورناراس)ی نووسیبوو: "قارەمان نیکۆلاس، برای دلێرم، نامەکەت گەیشت، ئەوەی نووسیوتە خوێندمەوە، زەینم هەم شەیپوور دەژەنێ و هەم توبلیکیا، هەر کامیان عەشقم بکوژێ، من ئەوەیان دەژەنم!" توبلیکیا ئامێرێکی مۆسیقایی تورکییە و شەیپووریش گریکستانی. ئەو قارەمانانە خاوەن ڕۆحی مەزن بوون، ئاخر ڕۆحی مەزن هەمیشە خەتەرناکە.

زوربەی کات لەزەریای ئەو نهێنییەدا غەرق دەبم کە چۆن لە وەها زەلکاوێکدا – زەلکاوی نەفرەت، خیانەت، دوو ڕوویی، ئازایەتی، ئەڤینی ئاگرین بۆ زێدی باوان و سەما لە زالونگون(*)– گوڵی شینی ئازادیی ئاودراوە و شکۆفەی کردووە!

(*) زالونگون Zalongon هەڵدێرێکە لە ئەپیرۆس، لە مێژووی گریکستاندا بەناوبانگە، لە...ی دیسامبەری Z–دا، لەم هەڵدێرەوە بوو کە پەنجا و حەوت ژنی گریکستانی مەرگیان لە کەوتنە بەردەستی تورک بەباشتر زانی، ئەو ژنانە دوای ئەوەی منداڵەکانیان لەو هەڵدێرەوە فڕێدایە خوارەوە، بازنەیەکیان پێک هێناوە و هێندە سەمایان کرد تا خۆشیان هەڵدێران و گیانیان لە دەست دا.



ڕۆژی دواتر، بەرەبەیان کەوتمە سۆراخی دوو هاوڕێکەی قۆناغی خوێندنی ئامادەییم، چوار ساڵ بوو نەمدیبوون. نەمدەتوانی بەهاسانی بیانناسمەوە، لەبەرئەوەی لەژێر دار و پەردووی ژیاندا نوشتابوونەوە، کاتێ لەبارەی (ئەنجومەنی هاوڕێیان)ەوە دوان، دایانە قاقای پێکەنین. یەکێکیان دەنگێکی خۆشی پێوەبوو، بۆ هەموو ئاهەنگ و غوسڵ و جێژنەکان دەعوات دەکرا، دەیخوارد و دەیخواردەوە و گۆرانی دەگوت، خەڵکی بۆ ئەو دەنگە خۆشەی ئافەرینیان دەکرد، ئەویش نازی دەکرد، ڕێی هەڵخلیسکانی گرتبووەبەر، بەهۆی خواردنەوەی زۆرەوە دەستەکانی دەلەرزین. هاوڕێکەی تریش فێری گیتار ژەنین ببوو، لەگەڵ هاوڕێکانیا ئاوازی خۆش و عاشقانەی دەژەند.

ئەو دوو هاوڕێیەم خۆشحاڵ و کەیفساز، لەکارگەیەکی سابوون سازییدا ئیشیان دەکرد، تامی ژیانیان دەکرد و لە داڵغەی ژنهێناندا بوون.

لێیان ورد بوومەوە، گوێم بۆ قسەکانیان ڕادێرا، بەڵام هیچم نەگوت، قوڕگم گیرابوو، بڵێی بڵێسە بتوانێ ئاوها بەو خێراییە ببێتە خۆڵەمێش؟ ئایا ڕۆح لەوەها پەیوەندییەکدا لە جەستەوە نزیک بوو؟ ئەوان دەیانزانی جازی کچان چەندە، ئیدی چۆن ڕەحەتەلقومێکی ئاوهایان پێ قووت دەچوو، ئیدی لەکوێ دەیانزانی باشترین شەراب لەکامە مەیخانە هەیە!

بەدڵی شکاوەوە جێم هێشتن، پێدەچوو تازەکی لەڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمێک گەڕابێتمەوە، بیرم کردەوە کە چاکەخوازییە چکۆڵەکان لە خەراپییە چکۆڵەکان خەتەرناکترن، ئاخر گەر ئەوان باش گۆرانییان نەگوتبا و باش مۆسیکیان نەژەندبا، ئەوا بۆ ئاهەنگ و شایی دەعوات نەدەکران، سەرخۆش نەدەبوون، کاتیان بەبێ ئیشی نەدەبردە سەر و قوتاریان دەبوو، بەڵام لە حاڵ و وەزعێکی ئاوهاییدا، بەدەنگی خۆش و ژەنینی گیتار، ڕێی هەڵخلیسکانیان گرتبووەبەر.

ڕۆژی دواتر، کاتێ لە دوورەوە بینیمن، ڕووم وەرچەرخاند و ڕێگەیەکی ترم گرتەبەر، شەرمەزار بووم لەوەی کە ئەو هەموو هاوڕێیەتی و پەرۆشبوونە بەئاوها خێراییەک لەناخمدا کاڵ ببۆوە و ئەو هەموو نەخشە گەورەیە بۆ ڕزگاریی دونیا بەبا چوو بوو، ئاخر (با)یەک هەڵی کردبوو، درەختی جحێڵی لە پەلک و گەڵا ڕووت کردبۆوە، چما ئایا ئیدی ئەو درەختە بەری نەدەگرت؟ ئایا ئاوها نەبوو کاتێ زۆر کەشتی چارۆکەیان هەڵدەدا تا بەسەر ئۆقیانووسەکانا زاڵ بن؟ بەڵام سەرەنجام خۆیان لە زەلکاوێکی چکۆڵەدا دەبینییەوە.

تەنهای تەنها بەکۆڵانە باریکەکاندا دەڕۆیشتم و دووبارە و دووبارە دەگەڕامەوە بەندەر تا سەرلەنوێ بۆنی خۆشی خڕنوکی شامی و لیمۆی گەنیو بکەم، بەردەوام کتێبێکم بەدەستەوە بوو، گا دانتی و گا هۆمەر، بەخوێندنەوەی ئەو شیعرە نەمرانە هەستم دەکرد ئینسان دەتوانێ نەمربێ و ڕوخساری ناهاوڕەنگی خانووەکان، خەڵک، شادومانییەکان، سووکایەتییەکانی دونیا، بێ سەروبەرییەک کە ناومان ناوە ژیان، هاوئاهەنگ کات.

ڕۆژێکیان چووم بۆلای کیژە ئیرلەندییەکە، لەوێ نەبوو، ڕۆیشتبوو، جارێکی تریش چووم بۆلای، لەوەی کردبووم و نەمکردبوو هەستی ژیوانییەکی سەیر و ڕۆح برینداریيەک دایگرتبووم، وەک بڵێی

تاوانێکم کردبێ و لەنێو بازنەیەکی تەنگ و ترووسکا بەرەو لای قوربانییەکەم کێش کرێم، خەو لە چاوانم تۆرابوو، شەوێکیان لە گەڕەکی تورکانەوە ڕەت دەبووم، گوێم لە گۆرانییەک بوو، ژنێک بەدەنگێکی خەمین گۆرانیی (ئامان ئامان)ی دەچڕی، دەنگێکی وشک و لەتوپەت لە قوڵاییی بوونی ئەو ژنەوە هەڵدەگۆزرا و شەوی تژیی دەکرد لە نائومێدیی و مەلوولی.

گوڕی چوونە پێشم لێ سەنرابۆوە، ڕاوەستام، سەرم نا بەدیوارەکەوە و گوێم ڕادێرا، تەنگە نەفەس ببووم، ئیدی مەلی ڕۆحم لە قەفەسی جەستەمدا هەڵی نەدەدەکرد، دەیویست هەڵفڕێ. ئەو گۆرانییەی لە سینەی پڕ ئازاری ئەو ژنەوە بەرز دەبۆوە لە ئەڤینەوە نەبوو، لە هاوئامێزییەوە نەبوو، لە شادی و ئۆمێد بەستنیشەوە نەبوو بەپیاو، بەڵکو هاوارێک ئەو سینەیەی دەرزی ئاژن دەکرد، هاوارێکی فەرماندەرانە بۆ پچڕاندنی کۆتەکانی زیندانی ئەخلاق، زیندانی شەرم و ئومێد و سپاردنی بڕیاری خۆی بەدەستی (عاشق)ی ترسناک و گومانکار، تا لەودا بزربێن و لەگەڵیدا ببنە یەک، عاشقێک کە لەتاریکیدا خۆی لەبۆسە ناوە و ناومان ناوە خواوەند.

ئەو شەوە بەگوێڕادێران بۆ گۆرانیی خەمینی ئەو ژنە، هەستم کرد عیشق و مەرگ و خواوەند یەکێکن، بەتێپەڕینی زەمەن، قوولتر لەو سێ کوچکە خەتەرناکە حاڵی بووم کە لە زەلکاوی تێکەڵپێکەڵیی - زەلکاوی دڵمان - خۆی لەبۆسە ناوە، سێ کوچکە نەبوو، بەڵکو بەقەولی عاریفێکی بیزانسی (جەوهەری تاکی جەنگاوەر)(*) بوو. دەنگی ژنە گۆرانیبێژەکە نەما، سەرم لەسەر دیوارەکە هەڵگرت، دونیا هەمەدیس سەری لە تێکەڵپێکەڵی هێنایەوە دەر، خانووەکان ڕاست بوونەوە، کۆڵانەکان جارێکی تر ئامێزیان بۆ هەنگاوەکانم کردەوە و توانیم ڕێکەم. شەو، تەواوی شەوم بەڕێگە سپارد، زەینم هەروا لاڵ، چ بیرێک بەزەینمدا نەهات تا شپرزەییم دامرکێنێتەوە یاخود شێوەی بگۆڕێ، لەکاتێکدا کە بڕیارم دابووە دەست جەستەم، تا بۆ هەر کوێیی گەرەکە بمبا. بەدرێژاییی دیوارە ڤینیسییەکانا پیاسەم کرد، ئاسمان بروسکەی دەدا، هەمسوو شتێ رووناک ببۆوە، وێنەی فەلەکی جێگۆڕکێیان دەکرد، بەرەو خۆرئاوا هەڵدەخزین و مەحف دەبوون، ڕۆحی منیش لەگەڵ ئەواندا مەحف دەبوو. شنەیەکی فێنک لەچیاکانەوە هەڵی کرد و لەدرزی پەنجەرەکانەوە دزەی دەکردە ماڵەکان، خەڵکانی نوستوو و ئارەقەکردووی ئەو ماڵانەی فێنک دەکردەوە، دەنگی هەناسەدانی شارم لە بێدەنگییەکی قووڵدا دەژنەفت.

ئەو شەوە هەمەدیس لای ماڵی کیژە ئایرلەندییەوە ڕەت بووم، چەند سەعاتێک گەڕام و بێ ئەوەی بمەوێ یان ئاگام لەخۆبێ، لەبازنە تەنگ و تروسکەکانا بەرەو ناوەند، بەرەو ماڵی وی کێش دەکرام، وەک بڵێیی هاوارێک لەو ماڵەوە هەستێ، هاوارێک فەرماندەرانە و سەرزەنشتکەر کە بانگی دەکردم و نەمدەتوانی خۆمی لەبەرا ڕاگرم. بەڵام بەرەبەیان، کە جارێکی تر لە هەولی خۆگەیاندن بۆ بەردەم پەنجەرە و دەرگای داخراوی ماڵەکەی ویدا بووم، پشتوێنی بروسکەیەک لەزەینمەوە ئاڵا و زەینمی ڕووناک کردەوە، هاوار نەبوو، بەڵکو گۆرانیی ژنەکە بوو، ئەو گۆرانییە وشک و شکاو و گیان سووتێنەرە بوو کە

(*) Miliitant Monad



ئێوارەی ئەو ڕۆژە لە گەڕەکی تورکان بیستبووم. دەشێ ئیدی ئەو گۆرانییە لەناخمدا ڕوخساری خۆی گۆڕیبێ، بووبێتە لوورەی ئاژەڵێکی تەنها و بێ جووت و دەرکراو.

گۆرانیی، لوورەی ئاژەڵ و هاواری نائومێدانەی کیژە ئایرلەندیی، وەک ملوانکەیەک کرابوونە ملم و تەنگە نەفەسیان دەکردم. قسەی پیرەمێردێکی موسوڵمانم بیرکەوتەوە کە جارێکیان گوتی: "گەر ژنێک داوات لێ بکات لەگەڵیدا بنوویت و قایل نەبیت، ئیدی بەر لەعنەت دەکەویت، خودا لە کارێکی لەو جۆرە نابوورێ، لە بنی دۆزەخ لەگەڵ یەهوزادا دادەنیشیت!" کە ئەو قسەیەم وەبیرهاتەوە زەندەقم چوو، جەستەم کەوتە سەر ئارەقەیەکی سارد، لە کاتێکدا کە وەک ئاژەڵێکی پێکراو لەترم دەدا، بەپەلە ڕێی ماڵەوەم گرتەبەر.

هێواش هێواش بەپێپلیکانەکانا سەرکەوتم، گوتم نەبا بانگم کەن و بابم وەئاگابێتەوە، چوومە نێو جێگەکەمەوە، هەڵدەلەرزیم، بۆ ساتێک هەستم بەگەرماییەکی سووتێنەر دەکرد و بۆ ساتێکی تریش لەرز ڕۆدەچووە جەستەمەوە. تام هەبوو، خەو وەک جاڵجاڵۆکەیەکی ژەهراوی هات و داوەکانی بەدەورمدا تەنی، ڕۆژی دواتر کە دەوروبەری نیوەڕۆ وەئاگا بوومەوە، هێشتا هەر هەڵدەلەرزیم، سێ ڕۆژ ئەو نائارامییە بەری نەدام، نائارامیی نەبوو، بەڵکو گرێییەکی گەورە بوو لەدڵم دا، دەمم وەک ژەهر تاڵ بوو. کاتێ لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە لە درەختی ئەکاکیای ناوەڕاستی حەوشەم دەنۆڕی، لە کەپری پڕ لە مێو و ترێ و خوشکەکەم دەنۆڕی کە سەرگەرمی چنین بوو، لە دایکم دەنۆڕی کە بەزنجیری کۆیلایەتی پیرۆزی خێزانییەوە بەبێدەنگی دەهات و دەچوو، گرێکە بەرەو گەرووم دەهات و تەنگە نەفەسی دەکردم، هەستم دەکرد لە بەهەشت دەرکراوم، نا، دەرنەکرابووم، بەڵکو بەخواستی خۆم لە پەرژینی باخی بەهەشتەوە بازم دابووە ئەم دیو و هەڵاتبووم، هەنووکەش نائارام و نیگەران لەودیو دەرگا داخراوەکانەوە دەهاتم و دەچووم، لەو کارەی کردبووم ژێوان بووم.

چوارەم ڕۆژ بەرەبەیان لە جێگەکەم ڕاپەڕیم و بێ ئەوەی چ مەبەستێکی دیاریکراوم لە زەیندا هەبێ یان بزانم چ دەکەم، قەڵەمم گرت بەدەستەوە و کەوتمە نووسین.

ئەم بڕیار و پرکێشییە، لە ژیانمدا بووە ساتەوەختێکی چارەنووسساز. دەشێ لەو بەیانییەدا نائارامیی دەروونیم لەو ڕێگەیەوە ویستبێتی دەرگایەک بکاتەوە و هەڵبێ، دەشێ بەبەرجەستەکردنی ئەو نائارامییە بەهۆی قەڵەمەوە، بتوانم ڕوخساری ببینم و ئیدی لێیی نەترسێم. ئاخر من لە گوناهێکی گەورەوە گلا بووم، گەر دانم بەو گوناهەدا نابا، ئەوا ئارام دەبوومەوە.

هەربۆیە، شیعر، ئەفسانەی قەدیسان و ئەو ڕۆمانانەم هەڵهێنایەوە کە خوێندبوومنەوە، کەوتمە هەڵڕژاندنی وشەکان، لەکاتێکدا کە شتێک لەو و شتێک لەمم وەردەگرت، کەوتمە نووسین، بەڵام یەکەمین وشە کە لەسەر پەڕە قاقزەکە نووسیم، سەرسامی کردم. بۆچی ئەوەم نووسی؟ وەک بڵێیی بۆ هەمیشە لەیەکەمین هاوئامێزیم قوتارنەبووبم (گەرچی دڵنیابووم قوتار ببووم) چیرۆکێکی پڕ لە ئەڤین و خەیاڵییم لەبارەی کیژە ئایرلەندییەکەوە خوڵقاند، قەتاو قەت وەها وشەگەلێکی جوان و شیاوم بەو کیژە نەگوتبوو، لەمیانەی بەریەککەوتنی جەستەماندا قەتاو قەت هەستم بەئاوها جەزبەیەک نەکردبوو کە ئەمجارە لە

کاتی نووسیندا تیامدا ورووژابوو. ئەوانە هەمووی درۆ بوون، بەڵام بەنووسینی ئەو درۆیانە، بەسەرسامییەکی زۆرەوە بۆم دەرکەوت کە لەڕاستیدا لەزەتێکی گەورەم لەگەڵ ئەو کیژە ئایرلەندییەدا چەشتووە! کەواتە ئایا ئەو هەموو درۆیە، لە واقیعدا ڕاست بوون؟ بۆچی لەکاتی تەجروبەکردنی ئەو لەزەتەدا، لێی بەئاگانەبووم؟ ئەلعانیش کە وەسفی ئەو لەزەتە دەخەمە سەر قاقز، بۆچی بۆ یەکەم جار لێی بەخەبەر دەبم؟

لە کاتی نووسیندا، پڕ دەبووم لە هەوای شانازیی، چما ئایا من هێزدار نەبووم کە بەپێی مەیلی خۆم کارم دەکرد و واقیعیەتم بەو تەرزە دەگۆڕی کە دەبوو ببێ، یان بەو جۆرەی کە خۆم پێم خۆش بوو وابێ؟ درۆ و ڕاستیم پێکەوە دەچنی، نا، ئیدی شتێ نەبوو ناوی ڕاست و درۆ بێ، بەڵکو هەموو شتێ هەوێنێکی نەرم بوو کە بەپێی دەستوری خەیاڵ دەمشێلا و بێ ئەوەی مۆڵەت لە کەس وەرگرم بەتیرۆک پانم دەکردەوە. ئاخر مەسەلەیەکی گوماناوی هەیە کە لە خودی یەقین، یەقیندارترە، بەڵام دەبێ یەکێ لەوانە چیرۆکێکی باڵاتر لە بونیادی نزمی چیرۆکی بەشەریی بدۆزێتەوە کە ناوی حەقیقەتە.

ئەو کیژە ئایرلەندییە تووڕەهات و بڕێ کۆمە، لە چیرۆکەکەما نەدەناسرایەوە، خۆیشم کەڵەشێرێکی پەڕن بووم، پەڕی ڕەنگاوڕەنگ و زلم بەخۆوە کردبوو کە هیی خۆم نەبوو.

بەچەند ڕۆژێک نووسینەکەم تەواوکرد، دەستنووسەکەم کۆکردەوە و بەپیتی گەورە لەسەرەوە نووسیم: (مارو گوڵە سۆسەن)(*) ئەوجا هەستام و بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشتم تا هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژم، ئیدی کیژە ئایرلەندیی ئازاری نەدەدام، وازی لێ هێنابووم، چوو بوو تا لەسەر قاقزەکە ڕاکشێ و قەتاو قەت لێی جیا نەبێتەوە. من ئیدی قوتار ببووم.

هەور ئاسمانی پۆشیبوو، دونیا تاریک و باران دەباری، گەڵای پانی مێوەکان بریقەیان دەهات و دەنکە ترێ گەورەکان دەدرەوشانەوە، بۆنی خاکی شێدارم بۆ ناو سییەکانم هەڵدەمژت، بەردەوام ئەو بۆنە گۆڕی تازە هەڵکەنراوی لە یادەوەریمدا دەورووژاند، بەڵام ئەورۆ هالاوی مەرگ ئەفسووناویی و زەینم تژیی ببوو لە بۆنی خۆش، پاسارییەک تەڕتەڕ بەباران دابەزی و لەپاڵ پەنجەرەکەدا پەناگەیەکی دۆزییەوە، لەسەربانەوە ئاو وەک پۆلە کۆتر دەیگماند.

جوان نووسینەکەم هەڵگرت، وەک بڵێی مەخلوقێکی وردیلە بێ و نەمەوێ لە دەستم هەڵبێ، پێدەچوو پاسارییە تەڕەکە لەنێو دەستما بگوشم. یاخود دەتگوت لەگەڵ کیژە ئایرلەندییەکەدا ئاشت بووبێتمەوە: دەتگوت خۆڵەمێش بووەتە سێو و من ئەو سێوەم بەدەستەوەیە.

چوومە حەوشە و لەنێوان ئینجانەکانا و بەژێر باراندا کەوتمە پیاسە، هەستم بەلەزەتێک دەکرد، وەک ئەو لەزەتەی کە درەختێکی تۆز و خۆڵاویی و تینوو هەستی پێدەکات کاتێ ئاسمان بەزەیی پیایدا دێتەوە و بارانێکی ڕەحمەتی بەسەرا دەبارێنێ. بەردەوام باران لەزەتێکی ڕاڤەنەکراوی پێ بەخشیوم، گەر شەرمم نەکردبا، دەمگوت باران بەردەوام چێژێکی سێکسوالیی پێ داوم، هەست دەکەم لە عەرد، لە عەردێکی

---

(*) Snake and lily



تینوو دەچم، توخمی ژنانەی بوونم، ژنێک کە لە ناخمدا شاراوەیە، وەئاگا دێتەوە و ئاسمان لە ئامێز دەگرێ، تەواو وەک لە ئامێزگرتنی پیاوێک. پەرۆش و شەیدا بەژێر باراندا پیاسەم دەکرد، قورسایی سەر دڵم لاچوو بوو، ئیدی خەیاڵم لای کیژە ئایرلەندییەکە نەبوو، ئەوە نەبێ کە هەمدیس ئەوم بەوشە خولڤاندبۆوە، وی ئەمجارە لەسەر ڕووی قاقز ڕاکشابوو. ئەو حەقیقەتەی کە ڕۆژانێکی درێژ نائارامی دەڕژاندە گیانمەوە، حەقیقەتێکی واقیعی نەبوو، حەقیقەتی واقیعیی ئەم مەلۆتکەی ئەندێشەیە بوو، ئاخر لەڕێی ئەندێشەوە واقیعم مەحف کردبۆوە و ئیدی هەستم بەئارامی دەکرد.

جەنگ لەنێوان واقیع و خەیاڵ، جەنگی نێوان خواوەندی خولڤێنەر و ئینسانی خولڤێنەر، بۆ ساتێک مەستیی شەرابی ڕژاندبووە گیانمەوە، لەکاتێکدا لە حەوشە، بەژێر باراندا دەهاتم و دەچووم، هاوارم کرد: "ڕێگەکە ئەمەیە، وەزیفەم ئەمەیە!" هەر مرۆڤێک لەشەڕی خۆیدا لەگەڵ دوژمن، قیافەتی وی بەخۆوە دەگرێ، جەنگ لەگەڵ خواوەنددا، تەنانەت گەر بەبەهای نابووتبوونم لەسەرم کەوتبێ، منی شادمان و خۆشحاڵ کردووە. ئاخر وی بۆ خولڤاندنی دونیا، قوڕی گرت بەدەستەوە، من وشەم بەکارهێنا، ئەو ئادەمیزادی دروست کرد کە دەبینین لەسەر عەرد هەڵدەخلیسکێ، منیش لە هەوا و ئەندێشە، ماددەی بونیاتنەری خەون، ئادەمیزادیتر بەڕۆحێکی زیاترەوە دەخولڤێنم، ئادەمیزادێک کە لە بەرامبەر پەلاماری زەمەندا بەرەنگار دەبێتەوە، ئادەمیزادەکانی خواوەند دەمرن، بەڵام ئینسانەکانی من بەزیندوویی دەمێننەوە.

ئەلعان بەوەبیرهێنانەوەی ئەو شانازییە شەیتانییە، هەستی شەرمەزاریی دامدەگرێ، بەڵام ئەوکات من جحێڵ بووم و جحێڵیش یەعنی وێرانکردنی دونیا و داڕشتنی پلان و نەخشەی نوێ.

سینەم تژیی ببوو لە نائارامی، نائارامییە دێرینەکان هێورهێور لە قوژبنێکدا هەڵترووشکان، نائارامیی نوێ سەریان دەرهێنا، ڕێگەیەک کە لەبەردەممدا دەدرەوشایەوە، ڕێگەیەک بوو سەخت و پڕ لە نشێو، ڕێگەیەک کە قەتاوقەت تا هەنووکە ڕوخساری پیشان نەداوم، ئەدی چۆن کوتوپڕ وەدیارکەوت؟ کێ ئەم دەرگایەی ناوەوەی کردەوە و بەئیشارەت تکای کرد ژوورکەوم؟ بڵێی ئەوە دەرگایەک بووبێ بۆ ڕزگاربوون؟ ئایا ئەمە ئیشی ئەڤینی پێوانە نەکراو بوو، یاخود ئەو قەدیسانە ئەم دەرگایەیان خستبووە سەرپشت کە بەمناڵی ئەفسانەکانیانم موتالا کردبوو؟ یاخود ناز و عیشوەی کریت بوو کە دەیبینی ناتوانم لە شەڕدا کۆمەکی بکەم، لەبری ئەوە چەکی تری دەدایە دەستم؟

***

لە پێناو گۆڕینی ڕشتەی بیر و ئەندێشەم، سەر لەبەیانی ڕۆژی دواتر، کاتێ زەنگەکان لێدران و مەسیحییەکان بۆ ڕێوڕەسمی نوێژ بەرەو کلێسای قەدیس میناس کەوتنەڕێ. من ڕێی زیارەتگەیەکی ترم گرتەبەر، ڕۆیشتم تا سەر بەدەرگای قەدیس (کریت)دا بماڵم کە لەم ساڵانەی دواییدا لەژێر خاکی دێرینی کنۆسۆسەوە سەری هێنابووە دەرێ.

کریت خاوەن نهێنییەکی گەلێک قووڵە، هەرکەسێ پێ دەنێتە ئەم دوورگەیەوە، هەست دەکات هێزێکی

نهێنی ئامێزی گەرم و میهرەبان لەدەمارەکانیا دەکەوێتە گەڕ، هەست دەکات ڕۆحی دەکەوێتە خۆڕزگارکردن، بەڵام لەو کاتەوەی ئەم شارستانێتییە خاوەن هونەر و ڕەنگاوڕەنگەی ژێر خاک کەشف کراوە، کە لێواولێو لەڕەسەنایەتی و شادیی جحێڵییە، ئەم نهێنییە قووڵتر بووە.

شارم جێ هێشت و شەقامێکی ئەفسووناویم گرتەبەر کە بەقەبرسانێکی نوێ کۆتایی دەهات، بەبیستنی شیوەن و گریان و هاوار، هەنگاوەکانم خێرا کرد، دوو ڕۆژ لەوەوبەر بازرگانێکی بەئەسڵ و نەسەبی هاوسێمان مردبوو، یەکێک بوو لە گەورە کەسێتییەکانی میگالۆ کاسترۆ، وا ئەمڕۆ لەو گۆڕستانە نوێیەدا بەخاک دەسپێردرا، ژنەکەی خۆی دابوو بەسەر تابووتەکەدا و نەیدەهێشت هاوڕێکانی تەرمی مێردەکەی بەخاک بسپێرن، من لەو لەحزەیەدا بوو لەوێوە ڕەت بووم، ڕووم وەرچەرخاند تا تابووتەکە نەبینم. بۆم باس کردن کە من چوار ساڵان بووم بینیم ئێسک و پروسکی (ئانیکا)ی هاوسێمان لەگۆڕ دەهێننە دەرەوە، لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ نەمتوانیوە لە مردوو بنۆڕم، ترس سەراپای بوونم دادەگرێ، (ئانیکا)ی بێ کەزی و پرچ، بێ چاو و بێ لێو لەبەرامبەرمدا دەردەکەوێ و دێتە پێشێ تا بمگرێ و لەسەر ڕانی دامنیشێنێ. هەڵبەت دەزانم کە وەها شتێک حەقیقەتی نییە، بەڵام ئەوەش دەزانم شتێک هەیە لە خودی حەقیقەت ڕاستەقینەترە، بۆیە هەر کاتێ تەرمێک دەبینم، ترس دامدەگرێ و لەحەیوەتا هەنگاوەکانم خێراتر دەکەم.

دەوروبەرم هەر هەمووی ڕەز و باخی زەیتوون بوو، هێشتا ترێڕنی دەستی پێ نەکردبوو، هێشووە ترێ سەریان بەخاکەوە نابوو، هەوا بۆنی گەڵا هەنجیری لێ دەهات، پیرێژنێکی چکۆڵە هاتەپێشێ، ڕاوەستا، دوو سێ گەڵا هەنجیری لەسەر زەمبیلەکەی دەستی لادا، دوو هەنجیری هەڵگرت و دای پێم، پرسیم: "داپیرە دەمناسیت؟" بەسەرسوڕمانەوە سەیری کردم و گوتی: "نە ء. کوڕەکەم، چما دەبێ بتناسم ئەوجا دەتوانم شتێکت بەش بەم؟ تۆ بونیادەمیت و منیش بونیادەمم. ئەدی ئەوە بەس نییە؟" وای گوت و بەدەم پێکەنینێکی کچانەوە شەلەشەل ڕێگەی خۆی بەرەو میگالۆ کاسترۆ گرتەبەر.

هەنگوین لە هەنجیرەکانەوە دەچۆڕا، وا بزانم ئەوە بەتامترین هەنجیرێ بووە لە تەمەنما خواردبێتم، بەدەم خواردنیانەوە قسەکانی داپیرە تەڕو بڕییان پێ دەبەخشیم:" تۆ بونیادەمیت و منیش بونیادەمم، دەی ئەوەش بەسە!"

سێبەرێک لەپاڵ سێبەرەکەما کەوت، ئاوڕم دایەوە و قەشەیەکی کاسۆلیکم بینی، سەیری کردم و زەردەخەنەیەکی هاتێ، دەستی هێنایە پێش و گوتی:" ئابە موونیە(*) حەز دەکەیت پێکەوە پیاسەیەک بکەین؟ من زوبانی نوێی گریکیی نازانم، گریکیی کۆن بەڵەدم، ئەی خواوەند، سروودی تووڕەی مەرگاوی ئەخیلۆسی فرزەندی پلائۆس بچڕە..."

منیش بۆم تەواوکرد: "... کە هەزاران دەرد و خەمی بۆ گریکییەکان هێنا(**)..."

---

IAbbe Mugnier (*)

(**) یەکەمین بەیتی ئەلیازە، شاکاری هۆمەر.



بە دەم ڕۆیشتنەوە پێدەکەنین و شیعرە نەمرەکانمان بۆ یەکدی دەخوێندەوە، دواتر سەرنجم دا ئەم قەشەیەی کە لە کاتی پێکەنین و شیعر خوێندنەوەدا چەپکێ قژی ماش و برنجیی بەسەر نێوچەوانیدا دەکەوێ، ناوبانگی بەپیرۆزی و هۆشیاری دەرکردووە، لە پاریس خەڵکانێکی زۆری بێ ئیمانی هێنابووە سەر ڕێ، بەزەینێکی پڕ لە هۆشەوە دونیای تەی دەکرد، لەگەڵ ژنە قەیرەکانا دەدوا و نوکتەی بۆ دەگێڕانەوە، بەڵام لەودیو ئەم ڕوخسارە بزێو و بەکەیف و پڕ جووڵەیەوە، مەسیحێکی لەخاچدراو، وەک گاشەبەردێک بێ جووڵە و پتەو قەدی ڕاست کردبۆوە. نا، مەسیحێکی لە خاچدراو نا، بەڵکو مەسیحێکی زیندووبۆوە.

پاسەوانی کنوسوس، بۆ بەخێرهێنان و ڕانوماییکردنمان هاتە پێش، ئەو پاسەوانە، کریتییەکی ساکار و خۆش مەشرەب بوو، شەرواڵێکی دەڵبی کریتیی لە پێدا و گۆچانێکی درێژی بەدەستەوە، ناوی (داود) بوو، وەک پاسەوان و ڕێنوێن لە کنوسوس شتی زۆر فێر ببوو، بەجۆرێک لەبارەی ئەو کۆشکەوە دەدوا وەک ئەوەی کۆشکی خۆی بێ. وەک خانەخوێ پێشوازی لێ کردین. لەپێشمانەوە دەڕۆیشت و بەئیشارەتی گۆچانەکەی بەشە جیاجیاکانی خەڵوەتگەکەی پیشان دەداین:

"– ئەوەی بەرامبەرتان، حەوشەی گەورەی پادشایە، شەست مەتر بەبیست و نۆ مەترە، ئێرە ئەمبارە بەکووپەڵە گەورە نەخشێنراوەکانییەوە، (شا) دانەوێڵەکەی لێرە ئەمبار دەکرد تا دەستوپێوەندەکانی خۆی پێ تێرکات." لەبنی کووپەڵەکانا تلّپەی شەراب و ڕۆن زەیتوون، دەنکە خورما، گەنم و جۆ و نیسکمان بینی، کەوتنەوەی ئاگرە مەزنەکان هەموو شتێکی کردبووە خەڵووز.

چووینە نهۆمی سەرووتر، لەهەموو لایەکەوە ئەستوونگەی کورت و ئەستوور بەڕەنگی ڕەش و وەنەوشەیی، لەڕاڕەوەکانا نیگاری قەڵغان و گامان بینی کە لەسەر دیوارە گڵێنەکان کێشرابوون، گەیشتینە هەیوانە بەرزەکە، دیمەنی ئاشنا بەچواردەورمانا ڕاخرابوو، لە ناوەندی ئاسۆی یوکتاسدا سەری نوستووی زیۆس دانرابوو. کۆشک نیوە وێران، نیوە دەس پیاهێنراو، دوای هەزاران ساڵ جارێکی تر لەژێر هەتاوی پیاوانەی کریتدا، بەوپەڕی شکۆوە دەدرەوشایەوە.

لەم کۆشکەدا بیناسازیی هاوسەنگی گریکستان نابینی، لێرە ئەندێشە و دلڕفێنی و گەمەی ئازادی، قودرەتی داهێنەرانەی بەشەر حوکمڕانی دەکرد.

ئەم کۆشکە، وردە وردە وەک ئەندامێکی زیندوو، وەک درەخت گەشەی کرد و ڕەونەقی پەیداکرد، بەنەخشەیەکی چەسپاو و پێشوەخت داڕێژراو ڕۆنەنرا، بەبەرفراوانکردنی گەمە و هاوئاهەنگکردنی خواستە هەمیشە تازەبووەکانی زەمەن نەشەونومای کرد، لێرە لۆژێکی وشک و بێ ئەفسوون ڕێنوێنی بونیادەم نەبوو، ئەقڵ بەبایەخ بوو، بەڵام وەک خزمەتگوزار، نەک وەک سەروەر. سەروەر شتێکی تر، یاخود کەسێکی تر بوو. چ ناوێک لەو سەروەرە بنێین؟

بەزەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە: "دەتەوێ بزانیت سەروەر کێ بوو؟ چاوەڕێیت قەشە چ وەڵامێکت بداتەوە جگە لەوەی بڵێ: سەروەر خودا بوو؟ خودای کریت سەروەر بوو.. ئەو دەست و ئەقڵی ئەوانی ڕانومایی کرد و ئەوانیش کەوتنە خولّقاندن، خواوەند ئوستادی بیناکەبوو، ئەم خواوەندەی کریت وەک

زەریایەک دوورگەکەی لە ئامێز گرتبێ، چوست و چالاک و زیتەڵە و کەیفساز بوو، هەر لەبەر ئەمەش کە دیمەن، کۆشک، نیگار و زەریا، وەها هاوئاهەنگی و یەکانگیرییەکی بێ خەوشیان هەیە!"

لە پێپلیکانە بەردینەکانەوە هاتینە خوارێ و بەبێدەنگی کەوتینە تەماشای نیگاری سەر دیوارەکان: گا، گوڵە سۆسەن، ماسی لە زەریای شیندا، ماسییە باڵدارەکان کە باڵەکانیان کردبۆوە و بەسەر ترۆپکی شەپۆڵەکاندا بازیان دەدا، وەک بڵێی ئاو - توخمی دایکانەیان - دەستی نابێتە بینیان و ئەمانیش بیانەوێ لەفەزایەکی ناسکتردا هەناسە بدەن. لەبەر دەرکی تەماشاخانەکەدا ڕاوەستاین، لێرەدا کابرای ڕێنوێن ئاگری گرت و برووسکەیەک لەشانازی بەڕوخسارییەوە ڕەنگی دایەوە. گوتی: "لەم شوێنەدا شەڕە گا ئەنجام دەدرا، بەڵام شەڕەگای کریت وەک شەڕەگای ئیسپانیا دڕندانە نەبوو، وەک بیستوومە لە ئیسپانیا، گاکان دەیانکوشت و ڕیخۆڵەی ئەسپەکانیان دەهێنایە دەرەوە، بەڵام لێرە شەڕەگا پێشبڕکێیەک بوو خوێنی تێدا نەدەڕژا، بەڵکو مرۆڤ و گا گەمەیان لەگەڵ یەکدیدا دەکرد، پاڵەوانی شەڕەگا، شاخی گاکەی دەگرت، گا تووڕە دەبوو، سەری بەرەو ژوور تەکان دەدا، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی پاڵەوانی شەڕەگا بەیەک باز خۆی هەڵبداتە سەر پشتی گا، پاشان بازێکی تری دەدا و لەودیو گاکەوە لەسەر عەرد خۆی دەگرتەوە، ئیدی لەویانەدا کیژۆڵەیەک چاوەڕێی دەکرد تا لە ئامێزی بگرێ!"

قەشە لە سەکۆی بەردینی شوێنی دانیشتنی تەماشاخانەکە وردبۆوە، پێدەچوو لە هەوڵی ئەوەدابێ نهێنی شاراوەی پێشبڕکێی ئیلاهی ئاشکراکات، قسەکانی کابرای پاسەوانم بۆ تەرجومە کرد. باسکیم گرت و درێژەمان بەگەڕانەکەمان دا، لەبەر خۆیەوە گوتی: "گەمەکردن لەگەڵ خواوەند، بێ ئەوەی خوێنی تێدا برێژرێ، بێ ئەندازە سەخت و دژوارە!"

لەپاڵ عامودێکی بازنەییدا وەستاین، لە ژوور عامودەکەوە وێنەی پیرۆزی تەوری دوو دەم هەڵکۆڵرابوو. قەشە دەستەکانی نایە نێو یەکدی، لەسەر ئەژنۆ چەمییەوە و وەک دۆعا بخوێنێ لێوەکانی جوڵاند، بەسەرسوڕمانەوە پرسیم: "دوعا دەخوێنی؟" وەڵامی دامەوە: "هاوڕێی جحێڵم، هەڵبەت دۆعا دەخوێنم، هەر نەژادێک و هەر نەوەیەک دەمامکی تایبەتی خۆی دەداتە خواوەند، بەڵام لەودیو هەموو دەمامکەکانەوە، هەمیشە هەمان خودای نەگۆڕ هەیە!"

ساتێک بێ دەنگ بوو، پاشان لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: "مێدالی پیرۆزی ئێمە خاچە، باو و باپیرانی تۆ تەوری دوو دەم مێدالیای پیرۆزیان بوو، بەڵام من ئاماژە ڕۆتینییەکان دەنێمە لاوە و لە پشت خاچ و تەوری دوو دەمەوە خودای یەکتا دەبینم، دەیبینم و دەکەومە پەرستنی!"

من ئەو دەمە زۆر جحێڵ بووم، لەوە حاڵی نەبووم، بەڵام ساڵانێک دواتر زەینم توانی ئەو وشانە بگرێ و تووڵبڕیان کات، منیش ڕوخساری نەمری و نەگۆڕی خواوەندم لەودیو ڕەمزە مەزهەبییەکانەوە بینی، لەو کاتەوە بەدوا، کاتێ زەینم بەرفراوانترو دڵم ئازاتر بوو، لەودیو ڕوخساری خواوەندەوە شتێکی تریشم بینی - بێ سەروبەری، تاریکاییەکی ترسناک و بزۆز - ئەو ڕۆژە لە کنۆسۆس، ئەو قەشە پیرۆزە، بێ ئەوەی وەها مەبەستێکی هەبێ، ڕێگەیەکی بۆ کردمەوە، ئەو ڕێگەیەم گرتەبەر، بەڵام لە ویستگەکەی ئەودا ڕانەوەستام. بەڵکو لەژێر دەسەڵاتی زیتەڵەییەکی شەیتانانەدا، بەرەو پێشتر ڕۆیشتم و گەرداوی نهێنی



ئامێزم کەشف کرد.

لەنێوان دوو عامووددا لەسەر عەردەکە دانیشتم، ئاسمان ئاگرین و هەروەکی پۆڵا برووسکەی دەدا. لەباخی زەیتوونەکانی چواردەوری کۆشکەوە، دەنگی سیسرک گوێی بونیادەمی کەڕ دەکرد، پاسەوان پاڵی دا بەعامودەکەوە، کیسە توووتنەکەی لەبەر پشتێنەکەی دەرهێنا و سیغارێکی پێچایەوە. هیچ کاممان قسەمان نەدەکرد، هەستمان بەپیرۆزیی کات و شوێنەکە دەکرد و دەمانزانی کە تەنێ بێدەنگی جوانە. دوو کۆتر بەژوور سەرمانەوە هەڵفڕین و لەسەر یەکێ لە عامودەکان نیشتنەوە، ئەوانە مەلی پیرۆزی خواوەندی مەزنی کریتییەکان بوون، گا بەسەر عامودێکەوە دەنیشتنەوە و گا خواوەند لەنێوان مەمکە پڕ شیرەکانیدا دەینیشاندنەوە.

بەهێواشی گوتم: "کۆترەکان..." وەک بڵێی بترسم لەوەی لەدەنگم بسڵەمنەوە و هەڵفڕن.

قەشە پەنجەی نایە سەر لێوی و بەچرپە گوتی: "بێدەنگ!"

گەرچی زەینم لێوالێو بوو لە پرسیار، بەڵام هیچم نەگوت. هەمدیس نیگاری سەر دیوارەکان بەبەرچاوانمدا ڕەت بوون: چاوانی گەورەی بایامی، هالەی پەرچەمی ڕەش، خانمانی دەسەڵاتدار بەسینگ و مەمکی ڕووت و لێوانی هەوەسبازییانەوە، مەلەکان - کەڵەشێری بیابان و کەو - مەیموونی شین، شازادەکان بەپەڕی تاوس بەسەرەوە، گای پیرۆزی کێوی، کیژۆڵەی ڕۆحانی بەماری پیرۆزی شۆڕبۆوە بەباسەکەکانیانەوە، کوڕانی تازە باڵقبوو لەباخچە پڕ شکۆفەکاندا، شادی، دەسەڵات، توانا، دونیایەکی پڕ لە نهێنی، ئاتلانتیس(*)ێک بوو کە لەقوڵایی خاکی کریتەوە سەری هێنابووە دەرێ. ئەم دونیایە بەچاوانی ڕەش و گەورەیەوە سەیری دەکردین، بەڵام هێشتا لێوەکانی داخرابوون.

لەخۆم پرسی: "چما ئەمە چ جۆرە دونیایەکە؟ کەی دەم بۆ قسە هەڵدەهێنێتەوە؟ لێرە، بەسەر ئەم خاکەوە کە ئەمێستا پێی لەسەر دادەنێین، ئەو باو و باپیرانە چ کارێکی ئاشکرایان ئەنجام داوە؟"

کریت یەکەمین پردی نێوان ئەوروپا، ئاسیا و ئەفەریقا بوو، کریت لە ئەوروپای تاریکی ئەو کاتدا یەکەمین شوێنێ بوو ڕوناکیی شارستانێتی تێدا پرشنگی دا، هەر لێرەش بوو ڕۆحی گریکی ئەرکی لەچارەنووسراوی خۆی ئەنجام دا: خواوەندی بەپێوانەی ئینسان هێنایە خوارەوە. لێرە لە کریت، پەیکەرە زل و زەبەلاح و بێجووڵەکانی میسر و ئاشوور، چکۆڵە و دڵڕفێن بوون، بەو جەستانەوە کە دەجووڵان، بەو دەمانەوە کە پێدەکەنین، شێوە و قامەتی خواوەند، شێوە و قامەتی ئینسانیان بەخۆوەگرت. مرۆڤایەتییەکی نوێ و ڕەسەن، پڕ لە چالاکی، دڵڕفێنی و جوانیی خۆرهەڵاتیی لەسەر خاکی کریت هەناسەی دەدا و گەمەی دەکرد، مرۆڤایەتییەک کە جیاوازی لەگەڵ گریکییە ڕەسەنەکانا هەبوو.

هەروا سەیری چوار دەوری خۆم دەکرد، لە گردۆڵکە بچووکەکان، لە دار زەیتوونی نیمچە ڕووتەن، لە دار سەرووی باریکەلەم دەنۆڕی کە لەنێوان گاشە بەردەکانەوە قەدیان هێنابووە دەرێ و تۆزێک دەشنانەوە، هەروا کە گوێم بۆ دەنگی خۆش و گوێ نەوازی زەنگۆڵەی گەلەبزنێکی نادیار ڕادێرا و شنەی عەتراوی

(*) Atlantiis دوورگەیەک کە دەڵێن پێشتر لەخۆرئاوای جەبەل تاریق هەبووە و لە ئەنجامی بوومەلەرزە ڕۆچۆتە زەریا.

زەریام هەڵمژت کە باڵی بەسەر تەپۆڵکەکانا دەکێشا، ڕازی دێرینی کریت قووڵتر لەجاران دزەی کردە ناخمەوە و ئاڵۆزییەکەی کەمتر و کەمتر بۆوە، ئەم ڕازە سەروکاری لەگەڵ مەسەلە سەروو ڕۆژانەییەکانا نییە، بەڵکو دەرگیرە لەگەڵ مەسەلە ڕۆژانییەکانا بەتەواوی وردەکاریەکانیانەوە، بەتەواوی وردەکاریی مەسەلەگەلی پەیوەست بەتازەبوونەوەی ژیانی ئینسانەوە لەسەر عەرد.

قەشە پرسی: "بیر لە چ دەکەیتەوە؟"

– "لە کریت."

– "منیش بیرم لە کریت دەکردەوە، لە کریت و لە ڕۆحم. گەر هەمدیس لە دایک ببمەوە، ئەوا حەزدەکەم هەمدیس ڕۆشنایی لێرە، لەسەر ئەم خاکە ببینم، جۆرە سیحرێکی شاراوە لێرە هەیە، وەرە، باشترە بگەڕێینەوە."

هەستاین و دوا نیگامان بەڕامانەوە لەو دیمەنە سەیر و نائاساییییە دا، من هەمدیس ئەو دیمەنەم دەبینییەوە، بەڵام قەشە بەهەناسە هەڵکێشانەوە لەبەرخۆیەوە گوتی:"خوداحافیز، بۆ دواجار خوداحافیز!" وای گوت و دەستی بۆ عامود و حەوشە و نیگاری سەر دیوارەکان تەکەن دا و لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: "خوداحافیز، قەشەیەکی کاسۆلیک لەوپەڕی دونیاوە بۆ دوعا خوێندن بۆ دیدەنی ئێوە هات، دوعای خوێند و وا هەنووکەش خوداحافیزی دەکات!"

ڕێی گەڕانەوەمان گرتەبەر، ڕێی گەرم و تەپوتۆزاوی قەشەیان ماندوو کرد، لە خانەقایەکی بچووک لامان دا کە لەو ڕۆژانی هەینییانەدا دەروێشەکان سەما و زیکریان تێدا دەکرد، دەرگاکە کەوانەیی و ڕەنگی سەوز بوو، لە ژوور دەرگاکەشەوە دەستێکی برۆنزیی بەنیشانەی پیرۆزیی ئیسلام هەڵواسرابوو، چووینە حەوشە ساکارەکەی خانەقاوە کە بەخڕە بەردی سپی بەردڕێژ کرابوو، لە هەر چوار لای حەوشەدا ئینجانە و لاولاو، لەناوەڕاستیشا داردێمشتی تڕیی بەمیوە، لەژێر سێبەری ئەو درەختەدا ڕاوەستاین، تا هەناسەیەک وەرگرین، دەروێشێک لەژوورەکەیەوە ئێمەی بینی، نزیک بۆوە و بەئاماژەی سڵاو، دەستی نایە سەر سینگ و لێو و ناوچەوانی، جبەیەکی شینی لەبەرا و کڵاوێکی خوری سپی لەسەردا، ڕیشی درێژ و شەبەقڕەنگ، گوارەیەکی زیوین لە گوێی ڕاستیدا بوو، دەستی بەیەکدا ماڵی، مناڵێکی قەڵەو و پێ پەتی کورسی بۆ هێناین، دانیشتین. دەروێش لەبارەی گوڵی ئینجانەکان و لەبارەی زەریاوە، کە لەنێوان گەڵای داردێمشتەکەوە دەدرەوشایەوە سەری قسەی دامەزراند، دواجار لەبارەی سەماوە کەوتە قسان:

– "گەر کەسێ سەما نەزانێ، ئەوا ناشتوانێ نوێژ بکات، مەلایکەتەکان دەمیان هەیە بەڵام ناتوانن بئاخڤن، ئەوانە بەزوبانی سەما لەگەڵ خواوەندا دەدوێن."

قەشە پرسی: "مورشید... چ ناوێک لە خواوەند دەنێی؟"

دەروێش وەڵامی دایەوە: "خواوەند ناوی نییە، خواوەند لەچوارچێوەی ناودا جێی نابێتەوە، ناو زیندانە، بەڵام خواوەند ئازادە."

قەشە پێی داگرت: "باشە، گەر مەسەلەکە پێویستی بەناونانی خواوەندبێ و تۆ بتەوێ ناوێکی لێ



بنێی، ناوی چی لێ دەنێی؟" دەروێش سەری داگرت و لە فیکرەوە چوو، دواجار گوتی: "هووە، ناوی دەنێم هووە، نەک ئەڵڵا..."

قەشە بەشپرزەیییەوە لەبەرخۆوە گوتی: "ڕاست دەکات!"

مناڵەکە هەمدیس دەرکەوتەوە، ئەمجارەیان لەسەر سینییەک قاوە و ئاوی سارد و دوو بۆڵی گەورە تڕێی هێنا، جووتێک کۆتر لەسەربان عەشقبازییان دەکرد و دەیانگماند، ئایا ئەم جووتە کۆترە، هەمان ئەو جووتە کۆترە نەبوون کە لە کنۆسۆس بینیبوومان؟ ساتێک بێ دەنگ بووین، هەوای خانەقا پڕبوو لە هەناسەبڕکێی ئاهی عاشقانە، سەیری قەشەم کرد، چاوی لە کۆتر و ئاسمانی ئەو دیویانەوە بڕیبوو، فرمێسک لە چاوانیا قەتیس مابوو.

کە زانی تەماشای دەکەم، زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی: "دونیا جوانە، بەڵێ، دونیا لەسەر زەمینە هەتاوییەکانا، لەهەر شوێنێ ئاسمانی شین و کۆتر و ترێ هەبێ دونیا جوانە، بەڵام بەمەرجێ داردێمشتێکیش بەژوور سەرتەوە بێ!"

بەوپەڕی دڵنیاییییەوە دەنک دەنک تڕێی دەخوارد، هەستت دەکرد حەز ناکات ئەو لەحزەیە کۆتایی بێ.

گوتی: "گەر دڵنیابام دەچمە بەهەشت، ئەوا داوام لە خواوەند دەکرد مۆڵەتم دا بەدرێژترین ڕێگەدا بچمە بەهەشت!"

لەحەوشی خانەقادا، هێندە هەستمان بەبەختەوەری کرد، کە ئیدی نەماندەتوانی بڕۆین، دەروێشەکانی تر لەژوورەکانەوە هاتنە دەرێ. دەروێشە جحێڵەکان ڕەنگ پەڕیو و چاوانیان ئاگراوی، ئاخر ئەوان لە هەوڵی وەدەسهێنانی نائومێدانەی خواوەندا بوون، بەڵام دەروێشە پیرەکان کە هەڵبەت خواوەندیان دۆزیبۆوە، ڕوخساریان نوورانی و چاوانیان پڕ بوو لە نوور، بەچیچکانەوە بەچوار دەورمانا دانیشتن، هەندێکیان تەسبیحەکانیان دەرهێنا و بەئارامی کەوتنە تەسبیحات و بەچاوانێکی تژیی لەپرسیار لە قەشەی مەسیحییان دەنۆڕی. هەندێکی تریان سەبیلە درێژەکانیان دەرهێنا، چاویان تا نیوە لێک نا و خۆشحاڵ و ئاسوودە کەوتنە کێشانی سەبیلەکانیان. قەشە لەبەرخۆیەوە گوتی:" چ لەزەتێکە! ڕوخساری خواوەند لێرەش، لەودیو تەواوی ئەم ڕوخسارانەوە، چ ڕۆشن دەدرەوشێتەوە!"

دەستی بەشانم دادا و بەتکاوە گوتی: "دەروێشەکان لە تاقم و فیرقەی مەزەبین، تکا دەکەم لێیان بپرسە سەر بەکام تەریقەتن!"

پیرترین دەروێش، کە ڕیشێکی درێژ و سپی هەبوو، سەبیلەکەی لەسەر ئەژنۆی دانا و وەڵامی دایەوە: "هەژاری، نەداری و نەبوونی تەواوەتی و ڕۆیشتن بەرەو لای خواوەند بەڕێگەیەکی بەگوڵ پۆشراودا، پێکەنین و سەما و شادی، ئەو فریشتانەن کە دەستی ئێمە دەگرن و ڕێنوێنیمان دەکەن."

قەشە هەمدیس ڕووی تێ کردم: "لێیان بپرسە چۆن خۆیان بۆ بەردەم خواوەند ئامادە دەکەن؟ لە ڕێی ڕۆژووەوە؟"

دەروێشێکی جحێڵ بەپێکەنینەوە گوتی: "نا، نا، ئێمە دەخۆین و دەخۆینەوە و سوپاسی خوداش دەکەین کە ئاو و خۆراکی بەئینسان عەتا فەرمووە."

قەشە پرسی: "باشە چۆن؟"

دەروێشی ڕیش سپی وەڵامی دایەوە: "بەسەما!"

قەشە گوتی: "سەما؟ چۆن؟!"

– "لەبەرئەوەی سەما نەفس دەکوژێ، کاتێ نەفسیش دەکوژرێ، ئیدی هیچ کۆسپێ نامێنێ لەبەردەم پەیوەندیکردنا بەخواوەندەوە."

چاوانی قەشە برووسکەی دا، بەحەپەساوی دەستی دەروێشی پیری گوشی و گوتی: "فیرقەی مەزەبیی قەدیس فرانسیسکۆس(*)! قەدیس فرانسیسکۆسیش هەر وای دەکرد، بەسەما لەسەر عەردەوە بۆ ئاسمان هەڵگڕا، دەیگوت: (ئێمە جگە لە مەیموونەکانی خواوەند هیچی تر نین، بۆ ئەوە لەدایک بووین تا دڵی ئینسان سارێژکەین و بیخەینە وەجد.) بەم جۆرە هاوڕێی جحێڵم، جارێکی تر دەبینی کە هەمان خواوەندی نەگۆڕ لەمیانایە!"

ئازایەتی ڕەتکردنەوەی ئەو قسەیەم دایە بەرخۆم و گوتم: "گەر وایە، ئەی بۆچی موبەشیرانی مەزەبی بەهەمەموو لایەکی دونیادا دەگەڕێن و هەوڵ دەدەن خەڵکی قەناعەت پێ بێنن دەمامکی خواوەندەکانی خۆیان بدڕێنن و لەجێی ئەو، دەمامکی بێگانە، دەمامکی خواوەندی ئێمە دانێن؟"

قەشە لە جێی خۆی هەستا و گوتی: "وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر قورسە، بەئومێدی خودا، گەر بۆ تەواوکردنی خوێندن هاتیت بۆ پاریس، وەرە بۆ لام!" پاشان بەزەردەخەنەیەکی فێڵبازانەوە گوتی: "دەشێ تا ئەو کاتە وەڵامێکم پەیدا کردبێ!" خواحافیزیمان لە دەروێشەکان کرد، بەزەردەخەنە و ڕێزەوە بەڕێیان کردین، کە گەیشتینە بەردەرگا، قەشە گوتی:"تکا دەکەم پێیان بڵێ ئێمە هەموومان خودایەکی یەکتا دەپەرستین، پێیان بڵێ منیش دەروێشێکم بەڵام بەجبەی ڕەشەوە!"

# زیارەتکردنی گریکستان

بابم بەڵێنی دابوو گەر نمرەیەکی بەرز بێنم، خەرجیی سەفەرێکی یەکساڵەم بکێشێ، ئەوە خەڵاتێکی گەورە بوو، هەربۆیە بەدڵ و گیان لەهەوڵی وەدەسهێنانی ئەو ئامانجەدا بووم. یەکێ لە هاوڕێ کریتییەکانم کە ئەقڵێکی شەیتانانەی هەبوو، لەگەڵ منا ئیمتیحانی دەدا، هەردووکمان بەنیگەرانی و ترسەوە ڕێی زانکۆمان گرتەبەر، هەرچییەک فێرببووم بیرم چووبۆوە، زەینم بەتاڵ، ترس باڵی بەسەرا کێشابووم.

هاوڕێکەم پرسی: "هیچت بیرماوە؟"

– "هیچ شتێ!"

– "منیش هەروا، دەڵێی چی بچین بۆ مەیخانەیەک و بەر لەئیمتیحان خۆمان سەرخۆش کەین، باوکیشم هەر بەسەرخۆشی دەچوو بۆ جەنگ!"

– "دەی بابڕۆین!"

(*) یەکێک لەڕۆمانەکانی کازانتزاکیس بەناونیشانی (فرانسیکۆس قەدیسی من) کە ئەویشمان کردۆتە کوردی.



تێر تێر خواردمانەوە و نەشوە گرتینی.

هاوڕێکەم پرسی: "دونیا چۆن دەبینی؟"

– "بە دووان دەیبینم!"

– "منیش بەدووان دەیبینم، دەتوانیت بڕۆیت؟"

هەستام و چەند هەنگاوێکم نا، وەڵامیم دایەوە: "بەڵێ!"

– "کەواتە باشترە بڕۆین، ئەی یاسای ڕۆمی بلەرزە!"

یەکەم جار قۆڵ لە قۆڵی یەکدا کەوتینە ڕێ، بەڵام پاشان هەر یەکەمان ئازایەتی دایە بەرخۆ و لەسەر قاچی خۆمان لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بووین.

هاوارم کرد: "هێی باخۆس(*)، ئەی جەنگاوەری من! چەکوشێ بماڵە بەسەری (ژوستینین)(**) و یاساکانیدا، ساردی کەوە و تەختی عەردی کە!"

هاوڕێکەم گوتی: "بۆچی داوای یارمەتی لە باخۆس دەکەیت، خۆ ئێمە بیرەمان خواردۆتەوە نەک شەراب!"

– "دڵنیایت؟"

– "گەر باوەڕناکەیت فەرموو با بگەڕێینەوە و بپرسین!"

گەڕاینەوە.

بیرە فرۆشەکە کە خەریک بوو لە پێکەنینا ژانی دەکرد، گوتی: "بیرە، بیرە، بیرەتان خواردەوە! ئەی ئەلعان بۆ کوێ تەشریف دەبەن؟"

وەڵاممان دایەوە: "دەچین ئیمتیحانی مافناسی بدەین."

گوتی: "ڕاوەستن، منیش هەر بۆ پێکەنین دێم!"

بەرکۆشەکەی لەناوقەدی کردەوە و بەدوامانا کەوتە ڕێ. مامۆستاکان چاوەڕێمان بوون، بەڕیز لە جێگەکانی خۆیانا دانیشتبوون، لە مێش و مەگەز دەچوون، لە مۆخی ئێمەیشەوە ئاگر دەچۆڕا، هەر بەحەواوە پرسیارەکانیانمان دەگرتەوە و بەخەمساردییەکی ئاوێتە بەئازایەتی وەڵاممان دەدانەوە، هەر بۆ مەزەش چەند زاراوەیەکی لاتینیمان تێکەڵاوی وەڵامەکانمان دەکرد، زوبانمان لێکدا لە دەممانا دەهات و دەچوو. دواجار من و هاوڕێکەم بەنومرەیەکی بەرز لەو ئیمتیحانەدا دەرچووین.

خۆشحاڵیمان وەسف نەدەکرا، هاوڕێکەم بیری لەوە کردەوە نووسینگەیەک لەکریت بکاتەوە و خوو بداتە سیاسەت، منیش خۆشحاڵ بووم بەوەی کە دواجار، دەرگای سەفەرم بەڕوودا والاکرا، ئاخر یەکێ لە گەورەترین خواستەکانی ژیانم سەفەر بووە: بینین و دەستلێدانی وڵاتانی دوور، مەلەکردن لە زەریا دوورەکانا، گەڕان بەدونیادا، بینینی عەردەکان، بینینی زەریاکان، بینینی خەڵکان و فیکری نوێ،

(*) باخۆس Bacchus یان دیونیزیۆس، خواوەندی شەراب لە ئەفسانەکانی گریکدا.

(**) Justonoan دوایین ئیمپراتوری گەورەی مێژووی ڕۆما، ناوبانگی وی بەیاسایانەوەیە کە دایڕشتووە.

بینینی هەموو شتێ بۆ یەکەمین جار و دوایەمین جار، ڕامانێکی لەسەرخۆ و تولانی، پاشان پێڵوو لێکنان و هەستکردن بەم حەمکە سەروەتەی کە ئارام یاخود بەخوڕ دەڕژێتە ناخمەوە، تا سەرەنجام زەمەن دەیپاڵێوێ و شیلەی خەم و شادومانییەکان دەگرێ. پێم وایە ئەم کیمیای دڵە لەزەتێکی مەزنە کە شایستەی هەموو ئینسانێکە.

کەناری، هەمان ئەو مەلە ئەفسانەییەی بابم وەک دیاری ساڵی تازە پێی بەخشیبووم، ساڵانێک لەوەوبەر مردار ببۆوە، نا، مردار نەببۆوە، شەرمەزارم وام گوت، بەڵکو وەک بونیادەم، گیانی تەسلیم بەکردگار کردبۆوە، یان چاتر بڵێم، نەغمەی خۆی سپاردبۆوە بەخودا، لە باخچەی حەوشە بەخاکمان سپارد، خوشکەکەم گریا، بەڵام من ئارام بووم، لەبەرئەوەی دەمزانی مادامەکی زیندووم ناهێڵم لەبەین بچێ، بۆیە کاتێ گڵم دەکرد بەسەریدا، لەبەر خۆمەوە گوتم:" ناهێڵم لەبەین بچیت. ئێمە بەیەکەوە دەژین و پێکیشەوە سەفەر دەکەین!"

کە گەورەتربووم و کریتم جێ هێشت و کەوتمە گەڕان بەدونیادا، هەمیشە هەستم دەکرد ئەو کەنارییە لەسەر تەوقی سەرم هەڵنیشتووە و گۆرانی دەچڕێ، تەرجیع بەندیی گۆرانییەکەشی هەریەکێ بوو:

هەستە با بڕۆین

بۆچی لێرە دانیشتووین؟

ئێمە مەلین نەک هێلکە شەیتانۆکە

دەی هەستە، با بڕۆین!

سەرم ببووە گۆیەکی خاکی، کەنارییەکە بەسەر تەوەرەکەیەوە هەڵنیشتبوو، گەرووی گەرمی بەرەو ئاسمان ڕایەڵ دەکرد و گۆرانی دەچڕی.

دەگێڕنەوە لە سەردەمانی زوودا، ژنانی سیغەیی حەرەمسەرایەک، ئێواران دوای حەمامکردن و عەتر لەخۆدان، لەباخی حەرەمسەراکەدا بەڕیز دەوەستان، سوڵتان دەهاتە خوارێ تا یەکێکیان هەڵبژێرێ، دەستەسرێکی چکۆڵەی بەدەستەوە دەگرت و دەیخستە بن باڵی ژنەکانەوە و پاشان بۆنی دەکرد، ژنێکی هەڵدەبژارد کە ئەو شەوە بۆنی عەترەکەی لە کەپوویدا لە ژنەکانی تر خۆشتر بووبێ.

منیش وڵاتانی جۆراوجۆر، وەک ژنانی سیغەیی لە بەرامبەرما ڕیزیان بەستبوو، بەپەلە و پەرۆشییەوە چاوم بەنەخشەکەدا دەگێڕا، بۆ کوێ ڕۆیشتبام؟ یەکەم جار کام وڵات، کام ئۆقیانووسم بینیبا؟ تەواوی وڵاتان دەستیان ڕاگرتبوو، بانگیان دەکردم، سوپاس بۆ خودا کە دونیا بەرفراوان و تەمەنی مرۆڤیش درێژ، ئەوانەی پیشەیان خەوش دۆزینەوەیشە هەرچی دەڵێن با بیڵێن، دەرفەتم هەیە تەواوی وڵاتان ببینم.

ئەدی بۆچی لە گریکستانەوە دەست پێنەکەم!

***

سەردانەکەم بۆ گریکستان سێ مانگی خایاند، هەنووکەش دوای ڕەتبوونی ئەو هەموو ساڵانە، بەوەیادهێنانەوەی چیا و دوورگە و ئاوایی و دەیر و هێڵەکانی کەنار، دڵم لە نائارامی و خوشحاڵیدا



ڕادەچڵەکێ.

سەفەرکردن بۆ گریکستان و بینینی، چێژێکی مەزنی هەیە، چێژی مەزن و عەزاب.

گریکستان گەڕام و هێورهێور هەموو شتێکم بەچاوانم بینی و بەدەستەکانم لەمسم کرد کە فیکری ڕووت توانای بینین و لەمسکردنی وەها شتێکی نییە: شێوازی یەکانگیربوونی نێوان قودرەت و دڵڕفێنی. پێم وا نییە ئەم دوو هەوێنی کاملێیە، ئارس[*] و ئەفرۆدێت[**]، لە هیچ جێگەیەکی تر وەک سەر زەمینی بێ ڕووپۆش و هەمیشە دەم بەپێکەنینی گریکستان، ئاوها سازگار یەکانگیر بووبێتن. هەندێ لە ناوچەکانی گریکستان مۆن و لووتبەرزن، هەندێکی تریان تژیی لە ناسکییەکی ژنانەن، هەندێ ناوچەی تریش جیددی و لەهەمان کاتیشا دەم بەپێکەنین و میهرەبان، بەڵام بەڕۆح فوودراون و لەڕێی پەرستگە و ئەفسانەوە، یان لە ڕێی قارەمانەوە، ڕۆحێکی گونجاو بەهەریەک لەوانە سپێردراوە، لەبەر ئەم هۆیەیە گەر گەشتیارێکی گریکی چاوی بینین و زەینی بیرکردنەوەی هەبێ، ئەوا لە زنجیرەیەکی نەپچڕاو و سیحراویدا، لە سەرکەوتنێکی ڕۆحییەوە بۆ سەرکەوتنێکی ڕۆحیتر سەفەر دەکات. لە گریکستان بونیادەم باوەڕ دەهێنێ بەوەی کە ڕۆح بەردەوامی و نۆبەرەی ماددەیە و ئەفسانەش گوزارشتێکی سادە و یەکانگیرە لەواقیعی هەستپێکراو، ئاخر ساڵانێکی زۆر درێژە ڕۆح پێی ناوەتە سەر بەردەکانی گریکستان و بۆ هەر کوێیەک بڕۆی جێگە پێ مەلەکوتییەکانی دەدۆزیتەوە.

زۆر ناوچەی گریکستان ماهییەتێکی دووانەیی هەیە و ئەو سۆزەش کە لێی بەرز دەبێتەوە، بەهەمان شێوە ماهییەتێکی دووانەیی هەیە. گرژی و هاوگونجاویی لەپاڵ یەکدا ڕاوەستاون، تەواوکەری یەکدین و وەک ژن و مێرد یەکانگیری یەکتربوون، (ئەسپارتا) یەکێ لەسەرچاوەکانی ئەم گرژی و هاوگونجاوییەیە، (تایژتوس) لەبەرامبەرتایە، یاسا داڕێژەری ڕق و نەفرەتئامێز، پڕ لە گاشەبەردو خەرەند، بەڵام لەخوارەوە لەژێر پێتدا، دەشتێکی بەبەرەکەت و گومانایی، وەک ژنێکی عاشق دامێنی ڕاخستووە، لەلایەک (تایژتوس) هەیە، چیای (تور) ی گریکستان، ئەو جێیەی کە خواوەندی بێڕوحمی قەوم، یاسا ڕەق و تەق و توندوتیژەکانی تێدا دەخوێنێتەوە: (ژیان جەنگە، دونیا گۆڕەپانی جەنگ و وەزیفەی تۆیش سەرکەوتنە، مەخەوە، مەپەرژێرە سەرخۆت، پێمەکەنە، قسە مەکە، تەنها ئامانجی ژیانی تۆ جەنگینە، کەواتە دەی بجەنگە!" لەلایەکیتر لەخوار تایژتۆسەوە (هێلین) ڕێک ئەو کاتەی دەتەوێت ببیتە قەڵەندەرو ڕوو لە خۆشیی و شیرینیی عەرد وەرگێڕیت، کوتوپڕ هەناسەی هیلین وەک دار لیمۆیەکی بەگوڵپۆشراو ئەفسونت دەکات.

سەرسامم لەوەی چما ئەم دەشتەی ئەسپارتا خۆی ئاوها ناسک و تەڕ و هەوەسبازە؟ چما بۆنی گوڵاڵە سوورەکانی ئاوها سەرخۆشکەرن، یان دەشێ ئەم سیحرە لە جەستەی ماچکراو و سەر بەدەرەوە بووی هێلینەوە بەرز بێتەوە؟ بەدڵنیاییەوە (ئیروتاس) شۆخی و نازداریی ئەمڕۆی نەدەبوو گەر لە ئەفسانەی

---

(*) ئارس Ares خواوەندی جەنگ.

(**) ئەفرودیت Aphrodite خواوەندی ئەڤین.

نەمری هێلیندا خوڕەی نەهاتبا. لای هیچکەس شاراوە نییە کە سەرزەمینەکان، زەریا و ڕووبارەکان بەناوی گەورە و خۆشەویست پێکەوە گرێ دەدرێن و لە دڵماندا خوڕەیان دێ، بەدرێژایی کەنارە ناچیزەکانی ئیروتاس پیاسە بکە، هەست دەکەیت دەست و بیرت لەبۆنی ژنێکی خەیاڵی دەئاڵێ، کە واقیعیتر و هەستپێکراوترە لەو ژنەی خۆشت دەوێ. ئەمڕۆ وا خەریکە دونیا لە خوێندا غەرق دەبێ، لە دۆزەخی پڕ لە بێ سەروبەریی ئێستادا، خرۆشانەکان هاتوونەتە جۆش، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، هیلێن لە گۆڕەپانی شیعرە بەرز و بڵندەکانیدا، نەمر و دەست لێنەدراو و بێ جووڵە لەجێی خۆی ڕاوەستاوە و زەمەن بەبەردەمیدا ڕەتدەبێ.

خاک بۆندار، دڵۆپە شەونم بەگوڵی دار لیمۆکانەوە شۆڕ ببۆوە و لەبەر ڕۆشنایی هەتاودا سەمای دەکرد، کوتوپڕ شنەیەکی فێنک هەڵی کرد، گوڵە لیمۆیەک بەر تەوێڵم کەوت و شەونم لە ڕوخساری دام، لەرزێ ڕۆچووە گیانمەوە، وەک بڵێی دەستێکی نادیار لەمسی کردبێتم، تەواوی عەرد لە هێلینێکی تازە حەمامکردوو، دەم بەپێکەنین و دەم بەگریان دەچوو، ڕووپۆشەکەی کە بەگوڵی لیمۆ چنرابوو، لە ڕوخساری ببۆوە و ئەمیش دەستی بەدەمییەوە گرتبوو، لەکاتێکدا سات بەسات پاکیژەیی تازە دەبۆوە، کەوتبووە دوای بەهێزترین پیاو، هەر کە قاچی هەڵدەبڕی، قولەپێ وەک بەفر سپییەکەی وەدیاردەکەوت، پاژنە خڕەکانی لەخوێندا بریقەیان دەدایەوە.

چ بەسەر هێلیندا دەهات گەر بەهەناسەی هۆمەر نەخەملیبا؟ هەمان شتی بەسەر دەهات کە بەسەر هەزاران هەزار شۆخە ژنی تردا هاتووە، دەهاتە دونیا و لە بەین دەچوو، دەڕفێنرا، هەر بەو شێوەیەی تا ئەلعانیش کیژانی شۆخ لە ئاواییە کوێستانییەکانی ئێمەدا دەڕفێنرێن. تەنانەت گەر ئەو ڕفاندنەش جەنگی لێ کەوتبایەوە، ئەوا جەنگ و ژن و کوشتار، گەر شاعیر دەستی بەڕزگارکردنیان ڕانەگەییبا، ئەوا لە بەین دەچوون. شاعیر هێلینی ڕزگار کرد، ئیروتاس، ئەم ڕووبارە، نەمرییەکەی قەرزاربارى هۆمەرە، زەردەخەنەی هێلێن تەواوی فەزای ئەسپارتای تەنیوە، زیاتر لەمەش پێی لێ هەڵبڕیوە و ڕۆچۆتە نێو هاموشۆی خوێنمانەوە، هەر پیاوێک وەک گۆشتی قوربانی بەشێکی لەو ئازایەتییە بۆ خۆی بردووە. هەتا ئەمڕۆ هەموو ژنێک شکۆ و گەورەیی وی لەخۆدا دەنوێنێ، هێلێن بۆتە هاواری ئەڤین، سەدەکان تەی دەکات، لەهەر پیاوێکدا ئارەزووی ماچ و نەمری بێدار دەکاتەوە، هەر ژنێک لەئامێز دەگرین، تەنانەت ساکارترین ژن، دەبێتە هێلینێک بۆ خۆی!

بەبەرەکەتی بوونی ئەم شاژنە ئەسپارتییە، هەوەسی سێکسوالیی، پێناسەی بەرزی نەجابەت لە خۆ دەگرێ، حەسرەتی شاراوە بۆ هاوئامێزییەکی بزربوو، ئاژەڵی دڕندەی ناخمان ڕام دەکات، کاتێ دەگرین یاخود هاوار دەکەین، هێلێن شەهدێکی ئەفسووناویی دەڕژێتە ئەو جامە پڕ لە ئاوی گیای شیکرانە ژەهراوییەی کە دەیخۆینەوە. ئیدی ئازاری خۆ لەبیر دەکەین، ئاخر وی گوڵێکی بەدەستەوەیە مار دوور دەخاتەوە، مناڵانی ناشیرین جوان دەکاتەوە. سوارەی سەر بزنی ڕێوڕەسمی دێرینی باخۆس، لنگەفرتێ دەکات و ئیدی تەواوی دونیا دەبێتە ڕەزستان. ڕۆژێکیان کاتێ (ستیزنیکۆروس)ی شاعیری دێرین، لە یەکێ لە غەزەلەکانیدا قسەیەکی ناشایستەی بەوی گوت، یەکسەر کوێرایی داهات، پاشان لەرزۆک و



ژێوان عودەکەی هەڵگرت، لە جێژنە گەورەکانا بەرامبەر گریکییەکان ڕاوەستا و تۆبەنامە بەناوبانگەکەی خۆی بێژا:

هێلێن... ئەوەی لەبارەی تۆوە گوتم، ڕاست نییە
تۆ قەتاوقات لە کەشتییە تیژڕۆکانا دانەنیشتوویت و
هەرگیزاو هەرگیز نەگەییویتە قەڵای تەڕوا.

دەگریا و دەستی بۆ یارمەتی ڕایەڵ دەکرد، ئیدی یەکسەر ڕۆشنایی لەنێو فرمێسکەکانیا هاتە دەر و لە گۆشەی چاوانیدا قەتیس ما.

باو و باپیرانمان، بەشانازیی هێلینەوە، پێشبڕکێی جوانیی (هێلینیا)یان ڕێکدەخست، هەرچۆنێ بێ، عەرد گۆڕەپانێکی پێشبڕکێیە و (هێلێن)یش سەرکەوتنێکە کەس تیایدا براوە نابێ، ئاخر ئەو لەودیو ژیانەوەیە، دەشێ لە بنەڕەتدا لە تارماییەک زیاتر نەبێ، لە یەکێ لە سوننەتە ڕەمزییەکانا، بەوەدووکەوتووانی نهێنی دەگوترا (ئاکاییەکان) لە تەڕوا لە پێناوی هێلینی ڕاستەقینەدا نەجەنگیون، ئاخر لە تەڕوا تەنها تارماییەکەی دۆزرایەوە، هێلینی ڕاستەقینە لە پەرستگەیەکی پیرۆزی میسردا خۆی شاردبۆوە، لە هەناسەی پیسی بونیادەم پارێزراو بوو، کێ چوزانێ، دەشێ ئێمەیش لەسەر ئەم عەردە تەنیا لەپێناوی تارمایی هێلیندا بجەنگین و بگرین و یەکتری بکوژین، چوزانم، دەشێ تارمایی هێلێن بەخوێنێک کە لەمیانەی چەندین سەدەوە نۆشیویەتی، بتوانێ هەمدیس بۆ ژیان بگەڕێتەوە، ئەی مەگەر تارماییەکان بەنۆشینی خوێنی بونیادەمی زیندوو لە هادیس بۆ ژیان نەگەڕاونەتەوە؟ دەشێ دواجار تارمایی هێلێن ڕۆچێتەوە جەستەی و ئێمەیش ڕۆژێ لە ڕۆژان بتوانین جەستەی واقیعیی و گەرم و گوڕی هێلێن لە ئامێز بگرین، دەشێ.

(تایژتۆس)ی جەنگاوەری دڕندە و هێلینی ژنی، بۆنکردنی عەتری هێلێن لەنێو گوڵاڵە سوورەکانی ئیروتاسەوە، هۆشی بەخۆ نەهێشتبووم. هەستم بەشەرمەزاری دەکرد، ڕۆژێکیان بەرەبەیان چووم بۆ چیای تایژتۆس تا هەوایەکی ناسکتر هەڵمژم.

پاقژی چیا، بۆنی دارکاج، گاشەبەردی ئاگرین، ئەو شەهێنانەی بەژوور سەرمەوە پیاسەیان دەکرد، تەنهایی خەڵوەتێکی بێ سنوور، هەمووان پۆل پۆل دەهاتن و ئازایەتیان پێ دەبەخشیم، چەند سەعاتێک بەشادومانی بەکێوەکەدا هەڵزنیم، بەڵام دەمەو نیوەڕۆ، هەوری ڕەش بەئاسمانەوە وەدیارکەوت، نەغمەی خنکێنەری هەورەگرمە هاتە گوێ، بەپەلە ڕێی گەڕانەوەم گرتەبەر، هەستم دەکرد زریان لەدوامەوە هەنگاو دەنێ، لە بەردێکەوە دەپەڕیمە سەر بەردێکی تر، پێدەچوو لەگەڵ زریاندا لە پێشبڕکێدا بم، هەوڵم دەدا پێشی بدەمەوە. کوتوپڕ، دارکاجەکان لەرزین، دونیا تاریک و پشتێنی برووسکە گەمارۆی دام، ببوومە دیلی گەردەلوول، بەدەمدا خۆم دا بەعەرددا تا نەکەوم، چاوانم لێک نا و چاوەڕێ بووم. کوتوپڕ زریانەکە هێور بۆوە، (با)کە خستی و ئاوێزەی گەورەی ئاو لە ئاسمانەوە ڕژا، بۆنی عەتری شێوەران و پونگە و ڕێحان لەهەوادا بڵاوبۆوە، هەڵم لە تەواوی چیاکەوە هەستا، منیش هەستامەوە و کەوتمەوە دابەزین، باران قامچی بەڕوخسار و قژ و سەر و دەستمدا دەکێشا و منیش لە خۆشیدا ختوکەم دەهات، زێوس بەهەموو

هێزییەوە بەسەر ژنەکەدا، واتە عەرددا، دادەبەزی و عەردیش بەقاقای پێکەنینەوە خۆی دەکردەوە و ئاوی نێرەی لەخۆدا جێگە دەکردەوە.

بەزوویی ئاسمان بووە سامالّ، زریان، دابەزینی توندوتیژی ڕوحلقودس بوو، هەنووکە کوکوختی هەوالّی خۆشکردنەوەی بارانی ڕادەگەیاند، لەهەمان لەحزەدا خۆرئاوا بوو، لەو دووری دوورەوە، لەژێر پێمدا، وێرانەکانی قەلاّی (فرانک ڕابر)م بەسەر گردۆلّکەیەکەوە لە (میسترا) بینی کە باران شتبوویەوە. تەواوی ئاسمان بەڕەنگێکی ئالّتونی و سەوز دەدرەوشایەوە.

***

ڕۆژی دواتر، بەنێو باخ و سەرووستانەکاندا چووم بۆ دیدەنی میسترا، بۆ دیدەنیی (بۆمبی) گریکستان، ئەم گردۆلّکە پیرۆزە، زێدی گریکستانی نوێ، بەسیحرە شاراوە و پەنهانەکەیەوە، سەرچلّترین ڕۆح دەخاتە داوەوە، دار لیمۆ و پرتەقالّ، کۆلاّنی باریک و پێچاوپێچ، منالاّنی نیوەڕووت کە لەشەقامەکاندا گەمان دەکەن، ژنگەلێک کە دەچن بۆ جەنگ، کچگەلێک کە لەژێر درەختی پڕ شکۆفەدا دانیشتوون و خەریکی چنینن، ژیان هەمدیس چنگ بەخاکدا دەکاتەوە و هەولّ دەدا سەرلەنوێ بەگردۆلّکەی باپیراندا هەلّگژێ. ئەم ناوچە سەوز و ئاوەدانە، یەکەمین ناحیەی میسترایە، گەر بچیتە پێشتر، ناوچەیەکی قاقڕ و بێ درەخت و تەمومژاویت دێتە ڕێ، بەڕەتبوون بەنێو دار و پەردووی خانووی داڕووخاودا دەگەیتە کلّێسای ئەفسوناویی و هەتاو بردووی بیزانسی، دەگەیتە کلّێساکانی پریولپتوس، متیرۆپلی، ئاجیۆتیۆدوری، ئاپیندیکۆو پانداناسا، ئیدی ئێرە دووەمین ناحیەی میسترایە.

تینووم بوو، چووم بۆ کلّێسای پانداناسا تا ڕاهیبەکان قومێ ئاوم بدەنێ، حەوشی کلّێساکە بریقەی دەدایەوە، هۆدەگەلی ساکار سپیکاریکراو، بەتانیی چنراو لەسەر قەنەفەکان ڕاخرابوو، ژنە ڕاهیبەکان بەپەلە بەپیرمەوە هاتن، هەندێکیان جحێلّ و ژمارەیەکی تریان بەهۆی ڕۆماتیزمەوە وەک تەختە وشکهەلّگەڕابوون. هەموویان ڕەنگپەڕیو، لەبەرئەوەی بۆ گوزەراندنی ژیان دەبوو لەکارکردن نەوەستن، شەوانیش نەدەنوستن و خەریکی عیبادەت دەبوون، قەتاوقەت تێر بەزگی خۆیان نەیاندەخوارد، هەرکاتێ دەستیشیان بەتالّ با، ئەوا سەریان بەسەر کارە دەستییەکانیانا شۆڕدەکردەوە و دەکەوتنە چنینکاری: گولّی سووری ورد بەدەزووی سووری ئاوریشمین، خاچ، سەومەعە، ئینجانەی پڕ لەمێخەک، دار سەرووی گچکە، پێدەچوو بەشانازییەوە جازییەکانیانت پیشان بدەن، ئیدی خەم دات دەگرێ، ئاخر ئەوان تەنها زەردەخەنە دەیانگرێ، چ نالّێن، بەلاّم دەزانیت چ زاوایەک لە گۆڕێ نییە!

درەوشانەوەی پانداناسا لەهەوای بوومەلێلّدا، بەجامی عاجی بیزانسیی دەچوو، جامێک بەری حەوسەلّە و ئەڤین، تا لەپەنای هەناسەی پیرۆزی مەریەمی پاکیژەدا بحەوێتەوە. ئەم کلّێسایە، لەبەردی بناغەوە تا چەمینەوەی گومبەزەکەی، خاوەن چ یەکانگیری و دلّڕفێنی و مەرکەزیەتێکە! سەراپای ئەم پەرستگە سیحراوییە، وەک پەیکەرێکی زیندوو و گەرم هەناسە دەدا، سەرجەم بەردەکان، وێنە و ڕاهیبەکان، وەک بەشی پێکهێنەری ئەم کلّێسایە پێکداچوون، وەک بلّێی هەموویان پێکەوە



لەنیوەڕۆیەکدا هاتبێتنە دونیا.

وەها هاوگونجان و لێکحالّیبوونێکی گەرمیی ئینسانی لە وێنە بیزانسییەکانا، دوور لە چاوەڕوانیم بوو، پێشتر، تەنها شێوەی زاهیدانە و زبرم بینیبۆوە کە تۆماری بەپیتی سوور نووسراو بەدەستەوە، بانگیان دەکردین تا لە سروشت بیێزرێین و بدەینە بیابان، بمرین تا ڕزگارمان بێ. بەلاّم لێرە ڕەنگی بەشکۆ و وێنەی دلّڕفێن هەبوو. مەسیح، بەسوار ئاژەلّێکی لاوازەوە، میهرەبان و زەردەخەنە لەسەر لێو خۆی دەکرد بەئۆرشەلیمدا، هاوەلاّنی بەچلّە دارخورماوە لەدوایەوە دەڕۆیشتن، خەلّکی بەچاوانی تژیی لەبینینەوە سەیریان دەکرد، وەک بلّێی لە هەورێک بنۆڕن کە بەئاسماندا ڕەت دەبێ و پاشان دەڕەوێتەوە، ئەو فریشتەیەش کە لە(ئافندیکۆ) بینیبووم، جەنگاوەرێکی جوان بوو بەڕەنگی سەوز، قژە لوولەکەی بەپەڕۆیەکی پان بەستبوو، بەهەنگاوی خێرا و ئەژنۆی تۆکمەیەوە بەزاوایەک دەچوو بۆ... بڕوا، هەر بەڕاست بەئاوها پەرۆشی و خێرایییەک بۆ کوێ دەڕۆیشت؟

لەهەمان وەختدا زەنگەکە بەنەغمەی نەرم و گوێنەوازی، ساتەوەختی هاتنی شەوی (هەینی پاک)ی ڕاگەیاند، چوومە ناو کلّێساکەوە، لە ناوەڕاستدا مەزاری گولّبارانی مەسیح، پۆشراو بەگولّە لیمۆ، ئەوەی کە بەردەوام دەمرێ و هەمیشە هەلّدەسێتەوە، لەسەر گولّە لیمۆ ڕاکشابوو، زەمانێ (ئەو)یان بەئەدۆنیس بانگ دەکرد و هەنووکەش ناویان ناوە مەسیح، ژنانی ڕەنگپەڕیو و ڕەشپۆش بازنەیەکیان بەدەوریدا دروست کردبوو، بەسەریدا چەمابوونەوە و شیوەنیان بۆ دەکرد، تەواوی کلّێسا وەک شانەی هەنگوین بۆنی مێوی لێ دەهات، ژنە کاهینیەکانی تر، (ملیسا)(*)کانی ترم هاتنەوە یاد لە پەرستگەی (ئارتمیس) لە (ئیفس)(**) و پەرستگەی ئەپۆلۆ لە دیلفی کە لە مێوو پەڕ ڕۆنرابوون.

کوتوپڕ شیوەنی ژنان بەرز بۆوە، نەمزانی عەزاب هێزێکە خواوەند هەلّدەسێنێتەوە، بەلاّم لێرە لە فەرمانڕەوایەتی هێلیندا، دلّم ئارەزووی شیوەنی نەبوو. هێشتا تاریک دانەهاتبوو، هەستام و کەوتمەوە سەرکەوتن بەسەر ئەم گردەدا، دەرگای گەورە کرابۆوە و حەوشەکان چۆلّ و هۆلّ، بەپێپلیکانە داڕووخاوەکانا چوومە سەرێ و گەیشتمە بورج و حەسارەکان، پۆلێک قژقڕە سەرسام بەبینینی من، دایان لە شەقەی بالّ و فڕین، تەماشای دەشتە بەپیتەکەی خوارێم کرد و لەو دووکەلّە ورد بوومەوە کە لە دووکەلّکێشی کوختە کلّۆلّەکانەوە هەلّدەسا، وڕەوڕی گالیسکەیەک هاتە گوێم و گۆرانییەکی پڕ جۆش و خرۆش، فەزای دەوروبەرم دەینالاّند، هەوا پڕ ببوو لە تارمایی، کیژۆلاّنی کەزی و پرچ خورمایی، سینیۆراگەلی فرانکیی لەگۆڕ هاتنەدەر، شوالیەگەلی زرێپۆش، شوالیەگەلێک کە لە ڕۆلّی ڕزگارکەردا لە (پلۆپۆنز)ەوە بۆ ئێرە هاتن و کیژانی گریکییان کردە ژنی خۆیان، خوێنی گریکیی لەدەمارەکانیاندا کەوتە

(*) Melissa: چەند خانمێکی قارەمان بەناوی میایسا بەناوبانگ بوون. لەوانە: ملیسا، خوشکی ئامالتە کە بەمندالّی خۆراکی داوەتە زیۆس. ملیسا: یە:ێ لەپیرێژنە کاهینەکانی دیمتر. ملیسا واتە هەنگ. (فەرهەنگی ئەفسانەکانی گریک و ڕۆم).

(**) Ephese: شارێکە لە ئاسیای گچکە.

گەڕ و زێدی خۆیان لەیاد چۆوە، لە سای ژنانی ئەسمەر و قژ ڕەش و چاوگەشی گریکییەوە بوونە سەرکەوتووانی دۆڕاو.

***

چەند ڕۆژێک دواتر، دیمەنێکی تر شاگەشکەی کردم، لە شیوێکی وشک و برینگەوە ڕەت دەبیت کە دار چنار سێبەری بەسەردا کردووە و قەوزە گولباوانی کردووە، بەچیایەکی ڕووتەندا هەڵدەگژێی کە بۆنی پونگە و شیوەرانی گرتووە، چیایەک چۆڵ لە ئاوایی، چۆڵ لە خەڵک و مەڕ و بزن، کە دادەگەڕێیت، لەو دیو پێچپێچکەوە، کوتوپڕ لە دڵی پلوپونزدا پەرستگەی ئەپۆلۆ دەبینیت لەبەر دەمتدا قەدی ڕاست کردۆتەوە، بەردی بناغەکەی هەر هەمان بەردی خۆڵەمێشیی ڕەنگی کێوەکەیە، ئەو لەحزەیەی لەبەرامبەریدا ڕادەوەستیت، پەیوەندیی نێوان پەرستگە و خەڵوەتگەکە هەست پێ دەکەیت، بەشێک لەچیاکە دەمێنێ کە بەگاشەبەردەکانی خۆیەوە هاتۆتە سەرێ و بۆ خۆیشی یەک گاشە بەردی گەورەیە، بەڵام گاشە بەردێک کە ڕۆح لەبەرزاییەکەیەوە پەڕیوەتەوە. جۆری داتاشین و دانانی عامودی ئەم پەرستگەیە، گوزارشتە لە جەوهەری ئەو هەموو بێ پەردەیی و لاکەوتییە، وا پێ دەچێ پەرستگەکە، کەللەسەری دیمەنەکەی دەوروبەری بێ. لێرە، هونەرمەندی پێشینان کە بەردەوامیی بەخش و ڕاڤەکەری دیمەنەکەیە بەکاملی، لەسەرسامیدا تەنگەنەفەست ناکات، بەڵکو بەدرێژایی ڕێگەیەکی بەشەریی، هێند ئارام و لێزانانە بەرەو ترۆپکت پەلکێش دەکات کە لەکاتی هەڵگژانا تەنگەنەفەس نابیت، وەک بڵێی تەواوی چیاکە لەناخی قەوارەی تاریکی خۆیدا، ملیۆنەها ساڵ بێت هاتبێتە زوبان و لە ئارەزووی دەربڕینی هەستی نێو قووڵایی ناخیدا بووبێ.

ئیدی ئەو ساتەوەختەی ئەم پەرستگەیە بووە هی خۆی، ئارام بۆوە، هەستی بەئارامی کرد، بەواتایەکی تر، مانایەکی دۆزییەوە، مانای خۆی و ئیدی خەنی بوو.

گەشت و گەڕانی هەر ڕۆژێ بەسەر زەمینی گریکستاندا، زیاتر لە جاران سەرنجی ڕادەکێشام بۆ ئەوەی کە شارستانێتیی گریکستان، ئەستێرەی تابانی هەڵواسراوی نێوان نیوە ڕێگەی عەرد و ئاسمان نەبووە، بەڵکو درەختێک بووە ڕەگی بەقووڵایی خاکدا ڕۆچووە، خۆراکی لە خاکەوە وەرگرتووە و کردوویە بەگوڵ، هەرچی زیاتر خۆی لە خاک تێرکردووە، ڕەنگی گوڵی گەشتر و بۆنی گوڵی خۆشتر بووە، ساکاری و هاوسەنگی و ئارامیی بەشکۆی پێشینان، بەری چاکەخوازی سروشتی و دڵپاکیی نەژادی ساکار و هاوسەنگ نەبوون، بەڵکو ئەوانە بەری زۆرانبازییەکی سەخت بوون و دەستکەوتی شەڕێکی خوێناوی و خەتەرناک بوون. ئارامیی گریکستان، پڕ لە ڕەمز و نهێنی و خەمە، هاوسەنگیی نێوان هێزە تووڕە و ناکۆکەکانە کە دوای زۆرانبازییەکی درێژخایەنی پڕ لە عەزاب، ملیان بۆ ئاشتی دا و گەیشتنە جێیەک کە ئیدی ڕێگە بۆ هەوڵ نەمابوو، واتە گەیشتبوونە ترۆپکی هەوڵ.

ڕۆشنایی هەوێنێکە چیا و ئاوایی خاکی گریکستانی لە فەزادا ڕاگرتووە و نامادیی کردووە. لە ئیتاڵیا ڕووناکی نەرم و ژنانەیە، لە یۆنیا فێنک و پڕ لە نائارامیی خۆرهەڵاتییانەیە، لە میسر چڕ و هەوەسناکە،



بەڵام لە گریکستان ڕۆشنایی مەلەکوتێکە بۆ خۆی. لە تینی ئەم ڕۆشناییەدا، بونیادەم توانی یاسا بەسەر تێکەڵپێکەڵیدا بەرقەرارکات و یەک جیهان بدۆزێتەوە، ئاخر جیهانیش یەعنی هاوئاهەنگی.

پیرێژنێکی چکۆڵە لەکوختی پاسەوانی تەنیشت پەرستگەکە هاتە دەرەوە، دوو دەنک هەنجیر و بۆڵە ترێیەکی بەدەستەوەبوو، میوەکان نۆبەرەبوون و پیرێژن حەزی دەکرد وەک دیاری بەمنی ببەخشێ. پیرێژنێکی میهرەبان و ڕووخۆش بوو، هەڵبەت لە جحێڵیدا ژنێکی خوێنگەرم بووە.

پرسیم: "ناوت چییە؟"

– "ماریا!"

کە خەریک بووم ناوەکەی یاداشت کەم، دەستە چرچەوە بووەکەی هێنایە پێش و بەناز و عیشوەیەکی کچانەوە گوتی: "ماریتسا! ماریتسا!"

بەو هۆیەی کە ناوەکەی لە ڕێگەی نووسینەوە نەمر دەبوو، حەزی دەکرد ناوە خۆماڵییەکەشی بپارێزێ. ئەم ناوە، ساتە وەختە شیرینەکانی ژیانی لە یادەوەریدا دەژیانەوە.

ترسا و لەوەی نەبادا گوێم لە ناوەکەی نەبووبێ، هەمدیس گوتی: "ناوم ماریتسایە!"

خۆشحاڵ بووم کە دەمبینی هێشتا هێزی ژنانە تەنانەت لەم جەستە داکەوتووەشدا ڕەگی هەیە.

پرسیم: "ئەرێ ئەم حەمکە شتەی دەوروبەرمان چین؟"

– "مەگەر نابینی؟ مشتێ بەردن!"

– "ئەی بۆچی خەڵکی لەوپەڕی دونیاوە دێن ئەم بەردانە ببینن؟"

پیرێژن بۆ ساتێک دوودڵ بوو، پاشان دەنگی نزم کردەوە و پرسی:

– "تۆ غەریبەیت؟"

– "نا، گریکیم!"

شانی هەڵتەکاند و بەپێکەنینەوە گوتی: "غەریبە گێلەکان!"

ئەوە یەکەم جار نەبوو ئەم پێریژنگەلی پاسەوانی پەرستگە دێرینانە، یا پیرێژنگەلی پاسەوانی کڵێسای بەناوبانگی خاوەن پەیکەری موجیزە ئامێزم دەبینی کە لەڕووی بێ حورمەتییەوە بەقەدیسان یاخود بەخواوەند مەرمەڕینە دێرینەکان پێدەکەنین، هەرچۆنێ بێ هاودەمی ئەوانەن، لەکۆنیشەوە گوتراوە: دووریی و دۆستیی(*). هەروا کە بۆڵە ترێ ترش و شیرینەکەم تام کرد، ماریتیسای بەساڵاچوو بەشادومانییەوە سەیری دەکردم. ویستم سەر بخەمە سەری، لێم پرسی:" ئەی لەبارەی سیاسەتەوە چ دەڵێی؟"

بە شانازییەکی چاوەڕوان نەکراوەوە وەڵامی دایەوە: "کوڕەکەم، چ بڵێم! ئێمە لەسەر ئەم ترۆپکە لە دونیا دابڕاوین، قیل و قالی ئەوانە نابییەین!" مەبەستی لە (ئێمە) خۆی و پەرستگاکە بوو،

(*) لەدەقەکەدا: ئاشنایی مایەی نەفرەتە.

(دابڕاوین)یشی بەنەغمەیەک دەربڕی کە مانای (باشتر)ی دەگەیاند. خۆشحاڵ بووم، قسەکەی پیرێژن زیاتر لە پەرستگەکە دڵمی پڕ کرد لەشادومانی.

بەژێر عامودەکانا سەر دەکەوتمە سەرێ و دەهاتمەوە خوار، دوو ڕۆژ لەوەوبەر باران باریبوو، هێشتا پاشماوەی ئاوی باران، بێ جووڵە و سازگار، لە چاڵە مەڕمەڕە شکاوەکاندا جێ مابوو. چەمیمەوە و هەوری سپیم بینی کە وەک تارمایی بەسەر ڕووی ئاودا تێدەپەڕی. لە شوێنێکدا خوێندبوومەوە کە لەخۆرهەڵاتی دووردا، بەهەمان شێوە خواوەندیان لەچاڵی پڕ لەئاودا کە هەور بەسەریانا ڕەت بووە، پەرستووە. کاتێک دەگەڕامەوە دەشت، پیرەمێردێکم بینی لەسەر بەردەکان کەوتبووە سەر ئەژنۆ، بەسەر چاڵێکدا چەمیبۆوە و لە تێپەڕبوونی ئاوی دەنۆڕی، نەشوەیەکی بەیاننەکراو ڕوخساری داپۆشیبوو، پێدەچوو لووت و دەم و گۆنای مەحف بووبن، جگە لەدوو چاو هیچ شتێکی تر بەڕوخساریەوە نەمابوو، ئەو دوو چاوەش شوێنپێی ئاویان هەڵگرتبوو کە بەنێو گاشەبەردەکاندا ڕەت دەبوو. بەرەو لای ڕۆیشتم و پرسیم:" پیرەمێرد، ئەرێ لەوێدا چ دەبینیت؟" ئەویش بێ ئەوەی سەری بەرزکاتەوە یاخود چاوی لە ئاوەکە وەرگێڕێ، وەڵامی دامەوە: "تێپەڕبوونی عومرم!"

***

لە گریکستان، چیا و ڕووبار و زەریا و دۆڵەکان (ئینسانیی)ن، بەزوبانێکی نزیک بەزوبانی ئینسان لەگەڵ بونیادەمدا دەئاخڤن، بونیادەم پەرێشان و بێزار ناکەن، بەڵکو دەبنە هاوڕێ و هاوکاری. هاواری تووڕە و نائارامی خۆرهەڵات، بەڕەتبوون بەڕۆشنایی گریکستاندا ناسک دەبێتەوە، کاتێک ئینسانیی دەبێ، دەبێتە - لۆگۆس- ئەقڵ. گریکستان بەهەوڵی زۆر، هەموو شتێ لە بێژەنگی خۆی دەدا، ئاژەڵ بەئینسان، کۆیلەیی خۆرهەڵاتی بەئازادی، مەستیی دڕندانە بەعەقڵگەرایی و هۆشیاری، بەخششی ڕوخسار بەبێ ڕوخساری و پێوانە بەناپێوانە، هاوسەنگ کردنیش بەهێزی نابینا لە کاتی شەڕدا. ئاوهایە مەئموریەتی ئەو زەریا و عەردە زۆر گورز چەشتووەی کە ناوی گریکستانە.

گەشت و گەڕان بەگریکستاندا، چێژێکی واقیعی و سەروەتێکی گەورەیە، خاکی گریکستان هێند بەخوێن و ئارەقە و فرمێسک ئاوێتە بووە و چیاکانی گریگستان هێند شاهیدی هەڵگژانی ئینسان بوون، کە ئیدی بیرکردنەوە لەو حەقیقەتە ئەژنۆت سست دەکات کە لێرە، لەسەر ئەم چیا و لەم کەنارانەدا، چارەنووسی نەژادی سپی، چارەنووسی تەواوی بەشەرییەت لە خەتەردا بووە. هەڵبەت لەیەکێ لەم کەنارانەدا بووە کە گواستنەوەی موجیزە ئاسای لە ئاژەڵەوە بۆ بەئینسان بوون ڕووی داوە. بێگومان لەوەها جێگەیەکدا، (ئەشتارت)ی هەزار مەمک لە ئاسیای گچکە لەنگەری گرت و گریکییەکان، ئەم پەیکەرە دارینە دڕندەیەیان هەڵگرت و ڕوخسارە ئاژەڵییەکەیان لێ سڕییەوە و تەنها دوو مەمکیان لێ هێشتەوە و جەستەیەکی ئینسانیی شکۆداریان پێ بەخشی. گریکییەکان لەئاسیای گچکە، ئەشتارتیان هەڵگرت، ئەشتارت: غەریزەی کێوی، مەستیی زۆر بلێ، هاواری دڕندانە، غەریزەیان گۆڕی بەئەڤین، قەپاڵیان گۆڕی بەماچ، زۆر بلێییان گۆڕی بۆ وێرد و دۆعای مەزەبی، هاواریان گۆڕی بەگۆرانی ژێر لێوی عاشق، ئەشتارتیان کرد بەئەفرۆدێت.



سروشتی مەلەکوتی و جوگرافیای گریکستان، ئەرک و بەرپرسیارییەکی عاریفانەی لە ئەستۆیە. دوو ڕووداوی کاریگەر هەمیشە لە عەرد و زەریاکانیدا پێک دەگەن. هەمیشە دوو سروشتی مەلەکوتی و جوگرافیایی لەبەردەمی گەردەلوولدا بوون، ئەم سروشتە چارەنووسسازە، کاریگەرییەکی بونیادی بەسەر چارەنووسی گریکستان و چارەنووسی سەراپای دونیاوە جێ هێشتووە.

تەنهای تەنها، بەگۆچانێکی لە دارزەیتون دروستکراو و کۆڵەپشتێکەوە سەراپای گریکستان گەڕام و تەماشام کرد، بۆنم کرد و دەستم لێوە دا، هەروا کە گریکستان لە ناخمدا تەشەنەی دەکرد، هەستم دەکرد جەوهەری عیرفانیی عەرد و زەریاکەی ڕێتمێکە، دیمەنی گریکستان لەهەر لەحزەیەکدا لە گۆڕاندایە و لەهەمان کاتیشدا چەسپاوە، جوانییەکەی دەبزوێ و تازە دەبێتەوە.

یەکانگیرییەکی پتەو و لەهەمان کاتیشدا گۆڕانکارییەکەی بەردەوام لەنوێبوونەوەدایە. سەرسامم لەوەی چما هەمان نەغمە بەسەر هونەری گریکییە دێرینەکانەوە فەرمانڕەوا نەبووە؟ ئەم هونەرە لەتیشکی نیگا و ئەڤین و لێکحاڵیبوون و بەخشینی گوزارشتێکی هەستپێکراو بەدونیای بینراوی دەوروبەری، پێی ناوەتە گۆڕەپانی بوونەوە. لە پەیکەرێکی قۆناغی گەورەی کلاسیک ورد بەرەوە: بێ جووڵە نییە، لەرەی هەستپێکراوی ژیان لەخۆی گرتووە، وەک ئەو شەهێنەی کە لە تروپکی فڕینی خۆیدا بۆ ساتێک ڕادەوەستێ، باڵ لێک دەدا و کەچی لەبەرچاوی ئێمەدا بێ جووڵە خۆ دەنوێنێ. پەیکەرە دێرینەکان بەتەرزێکی هەست پێ کراو دەجووڵێن و دەژین، لە ساتەوەختێکی ئەبەدیدا، گا بەردەوامی دەبەخشنە سوننەتی هونەریی و گا ئاڕاستەی ئایندەی هونەر ئامادە دەکەن، سووڕانەوەی سێ لایەنەی زەمەن لەهاوسەنگیی تەواودا دەپارێزن.

گریکییەکان بەهۆی جەنگینەوە، هەر ناوچەیەکیان پیرۆز کرد و هەریەکەیان هێنایە ژێر فەرمانی مانایەکی والاوە کە جەوهەری پێکهاتەیان بوو، لە ڕێگەی جوانی و ئەڤینی دیسپلینکراوەوە، ماهییەتی فیزیایی هەر ناوچەیەکیان کردە جەوهەرێکی میتافیزیکی، گیا و خاک و بەردیان وەلا نا و گیانی فێنکی هەر ناوچەیەکیان لە قولایی خاکدا کەشف کرد، ئەو گیانەیان گا لە پەرستگەیەکی دڵڕفێندا، گا لە ئەفسانەیەکدا، هەندێ جاری تریش لە خواوەندیەکی دەم بەپێکەنین و سروشتیدا بەرجەستەکرد.

بەدرێژایی چەندین سەعات لە دیمەنی پیرۆزی ئۆلۆمپ ورد بوومەوە، لە ئارامییە شەرافەتمەندانە و فانتاسییەکەی، لە زناری خۆشحاڵ و میواندۆست کە بناری چیاکانی دەوروبەری لە بەڵای وشکە (با)ی باکوور و بای قامچی وەشێنی باشوور پاراستوویانە و تەنها لای خۆرئاواوە ڕووەو ئاو دایانناوە، جێیەک کە شنەی فێنکی زەریای لێوە هەڵدەکا و بەئاڕاستەی (ئالفیوس)دا بەرەو سەرەوە دەچێ. چ خەڵوەتگەیەکی تر لە گریکستان، بەئاوها هاوگونجان و تۆپزییەکەوە هەستی ئارامی و هاوئاهەنگی ناوروژێنێ. گریکییە دێرینەکان بەڕوانینێکی پتەوەوە ئەم خەڵوەتگەیەیان کردە جێگەیەک تا گەلانی گریکستان هەر چوار ساڵ جارێک برایانە دیدەنی بکەن، بەوەها مەبەستێک لێواولێویان کرد لە مانا و ئارامی و قودرەتیان زێدە کرد تا بتوانێ هەر جۆرە سازشێک ڕەت کاتەوە.

دەمارگیری و ڕق و شەڕی ناوخۆ گریکستانی لەبەریەک هەڵوەشاند، دیموکراتەکان، ئاریستۆکراسەکان،

زاڵمەکان یەکتریان لەناوبرد. کوێرەڕێکان، دوورگە جویّ بووەوەکان، هێڵی لاکەوتەی کەنار و شارۆچکە سەربەخۆکان، جەستەیەکی چەند سەریان خولّقاند کە نەفرەتی دوو لایەنە، شیرازەی ئەم ولیّاتەی پچڕاند، سینە لە تووڕەییدا قولّپ یدەدا. کوتوپڕ، هەر چوار ساڵ جارێک سەر قافلّەچییانی گولّ بەسەر، هەر کە هاوین دادەهات، لەم زنارە پیرۆزەوە دەکەوتنە ڕیّ و بەپەلە تا ئەوپەڕی سنووری گریکستان دەڕۆیشتن. لە مانگی پیرۆزدا پێشبڕکێیان ڕادەگەیاند، بانگەشەی ئاگربڕی گشتییان دەدا، دۆست و دوژمنیان بانگهێشت دەکرد بۆ ئۆلۆمپ بێن تا بەشداری لەو پێشبڕکێیانەدا بکەن.

لە تەواوی پلوپونز و گریکستان، لە مەکەدۆنیا، تسالی، ئیپیرۆس و تراسەوە، لە کەنارەکانی زەریای ڕەش، ئاسیای گچکە، میسر و قەیرەوانەوە، لە ماکناگراسیا و سیسیلەوە، پاڵەوانان و بینەران دەهاتن و تەماشای پێشبڕکێکەیان دەکرد، ڕێگە بەکۆیلە و تاوانبار و غەریبە و ژن نەدەدرا، تەنها گریکیگەلی ئازاد مافی هاتنە ژوورەوەیان هەبوو. چ خەڵکێک ئاوها کامڵ لە بەهای ئاشکرا و شاراوەی وەرزش حاڵی نەبیوو، لە کاتێکدا ژیان لەگەڵ قیل و قالی هەوڵەکانی ڕۆژانە بۆ زاڵبوون بەسەر دوژمنانی دەوروبەریدا یەکانگیر دەبیّ - هێزی سروشتی، ئاژەڵانی کێوی، برسێتی، تینوێتی، نەخۆشی- خۆشبەختانە هەندیّ جار گوڕێکی زۆری لیّ دەمێنێتەوە و هەوڵ دەدا ئەم گوڕە لە وەرزشدا سەرفکات. ئاخر شارستانێتیی لەساتەوەختی دەستپێکردنی وەرزشەوە دەست پێدەکات، مادامەکی ژیان لە هەوڵدایە بۆ مانەوە تا خۆی لە ئازاری دوژمن بپارێزیّ و لەسەر عەرد بمێنێتەوە- شارستانێتیی لە دایکنابیّ، شارستانێتیی کاتیّ لەدایکدەبیّ کە ژیان لە خواستە سەرەتاییەکان بووبێتەوەو لە هەوڵی سەر پەرژان بەتۆزیّ دەسبەتاڵیدا بێت، ئەدی چۆناوچۆنیی ئەو دەسبەتاڵییە بەکارببریّ؟ چۆناوچۆنیی لەنێوان چین و توێژە کۆمەڵێیەتییە جۆراوجۆرەکانا دابەشکریّ؟ چۆناوچۆنیی تا ڕادەی کۆتایی بۆی زیادبکریّ و لە بێژەنگ بدریّ؟ لەسەر بناغەی یەکلاکردنەوەی ئەم جۆرە مەسەلانە، دەتوانریّ بەهاو جەوهەری شارستانێتیی هەر نەژاد و قۆناغێک بنرخێریّ!

بەنێو وێرانەکانی ئاڵیتسدا سەر دەکەوتم و دەهاتمە خواریّ و بەچێژەوە لەو بەردە سەدەفییانەم دەنۆڕی کە بینای پەرستگەکەیان پێڕۆنرابوو، مەسیحییەکان ئەم بەردانەیان شکاندبوو، بومەلەرزەکانیش وێرانیان کردبوون، باران و لافاوی ئالفی درەوشانەوە سەر سوڕهێنەرەکەیان لەبەینبردبوو، پەیکەرەکان سووتابوون و تەنیّ گەچەکەیان مابۆوە، چەند دانەیەک مابوونەوە، ئەو ژمارەیەش بۆ سەبوریی دڵمان بەس بوون. دووسیّ چلّە ڕێحان لە درزێکەوە سەریان هێنابووە دەریّ، ئەو جێگەیە مەنزڵی پەیکەری لە ئاڵتون و عاج دروستکراوی فیدیاس بوو، چلّە ڕێحانەیەکم لێکردەوەو پەنجەکانم تژیی بوون لە بۆی نەمریی.

ئەم شوێنە عیرفانییە گۆڕەپانی زۆرانبازیی ئینسان بووە، بەڵام بەر لەو خواوەندەکان زۆرانبازیی خۆیان لیّ کردبوو، زیۆس لەگەڵ (کرۆنوس)ی باوکیدا جەنگیی تا قودرەت و دەسەڵاتەکانی وی بۆخۆی کۆنتڕۆڵ کات، ئاپۆلۆ خواوەندی ڕووناکی لە پێشبڕکێی ڕاکردن و بۆکسێندا لە (هورمز)ی بردەوە - ئیدی بیر بەسەر زوبان و ڕووناکی بەسەر هێزی تاریک و فریودەر و توند و تیژدا سەرکەوت. دوای خواوەندەکان، قارەمانان بۆ زۆرانبازی هاتنە ئێرە، (پلۆپس) لە ئاسیاوە هات و (ئۆنامۆس)ی خوێنخۆر و دڕندەی



تەختی عەرد کرد، پاشان (هیپودامیا)ی کیژە ئەسپ ڕامکەری کردە ژنی خۆی، شارستانێتی پێشکەوتووی (ئۆنیان)(*)ی پڕشکۆ و دلّڕفێن، شکستی بەخەڵکانی بێکلتوری ئەم ناوچەیە هێنا. ئەسپی خستە خزمەتی ئینسانەوە و قودرەتی مرۆڤی توندوتۆڵ کرد، (هیراکلیس) قارەمانێکی تر، دوای پاکژکردنەوەی تەویلەکانی (ئۆژیاس)(**) هات بۆ ئێرە تا بەشانازی (زیۆس)ی خواوەندی نوێوە، قوربانیی گەورەی بۆ بکاتە دیاری. لە خۆڵەمێشی قوربانییەکان میحرابێکی ڕۆنا و یەکەمین پێشبڕکێی (ئۆلۆمپ)ی ڕاگەیاند. ئەم میحرابە پیرۆزە بەخۆڵەمێشی قوربانیی نویّ بەرزتر بۆوە و ئۆلۆمپیا بووە کورەیەک کە تیایدا نەژادە جۆربەجۆرەکانی گریکستان، جەستە بڕۆنزییەکانی خۆیان خارا کرد.

ئەوانە ئەم کارەیان لەپێناو لەش جوانیدا نەدەکرد، گریکییەکان هەرگیز هونەریان لە پێناو هونەردا بەکار نەهێناوە، هەمیشە مەبەستێک لەودیو جوانییەوە بووە: مەبەستی خزمەتکردنی ژیان. جەستەی بەهێز و جوانیان بۆ ئەوە دەویست تا ببێتە قاڵبی ئەقلێکی هاوسەنگ و ساخ، ئامانجی گەورەش لەودیو ئەم ئامانجەوە، بەرگریکردن بووە لە پۆلیس، واتە لە (شار).

لای گریکییەکان، وەرزش بۆ ژیانی هەر شارنشینێک وەک ئەندامێکی کۆمەڵگە، پێویست بوو. شارنشینی حیسابیی کەسێک بوو کە بەئامادەبوونی بەردەوام لە وەرزشگەکاندا دەیتوانی جەستەی بەهێز و هاوئاهەنگ کات، بەواتایەکی دی دەیتوانی جەستەی جوان کا و بۆ بەرگریکردن لە هاوڕەگەزی خۆی ئامادەی کات. بەوردبوونەوە لە پەیکەرێکی سەردەمی کلاسیک، یەکسەر بۆت دەردەکەویّ ئەو ئینسانەی پەیکەرەکەی بۆ ڕۆنراوە ئازاد بووە یان کۆیلە، جەستەی گوزارشتکەری ئەوەیە، نیشانەکانی ئینسانی ئازاد ئەمانەن: ئارامی، عەشقێکی تەواو دیسپلینکراو، جەستەی جوان و بەهێز. ئاخر کۆیلە هەمیشە بەجووڵەی شپرزە و شیرازە پچڕاو و جەستەی قەڵەو یان خەمبار وێنا دەکریّ، دیۆنیزیۆس خواوەندی مەستی، ئارام لە جێگەیەکدا ڕاوەستاوە، (سیلێن)(***) و (ساتیرەکان)(****) مەست و وێران دەوریان

(*) Ionin.

(**) ئۆژیاش Augias: گوێی نەدەدایە پاککردنەوەی تەویلەکان لەپاشەڕۆ و پیسایی ئاژەڵان، ئۆریستە بۆ تەحقیرکردنی هواکلیس، ئەو کارەی بەو سپارد، (هیراکلیس)یش بەگۆڕینی ئاراستەی ڕووباری ئالفی بەرەو تەویلەکان، بەڵێنی خۆی بەئەنجام گەیاند، بەڵام ئۆژیاس کە قەولی دابوو بەشیّ لەولاتەکەی خۆی بەهراکلیس بسپێریّ، ئەو قەولەی شکاند. (بەکورتی لە فەرهەنگی ئەفسانەکانی یۆنان و ڕۆم)ەوە.

(***) سیلێن Silene ناوی سەرجەم ئەو ساتیرانەیە کە دەگەنە تەمەنی پیری، بەڵام لە ساتیرەکان کە بەپێی ریوایەتە دێرینەکان دیۆنیزیۆس پەروەردە کردووە، ناوی سیلیس بووە. ئەم سیلینە زۆر ناشیرین بووە، کەپوو کولّ و پن، لێوی ئەستوور و چاوانی وەک چاوی گا، دەوریان داوە، زل، سیلێن هەمیشە سەرخۆش بوو، بەزەحمەت دەیتوانی هاوسەنگی خۆی بەسەر گوێدرێژەوە ڕاگریّ.

(****) ساتیرەکان Satyrs هاوڕێیان و لایەنگیرانی دیۆنیزیۆس، دەمی زل و کولّکنی وەک دەمی ئەسپیان هەبووە، وایان دەنواند کە هەمیشە لەهاوینەهەوارەکانا سەرگەرمی سەمان.

داوە، واتە کۆیلە و خزمەتکارەکانی، بەخەمساردی سەرگەرمی سەما ناجۆرەکانی خۆیانن. ئامانجی باڵای گریکییەکان، هاوئاهەنگکردنی ئەقڵ و جەستە بووە، گەشەی نابەجێی یەکێ لەو دووانەیان بەوە لێک دەدایەوە کە ئەو گەشەکردنە لەسەر حیسابی نابووتکردنی ئەوی تریانە. کاتێ گریکستان بەرەو نشێوی تیاچوون هەڵدێرا، جەستەی قارەمانیش گەشەی نابەجێی خۆی دەست پێ کرد و ئەقڵی لەناوبرد، (یۆرپید)(*) یەکەمین کەسێ بوو دەنگی نارەزایی هەڵبڕیی. وی ڕایگەیاند: ڕۆح بەدەستی قارەمانبازییەوە لە خەتەردایە، (گالن)(**)یش دوای ئەو هەجوونامەکەی خۆی هۆنییەوە: ئەوانە دەخۆن، دەخۆنەوە، دەخەون، پیسایی نێو ورگیان خاڵی دەکەنەوە و لە خۆڵ و زەلکاودا تل دەدەن - بنۆڕە، چۆن قارەمانان ڕۆژگار دەگوزەرێنن! هیراکلیسی شەهیدی گەورە، ئەوەی لەساڵانی پڕ شانازیدا لەقۆناغە جۆراوجۆرەکانی تێپەڕاند و ئەقڵ و بەدەنی گەیاندە هاوئاهەنگییەکی کامڵ، وردە وردە بووە مەخلۆقێکی ناو زگ بۆگەن و بەدمەست و گاخۆری چەکل، هونەرمەندانیش کە لە قۆناغە مەزنەکانا، نموونەی ئامانجی شێوە جحێڵییان خوڵقاندبوو، هەنووکە بەواقیعگەراییەکی ناکامڵ، کەوتبوونە نمایشکردنی جەستەی تەمبەڵ و کێوی.

لەگریکستان، وەک هەر جێگەیەکی تر، هەر کە واقعیگەرایی لەزەیندا ڕۆنیشت، ئیدی شارستانێتی ڕووەو لێک بەرهەڵوەشان چوو. بەم جۆرە، دەگەینە قۆناغی واقیعگەرا، قۆناغی زۆر بلێیی و بێ ئیمانی هیلینستی کە لە ئامانجە سەروو ئینسانییەکان داماڵراوە. لە بێ سەروبەرییەوە بۆ پارتنۆن، دووبارە لەپارتۆنەوە بۆ بێ سەروبەریی- نەغمەی مەزن و بێ ڕوحم، شیرازەی هەست و سۆزەکان دەپچڕێ، ئینسانی ئازاد هێز و توانا دیسپلینکراوەکانی خۆی لەدەست دەدا و جڵەوی غەریزەی لەدەست بەردەبێ. خرۆشان، هەست، واقیعگەرایی، جۆرێک نائارامیی عاریفانە و هیستریایی ڕوخسار دادەپۆشێ، خەونە ترسناکە ئەفسانەییەکان دەبنە شتگەلی زینەتیی، ئەفرۆدێت وەک ژنێکی ئاسایی جل و بەرگ لەبەرخۆی دادەماڵێ، زیۆس مەکر و ناسکی لەخۆدەگرێ، هیراکلیس بۆ ئاستێکی نزمی ئاژەڵانە دادەبەزێ. دوای جەنگی پلوپونز، لەتوپەتبوونی گریکستان دەستی پێ کرد، ئیمان بەسەر زەمینی باوان لەبەین چوو، خۆبەزلزانینی فەردی زاڵ بوو، لە دیمەنی شانۆنامەکانا ئیدی کەسێتی یەکەم خواوەند یان جحێڵێکی خاوەن ئامانج نەبوو، بەڵکو شارنشینێکی دەوڵەمەند و پارەدار بوو بەلەزەت و هەوا و هەوەسە شەهوانیەکانییەوە، واتە پولپەرستێکی بەدگومان و هەوەسباز. پێشتر ئامادەگی جێی کامڵی بۆ خۆی گرتبوو، بەڵام هەنووکە خۆش سەلیقەیی جێی بەئامادەگی چۆڵ کردبوو، هونەر ببووە هەمانەی مناڵان و ژیانی بەعیشوە و دیمەنی واقیعگەرا. ئینسانیش ببووە دڕندە یاخود دانا. بەو گردەدا سەردەکەوتم کە بەمۆزەخانەیەک کۆتایی دەهات، پەلەم بوو پەیکەری (هورمز) شاکاری (پراکسیتس)(***) و دوانزە

---

(*) Euripid.

(**) Galen.

(***) Praxiteles بەناوبانگترین پەیکەرسازی ئەتیکی.



قۆناغی(*) هیراکلیس و دوو نیگاری دەگمەنی جێماوی سەردیوارەکە ببینم. پەلەم بوو، وەک بڵێیی بترسم لەوەی بەر لەگەیشتنم، عەرد ئەم شاکارە جێماوانەش قووت بدا. ئەرێ بۆچی؟ دەشێ لەبەر ئەوە بێ کە هەوڵی بەرزی ئینسان، سەرپێچی لە یاسا نائینسانییەکانی ئەبەدییەت دەکات، (بەم پێیە، ژیان و هەوڵی ئێمە، ڕەنگی خەم و قارەمانێتی لەخۆ دەگرێ، ساتەوەختێکی زیاترمان لەبەردەمدا نییە، باشترە ئەو ساتەوەختە بۆ ئەبەدییەت بگۆڕین، ئاخر شێوەیەکی تری ئەبەدییەت بوونی نییە!) هەر کە گەیشتمە هۆڵی گەورەی مۆزەخانەکە دڵم ئارام بۆوە، ئەپۆلۆ، هیراکلیس، نایک، سانتورەکان، لاپیتەکان بەئارامی لە ڕۆشنایی بەرەبەیاندا دەدرەوشانەوە و هێشتا گیانیان تێدا مابوو. خۆشحاڵ بووم کە دونیای ئێمە پابەندی یاسای سەروو ئینسانییە، لەم سەردەمە مەرگاوییانەدا کە بەحوکمی چارەنووس تیایدا ژیان بەسەر دەبەین، هەست دەکەین لە هەر ساتێکدا بۆی هەیە بۆمبێ بکەوێتە خوارێ و ئازیزترین یادەوەریی ئینسان بکاتە قەرەبرووت. هەنووکە بەبینینی شاکارێکی هونەری هەستی چێژ وەرگرتنمان لەگەڵ مەترسیی دابڕانی هەمیشەییدا یەکانگیر دەبێ، مەترسییەک کە باڵی بەسەر کارە هونەرییەکەدا کێشاوە.

بەتەماشاکردنی دوو نیگارە گەورەکەی سەر دیوارەکە، بێ سێودوو پەی بەگوتەی حەکیمێکی خۆرهەڵاتی دوور دەبەیت کە دەبێژێ: "هونەر نمایشکردنی جەستە نییە، بەڵکو وەدیارخستنی هێزەکانی خوڵقێنەری جەستەیە!" لێرە لەژێر ئاستێکی تەنکدا، بەتایبەتی لە نیگارەکەی خۆرئاوادا، ئەو هێزە خوڵقێنەرانە دەبینرێ. تازە میواندارییەکە تەواو بووە، سانتۆرە مەستەکان سەریان خستۆتە سەر ژنە لاپیتەکان، یەکێکیان دێتە پێشێ و ژنێک لە باوەش دەگرێ، لە هەمان کاتیشدا بەدەستە زلەکانی مەمکی دەگوشێ، پێدەچێ ژنەکە بەهۆی ئازار و هەروەها بەهۆی لەزەتێکی شاراوە و لە وەسفبەدەرەوە لە هۆش خۆی چووبێ. لە شوێنێکی تردا، جەنگاوەران قەپاڵ لە یەک دەگرن، یان چەقۆ لەیەکتر دەدەن، لەژێر کاریگەریی زاڵبوونی هەستی زەبروزەنگدا، گیانەوەر لە دیلی ئازاد دەبێ، گۆڕەپانی جەنگە دێرینەکان، لەنێوان ئادەمیزاد و بونیادەمی لەمەیمون چوودا، لەبەرچاومانا زیندوو دەبێتەوە. بەڵام ئارامییەکی عاریفانە باڵ بەسەر ئەم هەموو شەیداییە سەرسوڕهێنەر و کێوییەدا دەکێشێ، لەبەرئەوەی لەنێو خەڵکی خرۆشاو و دوور لەچاوی جەنگاوەراندا، ئاپۆلۆ بەوپەڕی ئارامی ڕاوەستاوە و دەستی ڕاستی بەشێوەیەکی ئاسۆیی ڕایەڵ کردووە، گەرچی خوڵقێنەری ئەم دیمەنە گەورەیە لە بێ تەجروبەیی هونەرمەندی کۆنی تێپەڕاندووە، بەڵام هێشتا بەکامڵیی هونەری کلاسیک نەگەیشتووە. وی هێشتا گرفتاری جەنگە، نەگەییوەتە ترۆپکێک و بۆ لە ئامێزگرتنی سەرکەوتن لە ئارەزوویەکی ئاگرین و نائارامدا قولپ دەدا،

---

(*) دوانزە قۆناغ: راڤەی فەرمانێکە کە هێرالکیس بەبڕیاری ئۆوستیەی ئامۆزای ئەنجامی داوە، لە ڕوانگەی عیرفانییەوە، کارەکانی ئەو بۆ پیشاندانی (تاقیکردنەوەکانی ڕۆح) بووە، کە وردە وردە لە کۆیلەی جەستە و هەرەس ئازاد دەبێ و خۆی بەقۆناغی خواوەندیی دەگەیەنێ. ناوی لاپتیەکان بەکورتی: شێری نمە، ئەژدیهای لورن، بەرازی ئەریمانت، ئاسکەمێی سرینی، مەلانی دەریاچەی ئیستمفال، تەویلەکانی ئۆژیاس، گای کریت، ماینەکانی دیومد، کەمەربەندی شاژنە هیپۆلیتە، گاوانی گریون، سەگی سەربەر، سێوی زێڕینی هەسپریدەکان. (فەرهەنگی ئەفسانەکانی گریک و ڕۆم).

تایەکی هاوسەنگییەکەی شکاندووە، بەڵام دەستی نەگەییوەتە تاکەی تر و بەئاڕاستەی دوا ئامانج بەرەو پێش دەچێ. گەر ئەم نیگاری سەر دیوارە بەقووڵی ڕامانچلەکێنێ، لەبەر ئەوەیە کە هێشتا بەترۆپکی بەرزی بەشەری، ترۆپکی کامڵی نەگەیشتووە، هێشتا دەتوانرێ پاڵەوانی ڕەنجدیدە و جەنگاوەر بناسرێتەوە. لێرە لەزەتێکی تریش هەیە، لەسەر ئەم نیگاری سەر بەردە، زنجیرەی پلە و پایەکان دەناسرێتەوە: خواوەند، ئینسانی ئازاد، ژن، کۆیلە، ئاژەڵ. خواوەند لە ناوەڕاستا، ڕێک و ئارام، باوەڕبەخۆ ڕاوەستاوە، وەحشەتی دەوروبەری خۆی دەبینێ، بەڵام هیچی بەخەیاڵدا نایەت، لەهەمان کاتیشدا بەرامبەر قین و ئەڤینی خۆی خەمسارد نییە، بەئارامیی دەست ڕایەڵ دەکات و سەرکەوتن دەکاتە خەڵات، پیاوانی ئازاد -لاپیتەکان-یش نیشانەی ئینسانیان بەڕوخسارەوەیە، نایکەنە هەرا، ناخرۆشێن، بەڵام هەرچییەک بن ئینسانن و خواوەند نین، لێوە لەرەو لۆچی برۆ ئازاریان وەدیار دەخا. ژنان ئازارێکی زیاتر دەچێژن، بەڵام ئازارەکانیان لەگەڵ هەوەسێکی تاریکدا یەکانگیر دەبێ، لە کەوتنە نێو جەنگی نێرە دێوێکی ترسناک خۆشحاڵن، شادومانن لەوەی خوێن لە پێناوی ئەماندا دەڕێژرێ، لەلایەکی تر کۆیلەکان دەسووڕێنەوە و سەیری خەڵکانی تر دەکەن، نائارام و خۆیان پێ کۆنترۆڵ ناکرێ. زەمانێ کە ئەم نیگاری سەربەردە نەخشێنرا، شێوە ڕاکشاوەکانی پەراوێز نەیدەتوانی نمایشگەری خواوەندەکان بن. دواجار سانتورەکانمان هەیە، ئاژەڵگەلی بەڕەڵا و مەست، بەقیژە قیژ و هاوار هاوارەوە خۆیان دەدەن بەسەر ژنان و کوڕاندا، ئەقڵیان لەدەس داو و بەم پێیە هێزێک نییە گوڕ و قودرەتیان بەنەزم جڵەوکات، یاخود گەورەیی بداتە هەست و سۆزیان. ساتەوەختێکی سەرسوڕهێن و دەگمەنە، تەواوی یەقینەکانی ژیان، تایبەتمەندییەکانی خۆیان دەست لێنەدراو پاراستووە، لەم ساتە مەڕمەڕییەدا، تەواوی توخمەکان لەپێکەوەژیانێکی ئاشتییانەدان: باوەڕ بەخۆبوونی خواوەندیی، زەبت و ڕەبتی ئینسانی ئازاد، سەرکێشیی ئاژەڵ، نیشاندانی واقیعگەرایانەی کۆیلە. چەند نەوە دواتر، دوو توخمی تر، لە توخمە ناچیزەکان، هاتنە مەیدان، خرۆشانی واقعیگەرای کامڵ، هەم ئینسانی ئازاد و هەم خواوەندەکانیشی مەسخ دەکرد، ئیدی جڵەوی هونەر پچڕا، گوڕی دەدایە خۆ و هەمدیس دەکەوتەوە.

ئەم نیگاری سەر دیوارە لەزەتێکی ترمان پێ دەبەخشێ، لەکاتی تەماشاکردنیدا، پرسیاری زۆر بەزەینماندا ڕەت دەبێ. دوای ئەوەی هێزی گریکستان ئێرانییەکانی شکست پێ هێنا و شەپۆلێکی ئارامی و شانازیی و قودرەت باڵی بەسەر زەمینی گریکستاندا کێشا، ئەم نیگاری سەر بەردە کێشرا، گریکستان هەستی بەقودرەتی خۆی کرد، دونیای دەوروبەر و ناخی تازەبوونەوە، ڕووناکییەکی نوێ خواوەند و ئینسانەکانی ڕووناک کردەوە، هەنووکە دەبوو هەموو شتەکانی تریش نوێ ببنەوە: کڵێسا، پەیکەرەکان، تابلۆکان، شیعرەکان، دەبوو بەشانازیی سەرکەوتنی گریکستان بەسەر دڕندەکانا، یادەوەرییەکی نەمر بخولقێنرێ، دەبوو ئەم یادەوەرییە چ ڕوخسارێک بپۆشێ؟

هونەرمەندی گەورە لەودیو ڕووداوە واقیعی و ڕۆژانەییەکان دەنۆڕێ و ڕەمزە نەمر و نەگۆڕەکان دەبینێ، لەودیو چالاکییە بێ سەروبەر و زۆر جار بێ بناغەی ئینسانەکانەوە، ڕووداوی گەورە دەناسێتەوە کە ڕۆحی ئینسان بەدەستی شەپۆڵەکانی خۆی دەسپێرن. ڕووداوە تێپەڕەکان لەنێو فەزایەکی ئەبەدیی



دەنێ. ئەم هونەرمەندە گەورەیە، نمایشی واقیعگەرایانە وەک مەسخ و کاریکاتێری نەمریی دەبینێ.

بەم بەڵگەیە، نەک تەنها پەیکەرسازان، بەڵکو تەواوی گەورە هونەرمەندانی کلاسیکی گریکستان، لە پێناو زەمانەتی نەمری و یادەوەریی سەرکەوتندا، مێژوویان لە پانتاییەکی باڵاو ئاماژەی میتۆلۆژیادا ڕەنگ پێدایەوە، لەبری پێشاندانی گریکیی گەلی هاوچەرخ لە شەڕی دژ بەئێرانییەکاندا، هاتن لاپیت و سانتۆرەکانیان بۆ نمایش کردین، لەودیو لاپیت و سانتۆرەکانەوە دوو دوژمنی گەورە و ئەزەلی دەبینین: ئەقڵ و ئاژەڵ، شارستانێتی و دڕندەیی. بەم جۆرە، ڕووداوی مێژوویی کە لەسەردەمانێکی دیاریکراودا ڕوودەدا، لە چنگی زەمەن هەڵدێ و دەلکێ بەتەواوی نەژاد و خەونە دێرینەکانی ئەو نەژادەوە، دواجار لە دەستی نەژادیش هەڵدێ و دەبێتە یادەوەرییەکی نەمر و ئینسانی. لەڕێگەی بەرز و گەورە ڕاگرتنی ڕەمزەوە، شانازییەکانی گریکستان، دەبێتە شانازی بۆ هەموو مرۆڤایەتی. ئەم مەسەلەیە سەبارەت بەدوانزە (میتوپ)[*]یش، کە پەرستگەی زێوسیان ڕازاندۆتەوە ڕاستە. (میتوپ)ەکان نیشاندەری دوانزە قۆناغەکەی هیراکلیسن، تەنانەت بەو حاڵ و وەزعە تێشکاوو لەبەینچووەی ئێستایانەوە بەدیواری مۆزەخانەکەوە، بەقووڵی ئادەمیزاد ڕادەچلەکێنن و زەین دەگەیەننە ترۆپکی شانازیی. (ئاتینا) ئەقڵی ئینسانیی، جحێڵ و بەهێز لەپاڵ (هیراکلیس)ی پاڵەواندا ڕاوەستاوەو یارمەتیدەدات، هەڵبەت لەحزەیەک لەوەوبەر، لە(ئەکرۆپۆلیس)ەوە قەڵەمبازێکی بۆ (ماراتۆن) و (سیلامیس) داوە تا بەهانای گریکییەکانەوە بچێ، دوورتر لە (میتوپ)ەکان، لەسەر گاشەبەردێک دانیشتووە، هەوڵەکانی تۆزێ ماندوویانکردووە، بەڵام هێشتا هەر لە خۆباییە، بنۆڕە چۆن چاوی بڕیوەتە پاڵەوان کە بەسەرکەوتنەوە دەگەڕێتەوەو مەلەکانی (ئیستمفالوس)[**]ی وەک غەنیمەت بۆ دەکاتە دیاری. کەمێک دوورتر، بنۆڕە چۆن بەخۆشحاڵییەوە دەست ڕایەڵ دەکا و هەروا کە لەپشت قارەمانەوە ڕاوەستاوە، کۆمەکی دەکات بۆ لە کۆڵگرتنی دونیا. گەرچی هونەرمەند خوازیاری ڕێزنان بووە لە گریکییەکانی سەردەمی خۆی، بەڵام ئەم ڕێز و گەورەیییەی پێشکەشی هیراکلیس، باپیرەی مەزن و سەرداری میللەت کرد. گوایە سەرگوزەشتەی ئەم ڕێز و گەورەیییەی ئاوهایە: نەوەی ئێمە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵکو هۆشیاری و زرنگی میللەت بەدەستی هێنا، باپیرەی سەرسەخت و خاوەن ئیرادە بەدەستی هێنا. بەم جۆرە، بەتەرزێکی ڕەمزی، ئەم ڕێز و گەورەیییە بەرفراوانتر دەبێ، تەواوی جۆرەکانی ئینسانی ئازاد دەگرێتەوە. دەڵێ: ئێمەی گریکییەکان ئەم سەرکەوتنەمان بەدەست نەهێنا، تەنها نەژادی ئێمە نەبوو ئەم سەرکەوتنەی بەدەست هێنا، بەڵکو سەرکەوتن موڵکی هەر ئادەمیزادێکە کە بەتێپەڕاندنی قۆناغە جۆربەجۆرەکانی، هەوڵی دا لە ئاژەڵان و دڕندەکان و مەرگ بەرێتەوە.

---

(*) دوانزە میتۆپ، کیژانی ئازوپوس Asopps.

(**) مەلانی ئیستمفالوس (مەلانس دەریاچەی ئیستمفال) لە یەکێ لە دارستانە چیرەکانی ئیستمفال دەژیان، میوەی باخەکانیان دەخوارد و زەرەر و زیانێکی گەورەشیان لەبەروبوومەکانی تر دەدا، هەر بۆیە ئۆریستە، هیراکلیس بۆ لەناوبردنیان ڕاسپارد و ئەویش هەموویانی بەتیر قەتڵوعام کرد. (فەرهەنگی ئەفسانەی گریت و ڕۆم).

له مۆزەخانەکە هاتمە دەرێ و چوومە هەیوان، فەرشی سێبەری دارکاجی لێ ڕاخرابوو، دڵتەنگییەکی ناکاو چنگی له ڕۆحم گیرکرد، بیرم کردەوە: چما ئێمەی ئادەمیزادی نوێ دەتوانین دەستمان بەخەونی قارەمانیی هاوسەنگ و ئارامی گریکییە دێرینەکانا ڕاگا؟ هەر گەشتیارێک، دوای ڕزگارکردنی خۆی له دەستی ئەم خەونە، دوای هاتنە دەرەوەی له مۆزەخانەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هەتاودا، دەبێ بەدڵەڕاوکێوە ئەم پرسیارە سەرەکییە لەخۆی بکات. بەڵام بۆ ئێمەی گریکیی، ئەم خەمە دوو جەمسەرییە، لەبەرئەوەی خۆمان بەنەوەی گریکییە دێرینەکان دەزانین، لەم ڕووەوە، بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو ئەرکە لەسەر شانمان هەست پێ دەکەین کە وەکی باپیرە مەزنەکانمان بین - تەنانەت زیاتریش لەوە- ئەرکی هەر کوڕێک بۆ تێپەڕاندن له باوانی.

***

چەند خۆش بوو گەر گریکی بیتوانیبا وڵاتەکەی گەڕابا و گوێی له دەنگی تیژو تووڕەی ژێر خاک نەبا، بەڵام گەشت و گەڕان بۆ گریکییەک بەگریکستاندا ئەشکەنجەیەکی ئەفسووناویی و بڕست لێبڕە. لەسەر خاڵێک لەسەر عەردی گریکستان ڕادەوەستیت و هەست دەکەیت کە دڵەڕاوکێ تەواوی بوونت له خۆ دەگرێ، ئەم خاڵە، گۆڕێکی قووڵە و تەرم له پاڵ تەرمدا دەنگی جۆراوجۆریان لێ بەرز دەبێتەوە و بانگت دەکەن. لەبەرئەوەی دەنگ تاقە بەشێکی جەستەیە کە بەنەمریی دەمێنێتەوە(*). له نێو ئەوە دەنگانەدا دەبێ کامیان هەڵبژێریت؟ هەر کامەیان ڕۆحێکە بۆ خۆی. هەر ڕۆحێکیش پەرۆشی قاڵبی جەستەی خۆیەتی، دڵت بەشپرزەییەکی زۆرەوە گوێ ڕادەدێرێ، دوودڵە له بڕیاردانەدا، لەبەرئەوەی زۆر جار ئازیزترین ڕۆح، شایستەترینیان نییە.

بیرم دێ نیوەڕۆیەکیان لەژێر درەختێکدا بەدرێژایی کەناری ئیروتاس، لەمابەینی ئەسپارت و میسترادا ڕاوەستابووم، هەستم بەو زۆرانبازییە دێرینەی نێوان ئەقڵ و دڵ کرد، دڵم هەوسار پچڕاو، بۆ پێشەوە غاری دەدا تا (کۆستانتین پالویولوگ) ئیمپراتۆری بیزانسی بۆ ژیان بگەڕێنێتەوە، پێچکەی زەمەن بۆ شەشی ژانویەی ساڵی ١٤٤٩ بگەڕێنێتەوە، بۆ ئەو ڕۆژەی لێرە، له بەرزاییەکانی میسترادا تاجی تەمەن کورت و بەخوێن سووری بیزانسی قەبووڵ کرد، تین و تاوی باپیرەگەلێکی بێ شومار، نائارامیی نەژادگەلێکی بێ شومار، هانماندەدەن تا دوای ئارەزووەکانی دڵ کەوین، بەڵام ئەقڵی دڵبەرد خۆی ڕادەپسکێنێ، هەر وا کە بەتووڕەیی له ئەسپارت دەنۆڕێ، دەیەوێ ئیمپراتۆر بەدەستی غارەتی زەمەن بسپێرێ و پەیوەندیی لەگەڵ لاوانی دڵ وەک بەردی ئەسپارتیدا دامەزرێنێ، چونکە ئارەزووی ئەقڵ ڕێک شتێکە کە داوای ئەم ساتەوەختە ترسناکەمان لێ دەکات. ساتەوەختێکی ترسناک کە بەحوکمی چارەنووس تیایدا لەدایک بووین. گەر خوازیاری ئەوەین ژیانمان بەسەمەر بێ، ئەوا دەبێ بڕیارێ بدەین لەگەڵ نەغمەی خەتەرناکی سەردەمەکەماندا هاوئاهەنگ بێ.

کاتێ گریکییەک، بەگریکستاندا دەگەڕێ، سەفەرەکەی وی دەبێتە گەڕانێکی تاقەت پڕووکێن بۆ

(*) ناونیشانی شیعرێکی فروغ فروخزاد (تەنها دەنگ دەمێنێتەوە).



بینینەوەی وەزیفە، ئەی چۆن خۆی بەشایانی باپیرانمان بزانێ؟ چۆناوچۆنی بتوانێ داب و نەریتی میللی، بێ ئەوەی ببێتە مایەی ڕووڕەشی بۆی، درێژە پێ بدات؟ هەست بەقورسایی بەرپرسیارییەکی گران و نائارام دەکات بەکوڵییەوە، هەر گریکییەکی زیندوو هەست بەو قورساییە دەکات، خودی ئەم ناوە هێزێکی دوور له شکان و ئەفسووناوی هەیە، هەر کەسێ له گریکستاندا هاتبێتە دونیا، هەست دەکات کە ئەرکی درێژەپێدانی ئەفسانەی نەمریی گریکستانی لەسەر شانە.

هیچ ناوچەیەک له نیشتمانی وی له گریکستانی ئەمڕۆدا نییە هەستی بێ لایەنی لەناسینی جوانیدا بورووژێنێ، هەر ناوچەیەک ناوێکی هەیە: ماراتۆن، سالامیس، ترموپیلا، میسترا. هەر ناوێک بەیادەوەرییەکەوە گرێ دراوە: لێرە دۆڕاین، لەوێ سەرکەوتین. کوتوپڕ هەر ناوچەیەک بۆ ڕووداوی بەرینی خەمناکی مێژوو دەگۆڕدرێ و سەراپای گیانی زیارەتکاری گریکیی دەخاتە زاری و فیغان. هەر ناوچەیەکی گریکستان، بەهۆی ئامێتەبوونی بەسەرکەوتن و شکست و تژیی بوونی بەزۆرانبازیی بەشەریی، دەگاتە ترۆپکی بەرزی وانەیەکی دەورێشانە کە بۆ ئێمە هەڵاتن لێی شتێکی مەحاڵە، دەبێتە هاوارێک و بیستنی ئەو هاوارەش ئەرکی ئێمەیە.

له ڕاستیدا، بارودۆخی گریکستان خەمگینە، ئەرکێک دەخاتە سەر شانی هەر گریکییەک کە هەڵگرتنی ئەو ئەرکە هەم خەتەرناک و هەم بێ ئەندازەیش کێشەیە. ئێمە بەرپرسیارییەکی زۆر سەختمان لەئەستۆیە، ئاخر هێزی نوێ لەخۆرئاواوە ڕاست دەبێتەوە، گریکستانیش لەبەرئەوەی بەردەوام لەنێوان ئەو دوو هەولە بەرامبەرەدا بووە، جارێکی تر دەبێتەوە بەگەرداو: خۆرئاوا، بەپەیڕەوکردنی سونەتی ئەقڵ و گەڕانی ئەزموونیی، بەرەو پێش دێ تا دونیا داگیرکات، خۆرهەڵاتیش کە هێزی خەتەرناک و نیوە ئاگا تێوەی دەژەنن، بەرەو پێش دێ تا دونیا داگیرکات، گریکستانیش لەناوەڕاستدایە، ئاخر ئێرە دووڕێیانی جوگرافیایی و مەلەکوتیی دونیایە، جارێکی تر وەزیفەی ئاشتکردنەوەی ئەم دوو دێوەی دەکەوێتە ئەستۆو ئیدی لێرەوە دەکەوێتە دۆزینەوەی ڕێگەی خۆی.

ئەمە چارەنووسێکی پیرۆز و زۆر تاڵە، له کۆتایی زیارەتەکەما، زەینم تژیی بوو لەپرسیاری غەمگین و چاوەڕێ نەکراو، لەجوانییەوە دەستمان پێ کردبوو، گەیشتبووینە ئازارەکانی سەردەم و ئەرکی ئەمڕۆی هەر گریکییەک. ئەوڕۆ، هەر ئینسانێک کە زیندووە، هەر ئینسانێک کە بیر دەکاتەوە، کە خۆشەویستی دەکا و دەجەنگێ، ئیدی ناتوانێ بەلارو لەنجەوە هەنگاو هەڵێنێ و بیپەرژێتە سەر ستایشکردنی جوانی. جەنگین وەک بڵێسەیەکی سووتێنەر ئاگر دەخاتەوە و ئیدی شتێ نییە ناوی ئاسایش و دڵارامی بێ. هەرکەسێ هاوشان لەگەڵ مرۆڤایەتیدا بجەنگێ و بسووتێ گەلی گریکیش کە زیاتر له هەمووان جەنگیوە و سووتاوە-چارەنووسی ئەمەیە.

گەشتەکەم کۆتایی هات، چاوانم لێوڕێژ بوو له گریکستان، پێدەچوو لەو سێ مانگەدا زەینم پێگەییبێ، پێم وایە بەنرخترین غەنیمەتی ئەم جەنگە فیکرییە ئەمانە بوون:

ئاشکراتر له پەیامی مێژوویی گریکستان گەیشتم و حاڵی بووم لەوەی دەسکەوتی باڵای گریکستان جوانی نییە، بەڵکو جەنگە لەپێناو ئازادی، قووڵتر هەستم کرد بەچارەنووسی خەمگینی گریکستان و ئەو

ئەرکە قورسەی کە بەکۆڵی هەر گریکییەکەوەیە. پێم وایە دوا بەدوای زیارەتکردنم لە گریکستان، بۆ چوونە ژوورەوەی تافی کامڵبوون، زەینم تارادەی پێوست پێگەییبوو، ئەوە جوانی نەبوو کە بەرەو دەروازەی کامڵبوون ڕێنوێنی دەکردم، بەڵکو بەرپرسیاری بوو. دوای گەڕانەوەم لەسەفەرە سێ مانگییەکەم، کاتێ خۆم کردەوە بەماڵی بابمدا، ئەمە ئەو میوە تاڵە بوو کە لەگەڵ خۆم هێنابوومەوە.

# ئیتاڵیا

گەڕامەوە ماڵی بابم، لەنێو بێدەنگیی تەڕوبڕی دایکم و لەژێر سەرنجی گرژ و مۆنی بابمدا، ڕووداوەکانی گەشتەکەم وەبیر خۆ دەهێنایەوە و شادی و خەمەکانیم پێکەوە گرێ دەدا. ئیدی نەمدەتوانی گوێ لەبەرپرسیارێتیم بخەوێنم، دەنگێ لەناخمەوە بەرز دەبۆوە. عەرد هاتبووە قسە، مردووەکان زیندوو ببوونەوە و گریکستانیان لەشێوەی کریتێکی مەزندا لەلام خولّقاندبوو. گریکستانیش بەردەوام لەپێناوی ئازادیدا جەنگیوە (ئاخر قەدەری وا بووە بجەنگێ) ئەدی لەهەلومەرجێکی ئاوهادا وەزیفەی من چ بوو؟ وەزیفەم ئەوە بوو هاوکاری بم و لەپاڵیدا بەدڵ و بەگیان بجەنگم.

بەڵام ئازادیم لەکێ و لەچیی سەندبا؟ ئەوە پرسیارێکی قورس بوو، نەمدەتوانی وەڵامی بدەمەوە، بەڵام بەچاکی هەستم بەشتێک دەکرد، ئەویش ئەوەبوو کە کارم ئەوە نەبوو بدەمە شاخ، چەک هەڵگرم و دژی تورک بجەنگم. ئاخر چەکی من شتێکی تر بوو، بێ لەوە، هێشتا نەمدەتوانی شوناسی دوژمنەکانم بکەم، بەڵام زۆر بەچاکی شتێکم لا ڕوون بوو: ئەویش ئەوە بوو کە هەر بڕیارێکم دابا، شەرافەتمەندانە جێبەجێم دەکرد، لەئیرادە و غیرەتی خۆم دڵنیابووم.

ئەو ڕووداوەتان لەیادە کە مامۆستای ئایین لای بابم شکاتی لێ کردم، خۆم لەوێ بووم و گوێم لێ بوو، بابم وەڵامی دایەوە: "تەنها لەدوو حاڵەتدا مەسەلەکە پەیوەندی بەمنەوە هەیە، گەر درۆ بکا یاخود دارکاری بکرێ، تەنها ئەو دووە و هیچی تر. جگە لەوە، هەنووکە ئەو ئیدی پیاوێکە بۆ خۆی، لێ گەڕێ با هەرچی پێ خۆشە ئەوە بکات!" ئەو وشانە بەقووڵی لەزەینمدا ڕۆچوون، گەر ئەو وشانەم نەژنەفتبان، وا بزانم ژیانم ڕێگەیەکی تری دەگرتەبەر، چما هێزێکی تاریک و غەریزەیەکی لەهیچ نەچوو، غەریزەی گورگێ بۆ تەربیەتدانی بێچووەکەی، بابمی بۆ پەروەردەکردنی کوڕەکەی ڕانومایی دەکرد!

پێم لەماڵ نەدەنایە دەر، هەنووکە بێ هاوڕێ بووم، (ئەنجومەنی هاوڕێیان)یش کۆلارەیەک بوو (با) بردبووی، بەوەلانانی هەواو هەوەسی نوێ کە دوای گەڕانەوەم لەسەفەرەکەی گریکستان ئازاریان دەدام، خۆم بەخوێندنەوەی ڕێنیسانسی ئیتاڵیا و ئەو ڕۆحە مەزنانەوە سەرقاڵ کرد کە ئەو ڕێنیسانسە خولّقاندبوونی، لەبەرئەوە بڕیارم دا بچم بۆ ئیتاڵیا و لەوێ باقی ئەو پارەیە خەرج کەم کە بابم وەک خەڵاتێک بۆ سەفەرێکی یەکساڵە دابووی پێم.

بەوجۆرە، هەمدیس بەیانییەک خۆمم لەئامێزی ماڵەوە هێنایە دەر، دایکم بەگریانەوە پرسی: "تا کەنگێ کۆڵ لەسەفەر نادەیت.. ئاخر تا کەی؟" دەمویست وەڵامی بدەمەوە: "تا ئەو کاتەی زیندووم. دایە، تا ئەو کاتەی زیندووم!" بەڵام خۆم گرت. دەستیم ماچ کرد و خۆم بەفەراوانی زەریا سپارد.



جحێڵێکی بیست و پێنج ساڵان بیت و لەوپەڕی لەشساغیشدا بیت، کەسێکی تایبەتیت، چ پیاو و چ ژن خۆش نەوێ، بەپێی پیادە و تەنهای تەنها بەکۆڵەپشتێکەوە ئەمسەر تا ئەوسەری ئیتاڵیا بگەڕێی، بەهار بێ و پاشان هاوین و ئەوکات پاییز و زستانی لێواولێو لەباران و میوە، ئارەزووی بەختەوەرییەکی لەمە گەورەتر، ئارەزوویەکی بێ ئەدەبانەیە.

***

وا بزانم لەهیچم کەم نەبوو، هەر سێ ئاژەڵی دڕندە - جەستە، زەین و ڕۆح- وەک یەک چێژیان وەردەگرت، هەرسێکیان ڕازیی بوون و برسێتییان دامرکابۆوە. لەماوەی ئەو مانگی هەنگوینیەدا لەگەڵ ڕۆحم، هەستم دەکرد جەستە و زەین و ڕۆح لەیەک قوڕ شێلراون، تەنها کاتێک کە بونیادەم پیر دەبێ، یاخود گیرۆدەی نەخۆشی یا نەگبەتییەک دەبێ، ئەوسا ئەو سێیە لێک دەترازێن و دەکەونە دوژمنایەتیکردنی یەکدی. گا جەستە دەیەوێ فەرمانڕەوایی بکا، گا ڕۆح ئاڵای یاخیبوون بەرز دەکاتەوە و هەوڵی خۆدەربازکردن دەدا. (زەین)یش فەقیرانە لەقوژبنێکدا ڕادەوەستێ، ددان بەخۆیدا دەگرێ و دەکەوێتە تۆمارکردنی ئەو لێکبەرهەڵوەشانە. وەختێ جحێڵ و بەهێزیت، ئەو توخمە سێینەیە، برایانە یەکانگیری یەکدی دەبن و لە یەک مەمک شیر دەمژن.

چاوانم لێکدەنێم، جحێڵی دەگەڕێتەوە، هاوئاهەنگی لەناخمدا دەژێتەوە، کەنار و چیاکان لەوپەڕی تەڕو تازەییاندا بەبەرچاوانمدا ڕەت دەبن، هەروا ئاواییەکانیش بەبورجی باریکی کڵێسا و گۆڕەپانی چکۆڵەی سێبەردارییان، دارچنار، فووارە، سەکۆی بەردین و پیرەمێردگەلێک کە دەمەو خۆرنشینان دەست بەگۆچان دادەنیشتن، بەهێمنی دەدوێن، هەوای دەوروبەر و ژوور سەریان هێندەی زەمەن دێرین. خودایە وەختێ بۆ یەکەم جار، تابلۆ بەناوبانگەکانم بینی، دڵی تینووم کەوتە چ تەپە تەپێ! بەئەژنۆی چەماوەوە، هێند لەبەر دەروازەکەدا ڕاوەستام، کە ئیدی دڵی داخورپاوم لەلەرزین کەوت و توانیم بەرگەی ئەو هەموو جوانییە بگرم. هەمان جۆر بەزیرەکیی خۆم پەیم بەوەبرد کە جوانی بێ ڕوحمە. تۆ سەیری ناکەیت، کەچی ئەو سەیرت دەکا و هیچت بەش نادات.

بەپەلە لەشارێکەوە دەچووم بۆ شارێکی تر، هەموو جێگەیەک هەر تابلۆ و پەیکەر و کڵێسا و کۆشک بوو، وای لەو هەموو تامەزرۆیی و پەرۆشبوونە! برسێتی و تینووێتیم دانەدەمرکایەوە، شنەیەکی عاشقانە خۆی هەڵدەسوو لەلاجانگەکانم، ئیدی چ کاتێ لەژیانمدا وەها چێژێکی جەستەییم سەراپاگیرتر لەچێژیی لەگەڵ ژندا جووتبوون، لەلەزەتی بیرکردنەوە، یاخود لەلەزەتی بەخواوەندەوە پەیوەستبوون، هەست پێ نەکردبوو. هێشتا پەیوەندییە ئینتیزاعییەکان بۆژۆیان نەکردبووم، لەزەتم لەبینین و بیستن و دەست تێوەدان وەردەگرت، دونیای ناوەوە لەگەڵ دونیای دەرەوەدا ببووە یەک، دەستم تێوەدەدا، گەرم بوو، بۆنی جەستەمی لێ دەهات. گەر لەو دەور و زەمانەدا، دروستکردنی پەیکەرێکیان بەمن سپاردبا، ئەوا ویم بەبەدەنێکی گەنجانەی تازە شکۆفەوە دەخولّقاند - وەک پەیکەری دێرینی کۆرۆس(*)- کچێنییەکی چڕ

(*) Kouros پەیکەری کوڕێکی جحێڵ بەڕاوەستانەوە.

لەسەر گۆناکانی، ئەژنۆی توندوتۆڵ و تۆکمە، کەمەری باریک و دەتگوت دونیا گۆلکێکە بەسەر شانییەوە.

لێرە لەئیتاڵیا سێوی ژیان کرمێ نەبوو، گریکستان تەواو جیاواز بوو، دیدەنیم بۆ گریکستان زۆرجار بەسوێ بوو، لەبەرئەوەی ئەو خاکە زیاد لەپێویست لەمنەوە نزیک بوو، ئاخر خاکی من بوو، چاک بەعەزابەکانی ئاشنا بووم، ئەو ئازارانەیم لەودیو ڕوخسارە قەشەنگەکەیەوە دەبینی و ئازارم بەئازارەکانیەوە دەچەشت. بەڵام ئیتاڵیا، خاکێکی بێگانە بوو، خاوەن عەزابی تایبەتیی خۆی بوو، بەڵام من لێی بەئاگا نەبووم، خۆ گەر لێشی بەئاگابام، وەک ئازارەکانی گریکستان پەرێشانی نەدەکردم. ئێرە برینێک بەسەر ڕوخسارە جوانەکەیەوە نەبوو، نازانم خۆی وابوو یاخود من وام هەست دەکرد کە ئاوهایە.

من کوڕە لادێییەکی ساکار و تازە هەڵچووبووم کە بۆ یەکەم جار، تەنها و ئازاد، پێم دەنایە وڵاتێکی غەریبەوە، هێند شادومانیم مەزن بوو، کە هەندێ جار هەستی ترسم تێدا دەورووژا. لەبەرئەوەی چاک دەمزانی خواوەندەکان مەخلوقاتی بەخیلن، بۆیە خۆشحاڵبوون و پەیبردن بەو خۆشحاڵییە لەخۆیاییبوون بوو، لەپێناو پووچەڵکردنەوەی کاریگەریی چاوی پیسی خواوەندەکاندا، کاری هەزەلیانەم دەکرد تا لەخۆشحاڵییەکەم کەم کەمەوە. بیرم دێ لەفلۆرەنسا خۆشحاڵیی و شادومانیم بەڕادەیەک بوو کە سەرنجم دا مافی بەخشراو بەئینسان لەڕادەبەدەرە، هەر بۆیە جووتێ پێڵاوی زۆر تەسکم کڕی، بۆ بەیانی لەپێم کردن و هێند ئەزیەتی پێمیان دەدا کە نەمدەتوانی ڕێ بکەم - وەک قژقڕە هەڵدەقونیمەوە- بەدرێژایی ئەو بەیانییە تا نیوەڕۆ، لەعەزابدا بووم، بەڵام کاتێ پێڵاوەکانم گۆڕی و پاش نیوەڕۆ بۆ پیاسە چووم، خودایە هەستم بەچ لەزەتێک کرد! سووکەڵە ڕێم دەکرد، هەڵدەفڕیم، هەمدیس دونیا بۆوە بەبەهەشت، بەدرێژایی کەنارەکانی (ئارنۆ) هەنگاوم دەنا، لەپردەکان پەڕیمەوە و چووم بۆ (سان مینیاتۆ). دەمەو عەسر، شنەیەکی فێنک هەڵی کرد، لەژێر دوا تیشکەکانی خۆردا جلکی بەری خەڵکی، بەپۆشاکی ئاڵتوونیی دەچوو، بۆ سبەینێ بەیانی، پێڵاوە تەسکەکانم لەپێ کردەوە و جارێکی تر لەگەڵ عەزابدا ئاوێتە بوومەوە، ئیدی خواوەندەکان بیانوویەکیان بەدەستەوە نەما بۆ دەستێوەردان، ئیدی پاک لەپاک بووین.

هەموو شتێ ساکارییەکی منالانەی هەبوو، چ کێشە و گرفتێک ئازاری نەدەدام، سێوی ژیان زەڕەیەک کرمێ نەبوو، ئاماژەکان تەواو بوون، لەهەوڵی گەڕان بەدوای شتێکدا نەبووم لەودیو ئاماژەکانەوە، هونەرمەندێک لەگریکستانی دێریندا، نیگارێکی لەسەر پەردەیەک کێشا و وێنەکێشێکی ڕکەبەری خۆی داوەت کرد تا حوکم بەسەر نیگارەکەیدا بدا.

- "پەردەکە لادە تا تابلۆکە ببینم!"

هونەرمەندەکە وەڵامی دایەوە: "پەردەکە خودی تابلۆکەیە!"

منیش پەردەی چیاکان، درەختەکان، ئۆقیانووسەکان و خەڵک، کە هەنووکە لەبەردەمما دەمبینین، تابلۆ بوون و بەچێژێکی پاکیژە و تێر نەبووەوە لەزەتم لێ وەردەگرتن.

یاخیبوونی ئەووەڵین ساڵەکانی هەرزەکارییم ڕەویبۆوە، مەزندە ناچیزەکان، ئەوانەی ڕۆنرابوون لەسەر ئەوەی کە عەرد ناوەندی کەون نییە و بونیادەم نەوەی ئاژەڵە و وی بۆ خۆی ئاژەڵێکی ئاقڵتر و نەمرترە



لەباوانی. لەهەزمی چوارەمم تێپەڕاندبوو، بەڵام سەبارەت بە(ژن)، ئەوەی هاتبوو بۆ لەحزەیێک دڵی ڕاچڵەکاندبووم، هەمان ئەو ساتەی کە ئەوم لەسەر قاقز نا، ئیدی هەمدیس گەڕابۆوە تا ژیانم لێ تاڵ کات، هەر ئەندازەیەک کە ئەقڵم بکەوێتە سەلماندنی ئەوەی کە ژنان هەمان بەهای پیاوانیان هەیە و خاوەنی یەک ڕۆحن، دڵی دێرینەی ناخم، دڵی ئەفریقاییم کە ئەقڵی بەئەورووپایی بووی سەرزەنشت دەکا و دانووی لەگەڵیدا ناکوڵێ، پاڵ بەژنانەوە دەنێ و لەپشت بەستن یاخود مۆڵەتدان پێیان کە بەقوڵایی ناخمدا ڕۆچن و بکەونە ژێر دەسەڵاتییەوە، بەربەرەکانی دەنوێنێ. ژنان زینەتی پیاوانن و زۆربەی جارانیش نەخۆشی و پێداویستین.

(کۆستاندیس) دێتەوە یادم، ئەو پاسەوانە کریتییە کێوییەی سەر زەرعات، کە وەک دەروێش دەژیا و سێبەری ژنی بەر تیر دەدا. کوتوپڕ هەواڵ بڵاوبۆوە کە کۆستاندیس دەیەوێ ژن بێنێ.

پێم گوت: "کۆستاندیس، چ دەبیستم؟ ئەرێ ڕاستە دەتەوێ ژن بێنی؟" لەوەڵامدا گوتی: "باشە گەورەم، ئەدی چ بکەم؟ بیرم کردەوە ئەگەرەکو سەرمام بێ ئەی کێ کەڵەشاخێکم لێ بگرێ؟"

کەسێکی تر لەعومری پەنجا ساڵیدا بووە خاوەنی ژن و منداڵ، لەو بارەیەوە پێی گوتم: "باشە کوڕی خۆم چیم کردبا؟ عەرزی کوڕی خۆمی بکەم کە منیش وەکی خەڵکانی تر حەز دەکەم مووی لوولی نەرم لەسەر سەرینەکەم هەبێ!"

هەروەکو گوتمان: گا پێداویستی و گا زینەت.

لە تەواوی ماوەی مانگی هەنگوینیی، لەئیتالیادا ئازاد بووم و چ کێشەیەکی فەلسەفی یاخود نیگەرانییەکی سۆزداریم نەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەنووکە کاتێ دەمەوێ دوای ئەو هەموو ساڵانە، ئەو لەزەتە لەخۆدا بژێنمەوە، تەواوێک سەرم سوڕدەمێنێ، دەبینم لەزەتی ئەقڵانی تر دزەیان کردۆتە ناخمەوە، لەگەڵمدا یەکانگیر بوون و ئیدی لەوە دەرچوون یادەوەریی بن، لەزەینمەوە چوونەتە خوێنمەوە و لەوێ وەک غەریزەی سروشتی دەست بەکار بوون، کاتێ بڕیارێک دەدەم، دواتر دێتەوە بیرم کە بڕیاردەرەکە من نەبووم، بەڵکو کاریگەریی فڵان تابلۆ، یان فڵان بورجی قۆناغی ڕێنیسانس، یاخود فڵان شیعری دانتی بووە کە لەیەکێ لەشەقامە باریکەکانی ناوچەیەکی قەدیمیی فلۆرەنسادا تۆمارکراوە.

ئەوەی بەسەر تەختەڕەشی زەینمەوە هەڵکۆڵراوە، چێژی ئەقڵانیی نییە، بەڵکو چێژی عەردییتر و نزیکترە لەگەرم و گوڕیی ئینسانەوە، ئەو چێژانە بەتەڕوبڕیی و خەمێکی مەزنەوە لێم دەنۆڕن. لەو هەموو بەزم و ڕووداوەی تافی جحێڵیی، جگە لەدەستکەوتێکی کەم هیچی تر نەماوەتەوە: گوڵاڵە سوورەیەک کە لەپەرژینی باخچەیەکدا لە(پالێرمۆ) بەژاکاویی بینیم، کچۆڵەیەکی پێپەتی کە لەکۆڵانێکی پیسی ناپۆڵیدا ملۆمۆی دەکرد، پشیلەیەکی ڕەش، بەپەڵەی سپی گەورەوە لەسەر تاقی پەنجەرەیەکی بەسەبکی گوتیک ڕۆنراو لە(ڤیرونا) هەڵترووشکا بوو. چۆنییەتی گوڵەوەچنیکردنی یادەوەرییەکانی ئادەمیزاد لەنێو یادەوەرییە جۆراوجۆرەکانا، لەشتە سەیروسەمەرەکانی زەمانەیە. ئەرێ ئەو سەرکردە گەورەیە کێ بوو کە لەسەر نوێنی مردن بەقەهرەوە گوتی:

– "لە ژیانمدا، ئارەزووی سێ شتم هەبوو کە هەلی ئەوەم بۆ نەڕەخسا بەدەستیان بێنم: ماڵێکی چکۆڵە لەکەناری زەریا، کەنارییەک لەقەفەسا و ئینجانەیەک ڕێحان!"

لەنێو یادەوەرییەکانی سەفەرەکەی ئیتاڵیامدا، دوو یادەوەریی تاڵ لەناخمدا ڕۆنیشتوون، دوو یادەوەریی پڕ لەسەرزەنشت کە تا مردن لەئێخەم نابنەوە گەرچی خەتاکەش لەمنەوە نەبوو.

یادەوەریی یەکەمیان ئەمەیە: خەریک بوو شەو دادەهات، بەدرێژایی ڕۆژ باران بەلێزمە باریبوو، وەک مشکی تەڕ خۆم گەیاندە گوندێکی چکۆڵەی (کالابریا)، لەدووی ئاگردانێک دەگەڕام تا خۆم وشک کەمەوە و لەقوژبنێکدا بنووم، کۆڵانەکان چۆڵ و دەرگاکانیش داخراو، سەگەکان تاقە مەخلوقاتێک بوون کە بۆنی غەریبەیان دەکرد و لەگۆشەی حەوشی ماڵەکانەوە دەکەوتنە وەڕین. جوتیارانی ئەو ناوچەیە، کێویی و دژە مرۆ و بەرامبەر بەخەڵکانی غەریبە خانەگومان بوون. لەبەر دەرگاکانا وەستام، دەستم ڕایەڵ کرد، بەڵام نەمدەوێرا لێیان بدەم.

باپیرەی خوالێخۆشبووم لەکوێ بوو، کە هەموو ڕۆژێک عەسران، چرایەکی هەڵدەگرت و بۆ دۆزینەوەی غەریبەیەک ئاوایی لەپێوەدەدا، کە دەیدۆزییەوە، لەگەڵ خۆی بۆ ماڵەوەی دەهێنایەوە، پێشوازییەکی باشی لێ دەکرد و بەیانیش بەپیاڵەیەک شەراب و لەتێ نان بەڕێی دەکرد. حەیف کە ئاوها باپیرەیەک لێرە، لەگوندەکانی (کالابریا) نەبوو.

کوتوپڕ لەدامێنی گوندەوە، دەرگایەکم بینی لەسەر پشت بوو، سەرم داگرت و سەیرێکی ناوەوەم کرد، سەرانسەر تاریکیی بوو، لەسەری ئەو سەرەوە ئاگرێک کرابۆوە و پیرێژنێک بەدیارییەوە هەڵتروشکابوو. پێدەچوو چێشت لێنێ، جگە لەقرچەقرچی سووتانی دار، چ دەنگێ نەدەبیسترا. بۆنی دارەکە خۆش بوو، دەبێ دار کاج بووبێ، لەدەرگاکە ئاودیو بووم و چوومە ژووریٚ، خۆم دا لەمێزێکی گەورە کە لەناوەڕاستی ژوورەکەدا دانرابوو، دواجار خۆم گەیاندە لای ئاگرەکە و لەسەر کورسییەک دانیشتم، پیرێژنەکە لەسەر کورسییەکی تر دانیشتبوو، بەکەوگیرێک چێشتەکەی تێکدەدا، بێ ئەوەی ئاوڕبداتەوە، سەرنجێکی خێرای لێدام، بەڵام هیچی نەگوت.

چاکەتەکەم داکەند و کەوتمە وشک کردنەوەی، هەستم کرد بەختەوەریی وەک گەرما، لەپێوپلمەوە هەڵدەسێ و بەڕان و سینگمدا بەرز دەبێتەوە، لەتاو برسێتیی بەپەرۆش و ئیشتیهاوە بۆنی ئەو هەڵمەم هەڵدەمژت کە لەچێشتەکەوە هەڵدەسا، بۆنی پاقلەی کوڵاو بوو، بۆنەکەی لەڕادەبەدەر خۆش بوو، جارێکی تریش بۆم دەرکەوت کە بەختەوەریی زەمینیی بەقەد و باڵای ئینسانا لکاوە، بەختەوەریی مەلێکی دەگمەنە کە گا لەئاسماندا بەدوایدا دەگەڕێین و گا لەزەینماندا، بەختەوەریی مەلێکی ماڵییە و لەحەوشی ماڵەکانمانا نیشتۆتەوە.

پیرێژن هەستا و دوو قاپی شۆربای لەدۆڵابەکە دەرهێنا، پڕی کردن و ماڵەکە لێوالێو بوو لەبۆنی پاقلە، چراکەی بەرز کردەوە و لەسەر مێزەکەی دانا. پاشان دوو کەوچکی تەختە و نانێکی جۆی هێنا، بەرامبەر یەک دانیشتین، خاچی کێشا و بەپەلە سەیری کردم، تێگەیشتم، منیش نیشانەی خاچم کێشا و کەوتینە خواردن. هەردووکمان برسیمان بوو، قوڕو قەپمان لێ کردبوو، بڕیارم دابوو زار هەڵنەهێنمەوە تا



بزانم چ ڕوودەدا، لەخۆم پرسی ناشێ لاڵ بێ، یان ڕەنگە شێت بێ، یەکێ لەو شێتە هێمن و میهرەبانانەی کە لەقەدیسان دەچن.

کە چێشتەکەمان خوارد، لەلای ڕاستی مێزی نانخواردنەوە لەسەر قەنەفەیەک جێگەیەکی بۆ ڕاخستم. ڕاکشام، خۆیشی لەسەر قەنەفەیەکی تر ڕاکشا، لەدەرەوەش باران شەستی دەکرد. تا ماوەیەک دەنگی خوڕەخوڕی بارانم لەسەربان ژنەفت کە ئامێتەی هەناسەی ئارامی پیرێژنەکە دەبوو، هەڵبەت ماندوو بوو، لەبەرئەوەی هەر کە سەری نایە سەر سەرین، خەو بردییەوە، منیش وردە وردە بەئاوازی خوڕەی باران و هەناسەی ڕیتمیکی پیرێژن خەوم لێکەوت، کاتێ خەبەرم بۆوە، تیشکی خۆر لەدرزی دەرگاکەوە هاتبووە ژوورەوە.

پیرێژن هەستابوو، شیری دەکوڵاند، ئیدی لەبەر ڕۆشنایی کەم ڕەنگی بەیاندا لێی خوردبوومەوە، پیرێژنێکی کۆم و پەژموردە، پێکانی هێند ئاوسابوون کە هەر هەنگاوێکی دەنا، تۆزێ دەوەستا تا هەناسە وەرگرێ، بەڵام چاوانی، بەڵێ چاوانی ڕەش و گەورەی، لێوالێو لەپرشنگی جحێڵیی بوو، بەخۆم گوت: دەبێ لەتافی لاویدا چ شۆخێ بووبێ؟ لەعنەتم کرد لەچارەنووسی ئینسان، لەو سەرەنجامە زەلیلانەیەی.

هەمدیس بەرامبەر یەک دانیشتین و کەوتینە شیر خواردنەوە، پاشان هەستام و کۆڵەپشتەکەم نایە کۆڵ، جزدانەکەم دەرهێنا، بەڵام پیرێژن ڕەنگی تا بناگوێی سوورهەڵگەڕا.

دەستی هێنایە پێش و لەبەر خۆیەوە گوتی: "نەء، نەء!"

هەروا کە بەسەرسوڕمانەوە سەیریم دەکرد، کوتوپڕ تەواوی ڕوخسارە چرچۆڵەکەی گەشایەوە، گوتی: "خوداحافیز، خوداحافیز، خودا ئاگای لێت بێ، هیوادارم بەرامبەر ئەو چاکەیەی لەگەڵت کردم، خودا پاداشتی خێرت بداتەوە، لەو دەمەی مێردەکەم مردووە، هەرگیز ئاوها قووڵ خەوم لێ نەکەوتووە!"

ئەمەش یادەوەریی دووەمە کە لەیەکەمیان تاڵترە:

***

دەمەو بەهار بوو کە گەیشتمە (ئاسیزی)، گەیشتمە پیرۆزترین شاری ئیتاڵیا. باخچەکان، سەربانەکان، حەوشی ماڵان، خودی هەوا تژیی بوو بەئامادەیی پەنهانی هەژاری چکۆڵە و ئازیزی خواوەند(*). ڕۆژی یەکشەممە بوو، زەنگە گەورەکانی کڵێسای ئەم هەژاری خودایە کەوتبوونە زرنگە و زەنگەکانی ئاوازی شیرینی دەیری (قەدیس کلارا)یش لەگۆڕەپانە چکۆڵەکەی بەرامبەردا وەڵامیان دەدانەوە، ئەو دووە، قەدیس کلارا و قەدیس فرانسیسکۆس، کە پیرۆزیی و مەرگ دەنگی نەمرییان پێ بەخشیبوون و لەهەوادا توندو تۆڵ و تۆکمە یەکانگیری یەکدی ببوون.

– "باوکە فرانسیسکۆس کەنگێ لەدەیر بۆ دیدەنی ئێمەی خوشکانی بێچارە دێیت؟"

(*) مەبەست لە قەدیس (فرانسیکۆس)ە.

– "هەر کاتێ دڕکەکان بڕازێنەوە بەگوڵی سپی دێم، بنۆڕە! هەنووکە دڕکەکان نەمرانە خونچە دەکەن و دوو کۆتری خواوەندیش هەمیشە بەئاسمانی (ئاسیزی)دا باڵ لێک دەدەن!"

بە شـەقـامـە باریکەکـاندا هەڵگەڕام، دەرگـاکـان دەکـرانەوە و ژنان دەهاتنە دەرەوە، ژنانی تازە حەمامکردوو، بۆن و کرێم لەخۆداو، پرچ و کەزی شانەکراو، پەلە و خۆشحاڵ بەرەو کلێسا دەڕۆیشتن – تا ببینن و ببینرێن – کاتی بەهار، لەسەر زەمینەکانی هەتاودا، کلێسا ژووری میوانی خودایە، هاوڕێیانی ئەو، ژن و پیاو وەکو یەک، بەرەو ئەوێ دەڕۆن. لەسەر کورسییەکانی دادەنیشن، ساتێ لەگەڵ خواوەنددا دەئاخڤن و ساتێکی تریش لەگەڵ نەفەرەکەی پاڵیاندا سەری قسە دادەمەزرێنن. خزمەتکاری خودا، بەپێڵاوی سپی و جبەی ڕەش یان سوورەوە دێت و دەچێ، زەنگ لێدەدا و بەنەغمەیەکی شیرین دەکەوێتە ستایشکردنی قەدیس فرانسیسکۆسی خاوەن ماڵ، پاشان میوانەکان هەڵدەستن، خوداحافیزیی دەکەن و بەرەو دەرگاکە دەچن. ئیدی ئەوان دیدەنی قەدیسیان کردووە و وا هەنووکەش دیدەنییەکە تەواو، ئاسمان بەوپەڕی ئاسوودەییەوە پێدەکەنێ و لەخوارەوەش – لەسەر عەرد– دەرگای مەیخانەکان دەکرێنەوە.

نامەیەکم بۆ (کۆنتیس ئێریچتا ) پێبوو، بەو نامەیە دەمتوانی لەماڵە خۆشەکەیدا بژیم، پێشتر باسی خاتوو ئێریچتایان بۆ کردبووم: خانمێکی نەجیبزادەی بەتەمەن کە بەتاقی تەنها لەگەڵ کارەکەرە وەفادارەکەی (ئێرمیلیندا)(*)دا دەژی و لەڕادەبەدەر بەناسینم خۆشحاڵ دەبێ.

خاتوو ئێریچتا کە سەردەمانێک شاجوانی ئاسیزیی بوو، لەبیست و شەشساڵیدا بێوەژن دەکەوێ، لەوکاتەوە بەدوا بەپیاوێک ئاشنا نەبیوو، خاوەن موڵکێکی زۆر بوو لەزەیتوون و ڕەز، پێشتر بەسواری ماینێکەوە بۆ سەردانی زەویوزارەکەی دەچوو، بەڵام هەنووکە پیر و تاقەت و حەوسەڵەی ئەوەی نەمابوو، خەمبار لەبەر ئاگردانەکەدا دادەنیشت و بەدەگمەن قسەی لەزار دەهاتەدەر، وەک بڵێی لەداوێنپاکیی خۆی ژێوانبێ. پێیان گوتبووم: بەجۆرێک لەگەڵیدا بدوێ و لێی بنۆڕە، هەروەک ئەوەی هێشتا تەمەنی بیست و شەش ساڵان بێ، خۆشحاڵی کە، گەرچی تازە درەنگیشە!

ڕۆژێکی خۆشی بەهار بوو، پەڕەسێلکەکان گەڕابوونەوە، کێڵگەکان لێواولێو لەگوڵە مرواری چکۆڵە و سپیی بوون، شنە هەم گەرم و هەم بۆنخۆش. بەڵام لەکۆشکدا هێشتا ئاگر هەر داگیرسابوو، کۆنتیسی پیر لەسەر کورسییەکەی لەپاڵ ئاگرەکەدا دانیشتبوو، سەرپۆشێکی شینی ئاوریشمی دابوو بەسەر پرچە سپییەکەیدا، نامەکەی لەسەر ئەژنۆی دانا، سەری هەڵبڕی تا سەیرم کات، بەهۆی سەرکەوتن بەسەر پێپلیکانەکاندا، شەلاڵ لەئارەقە بووم و قۆپچەکانی کراسەکەم تا خوارەوە کردبوونەوە، ئەژنۆکانم – پانتۆڵم لەپێدابوو– بەهۆی بڵێسەی ئاگرەکەوە برووسکەی دەدا، تەمەنم بیست و پێنج ساڵان بوو.

کۆنتیس، بەزەردەخەنەوە گوتی: "وەی.. وەی.. کوتوپڕ تەواوی گریکستان هاتۆتە ماڵەکەوە، خۆشهاتیت!"

ئەرمیلیندا کە دواجار بەخت چووبووە پێشوازیی و جازی لەخانمەکەی وەردەگرت، هاتە ژووریّ و لەسەر

(*) ئێرمیلیندا Ermelinda لەڕۆمانی )فرانسیکۆس، قەدیسی من)دا، کارەکەری خاتوو کلارایە.



سینییەک شیر و کەرە و نان و میوەی هێنا و سینییەکەی لەسەر تەپڵەکێک دانا.

کۆنتیس گوتی: "زۆر خۆشحاڵم، ئیتر تەنها نیم."

وەڵامیم دایەوە: "هەروا منیش، لێرە کە دانیشتووم، لەمانای نەجابەت و جوانیی و میهرەبانیی دەگەم."

گۆنای ڕەنگپەڕیوی کۆنتیس سوورهەڵگەڕا، بەڵام هیچی نەگوت، پرشنگی بڵێسەیەکم لەچاوانیدا بینی، بێگومان لەگلەیی و تووڕەییدا، لەدڵی خۆیدا دەڵێ: "نەجابەت و جوانیی و میهرەبانیی بەدۆزەخ! تەنها جحێڵیی بەعەمەل دێ و ئیدی هیچی تر نا!"

ژوورێکی گەورەی پێدام، کە تەختە نوێنێکی پانوپۆڕی تێدابوو، چەرچەفێکی مەخمەلی درابوو بەسەریدا، دوو پەنجەرەی گەورە بەڕووی شەقامدا دەکرانەوە، دەمتوانی لەوێوە حەوشی دەیری قەدیس کلارای بەرامبەرمان ببینم، ڕاهیبەکان بەکڵاوە شۆڕەکانیانەوە، بەبێدەنگی دەهاتن و دەچوون، بورج، ساپیتە و حەوشەی دەیر پڕ بوو لەکۆتر، تەواوی دەیرەکە، وەک کۆترێکی مێی گەورە، بەئەڤینەوە دەیگماند. ڕۆژێکیان کۆنتیس لێی پرسیم: "ڕاهیبەکان دەیانەوێ لەگەڵ ئەو کۆترانەدا چ بکەن، شەرم شتێکی باشە. مەگەر ئەو کۆترانە نابینن و گمەیان نابیستن؟ مەگەر سەرنج نادەن چەندێک حەیابەرەیە؟ پێویستە ئەو کۆترانە بەڕەڵاکەن، یان سەریان ببڕن و گۆشتەکەیان بخۆن تا ڕزگاریان بێ لێیان و هەروەها ئێمەیش ڕزگارمان بێ لێیان!"

سێ مانگ لەئاسیزیی مامەوە. قەدیس فرانسیسکۆس و کۆنتیس مۆڵەتی ڕۆیشتنیان نەدەدام، ئاخر بۆ کوێ چووبام؟ گەر ئامانجی ژیان بەختیاری بێ، ئیتر بۆچی ڕۆیشتبام؟ لەکوێ دەمتوانی هاودەمێکی ئازیزتر و بەوەفاتر لەقەدیس فرانسیسکۆس پەیداکەم کە هەموو ڕۆژێ لەماڵەکەی خۆیدا بۆ دیدەنی دەچووم؟ لەکوێ دەمتوانی هاوڕێیەکی دڵڕفێنتر لەکۆنتیس، ئەو قەدیس کلارا زیندووە بدۆزمەوە؟ بەدرێژایی ڕۆژ لە(ئامبریا ) پیاسەم دەکرد و شوێن پێی قەدیسم لەنێو دار نارنج و ڕەزەکانا هەڵدەگرت، بەهار لەشێوەی چەپکە گوڵی سوور، زەرد و سپیی بەفرینی فیرقەی فرانسیسەکاندا دەهاتە بەرچاوم: قەدیس فرانسیسکۆس لەگەڵ گوڵەکانی هاوڕێیدا، جارێکی تر لەخاکی ئاسیزییەوە هەڵدەسایە سەر پێ تا سڵاو لە(هەتاوی برا) بکا، سڵاو لە (بای برا) و (خوشکە ئاگر) و (ئاوی برا)ی خەنیی و چکۆڵەشمان بکا. سڵاو لەکۆنتیس و کوڕە خۆشحاڵە کریتییەکەی لایەوە بکات.

عەسرانی هەموو ڕۆژێک خۆشحاڵ و ماندوو، دەگەڕامەوە ماڵ، ئاگر کرابۆوە، کۆنتیس بەجلکێکی جوانەوە، بەڕوخساری پۆدرە کراوەوە، لەسەر کورسییە نزمەکەی، دەست لەبن هەنگڵ چاوەڕێی دەکرد. لەبەرئەوەی هەمیشە، خەمبار و بێدەنگ بەچاوانی داخراوەوە دادەنیشت. بەڵام ئەو ساتەی کە دەنگی دەرگای دەژنەفت و بەتەپەی پێی منی دەزانی، چاوانی دەکردنەوە، ئیشارەتی بۆ کورسییەکەی تەنیشتی دەکرد و دەستی بەسەر ئەژنۆکانمدا دەهێنا.

– "بدوێ، بدوێ، زار هەڵبێنەوە و مەوەستە. ئەمە تەنها شادمانییەکە کە هەمە!"

منیش زارم هەڵدەهێنایەوە و دەکەوتمە قسان، قسە لەبارەی کریت، لەبارەی باب و دایکم، ژنانی

دراوسێ، شەڕەکانی کریت لەپێناو وەدەستهێنانی ئازادی، لەبارەی شازادە جیۆرج ئەو کاتەی پێی نایە خاکی کریتەوە. تەواوی کریت، بەدار مۆرت و دار دێمشت ئارایشت کرابوو، جەنگاوەرە پیرەکان- بەریشی سپی و درێژ و بەجەستەی بەشمشێر پێکراویانەوە- دەچەمینەوە تا دەستی شازادەی گریکستان ماچ کەن، بەسەریەکدا دەتلیسانەوە، توانای بینینیان نەبوو، لەبەرئەوەی چاوانیان نوقمی فرمێسک ببوو. هەندێ جاریش لەبارەی کچە ئێرلەندییەکەوە بۆ کۆنتیس دەدوام، لەبارەی چوونمان بۆ (پسیلۆریتی)، لەبارەی ئەوەوە کە لەکلێسا چکۆڵەکەی ئەوێ چیمان کرد و چۆن لەیەکتری جیابووینەوە.

کۆنتیس سەرسوڕماوانە پرسی: "بەڵام چۆن؟ چۆن؟ مەگەر ئەو کیژە خۆشبەختی نەدەکردیت؟"

– "با!"

– "ئەی کەواتە بۆچی؟"

– "کۆنتیس، تەواو لەبەر ئەمە بوو."

– "تێناگەم؟

– "ئاخر ئەو خۆشبەختییە زیاتر بوو لەخواستی کوڕێکی جحێڵ، لەخەتەردا بووم."

– "لە خەتەری چیدا؟"

– "خەتەری یەکێ لەم دووە: یان خووم بەو خۆشبەختییەوە دەگرت کە ئیدی بەو شێوەیە مەزنی و شکۆییم لەدەست دەدا! یاخود خووم پێوە نەدەگرت و هەمیشە دەمپەرست، بەو شێوەیەش تەواوێ خۆم دەدۆڕاند. جارێکیان هەنگێکم بینی لەناو هەنگوینەکەیدا خنکابوو. ئاخر منیش دەرسم لەوە وەرگرت!"

کۆنتیس لەفیکرەوە چوو. دواجار گوتی: "تۆ پیاویت، تەنها ئەو مەسەلەیەت لەزەینا نییە، شتی تریش هەن، بەڵام ئێمەی ژنان..."

عەسری ئەو ڕۆژە، قسەی ترمان نەکرد، هەردووکمان لەبێدەنگیدا تا نیوەشەو چاومان لەئاگرەکە بڕیبوو.

جارێک ئەرمیلیندای نارد تا بپرسێ: "مۆڵەت دەفەرموون پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ کۆنتیس دیدەنیتان بکات؟" چوومە دەرێ تا گوڵ و شیرینی بکڕم، پاشان گەڕامەوە و چاوەڕێیم کرد، لەسەعاتی دیاریکراودا بەترس و لەرزەوە لەدەرگای دا، دەرگاکەم لێ کردەوە و هاتە ژوورەوە.

لە شەرما تا بنا گوێی سوور هەڵگەڕابوو، وەک بڵێی کچۆڵەیەکی پانزە ساڵان بێ و یەکەم جار بێ لەگەڵ کوڕێکدا بچێتە دەرەوە، ماوەیەکی درێژ لەحاڵەتێکی بێهۆشیدا مایەوە و نەیتوانی قسان بکا، دواتر چاوانی بڕییە عەردەکە و بەوشەی پچڕپچڕ وەڵامی پرسیارەکانمی دایەوە، دڵم ڕیشاڵ ڕیشاڵ بوو، بنۆڕە چۆن شەرم و کچێنی هەمدیس دێنەوە و لەبوونی ژنێکی ڕاستەقینەدا، بەنەرمی دەمێننەوە و لەوپەڕی پیرییدا پرشنگێکی نائومێدانە و تاڵی پێ دەبەخشن.

ئەو ڕۆژەی کە ئیدی دەبوو بڕۆم، کۆنتیس دەستی کردە ملم و سوێندی دام جارێکی تر سەر لەئاسیزی بدەمەوە و وی ببینم. گوتی: "هەرچی زووتر، زووتر.." هەوڵی دا پێبکەنێ بەڵام نەیتوانی و فرمێسک زایە چاوانی. گوتی: "زوو وەرەوە، چونکە دەشێ تا ئەو کاتە کۆچم کرد بێ!"



ئاخر هەرگیز وشەی (مردن)ی لەزار نەدەهاتە دەر.

سوێندەکەم نەشکاند، چەند ساڵ دواتر، لە(دون دێونیژی) ئیعترافگەرەکەی کۆنتیسەوە برووسکەیەکم بەدەس گەیشت، نووسیبووی: "وەرە، کۆنتیس لەوەدایە کۆچ بکات!"

لە ئیسپانیا بووم، برووسکەیەکم کرد و یەکسەر بەڕێ کەوتم.

لەکاتێکدا چەپکێ گوڵی سپیم بەدەستەوە، بەدەستێکی لەرزۆک لەدەرگای کۆشکەکەیم دا، لەدڵی خۆدا دەمگوت: "بڵێی زیندوو بێ یا مردبێ؟" ئەرمیلیندا دەرگاکەی کردەوە، بەڵام نەموێرا هیچی لێ بپرسم، گوڵەکانم دا پێی. گوتی: "کۆنتیس چاوەڕێتانە، لەسەر تەختە نوێنەکەیەتی، ئیدی لەپێ کەوتووە!"

لەسەر تەختەنوێنەکەی دانیشتبوو، پرچی شانەکردبوو، زێڕ و زیوەکانی لەخۆی دابوو، کەمێ کرێمی لەگۆناکانی ساویبوو، پارچەیەک قوماشی سووری بۆ شاردنەوەی چرچی و لۆچیی بەملیەوە بەستبوو. باوەشی کردەوە، خۆم هاویشتە نێو باوەشییەوە، پاشان لەپاڵ سیسەمەکەیدا دانیشتم و کەوتمە سەیرکردنی.

لەهەشتا ساڵیشدا چ جوان بوو، چ شۆخی و دڵەڕاوکێیەک لەچاوانیدا دەدرەوشایەوە!

بەئەسپایی گوتی: "لەوەدام کۆچ بکەم!"

دەمویست زار هەڵبێنمەوە و قسەکەی نەسەلمێنم، بەڵام ئەو دڵی دامەوە و دەستی گرتم، وەک بڵێی خوداحافیزیم لێ بکات.

هەمدیس بەچرپەوە گوتی: "لەوەدام کۆچ بکەم!"

شەو داهاتبوو، ئەرمیلیندا هاتە ژوورێ تا چراکان داگیرسێنێ، بەڵام کۆنتیس ڕێگەی نەدا، لەو تاریک و ڕوونەدا، دەمتوانی ڕۆشنایی کزی ڕوخساری ببینم. چاوانی ببوونە دوو چاڵی گەورەی تژیی بەشەو، هەر کە تاریکیی چڕبۆوە، هەستم کرد کۆنتیس ئارام و نائومێدانە لەکۆچکردنایە.

چەند سەعاتێ دواتر، دەمەو نیوەشەو ئیدی کۆنتیس کۆچی کرد.

***

## هاوڕێ شاعیرەکەم...

### کیۆی ئاتوس

چەند ئەستەمە بۆ ڕۆح خۆی لەجەستە، دونیا، کێو، زەریا، شار و خەڵک جیاکاتەوە، ئاخر ڕۆح وەک هەشت پێیەک وایەو ئەوانە هەموو پێیەکانی ئەون.

ئیتاڵیا پڕی کرد بەڕۆحمدا و ڕۆحیشم پڕی کرد بەئیتاڵیادا، هەنووکە ببووینە یەک و ئەستەم بوو لە یەک جیابینەوە، تەواوێک یەکانگیری یەکدی ببووین. لەڕاستیدا لەسەر ئەم عەردە چ شتێک نییە هێندەی ڕۆحی ئینسان داگیرکەر بێ! دونیای دەرخوارد بدە ئەوجا هەر تێر نابێ، گا داگیر دەکا و گا داگیر دەکرێ، هەتا زیاتریش داگیرکا ڕووبەری دەسەڵاتەکەی پێ کەمە، تەنگەنەفەس دەبێ و هەناسەی سوار،

هەوڵ دەدا دونیا کۆنترۆڵ کا، تا بتوانێ بەکەیفی خۆی و بەئازادی هەناسە بدات.

ئەووەڵین سەفەرم بۆ ئەوروپای خۆرئاوا ئاوهایی بوو، سنوورەکان لەناخمدا مەحف دەبوون، بۆم دەرکەوت دونیا دەوڵەمەندتر و بەرفراوانترە لەگریکستان، دەکرێ جوانی و ڕەنج و هێزیش خاوەن ڕوخسارێکی تر بن، جیاواز لەو ڕوخسارەی کە کریت و گریکستان پۆشیویانە.

کە چاوم دەبڕییە ئەو پەیکەرگەلە جوانە هێند تەنک و ناسکەی کە لەناوچوونیان بۆ نەبوو، دیسان و هەمدیسان پەژارە و تووڕەییەکی ئۆقرە لێبڕ لەناخمدا دەهەژا. ئاخر هەموو ئەو لەشولارە مەلەکوتییانەی کە پاساو بوون بۆ خولْقاندنی ئەم وێنە و پەیکەرانە، هەنووکە گشتیان لەژێر خاکدا ڕزیبوون و ئامێتەی خۆڵ ببوون، چونکە هەموو جوانی و گەورەیی ئینسان وەک پرشنگێکی ڕۆشنایی، هەر ساتێک لەبەرامبەر تیشکی خۆردا خۆی پێ ڕادەگیرێ و دوایی لەناو دەچێ. دوو برینی قووڵ هەمدیس لەناخمدا دەمیان کردەوە، دوای ئەم سەفەرەم هەموو کات جوانی لەسەر لێوەکانم سووکە چێژێکی مەرگیشی پێوەبوو، هەر بەو هۆیەوە ڕۆحم بەرفەراوانتر بوو، ئاخر سەرچاوەیەکی تری بۆ یاخیبوون چنگ کەوت، چونکە ڕۆحی کاڵی گەنجێتی بەهاسانی گۆڕینی جوانی بەعەدەم پێ قەبوڵ ناکرێ، ئەوە لەکاتێکدا کە خواوەند لەقوژبنێکدا ڕاوەستاوە و بیری دەچێ دەس هەڵبڕێ و ئەو جوانییە نەمر و بێ کۆتایی کا. بونیادەمی گەنج بەخۆی دەڵێ: "گەر خواوەند بام، ئەوا بەدەست و دڵێکی فەراوانەوە نەمری و ژیانی بێ کۆتاییم دەبەخشییەوە، قەت لێ نەدەگەڕام پەیکەرێکی جوان، یان ڕۆحێکی جەسوور و ئازا ببێتە خاک، ئەمە ئیتر چۆن خوایەتییەکە کە جوان و دزێو، ئازا و خوێڕی، وەک یەک دەتەپێنێتە چاڵێکەوە و دڵڕەقانە ژێر پێیان دەنێ و دەیانکاتە خاک و خۆڵ، دەی ئەم خواوەندە یان خواوەندێکی دادوەر نییە، یاخود قودرەتی ڕەهای نییە، یان ئەوەتە خواوەندەکە تێ ناگات!" بونیادەمی گەنج زۆر جار بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ بەدزییەوە لەناخی خۆیدا دەکەوێتە داتاشینی خواوەندێک کە نابێتە هۆی شەرمەزار بوونی دڵی.

جارێکیان لە(ئێرنێست ڕینان)یان پرسی: "بیروڕات چییە سەبارەت بەنەمریی ڕۆح؟" ئەو پیرەمێردە مەرد و ڕەندە لەوەڵامدا گوتی: "چ پاساوێک بۆ ئەوە نابینم کە من یاخود بەقالێک نەمر بین، بەڵام پاساو بۆ ئەوە دەبینم کە بۆچی نابێ ڕۆحگەلی مەزن کاتێ لەش جێ دەهێڵن بمرن!"

گەڕامەوە گریکستان. بەڵام بەبرینداری گەڕامەوە، لەئاگری ئەو زەبروزەنگە فیکری و نائارامییە ڕۆحییەدا دەسووتام کە هێشتا گوماناوی و ناخی دەهەژاندم، نەمدەزانی لەگەڵ ژیاندا چ بکەم؟ بەر لەهەر شتێک دەمویست وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارگەلە بێ زەمەنە بدۆزمەوە، دوای ئەوە بیرم لەوە کردەوە کە دەمەوێ ببم بەچی. بەخۆمم دەگوت: تا سەر دەرنەکەم لەئامانجی مەزنی ژیانی ئینسان لەسەر ئەم خاکە، ئیدی چۆناوچۆنی دەتوانم لەئامانجی مۆقەت و هەنوکەیی ژیانی خۆم تێبگەم؟ تا ئامانجێک بۆ ژیانی خۆم دەستنیشان نەکەم چۆناوچۆنی دەتوانم دەست پێبکەم؟ زۆریش بەدوای ئەوەوە نەبووم کە بەرژەوەندییەکی ئەوتۆ بدۆزمەوە، چونکە پێم وابوو شتێکی لەوجۆرە مەحاڵ و بێهوودەیە، تەنها بەشوێن ئامانجێکی واوە بووم کە لەگەڵ خواستە ڕۆحی و فیکرییەکەمدا بێتەوە، ئەو کاتانە زۆریش ڕاستی و ناڕاستی ئەو ئامانجەم پێ گرنگ نەبوو، بەڵکو گرنگ ئەوەبوو ئامانجێکی هاوئاهەنگ بەبوونم بخولْقێنم و بەم تەرزە



ویست و توانا تایبەتییەکانم تا ئەو جێیەی کە دەکرێ و دەس دەدا فەراوان کەم. بەم شێوەیە بوو دواجار دەمتوانی بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ هاریکاری تەواوەتی دونیا بکەم.

گەر بوونی ئەم سەودا فەلسەفییانەی تافی جحێڵیی نەخۆشی بێ، دەی ئەوا من ئەو کاتە زۆر خەراپ نەخۆش بووم.

ئەسینا چۆڵ و هۆڵ، فیکر و خەیاڵی ڕۆژانە زەین و دڵی هاوڕێکانمی وشک هەڵگەڕاندبوو.

یەکێ لەو هاوڕێیانە دەیگوت: "ئێمە دەرفەتی بیرکردنەوەمان نەماوە!" یەکێکی تریان دەیگوت: "ئێمە چ دەرفەتێکمان بۆ خۆشەویستی نییە!" سێیەمیان بەپێکەنینەوە هەڵی دەدایە و دەیگوت: "کەواتە تۆ لەدووی ئامانجی ژیانیت؟ فەقیر، بۆ دەبێ بۆی نیگەران بیت!"

ئەو وەڵامەم بیرکەوتەوە کە جوتیارێک دامەوە کاتێ لەبارەی ناوی تەیرێکەوە پرسیارم لێ کرد، جوتیارەکە بەتەوسەوە سەیرێکی کردم و گوتی: "فەقیر، زۆر بۆی دامەچۆ، گۆشتی ئەو مەلە ناخورێ!"

ڕووناکبیرانیش هەر خەریکی دەمارگیری و ململانێی تووڕەهات و لەپاشەملە زەمکردنی یەکتر و خۆپەرستی بوون، من ئەو کات دەستم کردبووە نووسین تا ڕۆچنێ بۆ دەربازبوونی هاوارەکانی ناخم بدۆزمەوە، تا بەشکم بتوانم بەر بەتەقینەوەی خۆم بگرم، زەمی کەسم نەدەکرد، سەرم بەمەیخانەدا نەدەکرد، یاری قاقزێنم نەدەکرد، ئیدی کەس چارەی نەدەویستم. سێ تراژیدیای ئەووەڵینم لەناوەوەمڕا قەوارەی خۆیان وەردەگرت، شیعرەکانی داهاتووم هێشتا مۆسیک بوون، لەشەڕی ئەوەدا بوون لەسنووری نەغمە تێپەڕێن و ببنە وشە.

سێ کەسێتی گەورە: ئۆدیسە، نیسفۆرس فۆکاس و مەسیح لەناوەوەمڕا هەوڵیان دەدا سیمای خۆیان بدۆزنەوە و لەناخم بێنە دەرێ و خۆ قوتارکەن. بۆ ئەوەی هەم خۆیان ئازادکەن و هەم منیش، تا بتوانم ئازاد بم. سەراپای ژیانم کەوتبووە ژێر پرشنگی کەسایەتیی ئەو قارەمانە مەزنانەوە. دەشێ ئەمە لەبەرئەوە بووبێ کە لەمناڵیدا بەسەرهاتی قەدیسەکانم بەتاسە و خولیاوە خوێندبۆوە و هیوام ئەوەبوو ببمە یەکێ لەوان، پاش ئەوەش بەهەمان خولیا و تاسەوە ژیانی خۆم بۆ خوێندنەوەی ژیاننامەی قارەمانگەل و ڕزگارکەران و داهێنەران و دۆنکیشۆتگەلەکان تەرخان کرد، هەر کاتێ بەرێکەوت کەسێتییەک، قارەمانێتی تێکەڵ بەدەست و داوێنپاکی و پیرۆزییەوە گرێ دابا، ئیدی من ئەو کەسێتییەم دەکردە نموونەی باڵاو حەزم دەکرد منیش وەک ئەو بام، بەڵام کاتێ بینیم ناتوانم نە ببمە قەدیس و نە بەقارەمان، ئیدی ناچار هەوڵم دا بەنووسین ڕێگەیەک بۆ دڵدانەوە و تەسەللادانەوەی خۆم لەو شکستانە بدۆزمەوە.

زۆر جاران بەخۆم دەگوت: "تۆ بزنە لاتێکی دەستەمۆیت، هەوڵ دەدەیت پێبکەنی، تا من دەستنەکەمە شیوەن، بەڵێ، بەڵێ ئەی ڕۆحی پیرو بەستەزمان، تۆ بزنە لاتێکی دەستەمۆیت، برسیتە، کەچی لەبری خواردنەوەی شەراب و خواردنی چێشت و گۆشت، پەڕە قاقزێکی سپی هەڵدەگریت و وشەی شەراب و نان و گۆشتی لەسەر دەنووسی و ئەوجا دەکەویتە خواردنی!"

کوتوپڕ، ڕۆژێکیان ڕۆشناییەک لەتاریکیدا درەوشایەوە، لە(کیفیسیا) لەخانوویەکدا نیشتەجێ بووم کە بەدار کاج دەورە درابوو، ئەز هیچ کات دژە کۆمەڵ نەبووم، بەڵکو لەڕاستیدا هەمیشە خەڵکم

لەدوورەوە خۆش ویستووە، خۆ گەر کەسێکیش بۆ دیدەنیم هاتبا، ئەوا هەستی میوانداریێتیی کریتییانەم دەبزوا و تا بۆم کرابا، میوانداریی ئەو هاوڕەگەزەی خۆم دەکرد، ماوەیەکی درێژ گوێم بۆ قسەکانی ڕادەدێرا، دەچوومە ناو دونیای قسە و باسەکانییەوە، گەر یارمەتییەکیشم لەدەست هاتبا، ئەوا بەخۆشحاڵییەوە لەخزمەتیا دەبووم، جا ئەگەر وتوێژ و پەیوەندییەکە درێژەی کێشابا، ئیدی دەچوومەوە ناو خۆم و بێزووم بەتەنهاییەوە دەکرد. خەڵکی پێیان وابوو من پێویستم بەوان نییە و دەتوانم بێ دەمودۆ لەگەڵیاندا هەڵکەم. ئەمەیان بەتاوانێک دەزانی و لێم نەدەبووران، کەمتر کەسانێکم شک دەبرد بێ ئەوەی هەست بەوەڕسی بکەم، بتوانم تا قیامەت لەگەڵیاندا بژیم.

بەڵام ڕۆژێکیان ڕۆشناییەک درەوشایەوە، ئەو ڕۆژە لە(کیفیسیا) لەگەڵ کابرایەکی جحێڵی هاوتەمەنی خۆم یەکترمان بینی کە زۆرم خۆشدەویست و ڕێزێکی زۆریشم لێ دەنا، وی لەڕیزی ئەو کەسانە بوو کە بەبینینیان خۆشحاڵ دەبووم و بەنەبینینیان دڵتەنگ، لەو کەسانە بوو بەپەنجەی دەست دەژمێرران، بێ ئەندازە قۆز و ئێسک سووک بوو، خۆیشی ئەمەی دەزانی، دەیشیزانی کە شاعیرێکی غەزەڵبێژی گەورەیە، شیعرێکی بەرزو مەزنی نووسیبوو کە دەیان جار خوێندبوومەوە. لەشێوازی نەزم، هەڵگۆزانی وشە، فەزای شیعر و هاوئاهەنگیی ئەفسووناوی ئەو شیعرە چێژێکم وەردەگرت هەر مەپرسە. نەسەبی ئەم شاعیرە دەچۆوە سەر هەڵۆ، لەئەووەڵین باڵ لەیەکدانیدا گەیشتبووە دوندی شیعر، کاتێکیش دوای شیعر دەستی دایە نەسر نووسین، تێگەیشتم کە هەر بەڕاستی هەڵۆیەکی ڕەسەنە، چونکە لەکاتی نیشتنەوە و ڕۆیشتن بەسەر عەردداا، هەستم دەکرد لەشی قورسە و دەست و پێی ڕۆیشتنی نییە، وی هەر بەڕاستی هەڵۆ و جێگەشی هەر سینگی ئاسمان بوو. ئەو شاعیرە باڵی هەبوو، زەینێکی وشکهەڵگەڕاو و زەمینی نەبوو، ئەو شاعیرە جێگە دوور و تاریکەکانیشی دەدیتن، بە(وێنە) بیری دەکردەوە، لای وی دیمەنی شاعیرانەی بابەتە مەنتیقییەکان کەموکورتی نەدەگرتە خۆی، کاتێ پێی لەکەوشی تەسکی ئیستیدلالدا گیری کردبا و نەیتوانیبا خۆی دەربازکا، ئەوا وێنەیەکی بریقەدار لەسەر پەردەی زەینی دەکەوتە درەوشانەوە، گەر وایش نەبا، ئەوا لەقاقای پێکەنینی دەدا و بەگاڵتەوگەپ خۆی لەو تەنگژەیە دەرباز دەکرد. بەڵام هەیبەتێکی شاهانەی هەبوو، کاتێ دەتبینی چۆن لەکاتی ئاخاوتنا چاوە شینەکانی دەدرەوشانەوە بەنەشئە، یان کاتێ گوێت لێدەبوو کە چۆن لەکاتی خوێندنەوەی شیعرەکانیا پەنجەرەکانی دەهێنایە لەرە، ئیدی لەشاعیرە کۆنەکانی گریکستانی دێرین دەگەیشتیت، ئەو شاعیرانەی کە بەتاجێک گەڵا مێو یان گوڵە وەنەوشەوە لەکۆشکێکەوە خۆیان دەکرد بەکۆشکێکی تردا و گوێگرە سەرکێشەکانی خۆیان بەشیعرەکانیان کەوی دەکرد. هەر لەو ساتەوەی ئەم کوڕە جحێڵەم بینی، هەستم کرد وی جێی شانازی نەژادی بەشەرە.

دەمودەست لەگەڵ ئەو شاعیرە جحێڵەدا بووینە هاوڕێ، هێند لەیەکتر جیاواز بووین کە ئیدی تێگەیشتنێ پێویستمان بەیەکترە و هەردوو پێکەوە ئینسانێکی کامڵ پێک دێنین. من تووڕە و کەمدوو، زەینم بەتەرزێک لێوڕێژ لەپرسیار و ناخم وەها ببووە کێشمەکێشی فەلسەفیی کە ئیدی بەڕووالەتەکان هەڵنەدەخەڵەتام، ئاخر لەودیو هەر سیمایەکی جوانەوە کەللەسەرێکم دەدیت، داماڵرابووم لەسافیلکەیی و



لەچ شتێ دڵنیا نەبووم، بەشازادەیی لەدایک نەببووم بەڵام هەوڵم دەدا ببمە شازادە. کەچی ئەو هاوڕێ شاعیرەم کەیفساز و بەرزەفڕ و پشت ئەستوور بەخۆ، بڕوای بەنەمریی خۆی هەبوو، دڵنیابوو لەوەی بەشازادەیی لەدایک بووە و ئیدی مەراقی شازادەبوونی نەبوو. چ تامەزرۆی ئەوەش نەبوو بگاتە لووتکە، دڵنیابوو لەوەی زۆر لەوەو پێشتر گەییوەتە ئەوێ، کەسی لەخۆی بەبەرزتر نەدەزانی، قەت خۆیشی لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکانا (چ زیندوو چ مردوو) بەراورد نەدەکرد، ئەم سافیلکەییبە بڕوا بەخۆبوون و هێزێکی مەزنی پێ بەخشیبوو.

جارێکیان بەسەرهاتی مێشهەنگەکانم بۆ گێڕایەوە کە چۆن لەڕۆژی زەماوەندیانا، شاهەنگی دایکە هەڵدەفڕێ و گرووپێک هەنگی نێرەیش دەکەونە دوای، لەئەنجامدا یەکێ لەنێرەکان سەر دەکەوێ، ئیدی زاوا لەگەڵ شاهەنگی دایکە جووت دەبێ و ئەوانی تریش یەکەیەکە لەسەر عەردەکە بەلادا دێن و دەمرن، هەروەها پێم گوت: "عاشقان کە بەموراد دەگەن دەمرن، چونکە لەزەتی شەوی زاوایەتی دەچێژن، وەک بڵێی لەو کاتەدا هەموویان بووبنە یەک!"

بەڵام هاوڕێکەم قاقا پێکەنی و گوتی: "من تێناگەم تۆ باسی چ دەکەیت! زاوا دەبێ خۆم بم، تەنها خۆم و کەسی تر نا!"

بەپێکەنینەوە پێم گوت: "ڕۆح لەوشەی (من)دا جێی نابێتەوە، ڕۆح بەوشەی (ئێمە) دەخوێنرێتەوە. گوتەی عاریفێکم وەبیر هێنایەوە کە دەڵێ: کاتێ خەڵک سەرکەوتنێ وەدەست دێنن، هەست دەکەم تاج لەسەری من دەنرێ!"

وردە وردە کە باشتر ناسیم، جارێکیان پێم گوت: "ئانجیلۆس، دەزانیت گەورەترین جیاوازی نێوان من و تۆ ئەوەیە، تۆ پێت وایە ڕێگەی ڕزگاریت دۆزیوەتەوە، هەر ئەو بۆچوونەش ڕزگارت دەکات، منیش پێم وایە چ ڕزگاربوونێک لەئارادا نییە و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ڕزگاریم!"

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا، جۆرە لاوازییەک لەناخیدا خۆی لەبۆسە نابوو، بێ ئەندازە حەزی بەوەبوو خەڵکی خۆشیان بوێ و پێیدا هەڵبڵێن، دەمامکێک بەڕوخسارییەوە بوو، ئەو هەموو سەرکەوتوویی و پشت بەخۆبەستنەی لەژێر دەمامکێکدا حەشاردابوو، گەر بتتوانیبا ئەو دەمامکەت لابردبا، ئەوا بەگزادەیەکی زیز و پەشێوت دەبینی کە دەستی نیازی بۆ لای هەموو کەس درێژ بوو. ڕۆژێکیان یەکێ لەهاوڕێکانی پێی گوتم: "وی پادشا نییە، بەڵکو لاسایی پادشا دەکاتەوە!"

زۆر کەس لەڕووی بەخیلی یان لەڕقێکەوە کە بەرامبەر لەخۆباییبوونەکەی هەیانبوو، بەئەکتەر و تەڵەکەباز ناویان دەبرد. دەیانگوت: "باوەڕی بەهیچ نییە و تەواوی گوتە و کردارەکانیشی درۆ و ڕووکەشن، بەتاوسێک دەچێ کە پەڕوپۆ ڕەنگاوڕەنگەکانی گیڤ کردبێتەوە، بەڵام کاتێ پەڕەکانی هەڵدەکێشی، ئیدی پەلەوەرێکی هاکەزایی لێ دەمێنێتەوە!"

نەخێر، ئەو فشەباز و درۆزن نەبوو، ڕواڵەتی ژیانی دەرەوەی: قسەی زل، خۆ هەڵکێشان، دڵنیابوون لەوەی کە لەدونیادا بێ هاوتایە و هەر کاتێ بیەوێ دەتوانێ موجیزە بنوێنێ، ئەوانە هەمووی لەگەڵ دڵسۆزیی بێ سنووری وی بەیەقینی قووڵی ناوەوەیدا دەهاتنەوە.

بەبێ هاوتایی خۆیەوە خۆی بانەدەدا، بەڵکو لەدڵەوە باوەڕی بەوە هەبوو، تەواوێک دڵنیابوو کە ئەگەر دەستیش بخاتە ناو ئاگرەوە دەستی ناسووتێ، یان گەر لەگەرمەی شەڕدا بچێتە مەیدانی جەنگەوە گوللەیەکی بەرناکەوێ. لەخواردندا زۆرخۆر و شانازیشی بەو زۆرخۆرییەوە دەکرد، چونکە پێی وابوو ئەوەی دەیخوا دەیکاتە ڕۆح و گیان، بەپێکەنینەوە دەیگوت: "بەڵام سەبارەت بەخەڵکانی تر...."

ڕۆژێکیان لەبەرە دێرینەکەی ئەسینا پیاسەمان دەکرد، بەدەم پیاسەوە گوتی: "هێند هەست بەبوونی خواوەند لەناخمدا دەکەم کە ئەگەر هەر ئێستا دەستم لێ بدەیت، کڵپە دەسەنم!"

هیچم نەگوت، هەر کە بێدەنگ بینیمی، گوتی: "چییە، بڕوام پێ ناکەیت؟ دەی تاقی کەوە، دەستم تێوە دە!" وای گوت و دەستی بۆ ڕاگرتم.

نەمویست تەریقی کەمەوە. گوتم: "بڕوات پێ دەکەم، چ پێویست بەوە ناکا تاقیت کەمەوە!"

ئاسایی بوو بڕوام پێ نەکردبێ، لەوانەشە لەو کاتەدا بڕوام پێ کردبێ! کێ چوزانێ، حاڵی حازر ژێوانم کە تاقیم نەکردەوە. ئاخر ئەنجیلۆس و فشەکردن؟ گەر دەمامکی خاکێتی و خۆنەویستی بەڕوخسارەوەبا، بەدووڕووم دادەنا، بەڵام ئەو ڕاستگۆترین مرۆڤی دونیا بوو. ڕۆژێکیان لەڕووداوێکدا کە لەسنووری جەفەنگ و پێکەنینی تێپەڕاند و ئاراستەیەکی خەتەرناک و ئاگرین و دێوانەیی وەرگرت، ئەوەم پێ سەلما.

پێکەوە لەخانوویەکی لادێی قەراخ زەریا کە بەدارسەوڵ گەمارۆ درابوو دەژیاین، پیاسەی دوورو درێژمان پێکەوە دەکرد، دانتی و تەورات و هۆمەرمان دەخوێندەوە، بەدەنگێکی دلێرانە شیعرەکانی خۆی بۆ دەخوێندمەوە. یەکەمین ڕۆژەکانی هاوڕێیەتیمان بوو، خەنی بووم بەوەی کەسێکم دۆزیبۆوە لەلووتکەی بەرزی ئاواتا نەبێ هەناسە نادات، پێکەوە دونیامان دەڕووخاند و سەرلەنوێ ڕۆماندەنایەوە، هەردووکمان دەمانزانی کە ڕۆح تاکە هێزی بێ بەرەنگارە، بەجیاوازی ئەوەوە کە ئەو تەنها سەبارەت بەڕۆحی خۆی وا بیری دەکردەوە و من هەموو ڕۆحی ئینسانم پێ بەوجۆرە بوو.

ئێوارەی درەنگانی ڕۆژێکیان هەر بەدەم پیاسەکردنەوە لەبەر دەرگای ماڵەوەدا ڕاوەستابووین و لەزەریامان دەنۆڕی. پۆستەچی گوند هات و نامەیەکی لەجانتاکەی دەرهێنا و دای بەدەست هاوڕێکەمەوە، پاشان سەری بردە بنا گوێی و بەترس و شڵەژانەوە گوتی: "بەستەیەکی گەورەشت بۆ هاتووە!"

بەڵام هاوڕێکەم گوێی لێ نەبوو، بەدەم خوێندنەوەی نامەکەوە ڕوخساری سوورهەڵگەڕا، پاشان نامەکەی دا بەمن و گوتی: "بیخوێنەوە!" نامەکەم وەرگرت و خوێندمەوە. نووسرابوو:

"بوزای چکۆڵەی ئازیزم! بەرگدرووەکەی هاوسێمان مرد، وا بۆت دەنێرم تکایە ڕۆحی بکەوە بەبەرا!" نامەکە ئیمزای ژنەکەی خۆی پێوەبوو.

ئانجیلۆس بەترسەوە سەیرێکی کردم و گوتی: "تۆ پێت وایە من.. بڵێی ئەستەم بێ؟"

بەشان هەڵتەکاندنەوە گوتم: "نازانم، بەڵام بەهەرحاڵ، بەڵێ زۆر ئەستەمە!"

پۆستەچییەکە پەلەی بوو، گوتی: "ئەدی چی لەو بەستە گەورەیە بکەم؟" هاوڕێکەم وەڵامی دایەوە: "بۆم بێنە!" ئاوڕی دایەوە و هەمدیس سەیری کردم، پێم وایە چاوەڕوانی ئەوەبوو ئافەرینی کەم، بەڵام من



زۆر حەپەسا بووم و هیچم پێ نەگوترا.

لەنێو بێدەنگیدا چاوەڕوانی بەستەکە بووین، خۆر خەریک بوو دادەچوو، ڕەنگێکی سووری تۆخ بەسەر زەریادا ڕاکشابوو، هاوڕێکەم بەدەم چاوەڕوانییەوە لێوی دەکرۆژت.

زۆری پێ نەچوو دوو پیاوی لادێیی دەرکەوتن، تابووتێکیان بەسەر شانەوە بوو کە کابرای بەرگدرووی تێدابوو. ئانجیلۆس زۆر جوامێرانە گوتی: "ئادەی بۆم بەرنە سەرەوە!" ڕوخسارە گەشەکەی ڕەش داگیرسابوو.

جارێکی تر ئاوڕی دایەوە و سەیری کردم و بەنیگەرانییەوە گوتی: "چ دەڵێی؟ بڵێی بتوانم؟ تۆ بڵێی ئەوەم لەدەست بێ؟" وەڵامیم دایەوە: "تۆ هەوڵی خۆت بدە، من دەچم پیاسەیەک دەکەم!"

درێژایی قەراخ زەریام گرتەبەر، بۆنی سەوڵ و زەریام هەڵدەمژت و بەخۆم دەگوت: "ئەلعان ساخ دەبێتەوە چما ئەو هاوڕێیەم فشەکەر و تەڵەکەبازە یاخود ڕۆحێکی چاو قایمە و دەبێ لەبەرامبەر وەدیهێنانی شتێکی مەحاڵدا چی لەدەست بێ؟ بڵێی هەوڵ بدا مردووەکە زیندوو بکاتەوە یاخود لەحەیوەت ئابڕووچوون وەک ڕێوییەکی فێڵباز دەخزێتە نێو جێگەکەی و خۆی دەکا بەنوستوو، ئەمشەو دەبینین!"

دڵم کەوتبووە تەپەتەپ، خێراتر هەنگاوم دەنا، لەوەی کە ڕۆحی هاوڕێکەم بەم شێوەیە لەبەرامبەرمدا کەوتبووە بەر ئەزموون و تاقیکردنەوەوە، موچوڕکەم پیادەهات. خۆر خۆی کێشابووە ژێر باڵی ئاسۆ و خوێندنی خەمین و ئارامی بایەقوشەکان لەنێو جەنگەڵی سەوڵەکانەوە سەری هەڵدا و دەهاتە گوێ، لووتکەی کێوە دوورەکان وردە وردە لەتاریکیدا بزر دەبوون.

بەئەنقەست درێژەم بەپیاسەکەم دا، ئاخر بیری گەڕانەوە بۆ ماڵەوە ئازاری دەدام، بەر لەهەر شتێ بوونی تەرمێک لەماڵەوە ئەشکەنجەی دەدام.

هیچ کاتێ نەمتوانیوە تەرمێک ببینم و موچوڕکەی ترس و بێزاری لەشم دانەگرێ، دوای ئەوەش حەزم دەکرد تا ئەو جێگەیەی پێم دەکرێ پەیبردن بەهەڵسوکەوتی هاوڕێکەم لەو لەحزە قەیراناوییەدا دواخەم.

کاتێ گەڕامەوە ماڵەوە، ژووری هاوڕێکەم کە لەنهۆمی سەرەوەی ژوورەکەی منەوە بوو، لەڕووناکیدا پرشنگی دەدا، چونکە ئیشتیهای نانخواردنم نەبوو، چوومە ناو جێگەکەم، بەڵام چما چۆن دەمتوانی بنووم!

بەدرێژایی شەو دەنگی نووزەو جیڕەجیڕی قەرەوێڵە لەگوێمدا دەزرنگایەوە، پاشان دەنگی تەپەی پێ بەدرێژایی و پانتایی ژوورەکە، هەمدیس نووزە و هاوارهاوار و جیڕە جیڕی قەرەوێڵە، ناوبەناو گوێم لێ بوو هاوڕێکەم هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەمژت و پەنجەرەکەی دەکردەوە، وەک بڵێی خەریک بێ بخنکێ و پێویستی بەهەوا بێ. تاریک و لێڵەی بەربەیان، لەشەکەتیی خۆمدا خەو بردمییەوە، کە وەئاگا بوومەوە و چوومە خوارەوە، کات درەنگی کردبوو، هاوڕێکەم لەسەر مێزەکە دانیشتبوو، بەبینینی ڕاچڵەکیم، ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، دەم و لێوی ڕەنگ خۆڵەمێشی، دەوری چاوانی شین هەڵگەڕاو. هیچم نەگوت، واق وڕماو لەلایەوە دانیشتم و چاوەڕوان بووم.

دواجار هاتە زوبان: "من هەولّی خۆم دا!" وەک ئەوەی بیەوێ دەرەتانێک بۆ خۆی بکاتەوە. گوتی: "لەبیرتە کە (ئەلیەشع) پێغەمبەر مردووەکەی زیندوو کردەوە(*)؟ لەسەر تەرمەکە ڕاکشا، دەمی لەنێو دەمی مردووەکە نا، بەهاوار هاوارەوە هەناسەی خۆی دەکرد بەسینگی مردووەکەدا، دەی منیش هەر وام کرد!"

بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، پاشان درێژەی بەقسەکانی دا: "بەدرێژایی شەو، بەدرێژایی شەو، بەلاّم بێهوودە بوو!"

بەسەرسوڕمان و ستایشەوە لەهاوڕێکەم ڕوانی، هەر بەڕاستی ئەو پێی نابووە گۆڕەپانی جەفەنگەوە، بەلاّم لەوەش بەرزەفڕتر و گەیشتبووە هەرێمی دێوانەیی، ئێستایش لاواز و لەپێکەوتوو، گەڕابۆوە و لەپالّما دانیشتبوو.

لە جێی خۆی هەستا و چوو بۆ لای دەرگاکە، بەدەم سڕینی ئارەقەی نێوچەوانییەوە کە وەک دەنکە مرواری لەسەر تەختی تەوێلّی زەنگۆلّەی بەستبوو، چاوانی لەزەریا بڕیبوو.

ڕووی کردە من و گوتی: "ئێستا دەبێ چ بکەین؟"

وەلاّمم دایەوە: "بەقەشەی گوند ڕاگەیەنە تا بێت بەخاکی بسپێرن، خۆیشمان دەچین بۆ قەراخ زەریا پیاسەیەک دەکەین!"

دەستم- هەر چەندە کە دەلەرزی- نایە سەرشانی، کەوش و گۆرەوییەکانمان داکەند و بەدرێژایی قەراخ ئاوەکە خۆمان دا بەدەم زەریاوە و ئاهێکمان تێ هاتەوە، هەرچەندە ئەو هیچی نەگوت، بەلاّم من هەستم دەکرد فێنکایی ئاوەکە و نەوازشی شەپۆلّەکان کولّ و کۆیان دادەمرکاند.

دواجار، ورتەیەکی لێوەهات و گوتی: "شەرم دەکەم، کەواتە ڕۆح قادیری ڕەها نییە؟"

وەلاّمیم دایەوە: "هێشتا نا، بەلاّم دەبێتە قادیری ڕەها، تۆ بۆ گەیشتن بەئاواتی ئەوپەڕی سنوورەکانی مرۆڤایەتی، کارێکی زۆر سەرکێشانەت لێوەشایەوە. ددانان بەبێ ترس و نائومێدیی بەم سنوورانەشا هەر کارێکی سەرکێشانەیە. ئێمە بڕیارمان داوە بەسەر دیوارەکان بڕووخێنین، بێگومان گەلێ سەر لەم ڕێگەیەدا دەشکێن، بەلاّم ڕۆژێک دێ دیوارەکان داڕمێن."

خڕە بەردێکی هەلّگرت و فڕێی دایە نێو زەریا و گوتی: "ئەو سەرەی دیوارەکان دەڕووخێنێ، دەبێ سەری من بێ! چونکە ئەمە ویست و خواستی منە!" ئەوجا بەنەڕەنەڕەوە درێژەی بەقسەکانی دا: "تەنها سەری من، نە سەری هیچ کەسێکی تر!" پێی پێکەنیم، ئەم (هی من، هی من) و (من، من) کردنانە ببووە زیندانی ئەو برادەرە، ببووە چالّە قوولّکەیەکی بێ دەرگا و بێ پەنجەرە. بەدەم هەولّدان بۆ هێورکردنەوەیەوە پرسیم: "دەزانیت بەرزترین لووتکەیەک کە ئینسان بتوانێ بیگاتێ چییە؟ زالّبوونە بەسەر خۆدا، زالّبوونە بەسەر (من)دا، ئانجیلۆس بەگەیشتن بەو لووتکەیەیە کە ڕزگار دەبێن!"

هیچی نەگوت، بەلاّم هەروەک شێت بەپاژنەپێ دەیکوتا بەسەر شەپۆلّەکاندا.

(*) کتێبی ئەهدی ئەتیق، دەروازەی چوارەم، کتێبی دووەم، پادشایان.



فەزای نێوانمان سیخناخ بوو.

گوتی: "وا باشترە بگەڕێینەوە، من ماندوو بووم!"

ماندوو نەبوو، بەلّکو تووڕە بوو.

لەگەڕانەوەدا کەسمان لەگەلّ ئەوی دیمان نەدوا، بەپەلە ڕێگەمان دەبڕی، شنەبایەک هەلّی کردبوو، زەریا دەینالاّند، هەواش شێدار و سوێر.

لە گەڕانەوەدا بۆ مالّەوە، هەولّم دا ئەو ڕووداوە نامۆبارەکە ئەفسووناوی کەم، بەرەو کتێبخانە گەورەکەی ئەو هاوڕێیە ڕۆیشتم و گوتم: "چاو دەنووقێنم و کتێبێک هەلّدەگرم، هەرچی کتێب بیلّێ بەقسەی دەکەین!"

هاوڕێکەم بەتووڕەییەوە گوتی: "کتێب چیمان پێ دەلّێ؟"

- "پێمان دەلّێ بەیانی چ بکەین!"

چاوم نووقاند و بەپەلەکوتێ کتێبێکم هەلّگرت، وی کتێبەکەی لێ ڕفاندم و کردییەوە، ئەلبومێکی گەورەی پڕ لەوێنە بوو: دەیر، قەشەگەل، منارەی کلّێسا، سنۆبەر، هۆدەی سەر گابەردەکانی قەراخ هەلّدێرەکان و زەریای کەفچڕێن لەخوارەوە.

هاوارم لێ هەستا: "کێوی ئاتووس!"

ڕوخساری هاوڕێکەم گەشایەوە و هاواری کرد: "ڕێک هەمان ئەو شتەی من دەمخواست، سالّەهای سالّە ئەوەم دەوێ، یەلّلا با بڕۆین." ئامێزی بۆ گرتمەوە و توند لەباوەشی گرتم و بەخۆیەوە گوشیمی. پرسی: "ئامادەیت؟ پێت چۆنە پۆستالّە قەبەکانمان لەپێ کەین، ئەی مەگەر ئێمە دێو نین؟ با، ئێمە دێوین. کەواتە وەرە، با ئەو پۆستالاّنە لەپێ کەین و بەوانەوە پێ بنێینە سەر کێوی پیرۆز!"

***

باران دەباری، لووتکەی ئاتووس لەودیو تەمتومانێکی چڕەوە خۆی حەشاردابوو، زەریاش ئارام و لێلّ، لەنێوان دار بەڕووەکانا کە بەهۆی بارانەوە ڕەش دەچوونەوە، کلّێسایەکی سپی دەدرەوشایەوە، ئاسمان تا سەر پەلکی درەختەکان نزم ببۆوە، باران بەردەوام و ئارام دەباری، لەو بارانە بوو کە عەردی تێر ئاو دەکرد. پێنج شەش قەشە کە لەبارانا خوسابوون، وەک دار سنۆبەر لە لەنگەرگەکە ڕاوەستابوون.

لە بەلەمێکا کە ئێمەی بۆ بەندەری دافنە، بەندەرە چکۆلّەکەی کێوی پیرۆز دەبرد، دوو ڕاهیب لەتەنیشتمانەوە دانیشتبوون و قسانیان دەکرد، گەنجەکەیان ڕیشێکی تەنکی هەبوو، هەمبانەیەکی قورسی بەسەر شانیدا دابوو، دەیگوت: "لەگەلّ بیستنی سرووودی ئەودا، دونیات لەبیر دەچێتەوە، نەغمەی ئەو سرووده لەدایک و باب شیرینترە!"

ئەوی کەیان گوتی: "بەمن دەلّێی؟ ئێمە لەکلّێساکەمانا مەلێکی (توکایی)(*)مان هەیە کە بەسروودی

(*) توکا Toukan بالّندەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و خاوەن دەنووکێکی درێژ و پان، لەناوچە گەرمەسێرییەکانی ئەمریکا دەژی.

(ئەی پەروەردگار، لەبەردەم بارەگاکەتا گریام ) و سروودی (مەسیح هەستاوەتەوە) دەتخاتە سەرەگێژە، بەباوە توکا بانگی دەکەین، لەگەڵمانا دێتە کڵێسا و هەموو ڕۆژەکانی پارێزیش بەڕۆژوو دەبێ!"

- "باوە لاڤرێندیۆس، کەواتە ئەو مەلە نابێ مەلی توکا بێ،

نا... ئەوە مەلی توکا نییە!"

پێمان نایە خاکی پیرۆزەوە، ئەو ڕەهبانگەلەی لەبەندەر وەستابوون، بەچاوانێکی تیژەوە هەڵیان دەسەنگاندین، نەبا ژنێک بەپۆشاکی پیاوانەوە لەنێو موسافیرەکانا خۆی حەشاردابێ، لەهەزار ساڵ لەمەوبەرەوە، لەوکاتەوەی کێوی پیرۆز وەقفی مەریەمی پاکیزە کرابوو، هیچ ژنێک بۆی نەبوو پێ بنێتە سەر ئەم خاکە پیرۆزە، هەناسەی ژنان هەوای ئێرەی ئالوودە نەکردبوو، تەنانەت دوور لەهەناسەی ئاژەڵی مێیینەشەوە بوو، ئاژەڵی وەک مەڕ، بزن، مریشک و پشیلە.

دوو ڕاهیبی هاوڕێمان کە وەکی دوو هێستری بارکراو بەدوامانەوە بوون، هەنگاوەکانیان خێراترکرد تا بەئێمە بگەنەوە.

ڕاهیبە گەنجەکەیان بەبزەوە پرسی: "بۆ تەواف دەچن؟ سۆزی مەریەمی پاکیزە یار و یاوەرتان بێ!"

قەلەندەران شێت و شەیدای ئاخافتنن، ئەو جووتە بەگەرمی باسی موجیزە، باسی شمەکە پیرۆزەکان، باسی ئەو پیاوچاکانەیان دەکرد کە بەلێواری گاشە بەردەکانەوە دەستی پاڕانەوەیان بۆ ئاسمان هەڵبڕیوە.

گەنجەکەیان گوتی: "تا ئەو ڕۆژەی ئەمانە دەستی نزایان ڕووەو ئاسمان بێ، لەڕووخانی دونیا مەترسن. ئەوانە ئەم دونیایەیان ڕاگرتووە و لەڕووخان دەیپارێزن!"

پرسیم: "ئەرێ ڕاستە تا ئێستا هیچ ژنێک نەیتوانیوە پێ بنێتە ئەم خاکەوە؟"

ڕاهیبە پیرەکە بەدەم هەڵدانی تفێکەوە ڕووەو ئاسمان، بەپرتەپرتەوە گوتی: "شەیتان دوور کەۆ!"

پاشان گوتی: "هەرگیز، هەرگیز! ناو بەناو ئەگەر ژنێکی فێڵباز لەپۆشاکی پیاوانەدا بتوانێ تا بەندەریش بێ، ئەوا ئەو پێنج شەش ڕاهیبە ئێشکچییە، خێرا پێی دەزانن و دەیگەڕێننەوە دوا."

هاوڕێکەم بەپێکەنینەوە گوتی: "باشە چۆن دەزانن ئەوانە ژنن؟"

ڕاهیبە گەنجەکە وەڵامی دایەوە: "بەبۆنەکەیاندا، لەم باوەیە بپرسە، کاتی خۆی ئەمیش ئێشکچی بووە!"

هاوڕێکەم ڕووی کردەوە ڕاهیبی پیر و گوتی: "بابی پیرۆز، مەگەر بۆنی ژن جیاوازی هەیە؟ ئەرێ بۆنیان چۆنە؟"

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە: "وەک بۆنی کەلاکی گەنیو!" وایگوت و هەنگاوەکانی خێراترکرد.

باران خەریک بوو خۆشی دەکردەوە، بێگومان (با)یەک لەبەرزاییەکاندا هەڵی کردبوو، هەورەکانی ڕاونابوو، خۆر وەدیارکەوت، کوتوپڕ عەرد کە هێشتا فرمێسک لەچاوانیدا قەتیس مابوو، زەردەخەنەیەک لەسەر لێوی نەخشی و پەلکە زێڕینەیەکی کەمڕەنگ لەگەڵ خۆرەکەدا بەئاسماندا شۆڕبۆوە و پەیمانی برایەتیی نێوان ئاسمان و عەردی بەباران خوساوی مەحکەمتر کرد.



جووتە ڕاهیب بەدەم خاچ لەسەر سینگ کێشانەوە، بەسەرسوڕمانەوە گوتیان: "پشتێنەی مەریەمی پاکیزە!" بەپاڵپشتی گۆچانە لەداربەڕوو دروستکراوەکانمان، بەکۆڵ و باری سەر شانمانەوە، بەجادەیەکی بەردڕێژ کراودا کە بەرەو (کاریاس) دەچوو، سەرکەوتین و لەتەواوی ڕێگەدا بەنێو جەنگەڵێکی ئاخنراو لەداری نیوە گەڵا وەریوی بەڕوو و بستە و دارچناری گەڵێ پاندا تێپەڕین. هەوا بۆنی بخووری دەدا، یا ئێمە لامان وابوو، وامان هەست دەکرد واین لەنێو کڵێسایەکی گەورەدا کە لەزەریا و کوێستان و جەنگەڵی داربەڕوو پێکهاتووە و لەبری گومەزیش ئاسمانی بۆ کراوە بەمیچ.

ڕووم کردە هاوڕێکەم و دەمویست ئەو بێدەنگییە قورسەی بەسەر شانمەوە هەستم پێ دەکرد بشکێنم.

پێشنیارم کرد: "ئەرێ بۆ تۆزێ نەدوێین؟"

ئەویش بەئارامی دای بەسەر شانما و گوتی: "قسان دەکەین، بەڵام بەبێدەنگی، بەزوبانی فریشتەکان!"

پاشان کوتوپڕ وەک شیر هەڵچوو. گوتی: "دەتەوێ قسەی چ بکەین؟ کە جوانە؟ دڵمان باڵی دەرکردووە و حەزدەکا بفڕێ، ئەو ڕێگەیەی گرتوومانەتە بەر دەچێتەوە سەر بەهەشت؟ هەمیشە قسە.. قسە.. قسە، دە بەسە بێدەنگ بە!"

جووتێ مەلی توکا لەسەر دارگوێزێک دەرپەڕین و هەڵفڕین، چڵە تەڕەکان لەرینەوە و چەند دڵۆپێ باران بەڕوخسارمدا پڕژا.

ڕاهیبی پیر گوتی: "دونیای مەلەکانیش ڕاهیبی تایبەتی خۆیان هەیە، توکاکان ئەو ڕاهیبانەن، کێوی پیرۆز پڕێتی لەتوکا."

ڕاهیبە گەنجەکە پرسی: "باوکە لاڤرێندیۆس ئەی ئەستێرەکان چی؟ ئەوانیش ڕاهیبی تایبەت بەخۆیان هەیە؟"

- "براکەم، هەموو ئەم ئەستێرانە ڕۆژێک لەڕۆژان ڕاهیب بوون، ئا لێرە، لەسەر ئەم عەردە لەگەڵ ئاینی مەسیحدا پەیمانیان بەستووە، پاشان شەهید بوون و چوونەتە ناو سینگی ئیبراهیمەوە، بەس بۆ ئەوەی بیرت بکەوێتەوە پێت دەڵێم ئاسمان سینگی ئیبراهیمە!"

لە هەمان کاتدا کە گوێم بۆ قسەی ئەو جووتە ڕادێرابوو، ستایشی ڕۆحی ئینسانم دەکرد، هەر ئەو هێزەی کە بەهەموو تواناى خۆیەوە توانیویەتی هەموو شتێ ئاڵوگۆڕ پێ بکا و باڵی سیحراوی خۆی بکێشێ بەسەریدا. ئیمانداران ئاسمان و عەردیان هان داوە تاکو بەدەوری ئەستێرەیەکی سەرەکی و هەمیشەیی - واتە مەسیح- تاقە مرۆڤی نەگۆڕدا بگەڕێن و لەخزمەتیدا بن.

بۆ ئەوانە مەسیح مەزنترین وەڵامە، هەموو شتێک دەردەکەوێ، ڕووناک دەبێتەوە و دێتە ژێر ڕکێفی یاسا و ئیدی ڕۆح دەحەوێتەوە، تەنها کافران پرسیار دەکەن، ئەوانەی کە دەجەنگن، ڕێ ون دەکەن و دەکەونە نێو چاڵەقوڵکەی ناهومێدییەوە.

بەڵام چەند ڕۆژ دوای گەیشتنمان بەکێوی پیرۆز، زاهیدێکی شێتۆکە شتێکی گوت سەرم سوڕما، بەشێوە شێتییەکی سەرخۆشانە لەئەشکەوتێکدا دەژیا کە بەسەر زەریادا دەیڕوانی.

حەزم کرد تۆزێ سەربکەمە سەری، پێم گوت: "فەقیر، وا دیارە ئەقڵت لەدەست داوە!"

پێکەنی و لەوەڵامدا گوتی: "ڕاستە من ئەقڵم لەدەست داوە، بەڵام لەبەرامبەردا خواوەندم بەدەست هێناوە، یان وا باشترە بڵێم بەفلسێکی قەڵب و بێ بەها بەهەشتم کڕیوە، تۆیش پێت وانییە کارێکی باشم کردبێ؟"

پاش کەمێ بێدەنگی گوتی: "بەس بۆ ئاگاداریت، با شتێکی تریش بڵێم، پادشایەک هەبوو لەئەندەروونە(*)کەیدا سێسەد و شەست و پێنج ژنی هەبوو، خۆیشی قۆز و حەزی بەخواردن و ڕابواردن بوو، ڕۆژێکیان چوو بۆ کڵێسایەک و زاهیدێکی بینی، بەبەزەییەوە پێی گوت: (چ خۆبەخشییەکی گەورەت نواندووە!) زاهید وەڵامی دایەوە: (خۆ بەخشیی تۆ گەورەترە!)

– (چۆن؟)

– (چونکە من وازم لەدونیای فانیی هێناوە، کەچی تۆ وازت لەدونیای نەمریی هێناوە!)"

لە شوێنێکەوە، لەپشت داربەڕووەکانەوە زەنگیان لێدا و نوێژی شێوانیان ڕاگەیاند، لەکاتێکدا کە لەکەلێک ئاودیو بووین، ئاوایی ڕاهیبەکانمان لێ وەدەرکەوت، هەنگاوەمان خێراترکرد، لەبەقاڵ و سەوزەفرۆش و چێشتلێنەرەوە بیگرە تا چەرچی و کەناس، هەر هەموویان ڕاهیب بوون. گوندێکی ناخۆش و خەمبار کە بونیادەم دڵی تێدا دەتەقی، بێ ژن، بێ مناڵ، بێ پێکەنین، هیچی تێدا نەبوو جگە لەڕیشی ڕەش، بۆر، قاوەیی، وەک بەفر سپی، هەندێک نووک تیژ، هەندێک ڕیشاڵ ڕیشاڵ وەک پەلکی گسک، هەندێک پڕو چڕ، لوول و تێکئاڵاو، وەک کەلەرمێکی پتەو و ساخ.

چووینە (پرۆتاتۆن)، جێگەی کارگێڕانی بیست دەیری ئەو ناوچەیە. ئەوانەی ئەوێ لەسەر تەختی دەسەڵاتدارێتی خۆیانەوە بەچاوێکی ئازاردەرانە و گوماناوییەوە، زیت زیت سەیریان دەکردین، خۆمان ناساند: "دوو مەسیحیی لەخواترس کە خولیای حەقیقەتین و بۆ عیبادەت هاتووین، بەر لەچەشتنی ئازاری دونیا، بەر لەزەماوەند، بۆ باغی پاکیزە هاتووین تا عینایەتی خۆیمان پێ عەتا بفەرموێ و ڕێنوێنمان بێ، ئێمە موحتاجین و بەئومێدی عینایەتی ئەوەوە هاتووین!"

هاوڕێکەم کە بەدەنگێکی لەخۆبایی و هەستێکی بەرزی شاعیرانە دەدوا، سات بەسات زیاتر ئاگری دەگرت. ڕاهیبەکان بەدەمی داپچڕاوەوە گوێیان بۆی ڕادێرابوو، هەندێکیشیان ڕیشی خۆیان هەڵدەگلۆفت، هەرچی هاوڕێکەم زیاتر دەئاخڤی، زیاتر لەمەبەستی تێدەگەیشتم و باشتر لەهۆی سەرەکی هاتنمان بۆ کێوی پیرۆز حاڵی دەبووم. هەڵبەت هاوڕێکەشم لەو مانایە نەگەیشتبوو، بەڵکو لەکاتی ئاخافتندا پەی بەوە دەبرد.

ڕاهیبەکان سەریان بردە بنا گوێی یەکتر و کەوتنە سرتە سرت، پاشان هەموو پێکەوە هەستان و مۆڵەتنامەیەکیان پێ داین کە بەهۆیەوە بۆمان هەبوو سەردانی تەواوی سەومەعە و خەڵوەتگاکان بکەین و تیایاندا بپارێینەوە، تا ئەو دەمەی مەریەمی پاکیزە بەزەیی پێماندا دێتەوە و بەئاماژەیەک تێمان دەگەیەنێ کە نیازەکەمان هاتۆتە دی و بۆمان هەیە لەوێ بمێنینەوە.

(*) ئەندەروون: حەرەمسەرا.



سەفەرەکەمان دەستی پێ کرد، سەرمەست و خۆشحاڵ لەم سەومەعەوە بۆ ئەو سەومەعە و لەموجیزەیەکەوە بۆ موجیزەیەکی تر دەچووین، وەک ئیماندارانی دێرین بەدەنگێکی وەک بڵمە بڵم سەبارەت بەخواوەند و چارەنووسی ئینسان و ئەرکی تایبەتی خۆمان دەدواین. من دەفتەرێکی یاداشتم پێ بوو، هەموو ڕۆژێ ئێواران ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەم تێدا دەنووسی، حاڵی حازر دوای چل ساڵ، زەمەن لاپەڕەکانی زەرد هەڵگەڕاندووە، بەڵام کاتێ ئەو لاپەڕانە هەڵدەدەمەوە، ئەو ڕۆژگارە مەلەکوتییانەم لەلا تازە دەبنەوە کە ناچنە ئەقڵەوە، هەر وشەیەک، تەنانەت بێ بایەخترین وشەش دیسان ئاوری حەز و ئاوات لەناخمدا هەڵدەگیرسێنێتەوە، دڵەڕاوکێکانی تافی لاویم دەبووژێنێتەوە، هەروەها ئەو نەخشە دێوانەیی ئامێزانەش کە من و هاوڕێکەم بۆ ڕزگارکردنی ڕۆحمان دامانڕشتبوو، هەموو ئەو سەرکێشییانە و نەجابەت و ڕەسەنایەتی پاکیژەیی جحێڵی.

## سەومەعەی ئیڤیرۆن Iviron

### نۆزدەهەمی نۆفەمبەر

بەیانیان پیاسە لەقەراخ زەریا، کانییەکی چکۆڵەی ئاوی پیرۆز و نوێژخانەیەکی بچووکیش لەتەنیشتیدا، بەوێنەیەکی مەریەمی پاکیزەوە کە خوێن بەگۆناکانیا دێتە خوار، لەنوێژخانەکەدا وێنەی دوو ڕاهیبی ماسیگر لەکاتی تۆڕ دەرکێشانا، ماسییەکانی ناو تۆڕەکەش لەسەما و هەڵبەزینەوەدا.

گەڕانەوە بۆ سەومەعە، حەزرەتی خاتوونی دەروازە(*)، وای چ موجیزەیەک بوو! وای لەو چاوە درشت و خەمینانەی! دەمی چرچ و لۆچ و گردوکۆ، چەناگە پتەو، شادومانیی، خەم. هەموو چێژ و ئازاری مرۆڤایەتی.

شەوانە چ ساتێکی مەلەکوتییە کاتێ لەزەریا دەنۆڕین. زەریا لەناو سپێتیدا شەپۆڵدەدا و هەناسەی سارد هەڵدەکێشێ، مانگێکی گەورەشی بەژوور سەرەوەیە، هاوڕێکەم دەڵێ، ئەمشەو مانگ ئەوپەڕی پیاوەتی دەنوێنێ، ئاخر ئەبەدییەتی ڕووناک کردۆتەوە.

پاڵمان بەیەکەوە دابوو، ئارام پێکەوە دەدواین، دەمانگوت پێویستە بڕیارێکی شۆڕشگێڕانە بدەین، پێویستە لەهەر ساتەوەختێکا ئەبەدییەت تەجروبەکەین.

بەهەر لایەکدا دەڕۆیشتین، ڕاهیبێکی ڕەنگپەڕیو، بێدەنگ بەشوێنمانەوە بوو، مەخلووقێکی نەخۆش بوو، دەکۆکی، تفی دەکردەوە و بەردەوام خۆی دەخوراند، بەڵام لەخۆشحاڵییا سیمای پرشنگی دەدا.

هاوڕێکەم گوتی: "لەوانەیە شێت بێ!"

من گوتم: "لەوانەیە قەدیس بێ، ئەی نابینی چۆن ڕوخساری ڕووناک بۆتەوە؟ هەر دەڵێی خۆر بەسەریدا پرشنگ دەدا!"

(*) The portaisissa.

جارێکیان ڕاوەستاین تا ئەویشمان پێ گەیشتەوە، گوتی: "من پاپا لاڤرێندۆسم، ئەو پیاوە حەپ و حۆلەی کە لەوانەیە هەندێ شتتان لەبارەیەوە بیستبێ!"

هاوڕێکەم گوتی: "تۆ مرۆڤێکی بەختەوەریت، چونکە هەر لەم دونیایەدا چوویتەتە بەهەشت، ئەها چۆن سیمات دەدرەوشێتەوە!"

ڕاهیب خاچێکی کێشا و گوتی: "سوپاس بۆ خودا، ئەوەی خەڵک بەحەماقەتی دەزانن، من بەبەهەشتم داناوە، بەڵام لەکاتی کردنەوەی دەرگاکەدا تووشی چەرمەسەری بووم!"

– "کام دەرگا ؟"

– "هێی براله، دەرگای بەهەشت. سەرەتا کە هاتمە ئەم سەومەعەیە هەڵلەرزیم، لەترسا گریام، بەخەیاڵی بەهەشتەوە دەگریام، بەخەیاڵی دۆزەخەوە دەگریام، بەڵام ڕۆژێکیان کە لەخەو هەستام بەخۆم گوت: (ئەرێ من بۆ بگریم؟ مەگەر خواوەند باوکی ئێمە نییە؟ مەگەر ئێمە ڕۆڵەی وی نین؟ دەی باشە، ئیتر بۆ دەبێ بترسم؟) ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە بەگێلە پیاوم ناو دەبەن!"

لەتێ نانە ڕەقەی لەگیرفانی کراسەکەی دەرهێنا، نانەکەی دا بەئێمە و گوتی: "ئەمە نانی فریشتەکانە، ها منالێنە بیخۆن، بیخۆن، بەشکەم ئێوەش باڵ دەرکەن!"

## سەومەعەی ستاڤرۆنیکیتا Stavonikita

### بیست و یەکەمی نۆڤەمبەر

ئەو سەومەعەیە زۆر لەئاستی زەریا بەرزترە، دەرگاوانێکی پیری هەیە خەڵکی (کریت)ە.

دەستی گرتم و گوتی: "پێم بڵێ بزانم تۆ کێیت؟"

" –کریتییەک!"

" –وەرە ژوورەوە."

لە یەکێک لەحوجرەکانا چەند گەنجێکی تازە پێگەیشتوو خەریکی فێربوونی مۆسیکی بێزانسی بوون. لەسەر قەڵای سەومەعەکەوە کە سەیری زەریات دەکرد وەک کەوانێکی گەورە و مەزن دەینواند، کەوانێکی زۆر زل و گەورە کە لەڕادەبەدەر کشابوو.

هەر لەو سەومەعەیەدا، تۆزێک ئەولاتر، سەری دوانزە ساڵەیی مەسیح، تژیی لەلێک حاڵیبوون و شکۆی مەلەکوتی. بێ پەروا، بەنێوچەوانی هەڵایساو، سینگێکی گۆشتن و سپی، چاوانی قووڵ و ڕاماو. وی کوڕە شایستەکەی (خاتوونی دەروازە بوو.)

لەگەڵ دەرکەوانە کریتییەکەدا کەوتمە وتووێژ.

– "چۆن بوو بوویتە ڕاهیب؟"

– "ڕۆژێکیان پوورم کتێبی پیرۆزی بۆ دەخوێندمەوە و گوتی: دونیا بێ بایەخە."

نابێ پاپا فیلیمۆنیش لەبیرکەم، لەسەر سفرەکە میوانداری دەکردین، باڵای باریک وەک شمشێری



دیمەشقی، وەک فریشتە نوور لەجەستەیەوە هەڵدەسا، حەزی لەمیوانداری و پێشوازیکردنی خەڵکی بوو، هێند حەزی بەوەبوو کە ئیدی نەیدەتوانی خۆشحاڵییەکەی بشارێتەوە و هەمیشە بزە لەسەر لێوی بوو، لێم پرسی: "کەنگێ نۆرەی من دێ خواوەند ببینم؟"

وەڵامی دایەوە: "زۆر هاسانە، چاوانت هەڵبڕە، دەیبینی!"

## سەومەعەی پانتۆکراتۆرۆس Pantocratoros

بەر لەتاریک و لێڵەی بەیان نەغمەیەکی سیحراوی لەحەوشی سەومەعەکەوە دەهاتە گوێ، نەغمەیەکی زۆر نەرم و نیان، بەرەو پەنجەرەکە ڕام کرد، لەو بوومەلێڵی بەربەیانەدا ڕاهیبێکم بینی چارشێوێکی درێژ و ڕەشی بەسەریدا دابوو، بەچەکوشێکی بچووک دەیکێشا بەسەر دارئامێر(*)ێکدا و ئەم ئاوازە خۆشەی دەخولقاند، هێورهێور بەدەوری حەوشەکەدا دەگەڕا، لەهۆدەیەکەوە دەچوو بۆ هۆدەیەکی تر تا برادەرەکانی بۆ نوێژی بەیانی خەبەرکاتەوە.

هاوڕێکەشم کە خەبەری ببۆوە، هاتە تەنیشت من و لەبەر پەنجەرەکەدا ئانیشکی دادا، بەجووتە ئەفسوون ببووین، گوێمان بۆ ئاوازی ئەو ئامێرە سەنج ئاسایە ڕادێرا بوو. کە ئاوازەکە تەواو بوو، خۆمان گۆڕی و بەرەو نوێژخانەکە چووین، تەواوێک تاریکی باڵی کێشابوو، تەنیا دوو چرای پیوسۆز بەردەم وێنەکانی مەسیح و مەریەمی پاکیژەی ڕووناک دەکردەوە، هەوا تژی بوو بەبۆنی مێو و بخووری گوڵەباخ.

وێردی بەرەبەیان نەرم و ئارام وەک خشەی گەڵای دار و هەناسەی زەریا دەستی پێ کرد، عابید بەمۆمێکەوە هەموو هۆدەکانی بەسەر کردەوە تا دڵنیابێ لەوەی هەموو برادەران هاتوون، پاشان ئاوی پیرۆزی بەنێوچەوانی ڕاهیبەکاندا پرژاند، دوای تەواوبوونی ڕێوڕەسمەکە، من و هاوڕێکەم سەبارەت بەژیانی ئەم سەومەعەیە سەری قسەمان دامەزراند. چ نەغمەیەکی مەزنی هەبوو، سەدەفێکی شاراوە بوو، بەرهەمی چەندەها بەری پشتاوپشت، بەڵام ئەلعان لەم بوخچەیەدا سەدەفێک کە ئەم مروارییەی هێنابووە بوون و ڕازاندبوویەوە خۆی مردبوو، پێکەوە سوێندمان خوارد ڕێوڕەسمێکی نوێ ببەخشین بەئایینی خواوەند و خوداپەرستی، جارێکی تر گیانی خولقاندنی بەبەردا بکەین، ئاخر ئێمە هەر بۆ ئەم مەبەستە هاتبووین بۆ کێوی پیرۆز."

## سەومەعەی ڤاتۆپێدی

لەبەرەبەیانێکی پڕ لەڕەحمەت و ئەڤینی خوداییدا، لەبەرەبەیانێکی ئاسمانیدا، گەیشتینە ئەم سەومەعەیە، دەتگوت پێنجەمین ڕۆژی خولقاندنە و هێشتا خودا ئادەمی دروست نەکردووە تا دەستکردەکانی زایەکا، خۆرهەڵات هێدی هێدی وەک گوڵەباخ دەپشکوت، هەورە سارۆفیمەکان گوڵئاسا

(*) Semantron ئامێرێکە لەئاسن یاخود تەختە کە لەسەردەمی ئیمپراتۆرانی ڕۆمی لەکڵێسا ئەرتەدۆکسییەکاندا لەبری ناقوس بەکارهێنراوە.

وەک فریشتەی منالْ لەودیو ئاسۆوە دەردەکەوتن و وردە وردە گەورە دەبوونەوە و وا پێدەچوو خەریکی نیشتنەوە بن لەسەر عەرد. مەلێکی توکا لەچەقی ڕێگەدا نیشتبۆوە و لەئێمەی دەنۆڕی، هێشتا شەونم بەباڵەکانییەوە دەبینرا، بەڵام دەتگوت مەلی توکا نییە، بەڵکو ڕۆحێکی میهرەبانە کە ئێمە بناسێ، نە لێمان ترسا و نە لەسەر ڕێگەکەشمان لاچوو. بایەقوشێکی وردیلە لەسەر تاشە بەردێک هەڵکورمابوو، ڕووناکییەکە سەرسامی کردبوو، کشومات لەجێی خۆی نەدەبزووت و چاوەڕێی داهاتنی تاریکی دەکرد.

ئێمە نەدەدواین، هەردووک هەستمان دەکرد دەنگی ئادەمیزاد هەر چەندە ناسک و چپە ئامێزیش بێ، لێرە دەنگدانەوەیەکی ناخۆش و نالەباری هەیە و ئەو پەردە سیحراوییە دەدڕێنێ کە ئێمەی لەئامێز گرتووە، لەگەڵ ڕۆیشتن و لادانی پەلکە شۆڕەکانی سنۆبەردا، دڵۆپی شەونمی بەرەبەیان لەدەست و ڕوخسارمان دەپرژا.

لە خۆشحاڵیدا خەنی ببووم، ڕووم کردە هاوڕێکەم و دەمویست پێی بڵێم: "هەر بەڕاست، کە جوانە!" بەڵام نەموێرا، دەمزانی هەر کە بێمە گۆ ئەو تەلیسمە دەشکێ.

لەبیرمە ڕۆژێکیان لای ئێوارە لەتایەژتوس ڕێوییەکم دیت، ملی نابوو بەلارەوە و خەرامان خەرامان دەڕۆیی، کلکە تووکنەکەی قیت ڕاگرتبوو، سێبەرە درێژ و ئەرخەوانییەکەی دەکەوتە سەر بەردەکان، متەقم لەخۆ بڕی نەبا هەستم پێ بکا و بڕەوێتەوە، بەڵام نەمتوانی بەر لەخۆشحاڵبوونم بگرم و بەئاستەم نووزەیەکم لێوە هات، ڕێوی گوێی لێم بوو، تێی تەقاند و بزربوو، بەرلەوەی بزانم لەکوێوە بۆی دەرچووە، بۆم دەرکەوت شادومانیش هەمیشە لەژیانی مرۆڤدا ئاوهاییە.

لەپڕ دەنگی گفتوگۆ و پێکەنین هات، سەرەنجام گەیشتینە دەیرەکە، دوو ڕاهیبی چاک لەوەڕاو لەبەردەم دەرگای دەرەوە لەسەر گاشە بەردێک دانیشتبوون و سەریان دەخستە سەر دەرگاوانەکە.

هەروەک مارمان بینیبێ، لەجێی خۆماندا وشک بووین، هاوڕێکەم سەیری کردم، سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی: "لەخەون و خەیاڵ زیاتر چ شتێکی تر نەبوو، بۆ ساتێک وام دەزانی چ ئادەمیزادێک بوونی نییە!"

وەڵامیم دایەوە: "بەهەشتی ڕاستەقینە بوو، لەبری ژن و پیاو، دوو هاوڕێ لەژێر درەختەکانی خواوەندا پیاسەیان دەکرد و ئیدی سەیرکە ئەلعان لەبەهەشت دەرکراین، ئەویش نەک وەک فریشتەیەکی شمشێر بەدەست، بەڵکو وەک مرۆڤێکی چەکدار بەچەکی دەنگ!"

ڕاهیبەکان لەگەڵ ڕابواردندا بەدەرگاوانەکە، هەرا هەرایان دەهات، وەخت بوو لەپێکەنینا ژانیان دەکرد، بەڵام هەر کە ئێمەیان دیت، بێ دەنگ بوون. هەستان و دەستێکیان لەسەر زگ و دەستەکەی تریشیان بۆ ماچکردن بۆ لای ئێمە ڕاگرت.

گوتیان: "بەخێر بێن، خودا لێتان خۆش بێ!"

هاوڕێکەم کە سەیری ورگی زل و ڕوومەتە سوور هەڵگەڕاوەکانیانی کرد، گوتی: "باوکە پیرۆزەکان، پێدەچێ بۆ خۆتان خۆش ڕابوێرن!" ئاخر لەداخی ئەوەی کە لەو بەهەشتەیان دەرکردبووین، لێیان نەدەبوورا.

ڕاهیبێک کە ڕیشێکی بۆری هەبوو، هەڵی دایە و گوتی: "ئێمە چاوپۆشیمان لەم دونیا درۆیینە و لەچێژەکانی کردووە!"



زارمان هەڵنەهێنایەوە، بەڵام ڕاهیبەکەی تر کە ڕیشێکی ڕەشی پێوەبوو، کەوتە قروسکە قرسوک و گوتی: "بۆ وا غەریب سەیرمان دەکەن؟ عیبادەت لەگۆشت وزە بەخشترە!"

لێمان نێزیکتر بوونەوە، دەمیان بۆنی سیری لێ دەهات. ئێمە کە دەمانویست ئەم دوو ڕاهیبە سیر خۆرەمان لەکۆڵ ببنەوە گوتمان: "وا باشە بچینە ژووری و خەریکی عیبادەت بین."

خانەخوێ ڕاهیبێکی چاوشین، ڕیشێکی سپی و ئاوریشمین، پێستێکی سوور بەچەشنی گوڵاڵە سوورە بەپیرمانەوە هات، پاش ئەوەی بەخێری هێناین، پێشمان کەوت و ئێمەش بەدوایدا.

دەیرێکی دەوڵەمەند بوو، هێندەی شارێک دەبوو، بەمیوانخانەیەوە، بەدەرگا و پەنجەرەی تازە ڕەنگکراویەوە، بەکارەبا و باخ و باخاتی ڕوو لەزەریایەوە. ڕاهیبەکان نانی نیوەڕۆیان خواردبوو، لەبەر دەرگای هۆدەکانیانا خۆیان لەبەر خۆر هەڵخستبوو تا بەشکەم خواردنەکەیان باشتر بەگیان بکەوێ، چووینە ناو کلێساکە و سەری ڕێز و نەوازشمان بۆ وێنەی مەریەمی پاکیژە دانەواند. خانەخوێ قوتوویەکی گرانبەهای لەکەلوپەلی پیرۆزکراو هێنایە بەردەمان و قەپاخەکەی کردەوە، ئێمەیش هەیاسەی پیرۆزی پاکیژەمان ماچ کرد. لەبیرمە هێشتا منالْ بووم، دوو ڕاهیب هەیاسەی پیرۆزیان بۆ کریت هێنابوو، کلێسای قەدیس میناس پڕ بوو لەخەڵک کە بۆ عیبادەت هاتبوون، تورەکەی ڕاهیبەکانیش پڕبوو لەلیرە و گوارە و ئەنگوستیلە، من هیچم نەبوو پێشکەشی کەم، گیرفانەکانم گەڕام، قەڵەمێکم پێبوو ئاخنیمە توورەکەکەوە.

چووینە حەوشە و بەو پێپلیکانانەدا سەرکەوتین کە دەچۆوە سەر میوانخانەکە، تێشتێکی چەور و نەرم و پڕ لەنیعمەتی ئیلاهییان بۆ لێنابووین، هاوڕێکەم کە حەزی لەخواردن بوو، گوتی: "لێرە باش بۆمان دەچێتە سەر، دەڵێی ڕاهیبەکانی دەیری ڤانۆپیدیین!"

گوتم: "وەرە با لەسلامەتی پرۆدرۆمۆس(*)ی هەژار بخۆینەوە، ئەو برسییە داماوەش کاتێ خواردنی ڕاهیبی دەیرەکانی دەکەوتەوە یاد، حەسوودی پێ دەبردن، لەحەژمەتا ئاو دەزایە دەمی، ئیدی چ گازندەگەلێکی لەئیمپراتۆرەکەی نەدەکرد! ئەو شیعرەییت لەیادە؟"

– "هەڵبەت لەیادمە."

ئیمپراتۆر.. کاتێ ڕاهیبەکانم دەکەونە بیر
لەسەرخۆ دەچم و هۆش لەسەرمدا نامێنێ
وا خۆیان چاکترین ماسی دەتەپێننە هەمبانەکەی ورگیانەوە
ماسیە گەنیوێکیش دەدەنە من
هێند شەراب دەخۆنەوە، دەبنە عارەبانە
کەچی ئەوا زگە هەژارەکەی منیش

(*) تیۆدۆر پرۆدرۆمۆس Theodore Prodro mosی ناسراو بەپرۆدرامۆسی هەژار، شاعیرێکی بێزانسی بوو، ساڵی ١١٦٠ی زایینی کۆچی دوایی کردووە.

سرکە هەڵی دەقرچێنێ!

هاوڕێکەم دای لەقاقای پێکەنین، بەڵام دەستبەجێ هاتەوە سەرخۆ و گوتی: "پێکەنین شوورەییە، ئەم دەیرە ڕقم هەڵدەسێنێ، مەگەر ڕاهیبەکانت نەدیوە؟ هەموویان چاک لەوەڕاون، گەر مەسیح بهاتبایەوە سەر عەرد و ڕێی بکەوتبایە ئێرە، ئەوسا دەمدی چۆن قامچی بەسەر سەریانەوە هەڵدەسووڕاند، دەڵێم وا باشترە لێرە بڕۆین!"

– "بۆ کوێ؟ نەک هەر ئەم دەیرە، بەڵکو تەواوی دونیا ڕقمان هەڵدەسێنێ، بۆ؟ مەگەر هەستی پێ ناکەیت؟ لەهەموو شوێنێ خەڵکانێک هەن بێ شێو سەر دەنێنەوە و خەڵکانێکی تریش ورگیان ئاخنیوە و دەم و فلّقیان دەلێسنەوە. لەهەموو جێیەک گورگ و مەڕ هەن، یاسایەک هەیە کە هێشتا لەتەواوی دونیادا وەک خۆی ماوەتەوە، یان دەبێ بخۆی یان دەبێ بخورێی. یاسای جەنگەڵ!"

– "یانی ڕزگارییەک لەئارادا نییە؟ چما چ گیانەوەرێک نییە لەگەڵ میهرەبانیدا، هێندەش بەهێز بێ کە نە گیانەوەری تر بخوا و نە هی تریش بتوانن بیخۆن؟"

– "نا، بەڵام دەشێ ڕۆژێک لەڕۆژان، هەزاران ساڵ لەمەوبەر، گیانەوەرێک هەوڵی ئەنجامدانی وەها مەبەستێکی دابێ، بەڵام تا ئەلعان شتی وا نەبینراوە."

– "کام گیانەوەر؟"

– "مەیموون، ئێمە هێشتا لەنیوەی ڕێگەداین، چاوەڕێ کە، پەلە مەکە!"

– "چاوەڕێ کردن پیشەی خواوەندە، لەبەر ئەوەی ئەو نەمرە، زەمەن بەلای ئەوەوە چ بایەخێکی هەیە؟ بەڵام ئەدی ئینسان؟"

وەڵامیم دایەوە: "مرۆڤیش نەمرە، بەڵام نە هەموو لەشی، بەڵکو بەشە نەمرەکەی، مەبەستم ناوەوەیەتی، دەتوانێ چاوەڕێ بکات!"

لەسەر سفرە هەستاین و چووین بۆ ڕۆخی زەریا، خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، زەریا کپ و بێدەنگ، جووتێ نەوڕەس بەسینگی سپی بەفر ئاسایانەوە، لەسەر سینگی زەریا پیاسەیان دەکرد، هاوڕێکەم لەکاتێکدا کە بەچاوی ڕێز و ئافەرینەوە سەیری دەکردن، گوتی: "دەبێ ژن و مێرد بن!"

من گوتم: "یان دەشێ دوو هاوڕێ بن!"

بۆ ئەوەی لەیەکیان هەڵبڕم، دەنکە زیخێکم لەسەر عەردەکە هەڵگرت و تێم گرتن.

***

ئەلعان کە لەتەمەنی پیرییدا بەسەر ئەم یاداشتانەدا دەچمەوە و بەرخۆدانە دۆنکیشۆتییەکانمان وەبیرخۆ دێنمەوە: ڕمی زیوین، قەڵغانی کرم خواردوو، کڵاوە ئاسنینی فافۆن، ئەقڵێکی لێواولێو لەنەجابەت و یاخیبوون، کاتێ ئەوانە وەبیر خۆ دێنمەوە ناتوانم پێنەکەنم، خۆش بەحاڵی ئەو گەنجەی لای وایە ڕۆنانی دونیایەکی نوێ و هەرچی زیاتر ڕێکخستنی لەگەڵ مەزنایەتی و یەکسانی و ویستەکانی دڵیدا ئەرکی سەرشانییەتی، حەیف و مەخابن بۆ ئەو کەسەیش کە بێ دێوانەیی دەست بەژیان دەکات.



بەکێوی پیرۆزدا دەگەڕاین، هەر چەند پتر هەوای ئەوێمان هەڵدەمژت، دڵمان پتر ئاگری دەگرت و دڵە خورپەمان زیاتر دەبوو، چ بڕیارگەلێکمان دەدا و چ پەیمانگەلێکمان دەبەست، لەدەیرێکەوە دەچووین بۆ دەیرێکی تر، چەند ڕۆح سووکانە شاخ و داخمان دەبڕی، نەوەک هەر بەخەیاڵ، بەڵکو بەجەستەیش، هەستمان دەکرد باڵی فریشتان یاریدەدەرمانە، لەڕاستیدا هەلومەرجێک کە گا هاندەری شێتی و گا هاندەری پیرۆزی و قارەمانێتی بێ، دەبێ هەر وابێ. بەڵام دواتر لەژێر داروپەردووی ساڵاندا، نە من و نە هاوڕێکەم ئیتر باسی ئەو ساتە پیرۆز و دۆنکیشۆتییانەمان نەکرد، هەستمان بەشەرم دەکرد، نەک لەبەرئەوەی ئەو بڵێسەیەمان تێدا دامرکابۆوە، بەڵکو چونکە باڵای ئێمە لەچاو باڵای ئاواتەکانمان چەند پەنجەیەک کورتی هێنابوو، ئێمە هێشتا دەمانویست دونیایەکی نوێ ڕۆبنێین، بەڵام تێنەگەیشتبووین کە ناتوانین، من ددانم بەو نەتوانینەدا ناوە، بەڵام هاوڕێکەم لەتەواوی ژیانیدا دەیشاردەوە، هەر بۆیەش لەناوەوەڕا پتر لەمن عەزابی دەکێشا و گینگڵی دەدا.

چەند ساڵێک دواتر، کاتێ دەیری (ئێسپێتساتی)مان جێ هێشت، مانگی چواردە بەپەژارەوە بەسەر زەریادا هەڵهات، ڕووم کردە هاوڕێکەم و گوتم: "ئانجیلۆس، لەبیرتە؟" کە وام گوت، ڕەنگی پەڕی، زانی مانگی کێوی (ئاتوس)م بیر کەوتۆتەوە.

دەستی نایە سەر دەمم و بێ دەنگی کردم، هەنگاوەکانی خێراتر کرد. ئێستا جارێکی تر سەر بەسەر یادداشتە دێرینەکانما شۆڕ دەکەمەوە هەمدیس خەریکی هەڵدانەوەیان دەبم!

## دەیری کاراکالو Karakallou

هەور دوند و داوێنی (ئاتۆس)ی داپۆشیوە، ناوچەیەکی فەراوان لەناوەڕاستا بێ هەور ماوەتەوە و بەفرەکەی وەک ئەڵماس دەدرەوشێتەوە، باران دای کرد، بارانێکی بەخوڕ، ڕێنوێنەکەمان پێش کەوت و بەتفەنگەکەی فیشەکێکی تەقاند، زرنگەی زەنگی سەومەعەکە، بەشادومانی لەودیو سنۆبەرەکانەوە دەبیسترا، زاهیدێک بەگۆچانێکی درێژەوە لەبەر دەرگاکە دەرکەوت تا بەخێرمان بێنێ.

چووینە ژووری نانخواردن، ژوورێکی تەنگ و درێژکۆڵە بوو، کۆڵەگەکانی بەڕەنگی ڕەش و شین ڕەنگ کرابوون، زاهیدەکە ڕیشی ڕەش، ناوچاو ترشاو و کەمدوو لەلای سەرەوە دانیشت، وێنەیەکی مەسیح بەژوور سەرییەوە هەڵواسرابوو، مەسیحێکی توڕە و ناوچاو ترشاو، کە بەڕەنگی ڕەش و سەوز وێنە کێشرابوو. لەسەر مینبەرێکی بچووک، قاریئێ کە ڕاهیبێکی زەردەڵ و کەم تەمەن بوو، بەسەرهاتی قەدیسەکانی دەخوێندەوە، هەمووان بەسەر قاپی خواردنەکانا چەمابوونەوە، هیچ کەس قسەی نەدەکرد، زاهیدەکە دەمی لەخواردنەکە نەدا، لەپڕ سێ جاران لەزەنگێکی بچووکی لای ڕاستییەوەی دا، ڕاهیبەکان بەپارووی نیوە جووراو لەدەمدا، قنجەپێ هەستانە سەرپێ، خزمەتکارەکە ڕای کردە پێشەوە، لەبەرپێی زاهیددا چۆکی دادا و زاهیدیش دەستی بەسەریدا هێنا و بەرەکەتی دا. پاشان قاریئیش هەمان شتی کرد و داوای لێبوردنی کرد بەوەی نەیتوانیوە سەربوردەکە بەباشی بخوێنێتەوە، ئینجا پارچەیەک نانیان لەسەر سینییەکی بچووک هێنایە ژوورەوە و هەر کامە لەڕەهبانەکان تۆزێکیان لێ قرتاند و وەک نانی پیرۆز

هەڵمەقووتیان کرد.

ئەو شەوە تا بەیانی نەنوستین و قسەمان دەکرد، باسی ئەوەمان دەکرد کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بەشێوەیەکی نوێ مەسیحمان خۆش بوێ، ڕۆژی پێشتر ڕاهیبێکمان بینی لەدەرەوەی گۆڕستانی دەیرەکە وەستابوو، کاتێ لێمان پرسی: "بۆچی وێنەکانی ناو گۆڕستانەکە هەموو مەسیحیان بەلەخاچدراوی پیشان داوە، کە خۆی وا ڕەوایە مەسیح لەکاتی هەستانەوە لەگۆڕدا پیشان بدرێ؟" کە وامان گوت، لێمان تووڕە بوو، گوتی: "مەسیحی ئێمە، مەسیحی لەخاچدراوە، قەت لەئینجیلەکانا دیوتانە عیسا پێبکەنێ؟ ئەو هەمیشە هەناسەی هەڵدەکێشا و قامچی لێ دەدرا و دەگریا، ئاخر وی هەمیشە لەخاچ دەدرا!"

هەنووکەش کە خەومان لێ زڕابوو، دەمانگوت: "کاتی ئەوە هاتووە مەسیح بهێنینە پێکەنین، تازە ئیدی دەبێ فاتیحای قامچی و گریان و لەخاچدان بخوێنین، پێویستە مەسیح زۆردار و شادومانەکانی گریکستان لەناخی خۆیدا یەکانگیرکات، دەبێ هەموویان لەخۆدا بتوێنێتەوە، کاتی ئەوە هاتووە مەسیحی جوولەکەکان ببێتە گریکی!"

هاوڕێکەم دەستی هەڵێنا وەک ئەوەی سوێند بخوا، گوتی: "ئەوە ئێمەین کە دەبێ ئەم حەقیقەتە بهێنینە دی!"

منیش بەش بەحاڵی خۆم گوتم: "وایە، وایە!"

لەو ساتەدا پێم وابوو چ شتێ نییە بتوانێ بەرەنگاری ڕۆحی ئینسان بێتەوە.

هاوڕێکەم نەڕاندی: "هیچ کەس ناتوانێ ئێمە لەیەک جیاکاتەوە، وەک دوو گا، گاسن لەخۆمان دەبەستین و عەرد دەکێڵین!"

ساڵانی دواتر تێگەیشتین کە ئێمە وەکی گا، گاسنمان لەخۆمان بەستبوو، بەڵام هەوامان کێڵا بوو!

## دەیری فیلۆسیۆ Philetheou

پیاسەیەکی زۆر خۆش لەتەمومژدا، چنارە ناسک و باڵابەرزەکان، ڕاهیبێکی یاخی بەنێوی یوانیکیۆس، کە دەمی وەک ئاشە هارە لەکارابوو، هەمیشە لەبارەی یەکێ لەخوشکەکانیەوە دەدوا کە جنۆکە دەستی لێ وەشاندبوو، کەچی پێدەچوو شەیتان چووبێتە لەشی خۆیەوە، نەک دانەیەک بەڵکو دووان، یەکێکیانی ناو نابوو (حێجا) و بەوی تریشیانی دەگوت (ئیسماعیل). ئەم دوو بوونەوەرە نەفرەتلێکراوە هەمیشە لەگەڵ خواوەند و یوانیکیۆسدا ڕکەبەرییان بوو، ئەوان لەڕۆژانی پارێزدا حەزیان لەگۆشت بوو، نەقیزەیان لەیوانیکیۆسەوە دەژەند تا شەوانە بەئەسپایی لەپێپلیکانەکان بچێتە خوارێ و خۆی کا بەمویەقدا و پاشماوەی خواردنی مەراسیمەکە بخوا، سەروو ئەمەش بەیانیان کاتێ زرنگەی زەنگی نوێژ دەهات، حێجا و ئیسماعیل هاواریان لێ هەڵدەسا و دەیانگوت: "من نایەم، من نایەم!"

بەرەو حەوشەی دەیرەکە ڕۆیشتین، لەنێوان خڕە بەردەکانی حەوشەدا، گژوگیا لەسەرهەڵدانا بوو، دیوارەکانی دەوروبەر و هۆدەکانیش بەهۆی شێ و تەڕ و نمییەوە ڕەش داگەڕابوون، نوێژخانەکە لەناوەڕاستابوو. چووینە نوێژخانەکە و لەبەرامبەر وێنەی موجیزە ئاسای خاتوونی پاکیژەی میهرەبانی



ماچدا ڕاز و نیازمان کرد، گۆنای میهرەبانی بەشێوەیەکی لەوەسف بەدەر نابوو بەگۆنای عیسای کۆرپەی نوستووەوە و چاوە خەمینەکانی لەشوێنێکی نادیار ڕامابوون، ڕاهیبێ کە ڕێنوێنمان بوو، گوتی: "باش سەرنجی چاوەکانی پاکیژە بدەن.. چ دەبینن؟"

چووینە پێش و دیقەتمان دا.

هەردووک گوتمان: "هیچ نابینین!"

ڕاهیب بەمۆنییەکەوە سەیری کردین و گوتی: "هەر کەسێ ئیمانی هەبێ مەسیحی لەخاچدراویان تێدا دەبینێ!"

پاشان قەپاخی قوتوویەکی زیوینی ئەشیای پیرۆزکراوی هەڵدایەوە کە ئێسقانێکی درێژی تێدابوو.

- "بکەونە عیبادەت! باسکی ڕاستی (کریسۆستۆم)(*)ە، نیشانەی خاچ بکێشن!"

## دەیری ئاجیا لاڤراس Aghia Lavras

سەر لەبەیانی بوو کە چووین، دڵەڕاوکەی بینینی (لاڤراس)ی مەزن و بەناوبانگم هەبوو، دەیرێک کە ئیمپراتۆری چارەڕەش (نسیفورس فوکاس) ڕۆی نابوو، ئەو تامەزرۆ بوو تاجی پادشایەتی فڕێ دا و وەک زاهیدێک لەپەنا ئەم دەیرەدا بژێت، بەڵام لەلایەکی تریشەوە زۆر حەزی لەژن بوو، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ڕۆژ بەڕۆژ بۆ دەیرچوونەکەی دوا بکەوێ. تاوەکو یەکێک لەئەمەکدارترین هاوڕێکانی خۆی، سەری لەلەشی جیا کردەوە.

گەیشتینە دەیرەکە، جووتێ سنۆبەر لەحەوشەکەدا بوون، یەکێکیان (سان ئاتاناسیۆس)ی گوێبیستی ئیعترافی گوناهەکانی (نسیفورس فوکاس) ناشتبووی، ئەوی تریشیان موریدەکەی ناشتبووی کە ناوی (ئیمیسیۆس) بوو. (ئاتۆس) قوبە بەفرین، وەک (هێزی بێ هاوتا) بەسەر دەیرەکەدا دەینۆڕی.

بۆ مۆزەخانەی بارەگای پیرۆزی کڵێسایان بردین و بەشانازییەوە گەنجینەگەلی دەیرەکەیان پیشان داین. کاسە سەری (سین بازیل)ی گەورە، شەویلکەی (تیۆدرۆ ستراتێلاتێس)، باسکی چەپی (کریسۆستۆم) و گەلێ ئێسکی جۆراوجۆری تر، قوتوویەکی جوانی پڕ لەخاچیان کردەوە، بەبەردی گرانبەها و مرواری ڕازابۆوە و هونەری هەڵکۆڵینی تێدا بەکار هاتبوو، ناو قوتووەکە پارچەیەکی گەورە لەخاچە

(*) کریسۆستۆم (Chrysostam) یەکێکە لەقەشە گەورەکانی مەسیحی کە بەباوکی کڵێسای ئەرتەدۆکس ناوبانگی دەرکردووە.. لەساڵی... زایینی لە ئەنتکیە لەدایکبووە و لەساڵی...ی زایینی کراوە بەسەرۆک و قەشەی کوستانتینیە. لە کوستانتینیە بنکەیەکی خێرخوازی دامەزراند و دژایەتی دونیا پەرستیی ڕۆحانییە پایە بەرزەکان و داوێن پیسیی ئیمپراتۆری دەکرد. لەساڵی...ی زایینی دوور خرایەوە بۆ قەوقاز و تا ئەوێ بەپێی پیادە ڕۆیشت و لەساڵی...ی زایینی کۆچی دوایی کرد. لەپاش مەرگی نازناوی موقەددەسی پێدراو تا هەنووکەش لەپز شیرینی و قسەرەوانیی وی لەکتێبی مەسیحییەکانا هەر باس دەکرێ و نازناوەکەشی هەر لەوەوە هاتووە. وشەی کریسۆستۆم بەزوابانی گریکیی واتە (دەم زێڕین). لەسرودی دوانزەهەمی (بەهەشت)ی دانتیدا ناوی هاتووە.

ڕاستەقینەکەی مەسیحی تێدابوو، ڕاهیب لەحاست شکۆی ئەم شتانەدا لێوەلەرەی پێ کەوتبوو، وتەی مەسیحییەکی ڕاستەقینەم وەبیرهاتەوە کە گوتوویەتی: "هەموو پارچە دارێک (خاچ)ە، چونکە دەتوانی خاچی لێ دروست کەیت!"(*) پاشان جلوبەرگی سەربازی (نیفۆروس فوکاس)یان پیشان داین، جلکەکان لەزێڕ کرابوون و بەگوڵەباخ و سۆسەن مەلیلەدۆزیی کرابوون، هەروەها تاجە زێڕینەکەی بەزێڕ و زیوی سەوز و سوور ڕازابۆوە و کتێبی پیرۆز بەدەسخەتی خۆی، بڕێکی زۆریش دەفتەری ژمێریاریی کە مۆرکە لێی دابوون.

من و هاوڕێکەم تێری ببووین لەستایش، بەڵام ئەمانەش تاری دڵمانی نەدەهێنایە خرۆش. لەبەردەم دەرگای کتێبخانەدا بۆنی دوو داری (گیزگل)ی تازە چرۆ کردووم باشتر لەهەر شتێ بەسوپاسێکی فەراوانەوە وەبیردێ. تەواوی لەشم هەروا بۆنی ئەو دار (گیزگل)ەی کە ئەو هەمووە خۆشم دەوێ– ئەو بۆنە دڵگیر و توندەی کە مەستی هێنەرتر لەشەراب و ژن و شکۆی دونیایە– هەڵدەمژت، لێوالێو بووم لەتەڕ و تازەیی.

ڕۆژی دواتر بەیانییەکەی، پێش خۆرکەوتن، بەرەو دوندی کێوی ئاتوس بەڕێ کەوتین، هێشتا دەنگی زەنگ نەدەبیسترا و مەلەکان وەخەبەر نەهاتبوون، ئاسمان ساماڵ و شیری ڕەنگ، ئەستێرەی گەلاوێژ لەدوورەوە وەک سەرافیم(**)ێکی شەش باڵ بەسەر ئاسۆی خۆر هەلێتەوە دەدرەوشایەوە.

پاپا لۆکاسی کولەبنە بەقاچی چەماوەوە – پێشمەرگەی دێرین– هەنووکە پێشمان کەوتبوو تا ڕێگەمان پیشان دا، جارجارە دەوەستا تا سەبارەت بەزەریا، سەبارەت بەشەڕ و شۆڕ لەگەڵ تورکاندا بۆمان بدوێ، ژیانی پێشووی وەک ئەفسانەی دێو و پەرییان لەناخیدا مابۆوە، دەتگوت لەهەسارەیەکی فراوانتر و پڕ مەترسیتر، لەهەسارەیەکی تژیی لەهاوار و نەفرەت و ژندا هێلانەی چێ کردووە.

پەیتا پەیتا بەسەرهاتی خۆی دەگێڕایەوە و زیندووی دەکردەوە و هەستی شادومانی دای دەگرت، لەگەڵ ئەوەشدا کە وازی لەژیانی ڕابردووی هێنابوو، بەڵام یەکە بەیەکەیانی لەبوخچەکەیدا پێچابۆوە و لەگەڵ خۆیدا کۆڵکێشی دەکردن.

هەنووکە، لەژێر دارسنۆبەرێکی گەورەدا ڕاوەستا، دڵی بۆ قسە و باس کەوتبووە فرتە فرت.

– "کوڕینە وا باشترە لێرەدا پشوویەک بدەین و تۆزێ قسان بکەین، خەریکە دڵم دەتەقێ!"

کیسەیەک تووتنی لەژێر چاکی کەواکەی دەرهێنا و سیگارێکی پێچایەوە و سەری قسەی دامەزراند:

– "هەر ئەم زەلامەی کە ئێستا لەم جبەیەدا بەرامبەر خۆتان دەیبینن، ڕۆژگارێ بەلیۆنیداس، بەپاڵەوان لیۆنیداس کالیمنۆسی مایەی ترسی تورک، بانگ دەکرام. ئەو کات پێشمەرگە بووم، بەڵام چما ئەی چۆن جبەم پۆشی؟ ئەمەیان با بمێنێ بۆ کاتێکی تر، هێندە بەسە بڵێم کە هیچ کات پێشمەرگەکەی ناخم بیانوو

---

(*) ئەمە قسەی قەدیس فرانسیکۆسە.

(**) سەرافیم: بوونەوەرگەلێک بەشەش باڵ و دەست و پێ و خاوەن دەنگی ئینسانی، (ئەشعیا پێغەمبەر) لە ئەندێشەی خۆدا ئەو بوونەوەرانەی بینیوە کە بەدەوری تەختی خواوەندا پیاسە دەکەن.



ناگرێ، جێگەی بیانوویش نییە، چونکە بەخواردن و شەراب تێری دەکەم، وەک بڵێیی دەرەبەگ بێ. (لۆکاس) لەگەڵ ڕاهیبەکانی تردا نان و زەیتون دەخوا، بەڵام کاتێ دەچێتە هۆدەکەی خۆی، ئەوسا دەرگاکە دادەخا و سفرە بۆ لیۆنیداس ڕادەخا و دەکەوێتە گۆشت خواردن، بینیتان ئێمە یەک کەس نین، بەڵکو دوو کەسین، تێگەیشتن؟ هەر دەمویست ئەمەتان پێ بڵێم، ئیعتراف بەتاوان وەک تۆبە وایە، من قسەی خۆمم کرد و هەست دەکەم باری شانم سووکەڵە بووە. ئەلعان وا چاکە بەڕێ کەوین!"

هاوڕێکەم کە لەپێکەنینا ژانی کردبوو، گوتی: "ئافەرین لۆکاسی قارەمان، هەر بەڕاستی دەستت نەڕزێ، بەڵام پێت وا نییە ئەمە ئیشی زوڕییەت بێ؟"

ڕاهیب بەسەگێتی چاوێکی داگرت، گوتی: "بێگومان، بێگومان بەیانیان دەکەومە وەها گومانێکەوە، بەڵام تا شێوان ئەو گومانەم بیر دەچێتەوە!"

گوتم: "بۆ ئەوەی بیرت نەچێ گرێیەک بدە لەدەستەسڕەکەت!"

مژێکی قووڵی لەسیگارەکەی دا و دووکەڵەکەی لەکەپوویەوە دەرکرد و گوتی: "ئاخر دەسەسڕم نییە!"

هەمدیس ملی ڕێگەمان گرتەوەبەر، سەوڵ، سنۆبەر، خەرەندگەلی ترسناک، زەریا کە ئەمڕۆ ئارام و لەو خوارەوە لەژێر تیشکی هێمنی بەرەبەیاندا ڕاکشابوو. ڕووناکی بەرەو زیادبوو دەچوو، دەمانتوانی دوورگەکانی ئیمبرۆس، لیمنۆس و ساموسراس لەدوورەوە چاوکەین، پێدەچوو لەهەوادا مەلە بکەن و ئاو جورئەت نەکا توخنیان کەوێ.

گەیشتینە ناو بەفر، پاپا لۆکاس بەپارێزەوە و بەهێواشی هەنگاوی دەنا، ئێمە هەڵدەخلیسکاین و دەکەوتین، بەئەسپایی و ترسەوە بەسەر بەفر و شەختەدا دەڕۆیشتین، کێو زۆردار و ترسناک و نائینسانی، هاوڕێکەم کە لەپێشمەوە دەڕۆیشت، لەپڕ وەستا و دانەوێوە، سەیرێکی هەڵدێرە قووڵ و بێ بنەکەی کرد، سەری گێڕایەوە و ڕووی کردە من و ورتەیەکی لێوەهات:

– "وا باشترە بگەڕێینەوە!" بەتانەوە سەیرێکیم کرد و گوتم: "جا عەیب نییە؟" ئاخر من زۆر حەزم دەکرد بگەمە ترۆپک.

بەسەرشۆڕییەوە گوتی: "با، با، عەیبە. دەی بۆ پێشەوە!"

هەمدیسان بەرەو سەرەوە ڕێ کەوتین، کاتێ پێمان نایە سەر دوندی کێوەکە، خۆر لەئاسۆ هاتبووە دەر، هەردووکمان هەناسەبڕکێمان بوو، بەڵام سیمامان دەدرەوشایەوە، لەبەرئەوەی ئامانجمان ئەنگاوتبوو.

بۆ عیبادەت چووینە نوێژخانەیەکی بچووکەوە کە خەڵاتی مەسیح کرابوو، لەم ماوەیەدا باوکە لۆکاس بەچەخماخەکەی و پووش و پەڵاشێ کە لەسەر ڕێگەکە کۆی کردبۆوە، ئاگری کردەوە، لەهەگبەکەی تۆزێک قاوەی دەرهێنا و کوڵاندی، شنەبایەک هەڵی کرد.

لەتاو سەرما، لەپشت گاشە بەردێکی گەورە هەڵکورمابووین و سەیری زەریای مات و بێ بناری پێشمان و دوورگە سەرئاو کەوتووەکانمان دەکرد، هەروەها سەیری ئەو دوور دوورانە کە کێوە غەریبەکان قەبارەیەکی قوڕقوشمییان بەهەوا بەخشیبوو.

باوکە لۆکاس گوتی: "دەڵێن لەم دوندە پیرۆزەوە دەتوانیت کوستانتینیە ببینی!" وای گوت و چاوی

بڕییە خۆرهەڵات تا بەشکەم ئەو پایتەختە پادشایەتییە ببینێ.

– "باوکە لۆکاس، تۆ تا ئێستا دیوتە؟"

ڕاهیب هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: "نا، شایانی ئەوە نەبووم ببینم، وەک بڵێی تەنیا چاوی لەش بەس نییە، بەڵکو پێویستە چاوێکی ترت هەبێ، چاوی ڕۆح! حەیفێک ڕۆحی من نزیک بینە!"

گوتم: "بەڵام تۆ توانای بینینی خواوەندت هەیە!"

ڕاهیب گوتی: "بینینی خودا پێویستی بەچاو نییە، ئەو لەجگەر و (سی)ش لێمان نزیکترە."(*)

لە هەموو ئەو ماوەیەدا هاوڕێکەم مات و بێدەنگ بوو، هەڵبەت نەیدەتوانی لەجەستەی خۆش بێ کە بۆ ساتێک ترس دایگرتبوو، لەوە زیاتر نەیتوانی خۆی ڕاگرێ و دەستی هێنایە پێشێ و بەگوڕ دەستی گرتم و گوتی: "تکا دەکەم ببورە، سوێند دەخۆم جارێکی تر دووبارە نابێتەوە."

## ئایۆسافیۆ Iosaphioio

### شەشەمی دیسامبەر

ئەورۆمان لەستۆدیۆی شێوەکاریی ئایۆسافیۆدا بەسەر برد، (دە) ڕاهیبی وێنەکێش لەو ستۆدیۆیەدان، هەر هەفتەیەک، یەکێکیان کاروباری ناوماڵ و گسکدان و شت شۆردن و تێشتلێنان دەگرێتە ئەستۆ و ئەوانی تر خەریکی وێنەکێشانن.

لەم ستۆدیۆیەدا، مەسیحگەلی زوڵف شانەکراو و تێر و تەسەل، پاکیژەگەلی شۆخ و شەنگ و تەڕلان، قەدیسی گۆنا سوور و قانیع و بەتاڵ لەپیرۆزی بەرهەم دێن و لەشێوەی وێنەدا بۆ ئەوپەڕی سنوورەکانی دونیای مەسیحییەت بڵاو دەبنەوە.

ڕاهیبەکان خەڵکانی ساکار و میوان دۆستن، حەزیان بەخواردنی چاک، شەرابی چاک و گوربەی خەسیوە، دوای نانی شێوان چەند سەعاتێک بەدەوری ئاگردا دانیشتین و کەوتینە وتووێژ، قسەکانی ئێمە سەبارەت بەم دونیا بوو، کەچی ئەوان سەبارەت بەو دونیا قسانیان دەکرد. باوکە ئاکاکیوس، ڕاهیبێکی کورتەبنە و قەڵەو و قاچ ئاوساوبوو، ئەو ڕۆژە لەبەیانییەوە خەریکی کێشانی وێنەی قەدیس ئەنتۆنیۆس بوو، هەنووکەش بەدەم دەستهێنان بەسەر گوربە ڕەشە قەڵەوەکەی سەر کۆشیدا، زۆر بەگوڕ باسی ئەو زاهیدە موقەدەسەی دەکرد:

– "ڕۆژێک کەنیشکێ دەچێ بۆ لای زاهید و پێی دەڵێ: (هەموو فەرمانەکانی خودام بەجێ هێناوە، هەموو کات پشت بەخودا دەبەستم، چما خودا دەرگاکانی بەهەشتم بۆ دەکاتەوە؟) قەدیس ئەنتۆنیۆس لێی دەپرسێ: ئایا هەژاری بۆتە جێی شانازیت؟

– نا باوکە!

(*) ئەو قسەیە چەند لەم ئایەتەی قورئان دەچێت: انا اقرب الیکم من حبل الورید.



– ئەی ڕیسواییت بەگەورەیی و سەروەری زانیوە؟

– نا باوکە!

– دوژمنت بەدۆست زانیوە؟

– نا باوکە!

– کەواتە کچم بگەڕێرەوە و خەریک بە، چونکە هێشتا خاوەنی هیچ نیت!

هەروا کە لەئاکاکیۆسم دەنۆڕی، هەر ئەوەی کە لەبەر زۆرخۆری و تینی ئاگرەکە و یادەوەریی ئەو زاهیدە ترسناکە ئارەقەی دەڕشت، لەدڵی خۆدا گوتم: "بڵێی بەدرێژایی ئەورۆ چ ئانتۆنیۆسێکی سەرگۆنا سووری وێنەکێشابێ؟"

هەستێکی ئەهریمەنانە هانی دەدام پێی بڵێم: "هەستە بگەڕێرەوە و خەریک بە، چونکە هێشتا خاوەنی هیچ نیت!"

بەڵام هیچم نەگوت!

ئاخر توێژاڵێک لەچەوری و ڕاهاتن و ترسنۆکی گەمارۆی ڕۆحیان دابوو، ئەلعانیش گەر ڕۆح لەقوڵایی زیندانەکەیەوە هەر ئارەزوویەکی با، ئەوا چەوری و ڕاهاتن و ترسنۆکی شتێکی تەواو پێچەوانەیان لەوە ئەنجام دەدا کە ڕۆحی گەرەکی بوو. هەر بۆیە، لەترسنۆکییەوە هیچم نەگوت. ئەو شەوە کە چوومە ناو جێگە، مەسەلەکەم بۆ هاوڕێکەم گێڕایەوە.

ئەو بۆ دڵخۆشیدانەوەم گوتی: "وایش نییە، ڕەنگە لەڕووی ڕێزگرتنەوە بووبێ نەک ترسنۆکی، یاخود دەشێ بەزەیی نەیهێشتبێ کەسێکی ناسکی وەک ئەو پیاوە دڵگیرکەیت، یان ڕەنگە لەبەر ئەوە هیچت نەگوتووە کە قسەکەی تۆ دەوای دەردەکە ناکات!"

بەناڕەزایی دەربڕینەوە گوتم: "نا، نا، خۆ گەر واشبێ وەک تۆ دەیڵێیی، دەبێ بەسەر ئەو تۆزە چاکەخوازییانەی تۆ باسیان دەکەی -ڕێزنان، بەزەیی، بەرژەوەندی-دا سەرکەوین، ئاخر ئەو چاکەخوازییە چکۆلانانە زیاتر لەخراپەکارییە گەورەکان دەمترسێنن، چونکە بەڕواڵەت جوان و لەبەردڵن و زۆر ساناتر فریومان دەدەن، دەبێ بڵێم لەبەر ترسنۆکی هیچم نەگوت، لەبەر ئەوەی دەمەوێ ڕۆحم شەرمەندە کەم و لەدووبارەبوونەوەی وەها کارێک پێشی بگرم!"

بۆ ڕۆژی دوایی، لەهەیوانی شووشەبەندی خەڵوەتگەکەدا، لەنێو قەدیسگەلی ڕوومەت ئاڵ و پاکیژەگەلی خڕ و خەپانی وێنەکێشراودا، لەگەڵ (دە) هونەرمەندی جبەپۆشدا شیرمان خواردەوە و نانی بڕشتەی گەنمان خوارد، خۆرەتاوی زستان هێدی هێدی لەگەڵ بۆنی خۆشی سنۆبەردا لەپەنجەرە گەورەکانەوە دەهاتە ژوورەوە، قسانمان دەکرد و پێدەکەنین، ئێرە کێوی ئاتوس نەبوو، لێرە مەسیح هەستابۆوە و پێدەکەنی.

کاتێ ڕەهبانەکان، موجیزەگەلی قەدیسەکانیان دەگێڕایەوە و چاوانیان لەئیمان، یان بێ ئیمانیدا دەیدا لەیەک، ڕوخساریان ئارنگی دەدا.

پاپا ئاکاپیۆس دەستی ڕایەڵ کرد و یەکێک لەوێنەکانی پیشان داین کە بەدیوارەکەی بەرامبەرمانەوە

هەڵواسرابوو، وی لەهونەرمەندەکانی تر جحێڵتر بوو، ڕیشی بریقەدار و ڕەش و لێوەکانی سووربباو بوون، بەدەم هەڵگوتن بەکارەکەیدا گوتی:

– "ئەمە زاهیدی گەورە (ئارسنیۆس)ە، ئەو ژنەی لەبەر پێیدا چۆکی داداوە بانوویەکی قەشەنگ و بەگزادەی ڕۆمە کە دەشت و کێو و زەریای بڕیوە تا لەبەردەم ویدا کڕنۆش ببات. بەڵام دەبینن ئەو چۆن بەپەنجە ئاماژە بۆ زەریا دەکاو ناوچەوانی تێکناوە– دەمەوێ ئەوە پیشاندەم کە ئەو چۆن بەتووڕەییەوە ئەو ژنە لەخۆی دەتارێنێ – پێی دەڵێ: (برۆ و بەکەسیش مەڵێ منت بینیوە، چونکە ئیدی زەریا دەبێتە ڕێی کانی و ژنان بەلێشاو ڕوو دەکەنە خەڵوەتخانەکەم!) ژنەیش بەتکا و ڕەجاوە دەڵێ: (باوکە دۆعام بۆ بکە!) زاهید لەوەڵامدا دەڵێ: (ژنەکە، لەقاپی خودا دەپاڕێمەوە کە من لەدەست یادی تۆ ئاسوودە کات!)"

شێوەکار، ڕووی کردە ئێمە و بەنیگایەکی دزێوانەوە پرسی: "لەقاپی خودا دەپاڕێمەوە کە من لەدەست یادی تۆ ئاسوودە کات، یەعنی چی؟"

ئێمە بێدەنگ بووین چونکە لەمەبەستی ڕاهیب حاڵی نەبووین. گوتی: "یەعنی جوانیی ئەو ژنە زاهیدی وروژاندبوو، لەبەرئەوە لەخودا دەپاڕایەوە لەیادی ئەو ژنە ئاسوودەی کات!" هاوڕێکەم لەکاتێکدا کە چاوێکی لەڕاهیب داگرت، گوتی: "ئەدی باشە لەبیری کرد؟"

ڕاهیب گوتی: "شتی وا دەبێ؟" بەڵام هەر کە دیتی هاباکوکی پیر نیگا خەنجەر ئاساکانی دەبڕێتە چاوانی، لەقسەکانی ژێوان بۆوە و لێوە سوورەکانی کرۆژت.

## دەیری سانت پاوڵ Saint Paul

بەبەلەم چووین بۆ ئەو دەیرە، چەند بەشکۆ بوو! زەریای هەزار ڕەنگ – شینی کاڵ و سەوز – لەگەڵ ڕەنگی پیرۆزەییدا، گاشەبەردی هەڵواسراو وەک پلی خوێن، ئەشکەوتی ڕەش، کۆترە کێوی و پاشان ناکاو لمی سپیی ڕاخراو.

ئەمڕۆ هاوڕێکەم سەرو دڵ خۆش بوو، بەقاقای پێکەنین بەلەمەکەی دەلەرانەوە، پێم گوت: "دەوری چینییەکی تووڕە ببینە!" ئەویش بەخێراییەکی سەیرەوە ڕیزێ وشەی بەخەیاڵ چینیی لەزاری هەڵڕشت، وا کەیفم پێی ساز بوو کە لەبەلەمەکەدا جێم نەدەبۆوە، پێم گوت: "ئێستا عارەبییانە عیشق بکە!" ئەویش بەخرۆشانەوە کەوتە دەربڕینی عیشقی خۆی بەرامبەر ژنە عارەبێکی نادیار، بەم شێوەیە بەخێرایی برووسکە، گەیشتینە بەندەری سەومەعەکە و ملی هەورازی سەخت و دژوارمان گرتە بەر.

دەرگاوانەکە خەڵکی سیفالونیا بوو، پیرەمێردێکی ناڕەسەن و تانەباز، بۆ کات بەسەربردن، بەڕۆژ لەبەر دەرگاکە دادەنیشت و بەچەقۆ شتگەلێکی دادەتاشی کە لەمەسیح و قەدیس و دێو دەچوون. بەوردی هەڵی سەنگاندین و بەبزەوە پرسی: "بێ ئەقڵینە، ئەوە لێرە چ دەکەن؟"

– "پیرەمێرد، بۆ عیبادەت هاتووین!"

– "لە کوێ؟ ناشێ مێشکتان کای تیابێ؟"



– "لە دەیر!"

– "کام دەیر، کام دەیر؟ چ دەیرێک لەئارادا نییە، بەقسەم کەن، بگەڕێنەوە باوەشی دونیا!"

دەممان بوو بەتەڵەی تەقیو و لێی ڕامایین، بەڕاستی دیاربوو بۆمان بەداخ بوو.

پاش ئەوە هەڵی دایە و گوتی: "گاڵتە دەکەم، فەرموو بێنە ژوورەوە، بەخێربێن!"

چووینە ژوورێ و لەهۆدەکانی چواردەوری حەوشەکەمان ڕوانی. ڕاهیب بەتانەوە گوتی: "لەپوورە هەنگەکەی خودا بنۆڕن، تەماشای هۆدەکان بکەن. ڕۆژانێک ئێرە جێی مێشهەنگ بوو، جێگەی ئەو هەنگانەی کە هەنگوین دروست دەکەن. وا ئەلعانیش بووەتە جێگەی نێرە هەنگان، وای... وای لەچزووەکانیان!"

پاشان بەپێکەنینەوە قسەکەی تەواوکرد: "خودا ڕوحم بەئێوە بکات!"

ئێمە دوو لێوەمان نەکرد، بەڵام لەدڵەوە زیز بووین، چما ئەم دەیرە مەزنە تا ئەم ڕادەیە پاکێتی و پیرۆزیی خۆی لەدەست داوە؟ چما هەر پێڵووە بەتاڵەکان بۆ ڕاهیبەکان ماوەتەوە و پەپوولە پیرۆزەکان پێڵوویان چۆڵ کردووە و فڕیون؟

بەپێوپلی شەکەتەوە بەپێپلیکانە بەردینەکانا سەرکەوتین کە دەچۆوە ژووری میوانخانە، هاوڕێکەم وەک بەزەیی پیامدا بێتەوە، باسکی گرتم و گوتی: "پەلە مەکە، هیوابڕاو مەبە، مادامەکی ورەی ڕۆحمان بەرز و ڕێگەی تێشکانی نەگرتبێتەبەر، نیگەران مەبە. چونکە بەتێشکانی ورەی چەند ڕۆحێک، دونیاش دەڕووخێ، ئەمانە کۆڵەکەی دونیان، هەرچەند لەپەنجەژمێرێک زیاترنین، بەڵام دەی ئەوەش کیفایەتە!"

ئینجا بەتوندی ڕایتەکاندم و بەپێکەنینەوە گوتی: "هێی مۆسۆلینی داماو، بەرخۆدانت هەبێ!"

چووینە هۆڵەکە، کارگوزاران: پێنج شەش کەسی کەتە و چوارشانە دەستیان بەشێوەی خاچ لەسەر سینگ دانابوو، بەدەوری زاهیددا دانیشتبوون.

زاهید لەسەر تەختێک لەنێوەڕاستیانا دانیشتبوو، زەلامێکی قورس و بەڕێز بوو بەڕیشێکی لوولەوە، سیمایەکی ژنانە، دەست و پەنجەگەلی سپی و کڵاوێکی ئاوریشمینی ڕەش لەسەر، دەستی بەنازەوە ڕایەڵکرد تا ماچی کەین، پاشان سەبارەت بەبارودۆخی دونیا پرسیاری لێ کردین.

یەکێ لەکارگوزاران پرسی: "لەئینگلستان چ باسە؟ ئەدی لەئەڵمانیا؟ پێتان وایە شەڕێکمان لەپێش بێ؟"

ئەوی کەیان لەکاتێکدا کە چاوی لەوەی تەنیشتی دەقرتاند گوتی: "ئینشەڵڵا، هیوادارم ئەڵمانەکان ڕیسوابن!"

هەر کە ئەمەی گوت، یەکێکی قەڵەو و کەتەیان تێدابوو، قنجەپێ هەستا و گوتی: "ئەڵمانەکان، هەموو ئینگلیزەکان و فەڕەنسی و ڕووسەکانیش وەک پاروو دەپێچنەوە، گەر درۆم کرد لووتم ببڕن، ئاخر ئەڵمانیا (مەسیح)ی سەردەمە، دونیا ڕزگار دەکات!"

زاهید لەکاتێکدا دەستە سپیکەلانەکەی بەدەمیەوە گرتبوو تا بەر لەپێکەنینەکەی بگرێ، گوتی:

"جێرمانۆس دانیشه!"

ئینجا ڕووی کرده ئێمه و گوتی: "زۆر گوێی مەدەنێ، ناوی جێرمانۆسه و مانای وایه لایەنگری ئالْمانه، ئەوه برادەران پێی ڕادەبوێرن!"

بەڵام لەکاتێکدا وتووێژەکه بەرەو هێوربوونەوه دەچوو، دەرگای ژوورەکه کەوته سەر گازەرای پشت و ڕاهیبێکی وشک و ڕەقەڵه و درێژ بەسەری داتلێشاوەوه خۆی کرد بەژووردا، خوێن بەڕیش و جبه شڕ و دڕاوەکەیدا دەچۆڕا.

زاهید بەڕەنگ هەڵبزڕکاوییەوه هەستایه سەر پێ و نەڕاندی: "ون به لەبەر چاوم، مەگەر نابینی میوانم هەیه؟"

ڕاهیب بەنیاز نەبوو بچێته دەرەوه، کڵاوەکەی داگرت، کڵاوێکی شیتاڵ شیتاڵ که خوێنی لێ دەتکا.

– "دەمەوێ بەدەیرەکەی قەدیس پاوڵدا هەڵی واسم تا بزانێ چۆن دەیرەکەی بەرەو داڕووخان و داڕمان دەڕوا!"

کارگوزاران بەپەشۆکاوییەوه هەستان و هەرچی سەرزەنشتیان کرد سوودی نەبوو، تا وردەوردە بەرەو دەرەوه ڕایان کێشا، ئێمەیش لەم بگره و بەردەیەدا، هەڵمان قۆستەوه و بەنێو ڕاهیبەکانا خۆمان دەرباز کرد و چووینه دەرەوه.

چووینه داڵانەکەو بێدەنگ سەرو خوارمان دەکرد و دەگەڕاین، دەرگاوانەکه هەستی پێ کردین و پێی زانین. دەستی لەقەدیس و زوڕبیەت تاشین هەڵگرت و بەقاقای پێکەنینەوه هات بۆ لامان.

گوتی: "برادەرینه نیگەران مەبن، خۆ ئێوەش باوکه (ئینۆسێنت)(*)تان بینی، بینیتان چۆن سەریم دادڕ دادڕ کردبوو! بەڵام هەمدیس چاک دەبێتەوه. مەترسن، یەکەم جاری نییه!"

هاوڕێکەم پرسی: "بۆ لەم دەیرەدا ئەم شتانه زۆر ڕوودەدەن؟ یان باشتر بڵێم، شەیتان هاتۆته ئێرەیش؟"

– "ئەی چۆن کوڕم، چما ئێوه چۆن بیر دەکەنەوه. هەرچی بکەی شەیتان بەجۆرێک خۆییت پێ دەگەیەنێ. هەبوو نەبوو دەیرێک هەبوو، سێسەد و شەست و پێنج ڕاهیبی تێدابوو، هەر ڕاهیبێ سێ دەست جلی شەڕ و سێ ئەسپی هەبوو، ئەسپێ سپی، یەکێ سوور، یەکێ ڕەش. ڕۆژی سێ کەڕەت پاسەوانیی دەیرەکەیان دەکرد تا بەر لەهاتنه ژوورەوەی شەیتان بگرن، بەیانیان بەئەسپی سپییەوه، دوای نیوەڕوان بەئەسپی سوورەوه، شەوانەیش بەئەسپی ڕەشەوه.

– "دەی، شەیتان توانی وەژوور کەوێ؟"

ڕاهیبی دزێو پێکەنی، گوتی: "ئەوه بەڕاستته؟ هەمان کات که ئەوان بەسەر ئەسپەوه پاسەوانی دەیرەکەیان دەکرد، شەیتان لەژوورەوه لەسەر تەختەکەی زاهید دانیشتبوو، ئاخر شەیتان هەر زاهیدەکه خۆی بوو!"

(*) ئینوسنت Innocent واته مەعسوم و دڵساف.



هاوڕێکەم پرسی: "ئەدی تۆ قەدیسی دەرگاوان؟ تا ئێستا شەیتانت بینیوه؟"

– "هەڵبەت که دیومه!"

– "قەڵافەتی چۆنه؟"

– "خڕ و خەپانێکی بێ ڕیش، جوانکیله و ناسک، تەمەن دوانزه ساڵان!"

سەیرێکی هەردووکمانی کرد، چاوێکی داگرت و گوتی: "لام وایه زاهیده موقەدەسەکەی ئێمەتان بینی، بەڕای ئێوه چۆن زەلامێک بوو؟ لەدوعای خێری بێ بەری نەبن!" ئەمەی گوت و لەکاتێکدا که خەریک بوو لەپێکەنینا ژانی دەکرد، هەمدیس لەودیو دەرگاکەوه بزربوو.

هەنووکه هەر پێنج شەش ڕاهیبەکه هاتن و دەورەیان لێ داین، بۆ ئەوەی سەری داقڵێشاوی (ئینۆسێنت)مان لەبیربەرنەوه، بەرەو بارەگای پیرۆزی دەیرەکەیان بردین، تا کەلوپەلی پیرۆزمان پیشان بدەن، هەندێ ئێسقان و هەدیەی (مۆغەکان)(*)– زێڕ و بخوور و عود و سیسەعومبەر– داوایان لێ کردین بۆنیان کەین. گوتیان گەرچی سەدان ساڵ بەسەر ئەم هەدیانەدا تێدەپەڕێ، بەڵام هێشتا بۆن و بەرامەی خۆیان لەدەست نەداوه و ئەمەش خۆی لەخۆیدا موجیزەیەکی گەورەیه!

لەوێ هاتینه دەرەوه و چووینەوه حەوشه، دەرکەوانەکه چاوی کردین و بەئیشارەت بانگی کردین، بەپێکەنینەوه گوتی: "بۆنیان خۆش بوو، وایه؟ موجیزەگەلی گەوره! ئەگەر بۆنی (ئۆدکلۆن)ی بەسەرا بکەن، بۆی ئۆدکلۆنی لێ دێ، نەوتی لێ بدەی، بۆنی نەوتی لێ دێ. ئەی ناڵێم موجیزەی گەوره! ئەمڕۆ بۆنی چییان لێ دەهات؟"

هاوڕێکەم گوتی: "بۆنی سووره گوڵ!"

– "کەواته بێگومان گوڵاویان بەسەرا کردوون!"

ئەو کوته دارەی نووشتانەوه که خەریکی هەڵکۆڵینی بوو، هێند پێکەنی که ئیدی کەوت بەپشتا.

– "دەی یەڵڵا بقوچێنن، ئەگینا بزانن لەگەڵ ئێوەدا دواوم، تووشی گێچەڵێکم دەکەن، بەشێتم دادەنێن و منیش ئەوان بەفشەکەر، شەیتانیش دار بەڕۆحی هەموومانا دەدات!"

## دەیری دیونیزیۆ Dionusio

بەرەبەیان بوو بەبەلەم چووین بۆ ئەم دەیره.

گەمیەوانەکەمان (پاپا پێندیکێت) دەیگوت ئەم دەیره خەمناکترین دەیری کێوی پیرۆزه، هەرچەند دڵیشت شادبێ، لێره ناتوانیت پێبکەنی، لەم دەیرەدا چەندێ شەرابت بخواردبایەوه، سەرخۆش نەدەبوویت، دار دێمشتێکی تێدابوو ئەویش لەحەوشه ڕوا بوو.

(*) مۆغەکان: مەبەست لەو سێ زەردەشتییەیه که کاتی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسادا، ئەستێرەی ئەویان لەهۆرهەڵاتدا بینیبوو، ئیدی بۆ پەرستنی وی دەچنه ئۆرشەلیم.

گەر باش سەرنجت دابا، دەتبینی مەسیح بەهەموو گەلاکانی ئەو درەختەوە لەخاچ دراوە، قەشەیەکمان لەگەڵ بوو، دەچوو بۆ (دافنە) و ئێرەی جێ دەهێشت. گوتی: "باوکە (پێندیکێت) هەموو ئەم دونیایە خاچێکە مەسیحی لەسەر لەخاچ دراوە، نەک هەر بەگەلای ئەو دارەوە، بەڵکو بەمن و بەتۆ و بەتەواوی بەردەکانی ئەم عەردەوە!"

ئەمە ئیتر لەتوانای من بەدەر بوو!

– "قەشە ببوورە، من لەهەموو جێیەک مەسیح لەهەستانەوەدا دەبینم!"

قەشە سەری ڕاوەشاند و گوتی: "کوڕم تۆ زۆر بەپەلەی، ئێمە مەسیحی هەستاوە دەبینین، بەڵام دوای مردنمان. ئەم گوزەرگە خاکییە، ئەلعان و مادامەکی زیندووین هەمووی هەر لەخاچدانە!"

دۆلفینێک بەئارامی لەئاوەکە هاتە دەرەوە، سەر پشتی نەرمی لەژێر تیشکی خۆردا بریقەی دەهات، هەمدیس خۆی کردەوە بەئاوەکەدا، دیسان هاتەوە دەرەوە و شادومانانە هەڵدەبەزییەوە، زەریای بەرفەراوان لەژێر ڕکێفیابوو، لەناکاو دۆلفینێکی تر لەدوورەوە دەرکەوت، هەر کامەیان پەلەی بەیەک گەیشتنیان بوو، بەدیداری یەکتر شادبوونەوە. ئینجا شان بەشانی یەک بەکلکە لەقێ و سەما سینگی ئاوەکەیان شەقار کرد و کەوتنە مەلە.

لەخۆشحاڵییا ڕۆحم لەلەشما جێینەدەبۆوە، دەستم هەڵێنا و ئەو جووتە دوڵفینەم پیشاندان و بەسەربەرزییەوە پرسیم: "چما مەسیح لەخاچ دراوە یان هەستاوەتەوە؟ ئەو جووتە دۆڵفینە چیمان پێ دەڵێن؟"

بەڵام تازە گەیشتبووینە دیۆنیزیۆ و جەنابی قەشە دەرفەتی نەبوو وەڵامم بداتەوە.

کاتێ پێمان نایە حەوشی دەیرەکەوە، وەختەبوو لەترسا دڵمان بوەستێ، هەستمان دەکرد بەزیندانی هەتا هەتایی حوکم دراوین و هاتووینەتە بەندیخانەیەکی تەڕ و تووش و تاریکەوە. کۆڵەگەکان کورت و ڕەش بوون، تاقی بەینەکانیان پرتەقاڵییەکی تۆخ.

دیوارەکان بەوێنەی وەرگیراو لە(ئیلهامەکانی یۆحەننا) پۆشرابوون، شەیتانەکان، ئاگری دۆزەخ، ئەو قەحپانەی کە ڕووباری خوێن بەنێوان مەمکەکانیاندا دەهاتە خوارەوە، دێوە دۆزەخییە شاخدارەکان، هەوەسی کلێسا بۆ تۆقاندنی خەڵک و هێنانیان بۆ بەهەشت، نەک لەڕێگەی ئەڤینەوە، بەڵکە لەڕێگەی ترس و تۆقاندنەوە.

خانەخوێ هات، کە ئێمەی بینی بەحەپەساوییەوە چاومان بڕیوەتە وێنەکان، لێوە باریک و زەردەکانی کە ئاژاوەگێڕییان لێ دەباری، لەیەک هەڵبڕی – لەدیتنی دوو گەنجی تەرپۆش و بەختیار لەتافی لاویدا، ناخی پڕ بوو لەڕق و نەفرەت– گوتی: "جوان چاوتان بکەنەوە، عینجە و فینجە مەنوێنن، باش سەیرکەن، جەستەی بونیادەم لێواولێو لەئاگر و دێو و سۆزانییە، ئەو چەپەڵییەی دەیبینن دۆزەخ نییە، بەڵکو گەدە و گیپاڵ و ناو سکی ئینسانە!"

هاوڕێکەم بەناڕەزاییەوە گوتی: "ئینسان لەسەر شێوەی جوان خەڵق کراوە، کەواتە ئەم چەپەڵییە نییە،



بەڵکو شتێکی ترە!"

ڕاهیب بەسەریدا نەڕاندی: "شتێکی تر بوو، بەڵام ئێستا وا نییە. ئێوە لەدونیایەکدا دەژین کە ڕۆحیش بووە بەجەستە، گوناهـ بەبەر مەمکی خۆیەوە ناوە و شیری دەداتێ!"

پرسیم: "ئەدی چار؟ چما چ دەرگایەک بۆ ڕزگاربوون نەماوەتەوە؟"

– "با، با، بەڵام دەرگایەکی تەنگ و ترووسک، دەرگایەکی تاریک و پڕ مەترسی، بەهاسانی زەلامی پیادا ناچێ!"

– "مەبەستت کام دەرگایە؟"

– "بنۆڕن!"

دەستی ڕایەڵ کرد و دەرگای دەیرەکەی پیشان داین، هاوڕێکەم کە ڕقی لەقسەکانی ڕاهیب هەستابوو، گوتی: "حاڵی حازر ئامادەنین، مەگەر لەدوا ڕۆژدا کە پیر و پەککەوتە بووین، ئاخر جەستەیش دەستکردی خودایە!"

بزەیەکی تاڵ لەسەر لێوی ڕاهیب نەخشی و قیڕاندی: "لەش دەستکردی شەیتانە، کاتی ئەوە هاتووە تێبگەن ڕۆح دەستکردی خودایە!" بەدەم ئالاندنی جبەکەی لەخۆیەوە، لەژێر یەکێک لەتاقە پرتەقاڵییەکاندا بزربوو.

لە ناوەڕاستی حەوشەدا بەتەنیا ماینەوە.

هاوڕێکەم گوتی: "وا چاکە بڕۆین، دیارە مەسیح لێرە ناژی!"

دەرگای دوو سێ هۆدە کرانەوە، ڕەهبانگەلی لەپەیکەری ئێسکی چوو هاتنەدەرێ، سەیریان دەکردین، پرتەو بۆڵەیەکیان لێوە هات و هەمدیس دەرگاکەیان داخستەوە.

هاوڕێکەم دووبارەی کردەوە: "وا چاکە بڕۆین، ئەڤین لێرە بەدی ناکرێ!"

پرسیم: "چۆن؟ مەگەر بۆیان بەداخ نیت؟ پێت چۆنە چەند ڕۆژێک لێرە بمێنینەوە و باسی مەسیحی ڕاستەقینەیان بۆ بکەین؟"

– "بۆ ئەمانە؟ قەت شتی وا نابێت. هەوڵێکی بێهوودەیە!"

– "هیچ شتێ بێهوودە نییە، گریمان نەمانتوانی ڕزگاریان کەین، خۆ کارێکی قورس و دژوارمان کردووە!"

هاوڕێکەم کە بەسەرسوڕمانەوە سەیری دەکردم، گوتی: "بەڕاستتە؟"

من کە دڵتەنگییەکی ناکاو خۆی لەڕۆحمەوە پێچابوو، لەوەڵامدا گوتم: "چ دەبوو گەر بمزانیبا، چ دەبوو گەر بمتوانیبا ئەو کارەم کردبا، دڵم دەڵێ گەر بەڕاستی پیاویت، لێرە بمێنەوە و بجەنگە، بەڵام بەداخەوە ئەقڵ – شەیتان– مۆڵەتم نادات!"

دوو ڕاهیب ددانیان بەجەرگی خۆیاندا نا و لێمان نزیک بوونەوە، ئێمەیان بردە ژوورەوە، بەدەوری دەیرەکەدا گەڕانیانین، وێنەی دێوێک کە سەری وەک بەراز وابوو، وێنەی قەدیس کریستۆفەرمان بەسەر

دیوارەکەوە بینی، وێنەی ددانەکانیان پیشان داین کە بەددانی دێو دەچوون. پاشان ناچاریان کردین کڕنۆش بۆ بازۆڵەی ڕاستی یەحیای غوسڵدەر بەرین، لەهۆڵی خواردندا، وێنەی دوو جنۆکەی سوور و ئاگرین، هەر یەکەیان جووتێ ڕم بەدەستەوە، قاچە سپیکەڵانەکانیان لەسەر عەردێکی سەوز بوو، لەسەر دیواری لای چەپەوە وێنەی پاکیژە لەنێوان دوو فریشتەدا دانیشتبوو، بەتەنیشتیانەوە وێنەی درەختی سەوزی ڕۆشن کێشرابوو، تەیرەکان لەسەر پەلکی درەختەکان هەڵنیشتبوون، لەپشت هەر کام لەفریشتەکانەوە درەختێکی سنەوبەر دانرابوو، وێنەی قودرەتی بێ هاوتا لەسەر گومەزەکە کێشرابوو، شریتێک بەبەردەمییەوە و چەند پیتی درشتی سوور لەسەر شریتەکە نووسرابوو.

ڕاهیبەکان ئیشارەتیان بۆ مەسیح کرد و گوتیان: "دەتوانن ئەو پیتانە بخوێننەوە: (یەکترتان خۆش بوێ!) ئەم وشانە بەسەر گۆچانە وشک هەڵاتەیەکیشدا بخوێنیت، شین دەبێ و چرۆ دەکات، هەموومان شوێنمان دۆزەخە!"

گۆڕستانەکە هاکەزایی و ئەفسووناوی بوو، لەبەرهەیوانێک دەچوو بەسەر زەریادا بنۆڕێ، تەنیا پێنج شەش خاچی دارینی تێدابوو کە بەهۆی با و خوێوە پرتوکابوون.

ناکاو پۆلێ کۆتری سپی بەسەر سەرمانا هەڵفڕین، بەدووی ئاوەوە بوون، یەکێ لەڕاهیبەکان، بەچاوانێکی لێواولێو لەکوشتن و برسێتییەوە وەک ئەوەی بیەوێ بیانگرێ دەستی هەڵێنا. لەهەمان کاتدا کە لەتاو برسێتی ددانە کرەی پێ کەوتبوو، لەبەرخۆوە گوتی: "خودایە، چ دەبوو گەر تفەنگێکم هەبایە!"

***

دواجار دیدەنییەکەمان کۆتایی هات، چەند ڕۆژ بەر لەگەڕانەوەمان، خۆم بەتاقی تەنها بەرەو (کارولیا) سەرکەوتم، کارولیا ئەو خەڵوەتگە کێوییەیە کە بەدوو گاشەبەرد دەورە دراوە و بەسەر زەریادا دەنۆڕێ، لەوێ لەو ئەشکەوتانەدا کێویترین و موقەدەسترین زاهیدگەلی کێوی پیرۆز دەژین، هەر یەکەیان دوور لەوی تر لەئەشکەوتێکدا نوێژ بۆ پاککردنەوەی گوناهەکانی دونیا دەکات، هەڵبژاردنی ئەو دووریی و تەنهاییە بۆ ئەوەبوو نەبا بەبینینی ئادەمیزادێکی تر هەستی ئارامی دایانگرێ، هەر کامەیان سەبەتەیەکی چکۆڵەیان لەئاوەکەدا داناوە، ئەو گەمییانەی کە بەڕێکەوت واوە دێن، لەتێ نان و چەند دەنکێ زەیتوون دەخەنە ناو سەبەتەکانەوە تاوەکو ئەم زاهیدانە لەبرسانا نەمرن. زۆر لەم زاهیدە کێوییانە شێت ببوون، پێیان وابوو باڵی چکۆڵەیان لێ ڕواوە و بەهەڵدێرەکەدا دەفڕن و دەکەونە خوارەوە، هەر بۆیە ئەو کەنارەی خوارەوە پڕ پڕە لەئێسک و پرووسک.

ئەو دەمە، ڕاهیبێک کە ناوی ماکاریۆس بوو، لەنێو ئەو زاهیدانەدا دەژیا، پیرۆزی و پاکژیی ئەم ڕاهیبە دەنگی دابۆوە، لەبەر بینینی ئەو چوومە کارۆلینا، هەر ئەو کاتەی پێم نابووە (کێوی پیرۆز)ەوە بڕیاری ئەوەم دابوو لەبەردەم ئەم زاتە گەورەیەدا سەری کڕنوش دانەوێنم و دەستی ماچ کەم و لای ئەو ددان بەتاوانەکانما بنێم. نا - بەتاوانەکانمدا نا - پێم وا نییە تا ئەو کاتە تاوانێکی وام کردبێ، بەڵکو ددان بنێم بەسەرکێشییەکی ئەهریمەنانەدا کە گەلێ جار دەچووە بن کلێشەم تا سووکایەتی بە(حەوت



فەرزە(*)ی پیرۆز) و (دە وەسیەت)ەکە بکەم و بچم بەلای کارە تایبەتییەکانی خۆمەوە.

لای نیوەڕۆ گەیشتمە خەڵوەتگەکان، هەریەک لەو خەڵووتگانە کونێکی ڕەش بوون لەڕۆخی گاشە بەردەکانا و هەریەکەشیان خاچی ئاسنینی خۆی لەدڵی بەرددا داکوتیبوو، لەیەکێ لەو خەڵوەتگانەوە پەیکەرێکی ئێسکی هاتە دەرەوە و ترسام، دەتگوت قیامەتە و ئەم پەیکەرە ئێسکییە بەرلەوەی جلکی گۆشت بپۆشێ، لەژێر عەرد هاتبووە دەرەوە، ترس و نەفرەت سەراپای بوونی داگرتم و لەهەمان کاتیشدا ستایشێکی شاراوە و ڕانەگەیەنراو لەخۆوەی پێچام، نەموێرا قەرەی کەوم، ناچار لەدوورەوە پرسیاری ڕێگام لێ کرد، بێ ئەوەی دوو لێوە بکات، دەستە وشکهەڵاتووەکەی ڕایەڵ کرد و ئەشکەوتێکی ڕەشی بەلێواری گاشە بەردێکەوە پیشان دام.

دیسان ملەی هەورازم گرتەوەبەر، تەڵەزمی بەرد پێوپلی بریندار دەکردم، کە گەیشتمە ئەشکەوتەکە، دانەویم تا سەیری ژوورەوەکەم، تاریکییەکی تەواو، بۆنی خۆڵ و بوخور، وردە وردە توانیم گۆزەیەکی چکۆڵە لەقەڵەشی بەردێکدا لەلای ڕاستەوە بەدی بکەم، جگە لەوە هیچی ترم نەبینی، هاتمە سەرئەوەی هاوارکەم، بەڵام بێدەنگی لەقووڵایی ئەو تاریکییەدا هێند بەلامەوە پیرۆز و ترسێنەر بوو کە نەمتوانی هاوارکەم، هەستم کرد دەنگی ئینسان لێرەدا، کوفرە و تاوان. دواجار چاوم بەتاریکییەکە ڕاهات، هەروا کە بەنیگای تیژەوە چاوم بڕیبووە ژوورەوە، پرشنگێکی فسفۆڕیم بینی- ڕوخسارێکی ڕەنگپەڕیو و دوو دەستی لاواز کە لەقووڵایی ئەشکەوتەکەدا دەجووڵانەوە، دەنگێکی خۆش هاتە گوێم:

- "سڵاو!"

غیرەتم دایە بەرخۆم، چوومە ژوورەوە و بۆ لای دەنگەکە چووم، زاهید لەسەر عەردەکە هەڵترووشکابوو، سەری هەڵێنا و لەو بوومەلێڵەدا توانیم ڕوخساری چاوکەم کە لەقووڵایی جوانییەکی لەڕادەبەدەردا دەدرەوشایەوە- سەرێکی بێ قژ، چاوانێکی بەقووڵاچوو- برسێتی و شەونخونی برستیان لێ بڕیبوو، هەموو قژی وەریو و سەری وەک کەللەسەر دەبریسکایەوە، لەکاتێکدا بۆ ماچکردنی دەستی دانەویم، گوتم:

- "باوکە... بەرەکەتم دە!"

ماوەیەکی زۆر هیچ کامان قسەمان نەکرد، بەتاسە و تامەزرۆییەوە لەو ڕۆحەم دەنۆڕی کە پەردەی جەستەی دڕاندبوو، ئەو جەستەیەی کە باڵ سست دەکا و لێ ناگەڕێ ڕۆح بەرەو ئاسمان بدا لەشەقەی باڵ و بفڕێ، ئاخر ڕۆح دڕندەیەکی بێ بەزەیی و مرۆخۆرە، زاهیدی هەر بەجارێ خواردبوو.

نەمدەزانی چ بڵێم و لەکوێوە دەست پێ بکەم! ئاخر ئەو جەستە پەڕپووتەی بەرامبەرم لەگۆڕەپانی جەنگ دەچوو دوای کوشتارێکی بێ ڕوحمانە، جێ چنگ و ددانی جنۆکەم پێوە دەبینی.

(*) ئەم فەریزەتانە، بەگوێرەی ریوایەتێک، لەسەدەی دوانزەیەمدا لەلایەن (پیتەر لومبارد)ەوە نووسراون، کەبریتین لە: غوسڵی تەعمید، تەسدیق، شێوەی پیرۆزی ڕەببانی، تۆبە، چەورکردن، نەزم، نیکاح.

سەرەنجام ورەم بەخۆ دا و پرسیم: "باوکە ماکاریۆس، هێشتا لەگەڵ شەیتاندا دەجەنگیت؟"

– "ئیتر نا... ڕۆڵە! هەنووکە پیربووم و ئەویش وەک من پیر بووە، چ توانایەکی نەماوە، من ئیدی لەگەڵ خواوەنددا دەجەنگم!"

بەسەرسوڕمانەوە گوتم: "لەگەڵ خواوەند؟ چما بەتەماشیت بیبەیتەوە؟"

– "کوڕم هیوادارم بدۆڕێم، هێشتا ئێسقانەکانم وەک خۆیانن و خۆبەدەستەوە نادەن!"

– "باوکە، ژیانی تۆ ژیانێکی زۆر دژوارە، منیش دەمەوێ ڕزگاربم، باشە.. چما چ ڕێگەیەکی تر نییە؟"

زاهید بزەیەکی دڵسۆزانە لەسەرلێوی نەخشی و گوتی: "ڕێگەیەکی دڵپەسەندتر؟"

– "باوکە، ڕێگەیەکی مرۆڤانەتر!"

– "تەنها ڕێگەیەک هەیە، یەک ڕێگە!"

– "ئەو ڕێگەیە کامەیە؟"

– "هەڵگژان! هەڵگژان بەڕیزێ پێپلیکانەدا، لەزگی تێرەوە بۆ برسێتی، لەگەرووی تەڕەوە بۆ تینوویێتی، لەشادومانییەوە بۆ عەزاب، ئاخر خواوەند لەسەر ترۆپکی برسێتی و تینوێتی و عەزاب دانیشتووە، شەیتانیش لەسەر تەختی ئاسوودەیی پاڵی لێداوەتەوە، هەڵبژێرە!"

– "من هێشتا گەنجم، دونیاش جوانە، دەرفەتی تەواوم هەیە بۆ هەڵبژاردن!"

زاهید بەپێنج ئێسکی دەستی ئەژنۆمی گوشی و گوتی:

– "کوڕم هەستە لەخەو! هەستە لەخەو بەرلەوەی مەرگ لەخەوت هەستێنێ!"

ڕاچڵەکیم، بۆ ئەوەی غیرەتم بێتەوە بەر، هەمدیس گوتم:

– "ئاخر من گەنجم!"

– "مەرگ جوانگەلی خۆشدەوێ، دۆزەخ گەنجەکانی خۆشدەوێ، ژیان مۆمێکی کزەڵەیە بەئاسانی دەکوژێتەوە، ئاگاداربە، لەخەو ڕاچەنە!"

ساتێک بێ دەنگ بوو، پاشان گوتی: "ئامادەیت؟" من کە لێوڕێژ ببووم لەڕق و لاساری، هاوارم کرد: "نا!"

– "ئەمە خۆپەرستیی گەنجێتییە. وا دەڵێیت و پێشتوایە بەگیڤەگیڤەکەی دەژیت، مەنەڕێنە، دەترسیت؟"

– "کێ هەیە نەترسێ؟ بەڵێ دەترسم. باوکی پیرۆز ئەدی تۆ؟ چما ئەدی تۆ ناترسیت؟ برسێتی و تینوێتی و عەزابت چەشتووە، خەریکیت بەبەرزترین پلە دەگەیت، دەرگای بەهەشتت لێ دەرکەوتووە، بەڵام چما ئەم دەرگایە دەکرێتەوە؟ دەتکەنە ژوورەوە؟ دڵنیایت؟"

دوو دڵۆپ فرمێسک لەچاوانییەوە خزینە خوارەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشا و پاشان دوای تۆزێک بێدەنگی گوتی: "لەمیهرەبانیی خودا دڵنیام، هەر ئەمەشە گوناهەکانی ئینسان دەبەزێنێ و لێیان خۆش



دەبێ!"

– "منیش لەمیهرەبانیی خودا دڵنیام، یان باشتر بڵێم لەوانەیە هەر ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی لەخۆپەرستیی گەنجان خۆشبێ!"

– "هاوار بەماڵمان گەر تەنها پشت بەمیهرەبانیی خودا ببەستین، لەو حاڵەتەدا چاکە و خەراپە شان بەشانی یەکتر دەچنە بەهەشتەوە!"

– "باوکە پێت وا نییە میهرەبانیی خودا هێندە بەرفەراوان بێ کە شتی لەو جۆرەش ڕێی تێ چێ؟"

هەر کە ئەو قسەیەم بەزارا هات، تیشکی بیرۆکەیەک (بیرۆکەیەکی موقەدەس، لەوانەشە ناموقەدەس، لەمێشکمدا پرشنگی دا) بیرۆکەی ئەوەی کاتی ڕزگاریی تەواوەتی بەڕێوەیە، کاتی ئارامیی تەواوەتی بەڕێوەیە، کاتێ ئاگری دۆزەخ دەکوژێتەوە و شەیتان (کوڕە لاسارەکە) بەرەو ئاسمان هەڵدەگژێ، لەوێ چاو بەفرمێسک دەستی (باب)ی ماچ دەکا و هاوار دەکات:

– "گوناهم کرد!"

ئیدی باوکیشی ئامێزی بۆ دەگرێتەوە و دەڵێ:

– "سڵاو کوڕەکەم! بەخێربێیتەوە، ببوورە لەو قەدەرەوەم گلاندی و ئازارم دایت!"

نەموێرا ڕاستەوخۆ ئەو بیرۆکەیە دەربڕم، لەبری ئەوە ڕێگەیەکی پێچاوپێچم بۆ گوتنی گرتەبەر:

– "باوکە.. بیستوومە قەدیسێک – ئەلعان یادم نییە کامیان بووە– لەبەهەشتا ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێ، خودا گوێی لەئاه و ناڵەی دەبێ و بانگی دەکا، لێی دەپرسێ: "چییە؟ چ باسە؟ ئاه و ناڵەی چیتە؟ مەگەر بەختەوەر نیت؟"

قەدیس وەڵامی دەداتەوە: "چۆن دەتوانم بەختەوەر بم لەکاتێکدا لەناو جەرگەی بەهەشتا جۆگەی فرمێسک ببینم!"

– "جۆگەی چی؟"

– "جۆگەی فرمێسکی دۆزەخییەکان!"

زاهید بەدەستە لەرزۆکەکانی خاچی کێشا و بەدەنگێکی مردووەوە پرسی: "تۆ کێیت؟ شەیتانیت؟ دەک کوێراییتدایە! دوورکەوە لێم!"

سێ جاری تر خاچی کێشا و تفی کردەوە و هەمدیس گوتی: "شەیتان کوێربیت، دوورکەوە!" ئەمجار دەنگی بەگوڕتربوو، لەو بوومەلێڵەدا ئەژنۆیم– کە دەدرەوشایەوە – نەوازش کرد، دەستم تەزیبوو.

گوتم: "باوکە، من نەهاتوومەتە ئێرە لەخشتەت بەرم، من شەیتان نیم، بەڵکو گەنجێکم دەمەوێ وەک باپیرە جوتیارەکەم بەسادەیی و سافیلکەیی و بەبێ چ پرسیارکردنێک باوەڕبێنم، بەڵام هەرچەند دەکەم ناتوانم!"

– "هەش بەحاڵت ڕۆڵەی چارەڕەش، ئەقڵ دەتخوا، (خود) دەتخوا، (من) و (ناوەوە) دەتخۆن. چما دەزانی هەر ئەو شەیتانەی بەرگری لێ دەکەیت و دەتەوێ ڕزگاری کەیت چۆن کەوتە دۆزەخەوە؟ ئەوکاتە

بوو کە ئەو فریشتە نزیکە ڕووی کردە خواوەند و گوتی: (من!) بەڵێ، بەڵێ ئەی کوڕی گەنج، گوێ بگرە و باش لەمێشکتا تۆماری کە، تەنها یەک شت لەئاگری ئازاری خودادا دەسووتێ ئەویش (من)ە. بەڵێ من، نەفرەتی خودای لێ بێ."

بەلاسارییەوە سەرم ڕاوەشاند و گوتم: "بەڵام هەر لەڕێگای ئەم (من)ەوە بوو، هەر لەڕێگای ئەم هوشیاربوونە بە(خود)ەوە بوو کە ئینسان خۆی لەئاژەڵ جیاکردەوە، باوکە ماکاریوس بەکەمی دامەنێ!"

– "ئاخر هەر لەڕێی ئەم بەخۆئاگاییەوە بوو کە ئینسان لەخواوەند جیابۆوە، سەرەتا هەموو شتێ لەگەڵ خوادادا یەک بوو، هەموو شتێ لەئامێزی خواوەندا دڵنیاو خۆشنوود بوو، شتی وەک (من)، (ئەو)، (هی تۆ) و (هی من) لەئارادا نەبوو، دووبەرەکی نەبوو، دوو شت نەبوون، بەڵکو یەک شت هەبوو، یەک کەون هەبوو، ئەمە هەر ئەو بەهەشتە بوو، ئەمە و هیچی تر. سەرەتای هەموومان لێرەوە بوو، ئەمە شتێکە کە ڕۆح بیری دێ و ئاواتەخوازی گەڕانەوەیەتی. پیرۆزبێ مەرگ! ئەدی پێت وایە مەرگ چییە؟ مەرگ ئێسترێکە سواری دەبین و دەڕۆین!"

ئەو هەر دەیگوت و هەرچەند زیاتری دەگوت، سیمای گەشتر دەینواند، بزەیەکی شیرین لەسەر لێوانی نەخشی و هەموو ڕوخساری گرتەوە، دەتتوانی هەست کەیت چۆتە بەهەشت. پرسیم: "باوکە بۆچی، بۆچی بزەت دێ؟"

– "ئەدی چۆن خۆم ڕاگرم و بزەم نەیەت؟ کوڕم من خۆشحاڵم، هەر ڕۆژ و هەر ساتێک تەپەی پێی ئێسترەکە دەبییەم، دەنگی نزیکبوونەوەی مەرگ دەبییەم!"

بەم هەموو شاخ و داخەدا هەڵگەڕابووم تا لەبەردەم ئەم زەلامە کێوییەدا ئیعتیراف کەم، ئەم زەلامەی کە ژیانی تەلاقدابوو. بەڵام بۆم دەرکەوت هێشتا زووە، هێشتا ژیان لەناخمدا نەبووە هەڵم، ئەم دونیا بینراوەم زۆر خۆشدەویست، شەیتان لەمێشکمدا ورشەیەکی سەرنجڕاکێشی هەبوو، هێشتا لەپرشنگی نابیناکەری خواوەندا مەحف نەببوو. بەخۆم گوت: "دواتر ئیعتراف دەکەم، سبەینێ کە پیر و پەککەوتە بووم و شەیتانیش لەناخمدا پیر و پەککەوتە بوو ئیعتیراف دەکەم!"

هەستام. پیرەمێرد سەری هەڵێنا و پرسی: "دەڕۆیت بەخت یاوەرت بێ، خودات لەگەڵ!"

پاش تۆزێک بەگاڵتەپێکردنەوە گوتی: "سڵاوم بەدونیا بگەیەنە!"

لەوەڵامدا گوتم: "سڵاوی منیش بەبەهەشت بگەیەنە و بڵێ: هەڵە لەئێمەوە نییە، خەتای خۆیەتی چونکە دونیای جوان خەڵق کردووە!"

***

بەم حاڵەوە هەموو ڕەهبانەکان خۆشحاڵ و دڵنیا نەبوون، یەکێکیانم بەتایبەت دێتەوە بیر: باوکە ئیگناتیوس. هەموو شەوێ دوای ئەوەی ڕەهبانەکان دەنوستن و لەژووری میوان جێیان دەهێشتین، من و هاوڕێکەم سەری قسەمان دادەمەزراند و لەزۆر شت دەدواین: لەئاواتە بەرزەکانی ڕۆحمان، لەو ڕێگا جۆراوجۆرانەی کە ئینسان بۆ گەیشتن بەخواوەند دەیانگرێتەبەر، بێ لەوەش هەوڵمان دەدا ناوەڕۆکێکی



پاکژتر بەوشەی (خواوەند) ببەخشین دوای ئەوەی لەزاری قەشە و ڕەهبانەکانا ببووە شتێکی توڕەهات. جارێکیان لەگەرمەی قسەکردنا بووین، هەڵبەت نیوەشەوبوو، کوتوپڕ لەسووچێکی تاریکەوە دەنگێک بەخرۆشانەوە باڵی گرتەوە.

– "خودایە، توانای ئەوەم بدەرێ لێرە بمێنمەوە و تا ئەبەد گوێت بۆ ڕادێرم، جگە لێرە بەهەشتێکی ترم ناوێت!"

ئەو دەنگە باوکە ئیگیناتیوس بوو، لەتاریکاییەکەدا بەکزی کرووشکەی کردبوو، گوێی لەئێمە ڕادێرابوو، بێگومان بەتەواوی لەقسەکانمان نەدەگەیشت، بەڵام وشە گەلی (خواوەند)، (ئەڤین)، (ئەرک) کە لەوتووێژەکانمانا بەردەوام دووبارە دەبۆوە و هەروەها نەوا و نەغمەی دەنگمان، دەروونیان هێنابووە جۆش و خرۆش. لەوانەشە دیمەنی ڕوخساری ڕەنگپەڕیومان لەبەر پرشنگی چراکەدا ئەو جۆش و خرۆشەی پێ بەخشیبێ.

پێکەوە بووینە برادەر، لەو شەوە بەدواوە، لای ئێمە دەمایەوە، دوو لێوەی نەدەکرد و تەنها گوێی ڕادەدێرا. تێگەیشتین کە چەندە تامەزرۆی ژنەفتنی گوتنێکە جیاواز لەگوتنی ڕەهبانەکان. شەوی گەڕانەوەمان بانگی کردمە حوجرەکەی خۆی، درەنگانێ بوو، برادەرەکەم لەبەر شەکەتی خەوی لێ کەوتبوو. گوتی:

– "دەمەوێ لای تۆ ئیعتراف کەم، دانیشە!"

ئەسکەملێکی دامێ و دانیشتم، لێیم ڕوانی، ڕیشە تەنک و سپییەکەی لەژێر تریفەی مانگە شەودا پرشنگی دەدا، جبە ڕەشەکەی لەکۆنیدا سەوز دەینواند و پرتوکابوو، لەبەر چڵک و چەوری بریقەی دەهات، گوپەکانی قوپاو و سیمای وەک عەردێکی قاقڕ پڕبوو لەقەڵەش و چرچ و لۆچ، برۆ پان و نووک باریکەکانی وەک خێوەتێکی ڕەش بەسەر چاوە بەقووڵاچووەکانیدا هەڵدرابوو، بۆنی بخوور و ڕۆن زەیتوونی ترشاوی لێ دەهات، پەنجە گەورەی پێی ڕاستی لەپێڵاوە دڕاو و ناقولاکەیەوە هاتبووە دەرەوە.

بۆ ماوەیەکی زۆر ورتەی لێوە نەهات، وەک ئەوەی لەو بڕیارەی دابووی ژێوان بووبێتەوە، سەرەنجام گوتی: "توخودا ئارام بە و گوێم بۆ ڕادێرە تا ئیعترافەکەم کۆتایی دێ، نە هیچ بڵێ و نە جێشم بێڵە، بەزەییت پێمدا بێتەوە!"

لێوە لەرەی پێ کەوتبوو. پرسی: "قاوە دەخۆیتەوە؟"

وەک بڵێی بیەوێ ئەو ساتە دژوارە دوابخا، بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی من بێ، لەسەر تەختەنوێنە ڕووتەڵەکەی دانیشت و بەگومان و دوودڵییەوە کەوتە هەڵگلۆفتنی ڕیشی، زۆر دڵم پێی سووتا. گوتم:

– "باوکە ئیگناتیوس، دوودڵ مەبە، من پیاوێکی خەراپ نیم و شتێک لەڕەنج و عەزابی ئینسان تێگەیشتووم، بەسەربەستی قسەی خۆت بکە، باری شانت سووک کە!"

گوتی: "قسە لەبارەی ڕەنج و ئازارەوە نییە– لەپڕ دەنگە قرخنەکەی بەگوڕتربوو– بەڵکو قسە لەبارەی چێژ و خۆشییەوەیە، چما لەزەت بەنەفرەتکراوە یان پیرۆز؟ ساڵەهای ساڵە بۆ دیتنەوەی ئەم وشەیە ئازار دەچێژم، بەڵام هیچم بەهیچ نەکردووە، هەر لەبەر ئەوەیە تۆم بانگ کرد، پێویستم بەیارمەتییە.

تێدەگەیت؟"

که ئەم وشانەی لەزار هاتنەدەر، سفرەی دڵی ڕاخرا، ئیدی گومان و دوودڵییەکەی پێشووی ڕەوییەوە، خاچی کێشا و چاوی بڕییە چرا خەڵاتییەکەی بەرامبەری که لەپاڵ وێنەی مەسیحدا دەسووتا. گوتی:

– "کوڕم، ساڵەهای ساڵ هەوڵم دا خواوەند ببینم، بەڵام شکستم هێنا، ساڵەها توێڵی کڕنووشم ناوەتە سەر عەرد – بڕوانە دەستم چۆن توێخی هەڵداوە – پاش ئەوەش ساڵەها کڕووزاومەتەوە و هاوارم کردووە: ئەرێ باشە کە شایانی ئەوە نیم خواوەند ببینم، دەبا هەست بەئامادەگیی نەبینراوی بکەم تا بۆ ساتێک شادومان بم و بزانم کە منیش مەسیحییەکم و ژیانی ڕەهبانیم لەدەیردا بەفیڕۆ نەچووە. هاوارم دەکرد، دەگریام، بەڕۆژوو دەبووم، بەڵام بێ هوودە بوو، دڵم نەیدەتوانی دەرگای خۆی واڵاکا و خواوەند بۆ ژوورەوە بەخێربێنێ، شەیتان دەرگای دڵمی کلۆم دابوو، کلیلەکەشی لای خۆی حەشاردابوو!"

سەری هەڵهێنا و سەیری کردم. گوتی:

– "باشە ئەدی من بۆچی ئەم بەسەرهاتە بۆ تۆ دەگێڕمەوە؟"

وەک ئەوەی سەرزەنشتم بکات، گوتی:

– "تۆ کێیت؟ لەکوێوە هاتوویت؟ لەم کێوە پیرۆزەدا چ دەکەیت؟ بۆ دەبێ من متمانەت پێ بکەم و نهێنیی خۆمت لا بەرهەڵداکەم؟ نهێنییەک کەتاوێکی تر دەیژنەفیت، نهێنییەک کە لای ئیعترافگرەکەی خۆیشم نەمدرکاندووە و بەسەر شانمەوە قورسایی دەکا و بەرەو دۆزەخم پەلکێش دەکات؟ بۆ؟ بۆ؟"

بەشڵەژاوییەوە سەیری کردم و چاوەڕێی وەڵام بوو. وەڵامم دایەوە:

– "ڕەنگە ویستی خودابێ باوکە ئیگناتیوس، ڕەنگە خواوەند منی بۆ کێوی پیرۆز ناردبێ تا قسەکانی تۆ ببیەم، ئەدی چۆن دەتەوێ ئەقڵی ئینسان سەر لەو ڕێگایانە دەرکات کە خواوەند هەڵیاندەبژێرێ بۆ سووککردنی ئەو باری سەر شانەی تۆ لەبارەیەوە دوایت!"

ڕاهیب سەری داخست و بۆماوەیەک نوقمی زەریای ئەندێشە بوو. پاشان گوتی: "بۆی هەیە!"

ئەمجار کە تۆزێ جورئەتی پەیداکرد، بێ بڕانەوە هەڵیدایە و گوتی: "وەک دەبینی ساڵەهای ساڵ خۆم ئەشکەنجە دا و هەستم دەکرد ژیانم بەهەدەر دەچێ، عیبادەت و ڕۆژووگرتن و تەنیایی گرێکوێرەی ژیانمیان نەکردەوە، گومانێکی خەتەرناک باڵی بەسەرا کێشام، گومانی ئەوەی دەشێ ئەمە ئەو ڕێگەیە نەبێ کە دەمباتەوە لای خواوەند. دەبێ ڕێگایەکی تر هەبێ! بەڵام کام ڕێگا؟ لەم حەیس و بەیسەدا بوو ڕۆژێک زاهیدێکی موقەدەس فەرمانی پێ دام بەناوی سەرپەرشتیاری سامانی بەدەیر بەخشراو بچمە (سالونیکا). وەرز وەرزی هاوین بوو، کات کاتی خەرمان، دەبوو لەوێ بام تا جوتیارەکان فێڵمان لێ نەکەن.

بیست و یەک ساڵ بوو پێم لەدەیر نەنابووە دەرەوە، خەڵکیم لەگەڵ منالەکانیانا نەبینیبوو، نە پێکەنینێ بەر گوێم کەوتبوو، نە چاویشم بەژنێ کەوتبوو، هەوای دەشت و دەر قرچەی دەهات، تەمەنم نزیکەی چل ساڵێک دەبوو، بیست و یەک ساڵی زیندانی بووم و هەنووکە دەرکی زیندانەکەم کرابۆوە و هەوای تازەم هەڵدەمژت.



دیتنی منالانم بیر چووبۆوە کە لەناو خاک و خۆڵدا خۆ دەگەوزێنن و گەمان دەکەن، دیتنی ژنانم بیر چووبۆوە کە گۆزە لەسەر شان دەنێن و بەرەو کانی دەچن، دیتنی گەنجانم بیر چووبۆوە کە چڵە ڕێحانە لەپەنا گوێ دەنێن و لەمەیخانان شەراب دەخۆنەوە. بینیم ژنێک لەبەر دەرگای خانە خەڵاتییەکەدا شیر دەداتە ساواکەی ئامێزی، بۆ ساتێک پێم وابوو ئەو ژنە مەریەمی پاکیژەیە– خودایە تۆبە – دەمویست کڕنۆشی بۆ ببەم، ئاخر بیست ساڵ دەبوو ژنم نەدیتبوو، وەک پێم گوتیت ئەقڵم تێک چووبوو!

بەڵام هەرکە ژنەکە منی دیت، دوگمەی کراسەکەی داخست و مەمکۆڵانی حەشار دا، پاشان بۆماچکردنی دەستم دانەوێوە و گوتی: (باوکە خۆش هاتیت، دۆعای خێرم بۆ بکە!) بەڵام من بێئەوەی بزانم بۆچی، لێی تووڕە بووم، دەستم کشانەوە و نەڕاندم بەسەریدا: (لەهەر شوێنێ پیاوان دەتبینن، شیر مەدەرە منالەکەت. یاڵڵا بڕۆ ژوورەوە!)

لە شەرما سوور هەڵگەڕا و لەچکەکەی تا سەر دەمی هێنایە خوارەوە، پاشان بەترس و لەرز و بێ ئەوەی وستە بکات چووە ماڵەوە.

ڕاهیب چاوانی لێک نا. دیاربوو دەیویست بەر دەرگاکە و ژن و دوگمەی کراوە بهێنێتەوە پێش چاوی.

دیتم بێدەنگییەکەی زۆری خایاند. گوتم: "دەی، دوایی چی؟"

ڕاهیب وەڵامی دایەوە: "لێرەوەیە هەڵگڕان دەست پێدەکات، هەڵگڕان بۆ سەرەوە، مەبەستم لەڕۆچوونە. پێشتر لەسەر ئەوە ڕێک کەوتبووین کە بێ ئەوەی قسەم پێ ببڕیت یان بەجێم بێڵیت گوێ بدەیە قسەکانم، گوناهی من نەبوو، بەڵکو گوناهی شەیتان بوو، نا.. گوناهی شەیتانیش نەبوو، هەموو شتێک کاری خودایە. کتێبی پیرۆز دەڵێ: (کاتێ گەڵایەک لەدرەخت دەبێتەوە، ئەوە کاری خودایە و ئەمری خودای لەسەر بووە!) کە ئەمە دەڵێم، بۆ ئەوەیە ویژدانی خۆم هێورکەمەوە، بەڵام ئیدی بۆم ژێر نابێتەوە، بەڕۆژ هیچ نالێ، بەڵام شەوانە لێم ڕاست دەبێتەوە و دەکەوێتە هاوارهاوار و دەڵێ: هەمووی خەتای تۆیە!

لەبارەی ئەو ژنەوە قسەم بۆ کردیت کە لەبەر دەرگاکەدا مەمکی دەدایە ساواکەی، هەر لەو ساتەوەی مەمکیم دیت، ئیتر ئۆقرەم لێ هەڵگیرا، زاهیدێکی گەورە کە ئەویش قەدیس ئەنتۆنیۆس بوو، گوتوویەتی: (گەر لەساتەوەختی هێمنایەتیدا بیت و دەنگی پەڕەسێلکەیەکیش ببیەیت، ئیدی دڵت ناتوانێ هەمان ئارامیی پێشووی خۆی بەدەست بهێنێتەوە!) دەی کەواتە کاتێ دەنگی پەڕەسێلکەیەک دڵ بهێنێتە خورپە، ئیدی سنگ و مەمکی ڕووتیی ژنێک چ دەکات؟ ئەوەت لەبیربێ کە کاتی چوونم بۆ دەیر هێشتا گەنج بووم و بەچ ژنێک ئاشنا نەببووم. بۆچی بڵێم ئاشنا نەببووم؟ بەڵکو دەڵێم دەستم بەر ژن نەکەوتبوو.

باشە چیم کردبا؟ چۆناوچۆنی شەیتانم لەخۆم دوورخستبا؟ خۆم هاویشتە باوەشی عیبادەت و ڕۆژوو، بەقامچییەک کە هی لێدانی گا بوو لەکاتی گێرەکردنا، بەر دەبوومە جەستەی خۆم تا هەموو جەستەم دەبووە یەک برینی گەورە، بەڵام بێهوودە بوو، بێهوودە بوو. هەر کە فتیلەی چرا تۆزێک دادەکشا و کاتی نوستن دەهات، ئیدی مەمکۆڵەیەکی سپی دەهاتە پێش چاوم کە لەتاریکیدا ئارنگی دەهات. شەوێکیان

خەوێکی ناخۆشی وەهام دیت کە ئێستایش وەبیرهێنانەوەی موچڕکم پیا دێنێ!"

کوتوپڕ زمانی گیرا و دەمی وشک هەڵات، بەڵام من بێڕوحمانە زۆرم لێ کرد خەوەکەیم بۆ بگێڕێتەوە، وچانێکی دا و ئارەقەی نێوچەوانی سڕی:

– "خەونم بەمەمکێکی سپییەوە دیت، خەونم بەلەشێک یان ژنێکەوە نەدیت. شەوەزەنگ، مەمکێکی سپی لەناوەڕاستا، منیش بەجبە و کڵاو و ڕیشەوە بەو مەمکەدا نووسابووم و دەممژت!"

وەک گوێلکێک ئاهێکی هەڵکێشا و بێدەنگ بوو.

هەمدیس بێڕوحمانە گوتم: "دەی، دەی، بەردەوام بە!" ئاخر ویستی بیستن لەمندا بەسەر لوتف و مهیرەبانیدا زاڵ ببوو، مەسەلەکە لەفزوولّییەتەوە نەبوو، بەڵکو لەدڵسۆزییەوە بوو بۆ ئەو قوڕبەسەرەی کە لەئارەزووی قسەکردنا دەسووتا و کەچی نەیشیدەتوانی بئاخڤێ.

ڕاهیب کە بەتکا و لاڵانەوەوە چاوانی تێ بڕیبووم، پرسی: "بۆ ئەوەندە زۆرم لێ دەکەی؟ مەگەر ڕوحمت نییە؟"

گوتم: "نا!" بەڵام لەدڵەوە شەرم دایگرتم و گوتم: "با.. با.. دڵم پێت دەسووتێ، هەر لەبەرئەوەش زۆرت لێ دەکەم، خۆت دەبینی چۆن دوای قسەکردن دەحەوێیتەوە!"

– "ڕاستە، بەڵێ، کاتێ دەدوێم دەحەوێمەوە، کەواتە گوێ ڕادێرە، ئەم ژنەی کە یەکەمین ڕۆژ لەبەر دەرگاکەدا بینیم، هەموو ئێوارانێک سینییەک خواردن و پیاڵەیەک شەرابی بۆ دەهێنام، سەرەتا خواردنەکەم دەخوارد، بەڵام دواتر بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دەمم تێوە نەدا. بەیانیان کاتێ بۆ بردنەوەی سینییەکە دەهات، بۆ ساتێک بەگومانەوە ڕادەوەستا، وەک ئەوەی بیەوێ تێبگا لەوەی بۆچی خواردنەکە ناخۆم، بەڵام نەیدەوێرا هیچ بپرسێ.

وەلحاڵ شەوێکیان یەکشەممە بوو، ڕۆژی پێشوو بەکاری مەزراوە هیلاک نەببوو، سەر شۆڕاو و جلکی یەکشەممە لەبەرکراو، هەوای دەرەوە گەرم، تۆزێک یەخەی کراسەکەی کردبۆوە و کەمێک گەردنی وەدیار خستبوو، ڕۆنی دار دێمشتی لەسەر دابی ژنانی گوند لەپرچەکانی ساویبوو، بۆنێکی خۆشی لێ دەهات. نەمدەزانی بۆچی ئەو بۆنە کڵێسای لەڕۆژانی جەژنی پاکدا وەبیرم هێنایەوە، بەتایبەتی کە کڵێسامان بەدارمۆرت دەڕازاندەوە و گەڵای دار دێمشتمان بەحەوشەدا بڵاو دەکردەوە، ئیدی هەموو شوێنێک، تەنانەت هەواش بۆنی دار دێمشت و ڕابوونەوەی دەدا. سینی خواردن و شەرابەکەی نایە سەر مێزەکە و جورئەتی دایە بەرخۆ. کێ چووزانێ؟ ڕەنگە بەهۆی حەمامکردووییەکەیەوە بووبێ؟ یان دەشێ بەهۆی پشوودانەکەیەوە بووبێ؟ ئاخر حەمام و عەتر و کراسی یەخە ئاوەڵا، هەموو دەتوانن یارمەتی شەیتان بدەن تا ئینسانێک بخاتە ئاگری دۆزەخەوە. وەلحاڵ ئەمجار غیرەتی نایە بەرخۆ و نەچووە دەرەوە، لەجێگەی خۆیدا وەستا. پرسی: (باوکە ئیگناتیوس، ئەم چەند ڕۆژە بۆ شێوت نەکردووە؟) دەنگی لێوالێو بوو لەسۆز و گرنگی پێدان. ڕاستت دەوێ دەتگوت ساواکەی چەند ڕۆژێکە شیری نەخواردووە و نیگەرانیی ئەوەیە نەبا نەخۆشکەوێ!

وەڵامم نەدایەوە، کەچی ئەو نەڕۆیشت. دەزانیت بۆ؟ تۆ هێشتا گەنجیت و تێناگەیت. لەبەر ئەوە



نەڕۆیشت چونکە شەیتانی ناو ڕەحمی ژن ناخەوێ، واز ناهێنێ!

گوتی: (باوکە ئیگناتیوس، ئاگات لەتەندروستیی خۆت بێت، ئاخر جەستەش دەسکردی خودایە و ئێمە دەبێ خواردنی بۆ دابینکەین!)

لەبەرخۆوە گوتم: (شەیتان دوورکەوە، کوێرایێت دیبێت شەیتان!) سەریشم هەڵنەهێنا سەیری کەم، لەپڕ وەک ئاوبردوویەک هاوارم کرد: (دوورکەوە لێرە!)

ژنەکە بزڕکا و بەرەو دەرگاکە ڕای کرد، هەر کە هەستم کرد لەدەرگاکە نێزێک دەبێتەوە، منیش بزڕکام، نیگەران بووم لەوەی جێم بێڵێ، خۆم گەیاندێ و لەدواوە قژیم گرت، چراکەم کوژاندنەوە تا (لەخاچدراو) نەمبینێ، ڕووناکیی ڕەوییەوە، ئاخر تاریکی زێد و ماڵی شەیتانە. هەر وا کە بسک و قژیم لەدەستەوە ئاڵاندبوو، دام بەسەر تەختە نوێنەکەدا، وەک گوێرەکە دەم مرخاند و ئەو هیچی نەدەگوت، مەمکیم هەڵدەگلۆفت و بەیەک تەکان چی دوگمە بەکراسەکەیەوە هەبوو ترازاندمن.

لەو کاتەوە چەند ساڵ تێپەڕیوە؟ سی ساڵ؟ چل ساڵ؟ نا، چ زەمەنێک تێنەپەڕیوە، کات لەجێی خۆیدا وێستاوە، قەت لەژیانتا شاهیدی ڕاوەستانی زەمەن بوویت؟ دە من شاهیدی ڕاوەستانی زەمەن بووم، سی ساڵی ڕەبەقە من خەریکی کردنەوەی دوگمەگەلی کراسەکەی ئەوم و ئێستایش کۆتایی پێ نەهاتووە، هەر دوگمە دەکەمەوە و کەچی دەبینم دوگمەیەکی تر ماوە بیترازێنم.

تاکو سپێدەی بەیان نەمهێشت بڕوات، خودای میهرەبان چەند بەلەزەت بوو! چ هێمنایەتییەک! چ هەستانەوەیەک! بەدرێژایی ژیانم لەخاچ درابووم، کەچی ئەو شەوە ڕابوومەوە. بەڵام شتێکی تر هەبوو، بەشە ترسناکەکەی، ئەو بەشەی کە دەمخاتە سەر ئەو بڕوایەی بۆتە مایەی گوناهەکەم، هەر بۆیە بانگێشم کردیتە حوجرەکەم تا ئەم گرێکوێرەیەم بۆ بکەیتەوە، ئەو بەشە ترسناک و تۆقێنەرە ئەمەیە:

بۆ یەکەم جار هەستم کرد خواوەند نزیکم بۆتەوە، بەئامێزی واڵاوە نێزیکم بۆتەوە، وای چەند هەستم بەسوپاسگوزاریی دەکرد! بەدرێژایی ئەو شەوە تا سپێدە چ وێردێکم خوێند و دڵم چۆن کەوتە سەر گازەرای پشت و خواوەندی هاتە ناو! بۆ یەکەم جار لەژیانمدا، بۆ یەکەم جار لەژیانی بێڕوحم و نائینسانیدا تێگەیشتم کە خودا چەندێک میهرەبانە! کە خودا چەندێک ئینسانی خۆشدەوێ و بەزەیی پێیدا دێتەوە! کە ژنی بەو هەموو دڵفڕێنییەوە بۆ خوڵقاندووە تا لەدڵنیاترین و نزیکترین ڕێگەوە ڕێنومایییمان بەرەو بەهەشت بکات، ئاخر ژن لەنوێژ و ڕۆژوو بەهێزترە– خودایە تۆبە– ژن تەنانەت لەچاکەخوازیش بەهێزترە!"

بێدەنگ بوو، بەزوبانهێنانی ئەو وشانە بڕستی لێ بڕیبوو، هەروا کە بەترسەوە سەیری (لەخاچدراو)ی دەکرد، دوو دڵۆپ فرمێسک بەسەر گۆنایدا هەڵخلیسکانە خوار.

نەڕاندی: "مەسیحەکەم، ببوورە!" وای گوت و چاوی نووقاند تا وێنەکە نەبینێ.

بەڵام زوو بەخۆیدا هاتەوە، چاوی هەڵبڕی و سەیری کردم، دەمویست شتێک بڵێم، بەڵام نەمدەزانی چ بڵێم، نەشمدەتوانی بەرگەی ئەو بێدەنگییە بگرم، ئەو فرمێسکانەی لەو چاوە پیرانەوە خلۆر دەبوونەوە ئۆقرەیان لێ بڕیبووم.

بەڵام پێش ئەوەی زار هەڵبێنمەوە و شتێک بەزوبانما بێ، دەستی ڕایەڵ کرد، وەک ئەوەی لەسەر لێوم

داینێ، گوتی: "پەلە مەکە، قسەکانم تەواو نەبوون!"

– "لەسپێدەی بەیاندا، ژنە بەپەلە هەستا، جلکەکانی لەبەرکردەوە، پاشان بەئەسپایی دەرگاکەی کردەوە و ڕۆیشت. من لەسەر پشت پاڵکەوتم، چاوانم لێک نا و کوڵی گریانم بەربوو، بەڵام ئەو فرمێسکانە لەجۆری ئەو فرمێسکە تاڵ و دڵتەزێنانە نەبوون کە لەحوجرەکەمدا ڕشتبووم، ئەو فرمێسکانە هێندە شیرین بوون کە لەباسکردن نایەن، چونکە هەستم دەکرد لەژوورەکەی مندایە و خۆی داوە بەسەر سەرینەکەمدا. گەر دەستم بگێڕایە، دڵنیام دەستم بەری دەکەوت، بەڵام من وەک (تۆماس)(*) خانەگومان نەبووم، پێویستم بەدەست گێڕان نەبوو، ئاخر ژنێک، نەک نوێژ و ڕۆژوو، بەڵێ ژنێک.....ی هێنابووە ژوورەکەمەوە، خودا پاداشتی خێری بداتەوە.

لەو شەوەوە، بەدرێژایی سی یان چل ساڵ، هەمیشە لەبەر خۆوە دەڵێم: "چما دەکرێ گوناهیش لەخزمەتی خودا دابێ؟ ئا، دەزانم چ دەڵێیت! ئەوەی کە هەمووان دەیڵێین: (گەر تۆبەت کردبێ!) بەڵام من تۆبەم نەکرد، هەر بەڕاشکاوی ئەمە دەڵێم، دەبا هەورە برووسکەی خودا لێم دا و بمکاتە خۆڵەمێش، تۆبەم نەکردووە و تۆبەش ناکەم، گەر بۆم دەست بدا جارێکی تریش ئەو کارە دەکەمەوە!"

کڵاوەکەی داگرت و سەری خوراند، قژە چەرمووەکەی ڕژانە خوارەوە و سیمای داپۆشی، بۆ چەند ساتێک کەوتە زەریای قووڵی ئەندێشەوە، مەزەندەم کرد کە ئیدی دوودڵە لەوەی زیاتر لەوە درێژەی بداتێ، بەڵام دواجار بڕیاری خۆی دا.

گوتی: "دەکرێ ئەوەی من کردوومە گوناه نەبووبێ؟ بەڵام گەر گوناه نەبووبێ ئەی مانای گوناهی بنەڕەتی چییە؟ مەبەستم لەگوناهی مار و سێوی لێکراوەیە لەدرەختی حەرام؟ نازانم، هەر بۆ ئەمەش بانگم کردیتە ئێرە، گوتم بەشکم تۆ بزانیت. بەو دوو سێ ئێسکەوە کە بەلەشمەوە ماوە بەژیانەوە نووساوم، بەر لەمردن دەمەوێ تێبگەم، بۆ هیچ ناڵێی؟ کوڕم، دەڵێی تۆیش وەک من ڕێ دەرنابەیت!"

دەمتوانی چ بڵێم؟ چما گوناه لەخزمەت خودادایە؟ یەکەم جار بوو ئەم پرسیارە دەهاتە خوارەوە تا عەزابم بدات! ئایا هاوشان لەگەڵ ڕێگەی چاکەخوازیدا، ڕێگەیەکی فەراوانتر و ساناتر هەیە کە ڕێگەی گوناهە و دەتوانێ بەرەو خواوەند ڕێنوێنیمان کات؟

وەڵامیم دایەوە: "باوکە ئیگناتیوس، من هێشتا هەرزەکارم و دەرفەتێکی وام بۆ گوناهکردن و عەزابکێشان نەبووە. کەواتە ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە، نایشمەوێ ئەقڵم بکەمە داوەر، چونکە بڕوام پێی نییە، متمانە بەدڵیشم ناکەم، یەکیان هەمیشە تاوانبار دەکا و ئەوی تریشیان هەمیشە دەبوورێ، بەچیدا بزانم هەق بەکامیانە؟ ئەقڵ دەڵێ: (باوکە ئیگناتیوس، ئەم ڕێگەی گوناهەی کە گوتت بەرەو خواوەندت دەبا و گوایە ڕێگەیەکی خۆش و گونجاوە، من پێم پەسەند نییە!) لەلایەکی ترەوە دڵ دەڵێ: (مەحاڵە شەڕانگێزی و زۆرداری بگاتە ڕادەیەک کە ئازاری شەهیدبوون و برسێتی و ڕووتی و نزمایەتی بۆ ئینسان بخوازێ، بەواتایەکی تر ئایا تەنها بۆ شێت و کەفتەگەلان هەیە پێ بنێنە

(*) تۆماس: Thomas یەکێک لە دونزە حەوارییەکەی مەسیح.



ماڵەکەیەوە؟ من ئەم ڕێگەیە ئەفەرۆز دەکەم!) کەواتە باوکە ئیگناتیوس، چاوت لێیە بەچ دەرەنجامێک دەگەین کاتێ باوەڕ بەڕاست و دروستیی هەردوو ڕێگەکە دەهێنین!"

لەگەڵ قسەکردنما، بۆ خۆم بیرم دەکردەوە بێ ئەوەی ئەو بیرە بهێنمە سەر زوبان: (ئایینی نوێ! ئایینی نوێ!) ئەوەی تێی نەدەگەیشتم ئەوەبوو کە ئەم ئایینە نوێیە چۆناوچۆنیی چاکە و خەراپە خانەبەندیی دەکات! جار دوای جار بەخۆم دەگوت: (ئایینی نوێ، ئایینی نوێ شتێکی زۆر پێویستە. بەڵام کێ ئەم ئایینە نوێیەمان پێ دەبەخشێ؟)

کڵاوڕۆژنەی چکۆڵەی حوجرەکە بەڕۆشناییەکی کز ڕووناک بۆوە، لەحەوشی دەیرەکەوە دەنگی ڕیتمی دارئامێر دەهات کە لەژوورێکەوە دەچوو بۆ ژوورێکی تر و ڕاهیبەکانی بۆ نوێژی بەیان بانگهێشت دەکرد. باوکە ئیگناتیوس بەسەرسوڕمانەوە لەکڵاوڕۆژنەکەی ڕوانی و گوتی: "چ زوو ڕۆژ بۆوە؟" خۆی کێشایە قوژبنێک و لەکاتێکدا کە بەهۆی پشت ئێشەوە دەینرکاند، دانەوێوە و گۆزەیەکی چکۆڵەی زەیتی هەڵگرت و بۆلای وێنەکەی مەسیح چوو، تۆزێک زەیتی کردە ناو چرا خەڵاتییە هەڵواسراوەکەی بەردەم وێنەکە، چراکە تینێکی تێ هاتەوە و سیمای مەسیح، ئەو سیما ڕەنگ زەردە ئازار چەشتەی کە خوێنی تاجی دڕکاوی بەسەر برۆ و گۆناکانیا دەهاتەخوارەوە، ڕووناک بۆوە.

ڕاهیب ماوەیەکی درێژ لەو سیمایە ڕاما و پاشان ڕووی کردە من، هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: "کەواتە وەڵامێکت نەبوو پێم بڵێی، هەر هیچ؟" دەنگی لۆمە ئامێزبوو، یان خۆم وام هەست کرد لۆمە ئامێزە، لەسەر کورسییەکە هەستام و لەپاڵ ڕاهیبدا وەستام و لەگەڵیدا چاوم بڕییە چاوانی لەخاچدراو.

ماندوو ببووم و حەزم دەکرد بخزێمە ناو جێگەوە، وەڵامیم دایەوە: "هەر هیچ!" ڕاهیب گوتی: "باشە قەیدی ناکات!" گۆچانەکەی هەڵگرت تا بچێ بۆ نوێژی بەیان، کەچی جارێکی تریش بۆ ڕازو نیاز لەبەرامبەر وێنەکەدا ڕاوەستایەوە، سیمای تێشکاو و پەژموردەی لەژێر تیشکی چراکەدا ئارنگی دەدا، قامکی هەڵێنا و ئاماژەی بۆ وێنەکە کرد و گوتی: "ئەو وەڵامی دامەوە!"

هەر لەم کاتەدا تەقەیەک لەدەرگای حوجرەکە درا و دەنگێک گوتی: "باوکە ئیگناتیوس!"

ڕاهیب وەڵامی دایەوە: "باوکی پیرۆزمان ئەوا دێم!"

وای گوت و دەسکی دەرگاکەی بادا!

***

هەنووکە کاتێ یادداشتەکانم هەڵدەدەمەوە، بۆم دەردەکەوێ کە هیچ لەبەین ناچێ، بەڵکو هەموو شتێک لەناخمدا خەوی لێکەوتووە. هەنووکە بنۆڕە چۆن هەموو شتێک بەخەبەر دێ و لەتوێ توێی لاپەڕە کۆن و دڕاوەکانا کە بەچاکیش ناخوێندرێنەوە، سەر هەڵدەدەن تا جارێکی تر لێم ببنەوە بەدەیر و ڕەهبان، بەوێنە و زەریا. هاوڕێکەیشم هەمان شێوە سەر لەخاک دەردێنێ و وەک خۆی خۆش ئەندام، لەهەڕەتی لاوییدا، بەپێکەنینە هۆمەرییەکەی و بەچاوە شینە هەڵۆ ئاساکانی و بەسینگی ئاخنراو لەشیعر، سەر لەتوێی خاک دەردێنێ. وی زیاتر لەتوانای ئینسان بۆ وەرگرتن، دەبەخشێ و فرەتریش لەتوانای ئینسان بۆ بەخشین داوا

دەکات، ئەو تەنیا و خەمین مرد و جگە لەخەندەیەکی تاڵی ڕۆحێکی بریندار و خاوەن غرور هیچی تری لێ جێ نەما. ئەو وەک نەیزەکێک وەها بوو کە بۆ ساتێک تاریکی تێک شکاند و پاشان خۆیشی فەوتا. هەمـوو ئێـمـەیش هەروا دەفـەوتێین و عـەردیش هەر بەو جـۆرە تیـادەچێ. بەڵام ئەم حـەقـیـقـەتە هیچ تەسەللایەکمان ناداتەوە، چ بیانوویەکیش نابێ بۆ ئەو کە دروستمان دەکا و دەمانفەوتێنێ.

***

ماوەی چل ڕۆژ بەکێوی پیرۆزدا گەڕاین، کاتێ گەشتەکەمان کۆتایی هات و ئێوارەی جێژنی لەدایکبوون گەڕاینەوە دەفنە، لەوێ موجیزەیەکی سەیر و چاوەڕواننەکراومان بینی. گەرچی لەچلەی زستاندا بووین، کەچی لەباخچەیەکی چکۆڵە و هاکەزاییدا، داربادامێک چرۆی کردبوو.

باسکی هاوڕێکەم گرت، ئاماژەم بۆ داربادامەکە کردو گوتم: "ئانجیلۆس! بەدرێژایی گەشتەکەمان گەلێ پرسیاری ئاڵۆز دڵیان ئازارداوین، هەنووکە بڕوانە وەڵامەکانیان!"

هاوڕێکەم سەیرێکی داربادامە چرۆکردووەکەی کرد و خاچی کێشا، پێدەچوو لەبەرامبەر وێنەیەکی موجیزە نوێندا نوێژ و ستایش کا، ماوەیەکی درێژ هەر وا مایەوە بێ ئەوەی مته‌قی لێوە بێت. دواجار زۆر بەهێمنی، وەک ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێ، گوتی:

– "وا شیعرێک بۆ سەر لێوم هەڵدەقوڵێ، پۆستەرە شیعرێک!"

بەداربادامم گوت: خوشکێ، لەبارەی خوداوە

بۆم بدوێ

کە ئەوەم گوت:

درەختی بایام شکۆفەی کرد!

## ئۆرشەلیم

کاتێ سەرلەنوێ بۆ تەنیایی گەڕامەوە، چاوانم لێک نا و لەخۆم پرسی کە دواجار لەکێوی پیرۆز چیم بۆ ماوەتەوە، لەو هەموو چێژ و ئەزموونە ڕاچڵەکێنەرە، لەو هەموو پرسیارەی من و هاوڕێکەمیان عەزاب دەدا، دواجار چ شتێ لەناخما ڕۆنیشتووە؟ کە چوومە کێوی پیرۆز بەدوای چیدا گەڕام و لەوێ چیم دەستکەوت؟

ئەو دوو زامەی لەتافی مێردمنداڵیمدا لێم ناسۆر ببوون– واتە ئەو کاتەی کە مامۆستاکەم دوو نهێنی گەورەی بۆ ئاشکرا کردم بەوەی عەرد ناوەندی کەون نییە و ئینسانیش مەخلوقی هەڵبژێراو و ڕاستەوخۆ نازڵبووی خودا نییە– دوو برین بوون کە ساڵەها بوو دەمیان لێک نابوو، کەچی لەکێوی پیرۆز سەرلەنوێ هاتنەوە سوێ.

دوو عەزابی فەلسەفی، لەکوێوە هاتووین و کوێوە دەچین؟ مەسیح وەڵامێکی دابۆوە، وی هەتوانێکی هێنابوو کە گەلێ برینی سارێژ دەکرد، بەڵام چما ئەو هەتوانە دەیتوانی برینەکانی من سارێژکات؟ دارئامێر



و نوێژی بەیانیان و وێرد خوێندن– ڕیتمی غەیبی ژیانی زاهیدانە– بۆ ماوەیەکی کەم ئازارەکانمیان ئارام کردبۆوە، بەئاشنابوونیشم بەبەرخۆدانی مەسیح لەلایەکی ترەوە– هەستم دەکرد خوێنی ئازایەتی و شیرینی و ئومێد لەبەرخۆدانەکەمدا دەجمێ، بەڵام هەر زوو ئەو سیحرە ڕەوییەوە و سەرلەنوێ ڕۆحم تەنیا و بێکەس کەوتەوە. ئەرێ بۆ؟ مەگەر لەچی کەم بوو؟ غەریبیی کێی دەکرد؟ کاتێک ڕۆحم ڕۆیشت بۆ کێوی پیرۆز، بەشوێن چیدا دەگەڕا و لەوێ نەیتوانی چ شتێک بەدەست بێنێ؟

بەتێپەڕبوونی ساڵان، هێورهێور تێگەیشتم من بۆ دۆزینەوەی شتێک چووبووم بۆ کێوی پیرۆز کە هەموو تەمەنم بەدوایدا گەڕاوم، چووبوومە ئەوێ تا هاوڕێ یان دوژمنێکی گەورە– نەک بەقەد خۆم، بەڵکو لەخۆم گەورەتر– بدۆزمەوە تا لەپاڵ مندا بێتە مەیدانی جەنگەوە، ژنێک نا، ئەندێشەیەک نا، بەڵکو شتێکی تر، کەسێکی تر. ئاخر ڕۆحی من لەو کەس و لەو شتەی کەم بوو، بۆیە هەستم دەکرد ڕۆحم پشوو سوارە و بێ ئۆقرە!

دواتر– لەکاتی دیدارەکەدا نا– تێگەیشتم کە نەمتوانیوە لەکێوی ئاتوس، ئەو کەسەو ئەو شتە بدۆزمەوە. پێم سەیرە ئەوە بەری تەواوی سەفەرەکەم بووبێ لەکێوی ئاتووس!

لەو کاتەدا کە بەکێوی ئاتووسدا دەگەڕام، تاقە دەسکەوتم تێکۆشەرێکی بەئەزموون بوو (یاخود لەسەرەتادا پێم وابوو) کە دەستە بریندارەکانی بۆ ڕەهبانەکان ڕایەڵ دەکا، لەپێ خاوسەکانییەوە خوێن دەچۆڕا، لەبرسا گۆناکانی قووپیبوون، جەستە لاوازەکەی لەژێر جلکە دڕاوەکانییەوە دیاربوو، بەچاوانێکی فرمێسک تێزاو و لەکاتێکدا کە لەسەرمادا ددانە چۆقەی پێ کەوتبوو، لەدەرگاکانی دەدا و کەس دەرگای لێ نەدەکردنەوە، لەدەیرێکەوە بۆ دەیرێکی تر ڕاویان دەنا و سەگەلیش پێی دەوەڕین. دەمەو ئێوارەیەکیان بینیم پاڵی دابوو بەبەردێکەوە و چاوی لەزەریای چۆڵ بڕیبوو، لەپشت دار سنۆبەرێکەوە خۆم حەشار دا و چاوەڕێیم کرد، ماوەیەکی زۆر بێدەنگ و لەجێی خۆی نەبزووت، بەڵام ئیتر گەییە تینی و پڕ بەگەروو هاواری کرد: (تەنانەت ڕێوییش کونێکی هەیە تیایدا ستار بگرێ، بەڵام من هیچ کوێم نییە تیا بسرەوم!) برووسکەیەک لەمێشکی دام، ناسیمەوە(*)، لێیچوومە پێشەوە تا دەستی ماچ کەم، لەمناڵیمەوە تا ئەلعان خۆشم ویستووە، ئەوا ئێستایش هەموو شوێنێکی بەدوادا دەگەڕێم، بەڵام دیارنەما، بەخەم و پەژارەوە لەسەر ئەو بەردە دانیشتم کە ئەوی لەسەر دانیشتبوو، ئای. . چ دەبوو گەر بمتوانیبا دەرکی دڵم بۆ کردبایەوە و بهاتبایە ژوورێ تا ئیدی نە سەرمای با و نە بێ خانە و لانەش با. (پراکلیوس)ی فەیلەسوفم بیرکەوتەوە، ئاخر ئەو لەسەردەمێکدا دەژیا کە ئینسانەکان ئیتر بڕوایان بەخواوەندەکانی ئۆڵۆمپ نەمابوو، لەخۆیانیان دەتاراندن، لەژێر کەپرێکدا پراکلیوس لەبەرپێی ئاکرۆپلیسدا نوستبوو، لەپڕ تەقەی دەرگا هات، ڕاچەنی، هەستا و دەرگاکەی کردەوە، (ئەسینا)ی بینی کە بەتەواوی شکۆی خۆیەوە لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستاوە. گوتی:

– "پراکلیوس، بۆ هەر کوێ دەڕۆم دەست بەڕوومەوە دەنێن، هاتووم تا لەناو هەنییەی تۆدا پەنا بگرم!"

(*) ڕاناوەکە بەپیتی گەورەی HIM نووسراوە، ئەمەش واتە مەسیح.

چ دەبوو گەر ئەم (مەسیح )ە، هەمان شێوە توانیبای لەدڵی منا پەنای گرتبا ؟

کە لەکێوی ئاتووس گەڕامەوە، بۆ یەکەم جار هەستم کرد مەسیح برسی و ئاوارە دەسووڕێتەوە و لەخەتەردایە، ئیدی هەنووکە کاتی ڕزگارکردنییەتی بەدەستی ئینسان. پەژارە و سۆزێکی فرە کۆنترۆڵیان کردم، بێزار لەژیانی ئارام و بێ خورپە، ڕێی دەشتودەرم گرتەبەر، چەندین ڕۆژ گەڕام و چیاکانی مەکدۆنیام لەپێوەدا. سەرەنجام گوندێکی تاریک و وێران و نەفرەتلێکراوم دۆزییەوە، کولبەی پڕ لەپەیین، منالّ و بەرازی قوڕ و لیتاویی، پیاوان بەمۆڕەوە سەیریان دەکردم، سلاوم لێ کردن، وەلامیان نەدامەوە، ژنان هەر کە منیان بینی دەرگاکانیان لەو دیوەوە داخست. بەخۆم گوت: "ئێرە جێگەی منە. ئەی ڕۆحی من، تۆ لێرە لەم گوندە ترسناکە و لەنێو ئەم خەڵکە ترسناکانەدا دەتوانیت توانای خۆڕاگریی خۆت بسەلمێنیت!" تێکۆشەرە زامدارەکەم هەر لەخەیالّدابوو، لەبەرئەوەی دەمویست جەستە ئەشکەنجە بدەم، بڕیارم دا زستان لەو گوندەدا بمێنمەوە. دوای عەزاب و ماندوویییەکی زۆر توانیم شوانێکی پیر تێبگەیەنم کە پیاوکوژ و سیخوڕ، یاخود شێت نیم، ئەوجا قایل بوو لەقوژبنێکی کولبەکەیدا جێگەم کاتەوە و هەموو ڕۆژێکیش چۆڕێ شیر و نەختێ نانم بداتێ. دار لەو گوندەدا زۆربوو، بەردەوام لەبەر ئاگردا دادەنیشتم و دەمخوێندەوە، جگە لەئینجیلەکان و هۆمەر، هیچی ترم پێ نەبوو.

هەندێ جار وتەکانی مەسیحم لەبارەی ئەڤین و لەخۆبوردنەوە دەخوێندەوە و هەندێ جاری تریش شیعرە نەمرەکانی شێخ و باوکی گریکییەکان(*). پێویستە ئارام و میهرەبان و لەخۆبوردووبیت، کە زللەیەکیان لەلای ڕاستت دا، ئەوا لای چەپیشت ڕاگرە بۆیان، ژیانی ئەم دونیا بێ بایەخە، ژیانی ڕاستەقینە ئەوەتا لەبەهەشتە - یەکەمیان ئاوها ئەمری دەکرد. دەبێ بەهێز بیت، ژن و جەنگ و شەرابت خۆش بوێ، دەبێ بکوژی و بکوژرێی تا شکۆ و مەزنایەتی ئینسان دانەبەزێ، ژیانی ئەم دونیات خۆش بوێ، ژیانی کۆیلەیی لەژیانی پادشایەتی لە(هادیس) باشترە. - ئەمەشیان باپیرەی گریکستان پێی دەگوتم.

ئاکی(**)یەکان لەملاولای زەینمەوە ڕاست دەبوونەوە، ئاکییەکان بەکەپووی زل و مەچەک پێچ و زل و ڕانی کولّکن و ڕیشی نووک درێژ و قژی چەور و بۆنی شەراب و سیرەوە، هێلینیش بەسەر دیوارەکانا - نەمر و نەژاکاو- دەگەڕا، لەڕووناکیدا ئارنگی دەدا، پەڵەیەک چییە بەلەشییەوە نەبوو جگە لەپاژنەی پێکانی کە خەڵتانی خوێن بوون. خواوەندەکانیش لەسەر ئەسکەملەکانی خۆیان لەسەر هەورەکان پالّیان دابۆوە و تەماشای خەڵکیان دەکرد کە یەکتریان سەردەبڕی. لێرە، لەو خەلّوەتەی خۆمدا، گوێم بۆ ئەو دوو سایرێن(***)ە ڕادێرابوو، هەردووکیان چنگیان لەناخم گیرکردبوو، هەردووکیان ئەفسوونیان دەکردم و

(*) مەبەست لە هۆمەرە.

(**) مەبەست لەخەلّکی گریسکتانە.

(***) دوو فریشتەی زەریاییین کە نیوەی لەشیان وەک ژن و نیوەکەی تریش وەک لەشی بالّندە. بۆ یەکەم جار ناویان لە ئۆدێسەدا هاتووە کە گوایە دەنگی چەنگ (قیسارە) و گۆرانی چڕینیان هێند ئەفسوناوی بووە کە گوێگری لەهۆش خۆ بردووە. فەرهەنگی ئەفسانەکانی کریک و ڕۆم.



نەمدەزانی ئێسک و پروسکم بەتارمایی کامیان ببەخشم.

دەرەوە بەفر بوو، لەپەنجەرە بچووکەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد و سەرنجم دەدا چۆن کلووە بەفر، ناشیرینیی گوند دادەپۆشێ، هەموو بەیانییەک مەڕو بەرغەل بەلامدا تێدەپەڕین و لەزرنگەی زەنگۆلەکانیان خەبەرم دەبۆوە.

لەناو جێگەکەم هەلّدەسام و لەڕێگە بەبەفر پۆشراوەکانەوە لەگەلّیاندا سەردەکەوتم و لەگەلّ شوانەکەدا چەند وشەیەکمان لەبارەی هەژاری و سەرما و ئەو مەڕانەی کە دەمرن ئالّوگۆڕ دەکرد، ئاخر بەدرێژایی تەمەنم گوێم لێ نەبووە شوانێک لەبارەی شتی دلّڕفێنەوە بدوێ، بەلّکو هەمیشە لەبارەی هەژاری و سەرما و مەڕی مردووەوە سەری قسە دادەمەزرێنێ.

ڕۆژێکیان بەفرێکی یەکجار زۆر باریبوو، زەنگەکانی ئاوایی بەنەوایەکی ماتەمەوە لێدران، بێگومان کەسێک مردبوو، خەلّکی گوند خۆیان لەمالّەوە زیندانی کردبوو، جاروبار زەنگۆلّەی هێستڕێک بێدەنگییەکەی دەشلّەقاند، لەپەنجەرەکەوە ڕیشۆلّەکانم دەدیت کە لەتاو برسێتی لەملا بۆ ئەولا هەلّدەفڕین، ئاگرێکم کردبۆوە، گەرمایی ئاگرەکە وەک دایکێکی میهرەبان لەئامێزی گرتبووم، هەستم بەبەختەوەری دەکرد، بەلّام کوتوپڕ وەک ئەوەی بەختەوەریی گەورە خیانەت بێ، گریانێکی بەکولّ لەناخمەوە هەلّقولّی - گریانێکی هێور، هێور و ئارام- دەتگوت دایکێکە و لەپرسەی کوڕەکەیدا دەلاوێنێتەوە.

یەکەم جار نەبوو دەنگی ئەم گریانەم لەناوەوەمڕا دەژنەفت، هەر کاتێ هەستم بەپەژارە کردبێ، هێورتر دەبۆوە و دەنگی بەویزەی مێشهەنگێکی دوور دەچوو، بەلّام کاتێک شادومان بام، ئەوا ناخم دەکولا، لەترسا هاوارم دەکرد: "کێیە لەناخمدا دەگری؟ هۆی چییە؟ ئەدی چ هەلّەیەکم کردووە؟"

شەو داهاتبوو، منیش لەئاگرەکە ڕامابووم، دلّم حەزی بەتێکەلّاوبوونی ئەو نالّە و گریانە نەدەکرد، بۆچ دەبێ شیوەن کەم و بگریم؟ خۆ خەمێکی قورس دەستی نەناوەتە ڕۆحم، هێمنایەتی و گەرمام هەیە، مالّی شوانە پڕە لەبۆن و بەرامەی ژیانی جوتیاری و شوانکارەیی، تژییە لەبۆنی پونگە و بەهێ، لەبەر ئاگردا دانیشتووم و هۆمەر دەخوێنمەوە، شادومان بووم، هاوارم کرد: "من خۆشحالّم، ئەدی لەچیم کەمە؟ لەهیچ. ئەی کەواتە چییە یان کێیە لەناخمدا دەگری؟ چی دەوێ؟ چی لێم دەوێ؟"

بۆ لەحزەیەک هەستم کرد لەدەرگا دەدرێ، هەستام کردمەوە، بەلّام کەس نەبوو، ئاسمان سامالّ، ئەستێرەکان وەک پشکۆ دەسووتان، دانەویم، لەژێر ڕۆشنایی ئەستێراندا ڕێگە بەبەفر پۆشراوەکەم دایە بەر ڕێژنەی سەرنج تا بەشکم شوێن پێیەک بەدی کەم، بەلّام هیچم نەبینی. دەستم خستە پەنا گوێ و گوێم هەلّخست، لەولا گوندەوە سەگێک مەلوولانە دەیقرووسکاند، دەشێ (ئیزرائیل)ی بینیبێ کە لەوێوە بەسەر بەفرەکەدا ڕۆیشتووە، ئاخر دوو ڕۆژ لەوەوبەر شوانێکی پیر، بەلّام کەتە و لێهاتوو، بەڕوالّەت نەمر، هەلّخلیسکابووە زنارێکەوە، سەرانسەری ئەمڕۆ بەگیانەوە بوو، هەموو خەلّکی ئاوایی لەتاو ئازاری گیاندانی وی هاواریان بوو، بەلّام ئێستا ئیتر لەنالّە کەوتبوو، جگە لەسەگەکەی کە بەخەمینی دەیقرووسکاند، چ دەنگێک لەو ناوەدا نەدەبیسترا.

موچوڕکێکم پێداهات، گوتم دەبێ مردبێ، مردن پەستی دەکردم، هێشتا وشەگەلی تەسەللادەرەوە سەبارەت بەژیانی دووەم و سەبارەت بەو دونیا نەیاندەتوانی فریوم دەن، بەڵام لەلایەکی تریشەوە توانای ئەوەم نەبوو بێ ترس لەگەڵ مەرگ ڕووبەڕوو ببمەوە.

جارێکی تر دەستەوداوێنی هۆمەر بوومەوە، گوایە هەر تەنها دەمتوانی لەسەر ڕانی ئەم بابە گەورە پیرە ئۆقرە بگرم، شیعرگەلی نەمر هەمدیس وەک شەپۆڵ بەسەر یەکدا گلان و بەهەنیەمدا هاتنە خوارەوە. بەدرێژایی سەدەکان، کرچە کرچی شەڕە نێزەی خواوەندەکان و ئینسانەکانم دەژنەفت. (هێلین)م بەسەر دیوارە تەروادەییەکەوە دەبینی کە پیاسەی دەکرد و پیرەمێردانی شار چواردەوریان دابوو، بەدیتنی وی هەولّم دا مەرگ لەبیر خۆم بەرمەوە، بەڵام هۆش و گۆشم لای مەرگ بوو. بەخۆم گوت " ئاخ، چ دەبوو گەر دڵی ئادەمیزاد قادری ڕەها با و توانیبای لەگەڵ مەرگدا بجەنگێ! چ دەبوو گەر وەک مەریەمی مەجدەلییە- مەریەمی مەجدەلییەی سۆزانی- با و توانیبای تەرمی دڵدارەکەی ڕاپەڕێنێتەوە!"

هەستم بەپەژارەیەکی گەورە کرد لەسەر دڵم، مەخابن، چۆن توانیبام بەنۆرەی خۆم (ئەو)م ڕاپەڕاندبایەوە و دڵم ئارامی گرتبا! هەستم دەکرد (ئەو) تەنها جەنازەیەکە لەناوەوەمڕا ڕاکشاوە و بەردەوام دەگری، (ئەو) لەهەولّی هەستانەوەدا بوو، بەڵام ئاخر بێ یارمەتی ئادەمیزاد ناتوانێ هەستێتەوە، هەر لەم ڕووەوە هەستی بەبێزاری دەکرد بەرامبەرم، ئاخر چۆن دەمتوانی ڕزگارم کردبا و خۆیشم ڕزگارم با ؟

ئەگەر باپیرەم لەجێی من با ، ئەوا سواری کەشتییەکەی دەبوو ، چارۆکەکەی هەڵدەدا تاکو لەگەرووەکاندا کەشتییە جەنگییەکانی تورکان تێکوپێک بشکێنێ، ئاخر باپیرەم تورک و جوولەکەی وەک یەک بەبەرپرسیاری لەخاچدانی مەسیح دەزانی. بەم شێوەیە ڕقی خۆی دادەمرکاندەوە و ئارام دەبۆوە. خۆ ئەگەر بابیشم لەجێی من با ، ئەوا سواری ئەسپەکەی دەبوو ، هێرشی دەکردە سەر کافران و کە شەو لەشەڕ دەگەڕایەوە مێزەری سپی بەخوێن سووری دوژمنانی مەسیحی لەگەڵ خۆ دەهێنایەوە و بەژێر وێنەکەی مەسیحدا هەڵی دەواسین، بەم جۆرە ئەویش سوکنایی دەهات و هەستی دەکرد مەسیح لەدڵی ویدا ڕادەبێ و هەڵدەسێتەوە. ئاخر بابم جەنگاوەر بوو ، جەنگیش بۆ ئەو ڕێبازی ڕزگارکردن و ڕزگاربوون بوو ، بەڵام من - بنکڕی بنەماڵە- چیم کردبا ؟

لەسەر دوندی کوێستانەکانی کریت، ناو بەناو ، هەرچەندە بەدەگمەن وا ڕێ دەکەوێ کە لەبنەماڵەی زەبەلاحەکانا منالێکی سیسەڵە لەدایک بێ، باوکە پیرەکەی سەیرێکی دەکات بەڵام هیچی لێ تێناگا ، جارێکی تر سەیری دەکاتەوە و نازانێ ئەم تلّپەی ناباره چۆن لەپشتی ئەمەوە هاتووە؟ کوڕە دڕندەکانی تری بانگ دەکا بۆ کۆبوونەوە و ڕاوێژ تا بەشکەم ئەوان بزانن سەبارەت بەمە شتێک بکەن، پیرەمێرد بەسەریانا دەنەڕێنێ و دەڵێ:

- "ئەمە هۆی ڕیسوایی بنەماڵەکەمانە، کوڕینە پێم بڵێن چ بکەین؟ ناتوانێ ببێتە شوان، ئیدی چۆن دەتوانێ خۆی بکا بەپشتیردا و مەڕ بدزێ؟ ناتوانێ ببێتە جەنگاوەریش، لەبەرئەوەی کوشتن ئازاری دەدا، ئەمە مایەی ڕیسوایی بنەماڵەکەمانە، دەی با لێ گەڕێین ببێتە مامۆستای قوتابخانە!"



مەخابن منیش مامۆستای بنەماڵەکەمان بووم، بەڵام بۆ دەبێ ڕووی خۆم لەم چارەنووسە وەرگێڕم؟ پێویستە شانی بدەمەبەر، چەندێک باووباپیرانم زیادەڕۆییان لەچکۆڵەکردنەوەمدا کردبێ، خۆ منیش چەکی خۆم هەبوو ، دەچووم بۆ شەڕ.

لە دەرەوە بەفر دەباری، خودا بەبەخششی فەراوانی خۆی، ناشیرینیی دونیای بەبەفر دادەپۆشی، شڕوشیتاڵی هەڵواسراو بەدیواری خانۆچکەکەدا ببوونە پێستەی سپی بەنرخ و بنەدڕکە نوستووەکانیش چرۆیان دەکرد.

جارناجارێ قیژەی منالێک، وەڕینی سەگێک یان دەنگی پیاوێکت دەژنەفت، بەڵام هەمدیس هەموو شتێک کپ دەبۆوە، جگە لەبێدەنگیی، جگە لەدەنگی خواوەند، چ دەنگێکی تر نەدەبیسترا.

لە کاتێکدا کە کوتە دارێکم خستە نێو ئاگرەکەوە و باوەشێکیش گەڵای دار دێمشتم بۆ خۆشبۆنکردنی تێ هاویشت، دیسان سەرم بەسەر هۆمەردا شۆڕکردەوە، بەڵام ئیدی بیرم لای ئاکاییەکان و ترواییەکان و خواوەندانی ئۆلۆمپ نەبوو ، دیمەنی بەخۆرەتاو شۆردراو ، وەک پەپوولە لەپێش چاومدا دەکەوتە سەما و بزر دەبوو ، جارێکی تر دەنگی گریانی ناخی خۆم ژنەفت.

وی لەمەرقەدەکەیدا بەئارامی نوستبوو ، چاوەڕێی حەوارییەکان بوو تا بێن و بەردەکەی بۆ لابەرن، لەتاریکیدا دانەون و بانگی کەن تا هەمدیس لەسەر عەرد هەستێتەوە، بەڵام هیچ کەس نەهاتبوو ، ئەویش دڵڕەنجاو دەگریا.

هەروا لەو بڵێسانە ڕامابووم کە بەرەو دامرکاندنەوە دەچوون، حەوارییەکانم دیت بەپەشۆکاوییەوە لەدیوەخانێکدا کۆببوونەوە و دەیانگوت: (مەولامان مردووە، بەڵێ مردووە!) چاوەڕێ بوون شەو دابێ تا ئۆرشەلیم جێ بێڵن و هەریەکە بەلایەکدا بڕۆن، بەڵام ژنێک هەستایە سەرپێ، تەنها ئەو بوو کە مردنی (مەولا)ی پێ نەدەسەلما ، چونکە مەسیح لەناخی دڵی ویدا ڕاببوو ، لەسپێدەی بەیاندا پێخاوس و قژ ژاکاو و نیوەڕووت بەرەو قەبرەکە ڕای کرد، دڵنیابوو کە مەسیح دەبینێ و بینیشی، دڵنیابوو کە مەسیح ڕادەبێ و ڕایشیپەڕان، هاواری کرد: (مەولا...!) مەولا لەگۆڕەکەیدا دەنگەکەی ژنەفت، بەسەر قاچیدا دانەوییەوە و لەسپێدەی بەیاندا ئەوی بینی کە بەسەر گژوگیای بەهاریدا پیاسەی دەکرد.

***

زەینم تژیی بوو لەو خەونی ڕابوونە، سووکە تایەکی زۆر شیرین نیشتە سەر پێڵووەکانم و خوێن زایە لاجانگەکانم. کاتێک ڕەشەبایەک هەڵدەکات، هەورەکان دەڕەونەوە، سەرلەنوێ یەک دەگرنەوە، لەشێوەی ئینسان و ئاژەڵ و کەشتیدا قەبارە گۆڕکێ دەکەن. هەروا کە لەپەنا ئاگرەکەدا کسکەم کردبوو ، زەینی منیش وەک ڕەشەبا خەونەکانی ناوەوەمی پەرتەوازە دەکرد و قەبارەی دەگۆڕین و دەیکردنە ڕوخساری ئینسانەکان. بەڵام ئەم ڕوخسارانە بەخێرایی لەسەرمدا وەک بازنەی دووکەڵ دەڕەوینەوە. هەر کە وشەکان - سەرەتا بەگومان و ترس و لەرزەوە و پاشان هێدی هێدی دڵنیاتر و بێ پەرواتر- دەهاتن و ڕوخساریان ڕادەگرت، تێگەیشتم: (با)ی وەشتی تۆوپەڕێن کە لەناخمدا هەڵی کردبوو ، تۆوێکی پیتاندبوو ، ببووە

کۆرپەڵە و بەئومێدی لەدایکبوون پەلەقاژەی بوو، قەڵەمم هەڵگرت و دەستم دایە نووسین تا لەئازار ڕزگاربم، تا بژیم!

لە سەرەتاوە دەستم پێ نەکرد، لەهەمووان پێشتر مەجدەلییە بوو کە نیگەران و چاو بەفرمێسک و سەر و پرچ ژاکاو دەرپەڕی، بەر لەسپێدە ڕاچەنیو و وەخەبەرهاتبوو، دەشێ لەخەونیدا (مەولا)ی بینیبێ، وەک ڕاوچییەک کە نێچیرەکەی لەبۆسە بنێ کەوتە بانگکردن:

وای چەند سەرسوڕهێنەرە! هەوا بۆنی چ عەترێکی لێ دێ
بەجۆرێک کە ناتوانم سەرهەڵێنم.
دە هەستەوە دڵەکەم، سەرلەنوێ بکەوە ترپە
تا عەرد شەقار دەکەیت!
شان و ملی خۆڵاویم وەک باڵ تەپ و کوتیانە
بەڵام سپێدە خاو و خلیچکە و
ئاخ، کە جەستەش چەند قورس!
ئەی ڕۆح، بەرلەوەی جلکەکانم بپۆشم و برۆم
پەلە مەکە، سەیرم کە چۆن وەک تازە بووک
خۆم دەڕازێنمەوە و دەست و پێیم دەگرم لەخەنە
چاوانم بەسورمە دەڕێژم و برۆم بەوسمە دەڕەنگێنم
چونکە هەر وا کە ئاسمانی شکۆمەند
بەئارامی لەقەفەسەی سینەم دەدا
ئەڤین عەرد دێنێتە جۆش و
منیش بەکڕنۆشەوە (وشە)م بەشادی و شیوەنەوە
قەبوڵە، هەروەک بلێیی ئینسانێک بێ،
کاتێکیش بەرێگە قوڕاوییەکانا دەگەمە سەر قەبرەکەت
وەک ژنێک کە دلدارەکەی جێی هێشتبێ
ئەی مەسیح.. ئەژنۆ ڕەنگ پەڕیوەکانت لەئامێز دەگرم
بۆ ئەوەی هەرگیز جێم نەهێڵیت
هەر دەدوێم و باوەش بەئەژنۆ ڕەنگپەڕیوەکانتدا دەکەم
مەسیحەکەم.. با خەڵکیش پشتت بەربدەن
بەڵام تۆ هەرگیز نامریت
چونکە مەمکەکانم پڕن لەئاوی حەیات
ئەز ئەم ئاوەت پێ دەبەخشم و
جارێکی تر هەڵدەگڕێیتەوە بۆ سەر عەرد



لەگەڵ مندا، لەنێو چیمەن و گوڵاندا پیاسە دەکەیت.
منیش وەک پاسارییەکی عاشق
کە بەسەر پەلکە بەفراوییەکانی
داربادامەوە هەڵدەنیشێ و
سەرمەستانە دەخوێنێ
منیش ئاوها ڕووەو ئاسمان سەر هەڵدەبڕم و
تا شکۆفەکردنی گوڵ هەر دەخوێنم!

***

نەمدەتوانی بنووم، زۆر پەلەم بوو، چونکە هەنووکە دەمویست ئەو ڕوخسارانەی بۆ ساتێک مابوونەوە- پێغەمبەران، مەجدەلییە و مەسیح، تەمتومانێک کە دەبێتە وێنە و درۆیەک کە دەبێتە ڕاست، ڕۆحێک کە لەهێلانەکەیەوە لەسەر بەرزترین چڵی هیوا دەخوێنێ - دەسبەجێ بیانگرم و بەوشەگەلی تۆکمە و بەهێز بۆ هەمیشە ڕایانگرم. پاش شەو و ڕۆژێکی کەم دەسنووسی شانۆنامەکەم لەسەر ڕان و لەبەردەمی خۆمدا دیت، توندوتۆڵ گرتبووم، لەکوڕێک دەچوو کە دایکی دوای هاتنە دونیای توندتوند بەباوەشی خۆوەی گرتبێ.

***

ڕۆژانی پارێز و جەژنی پاک لەمرۆ و سبەینێدا بوو، بۆ پیاسە چووبوومە مەزراکان، دونیا ببووە بەهەشت: بەفری چیای ئۆلۆمپ لەژێر تیشکی خۆردا دەدرەوشایەوە و مەزراکان لەڕەنگێکی سەوزی کاڵدا شەپۆلیان دەدا. پەڕەسێلکەکان وەک مەکۆی جۆلایی بەهاریان بەهەوادا دەدووری. وردە گوڵی کێوی بەڕەنگی سپی و زەردەوە، بەسەرە وردیلەکانیان خۆڵیان لەسەر خۆیان لادەبرد، لەژێر تیشکی خۆرەتاودا سەریان قوت کردبۆوە و سەیری دونیایان دەکرد، لەوانەیە کەسێک بەردی قەبرەکەیانی لابردبێ: ئەوانیش ڕاببوونەوە. کێ ڕابووبێتەوە؟ بێگومان ......، کە تاوێ گوڵە، تاوێک پاسارییە، تاوێک بەرسیلەی گەییوە، تاوێکی تریش گەنمە.

هەروا کە بەناو مەزراکاندا دەگەڕام سەرەگێژەیەکی خۆش، کات و شوێنی دەوروبەری لێ تێکدابووم، وەک ئەوە وابوو لەفەلەستین پیاسە بکەم نەک گریکستان. دەمتوانی جێگەپێ خوێناوییەکانی مەسیح بەسەر خاکوخۆڵی ئاوساوی بەهارەوە ببینم، چیا پیرۆزەکانی کەرمیل(*)، جیلبوا(**) و تابور(***) لە دەوروبەرمدا ڕاست ببوونەوە. ئەم لاسکانەی سەریان لەعەرد هێنابووە دەر تا باڵایان بەباڵای ئینسان بگەیەنن لاسکی گەنم نەبوون، بەڵکو هەموویان مەسیح بوون کە سەریان لەگۆڕ هێنابووە دەرێ، ئەو

(*) Carmed.
(**) Gilboa.
(***) Tabor.

گوڵانە، گوڵاڵە سوورە نەبوون، بەڵکو خوێنی پیرۆزی وی بوون.

جارێکیان کەسێک لەحاخام ناهمەنی پرسی: "مەبەستت لەم هەموو مەوعیزەیە چییە لەبارەی ڕۆیشتنەوە بۆ فەلەستین؟ بێگومان فەلەستین تەنها بیرۆکەیەکە، ئامانجێکی دوورە کە دەبێ ڕۆژێ لەڕۆژان ڕۆحگەلی یەهود بیگەنێ!"

ناهمەن تووڕە بوو، لەکاتێکدا کە گۆچانەکەی بەعەرددا دەدا نەڕاندی: "نا، نا، کاتێ دەڵێم فەلەستین مەبەستم لەبەرد و سەوزایی و خاکەکەیەتی، فەلەستین ئەندێشەیەک نییە، بەڵکو بەرد و سەوزایی و خاکە. پێویستە بچن بۆ ئەوێ!"

بەخۆم گوت: "پێویستە بچم بۆ ئەوێ تا لەشی گەرمی فەلەستین ببینم و دەستی تێوەبدەم. بەوە دانەسەکنێم کە تەنها بەدەم پیاسە و گەڕانەوە لەشاخ و مەزراکانی گریکستاندا لەزەتی لێ بکەم، دەمەوێ سەر زەمینێ کە مەسیح پێی ناوەتە سەری و ئەو بەردانەی دەستی لێ داون و هەوایەک کە هەڵی مژتووە، منیش پێ بنێمە سەری و دەستی لێ بدەم و هەواکەی هەڵمژم. شوێن پێی ئەو دڵۆپە خوێنانە هەڵگرم کە ڕێگەی ئەوی لەنێو ئینسانەکانا دیاری کردووە. بەڵێ، دەبێ بڕۆم، ڕەنگە لەوێ لەفەلەستین ئەو شتە بدۆزمەوە کە لەکێوی پیرۆز بێهوودە لەدووی گەڕاوم!"

جارێکی تر (با)ی سەفەر لەزەینمدا هەڵی کردەوە، ئەرێ تا کەی ئەو (با)یە هەر هەڵدەکا؟ ئینشاڵڵا تا مردن. چەند لەزەتبەخشە هەڵبڕان لەعەردی قاقڕ و سەفەرکردن! چەند لەزەتبەخشە پساندنی ئەو تاڵە دەزووەی لەگەڵ دڵنیاییدا گرێمان دەدا و ئیدی بڕیاری سەفەر دەدەین! چەند لەزەتبەخشە تەماشاکردنی دواوە و بینینی ئینسانەکان و ئەو کێوانەی خۆشمان دەوێن کاتێ لەدوورایییەکانا بزر دەبن.

هەفتەی پیرۆز هاتە پێشێ، لەسەرتاسەری دونیای مەسیحییەتدا مەسیح لەخاچ دەدرا، ئەو پێنج زامە نەمرە سەرلەنوێ دەمیان کردەوە، دڵی - مەریەمی مەجدەلییە- دەهاتە پێشێ تا لەگەڵ مردندا زۆران بگرێ. چەند بەختەوەرانەیە پیاوێک دڵی منداڵێکی هەبێ و لەماوەی هەفتەی پیرۆزدا ئازار بچێژێ: توانای خورد و خەوی نەبێ و کاتێ لەنوێژەکانی جێژندا جەستەی بەگوڵی لیمۆ پۆشراوی خواوەندێک دەبینێ کە لەسەر خاچ دەتوێتەوە، نەتوانێ بەر بەلافاوی فرمێسک بگرێ. خاوەن چ خۆشبەختییەکی لەوە گەورەترە کیژۆڵەیەکی خۆش بوێ و بەهاریش لەپەنجەرە کراوەکانی کەڵێساوە بێتە ژوورێ و لەنیوەڕۆی (هەینی پاک)دا لەگەڵ ئەووەڵین ئەڤینیدا بێت بۆ کڵێسا و بەماچکردنی پێی (لەخاچدراو) بکەوێتە دۆعا و نزا و گەنجێتی بیهێنێتە لەرزە. چونکە پێی وایە تاوان دەکا کاتێ لەسەر جەستەی خواوەند لێوی بەلێوی ژنێک دەگات.

(هۆمەر)م داخست و دەستی باپیرەی نەمرم ماچ کرد، بەڵام نەموێرا سەر هەڵبڕم و چاو ببڕمە چاوانی، لەخزمەتیا هەراسان و شەرمەندە بووم، چونکە چاک دەمزانی لەو ساتەدا، بەپشتگوێخستنی ئەو و بردنی دوژمنە گەورەکەی (واتە کتێبی پیرۆز) لەگەڵ خۆمدا، خیانەتی لێ دەکەم.

هێشتا عەرد و ئاسمان لەخەودا بوون، تەنها کەڵەشێرێک لەسەربان ملی بەرەو خۆرهەڵات قوت کردبۆوە و بانگی خۆری دەکرد دەرکەوێ، ئاخر شەو درێژەی کێشا بوو!



وەک دز دەرگاکەم کردەوە، وەک بڵێی بترسم باپیرە گوێی لەجیڕەی دەرگاکە بێت. ئیدی ڕێگەی بەندەرم گرتەبەر. کۆمەڵێ ژن و پیاو لەگوندەکانیانەوە هاتبوون تا وەک من خۆسازکەن بۆ سەفەری فەلەستین و لەسەر مەزاری پیرۆز بکەونە وێرد و دۆعا و نزا. هەرگیز سەر لەئێوارەی بەڕێکەوتنم لەبیر ناچێتەوە- هێمنایەتی و شیرینی و میهرەبانییەکەی- نمە نمە باران دەباری، گەر سەرت بەرەو ئاسمان هەڵبڕیبا، ڕوخسارت دەبینی کە بەفرمێسک پۆشرابوو.

لەهەمان کەشتیدا لێفە و بەتانیی چەور و چڵکن لەسەر عەردەکەی ڕاخرابوو، کۆمەڵێک پیرێژن زەمبیلەکانیان دەکردەوە و خەریکی شت جوین بوون، هەوا بۆنی ماسی و پیازی لێ دەهات، لەنێوەڕاستا پیاوێکی بەڕواڵەت دانای سەرگۆنا سووری باڵابەرزی قژ ماش و برنجیی ڕاوەستابوو، بەدەم لەراندنەوەی جبەکەیەوە بۆ پێش و دواوە، بەدەنگێکی بەرز و بەسۆز داستانی مەسیحی دەخوێندەوە - ژیان و ئازارەکانی مەسیح- چۆن زاوا هاتووە بۆ ئۆرشەلیم، پاشان چۆن لەگەڵ حەوارییەکانیدا دوایین شێوی کردووە، چۆن قوتابییە خایینەکەی بەپەلە ڕۆیشتووە، پاشان چۆن عیسا بەکێوی زەیتووندا هەڵزناوە و ئارەقە وەک (خوێنی مەییو) لەهەنیەی چۆڕاوە.

پیرێژنە چکۆڵە و ڕەشپۆشەکان ئاخیان هەڵدەکێشا، سەریان دەلەقاند و لەهەمان حاڵدا کە وەک پەز ئارام و بێدەنگ کاوێژیان دەکرد، بەهەستێکی قووڵەوە گوێیان ڕادێرابوو، خواوەند لەدڵە ساکارەکانیانا جارێکی تر دەبووە جەستە و لەخاچ دەدراو ئینسانی ڕزگاردەکرد، شوانێکی گەنج پشتی کردبووە پیرێژنەکان و بەوردی گوێی ڕادێرابوو، بەدەم گوێڕادێرانەوە دانەویبۆوە و بەقەڵەمبڕەکەی وێنەی سەری چۆلەکەیەکی لەسەر دەسکی گۆچانەکەی دادەتاشی.

کوتوپڕ کاتێک گەرووی گڕاوی مەسیح بەجۆرێکی تاقەتبڕ تینوێتی زۆری بۆ هێنا و هاواری کرد: "تینوومە!" ئیدی ژنێکی گەنج و تۆزێک قەڵەو بەجۆرێک هەژا کە قنجەپێ هەستایە سەرپێ و هاواری کرد: "ئۆه.. کوڕەکەم!" وای چەند ورووژام بەبیستنی هاواری دایکانە و قووڵی ئەو ژنە، چەند ورووژام کاتێ گوێم لێی بوو کە بەکوڕی خۆی بانگ کرد.

هەنووکە زەریای (ئیژە)مان جێ هێشتبوو، دەگەیشتینە خۆرهەڵاتی نزیک، ئەفریقا لەلای ڕاستمانەوە - هەرچەندە نادیار- بەئارامی لێی ڕاکشابوو، قوبروس لەبەشی ڕاستی ئاسۆوە بوو، زەریای ئاگرین ئارنگی دەهات، دوو پەپوولە لەسەر چارۆکەی کەشتییەکە لەفڕیندا بوون، تەیرێکی بچووک و برسی کە شوێنمان کەوتبوو، وەک فیشەک دەرپەڕی و پەپوولەیەکیانی گرت و خواردی، کچێکی ناسکی ڕەنگ بزڕکاو کە ئەوەی بینی قیژاندی و کەوتە زریکە زریک. یەکێ پێی گوت: "بیر خۆتی بەرەوە، ئەمە یاسای سروشتە، بۆ پێت وایە کچێکی لاوازی ناسک بێ؟"

لەسەر زەمینێکی بەهەتاو برژاو نێزیک دەبووینەوە، سەر زەمینێک کە ڕۆژێ لەڕۆژان لەوێ و لەکونجێکی هەژار و چکۆڵەدا لە(ناسرە) ئاگرێک بڵێسەی سەندبوو، ئاگرێک کە دڵی ئینسانی سوتاند و نوێیکردەوە، ئەمڕۆیش ژیان جارێکی تر، وەک دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر لەگەندەڵیدایە، بەڵام ئەو گیروگرفتانەی کە هاوسەنگیی دڵ و مێشک تێکدەدەن، گەلێ ئاڵۆزترن و چارەسەرکردنیان گەلێ

ئەستەمترو خوێناویترە، ئەوکات پەیامێکی ساکار و دڵڕفێن سەری هەڵدا و ڕزگاریی وەک وەرزی بەهار باڵی بەسەر عەردا کێشا، پەیام لەوە ساکارتر و دڵڕفێنتر نەبۆتەوە، ڕەنگە ئێستاش ئەو پەیامە بتوانێ ڕزگارکەرمان بێت. کێ چوزانێ؟ هەر بۆیە دەچووین بۆ ئۆرشەلیم تاجارێکی تر گوێ لەکوڕی مەریەم ڕادێرین!

شەو بوو، لەسەر (عەرش)ی کەشتییەکە ڕاکشابووم تا بنووم، بەڵام دەمەقڕەیەک لەئەمبارەکەوە دەهات، دوو گوێم هەبوو، دووانی تریشم بۆ بیستنی ئەو دەمەقڕێیە قەرز کرد، یەکێکیان کە هەر لەچۆنییەتی دەنگیڕا دەتتوانی مەزەندەی جحێڵبوونی بکەیت، بەگوڕو تینەوە گومڕایی و زوڵم و زۆری ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێستای ڕیسوا و مەحکوم دەکرد، دەیگوت: "جەماوەر برسی دەبن کەچی بەرپرس و زۆرداران سەروەت و سامان کەڵەکە دەکەن!" دەیگوت: "ژنان خۆیان دەفرۆشن، کەچی قەشەگەل باوەڕناکەن!" دەیگوت: "بەهەشت و دۆزەخ هەردووکیان لێرەن لەسەر ئەم عەردە، ژیانێکی تر بوونی نییە، پێویستە لێرە دادوەری و بەختەوەری بدۆزینەوە!" لەهەمموو لایەکەوە هاوار هەستا: "بەڵێ، بەڵێ، ڕاست دەکەیت! ئاگر و تەورا!" تەنها یەک کەس هەوڵی دا بەرپەرچی ئەو قسانە بداتەوە، کەسێک بەتۆنی دەنگیدا ناسیمەوە، ئەویش مجێورەکەی هاوسەفەرمان بوو، بەڵام دەنگی لەنێو هاوار هاوار و پێکەنینی خەڵکەکەدا بزربوو.

بەتاسوق و پەرۆشییەوە گوێم ڕادێرابوو، ئەمباری ئەم کەشتییە لەژێرزەمینێکی تازە دەچوو کە جارێکی تر کۆیلەکانی تێدا گرد بووبێتنەوە- کۆیلەگەلی ئەمڕۆیی- تا جارێکی تر سیستێمی دونیا تێکوپێک بدەنەوە! شتێکی ترسناک بوو، ئامانجی ئەم سەفەرەی ئێمە ستایشی ڕوخساری خوڕەم و ئاشنای خواوەند بوو، ڕوخسارێکی پڕ مەینەتی و هێمنایەتی، ڕوخسارێکی پڕ لەهومێد بۆ ژیانێکی نەمر. پیرێژنە چکۆڵەکان نان و مۆم و فرمێسک و عیبادەتیان بۆ هێنابوو، لەهۆدە نمرە یەکەکانیشدا بێ باوەڕە بەختەوەرەکان لەسیاسەت دەدوان و دەنوستن، کەچی لێرە، لەژێرەوە، تۆوی تیۆرێکی گەردوونیی نوێ و خەتەرناکمان وەک دیارییەکی ترسناک لەگەڵ خۆدا دەبرد.

دونیای خۆشەویست و پیرۆز لەمەترسیدا بوو، دونیایەکی تر، دونیایەکی لێواولێو لەقوڕ و لیتە و پرشنگ، کە لەخاک و دڵی ئینسانەوە سەری هەڵدەدا، لەژێرزەمینی کەشتییەکەدا خۆی حەشاردابوو، هەر بەلەمێکی دەسکەوتبا، سەردەکەوت و سەفەری دەکرد.

بەیانی ڕۆژی دواتر، وردە وردە سەر زەمینی مەوعود وەدیارکەوت سەرەتا هێڵی دوور و نادیار لەئاسۆدا، پاشان چیا نزمەکانی یەهودیە(*)، یەکەم جار بەڕەنگی خۆڵەمێشی و دواییش بەشینێکی کاڵ، تا دواجار تیشکی بەزەبری خۆر لەخۆیدا تواندنییەوە و دیارنەمان. پیرێژنە چکۆڵەکان وەخۆکەوتن، بوخچەکانیان پێچایەوە و لەکاتێکدا کە دەسماڵە ڕەشەکانیان دەدایەوە بەسەریاندا، خاچیان لەسەر سینگ دەکێشا و دەگریان.

---

(*) -کم باکوری یاخا. پێشان بە(یەهودیە) دەناسراو دواتر ناونرا (عەبباسییە).



لم، باخ، ژنگەلی ڕەشتاڵە و قەڵەو و چڵکن، دڕک و داڵ، دارخورما، ڕۆیشتن بەرەو شاری پیرۆز بەترومبێلی شڕ و خەڕەکە شکاو، لێدانی کوتوپڕی سامناکی دڵ، دیوارەکان، بانیژەکانی جەنگ، بورج و قەڵاگەل، بۆنی پەیین، بەهارات و میوەی گەنیو، دزداشە گەل، پرتەو بۆڵە و ورتەورت، سێبەری هەموو پێغەمبەرە کوژراوەکان لەخاکەوە هەستان، بەردگەلی بەخوێن شەڵاڵ، زیندوو دەبوونەوە و هاواریان دەکرد:

"ئۆرشەلیم!"

***

نامەوێ و جورئەت ناکەم هەفتەی پیرۆز وەبیرخۆ بێنمەوە، لەماوەی ئەو حەوت ڕۆژەدا هەموو ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ئینسان خۆیان دەنواند-ئومێد و ئەڤین، خیانەت و لەخۆبردوویی، هاواری (خودایە، خودایە، بۆچی بەتەنها جێت هێشتم؟) نەک هەر مەسیح، بەڵکو هەر مرۆڤێکی پاک و دادپەروەر خیانەتی لێ کرابا، قامچی دەخوارد و لەخاچ دەدرا، بەبێ ئەوەی خواوەند دەستی یارمەتی بۆ ڕایەڵ کا. لەڕاستیدا ئەگەر دڵی میهرەبانی ژن نەبا، ئەوا خودا هەتا هەتایە پیاوی لەنێو گۆڕ دەنا، ئاخر ڕزگاریی ئێمە بەتاڵێک دەزووەوە بەندە، ڕزگاریی ئێمە بەهاواری ئەڤینەوە بەندە.

شەو لەدوای شەو تێدەپەڕی تا سەرەنجام سپێدەی پیرۆزی (جەژنی پاک) هات. کڵێسای ڕابوون وەک پوورە هەنگێکی زۆر گەورە جمەی دەهات، بۆنی مێو و ئارەقەی ئینسانی لێدەهات، بن باخەڵگەلی سپی، قاوەیی و ڕەشی ئارەقکردووی ژن و پیاوگەلێک کە ئەو شەوە لەژێر بانیژەی پەرستگەکەدا نوستبوون و چاوەڕێی ساتی خولقێنەری کەون بوون کە تیایدا ڕۆشنایی پیرۆز لەمەرقەدی مەسیحەوە دێتەدەر. لەهەموو شوێنێ بۆنی ناخۆشی مێو و ڕۆنی ترشاو دەهات، لەژێر وێنەگەلی پیرۆزدا، قاوە لەقاپی چکۆڵەدا دەکولاو ژنان بۆ شیردانی ساواکانیان مەمکۆڵانیان دەردەهێنا، بێگومان ژنە زنجییەکانیش دووگی ئاژەڵیان لەکەزی و پرچیان ساویبوو، هەر بۆیە بۆنی پەزیان لێدەهات، مێردەکانیشیان بۆنی ناخۆشی بزنیان لێدەهات.

پۆل پۆل زیارەتکاران دەهاتن، لەپەرستگەکە ڕێ بەر ڕێدار نەدەکەوت، هەندێک بەسەر عامودەکانا هەڵزنیبوون و ئەوانی تریش لەسەر کورسییەکان دانیشتبوون، هەندێکی تریش چووبوونە شوێنی ژنانەوە و لەو گۆڕە چکۆڵەیەیان دەنۆڕی کە دەرکەوتنی ڕۆشنایی پیرۆز تیایدا لەئانوساتدابوو، حەبەشی و عارەبە بیابان نشینەکان، زنجییە تەربوش بەسەرەکان بەدزداشەی ڕەنگاوڕەنگ و چاوانی فرمێسک تێزاو و بریسکەدارەوە- هەموو نەژادی ئینسان - هاواریان دەکرد و پێدەکەنین، هەناسەیان هەڵدەکێشا. کوڕێکی گەنج لەهۆش خۆی چوو، لەسەر دەست بردیانە حەوشە، قەشەیەکی پیرو لاواز لەسەر وردە بەردی حەوشە کەوت و کەفی دەچڕاند.

خەڵکەکە کوتوپڕ بێدەنگ بوون، هەوا تژیی بوو لەچاوگەلی ئاگرین، پەتریارک بەجلکی زێڕکەفتەوە وەدیارکەوت، تەنها و بێدەنگ سەری داخست و بەژێر (مەرقەدی پاکژ)دا بەرەو ناوەڕاستی کڵێسا بەڕێ کەوت، جوتیاران بەدەمی داپچڕاوەوە ڕاوەستان، دایکان مناڵەکانیان دەنایە سەر شانیان تا ئەوانیش

بتوانن ببیبین، هەر چرکەیەک وەک دڵۆپێکی درشت بەسەر سەرمانا دەباری، تیشکێک لەمەرقەدی پیرۆزەوە دەردەپەڕی و پەتریارک بەگوڕزێک مۆمی سپی داگیرساوەوە دەرکەوت، لەچاوترووکانێکدا کڵێسا لەخوارەوە تا سەرێ نوقمی ڕووناکی بوو، بینەران هەموو، هەریەکەیان مۆمی سپی خۆی بەدەستەوەو بەرەو لای پەتریارک چوونە پێش تا بەشکەم بەخششی تیشکیان بەرکەوێت، دەستیان دەخستە ناو تیشکەکەوە و پاشان لەدەموچاو و سنگیان هەڵدەسوو، ژنان دەیانقریشکاند، پیاوان کەوتنە سەما، بەو هەرا و زەنایەوە هەمووان بەرەو دەرگاکە شاڵاویان برد تا بچنە دەرێ.

کڵێسا چۆڵ بوو، دەنگە دەنگی سامناک، جەماوەری ورووژاو، جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ- هەموو ئەوە لەخەونێکی غەریب دەچوو- بەڵام کە سەیری عەردی کڵێساکەم کرد، دڵنیابووم هەموو ئەم خەیاڵانە ڕاست بوون، چونکە لەسەر سەنگچنەکەی بەر پێمان پاشماوەی حاڵەتی جەزبەم دەبینی: توێکڵە پرتەقاڵ، ناوکە زەیتوون و شووشەی شکاو.

چوومە حەوشە تا هەوایەکی تازە هەڵمژم، پڕ بەدڵ حەزم دەکرد پەرستگەکە جێ بێڵم و بچمە کێوە چۆڵ و سەرکەشەکانی بەرامبەرم تا جگە لەخۆر و مانگ و بەرد هیچ شتێکی تر نەبینم و ئینجا هەر بڕۆم و بڕۆم. لەگێژاوی ئەو هەموو سەرمەستی و لەخۆبوونەوەدا کە ئیمانداران بەپەلە بوون بۆ بانگکردنی مەسیح- ئەمرپێکردنی- کە لەگۆڕدا ڕابێ، دڵم لغاو کردبوو، نەمهێشتبوو سەرخۆش بێ، ئاخر ڕۆحیش وەک لەش شەرمی تایبەت بەخۆی هەیە و لەپێش چاوان ڕووت نابێتەوە، بەڵام هەرکە بەتەنها مامەوە، هاوارم کرد: "بۆ دوور! بۆ بیابان! لەوێ وەک (با)یەکی سووتێنەر هەڵدەکات، لەوێ خۆم ڕووت دەکەمەوە و لێدەگەڕێم بمسووتێنێ!"

خواوەند دەڵێ: "خانمی ڕۆح، ڕاوەستە، مەڕۆ!"

– "خواوەند، چیت لێم دەوێ؟"

– "خانمی ڕۆح، دەمەوێ خۆت ڕووت کەیتەوە!"

– "خواوەند، چۆن داوای شتی وام لێ دەکەیت؟ ئاخر من شەرم دەکەم!"

– "خانمی ڕۆح، چ پەردەیەک، تەنانەت ناسکە تۆڕێکیش نابێ لەنێوانمانا بێت. کەواتە خانمی ڕۆح، دەبێ خۆت ڕووت کەیتەوە!"

– "خواوەند ئەوا خۆم ڕووت دەکەمەوە، دەی بمبە!"

هەروا بەدەم چڕینی ئەم قسە نەمرانەی ڕۆحی عاشقی خواوەندەوە، بەرەو (بەحرلمەییت) بەڕێ کەوتم، تامەزرۆی بینینی ئەو زرێبارە بووم کە ئەو دوو شارە گوناهبارە دروستیان کردبوو، گاشە بەردی خۆڵەمێشی، زەرد و سوور، هەڵمیان لێ هەڵدەسا، کاتێ خۆری تووڕە و لینج لەتەپڵێ سەری دەدان، جار ناجارێک پریشکەی (با)یەکی سووتێنەر دەم و ڕۆحی پڕ دەکردم لەلم، بەردەکان هەر ئەوە نەبوو کڵپە بسەنن، نە گوڵێک، نەدڵۆپە ئاوێک، نە باڵندەیەکی دەنگخۆش کە بەچڕینی گۆرانییەک ڕێبواران بەخێربێنێ یان شوێنیان کەوێ. تەنها خواوەند وەک شمشێرێک بەژوور سەرمەوە هەڵواسرابوو.

لەرز دایگرتم، بەخۆم گوت: "ئەمە مەسیح نییە، ئەمە کوڕە میهرەبان و لەپز شیرینەکەی مەریەم نییە، ئەمە (یەهوە)یە، یەهوەی سامناک و مرۆخۆر، من لەدووی ئەویان دەگەڕام کەچی ئەمیانم دۆزییەوە، ئەدی



چۆن دەمتوانی لەهەرێمی تاریک و بێ دەرەتانی سکووتی وی دەربازبم؟"

هەرچی زیاتر بیابان قووتی دەدام، سەرم پتر گڕی دەگرت، هاوارم کرد کە خۆیم پیشان دا و لەگەڵم بئاخڤێ، ئەی مەگەر خۆی بەئینسانی نەئەفراندبووم؟ مەگەر ئینسان ئاژەڵێک نییە کە پرسیار دەورووژێنێ؟ دەی باشە، من پرسیارم هەبوو، ئەویش دەبوو وەڵامم بداتەوە. لەو (با) سووتێنەرەدا بەهێمنی لێم پرسی: "خواوەند، لەساتەوەختێکی دژواردام، دەبێ چ بکەم؟ پشکۆیەک بخەرە دەممەوە، وشەیەک، وشەیەکی سادە کە ڕزگارکەرم بێت، لەبەر ئەمە خزاومەتە ئەم بیرە قووڵەوە، ئەم بیرەی تیایدا بەهۆی ڕووناکیی زۆرەوە بەشەوارە کەوتووم، بۆ ئەوەی لەگەڵت بئاخڤم، خۆتم پیشاندە؟"

چاوەڕێم کرد و چاوەڕێم کرد، چ وەڵامێک نەبوو!

لەتافی منداڵیم بەملاوە، هەر کاتێ لەحەوشی ماڵی خۆمان ژیاننامەی (قەدیسان)م دەخوێندەوە، وەخت بوو لەتاسەی دیدەنیکردنی ئەم عەردەدا بسووتێم، دیدەنی ئەم عەردە کە حاڵی حازر پێم ناوەتە سەری، تاسەیەکی سووتێنەر بۆ پێخستنە سەر ئەو بەرد و خاکەی مەسیح پێی نابووە سەر، تاسەیەکی سووتێنەر بۆ بیستنی دەنگی. هەمیشە قسەیەکم هەبوو کە دەبا پێی بێژم. (ئەمێستاش هەمان قسەم هەیە) دڵی بۆم دەسووتا و بەزەیی پێمدا دەهاتەوە، وەڵامی دەدایەوە، ڕەوڕەوەی دونیا بەرەو پێشەوە دەچێ، پرسیار و ئازار و شەیتانەکانی خۆی دەگۆڕێ، دەشێ لای مەسیح وشەیەکی نوێ هەبووبێ بۆ شیفابەخشین بەبرینە تازەکان، وشەیەکی نوێ کە ڕوخسارێکی نوێ و پیاوانەتر بەئەڤین ببەخشێ.

ئاوها لەگەڵ خۆمدا دەدوام و دەڕۆیشتم، هەمان هەوای ئەو بیابانەم هەڵدەمژت کە لەکڵپە و لم پێکهاتووە و پێغەمبەرەکانیش هەڵیانمژتووە. کاتێ گەیشتمە ناوجەرگەی زنارەکە، کوتوپڕ (بەحرولمەییت) ئارام و خۆڵەمێش ئاسا وەک قوڕقوشمێکی قاڵکراو و لێوڕێژ لەئاوی لیخن و ڕەشداگیرساو لەبەردەممدا درەوشایەوە. ڕووباری ئوردون بەڕەنگی سەوز و شین، وەک لقێک لە(بەحرولمەییت) بەنێو قامیش و سوورە چنارەکانا بەرەو فەلەستین دەکشا، تاقمێک پیاوی دزداشە لەبەر خاچیان کێشا، لەکاتێکدا ئەوان خۆیان بەئاوی موفەڕکدا دەکرد و دەبوونە حاجی، قەشەیەک لەکەناری چۆمدا ڕاوەستابوو بالۆرەی دەبێژا.

لەبەری ڕووبارەکەوە و لەژێر ساپیتەیەکی قامیشیدا، مەیخانەیەک ڕۆنرابوو، لەکاتێکدا کە گرامافۆنێکی زۆر کۆن گۆرانی ئامان ئامانی لێدەدا، کابرای مەیخانەچی کە پیاوێکی قەڵەو و خڕپلانە بوو، دزداشەیەکی چەوری لەبەردابوو، جگەری بەرخی دەبرژاند و گۆرانیی گرمافۆنەکەی دەگوتەوە.

هەنگاوەکانم خێراترکرد، لەکەناری (بەحرولمەییت)دا گەڕام و سەرلەنوێ ڕێی بیابانم گرتەوەبەر، چاوانی نیگەران و ترس تێزاوم بڕیبووە ئاوە مەنگەکە، وەک ئەوەی چاوانم بیانەوێ ئەو شارە لەقووڵاییڕا ببینن، هەروا کە ڕامابووم، قامچی برووسکەیەک کسپەی لەسەر شانی خەیاڵم هەستاند. خۆم بینیم، بینیم کە پێی قەدەر بەتووڕەییییەوە هەردوو شاری (سودوم و گۆمورە)(*)ی پلیشاندەوە و نوقمی زەریای بێ بنی کردن. دڵم لەلێدان کەوت. ئاخر ڕۆژێک دێ سودوم و گومۆرەی ئێمەش پێی بەهێزی قەدەر

(*) سودوم و گۆمۆڕە Sodom and Gomorran دوو شاری دێرینی فەلەستین کە خەڵکەکەی بەبەدڕەوشتی و بەدکاری بەناوباگ بوون. بەگوێرەی ریوایەتی تەورات برووسکە لەم دوو شارەی دا و وێرانی کردن.

بیپلیشێنێتەوە، ئەم دونیایەی کە پێدەکەنێ و دەجەنگێ و خودای لەبیرکردووە، دەبێتە (بەحرولمەییت)ێکی دی. لەکۆتایی هەر سەردەمێکدا خودا هەم شارگەلی بەدڕەوشتان و هەم شارگەلی بیریارانی پلیشاندۆتەوە. ترسام، ئاخر جاروبار وا هەست دەکەم ئەم دونیایە سودوم و گۆمۆڕەیەکی ترە بەرلەوەی خواوەند بەسەریدا بڕوا و بیپلیشێنێتەوە، پێم وایە دەکرێ دەنگی ترسناکی ببیەین کە نێزیک دەبێتەوە. لەسەر تەپۆڵکەیەکی لم ڕاوەستام و بۆ ماوەیەکی درێژ لەو ئاوە نەفرەتکراوە ڕامام- ئاوێک کە هەولّی دەدا هەردوو شاری ئەفسوونگەر و تاوانبار لەقولاّیی ڕەشاییدا هەڵکێشێ- حەزم دەکرد بۆ ساتێکیش بێ سەرلەنوێ لەبەر تیشکی خۆردا ببریسکێنەوە. هێندە بەس بوو نیگایان کەم، ئیدی پێڵووم لێک نابا و سەرلەنوێ دیار نەمابان.

سودوم و گۆمۆڕە لەپەنا بەستەری ڕووباردا وەک دوو سۆزانییە، کە خەریکی ماچکردنی یەکتربن، لێی ڕاکشابوون، پیاو لەگەڵ پیاو و ژن لەگەڵ ژن و پیاوان لەگەڵ ماین و ژنان لەگەڵ گا دا ئاوێزانی یەکتر دەبوون. هەموان تا سنووری ئینتەللاکردن لەدرەختی ژیان و لەدرەختی ماریفەیان دەخوارد. کاتێک پەیکەرە پیرۆزەکانیان شکاند، بینییان جگە لەدار و بەرد چیدی کە نین، کاتێک ئەندێشەکانیان شکاند، بینییان پڕن لەهەوا، کە نێزیک و نێزیکتر بوونەوە لەخواوەند، گوتیان: (ئەم خواوەندە باوکی ترس نییە، بەڵکو ڕۆڵەی ترسە!) ئیدی ترسیان شکا، لەسەر هەر چوار دەروازەی شار بەپیتی زەرد و درشت نووسییان: (چ خواوەندیک لێرە نییە!) دەستەواژەی خواوەند لێرە نییە مانای چی؟ مانای ئەوەیە چ سانسۆرێک لەسەر غەریزەمان نییە، کاری چاک پاداشت و کاری خەراپ سزای نییە، نە چاکەخوازیی هەیە و نە شەرم هەیە و نە دادپەروەریی، بەڵکو ئێمە هەموومان گۆڵە گورگ و دەڵە گورگین لەحاڵەتی ناوەکوتێدا(*).

خواوەند تووڕە بوو، بانگی ئیبراهیمی کرد: "ئیبراهیم!"

– "پەروەردگار، ئەمرکە!"

– "ئەی ئیبراهیم، مەڕ و وشتر و سەگ و خزمەتکار و کەنیزەک و ژن و کوڕەکەت ببە و بڕۆ، بڕۆ.. من گەیشتوومەتە بڕیارێک!"

– "گەورەم (گەیشتوومەتە بڕیارێک) لەکەلامی تۆدا یەعنی (بڕیارم داوە بکوژم)!"

– "ئاخر مێشکیان زیاد لەپێویست چەقاوەسوو بووە، دڵیان زیاد لەپێویست شادومان بووە، زگیان پتر لەئەندازە هەڵاوساوە، قێزم لێیان دێتەوە. لەئاسن و بەرد خانوو ڕۆدەنێن وەک بڵێیی قەت نامرن، کوورە بەکاردەهێنن و ئاگری تێدا دەکەنەوە و ئاسن دەتوێننەوە، من بیابانەکەم وەک مرۆیەکی گەڕوگول، لەعەرد دابڕیوە، بۆچی؟ چونکە ئیرادەم وای خواستووە، کەچی خەڵکەکەی سودوم و گمۆڕە ئاویان بۆ ڕاکێشاوە و کێڵاویانە و کردوویانەتە بەهەشت، توخمە نەمرەکانی ئاو و ئاسن و بەرد و ئاگریان خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. ئیدی من لێیان وەڕس بووم، لەدرەختی مەعریفەیان خوارد، سێویان ڕنی، ئیدی مەرگیان

(*) ترۆپکی چێژی سێکسوالیی لای ئاژەڵی مێ.



شتێکی حەتمییە!"

– "خودایە، دەبێ هەموویان بمرن؟"

– "هەر هەموویان! ئەی مەگەر من قادری ڕەها نیم؟"

– "خواوەند، تۆ قادری ڕەها نیت لەبەرئەوەی دادوەریت. ئاخر ناعادەلەتی و عەیب و عەبەس لەتۆ ناوەشێتەوە!"

– "ئێوە، ئێوەی کرمگەلی سەر لەژێر خاک دەرهانیو، لەخاک دروستبوو، لەخاک چەقیو، کەی عەدل و ناعەدل، سەروەری و شوورەیی، مەنتیق و نامەنتیق دەفامن؟ حیکمەتی کاملّی من کەنگێ لەبازنەی دەرکی ئێوەدا دادەسەکنێ! گەر ڕاستەوخۆ ڕووبەرووی ببنەوە دەتۆقێن!"

– "تۆ خاوەنی عەرد و ئاسمانیت، ژیان و مەرگت لەپاڵ یەکدا بەدەستێک ڕاگرتووە و هەڵیان دەبژێریت، من هیچم لەکرمێک زیاتر نییە، من لەئاو و خاکم، بەڵام تۆ ڕۆحی خۆت پێ بەخشیوم و ڕۆحت کردووە بەبەری ئاو و گڵدا. بۆیە جورئەتی ئەوەم هەیە بدوێم: هەزاران ئینسان لەسودوم و گومۆڕە هەن کە دەخۆن، دەخۆنەوە، لاف لێدەدەن، پێدەکەنن، گاڵتە دەکەن، دەزێن و دەزێنن، هەزاران ئەقڵ هەن کە هەروەک مار هەڵدەستنە سەر کلک و بەفیکەیەک ژەهری خۆیان بەرەو ئاسمان هەڵدەدەن، بەڵام گەر لەنێو ئەو هەمووەدا چل ڕۆحی چاکەخواز هەبێ، گەورەم ئایا ئەوانیش دەسووتێنیت؟!"

– "ناویان بێنە، ئەو چل کەسە کێن؟"

– "پەروەردگاری من، ئەی گەر بیست کەس بن چی؟ بیست ڕۆحی چاکەخواز؟"

– "ناوەکانیانم دەوێ، تا جیایانکەمەوە!"

– "پەروەردگاری من، ئەی ئەگەر (دە) کەس بن؟ (دە) ڕۆحی چاکەخواز! ئەی ئەگەر پێنج کەس بن؟"

– "ئیبراهیم، ئەو دەمە چەقاوەسووەت داخە!"

– "پەروەردگار بەزەییت هەبێ، تۆ نەک بەتەنها دادوەریت، بەڵکو میهرەبانیشیت، هاوار بەماڵمان گەر تەنها دادوەربایت! ئەوسا هەموومان تەفروتوونا دەبووین! بەڵام ئەی پەروەردگار تۆ میهرەبانیت، هەر بۆیە ئادەمیزاد هێشتا دەتوانێ لەسەر پێ ڕاوەستێ!"

– "کڕنۆش مەبە، دەست مەهێنە بۆ گرتنی ئەژنۆم، من ئەژنۆم نییە، بێ هوودەیە، مەکڕوزێرەوە و مەناڵێنە، من دڵم نییە، من سەرسەختم، لەگاشە بەردێکی خارا دەچم، چ دەستێک ناتوانێ شوێنی خۆیم لەسەر جێ بێڵێ، من بڕیاری خۆم داوە، سودوم و گۆمورە دەسووتێنم!"

– "پەروەردگارم پەلە مەکە، کاتێ مەسەلەکە کوشتن بێ پەلە مەکە، ڕەوا نییە، سەبرکە، یەکێکم دۆزییەوە!"

– "ئەی کرمی چنگ لەخۆڵ گیرکردوو، کێت دۆزییەوە؟"

– "ئینسانێکی پاک!"

– "کێ؟"

– "لوت(*)... کوڕەکەی هاڕوونی برام!"

هەروا کە بێ جووڵە لەسەر تەپۆڵکەکە ڕاوەستابووم، هەستم دەکرد هەنیەم خوێنی تێدەزێ، لەناوەوەمڕا دەنگی خواوەندم دەژنەفت کە لەگەڵ دەنگی ئینساندا دەستەو یەخە لێک ئالآبوون، بۆ ساتێک وێ دەچوو هەوا قەبارەی بەخۆوەگرتبێ و ئیدی (لوت) پێخاوس و تووڕە، بەڕیشی بژ و گرێک بەهەنیەیەوە لەبەرامبەرمدا ڕاوەستابێ. ئەم (لوت)ە، ئەو کۆیلەیە نەبوو کە لەتەوراتدا باس کراوە، بەڵکو (لوت)ێکی تایبەت بەخۆم بوو، سەرکەشێک بوو کە سەرپێچی فەرمانی خودای دەکرد بۆ هەڵاتن و خۆدەربازکردن، لەبەرامبەردا بەزەیی بەهەردوو شارە دڵڕفێن و تاوانبارەکەدا دەهاتەوە و بەویستی خۆی، خۆی لەنێو ئاگر دەنا و لەگەڵ ئەواندا دەسووتا.

بەدەنگی بەرز بانگی ئیبراهیمی کرد: "بە(ئەو) بڵێ من لێرە ناڕۆم، من سودوم و گومۆڕەم، ئەمەی پێ بڵێ و پێشی بڵێ من ناڕۆم. چما ئەی خۆی ناڵێ و شانازی بەوەوە ناکات منی (ئازاد) خوڵقاندووە؟ کەواتە هەرچیم پێ خۆش بێ ئەوە دەکەم. دەی کەواتە من ناڕۆم!"

– "ئەی یاخیگەر، من ناچمە ژێر باری ئەوەوە. ماڵئاوا!"

– "ماڵئاوا ئەی چاوگەی پیری فەزیلەت، ماڵئاوا ئەی بەرخۆڵەی خواوەند! بەئاغاکەت بڵێ کە (لوت)ی پیر سلاوت لێ دەکا، ڕاوەستە، پێی بڵێ کە ئەو دادوەر نییە، میهرەبانیش نییە، بەڵکو تەنێ قادری ڕەهایە، تەنێ قادری ڕەهایە، ئەو تەنێ بەهێزە و هیچی تر!"

هەنووکە خۆرئاوا ببوو، ڕۆشنایی دڵڕفێنتر و لاجانگەم هێور ببۆوە، هەناسەیەکم هەڵمژت، وەک بلێیی تازە لەمەیدانی بەرخۆدانێکی سەخت هاتبێتمەوە، ئاوڕێکم لەدواوە دایەوە، چۆن یاخیگەرێکی ئاوا لەناخمدا سەری هەڵدابوو؟ ترسناک بوو، ئەم ڕۆحە دڕندە و کۆڵنەدەرە، لەودیو خواوەندەوە لەکام پەنهانخانەی بوونمدا خۆی حەشاردابوو؟ لەگەڵ ئیبراهیم، ئەو باوکە ئیماندار و ملکەچەدا بووم، ئێستا چۆن بوو دەستبەرداری ببووم؟ چۆن بوو کتێبی پیرۆزم نابووە ژێرپێ تا -لوت-ێکی تر بخوڵقێنم و لەگەڵیدا یەکانگیرببم؟

شەیتانی چەقاوەسوو لەپەنهانخانەی بوونمدا کسکەی کردبوو، چاوەڕێ بوو ساتێک سەرم لێ بشێوێ و کلیلەکانم بیرچێ و خۆی هەڵیانگرێ و دەرگای (تەڵە)کە بکاتەوە و باز بداتە ڕووناکی. ڕەوتارێکی نەشیاوانە بەرامبەر بەخواوەند، بەرامبەر ئەو دوژمنە ئەبەدییەی خۆی بنوێنێ.

بەپێویستم دەزانی ناخم پاکژ کەمەوە و – گورگ و مەیمون و ژن–ی لێ دەرکەم، چاکە چکۆڵەکان و چێژە چکۆڵەکان و سەرکەوتنەکانی لێ دەرکەم، تا وەک بلێسەیەکی هەڵگڕاو بەرەو ئاسمان بمێنمەوە، هەنووکەش کە ببوومە پیاو، چیم کردبا جگە لەوەدیهێنانی ئەو شتەی بەمنداڵی لەحەوشی ماڵی خۆماندا بەئاواتم خواستبوو. ئاخر بونیادەم تەنێ جارێک دێتە دونیاوە و هەرگیز هەلێکی ترم بۆ ناڕەخسێ.

***

________

(*) Lot.



کە گەڕامەوە ئۆرشەلیم، شەو داهاتبوو. ئەستێرەکان لەئاگرێک دەچوون بەژوور سەری خەڵکەوە هەڵواسرابن. بەڵام هیچ کەس لەئۆرشەلیم سەری هەڵنەدەهێنا تا بیانبینێ و لەترسا بتۆقێ. خایلەگەلی ڕۆژانە، پەیوەندییە گچکەکان، خواردن و کتێبی گیرفان و ژن، بەسەر ترسی گەورەدا زاڵ ببوون، بەم جۆرە خەڵکی هێشتا دەیانتوانی لەسەر فەرامۆشکردن بەردەوام بن و درێژە بەژیان بدەن.

هەروا کە لەسەر قەرەوێڵەکەم تلاوتلم دەکرد، بەخۆم گوت کاتی ئەوە هاتووە بڕیار بدەم تا ئەو شتە تەواوکەم کە بەمناڵی هێشتا شیری خواوەند بەلێومەوەبوو، پێشبینیم کردبوو.

کاتێ لەکێوی ئاتووس بووم، ڕاهیبێ دەستی گرتم و لە لەپی دەستم ڕاما. گوتی: "دەمەوێ بەختت بۆ بگرمەوە!"

ڕوخساری هەر لەڕوخساری قەرەج دەچوو، ڕەش و پێست ئەستوور، دەم و لچی شۆڕ و چاوانی پرشنگی ئاگریان دەدا، بەپێکەنینەوە گوتم: "بڕوام بەسیحر و جادووی تۆ نییە!"

وەڵامی دایەوە: "قەیدی ناکات، گرنگ ئەوەیە خۆم بڕوام پێیەتی!"

لەهێڵ و ئەستێرە و خاچ و چرچولۆچەکانی لەپی دەستم وردبۆوە، پاش لێوردبوونەوەیەکی زۆر، گوتی: "خۆت هەڵمەقورتێنە ناو ئیشوکاری خەڵکییەوە، تۆ بۆ کردەوە دروست نەبوویت، خۆت دوورە پەرێز ڕاگرە، تۆ ناتوانی ململانێی خەڵکی بکەیت، چونکە هەر لەکاتی ململانێکەدا بیر لەوە دەکەیتەوە کە ڕەنگە هەق بەدوژمنەکەت بێ. پاش ئەوەش هەر بەڵایەکت بەسەر بێنێ دەیبەخشیت. تێگەیشتیت!"

گوتم: "دەی بەردەوام بە!" قسەکانی تا ڕادەیەک ڕایانچڵەکاندم، چونکە دەمبینی کە گەرچی ئەم ڕاهیبە قەت منی نەدیبوو، کەچی ڕاستی دەکرد.

جارێکی تر بەوردی لەلەپی دەستی ڕوانیم:

– "خایلەگەلی یەکجار زۆر وەک خۆرە کەوتوونەتە گیانت، خواستەکانت زۆرن و زۆریش پرسیار دەکەیت، تۆ خەریکە ناوجەرگی خۆت دەخۆیت، بەڵام ئەم ئامۆژگارییەم لەگوێ بگرە: بۆ دۆزینەوەی وەڵام زۆر خۆت تووشی مەراق مەکە، پێویستە نەچیتە دەرێ بۆ دۆزینەوەی وەڵام، ئەو خۆی دێ بۆ دۆزینەوەت، بەگوێم کە و ئاسوودە خەیاڵ بە دێ، با قسەیەکی مورشیدەکەشمت بۆ بگێڕمەوە: ڕاهیبێ بەدرێژایی تەمەنی بەدوای خواوەندا دەگەڕا، لەدوا هەناسەکانی گیاندەرچوونا تێگەیشت کە بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانە، خواوەند بەدوای ئەمدا گەڕاوە!"

جارێکی تر بۆ دەستم دانەوێوە و بەدوو چاوانی زەقەوە لێم ڕاما و گوتی: "لەپیریدا دەبیتە ڕاهیب، پێمەکەنە، تۆ دەبیتە ڕاهیب!"

هەندێ جار پێشبینییەکی درۆ بەڕاست دەردەچێ، پێویستە بونیادەم بەسادەیی باوەڕی پێ بێنێ، ئەوە پێشبینییەکی تری بیر خستمەوە کە کاتی خۆی مامانەکەم لەساتی لەدایکبوونما دابوومییە بەر ڕووناکی و گوتبووی: (ئەم مناڵە ڕۆژێک لەڕۆژان دەبێتە ڕاهیب!)

ترس باڵی بەسەرا کێشام و هاوارم کرد: "نا، نا، نامەوێ ببمە ڕاهیب!" وام گوت و دەستم کێشایەوە، وەک ئەوەی هەستم بەخەتەرێک کردبێ.

پێم وابوو، دوای ئەو هەموو ساڵانە، قسەکانی ئەو ڕاهیبەم بیرچۆتەوە، بەڵام ئەمشەو کوتوپڕ قسەکانی لەنێو زەینمدا هەڵقوڵانەوە. هەوڵم دا پێبکەنم، کەچی نەمتوانی، وەک بڵێی قسەکانی ڕاهیب بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەنهێنی ئیشیان تێدا کردبێتم و بۆ شوێنێکیان بردبێتم کە خۆم نەمدەویست بۆی بچم. ئاخر ئیتر مەسەلەکە لەوە دەرچووبوو پێکەنیناوی بێ!

چاوانم لێک نا، گوتم بەشکەم خەو بمباتەوە و ڕزگاربم، لەناکاو بوومە یاخییەک کە لەشەقامەکانی شارێکی گەورەدا ڕاوەدنرام، دەسگیریان دەکردم، دادگاییان دەکردم و حوکمی مەرگیان بەسەردا دەدام. جەللاد دەیگرتم و پێش خۆی دەدام. خۆیشی لەدوامەوە تەور بەسەر شانەوە دەهات. کەوتمە ڕاکردن، جەللاد بەهانکە هانکەوە پرسی: "بۆ ڕا دەکەیت؟" گوتم: "پەلەمە!" کە قسەکەم تەواوکرد، شنەیەکی گەرم هەڵی کرد و جەللاد لەچاوانم بزر بوو. جەللاد نەبوو، بەڵکو پەڵە هەورێکی ڕەش بوو ڕەویبۆوە، دەمویست لەڕاکردن بەردەوام بم، بەڵام نەمتوانی، کێوێک لەبەردەمما قووت بۆوە و ڕێی لێ گرتم، گاشە بەردێکی تیژ و یەک پارچە چەخماخ، ئاڵایەکی سوور بەترۆپکەکەیەوە دەشەکایەوە، بەخۆم گوت: "ئەگەر نیازی پێشڤەچوونت هەیە، دەبێ بێرەدا سەرکەویت!" کەواتە دەی، بەناوی خودا، بۆ پێشەوە، خاچم کێشا و کەوتمە هەڵزنین بەچیاکەدا، پۆستاڵەکەم بەبزماری گەورە بزمار ڕێژکرابوو، کە بزمارەکان بەر بەردە چەخماخەکە دەکەوتن، پریشکی ئاگریان لێ دەبۆوە، سەرکەوتم و هەر سەرکەوتم، هەڵخزیم، کەوتم، هەمدیس تینم تێ هاتەوە و نەختێکی تر سەرکەوتم، هەر کە لەترۆپک نێزێک و نێزیکتر بوومەوە، دەمبینی کە ئەو ئاڵایە ئاڵا نەبوو، بەڵکو ئاگر بوو. لەسەرکەوتن بەردەوام بووم و چاوم بڕیبووە ترۆپکەکە، نا، ئاگریش نەبوو، هەنووکە بەڕوونی دەمدیت، خواوەند بوو. بەڵام نەک خواوەندی باوک، بەڵکو خواوەندێکی تر. یەهوەی ترسناک لەوێ چاوەڕێی دەکردم.

لەشم نیشتە سەر ئارەقەیەکی سارد، بۆ ساتێک ویستم بگەڕێمەوە، بەڵام پێم شوورەیی بوو، بەچرپە بەخۆم گوت: "تازە ڕاوەستان بێ هوودەیە، بۆ پێشەوە!" دەنگێکی ژنانە لەناوەوەمرا پرسی: "دەترسیت؟" نەڕاندم: "بەڵێ، دەترسم!" هاوارەکەم هێند بەرز و بەسوێ بوو کە ئیدی لەخەو ڕاچەنیم.

لەسەر دۆشەکڵەکەم دانیشتم، خەون هێشتا لەنێوان پێڵووەکانمەوە بریسکەی دەهات، بەخەونەکەمدا چوومەوە، هەمدیس پێیداچوومەوە، بەڵام نەمتوانی لێکی بدەمەوە. یاخیگەر بۆ؟ جەللاد بۆ؟ بۆ ئاڵا ؟ ئەی بۆ ئاگر و خواوەند؟ سەرم ڕاوەشاند. لەبەرخۆوە گوتم: "کاتێ لەپرسیارکردن دەوەستین وەڵام خۆی دێ!" هێور بوومەوە، وەڵام کاتێ دێ کە پرسیار لەئەقڵی فرە وێژمانەوە بۆ دڵ و بڕبڕەی پشتمان دادەبەزێ. (ئەی چاوگەی گەوارا، داباره بەسەر تینوواندا، ئاوی تۆ بەڕووی ئەوانەدا بەستراوە کە قسان دەکەن، بەڕووی ئەوانەشدا کراوەیە کە پارێزگارییان بەهێمنیی خۆیانەوە کردووە، ئەی کانی، ئەوەی بەبێدەنگی بمێنێتەوە دێ، دەتدۆزێتەوە و دەتخواتەوە!) ئەم گوتە دێرین و نەمرە ئەمڕۆ بەستایشەوە بەسەر لێوانمەوە بوو.

فیرقەیەکی مەزەبی بەژێر پەنجەرەی ژوورەکەمدا تێپەڕین، هەوا تژیی بوو لەبۆنی بخوور و گۆرانی، کوتوپڕ هەستم بەخۆشحاڵی کرد، بڕیارێکی نهێنی لەناخمدا، لەتاریکیدا دەدرا، هێشتا نەمدەتوانی



سیمای بناسمەوە، بەڵام ئیمانم هەبوو.

هەستام، جلکەکانم پۆشی و پەنجەرەکەم کردەوە، لەئاسمانەوە ئاگر دەباری، ڕێگەکەی خوارەوە جمەی دەهات لەخەڵکی جۆراوجۆر و هەمووش پەلەیان بوو، هەوا لێوالێو بوو لەبۆنی بخوور و میوەی ڕزیو و چڵک و کێمی خەست و قورسی بونیادەم، ژنێکی عارەبی قەڵەو سەبەتەیەک گەرمەکابە(*)ی نابووە سەر سەر و بەدەنگێکی ناقۆڵا کڕیاری بانگ دەکرد، ددانەکانی لەبەر تیشکی هەتاودا وەک ئەڵماس ورشەیان دەهات، جوولەکەکان بەڕیشی درێژ و چەورەوە بەپەنا دیواری خانووەکاندا لارکەلارک دەڕۆیشتن و لەکەپووە قۆقزەکانیانەوە ژەهر دەڕژا. قەشە کاسۆلیک و ئەرتەدۆکس و ئەرمەنەکان بەلای یەکدیدا دەڕۆیشتن و سڵاویان لەیەکتر نەدەکرد، مەسیح بەدەستی ئەوانەوە بۆ ئاڵای ڕق نزم ببۆوە.

لەکۆڵانەکەدا بەرەو خوار بوومەوە و پیاسەیەکم بەناو شاردا کرد، هەموو شتێکم بۆ دوایین جار سەیرکرد و ماڵئاواییم لێ کرد، لەجامخانەی دووکانێکا پەیکەرێکی کۆنی کێوی سینام بینی، قەدیس کاترین تاجی پادشایەتی لەسەر، لەناوەڕاستا وەستابوو، لەملاولاشیەوە هەردوو کێوی سینا و قەدیس ئیپستم، وەک دوو باڵی مەزن لەسەر شانەکانی ڕوا بوون، پەڕێکی بەدەستێکەوە گرتبوو، بەدەستەکەی تریشی شاخێکی نەوازش دەکرد کە ببووە هۆی شەهیدبوونی. لەژێرەوە بەخەتی گریکیی کۆن نووسرابوو: (ئێوە ئەی کێوە لەبن نەهاتووەکان، ئێوە چ بایەخێکتان هەیە؟ شانازی بەچیتانەوە دەکەن؟ بەوەوە کە بەگژوگیا داپۆشراون، یان درەختتان زۆرە یاخود پڕن لەشێر؟ تەنها و تەنها کێوێک هەیە کە تژیی لەدرەخت و پۆشراو بەتەمومژ و پاک و ئەستوور و شکۆمەند و بەئاکار و خاوێن و ئاسمانی و مەلەکوتی و فریشتە ئاسا و خواوەندییە: ئەو کێوەش کێوی سینایە. ئەو کێوەی کە خواوەند پێی نایە سەر!"

تا ماوەیەکی زۆر نەمتوانی چاو لەپەیکەرەکە هەڵگرم، تا زیاتر لێی ڕادەمام، زیاتر دڵنیا دەبووم لەوەی کە ئەگەر پتر لەو خەونەمدا خۆم ڕاگرتبا و هاوارم نەکردبا (دەترسم!) و خەبەرم نەبایەتەوە، ئەوا ئەو کێوەی پیایدا سەردەکەوتم دەبووە جووتێک باڵ، چونکە ئەو کێوەی کە یەکپارچە بەردی چەخماخ و پریشک بوو، ڕێی هەڵگژانم بوو لەبەرخۆداندا، بەهەڵگژانم پێیدا، بەرخۆدانەکەم دەبووە دوو باڵ و لەگەڵ هەر شتێکی سەر لووتکە: ئاڵای سوور یان بڵێسە، یەکانگیر دەبووم.

خەون و ئاواتگەلی مناڵانە و پێشبینییە تەمومژاوییەکان لەگەڵ واقیعی ئەو وێنەیەی سینای پێش چاوانمدا یەکانگیر دەبوون. کوتوپڕ بڕیارەکەی ناخم ڕوخساری ئاشکرا دەبوو. بەدەنگی بەرز گوتم: ئەمە ڕێگەی منە، ئەوەم دۆزییەوە کە پێویستە بیکەم، دەچم بۆ کێوی سینا، لەوێ چاوانم دەکرێنەوە.

(*) گەرمە کابە: گەنمە شامییە بەساخی، لەسەر مەقەڵی دەیبرژێنن و لەسوێراوی دەنێن، تامێکی تایبەت و خۆشی هەیە. لەبادینان زووڕت و لەموکریان سەرداری و هەروەها گەرما کابەشی پێ دەگوترێت.

# بیابان... کێوی سینا

ساڵەهای ساڵ (سینا)، لەزەینمدا وەک دوندێکی دووره دەست دەدرەوشایەوە، بەر لەدەیری بەناوبانگ – کە لەسەر پنچکە گیایەک لە ئاگردا سووتا، بەڵام لە بەین نەچوو– بنیات نراوە. زەریای سوور، (ئەرەبیا پیترا)(*) بەندەری بچووکی (رایسۆ) لە ڕێگەمدا بوون، پاشان سەفەرێکی درێژ بەسواری وشترەوە بەناو بیابان و کێوی ترسناکی نائینسانیدا، جێگەیەک کە قەومی بەنی ئیسرایيل ساڵانێکی زۆریان بەشکۆ و گلەیی و گازندەوە تێدا بەسەر بردبوو.

(ئەلجەلیل) بەئەفسوونی ئەفسانەیییەوە، بەشاخ و هەردی هاوئاهەنگەوە، بەزەریای شین و دەریاچەی باریک و عیشوەگەرەوە، بەبزەوە لە پشت (یەسوع)ەوە ڕاخرابوو. وەک لێکچوونی شێوەی دایکێ لە کوڕەکەی، ئاوها شێوەی ئەویش لەیەسوع دەچوو. لێکدانەوەیەکی ساکار و ڕۆشن لەپەراوێزی ئینجیلدایە: لە (جەلیل) خواوەند خۆی لە شێوەی ئینسانێکی ئارام و بێ بەهانە و ڕووخۆشدا – وەک ئینسانێکی جوان– ئاشکراکرد.

بەڵام هەمیشە تەوراتم بەلاوە سازگارتر بووە و جیددیتر وەڵامی داخوازییە ڕۆحییەکانی داومەتەوە، هەر کاتێ ئەم کتێبە پیرۆزە پڕ لە ڕق و برووسکەیەم موتاڵاکردووە – کتێبێ کە کاتێ دەستی لێوە دەدەیت هەڵمی لێ هەڵدەسێ، تەواوێک وەک ئەو شاخەی کە خواوەند پێی نایە سەر– ئارەزوویەکی بەتین بۆ ڕۆیشتن و بینینی ئەو دوندگەلە نائینسانییەی کە ئەم کتێبەی لێ هاتۆتە خوارەوە، لەناوەوەمڕا چنگەکرێی کردووە، تا ئەم ترۆپکانە بەچاو ببینم و دەستیان لێوە بدەم.

جارێکیان لە باخچەیەکدا، کورتە گفتوگۆیەکی تژیی لەتووڕەییم لەگەڵ کیژێکدا بۆ هاتە پێش کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە.

من گوتم: "لەهەرچی شیعر و هونەر و کتێبە بێزارم، هەموویان بەلامەوە بێ ناوەڕۆکن، قەبارەیەکی کارتۆنین، تەواوێک وەک ئەوەی کە تۆ برسیت بێ و لەبری نان و شەراب و گۆشت، لیستی خواردەمەنی بنێنە بەر دەستت و تۆیش وەک بزن قاقزەکە بجوویت!"

نەمزانی بۆچی تووڕە بووم، دەشێ لەبەرئەوە بووبێ کە حەزم دەکرد دەستم بگات بەو کیژەی بەرامبەرم، بەڵام نەمدەتوانی بیگەمێ!

لە کیژە جوتیارێکی ڕووسی دەچوو، ڕەنگ بزرکاو و دەم پەل و ئێسکی ڕوخساری دەرپەڕیو، کە سەیریم دەکرد، تووڕەیییەکەم زێدەتر دەبوو، گوڵەباخێکم بەدەستەوە بوو، کەوتمە پەڕپەڕکردنی.

– "ئاوها وەک بزن ڕۆحگەلی لاوازی ئێمە برسێتیی خۆی دادەمرکێنێتەوە!"

کیژۆڵەکە زیرەکانە چاوێکی لێ داگرتم و بەبزەوە وەڵامی دامەوە:

(*) ئەرەبیا پیترا (Arabia Petraea) واتە عارەبستانی بەردین. پیترا عارەبییەکەی (بەترا)یە. پایتەختی نەبەتییەکان، وێرانەکانی ئەو شارە لە دۆڵی موسا یاخود لەلای چیای هاروونەوە لەمەملەکەتی ئوردونی هاشمی دەبینرێن.



– "بەتووڕەیی لەگەڵم دەدوێی گەرچی من لە گەڵیشت کۆکم، تەنها کتێبی ڕاستەقینە تەوراتە، چونکە لەقاقز دروست نەکراوە، هەمووی گۆشت و ئێسقانە و خوێنی لێ دەچۆڕێ. بەڕای من ئینجیلەکان لە پیاڵەیەک چای دارچین دەچن کە بۆ خەڵکانی سافیلکە و کەفتەکار بەکاردێن، عیسا هەر بەڕاستی مەڕ بوو، لەڕۆژی جێژنی پاکدا لەسەر چیمەنی سەوز سەریان بڕی بێ ئەوەی چ بەرخۆدانێ بنوێنێ، ملکەچ و دەستەمۆ تەنها دەیباڕان. خواوەندی من (یەهوە)یە، یەهوەی تووڕە و بەردین، پێستی ئاژەڵی وەحشی لەبەردا، ئاژەڵێک کە خۆی کوشتبووی، وەک زەلامێکی وەحشی کە تەشوێی بەبەر پشتوێن و لەبیابانەوە بێ، بەو تەشوێیە یەهوە دڵم شەقار دەکا و دێتە ژوورەوە!"

ساتێک بێدەنگ بوو، کوڵمەکانی هەڵایسابوون، بەڵام گڕ دانەمرکابۆوە و درێژەی بەقسەکانی دا: "لەبیرتە یەهوە چۆن لەگەڵ ئینسانەکاندا دەدوا؟ ئەی بینیوتە چۆن ئینسان و کێوەکان لەنێو لەپی دەستیدا دەتوێنێتەوە؟ بینیوتە چۆن عەرشی مەلەکوتیی لەبەر پێیدا نوقووم دەبێ؟ ئینسان هاوار دەکا، دەگری، لەئەشکەوتەکانا خۆی دەشارێتەوە، پەنا دەباتە بەر چاڵەکان، هەوڵ دەدا ڕابکا، بەڵام یەهوە وەک خەنجەرێک بەدڵیدا ڕۆچووە!"

جارێکی تر هەم کچە و هەم منیش بێدەنگ بووین، بەڵام من لەقوڵایی دڵمڕا هەستم بەسوێی خەنجەرەکە دەکرد.

ئەو ڕۆژە هەنگاوی یەکەمین بوو بۆ هەڵایسانی ئارەزووم بەرەو بینین و دەست لێدانی بەستەری ڕووبارێک کە خواوەند لەکاتی تێپەڕبوونیدا بەبیاباندا شەقاری کردبوو، ئارەزووی ئەوەی بچمە ناویەوە وەک چوونی مرۆڤێک بۆ ناو لانەی شێر. هەنووکەش سوپاس بۆ خودا کە ئەو ساتەی بۆ ڕەخساندم تا ئەم برسێتییەشی تێدا دامرکێنمەوە.

سەفەرەکەم لەخەونێکی خێرا، لەخەونێکی ئاگرین و جادوویی دەچوو، لەئۆرشەلیمەوە بۆ سویس، پاشان لەسویسەوە بۆ ڕایسۆ و بەندەری ئارابیا پیتراو لەوێشەوە بەرەو تووری سینا. چیاکان شینی کاڵ و ئاوەکان مەیلەو سەوز، بەندەر فەراوان و بەرین بەبەلەمی سوور و زەرد و ڕەشەوە، چەندین کوختی داتەپیویش بەدرێژایی کەنار زەریا، ئارامییەکی مەزن، دوو وشتر لەکەنار زەریا دەبینران، بەخێرایی ئاوڕێکیان لە کەنار دایەوە و بەچەند هەنگاوی زل زل و ڕیتمێک لەنێو کوختەکانا بزربوون. بەلەمێک بەچارۆکەی سپییەوە هاتبوو من ببات، ڕاهیبێکی مناڵکاری قەڵەو لەبەلەمەکەدا بوو، باپیرانی سینای دانیشتووی قاهیرە، هەواڵی هاتنمیان ڕاگەیاندبوو. هەر کە پێم نایە سەر زیخ و چەوی زبر، دڵم لە شادیدا کەوتە سەما. تۆ بڵێی ئەمە خەون بێ؟ هێڵی ڕۆخی زەریا پڕ پڕ بوو لەسەدەفی گەورە گەورە، خانووەکان لەو دارانەی لە زەریا دەرهێنرابوون، لە مەرجان و ئیسفەنجە بەردینە، لە پێستی ئەستێرەی زەریایی و ڕەقەی زەبەلاح ڕۆنرابوون، چەند جوتیارێک لە کەناری لەنگەرگەدا ڕاوەستابوون، دزداشە سپییەکانیان، زێدەتر پێستە ڕەشەکەیانی بەرجەستە دەکرد، کچۆڵەیەکی ڕەشتاڵە بەجلکێکی ورشەدارەوە وەک گوڵە قاقزیی لەسەر لمەکە گەمەی دەکرد. نەختێ ئەولاتر چەند خانوویەکی شێوە ئەورووپایی دەبینران کە لە دار و تەختە ڕۆنرابوون بەبانیژە و چەتری ڕەنگاوڕەنگی گەورەوە، باخگەلی بووکەشووشەیی ئاسا و قوتووی تەنەکەیی بەملاولادا بڵاوببوونەوە، دوو ژنی ئینگلیز لەبەر هەیوانێکی سەوزدا دانیشتبوون، لەم

بیابانە گەرمەدا، بێ ئەندازە بێ ڕەنگ و هەڵپڕووکاو دیار بوون، وەک لە هۆشخۆ چووبێتن وەهابوو.

ئەو ڕاهیبەی هاتبوو بمبات، گوتی کە حاجییەکان لە مەککە دەگەڕێنەوە، لێرە لە(رایسۆ) بۆ تاقیکردنەوەی تەندروستیی ڕادەگیرێن، لەو کاتانەدا ئەم کەنار زەریا چۆڵ و هۆڵە تژیی دەبێ لەهەزاران حاجی، دەبێتە هاتوهاوار و ساز و زوڕنا ژەنینێ نەبێتەوە، حاجییەکان لەسەر چۆک دادەنیشن و دەکەونە خوێندنەوەی قورئان.

گەیشتینە (بەخشێنراو)ەکانی باپیرانی سینا لەرایسۆ، ئیتر لێرەوە بەسواری وشتر بەرەو سینا کەوتینە ڕێ، چەند هۆدەیەک بەدەوراندەوری حەوشە گەورەکەدا هەبوو، چەندین ژووری تایبەتیی میوان، قوتابخانەیەکی کوڕانە، قوتابخانەیەکی کچانە، چەند ئەمبار و ئاشپەزخانە و خانێک، نوێژخانەکە کەوتبووە ناوەڕاستی حەوشە، بەڵام گەورەترین موجیزە لەم بیابانی عارەبستانەدا دڵی بەسۆز و پڕ لەمیهری (ئارکی مەندڕەیت تیۆدۆسیۆس)ی سەرپەرشتیاری دەیرەکە بوو. گریکییەکان بەدەگمەن ڕێیان دەکەوتە ئەم چۆڵەوانییە، ئاخر تیۆدۆسیۆس هێلینییەکی باڵابەرز و شکۆمەند بوو، خەڵکی (تیسوموس)ی ئاسیای گچکە بوو، بەجۆرێ بەخێرهاتنی کردم، دەتگوت بەخێرهاتنی خودی گریکستان دەکات.

هەموو ڕێوڕەسمی ئاهەنگی میواندارییی پیرۆزیان بۆ بەڕێوەبردم، ڕێوڕەسمێک کە ئیدی تەواو پێی ئاشنا بووم، کەوچکێک مرەبا، قاوەی تورکی لەگەڵ پەرداخێک ئاوی سارد، مێزی خواردنی شاهانە بەڕوومێزی سپی و بۆن خۆشەوە، گزنگی شادومانی لەڕوخساری پێشوازیکەرانەوە دەباری، دەمتوانی لەپەنجەرەکەوە زەریای سوور ببینم کە دەدرەوشایەوە، چیاکانی (تیبایید) لەدوورەوە دەبینران کە نوقووم بوون لەڕۆشنایی. لەگەڵ سەرپەرشتیاردا لەبارەی (هەفتا دارخورما)(*)وە سەری قسانم دامەزراند، ئەوەی لە تەوراتدا باسی دەکا کە یەهودییەکان لەکاتی تێپەڕین بەزەریای سووردا لەم گوندە چکۆڵەیە دۆزیویانەتەوە. سەبارەت بە(دوازدە کانیی)(**) بەجۆرێک پرسیارم لەکابرا کرد، وەک ئەوەی حاڵوئەحواڵی ئازیزانی دوورە وڵاتی لێ بپرسم. گەلێک شادومان بووم کاتێ پێی گوتم بێشەی دارخورماکە هەر ماوە و کانییەکانیش هێشتا هەر ئاویان لێ هەڵدەقوڵێت.

لە ژیانمدا گەلێ جاران تامی بەختەوەریی لەم چەشنەم کردووە، پەرداخێ ئاوی سارد پاش هیلاکیی دوای سەفەر، ماڵێکی ساکار و دڵڕفێن، دڵی ئینسانێکی نەناسراو کە لەگۆشەیەکی پەرت لەم دونیایەدا دەژی و ئامادەیە سۆز و میهرەبانی ببەخشێتە غەریبە، کاتێک ئەو غەریبەیە لەو سەری شەقامەوە دەردەکەوێ، ئیدی لەخۆشیدا دڵی دەکەوێتە سەما چونکە ئینسانێکی دۆزیوەتەوە کە میوانداری دەکا و خۆشی دەوێ. ئاخر ئەوەی دەبەخشێ شادومانترە لەو کەسەی کە وەردەگرێ.

من و بەرپرسیاری بەخشێنراو، پێکەوە نانمان خوارد و وەک دوو هاوڕێ کە لەدیتنی یەکدی گەلێ

(*) و (**) لەدەروازەی پانزەی (سیفرلخروج)دا باسی (حەفتا دار خورما و دوانزە کانیی) کراوە بەم شێوەیە: (پاشان هاتن بۆ ئیلیم و لەوێ دوانزەکانی و حەفتا دار خورمای لێ بوو.. لەوێ لای ئاوەکە دابەزین).



خۆشحاڵ بن کەوتینە قسان، لەم بیابانەدا گەلێ پرسیار مێشکی ئەویان ورووژاندبوو کە حەزی دەکرد من وەڵامیان بدەمەوە، گەلێک تشتم لەبارەی شارە گەورەکان، بێ بڕوایی و عەزابی مرۆڤی سەردەم، غرووری سامانداران و بێ وەزعیی هەژاران، بێ خێر و بێریی نەجیبزادان بۆ باس کرد. پاشان باسی ئەو ئاڵوگۆڕانەم بۆ کرد کە لە ڕوسیا ڕوویان دابوو.

بەنیگەرانییەوە پرسی: "باشە ئەم ڕوسانە بڕوایان بەخودا هەیە؟"

– "نا، بڕوایان بەئینسان هەیە!"

بەسووکایەتییەوە گوتی: "بڕوایان بەو کرمانە هەیە؟"

منیش کوتوپڕ کەللە ڕەقیم هانی دام داکۆکی لەو کرمانە بکەم، بۆیە زۆر سەرسەختانە گوتم: "بەڵێ باوکە تیۆدوسیۆس، بڕوایان بەو کرمانە__ هەیە!"

ویستێکی شەیتانانە لە ناوەوەمڕا ورووژا بوو، مارەکە بەدرەختی ماریفەتدا هەڵدەگژا و دەیفیشکاند. ڕاهیبیش بەتاسووقەوە گوێی بۆ ڕادێرابووم.

بەم شێوەیە، بەڕاکێشانی دڵی ئەم زاهیدە بەرەو ئەزموون و هەڵگێڕانەوەی دڵنیاییەکەی بەدڵەڕاوکێ، بەباشترین شێوە پاداشتی میوانداریەکەیم دایەوە.

تۆعمە و مەنسور و عەوا سێ وشترەوان بوون، هاتن. دزداشەی ڕەنگاوڕەنگ لەبەراو عەگالی چنراو بەمووە وشتر لەسەردا و خەنجەر لەبەر پشت، ئەوان لە عارەبە بیابان نیشینەکان بوون، هاتبوون بەچاوی چکۆڵەی هەڵۆئاسا و پێوپلی باریکیانەوە، هاوڕێ و پارێزەری من بن لەو سێ شەو و ڕۆژەدا کە دەچووم بۆ دەیر و ئەگەر مەترسییەکم ڕووبەڕوو بێتەوە بەرگریم لێ بکەن. مێژووی کۆن دەڵێ خەڵکی بەدو، چاویان دوو هێندە لەئێمە تیژترە و لەدووریی سێ میلەوە بۆن دەکەن و دەزانن ئەوە چ جۆرە دارێکە کە دەسووتێ، هەروەها جێگە پێی پیاوو ژن، تەنانەت شوێن پێی ژن، بێوەژن، کچ و ژنی دووگیان لە یەک جیادەکەنەوە. بەبێ دوولێوەکردن و بەدانانی دەستیان لەسەر دەم و تەوێڵ و سنگیان سڵاویان لێ کردین. لەحەوشە و لەپشت سەریانەوە سێ وشتری بارکراو ئامادەبوون: خواردەمەنی پێویست و پەتۆ و چادریان لێ بارکردبوون، چەند وشەیەکی عارەبیش کە بۆ ئەم سەفەرە سێ ڕۆژییە پێویست بێ فێربووم وەک: خوبز، مای، نار، اللە.

وشترەکانیان یخ دا، چاوە درەوشاوەکانیان جوان، بەڵام چۆڵ و هۆڵ لەمیهرەبانی، ڕەشمەکانیان بەگوڵێنەکەی خوری پرتەقاڵی و ڕەش ڕازابۆوە.

سەرپەرشتیارەکەیان بەزوبانێکی فەرماندەرانە گوتی: "چەند دەنکە خورما بدەنە ئەو وشترانە نەبا هەوەسیان هەستابێ!" وای گوت و ڕاهیبی جحێڵ کە هەر دوو مستی پڕ بوو لە خورما، بەپەلە لێیان چووە پێشێ.

من و سەرپەرشتیار باوەشمان کرد بەیەکدا. هەردووکمان دڵمان پڕبوو، لێک جوێ بووینەوە، لەودیو بەخشێنراوی دەیرەوە بیابان دەستی پێ کرد. بیابانێکی خۆڵەمێشی و بێدەنگ و بێ بەرەکەت.

جووڵەی ڕیتمیک و دڵنیای وشتر، جەستەت بەرەو پێشێ دەبا و خوێنەکەت بەڕیتمی ئەم شەپۆڵدانە

ڕادێ و ڕۆحیشت خوو بەهەمان جووڵەوە دەگرێ. زەمەن خۆی لەدابەشکارییە ئەندازەییەکان ڕزگار دەکا کە زەینی هۆشیار و تەنکی خۆرئاوا لە خۆیدا ڕۆبردووە، بەڵام لێرە و لەگەڵ لەرەی (کەشتیی بیابان)دا، زەمەن لە سنووره ماتماتیکییە چەسپاوەکانی ڕزگاری دەبێ، زەمەن دەبێتە ماددەیەکی شلەمەنی کە دابەشکردنی مەحاڵ بێ، سەرە گێژەیەکی سووکەڵە و سەرمەستانەش ئەندێشە دەگۆڕێتە مۆسیک و نەغمەیەکی خەوهێن.

کاتێ بۆ ماوەی چەند سەعاتێک خۆم دایە دەست ئەم جووڵە ڕیتمیکەوە، تێگەیشتم بۆچی خەڵکی ئەنادۆڵ لەکاتی خوێندنەوەی قورئاندا، وەک ئەوەی بەسواری وشترەوە بن، بۆ پێش و دواوە خۆیان ڕادەژێنن، ئاخر ئەوان بەم شێوەیە جووڵەیەکی یەکتا و سەرمەستانە دەبەخشنە ڕۆحی خۆیان کە بەرەو بیابانی گەورە و نادیار، بەرەو نەشوە، ڕێنوێنییان دەکات.

تا چاوبڕکا ڕووبەرێکی تۆفانزاو گوڵڕەنگ لە پێشمانەوە ڕاخرابوو، وام زانی زەریایە. عارەبەکان لێکتر نێزیک بوونەوە، ملی ڕێگەمان گرتەوەبەر، زەریا نەبوو، ئەو ڕووبەرە گوڵڕەنگە هەمووی بیابان بوو کە گەردەلوولێکی خەتەرناک پێکیدا دەدا و هەوری لمە گراوییەکان ڕەنگی گوڵی دەنواند. زۆری نەخایاند چووینە ناو گەردەلوولی لمەوە، هەناسە بڕکێمان پێ کەوت. تۆعمە وازی لە گۆرانی گوتن هێنا و هەرسێکیان عەباکانیان لەخۆیانەوە ئاڵاند و دەم و کەپووی خۆیان پێ داپۆشی.

لم هەڵدەسایەوە و دەیدا بەسەر و چاوماندا و بریندارى دەکرد، وشترەکان بەملاولاودا دەکەوتن و هاوسەنگیی خۆیان پێ ڕانەدەگیرا، گەرچی سێ سەعات بوو لە تۆفانی لمدا بووین، بەڵام لەدڵەوە خۆشحاڵ بووم کە ئەم گەردەلوولە خەتەرناکەیشم بۆ سەر ئەزموونەکانم زیادکرد.

خۆر لەئاوابووندا بوو، گەردەلوولمان جێ هێشتبوو، لەکێوەکان نزیک دەبووینەوە، کەم کەم ڕەنگی بیابان مۆر هەڵدەگەڕا و سێبەر باڵی بەسەردا دەکێشا.

تۆعمە کە پێشەنگی کاروان بوو، ڕاوەستا و فەرمانی وەستانی دا. وشترەکان پڕمانیان و ئەژنۆی قاچی ڕاستیان دادا و ئینجا لەسەر دوو پێی پاشەوە خۆیان بەعەرێ دادا. خۆ بەعەرددانەکەیان هەر دەتگوت زرمەی داڕووخانی خانووە.

بارەکانمان داگرت و ڕەشماڵمان هەڵدا. عەوا باوەشێک چیلکە و چەوێڵی کۆمەڵ کردبوو کە لە ڕێگادا بەوردیی کۆی کردبۆوە، پاشان ئاگری تێ بەردا. مەنسور لە یەکێک لەتێرەکانا گۆشت و ئارد و برنج و کەرەی دەرهێنا و دەستی کرد بەتێشت لێنان، تۆعمەیش ئاو و ئاردی تێکەڵ کرد و هەویرەکەی لەناو تاوەیەکدا پان کردەوە و نانی بۆ برژاندین. لەم کەین و بەینەدا بۆنی خۆشی پڵاو بڵاوبۆوە، لەدەوری ئاگرەکە کۆبووینەوە و نانمان خوارد، پاشان چامان دەم کرد و ئینجا بەدەم سەیرکردنی ئەستێرە بێ ئۆقرە هەڵواسراوەکانی ژوور سەرمان و ڕامان لەئاگری بەخۆڵەمێش بووەوە کەوتینە سیگارکێشان. هەستێکی سەیر بەخۆشنوودی ڕژایە جەستەم، بەڵام هەوڵم دا ئەو هەموو ڕۆمانسییەتە- عارەبستان و بیابان و بیابانیشین- لەناخمدا کۆنترۆڵ کەم، گاڵتەم بەدڵمکرد کە ئاوها هەژا و لێی دەدا.

لەنێو ڕەشماڵەکەدا ڕاکشام و چاوانم لێک نا، ورتەورتی تاسێنراو و شاراوەی بیابان لەسەرمدا دەهات



و دەچوو، وشترەکان لەدەرەوە کاوێژیان دەکرد، گوێم لە تەقەی شەویلکەیان بوو، سەرانسەری بیابانیش وەک وشتر کاوێژی دەکرد.

سپێدەی بەیان بەنێو شاخ و داخدا سەفەرمان دەست پێ کردەوە، بەنێو ئەو شاخ و داخە چۆڵ و ڕووتەن و قاقڕانەی کە ڕقیان لەئینسان و قێزیان لێی دەهاتەوە، جارناجار کەوێکی بۆر لەنێو چاڵە بەردێکدا باڵەکانی لێک دەدا، جار ناجارێکیش قەلەڕەشێک بەژوور سەرمانەوە دەفڕی و دەسووڕایەوە وەک ئەوەی بیەوێ بۆن کا بزانێ بۆگەنمان کردووە یان نا، تا هێرشمان بۆ بێنێ.

بەدرێژایی ڕۆژ لەگەڵ ڕیتمی ڕێڕۆیشتنی وشترەکان و گۆرانییە هێمن و یەک نەزمەکەی تۆعمەدا، خۆر وەک ئاگر بەسەرماندا دەباری و هەوایش بەسەر بەردەکان و بەژوور سەرمانەوە دەلەرزی.

بەهەمان ئەو ڕێگەیەدا دەڕۆیشتین کە سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر قەومی بەنی ئیسراییل بۆ هەڵهاتن لەسەر زەمینی بەپیتی فیرعەون گرتبوویانەبەر. ئەم چۆڵەوانییە ترسناکەی ئێمەی پێدا دەڕۆیشتین، کارگەیەک بوو بەنی ئیسراییلی تیادا تینوو ببوون و تیایدا ئازاریان چەشتبوو، هەر لەوێشدا پێگەیشتبوون. بەچاوانێکی نیگەرانەوە لە یەکەیەکەی گاشەبەردەکانم دەنۆڕی، دەچوومە ناو دۆڵە پێچاوپێچەکەوە و لوتکەی درەوشاوەی شاخەکانم لەزەینمدا دەنەخشاند. بیرم کەوتەوە چۆن ڕۆژێکیان لە کەناری گریکستاندا چەندین سەعات بەناو ئەشکەوتێکی پڕ لەچلوورەی بلوورین و گابەردا ڕۆیشتبووم کە لەژێر تیشکی لایتە دەستییەکەدا پرشنگێکی سووریان هەبوو. ئەو ئەشکەوتە ڕۆژانێک منالّدانی ڕووبارێکی گەورە بووە و پاشان وشکی کردووە، لەبەرئەوەی ڕووبارەکە بەدرێژایی سەدەکان ڕەوتی خۆی گۆڕیوە. ئەندێشەیەک لە زەینمدا پرشنگی دا بەوەی هەمان شت بەسەر ئەم دۆڵەدا هاتووە کە ئەلعان لەژێر هەتاودا پیایدا دەڕۆین. خواوەند - یەهوەی توندوتیژ - ئەم زنجیرە شاخەی هەڵکەندووە تا بتوانێ بەوێدا ڕەتبێ.

بەر لەتێپەڕبوون بەم چۆڵەوانییەدا، یەهوە شوناسنامەی خۆی ئاشکرا نەکردبوو، چونکە هێشتا گەلەکەی دیاریی نەکرابوو، (ئێلوهیم)(*)ە جۆراوجۆرەکان یەک نەبوون، ڕۆحگەلێکی بێشومار بوون و سەرگەردان لەهەوادا، نەناویان هەبوو، نە دەتوانرا ببینرێن، ئەوان بوون ڕۆحی ژیانیان دەدەماندە دونیاوە و وەچەیان دەخستەوە، ئەوان بوون لەئاسمانەوە دادەبەزین و خۆیان دەدا بەسەر ژناندا، کوشتاریان دەکرد، دەیانگرماند، دەیانتریشقاند و لەشێوەی برووسکەدا لەسەر عەرد دادەبەزین. ئەوانە نیشتمانیان نەبوو، سەر بەهیچ کەس و هیچ خێڵێک نەبوون، بەڵام وردە وردە گۆشتیان گرت و بینران، پەرستگەکانی خۆیان لەسەر گاشەبەردەکان ڕۆنا، ئیدی خەڵکەکە چەورییان بەسەر ئەو بەردانەدا ساوی و قوربانییان بۆ سەربڕین، تا ئەو گاشەبەردانەیان بەخوێن داپۆشی. پێویست بوو لەسەر ئینسان بەلایەوە هەرچییەک بووبێ- کوڕە نۆبەرەکەی یاخود کچە تاقانەکەی - بۆ خواوەندی خۆی بکاتە قوربانی تاکو بەزەیی و عینایەتی ئەوی پێ عەتا بفەرمووێ.

(*) ئیلۆهیم: ELOHIM ناوێکی عیبرییە بۆ خواوەند لە چەند بڕگەیەکی تەوراتدا بەکارهێنراوە کە دەگەڕێتەوە بۆ دوا قۆناغەکانی مێژووی تەوراتیی.

لەمیانەی چەند سەدەیەک خۆشگوزەرانیدا، بونیادەم هێور هێور خۆی گونجاند و بووە خاوەنی شارستانییەت، ئیدی لەبری ئینسان، ئاژەڵیان دەکردە قوربانی. ڕوخسارگەلی ئاشنای وەک: مار، شەهێن، گوێرەکەی زێڕین(*) و هەرەمگەلی باڵداریان(**) پێ دەبەخشی، بەو جۆرە لەم عەردە بەپیتەی میسردا خواوەندی بەنی ئیسراییل کەوتە دامرکاندنەوەی ڕق و تووڕەیی خۆی، بەڵام کوتوپڕ فیرعەونە نەیارەکان هاتن و ڕەگوڕیشەی بەنی ئیسرایلییان لەسەر ئەو عەردە بەپیتە هەڵکەند و لە بیابانی عارەبستاندا فڕێیان دا. ئیدی برسێتی و تینوێتی دەستیان پێ کرد. هەروا بێزاری و یاخیبوونیش دەستیان پێ کرد. بێگومان لەم ناوچەیەدا بووە کە ڕۆژێک لەکاتی نیوەڕۆدا، لەتاو برسێتی و تینوێتی هاواریان لێ هەستاوە و گوتوویانە: "خۆزیا ئەو کاتەی لە میسر بووین و بەدەوری مەنجەڵە گۆشتا دادەنیشتین و تاسنووری ئینتەلاکردن تێشتمان دەخوارد، خۆزیا هەر ئەو کاتە بەدەستی خواوەند مردباین!"

ئیدی موسا بەتووڕەیی و نائومێدییەوە دەس هەڵدێنێ و هاوار دەکات: "خودایا چی لەگەڵ ئەم قەومە ناشکورەدا بکەم؟ تاوێکی تر بەرد هەڵدەگرن و دەکەونە بەرد باران کردنم."

ئیدی خواوەندیش بەسەر گەلەکەیدا دانەوێوە و قسەکانیانی ژنەفت، تاوێک خۆراکی ئاسمانیی بۆ دەناردن و هەندێک جاریش شمشێر بۆ لەتوکوت کردنیان، هەرچی زیاتریش لەبیاباندا ڕۆدەچوون، خواوەندیش ڕۆژ بەڕۆژ تووڕەتر و ڕق ئەستوورتر مامڵەی دەکردن، شەوانە دەبووە ئاگر و بەسەریاندا دەباری و بەڕۆژیش دەبووە عامودێک دووکەڵ، دەچووە تابووتی پەیمانەوە و (لاویەکان)(***) بەترسەوە هەڵیان دەگرت. هەر دەستێک بەری کەوتبا دەبووە خۆڵەمێش.

چەندێک زیاتر قڵافەتی ئاشکرا بووایە، ڕق ئەستوورتر و ڕوخساری توندوتیژی ئیسراییلی بەخۆوە دەگرت، ئەو ئیدی کۆمەڵە ڕۆحێکی بێ ناو و نەبینراو نەبوو کە لە هەوادا پەرتەوازە بووبێ، ئیدی خواوەندی سەرانسەری عەردیش نەبوو، بەڵکو ئەو یەهوە بوو، خوایەکی ڕقهەڵگر و تۆڵەستێن و خوێنخۆری قەومێکی تاقانە، خوای قەومی بەنی ئیسراییل بوو. ئەو ناچار بوو ڕقهەڵگر و تۆڵەستێن و خوێنخۆربێ، لەبەرئەوەی بەهەلومەرجێکی دژواردا تێدەپەڕی، لەگەڵ ئەمالیک(****) و میدیانییەکاندا(*****) لەشەڕدا بوو، دەبا لەڕێگەی بەرگەگرتنی عەزاب و لەڕێی فرتوفێڵ و کوشتارەوە، بەسەریاندا سەرکەوێ و خۆی ڕزگارکات.

(*) هەمان ئەو شتەیە کە لەکلتوری ئیسلامییدا گوێرەکەی سامەری پێدەڵێن.

(**) بوونەوەرێکی ئەفسانەییە لە میسۆلۆژیای گریکییدا کە جەستەی شێر و باڵی تەیر و مەمک و سەری ژنی هەیە.

(***) Levite’s خزمەتکارانی بيت المقدس و نیسبەتە بۆ خێڵی (لاوی) عیبریی. لە تەوراتیشدا بە(لاوی) ناوبراون و یەکێک بوون لە قەومەکانی میسر کە لەوێ دەرکراون و خزمەت و پاراستنی پەرستگاکان و تابوتی بەڵێن (ئەو باوڵەی کە پەیمانەکەی خواوەندی تێدا بوو) بەوان سپێررابوو.

(****) Amalekites

(*****) Midianites



ئەم دۆڵە قاقڕ و بێ بەر و نائینسانییەی پیایدا دەڕۆیشتین، کێلانی سامناکی یەهوە بووە، وی بەنەعرەتە لێدانەوە لێرەوە تێپەڕیوە.

چۆن دەکرێ بونیادەم بەباشی قەومی بەنی ئیسراییل بناسێ گەر بەم بیابانە ترسناکەدا تێنەپەڕێ و تاقی نەکاتەوە؟ ئێمە سێ ڕۆژی لەسەریەک بەسواری وشترەوە بەم بیابانەدا بەڕێوەبووین، گەرووت لە تینوێتیدا وشک دەبێ و سەرت لەگێژەوە دەچێ و لەکاتی داگەڕان بەدۆڵی خز و پێچاوپێچدا مێشکت وەک فڕفڕۆکە دەخولێتەوە، قەومێک کە بۆ ماوەی چل ساڵ لەم کورەیەدا خارا بووبێ، کێ دەتوانێ ناوی لەناو ناواندا بسڕێتەوە؟ شادومان بووم بەبینینی ئەو گاشەبەردە سامناکەی کە فەزیلەتی قەومی یەهودی لەسەر لەدایک بوو: بەرخۆدان، هێزی ئیرادە، سەرسەختی و توانایان بۆ بەرگەگرتن، باڵاتر لەمانە خواوەندێک کە گۆشتی لەگۆشتی ئەوان و بڵێسەی لە بڵێسەی ئەوان پێک هاتبوو، ئەو خواوەندەی کە هاواریان لێ کردبوو: (خۆراکمان بدە، دوژمنانمان بکوژە، ڕێنوێنمان بە بەرەو سەر زەمینی مەوعود!)

قەومی یەهود قەرزارباری ئەم بیابانەن لەتوانای هەمیشەییان بۆ مانەوە و بۆ ئەو چاکەخوازی و خراپەکارییانەی کۆنترۆڵی دونیایان پێ کرد. ئەمڕۆیش، لەم قۆناغە گرژ و نالەبارو تۆڵەستێن و توندوتیژەدا کە پیایدا تێدەپەڕین، پێدەچێ جارێکی تر یەهود گەلی هەڵبژێرراوی خوا بێ بۆ چوونە دەرەوەی ترسناک لە عەردی کۆیلە.

دواجار، لەو پاش نیوەڕۆیەدا گەیشتینە دەیری سینا، بەسەر بەرزاییەکەی (میدیانی)دا سەرکەوتبووین کە زیاتر لە پێنج هەزار پێ بەرز بوو. شەوی ڕابوردوومان لەقەبرسانێکی موسوڵمانان ڕۆژ کردبۆوە، لەبەردەم مەزاری (شێخ)دا چادرمان هەڵدابوو، سپێدەی بەیان لەخەو هەستاین، سەرما وەک مار پێوەی دەداین، بەفر چادرەکەمانی داپۆشیبوو، دەتگوت مافوری ئەڵماست لەو پێدەشتەی بەردەمان ڕاخستووە، لە بنمیچی کوختە ڕووخاوێکی گۆڕستانەکەدا چەند دارێکمان دەرکێشا و ئاگرێکمان کردەوە، بڵێسەی ئاگر بەرز بۆوە و هەرچوارمان بەدەوری ئاگرەکەدا هەڵکورماین تا گەرممان بێتەوە، وشترەکانیش هاتبوونە پێشەوە و ملیان بەسەرماندا شۆڕ کردبۆوە. ئارەقی خورمامان خواردەوە و چامان دەم کرد، پاشان بەدووەکان حەسیرێکیان لەسەر بەفرەکە ڕاخست و ڕوخسارە لاوازە هەتاوبردووەکەیان کردە مەککە و کەوتنە نوێژکردن. نوقمی جەزبەبوون و ڕوخساریان ئارنگی دەدا، بەچاوی ڕێزێکی مەزنەوە لەو سێ جەستە ئارام و برسی و عەزاب چەشتووەم دەنۆڕی کە ئاوها تێر ببوون. ئاخر مەنسور و تۆعمە و عەوا بەجۆرێک هەڵگژابوون، کە ئیدی دەرکی بەهەشتیان بەڕوودا کرابۆوە و چووبوونە ژوورێ. ئەوە بەهەشتی تایبەتیی خۆیان بوو، بەهەشتی موحەممەدیی، بەهەشتی خۆر بوو.

وشترگەلی سپی و گامێشی لەوەڕاو لەچەمەنزاری سەوزدا، چادری ڕەنگاوڕەنگ و ژنانێک کە لە دەرەوەی چادرەکاندا لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوون، ژنانێک کە کاتێ پێدەکەنین سەریان بۆ دواوە دەگێڕایەوە، ژنانێکی بازنگی ئاڵتون لەمەچەک و پاوانە لە پا، ژنانێکی چاوان بەکل و پرچ و کەزی خەنەکراو و دوو خاڵ لەسەر گۆنا کوتراو، لەولایشەوە هەڵم لە چێشتەکەیان بەرز دەبۆوە: پڵاو لەگەڵ ماست، خورما، نانی گەنم، گۆزەیەک ئاوی سارد، سێ چادری گەورەتر لە چادرەکانی تر، سی و سێ وشتری خێراتر لە

وشترەکانی تر، سێ سەد و سی و سێ ژنی ئەفسووناویتر لەژنەکانی تر: چادر و وشترو ژن بۆ مەنسور تۆعمە و عەوا.

نوێژ تەواو بوو، بەهەشت دەرگاکانی داخست، بەدووەکانیش دابەزیبوونەوە سەر بەرزاییەکانی (میدیانی)و بەبێدەنگی لەئاگرەکە نێزیک ببوونەوە، بەجۆش و خرۆشەوە کەوتبوونەوە کاروبارە ئاساییەکانی ڕۆژانەیان. گرنگ ئەوەبوو چەندێک ئەم ژیانە درێژە دەکێشێ؟ بەهەشت کۆتاییە، هەر بۆیە ئارامگرتن شتێکی جوانە.

دەستم بۆلای تۆعمە ڕایەڵ کرد کە لەلای ڕاستمەوە دانیشتبوو. گوتم: (الله اکبر، اشهد ان لا اله الا الله، اشهد أن محمدا رسول الله.) تۆعمە لەسەرسوڕماندا ڕاچڵەکی، وەک بڵێی نهێنییەکەیم ئاشکراکردبێ، ڕوخساری لەشادومانیدا پرشنگی دا و تەماشای کردم. پاشان دەستی گوشیم.

کەوتینەوە ڕێ، بەپێی پیادە دەڕۆیشتم، ئیدی حەوسەڵەی جووڵەی هێور و ئارامی وشترەکانم نەبوو. چیاگەلێک لە بەردە چەخماخی سوور و سەوز لەهەردوو لامانەوە قەدیان ڕاست کردبۆوە، ناو بەناو مەلێکی چکۆڵەی ڕەش بەکاکۆڵێکی ورد و سپییەوە بەژوور سەرماندا تێدەپەڕی، لەوسەری ڕێگەکەشەوە کاروانێکی وشتر وەدیارکەوتن، بەدووەکان لەخۆشحاڵیدا هاواریان کرد و ڕاوەستاین.

دوو وشترەوانی پێشەنگی کاروانەکە نزیک بوونەوە و گوتیان: "سەلامون عەلەیکوم." تەوقەیان لەگەڵ وشترەوانەکانی ئێمەدا کرد و ماچوموچیان کرد. ئیدی بەدەنگێکی نزم و هێور سەری قسە بۆ هەواڵپرسینی ئاسایی و دێرینە دامەزرا: (وەزعی ئێوە چۆنە؟ ژنان خەریکی چین؟ وشترەکان چۆنن؟ لە کوێوە دێن و بۆ کوێ دەچن؟) وشەگەلی (سەلام) و (الله) لێکدا لێکدا لەزاریان دەهاتەدەر. ئەم دیدارە بیابانییەی ئەوان مانایەکی بەرز و پیرۆزی وای بەخۆوە دەگرت کە دەبوو ببێتە سەر مەشقی دیداری ئینسان لەگەڵ ئینساندا.

من لەقوڵایی دڵەوە ستایشی ئەم کوڕانەی بیابان دەکەم، بنۆڕە چۆن دەژین- بەچەند دەنکێک خورما، مستێ گەنم، کوپێک قاوە- کەچی جەستەیان چاپووک و قاچ و قولیان باریک وەک قاچی بزنە کێوی و چاوانیشیان تیژ بەوێنەی چاوی شەهێن. ئەوانە دەسکورتترین خەڵکانی ئەم دونیایەن و لەهەمان کاتیشا سەخی تەبعترینیانن، برسێتییان هەر چەندێک بێ تا ڕادەی تێربوون ناخۆن، تۆزێک قاوە و تۆزێک شەکر و مستێک خورما لای خۆیان گل دەدەنەوە تا بۆ ڕێبوارێکی دانێن. لە ڕایسۆ سەرپەشتیاری دەیرەکە بۆی گێڕامەوە چۆن ژنێکی کورتەباڵای بەدو ڕاوەستاوە و لەگەشتیارێکی ئینگلیز ورد بۆتەوە کە قوتوویەک خواردنی کردۆتەوە و کەوتۆتە خواردنی، کابرای ئینگلیز پاڕووەیەکی بەش داوە، بەڵام ئەم عیزەتی نەفسی ڕێگەی نەداوە وەری بگرێ، پاشان کوتوپڕ برسێتیی زۆری بۆ هێناوە و لەهۆش خۆی چووە و بووراوەتەوە.

یەکەمین ئەڤینی بەدو خۆشەویستییەتی بۆ وشترەکەی. سەرنجم دەدا چۆن کاتێ یەکێ لەوشترەکان چکۆڵەترین ئاهی لێ بەرز دەبێتەوە، گوێچکەی تۆعمە و مەنسور و عەوا لەحەژمەتا دەکەوێتە لەرە، ئیدی ڕادەوەستان، هۆڕەکەی سەر پشتیان ڕێک دەکردەوە، پاشان چاویان بەژێر زگ و ژێر پێیدا دەگێڕا و



هەرچەندێک ئالفیان شک بردبا لەبەردەمیدا دایان دەنا، ئێوارانیش هۆڕەکەیان دادەگرت و وشترەکەیان بەبەتانی خوری دادەپۆشی. زۆر بەوردی خواردنی وشترەکانیان لە شتی پیس دەبژارد.

شیعرێکی کۆنی عارەبی هەیە ئاوها ستایشی ئەو هاوڕێ ئازیزەی بەدو دەکا:

وشتر بەبیاباندا دەڕوا و دەچێتە پێش
وشتر تۆکمەیە وەکو داری تابووت
ڕانی هەر دەڵێی دەروازەی بورج
ئاسەواری قایش لەنێو قەد
هەر دەڵێی دەریاچەی وشکی پڕ لە چەوە
دەست لە سمتیەوە بدە، وا دەزانیت
دەستت لە فێنککەرەوە داوە
لە پردێک دەچێ کە گریکییەک ڕۆی نابێ و
سیرامیک پۆشی کردبێ.

بەپەلە بەسەر چیاکاندا هەڵگژاین، پەرۆش بووین بۆ ئەوەی سەرەنجام بگەینە دەیرەکە، تۆزێک ئاو لەئەستێرکێکی سروشتیدا، چەند دارخورمایەک، کوختێکی بەردین و ئەولاتریش خاچە دارینەیەکی دانراو لە سەرگاشە بەردێک، کوتوپڕ تۆعمە دەستی هەڵبڕی و هاواری کرد: "دەیر!"

لەخوارمانەوە، لەمابەین دوو چیای بەرزدا، دەیری بەناوبانگی سینا بەدیواری بلند چواردەور گیراو وەدیارکەوت. لەقوڵایی دڵەوە تامەزرۆی بینینی ئەم ساتەوەختەبووم، کەچی هەنووکە کە بەری ئەو هەموو هەوڵەم لەنێو دەستا بوو، بێ هات و هاوار و بەئارامیی، خۆشحاڵیی خۆم دەردەبڕی، هەنگاوەکانیشم خێراتر نەکرد. بۆ لەحزەیەک هەستم کرد شتێک هانم دەدا بگەڕێمەوە، لەزەتێکی سەرسەختانە لە ناوەوەمڕا پرشنگی دەدا کە میوەی ئارەزووم لێ نەکەمەوە و نەیخۆم، بەڵام لەناکاوێکڕا شنەیەکی گەرم هەڵی کرد و بۆنی درەختانی پڕ لەشکۆفەی بۆ هێنام، ئیدی ئینسانەکەی ناوەوەم بردییەوە و بەرەو پێش ڕۆیشتم.

هەنووکە دەمتوانی ئاشکراتر ڕوخساری دەیرەکە ببینم، دەمتوانی ئاشکراتر دیوار و بورج و نوێژخانە و دارسەرووەکانی ببینم، گەیشتینە باخچەی ڕاهیب کە کەوتبووە ئەمدیوی شوراکانەوە، لە پەرژینەکە سەرکەوتم و دار زەیتوون و پرتەقاڵ و گوێز و هەنجیر و چڕە دارباییەمی پیرۆزیشم بینی، هەموو ئەوانە لێرە، لە دڵی بیاباندا و لەژێر هەتاودا دەدرەوشانەوە، بەو گەرما فێنکە و بەو بۆنی عەترە و بەویزەویزی مێشوولە بچووکەکانییەوە، ئێرە ئیدی بەهەشت بوو!

ماوەیەکی درێژ تامی ئەو ڕوخسارەی خواوەندم کرد، ڕوخسارێکی ڕەزاسووک کە ئینسانەکانی خۆش دەوێ، لەخاک و ئاو و ئارەقە دروست بووە. لەمیانەی سێ ڕۆژی ڕابوردوودا لەگەڵ ڕوویەکی تریدا ڕووبەڕوو ببوومەوە. ڕوویەکی ترسناک و تاریک کە تەنها لە بەردی چەخماخ دروست بووە، لەدڵی خۆدا

گوتم: "ئەم ئاگرەی کە دەسووتێنێ، ئەم بەردە چەخماخە توند و تۆڵەی کە بەدەستی ئینسان نابێتە مۆم، ئەمانە خواوەندی ڕاستەقینەن!" بەڵام ئەلعان کە بەسەر پەرژینەکەدا دانەویبوومەوە و لەو باخچە پڕ شکۆفەیەم دەنۆڕی، بەخرۆشەوە وتەی زاهیدم بەهاوار گوت: "خواوەند ڕاچەنین و فرمێسکێکی شەنگە!"

بوزا دەڵێ:" دوو جۆر موجیزە هەن: موجیزەکانی جەستە و موجیزەکانی ڕۆح، من بڕوام بەدووەمیان هەیە نەک بەیەکەمیان!"

ئاخر دەیری سینا موجیزەی ڕۆحە، ئەم دەیرە لەناوەڕاستی بیابانی نائینسانی و بەچواردەوری بیرەئاوێکدا دروست کراوە و خێڵی زوبان و مەزەب جیاوازی لەدەور کۆبوونەتەوە. ئەم دەیرە ماوەی چواردە سەدەیە وەک قەڵایەک سەری هەڵبڕیوە و لەبەرامبەر هێزە سروشتی و مرۆییەکاندا خۆی ڕاگرتووە. بەشانازییەوە بیرم لەوە کردەوە کە ویژدانێکی باڵای ئینسانی لێرە هەیە. لێرە چاکەخوازیی ئینسانی، سەری بەبیابان نەوی کردووە.

بەزەحمەت توانیم جڵەوی شادومانیم بگرم، پێم عەردی نەدەگرت، لێرە لەنێوان لووتکەی تەوراتی و تەپۆڵکەی بەرزی (سەردەمی دێرین)دا بووم! لەخۆرئاوادا (چیای مەعریفە) ڕاکشابوو. ئەو چیایەی کە موسا مارە مسینەکەی لێ ڕادەهێنا، لەو دیوەوە زێدی زەبەلاحەکان و چیاکانی (ئامورێت)، لای باکوریشەوە شاخەکانی (کیدار) و (ئەدومیە) و (تیمان) کە تا بیابانی (مواب) دەگەیشتن، لای باشووریش تەنگەی (فاران) و زەریای سوور، دواجار بەرەو لای خۆرئاوا، زنجیرە چیاکانی سینا بەترۆپکە پیرۆزەکەیەوە، ئەو ترۆپکەی کە موسا لەوێدا لەگەڵ خواوەند ئاخافت، دوورتریش چیای قەدیس کاترین. باخچەی دەیرەکە لەمابەینی خۆر و بەفردا دەدرەوشایەوە، دار زەیتوونەکان هێورهێور خشەیان لەگەڵاکانیان دەهێنا، پڕتەقاڵەکان لەمابەینی پەلکەکاندا پرشنگیان دەدا، دارسنۆبەرەکان عاریفانە قەدیان ڕاست کردبۆوە و ڕەش دەچوونەوە، بۆنی داربادامە شکۆفەکردووەکان وەک هەناسەی خواوەند، هێور و هاوسەنگ دەهات و زەین و کەپووی بونیادەمیان تژیی دەکرد لەدڵخۆشی.

لەڕاستیدا ئەم دەیرە قەڵایە، چۆناوچۆنی توانیبووی خۆی لەبەرامبەر هەناسەی ورووژێنەری ئەم (با) بەهارییەدا ڕاگرێ؟ بەدرێژایی سەدە یەک لەدوای یەکەکان چۆناوچۆنی بەناخی عەردا ڕۆنەچووە؟

***

لەدەروازە بەرزەکەوە خۆم کرد بەدەیرەکەدا، نوێژخانەکە لەناوەڕاستی حەوشێکی گەورەدا بوو، مزگەوتێکی چکۆڵەش بەمنارەیەکی باریکەوە لە تەنیشتیدا. دواجار لێرە خاچ و هیلال یەکانگیر ببوون. دەوروبەری حەوشەکە بەبەفر پۆشراو و وەکی ئەڵماس دەدرەوشایەوە، ژوور و هۆدەی میوانان و ئەمبارەکانی لێ بوون. سێ ڕاهیب خۆیان دابووە بەر خۆر، ماوەیەکی درێژ لەجێی خۆم ڕاوەستام و بەپەرۆشەوە گوێم بۆ قسەکانیان ڕادێرا، قسەکانیان لەسکوتی مەزنی هەوادا دەنگی دەدایەوە، هەریەکەیان دەیویست بئاخڤێ و باری شانی خۆی سووک کات، یەکێکیان لەبارەی ئەو موجیزانەوە دەدوا کە لەئەمریکا بینیبوونی: کەشتیگەلی بوخاری، ئاپارتمانی بەرز، ژنان، ڕووناکیی پرشنگدار لەشەودا. ئەوی تریان باسی ئەوەی



دەکرد کە چۆناوچۆنیی بەرخ لەزێدەکەیدا دەبرژێنرێ. سێیەمیشیان باسی موجیزەکانی قەدیس کاترینی دەکرد کە چۆن مەلایکەتەکان لە ئەسکەندەرییەوە هێناویانە بۆ ئێرە، هێناویانە بۆ سەر ترۆپکی چیاکەی و چۆن بونیادەم دەتوانێ جێگەپێکانی بەسەر گاشە بەردەکانەوە بناسێتەوە.

بۆ سەر بورجەکە سەرکەوتم تا تەماشایەکی دەوروبەر کەم، ڕاهیبێکی گەنج و ڕەنگپەڕیو بینیمی و بەڕاکردن بۆ بەخێرهێنانم هات. دەرکەوت تەمەنی هەر دەساڵێکە و خەڵکی کریتە، بەهۆی هەتاوەوە مووی تازە هاتووی لاجانگی بەڕەنگێکی تەنکی خورمایی دەینواند، هەروا کە لەبارەی زێدی خۆمانەوە سەری قسەمان دامەزراند، پیرەمێردێکی نوورانی و ئارام، کە تەمەنی دەوروبەری هەشتا ساڵێک دەبوو، بەهانکە هانک لێمان نزیک بۆوە، سەری لە گوێ قەبر دەلەزری و تەمەننای خێر یان شەڕی لەدەستداو و هەناوی چۆڵ. ئیدی بەو جۆرەی لێ هاتبوو کە بوزا دەیویست.

سێ قۆڵی لەسەر ئەسکەملێکی درێژ لەبەر هەتاودا دانیشتین، ڕاهیبی گەنج مستێ خورمای لە چاکی کراسەکەیدا دەرهێنا و دایە دەستم، هێشتا گەرمایی جەستەی بەخورماکەوە بوو، پیرەمێرد دەستی هێنا بەئەژنۆمدا و کەوتە گێڕانەوەی ئەوەی چۆن دەیرەکە ڕۆنراوە و چۆناوچۆنی بەدرێژایی سەدەکان بەرگەی گرتووە، هەروا کە لەبەر هەتاو و لەمابەین ئەم چیا ئەفسانەییانەدا دانیشتبووم، حەکایەتی دەیرەکە بەلامەوە، وەک ساکاری و ڕاستەقینەیی حەکایەتی پەرییان بوو:

– "ئیمپراتۆر (جوستنیان) ئەم دەیرەی بەدەوری بیرەئاوێکدا ڕۆنا کە کیژانی ییترۆ(*) مەڕەکانیان لێ ئاو دەدا. ڕێک لەو جێگەیەدا کە پنچک سووتا بەڵام لە بەین نەچوو. جوستنیان دووسەد خێرانی لە(بونتوس) و میسرەوە نارد تا لەنزیک دەیرەکەدا نیشتەجێ بن و ببنە خزمەتکار و پارێزەری. سەدەیەک دواتر، محەممەد هات و دیدەنی کێوی سینای کرد، هێشتا شوێنپێی وشترەکەی بەسەر لەوحی چەخماخە سوورەکەوە ماوەتەوە. ڕەهبانەکان بەشکۆ و ڕێزێکی فرەوە بەخێریان هێناوە کە بۆتە مایەی خۆشحاڵیی محەممەد و بووە هۆی ئەوەی ئیمتیازاتی گەورە بەدەیر ببەخشێ، هەموو ئەم بەسەرهاتە بەدەسخەتی کوفیی لەسەر پێستە ئاسک نووسراوەتەوە. لەپی دەستی بۆ ئیمزاکردن بەکارهێناوە، هەڵبەتە ئەو نەیدەزانی بنووسێ، لەو ئیمتیازییانەدا هاتووە: (ئەگەر ڕاهیبێکی کێوی سینا لە دەشت یان لەسەحرا، لە شاخ یان لە ئەشکەوت پەنا بگرێ، ئەوا من لەگەڵی دام و لەهەر جۆرە ئازارێک دەیپارێزم، لەسەر ڕاهیبەکانی کێوی سینا دێمە دەنگ لەهەر کوێیەک بن – لەسەر وشکایی بن یان لە زەریا، لەخۆرهەڵات بن یان لەخۆرئاوا، لەباکوور بن یان لەباشوور– ئەوان ناچاری باجدان نین، بۆ خزمەتی ئیجباری بانگ ناکرێن، زەکاتیان لەسەر نییە، باڵی ڕەحمەت بەسەر سەریانەوە دەشەکێتەوە.)

هەروا کە پیرەمێرد دەدوا، دەنگی لەو هەموو بەریەککەوتنە ئینسانییەدا هێند دەلەرزی کە گیانی دەکرد بەبەری چیا و دیوارە بیزانسییەکانی دەوروبەرمدا، فەزا تژیی بوو لە قەدیس و شەهید. جحێڵە کریتییەکە بەدەمی داپچڕیوەوە گوێی بۆ ئەو ئەفسانە موجیزەئ اسایە ڕادەدێرا و نوقمی نەشوە ببوو، لە

(*) Jethro خەزووری موسا.

خواریشەوە لەحەوشە، ڕاهیبەکان لە هۆدەکانیان هاتبوونە دەرێ تا ئەو گەنمە بکێشن کە عارەبەکان هێنابوویان، دەرگای موبەقەکە کرابۆوە و دەمتوانی لێیەوە مێزێکی درێژ ببینم کە پڕبوو لە قرژاڵی سوور و گەورەی زەریایی، ڕاهیبێکی ڕەنگپەڕیو خۆی لە بەتانییەکی قاوەیییەوە پێچابوو، وێنەی سەدەفێکی زلی زەریایی دەکێشا.

پیرەمێرد بەپێکەنینەوە گوتی: "ئەوە باوکە (پاکومیوس)ی شێتۆکەیە و وێنە دەکێشێ!"

منیش کە دەمویست بەرگری لە هەموو هونەرمەندان بکەم، گوتم: "ئەدی خۆ لوقا پێغەمبەریش هەر وێنەکیش بووە!"

– "کوڕەکەم ئەوە خایلەگەلێکی خەتەرناکە، خواوەند لێت بەدووركات، دەبێ پێغەمبەر بیت بۆ ئەوەی بتوانیت بەرگە بگریت!"

ڕاستی دەکرد، من بێدەنگ بووم، هەستام و بۆ حەوشە دابەزیم، ڕاهیبەکان وەک منداڵ لە بەفرەکەدا کەوتبوونە شەڕە تۆپەڵ، بەبارینی بەفر خەنی بوون، چونکە ئەمە ئەوەی دەگەیاند کە گژوگیا لە بیاباندا شین دەبێ و مەڕ و بزن لێی دەخۆن و خەڵکی دەتوانن نان بەشی خۆیان دابین کەن.

چەند کۆیلەیەک هاتن و لەپاڵ دیواری دەیرەکەدا دانیشتن، جگەرەیان دەکێشا و کرنۆشیان دەبرد و دەدوان، چەند ژنێکی پیس و پۆخڵ و پێخاوس و ڕەشپۆشیان لەنێودا بوو، پەرچەمیان بەسەر نێوچەوانیاندا دابوو، وەک گوڵینکەی ڕەشمە هۆنیبوویانەوە. ڕوخساریان لەکەپووەوە بەرەو خوار بەزنجیری باریک کە سەدەف و پارەی وردی زیوین بەکۆتایی هەر یەکێکیانەوە کرابوو، پۆشیبوو. هەر یەکێک لەژنەکان کراسەکەیان هەڵدایەوە و مناڵێکیان دەرهێنا و بەرامبەر خۆیان لەسەر بەردەکە دایاننا، هەمووان چاوەڕێ بوون ڕاهیبەکان بێن و بەشە ڕزقی خۆیانیان بدەنێ: سێ کولێرەی چکۆڵە بۆ هەر پیاوێک و دوو کولێرە بۆ هەر ژن و منداڵێک، دەشبوو هەر کەس خۆی بۆ وەرگرتنی کولێرەکانی بێت، هەر بۆیە چەند سەعاتێک لەوەوبەر لەخێوەتەکانیان هاتبوونە دەرەوە تا لەکاتی خۆیدا بگەن. بەڵام برسێتییان بەو کولێرە چکۆلانانە دانەدەمرکایەوە، ناچار کوللەشیان کۆدەکردەوە، وشکیان دەکردەوە و دەیانکوتی و دەیانکردە نان.

بەبینینی ئەو برا کۆیلانە تەواوێک نیگەران بووم، ئاخر ئەوانە لەچەندین سەدە لەوەوبەرەوە، بەدەوری ئەم شورا بیزانسییانەدا کۆبوونەتەوە و وەک بەرد کولێرەیان بۆ هەڵدەدرێ، لەڕێی هەڕەشەو گوڕەشەی دەیرەوە دەژین و دەمرن. ئەمڕۆیش هەر وەک دەورانی (پیترۆ) کیژان تەنها مەڕ دەلەوەڕێنن، هیچکەس مەزاحیمیان نابێ، کاتێ دوو گەنج عاشقی یەکتر دەبن و شەوانە بەنهێنی دەچنە شاخ، کوڕەکە دەکەوێتە نەیژەنین و کەنیشکەیش دەکەوێتە گۆرانی چڕین، بەبێ ئەوەی هیچ کامیان دەستی بەر ئەوی تریان بکەوێ، پاشان کوڕەکە بەمەبەستی کڕینی دولبەرەکەی لەچیا دادەبەزێ، خەزووری ئایندەی لەدەرەوەی خێوەتەکەی دانیشتووە، کچەش دەگاتە جێ و ئەم عەباکەی خۆی بەسەر کیژەکەدا دەدات. باوکی کوڕە و (شێخ)یش دەگەنە جێ، باوکی کچە و کوڕە، گەڵا خورمایەک دەگرن و دوو کەرتی دەکەن، پاشان باوکی



کچە دەڵێ: "هەزار لیرە(*)م بەرامبەر کچەکەم دەوێ!"

شێخ بەسەر سوڕمانەوە دەڵێ: "هەزار لیرە! کچەکەت دوو هەزار لیرەش دەهێنێ و زاواش ئامادەیە ئەو بڕە لیرەیە بدات، بەڵام لەبەر خاتری من پێنج سەد لیرە وەرە خوارەوە."

باوکی کچە وەڵام دەداتەوە: "ئەمە پێج سەد لیرەش لەبەر خاتری شێخ."

لەم حەیس و بەیسەدا، خزم و خوێش یەک یەک گەیشتوونەتە جێ و چوار مشقی لەبەردەم خێوەتەکەدا دانیشتوون، لەوکاتەدا هەمووان هەڵدەسنە سەرپێ.

– "لەبەر خاتری من پێنج سەد لیرەی تریش وەرە خوارەوە!"

– "سەد لیرەی تریش!"

– "پەنجا لیرەی تریش!"

– "بیست و پێنج لیرەی تریش!"

تا دواجار بڕە پارەکە بۆ یەک لیرە دادەبەزێ، ڕێک لەو کاتەدا ژنان کە لە قوژبنێکدا خەریکی گەنم هاڕین، دەست دەکەنە هەلهەلە کێشان، باوکی کچە هەڵدەسێتە سەرپێ و دەڵێ: "لەبەر خاتری ئەم ژنانەی گەنم دەهاڕن، کچەکەم بەنیو لیرە دەدەم!" ئیدی شەوی زەماوەند، هەمووان دەخۆن و دەخۆنەوە و سەما دەکەن.

بەم جۆرە، داب و نەریتی بیابان بەدرێژایی هەزاران ساڵە وەک خۆی ماوەتەوە.

***

کریتییە جحێڵەکە هات و گوتی: "باوکانی پیرۆز لەهۆڵی پێشوازی چاوەڕێت دەکەن، بفەرموو!"

نزیکەی بیست ڕاهیب لەهۆڵی گەورەی پێشوازی دانیشتبوون. بەکونجکاوییەوە سەیریان دەکردم، ویستم دەستی یەکە بەیەکەیان ماچ کەم، بەڵام لەبەرئەوەی ژمارەیان زۆر بوو تەنها دەستی (عابید)م ماچ کرد. عابید لاواز و مۆن، بێ دوولێوەکردن لەناوەڕاستا دانیشتبوو، جارێکی تریش قاوە، کەوچکێ مرەبا، پەرداخێک شەرابی خورما و قسە و باسی هاکەزایی وەک: خەڵکی کوێی؟ کێیت؟ خۆش هاتیت.

عابید، ئەو داربەڕووە پیرەی کە هەورەبرووسکەی خودا کردبوویە خەڵووز تەماشای کردم، بەڵام دڵنیا بووم نامبینێ، ئاخر چاوانی تاریک داهاتبوون، چیدی بەئاشکرا دونیای بینراوی بۆ لەیەکتر جیاوە نەدەکرا، هەنووکە ئیدی دونیای نەبینراوی دەدیت، تەماشای دەکردم و لەو دیومەوە شارگەلی گەورەی دەدیت، (دونیا)یەکی دەدیت کە لەزەلکاوی گوناه و فیز و چەقاوەسوویی و مەرگدا پەلەقاژێی بوو.

پێم گوت: "من لە تەنگژەیەکی گەورەدام و هیوادارم ئیجازەم بدەنێ چەند ڕۆژێک لە دەیر بمێنمەوە تا

(*) لەدەقە ئینگلیزییەکەدا پاوەند Pound بەکار هاتووە، کە خۆی دەشێت جونەیە یاخود دینار بێت... بەڵام لە هەردوو دەقە فاسی و عارەبییەکەدا لیرە بەکار هاتووە.

بەشکم ڕۆحم هێوربێتەوە و بگاتە بڕیارێک!"

عابید پرسی: "دەتەوێ خواوەند بدۆزیتەوە؟" بۆم دەرکەوت یەکەم جارە دەمبینێ، ئاخر پێشتر تەنها تەماشای کردبووم.

وەڵامیم دایەوە: "دەمەوێ دەنگی ببیەم، دەخوازم داوای لێ کەم پێم بڵێ کام ڕێگە بگرمەبەر، ئاخر تەنها لە بیاباندایە ڕۆح دەتوانێ دەنگی وی ببیەت!"

عابید گوتی: "لێرە لەبیابان هەموو دەنگەکان دەبیسترێن: بەتایبەتی دوو دەنگ کە جیاکردنەوەیان لەیەکتری زەحمەتە، ئەوانیش دەنگی خواوەند و دەنگی شەیتانە، کوڕم وریابە!"

دوو ڕاهیب هاتنە ژوورەوە تا ئەم حاجییە تازەیە ببینن و بەخێری بێنن، یەکێکیان بەرپرسی میوانداری بوو، زەلامێکی قەڵەو و خاوەن ڕیشێکی لوول و چاوانێکی شین و خەندان، کارەکەی بریتی بوو لە سەرپەرشتیکردنی بیانییەکان، ڕاهیبەکەی تر زەردەخەنەیەکی خەمین و گاڵتەجاڕییانەی لەسەر لێو بوو، باڵای بەرز، ڕیش و سمێڵ و برۆی سپی وەک بەفر، قامک و نینۆکە درێژەکانیشی هەر سپی، ئەو لەگەڵم نەدوا، بەڵکو تەنها بەزەردەخەنەوە دیقەتی دام، نازانم زەردەخەنە بوو یان مەسخەرە؟ لەو ساتەدا نەمدەزانی، چەند ڕۆژ دواتر تێگەیشتم.

عابید هەستا، دەستی بۆ ڕایەڵ کردم و گوتی: "خودا بکا ئەوەی تا ئێستا بێهوودە لە دونیادا بەدوویدا گەڕاویت، لەبیاباندا بیدۆزیتەوە."

ڕاهیبێ ڕای کرد تا دەرگاکەی بۆ بکاتەوە، عابید بەهەنگاوی قورسەوە کەوتە ڕێ و دیارنەما.

ئەو ڕاهیبەی بەرپرسیاری کاروباری میوانداری بوو، بەرەو لام هات و گوتی :"وەختی شێوە. تکایە بفەرموون بۆ هۆڵی نانخواردن."

ڕاهیبەکان بەدەوری مێزێکی درێژکۆڵەدا دانیشتبوون و عابید لەسەرووی هەموانەوە، ڕاهیبی خزمەتچی ژەمەخواردنی هێنا، قرژاڵی سوورەوەکراو و سەوزە لەگەڵ کولێرەیەک و پەرداخێک شەراب بۆ هەر کەسێک. باوکەکان کەوتنە خواردن، کەس دوو لێوەی نەدەکرد، خەتیب سەرکەوتە سەر مینبەرێکی نزم و کەوتە ڕاڤەکردنی وانەی ئەو ڕۆژە: گەڕانەوەی کوڕە لاسارەکە.

چەندین جار و لە چەندین دەیری جۆراوجۆردا، گوێم لەو ئاوازە ڕیتمیکە مەزەبییەی سەر سفرە ببوو، ئاخر لەم ڕێیەوە ژەمە خواردنەکە ئەهمییەتێکی تایبەتیی عیرفانی لەخۆدەگرت، جارێکیان حاخامێک گوتی: "مرۆڤی ئیماندار لەکاتی خواردنا، خواوەندی ناو خواردنەکە ئازاد دەکات!"

خەتیب بەنەغمەوە لەبارەی کوڕە لاسارەکەوە دەدوا، لەبارەی عەزاب و ڕیسواییەکانییەوە دوور لە ماڵە باب، لەبارەی ئەوەوە کە چۆناوچۆنی وەک بەراز خڕنووکی خواردووە و چۆناوچۆنی ڕۆژێکیان ئیدی پزەی لێ بڕاوە و بەرەو لای بابی گەڕاوەتەوە.

لە نێو ئەم سروتە ئیمانداریيە مەسیحییەدا، بەخۆم گوت: "لە دەیرێکی تردا، کە زیاتر یەکانگیریی لەگەڵ نائارامی و یاخیگەریتی ڕۆحی سەردەمدا هەبێ، ئاکامێکی شکۆدار، وەک ئەوەی خوارەوە، لەو بەسەرهاتە دەکەوێتەوە:



کوڕە لاسارەکە شەکەت و تێشکاو بۆ ماڵە هێمنەکەی بابی دەگەڕێتەوە، لەو شەوەدا کە لەسەر جێگەی گەرم و نەرم ڕادەکشێ تا بنوێ، دەرگاکە بەئەسپایی دەکرێتەوە و برا چکۆڵەکەی دێتە ژوورەوە و دەڵێ: (دەمەوێ بڕۆم، ماڵە بابم لێ بۆتە زیندان!) برای تێشکاو بەبیستنی ئەو قسانە خۆشحاڵ دەبێ، براکەی لەئامێز دەگرێ و دەکەوێتە ئامۆژگاری کردنی کە پێویستە چ بکا و ئاراستەی کام ڕێگە بگرێتەبەر، زۆری لێ دەکا لەم ئازاتر و باوەڕ بەخۆتربێ و هەرگیز خەیاڵی گەڕانەوە بۆ (تەویلە)ی باب لە کەللەی نەدا. (ئاخر ئەو بەماڵە بابی دەگوت تەویلە!) براکەی تا بەردەرگا بەڕێ دەکا و تۆقەی لەگەڵ دەکات، بیر دەکاتەوە و لەدڵی خۆدا دەڵێ: براکەم لەمن بەهێزتر دەبێ و ناگەڕێتەوە!

***

چۆناوچۆنی دەتوانم یەکەمین شەوێک لەبیرکەم کە لە قەڵا بیابانییەکەی خواوەنددا ڕۆژم کردەوە؟ بێدەنگی تژی بوو لەتارمایی، ئەو بێدەنگییە چواردەوری تەنیبووم وەک ئەوەی کەوتبێتمە بنی بیرێکی وشک و تاریکەوە، پاشان لەناکاوێکڕا بووە دەنگ و ڕۆحی هێنامە لەرزە.

– "لێرە، لەماڵەکەی مندا چ دەکەیت؟ تۆ پاک و شەرافەتمەند نیت، نیگات بەملاولادا دەفڕێ، من متمانەم پێت نییە، تۆ لەهەر لەحزەیەکدابێ ئامادەی خیانەت کردنیت، ئیمانت تێکەڵەیەکی ناموقەدەسە لە بێ ئیمانی. ئاخر تۆ نازانیت کە خواوەند لەکۆتایی هەر ڕێگەیەکدا دانیشتووە، بەڵام تۆ هەمیشە پەلەتە و هەمیشە لەنیوەی ڕێگەدا ناهومێد دەبیت و ڕێگەیەکی تر دەگریتەبەر!"

خەڵکانی ئاسایی (سایرین)(*)ەکانیان بۆ نابینرێ و ناتوانن گۆرانی لەفەزادا ببیەن، کەڕ و کوێر و داماوانە لەسەر عەرد ژیان دەگوزەرێنن، بەڵام دەسبژێرەکان، ناخواوەندەکان، دەنگی (سایرین)ێک لە ناخیانڕا، لە قوڵایی ڕۆحیانڕا دەبیەن و ئازایانە شوێنپێی ئەو دەنگە هەڵدەگرن. پێتوایە جگە لەمە چ شتێکی تر هەیە نرخ بداتە ژیان؟ بەڵام ناخواوەند فەقیر و خانەگومانەکان، دەنگی (سایرین) دەبیەن و باوەڕ ناکەن، خۆیان لە پشت حەزەرو ترسنۆکییەوە مەڵاس دەدەن و بەدرێژایی تەمەنیان بیانووە ئەرێ و بیانووە نەرێکان بەتەرازووی وردی شیکاری دەکێشن، خواوەندیش کە نازانێ لە کوێیان دابنێ و حەزیش ناکات بیانکاتە زینەت بۆ دۆزەخ، یاخود بەهەشتیان پێ ئاڵوودەکا، لەبەر ئەوە فەرمان دەدا لنگەو قووچ لە فەزادا لەنێوان گەندەڵی و پاکژییدا بمێننەوە.

دەنگەکە نەما، چاوەڕێم کرد، سەر ڕوومەتەکانم لە شەرم و تووڕەییدا سوور هەڵگەڕابوون، پاشان لەجێگەیەکەوە، کە نازانم لە خودی بیابانەوە بوو یان نا – هێزم تێ هاتەوە تا سەری نارەزایی و یاخیبوون هەڵبڕم.

– "ئەز گەیشتوومەتە کۆتایی و لەکۆتایی هەر ڕێگەیەکیشدا خەرەندم دۆزیوەتەوە."

– "تۆ ناتوانیت لەوە زیاتر بڕۆیت، خەرەند ناوێکە دەیدەینە هەموو ئەو شتانەی ناتوانین لێوەیان

(*) لەپەراوێزەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کراوە.

تێپەڕین، ئەگینا چ خەرەندێک بوونی نییە، ڕێگەیش کۆتایی نییە، بەڵکو تەنها ڕۆحی ئینسان هەیە کە شتەکان بەگوێرەی ئازایەتی و ترسنۆکییان ناو دەنێ. مەسیح و بوزا و موسا، هەموویان بەخەرەند گەیشتن، بەڵام پردیان لێدا و بەسەریدا پەڕینەوە، چەندین سەدەیە و تا ئێستا جەماوەری خەڵک لەدوایانەوە دەپەڕنەوە."

– "هەندێ کەس بەفەرمانی خواوەند دەبنە قارەمان، هەندێکی تریش بەبەرخۆدانی خۆیان، من تێدەکۆشم!"

پێکەنینێکی ترسناک لەدەوروبەر و لەناوەوەمڕا تەقییەوە.

– "قارەمان؟ بەڵام بوون بەقارەمان واتە خۆسپاردن بەڕیتمێک کە ئینسان لە تاکێتی تێدەپەڕێنێ، بەڵام تۆ هێشتا تژییت لەنیگەرانی و تەمبەڵی، نەتوانینت بۆ زاڵبوون بەسەر فەوزای ناوەوەت و دەستەپاچەییت لەخولڵقاندنی (وشە)ی کامڵ و هاوگونجاو، وات لێ دەکا سەرزەنشتی خۆت بکەیت و بڵێیت: (شکڵە کۆنەکان زۆر سنووردارن!) بەڵام ئەگەر تۆ لەفیکر و لە کردەوەدا لەمە زیاتر پێ هەڵگریت، ئەوا دەتوانیت بگەیتە سنوورەکانی قارەمانێتی، دەتوانیت بگەیتە ئەو مەرزانەی کە (دە) ڕۆحی وەک ڕۆحی خۆت لەناویدا جێگەیان دەبێتەوە و دەتوانن کاربکەن. گەر خواستەکانت لەهێما ناسراوە ئاسمانییەکانەوە وەرگریت، ئەوا دەتوانی کەشتی ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆت بخەیتە جووڵە و شکڵێکی ئەمڕۆیی بەخواوەند و بەئینسان ببەخشیت. دەی ئەمەش ئەو شتەیە کە بەدوایدا دەگەڕێیت، بەڵام هێشتا نەتدۆزیوەتەوە!"

– "تۆ بێ ویژدانیت، ڕوحم بێ لە دڵتا نییە، هۆ ئەی دەنگی بێ ڕوحم، پێشتریش هەر گوێم لەتۆ بووە، هەر کاتێ لە دووڕێیانێکدا ڕاوەستابم و لەبیری هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەیەدا بووبم کە پێویستە بیگرمەبەر، گوێم لە تۆ بووە!"

– "هەمیشەیش هەرکاتێ ڕابکەیت، گوێت لێم دەبێ!"

– "قەت ڕام نەکردووە، هەمیشە بەرەو پێشەوە چووم و هەر شتێ خۆشم ویستبێ جێم هێشتووە و دڵم دوو کەرت بووە!"

– "تاکەی هەر ئاوها دەکەیت؟ "

– "تا ئەو کاتەی دەگەمە ترۆپکەکەم، لەوێ دەحەوێمەوە!"

– "چ ترۆپکێک بوونی نییە، تەنها بەرزاییە، چ حەوانەوەک نییە، تەنها بەرخۆدان هەیە، بۆ سەرت سوڕماوە؟ بۆچی ئاوها بەچاوانێکی زەقەوە سەیرم دەکەیت؟ هێشتا نامناسیتەوە؟ پێتوایە من دەنگی خواوەندم؟ نەخێر، من دەنگی خودی تۆم، هەمیشە لەگەڵتدا دەڕۆم و هەرگیز لێت نابمەوە، هاوار بەماڵم گەر تۆم بۆ خۆت جێ هێشتبا! جارێکیان، ئەو جارەی بەتووڕەیی لەنهێنیخانەی بوونتەوە بازم دایە دەرەوە، ناوێکت لێنام، ئەو ناوەم لای خۆ پاراست لەبەرئەوەی خۆشم ویست. ئاخر من – هاوڕێی سەفەری تۆ، مێیە پڵنگ–م!"

دەنگەکە نەما، بەناسینی ئەو، هەستی دڵنیایی دایگرتم. بۆچ دەبێ لەو مێیە پڵنگە بترسم، ئێمە



هەمیشە پێکەوە سەفەرمان کردووە، هەموو شتێکمان بینیوە و پێکەوە لەزەتمان لەشتەکان چەشتووە، هەردووکمان پێکەوە لەوڵاتە بێگانەکاندا خواردوومانە و خواردوومانەتەوە و ڕەنجمان کێشاوە. پێکەوە تامی شار و ژن و فیکرەکانمان کردووە، کاتێ بۆ هۆدە بێدەنگەکەمان دەگەڕێینەوە، ئەو هۆدەیەی کە پڕە لە دەسکەوت و شەلاڵە لەبرین، ئەم مێیە پڵنگە بەئەسپایی بۆ لانەکەی لەتەوقی سەرمدا دەگەڕێتەوە، خۆی بەملاولای کەللەسەرمەوە دەنووسێنێ و چنگاڵەکانی بەنێو مۆخمدا ڕۆدەبا، ئیدی ئەوسا دوو قۆڵی، بێ ئەوەی هیچ کامان دوولێوەبکا، ڕادەمێنین لەوەی کە بینیومانە و پەرۆش دەبین بۆ ئەو شتەی کە پێویستە بیبینین.

ئێمە خەنین چونکە دونیای بینراو و نەبینراو لوغزێکی قووڵ و شاراوەن، لەژوور تێگەیشتنەوەن، لەودیوی ئەقڵەوەن، لەودیوی ئارەزووەوەن، لەودیوی یەقینەوەن. من و مێیە پڵنگی هاوڕێی سەفەرم، پێکەوە دەئاخڤین و پێدەکەنین، لەبەرئەوەی سەرسەخت و نەرم و نیان و نیگەرانین، گەرچی دڵنیاین دەمەو عەسرێک چنگێ خۆڵ دەخۆین و تێر دەبین، ئەوسا بەتێر نەخۆریی خۆمان پێدەکەنین.

ئەی ڕۆحی ئینسان، هاوڕێی سەفەرم، ئەی مێیە پڵنگ: وای چەندە بەچێژە بژین و عەردمان خۆش بوێ و بەبێ ترس لە مەرگ بنۆڕین.

بوولێڵەی بەیان هەستام، حەزم لە پیاسەیەکی بیابان بوو، ئەستێرەی بەیان هێشتا دیار و ڕۆشناییەکی تەنک خۆی لەترۆپکی چیاکان هەڵدەسوو، کەوەکان لەخەو هەستابوون، لەهەموو کێوەکەدا، بەترۆپکە پیرۆزەکەیەوە کە (یەهوە)ی لەسەر دابەزیبوو، نەغمەی قاقپەقاق دەنگی دەدایەوە. ئاسمان سامال و بەفرە کەڵەکە بووەکانی خوارەوە تووابوونەوە و لم هەڵی مژتبوون، بەڵام بەفری سەر چیاکان لەژێر یەکەمین ڕۆشنایی خۆردا، هێشتا بەڕەنگێکی پەمەیی دەدرەوشایەوە. چ دەنگێ نەدەبیسترا، ئاو چ سۆراغێکی نەبوو، چ گژوگیایەکی سەوز نەبوو، تەنێ گۆشەگیرییەکی نائینسانییانە بوو کە لەخواوەند و لم پێکهاتبوو.

هەڵبەت تەنها دوو جۆر لەخەڵکی دەتوانن لەم بیابانەدا بەرگە بگرن: ئەوانیش شێت و پێغەمبەرانن. لێرە ئەقڵ لەترسا تێکناچێ، بەڵکو لەسامی پیرۆزدا تێکدەچێ، دەشێ هەندێ جار هەرەس بێنێ و دڵنیایی لەئینساندا بڕەوێتەوە، دەشێ هەندێ جاری تر بەرەو باڵا بکشێ و بچێتە ئاسمان، ڕووبەڕوو خواوەند ببینێ و دەست لەچمکی جبە کڵپە سەندووەکەیەوە بدا. بێ ئەوەی بسووتێ، گوێ لەقسەکانی ڕادەدێرێ، کە قسەکانی وەرگرت، ئەوسا دەیانخاتە قوڵایی هۆشیاریی ئینسانەوە.

تەنێ لەبیاباندایە لەدایکبوونی ئەم ڕۆحە دڕندە و دەستەمۆ نەبووانە دەبینین، ڕۆحگەلێک کە تەنانەت دژی خواوەندیش هەڵدەگەڕێنەوە و بێ ترس لەبەرامبەریدا ڕادەوەستن، خواوەند دەیانبینێ و شانازییان پێوە دەکات، چونکە ئیدی دڵنیایە کە فووەکەی لەڕۆحی ئەواندا بەهەدەر نەچووە، دڵنیایە کە لەواندا، سازشی بۆ ئەوە نەکردووە ببێتە ئینسان.

جارێکیان، دوو پێغەمبەر بەبیاباندا دەڕۆن و دەکەونە دەمەقاڵێ. یەکێکیان دەڵێ: خواوەند ئاگرە، ئەوی تریشیان دەڵێ: خواوەند شانە هەنگوینە. سەرەڕای ئەو هەموو دەمەقاڵێ و هاتوهاوارە، کەچی هیچ

کامیان ناتوانێ ئەوی تر بهێنێتە سەر باوەڕی خۆی.

دواجار، یەکەمیان لەوپەڕی هەژاندا ئاماژە بۆ کێوەکەی بەرامبەری دەکا و دەڵێ: "کە حەقیقەت دەڵێم، ئەو کێوە دەکەوێتە لەرزە!"

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردووە، کێوەکە دەکەوێتە لەرزە.

پێغەمبەری دووەم بەسووکایەتی پێکردنێکەوە وەڵامی دەداتەوە:

- "جا ئەوە کەی بەڵگەیە!"

پێغەمبەری یەکەم دەڵی: "کە حەقیقەت دەڵێم، مەلایکەتێک لەئاسمان دێتە خوارەوە و پێوپلم دەشوات!"

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردووە مەلایکەتێک دێتە خوارەوە و دەکەوێتە شتنی پێوپلی.

بەڵام پێغەمبەری دووەم، بەشان هەڵتەکاندنەوە دەڵێ: "دەی ئەمەش بەڵگە نییە!"

پێغەمبەری یەکەم دەڵێ: "کە حەقیقەت دەڵێم، خواوەند دەڵێ: ئەمە حەقە!"

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردووە، دەنگێک لەئاسماندا دەنگ دەداتەوە و دەڵێ: "ئەمە حەقە!"

بەڵام پێغەمبەری دووەم هەمدیس شان هەڵدەتەکێنێتەوە و دەڵێ: "ئەمەش بەڵگە نییە!"

ڕێک لەو کاتەدا، ئەلیاس بەئاسماندا تێدەپەڕێ، کاتێ خواوەندی بینی پێدەکەنێ، لێی نێزیک دەبێتەوە و دەپرسێ: "خواوەند ئەوە بۆچی پێدەکەنی؟"

خواوەند وەڵام دەداتەوە: "ئەلیاس، لەبەرئەوەی خۆشحاڵم. لەخوارەوە، لەسەر عەرد دوو نەفەر دەبینم سەرگەرمی دەمەقاڵێن، ئەوانە کوڕانی ڕاستەقینەی خۆمن!"

هەروا کە بەڕێگاوە دەڕۆیشتم، بیرو ئەندێشەم تژیی بوو لەم دوو پێغەمبەرە سەرسەختە، وەک بڵێی هێشتا جێ پێکانیان بەسەر لمەکەوە ببینم. بەخۆم گوت: "بەختەوەرە ئەو باوکەی کوڕی ئاوهای هەبێ!" هەمدیس بەخۆم گوت: "بەختەوەرە ئەو بیابانەی دوو شێری ئاوهای بەخۆوە بینیوە کە بەسەریدا دەڕۆن و لەدارستانەکانی خواوەند دەچنە دەرەوە!"

***

بۆ سبەینێ، لەگەڵ باوە ئاگاپێوس و باوە پاکومیۆسی وێنەکێشدا، چووینە ترۆپکی پیرۆز کە لەوێ موسا ڕووبەڕوو خودای بینیوە و قسانی لەگەڵ کردووە، هێڵی ئاسۆیی کێوەکە لەدوورەوە لەیاڵی بەرازێکی کێوی دەچوو، کتێبی پیرۆز دەپرسێ: "ئێوە ئەی کێوەکانی تر، ئەی کێوەکانی پۆشراو بەگژوگیا، پڕ لەمەڕ و پەنیر، ئێوە بەکەڵکی چ دێن؟ تەنها و تەنها کێوێکی واقیعی هەیە، ئەویش کێوی سینایە کە خواوەندی لێ دابەزی و هەنووکە وی لەوێ نیشتەجێیە!"

(یەهوە) سەرکردەی خەتەرناکی بەنی ئیسراییل، وەک ئاگر چوارمشقی لەسەر ترۆپکی ئەم ئۆلۆمپە عیبرییە دانیشت و کێوەکەی وا لێ کرد ببێتە هەڵم، نە کەس دەیتوانی دەستی لێوە بدا و نە کەسیش دەیتوانی ڕووبەڕوو چاو لەچاوانی ببڕێ، هەر کەسێ دەیبینی دەمرد، یەهوە یەکسان بوو بەئاگر، قەومی یەهود هەر شتێکیان دەخستە ئاگرەکەوە ئەم دەیسووتاند، لەسەرروو هەموو شتێکەوە حەزی بەوە بوو



مناڵەکانی ئەو قەومە لە بڵێسەی خۆیدا بسووتێنێ.

بەکێوەکەدا سەرکەوتین، ئەو کێوە لە دامێنەوە تا ترۆپک ٣١٠٠ پلەیە، لەکاتی سەرکەوتندا بەلای دەرگایەکی نزمی کەوانەییدا تێپەڕین کە لەگاشە بەرد هەڵکۆڵرابوو، لەو دەوروزەمانەدا کە خەڵکی لە دەستێوەدانی ترۆپکی سینا دەترسان، ئیعتیرافگەرێک لێرەدا دادەنیشت و گوێی بۆ ددان پیانانی ئەو خەڵکانە ڕادەدێرا، هەر کەسێ بەسەر ئەم کێوەی خواوەندا هەڵگژابا، دەبوو خاوەن دوو دەستی پاک و دڵێکی بێگەرد با، ئەگینا ئەو ترۆپکە دەیکوشت. ئەمڕۆ ئەو دەروازەیە چۆڵ کراوە، ئاخر دەستگەلی پیس و دڵگەلی گوناهبار دەتوانن بێ ترس لێرەوە تێپەڕن، ئیدی ئەو ترۆپکە کەس ناکوژێ.

لە دەروازەکەوە ئاودیو بووین.

سەرووتر، ئەشکەوتێک بوو لەوێدا (یەشاع) پێغەمبەر وەحییە مەزنەکانی بۆ نازیڵ ببوو، چووبووە ئەشکەوتەکەوە و کەلامی خودای بۆ هاتبووە خوارەوە: (سبەینێ بڕۆ و لەحزووری خودادا ڕاوەستە، گەردەلوولێکی بەهێزت بەسەرا هەڵدەکا کە شاخەکان لەبنەوە هەڵدەکەنێ و گاشە بەردەکان تێکوپێک دەشکێنێ، بەڵام خواوەند لەو ڕەشەبایەدا نییە، دوای ڕەشەباکە بوومەلەرزەیەک ڕوودەدا، بەڵام خواوەند لەو بوومەلەرزەیەدا نییە، دوای بوومەلەرزەکە ئاگرێک پێدەبێ، بەڵام خواوەند لەو ئاگرەشدا نییە، دوای ئاگرەکە، شنەیەکی فێنک و خۆش هەڵدەکات، دەی خواوەند لەو شنەیەدایە(*)!)

ڕۆح ئاوها دێ، دوای گەردەلوول و بوومەلەرزە و ئاگر: شنەیەکی خۆش و فێنک. لەم ڕۆژگارەی ئێمەشدا ڕۆح هەر ئاوها دێ، ئێمە بەزەمەنی بوومەلەرزەدا تێدەپەڕین، پاشان نۆرەی ئاگر دێ و دواجار - کەنگێ؟ دوای چەند نەوە؟ - شنەیەکی خۆش و فێنک هەڵدەکات.

لە ژوور ئەم ئەشکەوتەوە، پاکومیۆس وەستاو ئاماژەی بۆ لێواری تاوێرە بەردێک کرد و گوتی:" ئەو ڕۆژەی بەنی ئیسراییل لەگەڵ زەبەلاحەکاندا کەوتنە جەنگ، موسا لێرەدا ڕاوەستا، مادامەکی دەستەکانی بەرز ڕاگرتبوو، بەنی ئیسراییل لەسەرکەوتنا بوون، بەڵام کاتێک ماندوو بوو، دەستەکانی داگرت، ئیدی زەبەلاحەکان غیرەت گرتنی، لەوکاتەدا (هارون) و (حور) هاتن و دەستی موسایان بەرز کردەوە، تا سەرەنجام دوا جەنگاوەری دوژمن بەنووکی شمشێر بەزێنرا(**)."

تەواوی ئەم ئەفسانانە لەڕۆحە ساکارەکەی پاکومیۆسدا گرنگییەکی دەگمەنیان هەبوو، بەچاوانێکی زەقەوە تەماشای دەکرد وەک بڵێی لەبارەی هیولاگەلی پیرۆزەوە- دایناسۆر گەل و مەگاتریۆم گەل-ەوە بدوێ کە هێشتا بەچیاکاندا دێن و دەچن و خاوەن دڵە بێگەردەکان دەتوانن بیانبینن.

باوە (ئاگاپیۆس)ی لاواز و باریکەلە، بەگورجوگۆڵیی گەنجێک ڕێنوێنی دەکردین، دوو لێوەی نەدەکرد، لەزۆر بڵێیی پاکومیۆس قەڵس ببوو، دەیویست هەرچی زووترە خۆی بگەیەنێتە لووتکە.

کاتێ پێم نایە سەر ترۆپکی پیرۆز، دڵم کەوتە تەپە تەپ، چاوانم لەوەوبەر هەرگیز ئاوها دیمەنێکی

---

(*) بەدەسکارییەوە لەئەهدی ئەتیقەوە، کتێبی یەکەمی پادشایان، دەروازەی نۆزدەیەم.

(**) ئەهدی ئەتیق، سیفری خروج، دەروازەی هەژدەهەم

بەشکۆ و تراژیدیایی نەبینیبوو، خوارەوەمان (ئارابیا پیترا) بوو بەچیا ئەرخەوانییەکانییەوە، لەو دوورەشەوە، زنجیرە شاخە شینەکانی (ئارابیا فلیکس) بوو، زەریای سەوز وەک مرواری دەدرەوشایەوە. لای خۆرئاواوە، بیابان لەژێر خۆردا هەڵمی لێ هەڵدەسا و لەو دیویشەوە، دوور دوور، شاخەکانی ئەفریقیا بوو. بەخۆم گوت: "لێرەدایە ڕۆحی ئینسانی باوەڕ بەخۆبوو، یان ڕۆحی ئینسانی نائومێد، ئەوپەڕی بەختەوەریی دەدۆزێتەوە."

خۆمان کرد بەنوێژخانەیەکی چکۆڵەی سەر دوندەکەدا، پاکومیۆس بەنینۆک کەوتە کڕاندنی دیوارەکان تا بەشکم پاشماوەی نیگاری دێرینیان لەسەر ببینێ، بەشێوە زوبانێکی شەلاڵ لەسەرکەوتن ئیشارەتی بۆ ستوونی بیزانسی چکۆڵەی پەنجەرەکان کرد و بەشانازییەوە بانگی کردم تا سومبولی ڕوحلقودس ببینم: جووتێک کۆتری بیزانسی کە دەنووکیان لە دەنووکی یەکتر ئالابوو. باوکە پاکومیۆس لەهەولی دۆزینەوەی ژیانی دێرین و سەرلەنوێ ڕۆنانەوەیدا بوو، حەزی نەدەکرد ڕابردوو تێپەڕێ.

لێرە.. لەسەر ئەم ترۆپکەی کە خواوەند وەک بلێسەیەکی نەمر لێی دابەزی، ڕۆحی هەڵکۆڵینی ئاسەوارناسی قەڵسی دەکردم، ڕووم کردە ڕاهیبەکە و پرسیم: "باوە پاکومیۆس، بەڕای تۆ خواوەند لە چ دەچێ؟" بەگومانەوە سەیرێکی کردم و دوای ساتێک بیرکردنەوە وەڵامی دایەوە: "لەباوکێک دەچێ کە منالەکانی خۆی خۆش دەوێ!"

هاوارم کرد: "چ شەرمەزارییەکە! لێرە.. لەسەر ترۆپکی کێوی سینا، چۆن دەوێریت ئاوها لەبارەی خوداوە بدوێیت؟ مەگەر کتێبی پیرۆزت موتالا نەکردووە؟ ئاخر خواوەند ئاگری بوون سووتێنەرە!"

– "بۆ ئەمەم پێدەڵێیت؟"

– "بۆ ئەوەی لێگەڕێیت ئەو هەموو ئەم شتانە بسووتێنێ، مەبەستم لە ڕابردووە، پاکومیۆس شوێنپێی ئاگری خواوەند هەڵگرە و خۆڵەمێشەکان کۆ مەکەرەوە!"

دواجار، باوە ئاگاپیۆس لێوی هەڵێنا و گوتی: "گوێ لەئامۆژگاریم بگرە و لەسەروو سروشتی خواوەندەوە، مامڵە لەگەڵ خۆتا مەکە، یاری بەئاگر مەکە ئەگینا دەسووتێیت، هەوڵ مەدە خواوەند ببینیت ئەگینا کوێرابییت دایەت!"

ئەوجا جانتاکەی کردەوە و لەناویدا دوو کۆتری برژاو و دوو قرژاڵی زەریایی و بڕێک گوێز و خورما و گۆزەیەکی دارینی پڕ لەئارەقی خورما و کولێرەیەکی گەورەی گەنمی دەرهێنا.

– "بفەرموون، خواردنەکە ئامادەیە!"

کوتوپڕ زانیمان چەندمان برسییە، خواردنەکەمان لەسەر سەکۆیەکی بەردین دانا، وەک دەیانگوت هێشتا دەتوانرێ جێپێی موسا بەسەر ئەم سەکۆیەوە ببینرێ: سەکۆیەکی داچووی ڕێک وەک تابووتی منالێکی چکۆڵە. پاکومیۆس ئەو دوو کۆترە عاشقەی لەبیرخۆ بردەوە کە خەریکی ماچومووچ بوون و بەئیشتیهایەکی فرەوە هوروژمی بۆ کۆترە برژاوەکان برد. پێشتر چ کەسێکم نەبینیبوو وەک ئەو لەکاتی خواردندا بەئاوها حیرسێک چاو و دەست و ددانی بەکاربێنێ. تەنانەت بەرماوەی ئێسقانە چکۆڵەکانیشی



لەبەردەمی خۆیدا کۆکردەوە و کەوتە کڕاندنەوەیان.

بەپێکەنینەوە پێم گوت: "باوە پاکومیۆس، کۆترەکان ڕۆحیان تێ هاتۆتەوە، بڕۆ نوێژخانەکە تا بەچاوی خۆت ببینیت لەوێ نەماون!"

پاکومیۆس گوتی: "بۆ پێدەکەنیت؟ هەموو شتێک دەبێ!"

ئاگاپیۆس کە خۆی لە نەوسنیی پاکومیۆس نەگەیاندبوو، گوتی: "بەڵێ! گەر ڕوحلقودس کۆتربا، ئەوا ئەویشت دەخوارد!" وای گوت و خاچی کێشا و بەدەم هەناسەهەڵکێشانەوە چاوی بڕییە بیابان.

لێم پرسی: "باوە ئاگاپیۆس، بۆچی هەناسە هەڵدەکێشیت؟" پەرۆش بووم زیاتر لەبارەی ئەم ڕاهیبە سەر سەختەوە شت بزانم کە بەو پیرییەوە ئاوها گورج و گۆڵ بەکێوەکەدا هەڵدەزنی.

وەڵامی دامەوە: "کوڕەکەم، چۆن دەتوانم هەناسە هەڵنەکێشم کە دەست و پێ و دڵم بەزەلکاو پۆشرابێ؟ ئیتر کاتی ئەوەیە دواجار لەحزووری دادی خواوەندا ئامادەبم، بەڵام بەچ دەست و پێ و بەچ ڕوویەکەوە؟ ئاخر دەستەکانم خوێناوین و قاچ و قولم قوڕ و لیتاوییە. کێ دەتوانێ بۆم پاک کاتەوە؟"

پاکومیۆس بۆ تەسەللادانەوەی گوتی: "باوکە ئاکاپیوس، مەسیح پاکیان دەکاتەوە، ئەگینا بۆچی دادەبەزییە سەر عەرد؟ پێویستە پێی بڵێی: ئەی مەسیح، ئەمە دەست و ئەمەش پێوپلم، دەی فەرموو بیانشۆ!"

من پێکەنیم، ئاخر ئیشی خواوەند ئەمەیە پێوپلمان بشوا؟

پاکومیۆس بەبێزارییەوە گوتی: "بۆ پێدەکەنیت؟"

وەڵامیم دایەوە: "باوە پاکومیۆس بەیارمەتی، بەمەسەلێک وەڵامت دەدەمەوە. هەبوو نەبوو پادشایەک لەدوورگەی عارەبستان هەبوو، پادشایەکی فێڵباز بوو، ئەم پادشایە هەموو بەیانییەک بەر لەخۆرهەڵاتن کۆیلەکانی خۆی کۆدەکردەوە تا فەرمانی هەتاو کەوتنی نەدابا، نەیدەهێشت کۆیلەکان بچنە سەر ئیشەکانیان. ڕۆژێکیان حەکیمێکی پیر دەچێتە لای و پێی دەڵێ: (خاوەن شکۆ مەگەر نازانیت خۆر چاوەڕێی فەرمانی تۆ نییە؟) پادشا وەڵامی دەداتەوە: (دەزانم، مامۆستا پیرەکەمان دەزانم، بەڵام گەر خواوەند نەبووایەتە کەرەستەیەکی دەستی من، پێم بڵێ ئەوسا چۆن خواوەندێکمان دەبوو؟) دەی باوە پاکومیۆس، ئێستا تێگەیشتیت؟"

بەڵام کاتێک من قسەم دەکرد، پاکومیۆس ئێسقانێکی وردی دۆزیبۆوە کە تۆزێک گۆشتی پێوەمابوو، کەوتبووە کڕاندنەوەی و وەڵامی نەدامەوە.

بۆ ئەوەی باسەکە بگۆڕم، ئاوڕم بۆ باوە ئاگاپێوس دایەوە و لێم پرسی: "باوە ئاگاپیۆس، چۆن بوویت بەڕاهیب؟"

– "چۆن بوومە ڕاهیب؟ ئەوە حەزی من نەبوو، بەڵکو حەزی خودا بوو. کاتێک تەمەنم بووە بیست ساڵان، پەرۆشییەکی گەورەم بۆ پۆشینی جبەی ڕاهیبی تێدا وروژا، بەڵام شەیتان کۆسپی لەڕێگە دادەنام، لێم دەپرسیت چ کۆسپێک؟ باشە.. منیش هەر ئەمەت پێدەڵێم: کاروبارەکانم بەباشی بەڕێوەدەچوون و پارەم پەیدا دەکرد، پارە پەیداکردن یەعنی لەبیرکردنی خودا، بەڵێندەر بووم

و پرد و خانووم ڕۆدەنا و ڕێگام ڕادەکێشا و پارەیەکی زۆرم چنگ دەکەوت، هەمیشە بەخۆم دەگوت: هەر کاتێ پارەم بەدەستەوە نەما، ئەوسا دەڕۆم دەبمە ڕاهیب و خودا بەزەیی پێمدا دێتەوە، لەموزایەدەیەکدا تەنانەت جلکەکانی بەریشم دانا. گوتم: سوپاس بۆ خودا، هەموو داوێکی پەیوەندیم لەگەڵ دونیادا پچڕی و گۆشەگیربووم، میزەڵانت بینیوە کە پەتەکەی دەپچڕێ چۆن بەحەوادا دەچێ؟ منیش هەر ئاوها تەرکی دونیام کرد!"

ڕوخسارە ڕەنگپەڕیوەکەی سوور داگەڕا، بیری کەوتەوە کە خۆی لەدونیا دابڕیوە و هەستی خۆشحاڵی دایگرت.

– "ئاوهابوو هاتم بۆ ئێرە، نەمدەزانی بچم بۆ کوێ، خودا بەڕەحمەتی فراوانی خۆی دەستی گرتم و بۆ ئێرەی هێنام. هاتم، بەڵام هێشتا گەنج و بەقەڵافەت بووم، حاڵ و وەزعی ئێستاکێم مەبینە، هەنووکە پیربووم و وەکی مێوژ هەڵچرووسکاوم، بەڵام ئەو کاتانە، هێشتا خوێن لەناوەوەمڕا قوڵپی دەدا، نەمدەتوانی دەستەو ئەژنۆ بم و بێ ئیش دانیشم، عیبادەت تەسەللای نەدەدام، هەر بۆیە تێهەڵچووم، جاددەم ڕاکێشا، تەواوی ئەو جاددانەی کە پێیاندا هاتین هی منە، لێرە جاددە ڕاکێشان ئیشی سەرەکی من بوو، ئاخر من بۆ ئاوها کارێک هاتوومەتە دونیا، خۆ گەر بچمە بەهەشت، ئەوا بەو جاددانەدا دەچم کە خۆم ڕامکێشاون!" پێکەنی و ویستی گاڵتە بەو خەونانەی خۆی بکات. گوتی:" تڕحێو! بەهەشت! ئەدی توخودا ئا بەم وەزعەوە بونیادەم دەچێتە بەهەشت؟"

پاکومیۆس، کە زۆرخۆری مڕی کردبوو، بەتانییەکی ئەستووری لەخۆوە پێچابوو، وەنەوزی دەدا و قسەکانی ئەو دوای ئاگاپیۆیسی گوێ لێ بوو، چاوانی کردەوە و بەدەنگێکی زوڵاڵ گوتی: "ئاگاپیۆس، دڵ لەدڵ مەدە، دەچیتە بەهەشت!"

ئاگاپیۆس پێکەنی و گوتی: "هەموو شتێک لای تۆ تەواوە، چ ترسێکت نییە، تۆ بەڕەنگ و فلّچە بەهەشت دروست دەکەیت و پاشان تێی دەچیت، بەڵام ئەدی من چ بکەم؟ ئای خودایە! من هەر دەبێ ڕۆبنێم و ڕۆبنێم و ڕۆبنێم، پێویستە لەسەرم تا بەر دەرگای بەهەشت ڕێگە لێدەم و تا ئەوێ بکەمە جاددە، ئەگینا نامکەنە ژوورێ، هەر کەس بەقەد هیممەتی خۆی خانوو ڕۆدەنێ!"

پاشان ڕووی کردە من و پرسی: "ئەدی تۆ چۆن؟"

– "من؟ من چوومەتە بەهەشت. لە مەزەندەی مندا بەهەشت دەبینم کێوێکە بەرز، نوێژخانەیەکی چکۆڵە بەترۆپکەکەیەوەتی، لەدەرەوەی نوێژخانەکەش سەکۆیەکی بەردین و گۆزەیەک ئارەقی خورماش لەسەر سەکۆکەیە، دوو کۆتری برژاو و برێک گوێز و خورما، دوو پیاوی میهرەبانم لەگەڵدان، هەموومان لەبارەی بەهەشتەوە دەئاخڤین!"

بەڵام پاکومیۆس هەڵدەلەرزی، توندتر بەتانییەکەی لەخۆوە پێچا و هەستایە سەرپێ، لێوی شین هەڵگەڕابوو، دانەوێوە و گۆزەکەی هەڵگرت و پاشماوەی ئارەقەکەی چۆڕبڕ کرد.

– "بۆ خاتری خودا هەستن با بڕۆین، لێرە لە سەرمادا ڕەق دەبینەوە!"

وای گوت و کەوتە دابەزین.



ئەو شەوە لەژوورەکەمدا بەتاقی تەنها لاپەڕەکانی تەوراتم هەڵدەدایەوە و زەینم لێواولێو ببوو لەوێنەی بیابان، هەڵبەت هیچ کەس لە بیاباندا نیشتەجێ نەبووە مەگەر یەک کەس، ئەو کەسەش نە دەبوورێ، نە زەردەخەنە دەیگرێ، نە بەزەیی دەجووڵێ. ترس فەرمانڕەوای بیابان نییە، تینوێتی و برسێتی و شەکەتیش نین، مردنیش نییە، بەڵکو خودا فەرمانڕەوای بیابانە.

هەروا تەوراتم موتاڵا دەکرد و گەیشتمە ئەو پنچکەی کە کڵپە دەسەنێ بەڵام ناسووتێ، مەزەندەم کرد هەمدیس چوومەتەوە ئەو دۆڵە ترسناکەی کە یەهوە لەنێوان چیاکاندا شەقی کردبوو تا لێوەی تێپەڕێ، کتێبی پیرۆز لەزنجیرە شاخێک دەچوو بەترۆپکی زۆرەوە کە پێغەمبەران بەنەعرەتەکێشان و بەستراو بەگوریس و پێچراو لەجلکی شڕەوە لەسەری دابەزیون.

هەروا کە بەسەر کتێبی پیرۆزدا چەمابوومەوە و لەگەڵ هەر لاپەڕەیەکدا کە دەمخوێندەوە، لە دوندێکەوە بازم دەدایە سەر دوندێکی تر، بیری ئەو کیژەم کەوتەوە جارێکیان بەورووژانەوە باسی هەرزەکارێکی دڕ و قۆزی بۆ کردم کە سەرەڕای ناڕەزایی خەڵک، خودا بەپادشا هەڵی بژاردبوو.

ئیدی (سامۆییل)، ئەو پێغەمبەرە پیرەی بەرامبەر ئەو بڕیارە لاساری نواند و بووە بازیچەی دەستی خواوەند، دڵی پڕکردم لەپەژارە و گومان. قاقزم هەڵگرت و کەوتمە نووسین تا دڵم هێورکەمەوە، ئاخر نووسین ئەو کەرەستە ترسنۆکانەیە بووە کە ڕاهاتبووم بۆ هێورکردنەوەی خەمەکانم هانای بۆ بەرم.

***

– "سامۆێل!"

پێغەمبەری پیر بەقایشە چەرم و جلکە چڕچ و لۆچەکەیەوە چاوانی بڕیبووە شار، هاواری خودای نەدەژنەفت، خۆر باڵێک لەئاسۆ هەڵکشابوو، (جلجال)ی گوناهبار لەو دووری دوورەوە، لەخوارەوە، لەنێوان دوو گاشەبەردی سووری چیای (کەرمل)دا، بەدارخورمای شمشێرئاسا و دارهەنجیرە کێوییە تەواو گەییوەکانیەوە، شنە شنی بوو.

دەنگی خواوەند جارێکی تر سەدای دایەوە: "سامۆییل، سامۆییل ئەی بەندەی ئیماندارم، پیربوویت، مەگەر گوێت لە دەنگم نییە؟"

سامۆییل ڕاچڵەکی، برۆ چڕەکانی لەتووڕەییدا هاتنەوەیەک و ڕیشە درێژ و بژەکەی لەرییەوە، گوێی وەک سەدەفی زەریا فیکەی دەکێشا، لەعنەت لەهەناویدا وەکی مایینێکی چەموش حیلاندی، دەستی بۆ ئەو شارەی کە پێدەکەنی و گۆرانی دەگوت و وەک پورەهەنگ ویزە ویزی بوو ڕایەڵ کرد و نەڕاندی: "لەعنەتی من لەهەموو ئەو کەسانە بێ کە پێدەکەنن، لەعنەتی من لەهەموو ئەو قوربانییە ناشەرعییانە بێ کە ڕوخساری ئاسمانیان ڕەش داگەڕاندووە، لەعنەتی من لەو ژنە بێ کە پاژنەی قاپقاپەکەی بەبەردی شەقامەکاندا دەکوتێ! خودایا.. چما برووسکە لە لەپی دەستە برۆنزییەکانتدا کوژاوەتەوە؟ ئەم بەڵا پیرۆزەت بەسەر جەستەی بێ خەوشی پادشاکەماندا هێنا کەچی لەکاتێکدا ئەو وەک گوێچکە ماسی کەفی دەچڕاند و وەک کیسەڵ هانکە هانکی بوو، بەلادا هات و کەوتە سەر عەرد.. بۆچی؟ چی لێ کردبوویت؟ من پرسیارت لێ دەکەم، وەڵامم دەوە! کەواتە گەر دادوەریت، ئەوا تاعونێک بۆ هەموو

بەشەرییەت بنێرە، تۆوی پیاوەتی لە لاکەلەکەیان دەربێنە و بەگاشەبەردیدا بماڵە!"

دەنگی خواوەند بۆ جاری سێیەم، وەک هەورەگرمە دەنگی دایەوە: "سامۆییل بێدەنگ بە! سامۆییل گوێم بۆ ڕادێرە!"

جەستەی پێغەمبەر کەوتە هەڵلەرزین، کاتێ بەگاشەبەردێکی خوێناوییەوە کە قوربانییەکانی خواوەندی لەسەر سەر بڕرابوون، پاڵی دایەوە تا نەکەوێ، هەر سێ هاوارەکەی خواوەندی بەیەکجار ژنەفت، باوەشی بۆ سەرەوە کردەوە و گوتی: "خواوەندا.. ئەمەتام لێرە!"

– "سامۆییل، گۆزەکەت پڕکە لەزەیتی پێغەمبەرێتی و بچۆ بۆ بەیتلەحم!"

– "بەڵام ئاخر بەیتلەحم زۆر دوورە، سەدەیەک کۆیلایەتیکردنی تۆ پێوپلی پێوە نەهێشتووم، خواوەندا کەسێکی تر بدۆزەوە، من ئیتر توانام نەماوە!"

– "من لەگەڵ جەستەدا نادوێم، ڕقم لێیەتی و دەستی لێوە نادەم، من لەگەڵ سامۆییلدا دەدوێم!"

– "خواوەندا بدوێ، ئەمەتام لێرە!"

– "سامۆییل، گۆزەکەت پڕکە لەزەیتی پێغەمبەرێتی و بڕۆ بۆ بەیتلەحم، بێ لێوهەڵهێنانەوە، بێ ئەوەی بهێڵیت کەست لەگەڵدا بێ، لە دەرگای ماڵی (یەسی)(*) بدە!"

– "ئاخر من پێشتر قەت بۆ بەیتلەحم نەچووم، ئیتر چۆن ماڵی (یەسی)م بۆ دەدۆزرێتەوە!"

– "دەرگای ماڵەکەیانم بەجێپەنجەی خوێناوی نیشانەکردووە، لەدەرگای ماڵەکەی بدە و لەنێو حەوت کوڕەکەیدا یەکێکیان هەڵبژێرە!"

– "خواوەندا کامیان هەڵبژێرم؟ چاوانم تاریک داهاتوون و ناتوانم بەباشی ببینم!"

– "کاتێ لە بەرامبەریدا دەوەستیت، دڵت وەک گولکێک دەمرێنێ، ئەمە ئەو کوڕەیانە کە دەبێ هەڵی بژێریت! قژی لادە، تەوقە سەری بدۆزەوە، بەناونیشانی پادشای ئیسراییل تەوقە سەری بۆ چەورکە!"

– "بەڵام ئاخر شاول(**) پێدەزانێ و لەگەڕانەوەمدا بۆسەیەکم بۆ دەنێتەوە و دەمکوژێ!"

– "من چ باکم بەوە هەیە! من هیچ ژیانی بەندەکانی خۆمم پێ گرنگ نییە، دەی بکەوە ڕێ!"

– "نەخێر، ناڕۆم!"

– "سامۆییل، ئارەقەی ڕوخسارت بسڕە، ددانەکانت توند لەسەر یەک دانێ تا چۆقەیان نەیەت، ئەوسا لەگەڵ من، لەگەڵ خواوەندا بدوێ! سامۆییل منگە منگی چیتە، بەئاشکرا بدوێ!"

– "منگەمنگ ناکەم، گوتم ناڕۆم!"

– "هێواشتر بدوێ، هاوار دەکەیت وەک ئەوەی بترسیت! بۆ ناڕۆیت؟ من دڵنیام سامۆییل وەڵامم دەداتەوە و بەقسەم دەکا، دەترسیت؟"

– "نا، ناترسم، خۆشەویستی ڕێگەم نادا بڕۆم، ئاخر من بووم (شاول)م وەک پادشای ئیسراییل

(*) Jesse

(**) Saut



چەورکرد، لەکوڕەکانم زیاترم خۆشدەوێ، ڕۆحی خۆم دەماندۆتە نێو لێوە ڕەنگ پەڕیوەکانییەوە، ڕۆحی پێغەمبەرێتی، ڕۆحی من بوو کە بەناوبانگی کرد، ئەو ئیدی جەستە و ڕۆحی منە، خیانەتی لێ ناکەم!"

– "بۆچی بێدەنگ بوویت؟ چما بەم خێراییە دڵی سامۆییل چۆڵ بوو؟"

– "خواوەندا، تۆ قادیری ڕەهایت، گەمەم پێ مەکە، بمکوژە! چ چارەیەکی ترت نییە، بمکوژە!"

چاوانی سامۆییل پڕبوون لەخوێن، چنگی بەگاشە بەردەکەدا کرد و چاوەڕێ بوو، جارێکی تر نەڕاندی: "بمکوژە! بمکوژە!"

– "سامۆییل..!"

هەنووکە دەنگی خواوەند میهرەبانانەتر بوو، وەک ئەوەی تکای لێ بکات، بەڵام پێغەمبەری پیر تووڕەتر و کەللەڕەقتر ببوو.

– "بمکوژە! بمکوژە! چارەیەکی ترت نییە!"

وەڵام نەبوو، نیوەڕۆ تێپەڕی و خۆر خلۆربۆوە، کوڕێکی ڕەشتاڵە و پێپەتی دەرکەوت، بەکوێرە ڕێگەکەدا سەرکەوت و بەترسەوە لەپێغەمبەر نزیک بۆوە، پێدەچوو لە لێواری خەرەندێک نزیک بێتەوە، ژەمە خواردنەکەی پێغەمبەری کە بریتی بوو لە خورما و هەنگوین و نان و گۆزەیەک ئاو لەسێبەری گاشەبەردەکەدا دانا و پاشان بەپەلەپەل و بەهەناسە بڕکێوە لەکێوەکە دابەزی، چۆوە ناو شارو خۆی خزاندە کوختە پەڕپووتەکەیانەوە، دایکی دانەوێوە و لەئامێزی گرت. بەدەنگێکی لەرزۆکەوە پرسی: "هێشتا هەر.... ؟ هێشتا هەر......؟"

کوڕەکە وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، هێشتا هەر لەگەڵ خواوەندا لەجەنگدایە!"

خۆرە کەوتە ئەودیو چیاکانەوە، ئەستێرەی ئێوارە دەرکەوت و وەک سەرەبزوتکێک بەژوور شارە گوناهبارەکەدا هەڵواسرا، ژنێکی ڕەنگپەڕیو لەودیوی پەردەوە ئەستێرەکەی بینی و قیژاندی: "هەر ئەلعان دەکەوێ و دونیا دەسووتێنێ!" ئەستێرەکان لە ئاسماندا گەمەیان دەکرد و بەژوور پرچە درێژەکانی پێغەمبەرەوە دەدرەوشانەوە، گوێ قولاغ بەسەر ڕەوڕەوەیەکی نەبینراوەوە دەسووڕانەوە. هەروا کە لەنێویاندا ڕاوەستابوو، هەڵدەلەرزی. خۆیان کرد بەقژیدا و وەک دەنکە تەرزە بەر لاجانگەکانی کەوتن.

لەبوولێڵەی بەیاندا، سامۆییل کەوتە ورتەورت: "خواوەندا.. خواوەندا!" لەوە زیاتر نەیتوانی هیچی تر بڵێ، گۆزەکەی داگرت، پڕی کرد لەزەیتی پێغەمبەرێتی، دەستی دایە گۆچانەکەی و بەچیاکەدا کەوتە دابەزین، پێکانی باڵیان دەرکردبوو، دڵۆپە شەونم وەک ئەستێران بەسەر ڕیشە سپییەکەیەوە پرشنگیان دەدا، دوو مناڵ کە لەسەر قاڵدرمەی یەکەمین ماڵ سەرگەرمی وازیی بوون، بەبینینی جلکی چرچو لۆچ و مێزەرە سەوزەکەی پێغەمبەر ڕایان کرد و هاواریان کرد: "وا هات.. وا هات...!" سەگەکان کلکیان کلافە کرد و لەقوژبنەکاندا هەڵتروشکان، گۆلکێک کە ملی نابووە سەر عەردەکە بۆڕاندی، ڕەشەبایەک هەڵی کرد، دەرگاکان داخران، دایکان مناڵەکانی خۆیان لەکۆڵان بانگ کردەوە و بۆ ماڵەوەیان بردنەوە، سامۆییل لەکاتێکدا کە گۆچانەکەی بەبەردا دەکێشا، بەهەنگاوی گەورەوە بەشاردا تێدەپەڕی، لەبەرخۆیەوە گوتی: "هەست دەکەم جەنگێک وەک تاعون، وەک خواوەند، ژوور سەری خەڵکی تەنیوە!"

دوو شوان سەرو گۆچانێکی درێژیان بەدەستەوە بوو، لەڕێگاکەدا دەرکەوتن، هەر کە پێغەمبەریان بینی کڕنوشیان بۆ برد.

– "خواوەندا، ئەمرم پێ بکە تا بەگۆچان مێشکیان بپژێنم، لەگەڵ دڵمدا بدوێ، من ئامادەم!"

بەڵام چ دەنگێک نەهات، ئەمیش لە کاتێکدا کە لەعنەتی لەتوخمی بەشەر دەکرد، ڕێگەی خۆی گرتەبەر.

خۆر هەڵایساو و تەپ و تۆز لە ژێر پێیدا بەرز دەبۆوە و وەک هەور خۆی لێیەوە دەئاڵاند، هەستی بەتینوویێتییەکی ناکاو کرد و هاواری کرد: "خواوەندا، شتێکم بدەرێ بیخۆمەوە!"

دەنگێکی ئارام، دەنگێکی میهرەبان لەتەنیشتییەوە، دەنگێکی سازگار وەک خوڕەی ئاو، گوتی: "بخۆرەوە!"

ئاوڕی دایەوە و بینی ئاو لە قەڵەشی بەردێکەوە دەتکێ و لەچاڵێکدا کۆبۆتەوە، دانەوێوە، سمێڵی لادا و دەمی بەئاوەکەوە نا، فێنکایی ئاو تا پاژنەپێی پەرش بۆوە و گوڕی تێ هاتەوە.

هەمدیس کەوتەوە ڕێ، خۆر داچوو، پاڵی بەقەدی دارخورمایەکەوە دا، دەستی ڕاستی خستە ژێر گۆنای و خەوێکی قووڵی لێ کەوت، چەقەڵەکان لەدەوری کۆبوونەوە، بەڵام کاتێک بۆنیان پێوەکرد، لەترسا تێیان قوچاند، ئەستێرەکان وەک شمشێر بەژوور سەرییەوە هەڵواسرابوون، بەرەبەیان خەبەری بۆوە و سەرلەنوێ کەوتەوە ڕێ.

ڕۆژی سێیەم، دەشت لەمیانی باریکە ڕێی شاخەکانەوە دەرکەوت، ڕووباری ئوردون لەناوەندی دەشتەکەدا وەک مارێکی تێر و خاو و خلیچک، مارێکی پەڵەپەڵەی سەوز دەدرەوشایەوە. سێ ڕۆژی تر تێپەڕی و پاشان لەناکاو خانووەکانی بەیتلەحم، سپی وەک ئەڵماس لەپشت دارخورماکانەوە دەرکەوتن.

پۆلێک کۆتر بەسەر سەری پێغەمبەردا تێپەڕین، بۆ ساتێک لە فڕین کەوتن و پاشان بەترسەوە وەک تیر بەرەو شار دایان لەشەقەی باڵ.

لەدەروازە گەورەکەی باکوری شاردا، بۆدڕی مەڕومالآت ئەو ناوەی تەنیبوو، لەنزیک دەروازەکەوە کوێر و گەڕ و گولەکان سواڵی نانیان دەکرد، پیرەمێردان لەچاوەڕوانیی پێغەمبەردا ڕاوەستابوون، زەندەقچووانە لەنێو خۆیاندا کەوتبوونە ورتەورت و دەیانگوت: "پەتای گەڕیی لە ناوماندا بڵاو دەبێتەوە، خواوەند دانابەزێتە سەر عەرد تەنها بۆ ئەوە نەبێ مەخلوقەکانی خۆی وێران کات!"

پیرترینیان پێی بەجەرگی خۆیدا نا، هەنگاوێک هاتە پێش و گوتی:" من قسانی لەگەڵ دەکەم!"

پێغەمبەر لەگەڵ هەورێک تەپوتۆزدا گەیشت و جلکە چرچ و لۆچەکەی وەک ئاڵای دڕاوی جەنگ دەشەکایەوە.

– "چیت بۆ هێناوین؟ ئاشتی یان کوشتار؟"

پێغەمبەر دەستی ڕایەڵ کرد و وەڵامی دایەوە: "ئاشتی. بچنەوە ماڵی خۆتان و شەقامەکان چۆڵ کەن، دەمەوێ بەتەنها پیایاندا تێپەڕم!"



شەقامەکان چۆڵ کران و دەرگاکان داخران، سامۆییل لەگەڵ تێپەڕینیدا یەکە یەکە دەرگاکانی بەوردی دەپشکنی و پەنجەی پێدا دەهێنان. لە قەراغ گوند، بەسەر دەرگای دوا ماڵەوە، جێپەنجە خوێناوییەکەی ناسییەوە. لەدەرگای دا، خانووەکە لەرزی و (یەسی) پیر بەترسەوە هەستایە سەرپێ و دەرگاکەی کردەوە.

– "یەسی ماڵت لە ئەماندا بێ و هەر حەوت کوڕەکەیشت لەعافییەتدا، هیوادارم بووکەکانت کوڕت بۆ بخەنەوە، خودا یار و یاوەرت بێ."

یەسی شەویلەی خوارەوەی لەرزی و وەڵامی دایەوە:

– "مەشیئەت، مەشیئەتی ئەوە!"

پیاوێک لەبەر دەرگاکە دەرکەوت، سامۆییل ئاوڕی دایەوە و بەبینینی خۆشحاڵ بوو، پیاوێکی کەتە و قژی ڕەش و لوول، سینگێکی پان و کوڵکن، قاچی ئەستوور وەک دوو ستونگەی برۆنز.

(یەسی) بەشانازییەوە گوتی: "ئەمە (ئەلیاب)ی کوڕە گەورەمە!"

سامۆییل هیچی نەگوت، چاوەڕێی هاواری دڵی بوو، ئەقڵی دەیگوت: "دەبێ خۆی بێ، بێگومان خۆیەتی، خواوەندا.. بۆ قسە ناکەیت؟"

قەدەرێک چاوەڕێی کرد، بەڵام کوتوپڕ دەنگێکی ترسناک لەناخیدا تەقییەوە: "ئەم چەنەبازییە چییە؟ ئەقڵت ئەوی هەڵبژاردووە.. ڕاستە؟ بەڵام من ئەوم ناوێ، ئەوم ناوێ، من دڵ تاقی دەکەمەوە، قوڵایی دڵ دەگەڕێم و بەبڕەبڕەی پشتا ڕۆدەچم، مۆخی ئێسکەکان وەزن دەکەم، من ئەوم ناوێ!"

سامۆییل فەرماندەرانە گوتی:" کوڕی دووەمت بێنە!" وای گوت و ڕەنگی لێوی پەڕی.

کوڕی دووەم هات، بەڵام ئەمجارەش دڵی سامۆییل لەجێی خۆی مایەوە و جووڵەی نەکرد:

– "ئەو نییە، ئەو نییە!"

هەروا کە بەچاوگێڕان بەپشت، ئەژنۆ، نێوچەوان و برۆ و دەم و ددانی یەکەیەکەیاندا– وەک ئەوەی بەرانە کێوی بن– هەر شەشیانی ڕەت کردەوە و هاواری کرد: "ئەو نییە، ئەونییە، ئەو نییە!"

هێند شەکەت بوو کە ئیدی لە پێ کەوت و لەبەر دەرگاکەدا کەوت و لەتاو ئازار هاواری کرد: "خواوەندا، فریوت دام، تۆ هەمیشە فێڵباز و هەمیشە بێ بەزەییت، تۆ ڕوحم بەبەشەرییەت ناکەیت، دەرکەوە! من سامۆییلم، بانگت دەکەم! بۆ قسە ناکەیت؟"

(یەسی) شڵەژا و هات بۆ لای. گوتی: "هێشتا (داود)ی کوڕە چکۆڵەم ماوە، ئەو لای پەزەکانە!"

– "بنێرە بەدوایدا!"

باوکی گوتی: "ئەلیاب بڕۆ براکەت بانگ کەوە!"

ئەلیاب نێوچەوانی گرژکرد، باوکە کوڕی دووەمی بانگ کرد: "ئەبیناداب بڕۆ براکەت بانگ کەوە!"

ئەمیش نەچوو، هیچ کام لە براکان نەچوون، سامۆییل لەبەر دەرگاکە هەستا. گوتی: "دەرگاکە بکەوە، خۆم دەچم!"

پیرەمێرد لێی پرسی: "دەتەوێ شێوەیت بۆ هەڵدەم تا بتوانیت بیناسیتەوە؟"

– "نا.. له باب و دایکی باشتر دەیناسمەوە!"

پاشان، لەکاتێکدا کە پێی لە بەردەکان هەڵدەنگوت بەگردۆڵکەکەدا سەرکەوت، بەدەم سەرکەوتنەوە هاواری دەکرد: "نامەوێ ، نامەوێ!"

لەو ساتەوەختەدا گەنجێکی بینی لەنێو مەڕەکانیدا وێستاو و قژە سوورەکەی وەک خۆری گزنگ دەدرەوشایەوە، لەجێی خۆیدا تاسا، وەک گۆلکێک مڕاندی.

فەرماندەرانە بانگی کرد: "داود... وەرە ئێرە!"

داود وەڵامی دایەوە: "خۆت وەرە ئێرە، من ناتوانم مەڕەکانم جێ بێڵم!"

سامۆییل هەروا کە لێواولێو لەڕق، دەچووە پێش، نەڕاندی: "خۆیەتی.. خۆیەتی!"

کە گەیشتە لای، شانی گرت، پەنجەی بەپشتیدا ڕۆ برد و دەستی بەقاچیدا هێنا و لەوێوە گەڕایەوە بۆ سەری.

داود بەتووڕەیی سەری بردە دواوە و گوتی: "تۆ کێیت؟ بۆچی دەمپشکنیت؟"

– "من سامۆییلم، بەندەی خودا. خودا پێم دەڵێ برۆ و منیش دەڕۆم، پێم دەڵێ هاوار بکە و منیش هاوار دەکەم، من پێی ئەو، دەمی ئەو، دەستی ئەو و سێبەری ئەوم لەسەر عەرد. دەی سەرت دانەوێنە!"

هەر کە تەوقی سەری کوڕەی بینی، زەیتی پیرۆزی پێدا ڕشت.

– "من ڕقم لێتە، تۆم ناوێت، کەسێکی ترم خۆشدەوێت، بەڵام (با)ی خواوەند بەژوور سەرمەوە هەڵی کردووە و بڕوانە چۆن پێچەوانەی ویستی خۆم دەست بەرز دەکەمەوە و زەیتی پێغەمبەرایەتی بەتەوقی سەری تۆدا دەڕێژم. داود پادشای چەورکراوی ئیسرایيلە، داود پادشای چەورکراوی ئیسرایيلە!"

وای گوت و گۆزەی زەیتە پیرۆزەکەی کێشا بەبەردێکدا و شکاندی.

– "خواوەندا، تۆیش دڵی ئێمەت ئاوها شکاند. ئیدی من نامەوێ بژیم!"

ئەوسا حەوت قەلەڕەش لە قووڵایی ئاسمانەوە هاتنەدەر، لەبازنەیەکی چکۆڵەدا بەژوور سەرییەوە دەفڕین و چاوەڕێ بوون، پێغەمبەر مێزەرە سەوزەکەی داگرت و وەک کفن لەسەر عەردەکە ڕایخست، قەلەڕەشەکان نێزیکتر بوونەوە و زیاتر ئازایەتییان هاتەبەر، پێغەمبەر دەموچاوی خۆی بەجبە شڕەکەی داپۆشی و ئیدی دوای ئەوە چ جووڵەیەکی نەکرد.

***

بەئاوها دونیابینییەکەوە لەبارەی مرۆڤێک کە بێهوودە سەرپێچی خواوەند دەکات، خەون بۆ دووری ڕفاندم و بێ هیچ بەرگرییەک خۆم بەدەستگەلێکی نەبینراو سپارد. بەو جۆرە، ئەو شەوە کە زۆری لێ دەترسام، بەخۆشی و بەبێ بینینی چ خەونێک تێپەڕی.

کە گزنگی دا تەواوێک خۆشحاڵ دابەزیمە حەوشە، ڕاهیبەکان لەو بوولێڵەدا وەک تارمایی دەهاتن و دەچوون و پاشان یەکە یەکە لەنوێژخانەکەدا بزر دەبوون، لەگەڵیاندا چوومە ژوورەوە تا لەسەر ئەسکەملێک دانیشم و گوێ بۆ نزای بەیانی ڕادێرم. دوو پیوسۆز لەبەرامبەر میحرابەکەدا دەسووتان–



جگە لەوە چ ڕۆشناییەکی تر نەبوو– بەڵام لەو تاریکاییەدا توانیم قلافەتی عەزابدیدەی مەسیح و ڕوخساری میهرەبان و خەمینی پاکیژەی پیرۆز لەپاڵیدا ببینم. هەوا تژیی بوو لەبۆنی مۆم و بخوور، پەلکی داردێمشتی تایبەت بەجێژنی پاک، هێشتا لەسەر بەردەکانی عەردەکە پەرش بوو. بەخۆم گوت: "چ بەختەوەرییەک لێرەدایە و چ گۆشەگیرییەک! چەند دوورە دونیای پڕ واتەوات؟ بۆچی لەژێر باڵی مەسیح ڕاکەم و کوێوە بچم؟ بۆچی لەدڵسۆزی و شادییە چکۆڵەکانا غەرق بم؟ سەدەفەکە لێرەیە، ئەو سەدەفەی کە مروارییە گەورەکەی تێدایە. کۆنتڕۆڵی جەستە و ڕۆحی خۆم دەکەم، تەواوی ئەو پەلکە وردانە دەقرتێنم کە دەبنە مایەی وشکهەڵگەڕانی تاج، جگە لە تاج چ شتێ لەمن جێ نامێنێ و پاشان ڕادەبم، تێکۆشەرێکی مەزنم بەرامبەرە و منیش شوێنپێی هەڵدەگرم، تێکۆشەرێک کە بەرەو هەڵگژانێکی خەتەرناک دەڕوا و منیش لەگەڵ ویدا هەڵدەگژێم!"

لەبەر ڕۆشنایی نەرم و نیانی پیوسۆزەکاندا، دیقەتم دایە قلافەتی عەزابدیدە و پتەوی مەسیح، بینینی ئەو دەستە ناسکانەی کە توندتوند دونیایان گرتبوو نەیاندەهێشت ڕۆبچێتە عەدەمەوە. بۆم دەرکەوت مەسیح لێرە، لەسەر عەرد و بەدرێژایی ژیانمان بەندەرێک نەبووە ئینسان بتوانێ لەنگەری خۆی تێدابگرێ، بەڵکو بەندەرێک بووە کە بونیادەم لێیەوە چارۆکەی خۆی هەڵداوە و لەکەنار دوور کەوتۆتەوە و بەگژ زەریایەکی تووش و تۆفاناویدا چۆتەوە و بەدرێژایی تەمەن بۆ ئەوە تێکۆشاوە لە خواوەندا لەنگەربگرێ. مەسیح کۆتایی نییە بەڵکو سەرەتایە، ئەو (بەخێربێی) نییە بەڵکو وی (خوداحافیز)ە، ئەو لە هەورە تەنکەکاندا ڕاناکشێ، بەڵکو چاوانی لەئەستێرەی تەوەر بڕیوە و دەست لەسەر سوکان وەک ئێمە شەپۆڵەکان خۆیانی پێدا دەکێشن، هەر لەبەرئەمە بوو خۆشم ویست، هەر لەبەر ئەمەبوو شوێنپێیم هەڵگرت.

ئەوەی لەسەروو هەموو شتێکەوە بەرەو لای خۆی ڕایکێشام و ئومێدم پێی بەست، ئەوەیە کە بەچ بەرخۆدان و ئازایەتییەکی پاڵەوانانەوە، ئەو ئینسانە – ئینسانێک کە خۆی لەمەسیحدا دۆزییەوە – کەوتە ڕێ تا بەخواوەند بگا و لەگەڵیدا یەکانگیر بێ، یەکانگیربوونێک کە ئیدی ناکرێ لەت بکرێ. جگە لەمە چ ڕێگەیەکی تر نییە بەرەو خواوەند، بەشوێنپێ هەڵگرتنی ڕێگە خوێناوییەکەی مەسیح، پێویستە لەسەرمان تێکۆشین ئینسانەکەی ناخمان بۆ ڕۆح بگۆڕین تا ئیدی لەگەڵ خواوەندا یەکانگیربین.

ئەم سروشتە دوانەییەی (مەسیح)(*)م هەمیشە پێ نهێنییەکی قووڵ و شاراوە بووە، بەتایبەتیی تامەزرۆیی ئینسانیی و سەروو ئینسانیی مەسیح بۆ گەیشتن بەخواوەند، یان وردتر، گەڕانەوە بەرەو لای خواوەند و خۆیەکانگیرکردن لەگەڵیدا. ئەم نوستالیژیا نهێنیئامێزە فرە ڕۆحیی و فرە واقیعییە، برینی قووڵی کردە بوونمەوە، بەڵام هەمدیس چاوگەی تری تیامدا تەقاندەوە.

هەر لە سەرەتای تافی لاوێمەوە، ئازاری سەرەکیی و سەرچاوەی تێکڕای خەم و دڵخۆشییەکانم

---

(*) لێرەوە تا چەند لاپەڕەیەکی تر وەک خۆی لە پێشەکی (دوا وەسوەسەی مەسیح)دا هاتووە.

لەجەنگی هەمیشەیی و دڕندانەی نێوان ڕۆح و جەستەوە چاوگەی گرتووە. لە ناوەوەمڕا، هێزە تاریک و ئەزەلییەکانی ئیبلیس، ئینسانیی و بەر لە ئینسانیی بووە و هێزە درەوشاوەکانی خواوەندیش هەر ئینسانیی و بەر لە ئینسانیی بوون، ڕۆحیشم گۆڕەپانی جەنگی نێوان ئەم دوو سوپایە بوو.

ئەم ئازارە ئازارێکی بەسوێ بوو، جەستەمم خۆشدەویست بەڵام نەمدەویست فەنابێ، ڕۆحم خۆشدەویست بەڵام نەمدەویست بۆگەن کا، ئیدی کەوتمە جەنگەوە تا ئەم دوو هێزە دژ بەیەک و خۆڵقێنەرەی دونیا ئاشت کەمەوە، کەوتمە جەنگەوە تا لەو دوو هێزە بگەیەنم کە ئەوان دوژمنی یەکتر نین، بەڵکو هاوکاری یەکترن، کەوتمە جەنگەوە تا بەیەکانگیریی یەکتر خۆشنوود بن و منیش لەگەڵیاندا خۆشنوود بم.

هەر بونیادەمێک نیوەی خواوەندە و نیوەکەی تری ئینسان، هەم ڕۆحە و هەم جەستەش، لەبەرئەوە لوغزی مەسیح، لوغزی ئاینییێکی تایبەتیی نییە، بەڵکو گشتیی و جیهانییە، ململانێی نێوان خواوەند و ئینسان، هاوشان لەگەڵ خواستی یەکانگیریی، لەناخی هەر کەسێکدا دەتەقێتەوە. ئەم ململانێیە، دەشێ زۆر جار کەمخایەن و نائاگایانە بێ، ڕۆحی لاواز ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی لەبەر مقاوەمەتی جەستەدا ڕابگرێ، ئاخر ڕۆح قورس دەبێ و دەبێتە گۆشت و کۆتایی بەبەرخۆدان دێ، بەڵام لەنێو ئینسانە بەرپرسیارەکاندا، ئەوانەی کە بەشەو و ڕۆژ چاویان لە (ئەرکی باڵا) بڕیوە، ململانێی نێوان ڕۆح و جەستە بەتەرزێکی بێڕەحمانە دەتەقێتەوە و دەشێ تا مردن بەردەوام بێ.

هەرچەندێک گوڕی ڕۆح و جەستە زیاتربێ، ئاکامی ململانێکە دەوڵەمەندتر و دوا یەکانگیربوونەکەیش دەوڵەمەندتر دەبێ، خودا ڕۆحی زەبوون و جەستەی تەمبەڵی خۆش ناوێ، ئاخر ڕۆح دەیەوێ لەگەڵ جەستەیەکی تۆکمە و تژیی لە مقاوەمەتدا بکەوێتە ململانێ، ڕۆح مەلێکی گۆشتخۆری هەمیشە برسییە، جەستە دەخوا و بەهەرسکردنی دەیشارێتەوە.

بەرخۆدان و ململانێی نێوان ڕۆح و جەستە، یاخیبوون و مقاوەمەت، سازش و خۆبەدەستەوەدان، دواجار - ئامانجی باڵای ململانێکە - یەکانگیربوونە لەگەڵ خواوەند. ئەمە ئەو هەڵگژانەیە کە مەسیح پێوەی پابەندبوو، ئەو هەڵگژانەی کە داوامان لێ دەکات ئێمەیش پێوەی پابەندبین و شوێنپێی هەنگاوە خوێنینەکانی - شوێنپێی هەنگاوە خوێنینەکانی مەسیح - هەڵگرین.

ڕۆیشتن بەرەو ئەو دوندە بەرزەی کە مەسیح، یەکەمین کۆرپەی ڕزگاریی چووە سەری، ئەرکی باڵای ئینسانی بەرخۆدەرە. بەڵام دەی چۆن دەست پێ بکەین؟

ئەگەر بمانەوێ گوڕی ڕێڕۆیشتن بەرێگەی ویدا پەیداکەین، ئەوا دەبێ ناسینێکی قووڵمان لەبارەی ململانێکەیەوە هەبێ و سەرلەنوێ لە ئازارەکانیدا بژیینەوە، هەر لە سەرکەوتنییەوە بەسەر تەڵە دانراوەکانی سەر عەردا تا قوربانیدانی بەشادومانییە چکۆڵە و گەورەکانی ئینسان و هەڵگژانی لەقوربانییەکەوە بۆ قوربانییەکی تر و لە نەبەردێکەوە بۆ نەبەردێکی تر تا گەیشتن بەترۆپکی شەهادەت، واتە گەیشتن بەخاچ.

من هەرگیز پێشتر بەو توندوتیژییە شوێنپێی سەفەری خوێناویی مەسیحم بۆ جەلجەتا، وەک ئەو ڕۆژان



و شەوانەی کە لە ئۆرشەلیم و جەلیل و کەناری بەحرلمەیت بووم، هەڵنەگرتووە(*).

چ کاتێک بەئاوها لێکحاڵیبوون و عیشقێکەوە ژیان و موسیبەتەکانیم ئەزموون نەکردووە، هەرگیز پێشتر بەئاوها شیرینییەک و بەئاوها عەزابێکەوە هەستم بەخوێنی مەسیح نەکردووە کە قەترە قەترە دەڕژێتە دڵم.

لەبەرئەوەی بۆ هەڵگژان بەخاچدا، کە ترۆپکی قوربانییە، بۆ هەڵگژان بەرەو لای خواوەند، کە ترۆپکی مەعنەوییەتە، مەسیح بەتەواوی ئەو قۆناغانەدا تێپەڕیوە کە ئینسانی کۆڵنەدەر پیایاندا تێدەپەڕێ. هەر بۆیە ئازارەکانیمان ئاوها پێ ئاشنایە، هەربۆیە بەزەییمان پێیدا دێتەوە و هەر بۆیەش سەرکەوتنی هێجگاریی وی سەرکەوتنی تایبەتی ئێمەیە کە لەئایندەدا وەدەستی دەهێنین. ئەم لایەنە لەسروشتی مەسیح کە بەشێوەیەکی قووڵ سروشتێکی ئینسانییە، یارمەتیمان دەدا تێی بگەین و خۆشمان بوێ و شوێنپێی ئازارەکانی هەڵگرین، هەر وەک ئەوەی ئازاری خۆمان بێ. گەر ئەم توخمە بەشەرییە گەرمە لەناخی ویدا نەبا، ئەوا نەیدەتوانی بەو هەموو میهرەبانی و دڵنیاییەوە ژێی دڵمان بهێنێتە لەرە و نەیدەتوانی ببێتە نموونەی ژیانمان. کاتێ تێدەکۆشین، ئەویش لە تێکۆشاندا دەبینین و بەبینینی وی گوڕمان تێ دێتەوە، تێدەگەین ئێمە لەدونیادا تەنها نین، بەڵکو ئەومان هەیە کە لەپاڵماندا دەجەنگێ.

سات بەساتی ژیانی مەسیح ململانێ و سەرکەوتنە، وی بەسەر جادووی نەبینراوی لەزەتە ساکارە بەشەرییەکاندا زاڵ بوو، بەسەر وەسوەسەدا سەرکەوت و هەڵگژانی تێ هات، هەر کۆسپێکی سەر ڕێگای سەفەرەکەی بووە دەرفەتێک بۆ وەدیهێنانی سەرکەوتنی زیاتر و بووە نیشانەی ئەو سەرکەوتنە. ئێمە هەنووکە نموونەیەکمان لە بەردەمدایە، نموونەیەک کە ڕێگەمان بۆ دەکاتەوە و هێزمان پێ دەبەخشێ.

لەنێوان ئاسمان و عەرد و لەناخی دڵی ئێمە و هەر مەخلوقێکی زیندوودا هەناسەیەک هەیە - هاوارێکی مەزن-کە لەهەڵکردندایەوە و ناومان ناوە خواوەند. ژیانی ڕووەک تەمەننای دەکرد لە کەنار ئاوە مەنگەکاندا درێژە بەخەوی قووڵ و بێ جووڵەی خۆی بدات، بەڵام هاوار لە ناخیدا تەقییەوە و بەتوندی ڕەگەکانی هێنایە لەرزە: بۆ دوور بڕۆ! عەرد جێبێڵە، بکەوە ڕێ! گەر درەخت بیتوانیبا بیرکاتەوە و حوکم بدا، ئەوا هاواری دەکرد: (نامەوێ، من بۆ ئەنجامدانی چ شتێ دەنێریت؟ تۆ داوای مەحاڵم لێ دەکەیت!)

بەڵام هاوارەکە بێڕەحمانە بەردەوام دەبێ لەڕاتەکاندنی ڕەگی درەختەکە و دەڵێ: بۆ دوور، عەرد جێ بێڵە و بکەوە ڕێ!

هەزارەها ملیۆن ساڵ بەو شێوەیە هاواری کردووە، هەنووکە بنۆڕە، لەئاکامی خواست و بەرخۆداندا، ژیان لەدرەختی بێ جووڵە هاتە دەرەوە و ئازاد بوو.

---

(*) ئەم ڕستەیە لە پێشەکی ڕۆمانی (دوا وەسوەسەی مەسیح)دا بەم شێوەیەیە: من هەرگیز پێشتر بەو توندوتیژییە شوێنپێی سەفەری خوێناوی مەسیحم بۆ جەلجەتا، وەک ئەو ڕۆژان و شەوانەی کە خەریکی نووسینی (دوا وەسوەسەی مەسیح) بووم، هەڵنەگرتووە.

ئاژەڵان وەدیارکەوتن – کرمەکان – لە ئاو و لە زەلکاوەکاندا جێی خۆیان خۆش کرد. گوتیان: "ئێرە بۆ ئێمە زۆر چاکە، خاوەن ئاشتی و ئارامین، ئیدی لێرە ناجووڵێین!"

بەڵام هاواری ترسناک بێڕوحمانە بەسەریاندا داکەوت: "زەلکاو جێبێڵن، ڕابن.. باشتر لە خۆتان بێننە دونیا!"

– "نامانەوێ! ناتوانین!"

– "ئێوە ناتوانن، بەڵام من دەتوانم، یاڵڵا هەستن!"

ئیدی بڕوانە دوای هەزارەها ملیۆن ساڵ، ئینسان دەرکەوت لەکاتێکدا کە خۆی بەسەر قاچە نەرمەکانیەوە نەدەگرت.

ئینسان سانتورە، ناڵە ئەسپییەکانی بەخاکدا ڕۆچوون، بەڵام لەناوقەد بەرەو سەرەوەی، هاوارێکی بێڕوحم هەیە و عەزابی دەدا، وی جارێکی تر بۆ ماوەی هەزاران ملیۆن ساڵ جەنگیوە تا وەک شمشێر خۆی لە کالانە ئاژەڵییەکەی دەرکێشێ، هێشتاکەش هەر دەجەنگێ – ئەمەش جەنگی تازەی ئەوە– تا خۆی لە کالانە مرۆڤانەکەی دەرکێشێ، ئینسان لە نائومێدیدا هاواردەکا: (دەتوانم کوێوە بچم؟ ئاخر ئیدی گەیشتوومەتە ترۆپک، ئیدی لەو دیوەوە هەڵدێرە!) هاوارەکە وەڵامی دەداتەوە: (من لەو دیوەوەم، هەستە!) هەموو شتێک سانتورە، گەر ئاوها نەبا، ئەوا دونیا لە زەلکاوێکی مەنگ و تووڕەهاتدا ڕۆدەچوو.

هەروا کە سەعات دوای سەعات لە بیابانی دەوروبەری دەیرەکەدا پیاسەم دەکرد، خواوەند هێور هێور خۆی لە دەستی قەشەکان ڕزگار دەکرد، لەو کاتەوە ئیدی خواوەند بەلای منەوە بووە ئەو هاوارە.

بەتێپەڕینی ڕۆژەکان لەم گۆشەگیرییە مەلەکوتییەدا، دڵم ئارام بۆوە. پێدەچوو پڕپڕ بووبێ لە وەڵام، ئیدی پرسیارم نەدەکرد، ئاخر گەیشتبوومە یەقین، هەمووشتێک: لە کوێوە هاتووین، بۆ کوێ دەچین، ئامانج لەبوونمان لەسەر عەرد چییە، لەم خەڵوەتە خواوەندییەدا ساکار و یەقیناوی بوو. ئیدی هێور هێور دڵم لەسەر ئەو ڕیتمە خواوەندییە ڕاهات: نوێژی بەیانی، شێوی پیرۆزی ڕەبانی، نوێژی شێوان، مەزامیرەکان، هەڵهاتنی خۆری بەیانی و ئاوابوونی لە ئێوارەدا. کۆمەڵەی ئەستێران کە هەموو شەوێک وەک چلچرا بەژوور دەیرەکەوە شۆڕدەبوونەوە. هەموو شتێک گوێڕایەڵ و ملکەچی یاسا ئەزەلییەکان دەهاتن و دەچوون و هەمان ڕیتمی خواوەندیان دەبەخشییە خوێنی ئینسان. دونیام وەک درەختێک دەبینی، سپیدارێکی تۆکمە، منیش وەک گەڵایەکی سەوز کە لاسکی ناسکی خۆم بەچڵێکەوە نووساندبوو. لەکاتی هەڵکردنی (با)ی خواوەندا، لەگەڵ هەموو درەختەکەدا ڕادەپەڕیم و دەکەوتمە سەما.

لەگەڵ ڕۆحمدا دەدوام و بەعەزابەوە لێم دەپرسی: ئیمانت هەیە؟ چما ئامادەیی ئەوەت هەیە تەواوی بوونت بخەیتەگەڕ؟ ئامادەیت؟

ئەوەی من دەمویست، هاوگونجان بوو لەگەڵ ئەو سیستێمە توندوتیژەدا، ناونووسینم بوو لەو سوپایەدا و چوونم بوو بۆ وەدیهێنانی خەونی باڵا، تا منیش سواری کەشتی مەسیحییەت بم و شانبەشانی زاهید و قەلەندەر و قارەمانانی ساکاری ئەم کەشتییە، چارۆکەی سوور هەڵدەم، تا مێوی نهێنیئامێزی خوانی



پیرۆزی ڕەبانی لە قەدە ڕەسەنەکەوە چرۆ دەکا و وەک چەتەی زەریا مووی زێڕینی نەمریی لەسەر شانی خواوەند دەفرێنم. ئەوەی دەمویست ئەوەبوو منیش بەنۆرەی خۆم، بەسەر تووڕەهات و لەزەت و مەرگدا زاڵ بم.

هەموو ڕۆژێک چەند سەعاتێک بەبیاباندا دەگەڕام و دەمزانی بڕیارێکی نهێنی خەریکە لەناوەوەمڕا چرۆدەکا، بڕیارێک کە هێشتا جورئەت ناکا خۆی ئاشکراکات، عەسران کە دەگەڕامەوە، ڕاهیبەکانم لە دەرەوەی هۆدەکانیان دەبینی، تینی گەرمای ڕۆژ دەشکا و ئیدی فێنکایی شەویان هەڵدەمژت.

گۆشەگیری بۆ ڕۆحێک لەئەڤینی گەورەدا نەسووتێ، گۆشەگیرییەکی وێرانکەرە. گەر ڕاهیبێک لە گۆشەگیریی خۆیدا نەتوانێ تاڕادەی شێتبوون خواوەندی خۆش بوێ ئەوا تیادەچێ. ئاخر چەند ڕاهیبێک ئەقڵیان تێک چووبوو، ئەو برادەرانە نە بیریان لەشتێک دەکردەوە و نە ئارەزوویەکیان لە کەللەدا بوو، بەچاوانێکی نیوە داخراوەوە بەیەک ڕیز لەحەوشە دادەنیشتن و چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کەنگێ خۆیان بکەن بەنوێژخانەکەدا و کەی بچنە هۆڵی نانخواردن و کەی بچنەوە هۆدەکانی خۆیان، ئەمە هەموو شتێک و تەواو. زەینیان تاریک داهاتبوو، ددانەکانیان وەریبوو، پشت ئێشەیان گرتبوو، بەکورتی ئینسان نەبوون، هەروەها ئاژەڵیش نەبوون، هێشتا نەبیوونە مەلاییکەت، نە پیاو بوون و نە ژن، نە زیندوو بوون و نە مردوو. بەباسکی وەک خاچەوە چاوەڕێی مەرگ بوون، تەواوێک وەک ئەو نەمامە ڕووت و قووتانەی چاوەڕێی هاتنی بەهار دەکەن.

یەکێک لەو ڕاهیبانە بەردەوام باسی ژنەکەی دەکرد و لێکدا لێکدا تفی ڕۆ دەکرد، یەکێکی تریان دەفتەرێکی یاداشت و پاکەتێک قەڵەم بۆیە لەچاکی کراسەکەیدا بوو، جارناجار دەری دەهێنا و دایمەی خواوەندیش یەک وێنەی دەکێشا: وێنەی مەسیح بەدوو مەمکەوە کە شیر دەداتە دایکی، سێیەمیشیان هەرکە ڕۆژ دەبۆوە دەچووە حەوشە و لە حەوزەکە ئاوی بەخۆیدا دەکرد، لەبەرئەوەی شەو لەخەودا شەیتانی ببوو. ئەم ڕاهیبە هەمیشە لەحەوشە لەیەک شوێندا دادەنیشت و کتێبێکی داخراوی لەسەر ئەژنۆی دادەنا، ئەمە هەمان ئەو ڕاهیبە بوو کە یەکەمین ڕۆژی گەیشتنمان، لەگەڵ ڕاهیبی بەرپرسی میوانداریدا هاتە بارەگاکەی عابید. ئەم ڕاهیبە لەگەڵ کەس نەدەدوا، هەر کاتێ دەهاتە حەوشە سەری هەڵدەبڕی و سەیری دەکردم، هەندێ جار زەردەخەنەیەکی میهرەبانانەی دەهاتێ و هەندێ جاری تریش زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕییانە. کاتێک بەبەردەمیدا تێدەپەڕیم، تەکانێکی دەدایە خۆ تا هەستێ و قسانم لەگەڵ کا، بەڵام هەمدیس دادەنیشتەوە و زەردەخەنەکەی سەر لێوی دەڕەوییەوە.

حەوت ڕۆژ لەم گۆشەگیرییە خواوەندییەدا لەزەتم وەرگرت و خەنی بووم. ڕۆژی حەوتەم، بەرپرسیاری میوانداری، خۆشحاڵ و دەم بەپێکەنین وەک خووی هەمیشەیی خۆی، هاتە ژوورەکەم.

– "عابیدی پیرۆز ناردوومییە لات تا بزانم ڕۆحت لە چ قۆناغێکدایەوە و بڕیاری چیت داوە؟"

وەڵامیم دایەوە: "دەستیان ماچ دەکەم، حەز دەکەم بەرلەوەی وەڵامیان بدەمەوە، بچم ددان بەگوناهەکانمدا بنێم!"

ڕاهیبی بەرپرسیاری میوانداری بۆ لەحزەیەک تیا ما و دواجار لێی پرسیم: "حەز دەکەیت لە لای ئێمە

بمێنیتەوە؟"

– "حەزدەکەم لای خواوەند بمێنمەوە، لێرە لە بیاباندا هەست دەکەم خواوەند لەهەر شوێنێکی تر لێم نزیکترە، بەڵام بەداخەوە هێشتا تەواوی ئەو ڕەگوڕیشانەی منی بەعەردەوە بەستۆتەوە ڕیشەکێش نەبوون، لەحزووری عابیددا ئیعتیراف دەکەم و با ئەو خۆی بڕیار بدات!"

– "وریا بە، عابید زۆر لە ئینسان ڕادەبینێ!"

– "باوکە، منیش زۆر لەخۆم ڕادەبینم، هەر لەبەر ئەوەشە ئەوەندە دردۆنگ و جێگە بەخۆم ناگرم!"

لەو ساتەدا کە دەرگاکەی کردەوە بچێتە دەرەوە، ڕاوەستا.

– "باوکە (یەواکیم) نامەیەکی داومەتێ، دەیەوێ بتبینێ."

– "باوکە یەواکیم؟"

– "هەمان ئەو پیرەمێردەی لەگەڵ مندا هات بۆ هۆڵی پێشوازی تا بەخێرت بێنێ!"

خۆشحاڵ بووم، دواجار لە ماهییەتی ئەم ڕاهیبە غەریب و بێدەنگە دەگەم.

پرسیم: "کەنگێ؟"

– "دەڵێت ئەمشەو، لە هۆدەکەی خۆی."

– "زۆر باشە، پێی بڵێ لای دەبم."

– "ڕۆژ و ڕۆژگارێک خاوەن پلەو پایە بووە، دانووی لەگەڵ کەسدا ناکوڵێ، تەنێ لەگەڵ خواوەنددا دەئاخڤێ، ناوەکەی زانیویت و دەیەوێ بتبینێ، بەڕێزەوە لەگەڵێدا بدوێ!"

بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامم بێ، بەو قسانەوە لە دەرگاکەوە ئاودیو بوو.

ئارامم گرت تا بەتەواوی شەو درەنگ دابێ و ڕاهیبەکان خەویان لێ بکەوێ، چرای هۆدەکان یەکە یەکە دەکوژانەوە. لەسەر نووکی پێ، بەڕاڕەوە درێژەکەدا کەوتمە ڕێ تا گەیشتمە هۆدەکەی باوکە یەواکیم، ڕاوەستام تا هەناسەم بێتەوە بەر، پێدەچوو ڕامکردبێ کە ئاوها هەناسە بڕکێم پێ کەوتبوو. هۆدەکە ڕووناک بوو، گوێم نا بەدەرگاکەوە و بەوردی گوێم ڕادێرا، سەراپا بێدەنگی بوو. لەو کاتەی دەستم بەرز کردەوە تا لەدەرگاکە بدەم، دەرگای ژوورەکە کرایەوە و باوکە یەواکیم وەدیارکەوت، سەری ڕووت و قژە چەرمووەکەی بەسەر شانیدا پەخش ببوو، گوریسێکی ئەستوور و گرێ گرێی لەناوقەدییەوە پێچابوو، پێشی پەتی بوو.

گوتی:" خۆش هاتیت، هیوادارم کەس نەیبینیبیت. وەرە ژوورێ!"

دیوارەکان ڕووتوقووت، لەقوژبنێکدا دۆشەکڵەیەکی باریکی پووش لەسەر دوو پای ئاسنین دانرابوو، دوو کورسی و مێزێکی چکۆڵە و گۆزەیەک لە قەڵەشی دیوارەکەدا، کتێبێکی ئەستووری تەجلیدکراو لەسەر مێزەکە بوو، دیاربوو ئەوە چوار ئینجیلەکە بوون، خاچێکی گەورە و دارین بەدیوارەکەی بەرامبەرەوە، وێنەی مەسیحی لە خاچدراوی بەسەرەوە نەبوو، بەڵکو وێنەی مەسیحی لەسەر بوو لەکاتی ڕابوونەوەدا.



چەند ڕیزێک سێو وەک تەسبیح کرابوون بەدەزووەوە و هەڵواسرابوون، هۆدەکە شەڵاڵ بوو لە بۆنی میوەی گەنیو.

باوکە یەواکیم دەستی ڕایەڵ کرد، هۆدەکە هێند تەنگ بوو کە دەستی لەم سەری دیوارەکەوە لەوبەری دەدا، بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی: "ئێرە قۆزاخەکەی منە، خۆمم وەک کرمی ئاوریشم تێدا زیندانی کردووە، چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەم کە بەپەپوولەیی لێی بچمەدەر!"

وای گوت و سەری بادا، من ئەوم دەبینی لەلای چراکەوە ڕاوەستاو و ڕۆشنایی چراکە ڕوخسارە پەژموردەکەی ڕۆشن دەکردەوە، دەمبینی لێوە ناسک و قڵیش قڵیشەکەی دەگەزێ، دەنگی تژیی بوو لە تاڵی و تفتی و گاڵتەجاڕیی.

– "جگە لە باڵ، مەزەندە دەکەیت کرمی ئاوریشمی نەگبەت خەون بەچی ترەوە ببینێ؟"

بێدەنگ بوو، ئاوڕی دایەوە سەیری کردم، گاڵتەجاڕییەکەی ڕەویبۆوە و ڕوانینەکەی ڕوانینی ئینسانێک بوو پێویستی بەیارمەتی بێ.

– "تۆ چ دەڵێیت؟ بۆچی کرمی ئاوریشم خەون بەباڵەوە دەبینێ؟ چما ئەوە لە بەرائەتێکی سافیلکانەوەیە؟ یاخود لە چەقاوەسوویی؟ یاخود دەشێ لەبەرئەوە بێ شانەکانی بەهۆی ئەو باڵانەوە کە خەریکە لەسەری دەڕوێن، ببرژێنەوە؟"

بەخێرایی باسکی جوڵاند، وەک ئەوەی ئیسفەنجێک لە لەپی دەستیدا بێ و شتێکی پێ پاک کاتەوە.

گوتی: "تا ئێرەو لەمە دوورتر نا، بەخێراییەکی زۆر گەیشتینە قوڵایی، ئەمەش بەسە! دەست بدەرە کورسییەک و دانیشە. بانگم کردیت تا شتێکی ترت پێ بڵێم. باشە، دانیشە و گوێ مەدەرە من، من ناتوانم دانیشم!"

پێکەنی و لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: "دەزانیت بیدعەیەک هەیە دەڵێ: (هەمیشە لەسەر قاچ بە!) ساڵانێکە، هەر لە منالێمەوە تا ئەلعان پەیڕەوی لەو بیدعەیە دەکەم!"

– "باوکە، بەڵام من ئەهلی بیدعەیەکی ترم، بیدعەیەک کە دەڵێ: (هەمیشە نائارام بە!) هەر لە منالێمەوە تا ئێستا لەجەنگدام!"

– "لەگەڵ کێ؟"

دوودڵی گرتمی، کوتوپڕ ترسێک باڵی بەسەردا کێشام، ڕاهیب لێی دووبارە کردمەوە:

– "لەگەڵ کێ؟" وای گوت و بەسەرما دانەوییەوە و دەنگی نزم کردەوە و گوتی:

– "لەگەڵ خواوەند؟"

– "بەڵێ!"

پیرەمێرد بەبێدەنگی دیقەتی دام.

– "باوکە دەشێت ئەمە نەخۆشی بێ؟ چۆن دەتوانم چاک ببمەوە؟"

– "ئومێدەوارم قەت چاک نەبیتەوە!"

دەستی هەڵبڕی وەک ئەوەی بیەوێ بەرەکەتم بدا، یاخود بەنەفرەتم کات.

- "وای بەحاڵت گەر ناچاربایت لەگەڵ دوژمنانێکی هاوشانی خۆت، یان خوار خۆت جەنگیبایت. بەڵام مادامەکی لەگەڵ خواوەندا دەجەنگیت وای بەحاڵت گەر لەم نەخۆشییە چاک بیتەوە!"

بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، پاشان لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: "لێرە لە بیابان، زۆر جار خایلە دێتە بن کلێشەمان. شەوێکیان، لەخەودا خایلەیەکی سەیر گرتمی، خۆم لە وێنەی حەکیمێکی مەزندا لەئۆرشەلیم بینی، دەمتوانی نەخۆشیی جۆراوجۆر شەفابدەم، بەڵام بەر لەهەر شتێک دەمتوانی ڕۆحی شەڕانگێز لەجەستەی ئەو کەسانەدا دەرکێشم کە جنۆکە دەستی لێ وەشاندبوون. خەڵکی لەهەموو لایەکی فەلەستینەوە نەخۆشیان بۆ دەهێنام، ڕۆژێکیان مەریەم، ژنی یوسف لە (ناسیرە)وە هات و (عیسا)ی کوڕە دوانزە ساڵانەکەی لەگەڵ خۆی هێنابوو، کەوت بەسەر پێمدا و بەگریانەوە هاواری کرد: (ئەی حەکیمی بەناوبانگ، ڕوحمم پێ بکە و کوڕەکەم چارەسەرکە، شەیتانگەلێکی زۆر لەناخیدان!) داوام لە باب و دایکی عیسا کرد بچنە دەرەوە، ئیدی من لەگەڵ عیسادا بەتەنێ مامەوە، دەستم بەشانیدا هێنا و لێم پرسی: (کوڕەکەم چیتە؟ کوێت دێشێ؟)

عیسا ئاماژەی بۆ دڵی کرد و گوتی: (ئێرەم.. ئێرەم دێشێ!)

- (باشە چیتە؟)

- (خەو و خۆراکم نییە، ناتوانم کاربکەم، بەکۆڵانەکاندا دەگەڕێم و دەجەنگم!)

- (لەگەڵ کێ؟)

- (لەگەڵ خواوەند، ئەدی مەزەندە دەکەیت لەگەڵ کێی تردا بجەنگم؟)

مانگێک لای خۆم هێشتمەوە، نازم دەکێشا و بەمیهرەبانییەوە لەگەڵیدا دەدوام، داو و دەرمانی گژوگیام دەرخوارد دەدا تاخەوی لێبکەوێ، لەدووکانێکی دارتاشیدا دامنا تا پیشەیەک فێربێ، پێکەوە دەچووین بۆ پیاسە و لەبارەی خواوەندەوە قسانم بۆ دەکرد، وەک ئەوەی خواوەند هاوڕێ و هاوسێیەک بێ و ئێواران بێ بۆ لامان و لەگەڵماندا لەبەر دەرگا دانیشێ و بئاخڤێ، چ شتێکی ئاڵۆز یان کاریگەر لەقسەکانمانا نەبوو، لەبارەی هەوا و کێڵگەی گەنم و ڕەز و کچگەلێکەوە دەدواین کە دەچنە سەر کانی. لەکۆتایی ئەو مانگەدا یەسوع بەتەواوی چاک بۆوە، ئیدی لەگەڵ خواوەندا نەدەجەنگی و بووە ئینسانێکی وەکی ئینسانەکانی تر، پاشان چوو بۆ (جەلیل) و دواتر زانیم بەناوبانگترین دارتاشی ناسیرەی لێ دەرچووە!"

ڕاهیب سەیرێکی کردم و پاشان لێی پرسیم: "تێگەیشتیت؟ یەسوع چاک بۆوە. لەبری ئەوەی دونیا ڕزگارکا، بووە چاکترین دارتاشی ناسیرە. کەواتە نەخۆشکەوتن و چاکبوونەوە یانی چی؟ باشە - وا چاکترە بابەتەکە بگۆڕین- پێدەچێ ماندوو بیت. دانیشە!"

لەسەر کورسییەکە و لەژێر پەیکەرەکەدا دانیشتم و لەپێی پەتی ڕاهیب لەسەر عەردە بەرد ڕێژکراوەکە وردبوومەوە، لە ئێسکە ناسکەکانی قاچی وردبوومەوە، لەقولەپێی باریک و قامکە درێژ و ڕێکەکانی، ڕۆشنایی چراکە، ڕەنگی بەوێنەی مەڕمەڕێکی دێرین کە خۆر سووری هەڵگەڕاندبێ، دەرهێنابوو.



دوو هەنگاو گەڕایەوە دواوە، پاشان سەرلەنوێ لەپاڵما وەستا و دەستەکانی خاچئاسا لەسەر سینگی دانا و بەدەنگێکی میهرەبان، بەدەنگێک کە هەر وەک بڵێی قسە لەگەڵ منداڵێکدا بکا، گوتی: "باش سەیرم کە، نامناسیتەوە؟"

بەسەرسوڕمانەوە وەڵامیم دایەوە: "بەهەموو تەمەنم تۆم نەدیوە!"

- "هیچ شتێک لەیادەوەریی منداڵدا ناسڕێتەوە، دڵنیام ڕوخسارم هێشتا لەجێگەیەکی قووڵی یادەوەریتایە، ئەم ڕوخسارە چرچ و لۆچە نا، بەڵکو ڕوخسارێکی تر - ڕوخسارێکی جوان و تۆکمە و پیاوانە- گوێ ڕادێرە: من هاوینێکیان لە کریت بووم، ئەو کاتە تۆ تەمەنت نەگەیشتبووە پێنج ساڵان، ئەو کات من فرۆشیاری جوملە بووم و مامڵەی لیمۆ و خرنوک و مێوژم دەکرد، باوکت یەکێک بوو لەوەکیلەکانم، ئەرێ هێشتا لەژیاندا ماوە؟"

- "بەڵێ، بەڵام ئێستا پیرێکی پشت کۆماوەی ددان وەریوە، بەدرێژایی ڕۆژ دادەنیشێ و کتێبی نزا موتاڵا دەکات!"

ڕاهیب دەستی هەڵبڕی و نەڕاندی: "ئەمە ناعەدالەتییە! جەستەی وەک جەستەی وی نابێ داکەوێ، ئەو جۆرە جەستانە دەبێ کاتێک دەڕۆن و عەرد لەژێر پێیاندا دەنگ دەداتەوە، دەبێ کوتوپڕ و بەیەکجار بکەون و بمرن. مەرگ ئیشی خواوەندە، ناوی خاڵێکە کە لەوێدا خواوەند دەست لە ئینسانەوە دەدا، بەڵام هەرەسهێنانی جەستە ئیشی خیانەتکارانە و ڕەزیلانەی شەیتانە. هەر بەڕاست چۆن دەبێ کاپتن میخاییل پیر و پەککەوتە ببێ؟"

تۆزێک بێدەنگ بوو، خەم ڕژایە چاوانی، بەڵام زوو بەزوو هەناسەیەکی قووڵی دا و لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

- "باوکت مێوژ و خرنوک و لیمۆی بۆ دەکڕیم و منیش لەکەشتییەکانم بار دەکرد و بەرەو (تریستە)م ڕەوانە دەکردن، ئیشم چاک و پارەیەکی زۆرم دەست دەکەوت و بەدەست بڵاویش خەرجم دەکرد، ئاژەڵێکی کێویی بووم و لەخواردن و خواردنەوە و زەیناکردن تێر نەدەبووم. ئاخر ڕۆحم بەشەیتان فرۆشتبوو، جەستەم بێ کۆنترۆڵ و هەوسار پچڕاو. گاڵتەم بەخواوەند دەکرد و ناوی خێو و داهۆڵم لێنابوو، داهۆڵێک کە جگە لەترساندنی چۆلەکەی بێ مێشک و دوورخستنەوەیان لە زەرعات چ کارێکی تری لێ ناوەشێتەوە. هەموو ئێوارانێک دوای تەواو بوونم لەئیش، تا ڕۆژ دەبۆوە بێشەرمانە خۆم دەهاویشتە باوەشی عەیش و نۆشەوە.

هەنووکە هەوڵ بدە بیر خۆتی بهێنەرەوە: بەیانییەکیان زوو، تۆ لەبەردەم دووکانەکەی باوکتا ڕاوەستابوویت، کوتوپڕ دەنگی گۆرانی و پێکەنین هاتە گوێت و عارەبانەیەکی چوار تایی بەوپەڕی خێرایی بەلاتدا تێپەڕی، کە ئاوڕت دایەوە شەش ژنی مەست- لە گۆرانیبێژانی کافەکان- ت بینی کە بەدەم گوێز و هەنجیر گرتنە خەڵکییەوە، دەیانزریکاند و خەریک بوو لەپێکەنینا ژانیان دەکرد، عارەبانچییەکەش قڵافەتێکی شاهانەی هەبوو، کڵاوێکی لەگەنیی بریقەداری لەسەردا و قامچی لە ئەسپەکان دەسرەواند، ئەسپەکانیش بەورووژانەوە دەیانحیلاند و غاریان دەدا، لەو کاتەدا ترسایت، وات

زانی ڕێک و ڕاست ڕووبەڕووی تۆ دێن، هەر بۆیە قیژانت و ڕات کرد تا لەپشت باوکتەوە خۆت حەشاردەیت. بیرت دێ؟ ئێستا بیرت کەوتەوە؟ دەی عارەبانچییە مەستەکە من بووم، کلاوێکی لەگەنییم لەسەرابوو، هەر بۆ ئەوەی بتترسێنم ڕاستەوخۆ قامچییەکەم گرتە تۆ و لە هەوادا دامگرت، ئێستا بیرت دێتەوە؟"

ئەوجا دانەوێوە و دەستی نایە سەر شانم و ڕایوەشاندم:

– "ئەدی بیرت دێتەوە. ؟"

من چاوانم نووقاند و هەروا کە گوێم ڕادێرابوو، هەوڵم دەدا یەکە یەکە پەردە کەڵەکەبووەکانی سەر ساڵانی تافی مناڵیم هەڵدەمەوە. هێور هێور تاریکی تەنک بۆوە، ئیدی لەناکاو چوار ئەسپ، ژنە گۆرانیبێژانی مەست، کلاوی لەگەنیی و وژەی قامچی بەژوور سەرمەوە، لە قوڵایی یادەوەریمەوە دەرپەڕین.

هاوارم کرد: "بەڵێ، بەڵێ، بیرم دێتەوە، باوکە، ئەو پیاوە تۆ بوویت؟ تۆ؟"

ڕاهیبی پیر قسەکەمی نەژنەفت، پاڵی بەدیوارەکەوە دابۆوە و چاوانی نووقاندبوو، بەو شێوەیە و بەچاوانێکی نووقاوەوە درێژەی بەقسەکانی دا:

– "بەیانییەکیان هەستم کرد ئیتر بەسە، مەودای جەستە زۆر فەراوان نییە، یەکسەر دەگاتە خاڵی کۆتایی. دەخۆیت، دەخۆیتەوە، ماچ دەکەیت.... هەمدیس دەخۆیت، هەمدیس دەخۆیتەوە، هەمدیس ماچ دەکەیت. ئیدی چ شوێنێکی تر نییە بۆی بڕۆیت. دواجار هەستم کرد ئیتر بەسە، ڕۆحمم بیرکەوتەوە و سواری عارەبانەیەک بووم و چووم بۆ دەیرێک لە کێوی ئاتووس، سێ مانگ لەوێ مامەوە، عیبادەت، ڕۆژوو، نوێژی بەیانی، خوانی پیرۆز، نانی جۆ، زەیتوونی ترشاو، پاقلەی کوڵاو- هەر زوو قێزم لەهەموو ئەو شتانە هاتەوە، هەمدیس ناردمەوە بەدوای عارەبانچییەکەدا، هات و بردمی. بەڵام هەنووکە لەم دونیایەدا دەمتوانی چیم کردبا؟ ئاخر دونیا ئیدی یەک لەزەتی تری شک نەدەبرد پێمی ببەخشێ، تەنانەت گوناهێکی نەچێژراویشی شک نەدەبرد.

گەڕامەوە دەیر، بەڵام داوام لە عارەبانچییەکە کرد ئەمجارەیان لەنزیکترین گوند بمێنێتەوە، دەشێ پێویستم پێی بێ. لەڕاستیدا زۆری نەخایاند پێویستم پێی بۆوە، جارێکی تر لەدەیر هەڵاتم.

ژیانم کەوتبووە هەڵدێرەوە و ئیدی لەحەوسەڵەدا نەمابوو، لەنێوان ئاسمان و عەردا مابوومەوە، لەمیانەوە دەپەڕیمەوە ئەویان و هەردووکیشیانم پێ قەبوڵ نەبوو. چووم بۆ لای زاهیدێکی پیر، کە دوور لە دەیرەکانەوە، لەئەشکەوتێکدا دەژیا، ئەشکەوتێک لەسەر گاشەبەردێکی لێژ هەڵکۆڵراو و بەسەر زەریادا دەینۆڕی، چووم بۆ لای ئەو زاهیدە پیرە و داوام لێ کرد گوێ لە ددانپیانانەکانم ڕادێرێ:

– (باوکی پیرۆز چ بکەم؟ ئامۆژگاریم دەکەیت؟)

زاهیدی پیر دەستی نایەسەر سەرم و گوتی: (کوڕەکەم، ئارامت هەبێ، پەلە مەکە، پەلە پەل یەکێکە لەتەڵەکانی شەیتان، چاوەڕێ کە و ئارام بە!)

– (تا کەنگێ؟)



– (تا ئەو کاتەی ڕزگارییت تێدا پێدەگا! دەرفەت بدەرە بەرسیلە تا ئەوکاتەی دەبێتە ترێ!)

– (باوکە ئاخر چۆن بزانم کەی بەرسیلە دەبێتە ترێ؟)

– (بەیانییەک هەڵدەسی و دەبینی دونیا گۆڕاوە، بەڵام کوڕەم لەڕاستیدا ئەوەی گۆڕاوە خۆتیت نەک دونیا، ڕزگاریی لەتۆدا پێگەییوە، لەو لەحزەیەوە خۆت بدەرە دەست خواوەند، ئیدی هەرگیز خیانەتی لێ ناکەیت!"

– "ڕێک ئەمە ڕووی دا، بەیانییەکیان پەنجەرەی ژوورەکەم کردەوە، خۆر لەو ساتەدا گزنگی دا، ئەستێرەی سەحەر هێشتا لەئاسماندا ورشەی دەدا، زەریا ئارام. هەروا کە خۆی بەکەناردا دەکێشا، بەهێمنی و میهرەبانییەوە هەناسەی هەڵدەکێشا. هێشتا لەچلەی زستاندا بووین، کەچی (دار ئەزگیل)ێک، بەرامبەر پەنجەرەی هۆدەکەم شکۆفەی کردبوو، بۆنی تیژ و شیرین بوو وەکی هەنگوین، باران لەو شەوەدا باریبوو، گەڵاکان هێشتا دڵۆپ دڵۆپ ئاونگیان لێ دەتکا، تەواوی عەرد دەدرەوشایەوە. بەچرپە گوتم: خودایە، خودایە، ئەمە چ موجیزەیەکە! وام گوت و کوڵی گریانم بەربوو، ئەو کات تێگەیشتم ڕزگاریی هاتووە، ئیدی هاتم بۆ ئێرە، هاتم بۆ بیابان و لەم هۆدەیەدا، بەتەختە نوێنە شەق و شڕەکەی و بەگۆزە ئاوەکەی و بەدوو کورسییە چکۆڵەکەیەوە خۆم لەچاڵ نا. هەنووکەش چاوەڕێ دەکەم. چاوەڕێی چی؟ خودایە تۆبە، هەر بەڕاستیی نازانم چاوەڕێی چ دەکەم، بەڵام ئەم مەسەلەیە ئازارم نادا، هەرچی دێ، بەخێربێ. پێم وایە بەهەر شێوەیەک بێ سەرفراز دەردەچم. لە ڕاستیدا ئەگەر ئاخیرەتێ هەبێ، ئەوا من لەدوا لەحزەدا تۆبەی خۆم کردووە. ئەدی چما مەگەر مەسیح بەڵێنی پێ نەداوین کە تەنانەت یەک چرکەیش بەر لە مەرگ، تۆبە دەبێتە مایەی ڕزگاریی؟ خۆ گەر چ ئاخیرەتێکیش لە گوڕێ نەبێ، ئەوا من لەزەتم لەم ژیانە وەرگرتووە. بەدەست شیلەکەیم گوشیوە و پاشان وەک تۆێکڵە لیمۆ بۆ پشتەوەم تووڕهەڵداوە. تێگەیشتیت؟ بیر لە چ دەکەیتەوە؟

– "باوکە، بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆچی ئەمشەو بۆ ژوورەکەت بانگ کردم؟ دڵنیام دەتەوێ جگە لەمە شتێکی ترم پێبڵێیت!"

گۆزەکەی لارکردەوە و پەرداخێ ئاوی تێ کرد و پاشان قومێکی لێ دا، لەبەرئەوەی ساڵانێکی زۆر بوو وازی لەخووی قسەکردن هێنابوو، بۆیە قوڕگی وشک دەبوو.

– "هەڵبەت دەمویست شتێکی ترت پێ بڵێم، بەڵام دەبوو یەکەم جار بزانیت من کێم و چ بووم، تەنها بەو شێوەیە دەتوانیت لە قسەکانم بگەیت و دەتوانیت حەقی ئەوەم بدەیتێ ئەو قسانەت بۆ بکەم."

بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، بەڵام دواتر هەروا بەدەم هەڵگۆزانی وشەکانییەوە، بەدەنگێکی لێواولێو لەورووژان لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: "تەنها حەق نا، بەڵکو ئەرکیش!"

سەرم هەڵبڕی تا سەیری کەم، وەک عامود ڕەپ و ڕاست لەناوەڕاستی هۆدەکەدا ڕاوەستابوو، لێی ورد بوومەوە و نوقمی سەرسوڕمان بووم، ئەم پیاوە لەڕێی جەنگەوە لەگەڵ خواوەند تامی چ لەزەت و چ حەقارەتگەلێکی چەشتووە و چ ئازایەتییەکی نواندووە! سەرم سوڕمابوو لەوەی چۆن هاتۆتە بیابان بێ ئەوەی شتەکانی بیر بچنەوە، سەرم سوڕمابوو لەوەی چۆن بەئازایەتییەوە ڕێی داوە کاروانی گوناهەکانی

دووی کەون تا تژیی لەدڵنیاییی لەگەڵیاندا بەرەو لای خواوەند بچێتە پێش.

بێدەنگ بوو، دیاربوو لەهەوڵی ئەوەدابوو وشەکانی هەڵگۆزێ و بزانێ چۆناوچۆنی دەریانبڕێ کە هەستی منی پێ بریندار نەبێ، لەبەرئەوەی دەیبینی تووڕەم و هەدادانم نییە و لەسەر کورسییەکە جێ بەخۆم ناگرم.

دواجار گوتی: "حەز دەکەم بزانیت لە تەواوی لەزەتەکانی دونیا- نەفرەت لە دونیا بێ کە خاوەن لەزەتی بێ ئەژمارە- لە هەموویان زیاتر ڕێز لەجحێڵی دەگرم، لەکاتێکدا جحێڵێک لەمەترسیدا دەبینم، وا هەست دەکەم پێشەنگی خواوەند، یان هەموو ژیان لەخەتەردایە، ئیدی دەکەومە یارمەتیدانی و تا ئەو شوێنەی بتوانم هەوڵ دەدەم ئەو جحێڵە لەفەنابوون بپارێزم، بەواتایەکی تر هەوڵ دەدەم نەهێڵم گومڕابێ و گوڵەکانی هەڵوەرێ و بەر لەوادەی خۆی پیر ببێ. هەر بۆ ئەمەش بوو ئەمشەو بانگم کردیتە ئێرە!"

ڕاچڵەکیم . پرسیم: "مەگەر من لەخەتەردام؟"

نەمدەزانی تووڕەبم یاخود پێبکەنم.

پیرەمێرد بۆ هێورکردنەوەم، بەئەسپاییی دەستی بۆ پێش و دوا دەبرد.

– "تووڕە مەبە، پێبکەنە، بەڵام ورد گوێ ڕادێرە! لە ڕووی ئەزموونی تاڵی شەخسییەوە قسانت بۆ دەکەم. پێویستە لەسەرت گوێ ڕادێریت، حەوت ڕۆژە ئاگام لێتە وەک پەروانەی شەو بەدەوری بڵێسەی خواوەندا دەخولێیتەوە، من ڕێگە نادەم بسووتێیت، نا، تۆ نا.. دووبارەی دەکەمەوە جحێڵی، من بەزەییم بەگۆناکانتا دێتەوە کە هێشتا پۆشراو لە زیپکەن، بەزەییم بەلێوەکانتا دێتەوە کە هێشتا تامی ماچیان نەچەشتووە و بەکوفر ئاڵوودە نەبوون، دڵم بۆ ڕۆحە ساکارەکەی تۆ دەسووتێ کە وەک تیر بۆ پێشەوە دەهاوێژرێ تا بەبینینی پرشنگی ڕۆشناییی خواوەند خۆی بسووتێنێ، بەڵام من ناهێڵم! تۆ بەلێواری خەرەندەوەیت، ناهێڵم هەڵدێررێیت!"

– "هەڵدێری کێ؟"

– "هەڵدێری خواوەند!"

بەگوتنی ئەو وشەیە هۆدەکە دەنگی دایەوە، مەخلوقێکی نەبینراو هاتبووە ژوورێ، هیچ کاتێ ئەو وشەیە کە هەمیشە بەبێ حورمەتی هێنابوومە سەر زوبان، ئاوها ترسێکی لەمندا نەورووژاندبوو. هەمان ئەو ترسەی لەتافی منداڵیدا بەبیستنی وشەی (یەهوە)، کە وەک بڵێیی لەناو ئەشکەوتێکی تاریکی پڕ لە ژاوەژاو بێتە دەرەوە هەستم پێ دەکرد. هەمان ترس جارێکی تر لەناخمدا ژیایەوە، هەمان ئەو ترسەی کە لەمنداڵییەوە تا ئێستا وشەی (کوشتار) تێمدا دەیورووژێنێ.

لەسەر کورسییەکە هەستام و لەقوژبنێکدا هەڵترووشکام، بەورتە ورت گوتم: "باوکە بەردەوام بە، ورد گوێم بۆ ڕادێراویت!"

– "خۆرەی نەخۆشییەکی گەورە ڕۆچۆتە ڕۆحتەوە، بەچاوە سووتێنەر و بەبرۆکانتا دەزانم کە هەمیشە هەڵبەز و دابەزیانە، بەدەستەکانتا دەزانم کە هەمیشە کوێرە کوێر لەهەوادا دەگەڕێن، هەر وەک ئەوەی کوێر بیت یاخود هەوا بەدەنێک بێ و تۆ دەستی لێوەبدەیت. ئاگادار بە، ئەم دڵەڕاوکێیە یان بەرەو شێت بوونت



دەبا یاخود بەرەو کەماڵ!"

هەستم کرد سەیرکردنەکەی ناوەوەم دەبڕێ و ناخم دەسووتێنێ.

– "کام دڵەڕاوکێ؟ باوکە نازانم مەبەستت لە کام دڵەڕاوکێیە؟"

– "دڵەڕاوکێی قەدیس بوون. مەترسە، تۆ خۆت لێی بێ ئاگایت، لەبەرئەوەی تێیدا دەژیت، بۆچی ئەمەت پێ دەڵێم؟ بۆ ئەوەی بزانیت چ ڕێگەیەکت گرتۆتەبەر و چ ئاراستەیەکت هەڵبژاردووە. ئەمەت بۆیە پێدەڵێم تا نەهێڵم گومڕابیت، گەرچی تۆ لەقورستترین هەڵگژان بوویتەتەوە، بەڵام هێند پەلەی گەیشتنتە بەلووتکە کە پێتوایە دەتوانیت بەر لەتێپەڕین بەدامێن و بنارەکانی کێوەکەدا بگەیتە ئەوێ. وەک ئەوەی هەڵۆیەکی تیژڕۆ بیت، بەڵام ئەوەت بیر نەچێ کە تۆ یەک ئینسانیت، یەک ئینسان. نە زیاتر و نە کەمتر، تۆ پێت هەیە نەک باڵ! بەڵێ دەزانم قەداسەت ئارەزووی بەرزی ئینسانە، دەی باشە، بەڵام سەرەتا دەبێ تێکڕا ئارەزووە نزمەکان بخەینە ژێر پێ، دەبێ ڕقمان لەجەستە و ڕقمان لە تینوێتیی دەسەڵات و ڕقمان لەئاڵتون و یاخیبوون بێ، مەبەستم ئەوەیە پێویستە جحێڵی و هەموو هەست و سۆزەکانی لەسەرمان بکەینە دەر . دەبێ هەموو ئەو بتانە لەناوەڕۆکەکانیان بەتاڵ کەینەوە و بڕوا بێنین کە پڕ بوون لە (با) و لە (کا). دەبێ خۆمان بەتاڵکەینەوە و خۆمان پاک کەینەوە تا چیدی حەز لەوە نەکەین ئاوڕ بۆ دواوە بدەینەوە. ئەو کاتەیە و تەنها ئەو کاتەیە دەشێ لەحزووری خواوەندا ئامادەبین، موجاهیدی ڕاستەقینە ئاوها ڕەوتار دەکات!"

وەڵامیم دایەوە: "ناتوانم واز لەململانێکردنی خواوەند بێنم، تا دوا لەحزە کە لەبەردەمیدا ئامادە دەبم، درێژە بەململانێکردنی دەدەم، پێم وایە ئەمەیە قەدەری من: نەگەیشتن بەئامانج - کە قەت ناگەم - بەڵام جەنگین!"

ڕاهیب هاتە نزیکتر و بەمیهرەبانییەوە دەستی بەشانمدا هێنا.

– "واز مەهێنە لە شەڕکردن لەگەڵ خواوەند، چ ڕێگەیەکی تر نییە باشتر لەمە، بەڵام وا مەزانە بۆ ئەوەی بەباوەڕ بەخۆبوونێکی زیاترەوە بجەنگیت ئەوا پێویستە ڕەگوڕیشە تاریکەکانی ناخت - مەبەستم لە غەریزەکانە- دەرکێشیت. دیداری ژنێک، تا ڕادەی مەرگ تۆ دەترسێنێ، پێی دەڵێیت: شەیتان، بەڵێ شەیتان.. بەڵام گەر دەتەوێ بەسەر وەسوەسەدا زاڵ بیت، ئەوا تەنها ڕێگەیەک لەبەر دەمتایە: ئەویش ئەوەیە ئەو ژنە لەباوەش بگریت، بیچێژیت و فێربیت چۆن نزم لێی بڕوانیت، ئەو کات ئیدی نایەتە بن کلێشەت و وەسوەسەت ناکا، ئەگەر نا.. ئەوا گەر سەد ساڵیش بژیت و لەزەت لە ژن نەکەیت، ئەوا چ لە خەودا بیت و چ بەئاگا، بەسۆراغت دێ و خەون و ڕۆحت ئاڵوودە دەکات. جارێک گوتم و هەمدیس دەیلێمەوە: هەر کەسێک غەریزەکانی ڕیشەکێش کا، ئەوا قودرەتی خۆی ڕیشەکێش کردووە، چونکە بەزەمەن و تێرکردن و مەبدەئە دەتوانرێ ئەم مادده تاریکە بکرێتە ڕۆح!"

سەیرێکی ئەملاولای خۆی کرد و بەرەو لای پەنجەرەکە چوو، وەک ئەوەی بترسێ نەبا کەسێک گوێی هەڵخستبێ، پاشان هەروا کە لێم نزیک بۆوە، بەدەنگێکی نزم و وورووژاو چرپاندی بەگوێمدا: "دەبێ شتێکی تریشت پێ بڵێم، هەر خۆمانین و کەس گوێی لێمان نییە!"

گوتم: "خواوەند دەتوانێ گوێی لێمان بێ!"

– "من لە خەڵک دەترسم نەک لە خواوەند، خواوەند تێدەگا و دەبوورێ، بەڵام خەڵک نا! نامەوێ لە هەر هەلومەرجێکدابێ ئەم ئارامییەی لێرە لە بیابان وەدەستم هێناوە لە کیس خۆمی بدەم، کەواتە گوێ ڕادێرە و ئەوەی پێت دەڵێم لەمێشکی خۆتا تۆماری کە، دڵنیام یارمەتیت دەدات."

بۆ تاوێک ڕاوەستا و بەچاوانێکی نیوە داخراوەوە لەمیانەی پێڵووەکانییەوە سەیری کردم، هەر وەک بڵێی بیەوێ هەڵمسەنگێنێ.

چرپاندی: "دڵنیا نیم بتوانیت بەرگەی بگریت!"

بەنائارامی وەڵامیم دایەوە: "دەتوانم، دەتوانم، باوکە بەئازادی قسان بکە!"

دەنگی زیاتر نزم کردەوە و گوتی: "مەلایکەتەکان چ شتێک نین جگە لە شەیتانگەلی پاکەوەبوو، ڕۆژێک – ئاخ... چ دەبوو تەمەن بواری دابام ئەو ڕۆژەم بینیبا– ڕۆژێک دێ کە بونیادەم لەمە حاڵی دەبێ و ئیدی ئەو کات..."

سەری خستە بناگوێم، بۆ یەکەمین جار دەنگی لەرزی:

– "ئیدی ئەو کات ئایینی مەسیح هەنگاوێک پێشڤەتر دەچێ، تەواوی بوونی ئینسانەکان لە ئامێز دەگرێ نەک نیوەیان، نەک وەک ئەوەی کە ئەلعان تەنها ڕۆحیانی لە ئامێز گرتووە، ڕەحمەتی مەسیح بەرفەراوان دەبێ و جەستەش وەک ڕۆح لەئامێز دەگرێ و بەرەکەتی دەدا. ئیدی دەبینێ – مەوعیزە دەدا – کە ئەوانە دوژمنی یەکتر نین، بەڵکو هاوکاری یەکترن. بەڵام هەنووکە چۆن؟ گەر خۆمان بەشەیتان بفرۆشین، ئەوا هانمان دەدا نکوڵی لە ڕۆح بکەین، خۆ گەر خۆشمان بەخواوەند بفرۆشین ئەوا هانمان دەدا نکوڵی لە جەستە بکەین. کەنگێ مەسیح دڵی هێند فراوان دەبێ کە نەک تەنها بۆ ڕۆح، بەڵکو بۆ جەستەش بسووتێ و ئەم دوو ئاژەڵە کێوییە دڕندەیە ئاشت کاتەوە؟"

بەقووڵی کەوتمە ژێر کاریگەریی قسەکانییەوە.

– "باوکە، سوپاس بۆ ئەو دیارییە گرانبەهایەی پێت بەخشیم. سوپاس!"

– "تا ئەم ساتەوەختە بەدوای گەنجێکدا گەڕاوم بەر لە مردنم ئەم ئەمانەتەی پێ بسپێرم، فەرموو ئەم ئەمانەتە وەرگرە، ئەمە بەری تەواوی قوتابیێتیمە بۆ جەستە و ڕۆح!"

– "تۆ بڵێیسەی تەواوی ژیانتم پێ دەسپێریت، چما دەتوانم بۆ پێشتری ببەم و بیگۆڕمە ڕووناکی؟"

– "مەپرسە لەوەی چما سەردەکەویت یاخود دەبەزیت! ئەم مەسەلەیە هێند گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە، هەوڵی تۆیە بۆ پێشتربردنی، خواوەند ئەمەی خستۆتە سەر شانی ئێمە، سەرکەوتن و بەزین پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە نەک ئێمە!"

ماوەیەک هیچ کاممان دوو لێوەمان نەکرد. شەوی بیابان بەدەنگە جۆراوجۆرە گومانەاویەکانییەوە بەبەر پەنجەرەی ژوورەکەدا تێدەپەڕی، لە دوورەوە لوورەی چەقەڵ دەهاتە گوێ، ئەوانیش لەژێر چەنگاڵی ئەڤین یاخود برسێتیدا بوون. پیرەمێرد بەدەم خاچکێشانەوە بەچرپە گوتی:



– "ئەوە دەنگی بیابانە، دەنگی مێشەکەرانە و چەقەڵەکانە، دوورتریش، شێرەکانن. بەڵام لەناو دەیرەکەدا، ڕاهیبەکان نوستوون و ئەستێرەکان بەژوور سەرمانەوەن لە ئاسمان، خوداش لەهەموو شوێنێکدایە!"

دەستی بۆ خوداحافیزی ڕایەڵ کرد و گوتی: "کوڕەکەم، چ قسەیەکی ترم نییە!"

بەهەنگاوی هێور گەڕامەوە هۆدەکەم، زەینم ڕووناک و دڵم بەئەسپایی لێی دەدا.

قسەکانی باوکە (یەواکیم) جامێ ئاوی سازگار بوون و منیش تینوو، فێنکایی ئەو ئاوە تا ناو مۆخی ئێسکەکانم ڕۆچوو بوو، بارو بنەم پێچایەوە و دام بەکۆڵدا و دەرگاکەم کردەوە، دڵنیابووم ڕۆژبۆتەوە، لەبەرئەوەی ئاسمان ڕەنگی شیری و چکۆڵەترین ئەستێرەیش لەکوژانەوەدا بوو. لەو خوارەوەش، لەدۆڵ و زنارەکەدا کەوێک دەیقاسپاند.

هەروا کە سپێدەی پیرۆزم بەرەو سییەکانم دەنارد، خاچم کێشا و بەچرپە گوتم: "بەناوی خودا..."

جارێکی تر بەڕاڕەوەکەدا تێپەڕیم، هێشتا چرای ژووری پیرەمێرد هەر داگیرسابوو، لە دەرگاکەم دا، کردییەوە و سەیری کردم، بەبینینی کۆڵە پشتەکەم بزەیەکی هاتێ. لەکاتێکدا بۆ دەست ماچکردنی دانەویم، گوتم: "باوکە، من دەڕۆم... بەرەکەتم بدە!"

دەستی نایە سەر سەرم و گوتی:

– "کوڕەکەم، خودا یار و یاوەرت بێ، خودات لەگەڵ بێ!"

## کریت

شەکەت ببووم، ئاخر جحێڵ بووم و هەڵپە و نیگەرانیی جحێڵیش بارێکی قورسە و چ گوێ بەوە نادا توانا و حەوسەڵەی ئینسان سنووردارە، زۆر داوا دەکات بەڵام هیچی لەدەس نایەت. دوای هەوڵم بۆ گەیشتن بەو سنووردارییانە و دوای ماندووبوونم لەبەرخۆدان، گەرەکم بوو هەمدیس شاخەکانمان ببینمەوە، ئاڵاهەڵگرەکانمان ببینمەوە بەکڵاو و پێکەنینەکانیانەوە و کەڕەتێکی تر گوێ ڕادێرمەوە بۆ باسی جەنگ و ئازادی، دەمویست هەمدیس بەسەرزەمینی زێدەکەمدا بگەڕێم تا هێزم تێ بێتەوە.

بابم لێی پرسیم: "لەکوێوە دێیتەوە؟"

وەڵامیم دایەوە: "لەو وڵاتە دوورانەوە!" وام گوت و چ شتێکم لەبارەی سەرکێشییەکەی ئەو جارەمەوە لە سینا باس نەکرد کە ئەوەندەی نەمابوو بەسوێندخواردنم بشکێتەوە.

ئەوە دووەمین جار بوو کە هەوڵم بۆ بەقەدیس بوون بەبا چوو بوو، گەر لەبیرتان بێ یەکەم جار لەتافی منداڵیمدا بوو، ئەو کاتەی چووم بۆ بەندەر و بەرەو لای ناخودای کەشتییەکە ڕام کرد کە خەریکی هەڵکردنی چارۆکەکەی بوو. تیایدا پاڕامەوە تا لەگەڵ خۆیدا بەرەو کێوی (ئاتوس)م بەرێ تا لەوێ ببمە ڕاهیب، کەچی ناخودا، کە خەریک بوو لەپێکەنینا ژانی دەکرد، بەهاوارهاوارەوە گوتی: (بۆ ماڵەوە، دەی بۆ ماڵەوە!) وەک ئەوەی جووجەڵە بم، دەستی بەیەکدادا تا لەو ناوە دوورم خاتەوە. وا هەنووکەش هەمان

شت دووبارەبۆوە. ئاخر باوکە (یەواکیم)یش هاواری کرد: (بگەڕێرەوە دونیا، لەم دەوروزەمانەدا، دونیا دەیری ڕاستەقینەیە، لەوێ دەتوانیت ببیتە ڕاهیب!)

بۆ ئەوە گەڕامەوە نیشتیمان تا هێزم تێ بێتەوە. میگالۆ کاستروٚم جێ هێشت و بەپێی پیادە ڕووم کردە گوندەکان، لەوێ لەگەڵ شوان و جوتیارەکاندا دەمخوارد و دەمخواردەوە، شەرمەزاری دایدەگرتم کاتێ دەمبینی ژیانی تەمبەڵ و تەوەزەلانەی دەیر ڕێک پێچەوانەی ژیانە لە تەواوی سەرزەمینی کریتدا، ئەو سەرزەمینەی بێ هەدادان لەگەڵ لافاو و لەگەڵ نەهاتەسالّی و لەگەڵ تورکدا دەجەنگی، شەرمەزاربووم لەوەی ویستوومە پێچەوانەی خواستی خۆم ڕەوتارکەم و بەڕاهیب بوونم خیانەتی لێ بکەم. باوکە یەواکیم ڕاستی دەکرد، دونیا دەیری ڕاستەقینەی ئێمەیە، ڕاهیبی ڕاستەقینە کەسێکە کە لەگەڵ خەڵکیدا دەژی و لێرە لەگەڵ خواوەند و مرۆڤەکاندا کاردەکا. خواوەند بەژوور هەورەکانەوە، لەسەر عەرشێک دانەنیشتووە، بەڵکو لێرە لەسەر ئەرز و لەپاڵ ئێمەدا دەجەنگێ، ئیدی گۆشەگیری ڕێگەی ئینسانی تێکۆشەر نییە. نوێژی ڕاستەقینە، ئەو نوێژەی ڕێک دەتباتەوە ماڵی خواوەند و دەتکات بەژووردا، بریتییە لەکاری شەرافەتمەندانە، ئەوڕۆ جەنگاوەری ڕاستەقینە ئاوهایی نوێژ دەکات.

جارێکیان کریتییەک پێی گوتم: کاتێ لەبەردەم دەروازەکانی ئاسماندا ڕادەوەستیت و بەڕووتا ناکرێتەوە، ئەوا دەست بۆ تەقولبابەکە مەبە تا لەدەرگا بدەیت، بەڵکو تفەنگەکەت لەشانت داگرە و گوللەیەکی پێوەنێ!

– پێتوایە بەو جۆرە خواوەند بترسێ و دەروازەکانی ئاسمانت بەڕوودا بکاتەوە؟

– نا.. کوڕم، خواوەند ناترسێ، بەڵام دەروازەکانی ئاسمانت بەڕوودا دەکاتەوە چونکە ئیدی دەزانێ کە تۆ لەشەڕ گەڕاویتەوە!

هەمیشە لەژیانمدا قسەگەلێکم بەو قووڵییە لەجوتیارانەوە ژنەفتووە زیاتر لەوەی لەڕووناکبیرێکەوە بیستبێتم، بەتایبەتی جوتیارە پیرەکانیان، ئەوانەیان کە هەموو تەمەنیان بەرخۆدان بووە و ئەلعانیش هەست و سۆزیان لەناوەوەیانڕا دامرکابۆوە و لەبەر دەرگای مەرگدا ڕاوەستابوون و بەمیهرەوە دوا ئاوڕیان لەدواوە دەدایەوە.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژێکیان، لە کوێرەڕێیەکی چیا، بەپیرەمێردێک گەیشتم. پیرەمێردێکی لاواز و چرچۆڵ، قژی سپیی وەک بەفر، شەرواڵێکی پینەپینەی لەپێدا و جووتێک کەوشی کون کونی لەپێدا. بەدابی شوانانی کریت، گۆچانەکەی نابووە نێوان هەردوو باڵی و هێورهێور لەبەردێکەوە هەڵدەبەزییە سەر بەردێکی تر، جار ناجارێکیش ڕادەوەستا و ئاوڕی لەشاخ و دەشتی دوور و لەکەناری زەریا دەدایەوە کە لەدوورەوە، لەمابەینی هەردوو قەدپاڵی زنارەکەوە دیاربوون.

بانگیم کرد: سڵاو باپیرە، ئەوە لێرە بەتەنێ چ دەکەیت؟

– کوڕەکەم، خەریکی خوداحافیزیم!

– لەم چۆڵەوانییەدا؟ من چ کەسێک لەم ناوەدا نابینم! باشە خوداحافیزی لە کێ دەکەیت؟

پیرەمێرد بەتووڕەیی سەری ڕاوەشاند و گوتی: کورە چۆڵەوانی چی؟ مەگەر زەریا و شاخەکان نابینیت؟



ئەدی چما خودا بۆچی چاوی پێ بەخشیوین؟ مەگەر جریوە جریوی مەلەکان بەژوور سەرتەوە نابییەیت؟ ئەدی چما خودا بۆچی گوێی پێ بەخشیوین؟ بەئێرەت گوت چۆڵەوانی؟ ئەمانە هاوڕێی منن، پێکەوە دەئاخڤین، بانگیان دەکەم و وەڵامم دەدەنەوە، من شوانم و دوو نەوەیە لەگەڵیاندا دەژیم، بەڵام ئیدی کاتی ئەوە هاتووە لەیەکتر جیاببینەوە، ئاخر ئیدی خۆر ئاوا بووە!

وام زانی بەهۆی پیرییەوە چاوانی کز بووە، گوتم: بەڵام باپیرە، هێشتا تازە پاش نیوەڕۆیە، زۆری ماوە خۆرئاوا بێ!

بەسەر ڕاوەشاندنەوە گوتی: من خۆم دەزانم چ دەڵێم، من دەمەوێ پێت بڵێم ئیدی ئێوارەیە. ئێوارە... خوداحافیز!

– باپیرە، تۆ تەنانەت (ئیزراییل)یش دەبەزێنیت!

پێکەنی و گوتی: خەمت نەبێ، پێشتر بەزاندوومە، هەمان فێڵە کۆنەکەم بەکارهێنا، واتە لەڕێی نەترسان لێیەوە بەزاندوومە. دەی خودا حافیز! کوڕی ئازیزم، تۆیش بیبەزێنە تا دۆعای خێری منت پێ ببڕێ!

نەمتوانی لێگەڕێم بڕوا.

– باپیرە، ناوی خۆتم پێ بڵێ، دەمەوێ لە یادەوەریمدا بیت.

– مادامەکی وایە، دانەوە بەردێک هەڵگرە و ناوی منی لێ بپرسە، پێت دەڵێ: من ناوم (ماسانۆس)ە، خەڵکی (کاڤروهۆریی)م. دەی باشە، ئەوەندە بەسە، بمبوورە، وەک دەبینی پەلەمە، خوداحافیز!

وای گوت و بەچیاکەدا کەوتەوە هەڵزنین، لەکاتی هەڵزنیندا بەهۆی کزیی چاوانییەوە پێی هەڵدەنگوت.

ڕاستە ناتوانین مەرگ ببەزێنین، بەڵام دەتوانین بەسەر ئەو ترسەدا زاڵ بین کە لەمەرگ هەمانە، ئەم چیانشینە پیرە، بەوپەڕی ئارامییەوە لەگەڵ مەرگدا ڕوو بەڕووبۆتەوە، چیاکان بوونەتە شورای ڕۆحی، چ قاییل نەبوو لەبەردەم ئیزراییلدا بکەوێتە سەرچۆک، ئەوەی ئەو دەیویست دەرفەتێکی چەند ڕۆژە بوو، تا تیایدا خوداحافیزیی لەهاوڕێ دێرینەکانی بکات، خوداحافیزیی لەهەوای پاک و شیوەران و بەرد.

بەڵام ڕۆژێکیان کە لەنزیک (پایستۆس)ەوە پیاسەم دەکرد، پیرەمێردێکی ترم بینی تەمەنی نزیکەی سەدساڵێک دەبوو، لەبەردەمی کوختە چکۆڵەکەیدا خۆی دابووە بەر هەتاو، چاوانی دەتگوت دوو برینی سوورن، ئاو بەدەم و کەپوویدا دەهاتە خوارەوە، بۆنی میز و تووتنی لێ دەهات.

کاتێک چوومە ئەو گوندە، یەکێک لە نەبیرە(*)کانی ئەو پیرەمێردە، بەپێکەنینەوە لەبارەی باپیرەیەوە قسانی بۆ کردم، هانی دام بچم و بیبینم و بزانم چۆناوچۆنی هەمدیس مناڵ بۆتەوە. ئەو پیرەمێردە هەموو عەسرانێک لای کانییەکەوە دادەنیشت و چاوەڕێی دەکرد تا کچگەل بۆ پڕکردنی گۆزەکانیان دەهاتن.

---

(*) نەبیرە: نەوەی نەوە

نەبیرەی ئەو پیرەمێردە پێی گوتم: "کاتێ باپیرەم گوێی لە تەپەی پێی کچگەل دەبێ، سەرهەڵدەبڕێ، ئاخر باپیرەم نیمچە کوێرە و ناتوانێ بەباشی کیژەکان لەیەکتر جیاوەکا، بۆیە دەستی ڕایەڵ دەکا و بانگیان دەکات: (هێی بزانم تۆ کێیت؟ کچەکەم گەر دەتەوێ دۆعای خێری منت بەنسیب بێت، وەرە ئێرە، نزیکم بەرەوە تا بتبینم!) ئیدی کیژەکە بەتریقە تریقەوە دەچێت بۆ لای، باپیرەشم دەست بۆ ڕوخساری کیژەکە دەبا، وەک ئەوەی گەرەکی بێ بیخوا دەست بۆ ڕوخساری دەبا، پاشان دەستی خەریکە بەرەو لاملی کیژەکە دادەکشێ، بەڵام ئەو لێ ناگەڕێ، زریکەیەک دەکا و بەقاقای پێکەنینەوە هەڵدێ، هەڵدێ و باپیرەم بەدەستانێکی کراوە و کۆڵێک ئاخ و ئۆفەوە جێ دێڵێ!

وای دەکەوێتە چ ئاخ و ئۆفێک! خۆزیا لەوێ دەبیت و دەیبینیت! ئاخ و ئۆفەکەی لەبۆڕەی گایەکی کێوی دەچێ. ڕۆژێکیان لێم پرسی: (باپیرە ئەرێ ئەوە ئاخ و ئۆفی چیتە؟ چیت لێ قەوماوە؟) بەچاوانێکی فرمێسک تێزاوەوە وەڵامی دامەوە: "پێت وایە چیمە؟ مەگەر کوێریت؟ ئەدی نابینیت وا خەریکە دادەخزێمە گۆڕەوە و ئەم کەنیشکە جوانکیلانەش جێ دێڵم! ئاخ چ دەبوو پادشا بام و فەرمانی قەتڵوعامکردنی چتاقیانم دەرکردبا تا بمتوانیبا لەگەڵ خۆمدا بۆ ناو گۆڕم بردبان!"

دوای ئەوەی باپیرەم هەستێکی چڕی شەرمەزاری دایدەگرێ، ئەوسا دەکەوێتە چڕینی (مانتنیا)، هەمیشەش بەدەنگە قرخنەکەی هەمان بڕگە دەڵێتەوە:

حەیفێک ئەو ڕۆژانە بەسەرچوون، ئەو ڕۆژە خۆشانە
ئای گەر توانیبام بمگەڕاندنایەتەوە دوا
تەنانەت گەر لەهەر ساڵێکیش ڕۆژێک با!

کاتێک ئەم قسانەی نەوەی پیرەمێردەکەم ژنەفت، خۆم پێ ڕانەگیرا و ڕۆیشتم تا ئەم داربەڕووە تەمەن سەد ساڵەیە ببینم. کوختەکەیان پیشان دام، کە چووم بینم لەبەر هەتاودا خۆی هەڵخستبوو تا گەرم دابێ، چووم بۆ لای و گوتم: "باپیرە بیستوومە عومرت سەد ساڵە، بڵێ بزانم لەم سەد ساڵەدا ژیان بەلاتەوە چۆن بووە؟"

چاوە هەڵاوساو و بێ پێڵووەکەی هەڵبڕی و گوتی: "کوڕەکەم هەروەک جامێک ئاوی سارد وەها بووە!"

– "باپیرە هێشتا هەر تینووتە؟"

هەروەک ئەوەی بیەوێ شتێک بەنەفرەت کات، دەستی هەڵبڕی و گوتی: "هەی نەفرەت لەو کەسەی تینووی نییە!"

***

سێ ڕۆژ لە دەیرێکدا مامەوە، ئەو دەیرە بەسەر زەریای لیبیدا دەینۆڕی، من هەمیشە حەزم لەژیانی ناهاوئاهەنگ بەزەمەنی دەیرەکان بووە، ڕیتمی دێرینەیان، ڕاهیبەکان بەچاوانی فێڵبازانە یاخود خەواڵوویان، بەورگی هەڵاوساو یاخود بەتاڵیان، بەدەستی زلیان کە جارێک داس یاخود بێڵیان پێیە و ساتێکی تریش جامی پیرۆز و قاپی خواردنی خوانی خواوەندیی. هەمیشە حەزم بووە لەبۆنی بخوور،



هەمیشە حەزم بووە لە نەغمەی نوێژی بەیانی لە نوێژخانە (کە دوای نوێژ ڕاهیبەکان پەلەپەل دەکەونە خۆ تا خۆیان بگەیەننە هۆڵی خواردن کە بۆنی پاشەڕۆ و زەیتوونی ترشاوی گرتووە) حەزم بووە لە قسەوباسی هێمنی ئێوارانی سەر بانیژەی دەیر و سکوتی نێوان ئەو قسانە کە تژییە لە دەنگدانەوەی دووری دونیا. زۆر دەگمەن لەبارەی مەسیحەوە دەدواین. ئاخر ئیدی وی وەک پێشەوایەکی بەزەبروزەنگ بەڵام بزر هەڵکشابووە ئاسمان و دەستوپێوەندەکەی بەتەنها لەکۆشکەکەیدا جێ هێشتبوو، ئەمانیش بێشەرمانە دەرکی ئەمباری زەخیرەکەیان شکاندووە و دابەزیونەتە ژێرزەمینی شەرابەکەوە و لەسەر نوێنە نەرمەکەی لێی ڕاکشاون. واتە دوای دیارنەمانی پشیلە، ئەوان وەکی مشک کەوتبوونە تیلی لی لی... بەڵام ئای گەر لەناکاودا و لەبەر دەرگا پەیدا بووایە! دەتبینی کە چۆن مێزی ئەم جبە پۆشانەی قلێپ دەکردەوە و دەیخستنە چ هاوار هاوارێک، دەتبینی ئەوسا چۆن کەوانی خواوەند دەکەوتە دەنگ!

ڕۆژێکیان لەگەڵ ڕاهیبێکدا لەبانیژەی دەیرەکە دانیشتبووین، قسەکانم بەلای ڕاهیبێکدا برد کە بێ ئەندازە خۆشم دەوێ، ئەویش (فرانسیسکۆسی ئاسیزیایی)ە. ئەم ڕاهیبە هەرگیز ناوی ئەو قەدیسەی بەرگوێ نەکەوتبوو. کە ناوەکەی لەزاری منەوە بیست، ڕووی گرژکرد (فرانسیسکۆس قەدیسێکی کاسۆلیک، بیدعەتکارێک بوو...) بەڵام دواجار هەستی کونجکاویی گریکی بردییەوە.

– "زۆر باشە جەناب، فەرموو تۆ قسان بکەو من گوێ ڕادەدێرم!"

وای گوت و دەستی نایە سەر ورگی و خۆی ئامادەکرد تا هەرچییەک بڵێم بەرپەرچم بداتەوە.

گوتم: "ئەم قەدیسە وا ڕاهاتبوو لە دۆعاکانیدا بەخواوەندی دەگوت: خودایە، چۆناوچۆنیی لەززەت لەبەهەشت وەرگرم لەکاتێکدا کە دەزانم دۆزەخ هەیە؟ ئەی خودای میهرەبان، یان ڕوحم بەنەفرەتلێکراوان بکە و ئەوانیش بخەرە بەهەشتەوە، یاخود ڕوخسەتم بدە منیش بچمە دۆزەخ و تەسەللایان بدەمەوە. ئاخر من فیرقەیەک ڕۆدەنێم کە ئامانجی چوونە دۆزەخ و تەسەللادانەوەی غەزەب لێگیراوان بێ، خۆ گەر نەتوانین لە ئازارەکانیان کەم کەینەوە، ئەوا خۆیشمان لەدۆزەخدا دەمێنینەوە و لەگەڵ ئەواندا ئازار دەچێژین!"

ڕاهیب دایە قاقای پێکەنین و گوتی: "با ئێستا حەکایەتێکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە... ڕۆژێک لەڕۆژان پادشایەک گەدایەکی بۆ شێو داوەت کرد. قاپێک زەیتوون و قاپێک کاڤیاری ڕەشی لەبەردەمیدا دانا، کابرای گەدا بێئەوەی سەیری قاپە زەیتوونەکە بکا، هوروژمی بۆ قاپە کاڤیارەکە برد و هەمووی خوارد. پادشا پێی گوت: کاکی برا، تۆزێک زەیتوونیش بخۆ! گەدا وەڵامی دایەوە: پادشا فەنیی بۆچی؟ چما کاڤیارەکە چ عەیبێکی هەیە! ئێستا حاڵی بوویت؟ بەهەشت کاڤیاری ڕەشە، ببوورە، بەڵام من پێموایە، هاوڕێکەی تۆ... فرانسیسکۆس، گوتت ناوی چ بوو؟ ئەویش یەکێکی ترە لەو کاسۆلیکە گێلە پیاوانە!"

ئەو ڕۆژەی ئەوێم جێ هێشت، بەر لە سپێدە هەستام و چووم بۆ نوێژی بەیانی، دەمویست گوێ ڕادێرم بۆ ئەو نەغمە یەکتا و لەرە ئامێزی ڕاهیبەکان لەحزووری خودادا دەیانچڕی. دەمویست گوێ ڕادێرم بۆ ئەو وشە کاریگەرە پڕ لەپەشیمانییانەی ئیماندارانی ڕۆژانی دێرین بەر لەسپێدە بەبەرقاپی خواوەنددا دەیانپرژاند و سڵاویان لێ دەکرد: "خودایە، خودای پەروەردگار، بەرەبەیان هاتوومەتە بەر دەرگات، ڕۆحم

تینووی دیدارته، لەسەر زەمینێکی قاقڕ و تینووەوە، ئەو جێگەیەی ئاوی لێ نییە، جەستەم پەرۆشی دیدارتە!"

لەپاڵ پەنجەرەی نوێژخانەکەدا ڕاوەستام، لەوێوە زەریای لیبیم دەبینی کە لەنێو تەمومژی بەرەبەیاندا سپی دەینواند و تا ئەرزە لمینە گەرمەکانی ئەفریقا درێژ ببۆوە. چۆلەکەکان لەگەڵ ڕاهیبەکاندا بێدار ببوونەوە و گۆرانی تایبەتیی خۆیان دەچڕی تا سڵاو لەڕۆشنایی بکەن. لەناوەڕاستی حەوشەکەدا ترۆپکی دارسەرووەکە نوقمی ڕووناکی و لە پاڵیشیدا دارپرتەقاڵێک لەتاریکیدا شەلاڵ.

سەنج لێدەر لە خەبەرکردنەوەی ڕاهیبەکان بۆوە، لەکاتێکدا کە خۆی دەکرد بەنوێژخانە نیوە تاریکەکەدا، چارشێوە درێژ و ڕەشەکەی لابرد و سەنجەکەی لای دەرگاکەوە هەڵواسی. هەروا کە لەسێبەری ڕووناکی پاڵ دەرگاکەدا ڕاوەستابوو، ڕیشە لوول و ڕەشەکەی و پەرچەمە پەخشەکەی درەوشانەوەیەکی تایبەتییان هەبوو. ڕوخساری گەنمڕەنگ و بەژنی زراف و لەجحێڵیدا پرشنگی دەدا، مایەی شەرمەزاری بوو جەستەیەکی وەک ئەو جەستەیە لەچارەی نەنووسرابوو ئاوێزانی ژنێک بێ و مناڵ بخاتەوە، هەڵبەت کوڕوکیژەکانی دونیایان جوان دەکرد.

لە خەیاڵی ئەوەدا بووم کە زەرەر و زیانی دونیایی چەندە لەبەرژەوەندی خواوەنددا نابێ، لەو کاتەدا ژنێک کە سەرپۆشێکی ڕەشی دابوو بەسەریدا، بەترس و لەرزەوە لای دەرگاکەوە وەدیارکەوت و ساوایەکی بەباوەشەوە بوو. ڕۆژی پێشتر عابید بەزەردەخەنەیەکی فێڵبازانەوە ئاگاداری کردبوومەوە کە ئەگەر سبەینێ تازە بووکێک لە گوندێکی ئەم نزیکانەوە هات و داوای بەرەکەتدانی ساواکەی کرد، هیچ سەرم نەسوڕمێ. ئاخر ئەو ژنە گەرەکییەتی ساواکەی لەچاوی بەد بپارێزێ.

ژنەکە لەپاڵ دەرگاکەدا چاوانی بڕیبووە ئەرزەکە و چاوەڕێ بوو تا نوێژی بەیانی تەواوبێ و عابید بەئاوپرژێنی پیرۆزەوە بێتە لای. پێدەچوو هاتنی ئەو ژنە کەشی نوێژخانەکەی گۆڕیبێ و هەناسەی قورسی ڕەهبانییەت تێکەڵاوی هەناسەی ژنە بووبێت. بەهاتنی ئەو ژنە، نوێژخانەکە بۆنی شیر و بۆنی زەیتی دار دێمشتی گرتبوو، بۆنێک بوو کە لەسەر و پرچی تازەشۆراوی نۆبووکەوە هەڵدەسا. ڕێک لەو کاتەدا کە عابید کەوتە چڕینی وێردی خۆشنوودی، دەنگە کزۆڵەکەی گوڕی تێ هاتەوە... (ئەو خواوەندی خودایە و لە ئێمە وەدیارکەوت، خۆش بەحاڵی کەسێک کە بەناوی ئەوەوە دێ!) ڕاهیبەکان لەجێگەکانی خۆیاندا بۆ پێشەوە چەمیبوونەوە، ئاوڕیان دەدایەوە و بەتیلەی چاو سەیری لای دەرگاکەیان دەکرد، دوو سێیەکیان کەوتبوونە کۆکە کۆک، سەنج لێدەر بەرەو لای ژنەکە ڕۆیشت و شتێکی بەگوێیدا چرپاند، ژنەش بێ ئەوەی سەرهەڵبڕێ، دوو هەنگاو چووە پێشێ و لەسەر کورسییەکەی لای دەرگاکەوە دانیشت. لەوێوەڕا بونیادەم دەیتوانی هەست بکا کە ڕیتمی ئارامی و هاوسەنگی ڕەهبانەکان تێک چووە و هەمووان، بەمنیشەوە نەماندەتوانی چاوەڕێ کەین نوێژەکە لێ بێتەوە.

ئەو کاتە خۆر هەڵاتبوو، حەوشە پڕ لەڕووناکی و تیشکی چەماوە دەهاتە نوێژخانەکە و پەیکەری پیرۆزو هەروەها ڕوخسار و دەست و مەچەکی ڕاهیبەکانی ڕووناک دەکردەوە. ئیدی ڕاهیبەکان لەسەر کورسییەکانیان هەستان و هەمووان بەئاخ و ئۆفەوە دەیانگوت: "خودایە سوپاس، خودایە سوپاس!" بەو جۆرە ڕێوڕەسمی نوێژی بەیانی تەواو بوو.



عابید جبەکەی پۆشی و ئاوپرژێنی پیرۆزی هەڵگرت، سەنج لێدەر بەئاودانی پیرۆزەوە لەدوای عابیدەوە ڕاوەستا، تەواوی جەستەی نۆبووک نوقمی ڕووناکی بوو، پاڵی بەدیوارەکەوە دا، هەنووکە سەرپۆشە ڕەشەکەی داخزیبووە خوارێ و تەواوی ڕوخساری وەدیار کەوتبوو، لە عابیدی ڕوانی کە لەپی دەستی نابووە سەر سەری ساواکە و بەرەکەتی دەدا، پاشان دیقەتی سەنج لێدەرەکەی دا، چاوانی ڕەش و خەمینی بەو جوانییە نهێنیی ئامێزەیانەوە، چاوانی حەزرەتی خاتوونی دەروازەی لە دەیری (ئیڤیرۆن) هێنامەوە یاد... بەهەمان قەشەنگی و بەهەمان ئازاری دایکەوە بۆ کوڕ.

کوتوپڕ ساواکە کەوتە لنگەفرتێ و زریکە، دایک دوگمەی کراسەکەی ترازاند و مەمکی دەرهێنا تا شیر بداتە ساواکەی و ژیری کاتەوە، ساوا گۆی مەمکی دایکی گرت و هێوربۆوە. ئەوە ساتێک بوو کە هەرگیز یادم ناچێتەوە، ئاخر مەمکۆڵەی تازە بووک خڕ و سپی پرشنگی دەدا، هەواش زیاتر و زیاتر بۆنی تیژی شیر و شیرینی دەگرت و زەریای لیبیی کە هەنووکە شین دەچۆوە، لەودیو ژنەکەوە ڕاکشابوو. عابید زوبانی لەدەمدا نەمابوو، بەڵام تەنێ بۆ لەحزەیەک، خواوەند دەستوبرد لە ناوەوەیڕا کۆنترۆڵی کرد و بێ ئەوەی خۆی شەرمەزارکات، کۆتایی بەنوێژەکە هێنا.

شەیتان چووە بن کلێشەم تا سەنج لێدەر بهێنمە قسان. لەحەوشە بوو، چووم بۆ لای، خۆیشم نەمدەزانی چی پێ بڵێم.

– "باوکە نیکۆدیمیۆس..."

بەڵام ئەو بەپەلە هەنگاوی هەڵگرت و خۆی کرد بەهۆدەکەیدا.

دواتر بەپێی پیادە کەوتمەوە پیاسە و گەڕانی خۆم.

لەو کاتەوە چەند ساڵ تێپەڕیوە؟ چل؟ پەنجا؟ دەیرەکە لەیادەوەریمدا سڕاوەتەوە و لەبری ئەو، جگە لە مەمکۆڵەی سپی و خڕی دایکەکە، چ شتێکی تر بەژوور زەریای لیبییەوە نادرەوشێتەوە.

ڕۆژی دواتر، ئەو کاتەی کە نزیکی گوندێک دەبوومەوە و شەوم بەسەرداهات، لەبەرئەوەی ڕێگەیەکی دوور و درێژم بەسەر زەمینێکی قاقڕ و بەردەڵاندا بڕیبوو، تەواوێک شەکەت و ماندوو ببووم. گەرچی چ کەسێکم لەو گوندە نەدەناسی و تەنانەت نەیشمدەزانی گوندەکە ناوی چییە، بەڵام ئاسوودە خەیاڵ بووم و ئەوەم چ پێ گرنگ نەبوو. ئاخر دەمزانی لە گوندێکی کریتدا، لەدەرگای هەر ماڵێک بدەیت، بەڕووتا دەکرێتەوە. چێشتێکی خۆشت بۆ لێدەنرێ و لە باشترین نوێنیشدا دەنوویت. غەریبە لە کریت هێشتا خواوەندەکی نەناسراوە، تەواوی دڵ و دەرگاکانی بەڕوودا کراوەیە.

کاتێک گەیشتمە گوندەکە شەو داهاتبوو. دەرگاکان داخرابوون، سەگەکان لەحەوشەکانەوە بۆنی غەریبەیان کرد و کەوتنە وەڕین. ئاخر بۆ کوێ چووبام؟ لەکام دەرگام دابا؟ بێگومان دەرگای ماڵی قەشە. ئاخر ماڵەکەی وی مەسکەنی غەریبانە. قەشەگەلی ئاواییەکانی ئێمە نەخوێندەوارن. لە باسە تیۆرییەکانی تایبەت بەئایینی مەسیحدا کۆڵن، بەڵام مەسیح لەدڵیانا دەژی، هەندێ جار بەچاوانی خۆیان وی دەبینن.

دەرگایەک کرایەوە، پیرێژنێکی چکۆڵە بەچرایەکەوە هاتە دەرێ تا بزانێ ئەم غەریبەیە کێیە کە لەم وەخت و سەعاتەدا هاتۆتە گوند. بەدەنگێکی ئارام گوتم: "خانم، خودا عومرت درێژکا!– بەهێمنی دەدوام

نەبا بترسێ- من غەریبەم و چ شوێنێک شک نابەم لێی بنووم، لوتف دەکەیت ماڵی قەشەم پیشان دەیت!"

- "بەچاوان، من چراکە دەگرم تا پێت هەڵنەنگوێ. خودا - بەقوربانی ناوەکەی بم- خۆڵی بەهەندێک کەس بەخشیوە و بەهەندێکی تریش بەرد. نسیبی ئێمەمانان بەرد بوو. دەی چاوت لەبەر پێی خۆت بێ و وەرە!"

بەچراکەوە پێشم کەوت، لەسووچی کۆڵانێکەوە داگەڕاین و گەیشتینە بەر دەرگایەکی کەوانی. چرایەک بەدەرگاکەوە هەڵواسرابوو.

پیرێژن گوتی: "ئێرە ماڵی قەشەیە!"

چراکەی هەڵبڕی، ڕووناکی لەچاوانی دام و هەناسەیەکی هەڵکێشا، ویستی شتێک بڵێ بەڵام ژێوان بۆوە.

گوتم: "سوپاس خانمی بەڕێز، شەرمەزارم ئەزیەتم دایت. شەوباش!"

بەڵام ئەو سەیری کردم و نەڕۆیشت.

- "گەر بەماڵی هەژاران قایلیت، دەتوانیت ئەمشەو لە ماڵەکەی مندا ڕۆژ کەیتەوە!"

بەڵام ئیدی من لەدەرگای ماڵی قەشەم دابوو. دەنگی هەنگاونانێکی شەکەتانەم لەحەوشەکەوە هاتەگوێ. دەرگاکە کرایەوە، پیرەمێردێک بەڕیشێکی سپیی وەک بەفر و قژێکی بژەوە لەبەرامبەرمدا وەدیارکەوت. بێ ئەوەی لەناوم بپرسێ و بزانی چیم دەوێ، دەستی ڕایەڵ کرد.

- "خۆشهاتیت. غەریبەیت؟ فەرموو وەرە ژووری!"

کە چوومە ژووریٚ گوێم لەجۆرە دەنگێک بوو، دەرگاکان دەکرانەوە و دادەخران، چەند ژنێک بەپەلە هاتنە ژوورەکەی ئەمدیو و دیارنەمان. قەشە فەرمووی لێ کردم لەسەر کەرەویتەکە دانیشم.

- "وەزعی ژنەکەم زۆر باش نییە. لێی ببوورە. خۆم شێوت بۆ ئامادە دەکەم و جێی نوستنت بۆ دادەخەم."

دەنگی قەشە کپ و تژیی بوو لە عەزاب. سەیریم کرد، ڕەنگی پەڕیبوو، چاوانی وەک بڵێی بەهۆی گریانەوە ئاوساو و سوور هەڵگەڕابن. نانم خوارد و نوستم، کە ڕۆژ بۆوە قەشە بەسینییەک نان و پەنیر و شیرەوە هاتە ژووریٚ. دەستم بۆ ڕایەڵ کرد و سوپاسم کرد و خوداحافیزیم لێ کرد.

گوتی: "کوڕەکەم لە ئەمانی خودادا بیت!"

ماڵی قەشەم جێ هێشت. لەوسەری ئاوایی پیرەمێردێک وەدیارکەوت، دەستی بەسینگەوە گرت و سڵاوی لێ کردم. لێی پرسیم: "کوڕەکەم ئەمشەو لەکوێ بوویت؟"

- "لەماڵی قەشە بووم!"

پیرەمێرد هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: "هێی قەشەی بەستەزمان! ئەدی باشە سەرنجی چ شتێکت نەدا؟"

- "سەرنجی چیم دابێ؟"

- "دوێنێ بەیانی کوڕەکەی مرد، کوڕە تاقانەکەی، ئەدی چما گوێت لە شیوەن و گریانی ژنان نەبوو؟"



- "نا، گوێم لە هیچ شتێک نەبوو، لەهیچ شتێک!"

- "ئەوە تەرمەکەیان بۆ ژوورەکەی ناوەڕاست گواستۆتەوە. هەڵبەت بۆیە شیوەنیان نەکردووە نەبا تۆ گوێت لێ بێ و نیگەران بیت! دەی خوات لەگەڵ، سەفەرێکی خۆش!"

چاوانم پڕ بوون لە فرمێسک.

پیرەمێرد بەسەرسوڕماویی پرسی: "بۆچی دەگریت؟ ئا... زانیم، تۆ هێشتا جحێڵیت و هێشتا بەمردن ڕانەهاتوویت. دەی سەفەرێکی خۆش!"

***

مانەوە لەکریت شتێکی باشە، بەڵام تەنێ بۆ هێز تێهاتنەوە. دوای چەند مانگێکی کەم هەمدیس هەناسەتەنگی دایگرتمەوە. ڕێگەکان لەبەرچاوانمدا تەسکوتروسک بوونەوە، ماڵی بابم لێ هاتەوەیەک، ڕێحان و نەعنای حەوشە بۆنیان نەما، ڕۆحم چوو لەدیمەنی داسەکنینی هاوڕێ دێرینەکانم. سوێندمخوارد کە هەرگیز خۆم لەنێو چواردیواری نوسینگەیەکدا زیندانی نەکەم و لەگەڵ ژیانی خۆش و ناچاریدا ڕانەیەم. خووم بەوەوە گرت بچمە بەندەر و لەزەریا بنۆڕم، وا پێدەچوو ئەوێ دەروازەیەک بێ بۆ ئازادی. وەی چ خۆش بوو ئەو دەرگایەت کردبایەوە و ڕاتکردبا!

مات و بێدەنگ بەماڵەکەدا دەهاتم و دەچووم، بابم تەماشای دەکردم و نێوچەوانی گرژ دەکرد. ڕۆژێکیان گوێم لێی بوو بەدایکمی گوت: "ئەرێ ئەم کوڕەی تۆ چییەتی؟ کام خۆرە داوییەتییە ڕۆحی؟ لەبری ئەوەی تەماشای بەردەمی خۆی بکا و دەستی لەشتێک گیرکا، کەچی بەدووی شتێکی مەحاڵدا وێڵ بووە. پێی وایە دوو چۆلەکە بەسەر دارەوە لەچۆلەکەیەکی نێو دەست باشترە(*). درۆزن بم گەر ئەم کوڕەی ئێمە وەکی ئەو شێتانە نەبێت کە لەحەکایەتی پەرییاندا باسیانکراوە، وەک ئەوانەی سەرتاسەری ئەرز تەی دەکەن گوایە ئاوی حەیات دەدۆزنەوە!"

بەڵام ئیدی گۆزە شکاو و جامی بادە ڕژاو(**)، بابم چاوەڕوانی ئەوەبوو نووسینگەیەک بکەمەوە و لەگوندەکاندا شاهیدی غوسڵ و ڕێوڕەسمی ژنهێنان بم تا هاوڕێگەلێک پەیداکەم و بۆ پارلەمان هەڵبژێردرێم، هەروا لەڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا شت بنووسم و نامیلکەیەک دەرکەم تیایدا ئەوە بخەمەڕوو کە خەریکە کریت تیادەچێ و پێویستە نەوەی نوێ جڵەوی کاروبارەکان بگرێتە دەست.

ئیدی ڕۆژێکیان بابم خۆی پێ ڕانەگیرا و لێی پرسیم: "ئەرێ بۆچی هەر ئاوها دەسووڕێیتەوە و هیچ ناکەیت؟ کەنگێ نووسینگەیەک دەکەیتەوە و خۆت بەشتێکەوە خەریک دەکەیت؟"

- "هێشتا ئامادەنیم!"

- "هەمدیس پێویستت بەچییە؟"

(*) لەدەقەکەدا: دوو مەل لەتەلاندا، بەهای مەلێکیان هەیە لەنێو دەستا.

(**) لەدەقەکەدا: بەڵام ئەو بەسەر شیری ڕژاودا دەگریا.

پێویستم بەهیچ نەبوو، هاوکاتیش پێویستم بەهەموو شتێک بوو. هێشتا سەرچڵی و حیرسی جحێڵیی ئازاریان دەدام. ئاخر گۆشەگیرانی (تیبە) بەئارەزوویان بۆ ڕەهایی لەناوەوەیانڕا لەجۆش و خرۆشدا بوون، هەنووکەش هەر بەو تەرزەن، هەروا موسافیرە گەورەکانیش کە بەسەفەرەکانی خۆیان دونیایان بەرین کرد.

غیرەتم دایە بەرخۆم و هەمدیس گوتم: "هێشتا ئامادە نیم، زانکۆی ئەسینا بەس نییە. من دەبێ درێژە بەخوێندنی باڵا بدەم."

– "مەبەستت چییە؟"

هیچم نەگوت. بابم لەجێگە هەمیشەییەکەی خۆی، لەسەر قەنەفەی بەر پەنجەرەکە، ڕووەو حەوشە دانیشتبوو. بێ ئەوەی تەماشام کا، لێکدا لێکدا سیگاری دەپێچایەوە و دەیکردەوە. پاش نیوەڕۆی ڕۆژێکی یەکشەممە بوو، تیشکی خۆر لەشووشەی پەنجەرەکەوە دەیدا لە ڕوخسارە مۆن و هەتاوبردووەکەی، دەیدا لەسمێڵە ئەستوورەکەی، دەیدا لەو زامەی نێوچەوانی کە بێشک کاتی خۆی بەشمشێری تورک ئەنگێورا بوو.

سەری بەرز کردەوە و دیقەتی دام. هەمدیس گوتی:" مەبەستت چییە؟ دەتەوێ بچیتە دەرەوە؟"

– "بەڵێ!"

– "بۆ کوێ؟"

– "پاریس."

وا بزانم لەکاتی وەڵامدانەوەدا دەنگم دەلەرزی.

بابم بۆ چەند لەحزەیەک بێدەنگ بوو. دواجار گوتی: "ئەدی چاوەڕێی چیت؟ بۆ ناڕۆیت؟"

بابم کێویی و نەخوێندەوار بوو، بەڵام گەر مەسەلەکە پەیوەندی بەخوێندن و گەشەی ئەقڵییی منەوە با، ئەوا چ دەستی نەدەهێنایە ڕێگەم. ڕۆژێکیان کەیفی هەبوو، گوێم لێی بوو بەڕەفیقێکی خۆی گوت:" کێ لە ڕەزی نەفرەتی و لەمێوژ و شەراب و زەیتی زەیتوون دەپرسێ، هیچیانم پێ گرنگ نین، دەی با هەموو بەری ڕەنجم ببێتە قاقز و مەرەکەب بۆ کوڕەکەم. من بڕوام پێیەتی."

بابم لەو پێناوەدا ئامادەی هەر تەرزە قوربانییدانێک بوو، پێدەچوو لەپێناوی ڕزگاربوونی خۆیدا، تەواوێک ئومێدەکانی لەسەر من هەڵچنیبێ، ئاخر گەر من ڕزگاربام، ئەوا ئەویش و تەواوی زێدەکەم ڕزگاریان دەبوو.

کە مناڵ بووم، جارێکیان پێم گوت: "گەرەکمە فێری زوبانی عیبری بم تا بتوانم تەورات بەزوبانی ئەسڵیی خۆی موتاڵاکەم." ئەو سەردەمە لەمیگالۆ کاستڕۆ خەڵکانی جوولەکە هەبوون. بابم حاخامی بانگ کرد و لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە بۆ فێربوونی زوبانی عیبری هەفتەی سێ ڕۆژ بچم بۆ لای. بەڵام کاتێک خزم و خوێش بەمەسەلەکەیان زانی، ئیدی مووی سەریان ڕاست بۆوە و بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندە لای بابم. بەهاوارهاوار و نەڕەنەڕ گوتیان: "ئەوە تۆ چ دەکەیت؟ مەگەر کوڕەکەت خۆشناوێ؟ مەگەر گوایە نازانیت ئەو لەخاچدەرانە، لە ڕۆژانی هەینیی پاکدا مناڵانی مەسیحی دەخەنە ناو تەشتی



بزمارەوە و خوێنیان دەمژن!"

دواجار بابم، لەتاو واتەواتی ئەوان و گریان و کڕووزانەوەی دایکم برستی لێ بڕا. ئیدی ڕۆژێکیان پێی گوتم: "چاک خۆمان لەسەرئێشەیەکی قۆڕەوە گلاندووە، لەو فێربوونی عیبرییە گەڕێ! کە گەورە بوویت خۆت فێری دەبیت!"

هەرکاتێک ویستبام زوبانێکی بیانی فێربم. دەیگوت: "یاڵڵا دەی، ئەدی چاوەڕێی چیت؟ بەڵام بەمەرجێک فالینەیەکی تر بپۆشیت!"

پێدەچوو لاواز بووبێتم و خەمی منی بووبێ. بەرلەوەی کریت جێ بێڵم، خۆم فێری سێ زوبانی بیانی کرد و ناچار بووم سێ فالینەی زیادە لەبەرکەم، کە چوومە زانکۆی ئەسینا دامکەندن!"

هەمدیس گوتی: چاوەڕێی چیت؟"

لە خۆشحاڵیدا نەمدەزانی چ بکەم، دانەویم تا دەستی بگرم و ماچی کەم. بەڵام دەستی کێشایەوە و گوتی: "خۆ من قەشە نیم!"

ڕۆژی دواتر دەستی دایکم ماچ کرد، دۆعای خێری بۆ کردم و سوێندی دام لەبەر خۆشەویستیی خواوەند نەممە کاسۆلیک. پاشان نوشتەیەکی کردە ملم کە پارچەیەک خاچی ڕاستەقینەی لە ناودا بوو. پێدەچوو باپیرەم لەجەنگەکاندا ئەو نوشتەیەی وەکی گوللەبەند کردبێتە مل.

بابم تا بەندەر بەرێی کردم. جارناجار بەنیگەرانی و کونجکاوییەوە بەتیلەی چاو سەیری دەکردم، نەیدەتوانی تێبگا من کێم، نەیدەتوانی تێبگا چیم دەوێ و بۆچی لەبری ئەوەی لە کریت داسەکنێم، کێچ کەوتۆتە کەوڵم و هەر ئەملاولامە!

خەریک بوو دەگەیشتینە بەندەر. کوتوپڕ گوتی: "وابزانم تۆ لەباپیرەت دەچیت، بابی دایکت نا، بەڵکو بابی خۆم. ئەو چەتەی زەریایە دەڵێم..."

دوای وچانێک لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: "بەڵام وی هێرشی بۆ کەشتییەکان دەبرد، کوشت و کوشتار و تاڵانکاری دەکرد، ئەدی تۆ؟ تۆ هێرش بۆ کامە کەشتی دەبەیت؟"

گەیشتینە بەندەر. دەستی گوشیم، سەرێکی لەقاند و گوتی: "خوات لەگەڵبێ، بەهیوای بەختەوەری... لەبیرت بێ بەدوای چییەوەیت!"

وای گوت و سەری ڕاوەشاند، ئاخر ئەو هەرگیز لە کوڕە تاقانەکەی ڕازی نەبوو.

هەر بەڕاست، من هێرشم بۆ کامە کەشتی دەبرد؟

***

## پاریس. نیچە

### شەهیدی مەزن

سپێدە، نمەنمە باران دەباری. ڕوخسارم نابوو بەپەنجەرەی گالیسکەکەوە و لەودیو تۆڕی ڕووناکی بارانەوە

(پاریس)م دەبینی کە تێدەپەڕی. لەمیانەی فرمێسکەکانیدا پێدەکەنی و بەخێری دەهێنام. پردەکانم دەبینی، ئاپارتمانگەلی چەند نهۆم و دوکەڵاوی و پارک و کڵێساگەل، داربەڕووی ڕووت و بێ گەڵا، خەڵکیم دەبینی کە پەلەپەل بەشەقامە پانوپۆڕ و ڕووناکەکاندا هەنگاویان دەنا. لەنێو داوە هەڵواسراوەکانی باراندا، سیمای ئەفسووناوی و ئێسک سووکی پاریسم دەبینی کە لەنێو ئەو تاریکییەدا زەردەخەنەی دەهاتێ و پرشنگی دەدا، تەواوێک وەک وەدیارکەوتنی جۆلا لەودیو تاڵە دەزووەکانی مەکۆی جۆلاییییەوە.

لەخۆم پرسی: "چما دەبێ ئەم شارە چی بۆ من پێ بێ؟ ئەم شارەی کە لەڕادەبەدەر تامەزرۆی دیداری بووم!" سەرزەنشتی ڕۆحی ئادەمیزادم کرد کە ناتوانێ بۆ نیو سەعاتێکیش چییە پێشبینیی ئایندە بکات. چما دەبێ ڕۆح دەستەو ئەژنۆ دانیشێ و پاڵی لێ بداتەوە و چاوەڕێ کا تا ئەوەی لەدایک نەبووە لەدایک بێ؟ چما دەبێ ئەویش وەک جەستە فشەڵ و بێبونیاد بێ؟ سەرم سوڕمابوو لەوەی ئایا دەتوانم لەم شارە گەورەیەدا ئەو شتە وەدۆزم کە بەدوایدا دەگەڕێم؟ بەڵام هەر بەڕاست من بەدوای چیدا دەگەڕام؟ دەمویست چی بدۆزمەوە؟ مانای وایە ئیدی ئەو مورشیدە تاجی دڕک لەسەرە ناتوانێ تینوێتیم بشکێنێ، ئەو مورشیدەی کە وەکی ڕێنوێنێک بەسەر ترۆپکی چیایەکی لەبەرد و خوێن ڕۆنراوەوە ڕاوەستاو و ڕێگەی نیشان دەدام! ناشێ قسەی باوە یەواکیم بێ کە هانی دام گەر دەخوازم بچمە بەهەشت، ئەوا دەبێ بەدۆزەخ و بەرزەخی زەمینیدا تێپەڕم تا شادومانی و ئازار و گوناه تەجروبە کەم و پاش ئەوە لەڕێی گەیشتن بەڕزگاری، لە شادومانی و ئازار و گوناه تێپەڕێنم!

ڕۆشنایی کەمێک سەری بەرز کردبۆوە. خۆرێکی پاکژ خۆی هەڵواسیبوو بەم ئاسمانە غەریبەدا کە لەتەم و خەمۆکی و هاوگونجاوییەکی لەوەسف بەدەر پێکهاتبوو. چەند دەستوپێ سپی بوو ئەم گالیسکەچییە یاڵ درێژەی گریکستان(*) لەم غەریبییەدا. ئاخر لەو دووراییانەڕا، لەنیشتیمانی خۆیدا، هەموو شتێکی ڕووت دەکردەوە و هەمدیس لەژێر ڕووناکیی خۆیدا دەیپۆشاندەوە و ڕۆحی وا لێ دەکرد وەک جەستە بینراو و ڕاشکاوانە بدرەوشێتەوە. شەیتانگەل لەکونجی تاریکی خۆیانەوە دەهاتنەدەر، ڕووناکی تا سەر ئێسکی قەترانییان ڕۆدەچوو، ئەوانیشی وەک ئینسانەکان دەکردە مەخلوقگەلی پاکژ و لەپز شیرین. بەڵام خۆر لێرە جیاواز بوو، واتە ڕوخساری ئەرز و ڕۆح جیاواز بوو. دەبوو فێربین تەوێڵی نیوە ڕووناک، زەردەخەنەی شاراوە و نازکیی شاراوەی جوانیی تازەمان خۆش بوێ.

هەروا کە بەحیرسەوە دیقەتم دابووە درەخت و ماڵەکان، دیقەتم دابووە ژنانی ئارایشتکراو و کڵێساگەلی خەمین، بەخۆم گوت: "ئەمە ڕوخساری نوێی خواوەندە، ئیدی دادەنەومەوە و نوێژی بۆ دەکەم."

یەکەمین بەرکەوتنی من لەگەڵ ئەم ڕوخسارە نوێیەی ئەرزدا، نەشوەیەک بوو کە چەندین ڕۆژ و بگرە چەند هەفتەیەک درێژەی کێشا. شەقامەکان، پارکەکان، کتێبخانەکان، مۆزەکان، کڵێساگەلی گۆتیی،

(*) مەبەست لە خۆرە.



ژنان و پیاوان لە سینەما و جاددەکاندا. بەفرێکی دڵگیر کەوتبووە بارین، ئەمانیش سەرخۆش بوون و لەبەرامبەر ڕۆحی سەرخۆشمدا دەسووڕانەوە تا دواجار مەستی ڕەوییەوە و دونیا خۆی ئارام کردەوە و لەجووڵە کەوت.

ڕۆژێکیان لە کتێبخانەی (قەدیس جنڤیاڤ)(*) خەریکی موتاڵاکردنی کتێبێک بووم، کیژێک هات بۆ لام. کتێبێکی بەدەستەوە بوو وێنەی پیاوێکی تێدابوو. لەپی دەستی لەخوار وێنەکەوە دانابوو تا ناوەکەی بشارێتەوە. کیژەکە بەسەرمدا دانەوێوە و بەسەرسوڕمانەوە دیقەتی دام. پاشان ئاماژەی بۆ وێنەکە کرد. لێی پرسیم:

– "ئەوە کێیە؟"

شانم لەقاند و وەڵامیم دایەوە: "لەکوێوە بزانم؟"

– "ئەوە وێنەی تۆیە! بەموو فەرقتان نییە. سەیری نێوچەوان، برۆی پڕ و چاوە بەقووڵاچووەکانی بکە... تاقە جیاوازی ئەوەیە کە وی سمێڵێکی ئەستوور و شۆڕی هەیە و تۆ نیتە!"

تەماشای وێنەکەم کرد و ڕاچڵەکیم.

هەروا کە هەوڵم دەدا دەستی کیژەکە لەسەر وێنەکە لابەرم، گوتم: "باشە، وێنەی کێیە؟"

– "ناینناسیت؟ یەکەم جارە دەیبینیت؟ وێنەی (نیچە)یە!"

– "نیچە! ناویم بیستووە بەڵام چ کتێبێکیم نەخوێندۆتەوە."

– "لەدایکبوونی تراژیدیا(**)یان زەرادەشت(***)ت نەخوێندۆتەوە کە دەربارەی (گەڕانەوەی نەمری) و (سۆپەرمان)ە؟"

بەشەرمەوە گوتم : "هیچیان... هیچیان!"

کیژەکە گوتی: "لێرە بە!" وای گوت و بەڕاکردن ڕۆیشت، دوای ساتێک بەکتێبی زەرادەشتەوە گەڕایەوە.

بەپێکەنینەوە گوتی: "گەر خاوەنی ئەقڵ بیت و ئەو ئەقڵەش برسی بێ، ئەوا ئەم کتێبە ئەقڵت بەهێز دەکا و خۆراکی دەدات!"

***

ئەو لەحزەیە یەکێک بوو لەچارەنووسسازترین ساتەوەختەکانی ژیانم. ئاخر بەهۆی دەخاڵەتی کیژێکی نەناسیاوی زانکۆوە، قەدەر لە کتێبخانەی سانت جنڤیاڤ بۆسەیەکی بۆ نابوومەوە. ئەو دژە مەسیحە، ئەو جەنگاوەرە ئاگرینە لەخوێندا شەڵاڵە لێرە چاوەڕێی دەکردم.

(*) Biblio the que Sainte - Genevieve

(**) The Birth of Tragedy

(***) Zarathustra مەبەست لەکتێبی (ئاوهای گوت زەردەشت)ە.

سەرەتا تەواوێک زەندەقی بردم. ئاخر وی هەمـوو شـتـێکی هەبوو، چنگ و ددان و باڵی ئیـبلیس، سەرکێشی و چەتوونی، زەینێکی سەرچڵ، تووڕەییـیەکی شێتانە بۆ وێرانکردن، گاڵتەجاڕی و گومان و پێکەنینی کوفرامێز، ئەو هەموو ئەمانەی هەبوون.

بەڵام چەتوونی و خۆبەزلزانییـەکەی ڕایانچڵـەکاندم، خەتەرناکییـەکـەی سەرمەستی کـردم، بەترس و ئومێـدەوە خۆم فڕێدایە نێو کتـێبەکـەیەوە. وا پێدەچوو ڕێم کەوتبێـتە ناو دارسـتـانێکی خەتەرناکی پڕ لەدڕندەی برسی و گژوگیای سەرگێژکەرەوە.

ڕۆژانە نەمدەتوانی چاوەڕێی تەواوبوونی وانەکانم لە سۆربۆن بکەم و تا شەو ددان بەخۆدا بگرم، ئاخر دەمویست هەرچی زووترە خۆم بگەیەنمەوە ماڵێ و کتێبەکانی بخوێنمەوە. کتێبەکانی لەسەر مێزەکەم هەڵچنرابوون. پەلەم بوو لەجەنگەکەیدا بەشداربم.

هێور هێور بەدەنگی ڕاهاتم، بەهەناسە تەنگییەکەی، بەهاواره پڕ لەئازارەکانی ڕاهاتم. نەمدەزانی ئەم دژە مەسـیحـە – ئەلعـان ئەوەم کەشف کـردووە– تەواوێک وەک مـەسیح دەجـەنگێ و عـەزاب دەچێژێ و هەندێ جاریش لەساتەوەختە کارەساتاوییەکاندا ڕوخساریشیان دەبێتە یەک ڕوخسار.

گوتەکـانیم پێ گومڕایانە و سۆپەرمانەکەشی بکوژی خواوەند بوو، بەڵام ئەم گومڕایە خاوەن سیحرێکی پەنهـان بوو، سیـحری پەیڤەکانی بونیـادەمی گێژ و مەست دەکرد، دڵیـان دەخستـییە سەما. لەڕاسـتـیدا فـیکری وی سـەمـایەکی دیۆنیـزیۆسیـی بوو، لەنائومێـدترین سـاتەوەخـتی تـراژیدیی ئینسـانی و ژوور ئینسـانییدا خواوەندەکی شیفابەخش بەسەرکەوتنەوە هەڵدەسایە سەرپا، ناچاربووم عـەزاب و نەخوەت و سەفای وی ستایش کەم، هەروەها سەرسامیش بووم بەو دڵۆپە خوێنانەی کە بەسەر برۆکانیدا چۆڕاوگەیان بەستبوو، وەک بڵێی ئەم دژە مەسیحەش تاجی دڕکی بەسەرەوە بێ.

بەتەرزێکی نائاگـایانە، ئەم دوو ڕوخـسـارە، واتە ئەم مـەسـیح و دژە مـەسـیـحـە، وردە وردە لەزەینمـدا یەکانـگیر دەبوون، کەواتە بڵێی ڕاست بێ کە ئەم دووە دوژمنی هەمیشەیی یەکدی نەبوون؟ چما شـەیتان دوژمنی خودا نەبوو؟ چما دواجار شەڕ لەخزمەتی خێردایە و هاوکاری دەکات؟ بەمرووری زەمەن، هەروا کە کارەکانی ئەم پێغەمبەرە دژە خواوەندەم موتاڵا کرد، پلەپلە گەیشـتمە یەکانگیرییەکی سۆفییانەی سـافیلکانە. پلەی یەکـەم لەسەرەتادا وەک بەخۆم دەگـوت: خێـر و شەڕ دوژمنی یەکـدین. پلەی دووەم و سەرەوە: خێر و شەڕ هاوکاری یەکـترن، دوا پلە، دوا پلەیەک کە حاڵی حازر توانیم بیـگەمێ ئەمە بوو: خێرو شەڕ یەکێکن. لەم پلەیەدا ڕاوەستـام، لەو بەدگومـانییـە لەرز دایگرتم کە لەئەقڵـمدا پرشنگی دا: دەشێ ئەم کافرە قەدیسە بیەوێت هانم بدا تا ببمە بەشداری کوفرەکەی.

تەواوی زستـانم بەم شەڕەوە بەسەر برد. بەمروری زەمەن گۆڕەپانی ئەم جەنگە چکۆڵەتر بۆوە، هەناسەی دوژمنم هەڵدەمژت، هەناسـەی قـووڵ و ئازاراوی لەدوورایییـەکی زۆرەوە، تا ڕق بـەلایەکـدا کـەوت و بێ ئەوەی بەخـۆم بزانم جـەنگەکـە بووە ئامـێـز بۆ کـردنەوە. پێـشـتـر لەهەمـوو ژیانمدا بەئاوها بەڵگە و سەرسوڕمانێکەوە هەستم نەکردبوو بەوەی کە ڕق بەتێپەڕینی بەلێکحاڵیبوون و سۆز و هاودڵیدا دەتوانێ ببێـتـە ئەڤین. بەخۆم گـوت: دەکرێ لەجەنگی نێوان خێـر و شەڕیشـدا هەمـان شت ڕوویدا. وەک بڵـێی



لەپێشـان یەکێک بووبن و پاشان لێک جیابووبێتنەوە و ئەلعانیش لەجەنگدا بن تا هەمدیس یەکانگیر ببنەوە. بەڵام هێشتا زەمەنی ئاشتیی تەواوەتی نەهاتبوو، لەگەڵ ئەمەشدا، دەمتوانی لەمیانەی ئەزموونی خـۆمـەوە حـوکـمی ئەوە بدەم کـە ئاوها زەمـەنێک دەڕەخسێ، واتە ڕۆژێک دێ ددان دەنرێ بەخـەسم و بەشـداریکردنە ئازادانەکـەیدا لەم پێکهـاتە کـەونەی کـە ناونراوە کـەونی هاوئاهەنگ – کـۆسـمـۆس، بەمانایەکی تر هاوئاهەنگی و یەکانگیریی– هارمۆنی.

ئەی شـەهیـدی مەزن، ئەوەی بەر لەهەمـوو شتـێک ڕایچڵـەکاندم، ژیانە تراژیدییە پیـرۆزەکـەت بوو، نەخۆشـیی دوژمنێکی گـەورە و هاوڕێیەکی گەورەت بوو، تا مـردن بەرامبەرت وەفـادار مایەوە. هەرگـیز دەرفـەتی حەوانەوە و ئەوەی پێ نەدایت کە وەک خۆت بمێنیـتەوە، هەرگـیز ڕێگەی نەدایت بڵـێیت: ئێرەم باشە، لێرە ناڕۆم. تۆ بڵـێسـە بوویت، کڵـپـەت سەند، کوژایـتەوە، لەدوای خۆتەوە خۆڵـەمێشـەکەت جێ هێشت و ڕۆیشتیت!

بەڵێ دەزانم لەکوێوە دێم
تینووم هەروەک بڵێسە
دەسووتێم و دەسووتێنم
دەستم بەر هەر شتێک بکەوێ دەبێتە ڕووناکی و
هەر شتێکیش لەدوای خۆمەوە جێ بێڵم
دەبێتە ڕەژوو
هەر بەڕاست... ئەز بڵێسەم.

کـە بەهار هات، هەوا کـەمـێک گـەرمـتـر بوو، بڕیارم دا دیدەنیت بکەم تا شـوێنپـێی دڵۆپە خـوێنە گەرمەکانی تۆ لەسەر ترۆپکەکانی بەرخۆدان و شەهیدبوونی قارەمانانەت هەڵگرم.

سەرلەبەیـانییـەکی بارانـاوی، بەنێو تەمومـژدا و لەنێو کۆڵانـە تەنگەبەر و قـوڕاوییـەکانی گوندەکـەتانا بەدواتا دەگەڕام، پاشان ماڵی دایکتم لەشارۆچکەیەکی ئەولاتر بینییەوە، شارۆچکەیەک بەکلێسا گۆتی و بلندەکـانییـەوە. لەمیـانەی نۆرە (تا) توندوتیـژەکانـتا، پەنات بۆ ئەو ماڵە دەبرد و لەوێ دەحەوایتەوە، پاشان شەقامە مەلەکوتییەکان بەدرێژایی کۆڕنیشی جەنەوا، لەوێ چێژێکی گەورەت لە زەریا و شیرینیی ئاسمان و خەڵکە خۆنەویستەکان وەردەگرت. ئاخر تۆ هێندە میهرەبان و خۆنەویست و هەژار و شادومان بوویت کـە پیـرێژنانی دەرودراوسێ نـاویان نابوویت قـەدیس. بیـرت دێ، لەسـەرەتاوە نەخـشـەی ئەوەت دادەڕشت کە ژیانێکی زۆر ساکار و هێمن بگریتەبەر... (نیـازمە بەشێوەیەک سەربەخۆ بم کە سەربەخۆیی من نەبێـتە مـایەی ئازاردانی هیچ کەس، کبریایێکی شـاراوە و نەوازشکارانەم هەبێ، بێ خەم بنووم، خۆم لەشەراب خواردنەوە بەدوورگرم، بەدەستی خۆم خواردنی هەژارانەم ئامادەکەم، هاوڕێگەلی بەناوبانگ و خـۆسەپێنەرم نەبێ، لە ژنان نەنۆڕم، ڕۆژنامـە نەخـوێنمـەوە، بەدوای ناو و ناوبانگدا نەچم، تەنێ لەگـەڵ خەڵـکانی ڕیزپەڕدا هەسـتم و دانیـشم، خۆ گـەر کـەسێکی ڕیزپەڕم دەس نەکەوت، ئەوا لەگەڵ خـەڵکانی ئاسـاییـدا تێکەڵ بم.) تەواوێک سـەرسـام بووم کـاتێـک لەژێر خـۆرەتـاوێکی بەهارییـدا لە(ئەنگادین)،

لەنێوان (سیلسماریا) و (سیلڤا پلانا)دا بەدوای ئەو بەردە شێوە هەرەمییەدا دەگەڕام کە لەوێ بۆ یەکەم جار خەونی (گەڕانەوەی نەمریی) داگیری کردیت. بەناڵەو و گریانەوە هاوارت کرد: "گەرچی ژیانم تاڵە و بەرگە ناگیرێت، بەڵام با هەر بەبەرەکەت بێ و هیوادارم هەر دووبارە و دووبارە بێتەوە!" چونکە لەزەتی تاڵی قارەمانانەت دەچەشت، لەزەتێک کە بەلای ڕۆحە نەوییەکانەوە لەشەهادەت دەچوو: (بینینی هەڵدێرەکەی بەردەمت و بەرەو پێشڤەچوون بێ ئەوەی ترس سازشت پێ بکات!)

ترۆپکەکانی بەردەمم لەژێر هەتاودا هەڵمێکی شینیان دەردەدا، لەدوورەوەڕا دەنگێکم ژنەفت و لەناکاوێکڕا چیایەک بەفر هەرەسی هێنا. بیرم هاتەوە هاوڕێکەت چی بۆ نووسیبوویت. بۆی نووسیبوویت: (کە کتێبەکانت دەخوێنمەوە، وا هەست دەکەم لە دوورەوە تافەتافی قەڵبەزە دەبیەم!)

لە ڕێگەمدا بەناو سیلسماریادا، کاتێک لەپردێکی بچووک دەپەڕیمەوە کە بەگۆڕستانێکی هاکەزایی کۆتایی دەهات، لەرزەلەرز بەلای ڕاستدا لام کردەوە، تەواوێک وەک هەستپێکردنی زەردەشت لەلاتەوە، منیش هەمان شێوە هەستم دەکرد سێبەرەکەم بووەتە دووان و تۆ لەپاڵما دەڕۆیت.

ئەی شەهیدی مەزن، تەواوی جەنگ و میحنەتەکانت لەزەینمدا وەدیار دەکەون، کاتێک کە لێوڕێژ بوویت لە جحێڵی و ئارەزوو، هەمیشە پاڵەوانانت دەخستە بەر لێزمەی پرسیار، تا ئەو پاڵەوانە هەڵبژێریت کە دڵت قۆرخ دەکات. ئیدی ئەو ڕۆژە هات لەگەڵ شۆپینهاوەر، ئەو بەرەهمەنەی باکووردا ڕووبەڕوو بیتەوە، لەبەر پێیدا دانیشتی و کەوتیتە دۆزینەوەی خەونی قارەمانی و نائومێدانەی ژیان: دونیا خوڵقێنراوی خودی خۆمە، هەموو شتێک، چ دیار و چ نادیار، خەونێکی فریودەرانەیە، جگە لە ئیرادە چ شتێکی تر بوونی نییە، ئەویش ئیرادەیەکی نابینا، بێ سەرەتا، بێ کۆتایی، بێ ئامانج، سەرەڕۆ، نە ئەقڵی و نە نائەقڵی، بەڵکو هیۆلایی. کاتێک دەکەوێتە چوارچێوەی زەمەن و شوێنەوە، دەبێتە شێوەگەلی بێشومار. ئەم شێوانە دەسڕێتەوە، پاشان شێوەی نوێ دەخوڵقێنێ و هەمدیس دەیانپلیشێنێتەوە و تا هەتا هەتایە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێ. شتێک نییە بەناوی پێشڤەچوون، چارەنووس لەژێر فەرمانی ئەقڵدا نییە، ئایین و ڕەوشت و فیکرە مەزنەکان تەسەللایەکی بێ نرخن و تەنێ بەکەڵکی ترسنۆک و گێلۆکەکان دێن. ئینسانی بەهێز کە ئەمە دەزانێ، ئەوسا بەئارامی ڕووبەڕووی زنجیرەیەک وەهم لەدونیادا دەبێتەوە و بەبینینی دەمامکی چەند شێوە و تەمەن کورتی مایا(*) دڵشاد دەبێ.

ئەی پەیامبەری ئایندەی ئینسانی باڵا، ئەوەی کە پێشتر پێشبینیت کردبوو، هەنووکە بەوێنەی تیۆرییەکی تۆکمە و چنراو وەدیارکەوتەوە و گەیشتە ترۆپکی خەونی قارەمانیی، شاعیر و فەیلەسوف و جەنگاوەر کە پێشتر لەنێو دڵتا بەشەڕهاتبوون بوونە برا، ئیدی زاهیدی جحێڵ، لە مۆسیک و

(*) Maya لەبنەڕەتدا هێزی سیحر و جادووە، لەکۆتایی دونیادا هێزی مایا لەکار دەوەستێ و هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەسڵی خۆی. مایا نە واقیعییە و نە ناواقیعیی، نە بوونە و نە عەدەم، لەهەمان کاتدا نەبوون و عەدەمیشە. مایا مەرزی نێوان وەدیارکەوتنی بوون و دیارنەمانی وییە.



گۆشەگیریی و پیاسە درێژەکانیدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تامی بەختەوەریی چەشت.

جارێکیان کە لەچیا بارانێک بەلێزمە بەسەرتا دای کرد، نووسیت: "واتا ئەخلیاقییەکان بەمن چی؟ ئەمە بکە و ئەوە مەکە بەمن چی؟ برووسکە و تۆفان و تەرزە شتێکی ترن، هێزی ئازاد و خاڵین لەوانەی ئەخلاقی.. چەند بەختەوەر و بەهێزن ئەو قودرەتانەی کە دوورن لەگوشاری فیکر!"

ڕۆژێکیان لە بەهاری جحێڵییدا، کاتێک قەدەر تۆی لەگەڵ مورشیدەکەی ترت، دوای شۆپینهاوەر بەیەک ناساند، ڕۆحت تژیی بوو لەتاڵی و تفتیی. ئەو پیاوە (ڤاگنەر) بوو، پیاوێک کە گەورەترین لەزەتی ژیانی پێ بەخشیت.

ساتەوەختێکی مەزن بوو، تەمەنت بیست و پێنج ساڵان بوو، ڕەوتارت ئارام و بەشکۆ و چاوانت ئاگرین و بەقووڵاچوو. ڤاگنەر تەمەنی پەنجاو نۆ ساڵان بوو، لەترۆپکی هێزدا، تژیی لەخەون و کار، هێزێکی سروشتی بوو کە بەسەر سەری نەوەی نوێدا تەقییەوە. بەجحێڵانی دەگوت: "شانۆیەکم دەوێ تیایدا بەئازادیی بکەومە داهێنان، وەرن و ئەوەم بدەنێ. خەڵکێکم دەوێ لەقسەکانم بگەن، دەی ئێوە ببنە خەڵکی من، یارمەتیم بدەن، ئەرکی ئێوەیە یارمەتیم بدەن، من بەرەو باڵایی بوونتان دەبەم!"

هونەر تاقە ڕێگەی ڕزگاری بوو. ڤاگنەر ئاوها بۆ (شا لویس)ی نووسی: (هونەر لەنومایشکردنی ژیاندا بەشێوەی گەمە، ترسناکترین لایەنەکانی ئەو ژیانە دەکاتە وێنەی جوان. بەو جۆرە بەرەو باڵاییمان دەبا و سەبووریمان دەداتەوە.)

بەوردیی گوێت ڕادەدێرا و وشەکانی مامۆستات دەکردە گۆشت و خوێن و لەپاڵیدا دەجەنگیت. سەرنجی فەیلەسوفانی پێش (سوکرات)تدا، ناکاو لەئەرزەوە، قۆناغێکی گەورە و قارەمانانە لەپێش چاوانت وەدیارکەوت، قۆناغێکی پڕ لە پریشکی بەسیرەت و خەرافەی ترسناک و بیری تراژیدییانە و ڕۆحگەلی خەمین کە هەڵدێریان بەئەفسانەگەلی شادی هێن داپۆشی و بەسەریدا زاڵ بوون. ئێرە ئیدی گریکستانی ئەفسانەیی نەبوو کە مامۆستایانی قوتابخانە بۆیان وێنا کردبووین، بەڵکو سەرزەمینێکی بەختەوەر و هاوسەنگ بوو کە بەئارامییەکی دڵسافانە و زەردەخەنە ئامێزەوە ڕووبەڕووی گریان و مەرگ دەبۆوە. ئەم ئارامییە کۆتایی هات، ئەمەش بەری درەختێک بوو کە کەوتبووە ژاکان. بەر لەئارامبوونەوە، بێ سەروبەریی لە سینگی گریکستاندا نەڕاندی: (خواوەندەکی کێوبی- دیۆنیزیۆس- لەچیا و ئەشکەوتەکاندا، ژنان و پیاوانی بۆ سەمایەکی شێتانە ڕاکێشا. تەواوی گریکستان وەکی مایندادا(*) سەمای دەکرد.

لەنێو تاوی ئەقڵی تراژیکدا، هەنووکە هەوڵت دەدا کەرت کەرتیی خەونەکەت لە گشتێکدا جێگە کەیتەوە، ئاپۆلۆ و دیۆنیزیۆس، دوانەیەکی پیرۆز بوون کە تراژیدیایان هێنایە دونیا. ئاپۆلۆ خەونی هاوئاهەنگی و جوانیی دونیا دەبینێ، بێجووڵە، لەئابلۆقەی ئیندیڤادیۆلییەتی خۆیدا ماوەتەوە، هێور و

(*) Maenad لە ئەفسانەی گریکییدا مایندادەکان لەگەڵ دیۆنیزیۆسدان. تاجی لاولاو بەسرو ڕمی تایبەتی یاخود جام بەدەست و گوزارشتکەری ڕۆحی بەدمەستیین.

دڵنیا لەنێو زەریای بەلرفەی دیاردەکاندا ڕاوەستاوە و چێژ لەو شەپۆلانە دەبینێ کە دەڕژێنە خەونەکانییەوە. نیگای لێوڕێژە لە نوور. تەنانەت کاتێک خەم یان تووڕەیی کۆنترۆڵی دەکەن، هاوسەنگیی مەلەکوتی لەق نابێ.

دیۆنیویۆس گەمارۆی ئیندیڤادیۆلییەت تێکوپێک دەدا. خۆی هەڵدەداتە ناو زەریای دیاردەکان و شوێنپێی شەپۆلە ترسناک و ڕەنگاوڕەنگەکان هەڵدەگرێ. ئیدی ئینسان و دڕندە دەبنە برا، مەرگ لەشێوەی یەکێک لەدەمامکەکانی ژیاندا وەدیار دەردەکەوێ. وەهمی (چەند شێوە) دوو کەرت دەبێ و ئیدی خۆمان ڕووبەڕووی حەقیقەت دەبینینەوە. کام حەقیقەت؟ حەقیقەتی ئەوەی ئێمە هەموومان یەکێکین، هەمووومان پێکەوە خواوەند دەخوڵقێنین، حەقیقەتی ئەوەی کە خواوەند سەلەفی ئینسان نییە، بەڵکو وەچەیەتی.

گریکییەکان لەپاڵ قەڵای ئاپۆلۆدا، لەسەرەتادا هەوڵیان دا شورایەک لەبەردەم ئەم هێزە جڵەو نەبووە دیۆنیزیۆسییەدا هەڵچنن کە لەئەرز و زەریاوە دەهات تا خۆی بگەیەنێتە سەر زەمینی گریکستان، بەڵام نەیانتوانی بەتەواوەتی دیۆنیزیۆس کەویی کەن، ئیدی پاشان پێکەوە بوونە هاوڕێ و تراژیدیایان خوڵقاند.

دێوە دیۆنیزیۆسییەکان لەدڕندەیی دامالران و ویقاری ڕووگیری خەون نوقمی شکۆی کردن، بەڵام دیۆنیزیۆس وەک پاڵەوانی هەمیشەیی و تاقانەی تراژیدیا مایەوە، تەواوی قارەمان و ژنە قارەمانانی تراژیدیا دەمامکی ئەم خواوەندخواوەندەن، ئەوان زەردەخەنە و فرمێسکی ناسکن و بەشکۆی ئاپۆلۆنیی دەدرەوشێنەوە.

پاشان تراژیدیای گریکیی لەناکاو مەحف بوو، شیکاریی لۆژیکانە کوشتی. سۆکرات بەدیالێکتیکی خۆی هۆشیاریی ئەپۆلۆنیی و مەستیی دیۆنیزیۆسییانەی تەفروتوونا کرد. تراژیدیا لەلای یۆریبیدس، لەبری سۆزی خواوەندانە، بۆ ئاستێکی ئینسانیی دابەزی و بووە مەوعیزەیەکی سۆفیستایی بۆ بانگەشەی بیری نوێ. ئیدی جەوهەرە تراژیدییەکە ڕەوییەوە و بزر بوو.

بەڵام مەستیی دیۆنیزیۆسیی وەک خۆی مایەوە و لە سوننەتە نهێنی و ساتەوەختی نەشوە مەزنەکانی ژیانی مرۆڤدا درێژەی بەمانەوەی خۆی دا. بەسەرسوڕمانەوە لەخۆت دەپرسی چما ئایا هەمدیس خۆی لە قەڵافەتی خواوەندییانەی هونەردا دەڕازێنێتەوە؟ ئایا ڕۆحی سۆکراتی- بەواتایەکی تر زانست- هەتا هەتایە دیۆنیزیۆس بەزنجیرکراوی دەهێڵێتەوە؟ یاخود هەنووکە کە ئەقڵی ئینسان پەی بەسنوورەکانی خۆی بردووە، دەشێ شارستانییەتێکی نوێ کە سۆکرات ڕوخساری بێ- سۆکراتێک کە دواجار مۆسیکی دەژەند - وەدیارکەوێ؟

تا ئەم قۆناغە، ئامانجی شارستانییەتی ئێمە بیریاری ئەسکەندەرییە بوو. بەڵام تاجی سەر سەری زانست لەق ببوو، ڕۆحی دیۆنیزیۆسیانە هەمیشە لەڕاچەنیندا بوو. موسیکی ئەڵمانیایی لە (باخ)ەوە تا ڤاگنەر ڕاگەیەنەری ئەو ڕاچەنینە بوو، سپێدەی شارستانییەتێکی تراژیکی نوێ لە وەدیارکەوتنا بوو. تراژیدیا لە ئەزموونی لەدایکبوونێکی تردا بوو، ئیدی چۆن ئەم دونیا وەهمییە، چۆن ئەو بەرەهوتە تاریک



و نوتەکەی شۆپینهاوەر گۆڕا؟ چۆناوچۆنیی هەموو شتە بێ گیان و مردووەکان کەوتنە ناو گەرداوی ڕەخنەی ئەڵمانیاییەوە!

پێغەمبەری جحێڵ هاواری کرد: (بەڵێ هاوڕێیانم! فێربن وەک من باوەڕ بێنن بەژیانی دیۆنیزیۆسی و لەدایکبوونەوەی تراژیدیای دیۆنیزیۆسی. سەردەمی سۆکراتیی کۆتایی هات، ڕمی باخۆس بەدەستەوە بگرن، تاجی لاولاو لەسەرنێن، بوێرن ببنە ئینسانی تراژیک، خۆتان بۆ جەنگی مەزن ئامادەکەن، باوەڕتان بەدیۆنیزیۆسی خواوەندی خۆتان هەبێ!)

ئەی نیچە! ئاوها بوو ئەو ئومێدگەلەی کە لەسەر کارەکانی ڤاگنەر هەڵت چنیبوون.

شارستانیی تراژیدیایی نوێ لە ئەڵمانیاوە هەڵدەقوڵێ. ئەسخیلۆسی نوێ زرپ و زیندوو لەپێش چاوانتا دەجەنگێ، وی سەرگەرمی ئەفراندن و دەیخواست کۆمەکی بکەین.

بەڵام پێشبینییەکانی تۆ چ وەڵامێکی نەورووژان. لێکۆڵەرەوان تەحقیریان دەکردیت و نەوەی نوێش بێ جووڵە. گینگڵت دەدا و گومان چنگی بەبوونتا دەکرد، بەڕادەیەک کە ئیدی کەوتیتە گومان لەوەی ئینسانی هاوچەرخ بگاتە باڵایی، نەخۆش کەوتیت و قوتابییەکانیشت لەزانکۆ دەسبەردارت بوون.

ئازارێک دڵی دەگوشیت، شاعیرەکەی ناخت هەڵدێرەکەی بەگوڵی هونەر دەپۆشاند، بەڵام فەیلەسوفەکەی ناخت کە بەبەهای مەرگ ئارەزووی فێربوونی هەبوو، ڕقی لەهەر تەرزە ئارامییەک بوو بەئارامیی هونەریشەوە. یەکەمیان- شاعیرەکە - دەیخوڵقاند و ئومێدی دەژیانەوە، دووەمیشیان - فەیلەسوفەکە - ڕاڤە و شیکاریی دەکرد و نائومێدیی دەژیانەوە. ئەقڵی ڕەخنەییت بتەکانی دەشکاند، هەمیشە لەخۆت دەپرسی: (هونەری ڤاگنەر چ بەهایەکی هەیە؟ هونەرێکی بێ شێوە و بێ باوەڕ، ئەوە چ نەبوو جگە لە سۆفیستاییەکی بەتاڵ لەسەرمەستی و نەجابەتی پیرۆز، ڕێک وەک هونەرەکەی یۆریبیدس، هونەرێک کە تەنێ بەکەڵکی خەڵکانی فێدار و تەڵەکەباز و پەککەوتوو دێ!) هەنووکە نیمچە خواوەندەکەی تۆ بۆ مەرزی مرۆڤێکی ڕیاکار هاتبووە خوار، فریوی دابوویت، لەسەر بەڵێنی خۆی نەبوو، هەنووکە کاری لەسەر بابەتە مەسیحییەکان دەکرد و (پارسیفاڵ)(*)ی دەنووسی. قارەمان- هەمان ئەو کەسەی بەڵێنی دا ئەفسانەی نوێ بخوڵقێنێ و پڵنگی ئەقڵ بەگالیسکەکەی دیۆنیزیۆسەوە ببەستێ- تێکوپێکشکاو و لەبەر پێی خاچدا کەوتبوو.

هونەر حەقیقەتی ترسناک بەوێنەی جوان جوان دەپۆشێ، هەر بۆیە دەبێتە تەسەللای ترسنۆکان. ئەمە بوو هاواری تازەی تۆ، بەڵام ئێمە چیمان کردبا؟ دەبێ حەقیقەت بدۆزینەوە گەر ئەو دۆزینەوەیە بەبەهای وێرانبوونی دونیاش بێ!

ئەم هاوارە نوێیە، پێچەوانەی هاواری یەکەم بوو. ڕەخنەگرەکەی ناخت بەسەر شاعیردا سەرکەوت و حەقیقەت جوانی کۆنترۆڵ کرد. بەڵام هەنووکە شۆپینهاوەریش نەیدەتوانی برینی خواستە زەینییەکانت هەتوان کات، بەڵکە ئیرادەی دەسەڵات بوو، ژیان بەتەنێ ئیرادەی ژیان نەبوو، ژیان بەتەنێ بەپاراستنی

(*) Parsifal ئۆپرای پارسیفالە ستایشی مەسیحییەت و بەزەیی و ئەڤینی عاریفانەدا.

خود داناسەکنێ، بەڵکو ئارەزووی لەپاوانخوازی و کۆنترۆڵکردنە.

هونەر چیدی ئامانجی ژیان نەبوو، بەڵکو پشوویەکی کەمخایەن بوو لەجەنگی ژیاندا. مەعریفە باڵاتر لەشیعر و سۆکراتیش گەورەتر لەئەسخیلۆس. گەرچی حەقیقەت مەرگبارە، بەڵام لەدرەوشاوەترین و بەسەمەرترین درۆکان باڵاترە. بەدڵێکی شکاو و جەستەیەکی نەخۆشەوە، دەرگا بەدەرگا و کێو بەکێو دەگەڕایت، گەرما لەپەلوپۆی خستبوویت، بەفر چاوانتی دەبرژانەوە، ئەعسابی بەر قامچی دابوویت، بەهۆی بێ خەوییەوە خووت بەبەکارهێنانی ماددەی هێورکەرەوەوە گرت، لە ژووری سارد و ناخۆش و پەڕپووتدا دەژیایت، بەڵام بەشانازییەوە دەتگوت: (ئینسانی نەخۆش بۆی نییە نەفرەت لەژیان کا!) سروودی خۆشنوودی و لەشساخی، سرک و درەوشاوە لەناخی ئازارەکانتەوە هەڵدەقوڵی.

هەستت دەکرد تۆوێکی مەزن لەناختا شین دەبێ و هەناوت دەجوێ. ڕۆژێکیان لەئەنگادین پیاسەت دەکرد، لەناکاوێکڕا ڕاوەستایت، کاتێ بیرت لەوە کردەوە کە زەمەن بێ سنوورە و ماددەیش سنووردار، ترس سەراپاتی لەخۆگرت. بۆیە دەبێ بەناچاریی ساتەوەختێکی نوێ بەڕێوەبێ کە تەواوی پێکهێنەرەکانی ماددە، ڕێک وەکی پێشوو، هەمدیس لەدایک ببنەوە. دوای هەزاران سەدە، کەسێکی وەک تۆ – لەڕاستیدا خودی تۆ– هەمدیس لەسەر هەمان ئەم گردۆڵکەیە ڕادەوەستێ و هەمان بیرۆکەی بۆ دێ، ئەمە تەنێ یەک کەڕەت ڕوونادات، بەڵکو ژمارەیەکی بێشومار جار. بەم جۆرە چ ئومێدێک نییە بەئایندەیەکی باشتر، چ ڕزگارییەک لەگۆڕێ نییە، بۆ هەتا هەتایە و بەهەمان جۆر و بەشێوەیەکی یەکسان بەدەوری ڕەوڕەوەی زەمەندا دەسووڕێینەوە. بەم ڕێگەیە، تەنانەت زوو تێپەڕترین شتەکانیش بەنەمریی دەگەن و ناچیزەترین کردارەکانمان گرنگییەکی لەڕادەبەدەر وەدەس دێنن. لەنەشوەی ئازاردا غەرق بوویت. گەڕانەوەی نەمریی، مانای ئەوەبوو کە عەزابی تۆ بێ کۆتایی و عەزابی دونیاش بێ چارەسەر، بەڵام غروری زاهیدانەت هانی دایت بەخۆشنوودییەوە دەرگا بەڕووی شەهادەتدا والاکەیت.

بەخۆت دەگوت: "دەبێ کارێکی نوێ بخولقێنرێ، ئەرکی منە بیخولقێنم تا ئینجیلێکی تر بەبەشەرییەت ڕاگەیەنم. بەڵام لە چ قاڵبێکدا؟ سیستەمی فەلسەفی؟ نا! ئاخر فیکر دەبوو بەسەبکی غەزەل سەرکا. داستان؟ پێشبینی؟ لەناکاوێکڕا فۆرمی زەردەشت لە زەینتدا پرشنگی دا.

لەمیانەی ئەم ئازارە چێژبەخشەدا بوو کە (لوسالوم) تۆی بینی. ئەم سلاڤە ئاگرینە بەزەینێکی تژیی لەورووژان و کونجکاوییەوە لەبەرامبەر تۆی شەهیدی گەورەدا کڕنۆشی برد و لەدڵەوەڕا گوێی بۆ ڕادێرایت، تۆ سەخاوەتمەندانە ڕۆحی خۆت پێ دا، ئەوێکیش کە هەرگیز تینوێتی نەدەشکا، بەزەردەخەنەوە تا دوایین دڵۆپی لێ نۆشی. چەند ساڵێک دەبوو دەروازەی دڵت بەئاوها دڵنیاییەکەوە نەکردبۆوە، بلێسەی تین و تاو و سەمەرێک کە ژنان لە ڕۆحی ئێمەدا پێی دەکەن، لەڕۆحتا پێ نەببوو. هەستت کرد دڵت لەژێر زرێ جەنگییەکەتا دەتوێتەوە. ئەو دەمە و ئێوارەیەی خۆت کرد بەهۆدە زاهیدانەییەکەتا، بۆ یەکەمین جار فەزای ژیانت بۆنی ژنی گرت و ئەو بۆنەت تا قوڵایی ڕۆحت هەڵمژت.

ئەی زاهید، شیرینترین ڕاچەنین تا ئەو چیایانەی کە پەنات تیایاندا گرت بەدواتا هاتن. بەئارامی چاوەڕێی گەیشتنی نامەی ئەو ژنە بوویت. ڕۆژێکیان چوار بەیت شیعری بۆ ناردیت، تۆیش هەروا کە وەک کوڕێکی تەمەن بیست ساڵان دڵت وەخورپەکەوت، لەژێر دار سنەوبەرە لاکەوتەکانا کەوتیتە



خوێندنەوەی:

ئەسیری دەست و چاوانی تۆ
لەکوێوە دەتوانیت هەڵبێیت؟
گەر ببمە ئەسیری تۆ، ناخوازم هەڵبێم
پێم وانییە تەنێ بەوێرانکردنەوە بوەستیت
دەزانم تۆ بەسەر هەموو مەخلوقێکی زەمینیدا تێدەپەڕیت
چ شتێک لەسەر عەرد نامێنێ دەستی لێوە نەدەیت
ژیان بەبێ تۆ جوان دەبێت
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا... تۆ زۆر شایستەی ئەوەیت بژیت.

پاشان یەکسەر ڕۆژانی شومی جودایی هاتن، ئەو ژنەت تۆقاند، دەتگوت دارستانێکیت شەوت بەسەردا هاتبێ. لەو تاریکاییەی تۆدا، ئەو ژنە نەیتوانی خواوەندی چکۆڵە ببینێ کە زەردەخەنەی بۆ دەکرد و قامکی نابووە سەر زاری. سەرلەنوێ شەهید بوویتەوە، نەخۆشی و گۆشەگیری و بێدەنگی، لەدرەختێک دەچوویت لەژێر باری میوەدا چەمابێتەوە و خواخوای دەسگەلێکی بێ، بێن و میوەکانی بڕنن. چەندێک لەوسەری ڕێگەکان دەوەستایت و لەشارەکانی ئینسانت دەنۆڕی، کەچی کەسێک نەهات. لەگۆشەگیریتدا هاوارت کرد: "چما چ کەسێک نییە خۆشی بوێم؟ چ کەسێک نییە سووکایەتی و گاڵتەم پێ بکا؟ کوانێ کلێسا نەفرەتەکانیم بەسەردا دابارێنێ؟ کوانێ دەوڵەت سەرم بپەڕێنێ؟ من هاواردەکەم و هاوار دەکەم، ئەرێ کەس گوێی لێم نییە؟"

بەڵام لە تەنهایی و لەم هیجرانی یارەدا، ئومێدێکی نوێ لەناوەوەتڕا پرشنگی دا– تۆوێکی نوێ، سۆپەرمان – سۆپەرمان بوو کە ئامانجی دونیای پێک دەهێنا، ئەو بوو کە ڕزگاریی لە لەپی دەستی دا و ئەو بوو وەڵامی پرسیارە دێرینەکانتی دەدایەوە، وەڵامی ئەو پرسیارەی کە چما دەکرێ ئینسانی هاوچەرخ بەباڵایی بگات؟ بەڵێ دەشێ، ئینسان دەتوانێ بەباڵایی بگات، مەسیح ئەم باڵییەی بەئینسان نەدەدا، وەک ئەوەی ڤاگنەر لە کارە نوێیەکەیدا وەعزی بۆ دەدا، بەڵکو لەڕێگەی خودی ئینسانەوە، لەڕێگەی فەزڵ و هەوڵەکانی ئۆرستۆکراتییەتی نوێوە ئینسان دەیتوانی سۆپەرمان وەدیبێنێ. گەڕانەوەی نەمریی چنگی لەگەرووت نابوو، سۆپەرمان(*)ێکی نوێ بوو کە دەیتوانی بەسەر ترسی ژیاندا زاڵبێ. هونەر نا، بەڵکو هێز. ئەی دۆنکیشۆت، تۆ خواوەندت بەئاشێکی هەوایی زانی و کەوتیتە وێرانکردنی.

هاوارت کرد: "خواوەند مرد!" وات گوت و ئێمەت هێنایە لێواری خەرەند. تەنێ ئومێدێک هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئینسان پێویستە لە سروشتی خۆی ئەولاوەتر بڕوا و سۆپەرمان بخولقێنێ، ئەمە ئەو کاتەیە کە ئیدارەی تەواوەتی و ڕێکخستنی سەراپاگیریی کەونی دەکەوێتە ئەستۆ و گوڕی هەڵگرتنی

(*) Chimera ئاژەڵێکی خەیاڵیی لە شێر و بزنە مێ دەچوو، هەندێ جار لەشێوەی ئاژەڵێکدا بەسەری شێر و لەشی بزن و کلکی هەژدیها بەرجەستەیان دەکرد، هەندێ جاری تریش بەسەری شێر و سەری بزن.

ئاوها ئەرکێکی دەبێ. خواوەند مرد و عەرشەکەی چۆڵ و هۆڵ، ئێمە لەجێگەکەی دادەنیشین. چما ئیدی هەنووکە ئێمە لەدونیادا تەنهاین؟ چما ئاغاکەی سەرێ مردووە؟ باشتر، لەمەولا کار دەکەین، نەک لەبەرئەوەی ئەو ئەمرمان پێ دەکا، نەک لەبەر ئەوەیش کە لێی دەترسین یان ئومێدمان پێیەتی، بەڵکو لەبەر ئەوەی خۆمان دەمانەوێ کار بکەین.

(گەڕانەوەی نەمریی) چۆڵوهۆڵ بوو لەئومێد و سۆپەرمانیش ئومێدی مەزن. ئەدی چۆناوچۆنی دەتوانرێ ئەم دوو دژە ئاشت بکرێنەوە؟ ئەمە ئازارێکە بەدەر لەوەسف. لەو کاتەوە بەدوا ڕۆحت بەسەر گەرداوی دێوانەییەوە باڵی لێک دەدا، زەردەشت تەنێ وەک هاوارێک مایەوە، ئەم شیعرە تراژیکەت بەنیوەناچڵی جێ هێشت و هەنووکە هەوڵت دەدا بەشێوەیەکی زانستی بیسەلمێنیت کە جەوهەری ژیان ئیرادەیە بۆ قودرەت.

هاوارت کرد: (ئەوروپا لە نغرۆبووندایە، دەبێ گوێ بۆ پرەنسیپی توندوتیژانەی ڕابەرەکانی ڕادێررێ، ڕەوشتی باوی ئەمڕۆ ڕەوشتی کۆیلەکانە، پیلانێکە لاوازەکان دژی بەهێزان چنیویانە، مێگەل دژی شوان هۆنیویانەتەوە، کۆیلەکان موزیرانە بەهاکانیان بۆ سوودی خۆیان ئاوەژوو کردۆتەوە، بەهێز بووەتە خوێڕی و لاواز و نەخۆشیش بوونەتە چاک. ئاخر ئەو کۆیلەگەلە بەرگەی عەزاب ناگرن، ئەوانە مرۆدۆست و مەسیحی و سۆسیالیستن، تەنێ سۆپەرمانە دەتوانێ دەستووری نوێ دارێژێ و ئامانجی باڵاو نوێ بەجەماوەر ببەخشێ.)

ماهییەتی ئەم ئامانجە، ڕێکخستنی گونجاوی خەڵکانی ڕیزپەڕ و ڕەشەخەڵک، ڕۆڵی جەنگ لەم قۆناغە تراژیکییە نوێیەی مێژووی ئەوروپادا، ئەمانە لەو کێشانە بوون کە لە دوایەمین ساڵانی لەشساخیتدا شەکەتیان کردبوویت، کاتێک نەتتوانی چارەسەریان بکەیت، هەمدیس سەرلەنوێ خۆت بۆ قەسیدە دیۆنیزیۆسیسییەکان تەرخان کردەوە. ئیدی بەڕەشبینییەکی تاڵەوە سترانی خۆت چڕی:

خۆر ڕۆدەنیشێ
ئیدی تینوێتیی زۆرت بۆ ناهێنێ
ئەی دڵی سووتاوم
ئەمڕۆ تەڕوبڕییەک هەیە لەفەزادا
هەست بەهەناسەی نێو زاری نەناسان دەکەم
سەرمای مەزن بەڕێوەیە.
هەوا سەیر و پاکژە
چما ئەمشەو
سەرنجێکی گاڵتەجاڕانە و فریودەرانەی نەدام؟
ئەی دڵی ئازای من... هەر بەهێز بە مەپرسە بۆ!
ئەمە ئێوارەی ژیانمە



خۆر ڕۆدەنیشێ.

ئەوەی ئینسان مۆڵەتی بینینی نییە، تۆ بینیت. لەودیو حەوسەڵەی ئینسان و لە لێواری خەرەندا سەمات کرد و پاشان تیایدا نوقووم بوویت.

تاریکی بەخێرایی ئەقڵی کۆنترۆڵ کردیت، ئەم تاریکاییە، یانزە ساڵ، تا کاتی مردنتی خایاند. هەندێ جار کتێبێکت بەدەستەوە دەگرت و دەتپرسی: (منیش کتێبی نایابم نووسی... وایە؟) کاتێ وێنەی ڤاگنەریان پیشاندایت، گوتت: (ئەم پیاوەم زۆر خۆشدەویست!)

***

هەرگیز هاوارێکی لەمە جەرگبڕتر لە سینگی ئینسانەوە بەرز نەبۆوە، هەرگیز بەئاوها توندوتیژییەکەوە ژیانی قەدیسێک نەژیابووم، تەنانەت ئەوەم لەمناڵێتیشدا، کاتێک ئەفسانە پیرۆزەکانم موتالا دەکرد، تەجروبە نەکردبوو. پێم وایە دوای کۆتایی هاتنی دیدەنییەکەم لەجەلجەتای نوێ و گەڕانەوەم بۆ پاریس، دڵم بەر لەزەینم گۆڕابوو. بەئاوها توندوتیژییەکەوە عەزابەکانی ئەم شەهیدە گەورە و بێ ئیمانە ژیابووم. هەروا کە ئاسەواری شوێنپێ خوێناوییەکەیم هەڵدەگرت، زامە دێرینەکانم بەجۆرێکی وا دەکولانەوە کە شەرمم لە ژیانی ڕێک و تۆکمە و ترسنۆکانەی خۆم دەکرد، ژیانێک کە ئازایەتی ئەوەی نەبوو پردەکانی دوای خۆی وێران کا و بەتاقی تەنێ بەرەو گۆڕەپانی ئازایەتی و نائومێدی ڕەها بڕوا. ئەدی ئەم پێغەمبەرە چی کردبوو؟ داوای لێ کردین بەپلەی یەکەم چ بکەین؟ پێی گوتین حاشا لە تەواوی تەسەللاکان کەین، حاشا لە خواوەندەکان، لە زێدی باوان، لە ئەخلاق و لە حەقیقەتەکان. لەو کاتەیدا کە تەنها و بێ هاودەم دەمێنینەوە، جگە لە توانای خۆمان پەنا بۆ چ شتێکی تر نەبەین و بکەوینە فۆرمۆڵەکردنی دونیایەک کە دواجار دڵمانی پێ شەرمەزار نەبێ. خەتەرناکترین ڕێگە کامەیە من ئەوەیانم دەوێ. گەرداو لەکوێوە بێ ڕێگەی من بەرەو ئەوێیە. ئازایانەترین لەززەت چییە؟ بریتییە لەقەبووڵکردنی بەرپرسیارییەتی تەواو!

هەروا کە بەژێر داربەڕووەکانی پاریسدا، یاخود بەکەناری ڕووبارە بەناوبانگەکەیدا پیاسەم دەکرد، هەندێ جار لەناکاوێکڕا سێبەرەکەی ئەوم لەپاڵ خۆمدا هەست پێ دەکرد، تا خۆرئاوابوون بێدەنگ لەپاڵ یەکدا دەڕۆیشتین، هەمیشە تەنگەنەفەس و بۆنی گۆگردی لێ دەهات، وا دەهات بەخەیاڵمدا لە دۆزەخ گەڕابێتەوە. هەناسە لەسینەمدا گیرا و کەوتمە هەناسەبڕکێ، بەڵام چی دی نەدەجەنگاین، هەنووکە ببووینە هاوڕێ، تەماشای دەکردم و ڕوخساری خۆمم لەبیلبیلەی چاوانیدا بینی، هەرچۆنێک بوو عەزابێکی بەچێژ بوو، هەموو کێشەو گرفتەکانی بۆ گواستبوومەوە، لەپاڵ ویدا شەڕی خۆم بۆ هاوڕەنگکردنی ناهاوڕەنگ دەسپێکردبوو- ئاشتکردنەوەی ئومێدی ڕەها لەگەڵ نائومێدیی ڕەها و کردنەوەی دەرگایەک بۆ ئەوسەری ئەقڵ و یەقین-.

ئێوارەیەکیان کاتێک خۆر لەئاوابووندا بوو، دەمانویست لەیەکتر جیابینەوە، ئەوێک کە هەرگیز لەگەڵمدا نەدەدوا، ڕووی تێ کردم و گوتی: "منم دیۆنیزیۆسی لەخاچدراو، منم نەک ئەو..." دەنگی تژیی بوو لە حەسەد و ڕق و ئەڤین.

ڕۆژی دواتر کە گوێم بۆ دەنگە ئەفسووناوییەکەی بریگسۆن ڕادێرا، دڵم هێوربۆوە. وشەکانی سرووتێکی ئەفسووناویی بوون کە دەرگایەکی چکۆڵەیان لەقوڵایی تاریکیدا وا لێ دەکرد و لێدەگەڕان ڕووناکی بۆ دەرەوە بڕژێ. بەڵام زام و خوێن و ئاه وناڵەی مەزن، تەواوی ئەو تۆخمانەی کە جحێڵی وەک تۆخمی ئەفسوونکار دەیانبینێ، بزربوون. ئیدی خووم بەوەوە گرت بچمە دەرەوە و هەمدیس لەژێر داربەڕووەکاندا بکەومە پیاسە، تا ئەو کەسەی تر ببینم، ئەو کەسەی کە بریندار دەکات.

ئەو ڕۆژانە هەرگیز زام بەقووڵیی ڕۆنەچووە بوونمەوە، دەبوومە شەریکە ئازاری، بەڵام بەتەرزێکی ڕووکەش، هەروەکی قەدیس فرانسیسکۆس، کاتێک کە پێغەمبەری کێوی برینێکی ناسۆر لەجەستەی پەیدا دەبوو، ئێشی برینەکەی دەگەیییە جەستەی منیش، پێستم ڕەش و شین هەڵدەگەڕا، هەر ئەوەندە و تەواو. دواتر بوو زامەکانم دەمیان کردەوە، واتە ئەو کاتەی کە مەلایکەتی عەزاب - وەک ئەوەی کە وی پێشبینی کردبوو- بەسەر خەڵکیدا دابەزی. بەڵێ، بیرم دێتەوە دواتر، دوای چەندین ساڵ لە لەندەن، هەمدیس وەرزی پاییز بوو، لە باخێکدا لەسەر سەکۆیەک دانیشتبووم، فەزا لێوالێو بوو لەترس. سۆپەرمان لە گۆشەیەکی دونیادا لەدایک ببوو، بەورێکی چنگ بەخوێن لەجێگەیەکی ئەم دونیایەدا پێی وابوو کە وی سۆپەرمانە، ئیدی لەلانەکەیدا خۆی بۆ دابین نەدەکرا و تاسەی دەسەڵاتخوازیی قۆرخی کردبوو. جەنگیزخان ئەنگوستیلەیەکی ئاسنینی کردبووە پەنجە کە ئەم وشانەی لەسەر هەڵکۆڵرابوو: (ڕاستی ڕوستی) واتە (هێز حەقە). سەدەی ئێمەیش هەمان ئەنگوستیلەی کردبووە پەنجە. دێوی سەردەمەکەی ئێمە لەو پادشا ئەفریقاییە ئەفسانەییە دەچوو کە لەگەڵ دوازدە ژن و دوازدە گۆرانیبێژ و بەبیست و چوار بەرمیل شەرابەوە بۆ بەرزترین قەڵا لەقەڵاکانی سەردەکەوت، ئەم پادشایە درێژ وەک بورج و قەڵەو وەک بەراز و کوڵکن بوو وەکی مەیموون، تەواوی شار لەسەما و گۆرانیدا دەکەوتە لەرزە، کوختە دێرینەکان دەڕووخان. پادشا سەرەتا سەمای دەکرد، پاشان کە شەکەت دەبوو لەسەر بەردێک دادەنیشت و دەیدایە قاقای پێکەنین، کە لەپێکەنین ماندوو دەبوو، ئەوسا دەکەوتە باوێشکدان و هەر بۆ سەرگەرمیی خۆی، یەکە یەکە ژن و گۆرانیبێژ و بەرمیلی بەتاڵی شەرابەکانی لەقەڵاکەوە فڕێ دەدایە خوارەوە، بەڵام بەوەشەوە هێشتا هەر دڵی هێور نەدەبۆوە و ئیدی دەکەوتە لاواندنەوەی ئێش و ئازاری لە سەبووریی نەهاتووی پادشایان.

منداڵێکی ڕۆژنامەفرۆش هات و بەدەنگی بەرز دوا هەواڵەکانی جەنگی دەخوێندەوە، خەڵکی لەشەقامەکاندا دڵیان لە مستیاندا بوو، وا پێ دەچوو دڵیان لە لێدان کەوتبێ، هەندێکیان بەپەلە ڕێگەی ماڵەوەیان دەگرتەبەر، وەک ئەوەی بیانەوێ دڵنیابن لەوەی کە هێشتا منداڵەکانیان زیندوون!

تارماییەک هات و لەلامەوە دانیشت، کە سەیریم کرد لەرز دایگرتم، خۆی بوو. ئەوە کێ بوو ئەو کەسەی هاواری کرد: جەوهەری ژیان بریتییە لەپەرۆشبوون بۆ پاوانخوازیی و کۆنترۆڵکردن. تەنێ قودرەتە کە شایانی حەقە؟ کێ پێشبینیی سۆپەرمانی کرد و لەگەڵ پێشبینیکردنیدا لەگەڵ خۆیدا هێنای؟ سۆپەرمان هاتبوو، پێغەمبەرە ترسنۆکەکەشی لێرە بوو، هەوڵی دەدا خۆی لەژێر پاییزە درەختێکدا وەشارێ. ئەوە ئەووەڵین جار بوو هەستم بەئاوها هاوسۆزییەکی تراژیکییانە لەگەڵیدا دەکرد، چونکە



یەکەمین جار بوو بەڕۆشنی دەمبینی کە هەموومان شمشاڵی شوانێکی نادیارین، فوومان پێدا دەکا و نەغمە خۆشەکەی خۆیمان پێ دەژەنێ، نەک ئەو نەغمەیەی خۆمان حەزمان بەژنەفتنییەتی.

لەچاوانی بەقووڵاچوو، برۆی پڕ و سمێڵە شۆڕەکەیم ڕوانی و بەئەسپاییی پێیم گوت: "سۆپەرمان هاتووە، ئەمە ئەوەبوو کە تۆ دەتویست؟"

وەک وەحشێکی بریندار کە لەهەوڵی خۆحەشارداندا بێ، خۆی گرمۆڵەکرد، دەنگی پڕ لەشانازی و ئازاراوی لەو دونیای ترەوە دەنگی دایەوە: "بەڵێ!"

لەو کاتەدا هەستم دەکرد کە چۆن دڵی شەقار دەبێ.

- "تۆ ئەوەت چاند، ئەلعان بنۆڕە چیت دووریوەتەوە... ئەمەت پێخۆشە؟"

هەمدیس لەو دونیای ترەوە هاوارێکی نائومێدانە و بەسوێ بەرز بۆوە: "بەڵێ!"

ئەمجارەش تەنها کەوتمەوە و لەسەر سەکۆکە هەستام تا باخەکە جێ بێڵم. ڕێک لەو ساتەدا بۆمب هاوێژێک بەئاسمانی ئەو شارە تاریکەوە گرماندی، فڕۆکە بوو، فڕۆکەیەک کە لیۆناردۆ داڤینشی لەشێوەی باڵندەیەکی قاقزینی میهرەباندا مەزەندەی دەکرد کە لەکاتی هاویندا، بەفر لەدوندی بەرزی چیاکانەوە هەڵدەگرێ و بەسەر شارەکاندا دەیپرژێنێ تا فێنکیان کاتەوە، ئەلعانیش بەباری بۆمبەوە بەژوور سەرمانەوە تێدەپەڕی. بیرم کردەوە بەهەمان شێوە - لەکاتێکدا کە هێشتا پێغەمبەری ئاشتیخوازی جەنگم لەزەیندابوو- ئەندێشەکان هەروەک بولبولانی سپێدە، لەزەینی ئینسانەوە بەرز دەبنەوە، بەڵام هەر کە سەرنجی چاوچنۆکانەی مرۆڤیان بەردەکەوێ، ئیدی دەبنە دەعباگەلی برسی و مرۆخۆر. ئەم پێغەمبەرە بەدبەختە، نائومێدانە هاواری نارەزایەتی لێ بەرزدەبێتەوە کە: (ویستی من ئەمە نەبوو!) بەڵام دەعباکان بەهەرا و زەناوە بەژوور سەریدا تێدەپەڕن و بەنەفرەتی دەکەن.

لەم ساتەوەختە برسی و قەیراناوییەی جحێڵیمدا، نیچە خۆراکێکی بەهێزی وەکی خۆراکی شێری دەرخوارد دابووم. ئاخر من لەناز و نیعمەتدا گەورە ببووم، ئەلعانیش هەم ئینسانی هاوچەرخ کە خۆی لە هەلومەرجێکی نەویدا بینیبۆوە و هەم مەسیح کە ئینسان نەوی کردبۆوە، لە هەلومەرجێکی زۆر سنووردادا بوو. لە توڕەییدا هاوارم کرد: ئاخ لە دەغەڵبازیی مەزەب کە پاداشت و سزای حەواڵەی ئاخیرەت کردووە تا ترسنۆک و کۆیلە و خەمینان تەسەللا بداتەوە کە بەئارامییەوە سەر بۆ ئاغاکانیان نەوی کەن و بێ هیچ ئاخ و ئۆفێک بەرگەی ژیانی ئەم دونیا بگرن. چ بازاڕێکی جوولەکانەیە کە لەم دونیا فلسێک دادەنێیت و لەو دونیا هەزارەها فلس(*) وەردەگریت، چ دەغەڵبازی و بەرتیلخۆری و حەماقەتێکە. نەخێر، ئەو ئینسانە ئازاد نییە گەر بەهیوای بەهەشت بژێ و زەندەقی لە دۆزەخ چووبێ. ئای چەند شەرمەزارین گەر ئاوها لەمەیخانەکانی ئومێد و ژێرزەمینەکانی ترسدا سەرگەرمی مەست بوون بین. چ ساڵانێک ژیابووم و لەمە نەگەیشتبووم، دەبوو پێغەمبەری وەحشی بێت و چاوانم بکاتەوە.

(*) لە دەقەکەدا "فارزەنگ" بەکارهاتووە کە پارەیەکی بەریتانییە و بەهایەکی زۆر کەمی هەیە و ئاماژەیە بۆ هەر شتێ کە ناچیزە و بێنرخ بێ.

تا هەنووکە بەڕێوەبردنی تەواوی ئینسانمان بەخودا سپاردبوو. چما دەکرا نۆرەی ئینسان بۆ لەکۆڵگرتنی بەرپرسیاری- نۆرەمان بۆ خولڵقاندنی دونیایەکی تایبەت بەخۆمان، بەئارەقەی نێوچەوانمان- هاتبێ؟ شنەیەکی ئەهریمەنانەی سەرچڵی لەمابەینی لاجانگەکانمەوە هەڵی کرد. هاوارم کرد: کاتی ئەوە هاتووە کە ئینسان دەبێ تەواوی خەون و ئومێدەکان بەگیان قەبووڵ کات و بێ ئەوەی چاوەڕێی کۆمەکی خواوەند بێ نەزم و نیزام لەتێکەڵپێکەڵیی هەڵگۆزێ. بەواتایەکی تر، تێکەڵپێکەڵیی بگۆڕێ بەکەونێکی هائاوهەنگ. دەبوو پارێزگاری بەئازادیی شەخسیی خۆمانەوە بکەین و بەهێز و خۆگرتوو لەسەری بمێنینەوە، تا بەڵکو ئەو ساتە وەختەبێ کە هاوارە بێدەنگەکان دەکەینە پەیامێکی ساکار و دروست، دەیکەینە هەوڵێکی مژدەبەخش و لەم شەپۆڵە جیهانگیرییەی ئێستادا، خۆمان لەسەر پێی خۆمان دەبینین.

ئەم مژدەیەم وەک نەغمەیەکی دوور و یەکەمین شنەی بەهاریی ژنەفت. دڵم لەداربادام دەچوو، ئەو درەختەی کە زستان سەرگەرمی قامچی لێدانێتی و ئاسمانەکەی ژوور سەریشی تاریک، کەچی هەر لەگەڵ وەرگرتنی ئاماژەی نهێنیی هاتنی بەهاردا، شەلاڵ دەبێ لە شکۆفە و لەبەر چاوانماندا وەدیاردەکەوێ. ئەم درەختە زستانانیش نوقمی شکۆفەیە، گەرچی لەبەر بارێزەشدا دەلەرزێ، دڵی شکۆفەکردووی منیش دەلەرزی. دەشێ بارێزەیەک هەڵبکا و هیچی پێوە نەهێڵێ، بەڵام قەیدی ناکا، وی ئەرکی خۆی بەئەنجام گەیاندووە. پڕ بەگەرووی هاواری کردووە کە بەهەرتک چاوانی خۆی بەهاری بینیوە.

شەوێکیان خەونێکم بینی. لەسەراپای ژیانمدا خەون هەمیشە ڕێنوێنێکی بەڵەد بووە، تەواوی کێشە و گیروگرفتێکم کە لە حاڵەتی بێداریدا ئەقڵیان ئازار داوم و لەدووی ڕێگەچارەیەکی ساکار و دڵنیابووم بۆیان، لەخەونەکانمدا یەکلایی بوونەتەوە. ئاخر خەونەکان کاژی زیادەگەرییەکان لەخۆ دادەماڵن و دەبنە کاکڵەیەکی ساکار و ئیدی ئەم کاکڵەیەش ئازاد دەبێ. لەتەواوی ئەم ماوەیەدا، وەک (سان سیباستیان) ببوومە جێنیشانەی تیرەکانی ئەم دوا پێغەمبەرەی (گەڕانەوەی نەمری). زەینم لەمیانەی تاریکییەک کە کۆنترۆڵی کردووین و دەمانتاسێنێ، بێ هوودە هەوڵی دەدا تا بناغەی ئەرکی ئینسان بدۆزێتەوە. پاشان شەوێکیان خەونێکم بینی، وا پێ دەچوو لەکەناری زەریا ڕاوەستابم و لەدوور بنۆڕم. ئۆقیانووس شینێکی شەبەق ڕەنگ و لێوانلێو لە ترس و تووڕەیی، ئاسمانیش ڕەش و قورس و ترسناک، چ شنەیەک نەدەهات، بێدەنگی و یەک ڕیتمیی ترسناک بوون، خەریک بوو هەناسەم لەبەر دەبڕا، نەمدەتوانی هەناسە بدەم، کوتوپڕ چارۆکەیەکی سپی و تەنک لەو دەلاقە تەنگەوە کە هێشتا لەنێوان زەریا و ئاسماندا بوو درەوشایەوە. بەلەمێکی چکۆڵە لەمیانەی هێمنییەکی تاسێنەردا لەنێوان ئەو دوو تاریکییەدا پرشنگی دەدا و بەخێراییەکی شێتانە دەهاتە پێش. چارۆکەکەی هێند پڕ لە هەوا بوو کە خەریک بوو دەدڕا. دەستم بەرەو لای ڕایەڵکردو هاوارم کرد: (وای دڵم!) وام گوت و ئیدی خەبەرم بۆوە.

ئەو خەونە یارمەتییەکی فرەی لە ژیاندا داوم، مایەی شەرمەزاری بوو کە نەمدەتوانی بەدوای باوکی ئومێدو نائومێدکەردا بگەڕێم و لە مانای شاراوەی خەونەکەم خەبەری بدەمێ. چما ئەدی ئەمە هەتوان نەبوو بۆ سارێژکردنی تەواوی نیگەرانییەکانی؟ مەگەر ئەوە نەبوو کە لەمیانەی نائومێدیی ڕەهادا کۆمەکی



لەم بەلەمە بێ پەروایە دەخواست؟ ئەم بەلەمە بێ پەروایەی کە بە(با)ی خۆی دەڕۆیشت و خاوەن ڕۆشنایی تایبەتیی خۆی و چ پێویستییەکی بەکەس نەبوو.

جارەهای جار، لەساتەوەختە دژوار و قەیراناوییەکاندا، کاتێک کە هەموو شتێکی چواردەورم تاریک دادەهاتن و ئازیزترین هاوڕێ و ئازیزترین ئومێدەکانم جێیان دەهێشتم، چاوانم لێک دەنا و ئەو بەلەمە چکۆڵەیەم لەنێو پێڵووەکانمدا دەبینییەوە. ئیدی دڵم ئازایەتی دەهاتە بەر و دەکەوتە بازدان و هاواری دەکرد: چارۆکە بەرزکەوە و مەترسە! وام دەگوت و دڵم تاریکی شەق دەکرد!

برینگەلێک نیچە کردنییە ناخمەوە برینگەلی قووڵ و پیرۆز بوون کە هەتوانە سۆفییەکانی بیرگسۆن نەیاندەتوانی سارێژیان بکەن، بەشێوەیەکی کاتی هێوریان دەکردنەوە بەڵام هەر زوو دەهاتنەوە سوێ و خوێنیان لێ دەچۆڕا، لەبەرئەوەی بەدرێژایی تافی جحێڵیم لەهەر شتێک زیاتر زامم خواستووە نەک هەتوان.

لەم قۆناغەدا بوو جەنگی من لەگەڵ نادیاردا بووە جەنگێکی هۆشیارانە و بێڕەحمانە.

لەو سالانەی یەکەمدا، تووڕەیی بوونمی قۆرخ کردبوو، وەبیرمدێتەوە حەوسەڵەی بەرگەگرتنی ئاگربازییەکانی بوونی ئینسانیم نەبوو، ژیان لەلام بۆ ساتێک کڵپەی دەسەند، لەشێوەی پزیسکی ڕەنگاوڕەنگ و بێشومار لە فەزادا پەخش دەبۆوە، ئیدی پاشان بۆ یەکجاریی دیارنەدەما، کێ دایدەگیرساند؟ کێ ئەو حەمکە سیحر و جوانییەی پێ دەدا و پاشان لەناکاوڕا بێبەزەییانە دەیکوژاندەوە؟ هاوارم دەکرد: (نا، من ئەمەم پێ قەبووڵ نییە، ڕێگەیەک دەدۆزمەوە کە بەر لە کوژاندنەوە بگرێ!) لەبەرئەوەی دڵم بەڕۆحی ئینسان دەسووتا و بەوەدەسهێنراوەکانی سەرسام بووم. چما ئەم کرمی ئاوریشمە خاو و خلیچکە چۆناوچۆنی دەیتوانی ئاوها ئاوریشمێکی مەلەکوتی لە ناخیدا دەردا؟

کرمی ئاوریشم بەتەماعترین کرمە. لە زگ و دەم زیاتر چ شتێکی تری نییە، ئەم بۆڕییە پیسە دوو کونییە، دەخوا و دەڕێ و هەمدیس دەخوا، پاشان کوتوپڕ تەواوی خۆراکەکانی دەکاتە ئاوریشم. ئینسانیش هەر ئاوهایە، عەرد و ئاسمان دەدرەوشێنەوە، ئەندێشەکان بەبەهای گرانترین جۆری ئاوریشم دەدرەوشێنەوە کە ئینسان پێی پۆشیون، کەچی لەناکاوڕا پێیەکی زل دێ و کرمی موجیزە نوێن دەپلیشێنێتەوە.

سافیلکەیی و ناز و نیعمەتی منداڵی بە(با) چوون. هەنووکە دەمزانی کە ئاسمان بێ سەروبەرییەکی ڕەشەو تژییە لە بێدەنگی و بێباکی. بینیبووم کە لەناو گۆڕدا چ بەسەر جوانی و جحێڵیدا دێ. ئیدی دڵم چ تەسەللایەکی ئومێدە لەبەر دڵان و ترسنۆکەکانی قەبووڵ نەبوو.

هێورهێور و بەهەنگاوی دردۆنگانە لەخەرەند نێزیک دەبوومەوە، بەڵام سەرنجم هێشتا نابەڵەد و نەمدەتوانی چاو لە چاوانی ببڕم، ڕۆحم هێشتا نیگەران و مۆلەق، گا هەڵدەسایە سەر پێ و بەباوەڕێکی گەنجانەوە ڕووبەڕووی قەدەری ئینسان دەبۆوە، گا پاشەکشەی دەکرد و ڕەشبینییەکی ڕۆمانسییانە دایدەگرت.

دوای ماوەیەکی زۆر، زۆر زۆر، توانیم بەئەژنۆی پتەوەوە لەسەر لێواری هەڵدێر ڕاوەستم و بێ ترس و

بێ هیچ لاسارییەک لە گەرداو بنۆڕم.

***

چ شەوانێکی مەلەکوتیم لەکار و خوێندنەوە لەو ژوورە چکۆڵەیەدا، دوور لە یاران و دوور لەنیشتیمان گوزەراند! ناو بەناو هاوار و پێکەنین و نیوەشەوان گۆرانی عاشقانەم لە شەقامەکانی خوارەوە دەژنەفت. هەندێ جاری تریش تەنێ هەر بەفری سپی و هێور بوو لەسەربانەکان دەنیشت. لەبەر زۆپاکە و لەژێر ڕووناکیی چراکەدا کە تا درەنگانێ دەسووتا، سەرم بەسەر کتێباندا شۆڕ دەکردەوە و نەبەردە فیکرییەکانی بەشەرییەتم دەژیاندەوە.

بەئاوها ئەندێشەگەلێکی پێشینەوە، ئەندێشەگەلی هەڵگۆزراو لەجحێڵی و لەهەمان کاتدا لە پیریش. ئەو ساڵانەم بەڕێ کرد کە لەپاریس نیشتەجێ بووم، خاوەن ماڵەکەم بەجۆرێک لەجۆرەکان لێم کەوتە گومانەوە و بێزاری بەڕوخسارییەوە وەدیارکەوت. بەتیلەی چاو دیقەتی دەدام و سارد و سڕ سڵاوەکانمی دەسەندەوە. ئیدی ڕۆژێکیان لەوەندە زیاتر خۆی پێ ڕانەگیرا و هاواری لێبەرز بۆوە: "جەناب تا کەنگێ ئەم وەزعە بەردەوام دەبێ؟"

– "کام وەزع؟"

– "ئەوەی کە عەسران زوو دەگەڕێیتەوە ماڵەوە. هیچ کەس، چ پیاو و چ ژن سەردانت ناکەن، شەوانیش تا درەنگانێ گڵۆپی ژوورەکەت هەر داگیرساوە. ئەدی تۆ پێتوایە ئەم وەزعە ئاسایی بێ؟"

– "بەڵام ئاخر من بەدرێژایی ڕۆژ لە زانکۆم و شەوانەیش دەخوێنمەوە و دەنووسم. چما ئەمە قەدەغەیە؟"

– "نەخێر. بەڵام کرێچییەکانی تر شکاتیان لێ کردوویت. تۆ شتێکت لەبن سەردایە، ئەم نەزاکەت و گۆشەگیری و بێدەنگییە لەخۆڕایی نییە. وای خودایە، نە هاوڕێیەک، نە ژنێک، هەڵبەت تۆ نەخۆشیت، بەڵێ بێگومان نەخۆشیت. لەگەڵ ڕێزی زۆرمدا ناچارم بڵێم ئەم ماستە بێ موو نییە. ببوورە، نابێ ئەم بارودۆخە درێژە بکێشێ!"

یەکەم جار خەریک بوو هەڵچم، بەڵام یەکەندەردوو تێگەیشتم خاوەن ماڵ لەسەر حەقە. کاتێ بونیادەم لەکۆمەڵگەیەکی نائەخلاقیی و بێ سەروبەرەدا، بەنەزاکەت و سروشتی بێ و ژنان و پیاوان سەردانی نەکەن، ئەوا سەرپێچی یاسای کردووە، ناکرێ لەکەسێکی ئاوها ببووردرێ. لەوێوە کە ژیانی من هەمیشە زۆر ساکار بووە، خەڵکی ئەوەیان بەخەتەرناک و سەخت لێکداوەتەوە. ئاخر قسە و هەڵسوکەوتم هەرچۆنێک بووبێ، بەپێچەوانەوە لێکدراوەتەوە و هەمیشە هەوڵدراوە پەی بەپەنهان و شاراوەکان ببرێ.

دواتر، تەنانەت ئازیزترین هاوڕێم نەیتوانی ساکارییەکی لەو جۆرەی پێ قەبووڵ بێ. کاتێ قەبووڵیشی کرد، پێیوابوو ئەوها ساکارییەک شتێکە بەدەر لە حەوسەڵە و بەرگەگرتن. شەوێکیان لەحەوشە دانیشتبووم و لە ئەستێرانم دەنۆڕی. ئاخر ئاسمانی پڕ لەئەستێرە هەمیشە بەلامەوە وروژێنەرترین و نائارامترین دیمەن بووە، چ شتێکی نەداومەتێ، جگە لە ترس هیچ شتێ. هەر کە سەیرم دەکرد، ترس



چنگی بەدڵمدا دەکرد، هاوڕێکەم هاتە حەوشە و بەسەرسامییەوە پرسی: (ئەوە چ دەکەیت لێرە؟) پاشان گوتی: (ئاه، قسە ناکەیت.. بۆچی؟) ئەوسا نزیکتر بۆوە، بەسەرما چەمایەوە و دڵۆپی درشتی فرمێسکی بینی کە بەگۆنامدا دەهاتە خوارەوە. کە ئەوەی بینی دایە قاقای پێکەنین و هاواری کرد: (هێی درۆزن! ڕیاکار! دەتەوێ وا خۆت نیشاندەیت کە سەیرکردنی ئەستێران کاریگەرە و ئەوەتا تۆی هێناوەتە گریان. بەڵام ئەی یەسوعیی، تۆ ناتوانیت فریوم دەیت. هەڵبەت لە خەیاڵی یەکێ لەم کۆترە مێیانەدایت کە بەدەورتا باڵەفڕە و کلکە لەقێیانە!)

پاش ئەمە، جارێکی تریشیان لە ڕوسیا (پانایت ئیستراتیی)(*)م ناسیی و پێکەوە گەڕاینەوە گریکستان. بەدرێژایی سەفەر لێم خورد دەبۆوە، بەردەوام سەیری دەکردم و بۆی هەڵنەدەهاتم. لەئەسینا لەو بارەیەوە لەڕۆژنامەوانێکی پرسی، ڕۆژنامەوانەکە وەڵامی دایەوە: (بەخودا چ بڵێم؟ وی پیاوێکی ئاسایی نییە!) پانابیتی بەستەزمان بەدردۆنگییەوە پرسی: (ئاخر چ دەکا؟) ڕۆژنامەوانەکە وەڵامی دایەوە: (ڕێک ئەمە کێشەکەیە، هیچ شتێک ناکا، تەنانەت جگەرەش ناکێشێ!)

ژیانم ئاوها بوو لەپاریس لەمیانەی ئەو سێ ساڵەدا کە لەوێ بووم، بێ وەی و پەرۆش، بێ چ جۆرە سەرچڵییەک، بێ عەشقبازی، بێ مەیخۆری لەگەڵ قوتابیان، بێ چ پلانی سیاسی یاخود فیکری. دواجار تەنانەت ژنەی خاوەن ماڵیش لەگەڵم ڕاهات، ئەو پێی وابوو پەی بەنهێنیم بردووە و ئیدی لە نەزاکەت و ساکاریی ژیانم گەیشتووە، ژیانێک کە پێشتر پێی غەریب بووە.

گوێم لێی بوو بەژنێکی هاوسێیانی گوت کە ئەویش بەیانی و ئێوارە بەنیگەرانییەوە لیێم خورد دەبۆوە: "هەبێ و نەبێ لەولاتەکەی خۆیدا سەر بەمەزەبێکی ئایینیی ەو ئەم بەستەزمانەش دەیەوێ شتێک بکا، بەڵام ئەو مەزەبە ڕێگەی پێ نادا و تشتی وا لەو ئایینەدا حەرامە!" هاوسێکەی بەتووڕەیی پرسی: "باشە گەر ئەو ئایینە ئاوهایە، ئەدی بۆچی وازی لێ ناهێنێ؟" خاوەن ماڵ وەڵامی دایەوە: "دەی باشە، تاقە ڕێگەچارەشی هەر ئەمەیە!"

جانتاکەم پێچابۆوە و لەوەدا بوو بڕۆم، لەگەڵ (سۆزانا)ی کچیدا هاتە ژوورەکەم. ئەو ژنە کە شێتی دردۆنگ کردنم بوو، پرسی: "هەنووکە کە گەرەکتە بڕۆیت، کچەکەم ماچکە!" کاتێک کچەکە بینی لێی نزیک دەبمەوە، بەناڕەزاییەوە گوتی: "نامەوێ نێوچەوانم ماچکەیت!"

– "ئەدی کوێت ماچ کەم؟"

– "فەقیر، هەرکوێیەکت پێ خۆشە!"

ژنەکە کە خەریک بوو لەتاو پێکەنین دەکەوت بەپشتا، هاواری کرد:

"گێلە، دەمی ماچ کە!"

دانەویمەوە و گۆنایم ماچ کرد.

***

(*) Panait Istrati لە فەسڵی ڕووسیادا، بەدیداری کانانتزاکیس لەگەڵ پانایت ئیستراتی دا ئاشنا دەبین.

بەرلەوەی پاریس جێ بێڵم، ئێوارەی ڕۆژێکیان چووم بۆ کڵێسای نۆتەردام تا خودا حافیزی لێ بکەم. یەکەمین جار کە ئەم کڵێسایەم بینی لەڕادەبەدەر ڕایچڵەکاندم و لەم بارەیەوە هەمیشە سوپاسگوزاریم. گومەزی کڵێساکانی ئێمە یەکانگیریی نێوان سنووردار و بێ سنوور، نێوان ئینسان و خواوەند وەبیری ئینسان دێننەوە. پەرستگەکە بەتەرزێک لە ئەرزەوە بەرەو ژوور هەڵکشاوە کە پێدەچێ بیەوێ خۆی بگەیەنێتە ئاسمان، بەڵام ئەم جەسارەتە لەناکاوێکڕا دەبێتە خۆنەویستی و لەهەمبەر ڕەهایی مەحاڵدا سەر نەوی دەکا و (قودرەتی بێ هاوتا) لەژێر گومبەزەکەیدا دەنەخشێنێ.

کڵێسای گۆتیک حاڵ و وەزعێکی تری هەیە، نۆتەردام بەتەرزێک لەئەرزەوە هەڵدەگژێ کە وا پێ دەچێ بیەوێ تەواوی بەردەکانی بکاتە تیرێکی تیژ و وەک بروسکەبڕ بۆ ئاسمانی بهاوێژێ. لەم بیناسازییە پیرۆزەدا هەموو شتێک ڕووەو هەڵگژانە و دەبێتە تیر. لێرە ئیدی چ خەبەرێک لەلۆژیکی لاکێشە و چوارگۆشەی سەبکی گریکیی نییە، لۆژیکێ کە لەسەروو تێکەڵپێکەڵییەوە، نەزمێکی ئینسانی پێک دێنێ و هاوسەنگییەک لەنێوان جوانی و خواستدا دروست دەکا و پەیوەندییەکی ماقووڵ لەنێوان ئینسان و خواوەندا هەڵدەچنێ. لێرە لەبری ئەوە سەرگەرمی شتێکین ناماقووڵ، جۆرێک دێوانەیی هەڵگۆزراوە لەغەیب کە ئینسانەکان ئامادە دەکات و هانیان دەدا هێرش بەرنە سەر بیابانی پڕ خەتەر و شین تا پریشکی مەزن -واتە خواوەند- لەسەر ئەرز دابەزێنن.

کێ چوزانێ، دەشێ عیبادەت و ڕۆحی ئینسان ئاوهایی بن، بەمۆڵدانی ترس و ئومێدە ئینسانییەکانی خۆمان، دەبێ ئەوانە وەکو تیر بەرەو ترۆپکە دوورە دەست و ئینسانییەکان بهاوێژین. ڕۆحی ئینسان لاسار و لەخۆباییە، هاوارێکە لەمابەینی بێدەنگیی ترسنۆکانە و بەدەر لەحەوسەڵە و بەرگەگرتن، ڕمێکە توند و پتەو کە ناهێڵێ ئاسمانمان بەسەردا بڕووخێ.

بەدیقەتدانی ئەم تیرەی بێ ترس بەناخی ئاسماندا هەڵدەگژێ، هەستم کرد ڕۆحم توند و تۆکمەتر دەبێ و دەبێتە تیر.

کوتوپڕ لەخۆشیدا هاوارم کرد. چما هاواری نیچەش ئاوهایی بوو؟ چما هاواری ئەو تیرێک نەبوو بەرەو ئاسمان هاوێژرا؟ ئەدی برووسکەبڕێک نەبوو کە تەمای بوو خواوەند دەسگیر کا و لەسەر عەرشەکەی دایگرێ؟

چ هەستێکی بەختەوەری دایگرتم کاتێ خۆرنشینان ئاوها لەژێر کەوانە گۆتییە بەرزەکاندا پیاسەم دەکرد و شەڵاڵ دەبووم لەم ڕۆحە زەردەشتییەی لەبەرد و ئاسن و زەخرەفەی ڕەنگاوڕەنگ و دەنگدانەوەی ئەرگەنونی نادیار و مەلەکوتی پێکهاتووە.

ئاوها هێور هێور، بەدڵێکی تژیی لەپرسیار و ترس و ئومێد خوداحافیزییم لەپاریس کرد. دەڕۆیشتم و ئیدی دڵم ئارامی و دڵنیایی خۆی لەدەسدابوو. ئەو زاهیدە کێ بوو دەیگوت: (ئارام دادەنیشیت و دڵت ئارامە، بەڵام گەر دەنگی پەڕەسێلکەیەکیش ببیەیت، ئیدی دڵت هەمان ئارامیی پێشووی وەدەس ناهێنێتەوە!) ئەدی من چم گوتبا؟ منێک کە دڵم هاواری شەهێنێکی کێوی ژنەڤتبوو؟

پاریسم جێ هێشت و زامەکانی دەست و پێ و ئەملاولام - تەواوی زامەکانی لەخاچدان- سارێژ



ببوون، بەڵام لەجێی ئەو زامانە ڕۆحم بەتەرزێکی ترسناک ئازاری دەدام و لەناخمەوە یاخی و خوێناوی هەڵدەسایە سەرپێ.

هەمیشە هەر کاتێک بەیەقینێک گەیشتبم، ئارامی و دڵنیاییم تەمەن کورت بوون، گومان و دڵەڕاوکێی نوێ لەم یەقینە نوێیەوە هەڵقوڵیون و ناچاربووم سەرلەنوێ نەبەردێکی تر دەس پێ بکەم تا لەیەقینەکەی پێشوو ڕزگاربم و یەقینێکی تازە بدۆزمەوە. تا ئیدی دواجار ئەم یەقینە نوێیەش کۆن دەبێ و دەبێتە نایەقین. کەواتە چۆن دەتوانین پێناسەی نایەقین بکەین؟ نایەقین دایکی یەقینی نوێیە.

نیچە فێری کردم دڵ بەتیۆرە گەشبینەکان خۆش نەکەم، دەمزانی دڵی ژنانەی ئینسان گەرەکی بەتەسەللادانەوەی هەمیشەیی هەیە. پێداویستییەک کە ئەقڵ، ئەو سۆفیستە مەکربازە هەمیشە لەبەخشینیدا ئامادەی کۆمەکە. هێدی هێدی هەستم دەکرد هەر ئاینێک بەڵێنی وەدیهێنانی خواستە مرۆییەکان بدا، ئەو ئایینە پەناگەی خەڵکانی ترسنۆکە و شایانی ئینسانی ڕاستەقینە نییە. لەخۆم دەپرسی: ئایا ڕێگەی مەسیح ڕێگەیەک بوو دەچۆوە سەر ڕزگاریی ئینسان یاخود تەنێ حەکایەتێکی توندوتۆڵ چنراوە کە بەزیرەکی و مەهارەتێکی فرەوە بەڵێنی بەهەشت و نەمری دەداتە ئیمانداران تا هەرگیز نەتوانن لەوە بگەن کە ئەم بەهەشتە جگە لەپێچەوانەبوونەوەی تینووێتیی خۆمان چ شتێکی تر نییە، چونکە دوای مەرگە کە دەتوانین لەم بارەیەوە دڵنیابین و هیچ کەسیش لەزێدی مردووانەوە نەگەڕاوەتەوە تا ئەوەمان بۆ بسەلمێنێ.

هەر بۆیە پێویستە نائومێدانەترین دونیابینی هەڵبژێرین، خۆ چ باشتر گەر بەڕێکەوت خۆمان فریودابێ و ئومێدێک هەبێ. بەم تەرزە ڕۆحی ئینسان حەقیر نابێ و نە خواوەند و نە شەیتان ناتوانن بەو قسەیەی گوایە ڕۆح وەک مرۆیەکی حەشیشەخۆر نەشئە دەیگرێ و بەهۆی سافیلکەیی و ترسنۆکیی خۆیەوە بەهەشتێکی خەیاڵی دەخولقێنێ تا هەڵدێری پێ داپۆشێ، سووکایەتی بەڕۆحی ئینسان بکەن. ئیمانی بەتاڵ لەئومێد، نەک ڕاستەقینەترین بەڵکو ئازایانەترین ئیمانە. ئومێدی میتافیزیکی بەلامەوە چەشەتەڵەیەکی موغرییە کە ئینسانی واقیعی دەمی بۆ نابا، شتێکم دەویست لە هەموو شتەکانی تر قورستر، شتێک پڕ بەباڵای ئینسان، ئینسانێک کە ناناڵێنێ و پاشەکشێ ناکا و بەتکا و پاڕانەوەوە تێناپەڕێ. بەڵێ، من ئەوەم دەویست. سەد ئافەرین بۆ نیچە، بکوژی خواوەند، ئاخر ئەو بوو غیرەتی دامەبەر بڵێم: ئەمە ئەوە بوو من دەمویست!

کڵێسای مەسیح، لەو هەلومەرجەدا کە قەشەگەل بۆیان دروست کردبوو، بەلامەوە تەویلەیەک بوو تیایدا هەزاران مەڕی ترساو شەو و ڕۆژ دەیانباعاند. شەو و ڕۆژ یەکدی پاڵ دەدەن و مل درێژ دەکەن تا ئەو دەست و چەقۆیە بلێسنەوە کە سەریان دەبڕێ. ژمارەیەکیان لەترسی برژانی هەتا هەتاییی ناو ئاگر زەندەقیان چووە، ژمارەیەکی تریشیان پەلەیانە زوو بکوژرێن تا جاویدانە لەچەمەنزارە بەهارییەکاندا بکەونە لەوەڕین.

بەڵام ئینسانی ڕاستەقینە مەڕ نییە، سەگی پاسەوانی یان گورگ یاخود شوانیش نییە. بەڵکو وی پادشایەکە کە دەسەڵاتەکەی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ و دەڕوا، لەبەرئەوەی دەزانێ بەرەو کوێ دەڕوا، بۆیە

دەگاتە لێواری خەرەند، تاجە مقەباییەکە لەسەری دادەگرێ و بۆ دووری تووڕ هەڵدەدا، پاشان ڕووت دەبێتەوە لەدەسەڵاتەکەی، وەک غەوواسێک ڕووت دەبێتەوە، دەست و پێ جووت دەکا و بەسەرا خۆی هەڵدەداتە خوارەوە و فەنا دەبێ. بەسەرسامییەوە لەخۆم دەپرسی: چما منیش دەتوانم بەئاوها نیگای ئارام و ئازایانەوە چاو لە چاوانی خەرەند ببڕم؟

سەرسامم کە تۆ بڵێی ئاوها هاوارێک پێشتر لەسەر ئەرز بیسترابێ! هاوارێکی لەخۆباییانە کە گاڵتەی بەئومێد دێ! تەنانەت نیچەش بۆ ساتەوەختێک ترسا، گەڕانەوەی نەمریی رایچڵەکاند بەوەی شەهادەتێکی لە کۆتایی نەهاتووە، لە ناخی ترسی خۆیدا، ئومێدی گەورە- رزگارکەری ئایندە، سۆپەرمان- ی فۆرمۆڵە کرد، بەڵام سۆپەرمانیش بەهەشتێکی ترە، سەرابێکی ترە کە مرۆڤی بەستەزمان و کلۆڵ فریو دەدا و ئامادەی دەکا تاخۆی لەبەردەم ژیان و مەرگدا راگرێ.

## ڤێنا... نەخۆش کەوتنم

جەستەم هێند شەکەت و ڕۆحم هێند تەنگ بوو کە لە واگۆنی قیتارەکەدا ناچاربووم پێڵوو لێک نێم و ئەو وڵاتانە نەبینم کە پیایاندا ڕەت دەبووم. ئاخر کەوانەکە هێندە کشابوو کە دەنگی جیڕەی سیمەکەیم ژنەڤت. ئیتر لەوەدا بوو بپچڕێ.

لاجانگەکانم و دەمارەکانی ملم بەتوندی لێیان دەدا، هەستم دەکرد گوڕ و هێز لە مێشک و پشت و بنەپێم دەنیشێ و دەڕەوێتەوە. بەخۆم گوت: "کەواتە مەرگ ئاوهایە!" ئارام و لەڕادەبەدەر میهرەبان، تەواوێک وەک خۆکردن بەحەمامێکی گەرمدا و بڕینی دەمار. ژنێک منالێکی بەباوەشەوە بوو، دەرگاکەی کردەوە تا بێتە ئەو واگۆنەوە کە منی تیادا بەتەنها ڕاکشابووم. کاتێ بینیمی، بەپەلە دەرگاکەی داخستەوە و ڕای کرد. وا هات بەخەیاڵمدا، کە دەشێ سەرم بووبێتە کەللەسەر، بۆیە ئەو ژنە بەو ڕادەیە ترساوە.

گەورەم، چەند خۆشە مەرگ ئەقڵی نەپێکابام، وەک ئەوەی دەرحەق بەتۆ کردی. کاتێک گەیشتینە ڤێنا تەواوی گوڕ و هێزم خستەکار تا لە قیتارەکە دابەزم و ڕۆژنامەیەک بکڕم، بەڵام هەڵخلیسکام، سەرم بەر عامودێکی ئاسن کەوت و بوورامەوە و تەختی ئەرزەکە بووم.

دوای ئەوە چ شتێکم بیرنایەتەوە، کە چاوانم کردەوە خۆم لەنەخۆشخانە بینییەوە. شەو بوو، گڵۆپێکی چکۆڵەی شین بەژوور سەرمەوە داگیرسابوو، سەرم پێچرابوو، تارماییەکی سپی بەدوو باڵی شینەوە، لەهەر لاجانگەیەکیدا باڵێک، بەرەو لام هات، دەستی سارد و میهرەبانی لەسەر دڵم دانا و زەردەخەنەیەکی هاتێ. بەئارامی گوتی: "بنوو!"

چاوانم لێک نا، خەو، خەوێکی سەیر و قورس هەمدیس لەخۆیەوە پێچام، هەستم دەکرد ڕۆچوومەتە نێو قوڕقوشمەوە، دەست و قاچم هێند قورس ببوون کە نەمدەتوانی بیانجوولێنم، وەک بڵێی باڵەکانی ڕۆحم بەیەکەوە لکابن.

ئەو ڕۆژانەی نەخۆشی لە جێگەدا خستمی، سەراپا بریتی بوون لە خەوی قووڵ. چەندین ڕۆژ زاد



نەچووە دەمم، خەریک بوو دەتوامەوە، نەمدەتوانی لەجێگەکەم هەستم و بجووڵێم، ڕۆژانە هەستم دەکرد هێور هێور لەنێو قەدەوە تا سینگ و تا گەروو لەنێو زەلکاوێکی نەرم و شلەتێن ڕۆدەچم، زەلکاوێک کە بۆنی گەڵای ڕزیوی لێ دەهات، پێم وابوو هەبێ و نەبێ ئەمە مەرگە. جارناجار سەرم بەرز دەکردەوە، لەم کاتانەدا کە هەمدیس ڕۆشنایی دەڕژایەوە هۆشیاریم. سیستەرەکەم بانگ دەکرد، ئەویش بەباڵە سپییەکانی لاجانگ و قەڵەم و قاقز بەدەستەوە دەهات، دەهات و ئامادە دەبوو بۆ نووسین، زەینم دەکەوتە کار و بەرگری دەکرد و پڕکێشی دەنواند کە هاوشان لەگەڵ ئەندامەکانی تری بەدەنمدا ڕۆنەچێتە زەلکاوەوە. سیستەرەکەم وا ڕاهێنابوو ئەوەی دەیڵێم بینووسێ. زۆر لەو نووسینانە لەبەین چوون. دوای هاتنە دەرەوەم لەزەلکاوی مەرگ، ئەو نووسینانەی تر کە مابوون بەڕیز خستمنە نێو نووسراوەکانمەوە.

سیستەرەکە لەکاتێکدا کە دەستی دەگرتم و زەردەخەنەی دەهاتێ، دەیگوت:" ئامادەم!" هەمیشە قاقزەکەی لەسەر ئەژنۆی دادەنا و دەینووسی. دەستە باریک و سپییەکانیم لەبیرە، چاوانم دەنوقاند و دەمگوت بنووسە: "سڵاو ئەی ئینسان، سڵاو ئەی کەڵەشێری سپیی پەڕلی، ڕاستە - گرنگ نییە خەڵکی چ دەڵێن - گەر تۆ نەقووقێنی خۆر هەڵنایەت!"

سیستەرەکە پێدەکەنی و دەیگوت: "ئەرێ لەم وڕێنەی (تا)یەدا، چ دەهۆنییەوە!"

بنووسە: "گەر دڵم بکەنەوە، چیایەکی بەرزو هەڵەموت دەبیننەوە کە ئینسانێکی تەنها پیایدا هەڵدەگژێ!"

ئەمەش بنووسە:" ئەی داربادامی پەرێشان، گەر هەنووکە لە دڵی زستاندا چرۆ بکەیت، بەفر دێ و نابووتت دەکات. هەموو بەهارانێک داربادام وەڵام دەداتەوە: دەی با بێت!"

سیستەرەکە کە دەیبینی ڕەنگم پەڕیوە، دەیگوت: "ئیدی ئەمڕۆ بەسە!" دەمگوت: "نا، نا، ئەمەش بنووسە: دەخوازم ئەقڵ ببینم لەدەرگای ئاسمان دەدا و سواڵ لە خواوەند دەکات، خواوەندیش دەرگای بەڕوودا ناکاتەوە و لەتێک نانی ناداتێ!"

سیستەرەکە بەحیرسەوە دەیگوت: "بەسە... بەسە!"

– "نا، نا، ئەمەش بنووسە، تا کە مردم، خەڵکی لەوێ، لەگریکستان بزانن: بۆ هەر کوێ بڕۆم و لە هەر کوێ نیشتەجێ بم، گریکستانم وەک گەلێی داردێمشت لەمابەینی ددانەکانمدا هەڵگرتووە!"

چاوانم نووقاند، زەینم بەتاڵ ببۆوە. بەچرپە گوتم: "خوشکێ ماندووم!" وام گوت و هەمدیس لەزەلکاودا ڕۆچوومەوە. چێژ و بەرزایی و نشێوییەکانی ژیانم، خەڵکانێک کە خۆشم دەویستن، وڵاتگەلێک کە بینیبوومن، هەموو لە سەرمدا مەلەیان دەکرد. بۆ ساتێک دەهاتنەوە یەک، پاشان دەڕەوینەوە و نەدەمان، هەوری تر بەرز دەبۆوە، گا لە لاجانگەی ڕاستەوە و گا لای چەپ. ئاخر ئەوە بەند بوو بەو ئاراستەیەوە کە (با) لێوەی هەڵی دەکرد.

ڕۆژێکیان لە گێژەنی (تا)دا، پاکیژەی هەنگاو ئاڵتوونیم هاتەوە یاد(*). ئەوە دەیرێکی کریتییە کە

Virgin of the golden steps (*)

بەسەر زەریای لیبیدا دەنۆڕێ. وای چ ڕۆژێک بوو! چ خۆرێکی دڵڕفێنی بەهاری! چلۆن زەریا دەدرەوشایەوە و بەرەو کەناری مەغریبی خۆی دەکوتا. عابیدیش پیرەمێردێکی کورتەباڵا و چوست و چالاک و بەخۆ، ریش سپی و سمێڵ قنج، تا بڵێی خۆش مەشرەب. منی بۆ بینینی گۆڕستانی دەیرەکە برد، گۆڕی راهیبەکانی پیشان دام کە لەسەر گابەردەکانی گوێ ئاوەکە هەڵکەنرابوون، هەرکاتێ لافاو هەڵدەسا، زەریا هوروژمی بۆ خاچە دارینە رەشەکان دەبرد. ئاکام تەواوی ئەو ناوانە سڕابوونەوە کە لەسەر خاچەکان هەڵکۆڵرابوون. دەمویست بگەڕێمەوە، لەبەرئەوەی پێم وابوو گەڕان بەناو گۆڕەکانا شتێکی بێزەوەرە، بەڵام عابید توند باسکی گرتم و بەپێکەنینەوە گوتی:

"وەرە، کوڕە ئازاکەم وەرە، مەترسە، خەڵکی دەڵێن: ئینسان ئاژەڵێکە بیر لەمەرگ دەکاتەوە. بەڵام من وا ناڵێم، نا، بەڵکو من دەڵێم: ئینسان ئاژەڵێکە بیر لەبەردەوامیی ژیان دەکاتەوە، دەی وەرە و بنۆڕە!"

لای گۆڕێکی هەڵکەنراو و بەتاڵ راوەستا. گوتی: "ئەمە گۆڕی منە، کوڕی خۆم مەترسە، نزیک بەرەوە، هێشتا بەتاڵە، بەڵام دواجار هەر پڕ دەبێتەوە. وەرە و سەیرکە!"

وای گوت و دایە قاقای پێکەنین، ئەو خۆی گۆڕەکەی بەپاچ هەڵکەندبوو، کێلی قەبرەکەشی ئامادەکردبوو. گوتی: "بنۆڕە چیم لێ نووسیوە، بۆ دانانەویتەوە و بیبینیت؟ پێم وتیت ترس بەسە!" ئەوسا کەوتە سەر چۆک، خۆڵەکەی لەسەر نووسینەکە لادا و خوێندییەوە: "هێی مەرگ، من لێت ناترسم!" سەیری کردم، تەنانەت گوێچکەکانیشی پێدەکەنین. گوتی: "ئەدی بۆ دەبێ لەمەرگ، لەم رەندە پیرە بترسم، ئەو بۆ خۆی هێسترە، دەی من سواری دەبم و ناچاری دەکەم تا لای خواوەندم بەرێ!"

پێم وایە بڕێک لەدەوڵەمەندترین ساتەکانی ئینسان، ئازادترینیان لە قەیدی زەمەن و شوێن و لۆژیک، ساتەوەختەکانی (تا)ن.

ناوەڕاستی بەهار بوو کە دواجار توانیم لە نەخۆشخانە بێمە دەرێ و پێ بنێمەوە رووناکی. گوڵە یاس لە باغەکانا شکۆفەیان کردبوو، ژنان جلکی رەنگاوڕەنگی گوڵگوڵییان پۆشیبوو، کیژان و کوڕان لەژێر درەختە تازە سەوز بووەکاندا، لەگەڵ یەکدیدا چپەچپیان بوو، وەک بڵێی رازی گەورەیان پێ بێ و بیانەوێ بەیەکدی بڵێن. ئەو پاش نیوەڕۆیەی لەنەخۆشخانە مەرەخەسیان کردم، شنەیەکی فێنک هەڵی کردبوو کە بۆنی کەزی و بۆنی روخساری تازە ئارایشکراوی ژنانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، لێکدا لێکدا بەخۆم دەگوت: "ئەمە عەردە، ئەمە دونیای سەرێیە، چەند خۆشە زیندوو بیت و هەر پێنج هەستەکەت ئیش بکەن – ئەو پێنج دەروازەیەی دونیایان لێوە دێتە ژوورێ– چەند قەشەنگە بڵێیت دونیا جوانە و خۆشم دەوێ."

عەردی بەهەتاو شۆڕاو هەستێکی نازکی تیامدا خولڤاند و تا ڕادەیەکی فرە ورووژاندبوومی. هەستم دەکرد تازەکی لەدایک بووم و بۆ ساتێک بۆ دونیای ژێرێ دابەزیبووم، ئیدی ترس دایگرتبووم، راپەڕیبووم و چاوانم کردبوونەوە و جارێکی دی خۆم لەبەر رۆشنایی ئاشنا و پیرۆزدا بینیبۆوە کە وا لەژێر درەختەکاندا پیاسە دەکەم و گوێم بۆ قسە و بۆ پێکەنینی خەڵکی رادێراوە.

هێور هێور هەنگاوم دەنا، هێشتا ئەژنۆم دەلەرزی، سەرەگێژەیەکی نەرم و خۆش و رەنگاوڕەنگ وەک



تەمومژی سپێدان زەینمی لەخۆوە پێچابوو. لەودیو ئەم تەمومژەوە، دونیام دەبینی نیوەی توندوتۆڵ و نیوەکەی تری لە خەون چنرابوو. پەیکەرێکم کەوتەوە بیر کە جارێکیان – نازانم لەکام کلێسا – بینیبووم. وێنەکە لە دوو ئاست پێکهاتبوو، لەئاستی خوارەوە، قەدیس ژیۆرژی بەهێز و کاکۆڵ زەرد، بەسەر ئەسپێکی سەرکەشەوە رمەکەی لە جەستەی ئاژەڵێکی ترسناک و گەوزاو و کەفکردوو رۆبردبوو کە دەمی رەنگاوڕەنگی کردبۆوە و خەریکی خواردنی بوو. هەمان نەبەرد لەئاستی سەرووی وێنەکەشدا هەبوو، ئەوە نەبێ کە قەدیس ژیۆرژ و ئەسپ و ئاژەڵەکە لەهەورێکی تەنک خولڤابوون و خەریک بوو لەهەوادا دەڕەوینەوە و دیار نەدەمان. هەروا کە بەئەژنۆی لەرزۆکەوە بەباغ و شەقامەکانی ڤێنادا تێدەپەڕیم، ئەم ئاستەی سەرەوەی وێنەکەم دەبینی کە لە تابلۆی دونیادا کێشراوە و نیگەرانی ئەوە بووم نەبادا (با)یەک هەڵکا و بیڕەوێنێتەوە.

لەکوێوە بمزانیبا لەمیانەی چەند رۆژێکی کەمدا ئەو (با)یە هەڵدەکا و بەڕاستی ئەو وێنەیە پەرت دەکات.

ڤێنا شارێکی ئەفسووناوی و سەرنجڕاکێشە، بونیادەم هەمیشە وەک دوڵبەرێک وەیادی دێنێتەوە، دوڵبەرێکی قەشەنگ و بەناز و لەخۆبایی، دوڵبەرێک کە دەزانێ چۆن جلک دەپۆشێ و چلۆن خۆی رووت دەکاتەوە. دەزانێ چلۆن خۆی بەدەستەوە بدا و چۆناوچۆنیی خیانەت بکا، نەک لەڕووی رق یان ئەڤینەوە، بەڵکە لەڕووی گاڵتەوە، دوڵبەرێک کە ناڕوا، بەڵکو سەما دەکا، بانگ ناکا بەڵکو گۆرانی دەچڕێ، باران تەڕی دەکا و بەفر دایدەپۆشێ و خۆر گەرمی دەکاتەوە. دەیبینیت بەدرێژایی کەنارەکانی دانووب لەسەر پشت راکشاوە، هەموو شتێک دەبینی و وی چ شتێکت لێ حەشار نادات.

چەند رۆژێ دوای گەڕانەوەم بۆ ژیان، لەزەتم لەم شارە دەم بەپێکەنینە برد، لەزەتم برد لەرۆشنایی، لە بۆنی ئەرز، لە گفتوگۆی خەڵک و لە سەروو ئەمانەیشەوە لەززەتم برد لە ئاوی سازگار و لەنانی بەتام و لەمیوە. لەبانیژەی ژوورەکەمدا رادەوەستام و چاوانم لێک دەنا، گوێم بۆ ژاوەژاوی دونیا رادەدێرا، دونیا دەتگوت پوورە هەنگە، پڕ لە کرێکار و نێرە هەنگ و هەنگوین، شنەی بەهاران وەک دەستێکی سارد و میهرەبان خۆی لە روخسارم هەڵدەسوو.

بەڵام هەروا کە جەستەم پڕ و گیانم هەمدیس جڵەوی گرتەوە دەست، هێور هێور تەواوی ئەو لەزەتانەم پووچ و تووڕەهات هاتنە پێش چاو. پێچەوانەی خواستە قووڵەکانم بوون، بونیادەم وای هەست دەکرد کەسێک تەواوی پیاوان و ژنانی ئێرە ختووکە دەدا، ئەمە پێکەنینی بەردەوامیانی راڤە دەکرد، بەڵام من ئینسانم پێ ئاژەڵێکی میتافیزیکی بوو، ئەوکات ئەنجامگیریم لەبارەی ئینسانەوە ئاوهایی بوو: پێکەنین، بێ باکی و گۆرانی بەلامەوە جۆرێک بوون لە خیانەت و لاساری. بابم بیرکەوتەوە کە پێکەنینی بەجۆرێک لاساری دادەنا، نەیدەزانی بۆ! بەڵام من هۆکەیم دەزانی و ئەمەش تەنێ هەنگاوێک بوو لە گرەوبردنەوەی کوڕ لە باب.

دەنگی گڕ و بێ ڕوحمانەی پێغەمبەری خەمین کە خۆشم دەویست، تا ڕادەیەکی زۆر ئاشکرا لەناخمدا دەنگی دەدایەوە، ئەم دەنگەی ناخ نەعرەتەی دەکێشا: (شەرمەزارییە! ئەمە ئەو ئەقڵە توندوتۆڵە

شێرانەیەیە کە دەرخواردم دایت؟ ئەی مەگەر فێرم نەکردیت لەبەرامبەر دڵدانەوەدا سەر نەوی نەکەیت؟ تەنێ کۆیلە و ترسنۆکانن ئومێدیان هەیە – وا باشترە ئەم واقیعییەتەیان قەبووڵ بێ. دونیا بۆسەیەکە خواوەند ناویەتییەوە، سازش مەکە، نەکەیت دەم بۆ چەشتەتەڵەکەی بەریت، لەبری ئەوە لە برسا بمرە!)

پاشان بەدەنگێکی نەرمتر و مەحرەمانە گوتی: (من ترسام و شکستم هێنا، تۆ دەبێ بیبەیتەوە!)

هەندێ جاری تر ئەم دەنگە، بەچرپە و تەنزئامێز بەرز دەبۆوە: (مەبەستت چییە لەم بەخۆدانازین و بانگەشەکردنە بەوەی بەدوای مەحاڵەوەیت و باوەڕت بەئاینێکە کە سەر بۆ تەسەللادانەوە دانانەوێنێ، کەچی هەمیشە لەو مەیخانانەی ئومێد- لە کلێساکاندا – خەریکی خۆ مەست کردنیت. لەحزووری ناسیریدا سوژدە دەبەیت و دەستی سواڵ رایەڵ دەکەیت و دەڵێی: خواوەند رزگارم کە! بەتاقی تەنێ بکەوە رێ، بچۆرە پێش، بگەرە کۆتایی رێگە، لەوێ خەرەند دەبینی، لێی بنۆڕە، هەموو داوایەکی من لەتۆ ئەوەیە لەخەرەند بنۆڕە بەبێ ئەوەی ترس قۆرخت کا، ئەمە و هیچی تر نا، خۆیشم هەر وام کرد، بەڵام ئەقڵم نەڕووخا، با ئەقڵت تۆکمە و جێگیر بێ!)

دڵی ئینسان نهێنییەکی تاریک و لەکردنەوە نەهاتووە، گۆزەیەکی کون کونە بەدەمێکی هەمیشە کراوەوە، گەر تەواوی رووبارەکانی دونیای بکەیتە سەر، هەمدیس هەر خاڵی و تینوو دەبێتەوە. گەورەترین ئومێدەکان بۆی پڕ نەکران. چما هەنووکە بەگەورەترین نائومێدییەکان پڕ دەبێ؟

ئەمە ئەو ئاراستەیە بوو کە دەنگی بێڕوحم هەمیشە هانی دەدام بیگرمە بەر. مەزەندەم دەکرد هەوڵ دەدا بەشوێنپێی هەنگاوەکانی چ کەسێکدا بمنێرێ، هەنگاوگەلێک کە تۆکمەو دڵنیا بەرەو هەڵدێر دەچنە پێش. ئەم رێڕۆیشتنە گا خێرا و گا سست نییە، بەڵکو بەهاوسەنگی و بەشکۆیەکی شاهانەوەیە. دەنگەکە لێکدا لێکدا دەیگوت: (ئەوە دوایەمین رزگارکەر کە بونیادەم لە ترس و ئومێد و خواوەندەکان قوتار دەکات، دوای کەوە، من خۆم نەمتوانی ئەوە بکەم، لەبەر ئەوەی سۆپەرمان لەکاتێکدا ئومێدێکی گەورەی پێ بوو بۆم، تێپەڕی و ئیدی منیش رێگەم لێ بزر بوو، ئیدی چ دەرفەتێکم شک نەدەبرد تیایدا بیهێنمە لاوە و لەگەڵیدا پێک بێم. بەڵام سۆپەرمانی ناسیریی بهێنە لاوە و ئەو شتە بەدی بێنە کە من نەمتوانی بەدیبێنم: ئازادیی رەها(! دەنگەکە بەم تەرزە بێڕوحم و سەرسەختانەیە، بەحیرسەوە هەوڵی دەدا و هێورهێور پێغەمبەری رزگاریی رەها و کامڵ بەبێدەنگی لەناخما هەڵدەسایە سەرپێ، هەناوم ببووە گوڵە نیلۆفەر و وی چوار مشقی لەناویدا دانیشت، دوو گالیسکەی عاریفانەش لەسەر بنی پێی هەڵکۆڵرابوو. قامکەکانی لێزانانە پێکداچوو، لوولەکێکی ڕەش وەک چاوی سێیەم لە مابەینی برۆکانیدا بوو. زەردەخەنە ئەهریمەنانە و ئارامەکەی لە لێوانی نازکییەوە تا گوێ زلەکانی و لەوێشەوە تا هەنیەی درێژ ببۆوە، پاشان وەکی هەنگوین داچۆڕابووە خوارێ و هەموو جەستەی داپۆشیبوو، گەیشتبووە بنی پێی و ئیدی لەوێدا دوو گالیسکەکە کەوتبوونە جووڵە، وەک بڵێی پەرۆشی ڕۆیشتن بن.

***



بوزا! ساڵانێک لەوەوبەر ژیاننامە و پەیامە نائومێدانەکەیم خوێندبۆوە، بەڵام هەموویم بیرچووبوونەوە. ئاشکرایە ئەودەم هێشتا مناڵ بووم بۆیە سەرنجی ڕانەکێشابووم، پاشان دەنگی ویم پێ دەنگێکی نامۆ و ئەفسووناوی بوو کە لەقووڵایی ئاسیاوە، لەجەنگەڵی پڕ لە مار و گیا سالمەی سەرگێژکەرەوە دەهات، بەڵام منی گێژ نەکرد. دەنگێکی ئاشنا و پڕ لەشیلە لەناخمەوەڕا بانگی دەکردم و بەدڵنیاییەوە دەچوومە پێش تا دیدەنیی بکەم. بەڵام هەنووکە لەمیانەی قاقای پێکەنینی ئەم شارەدا، هەمدیس دەنگی وی وەکی شمشاڵێکی نامۆ و ئەفسووناویی دەڕژایە گوێم. وەی کە چلۆن چاوانم لێک نا و بەخێرم هێنا! هەنووکە دەنگەکە ئاشناتر بوو، وەک بڵێی هەرگیز لە ناخمدا کپ نەبووبێ، بەڵکو تەنێ دەنگی شەیپووری رۆژی حەشری مەسیحییەت دایپۆشیبوو.

چ گومانی تێدا نییە کە خۆراکی شێرانەی پێغەمبەری شەیتانیی گوڕی پێ بەخشیبووم، چونکە ئیدی شەرمم دەکرد لەهەوڵدان بۆ داپۆشینی خەرەند بەپەردەی ئاڵووالا. هێشتا نەمدەوێرا بێ کەڵەک لە ئاو بدەم و ڕووبەڕووی خەرەند وەک ئەوەی هەیە – رووت و تاسێنەر – ببمەوە. مەسیح لە نێوانی من و خەرەندا دڵسۆزانە دەستەکانی رایەڵ کردبوو تا نەهێڵێ خەرەند ببینم و لێی بترسم.

کەوتمە ئازاردانی رۆحم. گەرچی رۆحم خوازیاری ئەوەبوو هەر پابەندی جەستەی بێ و دەم و هەردوو دەستی ببەخشێ تا دونیایان پێ ماچ کا و دەستیان تێوە بدا، رۆحم ئیدی نەیدەویست بەچاوی دوژمنەوە سەیری توێکڵی جەستە بکات، بەڵکو هەردووکیان ببوونە هاوڕێ تا بتوانن دەست لەنێو دەستی یەکتردا سەفەرکەن و تەنها لەگۆڕدا لەیەکتر جیاوەبن. گەرچی رۆحم خوازیاری ئەو هەمووە بوو، بەڵام من رێگەم لێ گرتبوو، کام من؟ دێوەکەی ناخم، دێوێکی نوێ – بوزا، ئەم دێوە هەمیشە هاواری دەکرد: (ئارەزوو بڵێسەیە، عیشق بڵێسەیە، چاکەخوازی و ئومێد و من و تۆ و بەهەشت و دۆزەخ بڵێسەن. تەنهاو تەنها شتێک لەرووناکییە، چاوپۆشین لە بڵێسە، بڵێسەگەلێک کە تۆ دەسووتێنێ، وەری گرە، وەری گرە و بیکەرە روناکی، پاشان رووناکییەکە بکوژێنەرەوە!)

لە هیندوستان کاتێک کاری رۆژانە کۆتایی دەهات و سێبەر دەکەوتە سەربان و کۆڵانی گوند و سینگی خەڵک، جادووگەرێکی پیر(*) بەمەبەستی پیاسەیەک لە گوند لە کوختەکەی دەهاتە دەر. (نەی)یەکی ئەفسووناوی لەمابەین لێویدا و دەرگا بەدەرگا دەگەڕا، نەغمەیەکی شیرین و لایلایە ئامێزی وەک سیحرێکی شەفابەخش دەژەند. ئەو نەغمەیە ناونرا – نەغمەی پڵنگ – و دەڵێن زامی رۆژی سارێژ دەکرد. ئەمە ئەو نەغمەیە بوو کە ئارەزووی ژنەفتنیم بوو، جا بۆ ئەوەی بەو مەرامە بگەم، دەرگای ژوورەکەم لەسەرخۆم کلۆم دا و شەو و ڕۆژ سەرم بەسەر کتێبی ئەستوور ئەستووردا شۆڕ کردەوە و کەوتمە موتاڵای سرووتەکانی بوزا و وانەکانی.

(لە هەڕەتی جحێڵیمدا، بەقژە رەش و لوولەکەمەوە، لە ترۆپکی لەززەتی جحێڵیمدا، لەئەووەڵین شانازیی هێزی پیاوەتیدا سەرم سفر کرد. جبەیەکی زەردم پۆشی و دەرگای ماڵەکەم کردەوە و رووم کردە سەحرا!)

(*) وەدەرنەری رۆحە شەڕانگێزەکان.

لێرەوە شەڕەکانی تەریقەتی زاهیدانە دەستیان پێ کرد. (باسکم دەتگوت قامیشی وشکهەڵاتەیە، بەیانی و بەیانی دەنکێ برنجم دەخوارد، پێت وا نەبێ برنجی ئەوکات لەهی ئێستا گەورەتربووبێ، هەروەکی یەک بوون، رانم وەک قاچی وشتر و، بڕبڕەی پشتم وەک تەسبیح و ئێسکیشم هەروەک بیچمی گوندێکی وێران دەرپەڕیبوون، رۆشنایی چاوانم دەتگوت درەوشانەوەی ئاوە لە بنی بیرێکی قووڵدا، سەرم لە کوولەکەیەکی گەورە دەچوو کە لەبەر هەتاودا وشک دەبێ و دەڕزێ!)

بەڵام رزگاری لەم رێگە سەختە زاهیدانەیە نەکەوتەوە، بوزا بۆ گوند گەڕایەوە، خواردی و خواردییەوە، بەئارامی- نە بەختەوەر و نە خەمبار- لەژێر درەختێکدا دانیشت و گوتی: (هەڵناسم، هەڵناسم، تا رزگاری نەدۆزمەوە لەژێر ئەم درەختە هەڵناسم!)

بەڕوانینی روون و رۆحێکی پاکیژە لە ژەنگ فەنای بینی. بینی ژیان لەسەر عەرد هەڵدەسێ و دیارنامێنێ، خواوەندانی بینی کە وەک هەور لە ئاسماندا بڵاودەبنەوە، تەواوی بازنەکەی بینی و پاشان پاڵی بەدرەختەکەوە دا، هەرکە ئەوەی کرد، شکۆفەگەلی درەختەکە بەسەر کاکۆڵ و ئەژنۆیدا کەوتن و پەیامی مەزنیش بەسەر زەینیدا.

ئاوڕی بۆ چەپ و ڕاست، بۆ پێشەوە و پاشەوە دایەوە، خودی ئەو بوو لە دڕندە و ئادەمیان و خواوەندیاندا نەعرەتەی دەکێشا، ئەڤین بالی بەسەردا کێشا، ئەڤین و هاوسۆزی بۆ خودی خۆی کە بەسەراپای دونیادا بڵاوبۆوە و لەکێشمەکێشدا بوو. تەواوی عەزابی عەرد، تەواوی عەزابی ئینسان عەزابی خودی ئەو بوو. (ئینسانێک لەم جەستە ناسکەدا- لەم تێکەڵەی خوێن و ئێسک و مۆخ و گۆشت و بەڵغەم و هێلکە و ئارەقە و فرمێسک و پاشەڕۆیەدا - چۆناوچۆنی دەتوانێ دڵشادبێ؟ ئینسانێک لەم جەستەیەدا کە حەسەد و نەخۆشی و پیری و مەرگ حوکمی دەکەن چۆناوچۆنی دەتوانێ بەختەوەر بێ؟ هەموو شتێک - گیا و حەشەرە و ئاژەڵ و ئینسان- رووەو فەنابوون دەڕۆن، لە دواوە بنۆڕە، لەوانە بنۆڕە کە ئیتر نین. لەپێشەوە بنۆڕە، لەوانە بنۆڕە کە هێشتا لەدایک نەبوون، ئینسان وەک گەنم شین دەبێ، وەک گەنم دەکەوێ و سەرلەنوێ چرۆ دەکاتەوە، ئۆقیانووسە بێ سنوورەکان وشک دەکەن، چیاکان دادەڕمێن، ئەستێرەی تەوەر دادەگیرسێ و دەکوژێتەوە و خواوەندەکان مەحف دەبن!)

هاوسۆزی رێنوێنی سەرڕاستی سەفەری بوزاییە. لەرێگەی هاوسۆزییەوە خۆمان لەجەستەمان قوتاردەکەین، پەردەکە دەدڕێنین و یەکانگیری عەدەم دەبین. (ئێمە هەموومان یەکێکین، ئەم یەکەش ئازار دەچێژێ، پێویستە رزگاری کەین. تەنانەت گەر یەک دڵۆپی لەرزۆکی ئاو ئازار بچێژێ، منیش ئازار دەچێژم!)

(چوار حەقیقەتە باڵاکە) لەزەینمدا شکۆفە دەکەن، دونیا تۆڕێکە تێی کەوتووین، مەرگ رزگارمان ناکا لەبەرئەوەی سەرلەنوێ لەدایک دەبینەوە، وەرن تا بەسەر تینوویێتیدا زاڵ بین، وەرن تا ئارەزوو ریشەکێش کەین، وەرن تا هەناومان بەتاڵ کەین، مەڵێ: (دەمەوێ بمرم) یان (نامەوێ بمرم)، بەڵکو بڵێ: (چ شتێکم ناوێ!) با زەینت لەژوور ئومێد و ئارەزووەوە بێ، ئەوکات لەکاتێکدا کە هێشتا لەم دونیایەدایت و دەتوانیت بچیە نەشوەی جوانی عەدەمەوە، بەدەست و بازووت رەوڕەوەی لەدایکبوونێکی تر رادەگریت!



هەرگیز روخساری بوزا بەئاوها رۆشناییەکی پرشنگدارەوە لەبەرامبەرمدا قەدی راست نەکردبۆوە. پێشتر کاتێک (نێرڤانا)م بەهاویەکسانی نەمری دادەنا، بوزام دەبینی وەک ژەنەراڵێک لەژەنەراڵەکانی تری ئومێد کە سوپاکەی پێچەوانەی ئاراستەی رەوتی دونیا پێشرەوی پێ دەکرد. تازە تێدەگەیشتم کە بوزا ئینسان هان دەدا بەمەرگ قایل بێ، لەچارە بەدەری خۆش بوێ، دڵ بەگۆڕانکارییە جیهانییەکان هاوئاهەنگ کات، بەبینینی راکەراکەی ماددە و زەین و یەکگرتن و لەدایکبوون و فەنابوونیان بڵێ: ئەمە ئەوەیە من دەمەوێ!

لەنێو هەموو ئەوانەدا کە لەسەر عەرد لەدایک بوون، بوزا لەترۆپکدایە. وی رۆحێکە پاکژ و ساخ، بێ ترس و بێ ئازار، پڕ لەبەزەیی و حیکمەت، دەست رایەڵ دەکا و بەزەردەخەنەیەکی شکۆدارەوە رێگەی رزگاری دەکاتەوە، بێ پەروا تەواوی بوونەوەران شوێنپێی هەڵدەگرن، هەروا کە ئازادانە خۆیان تەسلیمی لەچارەبەدەری دەکەن، هەروەک کارژۆڵە کە دەخوازێ شیری دایکی بمژێ، دەکەونە هەڵبەز و دابەز، هەر ئینسان نا، بەڵکو تەواوی بوونەوەران: ئینسان، ئاژەڵ، درەختەکان. بەپێچەوانەی مەسیحەوە، بوزا تەنێ ئینسان دەسچن ناکا، بەڵکو ئەو هاوسۆزی بۆ هەموو شتێک هەیە و رزگاری بەهەموو شتێک دەبەخشێ.

چەندین رۆژ و چەندین هەفتە لەم سەرکێشییە نوێیەدا رۆچووم، دڵی ئینسان چ خەرەندێکە! لێدانی دڵ چۆن رێگە پێشبینی نەکراوەکان دەگرێتەبەر! ئایا دەشێ تەواوی ئەڤین و پەرۆشییم بۆ نەمری بەرەو عەدەمی رەها پەلکێشم کات! ناشێ نەمری و عەدەم یەک شت بن؟

کاتێ بوزا لەژێر درەختەکەدا هەستا، ئەو شوێنەی کە حەوت ساڵ تیایدا لەدووی رزگاری دەگەڕا، کەوتە رێ و هەنووکە رەها لەگۆڕەپانی شارێکی گەورەدا چوار مشقی دانیشت. کەوتە ئاخافتن و ئیدی بەگزادە و بازرگان و جەنگاوەران لەدەوری کۆبوونەوە و ئەمیش پەیڤی رزگاری بەگوێدا دەدان. یەکەم جار تەواوی ئەو کافرانە گاڵتەیان پێ کرد، بەڵام هێورهێور هەستیان کرد کە هەناویان بەتاڵ دەبێ و پاکژ دەبنەوە لە ئارەزوو، وردە وردە جلکە رەنگاوڕەنگە سپی و سوور و شینەکانیان وەکی جبەکەی بوزا زەرد هەڵگەڕا. بەهەمان شێوە منیش هەستم کرد هەناوم چۆڵ دەبێ و زەینم جبەی زەرد دەپۆشێ.

شەوێکیان بەمەبەستی پیاسە چووم بۆ (پراتێر)[*] کە یەکێکە لەباخە گەورەکانی ڤیێنا. کیژێک لە گروهی خوشکانی ئارایشتکراو بەرەو لام هات. لە ترسا هەنگاوەکانم خێراکرد، بەڵام وی پێشی دامەوە و قۆڵی گرتم. بۆنی قورسی وەنەوشەی لێ دەهات، لەژێر رووناکیدا دەمتوانی چاوانی شین و لێوی سوور و سینگ و مەمکی نیوە رووتی ببینم.

بەدەم چاو داگرتنەوە بەچرپە گوتی: "وەرە لەگەڵم!"

وەک ئەوەی لەخەتەرێکدا بم، هاوارم کرد: "نا... نا!"

قۆڵی بەردام و گوتی: "بۆچی؟"

(*) Prater.

– "ببووره کاتم نییه!"

کیژەکە بەبەزەییەوە سەیری کردم و گوتی: "شێت بوویت؟ تۆ کێیت؟ ڕاهیبیت؟ کەس نامانبینێ!"

دەمویست بڵێم: "ئاخر بوزا دەمانبینێ!" بەڵام ددانم بەخۆدا گرت. لەو کاتەدا کیژەکە چاوی بەکەسێکی تر کەوت، بەرەو لای ڕای کرد تا قسانی لەگەڵ کا. هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژت، هەستم دەکرد لە خەتەرێکی گەورە ڕزگارم بووە، ئیدی بەپەلە گەڕامەوە ژوورەکەم.

خۆم لە زەریای بوزادا نوقووم کردبوو، زەینم ببووە گوڵەبەڕۆژە و بوزاش بەخۆر. هەروا کە سەری لە ئاسۆ دەردەهێنا، دەگەیشتە نیوەڕۆ بەرەو ئاوابوون دەچوو، من هەر بەدوایەوە بووم. جارێکیان پیرەمێردێکی ڕۆمیلیایی پێی گوتم: (ئاو دەنوێ، بەڵام ڕۆح نانوێ!) بەڵام ئەو ڕۆژانە وا پێدەچوو ڕۆحم لە خەوێکی پیرۆزدا نوقووم بووبێ و لەزەریای ئارامی بوزادا غەرق بووبێ، ڕێک وەک ئەوەی کە خەون دەبینی و دەزانیت خەون دەبینی و ئیدی تەواوی ئەوەی لەخەوندا دەیبینی، چ باش و چ خەراپ، شادی و ترس و خەمت تێدا ناوروژێنێ، لەبەرئەوەی دڵنیایت وەئاگا دێیتەوە و هەموو شتێک دەڕەوێتەوە. منیش بێ ئەوەی ترس یاخود شادی دامگرن، بێ تۆزقاڵێک شپرزەیی، لە تارماییەکانم دەنۆڕی کە بەپێش چاوامدا تێدەپەڕین.

بۆ ئەوەی بەر لە ڕەوینەوەی خێرای ئەم وێنە خەوناوییانە بگرم و بۆ ئەوەی لە ڕێگەی وشەوە تۆکمەیی زێدەتر ببەخشمە ڕزگاریی تەواوەتی، کەوتمە نووسینی وتووێژێک لەنێوان بوزا و ئاناندای موریدی ئازیزیدا.

***

وەحشییەکان لە چیاکانەوە دابەزیبوون و شاریان گەمارۆدابوو، بوزا دەم بەزەردەخەنە لەژێر درەختێکی چرۆکردوودا دانیشتبوو. ئاناندا سەری نابووە سەر ئەژنۆی بوزا و چاوانی لێک نابوو تا نەهێڵێ دیمەنی خەونالودی دونیا فیکری گومڕاکات. کۆمەڵێک لە گوێگران بەدەوریاندا دانیشتبوون و گەرەکیان بوو بنە مورید، گەرەکیان بوو قسان لەبارەی ڕزگارییەوە ببیەن، بەڵام لەو کاتەیدا کە زانییان وەحشییەکان جەنگیان هەڵایساندووە، ئیدی حەماسەت گرتبوونی.

هاواریان کرد: "هەستە مەولا! بۆ بەرپەرچدانەوەی وەحشییان ڕابەرمان بە، دواتر نهێنیی ڕزگاریمان پێ بڵێ!"

بوزا سەری ڕاوەشاند و گوتی: "نا، من نایەم!"

خەڵکەکە بەتووڕەیی هاواریان کرد: "هیلاکیت؟ دەترسیت؟"

بوزا بەدەنگێک کە لەشەکەتی و ترس و ورەی نیشتیمانپەروەری تێپەڕاندبوو، وەڵامی دانەوە: "من ئیدی سەفەرەکەم گەیاندۆتە کۆتایی!"

ئەوان هاواریان کرد: "باشە، باخۆمان بڕۆین و بەرگری لەسەرزەمینی باوانمان بکەین!" بوزا دەستی بۆ بەرەکەتدانیان هەڵبڕی. گوتی: "بڕۆن و دۆعای منتان لەگەڵ بێ، ئاخر من بۆ ئەو جێگەیە ڕۆیشتووم کە ئەنگۆی بۆ دەڕۆن، ڕۆیشتووم و گەڕاومەتەوە، ئیدی لەژێر ئەم درەختە شکۆفەکردووەدا دادەنیشم و



چاوەڕێی گەڕانەوەی ئێوە دەکەم. تەنێ ئەوکاتەی هەمووان لەژێر ئەم درەختە چرۆکردووەدا دادەنیشین، هەر قسەیەک من دەیلێم و هەر قسەیەک ئێوە دەیلێن، بۆ هەمووان هەڵگری یەک مانا دەبێ. بەڵام هەنووکە هێشتا زۆر زووە، من شتێک دەڵێم و ئەنگۆ لە شتێکی تر حاڵی دەبن، ئاخر ئێمە یەک زوبان نادوێین، کەواتە تا ئەو کاتەی یەکتر دەبینینەوە، سەفەرێکی خۆشتان بۆ بەئاوات دەخوازم!"

سارییپۆتا گوتی: "مامۆستا من تێناگەم، هەمدیس بەزوبانی لوغز لەگەڵماندا دەئاخڤیت!"

– "سارییپۆتا کاتێ دەگەڕێیتەوە تێدەگەیت. وەک گوتم هێشتا زۆر زووە. ساڵەهای ساڵ ژیان و عەزابی بەشەرییەتم بەگیان کڕیوە، ساڵەهای ساڵ پڕبووم و پڕبووم و پێگەیشتووم. هاوڕێکانم، بەر لەوە هەرگیز بەئاوها ئازادییەک نەگەییبووم. ئەدی بۆچی بەم ئازادییە گەییم؟ لەبەر ئەوەی بڕیارێکی مەزنم دابوو." ئاناندا پرسی: "بڕیاری مەزن؟" سەری هەڵبڕی و دانەوییەوە تا پای پیرۆزی بوزا ماچ کات.

گوتییەوە: "مامۆستا ، چ بڕیارێک؟"

– "ناخوازم ڕۆحم بەخواوەند، بەوەی ئێوە ناوتان ناوە خواوەند بفرۆشم، ناخوازم ڕۆحم بەشەیتان، بەوەی ئێوە ناوتان ناوە شەیتان بفرۆشم، نامەوێ خۆم بەهیچ کەس بفرۆشم، من ئازادم، خۆش بەحاڵی ئەو کەسەی لە چنگی خواوەند و شەیتان ڕزگاری دەبێ. ئەو، تەنێ ئەو کەسەیە کە ڕزگاری دەدۆزێتەوە!"

سارییپۆتا کە ئارەقە بەهەنیەیدا چۆڕاوگەی بەستبوو، پرسی : "ڕزگاری لە چی؟ ڕزگاری لە چی؟ مامۆستا هێشتا وشەگەلێک بەسەر زارتەوەن، دەتسووتێنن!"

– "سارییپۆتا نا، نامسووتێنن، بەڵکو فێنکم دەکەنەوە. ببەخشە، بەڵام نازانم چما بەرگەی ژنەڤتنی ئەم وشانە دەگریت و زەندەقت ناچێ؟"

سارییپۆتا گوتی: "مامۆستا، ئێمە لەوەداین بچین بۆ جەنگ و ڕەنگە ئیتر نەگەڕێینەوە، دەشێ دووبارە نەتانبینمەوە، ئەم دوایین وشانەمان پێ ڕاگەیەنە. ڕزگاری لە چی؟"

هێور و قورس، وەک هەڵدێررانی جەستەیەک بۆ ناو خەرەند، وشەکان لەزاری کلۆمدراوی بوزاوە بەربوونەوە:

– "لە ڕزگاری!"

سارییپۆتا بەسەرسوڕمانەوە پرسی: "لە ڕزگاری؟ ڕزگاربوون لەڕزگاری؟ مامۆستا من تێناگەم!"

– "سارییپۆتا چ باشتر! ئاخر گەر تێبگەیت زەندەقت دەچێ. لەگەڵ ئەمەشدا ئەی هاوڕێیانی من، دەمەوێ بزانن شێوەی ئازادی من ئاوهاییە، من لە ڕزگاری ڕزگارم بووە!"

بێدەنگ بوو، بەڵام ئیدی نەیدەتوانی خۆی کۆنترۆڵ کات.

– "دەمەوێ بزانن، هەر شێوەیەکی تری ئازادی کۆیلەییە، گەر هەمدیس لەدایک بام، ئەوا لەپێناو ئەم ئازادییە گەورەیەدا، لەپێناو ڕزگاربوون لە ڕزگاری دەجەنگیم. هێندە بەسە، هەنووکە قسەکردن بۆ ئێمە گەلێک زووە. کاتێک لە جەنگ دەگەڕێنەوە – ئەگەر گەڕانەوە – ئەوسا هەموو شتێک بەیەکتر دەڵێین. ماڵئاوا."

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، کاتێ بینی موریدەکانی دوودڵن لە ڕۆیشتن، زەردەخەنەیەکی هاتێ و پرسی: "بۆ ڕاوەستاون؟ هێشتا ئەرکی سەرشانی ئێوە جەنگە، کەواتە دەی، دەی بۆ جەنگ... ماڵئاوا."

ساریپۆتا گوتی: "مامۆستا ماڵئاوا، دەی بابڕۆین، بەئومێدی خودا!"

ئاناندا لە جێگەکەی نەجوولا، بوزا بەئاسودەییەوە بەتیلەی چاو دیقەتی دا.

موریدی ئازیز کە تا بناگوێی سوور هەڵگەڕا بوو، گوتی: "مامۆستا من دەمەوێ لای تۆ بمێنمەوە!"

– "ئاناندای ئازیز، لەبەر ترس؟"

– "مامۆستا لەبەر عیشق!"

– "هاوڕێی وەفادارم، ئاخر ئیدی عیشق بەس نییە!"

– "مامۆستا ئەمە دەزانم، کە دەدوایت، خۆم بینیم بڵێسە زاری دەلێسایتەوە!"

– "ئاناندا ئەوە بڵێسە نەبووە، بەڵکو وشەکانی خۆم بوون. هاوڕێی جحێڵ و وەفادارم، لەم وشە سەروو ئینسانییانە دەگەیت؟"

– "بەڵێ پێم وایە تێیان دەگەم، هەر بۆیە لەگەڵتا دەمێنمەوە."

– "چییان لێ تێدەگەیت؟"

– "کۆیلەیە ئەو کەسەی بڵێ ڕزگاری بوونی نییە، لەبەرئەوەی هەر لەحزەیەک هەموو وشەیەک لە وشەکانی و هەموو کارێک لەکارەکانی هەڵدەسەنگێنێ، بەترس و لەرزەوە لەخۆی دەپرسێ: چما ڕزگارم بێ یاخود نەفرەتم بەسەردا داباریێ؟ بەرەو بەهەشت دەڕۆم یاخود بەرەو دۆزەخ؟ ئاخر ڕۆحێک ئومێدی هەبێ چۆن دەتوانێ ئازاد بێ؟ هەر کەسێ ئومێدەوار بێ، ئەوا لە ژیانی خۆی و لە دونیای ئاخیرەت دەترسێ. بێ چ بڕیارێک لەنێوان ئەرز و ئاسماندا ماوەتەوە و چاوەڕێی شانس یاخود ڕەحمەتی خودا دەبێ!"

بوزا دەستی بەقژە ڕەشەکەی ئاناندا داهێنا و گوتی: "بمێنەرەوە!"

لەکاتێکدا بوزا هێور و بەخۆشەویستییەوە دەستی بەقژی موریدە ئازیزەکەیدا دەهێنا، ماوەیەک لەژێر درەختە شکۆفەکردووەکەدا بێدەنگ بوون.

– "ڕزگاری واتە ڕزگاربوون لەهەموو ڕزگارکەران، ئەمەیە ترۆپکی بەرزی ئازادی، واتە جێگەیەک کە ئینسان بەزەحمەت دەتوانێ هەناسەی تێدا بدا. ئایا دەتوانیت بەرگە بگریت؟"

ئاناندا سەری داگرت و هیچی نەگوت.

– "بەواتایەکی تر، هەنووکە تێدەگەیت ڕزگارکەری تەواو چ کەسێکە..."

بوزا بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، پاشان لە کاتێکدا چرۆیەکی لەنێوان پەنجەکانیدا دەوڵی کە لە درەختەکەوە کەوتبووە خوارێ، گوتی: "ڕزگارکەری تەواو ئەو کەسەیە کە بەشەرییەت لە ڕزگاری ڕزگار دەکات!"

***



بەبیست و شەش پیتە ئەبجەدییەکە ئەو ڕێگەیەم شەق کرد کە دەچۆوە سەر ڕزگاری، هەنووکە دەمزانی، دەمزانی و هەر لەبەر ئەم هۆیە ئارام و بێ ترس لە دونیام دەنۆڕی، لەبەرئەوەی کە ئیدی نەیدەتوانی فریوم بدا. لە پەنجەرەکەوە بۆ دەرەوە دادەهاتمەوە و لەپیاوان و ژنان و ئوتومبێلەکان و لە مەغازەی پڕ لە گۆشت و شیرەمەنی و مەی و میوە و کتێبم دەنۆڕی و زەردەخەنەم دەهاتێ. هەموو ئەوانە چ نەبوون جگە لە هەوری ڕەنگاوڕەنگ، شنەیەکی فێنک هەڵی دەکرد و هەمووی دەڕەواندنەوە، ئاخر قودرەتی شەیتان ئەوانەی خولڵقاندبوو، بۆ یەک دوو سەعاتێک برسێتی و تینوێتی ئینسان دزەی کردبووە ناویانەوە، لەو دیوەوە شنەیەک هەڵی دەکرد و وێرانی دەکردن.

چوومە سەر جاددە، تێکەڵ بەشەپۆلێک خەڵک بووم کە هەمووان بەخێراییەکی زۆر ڕایان دەکرد، منیش لەگەڵیاندا ڕام کرد، ئیدی لەچ شتێک نەدەترسام. بەخۆم گوت: "ئەوانە تارمایین، تەمتومانێکن لە دڵۆپە شەونم، ئەدی بۆچی لێیان بترسم؟ بۆچ نابێ لەگەڵیاندا بڕۆم و بزانم چ دەکەن؟" گەیشتینە سینەمایەک بەرووناکییە سوور و شین و سەوزەکانییەوە. چووینە ژوورێ و لەسەر کورسییە مەخمەلییەکان دانیشتین. لەوسەری هۆڵەکەوە پەردەیەکی ڕووناک کە سێبەرەکان بەخێرایی لەسەری دەهاتن و دەچوون. ئەدی ئەم سێبەرانە چییان دەکرد؟ ماچیان دەکرد و دەیانکوشت و دەکوژران. کیژێکم لەلاوە دانیشتبوو، دەمی بۆنی دارچینی لێ دەهات، کە هەناسەیدەدا هەستم دەکرد سینگی بەرز دەبێتەوە، جار ناجار ئەژنۆی بەر ئەژنۆم دەکەوت، لەرزێک ڕۆچووە گیانمەوە، بەڵام دوور نەکەوتمەوە، لای کردەوە و بۆ ساتێک تەماشای کردم، لەو نیمچە ڕووناکییەی هۆڵەکەدا پێم وابوو زەردەخەنەکەی سەر لێویم بینیوە.

زۆر زوو لە تەماشای ئەو سێبەرانە بێزاربووم و بەمەبەستی جێهێشتنی هۆڵەکە لەجێگەکەم هەستام، کچەکەش هەستا، لەچوونە دەرەوەدا هەمدیس لای کردەوە و زەردەخەنەیەکی بۆ کردم. کەوتینە قسان، هەروا کە مانگ بەژوور سەرمانەوە پرشنگی دەدا، ڕێگەی باخێکمان گرتەبەر و لەسەر سەکۆیەکی چکۆڵە دانیشتین. هاوین بوو، شەو هەروەکی هەنگوین شیرین، گوڵەیاس هەوای پڕکردبوو لەبۆنی عەتر، جووتەکان(*) دەهاتن و دەچوون، ئەوانی تریش لەسەر چیمەنەکە ڕاکشابوون و یەکتریان لەئامێزگرتبوو، بولبولێک کە خۆی لەنێوان دوو گوڵەیاسدا حەشاردابوو، کەوتە خوێندن و دڵم ڕاچڵەکی، ئەوە مەل نەبوو، هەڵبەت شەیتانێکی فێڵباز بوو، وابزانم لەکاتی هەڵگژان بەچیای پسیلوریتیدا ئەو دەنگەم ژنەفتبوو، دەشمزانی دەڵێ چی، دەستم ڕایەڵ کرد و لەسەر کەزیی کیژەکە دامنا.

لێم پرسیی: "ناوت چییە؟"

بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە: "فرێدا! پێویست بەپرسیار ناکا، ناوم ژنە!"

هەمان سات شتێکی خەتەر لە زارم دەرچوو، ئەوەی گوتم قسەی من نەبوو، بەڵکو هی ئەوی تر بوو، هی بابیشم نەبوو کە ڕقی لە ژن بوو، قسەی ئەو کەسەی تر بوو. ئەوکاتەی ئەو قسانەم بەزاردا هاتن،

(*) مەبەست لە کوڕ و کچی هاوڕێی یەکدین نەک ژن و مێرد.

ترس سەراپای بوونمی لەخۆوە پێچا، بەڵام ئیدی کات درەنگ بوو.

– "فریدا ئەمشەو لەگەڵم دەبیت؟"

کیژەکە بەهێمنی وەڵامی دایەوە: "ئەمشەو نا، ناتوانم، سبەینێ."

هەستم بەحەوانەوە کرد، بەپەلە هەستام، جیابووینەوە، خێرا گەڕامەوە ژوورەکەم، پاشان شتێکی سەیر رووی دا کە ئەقڵ نایبڕێ. رووداوێک کە هەتا ئێستایش کاتێ بیرم دەکەوێتەوە لەرز دامدەگرێ. هەر بەڕاست رۆحی ئینسان نابووت نابێ، پڕە لە بەرەکەت و شکۆ، بەڵام جەستەیەکی هەڵگرتووە کە رۆژ بەرۆژ بۆگەنتر دەکات. لەڕێی گەڕانەوەدا بۆ ژوورەکەم، وژەی هەڵگژانی خوێنم بۆ سەرم دەژنەفت، رۆحم تووڕە و کاتێ هەستی کردبوو دەخلیسکێتە گوناهەوە، لێوڕێژ لە بێزاری و تووڕەیی هەستابووە سەرپێ و بۆ ساتێک هەدادانی نەبوو، لێکدا لێکدا خوێن بۆ سەرێ بەرز دەبۆوە و لەڕوخسارمدا کۆدەبۆوە. تا هێورهێور هەستم کرد لێو و گۆنا و نێوچەوانم زامدار بوون. چاوانم هێند چکۆڵە ببوونەوە کە هێندەی دوو کونیان لێ مابۆوە و زۆر بەزەحمەت دەمتوانی شتێک ببینم.

لەترم دەدا و پەلەم بوو زوو خۆم بگەیەنمەوە ماڵەوە و وەزعی خۆم لە ئاوێنەدا تەماشاکەم.

دواجار کاتێ گەیشتم و گڵۆپەکەم داگیرساندو تەماشای ئاوێنەم کرد، لەترسا هاوارم لێ هەستا، ئاخر تەواوی روخسارم بەشێوەیەکی ترسناک هەڵاوساو و شێواو بوو، چاوانم بەزەحمەت لەمیانەی دوو کوتە گۆشتی سوورەوە دیار و دەمم ببووە باریکە قەیتانێک کە نەدەکرایەوە. فریدام کەوتەوە بیر، ئاخر بەوەزعێکی ئاوها نەفرەتاوییەوە چۆن دەمتوانی بیبینم؟ برووسکەیەکم بەم وشانە بۆ کرد: "سبەی ناتوانم بێم، دوو سبەی دێم!" شەڵاڵ لە نائومێدیی خۆمدا بەتەختە نوێنەکەدا. لەخۆم پرسییی: "بڵێی ئەمە چ نەخۆشییەک بێ؟ گەڕییە؟"

کە مناڵ بووم، لە کریت بەزۆری گەڕەکانم بەڕوخساری ئاوساو و قڵیش قڵیش و سوور وەک خوێن دەبینی، هەنووکە هاتەوە بیرم کە ئەوکات ترسێکی وەهایان تێدا چاندبووم کە رۆژێکیان گوتم: "گەر پادشا بام، ئەوا هەموو گەڕەکانم دەگرت و بەردم بەملیانەوە شەتەک دەدا و دەمخستنە زەریاوە!" دەشێ ئەو نەبینراوە، یەکێک لەنەبینراوەکان، ئەو قسە نائینسانییەی منی بیرکەوتبێتەوە و لەتۆڵەی ئەوەدا ئەم نەخۆشییە ترسناکەی بۆ رەوانە کردبم!

ئەو شەوە لەحزەیەک خەو نەچووە چاوانم، پەرۆشی هاتنی سپێدە بووم. بەخۆم دەگوت و بەوە دڵخۆشیی خۆم دەدایەوە کە ڕەنگە تا هاتنی سپێدە نەخۆشییەکە بەریدابم. لێکدا لێکدا دەستم لە دەموچاومەوە دەدا تا بزانم چما ئاوساوییەکەم نیشتۆتەوە یان نا. کاتێ سپێدەی دا لە تەختەنوێنەکە پەڕیمە خوارێ و خۆم گەیاندە بەر ئاوێنەکە، دەمامکێکی ترسناک لە گۆشت، روخساری پۆشیبووم، پێستی دەموچاوم قڵیش قڵیش و ئاوێکی سپیی مەیلەو زەردی لێ دەهاتە دەرەوە، ئینسان نەبووم، بەڵکو شەیتانێک بووم بۆ خۆم.

خزمەتچییەکەم بانگ کرد تا برووسکەکەی بدەمێ، هەر ئەو ساتەی دەرگاکەی کردەوە و منی بینی، زریکەیەکی کرد و روخساری لەمابەینی هەرتک دەستیدا حەشاردا. بێ ئەوەی بوێرێ نزیکم بێتەوە،



برووسکەکەی رفاند و رۆیشت. رۆژێک و دووان و سیان و هەفتەیەک و دوو هەفتە تێپەڕین. هەموو رۆژێک و لەترسی ئەوەی نەبا فریدا بێ بۆ لام و بەو وەزعەوە بمبینێ، هەمان برووسکەم بۆ دەنارد: "ئەمڕۆ ناتوانم بێم، سبەینێ دێم!"

تۆزقاڵێک هەستم بەئازار نەدەکرد، بەڵام لەکاتی خواردندا نەمدەتوانی زار هەڵبێنمەوە، خۆراکم تەنێ شیر و شەربەتی لیمۆ بوو کە بەقامیش دەمخواردەوە. دواجار ئیدی بڕستم لێ بڕا، چەند کتێبێکی تایبەت بەدەروونناسی، هی (ولییەم ستیکیل)ی قوتابیی بەنێوبانگی فرۆیدم خوێندبۆوە، چووم بەدوایدا گەڕام، دەروونم منی دووچاری ئەم نەخۆشییە کردبوو بەبێ ئەوەی هۆکەی بزانم. مەزەندەم کردبوو هەموو ئەو شتانە لەبن سەری دەروونمدان. مامۆستای دانا گوێی بۆ ئیعتیرافەکانم رادێرا، حەکایەتی ژیانم بۆ گێڕایەوە کە چۆن لەتافی هەرزەکارییەوە بەرەو ژوور بەدوای رزگاریدا گەڕاوم و چۆن ساڵانێک بەدوای مەسیحدا رۆیشتووم و چۆناوچۆنی دواجار ئایینەکەیم زۆر ساکار و گەشبینانە بینیوە و چلۆن دەسبەرداری بووم و لەبری وی شوێنپێی بوزام هەڵگرتووە.

پرۆفیسۆر زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی: "گەڕان بەدوای سەرەتا و کۆتایی دونیادا نەخۆشییە، ئینسانی سروشتی دەژی، هەوڵ دەدات، خەم و شادی تەجروبە دەکات، ژن دەهێنێ و مناڵ دەخاتەوە و کاتی خۆی بەپرسیاری لەکوێ و بۆ کوێ و بۆچییەوە بەهەدەر نادات. بەڵام تۆ چیرۆکەکەت تەواو نەکرد، هێشتا شتێکم لێ دەشاریتەوە، ددان بەهەموو شتێکدا بنێ!" بۆم گێڕایەوە چۆن فریدام ناسیوە و وادەیەکمان بۆ یەکتر بینین داناوە. ئوستاد دای لە قاقای پێکەنینێکی قایم و گاڵتەئامێز، بەتووڕەیی تەماشایم کرد، رقم لێی دەبۆوە چونکە نهێنییەکانمی لەژێر زەڕەبینەکەیدا دەپشکنی و لەهەوڵی ئەوەدابوو بەگوشار دەرگا داخراوەکانی ناوەوەم بکاتەوە.

گوتی: "بەسە، بەسە، تا لە ڤێنا بیت ئەم دەمامکە بەروخسارتەوە دەمێنێ. ئەو نەخۆشییەی دووچاری بوویت پێی دەگوترێ (دەردە زاهید). لەم سەردەمەی ئێمەدا ئەم نەخۆشییە زۆر دەگمەنە. چونکە ئەوڕۆ کام جەستە هەیە گوێڕایەڵی رۆح بێ؟ ئایا هەرگیز ئەفسانەی قەدیسانت خوێندۆتەوە؟ ئەو زاهیدەت بیردێتەوە کە بیابانی (تیبس)ی جێ هێشت و بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە نێزیکترین شار، چونکە لە ناکاوێکڕا دێوی زینا سواری کۆڵی ببوو، هەستی دەکرد ئیدی ناچار دەبێ لەگەڵ ژنێکدا بنوێ. رای کرد و هەر رای کرد، بەڵام هەروا کە دەیویست لەدەروازەی شارەوە بچێتە ژوورێ، سەیری خۆی کرد و بەترسەوە بینی گەڕیی داوێتییە بەدەنی. بەڵام ئەوە گەڕیی نەبوو، هەمان ئەو نەخۆشییە بوو کە ئەلعان تۆ دووچاری بوویت. بەئاوها روخسارێکی شوومەوە چۆن دەیتوانی لەگەڵ ژنێکدا رووبەڕوو بێتەوە؟ چ ژنێک هەیە حەزکا دەستی لێوەبدا؟ هەر بۆیە بەپەلە بەرەو بیابان، بۆ سەومەعەکەی خۆی گەڕایەوە و سوپاسی خودای کرد کە لەگوناهێک رزگاری کرد، خوداش لێی بوورا و نەخۆشییەکەی لە جەستەیدا نەهێشت. ئێستا تێگەیشتیت؟ تۆ کە لە دونیابینیی بوزادا غەرق بوویت، ئیدی رۆحی تۆ نوستن لەگەڵ ژندا بەگوناهێک دادەنێ کە لێخۆشبوونی نییە، هەر بۆیە مۆڵەت بەجەستە نادا لە ئاوها گوناهێکەوە بگلێ. لەم سەردەمەی ئێمەدا رۆحگەلی لەم جۆرە دەگمەنن، بەدرێژایی ئەو ساڵانەی لەدەرونناسیدا کاردەکەم تەنها یەک حاڵەتی

هاوشێوەی ئەمەم بینیوە، ئەویش خانمێکی تا بڵێی ئیماندار و داوێنپاکی ڤێنایی بوو، ئەم ژنە مێردەکەی زۆر خۆشدەویست، بەڵام ئەو لەبەرەی جەنگ دەبێ کە بەرێکەوت کوڕێکی جحێڵ دەبینێ و عاشقی دەبێ. شەوێکیان لەوەدابوو خۆی بەدەست کوڕەی جحێڵەوە بدا، ڕۆحی یاخی دەبێ و قەد ڕاست دەکاتەوە، ئیدی ڕوخساری هاوشێوەی ڕوخساری تۆ ناشیرین و هەڵدەئاوسێ. نائومێدانە سەردانی کردم، دڵنیام کردەوە هەر لەگەڵ گەڕانەوەی مێردەکەیدا چاک دەبێتەوە. لەڕاستیدا هەر لەگەڵ گەڕانەوەی مێردەکەیدا، بەواتایەکی تر، هەر لەگەڵ لاچوونی خەتەری گوناهدا، ڕوخساری خانمەکە جوانیی جارانی بۆ گەڕایەوە. بۆ تۆیش هەر هەمان شتە، لەگەڵ جێهێشتنی ڤێنا و دەسبەرداربوون لەفرێدا، چاک دەبیتەوە."

قسەکانی نەچوون بەئەقڵمدا، هەروا لە کاتێکدا کە بەحاڵەتی ورووژانێکی سەرسەختانەوە لەعەیادەکە دەچوومە دەر، بەخۆم گوت: "ئەمە خەرافاتی عیلمە، لە ڤێنا دەمێنمەوەو وەزعم باش دەبێ!"

مانگێکی تر مامەوە، بەڵام دەمامکەکە لە ڕوخسارم دانەماڵرا، بەردەوامیش برووسکەم بۆ فرێدا دەکرد: "ئەمڕۆ ناتوانم بێم، سبەی دێم!" هەڵبەت قەت ئەو سبەینێیە نەهات. بەیانییەکیان کە ئیدی تەواوێک وەزعم ناجۆر بوو، بڕیاری سەفەرم دا. لە تەختەنوێنەکە دابەزیم، جانتاکەم هەڵگرت، بەپێپلیکانەکاندا هاتمە خوارەوە، چوومە سەر جاددە و ڕێگەی وێستگەی قیتارم گرتەبەر. بەیانی زوو بوو، شنەیەکی فێنک هەڵی کردبوو، کرێکاران، پیاوو ژن پۆل پۆل بەرەو کار دەچوون، هێشتا بابۆڵەی خواردنەکانیان دەجوو، هێشتا ڕووناکی خۆر نەگەیشتبووە شەقامەکان، چەند پەنجەرەیەک کرابوونەوە، شار لەدەمی بێداربوونەوەدا بوو، میزاجم ئارام و بەهەنگاوی هێور دەڕۆیشتم، منیش ڕێک هەر وەکو شار خەریک بوو بێدار دەبوومەوە. هەروا کە دەچوومە پێش هەستم دەکرد قورسایی سەر ڕوخسارم دادەگیرێ، چاوانم ئازاد دەبن، هەنووکە دەمتوانی ببینم، ئاوساویی لچ و لێوم نیشتەوە و وەکی منداڵێک کەوتمە فیکەکێشان، شنەیەکی فێنک وەک دەستێکی میهرەبان بەسەر ڕوخسارمدا دەهات، کە گەیشتمە وێستگەی قیتار، ئاوێنە چکۆڵەکەی گیرفانم دەرهێنا تا تەماشای خۆمی تێدا بکەم. وەی چ خۆشییەک! چ شانسێک! هەڵاوساویی ڕوخسارم بەتەواوەتی نیشتبۆوە، ڕوخساری پێشووم- لووت و دەم و گۆنا- کرابوونەوە، ئیدی شەیتان تێی تەقاندبوو، جارێکی تر ببوومەوە بەئینسان.

لەو ڕۆژەوە پەیم بەوە برد کە ڕۆحی ئینسان چاوگەیەکی ترسناک و خەتەری ئاژاوەکانە. بێ ئەوەی خۆمان بزانین هەڵگری هێزێکی تەقینەوەیی گەورەیە لە گۆشت و بەزدا، خەراپتر لەمە ئەوەیە خۆمان نامانەوێ بزانین، چونکە ئەوکات بیانووەکانی ناپاکی و ترسنۆکی و درۆزنی بزر دەکەین، ئیدی ناتوانین لەودیو دەمامکی وەهمیی لاوازی و بێتوانایی ئینسانەوە خۆ حەشاردەین، گەر ناپاک و ترسنۆک و درۆزنین، دەبێ خۆمان بەرپرسیارێتییان هەڵگرین، چونکە گەرچی ئێمە هێزێکی بەگوڕمان لەناخدایە، لەبەرئەوەی نەبا نابووتمان کا، جورئەتی خستنەگەڕیمان نییە. لەبری ئەوە ڕێگەیەکی ئارام و ئیسراحەت دەگرینە بەر و لێ دەگەڕێین ئەم هێزە هێورهێور دامرکێتەوە و ببێتە گۆشت و بەز. چەند ترسناکە بێخەبەربوون لەوەی خاوەنی ئاوها هێزێکین! گەر بەوەمان زانیبا ئەوا شانازیمان بەڕۆحی خۆمانەوە دەکرد. لەتەواوی ئاسمان و لەسەراپای ئەرزدا، چ شتێکی تر نییە هێندەی ڕۆحی ئینسان لە خواوەند بچێ.



## بەرلین

ڤێنام جێ هێشت و چووم بۆ بەرلین. هەرچەند بوزا زۆر لەتینووێتییەکانی ناوەوەمی شکاندبوو، بەڵام نەیتوانیبوو تینووێتیم بۆ بینینی سەرزەمین و زەریاکان، ئەوەی کە لەتوانامدا هەیە، دامرکێنێتەوە. ئاخر وی شتێکی پێ بەخشیم کە خۆی ناوی ناوە چاوی فیل، توانای بینینی هەموو شتێک بۆ یەکەم جار و ماڵئاوایی لێکردنیان، توانای بینینی هەموو شتێک بۆ دوایەمین جار و ماڵئاوایی لێکردنیان.

هەمیشە بەخۆم دەگوت دونیا تارماییە و مرۆڤەکانیش تارمایی، ئەوانە بوونەوەرانی شەونمین، فەرزەندانی شەونمیش خێرا دیارنامێنن. بوزا، ئەو خۆرە ڕەشە هەڵاتبوو، ئەوانیش توابوونەوە و ببوونە هیچ. بەڵام هاوسۆزی، هاوسۆزی و ئەڤین باڵیان بەسەر ڕۆحمدا کێشا. چ دەبوو گەر بمتوانیبا ساتێکیتر ئەم تارماییانە لەکەناری خەونەکانما گلدەمەوە و نەهێڵم لەناوبچن! هەستم دەکرد دوا ترپەی دڵم خۆی لەجبەی زەردەوە نەپێچاوە، هێشتا ترپەیەکی سووری تۆخ مابۆوە و سەرسەختانە لێیدەدا، ملی نەدەدا و لێ نەدەگەڕا بوزا بەتەواوی داگیرمکا. کریتییەک لە ناخمدا دەستی ناڕەزایی بەرزکردبۆوە و قایل نەبوو یەک فارزەنغ(*)ی مسین وەک باج بداتە ئەو داگیرکەرە ئاشتیخوازە.

لە بەرلین بوو هەستم بەهەموو ئەمانە کرد، هەنووکەش کاتێک چاوانم لێک دەنێم و گوناهەکانم - گوناهە کوژەرەکانی یەکێ لەپەیڕەوانی بوزا - لەو شارە دزێوەدا وەبیر دێتەوە، یادەوەریم پڕ دەبێ لە پێکەنین و وشەگەلی ئاگرین، پڕدەبێ لە شەوانی گەرم و گوڕ کە بێ ئەندێشەی خەون تێپەڕین، پڕ دەبێ لە داربەڕوو و دار ئاڵبالۆوی شکۆفەکردوو، پڕ دەبێ لە چاوانی هەمیشە برسیی یەهودی، پڕ دەبێ لەبۆنی تیژی بن باڵی ژن و ئیدی ناتوانم شتەکان لەشوێنی گونجاوی خۆیاندا دانێم.

پەڕەپەڕە دەفتەری زەردهەڵگەڕاوی یادەوەرییەکانم هەڵدەدەمەوە و هەوڵ دەدەم وەبیر خۆمی بهێنمەوە کە چما کامەیان یەکەم و کامیان دواتر ڕووی دا، چ سوێندێکمان خوارد و هۆی جیابوونەوە چ بوو. بەڕاستی مەزنە قودرەتی پیتەکانی ئەلفوبێ، ئەو بیست و شەش سەربازە وردیلەیەی کە لە لێواری خەرەندا رادەوەستن تا گەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ پارێزگاری لە دڵی ئینسان بکەن و بەر بگرن لەهەڵدێران و نوقوم بوونی لەچاوانی ڕەش و بێ بنی بوزادا.

## دووەمی ئۆکتۆبەر

هەنووکە سێ ڕۆژە بەنێو شەقامە بێ کۆتایی و یەک ڕەنگەکانی بەرلیندا دەگەڕێم. داربەڕووەکان ڕووت بوونەتەوە و بایەکی گەلێک سارد هەڵی کردووە، دڵم بۆتە شەختە. ئەمڕۆ لای دەروازەیەکی گەورەوە تێپەڕیم کە بەپیتی درشت لە سەروویەوە نووسرابوو: (کۆنگرەی ریفۆرمی پەروەردەیی). بەفر دەباری و سەرمام بوو، چوومە ژوورێ، هۆڵەکە جمەی دەهات لەژن و پیاو و مامۆستا، گەڕام بۆ جێگەیەک لێی

(*) دراوێکی کەم بایەخی بەریتانییە.

دانیشم، لە ناکاوڕا بلوسێکی پرتەقاڵیم بینی کە لەنێو چاکەتە بۆر و ڕەشەکاندا درەوشەی دەهات. چۆن ڕەنگی گوڵ مێروو بۆ لای خۆی کێش دەکات، ئاوها منیش بەرەو لای ئەو کیژە بلوس پرتەقاڵییە کێش بووم. کورسییەکەی لایەوە چۆڵ بوو، دانیشتم. یەکێ لەماموٚستاکان بەتەرزێکی پێکەنیناوی دادەهاتەوە و ڕاست دەبۆوە، نەعرەتەی دەکێشا، نەختێک ئاوی دەخواردەوە و کەمێک هێور دەبۆوە، پاشان هەمدیس ئاگری دەگرتەوە، تەواوی قسەکانی لەبارەی ئەوەوە بوو چۆن گەرەکییەتی بەرنامەی قوتابخانەکان بگۆڕێ و نەوەیەکی نوێی ئەڵمانیایی دروست کات، نەوەیەک کەگاڵتە بەژیان و مەرگ بکات. ئاخر ئەمیش ڕزگارکەرێکی تر بوو کە دەیویست دونیا بەوێرانکردنی ڕزگار کات.

لام بەلای کیژەکەدا کردەوە، کەزیی ڕەشێکی قەترانی و چاوانی گەورە و ڕەش و بایامی و کەپوویشی کەمێک چەماوە، پێست ئەسمەر بەرەنگی کەهرەمانی دێرین، چەند پەڵەیەکی تەنک بەڕوخسارییەوە. بۆی دانەویمەوە و لێم پرسی: "بزانم دەزانیت خەڵکی کوێم؟"

تا بناگوێ سوور هەڵگەڕا و وەڵامی دایەوە: "سەرزەمینی هەتاو!"

– "ڕاستە، لێرە خەریکە دەخنکێم، دەڵێی چی بچینە دەرێ و پیاسەیەک بکەین؟"

– "بەڵێ، با بڕۆین!"

کە چووینە دەرەوە، وەک منداڵێک یارییەکی نوێیان پێ بەخشیبێ کەوتە هەڵبەز و دابەز و پێکەنین.

– "ناوم ساریتایە، جوولەکەم و شیعر دەنووسم!"

چووینە باخێکەوە، گەڵای ورد لەسەر عەردەکە کەڵەکە ببوو، لەژێر پێماندا خرمەی دەهات، دەستم نایە سەر قژی، گەرم و نەرم و نیان بوو وەکی ئاوریشم، بێ سرتە ڕاوەستا و گەردنی درێژکرد وەک ئەوەی گوێ بۆ شتێک رادێرێ. گوتی: "دەستت هێز دەبەخشێ. هەر دەڵێی گۆزەیەکم کە لە کانی پڕکرابم لە ئاو!" کات پاش نیوەڕۆ بوو. گوتم: "باشترە بڕۆین شتێک بخۆین، شۆربایەکی خەست و لەکوڵ تا گەرم بینەوە."

– "ڕۆژووی یەهودییانە، خواردن گوناهە، منیش وەک تۆ برسی و سەرمامە، بەڵام خواردن گوناهە!"

– "کەواتە وەرە با گوناه کەین تا دواتر بتوانین تۆبە کەین و خواوەندی تۆ، یەهودای ترسناک لێمان ببوورێ!"

پێدەچوو نیگەران بووبێ، لەبەر ئەوەی کە ئاوها بەتانەوە ناوی خواوەندەکەیم بردبوو.

– "دەی فەرموو بزانم خواوەندەکەی ئێوە کێیە؟"

پرسیارەکەی لەرزێکی ڕۆبردە جەستەمەوە، هەستم کرد بەرامبەر خواوەندەکەی خۆیشم دووچاری گوناه بووم. بەدرێژایی ئەو کاتە بیرم چووبۆوە کە ئەم ڕوخسارە و ئەم کەزییە و ئەم پێستە کەهرەمانییە جگە لە تارمایی چ شتێکی تر نییە و بۆ ڕەواندنەوەی فووم نەکرد، ئاخر نەمویست فوو بکەم.

کیژۆڵەکە بەپێکەنینەوە پرسی: "دیۆنیزیۆس؟ مەینۆشی گەورە؟"

– "نا، نا، کەسێکی تر، کەسێکی ترسناکتر لە یەهوەی خواوەندی تۆ... مەپرسە!"



دەبوو لەهەمان ساتدا هەستم و بڕۆم، بەڵام دڵم بەحاڵی لەشی خۆم و جەستەی وی سووتا و مامەوە. بۆ ئەوەی خەیاڵی بەرەو لایەکی تر بەرم، گوتم: "یەکێ لەشیعرەکانت بخوێنەوە!"

ڕوخساری پرشنگی دا، دەنگی نەوازشکەر و خەمینتر بوو:

ئەی نەفیکراوان کە هێشتا پەیتان بەوە نەبردووە
مەنفایە نیشتیمان
کاتێ پێ دەنێینە شارگەلی نوێوە
نیشتیمان وەک خوشکێ لەلامانەوە دەڕوا
ئەی ئەو نەفیکراوانەی هێشتا پەیتان بەوە نەبردووە
گەر لە دڵە نەفیکراوەکانمانا
زەردەخەنەیەک ببەخشین
ئیدی غەزەلی غەزەلان دەس پێدەکا!

چاوانی پڕ بوون لە فرمێسک. پرسیم: "دەگریت؟"

وەڵامی دایەوە: "دەست لەهەرکوێی جەستەی یەهودیانەوە بدەیت، دەستت بەر برینێک دەکەوێ!"

## سێی ئۆکتۆبەر

چ دەبوو گەر ئینسان بیتوانیبا هەمیشە سەرمەست بمایەتەوە! چ دەبوو گەر دیۆنیزیۆس قادیری ڕەها با! بەڵام سەرمەستی بەخێرایی لەبەین دەچێ، زەین ڕووناک دەبێتەوە و جەستەی گەرم و تۆکمە دەبێتەوە بەتارمایی. ڕۆژی دواتر زەینم بێدار ببۆوە، بەرق و زەبر و زەنگەوە تەماشای دەکردم و هاواری دەکرد: (هەی زندیق، خایین، پەیمان شکێن، شەرمەزارم لەگەڵ تۆدا دەژیم و سەفەر دەکەم، دەشێ بوزا بتوانێ لێت ببوورێ، بەڵام من ناتوانم. وای گەر جارێکی تر پێ بخەیتە بۆسەی کیژۆڵە پرتەقاڵی ڕەنگ پۆشەکەوە!)

لەگەڵ ئەمەشدا یەکەمین شتێ لەو بەیانییەدا کردم، هەمان ڕێگەی لای ویم گرتەبەر و گەڕامەوە هۆڵی کۆنگرە. سەرنجم دا، کیژەی پرتەقاڵی پۆش چ ئەسەری نەبوو، گەرچی دەمویست شادومان بم، بەڵام نەمتوانی. هەمدیس قسەی توڕەهاتم لەهۆڵەکەدا دەژنەفت، زۆربەی گوێگرەکان بۆ هێورکردنەوەی برسێتیی خۆیان سێویان دەخوارد، ژمارەیەکیش دانەویبوونەوە و خەریکی تێبینی و سەرەقەڵەم نووسین بوون، کوتوپڕ لەدواوە هەستم بەشتێک کرد، شتێک وەک هەناسەی گەرم، ڕوخسارێک بەدوامدا دەگەڕا و لەسەرم گیرسایەوە. ئاوڕم دایەوە و لەوسەری هۆڵەکەوە بینیم، شاڵێکی زەیتوونیی تۆخ و درەوشاوەی پۆشیبوو، لەبەرئەوەی هۆڵەکە سارد بوو، ئێخەی پاڵتۆ خورییەکەی بەرز کردبۆوە، زەردەخەنەیەکی بۆ کردم، ڕوخساری وەک پەیکەرێکی مەڕمەڕینی بەر هەتاو پرشنگی دەدا.

ئیدی بۆ بینینی ئاوڕم نەدایەوە، هەوڵم دا بچمە دەرەوە، بەڵام لەڕاڕەوەکە خۆی گەیاندمێ و

ناميلەکەيەکی شيعرەکانی دا پێم، کەوتە پێکەنين و هەڵبەز و دابەز، سەرمەستيی ڕۆژی پێشووی تێدا نەڕەويبۆوە، بەڵام نيگەرانی لێ جيابوونەوەی و جێهێشتنی بووم. بۆ ساتێک کە دانەويمەوە و بۆ خوداحافيزی دەستم بۆ لای رايەڵکرد، سەرنجم دا بەچاوانێکی پڕ لەپرسيار و گوماناوی کە سێبەرێک لەترس باڵی بەسەردا کێشابوو، سەيرم دەکا. جەستەی چکۆڵەتر و چەماوەتر دياربوو، چووبۆوە ناو خۆی، دڵم بۆی سووتا و لەحەيوەتا دەستم نايە سەر پشتی و شانە لاوازەکانيم گوشی. لەتاو ئازار و خۆشی زريکاندی.

خۆی راپسکاند و ويستی راکا. پرسی: "بۆ ئازارم دەدەيت؟"

– "لەبەرئەوەی تۆ لەقوڕێکی تر دروست بوويت و لەبەرئەوەی خواوەندەکی ترت هەيە. لەبەرئەوەش بەدرێژايی شەو بيرم لێ کرديتەوە. دەمويست پرسيارگەلێکت لێ بکەم، بەڵام دەبێ بەڕاستی وەڵامم بدەيتەوە."

– "بۆچ راستی ناڵێم؟ من لێی ناترسم، من جوولەکەم!"

– "خواوەندی تۆ فەرمانت پێدەکا چ بکەيت؟ چ ئەرکێکت دەخاتە سەرشان؟ دەمەوێ بەرلەوەی لەمە زياتر پەيوەندييەکەمان پەرەبسێنێ، ئەمە بزانم!"

– "رق! ئەمە يەکەمين ئەرکە. ئيسراحەتت کرد؟"

لەناکاوڕا روخساری گرژ بوو، گەرچی لێوە گۆشتنەکانی ئيدی قسەيان نەدەگوت، بەڵام هەر دەلەرزين. لەوديو روخسارە ئەسمەر و جوانەکەيەوە دوو چاوی زەرد و شەويلەی زلی مێ پڵنگێ وەديارکەوت. هەمديس بەگاڵتەجاڕی و بەچرپەوە گوتی: "هەنووکە ئيسراحەتت کرد؟"

قسەکەی بوزام بيرکەوتەوە کە دەبێژێ: (گەر وەڵامی ڕق بەڕق بدەينەوە، ئەوا هەرگيز دونيا رزگاری نابێت لە ڕق!)

وەڵاميم دايەوە: "رق ئەو خزمەتکارەيە کە لەپێشەوە دەڕوا و ڕێگە پاک دەکاتەوە تا سەروەری پێدا بڕوا!"

– "سەروەر کێيە؟"

– "ئەڤين!"

کيژەی جوو بەگاڵتەجاڕييەوە پێکەنی، گوتی: "ئەوە مەسيحەکەی تۆيە ئاوها دەباعێنێ. بەڵام يەهوەکەی ئێمە ئەمر دەکا: گەر کەسێک ددانێکی شکانيت، تۆيش تەواوی ددانەکانی وی بشکێنە! تۆ بەرخيت و منيش دەڵە گورگێکی زامدار. ئێمە هەرگيز ناتوانين تێکەڵاو بين. زۆر جوانە کە بەرلەوەی يەکتر ماچ کەين درکمان بەو مەسەلەيە کرد!"

– "دونيا چ خەراپەيەکی بەرامبەر کردوويت؟ بۆچ دەتەوێ وێرانی کەيت؟"

– "من گومانم هەيە تۆ پێشتر برسی بووبيت. نا، تۆ برسێتيت نەچەشتووە، لەژێر پردا نەنووستويت، هەرگيز لە قەسابخانەيەکی نەخشە بۆدارێژراودا دايکت سەرنەبڕراوە. بەکورتی تۆ مافی ئەوەت نييە بپرسيت، ئەم دونيايە – دونياکەی تۆ– زاڵم و گەندەڵە، بەڵام دڵی ئێمە ئاوهايی نييە، دەمەوێ کۆمەکی



هاوڕێکانم کەم تا وێرانی کەن و دونيايەکی تری لەسەر رۆنێن، دونيايەک کە دڵمانی تێدا شەرمەزار نەبێ!"

بەژێر درەختە رووتەنەکاندا دەڕۆيشتين، هێشتا چەند گەڵايەک بەپەلکی درەختەکانەوە مابوون، بەڵام بايەکی توند ئەوانيشی لێکردنەوە و بەسەر و شانی ئێمەدا کەوتن. کيژەی جوو هەڵدەلەرزی، دەسکێشەکانی کون کون بوون، بلوسەکەی تەنک و پاژنەی پێڵاوەکانی لەوەدا بوو بەری بدا. بۆ ساتێک بەتيلەی چاو سەيرێکی چاوانيم کرد و بەترسەوە بينيم لەمن دەنۆڕن و لە ڕقدا هەڵايساون.

دەبێ چ بەسەر ئەم کيژەدا هاتبێ کە بەئاوها رقێکەوە دەدوێ؟ بەخۆم گوت: "رەنگە بۆ ساتێک ترسابێ کە نەبا لە بەرەی دوژمن عاشقی پياوێک ببێ!"

لێوانی لەتاو سەرما شين هەڵگەڕابوون، چۆقەی ددانی دەهات، بەشەرمەوە پاڵتۆکەم لەبەری خۆم داکەند و بەر لەوەی هەڵبێ بەپەلە دام بەشانيدا. بەڕقەوە سڵەمييەوە و هەوڵی دا پاڵتۆکە لەسەر شانی داگرێ، بەڵام من توند گرتم و تکام لێ کرد داينەگرێ.

راوەستا، وەک ئەوەی هەناسەی تەنگ بووبێ، دەستی لەبەرەنگاريی هەڵگرت، هەستم کرد گەرمايی جەستەم لە ڕێی پاڵتۆکەوە هێورهێور و بەقووڵی رۆدەچێتە جەستەيەوە. هەمديس لێوی سوور هەڵگەڕا، وردە وردە روخساری هەمان جوانيی پێشووی وەدەس هێنايەوە، خۆی پێوە راگرتم، پێدەچوو ئەژنۆی سڕ بووبێ.

بەچرپە گوتی: "گەرمبوونەوە شتێکی باشە، کە گەرمت دەبێتەوە وا هەست دەکەيت ژيان لەگۆڕاندايە!"

خەريک بوو چاوانم پڕ دەبوون لەفرمێسک. لەفيکرەوە چووم: "تۆزێک گەرما، تيکەيەک نان، ساپيتەيەک بەژوور سەرەوە، قسەيەکی خۆش و ئيدی رق دەڕەوێتەوە!"

گەيشتبووينە ماڵەکەی.

پرسيم: "کەنگێ بتبينمەوە؟"

گوتی: "ها پاڵتۆکەت بگرە. ئەلعان تێگەيشتم کەسێک پاڵتۆيەکی فەرووی لەبەردابێ، بۆچی وەکی تۆ دەئاخڤێ! ها بيگرە، دڵم خەريکە لەلێدان دەکەوێ!"

– "ساريتا دڵت نا، بەڵکو رقت!"

– "جياوازی نييە، پيرۆزبێ سەرما و برسێتی، بێ ئەوانە لەخۆشيدا نوقووم دەبم، بەواتايەکی تر دەمرم و دەبمە جەنازە، خوداحافيز!"

دەستی بۆ رانەگرتم، جانتاکەی کردەوەو کليلەکەی دەرهێنا تا دەرگاکە بکاتەوە.

هەمديس گوتم: "کەنگێ بتبينمەوە؟"

روخساری هەمديس دەمامکی زەردی رقی پۆشييەوە، بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە دەرگاکەی کردەوە و لە تاريکيدا بزر بوو.

ئيدی جارێکی تر نەمبينييەوە.

لە ژوورەکەدا خۆم بەند کرد، دڵم ببووە هەمبانەیەک کرمی ئاوریشم، دونیا لەناکاوێکڕا دووبارە گۆشت و ئێسکی پۆشییەوە. وا پێدەچوو لەڕاستیدا بوونی هەبێ. تینوویێتییە پێنجانەکە لەجەستەمدا کرابوونەوە و کەوتمە بانگکردنی بوزا تا بێ و شەیتانی لێ وەدەرنێ. کاتێ خۆی قەدیسێکی گەورە دوای چل ساڵ زوهد نەیتوانیبوو بگاتە خواوەند، شتێک هەبوو لەڕێگەیدا دەوەستا و نەیدەهێشت بگاتە خودا. دوای ئەو چل ساڵە، ئەوسا تێگەیشت ئەو ڕێگرە گۆزەیەکی چکۆڵە بووە کە لەرادەبەدەر خۆشی ویستووە، چونکە ئەو ئاوەی سارد دەکرد کە تێی دەکرد، گۆزەکەی شکاند و یەکسەر یەکانگیری خواوەندبوو. دەمزانی، دەمزانی سەبارەت بەمنیش، پیرە گۆزە جەستەی پڕ لەزەتی کیژۆڵەکە بوو. ئاخر گەر منیش ویستبام لەگەڵ خواوەندا یەکانگیربم، ئەوا دەبوو ئەم جەستەیەم لە ناوبردبا کە چەقی ڕێگەی لێ گرتبووم. کاتێ هەنگێکی بێگانە دزە دەکاتە شانەیەکەوە تا هەنگوینەکەی بەتاڵان بەرێ، هەنگگەلی کرێکار هێرشی بۆ دەبەن، جەستەی لە تۆڕێک مێوی بۆنخۆشەوە دەپێچن و دەیخنکێنن. تۆڕی مێوینی من لە وشە و شیعر و قافیە پێکهاتووە. بەم قاقزە پیرۆزانە ساریتام دەپێچایەوە و نەمدەهێشت هەنگوینەکەم بەتاڵان بەرێ.

خوێن بۆ لاجانگەکانم هەڵگژا، خەیاڵە پەرتەکانم کۆکردنەوە و هەوڵم دا گوڕ و هێزم لەسەر جەستەیەک، دەنگێک، دوو چاوی ڕەشی گوماناویی چڕکەمەوە. دەمویست هەموو ئەوانە وەدەرنێم، چونکە لە بوزایان جوێ دەکردمەوە.

***

وشەکانم کۆکردنەوە و خۆم پێشیان کەوتم و بۆ جەنگ چووم. کەوتمە نووسین، بەڵام هەرچەندێک زیاتر دەمنووسی، مەبەستەکەم لێ دوور دەکەوتەوە و پەرۆشیم زێدەتر دەبوو. ئیدی ساریتا دوور و دوورتر دەکەوتەوە، چکۆڵە و چکۆڵەتر دەبۆوە و دیار نەدەما. پەیژەیەک لەبەردەممدا درەوشایەوە، پێپلیکانەیەکی شێوە بەردین کە جێگە پێی سووری بەسەرەوە و ئینسانێکی پێدا هەڵدەگژا- پیتی هیرۆگلیفی ساکار کە بەکەمترین هێڵ ڕەسم کرابوو- ژیانم تێدا ناسییەوە، بەکردنەوەی نهێنییەکانی بۆم دەرکەوت چ سافیلکانە و بەچ ئومێدێکەوە کەوتوومەتە ڕێ. وێستگەگەلی جۆراوجۆر کە بەشێوەیەکی کاتی پەنام تێیاندا گرتبوو تا هەناسەم بێتەوە بەر و هەمدیس هێزم تێ بێتەوە. کامیان بوون - خود، نەژاد، بەشەرییەت، خواوەند، چۆناوچۆنیی کوتوپڕ ترۆپکی بەرزم لەژوور سەرمەوە بینی- (بێدەنگیی)، بوزا.

دواجار سەرنجی ئەو پەرۆشییەم دا کە لەناوەوەمڕا قوڵپی دەدا. پەرۆشیی خۆقوتارکردنی هەتاهەتایی لەفریوەکان، فریوە زەمینی و ئاسمانییەکان و پێشڕەویکردن بۆ گەیشتن بەم ترۆپکە دوور و چۆڵە. کاتێ پەڕە نووسراوەکانم کە لەسەر ئەرزەکە بڵاو ببوونەوە، کۆم کردنەوە و خوێندمنەوە. ترس باڵی بەسەر بوونمدا کێشا. ئاخر من ویستبووم بەنووسینی دۆعایەک ساریتا لەناوبەرم، کەچی لەبری ئەوە دۆعایەکم نووسیبوو بۆ ڕزگاربوون لەهەموو کەون. بوزا دڵنیا و بێ جووڵە لەسەر ترۆپکەکە دانیشتبوو لە هەوڵەکانمی دەنۆڕی و بەسۆز و میهرەبانییەوە زەردەخەنەی دەهاتێ.



دوای ئەوەی پرسیارە دێرینەکانم ڕێکخستنەوە، دوای ئەوەی وشەکانم دۆزینەوە و وەڵامەکانم دانا، حەوامەوە. هەستام و چوومە دەرێ تا هەوایەک هەڵمژم و بایەکی باڵی خۆم بدەم. شەو داهاتبوو، هەڵبەت خەڵکی شێویان کردبوو، بەفر و باران نەدەبارین، هەر بۆیە خەڵکی ڕژابوونە شەقامەکان. گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگم بەدەروازەیەکی گەورەوە بینی، بانگەشەی ڕەنگاوڕەنگ کە لێیان نووسرابوو: (سەما لەجاوەوە). لە ناوەوە دەنگی مۆسیقایەکی بەشکۆ و تژیی لەسۆز دەڕژایە گوێ، ژن و پیاو خۆیان دەکرد بەژووردا. منیش چوومە ژوورەوە.

سەما و ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە هەمیشە لە ترۆپکی هەر هەموو ئەو دیمەنانەدا بوون کە نەشئەیان بەرۆحم بەخشیوە. هەرگیز شەراب، ژن، تەنانەت ئەندێشەکانیش وەک ئەو دووانە جەستەمیان ئەوها قووڵ نەورووژاندووە، بۆیە دوای ئەو هەموو ڕۆژانە لە ڕۆژووی زاهیدانە، خۆشحاڵ بووم ئەمشەو نەک تەنێ جەستەم دەحەوێتەوە و خۆشنوود دەبێ، بەڵکو زەین و ڕۆحم لەگەڵمدا خۆشنوود دەبن- ئەو سێ هاوسەفەرە هەرسێکیان پێکەوە.

کە چوومە هۆڵەکەوە، سەما دەستی پێ کردبوو، گڵۆپەکان کوژابوونەوە، جگە لە تیشکێکی شین و سەوزی تاریک کە تەختەی شانۆکەی ڕووناک دەکردەوە و کردبوویە بنی زەریایەکی خۆرهەڵاتی. هەرزەکارێکی ڕەش و باریک ئەندام کە جلکێکی سەوزی ئاڵتوونی لەبەرداو زێڕ و زیوی سەیر و سەرسوڕهێنی کردبوو بەخۆدا - وەک مێروویەکی نێر لەهاوینە وەرزی جووتبووندا - لەبەردەم ژنێکی گەنمڕەنگ و ئێسک سووکدا سەمای دەکرد و جووانی لەشی خۆی بۆ نومایش دەکرد. ژنەکە بێ جووڵە ڕاوەستابوو.

وەی چ هێز و چ سیحرێکی هەبوو! تەنها ئەو بوو شایانی ئەوەبێ لەگەڵ ئەم ژنەدا جووت بێ و کوڕێکی لێی ببێ، تا ئەم هەموو هێز و چاپووکی و سیحرە لەبری ئەوەی بەفیڕۆ بچن، بۆ ئەو کوڕە بگوێزرێتەوە. ژنەکە بێ جووڵە ڕاوەستابوو، چاوەڕێی زاری دەکرد، لێی دەنۆڕی و هەوڵی دەدا بڕیار بدا، ئیدی لە ناکاوێکڕا بڕیاری دا و خۆی بەسەما سپارد. هەرزەکارەکە زەندەقچووانە چووە لاوە، هەنووکە نۆرەی ئەم بوو بێ جووڵە و ئەفسوونبوو ڕاوەستێ و لەژنەکە بنۆڕێ. ژنە لەبەردەم هەرزەکارە زەندەقچووەکەدا سەمای دەکرد، باسکی کردەوە، سەرپۆشەکەی لادرا بەجۆرێک کە جەستەی بۆ ساتێک لەڕەنگێکی سەوزی شینباوەدا پرشنگی دا و ئیدی دیار نەما. لێی نزیک بۆوە، وا خۆی پیشان دەدا گەرەکییەتی خۆی لە ئامێزی بنێ، ئەویش هاوارێکی سەرکەوتنی کێشا و ئامێزی کردەوە، بەڵام ژنەکە لە چاوترووکانێکدا لێی هەڵات.

لە هەر جەولەیەکی سەمادا، دەمامکی زوو گوزەر لە ڕوخساری مەل و ئاژەڵ و ئینسان دەکەون و لەودیو هەموو ئەم دەمامکانەوە هەمیشە هەمان ڕوخسار وەدیاردەکەوێ. ڕوخساری نەمری ئەڤین. بەسەیرکردنی ئەم جووتە جاوەییە، لەخۆم پرسی: (چما لەودیو ئەم سەمای ئەڤینەوە سەمایەکی دی هەیە - بۆ نموونە سەمای خواوەند- کە بتوانێ لە جەولەی خۆیدا ئەم دەمامکی ئەڤینە لابەرێ؟) بەسەرسوڕمانەوە پرسیم: (بڵێی ئەوکات چ ڕوخسارێکی ترسناک وەدیارکەوێ؟) هەوڵم دەدا تا دوا ڕوخسار لەودیو هەر

دەمامکێکەوە ببینمەوە، بەڵام نەمدەتوانی. بەسەرسوڕمانەوە پرسیم چما ئایا ئەم دوا روخسارە، هەوای بەتاڵ- روخساری بوزا- دەبێ؟ دوو سەماکەرەکە، ژنە و پیاوەکە، هەنووکە یەکدییان لەئامێز و باسک لەنێو باسکی یەکتردا سەمایان دەکرد، لە هەوادا بازیان دەدا، دەکەوتن، هەمدیس بەرز دەبوونەوە و لەمیانەی نەشوەی ئارەزوودا هەوڵیان دەدا لە سنوورەکانی ئینسان ئەولاوەتر بچن.

لە هۆڵەکە هاتمە دەرێ و تا دوای نیوەشەو بەشەقامەکاندا پیاسەم کرد، کلووە بەفر پەرت پەرت دەباری، بەهەشتێکی ئارامی بەخێریان هێنام، لەبەرئەوەی لێوە هەڵایساوەکەمیان فێنک دەکردەوە. پرسیاری نوێ لە ناوەوەمڕا هەڵگژان، ئاخر سەماکەی ئەو شەوە، سەرچاوە دێرینەکانی لە هەناومڕا تەقاندبۆوە، سەرچاوەگەلێک کە پێم وابوو وشک هەڵگەڕاون. بۆم دەرکەوت هەناوی کریتیی بەو هاسانییە بەتاڵ نابێتەوە. لە ناوەوەمڕا باوانی ترسناک هەبوون کە وەک پێویست گۆشتیان نەخواردبوو، شەرابیان نەنۆشیبوو، ژنیان ماچ نەکردبوو، هەنووکەش بەزەبر و زەنگەوە رادەپەڕین تا بەر لە مردنی من و – خۆیان – بگرن. هەر بەڕاست بوزا چ ئیشێکی لەکریت هەبوو؟ دەیتوانی چ ئومێدێکی لە کریت هەبێ؟

لەژێر رووناکی گڵۆپەکانی شەقامدا لەکلووی بەفر ورد دەبوومەوە، ئەو ژن و پیاوە جاوەییەیان وەبیرهێنامەوە کە ئەو ئێوارەیە بینیبوومن. ژمارەیەکی بێ شومار ژن و پیاویان وەبیرهێنامەوە کە نومایشی سەما- راوەدوونان و شەڕ و هەوەس- یان دووبارە دەکردەوە و لەدوایەمین جووڵەدا یەکانگیری یەکدیی دەبوون تا کوڕێک دروست کەن و نەمریی خۆیان مسۆگەرکەن. ئاخر شکاندنی تینوێتیی نەمری قورسترە لە شکاندنی تینوێتیی مەرگ.

تەواوێک شەکەت بووم، راکشام تا بنووم، وەک هەمیشە کاتێک زەینم بێداربێ، پرسیارەکان ئازاری دەدەن و ناتوانێ خۆی لێیان قوتارکات، خۆشبەختانە ئیدی خەو دێ و پرسیارەکان ساکار دەکاتەوە و دەیانکاتە حەکایەت. ئاوهایە ترۆپکی ماددەی نوستووی حەقیقەت وەختێک شکۆفە دەکات.

لە خەونمدا بەسەر شاخێکدا هەڵدەگژام، بەڕێورەسمی شوانانی کریتیی گۆچانەکەم نابووە سەر شان و گۆرانیم دەگوت. بیرم دێ گۆرانییەکی فۆلکلۆری بوو کە زۆرم حەز لێی بوو:

تۆوی بیبەرم لەسەر لێوی مارگارۆ چاند

پەلک و گەڵای کرد، بەرز بۆوە، پێگەیی

هەنووکە گریکییان لێی دەکەنەوە و تورکان دەیگوێزنەوە

مارگارۆش لە هەڵگژانی خۆیدا درەوی کرد.

لەناکاوێکڕا پیرەمێردێک لەئەشکەوتێکەوە هاتەدەر، سەرقۆڵەکانی بەرزکردبۆوە و دەست و پلی قوڕاوی بوو، پەنجەی نایە سەر زاری تا بێدەنگ بم. بەنەغمەیەکی فەرماندەرانە گوتی: "بەسە گۆرانی چڕین، من پێویستم بەبێدەنگی هەیە، مەگەر نابینی خەریکی ئیشم؟"

وای گوت و ئاماژەی بۆ دەستەکانی کرد.

پرسیم: "چ دروست دەکەیت؟"

– "مەگەر چاوت نییە؟ لەم ئەشکەوتەدا قوڕی رزگاربوو دەشێلم!"



هاوارم کرد: "رزگاربوو؟ کێیە رزگاربوو؟" وام گوت و هەمدیس برینە دێرینەکان لە ناخمڕا هاتنەوە سوێ.

پیرەمێرد گوتی: "رزگاربوو ئەو کەسەیە تێدەگاو خۆشەویستی دەکا و لە گشتگیریدا دەژی!" وای گوت و بەپەلە خۆی کردەوە بەئەشکەوتەکەدا.

ئەو کەسەی تێدەگا و خۆشەویستی دەکا و لە گشتگیریدا دەژی!

بەدرێژایی رۆژ ئەو قسانەم دەگوتنەوە و لە دووبارە گوتنەوەیان هیلاک نەدەبووم.

بەسەرسوڕمانەوە پرسیم: "چما ئەمە دەنگی خواوەند بوو؟ دەنگێک کە تەنها شەوان، ئەو وەختەی زەینی چەنەباز زاری لێک دەنێ، دەژنەفرێ؟" ئاخر من هەمیشە باوەڕم بەو ئامۆژگارییانە بووە کە سەعاتەکانی زوڵمەت دەمان کات، هەڵبەت شەو قووڵتر و پیرۆزترە لەرۆژی سافیلکە. شەو بەزەیی بەئینساندا دێتەوە.

چەند رۆژ تێپەڕین و ئەو دوو دێوە بێ خەوە، بەڵێ و نا، لە ناخمڕا یەکیان دەهێنا و دەبرد، هەر کاتێ وەڵامێ بۆ ئەو پرسیارانەی ئازارم دەدەن دەدۆزمەوە، هەمیشە بەناڕەحەتی بەخۆمیان دەسەلمێنم، لەبەرئەوەی دەزانم کە هەڵبەت ئەم وەڵامە پرسیاری نوێ دەخاتەوە. بەم جۆرە راوەدوونانێک کە ئەم دوو دێوە لە ناخمڕا دەیکەن، راوەدوونانێکی بێ کۆتاییە. وا پێ دەچێ هەموو وەڵامێک پرسیاری ئایندەیی لەتان و پۆی یەقینە کاتییەکەیدا حەشاردابێ. هەر بۆیە هەمیشە بەئارامی نا، بەڵکو بەنائارامییەکی شاراوەوە لە هاتنی دەنۆڕم.

مەسیح تۆوی بوزای لە قووڵایی بوونی خۆیدا حەشاردابوو، بەسەرسوڕمانەوە پرسیم: چما بوزا چی لەژێر جبە زەردەکەیدا حەشاردابوو؟

***

یەکشەممەیەکی باراناوی، بەکاوەخۆ بەمۆزەخانەیەکدا دەگەڕام و تەماشای دەمامک گەلێکی تۆکمەی ئەفریقاییم دەکرد کە لەدار و پێستە و کەللەسەری ئینسان دروست کرابوون. لە هەوڵدانمدا بۆ کردنەوەی نهێنیی ئەو دەمامکانە، بەخۆم گوت: دەمامک روخساری راستەقینەی ئێمەیە. ئەم هیۆلا دەموپل خوێناوی و لچ شۆڕ و چاو ترسناکانە ئێمەین. لەودیو روخساری جوانی ژنێکەوە کە خۆشمان دەوێ دەمامکێکی ناشیرین دەلوورێنێ، لەودیو دونیای تێکەڵپێکەڵی و لەودیو روخساری میهرەبانی مەسیحیشەوە بوزا. هەندێ جار لەساتە سەرسوڕهێنەکانی ئەڤین و رق و مەرگدا، سیحری فریودەرانە مەحف دەبێ و سیمای سەرسوڕهێنەری حەقیقەت دەبینین. لەرزێکم تێ هات و کیژۆڵە ئێرلەندابییەکەی ناو نوێژخانە چکۆڵەکەی سەر کێوەکەم بیرکەوتەوە، هەرکە لێوم نایە سەر لێوی، ئیدی وەک بڵێی روخساری بگەنێ و شلەیەکی لێ بێتە دەرێ و مەیموونێکی ترسناک و فێدار و نەخۆشم لێ وەدیارکەوێ و گیانم تژی کا لە ترس و نەفرەت. لەو رۆژەوە، گەرچی بەزەحمەت خۆم بەدوورگرتووە لەرووتکردنەوەی روخسارە راستەقینەکانی بەشەرییەت، لەبەرئەوەی ئەو کات رێز و لێک حاڵیبوون دیار نامێنن، وا خۆم پیشان دەدەم باوەڕم بەڕوخسارەکانی بەشەرییەت هەیەو لەم رێگەیەوە دەتوانم لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی

خۆمدا بژیم.

ئەم خەڵکەی ئەفریقا کە دەمامکەکانیان داتاشیبوو، هەموو ڕۆژێک بەر لەهەڵاتنی خۆر بەنێزیکترین گردۆڵکەدا سەردەکەوتن و دەپاڕانەوە و داوایان لە خۆر دەکرد کە هەڵبێ. ئەوان لەوە تۆقیبوون نەبادا جارێکی تر خۆر هەڵنەیەت. لای ئەوان باران پڕبوو لەرۆحگەلی نێرینە کە ڕۆچووبوونە عەردەوە و بەپیتیان دەکرد، شەوقی برووسکەکەش نیگای تووڕەی سەروەری نەبینراو بوو. گەڵای درەختان تەواوێک وەک ئینسان دەئاخڤین، هەندێک لە پیرێژنان لەزوبانیان دەگەیشتن. کاتێ خەڵکی ئەم ناوچەیە لە ڕووبارێک دەپەڕینەوە، ئەو ڕووبارە بەرەو لای خۆی کێشی دەکردن تا غەرقیان کا، بەڵام ئەوان بەکۆکردنەوەی تەواوی هێزی خۆیان و بەوپەڕی خێرایی دەپەڕینەوە و کاتێ دەگەیشتنە کەناری ڕووبارەکە دەیاندا لەقاقای پێکەنین چونکە بەسەلامەتی پەڕیونەتەوە. هەموو شتەکان دەئاخڤین، برسی دەبوون، دەیانژنەفت، نێرومێ بوون و جووت دەبوون، هەوا لێوڕێژ بوو لە ڕۆحی مردووان، خەڵکەکە بۆ ئەوەی ڕۆحی ئەو مردووانە لەسەر ڕێگەی خۆیان لابەرن، قوڵیان ڕایەڵ دەکرد و بەدەوری خۆیاندا دەیانسووڕاندەوە. لەبەر ئەمەبوو دەیانتوانی لەمدیو ڕووکەشەوە حەقیقەت بەم ئاشکراییە ببینن و لەودیو ڕوخساری زوو گوزەریشەوە دەمامکی نەمری هەڵگرن.

کیژۆڵەیەک هات و لەلامەوە ڕاوەستا، ئەویش وەک من کەوتە تەماشای دەمامکەکان. خەریک بوو لەمۆزەخانەکە دەچوومە دەرێ، چونکە کاتێ تەنهام و لەشتێکی سەرنجڕاکێش دەنۆڕم، گەر کەسێکی تر بێ و لەهەمان ئەو شتەی من بنۆڕێ، ئەوا بێزار دەبم و ئیدی من حەوسەڵەی تەماشاکردنی شتەکەم نامێنێ. کیژۆڵەکە گۆشتن و کورتەباڵابوو، خاوەن سینگێکی بەرز و چەناگەیەکی تۆکمە و کەپوویەکی هەڵۆیی و چاوانێک بەبرژانگی گەورەوە.

لای کردەوە و سەرنجێکی درێژ و تێڕامانانەی لێ دام. پێدەچوو وەک دەمامکێک لە منیش بنۆڕێ!

پرسیی: "ئەفریقاییت؟"

بەپێکەنینەوە گوتم: "بەتەواوی ئەفریقایی نیم، تەنها دڵم ئەفریقاییە!"

گوتی: "ڕوخسارت، دەستیشت ئەفریقایین. من جوولەکەم!"

بۆ ئەوەی سەر بنێمە سەری گوتم: "ئێوە میللەتێکی ترسناکن، خەتەرن، میللەتێکن وا پێ دەچێ بتانەوێ دونیا ڕزگارکەن، چما ئێوە هێشتا چاوەڕێی مەسیحن؟"

– "نا، نا، ئەو هاتووە؟"

– "مەسیح؟"

– بەڵێ مەسیح!"

هەمدیس پێکەنیم: "کەی؟ لەکوێ؟ ناوی چییە؟"

– "لینین!"

کوتوپڕ دەنگی گڕ و چاوانی خەمین بوون.



لینین! وا پێدەچوو تەواوی دەمامکەکانی بەردەمم بۆ ساتێک بجووڵێن و شەویلەکانی خۆیان لێک بترازێنن. کیژۆڵەکە بەبێدەنگی لە ئاسمانی ڕەشی دەرەوەی دەنۆڕی.

بەخۆم گوت: بەڵێ، (لینین)یش ڕزگارکەرێکی دی بوو، ڕزگارکەرێکی نوێیتر بوو کە کۆیلە و برسی و ستەمدیدان خولقاندیان تا گوڕی ئەوەیان پێ ببەخشێ بەرگەی کۆیلەیی و برسێتی و ستەم بگرن. دەمامکێکی تری نوێ بوو بۆ ئومێد و نائومێدی بەشەرییەت!

– "من مەسیحێکی تر دەناسم کە ئینسان لە برسێتی و تێری ڕزگار دەکات، هەروا لەزوڵم و لەدادوەریش قوتاری دەکات. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، لە هەموو مەسیحەکانی تریشی ڕزگار دەکات!"

– "ناوی..."

– "بوزا!"

بەبێزارییەوە زەردەخەنەیەکی هاتێ. پاشان بەنەغمەیەکی تووڕە گوتی: "ناویم بیستووە. ئاخر مەسیحەکەی تۆ تارماییە، بەڵام ئەوەی من لە گۆشت و خوێنە!"

لە ناکاوێکڕا هەڵبەزییەوە، بۆنی تیژی ئارەقەی جەستەی لەیەخەی کراوەی کراسەکەیەوە هەڵدەسا. بۆ ساتێک چاوانم قورس بوون.

دەستم بەباسکیدا هێنا و گوتم: "تووڕە مەبە، تۆ ژنیت و منیش پیاو، دەتوانین لێک حاڵی بین!"

بەچاوانێکی نیوە کراوەوە سەیری کردم، بڕۆی دەلەرزی.

بەدەم سەیرکردنی دەمامکەکانەوە، بەدەم سەیرکردنی خواوەندگەلی تەختەیی و بەدەم هەڵمژتنی بۆنی سەیر و نامۆی دەوروبەرمانەوە گوتی:" ئەم جێگەیە هەر دەڵێی قەبرسانە، خەریکم دەبووریمەوە. لە دەرەوە باران دەبارێ، وەرە با بڕۆین تەڕبین!"

لەو بارانەدا، چەند سەعاتێک بەژێر درەختە بەژن زراڤەکانی باخدا پیاسەمان کرد. ئەو کیژۆڵەیە چەند ڕۆژێک لەوەوبەر لە ڕوسیا– لە بەهەشت – گەڕابۆوە و سەراپای بوونی لەئەفڤین و ڕقدا تاوی دەدا، ناوی (ئەتیکا) بوو. گوێم بۆی ڕادێرا، سەرەتا بەرپەرچم دایەوە، بەڵام زوو بەزوو بۆم دەرکەوت ئیمان لەجێگەیەکی باڵای سەری ئینساندا حوکم دەکا کە ئەقڵ ناتوانێ دەستی بیگاتێ.

بۆیە ئیدی لێوم هەڵنەهێنایەوە و لێگەڕام بەئارەزووی خۆی دونیا وێران کا و ڕۆی بنێتەوە.

ئێوارە داهاتبوو، ڕێبواران کەم ببوونەوە، گڵۆپەکان داگیرسابوون، پێدەچوو کوتوپڕ خەڵک و ماڵ و درەختەکان لەژێر بارانی ڕووناکدا نوقووم بووبن.

کیژۆڵەکە خۆی بەباسکمەوە گرت و گوتی: "ماندووم. وا باشترە بچینەوە ماڵەکەی من!"

باخەکەمان جێ هێشت و بەنێو کۆڵانە باریکەکاندا کەوتینە ڕێ و گەیشتینە گەڕەکی کرێکاران.

– "لە ماڵەوە سێ هاوڕێم دەبینیت. ئەم ئێوارەیە پێکەوە چا دەخۆینەوە. یەکێکیان شێوەکارە، لەگەڵ ڕەنگەکاندا شەڕییەتی، شتێک دروست دەکا و پاشان تێکوپێکی دەداتەوە. هەمیشە دەگەڕێ، بەڵام نازانێ بۆچی دەگەڕێ، دەڵێ ئەو کاتەی دەبدۆزمەوە ئەوجا دەزانم بۆچی گەڕاوم، ئەم هاوڕێیەم ناوی

(دینا)یە و جوولەکەیە. هاوڕێکەی تریشم ئەکتەرە، ئەویش وەک دینا دەگەڕێ، دەچێتە ناو هەموو ئەو کاراکتەرانەوە کە ڕۆڵەکانیان دەبینێ، بەڵام کاتێ نواندنەکەی کۆتایی دێ و لێیان دەچێتە دەرێ، ئیدی خۆی شەلوکوت دەکات. ئەم هاوڕێیەشم ناویی (لیا)یە و ئەمیش هەر جوولەکەیە. هاوڕێی سێیەم کیژۆڵەیەکی گەلێک جوانە، بەڵام تا بڵێی نازنازی و بێ کەڵکە، باوکە دەوڵەمەندەکەی بەم دەست پارەی دەداتێ، ئەمیش بەو دەست جلکی شەوی پێدەکڕێ، بۆن دەکڕێ، لەگەڵ هەر پیاوێکدا بیەوێ دەنوێ. ئەم هاوڕێیەشم ناوی (ڕۆسا)یە و جوولەکە نییە، خەڵکی ڤێنایە، خۆشمدەوێ. نازانم بۆ!"

بۆ ساتێک بێدەنگ بوو. هەمدیس گوتی: "ڕەنگە لەبەرئەوە خۆشم بوێ کە حەز بکەم وەک ئەو بم... کێ چوزانێ!"

وا خۆم پیشان دا گوێم لێی نەبووە، بەڵام لەقوولاییمرا زۆر خۆشحاڵ بووم، لەبەرئەوەی دەنگی جاویدانیی ژنم دەژنەفت کە بەسەر بیر و تیۆرەکانی تایبەت بەڕووخاندنی دونیا و سەرلەنوێ ڕۆنانەوەیدا هەڵدەگژا.

هاوڕێکانی لەوێ بوون. ڕۆسا شیرینی و میوەی هێنابوو، سفرەی ڕازاندبۆوە و چاوەڕێ بوون، روسا لەسەر قەنەفەکە ڕاکشابوو سووراوی دەکرد، دوانەکەی تریش بەحیرس و تووڕەییییەوە ڕۆژنامەیەکیان لەبەردەمیاندا ڕاخستبوو دەیانخوێندەوە. خەڵکی هەمدیس وړووژابوونەوەو دونیا تاوی سەندبوو.

بەسەیرکردنی ئەم چوار مەخلوقە دڕندەیەی دەوروبەرم، بەخۆم گوت: "سوپاس بۆ ئەو قەدەرەی کە هەمیشە دەمخاتە ناو جوولەکەوە، پێم وایە لەناو ئەمانەدا باشتر هەڵدەکەم وەک لەمەسیحییەکان!"

کاتێک خۆمان کرد بەژووردا، سێ کیژۆڵەکە قیژەیەکیان کرد، ئاخر چاوەڕێی ئەوە نەبوون پیاوێک خۆی بکا بەماڵدا.

ئەتیکا بەپێکەنینەوە گوتی: "تەنانەت ناشزانم ناوی چییە، لەمۆزەخانەی ئیتنۆلۆژی دۆزیومەتەوە، ئەمیش دەمامکێکە!"

ڕۆسا دانیشتنەکەی ڕێک کردەوە و هەوا پڕبوو لەبۆنی عەتر، بۆنی هەناسەی گەرم و جحێڵیی نائارام نارەحەتی کردم، نازانم بۆ، بەڵام بوونم لەنێو ئەو هەموو سینگ و مەمکە ژنانەیەدا، بوونم لەنێو ئەو هەموو چاوە گوماناوی و لێوە ڕەنگینانەدا پڕی کردم لەشەرم و ترس. وام پێ باشتر بوو ئەوێ جێ بێڵم. بەڵام چایان هێنا، لەسەر سەرینەکان لە ئەرزەکەدا دانیشتین و ئەژنۆمان بەریەک دەکەوت. هەنووکە دوای ئەو هەموو ساڵانە، جگە لە ئەتیکا چ شتێکی ترم لەو ئێوارەیە بیرنایەتەوە - ئێوارەیەک کە زۆر قورس لەسەرم کەوت - تەنێ ئەتیکام بیردێتەوە کە زۆر بەپەرۆشەوە لەبارەی مۆسکۆوە، لەبارەی پایتەختی سووری دونیاوە دەدوا، باسی ئەوێی دەکرد و ڕۆساش پێدەکەنی. دوای چا خواردنەوە هەمدیس کەوتەوە سووراوکردن، دوو کچەکەیتریش بەدوو چاوی ئەبلەقەوە سەیریان دەکرد و هیچیان نەدەگوت.

شەو داهات، سێ کیژەکە بەنیازی ڕۆیشتن هەستان، منیش هەستام، بەڵام ئەتیکا دەستی گوشیم و ئاماژەی بۆ کردم بمێنمەوە. مامەوە، ئەو شەوە بوزا لە ناخمدا ڕەنگی پەڕی، ئیدی ئەوکات بۆم دەرکەوت دونیا تارمایی نییە، جەستەی ژن گەرم و تۆکمەیە و تژییە بەتاوی ژیان و مەرگ چ بوونێکی نییە.



شەوانێکی زۆر لەلای ئەتیکا مامەوە، چ قسەیەکی لەبارەی خۆشەویستییەوە نەکرد، ئاخر دڵ زاتی نەدەکرد گەمەی پیرۆز و رووتی ئێمە بەئاه و سوێند تێکوپێک بدا. هەنووکە جگە لە جەستە چ شتێکی تر لە ئارادا نەبوو، وەک ئاژەڵ دەجەنگین و پاشان شەکەت و خۆشحاڵ لە خەودا ڕۆدەچووین. لێکدا لێکدا دەمگوت: "ئاه.. بوزا.. بوزا!" وام دەگوت و پێدەکەنیم.

چ ئارامبەخشە کاتێک جەستە بەنەوازشە ڕۆحییەکان ئاڵوودە نەبووبێ و پاکیژە و تۆکمە وەک ئاژەڵێک لەسەر عەرد مابێتەوە. ئاخر مەسیحییەت پەیوەندی ژن و پیاوی خەراپ کرد کاتێ بەهای (گوناه)ی بەو پەیوەندییەوە لکاند، پێشتر ئەو پەیوەندییە پیرۆز بوو، خۆبەدەستەوەدانێکی خۆش بوو بەئیرادەی خواوەند، بەڵام لەرۆحی زەندەقچووی مەسیحیدا کەوتە نێو گەرداوی گوناههوە. بەر لەمەسیح، سێکس سێوە لاسوورەیەک بوو، پاشان مەسیح هات و کرمێکی کردە ناو ئەو سێوەوە و ئیدی ئەوسا کەوتە داخرماندنی.

بەسەرسامییەوە لەم کیژۆڵە هەڵایساوەم دەنۆڕی، بەدرێژایی شەو دڕندەیەکی برسی و مرۆخۆری وەهابوو کە هەر زەڕەیەکی ڕۆحی دەبووە جەستە، بەدرێژایی ڕۆژیش بڵێسەیەک بوو لەوپەڕی پاکیدا. ئەم کیژۆڵەیە ژنێکی دەگمەنیتری وەیادهێنامەوە کە ئەویش وەک ئەم یان هەمووی جەستە بوو یان هەمووی ڕۆح. ئەو ژنە (قەدیس تیرێزا) بوو. ڕۆژێکیان ڕاهیبەکان بینییان بەئیشتیهاوە کەوێکی برژاو دەخوا، ئیدی ڕاهیبە سافیلکەکان بۆی کەوتنە تۆمەت هەڵبەستن، بەڵام قەدیس تیرێزا پێکەنی و گوتی: "لە کاتی عیبادەتکردندا عیبادەت بکەن و لە کاتی کەو خواردنیشدا کەو بخۆن!" ئەو ژنە بەدڵ و بەگیان خۆی بەدەست کردارەکانییەوە دەدا و بەپەرۆشییەکی یەکسانەوە ڕۆح و جەستەی خۆراکدەدا.

ئەتیکا بەدرێژایی شەو گەمەی لەگەڵمدا دەکرد، بەڵام کە ڕۆژ دەبۆوە نێوچەوانی دەدا بەیەکدا و بەڕقەوە تەماشای دەکردم. هەمیشە لێی دەپرسیم: "شەرمەزارنیت لەوەی خۆشحاڵ و دەوڵەمەندیت؟ شەرمەزار نیت لەوەی نە برسیت، نە زستانان لەسەرمادا هەڵدەلەرزیت، نە پێڵاوەکەت هەلاهەلایە؟ شەرمەزارنیت لەوەی بەشەقامەکاندا دەڕۆیت و بەخۆت دەڵێیت: دونیا جوانە و خۆشم دەوێ؟" منیش پێم گوت: "من ناڵێم دونیا جوانە و خۆشم دەوێ، بەڵکو دەڵێم دونیا زنجیرەیەک تارماییە، برسێتی و سەرما و پێڵاو-هەلاهەلابێ یان نا - تارماین، شنەبایەکیان بەسەردا هەڵدەکا و هەموویان دەڕەونەوە. من وا دەڵێم!"

بەتووڕەیییەکی شێتانەوە هێرشی بۆ هێنام و دەمی گرتم: "بێدەنگ بە! ئیتر نامەوێ وشەیەکی تر ببیستم. کەواتە دەبێ ڕاست بێ کە ئێوەی دەوڵەمەندان هەمووتان دڵتان نییە بۆیە هەست بەبەزەیی ناکەن؟ چما ئێوە چاوتان دەبینێ؟"

فەرموو وەرە سەیرکە!

لەگەڵ خۆیدا بۆ گەڕەکێکی هەژارنشینی بردم، هەمووان لەوێ ئەویان دەناسی. چووینە ناو کوختە داڕووخاوەکانەوە و دایکانی چاو بەفرمێسک و مناڵانی برسی و پیرەمێردانی بێ کاری پیشان دام کە دانیشتبوون و لەبێدەنگیدا لێوی خۆیان دەکرۆژت. کاتێ پرسیارێکم لێ دەکردن، سەراپا دیقەتیان دەدام و پاشان روویان وەردەگێڕا.

له ئەتیکام پرسیی: "بۆچی نادوێن؟ بۆچی؟"

– "دەدوێن، هاواردەکەن، بەڵام کەنگێ نموونەی وەک ئەنگۆ دەتوانن دەنگیان ببیەن. لەگەڵ ئەمەشدا خەمت نەبێ، رۆژێک دێ دەنگیان ببیەیت!"

چاوی بڕییە چاوانم تا بەڵکو کاریگەریی عەزابی بەشەرییەت لەڕوخسارم بخوێنێتەوە. بەڵام من بەگاڵتەجاڕییەوە وەڵامم دایەوە: "مایەی شەرمەزارییە منیش بۆ شیرینکردنی دەمم نوقوڵێک نەمژم، نوقوڵێک لەو بەرهەمە بەتامانەی کە هونەری شیرینسازیی بەشەرییەت: خواوەند، نیشتیمان یاخود کارڵ مارکسی هاوڕێی ئازیزت بەرهەمی هێناوە. جارێکیان بەبەختەوەرترین مرۆڤی دونیا ئاشنابووم، دوو نوقوڵی پێکەوەنابووە زاری: مەسیح و مارکس. لەبەر ئەوەی وی مەسیحییەکی توندڕۆ و مارکسییەکی توندڕۆ بوو، توانی تەواوی کێشەکانی ژیانی چارەسەرکات، کێشە ئەرزی و ئاسمانییەکان!"

قەریحەی نوکتەبازیم کرابۆوە، بەڵام کە دەئاخڤیم هەستم دەکرد تاڵی و سۆز قورساییان خستۆتە سەر ڕۆحم، بەڵام بەهۆی هەستی درۆزنانەی عیززەتی نەفسەوە ئەم هەستەم دەشاردەوە، سووربووم لەسەر بەرپەرچدانەوە و شانازیی بەپەنا نەبردن بۆ تەسەللا بەنوقوڵ مژین، گوایە ئەوها تەسەللاگەلێکم حەز پێ نییە، ئاخر هەرجۆرە مەزەبێک بەڵێنی پاداشت و بەختەوەری بدا بەلای منەوە تەسەللادانەوەیەکی ترسنۆکانەیە کە شایانی خەڵکانی خەڵەفاو و لاواز و ناکامڵە!

بەتووڕەیی وەڵامی دامەوە: "من نەخەڵەفاوم، دەستەپاچە و ناکامڵیش نیم. واز لە لەخۆباییبوون بێنە، ئاخر بوزاکەی تۆیش وەک ئەوانی تر نوقوڵە. شتێکی تر، ئیتر نامەوێ گوێم لە قسەت بێ و ناشمەوێ بتبینم!"

بەتووڕەیی سەری بۆ دواوە وەرگێڕا و قۆڵی بەردام و لێی دا ڕۆیشت!

بەڵام لای ئێوارە، زەردەخەنە رژایەوە سەر لێوە گۆشتنەکەی و گوتی: "بەدرێژایی رۆژ هەرچیمان گوتووە نەخشی سەر ئاو بووە، ئەلعان ئیتر نۆرەی شەوە!"

بەیانیان لەیەکتر جیا دەبووینەوە، ئەو دەچوو بۆ کارگە و منیش بەتاقی تەنها بەنێو گەڕەکە هەژارنشینەکاندا دەگەڕام. ئیدی نەمدەتوانی لەگەڵ ئاتیکادا بۆ ئەوێ بڕۆم، ئاخر کاتێک لەگەڵ ویدا دەبووم، عیززەتی نەفسم دەیخستمە بەرگری و دڵمی بەکڵۆمدراوی دەهێشتەوە، بەڵام کە تەنها دەبووم، عەزابی ئینسان لە تارمایێتی دەکەوت، ئیدی دونیا سێبەر نەبوو، بەڵکو جەستەیەکی واقیعی و برسی بوو کە دەینالاند و خوێنی لێ دەچۆڕا.

خودایە، هەموو ئەوە مەدەرە ئینسان کە دەتوانێ بەرگەی بگرێ! هەرگیز نەمدەزانی ئەم هەموو عەزاب و برسێتی و زوڵمە لەدونیادا هەن. تا ئەوکات قەت ئاوها لە نزیکەوە لەگەڵ روخساری ترسناکی نەبوونیدا رووبەڕوو نەبیبوومەوە، تابلۆی یاساگەلیتر لێرە حوکمی دەکرد و یەکەمین ئەرکیشی رق بوو. دەبوو (دە) وەسییەتەکە لێرە بگۆڕرێن، لە پێشدا گۆڕرا بوون، ئەڤین، رق، جەنگ و رەوشت مانای نوێیان لەخۆگرتبوو. رۆژێکیان ژنێکی لاوازم بینی لەسەر شۆستەیەک کەوتبوو، لەجلکە دڕاوەکانییەوە عەورەتی دیاربوو، دڵم بۆی سووتا، راوەستام تا پێی بڵێم: خوشکێ عەورەتت داپۆشە، گوتم: "عەورەتت دیارە!"



ئەویش شانی هەڵتەکاند و بەپێکەنینێکی گاڵتەجاڕییانەوە گوتی: "من برسیمە و تۆ لەبارەی عەورەت داپۆشینەوە دەدوێی. ئاخر ئابڕوو هی دەوڵەمەندانە!"

نەمدەتوانی بەرگەی ئەم حەمکە ترسە بگرم، گۆنا قوپاو بەهۆی برسێتییەوە، منالانی باریک و بنێس کە لەخۆڵە عەمەلەکاندا بەدوای پاشماوەی خۆراکدا دەگەڕان، زگیان سەوزباو و هەڵاوساو، پێوپلیان برێتی بوو لە ئێسکێکی لە پێستی زەردەوە پێچراو، ژمارەیەکیان خۆیان بەگۆچانەوە راگرتبوو، لەبەرئەوەی ئیدی قاچیان نەیدەتوانی هەڵیانگرێ، هەندێکیشیان تازەکی ریشیان لێ ڕوا بوو.

ئیدی لەوەندە زیاتر بڕستی بینینی ئەو وەزعەم نەبوو، ڕووم بەلایەکی تردا وەرگێڕا، چونکە هەستم بەشەرمەزاری دەکرد.

***

ئەمەم باش لەبیرە: بەر لەبەزەیی هاتنەوە بەبەشەرییەتدا، ئەو شەرمە ناوەکییەم هەست پێ کرد. شەرمەزاربووم لەدیتنی عەزابی بەشەرییەت و هەوڵم دەدا تەواوی ئەو ترسە بکەمە دیمەنێکی زوو تێپەڕ و بێهوودە. بەخۆم دەگوت ئەمە هیچی راست نییە، ئاخر نەدەبوو وەک کەسێکی سافیلکە بەرەو گومڕایی بچم و باوەڕ بێنم. نا، برسێتی و تێری، دڵتەنگی و شادی، ژیان و مەرگ هەر هەمووی تارماییین، ئەمەم دەگوت و دووبارەم دەکردەوە. بەڵام بەبینینی برسێتی و بەبینینی منالانی گریاو و ژنانی گۆنا چرچ و چاوانی لێوڕێژ لەعەزاب و رق، دڵم وەکی مۆم هێورهێور دەتوایەوە. بەورووژانێکی فرەوە لەم ئاڵوگۆڕە پێشبینی نەکراوەی ناخم دەنۆڕی، سەرەتا شەرم لە دڵمدا ترپەی دەهات و دوای ئەویش بەزەیی. هەستم دەکرد ئازاری خەڵکانی تر ئازاری منە، پاشان تووڕەیی هات و دوایی تینوویێتی و دواتر دادپەروەری و... لەژوور هەموو ئەمانەشەوە هەستی بەرپرسیاری. بەخۆم گوت: "شایانی سەرزەنشتم کە ئەم هەموو برسێتی و زوڵمە لە دونیادا هەیە، من بەرپرسیاری ئەوەم!"

دەبوو چیم کردبا؟ بۆم دەرکەوت ئەرکەکەم دەگۆڕرێ. دونیا بەرفەراوان دەبوو، پێداویستی لەوە گەورەتربوو بتوانرێ کۆنترۆڵ کرێ. ئەرک لەجەستەیەکی چکۆڵە و رۆحێکی چکۆڵەدا هەستی بەدیلێتی و هەناسەتەنگی دەکرد. ئاخر دەبوو چ بکرێ؟ دەبوو کام ئاراستە بگیرێتەبەر؟ لە قووڵایی ناخمدا دەمزانی دەبێ چ بکەم؟ بەڵام جورئەتی دۆزینەوەیم نەبوو. وا پێدەچوو ئەم ئاراستەیە پێچەوانەی سروشتم بووبێ و دڵنیاش نەبووم ئینسان بەهۆی ئەڤین و هەوڵەوە بتوانێ لەسروشتی خۆی تێپەڕێنێ. بەڵام بیرم لەمەسەلەکە کردەوە. بەسەرسوڕمانەوە لەخۆم پرسی: "چما ئینسان ئەم هەموو هێزە خولقێنەرەی هەیە؟ گەر هەیبێ ئەوا چ بیانوویەکی بەدەستەوە نامێنێ ئەگەر لە ساتە قەیراناوییەکاندا هەوڵی تێشکاندنی سنوورەکانی خۆی نەدا!"

لەو رۆژە سەختانەدا، کاتێ دژی چارەنووسی خۆم لە هەوڵدا بووم تا لەخۆمی تورەهات تێپەڕێنم و لەپێناو سارێژکردنی رەنجی ئینساندا پێشوازی لە ئازار بکەم. نموونەی باڵای قوربانی و ئەڤین بەزەینمدا هات – گوایە گەرەکی بوو رێگەم پیشان بدا – یەکێ لەگوتەکانیم بیرهاتەوە کە دەڵێ: "پێویستە

لەسەرمان هەمیشە سەرنجی هاواری ئینسان بدەین کاتێ داوای یارمەتی دەکات!"

یەکەم جار، کاتێک لەسەردانەکەمدا بۆ ئیتاڵیا، چوومە کۆڵانە باریکەکانی (ئاسیزیی)یەوە و زرنگەی زەنگی خۆشنوودانەی ناقووسەکانم لەبورجی کلێیسای قەدیس فرانسیسکۆس- گەدای خواوەند- و لە دەیرە چکۆڵەکەی قەدیس (کلارا)وە هاتە گوێ، بەختەوەرییەک کە لەوەسفکردن نایەت، دایگرتم. لەکۆشکی کۆنتیسە ئەریچتا هاتمە خوارەوە، چەند مانگێک لەم شارە پیرۆزە مامەوە و حەزم نەدەکرد جێی بێڵم، هەنووکەش لەم رۆژە دژوارانەدا کە رۆحم دەجەنگی تا نەختێک باڵ لەیەکدا، دڵم کرایەوە و ئاسیزیی لێ هاتەدەر. لەم رۆژە قەیراناویانەدا، (بێرناردۆن)(*) کوڕە جلک دڕاو و پێ پەتییەکە لەناو رووناکییەوە هاتەدەر، هەنگاوی بۆ پێشەوە نا و بەدەست ئاماژەی بۆ رێگەکەم کرد. رێگە نەبوو، بەڵکو پێپلیکانەیەکی بەردین و لێژ بوو، بەڵام سەراپای فەزای دەوروبەری شەلاڵ بوو لە بۆنی خۆشی تەقەدوس.

ئەو رۆژەم بیرکەوتەوە کە بە(ڤێرنا)، کێوی شەهادەت و شکۆی فرانسیسکۆسدا هەڵگژام، بایەکی توند و سارد هەڵی کردبوو، زنارەکان خۆڵەمێشی و رووتەن، چۆڵ لە سەوزایی و گژوگیا، درەختە زڕەکان رەش داگەڕابوون، ناوچەکە لەخەم و عەزاب و کولەمەرگیدا دەیناڵاند، چ شتێک ئەسەری نەبوو جگە لە هەژاریی و رووت و ڕەجاڵی و تەنهایی، تاریکی نێزیکدەبۆوە، رووناکی پەراگەندە و بێ پرشنگ، ترۆپک لەپێش چاوانمدا هەڵکشابوو، بێهوودە هەوڵم دەدا ئارەزووم چڕکەمەوەو هەموو هێزم بخەمەگەڕ، هەستم دەکرد ترس کۆنترۆڵی جەستەی برسی و بەشەختەبووم دەکا، جەستەیەک کە شەو خەریک بوو لەم چۆڵەوانییەدا قووتی دەدا، پاشان کوتوپڕ موجیزە رووی دا، پێدەچوو ئەم ناوچە نامرۆیی و بێ شکۆفەی گوڵەی دەوروبەرم، جێگۆڕکێ بکا و بەهەنگاوی عیرفانییانە بەرز بێتەوە، هەستم دەکرد لێرە، لەدەوروبەرمدا هەژاری - هەژاریی فرانسیسکۆس- توندوتیژبوو لەسەر جەستە، بێ بەزەیی بوو بەرامبەر ئاکاری ئینسان و چێژە کاتییەکانی.

هەمان قەدیس بوو کەوتە زوهد، نکوڵی لەهەستی پێنجانە کرد، بەڵام کاتێک ملچە ملچی شەیتانی ناخی ژنەفت، خۆڵەمێشی کردە خواردنەکەی خۆیەوە، لەچلەی زستاندا، لەجۆگەلە شەختەبەندەکاندا شەونخوونی دەکێشا، برسی و سەرمای دەبوو، هێندە جەستە قوڕاوییەکەی ئازاردابوو کە لەنێو نوێنی مەرگدا بەزەیی بەجەستەیدا هاتەوە، رووی تێ کرد و گوتی: "برای گوێدرێژم، بمبوورە زۆرم عەزب دایت!"

بەڵام ئەو هەژارییە، هەژارییەکی فرانسیسکۆسیی بوو: دڵنیا لەسەر و سامانی خۆی، دڵنیا لەو بەهارە عیرفانییەی کە دەیهێنا و دڵنیا لەو هاوینە گەرم و تژیی لەومیوەیەی لەناخی ئەم بەهارەدا حەشاری دابوو. عەسری ئەمڕۆش چیای رووتەنی ڤێرنا، کوتوپڕ لەقولایی زەینمدا نهێنییەکانی کردەوە و بووە دیمەنێکی ئەفسووناوی لە بەهەشتی ناوەوەمان، بەهەشتێکی پڕ بەرەکەت، بۆندار، پڕ لە هەنگ و پەپوولە. منیش هەنووکە هەمدیس بەو چیا سەرلەنوێ رۆنراوەدا هەڵدەگژام و هاوارم دەکرد: خوشکە ڤێرنا، ئەی خوشکی هەژاری ناوتان بەرەکەت!

(*) بێرناردۆن، هەمان سان فرانسیسکوسە.



بەهار هات، ئەدی چۆناوچۆنی دەمتوانی ئێرە جێ بێڵم؟ لەکۆشکی کۆنتیسە ئەریچتادا بەرامبەر دەیری چکۆڵەی قەدیس کلارا بەبەختەوەری دەژیام. قەت ئاوها بەقووڵی هاوگونجانی نێوان قەدیس فرانسیسکۆس و بەهارم تەجروبە نەکردبوو، لەبەرئەوەی لەمیانەی سێ دروشمەکەی هەژاری و پاکژی و تاعەتی فیرقەی فرانسیسکۆسییەکاندا، هیچیان وەک پاکیژەیی بەهار لە هاوئاهەنگیی تەواودا نییە بەرۆحی رەسەن و هەمیشە لەدایکبووەوەی فرانسیسکۆس. لەناوچەکانی تردا، بەهاران چەندەها چاوی رۆحی ئەفسوون و حەسرەتدیدەی ئینسان بەیادەوەریی جحێڵی، بەژنێک کە خۆشی دەوێ، بەکیژە چکۆڵەکەی، دەپشکون. چەندەها جار بێزاری دەورووژێنێ کە بۆچی تا ئەم رادەیە سروشت سەرلەنوێ دەبووژێنێتەوە کەچی ئینسان ناتوانێ جحێڵی بگەڕێنێتەوە؟ چەندەها جار رۆحی ئینسان هان دەدا بەخیلی بەزنار و چیاکان بەرێ لەبەرئەوەی چاوەڕوانی مەرگ نین و پیری ناناسن. بەڵام بەهار لەئاسیزیی قەڵافەتی فرانسیسکۆسی لەخۆدەگرت، ئەم خاکی (ئەمبریا)(*)یە، خاکێک کە بەختی وەبەرهێنانی ئاوها میوەیەکی هەیە، بەرفەراوانتر و دەوڵەمەندتر دەبێ، دەرگا بەڕووی بەهارانی دووانە و سێیانەدا دەخاتە سەر پشت کە تیایدا هەر گوڵێکی ئاسیزیی، بێ ئەوەی چارەنووسی بەختەوەرانەی ون کات، بۆ ترۆپکی روخساری پیرۆزیی پشکوتنی رۆحی ئینسان هەڵدەگژێ.

فرانسیسکۆس لەو یەکەمین کەسانە بوو، یەکەمین گوڵێک بوو لەبیابانی سەدەکانی ناوەڕاستدا روا، دڵی ساکار و بەختەوەر و پاکژ، چاوانی هەروەک چاوی مناڵ و شاعیر هەمیشە دونیایان بۆ یەکەمین جار دەبینی. چما دەبێ فرانسیسکۆس چەند جاران لەمێروویەک، لەگوڵێکی هاکەزایی، لەسەرچاوەی ئاوێک ورد بووبێتەوە و چاوانی پڕ بووبن لە فرمێسک؟ دەبێ چەند جاران بەخۆی گوتبێ: (وەی ئەمە چ دیمەنێکە! چ لەزەتێکە! گوڵ و ئاو و مێرووگەل چ نهێنیگەلێکی مەلەکوتین؟) دوای ئەو هەموو سەدەیە، فرانسیسکۆس یەکەمین کەسێک بوو دونیای بەچاوانێکی پاکیژەوە بینی، تەواوی زرێ قورس و ناقۆڵاکانی سکۆلاستیکی(**) سەدەکانی ناوەڕاست داکەوتن و ئیدی جەستە و رۆح رووتوقووت مانەوە و کەوتنە بەر شنە شنی بەهار.

چەند مانگێک دواتر، بۆ دووەمین جار ئاسیزییم بینی، نەمدەتوانی لێی دوور بکەومەوە. مێرگی ئەمبیریا بەڕەزی بڕ بەرەکەت و باغی هەنجیر و زەیتوونستانەکانیەوە هەنووکە تژیی بوو لەمیوە. بەدرێژایی رێگەکە هەر دەڕۆیشتم و جارێکی دی لە گوندێکەوە دەچووم بۆ گوندێکی تر و بەهێورییەکی بێدەنگەوە لەزەتم دەبرد لەو خاکە بەبژوێنە: ئەرزێکی پیرۆز و پاکیژە کە بەتەسلیمبوونەوە خۆی لەبەر ئازاری کێڵان و بێڵدا راگرتووە و هەنووکەش بەباوەشی پڕ لەمیوە و بەئاسوودەییەوە لێی ڕاکشابوو. هەستت دەکرد بۆیە ئاسوودە و ئارامە چونکە ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام داوە. بەهۆی گوێڕایەڵییەوە بۆ

(*) هەرێمێک لە ئیتاڵیا.

(**) فەلسەفەیەک کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا برەوی بوو. لە هەرە تایبەتمەندییەکانی ئەو فەلسەفەیە تەرخانکردنی فەلسەفەبوو لەخزمەت لاهوتدا. لە دیارترین پێشڕەوانی ئەم فەلسەفەیە تۆما ئەکوینی بوو.

ڕێساکانی نەمری، بەتێپەڕینی بەتەواوی قۆناغەکانی تێڕامان و ئازاردا، ئارام و باوەڕبەخۆ بوو، توانیبووی ئەم بەرە بەبەرەکەتەی چاکەخوازیی خۆی بچنێتەوە.

کوتوپڕ، بێ چ هەوڵێکی ئاگایانە، جارێکی دی مانای قووڵی (تاعەت) سێیەمین دروشمی فیرقەی فرانسیسکۆسییەکانم تەجروبەکرد، تاعەت بۆ ئاماژەی توندوتیژ و خۆڕەهاکردن بەدەست هێزەکانی سەروو دەوروبەر و ناخمانەوە، هێزە دیار و نادیارەکان، بەباوەڕێکی پتەوەوە بەوەی ئەمانە هەموو شتێک دەزانن و ئێمە چ شتێک نازانین، ئەمەیە تاقە ڕێگەی گەیشتن بەبەپیتی، ئیدی ڕێگەکانی تر زڕ و فریودەرن، چونکە ڕێنوێنیمان بۆ چ جێگەیەک ناکەن و دوای گومڕاییە بێهوودەکان هەمدیس دەمانبەنەوە بۆ خودە داماو و نەفرەتییەکانمان.

ئاوهابوو فرانسیسکۆس لەم سەرزەمینەوە کە عاشقی بوو، سەری هەڵێنا، بینیم لەسەر عەرد ڕاکشابوو، تەواوێک وەک ئەو بەیانییە زووەی ڕەهبانەکان بینییان لە باخەکەی قەدیس کلارا ڕاکشاوە و بەدەم گیاندانەوە سروودی سوپاسگوزاریی بۆ خۆر و ئاو و ئاگر دەچڕێ. ئاخر ئەو ئیدی بەختەوەر بوو، خۆی گرێ دابوو بەیاسای نەمرییەوە، دەستی پڕ بوو لەمیوە و وەک کرێکارێکی میهرەبان بەرەو لای خواوەندی خۆی دەگەڕایەوە.

لەمیانەی ئەو مانگانەدا، کاتێ بەکۆڵان و کێڵگەکانی ئاسیزیدا دەگەڕام، یاخود لە تابلۆکانی کۆشکە مەزنەکەی ئەم گەدایە ورد دەبوومەوە، بیرم دێ هەوڵم دەدا چەندێک لەتوانامدا بێ بەئاوها بەهارێک یان بەپاییزێکی وەکی وی ئاشنابم. ئەو سالانە چ سالانێکی سرک و پڕ لەپەرۆشی بوون، هەموو بەیانییەک خۆشحاڵ و نائومێد هەر لە سپێدەوە دەچوومە دەرێ و بەو دەڤەرە پیرۆزەدا دەگەڕام، هەستم هەر وەک هەستی جحێلانی تر بوو، وەک هەستی ئەو جحێڵە ئەسپارتییە بوو کە گۆشتی ڕووتی جەستەی نایە بەردەم ڕێوی و لەگەڵ کوت کوتکردنی جەستەشیدا نە قسەیەکی کرد و نەهاوارێکی لێ بەرز بۆوە، ئازاری دەچەشت و شانازی بەوەوە دەکرد کە توانیویەتی بەسەر ئازارەکانیدا سەرکەوێ.

بەڵام بێ ئەوەی خۆم بمەوێ، ڕوخسارم نهێنیی هەوڵ و عەزامی ئاشکراکردبوو، چونکە ڕۆژێکیان بەتێپەڕین بەدەروازەی قەدیس کلارادا شارم جێ هێشت. پیاوێکی بالابەرز و باریکەلە - کە قژە زەردەکەی ماش و برنجی ببوو- هاتە سەر ڕێگەم. گەرچی زۆر جاران ئەو پیاوەم بینیبوو وەک من بەم دەڤەرەدا پیاسەی دەکرد، بەڵام چ قسەیەکمان لەگەڵ یەکدیدا نەکردبوو، هەر کاتێ بەیەک گەیشتبووین، لە ڕووی ئەدەبەوە زەردەخەنەمان بۆ یەکتر کردبوو، پاشان ئیدی هەریەکەمان بەڕێگەی خۆیدا ڕۆیشتبوو، وەک بڵێی هیچ کاممان نەیویستبێ تەنهایی و ئارامیی ئەوی تر تێکوپێک بدات.

بەڵام ئەمڕۆ بەیانی، ئەم پیاوە غەریب و نەناسە ڕاوەستا، تەماشایەکی کردم و پاش ساتێک دوودڵی، پرسی: "حەز دەکەیت پێکەوە پیاسەیەک بکەین؟"

- "بەڵێ حەز دەکەم."

دوای ئەوەی چەند هەنگاوێکمان نا، گوتم: "من خەڵکی گریکستانم، بۆ ئاسیزیی هاتم و عاشقی قەدیس فرانسیسکۆس بووم!"



وەڵامی دامەوە: "منیش خەڵکی ئەوسەری ئەوروپام، خەڵکی دانیمارکم، منیش هەر عاشقی فرانسیسکۆس بووم، سالانێکە لێرە لە ئاسیزیی دەژیم، ناتوانم جێی بێڵم، ناوم جۆرگنسنە."

ڕاچڵەکیم و گوتم: "هەمان ئەو کەسەی ئەو کتێبە نایابەی لەبارەی قەدیس فرانسیسکۆسەوە نووسیوە؟"

جۆرگنسن زەردەخەنەیەکی تاڵی هاتێ و سەری بەنیشانەی بەڵێ ڕاوەشاند: "کێ دەتوانێ حەقی تەواو بەفرانسیسکۆس بدا؟ تەنانەت (دانتی)یش نەیتوانی. سروودی یانزەهمی پارادیزۆ(*)ت خوێندۆتەوە؟"

خەنی بووم، ڕێک لەو ڕۆژانەدا ئەڤینێکی مەزنم بۆ ئەو فەسڵە تێدا خولڤابوو، هەروا لە پیاسەکانی تەنهاییمدا بەشەقامەکانی ئاسیزیی یاخود ئاواییەکانی دەوروبەردا، بەزۆری سێ بەیتی یەکەمی ئەو سروودەم لەبەرخۆوە دەگوت:

ئەی چارەسەری نائاقلانەی فانییان

چ درۆزنانەیە بیانووگەلێک کە

واتان لێ دەکا باڵەکانتان ڕووە و زەلکاو لێک دەن!

کوتوپڕ بەژێر باڵی شیعر و لە هاوئاهەنگییەکی برایانەدا، پێکەوە کەوتینە خوێندنەوەی ئەم شیعرە قووڵە. ڕێگەیەکی بەرزمان گرتەبەر کە دەینۆڕی بەسەر خوانی پڕ لەنیعمەتی ڕەز و چڕە زەیتونستانەکاندا. هەنووکە خۆر دیار و دونیای ڕووناک کردبۆوە و پڕی کردبوو لەسێبەری درێژدرێژ. ماوەیەک بێدەنگ بووین، دواجار هاوڕێکەم ڕووی تێ کردم و پرسیی: "بۆچی فرانسیسکۆست خۆشدەوێ؟"

بەڵام یەکسەر لە پرسیارەکەی ژێوان بۆوە و گوتی: "ببوورە، ئاگام لەخۆم نەبوو!"

وەڵامیم دایەوە:" ویم لەبەر دوو هۆ خۆشدەوێ. یەکەمیان لەبەر ئەوەی شاعیرە، یەکێکە لەگەورەترین شاعیرانی پێش ڕێنیسانسە. بەداهاتنەوە بەسەر ناچیزەترین مەخلوقاتەکانی خواوەنددا، توخمی نەمری ناخیانی، واتە نەغمەیانی دەژنەفت!"

جورنگسن پرسی: "ئەی هۆی دووەم؟"

- "دووەمیان، ویم خۆشدەوێ لەبەرئەوەی لەڕێی ئەڤین و تەریقەتی زوهدەوە، ڕۆحی وی توانیویەتی واقیعییەت بەبەزێنێ. برسێتی، سەرما، نەخۆشی، گاڵتەجاڕی، زوڵم و زۆر و دزێوی- هەموو ئەو شتانەی کە مرۆگەلی بێ باڵ ناویان ناوە واقیعییەت-. هەروەها توانیویەتی سەرکەوێ لە گۆڕینی ئەم واقیعییەتە بەخەونێکی بەچێژ و هەستپێکراو و ڕاستەقینەتر لە خودی حەقیقەت. وی ئەو نهێنییانەی کەشف کرد کە کیمیاگەرانی سەدەکانی ناوەڕاست بەپەرۆشەوە لەدووی دەگەڕان، واتە گۆڕینی ناچیزەترین کانزا بەزێڕی ساخ.. چۆن؟ چونکە کیمیا لای فرانسیسکۆس شتێک نەبوو مەحاڵ و بەدەر لەئینسان کە تا بەیەکدادانی یاسا سروشتییەکان بتوانرێ دەس بخرێ، بەڵکو کیمیا خودی دڵی وی بوو. بەم پێیە لەڕێی ئەم موجیزەی

(*) بەهەشت، بەشێکی کۆمیدیای خواوەندیی، شاکاری دانتی.

کیمیا عیرفانییەوە واقیعییەتی دەستەمۆ کرد، بەشەرییەتی لەچنگی ناچاریی رزگارکرد و تەواوی جەستەی کردە رۆح. قەدیس فرانسیسکۆس بۆ من ژەنەراڵێکی مەزنە کە لەشکری ئینسانی بۆ سەرکەوتنێکی نامەرجدار رێنوێنیی کرد!"

– "هەر ئەمە؟"

وەڵامیم دایەوە: "دەزانم دەتەوێ پرسیاری چیم لێ بکەیت، نا، چ شتێکی تر نا، ژەنەراڵ و شاعیر، لەو دووە زیاتر چ شتێکی تر نا!"

هەمدیس بێدەنگ بووینەوە. بەڵام جۆرنگسن خێرا گوتی: "ئەمە بەس نییە!" خەریک بوو وەڵام بدەمەوە، بەڵام ددانم بەخۆمدا گرت، ئاخر ترسام نەبا قسەیەکی خەراپ بەزارمدا بێ. جۆرنگسن وەک بڵێی قسەیەکی نەگوتراو تەواوکات، گوتی: "لەبەر ئەمەیە روخسارت ئاوها ماندوو دیارە، تۆ هێشتا لەململانێدایت، دەستت بەرزگاری نەگەییوە، ئەم ململانێیەش رۆژ بەرۆژ ماندووت دەکا، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو ئەم بەیانییە رامگرتیت و لەگەڵتدا کەوتمە قسان!"

بەدەنگێکی خۆنەویستانە، دەنگێک پڕ لە توورەیی و گاڵتەجاڕی لێم پرسی: "با وا دانێین تۆ دەتوانیت لەو ململانێیەدا یارمەتیم بدەیت!"

هەستم بەشەرم کرد، ئاخر هەندێ جار بەرلەوەی رۆحمان دەرفەتی کۆنترۆڵکردنی جەستەی دەسکەوێ، قسە لە زارمانەوە دەردەپەڕێ.

جۆرگنسن گوتی: "خۆت کۆنترۆڵکە، من ناتوانم یارمەتیت بدەم، لەسەر هەموو مرۆڤێک پێویستە رێگەی تایبەت بەخۆی بدۆزێتەوە و خۆی رزگار کا. لەچیی؟ لە زوو تێپەڕ، لە زوو تێپەڕ خۆی رزگار کا و نەمری بدۆزێتەوە!"

هێشتا توورەیی بەری نەدابووم. گوتم: "بەڕوخساری هێمن و رێڕۆیشتنی ئارام و دڵنیا و دەنگی هەمیشە خۆشتەوە وا پێدەچێ رێگەی خۆت دۆزیبێتەوە. چ گومانی تێدا نییە کە بەهاوسۆزی و دەشێ بەبەزەییشەوە لە ئێمەمانان، ئێمەمانانێک کە هێشتا لەململانێداین، بنۆڕیت. دەشێ تایبەتمەند بەسیفاتی هاوسەنگەوە لەدایک بووبیت و هەرگیز تامی ململانێت نەچەشتبێ!"

جۆرگنسن راوەستا و بۆ ساتێک سەیری کردم، ئەمجار بەحیرسەوە دەستی بۆ رایەڵ کردم و قۆڵی گرتم، وەک بڵێی دەستی خنکاوێک بگرێ، گوتی:" تۆ هێشتا جحێڵێت، خۆنەویستیت کەمە، هێشتا داوای یارمەتیکردن بەشیاوی شان و شەوکەتی خۆت نازانیت! روخسەتم بدە شتێکت پێ بڵێم، نا... من تایبەتمەند لەدایک نەبووم، گەلێک باش لە مانای عەزاب و تێکۆشان و لەخۆباییبوون دەگەم، رۆمانگەلێکی پڕ لە هەست و ئەڤین و گاڵتەجاڕیم نووسیوە. ئیدی لەگەڵ رۆژاندا هونەرم زۆر پێ سنووردار بوو، خۆم بۆ زانست تەرخان کرد و بوومە لایەنگیری توندڕۆیی داریونیزم و هەر بیرێکی دژە مەسیحییەت. دەمویست حوکمەت، کڵێسا، رەوشت و تەواوی کۆتەکان بپسێنم. ئیدی لەسەر عەرشەکەم لە دڵی ژیاندا دانیشتم و جەنگم دژی دوژمنی دێرین راگەیاند، دوژمنی دێرین ناوێک بوو کە لە خواوەندم نابوو. دەمنووسی، لە هەموو جێگەیەک نوتقم دەدا، ئاڵا بەدەست رام دەکرد و هەر رام دەکرد، بەڵام لە



ناکاوێکڕا راوەستام و بێدەنگ بووم، نەخۆشییەکی نەناسراوو پێشبینینەکراو چنگی بەدڵمدا کرد، سەرچاوەکەیم نەدەزانی، دەشێ لە تەواوی هەموو ئەو ماوەیەدا هەر لەناخمدا بووبێ و چاوەڕێی هاتنی دەورەکەی بووبێ. بۆ ئەوەی لەهاوڕێیان و لەئاکارە دێرینەکانی خۆم راکەم، دانیمارکم جێهێشت و سەفەرم بۆ گریکستان کرد و لەوێوە چوومە ئیتاڵیا و ئیدی هاتم بۆ ئاسیزیی..."

زەردەخەنەیەکی هاتێ و پاشان گوتی: "ئەوە بەر لە سی ساڵ بوو، ئەو سی ساڵەم لێرە، لەژێر سایەی فرانسیسکۆسدا گوزەراند، سوپاس بۆ خودا!"

لەناوەوەڕا وررووژابووم.گوتم: "ئەدی پاشان؟ جگە لەفرانسیسکۆس چ کتێبێکی تری تۆم نەخوێندۆتەوە!"

– "ئەمە باشتر. کتێبێکی سەفەرنامەم چاپ کردووە تیایدا لەو هەستە دەدوێم کە لە کاتی بینینی شارە دێرینەکان بەکۆشک و کڵێسا و تابلۆکانیانەوە تێمدا وررووژاوە. پێشتر چووبووم بۆ دەیری فیرقەی (بەندیکت)، بەڵام ترساندمی و رۆژی دواتر یەکسەر گەڕامەوە، گەرچی کە رێوڕەسمی عیبادەتی رەهبانان بۆ من جیلوەیەکی سەرنجڕاکێشی هەبووە و پێچەوانەی شێوازی ژیانم بووە، هەرچەند بۆ یەکەمین جار توانای ئەوەی پێ بەخشیبووم پێم بسەلمێ کام رێگە دەچێتەوە سەر بەختەوەری، بەڵام لەگرتنەبەری ئەو رێگەیەدا دوودڵ بووم!"

جۆرگنسن ئاوڕی دایەوە و بەخەنیبوونێکی فرەوە ئاماژەی بۆ ئاسیزیی پیرۆزکرد بەدیوارگەلی دێرینی رۆکاگراند و ئەکرۆپۆلۆس و کڵێسای مەزن و لەقەڵاچووی قەدیس فرانسیسکۆسەوە. پرسی: "مۆڵەت دەدەیت بگەڕێینەوە و بیبینین؟"

گەڕاینەوە و ئەو رێگەیەمان گرتەبەر کە دەچۆوە ئاسیزیی، جوتیارانی لاواز و چاوان هەڵایساو بەلاماندا تێدەپەڕین، لە دوای (گا)کانەوە گای سپی و بەئەمبیریا ناسراو، لەژێر قورسایی گاسندا خاو و خلیچک دەڕۆیشتن، قۆچە چەماوەکانیان

بەگوڵە گەنم رازابۆوە، کیژە جوتیارێکی قژ رەش و شەبەقڕەنگ سڵاوی لێ کردین: Pax et bonum جورگنسۆنیش بەشێوازی مەزەبیی فیرقەی فرانسیسکۆسیی سڵاوەکەی سەندەوە، پاشان ئاماژەی بۆ کۆشکی مەزنی سەڵتەنەتیی کرد لە دامێنی ئاسیزیی. نوێژخانە چکۆڵەکەی فرانسیسکۆس (پۆرتیۆنکولا)ی لەناودا بوو. گوتی: "لەوێ لە پۆرتیۆنکولا، بەتەماشاکردنی قەدیس و بینینی پێنج زامەکەی جەستەی، بۆ یەکەم جار بەناچاری کڕنۆشم برد، بەڵام هەستم بەشەرمکرد، بەتوڕەیی هەستامەوە سەرپا و ئەوێم جێ هێشت. هەمیشە بەتووڕەیی لەخۆم دەپرسی: چیی وای لێ کردم سوژدە بەرم؟ چیم بەسەر هاتووە؟ بەڵام لە هەمان کاتدا ئارامییەکی لە ڕادەبەدەر سەراپای بوونمی لەخۆگرت. هەمدیس لەخۆم پرسی: بۆچی؟ بۆچ دەبێ ئاوها ئارامییەک هەست پێ بکەم؟ لەراستیدا ئەم بەختەوەرییە لە هەموو ئەو لەزەتانەی تێپەڕاندبوو کە تا ئەو ساتە تامم کردبوون. لەگەڵ ئەمەشدا، شتێک لەناخمدا هەبوو کە نەیدەویست باوەڕبێنێ، رقی لەهەر شتێک بوو لەسەروو سروشتەوە بێ، باوەڕ و متمانەی تەنێ بەیەک شت هەبوو، بەئەقڵی ئینسان و ئەوەی ئەقڵ دەیگوت. ئەمە بوو کە لەبەر دەرکی دڵمدا راوەستاو و

نەیدەهێشت موجیزەی لێ بێتە ژوورەوە!

هەر کە بینیم سەرلەنوێ بێدەنگ بوو، بەنائارامی پرسیم: "باشە ئەدی دوایی؟ چۆن رزگاریت بەرەو روو هات؟"

– "وەک هەمیشە ئارام و بێ هاتوبات، تەواوێک وەک گەیینی میوە و شیرین و ئاوداربوونی، دڵی منیش هەر ئاوها شیرین و ئاوداربوو. کوتوپڕ هەموو شتێک بەلامەوە ساکار و یەقیناوی وەدیارکەوت، ئازار و دوودڵی و شەڕەکان بنەبڕ بوون، لەبەر پێی فرانسیسکۆسدا دانیشتم و چوومە بەهەشت. فرانسیسکۆس، خودی فرانسیسکۆس- برای دەرکەوانی بەهەشت- دەرگای لێ کردمەوە.

دواجار لە ئاسیزیی نێزیک بووینەوە، خۆر بەسەر قەڵا خوێنڕەنگ و نیوە وێرانەکەی شاردا پرشنگی دەدا، زەنگی چکۆڵە و گوێنەوازی قەدیس کلارا شاد و وەک کەوی چیایان دەیقاسپاند.

جۆرگنسن گوتی: "دەبێ بمبووریت لەبارەی خۆمەوە زۆر دوام، ئەو قسانەم بەددانپیانان لێ وەرگرە، تەمەنم لە تۆ زیاترە و چێژ لەوە دەبینم لای خەڵکانێک ئیعتیراف کەم کە بەتەمەن لەخۆم چکۆڵەترن، چونکە دەشێ ئەمە تاقە جۆرێکی ئیعتیراف بێ کە ئیستیفادەی هەبێ!"

بۆ ئەوەی ورووژانی خۆم حەشاردەم، بەپێکەنینەوە گوتم:" وەی چ دەبوو گەر هەر بەڕاستی فرانسیسکۆس دەرکەوان با! چ خۆشییەک! قەدیسان و گوناهباران و باوەڕداران و کافران، تەنانەت ڕێگەی بەملیۆنێرەکانیش دەدا بچنە بەهەشت. بەڵێ، ڕێگەی بەنەفرەتاویترین بوونەوەریش دەدا، ڕێگەی بەمشک و کرم و کەمتیارەکانیش دەدا!"

جۆرگنسن بێ ئەوەی زەردەخەنە بیگرێ، گوتی: "ئەوکات دەبووە ئاژاوە، نەک هەر ئاژاوە، بەڵکو دەبووە ناعەدالەتیش!"

بەژێر دەروازەی قەڵاکەدا تێپەڕین، دەیری قەدیس کلارا لای چەپمانەوە و ئەو خانووەش کە منی لێ دەژیام لەلای راستمانەوە.

هاوڕێکەم گوتی: "لەگەڵتا دێم تا سڵاوێک لە کۆنتیسەی پیر بکەم، یەکەمین جارم لەیادە کە بینیم، شۆخترین ژنە خانەدانی ئاسیزیی بوو، بەجحێڵی بێوەژن کەوت و ئیدی هەرگیز شووی نەکردەوە. بیرم دێ بەسواری ئەسپێکی سپی دەچوو بۆ سەردانی موڵکەکانی- زەیتونستان و رەزەکانی- گەر لەڕۆژگاری سان فرانسیسکۆسدا ژیابا، ئەوا رەنگە ببوایەتە قەدیسە کلارای وی!"

– "باوەڕ ناکەم هەمان باوەڕی مەزەبیی تۆی هەبووبێ!"

جۆرگنسن وەڵامی دایەوە: "ئەی مەگەر روخساری نابینی چەندێک نوورانییە!"

بەپێپلیکانەکاندا سەرکەوتین، هەوای کۆشکە گەورەکە سارد و لەژوورەکەی کۆنتیسە ئاگرێک پێکرابوو. ئارمێلیندای کارەکەری خەریکی ئامادەکردنی سفرە و هێنانی قاوە و شیر و نانی گەنم بوو بۆ خانمەکەی. کە ئێمەی بینی دوو فنجانی تریشی دانا. دانیشتین.

بەڵێ، هەر بەڕاستی لەروخساریساڵخوردەی ئۆرستۆکراتیانەیەوە نوور پرشنگی دەدا، چاوانی رەش و



گەورەی پارێزراو بوون لەغەدری زەمەن. دەرگای ئەوسەری باخەکە کرایەوە، تەلانێکی شکۆفەکردووی گوڵەباخ لەژێر تیشکی هەتاودا دەدرەوشایەوە. کۆنتیسە پرسی: "ئێوە هەردووکتان بەو بەیانی زووە بۆ کوێ چوون؟ دڵنیام لەبارەی قەدیس فرانسیسکۆسەوە دەدوان!"

جۆرگنسن بەپێکەنینەوە سەیرێکی کردم و گوتی: "ئەدی تۆ لەکوێوە دەزانیت؟"

کۆنتیسە پێکەنی و گوتی: "چونکە ساتێک لەمەوبەر، کاتێک چوومە باخچەکە، لە دوورەوە ئێوەم بینی بەرەو ئێرە دەهاتن و هەردووکتان بڵێسەتان تێوە ئاڵابوو!"

***

چەند رووناک ئەو رۆژانەم بەتەواوی وردەکارییەکانیانەوە وەبیر دێنەوە. من داوای یارمەتیم لەفرانسیسکۆس نەکردبوو، کەچی ئەو لە پێشمەوە رای دەکرد تا رێنوێنیم کات. چ دەبوو گەر گوڕم تێدابا، ئاخر کە لەدوورەوە دەمبینی باوەشی بەگەڕەکاندا دەکرد، دڵتێکەڵاتن و ترس باڵیان بەسەر بوونمدا دەکێشا، کاتێک دەمبینی بەپێی پەتی دەگەڕا و مەوعیزەی دەدا و لە هەمان کاتیشدا خەڵکی هوهایان لێ دەکێشا و بەردبارانیان دەکرد و ئەمیش نوور لەڕوخسارییەوە پرشنگی دەدا، ئیدی دڵم دەکەوتە بەرگری، لەگەڵ ئاگاییمدا بەناچیزەییم، بەخۆم دەگوت: "هەموو شتێک و ئەوە نا، باشتر وایە ئینسان لەشەهیدبوونێکی ناکاودا تیابچێ، ئاخر رووبەڕووبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ سووکایەتی و گاڵتەجاڕیدا لەسەروو حەوسەڵەی منەوە بوو. هەمیشە پەیوەندیی راستەوخۆم بەخەڵکەوە، پەستی و بێزاری لێ کەوتۆتەوە. خەنی دەبووم بەپێی توانای خۆم یارمەتییان بدەم بەڵام لەدوورەوە، هەمووانم خۆشدەویستن و هاوسۆزیم بۆ هەمووان هەبوو، بەڵام هەر کاتێک لێیان نێزیک بوومەتەوە مەحاڵ بووە بتوانم خۆم لەبەر زوبان درێژییاندا راگرم، ئەوانیش هەمان هەستیان دەکرد و ئیدی جیا دەبووینەوە. ئاخر من ئەڤینێکی بەلرفەم بۆ بێدەنگی و تەنهایی هەیە، دەتوانم بەسەعات لە ئاگر یاخود لەزەریا بنۆڕم، بێ ئەوەی پێویستم بەچ هاودەمێکی تر هەبێ.

ئەم دووە هەمیشە یارانی بەوەفا و ئازیزم بوون، هەر کاتێ عاشقی ژنێک یاخود ئەندێشەیەک بووبم، لەبەر ئەوە بووە لە ژناندا سیفەتی سەرەکیی ئاگر و زەریام بینیوەتەوە.

زیاتر لەمە (وام بەخۆم دەگوت تا پاساو بۆ نەتوانینم بێنمەوە لەگرتنەبەری رێی هەڵگژانەکەی فرانسیسکۆس) چۆناوچۆنیی ئەم گەدای خواوەندە، ئەم دۆن کیشۆتە ئاسمانییە، بەهەمان ساکاری و سافیلکەییەوە، بەهەمان سەفا و ئەڤینەوە – دەتوانێ لەم سەردەمی مەمون(*) و مولوخ(**)ەی تیایدا

(*) مەمون: زاراوەیەکی سریانییە بەمانای دەوڵەت. ئەهریمەنی تەماع و ساماندۆستیی.

(**) مۆلۆخ: خوواوەندێکی سامییە کە دەبوو بۆ پەرستنی، مناڵانی بۆ سەربڕدرێن. ئەم بتە لە مس دروستکراو و لەسەر کورسییەکی مسین دادەنیشێنرا، کورسیی و بتەکە کلۆر بوون و لەو کلۆراییەدا ئاگر دەکرایەوە و هەر کە پلەی گەرماکەی دەگەییشتە رادەی سووربوونەوە، قوربانییەکەی دەخرایە سەر و یەکەندەردوو دەبرژا.

دەژین، هەمدیس لەسەر ئەرز دەرکەوێتەوە؟

ئەمەم دووبارە و دووبارە هێنایەوە سەر زوبان تا تەسەللای خۆم بدەمەوە. نەمدەزانی گەدایەکی نوێی خواوەند لەسەر عەرد دەرکەوتۆتەوە و ئەو گەڕانەی دەوریان داوە لە زنجییەکان بوون. گەر لەو ڕۆژە قەیراناوی و یەکلاکەرەوانەدا لە بەرلین کە هانی دەدام لەورووژانی بوزایی بێمە دەر و بەرەو ناخی جووڵەی شۆڕشگێڕانە هەنگاوبنێم، سەرنجم لێ دابا، ئەوا زیاتر لەترسنۆکیی خۆم شەرمەزار دەبووم. دوای ئەوە بەماوەیەکی زۆر سەرنجم لێدا. ئەوە کاتێک بوو کە ئیدی نەمدەتوانی، دەشێ لەبەرژەوەندیشم نەبووبێ ڕەوتی ژیانی خۆم بگۆڕم. ڕێگەیەکی تەواو جیاوازم بۆ ئەنجامدانی ئەرکی سەرشانم گرتبووە بەر.

لەو پاش نیوەڕۆیەی مانگی ئابدا، کاتێ ئەو باریکەڕێیەم گرتەبەر کە بەگوندی گونزباخ لە دارستانەکانی ئالستیا کۆتایی دەهات، لێوڕێژبووم لە وورووژان. قەدیس فرانسیسکۆسی سەردەمەکەی ئێمە(*) خۆی دەرگاکەی کردەوەو دەستی بۆ رایەڵکردم. دەنگی قووڵ و گەرم، دیقەتی دام و لەودیو سمێڵە ماش و برنجیی و پڕەکەیەوە زەردەخەنەیەکی هاتێ. بینیبووم جەنگاوەرانی کریتیی ڕێک وەک ئەو بوون، تژیی لە میهرەبانیی و لە ئیرادەیەکی پتەو.

قەدەر وای خواست ئەم ساتەوەختە پیرۆزە پێشبێ. دەرکی دڵمان بەڕووی یەکتردا کردەوە، تا شەو پێکەوەماینەوە و لەبارەی مەسیح، هۆمەر، گەڕەکان و سیپاستیان باخ ەوە دواین. دەمەو ئێوارە بەرەو کلێسا چکۆڵەکەی گوند کەوتینە ڕێ.

بەدرێژایی ڕێگە پێی دەگوتم: "وا باشترە بێدەنگ بین!" وورووژانێکی قووڵ روخسارە گرژەکەی پۆشیبوو.

بەرەو ئۆرگەکە چوو تا مۆسیقای باخ بژەنێ، دانیشت، وابزانم ئەو ساتەوەختە لە بەختەوەرترین ساتەوەختەکانی ژیانمە.

لەڕێی گەڕانەوەدا، گوڵە کێوییەکم لە قەراغی جاددەکە بینی، ڕاوەستام تا لێیکەمەوە. دەستی گرتم و گوتی: "لێی مەکەرەوە، ئاخر ئەو گوڵە زیندووە، دەبێ حورمەتی ژیان ڕاگریت!"

مێرووڵەیەک بەیەخەی چاکەتەکەیدا دەچووە سەرێ و دەهاتە خوار، بەمیهرەبانییەکی لەڕادەبەدەرەوە مێرووڵەکەی گرت و لەسەر ئەرزەکە، لە جێگەیەک کە کەس پێی پێدا نەنێ، داینا. گەرچی هیچی نەگوت، بەڵام گوتەی (مێرووڵەی برا) بەسەر زارییەوە بوو. ئەمە گوتەیەک بوو لەو گوتە خۆشانەی کە لە ئاسیزیی باوانییەوە بۆی مابۆوە.

کە شەو داهات لەیەکتر جیابووینەوە و من گەڕامەوە بۆ تەنهاییم. بەڵام هەرگیز ئەو ڕۆژەی مانگی ئابم لەبیرەوەریدا نەسڕرایەوە. ئیدی من تەنها نەبووم، بەڵکو ئەم تێکۆشەرە، بەدڵنیاییەکی تۆکمە و بەهەنگاوی پتەو و جحێڵانەوە لەگەڵمدا ڕێی دەکرد، گەرچی ڕێگەی ئەو ڕێگەی من نەبوو، بەڵام

(*) کازانتزاکیس رۆمانی (فرانسیسکۆس... قەدیسی من)ی پێشکەش بەئالبێرت شوایتزەر کردووە و بەفرانسیسکۆس، کوڕی ئەم سەردەمەی ئێمە ناوی بردووە.



تەماشاکردنی وی کە ئاوها بەباوەڕ و سەرسەختانە بەمیعراجی خۆیدا هەڵدەگژا، بۆ من تەسەللایەکی مەزن و وانەیەکی باڵا بوو. ئیدی لەو ڕۆژەوە بەدوا، باوەڕم بەوە هێنا کە ژیانی قەدیس فرانسیسکۆس حەکایەتی پەرییان نییە، لەوە بەدوا دڵنیابووم لەوەی کە هێشتا ئینسان دەتوانێ لەسەر ئەرز موجیزە بخولقێنێ. من موجیزەم بینیبوو، دەستم تێوەدابوو، لە تەکیدا دوابووم، ئێمە پێکەوە پێکەنیبووین و هەر پێکیشەوە بێدەنگ ببووین.

لەو ڕۆژەوە بەدوا، دڵم هەرگیز نەیتوانیوە ئەو دوو روخسارە لەیەکتر جیاوەکا. ئەو دوو روخسارە ئەفسوونگەرەی کە لە زەمەنی فانیی سڕرابوونەوە و یەکگرتنێکی لەجیابوونەوە نەهاتوو لەئەبەدییەتدا، واتە لە سینگی خواوەندا، یەکانگیری یەکدی ببوون. ئاخر ئەو دووە وەک دوو برا لەیەک دەچن: قەدیس فرانسیسکۆس و ئالبێرت شوایتزەر(*). هەردووکیان ئەڤینێکی میهرەبانانە و پڕ شەوق و شۆریان لەگەڵ سروشتدا هەیە، شەو و ڕۆژ سروودی سوپاسگوزاریی بۆ خۆری برا و مانگ و زەریا و ئاگری خوشک لە دڵیاندا دەنگ دەداتەوە. هەریەکەیان گەڵایەکی بەسەر پەنجەکانی گرتووە و لەگەڵ بەرزکردنەوەیدا بۆ ڕووناکی، تیایدا موجیزەی تەواوی کەون دەبینێ.

هەردووکیان هەستێکی ناسک و پڕ دڵسۆزیی نەوعدۆستییان بۆ ئینسان – مار و مێروو– هەموو ئەوانەی دەژین و هەناسە دەدەن، هەیە. هەردووکیان بەچاوی تەقەددوسەوە لە ژیان دەنۆڕن، هەردووکیان کاتێ بەسەر بوونەوەری زیندوودا دادێنەوە و وێنەی ئەفرێنەر بەتەواوی کەماڵەوە لە چاوانیاندا دەبینن، ئیدی لەخۆشییاندا لەرز دایاندەگرێ، لەمار و مێروو ئینسان دەنۆڕن، دەگەنە ئەوەی (گەیشتنێکی خۆشحاڵانە) کە هەموو شتەکان برای یەکن.

سۆز و میهرەبانی (لەپۆشاکی کاردا) بۆ هەر تشتێک ئازار بچێژێ لای ئەو دووانە یەکسانە، هەردووکیان گەڕەکانیان هەڵبژارد، قووڵترین و ترسناکترین هەڵدێری کوێرەوەری و عەزاب: یەکێکیان گەڕە سپی پێستەکان و ئەوی تریشیان گەڕە ڕەش پێستەکانی ئەفریقا. گوتم سۆز و میهرەبانی، بەڵام زاراوەی (میتا) شیاوترە. ئاخر تەنێ ئەم زاراوە بوزاییە دەتوانێ بەڕاستی گوزارشتکەری ئازاری هەستێک بێ کە عەزابی ئینسان لەو دوو برایەدا دەورووژێنێ. لە میهرەبانی و سۆزدا دوالیزمێک هەیە، کەسێک کە ئازار دەچێژێ و کەسێکیش کە سۆزی بەرامبەری هەیە. لەلایەکی تر، لە میتادا هاوگونجانێکی وەها هەیە. کاتێک گەڕێک دەبینم هەست دەکەم خۆم گەڕم. (سری السقتی) سۆفی سەدەی نۆیەم لەم بارەیەوە دەڵێ: "لەنێوان دوو کەسدا چ ئەڤینێکی تەواو بوونی نییە، کاتێک نەبێ کە هەریەکەیان ئەوی تر بە(ئەی من) بانگ دەکا!"

دێوانەیی مەلەکوتی لە هەردووکیاندا یەکسانە – چاوپۆشین لەهەوەسەکانی ژیان، قوربانیدان بەمرواری گچکە لەپێناو مرواریی گەورەدا، دوورکەوتنەوە لەڕێگەی هەموار کە بەبەختەوەریی هەرزان کۆتایی دێ و

(*) ئالبێرت شوایتزەر– پزیشک و مۆسیقار و پیاوێکی ئایینی فەرەنسایی کە نەخۆشخانەیەکی لە گابۆن ڕۆناو ساڵی خەڵاتی وەرگرت.

هەڵبـژاردنی ڕێگەی ناهەمـوار و بەردەڵان کـە لەنێـو دوو هەڵدێرەوە بەرەو ترۆپکی دێوانەیی مـەلەکـوتی هەڵدەگژێ- دێوانەیی هەڵبژرادنی ئازادانەی مەحاڵ.

خـۆش تەبعیی بێ فـرتوفـێڵ لەهەردووکـیـاندا یەکسـانـە: پێکەنین لەدڵی چاکـەخـوازییـەوە دەتکێ، خۆشحاڵیی کیژی ئازیزی ڕۆح شەلاڵە لە نیعـمەت، قـودرەتی دیتن و قـەبوولکردنی واقیعییەتی ڕۆژانە بەمیهرەبانی و لێک حاڵیبوونەوە. ئەسپارتییە مۆنەکان میحرابێکیان بۆ خواوەندی پێکەنین ڕۆنا، ئاخر بێ ئالوواڵایی ڕەها هەمیشە کۆمەک لە پێکەنین دەخوازێ، چونکە تەنێ پێکەنینە لە توانایدایە یارمەتی ڕۆحـێکی قـووڵ بدا تا بەرگـەی ژیان بگرێ. خـواوەند دڵی شـادی بەم دوو برایە عـەتا فـەرمـووە، هەر لەبەرئەمەیە ئەوان بەشادی بەرەو ترۆپکی هەوڵی خۆیان، بەرەو خواوەند سەفەردەکەن.

هەردووکـیـان عـیشـقـێکی پڕ شۆریان بۆ مـۆسیک هەیە. ئەوەی (تۆمـاس)ی خەڵکی سیـلانۆ لەبارەی یەکـێکیـانەوە گـوتی، لەبارەی ئەوی تریشـیـانەوە بەتەواوەتی ڕاسـتـە: (پەردەیەکی گـەلێک تەنک برا فرانسیسکۆس لە ئەبەدییەت جیادەکاتەوە. بۆیە وی هەمیشە نەغمەی خواوەندانەی لەم پەردە تەنکەوە دەژنەفت.) بەگوێڕادێران بۆ ئەم نەغمەیە، هەردووکیان پڕ دەبوون لە چێژ و نەشوە: (فریشتەگەلێک کە لە خەونەکانمدا ڤیولا دەژەنن، گەر تەنێ یەک جاری تر کەوانەکانیان بەسەر ژێکانیاندا هێنابا، ئەوا هێند بەختەوەر دەبووم کە ئیدی ڕۆحم خۆی لە دیلیی جەستە ئازاد دەکرد!) یەکەمیان وای دەگوت، دڵنیام دووەمیشیان لە کاتی ژەنینی مۆسیکی (باخ)دا ئاوها بەختەوەرییەک لەخۆوەی پێچاوە.

هەردووکـیـان کـیـمـیـایان هەیە، ئەوەی کـە ناچیـزەترین کـانزا دەکـاتە ئاڵـتـون و ئاڵـتـونیش دەگـۆڕێتـە جەوهەری ڕۆح. ئەوان نەخۆشی، برسێتی، سەرما، زوڵم و زۆر، دزێوی- واقـیـعـییـەت لە ترسناکـترین ڕوخساریدا- وەردەگرن و دەیگۆڕنە واقیعییەتێکی واقیعیتر کە هەناسەی ڕۆح تیایدا هەڵی کردبێ. نا، هەناسـەی ڕۆح نا، بەڵکو هەناسـەی ئەڤین- خـۆری ئەڤین لەدڵی ئەواندا- وەک خـۆری ئاسـمـانی ئیمپریاتۆریەتە مەزنەکان هەرگیز ئاوا نابێ.

***

بەڵام زۆر درەنگ لەهەمـوو ئەمـانە گـەیشـتم. لەو ڕۆژە قـەیراناوییـانەدا لە بەرلین لەمـانە حـاڵی نەببـووم. کـاتێ مـوجـیـزەی ئینسـانیم لە گـوندەکـەی وی، لە ئالسـتـیـا بینی، پەنجـەکـانم مـەرەکـەباوی بوون، دێوانەییـیـەکی قـووڵ منی بۆ گـۆڕینی ژیان بەوشـە و لێکچـواندن و سـەروا ڕاکـێشـابوو، بۆ ئاسـتی قـاقـز ڕەشکەرەوەیەکی تووڕەهات دابەزیبووم (هەنووکەش نازانم چۆن) ئەوەی بەسـەرمدا هات تەواوێک هەمان ئەو شتە بوو کە زیاتر لەهەر شتێکی تر ڕقم لێی بوو، واتە دامرکاندنەوەی برسێتیم بەقاقز.

ئەم دوو هەژاری خواوەندە دەیانتوانی لە تاقە بوارێکی ساکار بەڵام زۆر بەنرخدا یارمەتیم بدەن، واتە پیـشـانم بدەن ئینسـان دەتوانێ و پێـویسـتـە لەسەری، بگاتە دوورترین خـاڵی ئەو ڕێگەیەی کـە هەڵی بژاردووە- کێ چوزانێ- دەشێ لەوسەری ڕێگەدا تێکۆشەرانی جۆراوجۆر بەیەک بگەن، بەم پێیە ئەوانم بۆ ببوونە نموونە: نموونەگەلی بەرزی سەر ڕاستی، ئارامی و ئومێد، خودا پاداشتی خێریان بداتەوە. چونکە



ئەم دوو تێکۆشەرە فـێریان کـردم تەنهـا لەڕێگەی ئومـێدەوە دەتوانین ئەو شـتـە وەدی بهـێنین کـە لەودیو ئومێدەوەیە.

ئەوانم کـردە سـەرمـەشـقی خـۆم و هەوڵم دا بەسـەر سروشـتی خـۆمـدا زاڵ بم. ڕێگەیەکم گـرتەبەر کـە میـهـرەبانی و تووڕەیی و وشە برندەکانی ئەتیکا لەبەردەمدا ڕاخرابوو، مـاوەیەک هەروام کـرد و ژێوانیش نیم. کـاتێ بۆ ڕێگەی سروشتیی خـۆم گەڕامـەوە، هەستم کرد دڵم پڕ بووە لەعـەزابی ئینسان و تاقەڕێگەی خۆڕزگـارکـردنیش ڕزگـاریی ئەوانی ترە، یان هەوڵە بۆ ڕزگـارکـردنی ئەوانی تر -ئەمـەش بەسـە-. هەروەها بۆم دەرکەوت دونیا واقـیعییە نەک تـارمایی، ڕۆحی ئینسانیش پۆشراوە بەجەستە- نەک بەو تەرزەی بوزا دەیگوت - پۆشرابێ بە(با).

بەڵام لەو کـاتەدا کە هەوڵم دەدا بڕیاری خـۆم بدەم، ئەقـڵم بەرەنگارییـەکی توندی نواند، ئاخـر هێشـتـا خـۆی لە جبـە زەردەکـەی بوزاوە پێـچابوو، هێشـتـا بەدڵمی دەگـوت: (بێهـوودەیە هەوڵدان بۆ ئەو شـتـەی دەتەوێ ئەنجامی بدەیت، ئەو دونیایەی تۆ دەتەوێ، دونیایەک کە هیچ کەسێک برسی و سەرمای نەبێ و زوڵم و زۆر و عـەزاب نەچێـژێ، دونیـایەکـە بوونی نیـیـە!) بەڵام گـوێم لێ بوو دڵم لەقـووڵایی بـوونمەوە وەڵامی دەدایەوە: (گـەرچی دونیـایەکی ئاوهایی بوونی نیـیـە، بەڵام لەبەرئەوەی من دەمـەوێ، ئەوا دێتـە بوون. من ئەو دونیایەم دەوێ، لەگەڵ هەر ترپەیەکی دڵمدا دەمەوێ، من باوەڕم بەدونیایەکە بوونی نییە. بەڵام بەباوەڕبوون دەیخـوڵقـێنم. ئاخـر هەرچییـەک بەقـودرەتی تەواو ئارەزوومـان نەکـردبێ، عـەدەمی ناودەنێین!)

وەڵامـەکەی دڵم خـسـتـمیـە تین و تـاو. گـەر ئەوە ڕاست بێ، ئەوا ئینسـان بەرپرسـیـارییـەکی ترسناکی لەسەرشانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەواوی زوڵم و زۆر و تەواوی نەنگییەکانی دونیا.

***

لەمـاوەی چەند ڕۆژێکدا، ڕووداوەکـان بەڕیتـمـێکی خـێـراتر دەچوونە پێش. دەشێ لەبەر ئەوە بـووبێ کـە دواجـار ڕۆحی من ئامـادە ببـوو، ڕووداو بەدوای ڕووداودا دەهات و منی بۆ بەرەو پێـشـتـر دەبرد، لەهەر کاتێکی تردا با، دەشیا تەنێ بەڕووداوی ڕووتم وەرگرتبان، بەڵام هەنووکە ببوونە گۆشتی جەستەم.

بەیانییـەکیـان، هێشـتـا هەڵنەسابووم، هاتوباتێکی کپم ژنەفت، لەدوورەوە دەنگی بۆڕەبۆڕم دەهاتە بەر گوێ، وەک بڵێی لە دوورەوە گایەلێک بەرەو قەسابخانە ببەن و سووسەی پەڕۆ سوورەکەی ملیان کردبێ و ئیدی لە حەژمەتا کەوتبنە بۆڕاندن.

ئەتیکا لە تەخـتـە نوێنەکـەی بازی دا، پاڵـتـۆ شـڕەکـەی پۆشی و بێ ئەوەی تەمـاشـام کـا بەپەلە بەپێپلیکانەکاندا چووە خوارەوە، وردە وردە دەنگی بۆڕە بۆڕەکە نێزیک دەبۆوە، بەرەو پەنجەرەکە ڕام کرد و کـردمـەوە، کلوکلو بەفـرێکی تەنک دەباری. چیـا و زەریاکـان لەگـریکسـتـان لەڕووناکی بەرەبەیاندا دەدرەوشانەوە، بەڵام ڕووناکی لێرە، کە لەسەر ئەسفالتە بەبەفر پۆشراوەکە دەخلیسکا، زامدار و قوڕاوی دەبوو.

نەئینسانێک و نەسەگێک. شەقام تەواوێک چۆڵ، بەڵام لە دوورەوە، لە هەموو شوێنێکی فەزاوە، تەنها ئەم دەنگی بۆڕەبۆڕە بوو کە نێزیک و نێزیکتر دەبۆوە. چاوەڕێم کرد، وردەوردە جاددە رووناک بۆوە، دوو قژقڕە هاتن و بێ هاتوبات لەسەر درەختێکی بەبەفر پۆشراو نیشتنەوە. ئەوانیش هەر چاوەڕێ بوون.

لەناکاوێکڕا ژنێکی باڵابەرز و لاوازم بینی بەقژی ئاڵۆزکاوەوە بەرەو ئەوسەری شەقامەکە رای کرد. نەدەڕۆیشت، بەڵکو بازی دەدا، وەک بڵێی سەما بکات، ئاڵایەکی رەش بەژوور سەرییەوە دەشەکایەوە، رێک لەدوایەوە سوپایەک پیاو و ژن و منداڵ وەدیارکەوتن و لە ریزێکی درێژدا بەناو بەفرەکەدا هاتنە پێش. رووناکی، تەپوتۆزاوی بەسەریاندا هەڵات. جگە لە روخسارگەلی سپی و تووڕە، بەکونی رەشەوە لەجێی چاو، چ شتێکی ترت نەدەبینی. دەتگوت سوپایەک کەللەسەری کوێر و کرمخواردوون و هەر ئەلعان لە گۆڕ هاتوونەتە دەرێ.

هەنووکە رۆشنایی تۆزێک زیاتر خۆی پەخش کرد، دەمتوانی ئاشکراتر دەرەوە ببینم. چەند دووکاندارێک لە دەرهێنانی کلیلەکانیاندا بوون تا دووکانەکاییان بکەنەوە، کە چاویان بەو سوپا دڕندەیە کەوت، دووبارە کلیلەکانیان نایەوە گیرفانیان و خۆیان لەپاڵ دیوارەکاندا پەنادا. ژنەکە ئەو دووکاندارانەی بینی، چووە سەر شۆستەکە و ئاڵا رەشەکەی بەژوور سەریانەوە شەکاندەوە. دەنگێکی زیقن هەوای شەق کرد: "برسیمانە!"

رێک هەر عەینەن لەو کاتەدا سەری هەڵبڕی و منی لەبەر پەنجەرەکەدا بینی و دەمی داپچڕی. مەزەندەی ئەوەم کرد گەرەکییەتی چ بڵێ و زەندەقم چوو. بێ ئەوەی خۆیشم بەتەواوی بزانم دەڵێم چی، هاوارم کرد: "بێدەنگ! بێدەنگ!"

پەنجەرەکەم داخست و لەپاڵ دیوارەکەدا خۆم حەشاردا، منیش رێک وەک دووکاندارەکان بووم، تەواوێک پەشۆکابووم. بەچرپە گوتم: "ئەوانە برسین، ئەوانە برسین، ئەوانە سوپای برسێتین!"

بەدرێژایی ئەو رۆژە نەمتوانی- نەموێرا - بچمە دەرێ. دەترسام نەبا ژنەی ئاڵا بەدەست لە رێگە ببینێ، ئاخر ئیدی ئەمجارە بواری نەدەدام و وشەگەلە فیغاناوی و گورچکبڕەکانی بەسەردا دەباراندم. دەمزانی ئەو وشانە چین، هەر لەبەر ئەمە هەستم بەترس و شەرم دەکرد.

ئەتیکا لای نیوەڕۆ، رەنگ پەڕیو و شەکەت گەڕایەوە، پاڵتۆ شڕەکەی لەسەر ئەرزەکە فڕێدا و بەناو ژوورە تەنگ و ترووسکەکەدا کەوتە پیاسە. من لەقوژبنێکدا چیچکەم کردبوو، چاوەڕێ بووم، هەناسە قووڵەکانیم دەژنەفت، کوتوپڕ ئاوڕی دایەوە و ئاماژەی بۆ کردم و قیژاندی: "تۆ دەبێ سەرزەنشت بکرێی، تۆ و هەموو ئەو کەسانەی وەک تۆ کە لە یەک قوماشن، تۆ و هەموو ئەو کەسانەی بێ وەی و خۆش خۆراک و بێ باکن. تۆ دەبوو لە مانای سەرما و برسێتی گەیشتبایت، منداڵگەلێکت هەبان برسی و سەرمایان با، بتویستبا کار بکەیت و کاریان پێ نەدابایت، من چاوەڕێی ئەمە بووم لەتۆ، نەک ئەم شار و ئەو شارکردن و دەم داپچڕین بەدیار مۆزەخانە و کڵێسای کۆنەوە، نەک نووکە نووککردن بەدیار تەماشاکردنی ئەستێرانەوە، گوایە لەبەرئەوەی ئەستێرەکان زۆر جوان و ترسناکن. فەقیر، روانینت داگرە و لەو منداڵانەی بەرپێت بنۆڕە کە وا گیان دەدەن!"



بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، پاشان گوتی: "تۆ شیعر دەڵێیت، لەبارەی هەژاری و زوڵم و زۆر و ناپاکییەوە دەدوێی- واتە ئازایەتی قسەکردنت هەیە - بەگۆڕینی ئازاری ئێمە بۆ جوانی، خۆت لەشەڕی ئەو ئازارە رزگار دەکەیت. نەفرەت لە جوانی کاتێک وا لەئینسانێک دەکا ئازاری ئینسانی بیر بچێتەوە!"

دوو دڵۆپە فرمێسک لەچاوانییەوە چۆڕانە خوار، لێی نزیک بوومەوە، دەمویست دەست بەسەریدا بهێنم و ئارامی کەمەوە، بەڵام روخساری گرژکردبوو، پاڵێکی پێوەنام و هاواری کرد: "دەستت لابە!" سەیرکردنێک سەیری کردم، نەک هەر پڕبوو لە بێزاری و سەرزەنشت، بەڵکو شەڵاڵیش بوو لە رق.

خوێن وروژمی بۆ سەرم هێنا و بەتووڕەیی هاوارم کرد: "ئەرێ دەتەوێ چ بکەم؟ من دەتوانم چ بکەم؟ وازم لێ بێنە!"

– "نا، وازت لێ ناهێنم ! تۆ گەرەکتە وازت لێ بێنم، حەز دەکەیت راکەیت. بەڵام من وا ناکەم. ناتوانیت رقت تێدا بورووژێ؟ ها.. باشە من فێرت دەکەم. ناتوانیت بجەنگیت؟ من فێرت دەکەم!"

پێکەنینێک روخساری پۆشی، پێکەنین نەبوو، بەڵکو گرژیی روخساری بوو، هەنگاوێک نێزیکتر بۆوە.

– "ئەو پەندە خۆرهەڵاتییەت بیستووە کە دەڵێ: ئەوەی سواری پڵنگ بێ، ئیدی ناتوانێ لێی دابەزێ؟ دەی تۆ سواری پڵنگ – من – بوویت و ئیدی قەت ناهێڵم دابەزیت!"

دۆلابە بەتاڵەکەی کردەوە، تۆزێک نان و کەرە و چەند سێوێکی دەرهێنا، تەپاخە نەوتییەکەی داگیرساند و چای دەم کرد. بێ ئەوەی قسان بکەین کەوتینە خواردن. لە برۆکانیم دەنۆڕی کە دەلەرزین، کوپی چاکەی بەرزکردەوە بەڵام بیری چوو بیخواتەوە، ئیدی دەستی لە هەوادا مایەوە، خەیاڵی لە جێگەیەکی تر بوو، ئەندێشەیەک ئازاری دەدا، منیش بەسەرشۆڕی و شەرمەزاری نانەکەم دەخوارد، چونکە هەستم دەکرد ئەم ژنە لە من بەهێزترە.

نانەکەمان خوارد، سەری هەڵبڕی و تەماشای کردم، هەنووکە چاوانی پرشنگیان دەدا و لێوی سوور هەڵگەڕابوو.

– "ببوورە کە ئەوها ناشیرین لەگەڵتدا دوام، بەڵام هەر ئەلعان لە سوپای برسێتی گەڕابوومەوە!"

هەستا، چوو بەرەو لای پەنجەرەکەو پەردە دڕاوەکەی دادایەوە، رووناکییەکی ئارام و میهرەبان رژایە ژوورەکەوە. تا تۆزێک بوار بکاتەوە، مێزە چکۆڵەکەی بردە ئەولاوە. پاشان چوو بۆ لای تەختە نوێنەکەوە و چەرچەفەکەی لابرد، بەتیلەی چاو سەیری کردم، قۆپچەی کراسەکەی ترازاند، ئاوڕی دایەوە و سەرنجێکی لێ دام.

بەپێکەنینەوە پرسیم: "خەوت دێ؟"

وەڵامی دایەوە: "نا!" ئەوسا بەدەنگێکی کپ گوتی: "وەرە!"

رۆژی دواتر، بەرەبەیان هەستا و بەپەلە جانتا چکۆڵەکەی کردەوە، بەرەو لای تەختەنوێنەکە هات و خەبەری کردمەوە.

گوتی: "دەڕۆم!"

لەرز دایگرتم و پرسیم: "بۆ کوێ؟"

– "بۆ جێگەیەکی زۆر دوور. مەپرسە ئەو جێگەیە کوێیە. تا دیدارێکی تر ماڵئاوا!"

– "دیداری تر؟ کەنگێ؟"

شانی هەڵتەکاند، شاڵەکەی توند بەسەرییەوە بەست، دانەوێوە و جانتاکەی هەڵگرت. پاشان تەماشای کردم، چاوە شینەکانی بێ پرشنگ و تووڕە، لێوە گۆشتنەکەی تژی لە زەردەخەنە. گوتی: "سوپاس بۆ هەموو ئەو شەوانەی پێکەوە بووین، ئەرکی خۆمان بەتەواوەتی بەرامبەر جەستە بەجێ هێنا، فاتیحەی بوزا خوێنرا، وەدەرمان نا... بۆچ ئاوها سەیرم دەکەیت؟ ژێوانیت؟"

هیچم نەگوت، شەهدێکی تاڵ وەکی ژەک رۆنیشتبووە هەناومەوە، تێکڕای ئەو شەو و رۆژانە تێکەڵاوی ناخم ببوون و پڕیان کردبووم لەعەزاب و لەزەت.

هەمدیس پرسی: "ژێوانیت؟"

گەیشتبووە لای دەرگاکە و خەریکی کردنەوەی بوو.

بەتووڕەیی وەڵامیم دایەوە: "بەڵێ ژێوانم، ئاخر تۆ قەڵای بوزات لەدڵمدا وێران کرد، ئیدی دڵم چۆڵ و هۆڵە!"

بەگاڵتەجاڕییەوە پێکەنیی: "بەڵێ، کەواتە تۆ پێویستت بەسەروەرێک هەیە... وایە؟"

– "بەڵێ پێویستمە. سەروەر باشترە لە فەوزا، بوزا ریتمێکی بۆ ژیانم دانابوو، ئامانجێکی بۆ دەسنیشان کردبووم، شەیتانەکانی لەناوەوەمڕا جڵەو کردبوو. بەڵام هەنووکە..."

برۆی گرژ کرد، ئیدی پێنەدەکەنی.

گوتی: "هاوڕێ – یەکەمین جار بوو بەهاوڕێ بانگم کا – دڵت بەتاڵ بۆوە و پاکژیش بۆوە. هەنووکە ئامادەیە. من ئەمەم دەویست، من بڕوام پێتە، گوێ مەدەرە ئەو قسانەی لە ساتەوەختی تووڕەییدا گوتوومن. تۆ پیاوێکی شەریف و مرۆیەکی هاسان نیت. من متمانەم پێتە!"

تۆزێک لە فیکرەوە چوو. پاشان گوتی: "نا، باوەڕم بەتۆ نییە، بەڵکو باوەڕم بەهاواری ئەم سەدەیەمان هەیە. بێدەنگ بە، ئەو هاوارە دەبیسیەیت. ماڵئاوا!"

دەرگاکەی کردەوە و گوێم لەدەنگی هەنگاوەکانی بوو کە بەپێپلیکانەکاندا دەچووە خوار.

***

"بێدەنگ بە! ئەو هاوارە دەبیسیەیت!" شەوان و رۆژانێکی زۆر ئەم وشانەی ئەتیکام لەگەڵدابوون. بێدەنگ دەبووم و بەوردی گوێم رادەدێرا و هەوڵم دەدا ئەو هاوارە ببیسیەم، لەو کۆڕانەدا ئامادە دەبووم کە لایەنگرانی رووس سازیان دەدا، کتێب و بڵاوکراوەکانیانم دەخوێندەوە، شەوانە درەنگانێک بەگەڕەکە هەژارنشینەکانی بەرلیندا پیاسەم دەکرد، هەژاری و رووت و ڕەجاڵیم دەبینی، وتوویژ و دەنگوباسی شوومم دەژنەفت، هەوایەکی تژی بەتووڕەییم هەڵدەمژت. یەکەم جار دڵتەنگی و هاوسۆزی و پاشان تووڕەیی باڵیان بەسەرداکێشام و ئیدی دواجار یەقینە تاڵەکە یەخەگیرم بوو، یەقینی ئەوەی کە من خۆم



بەرپرسیارم. ئەو کیژە یەهودییە ئاگرینە راستی دەکرد. خەتای من بوو، بۆچی؟ چونکە رانەدەپەڕیم هاوارکەم، چونکە دەمبینی و بەزەییم دەورووژا و پاشان دەمودەست بیرم دەچۆوە، چونکە شەوانە رادەکشام و لەنوێنی گەرمدا دەنوستم بێ ئەوەی بیر لەو کەسانە بکەمەوە کە ساپیتەیەکیان بەژوور سەرەوە نییە.

یەکێک لە قوتابییەکانی فرانسیسکۆسی ئاسیزیایی، لە شەوێکی چلەی زستاندا مامۆستاکەی بینی رووتوقووت بەرێگەدا دەڕوا و لەسەرمادا هەڵدەلەرزێ. بەسەرسوڕمانەوە گوتی: "باوکە فرانسیسکۆس، بۆچی بەم سارد و سەرمایە رووتوقووت بەرێگەدا دەڕۆیت؟" ئەویش وەڵامی دایەوە: "براکەم، لەبەرئەوەی لەم ساتەوەختەدا، هەزاران هەزار خوشک و برا سەرمایانە، ئاخر بەتانییەک شک نابەم بیاندەمێ تا گەرمیان بێتەوە، بۆیە ئاوهایی دەمە شەریکە سەرمایان!"

گوتەکانی گەدای خواوەندم بیرهاتەوە. بەڵام هەنووکە تێدەگەم کە تەنێ شەریکبوون لە سەرمای خەڵکانی تردا بەس نییە، بەڵکو بونیادەم دەبێ هاوارکا: "ئەی هەموو ئەو کەسانەی برسی و سەرماتانە، بۆ پێشەوە، بەتانیی زیادە زۆرە، بڕۆن بیهێنن و رووتوقوتیی خۆتانی پێ داپۆشن!"

وردە وردە کەوتمە مەزەندەکردنی گرنگیی سەراپاگیر و ئینسانییانەی ئەو ئەزموونە خوێناوییەی لەسەر زەمینی بەرفەراوان و رۆحی بەرفەراوانی روسیادا رووی دا، زەینم بەلێبوردنەوە ئەو دروشمە شۆرشگێڕانانەی قەبووڵ دەکرد کە پێشتر بەلامەوە لەوپەڕی سافیلکەیی و خەیاڵپڵاویدا بوون. لەسیمای برسی و گۆنای قوپاو و مشتگەلی وێک هاتووم دەنۆڕی، پەیم بەتایبەتمەندیی مەلەکوتیی ئینسان برد، پەیم برد بەباوەڕهێنانی وی بەئەفسانە و بەئارەزوو لێکردنی و بەئامێتەکردنی بەخوێن و ئارەقە و فرمێسکی خۆی– ئاخر بەتەنێ فرمێسک بەس نییە، بەڵکو خوێن و ئارەقەش پێویستن– دواجار ئەوە ئینسانە کە ئەو ئەفسانەیە دەکاتە واقیع.

ترسام، بۆ یەکەمین جار تێگەیشتم دەستێوەردانی ئینسان چەند خوڵقێنەر و بەرپرسیارییەکی تا چ ئەندازەیەک مەزنە. گەر واقیعییەت ئەو فۆرمە بەخۆوە نەگرێ کە ئێمە ئارەزووی دەکەین، ئەوا ئەوە ئێمە دەبین کە شایستەی سەرزەنشت دەبین. هەر شتێک بەقودرەتی تەواو ئارەزوومان نەکردبێ، ناومان ناوە عەدەم. ئارەزووێکە، ئامێتەیکە بەخوێن و ئارەقە و فرمێسک، پاشان فۆرمی خۆی وەردەگرێ. ئاخر واقیعییەت چ نییە جگە لە وەهمێک کە لەژێر رکێفی خواست و ئازارماندایە.

دڵم بۆ برسی و ستەملێکراوان کەوتبووە لێدان. ئیدی جامی ئارامییان لێی دەڕژا و هێرشەکەیان دەس پێ کردبوو. پێدەچوو خوێنی کریتییانەم بۆنی شۆڕشی کردبێ، بۆیە ئاوها کەوتبووە قوڵپدان. هەمدیس ئازایەتی و کۆیلایەتیم – ئەم دوو دوژمنە ئەزەلییە– لەبەردەمدا دەبینی و کریت لەناخمدا هەستابووە سەرپێ و هاواری خۆی دەکرد.

ناشێ ئەم هاوارە ئەوەبووبێ کە چاوەڕێی ژنەفتنی بووم؟ دەشێ. ئاخر لەساتەوەختە چارەنووسسازەکانی ژیانمدا، کریت هەمیشە لەناخمدا هەستاوەتە سەرپێ و هاواری کردووە.

ئێوارەیەکیان، شەکەت لەبینینی دیمەنە ترسناکەکانی رۆژ، بەسەرمێزەکەمدا داهاتمەوە و کتێبێکم بینی

لەبارەی هونەری ڕێنیسانسەوە. هەوڵم دا بەخوێندنەوەی ئەو کتێبە هەموو ئەو شتانە بیر خۆم بەرمەوە کە بەدرێژایی ڕۆژ بینیبووم و ئازاریان دابووم.

هونەر لە شەراب و ئەڤین و فیکر زیاتر توانای ڕاکێشانی ئینسان و ئامادەکردنی وی بۆ بیرچوونەوە هەیە. هونەر جێگەی ئەرک دەگرێتەوە، دەجەنگێ تا تێپەڕ بکاتە نەمر و ئینسانیش بکاتە جوانی. چ خەم گەر (تەروا) ببوایەتە خۆڵەمێش و (پریام) و کوڕەکانی کوژرابان؟ گەر تەروا لە ژیانی بەختەوەریی بەردەوام با و هۆمەر نەهاتبا کوشتار بکاتە شیعری جوان، ئەوا دونیا کام ڕێگەی دەگرتەبەر و ڕۆحی ئینسان چ بێ چارەتر دەبوو؟ پەیکەر، شیعر، تراژیدیا، شێوەکاری... ئەمانە یادەوەریی باڵان کە ئینسان لەسەر ئەرز خولقاندوونی.

باڵاو لەهەمان کاتیشدا خەتەرناک بۆ عەزابی ڕۆژانەی ئینسان. هونەر وامان لێ دەکا قێزمان لە شتی ڕۆژانەی وەک خواردن و تەنانەت دادوەریش بێتەوە. ئاخر ئێمە لەیادمان دەچێتەوە ئەمەیە ئەو ریشەیەی گوڵی نەمریی خۆراک دەدا.

مەسیحییەکانی پێشوو لەسەر حەق بوون کە نەیاندەویست هونەرمەندەکانیان وێنەی مەریەمی پاکیژە جوان لە تابلۆکانیاندا بنەخشێنن. چونکە جوانیی وی فریومان دەدا و بیرمان دەباتەوە کە ئەو دایکی مەسیحە.

لە ناکاوێکڕا لە دەرگا درا، کردمەوە. برووسکەیەک لە مۆسکۆوە! لەسەرسوڕماندا چاوانم هەڵگلۆفت و دووبارە و دووبارە خوێندمەوە. برووسکەکەم لەبەر ڕووناکی گڵۆپەکەدا ڕاگرت، هەڵگێڕو داگێڕم کرد، وەک بڵێی نهێنییەکی خەتەری تێدابێ و بەرلەوەی چ بڕیارێک بدەم بمەوێ ئەو نهێنییە لەبەر ڕووناکیدا ئاشکراکەم. بەخۆم گوت: "دەشێ ئەم پارچە قاقزە، نامەیەک بێ لە قەدەرەوە تا ژیانم بگۆڕێ. چما لە بەرژەوەندیمە یاخود لە دژم؟ کێ دەتوانێ متمانە بەقەدەر بکا؟ کوێر نییە، بەڵام کوێر دەکات!"

بڕۆم یان نەڕۆم؟ برووسکەکە بانگهێشتێک بوو بۆ من تا سەفەر بۆ مۆسکۆ بکەم و وەک نوێنەری ڕۆشنبیرانی گریکستان لە دەیەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشی گەورەدا ئامادەبم. لە سەرانسەری دونیاوە، حاجییەکان هوروژمیان بۆ مەککەی سوور دەبرد. دەبێ کێ ناوی منی دابێ و ئەم داوەتنامەیەی بۆ ڕێکخستبم؟ ئەدی بۆچی من هەڵبژێردراوم؟ سێ ڕۆژ دواتر حاڵی بووم. نامەیەکی کورتم لەمۆسکۆوە بەدەست گەیشت، داوەتنامەیەکی گاڵتەئامێز بوو لەئەتیکاوە: "سڵاوت لێ بێ ئەی بوزایی دڕۆزنی تێر، ئەی ئۆرستۆکراتی، ئەی ئازارچەشتووی کەیفساز، تا ئەلعان بەدوای ڕوخساری خواوەندا گەڕاویت و لەخواوەندەکی دڕۆزنەوە بۆ خواوەندیەکی دڕۆزنی تر چوویت، هاوڕێی داماو، وەرە بۆ ئێرە، تا ڕوخساری ڕاستەقینەی خواوەند، تا ڕوخساری ئینسان بدۆزیتەوە. گەر گەرەکتە ڕزگاربیت، ئەوا وەرە. دونیایەک کە دەخوازین ڕۆی نێین هێشتا لەئەووەڵەکەیدایەتی، تۆیش بەنۆرەی خۆت، دابێرەوە و بەردێک دانێ. بوزا باشە، هەر بەڕاست باشە، بەڵام بۆ ڕیش سپییان!"

***



هەنووکە شەو داهاتبوو، هەستام و پەنجەرەکەم کردەوە. لەدەرەوە هەموو شتێک لە ئارامیدا بوو. بەفر خۆشی کردبۆوە، لەو هەوا ساردەدا زرنگەی لەگوێدا شیرینی زەنگێک لەبورجی کڵێساکەوە دەگەییە گوێ. درەختەکان لە شەقامەکانی خوارێدا پرشنگیان دەدا و بەچلووره پۆشرابوون. هەروا کە سەرنجم لەتاریکایی شەودا بزر ببوو، کوتوپڕ ڕوسیا لەبەردەممدا ڕاخرا. بێ سنوور، کفنکراو بەسپی، بەماڵۆچکەی گەرم و ڕووناک و بەگالیسکەگەلییەوە کە لەسەر بەفر دەخلیسکان. هەڵم لە کەپووی ئەسپەکانەوە دەهاتە دەرێ و تەنانەت زرنگەی زەنگۆڵە چکۆڵەکانی ملیانم دەژنەفت. لەدووریشەوە، لە ڕۆخی بەفرەکەدا، گومەزە زێڕینەکان دەدرەوشانەوە، خاچیان پێوە نەبوو، بەڵکو ئاڵاگەلی سوور بوون و دەتگوت بڵێسەی ئاگرن. ڕاهیبە شێتۆکەکەی (ئەتۆنیت)م بیرکەوتەوە کە پێی گوتم: (لەسەر تەوقە سەری هەر ئینسان و هەر شتێک هێشوویەک بڵێسە هەیە، گەر ئەو بڵێسانە دامرکێنەوە، ئەوا ئینسان و شتەکەش نامێنن!) ڕاستی دەکرد، لەفیکرەوە چووم: (کەواتە لەسەر تەوقەسەری ڕوسیا هێشووگەلێک بڵێسە هەن، گەر ئەو بڵێسانە بکوژێنەوە، ئەوا ڕوسیاش نابووت دەبێ!)

پەلە پەل پەنجەرەکەم داخست. بڕیارم دا بەرەو مۆسکۆ بکەومە ڕێ.

## ڕوسیا

موجیزە قۆچ لە واقیع دەدا، درزێکی تێ دەکا و دێتە ژوورێ. کە وادەی هات، لینین خرتکەو پرتکەکانی پێچایەوە، دەسنووسەکانی کردە بەستەیەک، دارونەداری کردە کۆڵەپشتێکەوە و ماڵئاوایی لەو پینەچییە سویسرایییە کرد کە ژوورێکی لە خانووەکەی ویدا لەسویسرا بەکرێ گرتبوو.

خاوەن ماڵ هەروا کە دەستی لینین ی لەنێو دەستا و بەبەزەییەوە دیقەتی وی دەدا، گوتی: "فیلادیمێر ئیلیچ بۆ کوێ دەچیت؟ خۆ شێت نەبوویت وا دەگەڕێیتەوە ڕوسیا؟ ئەدی لەوێ چ دەکەیت؟ پێتوایە لەڕوسیا دەتوانیت ژوورێک بەکرێ بگریت یان کارێک بدۆزیتەوە؟ فلادیمێر ئیلیچ بەقسەم بکە و لێرە بۆ خۆت بەسڵامەتی بژی!"

لینین وەڵامی دایەوە: "دەبێ بڕۆم!"

– "دەبێ؟ بۆچی؟"

لینین هەمدیس بەئارامیی گوتی: "دەبێ بڕۆم!"

– "بەڵام ئاخر تۆ هەموو کرێکەت داوە و هێشتا نەبۆتە سەری مانگیش. دەبێ بزانیت باقیی پارەکەت نادەمەوە!"

لینین وەڵامی دایەوە: "گرنگ نییە، باقییەکە بۆ خۆت. من دەبێ بڕۆم!"

وای گوت و ڕۆیشت. کڵاوێکی چکۆڵەی لەسەردا و کراسێکی کۆن و پاک و چاکەتێکی شڕی لەبەردا و پێی نایەوە خاکی ڕوسیا– سوپایەکی تاقە نەفەری– کورتەباڵا، ڕەنگ پەڕیوو بێ چەک. لەبەرەی دژیشدا، عەردی بەرفراوانی ڕوسیا، موژیکگەلی شەڕانگێز، ئۆریستۆکراتیگەلی بەعەیش و نۆش،

قەشەگەلی زاڵم، قەلا، کۆشک، زیندان، رازگە، یاسای کۆن، رەوشتی کۆن و قامچی. ئیمپراتۆریەتی تا بینەقاقا چەکدار. ئەمیش بەخۆی و کلێتە چکۆڵەکەی سەرییەوە لەوێدا راوەستا. چاوانی مەغۆلییانە و وردی بڕییە فەزا، بەڵام لەناوەوەیڕا ئەهریمەنێک کەوتبووە سەما و بەفیکەکێشان و ددان جیڕکردنەوە و دەیگوت: "فیلادیمێر ئیلیچ، ئەمە هەمووی بۆ تۆ، من بەخۆڕایی هەموویت دەدەمێ، تەنێ رستەیەک بڵێ، ئەو رستە ئەفسوناوییە بڵێ کە ساڵەهای ساڵە بەگوێتا دەیخوێنم. رستەی (ئەی کرێکارانی دونیا یەگکرن!) ئەو رستەیە بێژە و ئیدی هەرچی قەیسەر و هەرچی قەشەی ریش بزنی و پشتوێن ئاڵتوونی و هەرچی ورگ ئاوساو و جوانپۆش هەیە هەموویان بەپشتا دەکەون. فیلادیمێر ئیلیچ، ئەوسا بەسەر لاشەکانیانا بڕۆ، کوڕە بۆ پێشەوە، بەسەر لاشەکانیانا بڕۆ و سەرکەوە، ئاڵای سوور بەکریملیندا داکوتە، بەچەکوش کەللەسەریان تێکوپێک بشکێنە، بەداس گەروویان هەلاهەلاکە!"

لینین هەروا کە بەمشتی وێکهاتووەوە گوێی بۆ ئەهریمەنەکەی ناخی رادێرابوو، پەیتا پەیتا دەیپرسی: "ئەدی تۆ کێیت؟ ناوی خۆتم پێ بڵێ! دەمەوێ بزانم تۆ کێیت؟"

ئەهریمەن وەڵامی دایەوە: "من موجیزەم!" وای گوت و ئیدی روسیای بەر قۆچ دا.

تا هەنووکە، تەنها چەند کەسێک، کە بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێن توانیویانە بەچاوانێکی رووناک و بێ غەرەز لە روسیا بنۆڕن. تا هەنووکە خەڵکی نەیانتوانیوە لەڕوخساری چەند رەهەند و پڕ لەسێبەر و رووناکی روسیادا، لە تەرزی دونیایەکی یەکانگیردا بنۆڕن. ئاخر کەلێنێکی گەورە رۆحی سلاڤی لە رۆحی خۆرئاوایی جیادەکاتەوە. روسیایی لەتوانایدایە ئەو دژە ناوەکییانە هاوئاهەنگ کات کە لەچاوی ئەقڵگەرایییانەی ئەوروپاوە ناهاوگونجاوە. لای ئەوروپایی بەڵگەخوازیی لۆژیکی لەسەروو هەموو ئیعتیبارێکەوەیە. بەڵگەخوازیی لای ئەوان لەژێر دەسەڵاتی پێوانەی ئەقڵی بەهاکاندایە. بەڵام لای روسیایی رۆح لە سەروو هەموو شتێکەوەیە، واتە ئەو هێزە تاریک و دەوڵەمەند و هاودژ و ئاڵۆزەی کە ئینسان بەرەو دەرەوەی سنوورەکانی ئەقڵ، بەرەو سۆزی توندوتیژی و نامەسولانە دەبا، ئاخر هێشتا هێزی نابینا و ئەفرێنەر لەودا لەبەیەکداهاتنێکی ئەقڵییانەدا بەرجەستە نەبوون. روسیایی هێشتا توند بەئەرزەوە لکاوە، وی لێ ورێژە لە ئەرز و تاریکاییەک کە دونیایان لێوە لەدایک دەبێ.

لە روخساری لینین رامام، هەمان روخساری پڕ لە رووناکی و کلّپە. لەبەرامبەرمدا، هەوری تاریک – موژیک–م دەبینی کە ئەم زەینە سەرسەختە بەڵێنی دابوو حیسابی بۆ بکا. بەتوندی پەرۆش بووم ئەم دوو هاوڕێ و دوژمنە ئەزەلیی و قین لە دڵە – رۆح و ماددە – ببینم کە لەناو نەبەردگەی داخراوی کریملیندا کەوتبوونە گیانی یەکتر.

لێکدا لێکدا بەفر دەباری و سەراپای دەشتە کێلّراوەکانی دادەپۆشی، گەنم لەژێر بەفردا خۆراکی هەڵدەمژت. موژیکەکان – جوتیارانی روس– ئارام و بێ پەلە، وەک بڵێیی نەمر بن، دەهاتن و دەچوون. ناو بەناو قەلەڕەشێک هێور هێور لە شەققەی باڵی دەدا و بەرەو مەسکەنی ئینسان دەچوو تا شتێکی بۆ خواردن دەسکەوێ.

چەند سەعاتێک چاوەڕێی قیتار بووم. لە وێستگەکە دەورە درابووم بە: روخسارگەلی مەغۆلی، بەخاوەن چاوانی شۆڕ و ریشگەلی پڕ لە ناوکە کاڵەک، بەدوو ژنی فاڵگرەوە و جوتیارێکی ریش سپی کە چای دەکردە قاپێکەوە و بەلەزەتێکی ئاژەڵانەوە هەڵی دەقوڕاند. دەورەدرابووم بەدایک گەلی چینی کە بەتانیی پیسیان لەخۆوە پێچاو و منالەکانیان لە کۆڵی خۆ بەستبوو، یاخود وەکی کەنگەر بەگەردنیانا شۆڕیان کردبوونەوە. دەورەدرابووم بەئاپۆرەی خەڵکانێک کە ئارەقەیان کردبۆوە و بۆنیان لێ دەهات. لەهەموو جێگەیەک هەوا بۆنی تەویلەی لێ دەهات، هەڵبەت وەک تەویلەکەی بەیتلەحم.

رۆژ گەیییە نیوەی ئاسمان و عەسر داهات و ئێمەیش هەر چاوەڕێین. روخسارەکانی دەوروبەرم هێدی و ئارام بوون. چ کەسێک رای نەدەکردە دەرێ تا بزانێ قیتارەکە هاتووە یان نا! هەمووان چاوەڕێ بوون، دڵنیابوون کە ئەمڕۆ یان سبەی قیتارەکە هەر دێ، ئاخر ئەو خەڵکانە کاتیان بەکاتژمێرەکانی دەستیان نەدەژمارد، پێیان وابوو زەمەن مرۆیەکی خانەدانە، کۆنتێکی مەزنە، دەترسان بەربەرەکانێی بکەن.

دەمەو سپێدە، لەدوورەوە گوێمان لە تووتەی قیتارەکە بوو. خەڵکەکە هەمووی راستبوونەوە و هەمدیس ئارام و بەکاوەخۆ، کەوتنە کۆکردنەوەی پریاسکەکانیان. پیرەمێردێک کە لەپاڵ مندا راکشاو و بەدرێژایی شەو پرخەی دەهات، سەیرێکی کردم و بەهەستێکی سەرکەوتووانەوە چاوێکی داگرت. وەک ئەوەی بڵێ: "باشە ئەی پیرەمێردە چکۆڵەکەم، نەهاتنی قیتارەکە ئەو هەموو بۆڵە بۆڵەی نەدەهێنا، ئەوەی نەدەهێنا کە ئاوها هەڵچیت و بەدرێژایی شەو چاو لێک نەنێیی، دەی بنۆڕە ئەوا هات!"

هەمدیس بەفر، گوندەکان، کڵێساگەلی چکۆڵە بەگومەزی سەوز و نووکدارەوە، دووکەڵێکی بێ جووڵە بەژوور سەربانەکانەوە، قژقڕەی زیاتر، ئاسمان نزم دەبۆوە، بەفر، دەمنۆڕی و دەمنۆڕی، چاوانم وەک چاوی خەڵکانێک کە لەبیابانە بێ سنوورەکاندا دەژین، قووڵاییەکی دوور و شینی لەخۆگرتبوو. دەمنۆڕی و کوتوپڕ لەدوورەوە لە بەرامبەر ئاسمانی رەش و خۆڵەمێشیی رەنگدا، گومەز گەلی خڕ و ئاڵتونی وەدیارکەوتن.

دەمەو نیوەڕۆ، دواجار نێزیک کەوتینەوە و ئیدی دەگەیشتینە قودسی نوێی خواوەندی نوێ، دەگەیشتینە قودسی کرێکار، دەگەیشتینە مۆسکۆ، مۆسکۆی دڵی روسیا و دەشێ دڵی ئەمڕۆش!

ئەتیکا لە وێستگەی قیتار چاوەڕێم بوو، هەر کە بینیمی، پێکەنی و گوتی:" ئاخرییەکەی بەتەڵەکەوە بوویت، بەڵام مەترسە، تەڵەیەکی گەورەیە، چەندێک بەناویدا بڕۆیت رایەڵەکانیت بۆ نادۆزرێتەوە. هەر ئەمەیشە مانای ئازادی. خۆشهاتیت!"

***

لە سپێدەوە تا مەغریب دەگەڕێم و بەچاوانێکی تینووەوە لەمۆسکۆ، لەم هیۆلا هەمەڕەنگ و هەمەجۆرە دەنۆڕم. تەواوی خۆرهەڵات لەسەر بەفر هەڵڕژاوە: فرۆشیارە ئەنادۆڵییەکان بەمێزەری قورس بەسەر، چینییەکان بەگۆنای چرچ و مەیمون ئاسایانەوە، قایشی چەرم و بووکەشووشەی چکۆڵەی لە تەختە و قاقز دروستکراو دەفرۆشن، ژنان و پیاوانێک کە بەحیرس و پەرۆشییەوە میوە و ماسیی برژاو و مەمکەمژە و پەیکەری بچووک بچووکی لینین دەفرۆشن و شۆستەکانیان کردۆتە خۆڵە عەمەلە، کیژانی جحێڵی جگەرە

بەلێو ڕۆژنامە دەفرۆشن، ژنانی کرێکاری سەرپۆشی سوور بەسەر لە جاددەکە دەپەڕنەوە، ژنانی قەڵە و مۆن بەچاو و گۆنای مەغۆلییانەیانەوە، منالآنی نیوەڕووت، کلآوی فەرووی شێوە گومەزییان لەسەردا، ئیفلیجگەلێک کە لەسەر شۆستەکە بەگاگۆڵکێ دەڕۆن و دەست لەڕێبواران پان دەکەنەوە، جوتیاران بەریشی ئاڵۆزکاوەوە تێدەپەڕن و پێستەی ڕەنگ پرتەقاڵیی مانگایان بەدەستەوە، هەوای ئەو دەوروبەرە بۆنێکی وای لێ دێ کە پێدەچێ ڕەوێک لەوێوە تێپەڕیبێ.

کلێساکان بەگومبەزی سەوز و درەوشاوەوە، ئەو ئاپارتمانانەی بەرەو ئاسمان هەڵگژاون. ڕستەی ئەی کرێکارانی دونیا یەکگرن لەشەقام و کلێسا و پاسەکان نووسراوە. بەخەتێکی سوور لەکلێسایەکی گەورە نووسراوە: (ئایین ئەفیونی گەلانە.) دەمەو عەسر، لە سەروو ئەم هات و بات و ئاژاوەیەوە، لە ناکاوێکڕا زەنگی لە گوێدا خۆشیی ناقوسەکان ڕژانە گوێ کە تایبەت بەڕێوڕەسمی نوێژی ئێوارە بوو، ئاخر نوێژی ئێوارە هێشتا لەگیانی دڵ زیندووواندا هەر زیندووە. هەراوزەنا: ئەمە یەکەمین شتێکە سەرنجی بونیادەم لێرە لە مۆسکۆ بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ.

(ترس) دووەمین کاریگەرییە. لەهەر شارێکی تری دونیادا ناتوانیت ئەم ڕوخسارە گرژ و قۆچاخ و مۆنانە ببینیت. ناتوانیت ئەم چاوە ئاگرین و لێوە ترنجاو و چالاکییە بەتین و تاوانە ببینیت. وا هەست دەکەیت کەوتوویتەتە ناو شارێکی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، شارێکی پڕ لەبورج و گۆڕەپانی جەنگ کە ئەسپ سوارانی زرێپۆش لەودیو دەرگا بەسەنگەرکراوەکانەوە خۆیان ناوەتەوە و چاوەڕێی شاڵاوی دوژمنن کە خەریکە نێزیک دەبێتەوە. فەزا تژییە لەئامادەباشییەکی دڕندانە بۆ جەنگ. ترس و ئومێدێکی مەزن بەژوورسەری خەڵکییەوەیە، شتێک لە فەزادا پیاسە دەکا و ترس دەورووژێنێ. فریشتەیەکی ئاگرین وا لەنێو هەموو چاوەکاندا و شمشێرێک وەک (کەمیر)(*)ی سەدەکانی ناوەڕاست بەبورجەکانی کریملیندا کراوە و لەسەر بورجێکی گۆتییەوە بەهەزاران چاو و بەهەزاران شمشێرەوە پاسەوانی لە مۆسکۆ دەکەن.

کوتوپڕ لە گۆشەیەکەوە، گروپێک سەرباز بەڕوخساری تووڕە و ئەفسووناوییەوە ڕژانە شەقامەکان، لەرز شۆستەکەی داگرت، ڕێبواران پەلەپەل ڕێگەیان بۆ سەربازەکان کردەوە، ژنێکی قەڵەو و کورتەباڵا زەمبیلەیەک سێوی پێ بوو، لە ترسا زریکاندی و سێوە لاسوورەکانی بەناو بەفرەکەدا بڵاوبوونەوە. سەربازەکان بەهەنگاوی قورس دەڕۆیشتن، کلآوی نووکداری مەغۆلییان لە سەردا و پاڵتۆی درێژ و بۆریان لەبەردا. ئەفسەرێک لە پێشیانەوە دەڕۆیشت و یەکەمین کەسێک بوو کەوتە چڕینی سروود. خۆم بینیم کە بەبەردەممدا تێپەڕی، دەمی گرژ و دەمارەکانی هێند هەڵاوسابوون کە خەریک بوو دەترەکین، ئارەقە زەنگۆڵ زەنگۆڵ بەگۆنایدا دەڕژایە خوار. ماوەیەک بەتەنێ سروودی چڕی، پێدەچوو بەدەم ڕۆیشتنەوە سەمابکا، بەتەنێ سروودی دەچڕی و لەناکاوێکڕا سەربازەکانیش دەستیان پێ کرد و ئیدی شەقامی شەختەبەند بووە یەک پارچە بڵێسە و فەزا هەر وەکی گۆڕەپانی جەنگ تژیی بوو لەسەدا. سوکە موچوڕکەیەک بەبڕبڕەی پشتمدا ڕەت بوو، حەقیقەتی ئایندە- کێ چوزانێ؟ وەک پریشکی برووسکە جەستەمی بڕی، ڕوسەکان لە

(*) کەمیر: بوونەوەرێکی ئەفسانەییە.



شارانی گەورە، لەندەن یان پاریس پەیدادەبن و تالآنیی دەکەن، ئەرێ چنگ بەخوێنترین و گۆشتخۆرترین دڕندە کامەیە؟ ئیمانی نوێ. ئەی گیاخۆرترین دڕندە کامەیە؟ ئیمانێک کە کۆن بووە. ئاخر ئێمە ئیدی چووبووینە گەدەی ئیمانی نوێوە.

ئەو ئێوارەیە بەخزمەتی (نیکۆلێی کلیۆف)(*) عاریفترین شاعیرانی موژیک گەیشتم. هەڵبەت ئەو خۆی تەمەنی چل ساڵ بوو، بەڵام حەفتا ساڵە دیاربوو، دەنگی هێور و لێوڕێژ بوو لە میهرەبانی.

بەشانازییەکی شاراوەوە پێی گوتم: "من یەکێکم لەو ڕوسانەی خۆم بەسیاسەت و تۆپەوە خەریک نەکردووە، من بەشێکم لەو کانە ئاڵتوونەی پەیکەر و حەکایەتی پەرییان دەخوڵقێنێ. ئاخر ڕوسیای واقیعی بەبوونی ئێمەمانانەوە بەندە!"

لە قسەکردن وەستا، پێدەچوو لەو ڕاشکاوییەی ژێوان بێ، بەڵام شانازیی ناوەوەی بۆ دووری ڕفاندبوو. لەبەرئەوەی نەیدەتوانی ددان بەخۆیدا بگرێ، درێژەی بەقسەکانی دا: "گا و ورچ ناتوانن دەرگای چارەنووس بشکێنن، بەڵام دڵی کۆتر دەیشکێنێ!" ئەوسا پەرداخەکەی پڕکرد لە ڤۆدگا و قوم قوم کەوتە نۆشینی، لە لەزەتی مەیەکەدا بەزمان تەقەی لە زاری هەڵدەساند، هەەمدیس لە قسان ژێوان بۆوە، چاوەکانی تا نیوە لێکنا و تەماشایەکی کردم و گوتی: "گوێ لە قسەکانم مەگرە، نازانم چ دەڵێم. ئاخر من شاعیرم!"

***

شەوی ئەو ڕۆژە مەزنە، شۆڕشی ڕوسیا ئاهەنگی خوێنینی لەدایکبوونی خۆی گێڕا. زیارەتکارانی سپی و ڕەش و زەرد لەسەرانسەری دونیاوە هاتبوون. لە زەمانی کۆندا، گەلانی ڕەشی خۆرهەڵات بەهەمان شێوە دەڕژانە مەککەوە، نەژادی زەردیش بەهەمان شێوە، وەک پوورە هەنگ لە(بنارس) کۆدەبوونەوە، هەنووکە ئیدی ناوەندەکانی ئەرز گوێزرابوونەوە. ئەمڕۆ هەموو چاوەکان، چاوانی دۆست و دوژمن، بەخۆشی یان بەتاڵی، بەخۆشەویستی یان بەڕق، لە مۆسکۆیان دەنۆڕی.

لەنێو جەرگەی گۆڕەپانی سووردا، مەرقەدی پیرۆزی قودسی نوێ، مەندیلی بەفری نابووەسەر. هەزارەها زیارەتکار، لە گروپی بێ مەودای چوار کەسیدا، لە چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگایەکی چکۆڵەدا بوون. ژن و پیاو و منالّ لەدوورترین خاڵی دونیاوە هاتبوون تا قەیسەری سوور ببینن کە بەزیندوویی لەژێر ئەرزدا ڕاکشابوو. چاوەڕێ بوون تا ببینن و ڕێوڕەسمی ڕێزلێنانی بۆ بەجێ بهێنن. منیش لەگەڵ ئەواندا هاتبووم، کەس سرتەی لێوە نەدەهات، چەند سەعاتێک لەو بەفر و سەرمایەدا چاوەڕێمان کرد، چاوانمان بڕیبووە مەرقەدی پیرۆز، کوتوپڕ پیاوێکی کەتە لەبەر دەرگا چکۆڵەکەدا کەوتە جووڵە، ئیدی پاسەوانی سوور دەرکی مەزارەکەی کردەوە.

خەڵکەکە چوار چوار، بێ سرتە خۆیان کرد بەدەرگا ڕەشەکەدا و دیارنەدەمان، منیش لەگەڵیاندا

Nikolai Kliuer (*)

دیارنەمام، هێورهێور رۆدەچووینە ناخی ئەرزەوە، هەوا شەلاڵ بوو لەهەناسە و بۆنی خەڵک. کوتوپڕ روخساری ئەسمەر و سافیلکانەی دوو جوتیار کە لە پێشمەوە بوون، پرشنگی دا. وەک بڵێیی خۆرێکی پەنهانیان لێ هەڵاتبێ. ملم درێژ کرد، لەو دوورەوە، لەخوارەوە، دەتوانرا شووشەیەکی گەورە ببینرێ کە لاشە پیرۆزەکەی داپۆشیبوو، لەژێریدا سەرە ئەسلەع و رەنگپەڕیوەکەی لینین دەدرەوشایەوە. زرپ و زیندوو، بەبەدلە رەساسییە کرێکارییەکەیەوە راکشابوو، ئاڵای سوور لەناوقەد بەرەو خواری داپۆشیبوو، دەستی راستی نوقاو و دەستی چەپیشی لەسەر دڵی. روخساری بەڕەنگی گوڵ و دەم بەپێکەنین، ریشە کورتەکەی زەرد، ناو قەفەسە شووشەیییەکە شەلاڵ بوو لە ئارامی. جەماوەری روس بەنەشوەوە لێی خورد دەبوونەوە، چەند ساڵیش لەوەوبەر هەمان روانینیان هەبوو کاتێ روخساری زەرد و گوڵڕەنگی عیسایان لەتابلۆ ئاڵتوونی و خاچئاساکاندا تەماشادەکرد. ئاخر ئەم پیاوەیش عیسایەک بوو بۆ خۆی، بەڵام عیسایەکی سوور. جەوهەریان یەکێک بوو: جەوهەری جاویدانەیی ئینسان، خولْقاو لەترس و ئومێد. جیاوازییەکە تەنها لە (ناو)دا بوو.

هاتمەدەرێ و نوقووم لە بیرکردنەوەدا بەرەو گۆڕەپانە بەبەفر پۆشراوەکە چووم. تژیی ببووم لە سەرسامی و بەخۆم گوت: "ئەم پیاوە دوای ئەو هەموو بەرخۆدانەی شایانی ئافەرینە، وەی چەند تێکۆشا و لە مەنفادا چەند بەرگەی هەژاری و خیانەت و بوختانی گرت، تەنانەت ئازیزترین هاوڕێکانی، لە باوەڕ و سەرسەختییەکەی ترسان و دەسبەرداری بوون." لەنێو ئەو کەللەسەرە ئەسلەعەی کە لەژێر شووشەکەدا دەیبینم، لەودیو ئەو چاوە چکۆلانانەی کە هەنووکە کوژاونەتەوە، روسیا بەگوند و شار و دەشتی بێشومار و بەرووباری بێ پایان و خاو و خلیچک و جاڕ و عەردی قاقڕییەوە کەوتبوونە هاوار و داوای ئازادییان دەکرد.

لەوێوە کە وی بەهێزترین و وەکیتریش بەرپرسیارترین ئینسانی روسیا بوو، گوێی لێ ببوو روسیا بانگی دەکا و ئەرکی رزگاربوونی خستۆتە ئەستۆی، گەر نەیویستبا ئەم ئەرکە ترسناک و چارەنووسسازە بنێتە سەر شانی ئەم بەهێزترین رۆحە، ئیدی چ پاساوێک نەبوو بۆ ئەوەی لە بەرخۆدان و خوێن و فرمێسکی خۆی بیخولْقێنێ!

هەروا کە بەگۆڕەپانی سووردا دەهاتم و دەچووم و لە فیکرەوە چووبووم، ئەتیکا کە وەک رانمونی من دەسنیشان کرابوو، لێکدا لێکدا قسەی لەگەڵ دەکردم و بەجحێڵی و ئیمانی سەرسام ببووم، ئاخر کە دەدوا تەواوی جەستەی دەبووە بڵێسە.

بەناڕەزاییەوە گوتی: "هیچم لەبارەی لینینەوە لێ مەپرسە، دەتوانم لەو بارەیەوە چ بڵێم؟ دەتوانم لەکوێوە دەس پێ بکەم؟ ئاخر ئەو ئیدی لە ئینسان تێپەڕیوە، بۆتە دروشم، تایبەتمەندێتیی ئینسانی لەدەس داوە و بۆتە ئەفسانە. ئەو زارۆکانەی کە لەساڵانی شۆڕشدا لەدایک بوون، بەمناڵەکانی لینین بانگ دەکرێن. ئەو پیرەمێردە سەیرەی سەری ساڵان دێ و دیاری بۆ مناڵان دەهێنێ، ئیدی نە قەدیس نیکۆلێسە و نە قەدیس بازیل، بەڵکو ئەو پیرەمێردە لینینە. تەواوی جوتیار و پیرێژنە چکۆلەکان گەرەکیان بەتەسەللادەرەوە و پارێزەر و هێزێکی سەروو ئینسانی هەیە. ژنان پەیکەری پیرۆزی لینین



بەمیحرابی تازەی خۆیاندا دەکەن و مۆمی بۆ دادەگیرسێنن. لە دوورترین گوندی روسیادا، لە هەموو جێگەیەک، هەر لەئۆقیانووسی بەستەڵەکی باکوورەوە تا ناوچە مەدارییەکانی ئاسیای ناوەڕاست، خەڵکی عەووام- ماسیگران، جوتیاران، شوانان - شەوانە بەدەم قسە و پێکەنین و ئاه هەڵکێشانەوە وێنەی لینین هەڵدەکۆڵن. ژنان لەسەر جۆرەها قوماشی ئاوریشم دەیچنن و پیاوان لەسەر تەختە و مناڵانیش بەخەڵووز وێنەکەی لەسەر دیوار دەکێشن. جارێکیان وێنەیەکی خۆی لەگوندێکی چکۆلەی ئۆکرانیاوە بۆ هات. وێنەکە مۆزایکێک بوو کە لە دەنکە گەنم دروستکراو و لێویشی لە بیبەری سوور بۆ کرابوو.

لینین بۆ هەموو ئێمە، بەخوێندەوار و نەخوێندەوارەوە بۆتە دروشم، ئەم ئینسانە مەزنە بەزۆور ئەو جەماوەرەوە نییە کە وییان بەرهەم هێناوە، بەڵکو لەهەناوی ئەو خەڵکەوە هاتۆتەدەر، بەتاقە جیاوازییەک کە ئەوەی جەماوەر بەنائاشکرایی هوتافی بۆ دەکێشێ، ئەم لەشێوەی پەیامێکی هاوگونجاودا فۆرمۆڵەی کردووە. ئەو ساتەوەختەی ئەم پەیامەی تێدا فۆرمۆڵە دەکرێ، ئیدی ئەگەری بزربوون و لەبەین چوونی نییە، دەبێتە دروشم و دروشمیش واتە کار."

پرسیم: "ئەدی ستالین چۆن؟" پەرۆش بووم شتگەلێک لەبارەی ئەم پیاوەوە ببیەم، ئەم پیاوە دڕندە و سمێڵ زلە، بەچاوانی فێڵبازانە و هێڵە قۆچاخ و هاوسەنگەکانی روخسارییەوە. چما بڵێیی ستالین نەسەبی بچێتەوە سەر کامە هێۆلای پیرۆز.

ئەتیکا بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، پێدەچوو وشەکانی ریزبەند کا تا نەبا شتێکی زیادە بێژێ. هەستت دەکرد پێی ناوەتە ناوچەیەکی قەدەغەوە. دواجار وشە گونجاوەکانی دۆزییەوە و گوتی:" لینین رووناکییە، ترۆتسکی بڵێسەیە، بەڵام ستالین خاکە. خاکی قورسی روسیایە، ئەو چنگی بەتۆوەکە، بەدەنکە گەنمەکەدا کرد، هەنووکە هەرچیی رووبدا، چەند باران یان بەفر بباریێ یاخود نەبارێ، ئەو بەتۆوەکەوە چەسپاوە، بەری نادا تا دواجار دەیکاتە گوڵەگەنم، ئەم پیاوە بەحەوسەڵە و سەرسەخت و باوەڕبەخۆبووە، هێزێکی وای هەیە بۆ بەرگەگرتن کە ناچێتە ئەقڵەوە. رووداوێکت بۆ دەگێڕمەوە هی رۆژانی جحێڵییی، هی ئەو کاتەی لە تفلیس کرێکار دەبێ، لەم رووداوەوە تێدەگەیت مەبەستم لەم قسانەم چییە:

ئەو رۆژانە - ئەو رۆژانەی کە هەنووکە وەکی ئەفسانە دێنە پێش چاومان - کاتێ دۆقە زلەکان سەرخۆش دەبوون، جوتیارەکانیان لەکێڵگەکانیاندا ریزدەکرد و پەراوەی دەسڕاستییان لەسەر دەکردن، بەڵام کرێکاران ئیدی کەوتبوونە خۆڕێکخستن، پۆلیسی قەیسەریی هەڵی دەکوتایە سەر سەرانی چینی کرێکار و لە زیندانیان توند دەکردن، یان نەفی سیبریایان دەکردن، یاخود دەیانکوشتن. رۆژێکیان ئەو کرێکارانەی لە تفلیس باری واگۆنی قیتارەکانیان دادەگرت، مانیان گرت و گوتیان:(یان گوزەرانمان چاک کەن تا بتوانین وەک ئینسان بژین، یاخود دەست لەکار دەکێشینەوە!) ئیدی پۆلیسیان بەسەرا باری و نزیکەی پەنجا کەسێکیان لێ دەسگیرکردن و لە کێڵگەیەکی دەرەوەی تفلیسدا ریزیان کردن. سەربازانی قەیسەر راوەستان، هەریەکەشیان قامچییەکی بزماراوی پێبوو.

کرێکارەکان یەک لەدوای یەک پشتیان رووت دەکرد و بەبەردەم ریزی سەربازاندا دەڕۆیشتن، هەر

سەربازە بەهەموو هێزی خۆی قامچییەکەی دەوەشاند و خوێن فیچقەی دەکرد و ئیدی ئازار لەوەدانەبوو بەرگە بگیرێ. زوربەیان نەیانتوانی تا ئەوسەری ریزەکە بەرگە بگرن و بوورانەوە، هەندێکیشیان مردن.

نۆرەی رابەری کرێکاران هات. کراسەکەی داکەند و پشتی رووت کرد، بەڵام بۆ ئەوەی خۆی لەبەر ئەو ئەزموونە سەختەدا رابگرێ، دانەوێوەوە و لاسکە گیایەکی هەڵگرت و خستیە مابەینی ددانییەوە، پاشان هێور و لەخۆبایی بەرەو ریزی سەربازەکان بەرێ کەوت. قامچیی بێڕوحمانە بەسەر جەستەیدا دباری، خوێن وەک فووارە لەبرینەکانیەوە فیچقەی کرد، بەڵام لێوی هەڵنەهێنایەوە و هاوارێکی نەکرد. سەربازان تووڕە ببوون و سوور بوون لەسەر تەمبێکردنی. هەر یەکەیان دوو سێ جار قامچییەکەی بۆ داهێنابۆوە، بەڵام ئەم نووزەیەکی لێوە نەهاتبوو. بێ چەمینەوە و بێ ناڵەکردن تا ئەوسەری ریزەکە رۆیشت و کاتێ گەیشتە دوا سەرباز لاسکە گیاکەی لە دەمی دەرهێنا و بۆی راگرت و گوتی: با بۆ یادگاریی من ئەمەت پێبێ، بنۆڕە، تەنانەت ددانیشم پێدانەناوە، ئەز ناوم ستالینە!"

ئەتیکا سەیرێکی کردم و زەردەخەنەیەکی هاتێ: "هەنووکە ساڵانێکە هەر روسیاییەک ئەو لاسکە گیایەی لەمابەین ددانیدا هەڵگرتووە و هەوڵی داوە ددانی پێدا نەنێ. تێگەیشتیت؟"

بەهەڵلەرزینەوە وەڵامیم دایەوە: "بەڵێ ژیان توندوتیژە، بێ ئەندازە توندوتیژە!"

ئەتیکا گوتی: "لەگەڵ ئەمەشدا رۆحی ئینسان توندوتیژترە!" وای گوت و وەک بڵێی بیەوێ ئازایەتیم بداتە بەر، باسکی گوشیم.

کە گوێم بۆ قسەکانی ئەتیکا رادێرابوو، سەرمەهەڵبڕیی، هەستم دەکرد هەناسەی دەوروبەر و ئەرز و جارەکان بەسەرمدا هەڵدەکا. بایەکی خۆرهەڵاتییانەی لێوڕێژ لە وێرانی و ئەفراندن زەینمی خستۆتە باوەخولێ.

ئەوەی کە رۆژانە بێ ئەندازە رایدەچڵەکاندم ئەمە بوو: لە هەموو ژیانمدا پێشتر ئەوها نادیارم نەدیتبوو، وەک ئەوەی لێرە لەروسیای بەهاتوباتی دەشتە بەبەفر پۆشراوەکانیدا دەمبینی. مەبەستم لەنادیار، بەچەمکی مەزەبیی خود، یان هۆشیاریی میتافیزیکیی یاخود بوونی رەها و کامڵ نییە، بەڵکو مەبەستم لەو هێزە نهێنیی ئامێزەیە کە ئینسان وەک رێنوێن بەکار دەهێنێ- بەر لە ئێمە ئاژەڵ و رووەک و ماددەی کانزایی بەکارهێناوە- و دەچێتە پێش، وەک ئەوەی مەبەستێکی هەبێ و رێگەیەکی تایبەتی گرتبێتە بەر. لێرە هەست دەکەیت هێزگەلی کوێر، خوڵقێنەری بینین و رووناکی گەمارۆیان داویت.

لەودیو هەموو ئەرگیومێنتەکانەوە، لەودیو بێنەوبەردەی رۆشنفیکرانەوە، لەودیو خواستە ئابووری و بەرنامە سیاسییەکانەوە، لە سەروو سۆڤیتەکان و کۆمیسارییەکانیشەوە، ئەوە رۆحی زەمانی ئێمەیە کە لێرە ئیش دەکا و رێنوێنی دەکات. رۆحی خەفەتبار و مەست و بێ بەزەیی ئەم سەردەمەمان، هەمووان، هەر لەناچیزەترین مۆژیکەوە تا کەسێتیی پیرۆزی لینین، چ ئاگا و چ نائاگا هاوکاری دەکەن، ئەم رۆحە باڵاترە لەسەرکردە و باڵاترە لەروسیا، بەژوور سەریانەوە هەڵدەکا و لەدوای خۆیەوە جێیان دێڵێ و دونیا دەجووڵێنێ.

کاتێ بۆ ئەم تاقیگە ترسناکە هاتم، چەند پرسیارێکی فەلسەفیم لەو ئیماندارانە کرد کە روسیای نوێ



رۆدەنێن. ئاخر من هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی پەیوەندیی بێهوودانەی شارنشینیدا بووم کە تێر دەخۆیت و کاتت بۆ گفتوگۆ و گەمە هەیە. دونیای (دیار)م نەدەبینی، دەمویست دونیای نادیار ببینم، ئاخر من لە چەمەنزارە بەنێرگز پۆشراوەکەی بوزاوە هاتبووم.

دەگێڕنەوە بەیانییەکیان سۆکراتی پیر لە (ئەگور)(*) پیاسە دەکا و چاوەڕێی جحێڵێکە بێت و سەری قسەی لەگەڵدا دامەزرێنێ و رۆحی ببزوێنێ. بەڵام ئەو بەیانییە لەبری جحێڵێک، حەکیمێکی هیندوستانیی پیری بینی، ئەم پیرەمێردە ساڵانێک لەوەوبەر بەپێی پیادە کەوتبووە رێ تا سۆکرات بدۆزێتەوە. ئەو لەحزەیەی سۆکراتی بینی، خۆی فرێدایە بەرپێی و گوتی: (بوزا، ئەی حەکیمی نێردراو لە دونیاوە، ئەی داگیرکەری ژیان و خولیی کاملیی، ئەی پادشای خواوەندان، ئەی ئەو فیلە سپییەی کە هەنگاو هەڵدەهێنیت و پەردەی فریو و شانازیی هەلا هەلا دەکەیت، ئەی ئەو جەستەیەی لەودیو سنوورەکانی چاو و گوێوەیت، لەودیو بۆن و چەشتن و دەست لێوەدانەوەیت. دەی ئەو جامی سواڵەی کە بەدەستتەوەیە خوارکەوە و وەک قەترەیەک بمڕێژەوە ئۆقیانووسی عەدەمەوە. ئەی ئوستاد، دەست ڕایەڵ کە و رێی موسیبەتی نەمرانەم پیشان دە!)

سۆکرات بەئەدەبەوە ئەو زەردەخەنە گاڵتەجارییەی شاردەوە کە ئەو قسە هەمەجییانە تیایدا وروژاندبوویان. وەڵامی دایەوە: (ئەی پیاوی غەریب، گەر باش حاڵی بووبم، تۆ لەبارەی خواوەندیان و نەمرییەوە دەدوێیت، تۆ بۆ لای یەکێک لە هاوڕێکانم لە «ئیلۆسیس» دەبەم، وی پیاوێکی رۆحانییە و دەزانێ دونیا چۆن دروست بووە، دەزانێ ئێمە لەکوێوە دێین و بۆ کوێ دەڕۆین، وی دەزانێ ئەستێرەکان لە پلوپونز گەورەترن، جگە لەمانەش ئەو دەزانێ کە خواوەند هێلکەیەکە و لە ئیربوس دەدرەوشێتەوە، جادووی سەرووی سپیشت فێردەکا، بەڵام من بەداخەوەم چ وەڵامێکم بۆت نییە، بواری پەیوەندیی من تەنێ بەم دونیا و بەئینسانەوەیە!)

بەخۆم گوت: "گەر سبەینێ خۆم بکەم بەکرێملیندا و ئەم پرسیارانەی کابرای هیندوستانیی لە ستالین بکەم، دەبێ چەند پێبکەنێ!"

***

سپێدە، لەپەنجەرەکەوە بۆ دەرەوە دادێمەوە، ئەستێرەی سەیروسەمەرە- داس و چەکوش و ئەستێرەی سوور- لە تاریکایی سپێداندا وەک فسفۆڕ لەبلووری رووناکییە رەنگاورەنگەکانیاندا پرشنگ دەدەن. هەوڵ دەدەم پیتە بەسوور نووسراوەکانی جیاوەکەم، هێورهێور رووناکی زیاد دەبێ و دەخوێنمەوە: کرێکاران... حەوت سەعات... لینین... شۆڕشی جیهانی.

بەپەلە خۆم دەگۆڕم، لە راڕەوەکانی ئوتێلەکە و کە لە نهۆمێکەوە بۆ نهۆمێکی دی دادەبەزم، تەواوی گەلانی سەر ئەرز دەبینم. ئاپۆرەیەک لە کرێکارانی بانگێشتکراو، کرێکارانی بیر و کرێکارانی بازوو،

(*) گۆڕەپانی گشتی لەشارەکانی گریکستان.

بەنووسەرانی ژاپۆن ئاشنا دەبم و زوو زوو دادەنەومەوە و رۆژنامەوانانی ئێرانی و ئەفغانستانی، دوو حاجی لەعارەبستانەوە، سێ قوتابی جحێڵی هیندوستانی و دوو ژنی قەشەنگی هیندوستانی کە شاڵی پرتەقاڵی رەنگی کشمیرییان داوە بەشانیاندا، لەنهۆمی یەکەم چاکوچۆنی لەگەڵ دوو مەغۆلستانی و سێ ژەنەراڵی چکۆڵەی چینیدا دەکەم، لە روانین و لە قسەیاندا خرۆشانی خەتەرناک و بەکەفوکوڵی ئاسیایی هەست پێ دەکەم.

پێ هەڵدەگرین تا لەکاتی خۆیدا بگەینە مەراسیمەکە. کزەیەکی گەلێک سارد، ئاسمان رەساسی و هەڵم لەزار و کەپووەوە دێتە دەرێ، گۆڕەپانی سوور جمەی دێ، لێپرسراوانی حکومەت بەرێز لەژوور مەرقەدی پیرۆزی لینینەوە راوەستاون. لە بەرامبەریاندا، بانگێشتکراوان لە سەرانسەری دونیاوە، لەسەر کورسی بەشێوەی پلەپلەو یەک لەدوای یەک دانراو دانیشتوون. سەربازان بێ جووڵە لەڕیزی یەک وەستاون، جەماوەریش لەدوایانەوە. وەک بومەلەرزەیەکی دوور هاتوباتێکی چڕ و کپیان ناوەتەوە. ئەرز لەژێر پێماندا دەلەرزێ، کلێسای ئازیزی ئیڤانی ترسناک لەدواوە بەگومەزی جۆراوجۆر و رەنگاوڕەنگییەوە، دەڵێی تارماییەکە لەتەمتومانی بەرەبەیاندا.

ژەنراڵە چینییە چکۆڵەکان بەمێداڵەکانی سەر سینگیانەوە لەملاو لامەوە دانیشتوون. هەروا ژمارەیەک ژن و پیاوی هیندوستانی، رووناکبیرانی ژاپۆنی و رەش پێستێکی کەتەی گوارەی ئاڵتون لەگوێ، بەمیهرەبانییەوە لەیەکتر دەنۆڕین، زەردەخەنە دەمانگرێ و بەبێدەنگی گوزارشت لەخۆشەویستیمان بۆ یەکتر دەکەین. شاعیرێکی ژاپۆنی دەستی گوشیم، من تاقە وشەیەکی ژاپۆنی بەڵەدم، ئەویش وشەی (کۆکۆرۆ)یە و واتە دڵ، بۆیە دەستم دەنێمە سەر دڵم و بەگوێیدا دەچرپێنم: کۆکۆرۆ! ئەویش هاوارێکی شادومانانەی لێ هەڵدەسێ و باوەشم پێدا دەکا. لەناکاوڕا شەیپوری سەربازی، هەمووان هەڵدەسینە سەرپێ، روخسارەکان پرشنگ دەدەن، سوارەی چەرکسی و قەوقازی و مەغۆلستانی و کایموکەکان، بەجلکی خۆماڵییەوە و بەڕم و ئاڵای رەنگاوڕەنگەوە لەدوای سەرکردەکەیانەوە دەڕۆن کە شمشێرێکی رووتی بەدەستەوەیە و لەبەرامبەر مەزاری لینیندا سڵاوی سەربازی دەدەن و دیار نامێنن. هێزی پیادە، تۆپخانە، زەریاوانانی باڵتیک، زەریای رەش، هێزی ئاسمانی، گاردی مۆسکۆ، کرێکاران بەکراسی چەرم و تفەنگە کوڵەکانیانەوە، کرێکارانی ژن بەدەسەسرێ سوور و تفەنگەکانی شانیانەوە پۆل پۆل دێن. پاشان نۆرە دەگاتە سەر ئاپۆرەی سەرسوڕهێنی خەڵک، دەڵێی سێ رووباری سوورن و بەکاوەخۆ لەو سێ ئاراستەیەی گۆڕەپانی مەزنەوە هەڵدەقوڵێن. یەکەم جار قوتابیان و پاشان پێشەنگان، دوای ئەمان کۆمۆنیستانی جحێڵ، جوتیاران، ئاسیاییگەل بەسواری وشترەوە، چینییەکان بەسوار هەژدیهای قوماشەوە کە شەویلەکانیان دادەخەن و دەیکەنەوە، گۆیەکی گەورە بەسەر گالیسکەیەکەوە کە بەزنجیرێک بەستراوەتەوە و منالێک بەچەکوش بەزنجیرەکەدا دەکێشێ و دەیشکێنێ. پاشان چەند گالیسکەیەکی تر سەربازانی کەم ئەندامیان هەڵگرتووە کە خۆشحاڵن و گۆچانەکانیان لەهەوادا رادەوەشێنن، دایکان ساواکانیان بەباوەشەوە و تێدەپەڕن. چەند سەعاتێک تێدەپەڕێ و کوتوپڕ خۆر تەمومژ شەقار دەکا و روخسارە جۆراوجۆرەکان پرشنگ دەدەن و چاوەکان تژیی دەبن لەبلێسە. گۆڕەپانەکە بەهوتافکێشانی



شادی و بەهەنگاوی قورسی خەڵکەکە دەلەرزێ. ئەو هیندوستانییانەی لەبەردەم مندا راوەستاون، شاڵە پرتەقاڵییەکانیان لە شانیان دەکەنەوە و بەژوور سەریانەوە رایدەوەشێنن.

لەملاولام دەنۆڕم. هەمووان دەگرین. هەمدیس دەنۆڕم، بەڵام چ شتێک نابینم. وەک خەڵکەکە چاوانم پڕ لە فرمێسک بوون، خۆم بەسەر ژەنەراڵە چینییەکەی ئەملامدا دەخەم و لەباوەشی دەگرم و هەردووکمان دەدەینە هاڕەی گریان. رەش پێستی گوارە لەگوێ بەرەو پێشێ رادەکا و هەردووکمان لە ئامێز دەگرێ، ئەویش هەم دەگری و هەم پێدەکەنێ. ئەرێ چەند سەعات ئەم سەرمەستییە خواوەندانەیە درێژەی کێشا؟ چەند سەدەی خایاند؟ ئەمە دووەمین مەزنترین و باڵاترین رۆژی ژیانی من بوو. یەکەمینیان ئەو رۆژە بوو کە شازادە ژیۆرژی گریکستان پێی نایە خاکی کریتەوە. هەروا کە ژەنەراڵە چینییەکەم بەخۆمەوە دەگوشی و کابرای رەش پێستیش هەردووکمانی دەگوشی، هەستم کرد سنوورەکان دەڕمێن و ناو و وڵات و رەگەزەکان مەحف دەبن. ئاخر ئینسان بەگریان و پێکەنین و لەئامێزگرتن لەگەڵ ئەوی تردا یەکانگیردەبێ. پزیسکی برووسکەیەک زەینی رووناک کردبوونەوە و ئیدی بەچاوانی خۆیان بینیبوویان: هەموو ئینسانەکان برای یەکدین. منیش هەستم دەکرد دڵە چکۆڵەکەم وەک سەر زەمینی بەرفەراوانی روسیا هاوار دەکات. سوێندم خوارد کە ئیدی دەبێ دواجار ئامانجێکی سەراپاگیر بەژیانم ببەخشم، خۆم رزگارکەم لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی کۆیلایەتی و بەسەر ترس و درۆدا زاڵ بم و یارمەتیی خەڵکیش بدەم تا خۆیان لەترس و درۆ قوتارکەن.

ماوەیەکی زۆر زۆرە بەشەر خەریکی زوڵم و زۆرە. دەی من لەئێستا بەدواوە سازش لەگەڵ ئەو زوڵم و زۆرەدا ناکەم. پێویستە هەوای پاک و گەمە و فێربوون ببەخشینە منالانی سەر ڕووی ئەرز، ئازادی و ئەڤین ببەخشینە ژن، رێز و میهرەبانی بدەینە پیاوان و گەنمیش ببەخشینە دڵی ئینسان، بیبەخشینە ئەم ئەسپە شەکەتەی کە کلکە قونێیەتی.

بەخۆم گوت: "ئەمە دەنگی روسیایە!" وام گوت و سوێندم خوارد کە دەبێ تا مردن شوێنپێی هەڵگرم.

ئەی عاشق، چ عەیبێ لە قسەکانمدا نەبوو، سوور بووم لەسەر ئەوەی ژیانم بکەمە قوربانی، بۆ یەکەمین جار حاڵی بووم لەوەی دەبێ چ لەزەتێک بچێژن ئەو کەسانەی لە پێناوی فیکردا بەردباران دەکرێن و دەسووتێنرێن و لە خاچ دەدرێن. ئەوە یەکەمین جار بوو ئاوها بەقووڵیی مانای برایەتی، مانای (هەموو ئینسانەکان یەکێکن) تەجروبەکەم. پەیم بەوە برد کە دیارییەک هەیە باڵاترە لەژیان و هێزێکیش هەیە مەرگ تێکوپێک دەشکێنێ.

***

لە ژیانی قارەمانانە و پڕ میحنەتی (پانایت ئیستراتی) ئاگاداربووم و رۆمانەکانیم خوێندبوونەوە کە تژیی بوون لەئەفسوونی خۆرهەڵاتییانە، بەڵام تا هەنووکە ویم نەبینیبوو. رۆژێکیان پارچە قاقزێکی لوولکراوم بەدەست گەیشت کە بەدەسخەتێکی درشت و بەپەلە لێی نووسرابوو: دیدەنیم کە، بابم گریکستانی و دایکم رۆمانییە، من پانایت ئیستراتییم!

له ئوتێلی پاساژ له دەرگای ژوورەکەیم دا. شانازیی بینینی ئینسانێک کە مانای بەرخۆدانی دەزانی، لێوڕێژی کردبووم لەخۆشحاڵی. توانیبووم بەسەر ئەو گومانەدا زاڵ بم کە هەر کاتێ بەکەسێک ئاشنادەبم، لەخۆمەوە دەپێچێ. هەر بۆیە بەدڵنیاییی و باوەڕبەخۆبوونەوە بۆ دیداری پانایییت ئیستراتیی چووم. لەنوێنی نەخۆشیدا راکشابوو، ئەو ساتەی منی بینی، راست بۆوە و بەگریکی هاواری کرد: گەلێکم پێخۆشە دەتبینم، سوێند بەخودا زۆرم پێخۆشە دەتبینم!

یەکەمین یەکتر بینین، وەک ساتەوەختێکی چارەنووسساز، یەکتربینینێکی گەرم و گوڕ بوو. هەریەکەمان بەجۆرێک لەوی تری دەنۆڕی، وەک بڵێی بمانەوێ هەریەکەمان مەزندەی شتێک لەوی ترماندا بکا – وەکی دوو مێرووله کە بەهەستەوەرەکانیان بەر یەکتر دەکەون– روخساری شەکەتی ئیستراتیی لاواز و پڕ چرچولۆچ بوو، قژە ماش و برنجی و بریقەدارەکەی وەک قژی منالێک بەبژیی بەنێوچەوانیدا هاتبووە خوار، چاوانی پرشنگیان دەدا و لێوڕێژ لەزرینگی و جوانی بوون، لێویشی بەتەرزێکی هەوەسبازانە داکشابوو.

پێی گوتم: "ئەو گوتارەتم خوێندەوە و بەدڵم بوو کە ئەو رۆژە لەکۆنگرە نوتقت دابوو، چاکت بەو خۆرئاواییییە گێلۆکانە کردووە، حەقی خۆیانە، پێیان وایە بتوانن بەقەڵەمە کورتەبنە و ئاشتیخوازانەکانیان بەر لەهەڵایسانی جەنگ بگرن، خۆ گەر جەنگیش هەڵایسا، پێیان وایە کرێکاران یاخی دەبن و چەکەکانیان دادەنێن. چ گێلێتییەکە! من ئەم کرێکارانە باش دەناسم، هەمدیس تێهەڵدەچنەوە لە کوشتوکوشتار. بەڵێ وەک گوتم چاکت پێ کردوون، بمانەوێ و نەمانەوێ جەنگێکی جیهانیی تر بەرێوەیە، کەواتە وا باشترە خۆمانی بۆ ئامادەکەین!"

رێک لە چاوانی روانیم، دەستە لاوازەکەی رایەڵ کرد و نایە سەر ئەژنۆم. بەپێکەنینەوە گوتی: "پێیان گوتم دەشیا تۆ سۆفی بایت، کەچی من دەبینم چاوانێکی تیژت هەن و زگت تەنها بەهەوای پاکژ تێر نابێ. چما مانای عیرفان ئەمەیە؟ باشە، ئەدی لەکوێوە بزانم؟ هەمووی قسەیە... دەی دەستت بێنە!"

هەردووکمان بەپێکەنینەوە دەستی یەکترمان گوشی، بەیەک گوژم لە تەختەنوێنەکەی دابەزی. بەجووڵەی خێرا و چالاک و چاوانی تکاکارانە و ئەفسووناویدا، ئەم پیاوە لەپشیلەی کێوی دەچوو، تەپاخەکەی داگیرساندو قاوەجۆشەکەی خستە سەر.

بەنەغمەی گۆرانی ئامێزی خزمەتچییانە بانگی کرد: "قاوەیەکی نیوە شیرین!" یادەوەریی گریکییانەی تێدا بێدار ببۆوە و خوێنە سفالۆنیاییییەکەی جۆشی سەندبوو. کەوتە چرینی گۆرانیگەلێکی کۆن کە لە(برایلا)، لەو گەڕەکە گریکیی نشینەدا بیستبووی:

ئای گەر پەپوولەیەک بام و
لە نزیک تۆوە فڕیبام!

گریکستان لەناوەوەیرا سەیری دەکرد، هەنووکە کوڕە لاسارەکە پەرۆشی گەڕانەوەی بوو بۆ زێدی باوان. کوتوپڕ لێوڕێژ لەهەڵچوون بڕیاری دا: "دەگەڕێمەوە گریکستان!"

ماندوو ببوو، کۆکە کۆک گەڕایەوە بۆ نێو نوێنەکەی و قومێکی لەقاوەکەیدا. لەنوێنەکەیدا دانیشت و



جگەرەی بەجگەرە پێدەکرد، بەپەرتبوونێکی هاوسۆزییەوە کەوتە قسان لەبارەی روسیا و لەبارەی کتێبەکەی و (ئەدریان زوگراڤی) پاڵەوانی سەرەکی کتێبەکەیەوە کە ئازار دەچێژێ لەبەرئەوەی هەموو ژیانی بەدوای هاورێدا دەگەڕێ و نایدۆزێتەوە. ئاخر ئارەزووەکانی وی دیسپلین نەکراو و دڵی یاخی و زەینی ناتوانێ بێ سەروبەریی رێکخا.

بەئەڤین و سۆزێکی زیاترەوە لەئیستراتییم دەنۆڕی و هەستم دەکرد ژیانی لەبەرامبەر گۆڕانکاریی ریشەییدایە و تا هەنووکە بڕیاری نەداوە کام رێگە بگرێتەبەر. لێکدا لێکدا بەچاوانی ورد و کڵپە سەندووییەوە تەماشای دەکردم، وەک بڵێی داوای یارمەتیم لێ بکا.

بەپێکەنینەوە گوتم: "ئەدریان، پاڵەوانی کتێبەکانت خودی تۆن، ئێوە لەیەکدی دەچن، بەمەوو فەرقتان نییە، تۆ ئەو شۆڕشگێڕە نیت کە پێتوایە ویت، تۆ یاخیت! ئاخر مرۆڤی شۆڕشگێڕ میتۆد و یاسا و هاوئاهەنگی لەکارەکانیدا هەیە، دڵی جڵەوگیر کردووە، بەڵام تۆ یاخیت و زەحمەتە بەلاتەوە بتوانیت پابەندی تاقە یەک روانین بیت. هەنووکەش کە لە روسیا گیرساویتەوە، پێویستە مەسەلەکان لەناوەوەترا رێکخەیت و بگەیتە بڕیارێک، تۆ بەرپرسیاریت لەوەی ئەمە بکەیت!"

وەک بڵێی دەستم نابێتە بینی، هاواری کرد: "لێم گەڕێ!" بەڵام پاش ساتێک بەنەغمەیەکی تژیی لە ئازار پرسی: "تۆ دڵنیایت؟"

وەک بمەوێ تەسەللای بدەمەوە، دەستە لاوازەکەیم خستە نێو دەستمەوە و گوتم: "ئەدریان زوگراڤی رۆمانیایی مرد، کەواتە بژی ئەدریان زوگراڤی روسیایی! پانایییت، هەنووکە ئیدی کاتی ئەوەیە لە برایلای تەنگ و ترووسک بێیتەدەر، ئاخر نیگەرانی و ئومێدی دونیا فەراوانتر بوون و ئادریانیش گەورەتر. لێگەڕێ با ریتمی ئیندیڤێدواڵیی و ناهاوئاهەنگیی وی لەگەڵ ریتمی جیهانیی روسیادا یەکانگیربێ تا لە کۆتاییدا هاوگونجان و باوەڕ بەدەست بێنێ. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ئەو هاوسەنگییە باڵایەی کە ساڵەهای ساڵە ئەدریان و – پانایییت – بێهوودە لەدووی دەگەڕێن ببێتە کردار، چونکە هەنووکە ئەم هاوسەنگییە دەتوانێ خۆی لەسەر چارەنووسی جەماوەری تێکۆشەر و گەلێکی مەزن رۆبنێ نەک لەسەر چارەنووسی مۆلەقی تاقە یەک فەرد!"

ئیستراتیی بەتووڕەیی هاواری کرد: "بەسە! چ شەیتانێک تۆی بۆ ئێرە هێنا؟ لێرە شەو و رۆژ لەسەر ئەم جێگەیەم بیرم لەو قسانە کردۆتەوە کە ئەلعان تۆ کردت، بەڵام لێم مەپرسە کە چما دەتوانم. بەسەرمدا هاوارکە: بازدە! بەڵام لێم مەپرسە: دەەتوانیت؟"

وەڵامیم دایەوە: "پانائیتی چکۆڵە ! دەبینین، سۆز کۆنترۆڵت نەکا، بازدە، دەبینین کە دەتوانیت تا کوێ باز دەدەیت!"

– "خودایە ئاخر ئەمە گەمە نییە، چۆن دەتوانیت ئاوها بدوێی؟ ئاخر ئەمە مەسەلەی ژیان و مەرگە !"

لەکاتی هەستاندا گوتم: "ژیان گەمەیە و هەروەها مەرگیش. گەمەیە و بردنەوە و دۆڕاندنمان تەواوێک بەستراوە بەساتەوەختێکی وەک ئەمەوە!"

– "بۆ هەستایت؟"

– "باشترە بڕۆم. بەداخەوە ماندووم کردیت!"

– "بۆ هیچ کوێ ناڕۆیت، لێرە دەمێنیتەوە، فەراڤین دەکەین و پاش نیوەڕۆ پێکەوە بۆ جێگەیەک دەڕۆین."

– "بۆ کوێ؟"

– "بۆ سەردانی گۆرکی. جوابی ناردووە و چاوەڕێم دەکا. ئەمڕۆ بۆ یەکەم جار ئەو ئیستراتییە ئەوروپاییە بەناوبانگە دەبینم!"

دەنگە خەمینەکەی، حەسەدێکی منالآنەی بەرامبەر نموونەی مەزن وەدیارخست. لەتەختەنوێنەکەی بازیدا و جلکەکانی پۆشی. پاشان چووینە دەرێ و بەتوندی قۆڵی گرتبووم.

پێی گوتم: "ئێمە دەبینە هاوڕێ. بەڵێ، دەبینە هاوڕێ چونکە وا هەست دەکەم پێویستم بەوەیە بۆکسێک بماڵم بەکەپووتا. بۆخۆت وا باشترە بزانیت کە من بەبێ بۆکس وەشاندن هەست بەهاوڕێیەتی ناکەم. پێویستە جارناجار شەڕێک بکەین و یەکێکمان کەللەی ئەوی ترمان بشکێنێ. گوێت لێیە؟ ئەمەیە مانای ئەڤین!"

خۆمان کرد بەرێستۆرانێکدا و دانیشتین. شووشەیەکی چکۆڵەی زەیتی زەیتوونی لێکردەوە کە وەک نوشتە کردبوویە ملی و بەسەر شۆربای گۆشتەکەدا رشتی. پاشان زەرفێکی چکۆڵەی لە گیرفانی هێلەکەکەی دەرهێنا کە پڕ بوو لە بیبەر و بڕێکی زۆری کرد بەخواردنەکەدا. بەدەم لێولستنەوەوە گوتی: زەیت و بیبەر، لەسەر دابی برایلا!

بەئیشتیهاوە کەوتینە خواردن، ئیستراتیی هێورهێور زوبانە گریکییەکەی وەبیر دەهاتەوە، هەر جارەی وشەیەک، وەکی زارۆک دەستی بەیەکدا دەدا و هاواری دەکرد: "چۆنیت؟ چۆنیت؟ ئەمڕۆ چۆنیت؟"

بەڵام ئاگای لەخۆ و هەر چەند دەقیقە جارێک تەماشای کاتژمێرەکەی دەکرد. خزمەتچییەکەی بانگ کرد، چوار بوتڵ شەرابی نایابی ئەرمەنستانی کڕی، گیرفانەکانی پڕ کرد لە زەرفی بچووک بچووکی مەزە، قووتووە سیگارەکەی پڕ کرد لەجگەرە و ئیدی کەوتینە ڕێ.

ئیستراتیی حەجمینی نەبوو. ئاخر یەکەمین جار بوو گۆرکی مەزنی دەبینی، هەڵبەت مەزەندەی ماچوموچ، سفرەی تژیی بەخۆراک، فرمێسک و پێکەنینی دەکرد، مەزەندەی قسە لەدوای قسە و هەمدیس ماچومووچ و تا ناکۆتا.

گوتم: "پانایت چییە، حەجمینت نییە!"

وەڵامی نەدامەوە، بەتووڕەیی هەنگاوەکانی خێراترکرد.

گەیشتینە ئاپارتمانێکی گەورە و بەقالدرمەکاندا سەرکەوتین، بەتیلەی چاو لە هاوڕێکەم دەنۆڕی، لەزەتم دەبرد لەسەیرکردنی جەستەی لاواز و باریک و دەستوپلە کرێکارییەکانی کە هەڵبەت کاری زۆری پێ کردبوون، لەزەتم دەبرد لەسەیرکردنی چاوە تینووەکانی.

لێم پرسی: "ئەلعان کە دەتەوێ گۆرکی ببینیت، دەتوانیت خۆت کۆنترۆڵ کەیت؟ دەتوانیت دەست لە ماچومووچ و هاوار هاوار هەڵگریت؟"



بەتوڕەیی وەڵامی دامەوە: "نا، بۆ تۆ پێتوایە من کێم؟ پێتوایە ئینگلیزم؟ دەبێ چەند کەڕەتت پێ بڵێم ئەز گریکستانیم، خەڵکی سفالۆنیام. من هاواردەکەم، ماچ دەکەم، دەبوورێمەوە. جەنابت گەر حەز دەکەیت ئەوا دەتوانیت دەوری ئینگلیزێک ببینیت!" پاش ساتێک گوتی:"حەزدەکەم تەنهابم، بوونی ئێوە لەگەڵمدا بێزارم دەکات!"

ئیستراتی قسەکەی تەواو نەکردبوو کە لەناکاو گۆرکیمان لەسەر قالدرمەکان بینی و قونە سیگارێکی بەلێوەوە دەدرەوشایەوە. گۆرکیی، کەتە و ئێسک درشت، شەویلەی بەقووڵاچوو، ئێسکی گۆنا دەرپەڕیو، چاوانی ورد و شین و لێواولێو لە نیگەرانی و رەنج، دەم و لێوێکی هێند خەمین، کە لەژیاندا کەسێکی ترم نەبینیوە بەو ئەندازەیە خەم لەسەر لێوی نیشتبێ.

ئیستراتیی کە گۆرکی بینی، سێ پێپلیکانەی بەگوژمێک بڕی و دەستی گرت. هاواری کرد: "پانایت ئیستراتی!" خەریک بوو بەسەر شانە پانەکانی گۆرکیدا بکەوێ. بەڵام گۆرکی بێ ئەوەی هیچ بڵێ، بەهێمنی دەستی تۆقەی بۆ رایەڵ کرد، جۆرێک تەماشای ئیستراتیی کرد کە چکۆڵەترین نیشانەی لە شادومانی یان کونجکاوی تێدانەبوو.

دوای تاوێک گوتی: "بفەرموون!"

لە نووسینگەیەکی بچووک دانیشتین کە پڕ بوو لە خەڵک. گۆرکی جگە لەزوبانی رووسی چ زوبانێکی تر بەڵەدنەبوو، بۆیە دامەزراندنی سەری قسان لەگەڵیدا زەحمەت بوو. ئیستراتیی تەواوێک وروژا و کەوتە قسەی حەلەق و مەلەق، قسەکانیم بیرنییە، بەڵام هەرگیز نەغمەی دەنگ و جووڵەی دەست و روانینی چاوە هەڵایساوەکانیم لەیاد ناچێ.

گۆرکی بەلەپزێکی شیرین، هێور و بەکورتی وەڵامی دەدایەوە و لێکدا لێکداش جگەرەی پێدەکرد. زەردەخەنە خەمینەکەی کەش و هەوایەکی قووڵ و چڕی تراژیدییانەی بەقسەکانی دەبەخشی. پیاوێکت تێدا دەبینی کە بەرگەی زۆر گرتووە و هەنووکەش هەر بەرگە دەگرێ. پیاوێک هێندە دیمەنی ترسناکی دیتوە، کە هیچ شتێک، نە ئاهەنگ و نە هوتافەکانی روسیاو نە ناوبانگ و شانازییەک کە وەدەستی هێنابوو نەیاندەتوانی کاری تێ بکەن. لەودیو چاوە شینەکانییەوە، خورڕخوڕ خەمێکی هێور و بێ هەتوان هەڵدەقوڵی.

گوتی: "بەلزاک مەزنترین مامۆستای من بووە. بیرم دێ کاتێک کارەکانیم دەخوێندنەوە، لاپەڕەکانم دەدایە بەر روناکی و لێم دەنۆڕین و بەترسەوە هاوارم دەکرد: ئەرێ تاقە کەسێک ئەم هەموو گوڕ و هێزەی لەکوێ بوو؟ چلۆن توانیویەتی نهێنیی مەزن بدۆزێتەوە؟"

پرسیم: "ئەدی دۆستۆیڤسکی و گۆگۆڵ چۆن؟"

– "نا، نا.. لە نووسەرانی روسیا تەنها یەک کەس، ئەویش لیسکۆف!" بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، پاشان لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: "بەڵام لەسەروو هەموو شتێکەوە ژیان. من رەنجێکی زۆرم کێشاوە و ئەڤینێکی فرەم بۆ هەموو ئەوانە هەیە کە رەنج و عەزاب دەچێژن. جگە لەمە چ شتێکی تر نا!"

بێدەنگ بوو، بەچاوانێکی نیوە نووقاوەوە کەوتبووە دوای دووکەڵی شینی سیگارەکەی.

پانایبت بوتڵە شەرابەکانی دەرهێنا و لەسەر مێزەکە داینان، ئەوجا زەرفە مەزەکانیشی دەرهێنا، بەڵام جورئەتی کردنەوەیانی نەبوو، پێی وابوو کاتی نییە، ئاخر ئەو کەش و هەوایە ئەوە نەبوو کە خۆی بۆ ئامادە کردبوو، چاوەڕێی شتێک بوو تەواوێک پێچەوانەی ئەمە، چاوەڕێی ئەوەبوو کە خۆی و گۆرکی، ئەم دوو پاڵەوانە رەنجدیدەیە پێکەوە بخۆنەوە و بکەونە هاوارکردن، بەدەنگی بەرز بدوێن، گۆرانی بلێن و سەما بکەن و ئەرز لەژێر پێیاندا بلەرزێ. بەڵام گۆرکی غەرق لەزەریای ئەزمونەکانیدا و هێشتا خاوەن ئومێدێکی ئەوتۆ نەبوو.

گۆرکی هەستا، چەند کەسێک لە جحێڵگەلی ئامادەی مەجلیسەکە بۆ لای خۆیان بانگیان کردبوو. بۆ نووسینگەکەی پاڵمان چوو بۆ لایان.

کە گۆرکی رۆیشت، پرسیم: "باشە پانایبت، رات بەرامبەر مامۆستا چییە؟"

ئیستراتی بەجووڵەیەکی گرژ، سەرقاپی یەکێ لە بوتڵەکانی کردەوە و گوتی: "پەرداخمان پێ نییە، دەتوانیت بەبوتڵەکە بخۆیتەوە؟"

– "بەڵێ!"

بوتڵە شەرابەکەم وەرگرت و گوتم:" لەخۆشیت پانایبت، ئینسان ئاژەڵی بیابانە. هەموو مرۆڤێک بەدۆزەخ گەمارۆدراوە، چ پردێکی لێوە دیارنییە. پانایبتی چکۆڵە، نیگەران مەبە، چما ئەمەت نەزانیبوو؟" بەنەفرەتەوە گوتی: "دەی زووکە بخۆرەوە، نۆرەمە... ئاخر تینوومە!"

لێوی لستەوە، گوتی: "دەمزانی، بەڵام هەمیشە بیرم دەچێتەوە!"

– "پانایبت هەر ئەمەش هەستی مەزنی تۆیە، وای بەحاڵت گەر نەتزانیبا. ئەوکات گێلۆکەیەکت لێ دەردەچوو، بەزانینیشت وای بەحاڵت گەر لەبیرت کردبا، ئەوکات ساردوسڕ و بێ هەست دەردەچوویت. بەڵام ئەلعان تۆ ئینسانێکی راستەقینەیت. گەرم و گوڕ و لێوڕێژ لە بێهوودەیی هەتا مردن، کلافەیەکیت لە ئومێد و تێشکانەکان!"

گوتی: "باشە... ئەمەش گۆرکی!" وای گوت و بوتڵەکانی نایەوە گیرفانی، زەرفە مەزەکانی کۆکردنەوە و ئەوێمان جێ هێشت.

لە رێگە گوتی: "بەڕای من گۆرکی بێ ئەندازە ساردوسڕ بوو، ئەدی بەڕای تۆ چۆن بوو؟"

– "بەڕای من بێ ئەندازە پڕ لە تاڵی و تفتی بوو، کەسێک بوو بێ سەبووریی!"

پانایبت بەتووڕەیی بۆڵاندی: "ئاخر دەبوو هاوارکات، دەبوو بخواتەوە و بگری تا قورسایی سەر دڵی هەڵگیرێ!"

– "جارێکیان ئازیزگەلی فەرمانڕەوایەکی موسوڵمان لەجەنگدا دەکوژرێن، فەرمانڕەواکە فەرمانێک بۆ قەبیلەکەی دەردەکا کە هیچ کەسێک نابێ شین و رۆڕۆ بکا تا نەبا باری خەمیان سووک بێ! پانایبت، ئەمە پڕ شانازیترین دیسپلینێکە کە ئینسان بەهۆیەوە دەتوانێ بەسەر خۆیدا بیسەپێنێ، دەی هەر لەبەر ئەوەشە گۆرکیم بەو رادەیە خۆشویست!"

***



رۆژی دواتر چووم بۆ کڵێسای گەورەی مۆسکۆ. ئەم پەرستگە گەورەیەی کە مایەی شانازیی روسیای قەیسەریی بوو، چۆڵ وهۆڵ و بێ ڕووناکی و ساردوسڕ. ریزی ئاڵووالآی قەدیسان بەهالەکانی چواردەوریانەوە، لەچۆڵەوانی و تاریکی زستاندا ببوونە شەختە. خانمێکی چکۆڵە و پیری پاسەوانی سنوقی خێری کڵێساکە، کە کۆپیکێک زیاتر لە قاپی کۆمەکەکەیدا نەمابوو، هەناسەی ئەو خانمە وەک دووکەڵ لە دەم و کەپوویەوە دەهاتە دەرێ و ئەو هەناسانە ئەم حەمکە قەدیسە لە سەرمادا هەڵلەرزیوەی پێ گەرم نەدەکرایەوە.

کوتوپڕ دەنگی مەلایکەتانەی پیاوان و ژنانێکم بیست کە لەنهۆمی سەرەوە و لەبەشی ژناندا وێردیان دەچڕی. لەو تاریکاییەدا گەڕام تا پێپلیکانەیەکی مەڕمەڕیم دۆزییەوەو پیایدا سەرکەوتمە سەرێ. بەژوور سەرمەوە دەمتوانی لەو تاریکاییەدا دوو سێ پیرەمێرد و پیرێژن جیاوەکەم، شاڵیان لەخۆوە پێچاوو ئەوانیش بەهەناسەبڕکێ سەردەکەوتن.

کاتێ گەیشتمە دوا پێپلیکانە، خۆم لە نوێژخانەیەکی ئاڵتوونیدا بینییەوە کە مۆمی تێدا داگیرساو و خەڵکەکە سوژدەیان بردووە و میحرابەکەش پڕ لە خزمەتچی و قەشە و مەترانی جلکی ئاڵتوونی و ئاوریشم پۆش بوو.

هەرگیز شیرینی و گەرمایی ئەو نوێژخانەیەم لەیاد ناچێ. پیاوەکان زۆربەیان پیرەمێرد بوون بەسمێڵی شۆڕەوە. پێدەچوو کاتی خۆی بەگزادە بووبن یاخود دەرکەوانی ماڵی بەگزادان. ژنان سەرپۆشی وەک بەفر سپییان دابوو بەسەریاندا، مەسیح خۆشخۆراک و سوور و سپی بەمیحرابەکەوە پرشنگی دەدا. سینگی پۆشرابوو بەمێدال – هەرتک دەستی هی ئینسان و چاوان و دڵیشی لە زێڕ و زیو.

لەنێو ئەو خەڵکە سوژدە بردووەدا بەڕاوەستاوی مامەوە، مەحاڵ بوو بتوانم هەست و سۆزم کۆنترۆڵ کەم. ئاخر ئەم کۆبوونەوەیە بەماڵئاواییەکی بەسوێ دەچوو، پێدەچوو ئازیزێک لەلایەن هاوڕێکانییەوە بۆ سەفەرێکی دوورو درێژو خەتەرناک بەڕێ کرێ. دوایین ئیمانداران زۆر خەمینانە ماڵئاواییان لە وێنەی خواوەندی ئازیزی خۆیان دەکرد، بەڵام ئیماندارانی پێشوو بەتەرزێکی بێڕوحمانە هێرشیان دەبردە سەر بنەمای ترسناک و نوێی (نمایشی راز)(*) و بتە کۆن و لەقەکانیان تێکوپێک دەشکاند. ئێمە لەساتەوەختێکی قەیراناوی و یەکلاکەرەوەدا دەژین کە تیایدا کۆن دەمرێ و نوێیەکی شەلاڵ بەخوێن لەدایک دەبێ.

ئەو قۆناغانەی ئێمەی پێدا تێدەپەڕین قۆناغگەلی دژوارن – ترسناکترن لەو قۆناغانەی مناڵ و وەچەکانی ئێمەیان پێدا تێدەپەڕن – لەگەڵ ئەمەشدا دژواری هەمیشە بزوێنەری ژیان و وەئاگاهێنەری

(*) لەدەقەکەدا Mystery نهێنییە، بەڵام لەبەرئەوەی بەپیتی گەورە نووسراوە، ئەوا مەبەست لە Mystery Play (نمایشی راز)ە. ئەم نمایشە یەکێکە لە نمایشگەلە مەزهەبییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. لەم نمایشانەدا، چیرۆکەکانی کتێبی پیرۆز بەرجەستەدەکران، ئازارەکانی مەسیح، دابەزینی ئادەم و تۆفانی نوح لەو بابەتانەن کە سەرنجی شانۆنامەنووسانی سەدەکانی ناوەڕاستیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە.

ئارەزووە باش و خەراپەکانمان بووە تا لەو بەربەستەوە تێپەڕین کە لەناکاوێکرا لەبەردەمماندا قوت بۆتەوە. بەم پێیە بەکۆکردنەوەی هێزمان هەندێ جار دەگەینە خاڵێکی زۆر دوورتر لەوەی کە هیوای بۆ دەخوازین. پێچەوانەی ئەمە یان بەنوستوویی دەمێنێتەوە یاخود ناڕازی و بێباک کاردەکات. بۆیە ئەم هێزە کۆکراوانە نە تەنێ هێزی ئێمەیە و نە تەنهاش هێزی بەشەرییە. ئاخر هێزگەلێک کە لەگەڵ بازدانی یەکەمدا لە ئێمەدا رزگار دەبێ، هێزێکی سێینەیە: هێزی کەسی و هێزی مرۆیی و هێزی بەر لەمرۆیی. ئەو ساتەوەختەی بونیادەم وەک سپرینگ خۆی دێنێتەوە یەک تا خۆی بۆ بازدان ئامادەکات، تەواوی ژیانی دونیا لەناخماندا کۆدەبێتەوە و باز دەدا. ئەمەش کاتێ روودەدا، کە بەئاشکرا هەست بەساکارترین راستییەکان دەکەین، ئەو راستییانەی کە زۆرجاران لەساتەوەختەکانی حەوانەوەی بێ بەردا لەبیریان دەکەین. ئەو حەقیقەتەش ئەمەیە: (ئینسان نەمر نییە، بەڵکو لە خزمەتی شتێک یان کەسێکی نەمردایە!)

کە مەراسیمەکە تەواو بوو، دوایین ئیمانداران بەپێپلیکانە مەڕمەڕییەکەدا هاتنە خوارەوە، جحێڵێکی لاواز و رەنگپەڕیوم لێ نزیک بۆوە. ریشێکی تەنکی زەرد و چاوانێکی شین و ماندوو، لێکدا لێکدا دەکۆکی. سەری قسانی دامەزراند و بەورووژاوییەوە پرسی: "تۆ لە ئێمەیت؟ خیانەتت لە مەسیح نەکردووە؟"

وەڵامیم دایەوە: "گەر ئەو خیانەتم لێ نەکات، ئەوا من خیانەت لەو ناکەم!"

جحێڵەکە سەری لەو قسەیەم سوڕما، گوتی: "مەسیح هەرگیز خیانەت ناکا، خیانەت ناکا، بەڵکو وی تەنها خیانەتی لێ دەکرێ. دەی با لەم قسانە گەڕێین، هەوای دەرەوە ساردە، باشترە بچینەوە ماڵەوە و چایەکی گەرم هەڵقوڕێنین!"

بابی ئەو کوڕە لە بەگزادەکانی بەر لەشۆڕش بووە، خاوەن کۆشکێکی گەورە، بەڵام ئەلعان لە تەواوی کۆشکەکە تەنها دوو ژووری پێ بڕابوو، ژوورەکانی تر پڕ کرابوون لەخاو و خێزانی کرێکاران. ئەو ژوورانەی رووەو خۆر بوون درابوون بەکرێکاران لەبەرئەوەی منالی چکۆلەیان هەبوو. ئەم جحێڵە بۆ بەڕێکردنی گوزەران لەکارگەیەکدا ئیشی دەکرد، بەڵام خۆی شاعیر بوو، هەر کاتێ کەمترین وەختی بۆ رەخسابا شیعری دەنووسی. گوتی: "ئەلعان لەنووسینی قەسیدەیەکی درێژدام. قەسیدەکە وتووێژێکە لەنێوان مەسیح و کرێکارێکدا. بەیانییە، دەنگی شوتی کارگە دێ، لەدەرەوە بەفر دەبارێ و دونیا تا بڵێی سارد، پیاوان و ژنان لەسەرمادا هەڵدەلەرزن و بەرەو کارگە رادەکەن، جەستەیان بەزەبری کار شێواوە، کرێکارەکە دەستی مەسیح دەگرێ و بەکارگە و کانە خەڵووز و بەندەرەکاندا دەیگەڕێنێ. مەسیح هەناسە هەڵدەکێشێ و دەپرسێ: (ئەم هەموو نەفرەت لێکراوە بۆ؟ پێم بڵێ چییان کردووە؟)

کرێکارەکە وەڵامی دەداتەوە: (نازانم تۆ پێم بڵێ!)

پاشان مەسیح دەبا بۆ کوختە شێدار و بێ ئاگرەکەی، دەیبا بۆ ناو منالە برسی و چاو بەگریانەکانی. دەرگاکە دادەخا، قۆڵی مەسیح دەگرێ و هاوار دەکا: (مەولا، بڵێ دەبێ رەوتارمان بەرامبەر قەیسەر چۆن بێ؟ مافی ئەو چییە کە بیدەینێ و مافی ئێمە چییە کە لێی بسەنین!)



جحێڵەکە بێدەنگ بوو، هەناسەی تەنگ ببوو، لێکدا لێکداش بەدردۆنگی دەستی بەتوندی بۆ پێش و دوا دەبرد.

پرسیم: "ئەدی باشە وەڵامی مەسیح چ بوو؟"

دوا ئیماندار بەترسەوە سەرنجێکی لە دەوروبەری خۆیداو وەڵامی دایەوە: "نازانم، هێشتا نازانم. وردتر بڵێم لەمە زیاتر نازانم!" وای گوت و خۆی هاویشتە سەر ئەسکەملێکی هەڵوەشاو. دەموچاوی نایە نێوان هەرتک دەستی و ناڵە ناڵ پرسی: "بۆچی؟ بۆچی؟"

لە فیکرەوە چووم کە ئەوەتا ئەمیش دەپرسێ و چ وەڵامێکی دەست ناکەوێ. گومانم هەیە لەوەی مەسیح توانای وەڵامدانەوەی هەبێ. ئەدی چۆنە لە لینین بپرسێ!

گوتم: "بۆچی لە لینین ناپرسیت؟" بێ ئەوەی خۆم بمەوێ ئەم قسەیە بەتووڕەیی لە زارم هاتەدەر.

- "لێم پرسیوە!"
- "باشە، ئەدی وەڵامی چ بوو؟"
- "کرێکارانی دونیا یەکگرن! بەتووڕەیی هەستامە سەرپێ و هاوارم کرد: ڤیلادیمێر ئیلیچ من لەبارەی رۆحەوە دەپرسم، لەبارەی خواوەندەوە، لەبارەی نەمرییەوە!"
- ئەی دوایی؟"
- "لینین شانی هەڵتەکاند و پێکەنی. لەژێر لێوەوە گوتی: هەی بۆرژوایی... وای گوت و قونە سیغارەکەی بەپێڵاوەکانی کوژاندەوە!"

جەنگەڵ گەورەیە، با لەبار
دەی کەوانەکەت هەڵگرە، ئەی (بێ کۆ) بچۆ پێش
لێرەوە، لێرەوە، لێرەوە، لەوێوە
بەراز، کێ بەراز دەکوژێ
ئەی بێ کۆ، بێ کۆی هەژار
ئەی بێ کۆ، ئەی بێ کۆی هەژار
بەڵام کێ دەیخوا، ئەی بێ کۆی هەژار
دەی لەت لەتی کە، خۆت ناو سکەکەی دەخزێت
بۆم! بۆم! فیلێک تلی دا لەسەر ئەرز
کێ کوشتی؟ بێ کۆ
ئەی بێ کۆی هەژار، کێ عاجە گرانبەهاکانی بۆ خۆی دەبا؟
ئارام گرە بێ کۆ، کلکیت بەردەکەوێ!

گۆرانیی گرگنەکان

***

بەمرووری زەمەن، هەستم دەکرد، سیحری نهێنی ئامێزی روسیا زیاتر و زیاتر لە ناخمدا رۆ دەچێ. دیمەنی زستانی قوتب تاقە دیمەنێک نەبوو ئەفسوونی کردم، هەروا دیداری یەکەمینیشم نەبوو بەژیانی سلاڤیا. خەڵک، کۆشکەکان، کلێساکان و ترویکا(*)و بۆلالایکا(**) و سەماکانی دەورووبەرم- بەڵکو شتێکی تر بوو، شتێکی قووڵتر و نهێنیی ئامێزتر. ئاخر لێرە، لەم کەش وهەوا روسیاییەدا، هەستم دەکرد هەردوو هێزە بنەڕەتی و دونیازاکە، بەشێوەیەکی کراوەو ئاشکرا لەنەبەردان. فەزای جەنگ لە دەورووبەرتا هێند لەقووڵاییترا رۆدەچوو، کە ئیدی خۆشیت با و ترشیت با دەبوو خۆت بۆ ئامێزی یەکێ لەو دوو هێزە هاویشتبا و جەنگیبایت. ئەوەی من لەم بوونە کەمخایەنەی خۆدا چەشتبووم، لێرە لەسەر زەمینی بێ سنووری روسیادا، ترسناک و بێ بەزەیی بینیم، هەمان نەبەرد بوو، بەهەمان دوژمنگەلی ئەزەلییەوە: رووناکی و تاریکی. بەم پێیە هێورهێور لەگەڵ ململانێی روسیادا یەکانگیربوو. رزگاریی روسیا، بووە رزگاریی منیش، لەبەرئەوەی رووناکی یەکێکە و کەرت ناکرێ، لەهەر کوێ ئەم سەرکەوێ یان تێبشکێ، ئەوا لە ناخی تۆیشدا سەردەکەوێ یان تێدەشکێ.

لەو ساتەوەختەی کە دواجار بەم ناسنامە ناوەکییە گەیشتم، چارەنووسی روسیا بووە چارەنووسی من. لەپاڵیدا دەجەنگیم و ئازارم دەکێشا. هەنووکە لەمۆسکۆ هەستم بەهەناسە تەنگیی دەکرد و بڕیاری رۆیشتنم دا تا هەموو ئەم گۆڕەپانە گەورەیە ببینم - هەر لە (مورماتسک)ەوە لە ئۆقیانووسی بەستەڵەکی باکوور تا بوخارا و سەمەرقەند، لە لینینگرادەوە تا ڤیلادیڤوستوک- هەر کوێیەک کە دوژمنان و هاوپەیمانەکانی ئەووەڵێن کەوتبوونە وێزەی یەکدی.

هەر ئینسانێک خاچی خۆی وا بەکۆڵەوە، هەر گەلێکیش بەهەمان شێوە، زۆرینە تا ساتەوەختی مەرگ خاچەکەی خۆیان هەروا بەشانەوەیە و چ کەسێک نییە لە خاچیان بدا. ئاخر بەختەوەرە ئەو کەسەی لەخاچ دەدرێ، چونکە تەنێ ئەوە کە لەزەت لە هەستانەوە دەبا. روسیاش لەخاچ درابوو، کاتێ بەکۆمارە جیاجیا و بەگوندەکانیدا دەگەڕام، لە سەرسامییەکی پیرۆزدا لەرز دای دەگرتم، هەرگیز ئاوها بەرخۆدان و عەزابێکم، هەرگیز ئاوها ئومێدێکم بەسەر خاچەوە نەدیتبوو. بۆ یەکەمین جار پەیم بەوە برد چەند زەحمەتە بۆ ئینسان بڕیاربدا هەنگاوێک بچێتە پێشێ بۆ تێکوپێک شکاندنی ئەڤینی پێشووی، خواوەندی پێشووی، داب و نەرێتی پێشووی. گەرچی هەموو ئەم شتانە رۆژێک لە رۆژان رۆح بوون و بەرەو هەڵگڕان هانیان داوە، بەڵام بەمرووری زەمەن بوونەتە ماددەیەکی قورقوشمی و لەنیوەی رێگەدا کەوتوون، هەنووکەش لەبەردەم تێپەڕینی هەناسە خولقێنەرە نوێکاندا ببوونە لەمپەر.

ملوێنەها مۆژیک بەرگرییان دەنواند، حاڵی نەدەبوون و نەیاندەویست رزگاربن. بزماریان گرتبوو بەدەستەوە و بە(دایک)دا دایاندەکوتی. کارکردن لەسەر رووی خاک، نەوە دوای نەوە کردبوونییە خاک و رقیان لەبڵێسە دەبۆوە. کرێکارانی برسی و بریندار - هەموو لە بڵێسە- جەماوەری رەشە خەڵکەکەیان

(*) گالیسکەی روسیایی کە سێ ئەسپ رایدەکێشێ.

(**) ئامێرێکی مۆسیقایی روسیاییە و لە گیتار دەچێ.



گا بەزەبروزەنگ و گا بەمیهرەبانییەوە هان دەدا تا خۆیان پەیوەست کەن بەرێگەی رزگارییەوە.

میللەتانی دونیاش - هێور و تێر - بەدەوری ئۆردوگای روسیادا، بەدەوری ئەو شوێنەدا کە رووناکی و تاریکی تێدا کەوتبوونە گیانی یەکتر، راوەستابوون. بەپێکەنینەوە دەیانگوت: (تەواو! روسیا تەواو!) ئاخر ئەو زرنگ و تێرانە هەرگیز ناتوانن لە هێزە نادیار و ژیانزاکانی لەخاچدان بگەن. بەڵام وەک مەسیح دەڵێ: بۆ ئەوەی دەنکە گەنمێ ببێتە گوڵە گەنم، دەبێ بەئەرزدا رۆچێ و بمرێ. روسیاش بەهەمان شێوە- وەک دەنکە گەنمێک، وەک فیکرێکی مەزن - گینگڵی دەدا و رەنجی دەکێشا.

لە یەکێ لە ئینجیلە ئەپۆکرینپیاکاندا(*) باسی ئەوە دەگێڕدرێتەوە چۆن یۆحەننا، ئەو حەوارییە ئازیزە خەونێکی سەیر دەبینێ کە بەگریانەوە لەبەرامبەر لە خاچدراودا راوەستاوە. خاچەکە لە تەختە دروست نەکراوە، بەڵکە لە رووناکی، لە بەرامبەریشیدا لەخاچدراو تاقە کەسێک نییە، بەڵکو هەزاران پیاو و ژن و منالە و چتاقیشیان دەناڵێنن و دەگرین. ئیدی حەواریی ئازیز لەرز دایدەگرێ و ناتوانێ هیچ کام لەو روخسارە بێ ئەژمارانە جیاوەکات. خەڵکەکە بەردەوام رادەکەن و دیارنامێنن، ژمارەیەکیان بۆ جاری دووەم دەگەڕێنەوە، پاشان لەناکاوێکڕا هەموو دیارنامێنن و جگە لە (هاوار) چ شتێکی تر بەلەخاچدراوی لەسەر خاچەکە نامێنێتەوە.

ئەم خەونە ئەورۆکە لەبەردەمماندا شەپۆلانێتی، بەڵام رزگارکەری ئەورۆ تاقە ئینسانێک نییە، بەڵکو سەراپای میللەتێکە. تەواوی روسیا، ملوێنەها ژن و پیاو و منالّ لەخاچ دەدرێن و ئازار دەچێژن، دیار نامێنن و هەڵدەقولێنەوە. ناتوانیت روخسارێکی دیاریکراو بناسییەوە، بەڵام لەنێو ئەم لێشاوی مەرگەدا، تەنێ (هاوار)ە کە دەمێنێتەوە.

چ شتێکی تر پێویست نییە. چۆناوچۆنیی رزگاربوونی سەرلەنوێی دونیا ئاوهاییە؟ ئەدی رزگاری مانای چییە؟ واتە دیتنەوەی پاساوێکی تر بۆ ژیان، چونکە پاساوە کۆنەکە گوڕی مانەوەی تێدا نەماوە و ناتوانێ کۆڵەکەی ئینسان بەسەر شانەوە هەڵگرێ. خۆش بەحاڵی کەسێک کە هاواری زەمەنی خۆی دەبیەت، ئاخر هەر زەمەنێک هاواری تایبەت بەخۆی هەیە و دەبێتە هاوکاری. تەنها ئەو کەسەیە دەتوانێ رزگاری بەدەست بهێنێ.

ئێمە لە زەمەنی خۆماندا دەژین و نایبینین، بەڵام ئەگەر فیکری نوێ کە ئەورۆکە لە لەخاچداندایە، کلپە بسەنێ و دونیا نوێ کاتەوە، ئەوا ئەوکات ئێمە دەچینە بازنەی یەکەمی ئاگرەوە، دوای چەند سەدەیەک رەنگە ئەم سەدەیەی ئێمە بەسەدەکانی ناوەڕاست ناوبرێ نەک رێنیسانس. سەدەکانی ناوەڕاست، بەدەربڕینێکی تر واتە تافی راوەستان. شارستانییەتێک دەکوژێتەوە و هێزە خولقێنەرەکانی لەدەست دەدا و دەڕمێ، هەناسەیەکی نوێ، کە لەسینەی چینێکی نوێدا پۆنگی خواردۆتەوە، بەئەڤین و توانا و باوەڕەوە شارستانییەتێکی نوێی پێ رۆدەنرێ.

(*) ئەپۆکرپیا: جگە لەچوار ئینجیلەکە، ژمارەیەک ئینجیلی تر هەن کە نووسینیان نەدراوەتە پاڵ کەسێکی دیاریکراو و جێی متمانەی پروستانتەکان نین. ئەم ئینجیلانە لە کتێبی پیرۆزدا بەناونیشانی ئەپۆکرپیا هاتوون.

خولّقاندنی ئەم شارستانییەتە نوێیە شتێکی ڕەها و وەدیهاتوو نییە. ئاخر لەکاری داهێنەرانەدا چ شتێک نییە پێشوەخت ڕەها و وەدیهاتوو بێ، دەشێ ئاینده کارەساتێکی لەخۆدا هەڵگرتبێ، دەشێ سازشێکی ترسنۆکانەش بێ، بەڵام هەمدیس دەشێ سەرکەوتن بێ بۆ هەناسەی ئەفرێنەر، بەم پێیە ئەم قۆناغە ئینتیقالییەمان قۆناغێکە تیایدا ژانی لەدایکبوونی شارستانییەتێک تەجروبە دەکەین کە لەتافی لەدایکبووندایە.

چ شتێک پێشوەخت ڕەها و بڕیاردراو نییە. بەم بەڵگەیە، هەر گەلێک، هەر تاکێک لەم زەمەنە مۆلەق و شێوەنە گرتووەدا بەرپرسیاریەتێکی گەورە، بەرپرسیارییەکی گەورەتر لەپێشووی لەسەرشانە، لەم قۆناغە مۆلەق و پڕ لە ئەگەرانەشدایە کە بەهای بەشداربوونی گەلێک یان تاکێک شتێکە لە پێوانە نایەت.

کەواتە ئەرکی ئێمە چییە؟ ئەرکی ئێمە ئەوەیە وردبینانە ئەو ساتەوەختە مێژووییە دیاری کەین کە تیایدا دەژین. هۆشیارانە توانا چکۆڵەکانمان لەشەڕێکی دیاریکراودا بخەینەگەڕ. هەر چەندێک لەگەڵ تەوژمی پێشڕەودا هاوئاهەنگ بین، هێندە دەتوانین یارمەتی ئینسان بدەین لەهەڵگژانی سەخت و نادڵنیا و خەتەرناکیدا ڕووەو ڕزگاری.

***

کاتێ سەردانەکەم کۆتایی پێ هێنا و چەند ڕۆژێک لە بوخارا مامەوە تا بحەوێمەوە، هەستم کرد دوای سەرما بێڕوحمەکەی سیبریا، دواجار هەتاوێکی دڵڕفێن بڕبڕەی پشت و ڕۆحم گەرم دادێنێ. تۆزێک بەر لە نیوەڕۆ گەیبووەمە ئەوێ. گەرمایەکی بەتین، بەڵام جاددەکان ئاوڕشێن کرابوون و هەوا بۆنی یاسەمینی لێ دەهات. موسوڵمانان بەمێزەرە ڕەنگاورەنگەکانی سەریانەوە لەژێر کەپرەکاندا دانیشتبوون و شەربەتیان هەڵدەقوڕاند، جحێڵانی قەڵەو بەکراسی قۆپچە ترازاوەوە لەسەر ئەسکەملێی بەرز لە چاخانەکاندا دانیشتبوون و گۆرانیی بەسۆزی خۆرهەڵاتییانەیان دەچڕی. بێ ئەندازە هەستم بەتینوێتی و برسێتی دەکرد، کاڵەکێکم کڕی و لەژێر سێبەری مزگەوتی (گوک قوببە)(*)ی بەنێوبانگدا دانیشتم. کاڵەکەکەم لەسە ئەژنۆ دانا و قاشم کرد و کەوتمە خواردنی، بۆن و شیرینییەکەی بۆ ناو ئێسکم ڕۆچوو، لە گوڵی ژاکاوی ئەریحا دەچوو، لە فێنکایی کاڵەکەکەدا غەرق بووم و گیانێکی تازەم تێ هاتەوە.

کیژێکی چکۆڵەی حەوت ساڵان بەبەردەممدا تێپەڕی، پرچەکانی هۆنیبۆوە و لەدواوە بەژمارەیەکی زۆر قردێلەی زۆر چکۆڵە پۆشرابوو کە سەدەف یان زەنگیانەی شین یاخود هیلالێکی چاوەزاری بەهەریەکێکیانەوە کردبوو. کاتێ ئەو کیژە بەبەردەممدا تێپەڕی، سمتی وەک سمتی ژنێک دەلەرییەوە و هەوا تژی بوو لەبۆنی میسک.

لای نیوەڕۆ، مەلای ڕیش سپی و مێزەری سەوز بەسەر ڕووەو ئاسمان دەستی نایە بن گوێچکەی و

(*) گوک وشەیەکی تورکییە، واتە شین.



ئەوجا بەدەنگێکی خۆش و جەهووری کەوتە بانگکردنی ئیمانداران بۆ نوێژ. لەو کاتەیدا مەلا بانگی دەدا، لەقلەقێک لەزەریاچەی ئەو هەوا گەرمەدا سەولّی لێدەدا و لەسەر قاچێک بەسەر نووکی منارەکەوە نیشتەوە.

دانیشتم، پڕاوپڕی گوێم دەمژنەفت و پڕاوپڕی چاوانم دەمبینی، لەزەتم دەبرد لە کاڵەکە بۆندار و شیرینتر لە هەنگوینەکە. بەختەوەرییەک دایگرتم، چاوانم لێکنا، بەڵام لەترسی ئەوەی نەبا خەوم لێ بکەوێ و تەواوی ئەم بەختەوەرییەم لەکیس بچێ، چاوانم کردنەوە. (ریجستان) گۆڕەپانی بەناوبانگی بوخارا لەبەردەممدا چۆڵ و هۆڵ. ڕۆژێک لەڕۆژان، هەموو بەهارانێک، لەسەر زەمینە موسوڵمان نشینەکانەوە زیارەتکارانی دێوانە دەڕژانە ئەم شارەوە و حەسەن و حوسەینیان دەلاواندەوە. قافڵەکانی داو و دەرمان، سێو، خورما و سۆزانیگەلی پیرۆز دەگەیشتن. جحێڵان بەسەر ئەسپی سپی و کۆتری سپی بەدەستەوە دەهاتن، سەریان تاشراو و خۆڵەمێش و کا لێدراو، لەدوای ئەوانەوە ئیماندارانی کفن پۆش و فێگرتوو کە شمشێریان دەدا لە کەللەی خۆیان تا خوێن بەسەر ڕیش و سمێڵ و کفنەکانیاندا چۆڕاوگەی دەبەست. چل ڕۆژ و چل شەو پرسەیان دەگرت و دەیانلاواندەوە: حەسەن! حوسەین! حەسەن! حوسەین! پاش ئەوە کە هێشتا تازیەدار و شەلاڵ لەخوێن بوون، لەژێر درەختە شکۆفەکردووەکاندا ڕادەکشان و سۆزانییە پیرۆزەکانیان لەخۆیان دەتاراند.

بەڵام گۆڕەپانی ریجستان، هەنووکە چۆڵ و هۆڵ و مزگەوتە سەیرە ڕەنگاوڕەنگەکەش نیوە وێران، ئیدی خەڵکەکە ببوونە تارمایی، کەڵەباب خوێندبووی و ئەوان ڕەویبوونەوە.

ئەرێ ئینسان ئەو هەموو شێتگیرییە مەلەکوتییە و ئەو هاتوبات و تازیەدارییەی ئاراستەی کێ دەکرد؟ چما مەبەست لەوە چ بوو؟

ڕۆحم لێوڕێژبوو لەتاڵوتفتی، ئیدی شەکەت بووم لەزیندووکردنەوەی مردووان، جا بۆ ئەوەی بتوانم بنووم و لێیان هەڵبێم، چاوانم لێکنا. خەونێکم دیت، لە خەونمدا، دوو لێوی پڕ لە ئاژاوە، دوو لێوی ژنانە، بەبێ ڕوخسار بەفەزاوە بوو، کەوتە جووڵە و دەنگێکم ژنەفت: "خواوەندی تۆ کێیە؟" بێ سێودوو وەڵامیم دایەوە: "بوزا!" بەڵام لێوەکە هەمدیس کەوتە جووڵە: "نا، نا، ئیپاپۆس!"

بەگوژمێک هەستامە سەرپێ، هەموو ئەو خەم و خەفەتەی کە لەسێ مانگ لەوەوبەرەوە لەتاریکاییەکانی زەینمدا لەجووڵەدابوو، ئاشکرابوو. دەرگای ناخم کرایەوە و بینیم، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، وەک ماری ناو دڕک لە ئازار و تەقەللادا بووم تا بتوانم کاژ فڕێدەم و کاژێکی نوێ بپۆشم. بێ ئەوەی بزانم بۆ، ئازارم دەکێشا. هەنووکە ئەم خەونەم بینیبوو: بوزا لە جلکی کۆندا و ئیپاپۆس لە جلکی نوێدا.

ئیپاپۆس، خواوەندی تەماس کە جەستەی بەلاوە باشترە لە تارمایی و وەک گورگی حەکایەتەکان بۆ تێرکردنی ورگی چاوەڕێی بەڵێنی ئەوانی تر نییە، نە متمانەی بەچاو هەیە و نە بەگوێ. گەرەکییەتی لەمس کات، دەست لە ئینسان و خاکەوە بدا، هەست بکات گەرمای ئەوانە ئامێتەی گەرمای جەستەی بووە، هەست بکا ئەوانەی لەگەڵدا یەکانگیر بوون، تەنانەت دەیەوێ ڕۆحیش بکاتە جەستە تا بتوانێ

دەستی لێوەبدا. خواوەندەک کە لەهەموو خواوەندەکانی تر زیاتر جێی متمانەیە و لە هەمووشیان کردەترە، ئەو خواوەندەی کە بەسەر ئەرزدا هەنگاودەنێ و ئەرزی خۆشدەوێ و ئارەزوو دەکا لەسەر شێوەی خۆی دروستی کاتەوە، ئەوە خواوەندی من بوو.

روسیا بێ قسە و بێ هاتوبات موجیزەی خۆی ئەنجام دابوو. وەک مارێک کە هێشتا کاژە نوێیەکەی گەشەی نەکردبێ، سەرمایەتی و دەخزێتە بەر هەتاو تا گەرمی بێتەوە، رۆحی منیش هەر وەک ئەو مارە خزابووە بەر هەتاوی نوێوە. کاتێ وەئاگا هاتمەوە، ئیدی ئەو کەسەی جاران نەبووم، چونکە پێشتر نەمدەزانی و هەنووکە دەمزانی. لێکدا لێکدا لەخۆم دەپرسی: ئاخر چۆناوچۆنی خەون دەتوانێ ژیانی ئینسان بگۆڕێ؟ منیش وەڵامیم دایەوە: ناتوانێ! بەڵکو تەنها رایدەگەیەنێ کە گۆڕانێک بەڕێوەیە!

ئەرێ ئینسان هەوڵە شێتگیرەکانی ئاراستەی چ شتێ دەکات؟ ئامانجی چییە؟ جاران زەردەخەنەیەکم دەهاتێ و وەڵامم دەدایەوە: زنجیرەیەک وەهم. دونیا بوونی نییە، زوڵم و برسێتی و شادومانی و خەم و هەوڵ هیچیان نین، هەموو شتێ تارماییە و بەفوویەک دەڕەونەوە!

بەڵام ئەلعان، لێوڕێژ لە ئارامی بەگوژمێک هەستاومەتە سەر پێ. تاریکی خەریکە شان لەسەر گۆڕەپانی ریجستان دادەدا. سەرم هەڵبڕی: مەبەست چییە؟ مەپرسە! کەس نازانێ، تەنانەت خواوەندیش نازانێ، ئاخر چونکە ئەویش لەگەڵ ئێمەدا دەچێتە پێش، ئەویش لەگەڕاندایە و ژیانیشی وا لە خەتەردا، ئەویش خۆی بۆ بەرخۆدان سازداوە، برسێتی و زوڵم وان لە دڵدا، ئاپۆرەیەک تاریکیشی تێدایە، ئەو شتانەشی دەیانبینی تارمایی نین، هەرچەندێکیش فوو بکەیت، نارەونەوە، ئەوانە گۆشت و ئێسکن، دەستیان تێوەدە، بوونیان هەیە، ئەدی مەگەر هاوارێک لە فەزادا نابیەیت؟ ئەوانە هاوار دەکەن. هاواری چ دەکەن؟ یارمەتی. ئەی هاواری کێ دەکەن؟ هاواری تۆ. هاواری هەموو ئینسانێک. هەستە سەرپێ! ئەرکی ئێمە پرسیارکردن نییە، ئەرکی ئێمە دەسخستنە نێو دەستی یەکتر و هەڵگژانە بەرەو میعراج!

***

لە کۆتایی ئەو سێ مانگەدا، کاتێ لە گەڕانەوەمدا بۆ گریکستان هەمدیس لە بەرلین و پاشان لە ڤێنا لام دا، دونیا گۆڕابوو. نا، دونیا نا، بەڵکو چاوانی من. سەماگەلی برۆنزی، مۆسیکی مۆدێرنی وەحشییانە، ژنان و پیاوانی رەنگ و کرێم لەخۆداو، زەردەخەنەی بڕندە و سووکایەتی پێکەر، هەوەسی ئاڵتوون و ماچ، تەواوی ئەو شتانەی کە پێشتر بەلامەوە سەیر و ورووژێنەر بوون، هەنووکە مایەی ترس و دڵ تێکەڵاتنم بوون. دەمبینی ئەوانە پەیکگەلی شوومی مەرگ بوون، بۆنێکی ناخۆش لە هەوادا بڵاوببۆوە و پێدەچوو دونیا بگەنێ – هەڵبەت سەدوم و عامورەش هەمان بۆنی گەنیویان هەبوو.

(بۆمبای)یش بەر لەوەی ببێتە خۆڵەمێش ئاوها بۆنێکی لێ هاتووە. شەوێکیان بەشەقامە رووناکەکانی ڤێنادا دەڕۆیشتم کە جمەی دەهات لە ژن و پێکەنین، هەستم کرد کوتوپڕ هەمدیس شاری بەنەفرەت بوو لەزەینمدا وەدیار دەکەوێتەوە. یەکەمین جار کە (بۆمبای)یم بینی، زۆر جحێڵ بووم و ئەوکات نەمدەتوانی ئەو پەیامە وەدۆزم کە بۆ ئێمەی پێ بوو، لە دوویشی نەگەڕام، ئاخر ئەوکات



بەئەقڵمدا نەدەهات کە دەشێ رۆژێک لە رۆژان چارەنووسی بۆمبای ببێتە چارەنووسی ئێمە. ئەوکات دونیا هێشتا لەپێش چاوانمدا تۆکمە و پتەو، خۆی بەشانی مەسیحەوە گرتبوو. بەڵام هەنووکە؟ بڕیارم دا لە گەڕانەوەدا جارێکی تر بۆمبای ببینم.

ئاسمان کەمێک هەور بوو، گژوگیای بەهاری بەر دەرگا و حەوشەکانی پۆشیبوو. شەقامەکان چۆڵ و هۆڵ و جێ مەیل و ئارەزووی من بوون، بەتاقی تەنێ و بەفیکەکێشانەوە لە شاری چۆڵدا کەوتمە پیاسە.

خانووەکان بێ دەرگا و بێ خاوەن لەسەر پشت بوون، مەیخانەکان، پەرستگەکان، شانۆ و حەمامەکان هەموو چۆڵ، بەڵام هێشتا وێنەی سەماکەری رووت و فریشتەکانی ئەڤین، بەنیگای گێلانەوە، وێنەی کەڵەباب و سەگ و وێنەی ئابڕووبەری پەیوەندیی سێکسی نێوان ئینسان و ئاژەڵان، بەرەنگێکی تاریک بەسەر دیوارەکانەوە مابوو.

لەناکاوێکڕا دەنگێک لەگوێما زرنگایەوە: (ئومێدەوارم خودا گوڕی ئەوەم بداتێ لە پاریس و لەندەن بەرێگەدا بڕۆم و لەگەڵ هاوڕێیاندا بەڕووسی بئاخڤم!) لەرز دایگرتم، تەزووی نوقڵانەیەکی ترسناک بەبڕبڕەی پشتما تێپەڕی.

ئەمبارەکانی بۆمبای پڕ، ژنەکانی برۆنزی، نەزۆک و تازە حەمامکردوو، پیاوەکانی بێ باوەڕ، شەکەت و گاڵتەجاڕ، تەواوی خواوەندەکانی نکوڵیکەری خواوەند – گریکستانی، ئاسیایی، ئەفریقایی – لەوێدا جمەیان دەهات و وەک گەلەیەک کۆببوونەوە و ناپاکی بەشێوەیەکی یەکسان دابەش کرابوو. فێڵبازانە پێدەکەنین و ئینسان و دیارییەکانیان دابەش دەکرد، تەواوی شار لای بورکانی (فیۆ)وە لەسەر پشت راکشاو و بێ باکانە لە قاقای پێکەنیندابوو.

چوومە سەر بەرزاییەک و تەماشام کرد. هەنووکە پاش ئەو هەمووساڵ و ئەو هەموو بەرخۆدانە گەورانە تێگەیشتم. پیرۆز بێ ئەم شارە گوناهکارە بۆ هێنانی ئەم پەیامەی کە دونیا هەمووی (بۆمبای)ە تاوێک بەر لە بورکان. ئاخر کەڵکی ئاوها دونیایەک چییە بەژنانی برۆنزی و پیاوانی بێ باوەڕ و بەناپاکی و نەخۆشی و زوڵم و زۆری؟ بۆچی ئەو هەموو بازرگانە فێڵباز و خوێڕییە مرۆخۆر و قەشە خواوەندفرۆش و بۆچی ئەم هەموو گەواد و خەسیوانە دەژین؟

بۆچی دەبێ تەواوی ئەم منداڵانە گەورە بن و لە مەیخانە و کارخانەکاندا جێی باوکانیان بگرنەوە؟ تەواوی ئەم ماددەیە لەبەردەم تێپەڕینی رۆحدا دەبێتە لەمپەر. تەواوی رۆحێک کە ئەم دونیایە رۆژێک لەرۆژان هەیبوو، لەخوڵقاندنی شارستانییەتێکی پرشنگداردا، لە فیکر و ئایین و هونەر و پیشە و زانست و دەسکەوتدا خەرجی کرد. ئەم دونیایە هەنووکە گوڕ و هێزی چۆڕبڕ بووە، دەی با هەمەجییەکان بێن و ئەم رێگە نوێیە بکەنەوە و گوزەرگەیەکی تر بۆ رۆح بکەنەوە.

ژمارەیەکی هێجگار زۆر لە خەڵکانی چەوساوە و برسی دەبینم خزمەتی مێزی پڕ خۆراکی خەڵکانێک دەکەن کە هێندەیان خواردووە و هێندەیان خواردۆتەوە خەریکە دەترەکێن. خەون لەو کەسانەدا دەورووژێ کە هێرشەکە دەکەن. بەڵام ئەوانی تر، دانیشتووان، کوتوپڕ هاتوبات دەبیەن و ئاوڕدەدەنەوە. لەسەرەتادا پێدەکەنن، بەڵام پاشان رەنگیان دەپەڕێ، بەنیگەرانی سەر دادەگرن و تێدەگەن. تێدەگەن کە کۆیلە و

خزمەتچییەکان، جوتیار و کرێکار و پێ پەتییان شۆڕشیان هەڵایساندووە. ساتەوەختی پیرۆز! مەزنترین دەسکەوتەکانی فیکر و هونەر و کار، لەمیانەی زەمەنەکانی هەڵگژانە پڕ مەترسییەکانی ئینساندا وەدی هاتوون.

گەورەپیاوان بۆ بەرەنگاری لەدەوری یەکدی کۆدەبنەوە، بەرەنگاریی دەنوێنن، بەڵام تەواوی هێزی جووڵەی سەردەمی ئێمە لەدژیانە، ئەوانە خواردوویانە و خواردوویانەتەوە و شارستانییەتیان رۆناوە و هێز و توانایان چۆڕبڕ بووە، ئیدی ساتەوەختی وەدیهێنانی دوا شێوازی وەزیفەیانە: دەبێ مەحف بن!

هەر کە سفرەی نوێ راخرا و خۆراکی لەسەر دانرا، کۆیلەکان وردە وردە ڕووەو قەڵەوبوون دەچن و ئیدی لە حەژمەت تێری دەترەکێن، جەماوەرێگی زۆرلێکراوی تر لە خاکەوە سەر دەردێنێ و برسێتی و خەون، هەردوو ژەنەراڵەکەی رۆح لەگەڵیاندا، هەمدیس رێگە شەق دەکرێ. ئیدی ئەم ریتمە، بەبێ وچان تا ئەبەد درێژەی دەبێ.

ئەمە یاسایە، تەنێ لەم رێگەیەوەیە ژیان دەتوانێ خۆی تازەکاتەوە و بەرەو پێش بچێ. تەواوی ئەندامە زیندووەکان (فیکر و شارستانییەتەکان ئەندامی زیندوون) هەست بەم پێداویستییە ناوەکییە بەگوڕمە دەکەن، لەودیو ئەوەوە ئەم ئەرکە هەست پێدەکەن کە لە دەوروبەری خۆ و بەبێ تواناای خۆ وەری گرن و هەزمی کەن و گەر توانیان حوکمی دونیاکەن. ئاخر فیکری نوێ برسیترین و دزێوترین وەحشە.

بەڵام لەهەمان کاتدا، یاسایەکی تر دەکەوێتە کار: یاسایەکی بێبەزەیی کە هەرچەندێک ئەندامی زیندوو وەزیفەی خۆی لەپاوانخوازی و فەرمانڕەوایی کردندا بەئەنجام بگەیەنێ، بەهەمان رادە و زیاتریش لەهەڵدێرانی نێزیک دەبێتەوە. دەشێ غروور تاقە گوناهێک بێ کە هاوسەنگیی جیهانی بەگوناهێکی گەورە دادەنێ و نایبەخشێ. کاملبوونی دەسەڵاتی ئەندامێک، وێرانبوونی حەتمیی ئەو ئەندامەی لێ دەکەوێتەوە.

ئەم حەقیقەتە پەی پێ نەبراوەش هەیە: تەواوێک بەهۆی ئەوەوە کە ئەندامی زیندوو ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە، نابووت دەبێ. خۆ گەر ئەرکەکەی نەگەیەنێتە کۆتایی، کاتێکی زیاتر درێژە بەژیان دەدا، بەبێ ئەوەی ببێتە ئەزیەت بۆ خەڵکانی تر و بێ ئەوەش کە خەڵکانی تر ببنە مایەی نەفرەت بۆ ئەم.

وا پێدەچێ ئەم ئەرکە رووخێنەرە لە دڵی هەر ئەندامێکی زیندوودا شاراوە بێ تا ئەو کاتەی ئیشی خۆی تەواو و بێ کەموکوڕی بەئەنجام دەگەیەنێ، یارمەتی دەدا لەدیارنەماندا تا نەبا لەمپەر لەبەردەم ئەندامێکی زیندووی تردا کە دەستی ناڕەزایی هەڵبڕیوە و ئەمیش گەرەکییەتی بەنۆرەی خۆی حوکمی دونیا بکات. پێدەچێ چالاکییەکی مەزن و رووخێنەر لەهەموو گەردیلەیەک لە گەردیلەکانی ژیاندا هەبێ، وەک بڵێیی هەموو گەردیلەیەک جەسارەتی ژیانی لەشێوە سەراپاگیرییەکەیدا هەبێ و لە هەر رووبەڕوو بوونەوەیەکدا ئامادەی تەقینەوە بێ. ژیان لەم رێگەیەوە پەرۆشییە ناوەکییەکانی خۆی ئازاد دەکا و بەرەو پێشەوە دەچێ.

ئەم یاسایە لە سەرەتاوە زاڵمانە خۆ دەنوێنێ و تووڕەمان دەکا، بەڵام گەر دانەوینەوە و وردتر بنۆڕین، ئەوا لێورێژ دەبین لەستایش، بەبەرەکەتی ئەم یاسایە هێزی وەحشیی قودرەتی باڵای خۆی لەدەس دەدا،



ئینسانی بەدەسەڵات ئیدی دەسبەرداری لەخۆباییبوون دەبێ، چونکە لەکاتێکدا ئەم یاسایە هاوئاهەنگیی وی هان دەدا دەسەڵاتی خۆی تا دواسنوور بەکاربێنێ، لەلایەکی ترەوە وەبیری دێنێتەوە کە هەر ساتێک لەخزمەت بە(هەموو)دا بەرەوپێش دەچێ، بەرەو فەنابوونی خۆی بەرەو پێشەوە دەچێ.

رابەرە بۆڵشەویکەکان ئەمە نازانن و ناشبێ بیزانن، چارەنووس چاویانی بەستۆتەوە تا نەهێڵێ بزانن کوێوە دەچن، ئاخر گەر ببینن ئەوا تێن و تاویان دادەمرکێ.

ئەز دەجەنگم تا تەواوی بازنەی چالاکیی ئینسان بەوپەڕی توانامەوە لەپێوەبدەم، تا پێشبینیی بکەم کە کام (با)یە هەموو ئەم شەپۆڵە ئینسانییانە بەرەو ژوور رادەماڵێ. بەسەر ئەو سەردەمەدا دادێمەوە کە تییایدا دەژیم– ئەو هیلالە ورد و هەست پێ نەکراوەی کە بازنەیەکی بەرفەراوانی هەیە. هەوڵ دەدەم لە ئەرکی ئەمڕۆ گۆشەنیگایەکی رووناک بەدەس بێنم، دەشێ ئەمە تاقە رێگەیەک بێ کە ئینسان لێیەوە دەتوانێ شتێکی نەمر لە ساتەوەختی تێپەڕی ژیانی هەڵگرێتەوە. نەمر لەبەر ئەوەی هاوئاهەنگە لەگەڵ ریتمی نەمر.

بەقووڵی هەست بەوە دەکەم کە ئینسان بەخۆسپاردنی بەهەوڵ، لە کانزاوە بۆ رووەک و لە رووەکەوە بۆ ئاژەڵ و لە ئاژەڵەوە بۆ ئینسان هەڵدەگژێ و پاشان لە پێناوی ئازادیدا تێدەکۆشێ. ئاخر تێکۆشەر لەهەر سەردەمێکی چارەنووسسازدا قەڵافەتێکی نوێ لەخۆدەگرێ. ئەمڕۆ رابەری پرۆلیتاریای راپەڕیو، داوای داد و بەختەوەری و ئازادی دەکات، دروشم دەداتە هاوڕێکانی و هانیان دەدات، کەچی چ کەسێک ئەو نهێنییە ترسناکەی لانییە کە داد و بەختەوەری و ئازادیی زیاتر و زیاتر دوور دەکەونەوە.

گەلێک شیاو و بەبەهایە گەر هەموو ئەو کەسانەی لە پێناو ئامانجێکدا دەجەنگن، باوەڕیان بەگەیشتنیان بەو ئامانجە هەبێ و بزانن هەر بەگەیشتنیان، بەختەوەری سەرانسەری دونیا دادەپۆشێ. لەم رێگەیەوە رۆح دڵێکی بەهێز دەبینێتەوە و لەپێناو هەڵگژانی بێ کۆتاییدا ئازایەتی دەیگرێ، مەسەلەکە تەواوێک لەوە دەچێ کە عارەبانچییەک گورزێک ئاڵف لەبەردەم ئەسپەکەیدا دانێ، ئەسپەکەش لەکاتی راکێشانی عارەبانە قورسەکەدا، مل درێژ دەکا و هەوڵ دەدا چڵێکی لێ بخوا، بەڵام ئاڵفەکە زیاتر لێیی دوور دەکەوێتەوە، ئەسپەکە لە هەوڵی گەیشتن بەئاڵفەکەدا بەرەو پێش دەچێ و بەرەو لووتکە هەڵدەگژێ.

ستایشێکی قووڵ باڵی بەسەر بوونمدا کێشاوە، لەنێو ئەم ئاپۆرەی تاریکییانەدا، (هاواری نادیار) بەئاشکرا دەبینم کە هەڵدەگژێ و سیخورمەش لەمرۆڤایەتی دەژەنێ تا لەگەڵیدا هەڵگژێ. گەر لەسەردەمێکی تردا ژیابام، ئەوا ئەم هاوارەم لەنێو ئاپۆرەی بەگزادە و هاوڵاتییان و پیشەوەران و بازرگانانی راپەڕیودا دەبینی و دەبوومە هاوپەیمانیان. ئاخر ئینسانەکان کەوتوونەتە داوی شاڵێوێکەوە لەخۆیان بەهێزترە، شاڵاوێک کە بەرەو سەرێیان راپێچ دەکا و هەر کاتێ شەکەتیش بوون، جێیان دێڵێ و رووەدەکاتە کەرەستەیەکی خاوی تر کە هێشتا هێز و گوڕی خۆی لەدەس نەداوە.

ئەرکی ئێمەیە لەسەردەمی خۆماندا شوێنپێی ئەم هێرشە جاویدانییە هەڵگرین و کۆمەکی کەین و هاوکاری بین. ئەوڕۆ زۆر لەکۆیلە و برسییان بەداوەوە بوون، ئەوڕۆ زۆریان کەرەستەی خاون، جەماوەر ناتوانێ لەم شاڵاوە بێبەزەییییە بگات، بەگوێرەی زەینی چکۆڵە و هاوگونجاو لەگەڵ خواستە

رۆژانەییەکاندا، ناوی بچووک بچووکیان لەو شالاوە ناوە.

ناوی بەختەوەری، یەکسانی و ئاشتییان بەسەردا بڕیوە. بەڵام (تێکۆشەری نادیار) ئەم وەهمە فریودەرانەی کە جەماوەر دڵی خۆیانی پێ خۆش دەکەن، جێ دێڵێ و توند و بێبەزەیییانە دەجەنگێ تا لە ئەقڵ و جەستەکان تێپەڕێنێ و لە تەواوی هاوارەکانی تووڕەیی و برسێتی، پەیامی ئازادی بئافەرێنێ.

دانەوینەوە و روانین بێ ئەندازە ترسناکە، دەشێ ئەوە زەندەقت بەرێ، لەبەر ئەوەی پەی بەنهێنییەکی ترسناک دەبەیت: نهێنیی ئەوەی (تێکۆشەر) ئینسانی پێ گرنگ نییە، بەڵکو بڵێسەی پێ گرنگە کە ئاگر لە ئینسانەکان بەردەدا. ئاخر رێڕەوتی وی هێڵێکی سوورە کە کەللەسەری ئینسانەکان وەک دەنکە تەسبیح کون دەکات. دەی من شوێنپێی ئەو هێڵە سوورە هەڵدەگرم، لەمیانەی تەواوی شتەکانی دونیادا، تەنێ ئەم هێڵە سوورەیە جێگەی گرنگیی پێدانمە، گەرچی هەستیش دەکەم بەکەللەسەرمدا رەت دەبێ و کونی دەکا و دەیشکێنێ. بەئیرادەی ئازادانەی خۆم ناچاریی قەبووڵ دەکەم.

بەڵام وا باشترە لە سنوورگەلی ئینسانیدا راوەستین، تەنێ لەنێو ئەم سنوورانەدایە دەتوانین کارکەین و ئەرکی خۆمان ئەنجام دەین. باشترە ئەولاوەتر نەچین چونکە دەگەینە لێوار و خەرەندیش لەوێدا دەمی داپچڕیوە. دەبێ لەوێدا تژیی بین لەترس. بوزا، ئەو جادووگەرە مەزنە، ئەوەی کە بەفوویەک دونیا دەڕەوێنێتەوە، بەزەردەخەنە رقاوییەکەیەوە لەسەر لێواری هەڵدێر راوەستاوە، بەڵام ئێمە نامانەوێ دونیا دیارنەمێنێ، هەمدیس ناشمانەوێ مەسیح دونیا بەکۆڵییەوە بگرێ و بۆ ئاسمانی بگوێزێتەوە، بەڵکو دەمانەوێ دونیا بژی و لێرە لەگەڵماندا تێبکۆشێ. ئێمە دونیامان خۆشدەوێ، تەواوێک وەک گۆزەگەرێک کە گۆزەکانی خۆشدەوێ و حەزی پێیانە، ئاخر چ کەرەستەیەکی تر شک نابەین ئیشی پێ بکەین، بەسەر ئەم هەراوزەنا و هاتوباتەوە، چ کێڵگەیەکی تر شک نابەین تۆوی کەین و دواتر بکەوینە درەوی.

## قەوقاز

هێشتا لە ئیتاڵیا بووم، برووسکەیەکم لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییەوە لەئەسینا بەدەست گەیشت کە تیایدا داوام لێ کرابوو گەر قایل بم بەوەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ئەو وەزارەتە، ئەوا دەبێ بەسەفەرێکی تایبەت بچمە قەوقاز، بچمە ئەو شوێنەی لەوێ سەدان هەزار گریکستانی لە خەتەردا بوون. دەبوو رێگەیەکم بینیبایەتەوە بۆ گواستنەوەی ئەو خەڵکانە بۆ گریکستان و رزگارکردنیان.

ئەوە یەکەمین جار بوو لەژیانمدا دەرفەتێکی لەو چەشنەم بۆ دەڕەخسا کە لەبری ململانێی لەوە زیاتر لەگەڵ تیۆر و فیکر و مەسیحگەل و بوزاگەلدا، قۆڵی ئیشکردنی لەگەڵ خەڵکانی زیندووی لە گۆشت و خوێن خولڵقاودا لێ هەڵماڵم. خەنی بووم، ئاخر ئیدی لەو شەڕە بۆکسە وەهمییە شەکەت ببووم، شەکەت ببووم لەم شوێنە و شوێنکردن بەکۆڵێک پرسیار و گەڕان بەدوای وەڵامەکانیاندا. پرسیارەکان هەمیشە خۆیان نێزیک دەکردەوە و وەڵامەکانیش هەردەم جێگۆڕکێیان بوو، پرسیار لەسەر پرسیار، مار لەسەر مار کەڵەکە ببوون و دەستیان نابووە بینم، ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو بزانم چما ئایا کار، کاتێ بەشمشێرەکەی



گرێ کوێرەکانی ژیان دەکاتەوە، دەتوانێ بەتەنێ وەڵامێک بداتەوە.

هۆیەکی تریش کە هانی دام ئەو مەئمورییەتەم قەبووڵ بێ، دڵسووتانی هەمیشەییم بوو بەگەلە لەخاچدراوەکەم، ئەو گەلەی کە هەمدیس لەچیاکانی پرۆمیسیۆس، لە قەوقاز لە خەتەردا دەژیا. هەمدیس (دەوڵەت) و (زەبروزەنگ) بزماریان بەجەستەی پرۆمیسیۆس، نا، بەڵکو بەجەستەی هەموو گریکستاندا دادەکوتی و لە چیاکانی گریکستاندا لە خاچیان دەدا. ئەمە خاچی گریکستان بوو، هاواری دەکرد، هاواری بۆ خودا نەدەبرد، بەڵکو هاواری بۆ ئینسان و رۆڵەکانی دەبرد رزگاری کەن. بەم پێیە، بۆ یەکانگیرکردنی کارەساتەکانی ئەمڕۆ لەگەڵ ئازارە نەمرەکانی گریکستاندا، بۆ بەرزکردنەوەی هەوراز و نشێوە تراژیدییە هاوچەرخەکان تا ئاستی هێماکان، ئەو مەئمورییەتەم قەبووڵ کرد.

ئیتاڵیام جێ هێشت و لە ئەسینا لام دا. (دە) کەسم هەڵبژارد کە زۆربەیان کریتیی بوون و پێکەوە بەرەو قەوقاز کەوتینە رێ تا رێگەیەک بۆ رزگارکردنی ئەو هەزارەها گریکستانییە بدۆزینەوە. لەباشوور کوردەکان هەر گریکستانییەکیان گرتبا ناڵیان بەپێیدا دادەکوتی، لەباکوور بەڵشەویکەکان بەئاگر و تەورەوە بۆیان دابەزیبوون، گریکیگەلی خەڵکی باتوم و سوخومیی و تیفلیس و قارس، رووت و برسی و نەخۆش لەو ناوەندەدا گیرۆدە ببوون و چاوەڕێی مەرگیان دەکرد و تا دەهات تەوقی نێو ملیان زیاتر دەهاتەوەیەک. هەمدیس دەوڵەت لەلایەکەوە راوەستاو و زەبر و زەنگیش لە لایەکی تر -هاوپەیمانانی ئەزەلی-.

چ خۆشە رۆیشتن بۆ ئامانجێکی سەخت و هاوکارانی چالاک و دڵسۆز بەدەوری خۆتەوە ببینیت. کەناری گریکستانمان بەجێ هێشت، بەیانییەکیان کۆستەنتینییە لە ئاسۆوە بەڕەنگێکی کاڵ وەدیارکەوت.

بارانێکی خۆش دەباری، منارەگەلی سپی و دارسەرووگەلی رەش، وەک ئەستوونگەی شارێکی غەرقبوو تەمتومانیان شەقار دەکرد. قەدیس سۆفیا، کۆشکەکان و دیوارە نیوە وێرانەکانی ئیمپراتۆری، لەبارانی هێور و نائومێدیدا بزر ببوون. هەمووان لەپێشی کەشتییەکەدا کۆببووینەوە و هەوڵمان دەدا روانینمان تەمتومانە چڕەکە ببڕێ تا ببینین.

یەکێ لەهاوکارەکانم گوتی: "لەعنەتی لێ بێ! قەحپەیە لەگەڵ تورکا دەنوێ!" وای گوت و چاوانی پڕ بوون لە فرمێسک.

ئەوی تر بەچرپەوە گوتی: "رۆژێ دێ دەبێتەوە بەهی خۆمان!"

بەڵام دڵم چ خورپەی نەکرد، گەر لە هەلومەرجێکی تردا بەم ئاوە ئەفسانەیییەدا تێپەڕیبام، ئەوا زەینم بەحەکایەت و گۆرانیی میللی و ئارەزووە بەتین و تاوەکان کڵپەی دەسەند و هەستم بەفرمێسکی درشت و گەرم دەکرد کە لە پەیکەرەکەی مەریەمی پاکیژەوە دەڕژایە نێو لەپی دەستم. بەڵام لەم رۆژەدا، تەواوی ئەو شارە ئەفسانەیییەم وەک وێنەی ئارەزوویەکی دوور دوور، وەک مەخلوقێک لە تەمومژ و خەیاڵدا دەهاتە پێش چاو.

ماوەی دوو رۆژ، لەدوورەوە لەکۆستەنتینییەمان دەنۆڕی و چاوەڕێ بووین زەریا هێور بێتەوە و بەڕێ کەوین، خۆشحاڵ بووم لەوەی باران لێ نەدەگەڕا ئەو شارە ببینم، خۆشحاڵ بووم کە پاسەوانە کەتە

تورکەکان ڕێگەیان نەداین لە کەشتییەکە دابەزین و پێ بنێینە ئەو ئەرزە پیرۆزە تەتریک کراوەوە. ئاخر ئەوانە هەمووی لەگەڵ روخساری خەمین و مۆنیی رۆح و دڵی نەدی و بدیی گێلم هاوئاهەنگ بوون کە نەیدەویست ئازارەکانی بخاتە روو.

باران بەخوڕتر و کۆستەنتینییەش تا دەهات نوقوومتر دەبوو، بەڵام پاشان زەریا رەنگێکی سەوزی رووناکی پۆشی و شەپۆڵەکان وردەوردە هێوربوونەوە و ئیدی لەبەیانی رۆژی سێیەما بەرێ کەوتین. بە(بسفۆڕ)دا رەت بووین، باخە چڕەکان تا دەهات پەرتتر دەبوون و خانووەکانیش کەمتر، کەنارەکانی ئەوروپا لەلای راستمانەوە و کەنارەکانی ئاسیا لەلای چەپمانەوە سیمایەکی وەحشیتریان بەخۆوەگرت. چووینە زەریای ترسناکی رەشەوە، هەمدیس بایەکی توند هەڵی کرد، بۆنی زەریای سوێرمان بەسەردا هات، شەپۆڵەکان بەرەو پێشەوە گوژمیان دەدا و کەفچڕێنانە خۆیان کەوانەیی دەکردەوە و وەکی ئەسپە سپییەکانی هۆمەر نەعرەتەیان دەکێشا. لەژوورەکەمدا کۆبووینەوە، لەبارەی گریکستانەوە دواین – گریکستانی نەمر و گورز لێدراو و خاوەن هەزارەها برین – لەبارەی ئەو ئەرکەوە دواین کە بۆی هاتبووین تا پاشان شەرمەزاری نەبین.

لێرەدا چ مەبەستم نییە نشێو و هەورازەکانی ئەرکەکەمان تۆمارکەم. خۆم و هاوکارەکانم مانگێکمان بەسەردانی ئەو شار و گوندانەوە بەسەربرد کە گریکییەکان تیایاندا پەرتەوازە ببوون، بەگورجستاندا تێپەڕین و چووینە ئەرمەنستان. لەهەمان ئەو رۆژانەدا، کوردەکان هەمدیس گریکییەکانیان – ئەمجارە سێ کەس – دەسگیر کردبوو، پاشان وەک بارگیرناڵیان بەپێیاندا داکوتیبوو، نزیکی قارس ببوونەوە، شەو و رۆژ گرمەی تۆپەکانیانمان دەژنەفت.

گوتم: "دەبێ یەکێکمان لە قارس بمێنێتەوە و وەک سەرگەورەیەک هەموو گریکییەکان– بەپیاو و ژن و مناڵ و مەڕ و ماڵات و کەلوپەلەکانیانەوە– کۆکاتەوە و بۆ بەندەری (باتوم)یان بگوێزێتەوە. من لەم بارەیەوە راپۆرتم نووسیوە و داوام کردووە کەشتی بەباری خۆراک و جلک و داودەرمانەوە بنێردرێ و کەشتییەکانیش لەکاتی گەڕانەوەیاندا ئەو خەڵکە هەڵگرن. کێ دەیەوێ لەقارس بمێنێتەوە و ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ؟ پێویستە چ هەڵەیەک روونەدا، ئاخر ئەرکی ئەو کەسەی دەمێنێتەوە، ئەرکێکی خەتەرە!"

ریش سپییانی گریکیی خەڵکی قارس لە دەورمان کۆببوونەوە و گوێیان بۆ قسەکانمان رادێرابوو. هەر (دە) هاوکارەکەم هاتنە پێشێ، هەموو دەیانویست بمێننەوە، ئازاترینیانم هەڵبژارد، وی هاوپۆلێکی دێرینم بوو کە لە جەنگەکانی پێشوودا بریندار ببوو، کەسێکی ئازا بوو، تژیی بوو لە سەرچڵی و بێ باکی، حەزی بەبەرەنگاربوونەوەی خەتەر بوو.

گوتم: "هیراکلیس تۆ بمێنەرەوە، هیوادارم خواوەندی گریکستان پشت و پەنات بێ."

بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە: "گەر مردم گەردنم ئازاکەن، ب پاداشتی خێرتان بداتەوە!"

تۆقەمان لەگەڵ کرد و جیابووینەوە. دوای چەند هەفتەیەک، تۆز و خۆڵاویی، رەشداگەڕاو وەک خەڵووز و جلک دڕاو، لەباتوم سەر و کەللەی پەیدابۆوە. لەپێشەوە دەڕۆیشت و لەدواشییەوە سوپایەکی گەورە لەگریکییەکانی قارس بەگایەل و ئەسپ و کەلوپەلەکانیانەوە، قەشەش لەناوەڕاستا بەئینجیلە بەرگ



زیوییەکانەوە کە لە کلێساوە هێنابوونی، پیرەمێردان پەیکەرگەلی پیرۆزیان لەبن هەنگڵ نابوو. ئاخر ئەوانە رەگوڕیشەی خۆیان هەڵکێشاو و دواجار روویان دەکردە گریکستانی ئازاد تا لەوێ رەگی نوێ بەخاکدا داکوتن.

لەو ماوەیەدا ئێمەیش هەموو گریکییەکانی گورجستانمان کۆکردبۆوە، بەیانییەک گوێم لەهاوار و هوتافی شادی و تەقوتۆقی تفەنگ بوو، بەرەو بەندەر رامکرد، یەکەمین کەشتیی گریکستانی بۆ گواستنەوەیان گەیشتبوو.

چ بەرخۆدانێکی سەخت بوو! لەتاو شەکەتی و دردۆنگی و بێ خەوی باریک و بنێس ببووین، جارناجار دزە سەرنجێکی خێرام دەگرتە چیای وەحشی و ئەفسانەیی و دەشتی ئارام و خەڵکانی میهرەبانی ئێرە بەچاوانی گەورە و خۆرهەڵاتییانە و شیرینیی سەرکەش و رۆحی خەنی و بێ پەروایانەوە. ئەوانە دەیانخواردەوە و سەمایان دەکرد و ماچیان دەکرد و بەویقارێکی مەزنەوە وەک مێرووی رەنگاوڕەنگ یەکتریان دەکوشت.

لەگەڵ ئەوەدا کە دەرفەتم نەبوو، خۆیشم حەزم نەدەکرد فیکرم لەسەر ئەو ئەرکە گەورەیەی کە لەپێناویدا هاتبووم، بەلایەکی تردا وەرگێڕم. پیاوان و ژنان و مناڵانی چکۆڵەی برسی و نائومێدم دەبینی دەورەیان دابووم و چاویان لە چاوانم بڕیبوو – چاوەڕێ بوون رزگارییان بۆ بێنم. ئیدی چۆناوچۆنیی دەمتوانیی خیانەتیان لێبکەم؟ هەردەم پێم دەگوتن: "براییینە مەترسن، چارەنووسی هەموومان بەیەکەوە گرێ دراوە، لەگەڵ ئێوەدا یان رزگاردەبم یاخود تیادەچم!" هەندێ جار لەبارەی گەلە ستەم دیدەکەمانەوە بۆیان دەدووام، لەبارەی ئەو گەلەوە کە چەندین سەدە بەدڕندە و برسێتی و هەژاری و بوومەلەرزە و ناکۆکی گەمارۆ درابوو، ئاخر ئەو هێزانە ویستوویانە گریکستان بسڕنەوە، بەڵام وی هەر نەمر بووە، بنۆڕن چۆن هەزارەها ساڵ ژیاوە و نەشونومای کردووە. ئەو خەڵکە بەسەزمانانە بەم جۆرە، بەبەرجەستەکردنی گریکستان لەزەینیاندا توانیویانە بەرگە بگرن.

تەنێ یەک ئێوارەبوو کە بەسەر لێواری خیانەتکردن لێیان گیرسامەوە. وا بەشەرمەوە دەکەومە گێڕانەوەی: ئێوارەی رۆژێکیان لە کەناری زەریا لە باتوم، لە باخێکی دلڕفێن کە ئەرزەکەی چەوڕێژکراو و دەوراندەورەکەی بەدار حەیزەران پەرژینکراو و گوڵی سوور و شەپۆڵاوی لەسەر پشکوتبوو. ئەو رۆژانە، دڵەڕاوکێیەکی قورس گینگڵی پێدەدام، چ خەبەرێک لە کەشتی زیادە نەبوو، چما دەهات یان نا؟ چما هەموو ئەم رۆحانەی لەئەستۆم بوون رزگاریان دەبوو یان نا؟ چەند رۆژێک لەوەوبەر بە (جۆرجیانا باربارا نیکۆلایفنا) ئاشنا ببووم و ئێوارەی ئەو رۆژەش بۆ باخەکەی خۆی داوەتی کردبووم، چونکە دەیزانی لە چ وەزعێکدام و دڵی پێم سووتا. باربارا شۆخترین ژنێک بوو لە ژیانمدا بینیبێتم، نا... شۆخ نا، بەڵکو شتێک کە بەوشە دەرنابڕدرێ. چاوانی سەوز و بێ ئەندازە ئەفسووناویی وەک چاوی مار، دەنگی کەمێک خەمین، هەر هەمووی بەڵێن و نکوڵی و شیرینی، کە لێم دەنۆڕی زەینم شپرزە دەبوو، مڕەمڕێکی نائینسانی لەکەلەکەمەوە هەڵدەسا، چاڵی قووڵ و تاریک لەناوەوەمڕا دەمیان دەکردەوە و باپیرە کوڵکنەکانی لێوە دەهاتنەدەر، ئیدی کە چاویان بەباربارا دەکەوت دەیانمڕاند.

منیش وەک ئەوان چاوم لە چاوانی بڕی و بەخۆم گوت: "ئیدی ئەم ساتەوەختە دووبارە نابێتەوە، هەمدیس ژنێکی وەک ئەمەش پەیدا نابێتەوە، هەزارەها هەزار ڕێکەوت و شانس و چارەنووس، ملوێنەها ساڵ لە هەوڵی ئەوەدا بوون تا ئەم ژن و پیاوە بێننە دونیا تا لە کەنارێکی قەوقازی و لەنێو باخێکی پڕ لەدار حەیزەرانی شکۆفەکردوودا یەکتر لەئامێزگرن. ئەدی چما لێگەڕابایین ئەم ساتەوەختە مەلەکوتییەمان لەدەس چووبا ؟"

باربارا ئاوڕی دایەوە و بەچاوانێکی نیوە لێکنراوەوە گوتی: "نیکۆلای میخایلۆڤیچ، دەتوانیت لەگەڵ خۆتدا ببەیت؟"

– "لێرەت ببەم؟ بۆ کوێت بەرم؟"

– "بۆ دوور لێرە. لەمێردەکەم بێزار بووم، ئاخر من لێرە دەخنکێم و خەریکم دەژاکێم. نیکۆلای میخایلۆڤیچ بەزەییت بەجەستەمدا بێتەوە. وەرە، وەرە بۆ جێگەیەکی دوورم بەرە!"

توند ئەو کورسییەم گرتبوو کە لەسەری دانیشتبووم، لەبەرامبەرماندا بەلەمێک لەنگەری گرتبوو، دەترسام نەبادا ڕاپەڕم و کەمەری بگرم و سواری بەلەمەکەی کەم و ڕاکەین، لەگەڵ خۆمدا دەجەنگیم تا ئەوە نەکەم."

– "باربارا، ئەی ئەو ئەرکە چۆن کە بۆی هاتووم؟ ئاخر هەزاران کەس چاوەڕێن تا ڕزگاریان کەم!"

بەجووڵەیەکی برووسکە ئاسا ئەو پەتە ئاوریشمییەی ترازاند کە بەقژییەوەی بەستبوو، پرچە شین ڕەنگەکەی بەسەر شانیدا پەخش بوو، بەتووڕەیی لچی هەڵقورتاند و بەگاڵتەجاڕییەوە گوتی:"ئەرک؟ ڕوخسەت بفەرموو تا پێت بڵێم تەنها یەک ئەرک هەیە، ئەویش ئەوەیە نەهێڵیت بەختەوەری لەژێر دەستت هەڵبێ و دەبێ لە قژەوە بیگریت. نیکۆلای میخایلۆڤیچ دەی، بەقژ کێشم کە، کەس نامانبینێ!"

لەزەریام ڕوانی، لەناوەوەمڕا هەموو شەیتانەکان لە شەڕدا بوون، یەک فریشتەیان تێدانەبوو، قەدەر لەبەرامبەرمدا ڕاوەستاو و چاوڕێی دەکرد، ساتێکی درێژ تێپەڕی. پاشان باربارا لەناکاوێکڕا چوست و چالاک، بەڕەنگێکی پەڕیوەوە هەستایە سەرپێ. گوتی: "تازە درەنگە، نەتتوانی دەمودەست قایل بیت و بەقژ کێشم کەیت، خەریکی حسێبکردنی سوود و قازانج بوویت، تازە ئیدی درەنگە! تەنانەت گەر ڕازیش بیت، ئەوا من ڕازی نابم. نیکۆلای میخایلۆڤیچ، لە سلامەتی تۆ دەخۆمەوە! ئافەرین، تۆ پیاوێکی چکۆڵە و شەریفیت، لەو نەوعەی کە بەئەستونگەی کۆمەڵ ناودەبرێ، بەسلامەتی و بەختەوەریی تۆ دەخۆمەوە!" بەدەم گوتنی ئەو قسانەوە، پێکە پڕ لەبادە تاڵە ئەرمەنستانییەکەی چۆڕبڕ کرد.

هەنووکە دوای هەزاران ساڵ، لەتافی پیریدا، چاوانم لێک دەنێم و هەمدیس گوڵە حەیزەرانییەکان شکۆفەدەکەن و زەریای ڕەش خۆی بەلاجانگەمدا دەکێشێ. باربارا نیکۆلایفنا دێ و لەبەردەممدا دادەنیشێ، ئەمجارەیان لەسەر کورسی نا، بەڵکو بەچوار مشقی لەسەر چەوە سپییەکە، لێی دەنۆڕم و لەخۆم دەپرسم:" چما ئایا هەڵە بووم کە لەو ساتەوەختە مەلەکوتییەدا بەقژ کێشم نەکرد؟"

هەناسە هەڵدەکێشم و وەڵامی خۆم دەدەمەوە: "نا، لە چ شتێ ژێوان نیم!"

***



دوای دوو هەفتە قەوقازم جێ هێشت، دوایین ڕۆژەکان تا بڵێی ناخۆش بوون، کەشتییەکان کەوتبوونە گواستنەوەی خەڵک، ئیدی خەریک بوو بەری هەوڵەکەم دەچنییەوە، لەوکاتەوە دەمتوانی مەزندەی گریکییە زەحمەتکێشەکان بکەم کە لە مەکەدۆنیا و تراس – ئەو سەرزەمینە دێرینانەمان کە ژێر چەکمەی وەحشییان کەوتبوون – ڕەگ دادەکوتن. ئەو عەردانە پڕ دەکەن لە گەنم و توتن و گریکیی چکۆڵە. دەبوو خۆشحاڵ بام، بەڵام خۆرەیەکی شاراوە دابوویە دڵم و هێورهێور دەیکرۆژت، هێشتا نەمدەتوانی بەڕۆشنیی ڕوخساری ئەو خۆرە تازەیە بناسمەوە، تەنێ تاڵاوەکەیم تام دەکرد.

خەریک بوو سەردەکەوتمە سەر کەشتییەکە کە پیرەمێردێکی خەڵکی پۆنتۆس هات بۆ لام و گوتی: "دەڵێن لە پاریس خوێندنت تەواو کردووە، گەر ئاسایی بێ حەز دەکەم پرسیارێکت لێ بکەم. ئایا ئەو (لیدین)یانەی لە جەنگی تەروا بەشدارییان کرد گریکی بوون؟"

سەرسام بووم، بەخەویش نەمدەبینی لەنێو ئەو هەموو مەسەلەیەدا، ئەمەیان ببێتە مایەی گینگڵی ئەو پیاوە.

وەڵامیم دایەوە: "گریکی؟ هەرگیز. ئەوانە لیدین بوون لە ئاسیای ناوەند..."

پیرەمێرد سەرێکی لەقاند و گوتی: "کەواتە خەڵکی ڕاست دەکەن کە تۆ نکوڵی لە کلتووری نەتەوەییمان دەکەیت. بەدوعا!"

***

ئەمە دوایەمین دەنگ بوو کە لە قەوقاز بیستم.

دواتر زۆرجاران ئەو پیرەمێردەم بیردەکەوتەوە، وردە وردە تێگەیشتم کە زۆر گرنگ نییە کام کێشە، بێ جیاوازیی گەورە و بچووکییان – ئازارمان دەدەن، تاقە شتێ گرنگە، ئەویش ئەوەیە کە ئازار دەچێژین و زەمینە بۆ ئازار چەشتنمان دەدۆزینەوە، بەواتایەکی تر زەینمان ئامادە دەکەین تا ڕێگە نەدەین یەقین گێلمان کا، بجەنگین تا هەر دەرگایەکی داخراو بکەینەوە کە لەبەرامبەرماندا دەیبینین. ئەو کەسەی پەلەیەتی جێگیربێ و زەمینەیەکی توندو تۆڵ بدۆزێتەوە لەسەری ڕاوەستێ، بێ ئەوەی ئاپۆرەی دەمی کراوە و برسی لەودیو ئەو خواردنەوە کە دەیخوا ببینێ، دەڵێ: (بەبێ یەقین ناتوانم بژیم!) ئەو کەسانەش کە بەویژدانێکی ئاسوودەوە ناخۆن و بەبێ کابوس ناخەون و ناڵێن: ئەم دونیایە خاڵییە لەخەوش و با وەک خۆی بمێنێتەوە. هاوار دەکەن: (نامەوێ و ناتوانم بەبێ نایەقین بژیم!) ئەو کەسانە خودا ئاگاداریان بێ، خوێی خواوەندن، ئەوانەن ناهێڵن ڕۆح بگەنێ. کاتێ ئەو پیرەمێردەم بەدردۆنگییە پێکەنیناوییەکەیەوە بینی، پێکەنیم و گاڵتەم پێی هات. بەڵام براکەم، ئەی هاوخەباتم، هەنووکە گەر بمتوانیبا جارێکی تر بتبینمەوە، ئەوا خۆم فڕێ دەدایە ئامێزتەوە!

***

کەشتییەکە پڕ لەخەڵکانێک بوو کە لەسەر زەمینەکانیان ڕیشەکێش کرابوون و منیش بەڕێوە بووم بەرەو گریکستان تا لەوێ بیانڕوێنمەوە. ئینسان، ئەسپ، گا، تەشتی هەویر شێلان، بێشکە، پەیکەری پیرۆز،

کتێبی پیرۆز، پاچ و خاکەناز. هەمووان لەدەست بەڵشەویک و کورد هەڵدەهاتن و بەرەو گریکستانی ئازاد کۆچیان دەکرد. چ شەرمەزاری نییە گەر بڵێم لە ناخەوەڕا وروژابووم، هەستم دەکرد سانتۆرێکم و ئەم کەشتییەش بەئاپۆرەی سەرنشینەکانییەوە جەستەمە لە گەردنەوە بەرەو خوار.

زەریای رەش هەڵاوسانێکی رۆشنی تێ کەوت، شەپۆلی تاریکی شینباو بۆنی کاڵەکە سوورەی لێ دەهات، لەلای چەپەوە کەنداو و چیاکانی پۆنتۆس کە رۆژێک لەرۆژان هی ئێمە بوون، لەلای راستیشەوە زەریای بەرین و درەوشاوە، قەوقاز لە رۆشناییدا دیارنەما، بەڵام پیرەمێردان کۆمە کۆم لە دواوەی کەشتییەکەوە دانیشتبوون و نەیاندەتوانی چاو لەسەر ئاسۆی ئازیز هەڵگرن. ئیدی قەوقاز دیارنەمابوو، لە تارماییەک زیاتر نەبوو، کەچی لەبیلبیلەی چاوی پیرەمێرداندا وەک خۆی رێک و ئاوانەبوو راوەستابوو. ئاخر بۆ رۆح بێ ئەندازە زەحمەتە دڵی لە زێدی خۆی، لە زەریا، لە چیا، لە ئازیزان، لە خانووی ئازیز و هەژارانە و چکۆڵەی ریشەکێش کات، رۆح جاڵجاڵۆکەیەکە و هەموو ئەو شتانە پێو پلی وین.

لە پێشی کەشتییەکەدا لەسەر گوریسێک دانیشتم، ژنان و پیاوان، هەندێکیان خەڵکی قارس، ژمارەیەکیان خەڵکی سوخۆمی، ژمارەیەکی تر خەڵکی تایجان. ئازاریان بێ کۆتایی و هەریەکەیان هەڵپەی گێڕانەوەی حەکایەتی خۆی بوو تا بەشکم شتێک لە باری شانی خۆی سووک کات، گوێم رادەدێرا و بەدەم خۆوە بەرگەگرتنی نەژادی گریکیم ئافەرین دەکرد، چونکە لە نێوەندی شین و گریان بۆ ئازیزە لەدەسچووەکانیان و بۆ ماڵە سووتاوەکانیان و بۆ ئەو برسێتی و ترسەی روبەڕووی ببوونەوە، لەپڕ یەکێکیان نوکتەیەکی دەگێڕایەوە و ئیدی دەمودەست تەواوی موسیبەتەکان دەڕەوینەوەو سەرلەنوێ سەرەکان بڵند دەبوونەوە. ژنێکی قەڵەو بۆ مێردە کوژراوەکەی کەوتبووە شیوەن، زەلامێکی کەتەی سمێڵ رەش و شۆڕ، دەستە زلەکەی رایەڵ کرد و بەشانی ژنەکەیدا کێشا. گوتی:" ماریوریستا دەست لەگریان هەڵگرە، تەنانەت گەر دوو کەسیش لە دونیادا مابێ - گریمان من و تۆ- ئەوا سەرزەمینی گریکستان پڕ دەبێتەوە لە مناڵ!" وای گوت و چاوێکی بەکەشتییەکەدا گێڕا و ئەوجا درێژەی بەقسەکانی دا: "براینە، دەزانن ئومێدی دونیا لەکوێدا نوستووە؟ ئێوە دەڵێن لە سەردا؟ نا... خوارتر! دەڵێن لە دڵدا؟ نا... براینە خوارتر! خوارتر!" پاشان سەرنجێکی خێرای لە ژنە مێرد کوژراوەکە دا و گوتی: "بەو خوایە قەسەم، گەر شەرمم لەم ژنە نەکردبا، هەر ئەلعان پیشانتانم دەدا ئومێدی دونیا لەکوێدا نوستووە. کەواتە ژنەکە، مەحز بۆ رەزای خواوەند مەگری!"

ژنان سوور هەڵگەڕان، پیاوان دایان لە قاقای پێکەنین و گوتیان: "تیۆدۆریس، هەر وێنەت نییە، خودا خێرت بنووسێ کە ئاوها ئێمەت خستە پێکەنین!"

تەنها یەک کەس هەبوو کە لەولاوە دانیشتبوو، قسانی نەدەکرد، ئەم پیاوە پێنەدەکەنی و لەبارەی ئازارەکانییەوە نەدەدوا، پێدەچوو نەیەوێ قورسایی سەر دڵی سووک کات. وی خاوەن جەستەیەکی کەتە و ملێکی وەکی ملی گا و دەستی زل و درێژ کە هەڵبەت تا ئەژنۆی دەگەیشتن، لەکراسە کراوەکەیەوە سینگە تووکنەکەی دیاربوو، لە هەموو ژیانمدا بونیادەمێکی ترم نەدیتبوو هێندەی وی لەبەراز بچێ.



کاتێ خەڵکەکە بڵاوەیان لێ کرد و رایەخەکانیان راخست تا بنوون، ئەو پیاوە لە جێی خۆی نەبزووت، ملە ئەستوورەکەی بردبووە پێشێ و لە زەریای دەنۆڕی. چوومە لایەوە.

بۆ ئەوەی سەری قسانی لەگەڵدا دامەزرێنم، گوتم: "ئەدی تۆ هیچ قسەت نەکرد!" ئاوڕی دایەوە و سەیری کردم. پاشان دەستی رایەڵ کرد، کرتە لە ئێسکەکانییەوە هەستا.

– "قسان بکەم؟ چ بڵێم؟ لە بارەی ئازارەکانمەوە بدوێم و هێور ببمەوە؟ ئاخر من گەرەکم نییە هێور ببمەوە!"

بێدەنگ بوو، لە جێگەکەی هەستا، وەک بڵێی حەز نەکات بڕوا، هەمدیس دانیشتەوە، هەستم کرد لەگەڵ خۆیدا لە جەنگدایە، نەیدەویست بئاخڤێ، بەڵام دڵی لێوڕێژ بوو لە قسە. بەهۆی ئەوەوە کە شەو راشکاو و ئێمەیش تەنها، هەستی بۆ قسەکردن بزوا:

– "چیا و دارستانەکانی قەوقازت بینی؟ ساڵەهای ساڵ بەتاقی تەنها هەر هەموویم لە پێوەدا، ناویان نابووم بەرازە کێوی چونکە هاونشینی کەس نەبووم، قەت نەدەچوومە چاخانە، پێم نەدەنایە کڵێسا، هەروەک گوتم، بەتاقی تەنێ بەدارستان و چیاکاندا دەگەڕام، بەرد بەبەردی چیاکانم لەپێوەداوە، کرێکاری کانەبەرد و خەڵووزەوان بووم و رووت و رەجاڵ و برسی، بەڵام جحێڵ بووم. وەک گا بەهێز بووم و پێویستم بەکەس نەبوو. بەڵام رۆژێکیان کە بەچیاکاندا هەڵدەگژام، هەستم کرد هێز و گوڕم کوڵ دەدا و خەریکە دەمخنکێنێ. جا بۆ ئەوەی خۆم لە ترەکێن رزگارکەم، کەوتمە هەڵکەندنی چیاکە و داتاشینی ئەستوونگە لە دارکاج دروستکراوەکان و رۆنانی خانوو، خانووەکەم لەنزیک کانییەکەوە رۆنا، بەدەرگا و پەنجەرە و هەموو شتێکیەوە، لە گوندە نزیکەکانەوە، ژنان و پیاوان بۆ بینینی دەهاتن، مەی و خۆراکیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنا، بەڵام من لەسەر بەردێک دادەنیشتم و سەیری خانووەکەم دەکرد، کیژۆڵەیەک هات و لە پاڵمدا دانیشت، ئەویش سەیری دەکرد، هەروا کە پێکەوە سەیری خانووەکەمان دەکرد، سەرەگێژەم پێکەوت، بەیانی رۆژی دواتر بینیم ژنم هێناوە.

هەناسەیەکی هەڵکێشا.

– "بەڵێ، خۆم بینی ژنم هێناوە، سەرەگێژییەکەم رەوییەوە، لەترۆپکی ئەو چیا بەرزانەوە ئەقڵم بۆ گەڕایەوە."

پێم گوت: "ژنەکە من ناتوانم خۆراکی تاقە نەفەرێک دابین کەم، ئیدی چۆن دەتوانم خۆراکی دوو کەس بدەم؟ ئەی مناڵەکانیش چۆن؟"

گوتی: "خەمت نەبێ، وەرە با بچین بۆ کڵێسا."

– "بچین بۆ کڵێسا چ بکەین؟ من نایەم!"

– "بەقسەم بکە با بڕۆین!"

رۆیشتین، نیشانەی خاچمان کێشا و ئازایەتیمان تێ گەڕا.

ژنەکەم گوتی: "ئەلعانیش هەستە بڕۆین لە کێڵگەکەماندا بکەوینە ئیش!"

– "کێڵگە؟ کام کێڵگە؟ مەبەستت لە بەردە؟"

– "بەردەکان ورد دەکەین و دەیکەینە خۆڵ!"

ڕۆیشتین، بەردمان ورد کرد و کردمانە خۆڵ و دانەوێڵەمان چاند.

ئەمجارەیان ژنەکەم گوتی: "ئەلعان وا چاکترە بڕۆین و دار زەیتوونەکان قەڵەم کەین."

– "کام دار زەیتوون؟ ئەو دارە وشکانە دەڵێی؟"

– "پێت دەڵێم با بڕۆین!"

ڕۆیشتین، دارە وشکەکانمان قەڵەم کرد، ڕواندمان، قەڵەممان کردن، زگی خۆمان پڕ لەنان و زەیتی زەیتوون کرد: خودا لە باپیرەم خۆشبێ کە هەمیشە پێی دەگوتم: لە هەژاری و ڕووتوڕەجاڵی مەترسە، بەو مەرجەی ژنێکی میهرەبانت هەبێ!

هەمدیس بێدەنگ بوو، لایەکی گوریسەکەی گرت و وەک پشیلەیەکی کێویی بەچنگ تێی کەوت، لەو تاریکییەدا گوێم لەددانە قرچێی بوو!

بەشپرزەییەوە لێم پرسی: "ئەی دوایی؟"

– "بەسە، پێت وایە وەک ئەوانی تر ئازاری خۆم باس دەکەم؟"

– "ژنەکەت چی لێ بەسەر هات؟"

– "گوتم بەسە!"

سەری لەنێو ئەژنۆکانی نا و ئیدی هیچی تری نەگوت!

***

(فرمێسکی ئینسان دەتوانێ ئاشەکانی دونیا بگەڕێنێ، بەڵام ئاشی خودای بۆ ناگەڕێ!)

ئەم قسەیە پیرەمێردێکی سەد ساڵەی خەڵکی گوندێکی مەکدۆنیا پێی گوتم کە لەبەردەم کوختە هەژارانەکەیدا کروشکەی کردبوو تا خۆی بەهەتاو بدا و گەرم دابێ. سۆز و ئەڤین کیژانی ئینسانن نەک کیژانی خواوەند، ئەم کەشتییە چ ئازارێکی لەرادەبەدەری لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت و بۆ گریکستانی دەبرد! بەڵام زەمەن، ڕەحمەتی خودای لێبێ، بەزەیی پیاماندا دێتەوە، زەمەن ئیسفەنجە و دەسڕێتەوە، گژوگیای بەهاریی خێرا کێلی گۆڕەکان دادەپۆشێ و بەهەناسەبڕکێوە هەڵگژانی خۆی دەس پێدەکاتەوە.

ئاسمان لێواولێو بوو لە ئەستێرە، بورجە خۆشەویستەکەی من، بورجی دووپشک بەکلکی هەڵگەڕاوە و چاوانی سوورەوە لەزەریا هاتەدەر، عەزابی ئینسان لەدەوروبەرمدا و ئاسمانی تژیی بەئەستێرەش بەژوور سەرمەوە، لاڵ و نائینسانی و تۆقێنەر. هەڵبەت تەواوی ئەو خاڵە تەنکانە مانایەکی شاراوەیان لەخۆدا هەڵگرتبوو، بێگومان ئەم (ئارگۆس)ە هەزار چاوە پاسەوانی نهێنییەکی ترسناک بوو، بەڵام کام نهێنی؟ نەمدەزانی. تاقە شتێ لەقووڵایی ناوەوەمڕا هەستم پێ دەکرد ئەوەبوو کە ئەم نهێنییە چکۆڵەترین پەیوەندی بەدڵی ئینسانەوە نییە. واپێدەچوو دوو دەسەڵاتدارێتیی جودا لەکەوندا هەبێ: دەسەڵاتدارێتیی ئینسان و دەسەڵاتدارێتیی خواوەند.

بەئاوها وتووێژ و ڕامانێکەوە، لەزەریای ڕەش تێپەڕین، هەمدیس کۆستانتینییەمان لەدوورەوە



بینییەوە، ئەمجارەیان خۆی شتبوو بەهەتاو و تژی بوو لە باغ و منارە و وێرانە. هاوسەفەرەکانم لەڕووی وروژانێکی عاتیفییەوە خاچیان کێشاو بۆ ڕێزگرتن لەبەرامبەریدا نوشتانەوە. پیرەمێردێک لەپێشی کەشتییەکەدا کڕنۆشی برد و هاواری کرد: "دایکە، وەرەت هەبێ دایکە!" کە گەیشتینە بەرامبەر کەناری گریکستان، قەشە هاوسەفەرەکەی خەڵکی سوخۆمی، هەستایە سەرپێ و باسکە چرچ و لۆچەکەی بۆ ئاسمان هەڵبڕی و بەدەنگێکی بەرز، بەجۆرێک کە دەنگی بگاتە گوێی خواوەند هاواری کرد: "خودایە، خودایە، گەلەکەت ڕزگارکە! یارمەتییان بدە تا لەخاکی نوێدا ڕەگ داکوتنەوە و بەرد و دار بکەنە کلێسا و قوتابخانە و بەزوبانێک کە خۆشت دەوێ ناوت بەرز و پیرۆز ڕاگرن!"

بەکەنارەکانی تراس و مەکدۆنیادا سووڕاینەوە، لە کێوی پیرۆز تێپەڕین و چووینە بەندەری سالونیکا. ئەرکەکەم یانزە مانگی خایاند، ئیدی پەیتا پەیتا کەشتی، خەڵک و مەڕ و ماڵاتی لەقەوقازەوە هەڵدەگرت و خوێنێکی نوێ بەدەمارەکانی گریکستاندا کەوتە گەڕ. بۆ دەوروبەری مەکدۆنیا و تراس چووم تا ئەو کێڵگە و گوندانە ببینم کە تورک دوای ڕۆیشتنیان جێیان هێشتبوون، خەڵکانی تر دەبوونە خاوەنیان و ئیدی کەوتنە کێڵان و تۆوکردن و ڕۆنان. پێم وایە شەرعیترین لەزەتی ئینسان، هەوڵدان و بینینی بەری ماندووبوونەکەیەتی. جارێکیان ئەندازیارێکی کشتوکاڵی من و ئیستراتیی بۆ دەڤەرێکی بیابانیی نزیک ئیستراخان برد، باوەشی کردەوە و بەهەستێکی سەرکەوتووانەوە ئامێزی کرد بەملی بەردیندا و گوتی: "هەزاران کرێکارم هەن، جۆرە گیایەکی ڕەگ درێژ دەڕوێنن کە باران و خاک بەخۆیەوە ڕادەگرێ، لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا هەموو ئەم بیابانە دەبێتە باغ. – چاوانی پرشنگیان دەدا– بنۆڕن! گوند و باغ و ئاو لەهەموو جێگەیەک، لەدەوروبەری خۆتاندا دەبینن !

ئیستراتی بەسەرسوڕمانەوە پرسی: "لەکوێ؟ من هیچ شتێک نابینم!"

ئەندازیارە کشتوکاڵییەکە زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی: "چەند ساڵێکی تر هەمووی دەبینیت!"

وای گوت و وەک ئەوەی سوێند بخوا، گۆچانەکەی بەلمەکەدا ڕۆبرد.

هەنووکە دەبینم ئەو ئەندازیارە ڕاستی دەکرد. منیش لەدەوروبەری خۆم دەنۆڕم، لەو وێرانەخاکە دەنۆڕم کە هاوسەفەرەکانم لەنێو خۆیاندا دابەشی دەکەن، دەنۆڕم و دەبینم پڕدەبێ لە خاک و لە باغ و لە ئاو، زرنگەی زەنگ لە کلێساکانی ئایندەوە دەبیەم، گەمە و پێکەنینی مناڵان لەحەوشی قوتابخانەکاندا دەبیەم، لێرە لەبەرامبەرمدا داربادامێک شکۆفەی کردووە، دەبێ خۆمی بگەیەنمێ و پەلکێکی پڕ شکۆفە لێکەمەوە، چونکە گەر بەدڵ و بەگیان باوەڕ بەشتێ بێنین کە بوونی نییە، ئەوا ئێمە ئەو شتە دەخولقێنین. عەدەم شتێکە کە وەک پێویست ئارەزوومان نەکردووە و بەئەندازەیەک بەخوێنی خۆمان ئاومان نەداوە بتوانێ لە دەرکی تاریکی عەدەم تێپەڕێ.

دواجار هەموو شتێ کۆتایی هات، لەناکاوێکڕا هەستم کرد چەندێک شەکەتم. نەمدەتوانی بەسەر پێوە خۆم ڕاگرم، نەمدەتوانی بخۆم یان بخەوم یاخود بخوێنمەوە، ئاخر شەکەت و کفت بووم، هەموو هێزم بۆ ئەو ئەرکانە خستبووە گەڕ کە خواستی گەورەی تێدا ئەنجام دەدرا و خواستی گەورەش درێژەی کێشا، ڕۆح یارمەتی جەستەمی دابوو، نەیهێشتبوو بەلادا بکەوێ، بەڵام دەمودەست شەڕەکە کۆتایی پێهات، ئەم

مۆڵدانی ناوەکیی هێزەش لەبەین چوو، ئیدی جەستە بێ بەرگری مایەوە و کەوت، بەڵام نەک پێش کۆتایی هاتنی ئەو مەئمووریەتەی پێم سپێردرابوو. هەنووکە ئیدی ئازاد بووم، ئیستیقالەم دا و ئیدی یەکسەر رووم بەلای کریتدا وەرچەرخان، ئاخر دەمویست هەمدیس بەسەر خاکەکەیدا بڕۆم و دەست لە چیاکانیەوە بدەم بۆ ئەوەی هێزم تێ بێتەوە.

## گەڕانەوەی کوڕە لاسارەکە

کاتێ ئینسان دوای سالانێک گەڕان و هەوڵدان لە دەرەوە، بۆ زێدی خۆی دەگەڕێتەوە و پاڵ بەبەردی باپیرانەوە دەداتەوە و چاو بەشوێنگەلی ئاشنای تژیی بەرۆحی نەتەوەیی و یادەوەریی منالی و خەونی جحێڵیدا دەگێڕێتەوە، جەستەی دەنیشێتە سەر ئارەقەیەکی سارد.

گەڕانەوە بۆ زێدی باپیران، دڵمان دەهێنێتە خورپە، پێدەچێ لە سەرچڵیگەلێک گەڕابینەوە کە ناکرێ باسیان کرێ، وەک بڵێی پێمان نابێتە ناوچەیەکی نوێ و مەحرەمەوە و کوتوپڕ لەمانەوەی کاتیماندا لە دەرەوە قورسییێکمان لەسەر دڵمان هەست پێ کردبێ. ئەدی ئێمە چ ئیشێکمان هەیە بەبەرازگەلی بەرِوو خۆری ئێرە؟ ئاوڕ لەدواوە دەدەینەوە و لەو زێدە دەنۆڕین کە جێمان هێشتووە و ئاه هەڵدەکێشین. بەوەبیرهێنانەوەی گەرمایی و ئارامی و ناز و نیعمەت، وەکی کوڕە لاسارەکە بۆ سینەی دایکایەتی دەگەڕێینەوە. ئەم گەڕانەوەیە هەمیشە لەرزێکی نهێنی لەمندا خولقاندووە، وەک بڵێی بەرەو تامکردنی مەرگ چووبم. پێدەچوو دوای کێشمەکێش و دەسبڵاوییەکانی ژیان، بۆ زێدی باپیران بگەڕێمەوە، وەک بڵێی هێزی تاریک و نهێنی، ئەنجامدانی ئەرکێکی تایبەتی بەئینسان سپاردبێ و هەنووکە لەگەڵ گەڕانەوەی ئەو ئینسانەدا، دەنگێکی بەزەبروزەنگ لەناخی عەردەکەیەوە بەرز بێتەوە و بپرسێ: "ئەرکی خۆتت بەئەنجام گەیاند؟ دەی یاڵڵا راپۆرتێک لەو رووەوە بخەرە روو!"

ئەم منالدانی ئەرزە بەوردی بەهای هەریەک لە رۆڵەکانی دەزانێ، هەر رۆحێکی دروستکراوی خۆی، هەرچەندێک بالاتربێ، ئەرکی قورستتری دەخاتە ئەستۆ - رزگارکردنی خۆی یان گەلەکەی یاخود دونیا- پلە و پایەی رۆحی ئینسان بەپابەندبوونی بەیەکێ لەو ئەرکانە لە مەحەک دەدرێ، یەکەم یان دووەم یاخود سێیەم.

سروشتییە هەر ئینسانێک ببینێ کە ئەم هەڵگژانە، هەڵگژانێک کە رۆحی وی، ئەرکی شوێنپێ هەڵگرتنی ئەوەی لەسەرە، بەشێوەیەکی زۆر قووڵ لەسەر زەمینی لەدایکبوونیدا هەڵکۆڵراوە. لەنێوان ئەم خاکەی ئێمەی دروست کردووە و لەنێوان رۆحماندا هاوپەیمانی و لێک حاڵیبوونێکی شاراوە هەیە، تەواوێک وەک ئەوەی کە رەگ فەرمانێکی نهێنی بۆ درەخت دەنێرێ تا گوڵ بکا و بەر بگرێ. بەم جۆرە ئەو رەگانە پاساو بۆبوونیان دەدۆزنەوە و لەسەفەرەکەیاندا دەگەنە ئەو ئامانجە. هەمدیس خاکی باپیرانیش ئەرکی دژوار دەخاتە ئەستۆی ئەو رۆحانەی کە دروستی کردوون. وا پێدەچێ ئەرز و رۆح لەیەک قوڕ شێلرابن و هەمان هێرش بەرن. ئیدی ئەوە رۆحە کە دواجار سەرکەوتنی تەواوەتی وەدەس دێنێ.

هەمیشە نکوڵی کردن لە جحێڵیت ئەفەرۆزکە تا دوا قۆناغەکانی پیری، بەدرێژایی ژیانت لە نەبەردا بە



بۆ گۆڕینی نەمامەکانی هەرزەکاریت بەدرەختێکی بەبەر. پێم وایە رێگەی ئینسانی کامڵ ئاوهایە.

رۆح باش دەزانێ - گەرچی زۆر جاران وا خۆی پیشان دەدا شت لەبیر دەکا- کە دەبێ حیسابی خۆی بەخاکی باوان بدات، نالێم سەر زەمینی باوان، بەڵکو دەڵێم خاکی باوان. ئاخر خاکی باوان واتایەکی قووڵتر، خۆنەویستانەتر و پڕ شکۆتری هەیە و لە ئێسکی دێرین و هاڕراو پێکهاتووە.

ئەوە رۆژی قیامەتی زەمینی و -بێ هاوتا-یە کە تیایدا کارەکانت دەپێورێ، گوێت لێ دەبێ کە بێدەنگیی سەخت و دادوەرانە لە خاکی باوانتەوە بەرز دەبێتەوە و تۆیش لەرز داتدەگرێ، ئەدی دەتوانیت چ وەڵامێکی بدەیتەوە؟ لێوت دەگەزیت و بەخۆت دەڵێی: ئای گەر توانیبام سەرلەنوێ ژیابام، بەڵام ئیدی تازە درەنگە، تەنێ یەکجار دەرفەتیان پێ داوین، تەنها جارێک بۆ هەتا هەتا و ئیدی دەرفەتی دووبارەمان نییە!

یادەوەرییەکانی منالیش کە لە هەموو ئاراستەیەکەوە باڵ دەگرن، ئازارەکە قووڵتر دەکەنەوە، توێکڵێکی ئەستوور دەوری رۆحی بەرەو ژوور هەڵکشاومان دەدا و بەدروستکردنی کۆمی و چرچولۆچ و رەوتاری دزێو، هێزی گەڕانی لێ دەسەنێتەوە. ئەم رۆحە کە لەهەرەتی جحێڵیدا پەرۆشی ئەوە بوو کۆنترۆڵی دونیا بکاو قەلای بەشکۆی جحێڵی زۆر پێ تەنگ بوو، هەنووکە لە گۆشەی جەستەیەکی ژاکاو و چرچولۆچدا بەلەرزۆکی کروشکەی کردووە. بێ هوودە حیکمەتی کۆن و نوێ هانی دەدەن بەحەوسەڵە و لێک حاڵیبوونەوە سەر بۆ یاسای ناچاری نەوی کات. ئەم حیکمەتە لەمیانەی تەسەللادانەوەیەکی ترسنۆکانەدا پێی دەڵێ کە رووەک و ئاژەڵ و خواوەندان هەموو بەهەمان شێوە گوژم بۆ پێشەوە دەخۆنەوە، دەبیەنەوە، دەدۆڕێن و دەکەون. بەڵام رۆحی بیانووگر خۆی تەسلیمی ئاوها تەسەللادانەوەیەک ناکات. ئەدی بۆ وا بکات؟ ئاخر وی بۆ ئەوە لەدایک بووە جەنگ دژی یاسای ناچاری راگەیەنێ.

گەڕانەوە بەرەو زێدی باوان رووداوێکی چارەنووسسازە،، توێکڵی ئارام و فریودەر دەقڵیشێنێ و دەرگای تەڵەکە دەکرێتەوە، تەواوی ئەو قەوارانەی دەکرا رۆژێک لە رۆژان هەبن و ئێمە کوشتمانن، تەواوی ئەو خودە باشترانەی کە دەمانتوانی ببینە ئەوان و بەهۆی تەمبەڵی و بێ شانسی و ترسنۆکییەوە نەمانتوانی، وەک تارمایی دزێو هەمدیس گیانیان تێ دێتەوە و باز بۆ وشیاریمان دەدەن.

ئەم ئەزموونە قورسە کاتێک بەرگە نەگیراوتر دەبێ کە خاکی باوکێتی سەرکێش و جلەو نەکراوبێ و چیا و زەریاکانی و رۆحگەلێک کە لەئاوها بەرد و سوێرە ئاوێک خولقاون، مۆڵەت نەدەنە کەسێک کە تەنانەت بۆ لەحزەیەکیش جێگیر و ئارام بێ و بەئاسوودەییەوە بڵێ: (بەسە!). ئەم کریتە شتێکی زاڵمانە و نائینسانییانەی تێدایە، نازانم چما ئایا رۆڵەکانی خۆش دەوێ بۆیە ئازاریان دەدات؟ ئەوەی دەیزانم ئەوەیە کە هێند قامچییان تێ دەسرەوێنێ تا خوێن لە جەستەیانەوە فیچقە دەکات.

رۆژێکیان لە شێخ جەلیلان ی کوڕی حاریسەیان پرسی: عارەب چ بکەن بۆ ئەوەی هەرەس نەهێنن؟ ئەویش وەڵام دەداتەوە: (هەموو شتێک بەدڵی خۆیان دەبێ مادامەکی شمشێر بەدەست و مێزەر بەسەر بۆ پێشەوە غار دەدەن!) کە هەوای کریت هەڵدەمژم و لەکریتییەکان دەنۆڕم، چ خەڵکێکی تری سەر ئەرز نابینم وەک ئەوان موو بەموو ئەو وەسیەتە عارەبییە سەرکەشەی پراکتیزە کردبێ.

لەچارەنووسسازترین ساتەوەختەکانی ژیاندا، کاتێ کەسێکی جحێڵ ئەگەرگەلێکی کراوە وەلادەنێ، تەنها یەکێکیان هەڵدەبژێرێ و بەچارەنووسی خۆیەوە گرێی دەدا و پاشان پێ دەنێتە تافی جحێڵییەوە. سێ ڕووداوی کریتیی ڕۆحیان ڕزگار کردم.- نا، ڕۆحیان ڕزگار نەکردم، بەڵکو هەوڵیاندا ڕزگاری کەن- دەشێ ڕۆحی تریش ڕزگارکەن، هەر بۆیە لێم دەبوورن گەر باسیان کەم. ئەو سێ ڕووداوە زۆر ساکارن بەتوێکڵی ئەستووری جوتیارییەوە. بەڵام هەر کەسێ ئەو توێکڵە بشکێنێ، ئەوا تامی سێ بابۆڵە مۆخی شێرانە و حیسابیی دەکات.

***

ڕووداوی یەکەم: شوانێکی ئانۆگیا، ئانۆگیا گوندێکی دوورەدەست و قاقڕی دامێنی چیای پسیلۆریتییە. ئەو شوانە وا ڕاهاتبوو لەبارەی شتە سەیر و سەمەرەکانی میگالۆکاستڕۆوە گوێ بۆ قسەی خەڵکی گوند ڕادێرێ. بۆیان دەگێڕایەوە کە دەتوانی لەو شارەدا تەواوی کەلوپەلەکانی دونیا پەیداکەیت: لۆبیا بەقاپ، ماسی کەپوور بەزەمبیلە، ماسی ساردین بەبەرمیل. مەغازەگەل پڕ لە پێڵاو، مەغازەگەل تفەنگ و باڕووت و قەڵەمبڕ و خەنجەری لێ دەفرۆشن، نانەواخانەکان هەموو بەیانییەک باوەش باوەش کولێرەی سپی و تەنک دەبرژێنن، جگە لەمەش بەگوێرەی ڕیوایەتەکان ژنانێک بەشەو لەو شارەدا هەن، کە گەر دەستیان بۆ بەریت وەک کیژانی کریتی ناتکوژن. پێستی ئەو ژنانە سپی و بەتامە وەک کولێرە.

کاکەی شوان بەگوێڕادێرانی بۆ ئەو موجیزانە، ئاو دەزایە دەمی و میگالۆکاستڕۆ لە ئەندێشەیدا وەک بەهەشتی کریت، تژیی لەماسی کەپوورو تفەنگ و ژن دەدرەوشایەوە. گوێی ڕادەدێرا و گوێی ڕادەدێرا، نیوەڕۆیەکیان کە ئیدی بڕستی لێ بڕا، پشتێنەکەی توند کردەوە، پارزینگ(*)ە بەنەخش و نیگار چنراوەکەی کردە کۆڵ، گۆچانەکەی بەدەستەوە گرت و لە پسیلۆریتی ئاودیو بوو، لەماوەی چەند سەعاتێکدا گەیشتە میگالۆکاستڕۆ، هێشتا دونیا ڕووناک و دەروازەی شار کراوە بوو. شوانە لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستا، هەنگاوێکی تر و ئیدی پێی دەنایە بەهەشت. بەڵام کوتوپڕ ڕۆحی ڕاپەڕی و لەسەر پێیان ڕاست بۆوە، پێدەچوو وا هەست کا هەناسەی بەئارەزوو قانگدرابێ، ئیدی ئەوەی ئەنجام نەدا کە ئارەزووی دەکرد، ئیدی ئازاد نەبوو، شوانەی کریتی بەشەرمەوە برۆی هێنایەوە یەک، ئاخر دەبوو بەرگری لە عیززەتی نەفسی خۆی بکات.

گوتی: "گەر بمەوێ دەچمە ژوورێ، گەر نەمەوێ ناچمە ژوورێ! کەواتە من ناچمە ژوورێ!"

وای گوت و ئەوسا پشتی کردە میگالۆ کاستڕۆ و هەمدیس ڕێی چیای گرتەوەبەر.

***

ڕووداوی دووەم: جحێڵێکی قۆز و بەهێز لەگوندێکی تری کریت، لەچیا سپییەکان مردبوو. چوار کەس لەنێزیکترین هاوڕێکانی هەستان و گوتیان:" ئەرێ باشتر نییە ئەمشەو بچین بەدیار جەنازەکەیەوە

(*) کۆڵەپشت.



بمێنینەوە تا ژنانیش دەست لە شین و شەپۆڕ هەڵگرن؟"

هەر چواریان بەدەنگێکی خەمین گوتیان:" بەڵێ با بڕۆین!"

ئەو جحێڵەی مردبوو باشترین پالیکار(*)ی گوند بوو، تەمەنی بیست ساڵان و مەرگی وی خەنجەرێک بوو بەدڵی هاوڕێکانیدا ڕۆچووبوو. یەکێکیان گوتی:" ئەمڕۆ کەمێک عارەقیان بۆ هێناوم، عارەقی شاتووە، ئەم عارەقە تەنانەت مردووش زیندوو دەکاتەوە، کوڕینە چ دەڵێن، چۆنە ئەو عارەقە لەگەڵ خۆمدا بێنم؟"

- "دایکی منیش ئەمڕۆ نانی کردووە، چ دەڵێن منیش چەند نانێک بێنم؟"

- "منیش کەمێک سوسیسی بەرازم هەیە، چۆنە شیشێکی لێ بێنم؟"

چوارەمیشیان گوتی: "منیش پەرداخ و بڕێک بەڕوولە خەیار دێنم!"

ئیدی هەریەکە شتی خۆی نایە ژێر کەپەنکەکەی و لەگەڵ داهاتنی شەودا خۆیان کرد بەماڵی هاوڕێ کۆچکردووەکەیاندا.

جەنازەکەیان لەنێو تابووتێکدا درێژ کردبوو، تابووتەکە لەناوەڕاستی ژوورەکەدا لەسەر سێپایەک دانراو و بەڕێحان و شیوەران ڕازێنرابۆوە. پێی جەنازەکە ڕووەو دەرگاکە و ژنانیش بەدەوریدا شیوەنیان دەکرد و دەیانلاواندەوە.

چوار هاوڕێکە سڵاویان کرد و بەژنگەلیان گوت:" وا باشترە ئێوە بچن بنوون، ئێمە بەدیار جەنازەکەوە دەمێنینەوە!"

ژنان چوونە ژوورەکانی ناوەوە و دەرگاکانیان لەو دیوەوە داخست. چوار هاوڕێکە لەسەر کورسی دانیشتن و عارەق و مەزەکانیان لای قاچیانەوە دانا و بەچاوانێکی پڕ لەفرمێسکەوە لە هاوڕێ کۆچکردووەکەیان دەنۆڕی. نیو سەعات تێپەڕی و پاشان سەعاتێک. دواجار یەکێکیان چاوی لەسەر جەنازەکە هەڵگرت.

- "کوڕینە، ئەرێ پێکێ نەخۆینەوە؟"

هەموو وەڵامیان دایەوە: "بێگومان، ئاو بێنە و دەست بشۆ. ئەدی خۆ ئێمە نەمردووین، یالڵا دەی با بخۆینەوە!"

دانەوینەوە و دەستیان دایە مەزەکە، یەکێکیان بەسووتاندنی مقەبا سوسیسەکەی برژاند، ژووری مردووەکە سیخناخ بوو لەبۆنی خۆشی دووکەڵی گۆشت، ئەوسا پێکەکانیان تێ کرد و پەرداخەکانیان

(*) پالیکار وشەیەکی گریکییە واتە پیاوی ڕاستەقینە و حیسابیی، پیاوی ئازا و بەهێز و بەتوانا بۆ بەرگەگرتنی ئازار. ئەم نازناوە لە بنەڕەتدا بەو سەربازانەی هێزی پیادە دەدرا کە هاوڕێی سوارەیان دەکرد، بەڵام دواتر ئەم نازناوە بەهەموو سەربازێکی ئازا دەدرا، هەنووکەش بەهەر جحێڵێک دەڵێن پالیکار کە هەڵگری سیفاتی سەربازی ئازابێ، ئەم نازناوە لەگریکستانی ئەمڕۆدا ئەوپەڕی ستایشکردن دەگەیەنێ.

لەیەک دا.

– "خودا لێی خۆشبێ. دەخۆینەوە بەسلامەتی خۆمان!"

– "بەسلامەتی! خودا لێی خۆشبێ!"

پێکێک و دووان و سیان و مەزەکەیان هەموو خوارد و بوتڵەکەیان چۆڕبڕ کرد و هێور هێور نەشوە گرتنی.

هەمدیس لە جەنازەکە خوردبوونەوە، کوتوپڕ یەکێکیان راپەڕی و هەستایە سەر پا و گوتی: "کوڕینە دەڵێن چی؟ – بەلاچاو سەیرێکی جەنازەکەی کرد – دەڵێن چی بینێژین؟"

– "باشە دەی!"

ئیدی شەرواڵە دەڵبەکانیان هەڵکێشا و چمکێکیان لەژێر پشتوێنەکەیان نا، تا لەکاتی راکردندا دەرەلنگەکەی لەقاچیان نەگیرێت. پاشان تابووتەکەیان رووەو دەرگای دەرەوە برد و دەرگای رووەو حەوشەیان کردەوە.

ئەوسا تفیان لە لەپی دەستی خۆ کرد و بەرەو ناشتنی جەنازەکە کەوتنەخۆ.

## ئەمەش دوا رووداوە

یەکشەممەیەکی جێژنی پاک، کەمێک بەر لە سپێدە، باوکە کاپاتۆس لەچیاکانی کریت بەخێرایی برووسکە رادەکا و مەسیح زیندوو دەکاتەوە. پەلە پەلی وی لەبەر ئەوەیە کە ژمارەی گوندەکان زۆرن و جگە لەم چ قەشەی تر لەو ناوچەیەدا نییە. بۆیە دەبوو بەر لەسپێدە رێوڕەسمی زیندووبوونەوەی مەسیحی لەهەموو ئەو گوندانەدا بەئەنجام گەیاندبا. باوکە کاپاتۆس قۆڵی لێ هەڵکردبوو، لەژێر قورسایی جبە رەهبانییەکەی و ئینجیلە قورسە بەرگ زیوینەکەی دەستیدا، بەسەر چیای بەردەڵان و پۆشراو بەدڕک و داڵدا هەڵدەگژا. بەهەناسەبڕکێوە بەدرێژایی ئەو بەرەبەیانییە هەر رادەکا، دەگاتە هەر گوندێک و هاوار دەکا: "کریستۆس ئانیستی(*) – واتە مەسیح هەستاوەتەوە – پاشان بەزوبانێکی بەپەلاس بووەوە بەهەڵەداوان بەرەو گوندێکی تر دەکەوێتە رێ.

لەدوا گوند، کە کەوتۆتە نێوان دوو گاشە بەردەوە، خەڵکی لەکڵێسایەکی چکۆڵە کۆبوونەتەوە. پیوسۆزەکانیان داگیرساندووە و پەیکەرەکان و سەر دەرگای کڵێساکەیان بەگەڵای دار دێمشت و گوڵە مۆرت رازاندۆتەوە، ئەو گەڵاو گوڵانەیان لەزنارە عاسییەکەی چیاوە هێناوە، مۆمەکانیان بەدانەگیرساوی بەدەستەوەیە، چاوەڕێی (وشەی مەزن)ن تا مۆمەکان داگیرسێنن.

لەو بێدەنگییەدا خرمەی بەریەککەوتنی چەویان دەکەوێتە بەرگوێ، وا پێدەچێ ئەسپێک بەغار بەدامێنی چیادا هەڵگژێ و بەرد لەژێر پێیدا بترازێ.

(*) Christos Anesti



– "وا هات... وا هات!"

هەمووان دەڕژێنە دەرێ، خۆرهەڵات گوڵڕەنگ و ئاسمان بزەی دەهاتێ، دەنگی هەناسەبڕکێی قورس دێتە گوێ، سەگی پاسەمەڕ لەخۆشیاندا دەکەونە وەڕین، پاشان کوتوپڕ لەودیو دارگوێزێکەوە، بەکراسێکی قۆپچە ترازاوەوە، شەڵاڵ لەئارەقە، سوورهەڵگەڕاو بەهۆی راکردنەوە، نوقوم لەو مەسیحگەلەی کە زیندووی کردبوونەوە، باوکە کاپاتۆسی پیر و کورتەبنە، بەسەرو قژی ئاڵۆزکاوەوە وەدیاردەکەوێ.

لەهەمان ئەو لەحزەیەدا، خۆر خەریکە لەودیو چیاکەوە هەڵدێ، قەشە بازێک دەدا و لەبەردەم خەڵکی ئاواییدا خۆی دەگرێتەوە و باوەشی دەکاتەوە. هاوار دەکا: (کریستۆس ئانستاکاس)(*) ئاخر وشەی باو و دووبارەی (ئانستی) کوتوپڕ بەلایەوە چکۆڵە و هەرزان و ناچیزە خۆدەنوێنێ کە ئیدی ناتوانێ (مزگێنیی مەزن لەخۆ بگرێ). وشەکە لەسەر زاری قەشە دەکشێ و مەودایەکی بەرینتر لەخۆدەگرێ. ئیدی یاساکانی زمانەوانیی پاشەکشێ دەکەن و لەبەردەم گوڕی ئەو هێزە مەزنەی رۆحدا تێکوپێک دەشکێن و یاسای نوێ دەخولقێن. ئیدی بنۆڕە! ئەم بەیانییە لە خولقاندنی وشەی نوێدا، کریتیی پیر بۆ یەکەم جار هەستی کرد کە هەر بەڕاستیی مەسیح زیندوو دەکاتەوە – تەواوی بوونی وی و ئینج بەئینجی باڵا مەزنەکەی زیندوو دەکاتەوە – عیشق بەئازادی، سەر نەویی نەکردن بۆ قەبووڵکردنی کۆیلایەتی، رۆحمان تەنانەت لەبەرامبەر بەهەشتیشدا، گەمەکردنی ئازایانە لە سەروو ئەڤین و عەزابەوە، لەسەروو مەرگەوە، شکاندنی قاڵبە کۆنەکان، پیرۆزترین قاڵبەکان، کاتێ کە ئیدی جێگەت تییایاندا نابێتەوە – ئەمانە سێ هاوارە مەزنەکەی کریتن.

ئەوەی لەم سێ رووداوەدا، رۆح تژیی دەکات لە چێژێکی پاکژ و ساخ، ئەوەیە کە لێرەدا فەیلەسووفان و رەوشتگەران نائاخڤن، ئەوانە نادوێن تا لەکاتی بێ ئیشی و دوور لەهەر خەتەرێکدا تیۆرە دژوار و قورسەکانیان رادەگەیەنن. ئێمە لێرەدا لەبری ئەوانە سەروکارمان لەگەڵ خەڵکانی ساکار، لەگەڵ جوتیارانی کریتیدا هەیە، سەروکارمان لەگەڵ ئەوانەدا هەیە کە شوێنپێی ئارەزووە ناوەکییەکانیان هەڵدەگرن و بێ ئەوەی لەهەناسە بکەون، بەبەرزترین ترۆپکدا هەڵدەگژێن کە ئینسان لە توانایدایە بیگاتێ، واتە ترۆپکی ئازادی، واتە گاڵتەکردن بەمەرگ، واتە خولقاندنی یاسای نوێ. لێرەدا بنچینە رەسەنەکەی ئینسان لەبەرچاوانماندا وەدیاردەکەوێ. بۆیە دەبینین چۆناوچۆنیی ئەم وەحشە دوو پێیە بەگرتنەبەری رێگەگەلی جیاواز لە رێگەی ئەقلانیی، دەگاتە ئینسان بوون. بەم پێیە سەفەرەکەمان بەجەلجەتای دژواری ئەقلانیدا، لێواولێو دەبێ لە بەرپرسیاری، چونکە ئەلعان بەبینینی کریتییەکان دەزانین کە ئەگەر لەڕێگەی بەئینسان بووندا شکست بێنین، ئەوە تەنهاو تەنها خۆمان خەتابارین، هەر لەبەر ئەمەش ئەو جۆرە والایە – ئینسان – بوونی هەیە، لەسەر ئەرز وەدیارکەوتووە و ئیدی چ پاساوێک بۆ ترسنۆکی و کەوتنمان نییە. لەکریت ئەو کەسەی هەوڵی فریودانی خۆی یان فریودانی خەڵکانی تر نادا، ئەوا خۆی رووبەڕوو لەبەردەم خواوەندی یەک مەمکی ئامازۆندا دەبینێتەوە. ئەم (خواوەندی

(*) Christos Anestakas

بەرپرسیاریی)یە رووی خۆش پیشانی کەس نادا و لەسەر ئەژنۆی چ کەسێک - نە خواوەند و نە ئینسان - دانانیشێ.

***

رۆژانێکی زۆر بەو پەناگە ئازیزانەدا گەڕام کە جحێڵیم تیایاندا گوزەراندبوو. پیاسە لە کەناری زەریادا، بای فێنکی عەسران هەمان ئەو با فێنکە بوو کە جاران بەسەر قژە رەشەکەمدا هەڵی کردبوو. بۆنی یاسەمین و ڕێحان و شەوەر هەمان بۆن بوون. بۆنیان چ فەرقێکی نەکردبوو لەگەڵ بۆنیان لەگەڵ ئەو رۆژانەدا کە ئێواران بەکۆڵانە تەنگەبەرەکاندا تێدەپەڕیم و دەرگاکان کراوە بوون و کیژان لەحەوشە ئینجانەکانیان ئاو دەدا.

شنە و بۆن و زەریا خاوەن جحێڵییەکی نەمر بوون، تەنها خانووەکان و هاوڕێکانی جارانم پیر ببوون، زۆر لەو هاوڕێیانەم نەناسییەوە، زۆریشیان منیان نەناسییەوە. بۆ ساتێک دیقەتیان دەدام - کەسێکم وەیادیان دەهێنانەوە- بەڵام کێ؟ وەختێ لە تێفکرین شەکەت دەبوون ئەوسا بەڕێگەی خۆیاندا دەڕۆیشتن. تەنها یەکێک لەو هاوڕێیانە بەبینینی من، بەسەرسوڕمانەوە راوەستا و دەستی هەڵبڕی و هاواری کرد: "هاوڕێی دێرین ئەمە تۆیت؟ تەماشای خۆتکە، چ بووە؟"

ئەوە هاوڕێیەکی دێرینی گیانی بەگیانیم بوو، سێیەمین ئەندامی ئەنجومەنی هاوڕێیان بوو، پێدەچوو حاڵوگوزەرانی باش بێ، پایپێکی بێ تووتنی بەدەمەوە تا بۆنەکەی هەڵمژێ و بەو ڕێگەیە- بەفریودانی خۆی-جگەرە تەرک کات. دیقەتی دام، پاشان بەتوندی باوەشی پێداکردم.

- "چەندێک لاوازو رەش داگەڕاویت! گۆناکانت بەقووڵاچوون و نێوچەوانت پڕبووە لە چرچولۆچ، برۆت وەک دڕک تۆپەڵ بووە و ئاگر لە چاوانتەوە دەپژێ. چیت لێ بەسەرهاتووە؟ ئەرێ تا کەی دەسووتێی؟ تا کەنگێ دونیا لەپێوە دەدەی؟"

- "تا زیندوو بم! تا ئەو کاتەی کە ئیدی ناتوانم بگۆڕێم، ئەوسا خۆشگوزەران و مردوو، پایپێکی بێ تووتن بەلێوەوە دەنێم و رادەوەستم و لاقرتێ بەژیان دەکەم!"

هاوڕێکەم گوتی: "یەعنی من پیرم؟ یەعنی مردووم؟" وای گوت و دایە قاقای پێکەنینێکی گاڵتەجاڕییانە.

هیچم نەگوت، ئاخر بیرکردنەوە لەم هاوڕێ دێرینەم، لێوڕێژی کردم لە خەم و تووڕەیی. ئەدی چۆناوچۆنیی خۆشم ویستبوو؟ لەو ڕۆژە پڕ شکۆ و مەلەکوتییانەی جحێڵیدا کە تا بەرەبەیان شەقامەکانی میگالۆکاسترۆمان لەپێوەدەدا، وەی بەچ باوەڕ و کەفوکوڵێکەوە دونیامان وێران دەکرد و سەرلەنوێ رۆمان دەنایەوە! لەناو چوارچێوەی تەنگی شارەکەماندا جێمان نەدەبۆوە، لەو فیکرانەدا جێمان نەدەبۆوە کە لەمامۆستاکانمانەوە فێریان دەبووین. مەحاڵ بوو بەلامانەوە داسەکنان لەژێر سێبەری لەزەت و چێژە هاکەزاییەکانی ئینساندا. هەمیشە دەمانگوت: "وەرن با سنوورەکان تێکوپێک بشکێنین!" بەڵام کام سنوور؟ نەماندەزانی کامە! تەنها باسکمان رایەڵ دەکرد، وەک بڵێی خەریک بین بخنکێین!



هەنووکە باسکی هاوڕێکەم شۆڕ و چ کێشەیەکی لە هەناسەداندا نەبوو، خۆ گەر هێشتا ئارەزوویەکی ناشەرعی لە کەللەیدا مابێ، ئەوا هەوڵی دەدا بەکێشانی پایپی بێ تووتن ئەو ئارەزووە دامرکێنێتەوە.

***

هەر ئەو شەوەی گەیشتمەوە، بابم لێی پرسیم: "چۆن بوو چوویت بۆ روسیا؟ بۆچی چوویت؟"

وای گوت و بەتووڕەیی سەیری کردم، بەزەحمەت توانی جڵەوی تووڕەیی خۆی بگرێ. ئاخر ساڵانێکی زۆر چاوەڕێی ئەوە بووە نووسینگەیەک بکەمەوە و ئەم گوند و ئەو گوند بگەڕێم و ببمە شاهیدی رێوڕەسمی غوسڵی تەعمید و عەرووسییەکان، ئیدی بەو جۆرە هاوڕێگەلێکی زۆرم لە دەور کۆدەبوونەوە و دەمتوانی لەو رێیەوە خۆم لە هەڵبژاردنی پارلەماندا کاندید کەم. بەڵام ئەلعان دەیبینی دونیا لەپێوە دەدەم، سەرباری ئەوە بڵاوبۆتەوە کە خەریکی کتێب نووسینیشم! دوایەمین جارێ کە بینیمی، لێی پرسیم: "چ جۆرە کتێبێ دەنووسیت؟ حەکایەت؟ نامەی دڵداری؟ گۆرانی ئەمان ئەمان؟ نووسین تەنها کاری خەڵکانی خەسیو و قەشەکانە. چ شەرمەزارییەکە! وەرە واز لەم ئیشە بێنە، ئاخر تۆ پیاویت، دەس بەرە ئیشێ ئیشی پیاوان بێ!" وا ئەلعانیش بەتیلەی چاو سەیرێکی کردم و گوتی: "ناشێ بووبیتە بەڵشەویک؟ ئەوانە نە خواوەندیان هەیە و نە نیشتیمان و نە شەرەف. بێ باوەڕی وەک خۆیان هەر نییە!"

بەخۆم گوت هەنووکە کاتی ئەوەیە بۆی روون کەمەوە کە لەروسیا چ ڕوودەدا و لەوێ چ جۆرە دونیایەکی نوێ رۆدەنرێ. بۆیە بەزوبانێکی ساکار بۆم باس کرد کە ئیدی فەقیر و دەوڵەمەند لەروسیادا نییە، هەمووان کار دەکەن و دەخۆن:

- "ئەلعان لەوێ ئاغا و کۆیلە نییە، هەر کەسێ بۆ خۆی ئاغایە، لەوێ ئینسانییەتی نوێ و رەوشتی باڵاو خێزانی نوێ دروست بوون، ئیدی روسیا بۆتە پێشڕەو و ڕێنوێن، تەواوی دونیا لەوەدایە شوێنپێی روسیا هەڵگرێ تا داد و بەختەوەری باڵ بەسەر سەراپای ئەرزدا بکێشێ."

حەماسەت گرتبوومی و خەریکبوو دەکەوتمە خوتبەدان. بابم بەبێدەنگی گوێی ڕادێرابوو، لێکدا لێکدا سیگاری دەپێچایەوە و هەڵیدەوەشاندەوە بێ ئەوەی دایگیرسێنێ. بەخۆم گوت: "سوپاس بۆ خودا کە بابم تێدەگات!" لە ناکاوێکرا بەتووڕەیی دەستی هەڵبڕی و ئیدی من بێدەنگ بووم.

سەرێکی راوەشاند و گوتی: "هەموو قسەکانت چاک و بەرزن، بەڵام ئەی ئەگەر بکرێنە کردار چی؟"

بەواتایەکی تر: بەردەوامبە! قسە بکە و قسە بکە گەر پێتوایە مەسەلەکە دەهێنێ، بەڵام ئەی نمەک بەحەرام، ئاگادار بە و قسەکانت نەکەیتە کردار.

وەی چەند حەزم دەکرد بمتوانیبا قسەکانم بکردایەتە کردار! بەڵام ئەفسووس نەمتوانی، ئاخر هێزی مەزنی گەلەکەم لەمندا رەویبۆوە و کەشتیی پڕ لەچەتەی زەریایی باپیرانم غەرق ببوو، کردار ببووە قسە و قسەش بەمەرەکەب. لەجیاتی رم هەڵگرتن و شەڕ هەڵایساندن، پەڕەمووچێکی چکۆڵەم گرتبوو بەدەستەوە و دەمنووسی. تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵکیدا بێزاری دەکردم، هێزی ئەڤینی لێ زەوت دەکردم. تەنێ

لەخەڵوەتی خۆم و رامان لەچارەنووسی ئینساندا بوو دڵم تژی دەبوو لە میهرەبانی و ئومێد.

لەگەڵ گەڕانەوەمدا لەتاقیگەی جیهانزای روسیا ، ئازایەتیم تێ هاتەوە. هەنووکە بەخۆم دەگوت: "ئینسان دەتوانێ بەسەر لاوازی و بەسەر خەوشەکانیدا زاڵ بێ. ناتوانێ؟ هەڵبەت دەتوانێ. چەند شەرمەزارییە ئاوها بەتاڵ و حەتاڵ دانیشم و هەرچییەک کە سروشت دەمداتێ قەبووڵم بێ. ئیدی ئالای یاخیبوون بەرز دەکەمەوە!"

رێک لەو لەحزەیەدا کە پێویستم پێی بوو، مامێکی دەوڵەمەندم هات و بڕێک پارەی دا پێم تا بەقەولی خۆی، لەبری ئەم وڵاتە و وڵات کردنە بێ هوودەیە، بەئیشێکەوە بنووسێم و نووسینگەیەکی پارێزەری بکەمەوەو خۆم بۆ نوێنەرایەتی پارلەمان هەڵبژێرم. دەشێ رۆژێکیش داوام لێ بکرێ ببمە وەزیر و بەو شێوەیە ناوی خێزانەکەم بەرزکەمەوە. ئاخر من دوا کەسی ئەم بنەماڵەیە بووم کە بەسەواد بووم و دەمتوانی کتێبان بخوێنمەوە، بۆیە پێویست بوو بەو ئەرکە هەستم.

چەندین جار ئەو مەسەلەیەم لەگەڵ خۆمدا هێناوبرد. نا ، هێشتا نەمدەتوانی خۆم لەنووسینگەیەکی پارێزەریدا زیندانی کەم چونکە دەتاسام. رێگەیەکی تر دەدۆزمەوە بۆ چوونە نێو ژیانی ئیشکردنەوە، کام رێگە؟ نەمدەزانی. لە خەیاڵی خۆمدا، کرێکارانم کۆدەکردنەوە، پێکەوە دەستمان دەدایە ئیشێک، یەک جۆر خواردنمان دەخوارد، یەک جۆر جلکمان دەپۆشی، خاوەن کار و کرێکار لەمیانا نەبوو، بەهەمان حەق و حقووقی خۆم.

دوای گەڕانەوە لەروسیا ، خۆیشم حەزم بەوەبوو هەوڵ بدەم لە کەلی شەیتان بێمە خوارێ و لەگەڵ ئینساندا بکەومە کار.

رێک لەوکاتەدا- وەک ئەوەی قەدەر حەزی لەگەمە بێ- بەکرێکارێکی پیری کانەکان، بەناوی (ئەلیکسیس زۆربا ) ئاشنا بووم!

## زۆربا

خەون و سەفەر گەورەترین یارمەتیدەرانی ژیانم بوون، خەڵکێکی کەم نەبێ (چ زیندوو چ مردوو) لە تێکۆشانمدا کۆمەکیان نەکردووم. گەر هەوڵ بدەم ئەو خەڵکانە دەسنیشان کەم کە کاریگەریی قووڵیان لە ناخمدا جێ هێشتووە، دەشێ ناوی هۆمەر، بوزا، نیچە، برگسۆن و زۆربا بێنم. هۆمەر بۆ من چاوێکی ئارام و وردبین بوو کە بەشکۆ شیفابەخشەکەی دونیای رووناک دەکردەوە، بوزا چاوێکی رەنگ شەبەقیی و قووڵ بوو کە دونیا لەناویدا غەرق دەبوو، ئیدی پاشان رزگاریی وەدەس دەهێنا، برگسۆن لەو کێشە فەلسەفییانە رزگاری کردم کە لەتافی جحێڵیدا ئازاریان دەدام، نیچە شەهدی عەزابی نوێی بەرۆحم نۆشی و فێری کردم چۆناوچۆنیی شکست و تاڵوتفتی و گومان بکەمە شانازیی، زۆر باش فێری کردم ژیانم خۆش بوێ و لەمەرگ نەترسێم.

گەر پرسیاری عومرم لەبارەی هەڵبژاردنی رێنوێنیی رۆحی، یان ئەوەی هیندۆسەکان پێی دەڵێن (گۆرۆ) و راهیبەکانی چیای ئاتوس پێی دەڵێن (باوک) لێ بکرێ، ئەوا بەدڵنیاییەوە زۆربا بەرێنوێنی رۆحیی



خۆم هەڵدەبژێرم، لەبەرئەوەی وی خاوەن هەموو ئەو شتانەیە کە خاوەن قەڵەمان بۆ رزگاری پێویستیان پێیەتی. وی خاوەن روانینێکی خۆڕسکانە بوو کە وەک تیر نێچیرەکەی خۆی بەئاسمانەوە دەپێکا، بێ هونەرییەکی ئەفرێنەر کە هەموو سپێدانێک نوێ دەبۆوە و گوڕی ئەوەی پێ دەبەخشی هەمیشە شتەکان بۆ یەکەم جار ببینێ و پاکیژەیی دەبەخشییە توخمە رۆژانە و هەمیشەییەکان: هەر لەهەوا و زەریا و ئاگرەوە تا ژن و نان. دەستێکی بەجموجووڵ، دڵێکی جحێڵ، خاوەن جورئەت بۆ راپسکاندنی رۆحی خۆی، وەک بڵێی لەقوڵاییڕا خاوەن هێزێکی زۆرتربێ لەرۆحی خۆی، دواجاریش قاقای پێکەنینە هەمەجییانەکەی کە لەقوڵاییەکی قووڵترەوە لەناخی ئینسان هەڵدەقوڵی، قاقای پێکەنینێک کە لە ساتەوەختە قەیراناوییەکاندا لەسینگی پیری ویدا دەتەقییەوە و تەواوی بەربەستەکانی: رەوشت، ئایین و نیشتیمانی رادەماڵی، بەربەستگەلێک کە ئینسان، ئەو مەخلوقە ترسنۆکە داماوە بەدەوری خۆیدا رۆیان دەنێ تا لەزەلکاوی ژیانە فەلاکەتبارەکەیدا ئەمانی پێ ببەخشێ و لەجێگەی خۆیدا راوح کا.

هەرکاتێک ئەو کتێب و مامۆستایانەم وەبیر دێنەوە کە ساڵەهای ساڵ هەوڵیان دا بۆ قایلکردنی رۆحی برسیم چ خۆراکێکم دەرخوارد بدەن، پاشان کاتێ (زۆربا )شم بیردێتەوە کە تەنها لەماوەی چەند مانگێکدا چ رۆحێکی تۆکمە و شێرانەی رژاندە گیانمەوە، ئیدی پێمزەحمەتە بتوانم بەرگەی ئەو تاڵی و تفتی و تووڕەییبە بگرم کە لە خۆیمەوە دەپێچێ.

کاتێ ئەو قسانەیم بیر دێتەوە کە پێی گوتم، کاتێ ئەو سەمایانەیم بیر دێتەوە کە بۆی کردم، کاتێ ئەو سەنتوورەیم بیر دێتەوە کە بۆی ژەندم، چۆن دەتوانم دڵم رانەچڵەکێ؟ لەو کەنارەی کریتدا لەگەڵ ژمارەیەک کرێکاری تردا بۆ ماوەی شەش مانگ عەردمان هەڵدەکەند گوایە بەدوای کانە خەڵووزی بەردیندا دەگەڕێین، بەڵام ئێمە هەردووکمان دەمانزانی ئەم ئامانجە تەپوتۆزێکە بۆ بەهەڵەبردنی چاوانی خەڵکی، بەدڵەڕاوکێوە چاوەڕێی ئاوابوونی خۆرمان دەکرد تا کرێکارەکان دەست لە ئیش هەڵگرن و هەردووکمان دوو قۆڵی سفرەی شێو لە کەناری زەریا راخەین و ئەوسا بکەوینە خواردنی ژەمە دێهاتییە بەتامەکەمان و خواردنەوەی شەرابی خەستی کریتی و دامەزراندنی سەری قسە!

من بەدەگمەن زارم هەڵدەهێنایەوە، ئاخر (رۆشنبیر)ێک دەتوانێ چ بە(غەول)ێک بڵێ؟ بۆیە من هەر گوێم رادەدێرا و ئەویش باسی گوندەکەی خۆی بۆ دەکردم کە کەوتبووە دامێنی چیای (ئۆلۆمپ)ەوە، باسی بەفر و گورگ و قەدیس سۆفیا و خەڵووز و ژن و خواوەند و نیشتیمانپەروەری و مردن، کاتێکیش ئیدی وشە بەهانایەوە نەدەهات و هەستی بەهەناسەتەنگی دەکرد، یەک قەڵەمبازی دەدا و لەسەر لم و وردە زیخی کەنار دەکەوتە سەما. باریک ئەندام و بەهێز، باڵابەرز و رێک، چاوانی ورد و گرد وەکی چاوانی تەیر، سەری نەوی دەکرد و سەمای دەکرد، هاواری دەکرد و پێ زلەکەی دەکێشا بەکەناردا و دەموچاوی بەئاوی زەریا تەڕ دەکردم.

گەر بەقسەی وی - قسە نا ، بەڵکو هاوار- م کردبا ، ئەوا ژیانم بەهایەکی وەدەس دەهێنا ، ئەو تشتەی کە ئەلعان وەکی بەنگکێشان تێیدا رۆدەچم و هەوڵ دەدەم بەقاقز و مەرەکەب بیناسم، ئەوکات بەخوێن و گۆشت و ئێسک تەجروبەیم دەکرد. بەڵام نەموێرا. زۆربام دەبینی نیوەشەوان سەمای دەکرد و نەعرەتەی

دەکێشا، بانگی دەکردم تا منیش لە حەشارگەی ئەقڵ و عورف و عادەتەوە بازێک بدەم و لەگەڵیدا بەرەو سەفەرە بێگەڕانەوەکان بچم، بەڵام من جووڵەم لەخۆ دەبڕی و لە جێگەی خۆدا هەڵدەلەرزیم.

لە ژیانمدا جارەهای جار شەرمەزار بووم، چونکە ڕۆحم دەرەقەتی کردنی ئەو کارە نەهاتووە کە حەماقەتی مەزن (جەوهەری ژیان) پێی سپاردووم، بەڵام ڕۆحم لەبەرامبەر چ کەسێکدا خۆی سەرشۆڕ نەبینیوە وەک ئەوەی لە بەرامبەر زۆربادا خۆی دەبینی.

پرۆژەی کانە خەڵووز بە با چوو. من و زۆربا هەرچییەکمان توانی کردمان تا بەپێکەنین و گەمە و گفتوگۆ بەقوڵایی کارەسات بگەین، ئاخر ئێمە ئەرزمان بۆ دۆزینەوەی خەڵووز هەڵنەدەکەند، ئەوە دەمامکێک بوو بۆ چەواشەکردنی کاڵفام و ئاقڵەکان، تا زۆربا گوتەنی نەهێڵین بەر توێکڵە لیمۆمان بدەن. زۆربا لە کاتێکدا لە تاو پێکەنین خەریک بوو ژانی دەکرد، ئەو قسەیەی دەکرد و دەیگوت: "بەڵام ڕەیس (وی منی بەرەیس بانگ دەکرد و پێدەکەنی) بەڵام ڕەیس، ئێمە خۆمان ئامانجی ترمان هەیە، ئامانجی مەزن!"

لێیم دەپرسی: "زۆربا، ئەو ئامانجانە چین؟"

- "وا پێدەچێ ئێمە بۆیە ئەرز هەڵدەکەنین تا بزانین چ شەیتانگەلێک لەناوەوەمانڕا خۆیان حەشارداوە؟"

لەماوەیەکی کەمدا توانیمان ئەو پارەیە تەخشان و پەخشان کەین کە مامی ئازیزم پێی دابووم تا گوایە نووسینگەیەکی پێ بکەمەوە. من و زۆربا کرێکارەکانمان ئیزن دا، بەرخێکمان برژاند، بەرمیلێکی چکۆڵەمان پڕکرد لە شەراب، ئەوسا لە نزیک زەریا و لەبەردەم کانەکەدا، سفرەمان ڕاخست و کەوتینە خواردن و خواردنەوە. زۆربا سەنتورەکەی هەڵگرت، ملە پیرەکەی درێژ کرد و کەوتە گۆرانی، خواردمان و خواردمانەوە، هەرگیز لەژیانمدا ورە و چالاکییەکی هاوشێوەی ئەوەم لەخۆمدا هەست پێ نەکردبوو.

پێکەوە هاوارمان کرد: "خودا لە کۆچکردووانی ئازیز خۆشبێ، خواوەند پرۆژە جوانەمەرگەکەمان غەرقی ڕەحمەت کا و عومری درێژ بەخۆمان عەتا بفەرموێ و کانە خەڵووزیش بەجەهەننەم!"

سپێدە لەیەکتر جوێ بووینەوە، من کە بەتیری خوێناویی ڕۆح - چونکە نازانین چ ناوێکی تری لێ بنێین- زامێکی بەسوێم تێ ببوو، هەمدیس پەنام بۆ قاقز و مەرەکەب بردەوە. زۆربا بەرەو باکوور ڕۆیشت و لە نزیکی (سکۆبلیچە) لە سیربستان جێگیربوو، هەڵبەت لەوێ کانەبەردێکی دۆزیبۆوە، کرێکارانی لەدەوری پرۆژەکە کۆکردبۆوە و دینامێتی بۆ لێدانی تونێل بەنێو ئەرزدا بەکارهێنا، جادەی ڕاکێشا، ئاوی هێنا و خانووی ڕۆنا. بەوەی کە پیرەمێردێکی تژیی بەچالاکی و ژیانیش بوو، بێوەژنێکی شۆخ و بەکەیفی بەناوی (لیوبا ) هێنا و منالێکی لێی بوو.

ڕۆژێکیان برووسکەیەکیم پێگەیشت. نووسیبووی: "بەردێکی سەوزی لەڕادەبەدەر جوانم دۆزیوەتەوە، هەر ئێستا بکەوە ڕێ. زۆربا!"

ئەمە لەو کاتەدا بوو کە یەکەمین هاتوباتی جەنگی دووەمی جیهانی بەرگوێ دەکەوت. نوقڵانەی تۆفانێک کە سەراپای ئەرزی دادەپۆشی، ملیۆنەها کەس بەمەزەندەکردنی ئەگەری نەهاتە ساڵ و قەتڵوعام



و دێوانەیی لەرز دای گرتبوون. سەرجەم ئەهریمەنەکانی ناخی خەڵکی بێدار بیوونەوە و هەر هەموشیان تینووی خوێن. لەو ڕۆژە سەختانەدا بوو برووسکەکەی زۆربام بەدەست گەیشت، سەرەتا تووڕە بووم، ئاخر وا خەریک بوو دونیا نغرۆ دەبوو، شەرەف و ڕۆح و ئینسان و ژیان لە خەتەردا بوون، لە وەزعێکی ئاوهادا برووسکەیەکم پێ بگا و بانگێشتمکا هەزاران کیلۆمەتر بۆ بینینی بەردێکی جوانی سەوز ببڕم! بەخۆم گوت: "نەفرەت لەو جوانییە بێ! ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو کابرایە چ دڵی لای خەڵکی نییە و سوکایەتی بەعەزابەکانی ئینسان دەکات!"

بەڵام کوتوپڕ ترسێک لەخۆوەی پێچام، کاتێ تووڕەییم دامرکایەوە، بەترسەوە پەیم بەوە برد کە بانگێکی تری نائینسانی لە قووڵاییم ڕا وەڵامی ئەو بانگە نائینسانییەی زۆربا دەداتەوە، هەڵۆیەکی چنگ بەخوێن لەناخمدا هێلانەی چێ کردووە، هەڵۆیەک لە قوڵاییمڕا باڵ لێک دەدا تا هانم بۆ ئەو سەفەرە بدات.

ئەمجارەیش نەچووم، چونکە هەمدیس ترسام، گوێم بۆ ئەو بانگە غەیبی و زاڵمانەیە ڕانەدێرا کە لەناخمەوە بەرز دەبۆوە و بەو جۆرە شانم نەدایە بەر کردنی کارێکی خەتەر و نائەقڵانی. ئاخر من هەر بەتەنێ گوێم لە دەنگی هاوسەنگ و ساردوسڕ و ئینسانیی مەنتیق ڕادێرابوو. قەڵەمم هەڵگرت و لە نامەیەکدا باسی ئەو وەزعەم بۆ زۆربا کرد.

وی ئاوها وەڵامی دامەوە: "ڕەیس، تۆ هەر قاقز ڕەشکەرەوەکەی جارانیت، ئاخر تۆ هەلی عومرت لەبەردەمدا بوو تا بەردێکی جوانی سەوز ببینیت و لەکیس خۆتت دا و نەتبینی! دەی بەشەرەفم من زۆر جاران، کاتێ بێ ئیش دەبم، لەخۆم دەپرسم چما ئایا دۆزەخ هەیە یان نا؟ بەڵام دوێنێ کە نامەکەی تۆم پێگەیشت بەخۆم گوت هەڵبەت دەبێ دۆزەخ هەبێ تا چەند قاقز ڕەشکەرەوەیەکی وەکی تۆی تێ تووڕبدرێ!"

ساڵانێکی زۆر تێپەڕین، ساڵانێکی ترسناک کە تیایاندا زەمەن وزەی خۆی کۆکردەوە و شێتیی لە کەللەی دا، ساڵانێک کە سنوورە جوگرافییەکان کەوتنە سەما و ڕووبەری وڵاتان وەک ئۆکۆردوێن دەکشان و دەهاتنەوەیەک. لەو ڕۆژانەدا پەیوەندیی نێوان من و زۆربا پچڕا، بەڵام جارناجار پۆستکارتێکی بچووکیم بەدەس دەگەیشت. جارێکیان پۆستکارتێکیم لەسیربستانەوە بەدەست گەیشت. بۆی نوسیبووم: "هێشتا زیندووم، لێرە سەرمایەکە شەیتانیش دەیبەستێ، هەر لەبەر ئەمەبوو ناچار بووم ژن بێنم، کارتەکە هەڵگێڕەوە وێنەکەی دەبینی، ژنێکی وردئەندام و قەشەنگە، زگی کەمێک ئاوساوە، چونکە خەریکە زۆربایەکی چکۆڵەم بۆ دێنێ. ژنەکەم ناوی (لیوبا )یە، ئەم پاڵتۆیەی لەبەرمدایە و یەخەکەی لە پێستە ڕێوبیە، جازیی ئەوە، ماینێکی ڕەسەن و حەوت بەچکە بەرازیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، لە دڵەوە ماچت دەکەم. ئەلیکسیس زۆربا. بوخچە نەکراوەکەی جاران!"

جارێکی تر کڵاوێکی ئاوریشمی لە سیربستانەوە بۆ ناردم، زەنگێک بەگوڵنکەی کڵاوەکەوە بوو. بۆی نووسیبووم: "ڕەیس! کاتێ خەریکی نووسینە قۆڕەکانتیت، ئەم کڵاوە لەسەرکە! ئاخر منیش لەکاتی ئیشدا کڵاوێکی وەک ئەمە لەسەردەکەم، خەڵکی پێدەکەنن و دەپرسن: زۆربا چییە شێت بوویت؟ ئەو

زەنگە چییە بەکڵاوەکەتەوە؟ بەڵام من پێدەکەنم و وەڵامیان نادەمەوە. ئاخر رەیس، هەر بەتەنێ ئێمە هەردووکمان دەزانین بۆچی زەنگ بەکڵاوەکانمانەوەیە!"

لەو ماوەیەدا هەمدیس خۆم بەقاقز و مەرەکەبەوە گرێدایەوە. ئاخر ئیدی من زۆربام درەنگ ناسیبوو، ئیدی چ رزگاربوونێکم نەبوو، دەبوو مل بۆ قەدەریی ئەو باش کاتبییەی خۆم بدەم.

کەوتمە نووسین، بەڵام هەرچییەکم دەنووسی- شیعر یان شانۆنامە یاخود رۆمان - هەمیشە نووسینەکەم بەبێ چ هەوڵێکی ئاگایانە لە منەوە، رەنگ و شێوەیەکی بەخۆوە دەگرت کە تژیی بوو لە هێزی بەشەڕهاتوو، پڕ لەململانێ، پڕ لە تووڕەیی، پڕ لە شۆڕش، پڕ لە گەڕان بەدوای هاوسەنگییەکی بزربوودا، لێوڕێژ لەهەواڵی شووم و تژیی لەو پزیسکانەی لە زریانێک نزیک دەبوونەوە. هەرچی هەوڵم دەدا شێوەیەکی هاوسەنگ بەنووسینەکانم ببەخشم، کەچی خێرا ریتمێکی توندیان لەخۆدەگرت، دەنگێکی ئارام کە دەمویست بەرجەستەی کەم، بەپێچەوانەی ئارەزوومەوە دەبووە هاوار. بەهەمان بەڵگە، دوای تەواوبوونی نووسینێک و کاتێک سەرنجم دەدا ئەو نووسینە قورسایی سەر دڵمی هەڵنەگرتووە، ئیدی نائومێدانە دەکەوتمە نووسینێکی تر و هەمیشەش بەئومێدەوە بووم بتوانم لەنێوان هێزە تاریک و رووناکەکاندا - کە ئەوکات لە شەڕدا بوون - ئاشتی بەرقەرارکەم و پەی بەو شێوەبەندییە بدەم کە لەگەڵ هاوئاهەنگیی ئایندەیاندا دەهاتەوە.

فۆرمی درامایی لەڕێگەی بەرجەستەکردنی هێزە سەرکێشەکانی سەردەمەکەمان و رۆحمانەوە لە پاڵەوانانی کاری ئەدەبیدا، توانای ئەوە بەئەدەبیاتی داهێنەر دەدا ئەم هێزانە دیسپلین کات، هەوڵم دا بەئەمانەت و وردبینییەکی تەواوەوە، ئەو سەردەمە چارەنووسسازە تەجروبەکەم کە تیایدا لەدایک ببووم.

چینییەکان نەفرەتێکی سەیریان هەیە، دەڵێن: (نەفرەتت لێ بێ، هیوادارم لەسەردەمێکی چارەنووسسازدا لەدایک بیت!). ئێمە لەسەردەمێکی چارەنووسسازی لێواولێو لەئەزموونی دووبارە و رووداوو بەیەکدادانی جۆراوجۆردا لەدایک بووین، نەک وەک رابردوو پێکدادان لەنێوان چاکە و خەراپەدا، بەڵکو- ئەمەش لە هەمووی مەرگەساتترە - لەنێوان خودی چاکەخوازییدا. ئاخر چاکەخوازییە ناسراوە دێرینەکان خەریکە دەسەڵاتی خۆیان ون دەکەن، چیدی ناتوانن خواستە ئایینی، ئەخلاقی، ئەقڵی و کۆمەڵایەتییەکانی رۆحی سەردەم وەڵام بدەنەوە. وا پێدەچێ رۆحی ئینسان بەرینتر بووبێ و ئیدی نەتوانێ خۆی لە قاڵبە کۆنەکاندا بگونجێنێ.

شەڕێکی ناوخۆی خوێناویی لەنێوان بەهاکانی سەردەمەکەماندا هەڵایساوە، ئاگا یاخود نائاگا جەنگێک لەنێوان بەهاکانی هەر ئینسانێک لەگەڵ سەردەمەکەیدا هەڵایساوە: جەنگێکی ناوخۆ لەنێوان ئەفسانەی کۆن و ئەفسانەی نوێدا، ئەفسانەی کۆن کە پێشتر خاوەن دەسەڵاتی رەها بووە و ئەلعانیش هێزی پێ نەماوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەحیرسەوە هەوڵ دەدا پارێزگاریی بەدەسەڵاتییەوە بەسەر ژیانماندا بکا و رۆڵی خۆی لە رێکخستنی ئەم ژیانەدا بهێڵێتەوە. ئەفسانەی نوێش کە هەوڵی داوە و هەنووکەش ناشیانە و بەبێ رێکخستن هەوڵ دەدا فەرمانڕەوایی رۆحمان کا، لەبەر ئەمەیە وا دەکا هەموو ئینسانێکی زیندوو، بەهۆی ئەو چارەنووسە درامییەی زەمەنەکەیەوە ئینسانێک بێ لە رەنج و عەزاب.



ددانەکانی رەوڕەوەی چارەنووس بەر لە هەموو کەس هونەرمەند دەشێلن. جۆرە لێو و سەرپەنجەیەکی هەستیار هەن بەر لە تۆفان، پێدەچێ هەزاران سوژنیان پێدا رۆببرێ. ئاخر لێو و سەرپەنجەی هونەرمەند بەو جۆرەن. کاتێ هونەرمەند بەیەقینێکی تەواوەوە لەبارەی ئەو زریانەوە دەدوێ کە هوروژمان بۆ دێنێ، ئەوا ئەوەی دەئاخڤێ خەیاڵی هونەرمەند نییە، بەڵکو لێو و سەرپەنجەکانی وین کە یەکەمین پزیسکەکانی زریانیان بەردەکەوێ. ئێمە دەبێ بەپاڵەوانێتییەوە خۆ تەسلیمی ئەو حەقیقەتە بکەین کە ئاشتی و خۆشی و ئەوەی پێیدەگوترێ بەختەوەری، مەسەلەگەلێکن هی سەردەمەکانی تر: هی رابردوو یاخود ئایندە. بەڵام هی ئەم سەردەمەی ئێمە نین، سەردەمەکەی ئێمە لە دەمێکەوە چووەتە مەداری پەشێوییەوە.

بەڵام من بۆ دیسپلینکردنی ئەم پەشێوییە، بەبێ چ هەوڵێکی ئاگایانە لە شەڕدابووم تا لەوە تێپەڕێنم و فۆرمی رزگاری بدۆزمەوە (یا بیخولقێنم). لەهەموو نووسینەکانما، زەمینەی کارەکانم بەزەمەن و ئەفسانە دێرینەکان پۆشیوە، بەوەشەوە جەوهەری نووسینەکانم نوێ و زیندوو بووە، تانوپۆیان بەئازار و مەسەلەگەلی هەنووکەیی چنراوە، بەڵام ئەم ئازارانە لەچاو ئومێدە مۆلەق و هێشتا نادیارەکاندا کە لەهەوڵی جێگیرکردنی ڕوخسارياندا بووم، کەمتر ئازاریان داوم و ئەفسوونیان کردووم. ئاخر تروسکەی ئەم ئومێدە مەزنانە توانای ئەوەمان پێ دەبەخشن تا ڕێک و ڕاست بەپێوە خۆمان ڕاگرین و بەدڵنیاییەوە لەوبەری زریان، لەبەردەم خۆماندا، لە چارەنووسی ئینسان بنۆڕین.

نیگەرانیم بۆ ئینسانی ئەمڕۆ لەو وەزعە لێکبەر هەڵوەشاوەیدا، کەمتر بووە لە نیگەرانیم بۆ ئینسانی ئایندە لەحاڵەتی دروستبوون و نەشونومایدا، هەمیشە لەبیری ئەوەدابووم ئەگەر هونەرمەندی داهێنەر تەواو و ڕاستگۆیانە گوزارشت بکا لە وتووێژە قوڵەکانی ناخی، ئەوا بەم کارەی یارمەتی ئینسانی ئایندە دەدا تا سەعاتێک بەر لە وادەی خۆی لەدایک بێ و ئیدی ئەم ئینسانەش نێزیکتر دەبێ لە کاملێ.

لەبەرئەمە بەئاشکراییەکی فرەوە، بەرپرسیارێتیی هونەرمەندی داهێنەرم ستایش کردوە، بەخۆم دەگوت: "حەقیقەت، تەواو و ئامادە و سەربەخۆ لە ئینسان بوونی نییە، بەڵکو حەقیقەت بەهاوکاریی ئینسان و بەهۆی بەشداریی ئەوەوە دەخولقێ، ئەم حەقیقەتەش ڕێژەییە بەگوێرەی بەهای ئینسان. کاتێ بەنووسین یان بەکار مەجرای ڕووبارێک دەکەینەوە، ئەوا حەقیقەت بەناو ئەو مەجرایەدا دەڕوا و ئاراستەیەک وەردەگرێ کە ئەگەر دەستێوەردان و بەشداری ئێمە نەبێ، ئەوا ئەو ئاقارە ناگرێتەبەر. هەڵبەت ئێمە بەرپرسیارێتی تەواو لەئەستۆ ناگرین، بەڵام بەرپرسیارێتییەکی گەورەمان لەسەر شانە.

دەشێ نووسین لە سەردەمەکانی تردا گەمەیەک بووبێ: ڕۆژانی هاوسەنگی و هاوگونجان. بەڵام نووسین ئەوڕۆکە ئەرکێکی خەتەرە. ئامانجی نووسین خەڵەفاندنی ئەقڵەکان نییە بەحەکایەتی پەرییان یاخود یارمەتیدانی ئەقڵەکان بۆ لەبیرکردن، بەڵکو ئامانجی نووسین وەدیهێنانی دۆخێکی یەکانگیرییە لەنێوان سەرجەم ئەو هێزە ڕووناکانەدا کە هێشتا لەم سەردەمە ئینتیقالییەی ئێمەشدا توانای ژیانیان هەیە. ئامانج لەنووسین هاندانی ئینسانە تا ئەوپەڕی وزەی خۆی بەکاربێنێ لەپێناو تێپەڕاندنی دڕندە شاراوەکانی ناخی.

قارەمانانی تراژیدیا گریکییە دێرینەکان، ئەندامانی پەرتەوازەی جەستەی دیۆنیزیۆس بوون و لەنێوان

خۆیاندا لە کێشمەکێشدا بوون. پێکهەڵپژانیان بەهۆی پەرتەوازەییانەوە بوو، هەریەکەیان گوزارشتی لەبەشێکی خواوەندێتی دەکرد، واتە هیچکامیان خواوەندێکی تەواو نەبوون. دیۆنیزیۆس، خواوەندی تەواو، بەنەبینراوی لەجەوهەری تراژیدیادا ڕادەوەستاو لەدایکبوونی چیرۆک و گەشە و ساتەوەختی ترۆپک و پاکژبوونەوە (کاساریس)ی بەڕێوەدەبرد. بەلای بینەری سەرەتاییەوە، ئەندامانی پەرتەوازەی خواوەند، گەرچی لەناویەکدا لەپێکهەڵپژاندا بوون، بەڵام بەنهێنی لەقووڵایی ئەو بینەرەدا یەکانگیر و تەبابوون، وی دەیزانی ئەم ئەندامانە جەستەی خواوەندی لەگەڵ پێکدەهێنن و لەناو یەکدا بەتەرزێکی ڕاستەقینە تەبا و هاوگونجاون.

هەمیشە لەو باوەڕەدا بووم کە هاوئاهەنگیی ئاینده لە تراژیدیای ئەمڕۆدا دەبێ بەهەمان شێوە بەژوور دوژمنایەتی و جەنگەوە بشەکێتەوە و لەنێو قارەمانانی پەرتەوازە و دوژمن بەیەکدا بەکاملی بمێنێتەوە. ئاوها ئەرکێک لەرادەبەدەر قورسە و دەشێ هەر وەدیش نەیەت. ئێمە خۆمان لە لەحزەی نابووتیی کەونی و خولقاندنی کەونی بینیوەتەوە کە تەنانەت مەزنترین هەولی فەردیی لەزۆر کاتدا نەزۆک دەکەوێتەوە، بەڵام خودی ئەم هەولە بێ سەمەرانە وەبەردێن، نەک بۆ ئێمە، بەڵکو بۆ ئەوانەی دوای ئێمە دێن، ڕێگە دەکاتەوە و کۆمەکی ئاینده دەکا تا لەو ڕێگەیەوە هەنگاو بنێ.

لەکاتی نووسیندا، چ لەسەفەر و چ لەماڵەوە و لەناو خێزاندا، هەرگیز ئەم بەرپرسیارێتییە خەتەرە بەری نەداوم، سەرەتا تەنها وشە بوو، وشە بەر لە کردار، کوڕ، تەنها کوڕ، کوڕی خواوەند، ئەو وشە نوتفەیەی پێکەوە هەردوو دونیای بینراو و نەبینراو دەخولقێنێ.

هێور هێور، بەحەماسەتێکی زیاترەوە، لەزەریای مەرەکەبدا ڕۆچووم. ئیدی سێبەرگەلی مەزن – ژولیانی مورتەد، نیسفۆرۆس فوکاس، کونستانتین بالیلۆگۆس و پرۆمیسیۆس– دەوری دڵیان دابووم و لەچاوەڕوانیی دەرفەتێکدا بوون خوێنی گەرم بخۆنەوە تا بۆ ژیانیان بگەڕێنێتەوە. ئەم ڕۆحە مەزن و ئازار چەشتووانە لەژیانیاندا ڕووبەڕووی ڕەنج و ئەڤینێکی فرە ببوونەوە و بەتوندی بەرامبەر خودا و چارەنووس ڕاوەستابوون. زۆر هەوڵم دا تا ئەم ڕۆحانە لەو دونیای تر دەربێنم، تا عەزاب و بەرخۆدانیان– کە عەزاب و بەرخۆدانی ئینسانە – لەبەردەم زیندووواندا بەرز و پیرۆز ڕاگرم و خۆیشم ئازایەتیم تێبێ.

من دەزانم هەرگیز نووسینەکانم لەڕووی هونەرییەوە کامڵ نابن، چونکە من بەدەستی ئەنقەست هەوڵ دەدەم سنوورەکانی هونەر تێپەڕێنم، بەو جۆرەش هاوئاهەنگی جەوهەری جوانی دەشکێ. هەرچەندێک زیاتر نووسیم، قووڵتر پەیم بەوە برد لەنووسیندا هەوڵم بۆ جوانی نەداوە، بەڵکو سەرووبەری هەوڵم بۆ ڕزگاری بووە. پێچەوانەی نووسەرێکی واقیعی، لەبەکارهێنانی گوتەیەکی جوان یان سەجعێکی مەوزوون لەزەتم نەبردووە. ئاخر من ئینسانێک بووم لە ململانێ و عەزاب، ئینسانێک لە دووی ڕزگاری، ویستوومە لەهاوار و نەعرەتەی باپیرانم قوتارم بێ و بیانکەمە مەخلۆقگەلی زیندوو. هەر لەبەر ئەمە بوو یارمەتیم لەو کەسێتییە مەزنانە دەخواست کە بەسەرفرازی لەئەزموونە سەخت و دژوارەکان هاتبوونەدەر. ویستوومە بەتەماشاکردنی توانای ڕۆحی ئینسانی بۆ هەڵگژان بەسەر هەر شتێکدا، ئازایەتیم تێبێ، ئەمە بوو ئەوەی زانیم و ئەوەی بینیم: هەمان جەنگی هەمیشەیی کە لەناخی منالیمدا لە پێش چاوانمدا



هەڵایسابوو، ئەو جەنگە هێشتا بێ وچان لە ناخم و لە دونیای دەرەوەدا درێژەی هەبوو، ئەو جەنگە ببووە فاکتەری بێ پشووی هەموو ژیانم، لەبەر ئەمەیە کە لەتەواوی کارەکانما، ئەم دوو ململانێکەرە، تەنها ئەم دووە، هەمیشە کەسایەتی سەرەکی بوون.

حەیفێک نووسین تاقە پاڵپشتێکم بووە لە بەرخۆداندا، هەر لەبەر ئەمەش بوو پەنام بۆ نووسین برد. کریت و تورکیا، خێرو شەڕ، ڕوناکی و تاریکی بێوچان لە ناخمدا لەململانێدا بوون. ئامانجم لە نووسین، ئامانجێک کە سەرەتا نائاگایانە و دواتر ئاگایانە، ئەوە بوو کە بەهەموو توانامەوە یارمەتی کریت و خێر و ڕووناکی بدەم تا سەرکەون. ئامانجی من لەنووسین جوانی نەبووە، بەڵکو ڕزگاری بووە.

کاتێک هاتمە دونیا ئەم ململانێیە لەوپەڕیدا بوو، پێداویستی کۆمەککردن هێند هەنووکەیی بوو کە بەخێرایی توانیم پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان خەباتی کەسیم و خەبات لە دونیای هاوچەرخدا ببینم. هەردووکمان لە شەڕەکەماندا بۆ ڕزگاربوون لەیەک دەچووین، ڕزگاربوونی من لەباپیرە تاریکەکانم و ڕزگاربوونی دونیاش لە کۆنی تاوانبار. ئاخر هەردووکمان دەجەنگین تا ڕزگارمان بێ لە تاریکی.

جەنگی دووەمی جیهانی هەڵایسابوو، شەڕ باڵی بەسەر سەرانسەری ئەرزدا کێشابوو. هەنووکە بەئاشکرا دەبینم کە هەر سەردەمێک شەیتانێکی تایبەتی خۆی هەیە، فەرمانڕەوا ئەو شەیتانەیە نەک ئێمە، شەیتانی سەردەمەکەی ئێمە لەجۆرە خوێنخۆرەکانە، هەر وەختێ دونیا دەگەنێ و پێویستە ئیدی لەبەین بچێ، بارودۆخەکە بەو تەرزەی لێدێ. پێدەچێ ئەقڵێکی نائینسانی، سەروو ئینسانی هەبێ یارمەتی ڕۆح بدا تا خۆی لەئینسانی گەنیو ڕزگارکا و بەرەو سەرەوە هەڵگژێ، کاتێ ڕۆح دەبینێ دونیا بەبەردەمیدا تێدەپەڕێ و ڕێگەی لەبەردەمدا دادەخا، ئیدی ئەو شەیتانە خوێنەخۆرە سەرپشک دەکا تا ئەم دونیایە لەبەین بەرێ و ڕێگەی بۆ بکاتەوە. ڕێگەی خوێناوی. تا ئیدی بێ ترس بەرێگەی خۆیدا بڕوات.

دونیای چواردەورم دەبینی و دەژنەفت کە نابووت دەبوو، هەموو ئینسانێک نابووتیی دونیای دەبینی، ڕۆحە پاکژەکان هەولی بەرەنگاربوونەوەیان دا، بەڵام شەیتان فووی پێداکردن و پەڕوباڵیانی سووتاند.

کە جەنگ هەڵایسا، هەمدیس ڕێی چیاکانی کریتم گرتەوەبەر، دەمزانی لەوێ ئارامی و سەبووری وەدەست ناهێنم، بەڵکو تاقە شتێ بەدەستی دێنم شانازییەکە کە بونیادەم لە ساتەوەختە دژوارەکاندا گەرەکیەتی تا خۆی لەبێ بەهایی پێ قووتارکات. جارێکیان جەنگاوەرێکی پیرم بینی کە دوای ڕێوڕەسمی یەکشەممە لەسەر سەکۆی کڵێسا دانیشتبوو، قسانی بۆ جحێڵان دەکرد تا ئازایەتییان بخاتەبەر. دەیگوت: (لە ترس بنۆڕن، گەر دەتوانن ڕێک چاو لەچاوانی ببڕن، ئیدی ئەوکات ترس دەترسێ و هەڵدێ!) هەربۆیە منیش گۆچانەکم هەڵگرت و کۆڵەپشتەکەم لەکۆڵ نا و ڕووم کردە شاخ، ئەمە لەوکاتەدا بوو کە ئەڵمانەکان ڕێی خۆیان بۆ نەروێژ دەکردەوە و لە داگیرکردنیدا بوون.

نیوەڕۆیەکیان بەدامێنی پسیلۆریتیدا تێدەپەڕیم، کەسێک لەقەدی شاخەکەوە بەدەنگێکی زیقن بانگی کردم: "هێی ئامۆزا، ئا لەحزەیەک ڕاوەستە، گەرەکمە پرسیارێکت عەرزکەم!"

کە سەرم هەڵبڕی، پیاوێکم بینی لەچیاکەوە شۆڕدەبۆوە، لەمبەرەوە بازی بۆ ئەوبەر دەدا و بەردەکانی ژێرپێی دەترازان و دەنگدانەوەیەکی گەورەیان دەخستەوە، پێدەچوو تەواوی شاخەکە لەگەڵ ویدا هەرەس

بێنێتە خوارەوە، هەنووکە دەمتوانی ببینم کە وی شوانێکی پیر و کەتەیە، ڕاوەستام و چاوەڕێیم کرد. لەخۆم پرسی: "دەبێ چی لێم بوێ و ئەم هەموو پەرۆشییەی بۆ وەڵامی چ پرسیارێک بێ؟"

لێم نزیک بۆوە و لەسەر بەردێک ڕاوەستا، سینگی ڕووت و کوڵکن و هەڵمی لێ هەڵدەسا. بەهەناسەبڕکێوە پرسی: "هێی ئامۆزا، ئەرێ وەزعی نەرویژ چۆنە؟" ئاخر بیستبووی وڵاتێک لە خەتەری دیلیدایە. هەڵبەت نەیدەزانی نەرویژ چییە و کەوتۆتە کوێوە و چ جۆرە بونیادەمگەلێکی لێ دەژین، تاقە شتێک کە دەیزانی ئەوە بوو: ئازادیی لە خەتەردایە.

وەڵامیم دایەوە: "باشترە باپیرە، جێی نیگەرانی نییە!"

شوانەی پیر بەدەم خاچکێشانەوە، مڕاندی:" سوپاس بۆ خودا!"

پرسیم: "حەزت لە سیگار نییە؟"

– "نا، چی لەسیگار بکەم؟ مادامەکی نەرویژ باشە ئیدی ئەوەندەم بەسە!" وای گوت و گۆچانەکەی بادا، هەمدیس بەهەورازدا هەڵزنییەوە تا بەگایەلەکەی بگاتەوە.

بەخۆم گوت: هەر بەراستیی هەوای گریکستان پیرۆزە، هەر بەڕاستی ئازادی لێرە لەدایک بووە، ئاخر چ جوتیار و شوانێکی ترم نەدیوە وەک ئەم شوانە بەئاوها شلەژان و پەرۆشییەکەوە ئەزموونی دژواری سەرزەمینێکی نەناسراوی تەجروبە کردبێ کە لەپێناوی ئازادیدا دەجەنگێ. ئاخر خەباتی نەرویژ ببووە خەباتی ئەم شوانە گریکستانییە، لەبەرئەوەی ئازادی بەلای ئەم شوانەوە وەکی کیژەکەی وەهابوو.

هەروا کە لەئارامیی ژینگەی خێزانیدا دەمنووسی، ئەم گۆڕانکارییە ئازایانەیەم وەدی هێنا بەوەی بەڕۆڵی خۆم بەشداری لەو جەنگە نەمرەدا بکەم، بەڵام ناو بەناو قەڵەم و قاقزم وەلاوە دەنا تا ئەو ڕێگەیە بگرمەبەر کە بەدار زەیتوون و ڕەز دەورەدراو و بە(کنۆسۆس) کۆتایی دەهات. سەرەتا کە ئەم موجیزە پێشبینیی نەکراوەی کریت وەک هەڵقوڵینی بەهار لەخاکەوە وەدیارکەوت، سەرەتا کە پێپلیکانەی بەردین، ستونگەکان، حەوشە و نیگارەکانی سەر دیوارم بینی، خۆشی و خەمێک دایگرتم لەدەربڕین نایەت، خۆشی و خەم بۆ دونیایەک کە وێران ببوو، خۆشی و خەم بۆ چارەنووسی پاڵەوانیەتییەکانی ئینسان، جێکردنەوەی خۆی لەرووناکیدا بۆ یەک خولەک و پاشان ڕۆچوونێکی نەمرانە لەگەرداوی فەنابووندا.

بەڕادەیەک کە لەئەندێشەمدا کۆشکی پادشایەتی ڕۆنرابۆوە، جارێکی تر لەژێر هەتاوی کریتدا خۆی دەشت، هەروا شەڕە گا و ژنان بەسینگ و مەمکی ڕووتەوە، لێو سووراو کراو و کەزی لوول و پەخشان، هەموو ئەوانە بەسەر دیوارە نیوە وێرانەکانەوە زیندوو ببوونەوە، بەهەمان ئەندازەش قیامەتێک لە بەرامبەرما وەدیارکەوت، باپیرانی نەناسراو لە قووڵایی سەردەمەکانەوە سەریان بەرز کردەوە: پیاوانی لاڵ و کەیفساز و فێڵباز، ژنان بەئاوەڵکراسی چنراو بەئەستێرەی ئاسمان و چنراو بەئەستێرەی زەریا و چنراو بەگوڵی ئەرز و ماری ژەهراوی خواوەندیش بەقۆڵ و باسکیاندا شۆڕببۆوە.

بەڵام ڕۆژێکیان کە هەمدیس ئەم ڕێگە بەبەرەکەتەم گرتەبەر و گەیشتمە چیای پیرۆزی قیامەت و بەسەعات لەنێو ئەو موجیزە داڕووخاوەدا کەوتمە پیاسە، تابلۆیەک زیاتر لە تابلۆکانی تر ڕایچڵەکاندم،



وەک ئەوەی یەکەم جار بێ ببینم. بێ چ دوودڵییەک، ترس و ئومێدەکانی ئێستای ڕۆحم وەڵامی ئەم تابلۆیەیان دەدایەوە، هەر لەبەر ئەمەش بوو ئەو ڕۆژە بۆ یەکەم جار پەیم بەمانا شاراوەکەی برد. ماسیی جۆراوجۆر بەکلکی بەرزیانەوە شاد و خۆشحاڵ لە ئاوەکەدا هەڵبەز و دابەزیان بوو. لەهەمان ساتدا، کوتوپڕ ماسییە باڵدارێک لە ناوەڕاستیانەوە باڵە چکۆڵەکانی کردەوە، لە ئاوی زەریاکەدا خۆی ڕادەپسکاند تا هەوا هەڵمژێ، ئاخر ئاوها کارێک لە سروشتی ماسێتیی ئەوەوە بەدوور بوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا نەیدەتوانی هەموو تەمەنی خۆی لە ئاودا بەسەربەرێ، لەبەرئەمە حەزی کردبوو لەچارەنووسی خۆی ئەولاوەتر بچێ و بۆ لەحزەیەکی تێپەڕ، بەگوێرەی توانای خۆی هەوا هەڵمژێ و ببێتە چۆلەکە، بەڵام ئیدی ئەمە بەس بوو، ئەو لەحزە تێپەڕە ئەبەدییەت بوو، ئاخر ئەمەیە مانای ئەبەدییەت.

کە سەیری ئەم ماسییە تەیرەم کرد، لەگەڵیدا هەستم بەهاودڵی کرد و تژیی بووم لە ورووژان، وەک بڵێی تەماشای ڕۆحی خۆم بکەم کە هەزاران ساڵ لەوەوبەر بەدیواری ئەو کۆشکەوە وێنەکێشرابوو. بەچرپە گوتم: "ئەم ماسییە پیرۆزە کریتە، ماسییەک کە باز دەدا تا لە ناچاری تێپەڕێنێ و ئازادی هەڵمژێ!" ئەی مەگەر عیسا، Ichthys(*) بەتێپەڕاندنی چارەنووسی بەشەریی و یەکانگیربوون لەگەڵ خواوەندا، بەواتایەکی تر، بەیەکانگیربوون لەگەڵ ئازادیی ڕەهادا هەمان شتی داوا نەکردووە؟ ئەی مەگەر هەموو ڕۆحێکی جەنگاوەر بەدوای هەمان شتدا ناگەڕێ: تێکوپێک شکاندنی بەربەست و سنوورەکان؟" بەخۆم گوت: "بەخت یاوەری کریت بووە و دەشێ یەکەمین جێگەی سەر ئەرزبێ لەدایکبوونی ئەم ڕەمزەی ڕۆح دەبینێ کە لەپێناوی ئازادیدا دەجەنگێ و دەمرێ." ئەمەیە ماسییە باڵدار، ڕۆحی ئینسانی بەرخۆدەر و تەسلیم نەبوو.

لە ماسییە باڵدارەکە ورد دەبوومەوە کە دەیویست دلێرانە لەئاوەکە باز بداتە دەرێ. دیقەتی پیاوان و ژنانێکی شۆخ و شەنگ و ناوقەد باریکم دەدا کە لە گۆڕەپانی بەرد ڕێژکراودا لەگەڵ گادا گەمەیان دەکرد، لەمێیە شێرێکم دەنۆڕی کەلەنێو گوڵە سۆسەنەکاندا ڕاکشابوو، هەوڵم دا ئاماژە شاراوەکانیان لێک بدەمەوە. ئەرێ سەرچاوەی ئەو هەموو ئازایەتی و خۆشحاڵییە چ بوو؟ باسکی داگیرکەرانەی ژن، ئەو باسکە ڕووتەی ماری ڕەشی پێدا شۆڕببۆوە، چ نوێژێکیان دەکرد و نوێژیان بۆ کێ دەکرد؟ ئەم تینوویێتییە بێ کۆتاییە بۆ ژیان و ئەم زەردەخەنە ئازایانە و بێ ترسە لەبەرامبەر خەتەر و مەرگدا، سەرکێشی و سەرچڵیی مەرگباری باپیران و ڕووبەڕوبوونەوەیان لەگەڵ مەرگدا، لە مندا دەژیانەوە. وا پێدەچوو گا و ئینسان، مەرگ و ڕۆح لەگەڵ یەکدیدا هاوڕێ بن. هەردووکیان ڕووت، هەردووکیان وەک جەنگاوەر بەزەیتی بۆنخۆش چەورکراو. سەعاتێک، دوو سەعات تا ئاوابوونی خۆر گەمە دەکەن. شپرزە و تووڕە بەخۆم گوت: "لێرەدا، لە لەحزەی ئەم ڕووبەڕوبوونەوەیەی نێوان کریت و هەڵدێردا، نهێنیی کریت شاردراوەتەوە، پێویستە لەسەرم ئەو نهێنییە بدۆزمەوە.

مەسیح و بوزا و لینین لە قووڵاییمرا ڕەنگیان پەڕیبوو، خاکی کریت هۆشی پێ نەهێشتبووم، هەنووکە

---

(*) ئەم وشەیە بنەچەکەی گریکییە – بەمانای ماسیی دێت.

بێ ئەوەی ئاوڕبدەمەوە، سەرم هەڵبڕی تا بەپەرۆشی و ترسەوە چاو ببڕمە ترۆپکێکی نەبینراو کە هێشتا بەهەور پۆشرابوو، چاو ببڕمە ترۆپکی سینا کە خواوەندی من لەوێ، چەکدار بەبلێسە و یاساگەلی بەزەبر و زەنگ نیشتەجێ بوو. (دڵم وای پێدەگوتم).

هەستم کرد هێزی نوێ، بەرپرسیاریی نوێ ڕژاونەتە دەمارەکانمەوە، وا پێدەچوو ڕۆحم پێکەوە لەگەڵ خاکی کریتدا، بەپێکەنین و فرمێسکی دێرینەتر شێلرابن. جارێکی دی سەرنجم دا خاکی کریت چەندێک توندو تۆڵ و پتەو و بەچ دڵنیاییەکی پەنهانەوە پەیوەندیی خۆی بەرۆحەوە دەخاتە ڕوو. بەهەمان شێوە، گوڵیش هەمان هۆشیاریی ناوەکی بەو گڵە هەیە کە بەڕەگەکانیدا هەڵدەگژێ و دەبێتە ڕەنگ و بۆن.

بینیم ڕۆحم وەکو مینیاتۆری نهێنییئامێزی کریت لەخوێنما ڕاخراوە و شێوەی چارۆکەیەکی سێ ستونگەی وەرگرتووە، لەهەمان سەدەدا و بەهەمان ترس و پەرۆشییەوە دەژیا و بەنێوان سێ کیشوەر و سێ (با)ی بەزەبروزەنگ و نوتفەییدا - ئاسیای پیرۆز و ئەفریکای هەڵایساو و ئەوروپای هۆشیاردا - سەفەری دەکرد. پەرۆشیی ئاگایانە -یاخود نائاگایانە-ی ساڵەهای ساڵم بەزەرورەتێکی زیاترەوە لەناخما وەئاگابوونەوە. پەرۆشی بۆ ئاشتکردنەوەی ئەم سێ ئارەزووە و هەوڵی ناهاوڕەنگ و گەیشتن بەپاڵەوانێتیی مەزن - گەیشتن بەپێکهاتن، واتە گەیشتن بەتاکی پیرۆز و سێ کوچکەیی.

ڕەمزی ئاییینی (سێ کوچکەی پیرۆز) لە ناخمدا لە ئاستێکی تردا بووە ئاستێکی کەمتر ڕەمزی، بووە واقیعێکی سووتێنەر و مەحکەم و ئەرکێکی خێرا و باڵا. لەساتەوەختێکی نەشوەدا بەڵێنم بەخۆم دا کە (یان ئەمە یاخود هیچ!) بەفەرمانێکی سەرەوە ئەم سێ کوچکەیەم بەئامادەکراوی بۆ نەهات، بەڵکو دەبوو خۆم ڕۆینێم. ئاخر ئەرکی من ئەمە بوو، ئەمە و چ شتێکی تر نا. بەخۆم گوت: "بێ هوودە نەبووە کە کریت کەوتە نێوان ئەو سێ هەناسە مەزنەوە، بێ هۆ نەبوو کە ڕۆحم باری قەدەری کریتیی لەکۆڵ نا. ئەرکی من ئەوە بوو تا هاواری کریت لەساتەکانی خەو و بێداریی وی لەگەڵ خەڵکەکەی، چیاکانی، زەریا کەفچڕێنەکانی دەوروبەری، جەستە و ڕۆحی وەرگرم و بیکەمە پەیامێکی یەکانگیر. ئەدی من کوڕی وی نەبووم؟ چما من لەخاکەکەی وی نەخولقابووم؟ هەنووکەش کە لەگەڵ دێرینترین شکۆیدا ڕووبەڕوو دەبوومەوە، ئەدی ئەو فەرمانی پێ نەدەدام مانای شاراوەی بەرخۆدانەکەی، هۆی هاوارە هەمیشەییەکەی لەمیانەی سەدەکاندا، چۆنێتی پەیامە تایبەتییە کریتییەکەی کە هەوڵی دەدا بەمرۆڤایەتی بگەیەنێ، هەڵبێنم؟

ڕێی ماڵەوەم گرتەبەر، چما کەنگێ لەچڕە دار زەیتوون و ڕەزەکانەوە تێپەڕیم؟ کەنگێ گەیشتمە میگالۆکاسترۆ و خۆم کرد بەماڵدا؟ بێ ئەوەی ئاگاداربم، ماسییە باڵدارەکە لێکدا لێکدا لەپێش چاوانما بازی دەدا. بەخۆم گوت: "خۆزیا بمتوانیبا ڕۆحێکم خولقاندبا کە بیتوانیبا بۆ ساتەوەختێکی زوو تێپەڕیشبا بازی دابا و سنوورە مرۆیییەکانی تێکوپێک شکاندبا، بیتوانیبا گەر بۆ لەحزەیەکی زوو تێپەڕیشبا لە ناچاریی ڕزگاری با، شادومانی و خەم و وەهم و خواوەند لە دوای خۆیەوە جێ بێڵێ و هەوایەک هەڵمژێ کە ئاڵوودە نەبووبێ بەئینسان و ئینسان هەڵی نەمژتبێ."

نامەیەکم بۆ هاتبوو کە بەقردێلەیەکی ڕەش پێچراوو پولی سیربستان لە زەرفەکەی درابوو. تێگەیشتم، بەدەستێکی لەرزۆک نامەکەم هەڵگرت. بۆچیی بیکەمەوە، ئاخر دەستوبرد مەزەندەی هەواڵە جەرگبڕەکەم کردبوو. بەچرپە گوتم: "مرد... مرد!" وام گوت و ئیدی دونیا تاریک داهات.

ماوەیەکی زۆر لە پەنجەرەکەوە لە هاتنی شەوم نۆڕی، بێگومان ئێوارە گوڵدانەکانی حەوشەیان ئاودابوو، ئەرز بۆنێکی خۆشی لێ هەڵدەسا، ئەستێرەی شەو لەسەر پەلکێکی دڕکاویی ئەکاکیا وەک دڵۆپێک شەونم شۆڕ ببۆوە، بۆ ساتێک نامە خەمینەکەی دەستم لەبیرکرد.

کوتوپڕ هەستم کرد بەهەوڵدانم بۆ ڕامان لەجوانیی دونیا، هەوڵ دەدەم مەرگ لەبیرکەم، هەستم بەشەرمەزاری کرد، بەجووڵەیەکی گرژ زەرفەکەم هەڵپچڕی، یەکەم جار وشەکان لەپێش چاوانمدا کەوتنە سەما، بەڵام هێور هێور لە سەما کەوتن و توانیم نامەکە بخوێنمەوە:

- "من مامۆستای گوندم و ئەم هەواڵە بەسوێییەتان پێ ڕادەگەیەنم سەبارەت بەئەلیکسیس زۆربا کە لێرە خاوەن کانەبەردێک بوو، یەکشەممەی ڕابردوو لەسەعات شەشی ئێوارە کۆچی دوایی کرد. لەکاتی گیانداندا بانگی کردم و گوتی: (مامۆستا نێزیکم بەرەوە، هاوڕێیەکم لە گریکستان هەیە و ناوی فڵانە، کە مردم نامەیەکی بۆ بنووسە و پێی بڵێ من تا دوا دەقیقە ئاگام لەخۆم بووە و بیرم لەو کردۆتەوە، لە هیچ کام لەو کارانە ژێوان نیم کە کردوومن، پێی بڵێ ئومێدەوارم وەزعی باش بێ و ئەلعانیش ئیدی کاتی ئەوەیە هۆش بێنێتەوە بەر خۆی، گەر هەر قەشەیەک هات گوێ لە ددانپیانانەکانم بگرێ و دوعای غیفرانم بەسەرا بخوێنێ، بەو قەشەیە بڵێ هەرچی زووە لەم ناوەدا نەمێنێ و هەر چەندێک دەیەوێ دەتوانێ بەنەفرەتم کات. لە ژیانمدا زۆر شتم کردوون، بەڵام هەنووکە تێدەگەم کە هەموو ئەو شتانە بەس نەبوون، ئاخر خەڵکانی وەک من پێویستە هەزار ساڵ بژین. شەوباش!"

چاوانم لێک نا و دڵۆپە فرمێسکی گەرم، هێور هێور بەگۆنامدا تک تک ڕژایەخوار. بەچرپە گوتم: "ئەو مرد، ئەو مردووە، مردووە، زۆربا بەیەکجاری ڕۆیشتووە، پێکەنین مرد، گۆرانی لێک ترازا، سەنتوور شکا، سەمای سەر خڕە بەردەکانی کەنار زەریا کۆتایی هات، ئەو زارەی لە پرسیارکردن نەدەکەوت هەنووکە پڕە لە خۆڵ، ئیدی لەمەولا چ دەستێکی لەو میهرەبانتر و چالاکتر شک نابرێ تا بەرد و زەریا و نان و ژن نەوازش کات!"

حەجمینم نەبوو، نەک لەخەمدا، بەڵکو لە تووڕەییدا. هاوارم کرد: "ئەمە زوڵمە، ئەمە زوڵمە! ئاخر ڕۆحگەلی وەک وی نابێ بمرن. چما ئایا ئەرز و ئاو و ئاگر و ڕێکەوت دەتوانن زۆربایەکی تر دروستکەن؟"

گەرچی چەند مانگێک لە هەواڵی بێ خەبەر بووم، بەڵام چ نیگەران نەبووم، وەک بڵێیی باوەڕم بەنەمریی وی هێنابێ. بەخۆم گوت: "ئەدی چۆن دەبێ سەرچاوەیەکی ئاوها وشک کا؟ چۆن چیرۆن دەتوانێ ڕۆحێکی سەرکێشی وا ناچارکا قەپاڵ بەخاکدا بکات؟ چما لە دوا لەحزەدا پێکەنینێ، سەمایەک، یان هەر فێڵێکی تری شک نەبرد تا چیرۆنی پێ فریودا و لەدەستی هەڵبێ؟"

بەدرێژایی شەو نەمتوانی بنووم، یادەوەرییەکان بەخێرایی یەک لەدوای یەک ڕیز ببوون تا نیگەران و شەکەت بەپێپلیکانەی زەینمدا سەرکەون، وەک بڵێیی بیانەوێ زۆربا لەئەرز و هەوادا کۆکەنەوە و نەهێڵن

پەرتەوازە بێ، تەنانەت چکۆڵەترین ڕووداوی تایبەت بەو، وەک ماسیی ڕەنگاوڕەنگی نێو ئۆقیانووسێکی تەنکی هاوینە دەدرەوشایەوە، ئاخر پێدەچوو ئەوەی دەستی زۆربای بەرکەوتبێ ئیدی بووبێتە شتێکی نەمر.

بەدرێژایی شەو لە فیکرەوە چووم، لەبیری ئەوەدا بووم تۆ بڵێی بتوانم چ دوعایەک بخوێنم تا مەرگ – مەرگی وی– لە خۆمدا وەدەرنێم؟

دەروازەکانی ناخم کەوتنە سەرپشت و یادەوەریی تووڕە دەردەپەڕینە دەرێ و بێ ئارامانە هورووژمیان دەهێنا تا لەسەر دڵم کەڵەکە بن، دەمیان دەکردەوە و بانگیان دەکردم تا زۆربا لە ئەرز و زەریا و هەوادا کۆکەمەوە و بۆ ژیانی بگەڕێنمەوە. مەگەر ئەی ئەرکی دڵ ئەمە نەبوو؟ مەگەر ئەی خواوەند دڵی بۆ ئەوها مەبەستێک نەخوڵقاندووە: ژیاندنەوەی ئازیزان و گەڕاندنەوەیان بۆ ژیان؟

زیندووی کەوە!

لە ڕاستیدا دڵی ئینسان چاڵێکی قووڵ و داخراو و پڕ لە خوێنە، کاتێ دەکرێتەوە، تەواوی تارماییگەلی بێ تەسەللا و تینوو کە خۆشمان ویستوون، بۆ تینوویێتی شکان و هەستانەوە هورووژم دێنن، لە چواردەورماندا چڕتر دەبنەوە و هەوا تاریک دەکەن، باشە ئەدی بۆچی بۆ خواردنەوەی خوێنی دڵمان هورووژم دێنن؟ چونکە دەزانن ئەمە تاقە زیندووبوونەوەیانە و لەودا نەبێ، چ هەستانەوەیەکی تریان نییە. لەو ڕۆژەدا، زۆربا لە پێشی تارماییەکانەوە بەهەنگاوی بەرین ڕای دەکرد، پاڵی پێوەدەنان و وەلاوەی دەنان، چونکە دەیزانی ویم لەهەموو ئازیزانی ترم خۆشتر دەوێ.

کە ڕۆژ بۆوە بڕیاری خۆم دابوو، کوتوپڕ ئارام بوومەوە، وەک بڵێی هەستانەوە لە پێشەوە، لەناوەوەمڕا دەستی پێکردبێ، پێدەچوو دڵم مەجدەلییەک بێ و بەپەلە بەرەو لای گۆڕ هەنگاوبنێ تا قیامەت ببینێ.

تا کاتێکی درەنگ لەنێو جێگەکەم نەهاتمە دەرەوە، خۆری دەم بەپێکەنینی بەهاری هاتبووە ژوورەوە و پەیکەرە بەردینە یادگارییەکەی ژوور تەختەنوێنەکەمی ڕووناک کردبۆوە. بابم ئەم پەیکەرە بەردینەی دۆزیبۆوە و کاتێک منداڵ بووم بەژوور سەرمدا هەڵی واسیبوو. من بڕوام بەبەخت نییە، بەڵام بڕوام بەقەدەر و چارەنووس هەیە، ئاخر ئەم پەیکەرە بەردینە، نهێنیی ژیانم و دەشێ نهێنیی ژیانی (زۆربا)شی بەساکارییەکی سەرسوڕهێن کردبێتەوە. ئەم پەیکەرە بەردینە بریتی بوو لە نوسخەی بەردێکی هەڵکۆڵراوی سەر گۆڕێک کە تیایدا جەنگاوەرێکی ڕووتوقووت کە تەنانەت لە ساتی مردنیشدا دەسبەرداری کڵاوە ئاسنینەکەی نەبووە. جەنگاوەرەکە ئەژنۆی ڕاستی لەسەر ئەرزەکە داناوە و بەهەردوو دەست سینگی خۆی دەگوشێ و زەردەخەنەیەکی ئارام بەسەر لێوە کلۆمدراوەکەیەوە دەشنێتەوە. جووڵەی ئەم قارەمانە هێند ئەفسووناوییە کە نازانیت ئەوەی دەیکا سەمایە یان مەرگ! خۆ ناشێ سەما و مەرگ پێکەوە بێ؟

منیش کە ئەو خۆرە دەم بەپێکەنینە، ئازایەتی دابوومەبەر، ئەو خۆرەی کە جەنگاوەری ڕووناک کردبۆوە و ئەوی بۆ ژیان گەڕاندبۆوە. بەخۆم گوت: "گەر مەرگیش بێ دەیکەینە سەما. ئەی دڵ، وەرە من و تۆ خوێنمانی بدەینێ تا بەڵکو ژیانی تێ بێتەوە، وەرە هەموو هەوڵێکمان بخەینە کار تا ئەم ئینسانە



زۆرخۆرە، مەیخۆرە، ئیشکەرە، مێباز و ئاوارەیە بۆ ساتێکی تر بژی، وای لەم سەماکەرە قارەمانە، کە خاوەن ڕۆحێکی مەزن و جەستەیەکی بەتوانا و دەنگێکی ئازادانەیە، بەهەموو ژیانم چ کەسێکی ترم نەبینیوە و نەناسیوە لەو بچێ!"

## کاتێ نەمامی ئۆدیسە لەناوەوەمڕا چرۆی کرد

ئەفسانەی زۆربا لەناوەوەمڕا دەڕەنگی، سەرەتا شۆرێکی مۆسیقایی بوو، ڕیتمێکی نوێ بوو، وەک بڵێی خوێن بەگوڕ بەنێو دەمارەکانما بێ و بچێ، هەستم دەکرد تام لێ هاتووە و سەرم گێژ دەخوا، هەستم بەتێکەڵەیەک لەشادی و کەسەر دەکرد کە لێک جیاکردنەوەی زەحمەت بوو، پێدەچوو بارستەیەکی نامۆی چارەگران هاتبێتە خوێنمەوە و هەموو ئەندامانی جەستەم بۆ وەدەرنانی هەستابنە سەرپێ. بەڵام ئەو جەستە نامۆیە کەوتبووە بەرەنگاری، کەوتبووە تکا و ڕەجا، ڕەگی دادەکوتا، پڕی بەئەندامەکانی جەستەدا دەکرد و نەیدەویست بچێتەدەر، ببووە تۆ و، ببووە دەنکە گەنمێکی ڕەق، پێ دەچوو وا هەستبکا گوڵەگەنم و نانی حەپسبووی ناو ئەو تۆوە لە خەتەردا بن و ئەمیش نائومێدانە بجەنگێ تا خۆی و – ئەوانیش – لە فەنابوون بپارێزێ.

چوومە دەرێ و چەند سەعاتێک بەکێڵگەکاندا گەڕام، لە زەریادا مەلەم کرد، دووبارە و دووبارە گەڕامەوە کنۆسۆس، وەکی ئەسپێک کە خۆی ڕادەوەشێنێ و هەوڵ دەدا ئەو مێشەکەرانەیە لەخۆی بکاتەوە کە بەپێستییەوە نووساوە، ئاوها منیش خۆم ڕادەوەشاند و لەقەم دەهاویشت. بەڵام بێ هوودە بوو، تۆوەکە لێکدا لێکدا ڕەگی تازەی دادەکوتی و باڵی بەسەر بوونمدا دەکێشا.

هەر لەو دەمەدا دووەمین گۆڕانکاریی نهێنی لەناخمدا دەستی پێ کرد، بەخۆڕاکدان و ئاودانی ئەو تۆوە بەخوێنم، دەمکردە بەشێک لە هەناوم و بەو پێیە بەهەرسکردنی دەمخستە ژێر کۆنترۆڵی خۆمەوە. ئاخر ئەمە تاقە ڕێگەی ڕزگاریم بوو، تۆوێک کە وەک داگیرکەرێک هاتبووە بوونمەوە، دەبوو یەکانگیرم بێ تا هەردووکمان ببووینایەتە براوە و دۆڕاو.

وشە و قافیە و لێکچواندنەکان یەکەندەردوو چواردەوری تۆوەکەیان دا تا وەک نوتفەیەک خۆراکی بدەن، یادەوەرییە کاڵەکان ژیانیان تێ هاتەوە، شادی و کەسەری هاوئاوێتە، پێکەنین و وتوویژی شاراوە بەرزبوونەوە، ڕۆژانی پێکەوەییمان وەک کۆتری سپیی نازدار بەبەردەممدا تێدەپەڕین، یادەوەرییەکان چینێک بالاتر لە حەقیقەت، دوو چین بالاتر لە درۆ سەریان کرد، زۆربا وردە وردە شێوەی گۆڕا و بووە ئەفسانە.

شەوانە جورئەتی ئەوەم نەبوو بچمە سەر قەرەوێڵەکەم، هەستم دەکرد تۆوەکە لەکاتی نووستنی مندا کار دەکات، لە ئارامی پیرۆزی شەودا بەهەموو جەستەم گوێم بۆ ڕادەدێرا، وەک کرمی ئاوریشم پەڕە پەڕەی دڵمی دەجووی و دەیویست پەڕەکان بکاتە ئاوریشم.

شەوانە بەکۆڵانە تەنگەبەرەکانی میگالۆکاسترۆدا پیاسەم دەکرد، یادەوەرییە دێرینەکان لە هەر گۆشە و قوژنێکەوە دەهاتنەدەر، خۆمم وەک منداڵێک دەبینی کە بەتاقی تەنها ڕێ دەکا و حەزناکا لەگەڵ منالانی

تردا گەمە بکا، پاشان خۆمم وەک هەرزەکارێک دەبینی کە لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەسەر شورا ڤینیسیاییەکەدا پیاسە دەکات، ئەو شورا ڤینیسیاییەی کە بەسەر زەریادا دەینۆڕی. ئێوارەیە و شنەیەکی فێنک هەڵی کردووە، شنەیەکی تژیی بەخوێی زەریا، گوڵە یاسەمین لەباخچە چکۆڵەکانی دەرو دراوسێوە، بۆنی عەتری کچگەلێک کە ئەوانیش پیاسەیان دەکرد و پێدەکەنین و سەریان دەکردە سەرمان تا ئاوڕێک بدەینەوە و تەماشایان کەین، بەڵام ئێمە لەبارەی خواوەندەوە دەدواین و لە وتووێژی ئەوەدا بووین کە چما ڕۆح نەمرە یان نا! هەر کاتێک مانگ دەبووە چواردە و دەدرەوشایەوە، سەرمەستییەکی ئەفسووناوی باڵی بەسەر بوونمدا دەکێشا، دەرگا و خشتی سووری سەربانی خانووەکانیش سەرمەست بوون، بەردو دار و سەرچاوە و بورجی ناقووسەکان جلکی قورسیان دادەکەند و لەژێر باری قورساییەک خۆیان ڕزگاردەکرد کە بەدرێژایی ڕۆژ پرزەی لێ بڕیبوون. هەنووکە ڕۆحیان لە ڕووت و قووتییەکی تەواو و لەژێر تریفەی مانگدا پرشنگی دەدا.

یەکەمین پاییزە باران باری، ئاسمان بۆ سەر ئەرز دابەزی، تۆوەکان سەریان لە پەناگەکانی خۆیانەوە هێنایە دەرێ و شاد و خەنی چاوانیان لە ئاسمان بڕی. هەنووکە چوارچێوەی ماڵە بابم گەلێک پێ تەنگ بوو، تەنهای تەنها خۆم گەیاندە خانوویەکی چکۆڵە و چۆڵی یەکێک لەهاوڕێکانم. خانووەکە لە دەرەوەی شار و کەوتبووە کەناری زەریاوە، خاوەن حەوشەیەکی بازنەیی و چواردەورگیراو بەدیواری بەرز، دوو دار لیمۆ و دار سەروویەک و چەند ئینجانەی ڕێحان و شیوەران لە حەوشەکەدا بوون، دەرگای خانووەکە قورس و لە سێ چینکۆی تەختەیی و بەسێ چین دروست کرابوو کە کوتومت لە دەروازەی قەڵا دەچوو، کیلۆنی دەرگاکە بەڕادەیەک قورس بوو کە بۆ ڕاکێشانی دەبوو هەردوو دەست و تەواوی هێزی خۆت بخستبایە گەڕ. چ بەختەوەرییەک دایگرتم کاتێک کیلۆنەکەم ڕاکێشا و دەرگاکەم داخست، ئیدی بەتەنێ مامەوە و چ کەسێ نەیدەتوانی پێبنێتە خەڵوەتمەوە. بەسوپاسگوزارییەوە لە کیلۆنی دەرگاکەم ڕوانی و پێم گوت: "کاتێ دەچمە بەهەشت، قایم لەبنهەنگڵی خۆمت دەنێم و لەگەڵ خۆم بۆ ئەوێندەرت دەبەم!" هەندێ کەس ئەو ئەشیایانە لەبن هەنگڵ دەنێن کە بۆ گوزەرانی ژیان، کاریان پێکردوون، هەندێ کەسیتر ئەو ڕمانە هەڵدەگرن کە پێیان جەنگیون، خەڵکانێکیتر ئەو قەڵەمانە دەبەن کە پێیانبووسیون، خەڵکانێکیتریش دەستی دولبەرەکانیان دەگرن. دەی منیش ئەم کیلۆنە لەگەڵ خۆمدا دەبەم.

چ بەتامە تەنها بیت و گوێ بۆ هەناسە هەڵکێشانی زەریا ڕادێریت، گوێڕادێریت بۆ داکردنی یەکەمین دڵۆپە باران بەسەر دارلیمۆو دارسەرووی حەوشەداو هەستبکەیت وا تۆوێک خەریکە هەناوت دەکرۆژێ.

زۆربا لە ناوەوەمرا وەک قۆزاخەیەکی پێچراو لە توێکڵێکی تۆکمە و تەنک ڕاکشابوو، جووڵەی نەدەکرد، بەڵام هەستم دەکرد شەو و ڕۆژ بزاوتێکی پڕ نهێنی لەنێو ئەو قۆزاخەیەدا لەکاردایە، هێورهێور دەمارەکانی پڕ دەبوون لە خوێن و گۆشتی جەستەی نەرم دەبوو – توێکڵەکە لەهەر ساتێکدا بۆی هەبوو لای شانەکانییەوە درزی تێ بێ و باڵە ناکامڵ و نەکراوە و بێ تواناکانی وەدیارکەون. کرمێک لەنێو قۆزاخەکەدا ڕاکشابوو کە هەناسەیەکی شێتانەی کوتوپڕ و مەلەکوتی تێ هاتبوو، هەر بۆیە خواخوای بوو لەشێوەی پەپوولەیەکدا بێتە دەرێ. منیش خوڕەی یەکەمین بارانم دەژنەفت، دەنگی قڵیشبردنی عەرد کە



بارانی لەخۆیدا جێگە دەکردەوە، دەنگی دەنکە گەنم کە لەنێو خاکدا ئاوی دەخواردەوە و دەئاوسا و ڕەگە سەوزە تۆکمەکانی خۆی بەخاکەوە گرێ دەدا، پاشان خاکەکەی لادەبرد و قەدی بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕی تا گەنمەکە ببێتە نان و خەڵکی بیخۆن بۆ ئەوەی بەزیندوویێتی بمێنن و خواوەند لە مردن ڕزگارکەن. بەوردی گوێم ڕادەدێرا و دەنگی ڕۆحێکم دەژنەفت کە لەپاڵ هەر پەلکێکی چکۆڵەی گیادا وەستابوو تا لە گەشە و ئەنجامدانی ئەرکەکەی لەسەر ئەرز کۆمەکی بکات. لێرە لە قەڵای تەنهایی خۆدا هەستم دەکرد تەنانەت ناچیزەترین مەخلوقاتەکانی خودا – دەنکە گەنم، کرم، مێروولە – کوتوپڕ نەسەبی مەلەکوتیی خۆیان وەبیردێتەوە، دێوانەییەکی لەخواوەندەوە نازیل بوو دەیانگرێ و دەکارن پلە بەپلە هەڵگژێن تا دەست لە غرووری خواوەندەوە بدەن و هاوشانی فریشتە و مەلایکەتەکان لەپاڵیدا ڕاوەستن، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو بۆ خۆشیان ببنە مەلایکەت.

کاتێ بەزۆربا ئاشنا بووم، ئەو کاتەی کە هێشتا سێبەرەکەی دەکەوتە سەر عەرد و زانیم نە جەستەی و نە گۆرانی و تەنانەت نەسەماکەشی هێند گەورە نەبوون جێگەی وییان تێدابێتەوە، لەخۆم پرسی چما بەدرزبردنی قۆزاخەکە چ جۆرە دڕندەیەک لە ناخمەوە بێتەدەر. دردۆنگانە چاوەڕێ بووم، چ دڕندەیەک، چ بەرەهوتێکی برسی، چ بڵێسەیەکی نەمر و نائومێد؟ بەخۆم گوت: "کاتێ کرم، کرمی ناچیزە گەرەکی بێ ببێتە پەپوولە، ئەدی ئەی زۆربا گەرەکییەتی ببێتە چی؟"

ئەوانە ڕۆژانێکی پیرۆزن لەڕامانی پیرۆز. باران دەباری، هەورەکان ڕەوینەوە و خۆری تازەکی خۆشتوو وەدیارکەوت، گوڵە لیمۆ بەری گرت و لیمۆی سەوز و پیرۆز بەدرەختەکانەوە دەدرەوشانەوە. شەوانە ئەستێرەکان وەدیاردەکەوتن و بەژوور سەرمەوە دەگەڕان و لەخۆرئاوادا دەکەوتن، زەمەن وەک ئاوی زەمزەم خوڕەی دەهات، هەستم دەکرد سەرم بەدڵنیایی و ئازایەتییەوە وەک کەشتییەکەی نوح بەسەر زەمەن و گەرداودا، تژیی لەهەموو جۆرە دووانەیەک، ئاژەڵان، مەلان، ئینسان و خواوەندەکان– چارۆکەی هەڵداوە و دەچێتە پێش. هەموو یادەوەرییەکانم کۆکردنەوە، سەرلەنوێ بەهەموو گەشتەکانمدا سەفەرمکردەوە و هەموو ئەو ڕۆحگەلە مەزنانەم گەڕاندەوە زەین کە لە ژیانمدا مۆمم بۆ داگیرساندبوون و ئیدی شەپۆڵ شەپۆڵ خوێنی خۆم بۆ خۆراکدانی تۆوەکەی ناخم دەبەخشی و چاوەڕێ بووم. خۆراکی ئەو تۆوە هەنگوینێکی گرانبەها بوو کە دوای عومرێک هەڵمژینی بۆنخۆشترین و ژەهراویترین گوڵ کۆم کردبۆوە. بۆ یەکەمین جار مانای واقیعیی ئەڤینی باوکایەتیم چەشت و زانیم کوڕ چ سەرچاوەیەکی نەمرییە. تەواوێک وەک ئەوەی کە مرواری مایەی نەخۆشیی سەدەف و لەهەمان کاتیشدا مەزنترین دەسکەوتێتی، ئاوها منیش هەستم بەشپرزەیی و (تا)م لە خوێنمدا دەکرد و لەهەمان کاتیشدا پەیامێکی نهێنی لەو سەرچاوە قووڵانەوە کە لەچارەنووسسازترین ساتی ژیانمدا پێیان گەیشتبووم – یان لەوەدا بووم پێیان بگەم – دەهاتەدەر. ئاخر چارەنووسم لەسەر بناغەی ئەم تۆوە، ئەم کوڕە دیاری دەکرا.

***

پاییز تێپەڕی و زستان هات، لەکێڵگە کێڵراوەکانی دەوروبەری خەڵوەتگەکەمدا پیاسەم دەکرد و ورەی ئەو عەردە بێ گژوگیایەم ستایش دەکرد کە تۆوی لە ناخی خۆیدا دەپاراست و بەباوەڕ بەخۆبوونەوە

چاوەڕێی هاتنی بەهاری دەکرد. منیش لەگەڵ خاکدا چاوەڕێمدەکرد، هەستم دەکرد جینسی خۆم گۆڕیوە، وەک بڵێی بوویێتمە ژن و وەک عەرد تۆوەکەم - وشە - خۆراکدەم و چاوەڕێ بم. بەخۆم گوت: "خۆزیا بمتوانیبا تەواوی ئازار و ئومێدەکانم لەم وشەیەدا بەرجەستە کردبا و کاتێ دەرکی عەرد دەکەمەوە تا بڕۆم، ئەم کوڕەم لە دوای خۆم جێ هێشتبا!"

زاهیدێکم بیرکەوتەوە کە ڕۆژێکیان لە چیای ئاتووس بینیبووم. گەڵای سپیدارێکی نابووە بەر ڕۆشنایی و دیقەتی لێ دەدا و هۆن هۆن فرمێسکیش لە چاوانییەوە دەڕژایە خوار. حەپەساو لەجێی خۆم ڕاوەستام و پرسیم: "باوکی پیرۆز، ئەرێ لەو گەڵایەدا چ دەبینی کە ئاوها تۆی هێناوەتە گریان؟"

وەڵامی دامەوە: "مەسیحی لەخاچدراو دەبینم!" وای گوت و گەڵاکەی ئەمدیو و ئەودیو کرد و ڕوخساری لە خۆشحاڵیدا پرشنگی دا.

ئەمجارەیان پرسیم: "ئەی هەنووکە چ دەبینی کە ئاوها خۆشحاڵیت؟"

- "کوڕەکەم، مەسیحی ڕابوو دەبینم!"

چ دەبوو گەر هونەرمەندیش بەهەمان شێوە توانیبای سەرلەبەری ئازار و ئومێدەکانی لەناچیزەترین بەشی دونیا- لەمێروو، سەدەف، دڵۆپە ئاودا - بینیبا. نەک تەنها عەزاب و ئومێدەکانی خۆی، بەڵکو عەزاب و ئومێدەکانی هەموو کەون، چ دەبوو گەر توانیبای لەهەر خورپەیەکی دڵدا، ئینسانی لەخاچدراو و ئینسانی ڕابووی بینیبا! چ دەبوو گەر پەی بەوە بردبا کە مێرووله و ئەستێرەو مارماسی و ئەندێشەکان وەک ئێمە لەرەحمی هەمان دایکەوە هاتوونەتە دەر و تێگەیشتبا هەموومان عەزاب دەچێژین و هەر هەموومان چاوەڕێی هاتنی ڕۆژێکین چاوانمان بکەینەوە و ببینین هەموومان یەکێکین و - ئیدی ڕزگاربین.

هەرگیز ئەو مانگە عیرفانییەی چاوەڕوانیم لەیاد ناچێتەوە، خشەی گەڵا لیمۆ، فڕینی هەنگ، ئارام نەگرتن و لێکدا لێکدا ئاه هەڵکێشانی زەریا و خۆکێشانی بەدەرگای ماڵەکەمدا، تێپەڕینی قژقڕەیەک بەسەر سەربانداا - ئەمانە هەموو ئازاریان دەدام و کوڵی گریانیان بەردەدام. پێدەچوو خواوەندەک جەستەمی بەر قامچی دابێ و جەستەم تەنانەت حەوسەڵەی هەڵکردنی شنەیەکی بەسەریدا نەمابێ.

تا دواجار ئیدی ڕۆژێکیان نەمتوانی لەوە زیاتر بەرگە بگرم، ئەزموونی ساڵانی لەوەوبەرم فێری کردبووم کە تاقە ڕێگەی خۆڕزگارکردنم لەئازاری بەسوێ و شاگەشکە بوون و وەدەستهێنانەوەی ئازادیم ئەوەیە کە بەوشەگەلی سیحر ئەو ئازارە یاخود ئەو خۆشییە ئەفسوونکەم. لەوڵاتە گەرمەسێرییەکاندا، کرمێکی زۆر ورد و قەیتانی، پێستی بونیادەم درز تێدەبا و دەیخوا، سیحرباز دەگاتە جێ و (نای)ە سیحراوییەکەی دەردێنێ و دەیژەنێ، کرمی ئەفسوون بوو وەدیاردەکەوێ، وردە وردە خاو دەبێتەوە و دێتەدەر. ئاخر (نای) هونەرییش هەر ئاوهایە.

ڕۆژانی ئارام و بەتیشکی هەتاو شۆراوی یەنیوەری هاتن. ڕۆژانێک کە خواوەند بەمیهرەبانیی ڕەهای خۆی لەچلەی زستاندا داینناون تا مەلە زەرياییيە بەستەزمان و گوناهەکان بتوانن بەدڵنیاییيەوە لەو ڕۆژانەدا هێلکەکانیان لەسەر بەردەکان دانێن. لەو ڕۆژانەدا جارێکیان چووم بۆ زەریا و مەلەم کرد، لە



ئاوی زەریا هاتمە دەر و خۆم بەهەتاو وشک کردەوە، بەهەموو عومرم تامی ئارامییەکی جەستەیی و بەختەوەرییەکی ڕۆحیی ئاوهام نەچەشتبوو. گەڕامەوە ماڵەوە، پەڕەمووچەکەم هەڵگرت (ئاخر نایەکەی من ئەوەیە) و بەنەرمە لەرزێک بەسەر قاقزدا نوشتامەوە.

دەمنووسی و دەمکوژاندەوە، نەمدەتوانی وشەگەلی گونجاو بدۆزمەوە، گا وشەکان هیچ و بێ ڕۆح بوون و گا بەشێوەیەکی بێ مانا ئاڵووالا و برێ جاری تریش ڕووتوقووت و پڕ لەهەوا و چۆڵ لەگەرمایی. لەڕێی گەڕانەوەمدا لە زەریا دەمزانی دەمەوێ چ بڵێم، بەڵام وشە تەمبەڵ و جڵەو پساوەکان بۆ جێگەیەکی تریان کێش دەکردم. دەسنووسەکەم بەزێڕ و زیو ڕازایەوە و لەو قاڵبە سەری کرد کە بۆم داڕشتبوو. بێ شەرمانە فەزا و زەمەنێکی زیاتری داگیرکرد، لێکدا لێکدا لەگۆڕاندابوو، نەمدەتوانی ڕوخساری دیاری کەم، ڕۆحیشم لەگەڵیدا دەگۆڕا و سەرلەنوێ دەگۆڕاو نەمدەتوانی ڕوخساری ئەویش دیاری کەم.

بێ هوودە هەوڵم دەدا زاراوەیەکی ساکار و بێ زێڕ و زیو بدۆزمەوە، زاراوەیەک هەستم پڕ نەکا لە خشڵ و تێکوپێکی بدا. ئەرێ ئەو سۆفییە موسوڵمانە تینووە کێ بوو کە جامەکەی بۆ ناو بیرێک شۆڕ کردەوە تا ئاو هەڵگۆزێ و تینوێتیی خۆی پێبشکێنێ؟ جامەکەی هەڵکێشا و بینی پڕ بووە لە زێڕ، زێڕەکەی ڕۆکرد و هەمدیس جامەکەی شۆڕکردەوە و پاشان ڕایکێشایەوە و بینیی ئەمجارەش پڕ بووە لە زێڕ، ئەمیشی ڕۆکرد و گوتی: "خودایا، من دەزانم تۆ پڕیت لە کەنز، بەڵام تەنها تۆزێک ئاوم بدەرێ بیخۆمەوە، ئاخر من تینوومە!" جارێکی تر جامەکەی شۆڕ کردەوە و ئاوەکەی هەڵگۆزی و خواردییەوە. وشە پێویستە ئاوها بێ، بێ زێڕ و زیو.

حاڵی بووم جارێ کاتی نووسین نەهاتووە، ئاخر هێشتا گۆڕانکاریی نهێنی ناو تۆوەکە کامڵ نەببوو. بۆیە قەڵەمم دانا.

بیرم دێ جارێکیان قۆزاخەیەکم لە قەدی دار زەیتوونێک کردەوە و لەنێو لەپی دەستمدا دامنا، لەنێو توێکڵە تەنکەکەیدا مەخلوقێکی زیندووم بەرچاوکەوت دەجووڵایەوە، هەڵبەت پڕۆسەی نهێنی ناو قۆزاخەکە گەیبووە کۆتایی، پەپوولەی ئایندە کە هێشتا ئازاد نەببوو، بەلەرزێکی ئارامەوە چاوەڕێی ئەو ساتە پیرۆزە بوو بێتە دەرێ و سڵاو لە هەتاو بکا، پەلەی نەبوو، پشت ئەستوور بەڕووناکی و هەوای گەرم و یاسای ئەبەدیی خودا چاوەڕێ بوو.

بەڵام من پەلەم بوو، دەمویست هەرچی زووتره شاهیدی ڕوودانی موجیزە بم، دەمویست ببینم چۆن جەستە لە گۆڕ و کفن دێتە دەرێ و دەبێتە ڕۆح، دانەویمەوە و بەهەناسەم کەوتمە گەرمکردنی قۆزاخەکە، هەر هێندە و ئیدی زوو بەزوو درزێک کەوتە پشتی قۆزاخەکە و هێور هێور تەواوی کفنەکە لەسەرەوە بۆ خوارەوە درزی برد، پەپوولەی ناکامڵ بەڕەنگێکی سەوزی تۆخ وەدیارکەوت، پەپوولەکە هێشتا گرمۆڵە و باڵەکانی نەکراوە و قاچەکانی بەزگییەوە نووسابوون، لەژێر هەناسەی گەرم و بەردەوامی مندا بەئارامی دەجولا و زیندووتر خۆی دەنواند. یەکێ لەباڵەکانی کە لە ڕەنگی خونچەی سپیدار دەچوو، خۆی لە جەستەکە جیاکردەوە و کەوتە جووڵە. پەپوولەکە هەوڵی دا ئەو باڵەی زیاتر بکاتەوە، بەڵام بێ هوودە بوو، نیوەکراوە و لەرزۆک مایەوە، بەزوویی باڵەکەی تریش کەوتە جووڵە و هەوڵی دا بیکاتەوە، بەڵام

نەیتوانی و ئەمیشیان بەنیوەکراوەیی و لەرزۆک مایەوە، منیش بەسەرچلّییەکی بونیادەمانەوە بەردەوام بووم لە گەرمکردنەوەی پەپوولەکە و باڵە ئیفلیجەکانی بەهەناسەم، بەڵام ئیدی باڵەکان لە جووڵە کەوتن و وەک بەرد بێ گیان و وشک هەڵگەڕان.

دڵم لێوڕێژبوو لە کەسەر، ئاخر بەهۆی پەلەپەل و بەهۆی ئەوەوە کە غیرەتم دابووە بەرخۆم یاسای ئەبەدیی پێشێل کەم، پەپوولەکەم کوشتبوو. هەنووکە جەنازەیەک بەسەر لەپی دەستمەوە بوو. ساڵانێک تێپەڕیون، کەچی ئەو جەنازە چکۆڵەیە گەورەترین بارێکە کە بەسەر کۆڵی ویژدانمەوە هەڵمگرتووە.

ئینسان پەلەیەتی، بەڵام خواوەند پەلە ناکا. لەبەر ئەمەیە کارەکانی ئینسان شێواو و ناتەواون و کارەکانی خواوەندیش ڕێک و تەواو. بەچاوانێکی فرمێسکاوییەوە سوێندم خوارد کە ئیدی ئەم یاسا ئەبەدییە پێشێل نەکەم، وەک درەختێک قامچیی باو خۆر و بارانم دەچەشت و بەباوەڕ بەخۆبوونەوە چاوەڕێم دەکرد، تا ساتی پشکوتنی گوڵ و گەیینی میوە دەهات.

بەڵام بنۆڕە، لەهەمان لەحزەدا سوێندەکەم دەشکاند، گەرچی هێشتا قۆزاخەکەی زۆربا کامڵ نەببوو، کەچی پەلەم بوو کفنەکەی بکەمەوە. تەواوی هەموو ئەو شتە هەڵیت و پڵیتانەم دڕاند کە لەسەر قاقز نووسیبوومن و چوومە دەرەوە تا لەنزیک زەریاوە ڕاکشێم.

ئەو قسەیەم بیرکەوتەوە کە جارێکیان زۆربا پێی گوتم: "من هەمیشە جۆرێک ڕەوتار دەکەم وەک ئەوەی نەمر بم!" ڕەوتاری خواوەند ئاوهایە، ئێمەیش خەڵکانی فانی، دەبێ شوێنپێی وی هەڵگرین، نەک لەڕووی خۆبەزلزانی و لاسارییەوە، بەڵکو لەڕووی پەرۆشبوونی ڕۆحەوە بۆ باڵایی. هەوڵدان بۆ لاساییکردنەوەی خواوەند، تاقە شێوازێکی ئێمەیە بۆ تێپەڕاندنی سنوورداریەکانی بەشەرییەت، تەنانەت گەر ئەو تێپەڕاندنەش لە لەحزەیەک زیاتر نەبێ (ماسییە باڵدارەکە وەبیر خۆت بێنەرەوە!) مادامەکی ئێمە لەجەستەماندا حەپسین، مادامەکی ئێمە قۆزاخەین، ئەوا ئەو فەرمانگەلە سەختانەی لە لایەن خواوەندەوە خراونەتە سەر شانی ئێمە بریتین لە: ئارام بگرە، ڕامێنە، متمانەت هەبێ!

لە ئاوابوونی خۆرم ڕوانی، دوورگە چۆڵوهۆڵەکەی بەرامبەر، گوڵڕەنگ و دەم بەپێکەنین، وەک گۆنای دوای ماچ پرشنگی دەدا. دەنگی تەیرە سترانچڕەکانم دەژنەفت کە شەکەت و ماندوو دوای ڕۆژێک لە ڕاو و گۆرانی، خەواڵوو دەگەڕێنەوە ماڵەوە تا بنوون، زوو بەزوو ئەستێرەکان هەڵدەهاتن تا جێگەی یەک بەیەکی تەیرەکان بگرنەوە و ئیدی ڕەوڕەوەی شەو دەکەوتە سووڕانەوە. نیوەشەو دێ و کازێوە دێ و هەڵبەت خۆریش هەڵدێ و ڕەوڕەوەی ڕۆژیش دەکەوێتە سووڕانەوەی خۆی.

ریتمێکی مەلەکوتی، تۆوەکانی ناو خاک، مەلان و ئەستێران هەموویان ملکەچی ئەم ریتمەن، تەنێ ئینسانە دەستی یاخیبوون هەڵدەبڕێ و دەیەوێ یاسا پێشێل کا و ملکەچی بکاتە ئازادی. لەبەر ئەمەیە کە لەنێو هەموو مەخلوقەکانی خودادا تەنها ئەوە گوناهی لێ دەوەشێتەوە، ئەدی گوناهکردن مانای چی؟ یانی تێکوپێکدانی هاوگونجان و هاوئاهەنگیی (هارمۆنیی).

***



بەهەستکردنم بەوەی سەفەرێک حەوسەڵەی ئارامگرتنم پێ دەبەخشێ، لە بەلەمێکدا دانیشتم کە بەرەو دوورگە چکۆڵەکانی سانتۆرین، ناکسۆس، پارۆس و میکۆنیۆس دەچوو لەزەریای دڵڕفێنی ئیژە. گوتوومە و هەمدیس دەیلێمەوە: یەکێک لە مەزنترین ئەو چێژانەی لەم دونیایەدا بەبونیادەم بەخشراوە، ئەوەیە بەهاران، کاتێ شنەیەک هەڵدەکات بەزەریای ئیژەدا سەفەربکا. من هەرگیز نەمتوانیوە چ جیاوازییەک لەنێوان ئەوە و بەهەشتا بدۆزمەوە. چ لەزەتێکی ئاسمانییتر یا زەمینییتر دەتوانێ ئاوها لە هاوئاهەنگیی تەواودا بێ لەگەڵ جەستە و ڕۆحی بونیادەمدا؟ ئەم لەزەتە تا سنووری سەرمەستبوون دەچێ. بەڵام سوپاس بۆ خودا لەوە تێناپەڕێ و بەم پێیە دونیای ئازیز و بینراو مەحف نابێ. بەپێچەوانەوە، نادیار وەدیاردەکەوێ، ئەوەی ناومانناوە خواوەند و ئەبەدییەت و جوانی، لەبەلەمەکەدا دادەنیشن و لەگەڵماندا سەفەردەکەن. لەساتەوەختی ترسناکی مەرگدا، چاوانت لێکنێ، ئەگەر سانتۆرین و ناکسۆس و پارۆس و میکۆنۆست بینی ئەوا بێ ئەوەی بچیتە ناو گۆڕەوە یەکسەر خۆت بەبەهەشتا کردووە. باوەشی ئیبراهیم و بەهەشتی نامادیی مەسیحییەت چییە لەچاو ئەم ئەبەدییەتە گریکییەی کە لە ئاو و گردۆڵکە و بای دڵڕفێنی باکوور خوڵقاوە؟

خەنی بووم بەوەی ئینسانم، ئینسان و گریکستانی. بەو پێیە دەمتوانی زەریای ئیژە بەهی خۆم بزانم. میراتی باوانم و- بەشێوەیەکی غەریزی و بەبێ دەستێوەردانی شێوێنەرانە لەلایەن فیکری ئەبستراکتەوە- دەمتوانی لەنێوان دوورگەکاندا لە بەختەوەرییەکەوە بچم بۆ بەختەوەرییەکی تر بەبێ ئەوەی لەسنوورداریەکانی ڕۆحم ئەولاوەتر بچم. ئەم دوورگە مەلەکوتییانە وەک تووکی نەرمی سینگی کەوێک پرشنگیان دەدا، لەژێر سێبەر و هەتاودا هەر ساتێک و بەڕەنگێک وەدیاردەکەوتن، گا بەڕەنگی قاوەییەکی تۆخ و گا درەوشاوە بەتەپوغمێکی ئاڵتوونی کە کازیوان لەگەڵ گوڵی سوور و نیوەڕوان سۆسەنی پاک و دەمەو مەغریبانیش لەگەڵ وەنەوشەی گەرمدا ڕوێنرابوو.

ئەم سەفەری مانگی هەنگوینی ئاسایە دوو هەفتە درێژەیکێشا. کاتێ گەڕامەوە خانووە چکۆڵەکەی کەنار زەریا، ئیدی زەینم گەڕابۆوە شوێنی خۆی و دڵیشم بەئارامی لێی دەدا. مەسیح و بوزا و لینین، ئەو سێ چەتە زەریاییە مەزن و ئازیزەی ژیانم بزر نەببوون، بەڵکو لە بووڵاڵی یادەوەریدا وەک هیرۆگلیفیایەکی زیننەتی دەدرەوشانەوە.

لەتەواوی ماوەی سەفەردا، چکۆڵەترین مەشغەڵەتی زەینی ئەقڵمی شلوێ نەکرد. چ خەونێکیشم نەبینی تا وەبیرم بێنێتەوە کە گرفتی داهێنانم هەیە و دەبا یەکلایی بکەمەوە، بەڵام نەمتوانیبوو. دونیام ساکار دەبینی و دەمژنەفت و بۆنم دەکرد. وەک بڵێی ڕۆحیشم بووبێتە جەستە و ئەویشم لەدۆخێکی تەندروستدا دەبینی و دەژنەفت و بۆن دەکرد.

ئەو دوو نیگارکێشەی سەردەمانی دێرین کێ بوون کە لەسەر ئەوەی کامیان دەتوانێ وردتر وێنەی دونیای بینراو بکێشی، کێ بەرکێی یەکتریان دەکرد؟ یەکەمیان وێنەی پەردەیەکی پیشانی ئەوی تر دا کە کێشابووی و گوتی: "ئەلعان پێت دەسەلمێنم من باشترم؟" دووەمیان گوتی: "باشە، پەردەکە لابەرە تا وێنەکە ببینم!" هونەرمەندی یەکەم بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە: "پەردەکە خودی وێنەکەیە!"

لەماوەی سەفەرەکەمدا بەزەریای ئیژەدا، بەقووڵی هەستم دەکرد کە لەڕاستیدا پەردەکە وێنەکەیە. چەندە بەستەزمانە ئەو کەسەی بۆ بینینی وێنەکە، پەردەکە لادەبا، ئاخر جگە لە فەوزا چ شتێکی تر نابینێ.

چەند ڕۆژێکی تریش غەرق لە بێدەنگیی گۆشەگیریدا مامەوە. وەرز وەرزی بەهار بوو، لەژێر دارلیمۆیەکی شکۆفەکردوودا دانیشتم و ئەو شیعرەم لەبەرخۆمەوە گوتەوە کە لەچیای ئاتووس بیستبووم:

دار بایەم خوشکێ، لەبارەی خواوەندەوە بۆم بدوێ! کە وام گوت، داربادام شکۆفەی کرد و گوڵی گرت!

هەر بەڕاستی پەردەکە بەشکۆفە و مەل و ئینسانەوە چنرابوو - دەبێ ئەمەش خواوەند بێ. ئەم دونیایە، بەو جۆرەی سەردەمانێک پێم وابوو پۆشاکی خواوەند نییە، بەڵکو خودی خواوەندە، شێوە و ناوەڕۆکیان یەکێکە، لە حەجە ئیژەیییەکەم گەڕامەوە و ئەم یەقینە، ئەم غەنیمەتە گرانبەهایەم پێبوو. زۆربا ئەمەی دەزانی بەڵام نەیدەتوانی بیڵێ، بەڵکو ئەوەی بەسەما دەگوت. بەخۆم گوت: "چ دەبوو گەر بمتوانیبا ئەم سەمایەم بکردایەتە وشە!"

کوتوپڕ زەینم کرایەوە، بۆم دەرکەوت تەواوی ئەو ساڵانە لە دووی خواوەند بووم، کەچی سەرنجم نەداوە کە ڕێک و ڕاست لە بەردەممدا بووە، تەواوێک وەک دەسگیرانێک کە پێی وایە ئەڵقەی دەسگیرانیی بزرکردووە و بەدردۆنگی هەموو شوێنێکی لەدوو دەگەڕێ، کەچی ئەڵقەکە وا لە پەنجەی خۆیدا. گۆشەگیریی و بێدەنگیی و زەریای ئیژە بەنهێنی و بەمیهرەبانی هاریکارییان دەکردم، زەمەنیش کە یەکێکیتر لە هاوکارانم بوو بەژوور سەرمدا تێدەپەڕیی و تۆوەکەی لە ناخمدا دەترووکاند. شانبەشانی مەلان و ئەستێران خۆم بەپێچکەی ئەبەدییەتەوە گرێداو و هەنووکە پێم وایە بۆ یەکەم جار لەژیانمدا هەستم کردبێ ئازادیی ڕاستەقینە چییە: ئازادیی ڕاستەقینە بریتییە لە تەوقی خواوەند لە گەردنکردن - بەواتایەکی تر تەوقی هاوئاهەنگی لەملکردن.

داهێنان وەک ئەڤین گەڕانێکی ئەفسوونگەرانەیە، لێواولێو لەبێ یەقینی و خورپەی کۆتری دڵ. بەیانیی هەر ڕۆژێک کە بۆ ئەم گەڕانە عیرفانییە دەچوومە دەر، دڵم لەتاو شپرزەیی و کونجکاویی دەکەوتە خورپە لەگەڵ لەخۆبایبوونێکی ئەهریمەنانەی سەیر (کە نازانم چۆن و بۆچی) لەخۆنەویستییەکی قووڵ و لە وەسفنەهاتوو دەچوو، چونکە بێ ئەوەی پێشتر ئەوەم لەزەیندا هەبێ، هەر لەیەکەم ڕۆژەوە بەترسەوە پەیم بەوە برد کە لە دووی ڕاوکردنی کام مەلی نادیار - دەشێ نەبوو - بووم.

چیاکان پڕ لە کەو بوون و ڕێگەوبانەکانیش پڕ لە قومری و زەریاچەکانیش پڕ لە مراوی کێوی، بەڵام من بەلای ئەم هەموو گۆشتە بەتامەدا تێدەپەڕیم و هێڵنجم دەدا، ئاخر ئەز لەدووی ڕاوی مەلێک بووم کە نەدەگیرا و جارناجار لەقووڵایی دڵمدا دەنگی بەیەکدادانی باڵەکانیم دەژنەفت، مەلێک کە تەنها لە باڵ دروست ببوو، هەوڵم دەدا جەستە بدەمە ئەم مەلە تا بەشکەم بتوانم ڕاوی کەم.

سەرەتا نەمدەتوانی ناوێک لەم مەلە بنێم، دەشێ خۆم نەمویستبێ، چونکە باش دەمزانی ناو زیندانی ڕۆحە. ڕۆح هێندە دەگوشێ تا لەوشەدا جێگەی کاتەوە، ناچاری دەکا تا تەواوی تایبەتمەندییە گرانبەها و لەگوزارشت نەهاتووەکان کە ناتوانرێ ئاڵتەرناتیڤێکیان بۆ بدۆزرێتەوە، بباتە دەرەوەی سنووری ئەم ناوەوە.



بەڵام زوو بەزوو پەیم بەوەبرد کە ئەم بێ ناوییە، پرۆسەی ڕاوەکە دژوار و دژوارتر دەکا. نەمدەتوانی شوێنگەی نێچیرەکەم بدۆزمەوە و داوێکی بۆ بنێمەوە. ئامادەیی نادیار لەهەموو شوێنێک پیاسەی دەکرد. ئینسان ناتوانێ پشتیوانی ئازادیی ڕەها بێ، ئاخر ئاوها ئازادییەک بەرەو ئاژاوە ڕێنوێنی دەکا. گەر بۆ ئینسان ڕەخسیبا بەئازادیی ڕەهاوە لەدایکبا، ئەوا گەر ویستبای کەڵکێکی لەسەر ئەرز هەبێ، یەکەمین ئەرکی بریتی دەبوو لەسنووردارکردنی ئەو ئازادییە. ئینسان دەتوانێ تەنها لە گۆڕەپانێکی دیاریکراو و سنووورداردا هەڵسووڕێ. لە کاتێکدا کە من لەخوازیارانی تێپەڕاندنی بێتوانایی ئینسان بووم، ئەوا دەبوو تەسلیمی ئەو بێتواناییییە بام. بەم پێیە و بەپەیبردنێکی تەواو و تاڵ بەوەی سنوورەکانی ئارەزووم بەرتەسک دەکەمەوە، ئەوا پێویست بوو ناوێک لەو مەلە نهێنییە بنێم کە نیازی ڕاوکردنیم هەبوو: ناوێکی بەپێی توانا خاوەن سنووری نەرم، بەپێی توانا خاوەن چوارچێوەی تەنک، بەشێوەیەک کە بتوانم گەر بەتەرزێکی نائاشکراش بێ، هەموو ڕووداوەکانی دواوە و دەوروبەری ببینم.

ئەم خواستە شەو و ڕۆژ بەنهێنی لەناخمدا هەڵدەسووڕا، خۆشبەختانە زەینم ئاگای لەوە نەبوو، هەموو ئەوانە بەبێ ئاگاداری وی ڕوویان دەدا. بەیانییەکیان وەئاگا بوومەوە و ناوی مەلی پێشبینی نەکراو و خەتەرناک لە فەزادا درەوشایەوە. مەل نەبوو، بەڵکو هاوارێک بوو لە زارگەلی بێ شومارەوە. یەکەندەردوو ناسیمەوە، ئەم هاوارە هەمان ئەو شتە بوو کە لە دووی ڕاوکردنی بووم - هاواری ئایندە، ئەو هاوارەی لە پێناویدا خۆم ئازار دەدا و شەڕم لە پێناویدا هەڵدەگیرساند، هاوارێک کە لەپێناویدا لەدایک ببووم. ئیدی شتەکانی تر- خەم و شادومانییەکانم، سەفەرەکانم، چاکەخوازی و خەراپییەکانم، شتێک نەبوون جگە لەپێشڕەویم بەرەو ئەو هاوارە. مەسیح و بوزا و لینین وێستگە بوون و دەبوو پێیاندا تێپەڕم، ئەوان بوون دەسنیشانی تێپەڕینی مەلی نهێنییان دەکرد و لە ڕۆڵی تەپڵ لێدەردا، مەلی هاواریان لەحەشارگەکەی هەڵدەفڕاند.

کەواتە چ شتێک بەهەدەر نەچووبوو؟ پێدەچوو شپرزەییییە فیکرییەکانم و لەم دەرگا و لەو دەرگادانەکانم هەریەکەیان بەجیا، کات بەفیڕۆدان بووبن: ئاکامێکی ئەقڵیی پەرت. بەڵام هەنووکە دەمبینی کە هەمووی پێکەوە هێڵێکی ڕێک و ڕاستیان پێک هێنابوو، ڕاستەهێڵێک کە تەنها بەلەم دەرگا و لەو دەرگادانەکان دەیتوانی لەسەر ئەم ئەرزە فانییە بچێتە پێش. خیانەتەکانم بەرامبەر فیکرە مەزنەکان دەستیان نابووە دەستی یەکدی و باوەڕێکی تۆکمەیان پێک هێنابوو- ئاخر دەسبەرداری فیکرە گەورەکان ببووم دوای ئەوەی پێیان ئەفسوون ببووم و بەتاڵ ببوونەوە لە ئیهام- پێدەچوو شانس (ناوی چی لێ بنێین؟ شانس نا، بەڵکو چارەنووس) خاوەنی دوو چاو و خاوەنی میهرەبانی بێ، دەستی گرتبووم و ڕانومایی دەکردم، هەنووکە دەزانم بەرەو کوێ ڕانومایی کردووم و چی لێ چاوەڕێ کردووم. هەڵبەت چاوەڕێی ئەوە بووە لێم کە هاواری ئایندە ببیەم، تەواوی هەوڵەکان بەکاربهێنم تا پێشبینیی ئەوە بکەم کە هاوارەکە چی لێم دەوێ و بۆچی بانگم دەکا و بەرەو کوێ بانگێشتمان دەکا بڕۆین. خوێن هورووژمی بۆ سەرم هێنا و لەخۆشییاندا قوڵتە قوڵتی بوو. قەڵەمم هەڵگرت و لەسەری لاپەڕەکەوە هەوێنی خۆشنوودانەی دوایەمین کارێکم تۆمار کرد کە کەوتبوومە نووسینی:

"سلاو ئەی ئینسان! ئەی کەڵەبابی چکۆڵەی قاچوقوڵ ڕووت. ڕاستە - گوێ مەدەرە ئەوەی خەڵکانی تر دەیلێن - تا تۆ نەقوقێنی خۆری کازیوان هەڵنایەت!"

***

بلێسەیەکی فێنک و بزێو لەسەر تەوقی سەرم هێلانەی چێ کردبوو، هەستم دەکرد وەک پەڕێکی سوور لەفەزادا دەلەرییەوە، مەلێکی نهێنی و نەغمەخوێن بوو، کلاوە ئاسنینێکی ئاگرین بوو بەگوڕێکی ئەفسانەیییەوە تا تووڕەیی و ئومێدی جەنگاوەر زیاترکات. دڵم بێ ئارامانە لێی دەدا و لەچڕکردنەوەی هێزی خۆیدا بوو، بەڵام بەبینینی گەرداوی (گەرداو یان خواوەند؟) بەرامبەر، ترسی لێ نیشت، جەستەی بەستەزمان چ ئامادەیییەکی بۆ سەرکێشی نەبوو، لەو خانووە چکۆڵە و ئارامەدا، لەگەڵ دار لیمۆ و زەریا و کێلۆنی قورسدا، بەئاسوودەیی پاڵی لێ دابۆوە و یەکبینە دەکشایە دواوە و لە ترسا گرمۆڵە دەبوو. بەڵام خاوەن شکۆی نادیار باڵاتر و ڕاستەقینەتر لەجەستەم، بەژوور سەرمەوە وەدیاردەکەوت و فەرمانی پێ دەدام، ببوومە کەشتی و ئامادە دەبووم تاسینگی زەریا شەق کەم، بووکی زەریا لەپێشی کەشتییەکەدا بزمارکوت ببوو، دەستێکی لەسەر مەمکی و دەستەکەی تریشی بەشێوەیەکی فەرمانداندەرانە: "بۆ پێشەوە!" دانابوو. ئەو نایک(*)ێک نەبوو، بەڵکو هاوار ی مەزن بوو، لەنێوان ئاسمان و زەریادا ڕێگەی پیشان دەدام.

تەواوی وشەو مەسەل و ئەو نوکتانەی دەمزانین هاتنەوە ناو کەشتییەکە، ئازیزترین هاوڕێکانم و ناهاوڕەنگترین جەنگاوەرگەلێکی ئازا کە لە ئەندێشەمدا هەبوون. هەروا ئازووقەو بەرمیلە شەرابێکی زۆرم بردە ناو کەشتییەکەوە، ژمارەیەکی باش لە خواوەندانی دێرینم لەگەڵ خۆدا برد کە ناشییانە لەسەر تەختە هەڵکۆڵرابوون تا لە بەسەربردنی کاتدا یارمەتیم بدەن، چارۆکەکان پڕبوون لەهەوا و بەرەو زەریا دەرچووین.

بەکام ئاراستەدا ڕۆیشتباین؟ چ شتێکم لە زەیندا نەبوو، لاجانگەکانم لەسەر پشت و (با) لە هەر چوارلاوە بەگوڕێکی یەکسان بەسەرمدا هەڵی کرد، تۆپەڵە قوڕێکی ڕەق - ئایندە-م لەنێوان پەنجەکانمدا گرتبوو، دەمشێلایەوە و شێوەی جیاجیام لێ دەردەهێنا- ئینسان، شەیتان- پاشان تێکم دەدانەوە و سەرلەنوێ دروستم دەکردنەوە. شێوەکان لەسەر پەنجەکانم دەخلیسکان و بۆ ساتێک لە هەوادا ڕەق دەبوون و پاشان دەگەڕانەوە عەدەم. پێت وانەبێ گەمەم دەکرد، بەڵکو تێدەکۆشام- ئاخر هەوڵم دەدا ڕوخساری ڕۆحم بەو قوڕە ببەخشم.

بەوەی کە نەمدەزانی ڕوخساری ڕۆحم کامەیە و شێوەی چۆنە، بۆیە تێکۆشانەکەم سەخت و نائومێدانە بوو. بەشێلانی قوڕەکە هەوڵم دەدا ئەو ڕوخسارە بدۆزمەوە. چ متمانەیەکم بەئەقڵ نەبوو، چونکە جگە لەجەستە و هێڵە سەرەتاییەکانی جەستە چ شتێکیتر ناناسێتەوە، ئەو بلێسەیە نابینێ کە بەدووی جەستەدا پرشنگ دەدا و لە سەردا لرفە دەکا و وەک ئاڵا لە هەوادا دەشەکێتەوە. ڕۆحیش تەواوێک

(*) خواوەندی سەرکەوتن لای گریک.



ئاوهایە، هەربۆیە تەنها ڕوخسەتم بەهێزە عیرفانییەکان دا تا پەنجەکانم ڕانومایی بکەن.

سێ ڕۆژی لەسەر یەک، بێ دەنگ و بێ جووڵە وەک گەدایەکی هیندوستانی دانیشتم و سەرلەنوێ ژیامەوە، چ شتێک لەبەین نەچووبوو، تەنانەت ناچیزەترینیان. دارهەنارێکی شکۆفەکردوو لەنزیک (کالاماتا)، کاڵەکێکی بۆنخۆشی سانتۆرینی کە هێند گەورە بوو نەمدەتوانی لەبن هەنگڵی نێم، کیژۆڵەیەکی چکۆڵەی گەنمڕەنگ کە لەناپۆلی یاسەمینی دەفرۆشت، تەقەتەقی قاپقاپی بێوەژنێک کە لەحەوشی ماڵەکەیدا و لەزەماوەندێکدا سەمای دەکرد، برۆی کەوانیی ژنێکی چەرکەسی لەمۆسکۆ، هەموو ئەوانە لەدەرکی یادەوەریمەوە دەهاتنەدەرێ و تژییان دەکردم لەبەختەوەری. شەوانە کە دەچوومە نێو نوێنەکەمەوە، لە خەونەکانمدا دەکەتمە دووی سەفەرەکانم، بەو جیاوازییەوە کە هەمان ئەو سەفەرانە لەهەوادا پیاسەیان دەکرد. لەراستیدا سووکەڵەتر دەبوون و جەستەیەکی ڕۆح سووکتر و گرانبەهاتریان پێک دەهێنا.

چما چ شتێکی ڕاستەقینەتر لەحەقیقەت بوونی هەیە؟ بەڵێ هەیە. ئەفسانە. ئەفسانەیە کە مانایەکی ئەزەلیی دەبەخشێتە حەقیقەتی ڕاگوزەر. هەنووکە تەواوی گەڕانەکانم پێکەوە گرێ دەدران و هاواهەنگ دەبوون و لەقاڵبی سەفەرێکی بەهاداردا وەدیاردەکەوتن. سەفەرێک کەنگێ دەستی پێ کردووە و بۆچی و بەرەو کوێ کەوتۆتە ڕێ. هەر خاڵێکی ڕاوەستان، زادەی هەوەسێکی بێ مانای شانس نەبوو، بەڵکو وەجێهێنانی نەخشەی قەدەر بوو. هەموو سەفەرەکانم ببوونە هێڵێکی سوور کە بەئینسان دەستیان پێ دەکرد و بۆ گەیشتن بەترۆپکی بەرزی هومێد - هەڵدەگژان.

ڕۆژی چوارەم، هەروا کە دەجەنگیم تا ببینم ئەو هێڵە سوورەی پیشاندەری هەڵگژانم بوو گەییوەتە کوێ، کوتوپڕ سەرسامییەکی پیرۆز سەراپای بوونمی لەخۆیەوە پێچا. ئەم هێڵە سوورە بەخوێنی من نەکێشرابوو، ئاخر کەسێکی تر هەڵدەگژا، کەسێکی تر خوێن لەبرینەکانییەوە دەچۆڕا و نیشانەی سووری لەسەر عەرد و زەریا جێ دەهێشت- کەسێکی باڵاتر لەمن، باپیرانی کەتە و زل، جەنگاوەرانی زەریا و چیانشین. من شتێک نەبووم جگە لە سێبەری وی، سێبەرێکی وەفادار کە وەدووی دەکەوتم، نەمدەتوانی بیناسمەوە، بەڵکو تەنها ناو بەناو دەنگی هەناسەدانی یاخود قاقای پێکەنینە گرمە ئاساکەیم دەژنەفت، لە دەوروبەری خۆم دەنۆڕی و کەسم نەدەبینی، بەڵام هەستم دەکرد هەناسەی مەزنی ویم بەژوور سەرەوەیە.

بەچاوانێکی لێوڕێژ لە ئامادەیی ئەو- چاوانی قوڕین نا، بەڵکو چاوانێکی تر- بەسەر پەڕە قاقزەکانمدا چەمیمەوە، بەڵام ئەلعان ئیدی قاقزی سپی وەکی جاران ئاوێنەیەک نەبوو کە ڕوخسارم پێچەوانە بکاتەوە. بۆ یەکەمین جار ڕوخسارێکی ترم بینی، ڕوخساری هاوسەفەری مەزن و یەکەندەردوو ناسیمەوە. کلاوێکی ناخودایی بەسەرەوە، خاوەن سەرنجی تیژی هەڵۆ ئاسا و ڕیشێکی کورت و لوول، چاوانی ورد و تیژ و فریودەر وەک چاوی مار، جووتێک برۆی گرێ گرێ وەک بلێیی بەسەرنج مەڕێک کێشانە بکا کە دەکارێ بیدزێ، یان لەهەورێک ڕامابێ لێوڕێژبێ لە (با) و کوتوپڕ لە زەریاوە هاتبێتە دەرێ، یاخود هێزی خۆی بەقەد هێزی نەمران بگرێ بەرلەوەی بڕیاربدا کە چما کامەیان لە قازانجییەتی: ئازایەتی یان فرتوفێڵ!

قودرەت لەڕوخساریدا چاوەڕێ بوو. بێ دەنگ و بێ جوولە و ئامادەی دەرپەڕین. ئاخر وی پاڵەوانێکە ڕێزی مەرگ دەگرێ و بەپەرێز و مەهارەتەوە و بێ هاوار و جنێو، زۆرانی لەگەڵدا دەگرێ و ڕێک لەچاوانی دەنۆڕێ. چتاقیان بەزەیت چەورکراون و ڕووتوقووت لەڕووناکیدا کەوتوونەتە زۆران و یاسا ناسکەکانی زۆرانبازی پەیڕەو دەکەن. گەرچی هاوسەفەری مەزن دەزانێ حەریفەکەی کێیە، کەچی ناکەوێتە بۆسەی ترسەوە، بەڵکو سەری هەڵدەبڕێ و لەڕوخساری مەرگ دەنۆڕێ کە شەپۆلان دەدا و هەرجارەی ڕوخسارێکی جیاواز لەخۆدەگرێ، گا ڕوخساری ژنێک لە کەنارێکی لمین کە مەمکی خۆی گرتووە و گۆرانی دەچڕێ، گا ڕوخساری خواوەندەک کە تۆفان بەرپا دەکا و دەیەوێ ئەم غەرق کا. جارێکی تر لەشێوەی ستوونێکی بەرزی دووکەڵدا، لەسەر سەربانی ماڵەکەی- لێوی دەلێسێتەوە و لەزەت لەهەموو ڕوخسارەکانی مەرگ دەبا و زۆران لەگەڵ هەموویاندا دەگرێ و بەپەرۆشەوە هەر هەمووشیان لە ئامێز دەگرێ.

تۆ بوویت... تۆ! چما چ چارەیەکی تر هەبوو جگە لەوەی کە دەبوو یەکسەر بتناسمەوە ئەی ناخودای گریکستان، ئەی باپیرەی ئازیز! تۆ بەو کڵاوە ناخودایەتییەتەوە و بەو زەینە هەمیشە سەرکێش و برسییەتەوە کە ئەفسانەکان دەخوڵقێنی و درۆ دەکەیتە کاری هونەری، ئەی مێبازی سەرسەخت، ئەی تێکەڵەیەک لەحەزمی ئینسانی و حەماقەتی مەلەکوتی، ئەی ئەوەی کە بەغروورەوە لەکەشتیی گریکستاندا ڕێک و پتەو ڕاوەستاویت و هەزارەها ساڵە کڵاوە ئاسنینەکەت دانەگرتووە و هەزارەها ساڵی تریش دایناگریت! لە هەموو لایەکەوە دەتبینم و سەرم لە گێژەوە دەچێ. گا لە باوکێکی تەمەن سەد ساڵە دەچیت و گا لە جەنگاوەرێکی بەهێز و باڵابەرز و قژ لوول و شینی شەلاڵ بەخوێی زەریا، گایش لە منالێک دەچیت کە هەردوو مەمکی ئاسمان و عەردی گرتووە و دەیانمژێ. لە هەموو لایەکەوە دەتبینم و هەوڵ دەدەم لەقاڵبی وشەیەکدا جێگەت کەمەوە تا ڕوخسارت بەدەستەوە بگرم و ڕایگەیەنم: تۆم گرت، ئیدی ناتوانی لەدەستم هەڵبێیت! بەڵام تۆ وشەکە دەشکێنیت، ئاخر چۆن دەتوانیت لەناویدا جێگە بەخۆت بگریت؟ لە دەستم هەڵدێیت و گوێم لێتە لە فەزای ژوور سەرمدا پێدەکەنیت.

بۆسەی چ ناوگەلێکم بۆ نەنایتەوە تا بتگرم! تۆم بەم ناوانە بانگ دەکرد: خواوەندی فێڵباز، خودای جەنگاوەر، خودای جادووگەر، خودای فریوکار، حەوت ڕۆح، چەند زەین، ئەقڵ ڕێوی، ئەقڵ چەند پەلک، ئەقڵ چەند ترۆپک، ئەقڵ ڕاست-چەپ، فریودەری دڵ، جەنگاوەری دڵ، ڕێنوێنی دڵ، ماڵ وێرانکەر، ڕۆح فریودەر، ڕابەری ڕۆح، جیهانگەڕ، کەوان زەین، قەلاساز، قەلاوێرانکەر، جەنگاوەری زەریا، سینە ئۆقیانووس، دۆلفین، ئادەمی پێنج ئەقڵ، ئیرادە پۆلایین، پێشەوا، تەنها، ڕاوچی، بەلەمی سێ ستوونی ئومێد!

جارێکیان لەو سەرەتایانەدا کە نەمدەناسیت، بۆ ئەوەی نەهێڵم دوور کەوییەوە، بۆسەیەکم لەسەر ڕێگەت بۆ نایتەوە و پێم وابوو زیرەکانەترین داو (ئیساکا)بێ نرابێتەوە، بەڵام تۆ داتە قاقای پێکەنین، هەناسەیەکی قووڵت دا و ئیساکا بووە هەزار پارچەوە، ئەوکات تێگەیشتم - بەلوتفی تۆ بوو - ئەی ڕزگارکەری نیشتیمان تێگەیشتم ئیساکا بوونی نییە، تەنها شتێ هەبێ زەریایە و بەلەمێک بەچکۆڵەیی



جەستەی ئینسان کە بەلەمەوانەکەی ئەقڵە. ئەم بەلەمەوانە لە ژوورە ئێسقانییەکەی خۆیدا ڕادەوەستێ، وی کە هەم نێرە و هەم مێ، هەم تۆو دەوەشێنێ و هەم دەزێنێ: هەم غەم دەزێنێ و هەم شادی، هەم جوانی دەزێنی و هەم چاکەخوازی و سەرچڵییەکانی و هەموو تارماییيە خوێناوی و ئازیزەکانی دەزێنێ. وی بێ جوولە ڕادەوەستێ و چاوانی لە قەڵبەزەی مەرگ دەبڕێ کە بەلەمە چکۆڵەکەی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ و برسییانە هەر پێنج هەستەوەرە برسییەکانی بەسەر ئەرز و زەریادا ڕادەخا، بێ جوولە لەجێگەی خۆی ڕادەوەستێ، هاوار دەکا: "کوڕینە وەرن بۆ هەر شتێک کە دەرفەتمان بۆ وەچنگهێنانی هەبێ، جامێ ئاوی سارد، شنەیەک کە بەسەر لاجانگەکانماندا هەڵبکا، هەناسەیەکی گەرمی ژن، فیکر، هەرچییەک لەسەر ڕێگەماندا بێ، با دەستوبرد کەین، ئاخر ناتوانین بدۆڕێین!"

عومرێک هەوڵم دابوو کەوانی ئەقڵم تا سنووری شکان ڕاکێشم، بۆ ئەوەی فیکرێکی مەزن بخوڵقێنم بتوانێ مانایەکی نوێ ببەخشێتە ژیان، مانایەکی نوێ ببەخشێتە مەرگ و تەسەللایەکی ئینسان بداتەوە. هەنووکەش بنۆڕە! بەکۆمەکی کات و گۆشەگیری و دار لیمۆی بەشکۆفە ئەو فیکرە ببووە حەکایەت. وای چ خۆشییەک! ساتەوەختی پیرۆز هاتبوو، ئید کرمەکە ببووە پەپوولە.

حاخامێک -حاخام نوعمان- لەڕۆژگاری دێریندا ساڵانێک لەوەوبەر فێری کردبووم کەنگێ کاتی ئەوەیە لێو هەڵبێنمەوە و بدوێم و کەنگێ کاتی ئەوەیە قەڵەم هەڵگرم و بنووسم. وی کەسێکی خاکی و خۆش مەشرەب و ئیماندار بوو، قوتابییەکانیشی فێرکردبوو چۆن دەتوانن خاکی و خۆش مەشرەب و ئیمانداربن. بەڵام ڕۆژێکیان قوتابییەکانی کەوتن بەسەر پێیدا و بەگلەییەوە پێیان گوت: (حاخامی ئازیز، ئەرێ بۆچی تۆیش وەک حاخام سادق نادوێیت، بۆچی ناکەوێتە خستنە ڕووی فیکری مەزن و دۆزینەوەی تیۆرەی گەورە تا خەڵکی بەگوێڕادێران بۆ قسەکانت سەرسام بن؟ چما جگە لە قسەکردن بەزوبانێکی ساکار و حەکایەت گێڕانەوە وەک داپیران، چ شتێکی ترت لە دەس نایەت؟)

حاخامی میهرەبان زەردەخەنەیەکی هاتێ، ماوەیەکی درێژ وەڵامی نەدایەوە، دواجار زاری هەڵێنایەوە و گوتی: (ڕۆژێکیان گەزنەگەل لە پنچکە گوڵێکی سووریان پرسی: خانم! دەتوانیت نهێنیی خۆتمان پێ بڵێیت بزانین چۆن گوڵ دروست دەکەیت؟ پنچکە گوڵەکە وەڵامی دانەوە: خوشکینە، نهێنیی من زۆر ساکارە، من بەدرێژایی زستان بەحەوسەڵەو باوەڕ و ئەڤینەوە لە خاکدا کاردەکەم و تەنێ یەک شتم لەزەیندایە ئەویش: گوڵی سوورە. باران بەر قامچیم دەدا، (با) گەڵاکانم دەژاکێنێ، بەفرم لەسەر کەڵەکە دەبێ، بەڵام من تەنێ خەیاڵم لای یەک شتە، ئەویش گوڵی سوور! خوشکینە دەی نهێنیی من ئەوەیە!)

موریدەکانی حاخام گوتیان: (مامۆستا، حاڵی نەبووین!)

حاخام پێکەنیی و گوتی: (خۆیشم بەتەواویی حاڵی نەبووم!)

- (باشە مامۆستا مەبەستت چییە؟)

- (پێم وایە دەمویست بڵێم: کاتێک فیکرێک باڵیم بەسەردا دەکێشێ، ماوەیەکی درێژ بەحەوسەڵە و باوەڕ و ئەڤینەوە کاری تێدادەکەم. کاتێ زارم هەڵدەهێنمەوە- کوڕەکانم ئەمە چ نهێنییەکە!- کاتێ زارم هەڵدێنمەوە فیکرەکە لەشێوەی حەکایەتدا دێتە دەرێ!)

هەمدیس پێکەنیی و گوتی: (ئێمەی بونیادەم ئەوەمان ناوناوە حەکایەت و پنچکە گوڵیش ناوی ناوە گوڵی سوور!).

***

هەرگیز هەستم نەکردووە بابم لەگەڵمدا میهرەبان بووبێ. ترسێک کە وی تیامدا دەی وروژاند هێند گەورە بوو کە هەموو شتەکانی تر- خۆشەویستی و ڕێز و هۆگری- لەناو دەبرد، قسەکانی ڕەق بوون و بێدەنگییەکەشی ڕەقتر، بەدەگمەن دەدوا، کاتێکیش زاری هەڵدەهێنایەوە، ئەوا قسەکانی هاوسەنگ و بەوردی حیسابی بۆ یەکە بەیەکەیان دەکرد، ئیدی چ پاساوێکت بۆ سەرپێچیکردنی شک نەدەبرد. هەمیشە ئەو لەسەر حەق بوو، هەر ئەمەش وای لێ کردبوو هەڵوێستی مەحکەم بێ. زۆرجاران بەخۆم دەگوت: "چ دەبوو گەر بۆ تەنها جارێکیش هەڵەیەکی کردبا، دەشیا ئەوکات ئازایەتیم بدایە بەرخۆم و ڕەخنەم لێ گرتبا، بەڵام ئەو هەرگیز دەرفەتێکی لەو جۆرەی نەداوە پێم، ئەمەش شتێکە کە هەرگیز بونیادەم ناتوانێ لەودا بیبوورێ، داربەڕوویەک بوو بەقەدێکی پتەوەوە، گەڵای پتەو، میوەی تاڵ و بێ گوڵ، تەواوی هێزەکانی دەوروبەری لووش دەدا و هەموو درەختێک لە سێبەری ویدا دەژاکان، منیش لە سێبەری ویدا ژاکام، نەمدەویست لەنێو مەداری هەناسەی ویدا بژیم. کە جحێڵ بووم، ئاڵای یاخیبوونم لەناوەوەمڕا بەرزکردەوە، ئامادەبووم خۆم بدەم لە سەرکێشیی گەلی خەتەرناک، بەڵام هەرکاتێ بابم دەکەوتەوە یاد، ئیدی ترسم لێ دەنیشت. هەر لەبەر ئەمەیە، لەترسی بابم ناچاربووم لەبری ئەوەی لەبواری کردەییدا ببمە تێکۆشەرێکی مەزن، لەبری ئەوە بکەومە نووسینی هەموو ئەو شتانەی کە حەزم دەکرد بیانکەم. ئاخر ئەوە بوو خوێنی کردمە مەرەکەب.

***

دوای سێ ڕۆژ، کاتێ بۆ ماڵە چکۆڵەکەی کەنار زەریا گەڕامەوە، ئارامییەک دایگرتم. قورسایی سێبەرێک لە شانم داگیرابوو، ئەو پەتە نهێنی و نادیارە پسابوو کە بەملکەچی و ترسەوە گرێی دابووم. هەنووکە دەمتوانی بئاخڤم و بنووسم و هەر چ شتێکم بوێ بیکەم، ئیدی ناچار نەبووم حیسابی کەس بدەم. ئیدی پاسەوان ڕۆیشتبوو، ئەو چاوە نووقابوو کە دەیبینی و نەدەبوورا، پەیماننامەی کۆیلایەتی ببووە دوو کەرتەوە، هەنووکە ئازاد و ڕەها بووم.

بەمەیشەوە کات زۆر درەنگ بوو. ڕێگەیەکم گرتبووە بەر خۆم هەڵم نەبژاردبوو، بەڵکو ئەوە ڕێگەکە بوو کە منی هەڵبژاردبوو، ئاخر هەموو ڕێگەکانی دواوە و پێشەوەم داخرابوون. لە هەرێمی دابونەرێتی چەسپاو و هاوسۆزی و ڕقی چەسپاودا جێگیر بووم، ئیدی هەنووکە کاتی ئەوە بەسەرچوو بوو گۆڕانکاریی خێرا و ئاڵوگۆڕ لەشەڕگەکاندا بکرێ. ئەو ڕێگەیەی گرتبوومەبەر دەبوو بیگەیەنمە کۆتایی، ئەمە و چ شتێکی تر نا. بەڵام هەنووکە دەرفەتێکی مەزنم هەبوو، سووکەڵە ببووم، دواجار دەمتوانی بەئارامی و بەو شێوەیەی خۆم دەمویست بەگۆرانی گوتنەوە، بەپێکەنینەوە، بەڕاوەستان و گەمە کردنەوە هەنگاو هەڵێنم، ئیدی لەبەرامبەر هیچ کەسێکدا هەستم بەشەرم یاخود ترس نەدەکرد، لە ژیانمدا تەنێ لە یەک



کەس ترسابووم: ئەویش لە بابم. ئیدی هەنووکە کێ هەبوو لێی بترسێم؟ کە مناڵ بووم کاتێ سەیریم دەکرد وەک غۆلێک دەمبینی، کە گەورەتر بووم هەموو شتێکی دەوروبەرم، بەئینسان و خانوو و درەختەکانەوە چکۆڵەتر بوونەوە، تەنێ بابم بوو بەو شێوەیە مایەوە کە بەمناڵی بینیبووم: یەک غۆل لە بەرامبەرمدا قەدی ڕاست دەکردەوە و بەشی خۆمی لە هەتاو دەبرد. بێ هوودە هەوڵم دەدا لەماڵە باب نەمێنمەوە، گەرچی ئاوارەییم کردە پیشە و سەفەرم کرد و خۆم هەڵدایە نێو سەرکێشیگەلی سەختی ئەقڵییەوە، کەچی سێبەری وی هەمیشە لەنێوان من و ڕووناکیدا لەجێگەی خۆی مایەوە، بۆیە بەردەوام لەخۆرگیرانێکی هەمیشەییدا سەفەرم کردووە.

برێکی زۆر تاریکی، برێکی زۆر لە بابم لەمندا هەن، بەدرێژایی ژیانم هەوڵم داوە ئەم تاریکاییە بکەمە ڕووناکی، هەوڵێکی سەخت و بێڕەحمانە بووە، گەر بۆ تاقە ساتێک ماندووبام و ڕێگەم دابا دەرفەتێکی چکۆڵە بکەوتایە دوژمنایەتییەکەوە ئەوا تیادەچووم. گەر هەندێ جاریش براوەبام، ئەوا ئەو براوەیییە چ ئازار و چ برینگەلێکی لێ دەکەوتەوە! ئاخر من پاکژ لەدایک نەبووم، کەوتمە جەنگەوە تا پاکژ بم، لای من چاکەخوازی بەری سروشتم نەبووە، بەڵکو بەری جەنگەکانم بووە، خواوەند ئەوەی پێ نەبەخشیوم، بەڵکو دەبوو هەوڵم دابا بەزەبری شمشێر لێم سەندبا، لای من خاکی چاکەخوازی تەپۆڵکەیەک شیاکەیە کە شکڵ و شێوەی خۆی گۆڕیوە.

هەرگیز ئەم جەنگە نەبڕایەوە، تا ئێستا نە دۆڕاوم و نە بەتەواویش بردوومەتەوە، هەمیشە لەجەنگدام، دەشێ لەهەر لەحزەیەکدا بێ بەتەواوی تیاچم و دەشێ لە هەر لەحزەیەکیشدا بێ بەتەواوی ڕزگارم بێ. ئاخر من هێشتا بەبەرزەخدا تێدەپەڕم کە بەباریکیی موو بەژوور هەڵدێرەوە دەلەرێتەوە.

***

خۆم ڕووت کردەوە، خۆم دایە زەریا و مەلەم کرد. ئەو ڕۆژە هەستم بەنهێنیی پیرۆزی فەریزەی غوسڵ لەساکارییە نەمرەکەیدا کرد، تێگەیشتم بۆچی زۆر لە ئایینەکان ئاو و حەمام، بەمانایەکی دی غوسڵ، بەمەرجێکی پێشینە و حەقی ئەو سرووتانە دادەنێن کە کەسی هیدایەتکراو ژیانی نوێی پێ دەس پێ دەکات. فێنکایی ئاو تا مۆخی ئێسکەکانی ڕۆدەچێ، بەڕۆح دەگا و ڕۆح بەبینینی ئاو وەک مەلێکی چکۆڵەی زەریا شادومانانە باڵەکانی لێک دەدا، خۆی دەشوا و خەنی دەبێ و دەبووژێتەوە. ئاوها ئاوی سادەی ڕۆژانە دەبێتە ئاوی نەمری ژیان و لەدایکبوونێکی نوێ دەبەخشێتە ئینسان. کاتێ کەسی هیدایەتکراو لە ئاو دێتە دەرێ، دونیا لەبەر چاوانیدا گۆڕاوە، دونیا نەگۆڕاوە، دونیا هەمیشە سەرسوڕهێن و ترسناک، گوناهبار و پڕ لەجوانییە، بەڵام هەنووکە، دوای غوسڵ، ئەو چاوانە گۆڕاون کە دونیا دەبینن.

کە لەزەریا هاتمە دەرەوە، خۆر لەئاوابووندا بوو، دوو دوورگەی چۆڵ لەبەرامبەرمدا گوڵڕەنگ ببوون، وەک بڵێی ڕۆژ هەڵاتبێ، شەپۆڵە دڵڕفێنەکان بەسەر چەوە سپییەکەدا بەئارامی چپەچپیان بوو، تەواوی کەنارە دێرینەکە بەدڵنیایی زەردەخەنەی دەهاتێ، بەلەمێکی ماسیگرتن بەسەوڵە بریقەدارەکانییەوە

تێپەڕی. سەوڵەکان کە لەئاوەکەیان دەدا و برینداریان دەکرد، ئاسەوارێکیان لەتەڵای تواوە لەشوێنی خۆیاندا جێ دەهێشت. لەناو بەلەمەکەدا، ماسیگر بەتوندی ئاهی هەڵدەکێشا و دەنگی هەناسەی لە سکوتی ئێوارەدا لێوڕێژ بوو لەشکۆ و سۆزی شەهوانی. وی کە جحێڵ و بێ هاودەم بوو، بەجوانی زەریای هێند بەرگە نەگیراو دەبینی، کە ئیدی تەنێ ئاهەکانی دەیانتوانی ئەو جوانییە لە خۆیاندا جێگە بکەنەوە.

هەنووکە دوورگە چکۆڵەکان بەڕەنگی وەنەوشە بوون و زەریا تاریک تر دەبوو. مەلانی شەو بەدەم هەستکردن بەفێنکایی شەوەوە پێڵووەکانیان کردنەوە، برسی بوون. دوو شەمشەمەکوێرە بەدەمی کراوەوە بەژوور سەرمەوە بەبێدەنگی باڵیان لێک دەدا و بەدووی نێچیردا دەگەڕان، ئەوانە ڕۆژانێک مشک بوون –پسپۆڕان ئەمە نازانن بەڵکو جوتیاران دەیزانن– بەڵام خۆیان کردووە بەکلێسادا، لەجەستەی مەسیحیان لەنانی پیرۆزدا کرۆژتووە و ئیدی باڵیان لێ ڕواوە. لەبوولێڵدا جەستە مشک ئاساکانیانم تەماشا دەکرد و هەمدیس هاوئاهەنگی پەنهانی دونیا لێوڕێژی کردم لە سەرسامی. بونیادەم و ئاژەڵان بەهەمان یاسای ساکار بەڕێوەدەبرێن، سەرکێشییەکانی ڕۆحی ئینسان و خوشکە شەمشەمە کوێرە یەکێکن، ڕۆحی ئینسانیش ڕۆژانێک مشک بووە، لە جەستەی مەسیحی خواردووە، لەشێوی ڕەببانیدا بەشداریی خودای کردووە و ئیدی باڵی لێ ڕواوە.

چ ئاژەڵێک شک نابەم قێزەوەنتر لەمشک و چ مەلێک شک نابەم نەفرەتاوی تر لەشەمشەمەکوێرە و چ قلافەتێکی خوڵقاویش لە گۆشت و تووک و ئێسک شک نابەم ترسێنەرتر بێ لەجەستەی ئینسان، بەڵام بنۆڕە لە چۆنێتیی گۆڕانی ئەو هەموو پیسییە کاتێ خواوەند تیایاندا جێگیر دەبێ – تۆوێک کە دەبێتە باڵ–

گەڕامەوە ماڵ. بەدرێژایی شەو ئەم ئەندێشەیە سەبووری دامەوە. لای سپێدە بابم هاتە خەونم، ڕوخسارە بێجووڵەکەی پرشنگی دەدا و تژیی بوو لەمیهرەبانی. لەنێو چیمەنێکی سەوزدا بەرامبەرم ڕاوەستا، زۆر باڵابەرز و زۆر تەنک وەک ئەوەی لەهەور خوڵقابێ. هەروا کە دیقەتیم دەدا و بەخۆشحاڵی خەریک بوو دەمم دەکردەوە تا ئەو وشە شیرینەی پێ بڵێم کە تا لە ژیاندا بوو پێم نەگوتبوو، ئیدی شنەیەکی فێنک هەڵی کرد– چما ئەوە شنە بوو یاخود هەناسەی خۆم؟– هەورەکە جووڵا و تەنکتر بۆوە و شێوە ئینسانییەکەی پێشووی بزرکرد و وەک شەونمی بەرەبەیان بەهەموو لایەکدا، بەسەر گژوگیاکەدا پرژا.

کاتێ وەئاگا بوومەوە، هەتاو هاتبووە ژوورەکەمەوە و ڕووی تەختەنوێنەکەی داپۆشیبوو، خۆم بەباسکمەوە گرت تا لەپەنجەرەکەوە لەدەرەوە بنۆڕم، زەریا پێدەکەنی و مەمکە چکۆڵەکانی وەدیارخستبوو تا تیشکی گەرم بتوانێ نەوازشیان کات، ئەمە ڕۆژێکی جوانی خواوەندییانەی تر بوو، هەموو بەیانییەک دونیا سەرلەنوێ پاکیژەیی خۆی کەشف دەکا. پێدەچوو لەهەمان لەحزەدا گەرموگوڕ لەنێو دەستی خواوەندەوە هاتبێتەدەر. وی خاوەن چ یادەوەرییەک نییە، هەر بۆیە هەرگیز چرچ و لۆچی لەسەر ڕوخساری دەرناکەوێ، نە بیری دێ ڕۆژی پێشوو چی کردووە و چ نیگەرانیش نییە لەوەی چما دەبێ سبەینێ چ بکات. بەڵکو لەگەڵ ساتەوەختی ئێستادا مامڵە دەکا وەک ئەوەی ئەبەدبێ، چ لەحزەیەکی دی بوونی نییە، پێش و پاشی ئەم لەحزەیە (هیچ)ە.



لەبەردەم پەنجەرەکەدا دانیشتم تا هەتاو ڕاستەوخۆ لە سینەم بدا و بەسەر پەڕە قاقزی سپیدا نەویمەوە. پەڕە قاقزی سپی نەبوو، بەڵکو ئاوێنەیەک بوو کە تیایدا ڕوخساری خۆم دەبینی، دەمزانی ئەوەی دەینووسم ددان پیانانێکە، ساتەوەختی یەکلاکەرەوەی ڕۆژی قیامەت بوو، لەبەردەم دادوەری نادیاردا ڕادەوەستیت و دڵت بەبێ شەرم دەکەوێتە ڕاگەیاندنی گوناهەکانی: دزیم کردووە، خەڵکم کوشتووە، درۆم کردووە، زینام لەگەڵ ژنی دراوسێدا کردووە، سوپایەکی تەواوم لەخواوەندان پێک هێناوە، سوژدەم بۆ بردوون، تێکوپێکم داونەتەوە، خواوەندانی ترم ڕۆناون، جورئەتی ئەوەم هەبووە حەز بکەم لە ئینسان تێپەڕێنم و ئەو شتە بکەم کە تۆ نەتتوانیوە یاخود نەتویستووە بیکەیت، دەستم لەگەڵ تەواوی هێزە ڕووناک و تاریکەکاندا تێکەڵاو کردووە تا تۆ لە عەرشەکەت بهێنمە خوارەوە، ئەوسا خۆمی لەسەر دانیشم و یاسایەکی نوێ لەدونیادا بەرقەرارکەم– یاسایەک کە زوڵم و زۆر و برسێتی تێدا کەمتربێ، چاکەخوازی تێدا زیاتر و ئەڤینی تێکۆشەرانەی تێدا فرەتر.

هەستم کرد دڵم لەناخمدا هاوار دەکات، گلەیی و گازەندەی زۆر بوو، سەرپێچی خواوەندی دەکرد و کاتی ئەوە هاتبوو ڕاپۆرتێک ئامادەکا و لەبارەی تووڕەی و عەزابەکانییەوە ئاگاداری کا. گالیسکەی عومر بۆ پێشەوە خلۆر دەبۆوە و منیش لەگەڵیدا بۆ پێشەوە خلۆر دەبوومەوە. دەبوو بئاخڤم و ئەوجا خاک زارم داخا، ئاخر هەر ئینسانێک هاوارێکی هەیە، هاواری خۆی، دەیەوێ بەر لەمردن ئەو هاوارە بکێشێ. بۆیە پێویستە لەسەرمان، کات بەهەدەر نەدەین، نەبا ئەجەل بوارمان نەدات. ڕاستە ئەم هاوارە بێهوودە لەفەزادا پەرش دەبێ و دەشێ چ گوێیەک نەبێ چ لە ئاسمان و چ لەسەر عەرد بیژنەڤێ. بەڵام قەیدی ناکا، خۆ تۆ مەڕ نیت، بەڵکو تۆ ئینسانیت. ئینسانبوونیش واتە ئارام نەگرتن و هاوارکردن. کەواتە دەی هاوارکە!

بەخۆم گوت: مەترسە.. مادامەکی تۆ ئاژەڵێکی فانیت، ئەوا داڵغەی ئەوە لێت نەدا کە ناتوانیت دەس وەردەیتە بەڕێوەبردنی گەردوونەوە. حەیفێک کە بەقودرەتی خۆت هۆشیار نیت، گەر هۆشیار بایت، ئەوا تا هەنووکە لە سنووردارییەکانی مرۆڤایەتیت تێپەڕاندبوو!

***

بەهار هات و من هێشتا دەجەنگیم و هەوڵم دەدا تا ئەو ماینە سەرکێشانە – وشەکان – ڕام کەم. گەرچی هەزارەها و ملوێنەها ساڵ لە پەیدابوونی یەکەمین ئینسان تێپەڕیوە، کەچی شێوازی لەبۆسەنانی (نادیار) و یاساگەلی ڕاوەدوونانی هەر وەک خۆیەتی. هێشتا هەمان فێڵ بەکاردەهێنین، هەمان نوێژ دەکەین کە بەرژەوەندییەکی شەخسی لە پشتەوەیە، دەپاڕێینەوە، هەڕەشە دەکەین، بەهەمان فێڵەوە بۆسە بۆ نادیار دەنێینەوە، چونکە ڕۆح ناتوانێ لەژێر باری قورسی جەستەدا باڵ لەیەک دا. ناچارە شوێنپێی جەستە هەڵگرێ.

مرۆڤی سەرەتایی لە ئەشکەوتەکاندا هەوڵی دەدا وێنەی ئەو ئاژەڵە دڕندانە بکێشێ کە دەیویست ڕاویان کا. ئەو بۆ ئەوە ئەم کارەی دەکرد چونکە برسی بوو، چ مەبەستێکیان نەبوو لە بەرهەمهێنانی

هونەر یان جوانی دەگمەن. ئەو هێڵکارییانەی دڕندەکە، کە بەڕەنگ یاخود هێڵ لەسەر بەرد دەیانکێشا، بۆ ئەوان جادوو بوو، تەڵەیەکی سیحراوی بوو کە ئاژەڵە دڕندەکەی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا و پێوەی دەبوو. بەم پێیە زۆر پێویست بوو وێنەکە بەپێی توانا لەئۆرگینالەکە بچێ تا بەهاسانی بتوانرێ ئاژەڵەکە فریودرێ.

منیش بەهەمان شێوە وشەکانم وەکو تەڵە، بەتەواوی فێڵێکەوە کە بەڵەد بووم دەنایەوە تا ئەو هاوارە سرکە ڕام کەم کە یەکبینە بەبەردەممدا تێدەپەڕی.

کوتوپڕ دیواری درزتێبووی کەشف و هەوڵ بەبێ سرتە ڕما، ڕێک وەک ئەو وەحشییانەی بەدۆزینەوەی ناوی خواوەند یان ئەو شەیتانەی عەزابیان دەدا، دەتوانن لغاوی کەن و سواری بن و قامچی لێدەن و بۆ هەر جێگەیەکیان دەوێ بیبەن. منیش هەروا بەناونانی پاڵەوانەکەم هەستمکرد هێزی ئەوم تێ دێ و لاسارانە دەچمە پێش، تەواوێک وەک ئەوەی کە هێزی ئەسپ دزە دەکاتە سوارەکەی سەر پشتییەوە و هێز و گوڕی ئەوی تێ دێ.

پەردەی هەموو شتێک لەپێش چاوامندا هەڵدرایەوە – سێبەرگەلی خاڵی کە لەحەسرەتی ئەوەدا بوون خوێنی خۆمیان بدەمێ تا بتوانن ببنە جەستە، سەفەر و سەرکێشییەکانی قارەمان، جەنگەکان، قەتڵوعامەکان، سووتانەکان، ئەڤین و ئەڤینداریەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی نهێنییانە لەگەڵ ڕۆحگەلی مەزن، دواجاریش لەکۆتایی سەفەردا بەلەمێکی درێژکۆڵە و باریکی وەک تابووت و لەنێو بەلەمەکەشدا دوو بەلەمەوانی پیر، دوو جەنگاوەری پیر، ئیزراییل و پاڵەوانەکەم. شەپۆڵەکانی نێوەندی زەریای کریتی کە یەک بەدوای یەکدا دەهاتن و لەبەر هەتاودا پرشنگیان دەدا و پێدەکەنین و بەچرپە سەریان دەکێشا بەخرە بەردی کەناردا. ئەم شەپۆلانە بوونە بەیتی هەشت تەفعیلەیی و قەڵەشی بەهەتاو شۆراوی زەینم لەخۆی گرتن و ئەمیش وەک کەناری کریت کەوتە پێکەنین.

بەتێپەڕینی ڕۆژەکان و هەفتەکان، یەکبینە نیگەرانی هاتنی سپێدە بووم تا سەرلەنوێ سەر بەسەر پەڕە قاقزی سپیدا شۆڕکەمەوە و بزانم ئەوڕۆکە پاڵەوانەکەم چ دەکات، گەرەکییەتی بۆ کوێ بڕوا، چۆن لەگەڵ ئەو هێزە ڕووناک و تاریکانەدا زۆران دەگرێ کە لە ئاسمانی ئاسۆوە هەڵدەکەن و هەوا دەکەنە چارۆکەکەیەوە. خۆیشم نەمدەزانی چ ڕوودەدات، چاوەڕێ بووم، ئەفسانەم لەناوەوەمڕا دەکردەوە تا فێر بم، بێ چ نەخشەیەکی ئەقڵی دەمنووسی. ئاخر هێزی تر حوکمیان دەکردم، هێزگەلێک کە لەسەردا کۆنەببوونەوە، بەڵکو لە دەوروبەری کەلەکەدا. دەستمیان ڕێنوێنی دەکرد و زەینیان ناچار دەکرد بەردەوام بێ و یاسا بەرقەرارکات.

هەرگیز لەوەوبەر ئازار و ئارامی کپی کرمی ئاوریشمم بەوەها هەستی لێکچوونەوە تەجرووبە نەکردبوو. کاتێ تەواوی ئەو گەڵا تووانە هەرس دەکات کە خواردوونی و دەیانکاتە ئاوریشم، ئیدی قۆناغی داهێنان دەست پێدەکات، سەری بەملاولادا ڕادەوەشێنێ، هەناوی بەلەرزێکی گرژ بووەوە بۆ دەرەوە دەڕژێنێ، ئاوریشمەکە ڕست ڕست ڕادەکێشێ و بەتاقەت و حیکمەتێکی عاریفانەوە کفنی خۆی – سپی، ئاڵتوونی، هەر هەمووی لە ماتریاڵی گرانبەها – دەچنێ.



پێم وایە چ ئازارێکی شیرینتر و چ ئەرکێکی بەپەلەتر نییە لەوەی کە کرم ببێتە ئاوریشم و جەستە ببێتە ڕۆح. چ بەرپرسیارییەکی تر نییە تا ئەم ڕادەیە هاوگونجاو بێ لەگەڵ یاسا باوەکانی کارگەکەی خواوەندا.

## نیگای کریتییانە

لە تەواوی ئەو وەختەدا کە ئینسان سەرگەرمی داهێنانە، نەخۆشی بەیانیانی ژنێک باڵی بەسەردا دەکێشێ کە کوڕەکەی بەهەناوی خۆی خۆراک دەدا، من لەو ساتانەدا دیداری خەڵکیم پێ مەحاڵە، چکۆڵەترین دەنگ تەواوی جەستەم لەرز لێ دێنێ، وەک بلێیی ئاپۆلۆ بەر قامچی دابێتم و دەمارە دەرپەڕیوەکانم بەهۆی بەرکەوتنیان بەهەوا زامدار بووبێتن.

شیعرە هەشت بەیتییەکان بەهاتوباتەوە، بەیت لە دوای بەیت هەڵدەقوڵین و وەک زەریا لەسەر پەڕە قاقزەکە پەرش دەبوونەوە، بێ جووڵە لەسەر کورسییەکە دانیشتبووم و نەبەرد و میحنەتەکانی ئۆدیسەم تەجروبە دەکرد، بۆ سەفەرێکی بێ گەڕانەوە لەنگەری گرتبوو، هەنووکە دوورگە چکۆڵەکەی، ژنە چکۆڵە و ناچیزەکەی، کوڕە سافیلکە و دڵسافەکەی زۆر بۆی پەرۆش بوون، بەبێزارییەوە سەفەری کرد، لە (ئەسپارتا) ڕاوەستا و (هیلین)ی ڕفاند، ئاخر هیلینیش سیوای لە ژیانی ئاسوودە ببۆوە، چوو بۆ کریت و بەپەیوەندیکردن بەبەربەرەکانەوە کۆشکی گەندەڵبووی سووتاند، بەڵام خەریک بوو دەخنکا، تەنانەت ئەم دوورگەیەش دووچاری هەناسەتەنگی دەکرد و هەمدیس ڕێی باشووری گرتەبەر. من خۆم لە کەشتییەکەی ویدا دانیشتبووم و لەگەڵیدا سەفەرم دەکرد، پەیکەرێکی بووکی زەریا لە پێشی کەشتییەکەدا بوو، زەینم ببووە کەونێکی تەواو، زەینم ببووە گۆی عەرد و بەمەرەکەبی سوور ئەو بەندەرانەم لەسەری دیاری دەکرد کە دەیانگەیشتینێ و ئەوانەش کە هێشتا پێیان نەگەیشتبووین- تا کۆتایی ئەرز- نیشانەم دەکێشا. هەموو شتێکم دەزانی، هەموو شتێکم دەبینی و ڕێگەم گرتبووەبەر، ڕێگەی خەتەرناک لە ناوەوەمڕا بەئاشکراییەکی تەواو دەدرەوشایەوە. بەڵام چەند زەحمەتە داخستنی تەواوی ئەو خەونە بەوشە، بێ ئەوەی تەنها قەترەیەک بڕژێتە دەرێ.

هونەرمەند لەگەڵ ماددەیەکی ڕەق و نەبینراودا دەکەوێتە زۆران، ماددەیەکی زۆر باڵاتر لەخۆی، تەنانەت گەورەترین براوەش لەو زۆرانەدا بەدۆڕاوی دێتەدەرێ. چونکە قووڵترین نهێنییەکانمان، تاقە نهێنییەک کە شیاوی دەربڕینە، هەمیشە بەبەیاننەکراوی دەمێنێتەوە، ئەم نهێنییە هەرگیز تەسلیمی چوارچێوەی ماتریالیی هونەر نابێ، ئاخر لەنێو هەر وشەیەکدا دەخنکێین، بەبینینی درەختێکی چرۆکردوو یان پاڵەوانێک یان ژنێک یاخود ئەستێرەی بەیان هاوار دەکەین: (ئاه !) بێ لەوانە چ شتێکی تر لەگەڵ شاگەشکەییماندا نایەتەوە. کاتێ دەکەوینە شیکارکردنی ئەم (ئاه)ە، دەخوازین بیکەینە فیکر و هونەر و بیبەخشینە ئینسان و لەفەنابوون قوتاری کەین. چەند ناچیزە خۆ دەنوێنێ و وشەکان برۆنزی و بەباق و بریق دەبن و تژیی دەبن لە هەوا و لە خەیاڵ!

بەڵام ئەفسووس چ ڕێگەیەکی تر نییە بۆ گواستنەوەی ئەم (ئاه)ە – تاقە بەشی نەمریی لە ئێمەدا- بۆ

ئینسان. وشەکان! وشەکان! ئەفسووس کە بۆ من چ ڕێگەیەکی تر نەبوو. جگە لە بیست و شەش سەربازی دلێر- بیست و شەش پیتی ئەلفوبێ- دەسەڵاتم بەسەر چ شتێکی تردا نەبوو. گوتم: (نەفیرێکی گشتی ڕادەگەیەنم و سوپایەک پێکەوە دەنێم و دژی مەرگ دەجەنگم!)

چاک دەزانم مەرگ لە تێشکان نەهاتووە، بەڵام بەهای ئینسان لەسەرکەوتندا نییە، بەڵکە لەبەرخۆدانیدایە لەپێناوی سەرکەوتندا، ئەمەش دەزانم کە لەوەی تر سەختترە، بەهای ئینسان تەنانەت لەبەرخۆدان لە پێناوی سەرکەوتنیشدا نییە، بەڵکە بەهای ئینسان تەنها لەیەک شتدایە، ئەویش ئازایانە ژیان و مردن و سەرنەوی نەکردنە بۆ هیچ جۆرە سزایەک. ئەم بنەمای سێیەمەش دەزانم کە ئەمیش لەوانی تر سەختترە: دڵنیابوون لە نەبوونی سزا نابێ زەندەقمان بەرێ، بەڵکو دەبێ لێوڕێژمان کا لە شادومانی و شکۆ و جوامێری.

هەروا کە دەمنووسی، دەمبینی هەمیشە دوو وشە وەدیار دەکەوتن و نەیاندەویست دوورکەونەوە، گەرچی من بۆ خۆم ئەوەم نەدەویست و لەڕاستیدا هەوڵم دەدا خۆمیان لێ بەدوور بگرم. ئەو دوو وشەیە خواوەند و هەڵگڕان بوون. خواوەند چییە؟ هێزی مەزنە یان ئومێدی مەزن یاخود یەقینی مەزن؟ یان دەشێ گومانی مەزن بێ؟ گەرچی ساڵەها بوو تێدەکۆشام، کەچی هێشتا نەمدەتوانی وەڵامێکی ئاشکرا بۆ ئەم پرسیارە تراژیدییە بدۆزمەوە. ئاخر وەڵامەکە لەناوەوەمرا بەپێی ئازایەتی یان بڕوا یاخود ئەو ترسە دەگۆڕا کە ڕۆحم لەمیانەی ڕامانەکانیدا لەخواوەند هەستی پێ دەکرد. هەرگیز تەواو دڵنیا نەبووم کە چما دەبێ لەپاڵ کام یەک لەم سێ سایرینەوە: هێز، ئومێد، یەقین - ڕاوەستم و ڕۆحمی پێ بسپێرم. ئاخر هەر سێ سترانەکە وەک یەک ئەفسوونیان دەکردم و هەرچەندێک زیاتر گوێم بۆ یەکێکیان ڕادێرابا، ئیدی ئارەزووم بۆ پێشڕەویکردن کەم دەبۆوە، بەڵام لە تەواوی تەمەنمدا لە یەک شت دڵنیابووم، ئەویش ئەوە بووە کە تەنهاو تەنها ڕێگەیەک بەخواوەند کۆتایی دێ ئەویش هەڵگڕانە نەک دابەزین، نەک ڕێگەی ئاسۆیی، بەڵکو تەنها هەڵگڕان. بێ توانایيم لەجیاکردنەوەی ئاشکرای واتاکانی وشەی خواوەند- وشەیەک کە بەهۆی زۆر بەکارهێنانیەوە چ بەهایەکی نەماوە- چەندین جار دووچاری دڵەڕاوکێی کردووم. بەڵام سەبارەت بەو ڕێگەیەی بەخواوەند، یان بەمانایەکی تر بەترۆپکی بەرزی ئارەزووی ئینسان کۆتایی دێ، هەرگیز دوودڵی لەخۆوەی نەپێچاوم.

ئەمەش بڵێم، کە هەمیشە سێ مەخلوقی خواوەند ئەفسوونیان کردووم، کرم کە دەبێتە پەپوولە، تەیرە ماسی کە لە ئاودا باز دەدا تا بەشکم لە سروشتی خۆی تێپەڕێنێ، کرمی ئاوریشمیش کە هەناوی خۆی دەکاتە ئاوریشم. ئاخر لەگەڵ ئەو سێ بوونەوەرەدا، هەمیشە هەستم بەیەکانگیرییەکی عاریفانە کردووە، لەبەرئەوەی هەمیشە لەلای من سومبوڵ بوون بۆ ڕێگەی ڕۆحم. مەحاڵە بتوانم ئەو شاگەشکە بوونە گوزارشت لێ بکەم کە بۆ یەکەم جار بەبینینی هەڵکۆڵراوی قۆزاخە و پەپوولەیەک لەسەر دوو تای تەرازوویەکی ئاڵتوونی لەقەبرسانی شاری (میس) دایگرتم. چێژێک کە بەبینینی ئەو هەڵکۆڵراوە تیامدا ورووژا، لەوەسفکردن نایەت. پەرۆشی قۆزاخە بۆ بەپەپوولە بوون، هەمیشە ڕەمزی بەپەلەترین و لەهەمان کاتدا ڕەواترین ئەرکی ئەو -ئینسان- بووە، خواوەند لەشێوەی کرمدا دەمانخولقێنێ، ئەوە ئەرکی ئێمەیە



کە دەبێ هەوڵ بدەین ببینە پەپوولە.

کاتێ تەیرە ماسیم بەسەر تابلۆ گەچییەکانی (کنۆسۆس)ەوە بینی، هەمان خۆشی و شاگەشکەبوون دایگرتم، بەو باڵانەی بۆ خۆی دروستی کردبوون، بەسەر زەریادا دەسووڕایەوە. هەستم دەکرد لە باپیرە هێجگار دوورەکانم دەچم، هەنووکە دوای هەزاران ساڵ شوێنپێیانم هەڵدەگرت: ئاخر منیش سەرزەمینی کریتم دەکردە باڵ.

ڕۆژێکیشیان لەگوندێکی چکۆڵەی یەکێ لەدوورگەکانی گریکستاندا، ئەیکۆنی پاکیژەم بینی- بینیم؟ دەشێ لە خەوندا بینیبێتم- کە ئیمانداران لە چوارچێوەیەکی دڕکیان نابوو، گەرای کرمی ئاوریشمیان بەسەر چوارچێوەکەدا پەرش کردبوو، گەراکان ترووکابوون و کرمگەلی موجیزە نوێن ڕۆژانە گەڵا توویان خواردبوو. ڕۆژێکیان کە ئەیکۆنەکەم بینی، کرمەکان ئەرکی سەرشانیان بەجێ هێنابوو، گەڵا تووەکانیان هەرس کردبوو، کردبوویانە ئاوریشم، پاکیژەش بەقۆزاخەی سپی لەچوارچێوە گیرابوو. بەخۆم گوت: (چ دەبوو گەر بمتوانیبا تا بەهارێ لەبەردەم پاکیژەدا بمامایەتەوە و کردنەوەی قۆزاخەکان و پەپوولە لوولخواردووە سپییەکان - بەقەولی جوتیاران ڕۆحگەلم - ببینیبا کە بەچاوانی درەوشاوە و زۆر وردیان دایکی خواوەند لە ئامێز دەگرن.)

مەسیحییەکی ئیماندار پێم دەڵێ: (ئەوەی بینیوتە خەون نەبووە، ئاخر تۆ کرمت نەبینیوە، بەڵکو ئێمەی مرۆڤت بینیوە. کاتێ ئەرکی خۆمان لەسەر ئەرز بەجێ دەهێنین و دەچینە گۆڕەوە، لەوێشەوە لەشێوەی ڕۆحدا دێینە دەرێ و تا ئەبەد بەدەوری دایکی خواوەنددا باڵ لێک دەدەین. خواوەند چاوی پێ بەخشیوین تا بەو چاوانە و بەبینینی کرمی ئاوریشم ڕێنوێنیمان کا. ڕەمزی پیرۆز و پێغەمبەرانە بۆ ساتێک دڵمان دەخرۆشێنێ، بەڵام زات ناکەین هەنگاوی تر هەڵێنین: باوەڕهێنان و گۆڕینی ئومێد بەیەقین!)

***

بۆ بەیانی دونیا ڕووناک و هەڵمی لێ هەڵدەسا. شەو زریانێکی توند هەڵی کردبوو، خاکی تینوو ئاوی ئاسمانی خواردبۆوە و بووژابۆوە. کە چوومە لای پەنجەرەکە، بۆنی خۆشی ئەرز و زەریا گەییبە کەپووم، ئاسمان تازە خۆشتوو، لە تیشکی هەتاودا بەسپێتیی ئەڵماس دەدرەوشایەوە. سینگی منیش وەک پارچە عەردێک تێر ئاو و بووژابۆوە، ئاخر ئەویش وەکی خاکی تینوو، تەواوی زریانەکەی شەوی لەئامێزگرتبوو، ئەو چێژەی هەستم پێ دەکرد هێند گەورە بوو کە پێم مەحاڵ بوو چەمینەوە بەسەر پەڕە قاقزدا و گۆڕینی دونیا بۆ بتگەلی هەشت تەفعیلەیی، هەربۆیە دەرگاکەم کردەوە و چوومە دەرێ.

مانگی ئاب بوو، سەخیترین و خۆشەویستترین مانگ، وەک سەرگەورەی خێزانێک، کە بەباوەشێک میوەی ئاودارەوە، بەبێستانەکانی کاڵەک و بەڕەزەکاندا دەگەڕێ و دەموچاو و جلکەکانی شەراباوی بووە، ساتیرێکی پیرۆز بەدوو غەبغەبە و سێ ورگ و کلکێکی ستوونییەوە نەمرانە لەڕەزەکاندا -گریکستان- ترێ ڕنی دەکات.

ئەوانە چوار خواوەندی خۆمانەن، خودایانی ڕاستەقینە و نەمر. ئاخر لەژێر هەتاوێکی ئاوهادا و بەرامبەر زەریایەکی ئاوها و لەنێوان ئاوها نەمرییەکدا، چۆن خواوەندیانی تر - بەبێ ورگ، بێ شادی، بێ گەلامێو بەلاجانگەکانیانەوە، دەیانتوانی بێنە دونیاوە، چۆن دەیانتوانی بەختەوەر بن؟ کوڕان و کیژانی گریکستان چۆن دەیانتوانی باوەڕ بەبەهەشتێکی جیاواز لەم بەهەشتە ئەرزییە بهێنن؟

چووبوومە نێو ڕەزەکانەوە، کیژۆڵانی چکۆڵە ترێیان دەڕنی، توند ڕوخساریان بەسەرپۆشی سپی پێچابوو تا خۆیان لەتیشکی سووتێنەری هەتاو بپارێزن. کاتێ ڕێبوارێک بەلایاندا تێدەپەڕی، سەریان هەڵدەبڕی. جگە لەدوو چاوی ورد و ڕەش چ شتێکی تر نابینی، دوو چاوی ورد و ڕەش کە لە ڕوناکی خۆردا پرشنگ دەدەن و تژیین لە سێبەری پیاو.

لێگەڕام جەستەم هەر ڕێگەیەکی پێخۆشە ئەویان بگرێتەبەر. لەزەتێکی زۆرم دەبرد لەوەی جەستەم ڕێنوێنیم دەکا نەک خۆم. متمانەم پێی بوو، ئاخر کاتێ جەستە بەنووری گریکستان شۆردرابێ، ئەوا ئیدی ماددەیەکی کەڕو لاڵ و بێگیان نییە، بەڵکو لێوڕێژە لەرۆحێک کە نوورانی کردووە. خۆ گەر لێگەڕێیت سەربەستیی خۆی وەرگرێ، ئەوا دەتوانێ بڕیاری خۆی بدا و بەبێ دەستێوەردانی ئەقڵ ڕێگەی ڕاست بدۆزێتەوە. بەپێچەوانەوە، ڕۆح تارماییەکی غەیبی نییە، لە دڵنیایی و گەرمای جەستە بەهرەمەند بووە و چێژێکی شەهوانی لە دونیا وەردەگرێ، وەک بڵێی دەم و لووت و دەستی هەبێ و دونیایان پێ نەوازش کا. زۆر جاران ئینسان خاوەن ئارامی نییە بۆ پارێزگاریکردن لە تەواوی ئینسانییەتی خۆی، ئیدی خۆی هەتک دەکا، گا ئارەزوو دەکا لە ڕۆحی ڕزگاریبی بێ و گا لە جەستەی، پێدەچێ بەهرەمەند بوون بەهەردووکیان سزایەکی توند بێ. بەڵام لێرە، لە گریکستان، ئەم دوو پیرۆز و نەمرە دەتوانن وەک ئاوی سارد و گەرم تێکەڵاو بکرێن و ڕۆح شتێک لەجەستە وەربگرێ و جەستەش شتێک لە ڕۆح، ئیدی ئەو دووە دەبنە هاوڕێ و بەم شێوەیە ئینسان دەتوانێ ساخ و هەتک نەکراو و بێ ژیی سەفەرکات.

لە ڕێگە مەرکانە ئاوێکم بینی و ڕاوەستام، بەزنجیرێکی باریک جامێکی مسینی پێوەکرابوو. تینووم بوو، ئاو تا قولەپێ بووژاندییەوە و کرتەی لەئێسکم هەستاند. تاوێک لەژێر دار زەیتوونێکدا ڕاوەستام، سیسرکەکان زگیان نووساندبوو بەقەدی درەختەکەوە و دەیانزیکاند، کوتوپڕ بێدەنگ بوون، بەبینینی ئەم سیسرکە زلە ترسیان لێ نیشت، دوو جوتیار بەلامدا تێپەڕین، بارە ترێ بەسەر گوێدرێژە چکۆڵەکانیانەوە بوو، بەدانانی دەستیان لەسەر سینگ سڵاویان لێ کردم، لاسکی بۆڵەترێ بەڕیشیاندا هاتبووە خوارێ، ڕێگەکە هەر هەمووی بۆنی شیلەی ترێی گرتبوو، لەبەرامبەرمدا درەختی سەروو و خاچگەلی ڕەشم بینی لەودیو دیواری سەومەعەیەکەوە هەڵکشابوون، ئەوێ شوێنی مردووان و بابیشم لەنێوانیاندا بوو، گەڵا زەیتوونێکم لێکردەوە و لەنێوان ددانما دامنا، زارم پڕ بوو لە تاڵی و تفتی.

لەژێر سێبەری دار زەیتوونەکە هاتمەدەرێ و هەمدیس کەوتمەوە ڕێ. ئەوکات تێگەیشتم کە جەستەم بۆ کوێم دەبا بۆ لای باپیرە دێرینەکان بەچاوانی ورد و بایامییانەوە، بەلچولێوی ئەستوور و هەوەسباز و نێوقەدی باریک و ئەنگوستیلەییانەوە، باپیرانێک کە هەزارانساڵ لەمەوبەر ئازایانە لەگەڵ خواوەندی قودرەتمەند، لەگەڵ گادا گەمەیان کردبوو.



پێم وایە ئینسان هەرگیز ناتوانێ ترسێکی قووڵتر و ڕیشەییتر لەو ترسە دایگرێ کاتێ بەسەر ئەو ئەرزەدا دەڕوا کە باپیرانی - ڕەگ و ڕیشەکانی- لەژێریدا ڕاکشاون. لەپێوپلتەوە ڕەگەکان درێژ بوونەتەوە و بۆ قوڵایی ئەرز ڕۆچوون و دەگەڕێن تا ئاوێتەی ڕەگ و ڕیشەی مەزن و نەمری مردووان بن. بۆنی تێری خاک و بەیبوون ناخت تژی دەکا لەئارامی و ئارەزوو بۆ تەسلیمبوونێکی ئازایانە بەیاساکانی ئەبەدییەت. گەر هێشتا میوەی شیرینی مەرگ لەناوەوەتڕا نەگەیبێ، ئەوا تووڕە دەبیت و ئاڵای یاخیبوون هەڵدەبڕیت، یاخیبوون لە مەحروومبوون لەرووناکی، لەبەرخۆدان، لەگرفتە مەزنەکانی ژیان. لەم حاڵەتەدا بەخێراییەکی تەواو بەسەر ئەم خاکەدا تێدەپەڕیت کە لە ئێسک و مۆخی باپیران پێکهاتووە و دەرفەت نادەیتە پێوپلت ڕەگ بەخاکدا ڕۆبەرێ، ئیدی هەمدیس بۆ دەرەوە هەڵدەفڕیت و پێ دەنێیتەوە ڕووناکی.

خرۆشانێک کە بەسەر خاکی دێرینی کنۆسۆسدا هەستمپێکرد، هێند چڕو تژیی بوو لە مەرگ و ژیان کە نەمتوانی ئاشکرا ڕاڤەیکەم و تێیبگەم.

لەبری خەم و مەرگ، لە بری ئارامیی، لە زارگەلی بەخاکبووەوە فەرمانی سەخت دەهاتەدەر، هەستم دەکرد مردووان وەک دەنکە تەزبیح بەپێوپلمدا شۆڕبوونەتەوە، نەک بۆ ئەوەی دابەزمە تاریکاییە ساردەکەیانەوە، بەڵکو بەو مەبەستەی بتوانن دەست بەشتێکەوە بگرن و لەگەڵمدا بێنە ڕوناکییەوە تاشەڕەکە هەڵێیسێتەوە. شادومانیی و تینووێتییەکی هەرگیز نەشکاو، هاوکات گای زل کە لە چیمەنزارەکانی دونیای سەروودا دەیانبۆڕاند، هەروەها خوێی زەریاو بۆنی گژوگیا، هەر هەموو ئەوانە هەزاران ساڵە لەتوێی عەردەوە ڕۆچوونەتە خوارێ و ناهێڵن مردووان بمرن.

لەو زۆرانبازییەی (گا)م نۆڕی کە لەسەر دیوارەکان وێنەکێشرابوو: چوست و چالاکی و دلڕفێنیی ژن، هێزی بێ سنووری پیاو، شێوازی گەمەکردنیان لەگەڵ گای تووڕە و بەرەنگاربوونەوەی بەڕوانینی ئازایانە، هەروەک ئەوەی لە ئایینە خۆرهەڵاتییەکاندا هەیە، گاکەیان لە ڕووی ئەڤینەوە نەدەکوشت تا لەگەڵیدا یەکانگیربن، لەرووی ترس و جورئەتی سەیرکردنیشییەوە ئەم کارەیان نەدەکرد، لەبری ئەوە بەسەرسەختی و ڕێز و بەبێ ڕق و کینە، تەنانەت دەشێ بەشوکرانەبژێریشەوە گەمەیان لەگەڵ کردبێ، چونکە ئەم شەڕە پیرۆزە لەگەڵ گا دا، هێزی کریتی تیژ دەکردەوە، چاپووکی و جوانی جەستە، نازکیی جوڵەی ئاگرین و هاوکات خوێنساردانە، دیسپلینی ئیرادە و ئازایەتی لەودا دەچاند، تا بێ ئەوەی ترس کۆنترۆڵی کا، هێزی خۆی بەهێزی ترسناکی گا پێوانەکا. بەم جۆرە کریتییەکان ترسیان گۆڕی و کردیانە گەمەیەکی خرۆشێنەر کە تیایدا چاکەخوازیی ئینسان بەبەرکەوتنی ڕاستەوخۆی بەقودرەتی نائەقلێنیی دەورووژا و گەمەکەی دەبردەوە، بردنەوەی بەبەهای نابووتبوونی گا بەدەست نەدەهێنا چونکە ئەوی بەدوژمنی خۆی نەدەژمارد، بەڵکو وەکی هاوکارێک حیسابی بۆ دەکرد. ئاخر جەستە بەبێ گا نەیدەتوانی هێند پتەو و بەهێز بێ و ڕۆحیش نەیدەتوانی هێند ئازا بێ.

گەر ئینسان بیەوێ جورئەتی بینینی ئەم گایە و توانای ئاوها گەمەیەکی خەتەرناکی لەگەڵیدا هەبێ، ئەوا بێگومان پێویستی بەڕاهێنانێکی زۆری جەستە و ڕۆحی هەیە. بەڵام هەر کە لەڕاهێنان دەبێتەوە و فێری هونەری گەمەکە دەبێ، ئیدی هەر جووڵەیەک لەجووڵەکانی ساکار و دڵنیا و سووکەڵە دەبێ،

ئازایانە چاو لە چاوانی ترس دەبڕێ.

هەروا کە لە شەڕی هەڵکۆڵراوی سەر دیوارەکانم دەنۆڕی، بەدەم تەماشاکردنی ئەو شەڕە دێرینەی نێوان ئینسان و گاوە کە ئەورۆ ناومان ناوە خواوەند، بەخۆم گوت: (ئاوها بووە ڕوانینی کریتییانە!)

لەناکاوێکڕا وەڵام باڵی بەسەر زەینمدا کێشا، نەک بەتەنێ زەینم، بەڵکو دڵ و هەناویشم. ئاخر من بەدوای ئەوەدا دەگەڕام و ئەوەم دەویست، دەبوو چاوانی ئۆدیسەییم تژی کەم لەم ڕوانینە کریتییە. سەردەمی ئێمە سەردەمێکی تووڕە بوو. گا (هێزە ژێر زەمینییە تاریکەکان) بەلەسە ببوو، توێکڵی عەرد دەقلێشا، ڕێز، هاوگونجان، هاوسەنگی، بەختەوەری، شیرینیی ژیان، ئەمانە هەموو چاکەخوازی و شادیی گەلێک بوون کە دەبوو ئازایەتی ئەوە لەخۆدا ڕاببینین خوداحافیزییان لێ بکەین. ئەوانە هی سەردەمانی تر، هی ڕابردوو هی ئایندە بوون، ئاخر هەموو سەردەمێک خاوەن ڕوخساری تایبەتیی خۆیەتی، ڕوخساری سەردەمەکەی ئێمە تووڕە و ڕۆحە ناسکەکان جورئەتی ئەوەیان نییە ڕاستەوخۆ چاو لە چاوانی ببڕن.

ئۆدیسەش، ئەوەی کە بەسەر شیعرەکانی منەوە چارۆکەی هەڵدابوو، ئەو کاتەی کە لەخۆباییانە بەلێواری هەڵدێرەوە گیرسابۆوە - بەبێ ترس و ئومێد و هەروەها بەبێ سەرچڵییش- دەبوو بەئاوها ڕوانینێکی کریتییانەوە هەڵدێری تەماشا کردبا، لەو ڕۆژەوەی ئەوەم ناونا ڕۆژی ڕوانینی کریتی، ئیدی ژیانم گۆڕا، ڕۆحم لەوە گەیشت کە دەبێ لە کوێدا ڕاوەستێ و چۆناوچۆنی بنۆڕێ. مەسەلەگەلێکی ترسناک کەگینگلێیان پێ دەدام، هێور بوونەوە و زەردەخەنەیان دەهاتێ. وەک بلێیی بەهار هاتبێ و لاولاوە کێوییەکان وەک دڕک و داڵی بەهاران تژیی بووبێتن لەگوڵ. ئەوە گەڕانەوە بوو بۆ جحێڵییەکی پێشبینی نەکراو، وەک حەکیمێکی چینیی دەورانی کۆن، پێدەچوو وەک پیرەمێردێکی کەفتەکار و بەریشی سپیی چون بەفرەوە هاتبمە دونیا. بەتێپەڕینی ساڵان، ڕەنگی ڕیشەکە گۆڕابێ و بووبێتە بۆر و پاشان هێور هێور ڕەش بووبێتەوە و دواتر ڕووتابێتەوە. ئاخر لە ساڵانی پیریشمدا گەندە موویەک لە ڕوخسارم ڕوا.

جحێڵیم جگە لە دڵەڕاوکە و مۆتەکە و پرسیار چ شتێکی تر نەبووە، ساڵانی باڵقبوونیشم جگە لەوەڵامی پەرت چ شتێکی تر نەبوون، لەئەستێرە و ئینسان و فیکرگەلەکانم دەنۆڕی، چ بێ سەروبەرییەکە شوێنپێ هەڵگرتنی خواوەند! چ عەزابێکە بوونی ئەو مەلە شینە بەچنگاڵە سوورەکەیەوە لەنێوانیاندا! ڕێگەیەکم دەگرتەبەر، دەگەییمە کۆتاییەکەی- هەڵدێر-. زەندەقچووانە دەگەڕامەوە و ڕێگەیەکی ترم دەگرتەبەر، لەکۆتایی ڕێگەکەدا جارێکیتریش هەڵدێر، ئەوجا سەرلەنوێ پاشەکشێ، سەفەرێکی نوێ و کوتوپڕ هەمان هەڵدێر دەمی لەبەردەممدا دادەپچڕی، تەواوی ڕێگەکانی ئەقڵ بەهەڵدێر کۆتاییان دەهات، جحێڵیی و باڵقبوونم لە فەزادا بەدەوری هەردوو تەوەری ترس و ئومێددا سووڕابۆوە. بەڵام هەنووکە لە تافی پیریدا بەئارامی و بەبێ ترس لەبەرامبەر هەڵدێردا ڕاوەستام، ئیدی ڕام نەکرد، ئیدی خۆم زەلیل نەکرد، نا، من نا، بەڵکو ئۆدیسەیەک کە خۆم دروستم کردبوو، ویم خولقاندبوو تا بەئارامی ڕووبەڕووی هەڵدێر بێتەوە، لەکاتی خولقاندنیدا هەوڵم دەدا لەو بچم، ئاخر ئەوە خۆم بووم کە دەخولقام، قورسایی هەر هەموو پەرۆشییەکانم خستە سەرشانی ئەم ئۆدیسەیە، قاڵبێک بوو دامدەڕشت تا ئینسانی ئایندەی تێ برژێ. هەموو ئەوەی خواستبووم و دەستم پێی گەیبوو، ئەو دەستی پێی دەگەیشت، سیحرێک بوو هەموو هێزە تاریک و ڕووناکەکانی خولقێنەری ئایندەی بەداوەوە دەکرد. باوەڕ چیاکان دەلەرزێنێ،



متمانەت پێی هەبێ و دێ. ئەدی کێ دێ؟ ئۆدیسەیەک کە خولقاندبووم. وی ئارکیتیپ(*) (نموونەی ئەزەلیی) بوو.

خولقێنەر بەرپرسیارییەکی مەزنی لەسەرشانە، ڕێگەیەک دەکاتەوە کە دەکرێ ئایندە هان بدا و ناچاری بکا بڕیاری خۆی بدات.

لەزەریای کریتم دەنۆڕی، لەو شەپۆلانەی بەشکۆوە هەڵدەگڕان. بۆ ساتێک لەژێر هەتاودا دەدرەوشانەوە و پەلەیان بوو تا بەرژانیان بەسەر چەوی کەناردا، بەپێکەنینەوە ڕۆحیان تەسلیمی خولقێنەر بکەنەوە. هەستم دەکرد خوێنم بەهاتنەدەرەوەی لەدڵ و بڵاوبوونەوەی بەسەری پەنجە و ڕەگەکانی موودا، شوێنپێی نەغمەی شەپۆڵەکان هەڵدەگرێ. دەبوومە زەریا، دەبوومە سەفەرێکی بێ کۆتایی و تژیی لەسەرکێشیی دوور، دەبوومە قەسیدەیەکی لەخۆبایی و نائومێد کە بەچارۆکەی ڕەش و سوورەوە، بەژوور هەڵدێرەوە سەولّی لێدەدا. بەترۆپکی قەسیدەکەوە، کڵاوی ناخودایی و لەژێر کڵاوەکەشدا، نێوچەوانێکی گرژ و بەهەتاو سووتاو، دوو چاوی ڕەش و دەمێکی سپیی بەخوێ، خوارتریش دوو دەستی زل و غۆلئاسا کە سووکانەکەیان گرتبوو.

ئیدی ئەو نەیدەتوانی- ئێمە نەماندەتوانی- لەوە زیاتر لەزێدی تەنگ و ترووسکا هەڵکا. سرکترین ڕۆحگەلی دوورگەکەمان هەڵبژارد و ئەوەی بتوانین لە ماڵەکانمان هەڵی گرین، هەڵمانگرت و سواری کەشتی بووین و ڕۆیشتین. بۆ کوێ؟ با هەڵدەکاو ڕێگەمان پیشان دەدا، بۆ باشوور، بەرەو لای هیلین کە لە هەردوو بەری ئیرۆتاسەوە، کەوتبووە نێو مەینەتی و عەزابەوە و وەکی ئێمە لەژیانی دڵنیاو ئیسراحەت دڵی گوشرابوو. بەرەو دوورگەی کریت کە دەژاکا، چونکە قودرەت لە فەرمانڕەواکانیدا بارگەوبنەی پێچابۆوە، لەناوەڕاستی زەریادا دەستی بەرزکردبۆوە و بەربەرەکانی بانگ دەکرد تا بەشکم مناڵی لێیان ببێ. بەرەو ئەفریقا، بەرەو کۆتایی عەرد، بەرەو بەفرە نەمرەکان، بەرەو مەرگ.

سەرەتا مەلە شینەکە بەچنگاڵە سوورەکانییەوە لە پێشەوە دەڕۆیشت، بەڵام بەزوویی شەکەت بوو، جێمان هێشت و بەبێ مەلی ڕێنوێن لە هەوای خاڵیدا بەئازادی ماینەوە. جار ناجار ڕۆحگەلی گەورەو نەمر چنگیان لە گوریسی کەشتییەکە گیر دەکرد و دەکەوتنە چرینی گۆرانیی تا بەشکم بۆ لای خۆیانمان ڕاکێشن، بەڵام ئێمە دەماندا لە قاقای پێکەنین و ئەوانیش دەترسان و دەڕۆیشتن، هەندێجار هاوارێکی ترسناکمان دەژنەفت کە لەبنی زەریاوە دەهاتەدەرێ: (ڕاوەستن! کوێوە دەچن؟ بەسە!) وایاندەگوت و ئێمەیش پاڵمان بەلێواری کەشتییەکەوە دەدایەوە و هاوارمان دەکرد: (نا، بەس نییە، بێدەنگ بن!) ئیدی ئێوارەیەکیان مەرگ هات و لەسەر عەرشی کەشتییەکە کرووشکەی کرد، ئەویش وەک ئێمە پێستە ڕێوی لەبەردا و کڵاوێکی شینی بەگوڵینکەی سوورەوە لەسەردا، ڕیشی وەک بەفر سپی و ڕوخسار و سینگ و باسک و ڕانی پۆشراو لەزامی دێرین، بەمیهرەبانییەوە زەردەخەنەی بۆ کردین، تێگەیشتین، دواجار ئیدی لە کۆتایی سەفەرەکەمان نزیک بووینەوە.

لەسەر پشت لەسەر عەرشی کەشتییەکە ڕاکشاین، چاوانمان لێکنا و بینیمان بەژوور ئەو کیشوەر و

---

(*) Archetype

زەریایانەوە کە پیایاندا تێپەڕیبووین، بەژوور ئەو ئینسانانەوە کە ڕووبەڕوویان ببووینەوە، بەژوور ئەو ژنانەوە کە ماچمان کردبوون، بەژوور عەرد و ئاو و ئاگر و جەستەوە، سەفەرێکی تر هەبوو، لەم سەفەرەدا کەشتییەکە لەهەور دروست کرابوو، کیشوەر و زەریا و خەڵکیش تاڵە دەزووی ئاوریشمین بوون و لەهەناومانەوە هاتبوونەدەر. سەرووتر، لە ئاستێکی بەرزتر لەهەموو ئەوانەوە، کەشتییە هەورەکەمان ڕەوییەوەو تاڵە دەزووە ئاوریشمییەکانیش پچڕان، تارماییەکانی دونیا بزر بوون و جگە لەخۆرێکی لاڵ و کوێرو بێ جووڵە، خۆرێکی ڕەشتر لەڕەشایی، چ شتێکی تر نەما. بەخۆمان گوت: (ڕەنگە خواوەند بێ، کێ چوزانێ، ڕەنگە خواوەند بێ!) هەوڵمان دا دەستی سڵاوی بۆ هەڵبڕین، بەڵام نەمانتوانی!

***

کاتێ لە کەناری کریتەکەمدا خەریکی نووسینی ئەم ئۆدیسەیە بووم، هێزە دۆزەخییەکان دووەمین شەڕی جیهانییان هەڵایساند. (با)ی شێتی بەسەر ڕەگەزی مرۆڤایەتیدا دەیگڤاند، بناغەکانی عەرد لەرزین و قڵیشان. منیش بەسەر پەڕە قاقزدا چەمیبوومەوە و گوێم بۆ هاتوباتی شەپۆڵەکان و ئینسان و هێزە دۆزەخییەکان ڕادێرابوو، دەستەو دامێنی ڕۆحم ببووم تا لە دەسەڵاتی ترس قوتارم بێ. هەموو هەوڵم بۆ ئەوەبوو تا ئەو ئینسانەی لەودیو کوشتار و فرمێسکەکانەوەیە، لەودیو ئینسانی مەیمونی ئەمڕۆوەیە، بەوشەی هاوسەنگ و هاوئاهەنگ بەرەو لای خۆم ڕاکێشم. گەرچی بەشێوەی تارماییەک لەنێوەندی هەوادا هەڵواسرابوو، هەستم دەکرد خوێنی خۆمی دەدەمێ، من بەتاڵ دەبوومەوە و وی پڕ دەبوو. هێورهێور جەستەی دەکەوتە جووڵە و شێوەی وەردەگرت.

ڕۆچوومە خەونێکی قووڵەوە، قووڵترین ئاستەکانی حەقیقەت مەحف ببوون. هەمان ئەو ئاستە مەحکەمەی کە لەبەرامبەر عەردا بوو، بەرزترین ئاستی حەقیقەت، ڕۆحی ئینسان، وەک ئاگرێک کە بایەکی توند بەسەریدا هەڵی کردبێ لە هەوادا کڵپەی سەندبوو.

بەدرێژایی ڕۆژ دەمنووسی و بەدرێژایی شەویش دەنوستم، هەرگیز لە ژیانمدا نەمتوانیوە شەوانە کار بکەم، لە کاتژمێرێک دەچم بەخۆر ئیش بکات، بەبێ هەتاو بێدەنگ دەبم، شەو بەخەون و بێدەنگییەکانی خۆیەوە، بەو دەرگا تاریکانەوە کە لەسەر ناخم دەیانخاتە سەر پشت، کاری ڕۆژی داهاتووم بۆ ئامادە دەکات.

سوودی باڵا لەم مەسەلەیەدا کاتە. کە خەڵکی دەبینم دەچن بۆ سەیران، یان بێ مەبەست پیاسە دەکەن، یاخود بەوتووێژی بێ کەڵک کاتی خۆیان بەفیڕۆ دەدەن، قەستمە بچمە گۆشەیەکی شەقام و وەک سواڵکەرێک دەست پان کەمەوە و بەپاڕانەوەوە بڵێم:" ئەی مەسیحییە میهرەبانەکان، خێرێکم پێ بکەن، نەختێک لەو کاتەی خۆتانم بدەنێ کە بەهەدەری دەدەن. سەعاتێک، دوو سەعات، هەرچەندێک خۆتان پێتان خۆشە بمدەنێ!"

***



دواجار خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، باسکم خاچ ئاسا لەسەر یەک دانا و سەرم لەدواوە بەدیوارەکەوە نا و کەوتمە تەماشاکردنی خۆراوابوون. هەستم بەشادومانی، خەم و شەکەتی نەدەکرد. ئارامییەک دایگرتبووم و وەک بڵێی هەناوم بەتاڵ بووبێتەوە، وەک بڵێی هەموو خوێنی جەستەم ڕژابێ، وەک بڵێی توێکڵێکی تۆکمە و تەنک بووبم و سیسرکێک لەکاتی هێلکە دانانا لەسەر قەدی دار زەیتوونێک جێی هێشتبم. بەلەمێکی چکۆڵە بەچارۆکەی سوورەوە لە ڕاوە ماسی دەگەڕایەوە، دەمتوانی ماسییە بریقەدارەکان لەسەر عەردی بەلەمەکە ببینم، دوورگەیەکی چکۆڵە لە بەرامبەرمدا پڕ ببوو لە وەنەوشە، نوێژخانەیەکی لەخاچدانی چۆڵ و چکۆڵە وەک هێلکەی مریشک بەترۆپکی چیاکەوە بەسپێتیی ئەڵماس دەدرەوشایەوە. ڕووناکی بەدیوارە بەبۆرەک سواغدراوەکانییەوە نووساو و حەزی نەدەکرد ئەوێ جێ بێڵێ.

لەلای ڕاستمەوە گوێم لەدەنگی بەریەککەوتنی چەو بوو، کەسێک بەپەلە هەنگاوی بەسەر چەوەکەدا دەنا و نزیک دەبۆوە. ئاوڕم دایەوە، کڵاوێکی ناخودایی لەو تاریکایییە ئەرخەوانیی ڕەنگەکەدا درەوشایەوە و بۆنی تیژی ئارەقەی ئینسان لەهەوادا بڵاوبۆوە. لەسەر ئەو سەکۆ بەردینەی لەسەری دانیشتبووم جێگەیم کردەوە تا لەپاڵمدا دانیشێ. گوتم: (خۆش هاتیت، چاوەڕێت بووم!)

دانەوێوە و بڕێک گژوگیای زەریایی هەڵگرت کە شەپۆڵەکان لەگەڵ خۆدا هێنابوویان. گژوکیاکەی نایە سەر لێوی.

گوتی: "بەدیدارت خۆشحاڵم."

شەوێکی شین و تەنک لە ئاسمانەوە دەهاتە خوارێ و لە زەریاوە بەرز دەبۆوە. لە پشتمانەوە، لەسەر وشکایی، مەلانی شەو لەم دار زەیتوونەوە دەفڕینە سەر ئەو دارزەیتوون. دوو هاواری مەزن و نەمری ئەڤین و برسێتی لەو بێدەنگییە ڕەشەدا دەنگیان دایەوە، ئاژەڵە چکۆڵەکانیش لەنێو تەلانەکاندا خۆیان حەشاردابوو، ئەوانیش هەر برسییان بوو، ئەوانیش هەر گەرەکیان بەئەڤین بوو، نەغمەیەکی خەمین لەعەردەوە هەستا.

بێدەنگ ماینەوە، هەر کاممان ترپەی دڵی ئەوی ترمان دەژنەفت، پێدەچوو تەواوی ئەو پەرۆشییە شاراوەیەی شەوانە، تەواوی ئەو دەنگە دژبەیەکانە، بەتێپەڕبوونیان بەهەناوماندا هاوئاهەنگ بووبن.

خۆشحاڵی و خەنی بوون هێند مەزن بوو کە کوتوپڕ کوڵی گریانم بەربوو. وشەگەلی دێرین و عیرفانی لەناخمەوە هەڵقوڵین و لەسەر زارم نەخشین:

جگەرگۆشەکانم، مردن و ژیان وەک یەکن

غەم و شادی هەروەک یەکن

لەنگەرگرتن و چارۆکە بەرزکردنەوە

سڵاو و خواحافیزیش وەکی یەکن!

لام بۆ هاوڕێ بێدەنگەکەی لای ڕاستم کردەوە و لێیم پرسی: "ناخودا ئۆدیسە، ئەرێ حەرەکەت دەکەین؟ چما گەیشتین؟ پێدەچێ زەمەن ڕاوەستابێ و بووبێتە ئەبەدییەت. فەزا لە لەپی دەستمدا وەک تۆمارێکی کۆن وایە کە وێنەی زەریا و وشکاییەکانی لەسەر کێشرابێ. ڕەهایی- ئەوەی ناومان ناوە

ڕەهایی و نائومێدانە دەست بۆ ئاسمان هەڵدەبڕین تا پێی بگەین – بۆتە چڵە ڕێحانەیەکی لاگوێم. چما بۆنی لە هەوادا ناکەیت؟"

هاوڕێکەم هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی:" لە ڕەهاییدا بەڕەهایی گەیشتوویت! –دەنگی بەبای زەریا گڕ ببوو– لە ڕەهاییدا بەڕەهایی گەیشتوویت، ئەمەش باڵاترین نەبەردی ئینسانە، خزمەتی تۆ لە حزووری ترس و ئومێددا تەواوبووە، بەسەر هەڵدێرا چەماویتەوە، لنگەوقووچ بوونی تارمایی دونیات بینیوە و زەندەقت نەچووە. هاوڕێی ئازیزم، هەردووکمان بەسەر هەڵدێردا داهاتووینەتەوە و زەندەقیشمان نەچووە. بیرت دێ؟"

سەفەری ترسناک بازی دایە زەینمەوە، زەریا لەم لاجانگەمەوە بۆ ئەو لاجانگەم کەوتە شەپۆلان، یادەوەریم کشا و ڕوانیم، هەمدیس ڕوانیم، سەرلەنوێ لەزەتم برد لەوەی کە چۆناوچۆنیی خۆمان لەکوڕ و ژن و زێدی باوان و ژیانی ئیسراحەت دابڕی و چاکەخوازی و حەقیقەتمان لە دوای خۆمانەوە جێ هێشت، چۆناوچۆنی بەنێوان سیسلاو کاریبد(*)ی خواوەنددا تێپەڕین بێ ئەوەی کەشتییەکەمان لەدەست بدەین و بەچاڕۆکەی فوودراوەوە ڕوومان کردە زەریای ئازاد و ئازایانە ڕێگەمان بەرەو هەڵدێر شەق کرد.

دەستم بەئەژنۆی هاوڕێکەمدا هێنا و گوتم: "سەفەرێکی جوان بوو، وا هەنووکە گەیشتین!"

بەسەرسوڕمانەوە پرسی: "گەیشتین؟ مەبەستت چییە!"

– "دەزانم، مەبەستم لەوەیە کە هەنووکە حەرەکەت دەکەین!"

– "بەڵێ، هەنووکە حەرەکەت دەکەین. بێ بەلەم، بێ زەریا، بێ جەستە!"

– "ئازاد!"

– "نا، ئازاد لە ئازادی. ئەودیو!"

– "ئەودیو؟ کوێ؟ لەمە ناگەم!"

– "ئەودیو ئازادی، هاوڕێم ئازایەتی بدەرە بەر خۆت!"

– "دەترسم لەدوای تۆوە بێم، توانام هەر هێندە بوو، ناتوانم لەمەندە زیاتر بڕۆم!"

– "باوکە گرنگ نییە، تۆ ئەرکی خۆت بەئەنجام گەیاند، کوڕێکی باشترت لەخۆت خستەوە، تۆ لێرەدا وەک بەلەمی فریاکەوتن بمێنەوە، من دوورتر دەڕۆم!"

لەجێگەکەی هەستا، توند پشتێنەکەی بەست و لە تاریکاییەکەی دواوەی ڕوانی، ئەستێرەیەک وەک فرمێسک بەگۆنای شەودا ڕژا، بایەک لە عەردەوە هەڵی کرد، شەپۆلەکان لە بێدەنگیدا وەک ئەسپ بێدار

(*) سیسلاو کاریبد، گاشەبەرد و تەپۆڵکەی ئاویی لە تەنگە مسینای نێوان ئیتالیا و دوورگەی سیسل کە لەزەمانی زوودا زەریاوانانی ڕووبەڕووی مەترسیی کردۆتەوە. لە ئەفسانەدا سیسلا ژنێک بوو کە لەبەشی خوارەوەی جەستەیدا شەش سەگ هەبوون و هەر کەسێک لە نزیکیانەوە تێپەڕیبا هەڵاهەڵایان دەکرد. کاریبد کیژی عەرد و پۆسیدیۆن، ڕۆژی سێ جار لە ئاوی زەریای دەنۆشیی و هەر هەموو کەشتییەکانی کەناری هەڵدەوشی.



ببوونەوە و دەیانحیلاند. دەستی بۆ ڕایەڵ کردم.

وەک بڵێی ڕۆحم جێم بێڵێ، هاوارم کرد: "دەڕۆیت؟"

دانەوێوە، شانی ڕاستم و پاشان چەپ و دواتر هەرتک چاوی ماچ کردم، لێوی تەڕ تەڕ بوو بەخوێی زەریا، زەردەخەنەیەکی هاتێ و دەنگی میهرەبان و بزێو لە زاری هاتەدەر:

– "ئەو زاهیدە کێ بوو کە چل ساڵ بەدووی خواوەنددا گەڕا و نەیدۆزییەوە؟ شتێکی تاریک کەوتبووە بەینەوە و نەیدەهێشت، بەڵام بەیانییەکیان بینی ئەوەی نەیهێشتووە خواوەند بدۆزێتەوە، جلکێکی فەروو بووە کە زۆری خۆشدەویست و نەیدەتوانی دەسبەرداری بێ. جلکەکەی فڕێدا و یەکسەر خواوەندی لەبەردەمی خۆیدا بینی. تۆیش ئەی هاوڕێی ئازیز، جلکە فەرووە کۆنەکەی منیت. ماڵئاوا!"

زەندەقم چوو، پێدەچوو ئەم وشانەی دوایی لەدوورەوە، لەکەنارێکی ترەوە بێ. قنجەپێ هەستام و لە تاریکیدا کەوتمە گەڕان.

کەس لەو ناوەدا نەبوو!

## کۆتایی

باپیرە(*)ی ئازیزم، دەستەکانت ماچ دەکەم. شانی ڕاست و شانی چەپت ماچ دەکەم. ددان پیانانەکانم تەواو، ئیدی هەنووکە خۆت حوکم دە، وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەم نەگێڕاوەتەوە، ئاخر ئەوانە لە تڵپە زیاتر چ شتێکی تر نەبوون. تۆ هەمموو ئەوانەت ڕۆکردە خۆڵەعەمەلەی هەڵدێرەوە و دەی منیش هەر وام کرد. ژیان بەغەمە چکۆڵە و گەورەکانییەوە، بەشادومانییە چکۆڵە و گەورەکانییەوە، گا بریندارییان کردووم و گا نەوازش. ئەو کاروبارە ئاساییانەی کە ڕۆژانە دەسبەردارمان بوون و ئێمەیش دەسبەرداریان بووین، ئاخر شایانی ئەوە نەبوون زەحمەتی ئەوە بەخۆمان بدەین تا لەهەڵدێرەوە بۆ سەرەوەیان هەڵکێشین. دونیا هیچ لە دەست نادا گەر ئەو خەڵکانەی ناسیومن لە فەرامۆشیدا بمێننەوە. ئاشنابوونم بەهاوسەردەمەکانم زۆر کاریگەرییان لەسەر ژیانم نەبووە، خەڵکانێکی زۆرم خۆش نەویستوون، ئەمەش لەبەرئەوە بووە کە یان نەمتوانیوە تێیان بگەم، یاخود لەبەر ئەوە بووە کە بەحەقارەتەوە تەماشام کردوون، دەشێ لەبەر ئەوەش بووبێ بەخەڵکانێکی زۆر ئاشنا نەبووم شایستەی خۆشویستن بووبن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕقم لەکەس نەبووە، بێ ئەوەی خۆم ویستبێتم چەند کەسێکیشم ئازارداوە، ئاخر ئەوانە چۆلەکە بوون و ویستوومە بیانکەمە هەڵۆ، هەوڵم داوە لەشتی ڕۆژانە قوتاریان کەم، بێ ئەوەی توانای بەرگەگرتنیانم کێشانەکردبێ، بەرەو پێشەوە بردوومن و ئیدی ئەوان لەسەر عەرد تێکوپێک شکاون. تەنێ مردووە نەمرەکان ئەفسوونیان کردووم: سایرینە مەزنەکان، مەسیح و بوزا و لینین. هەر لەهەمان ئەوەڵی ژیانمەوە، لەبەر پێیاندا دانیشتم و گوێم بۆ غەزەڵی تژیی لە عیشقیان ڕادێرا. هەمموو تەمەنم هەوڵم دا، بێ ئەوەی

(*) لەم فەسڵەوە دیار دەکەوێ کە ئەو باپیرەیەی کازانزاکیس قسانی لەگەڵ دەکا و وەک ڕەمزێک بەکاریدەهێنێ، (ئیلی گریکۆ)ی هونەرمەندی ئیسپانیایی بە ڕەچەڵەک کریتییە. ئەو هونەرمەندە لەساڵی... لەدایکبووە و لە...... دا مردووە.

نکوڵی لەهیچ کام لەم سایرینانە بکەم، خۆمیان لێ ڕەهاکەم. هەوڵم دا تا ئەم سێ دەنگە دژ بەیەکە یەکانگیرکەم و بیانکەمە نەغمەیەکی هارمۆنی.

ژنگەلێکم خۆش ویستوون، بەخت لەگەڵم یار بوو کە بەدرێژایی سەفەر بەژنگەلێک ئاشنابووم. چ پیاوێک هێندەی ئەم ژنانە میهرەبان نەبووە لەگەڵمدا و هێند لە بەرخۆدانەکانمدا کۆمەکی نەکردووم، لەسەروو هەمووشیانەوە دوایەمین ژن، بەڵام ڕووپۆشێکم دابوو بەسەر ئەم جەستە ئەڤین زەدەیەدا لە هەمان ئەو ڕووپۆشەی کە کوڕانی نوح دابوویان بەسەر عەورەتی بابیاندا. ئەز ئەفسانەی پێشینانمانم سەبارەت ئیرۆس و پسیشە(*) خۆش دەوێ، هەڵبەت باپیرە تۆیش خۆشت ویستووە، ئاخر مایەی شەرمەزاری و خەتەرناکیشە چرایەک هەڵکەیت و تاریکی بڕەوێنیتەوە و دوو جەستەی تێکاڵاو ببینیت. تۆ ئەمەت دەزانی، تۆ کە (جیرۆنیما دیلاس کویڤاس)ی دوڵبەرت لە بوولێڵەی مەلەکوتیی ئەڤیندا حەشاردا، دەی منیش هەمان شتم لەگەڵ جیرۆنیماکەی خۆمدا کرد. هاوخەباتێکی ئازا، کانییەکی سارد لە گۆشەگیرییە نائینسانییەکەماندا، ئارامییەکی مەزن، هەژاری و ڕووت و ڕەجاڵی- بەڵێ، کریتییەکان ڕاست دەبێژن کە دەڵێن بەمەرجێک ژنێکی میهرەبانت هەبێ، ئەوا ڕووت و ڕەجاڵی چ نییە. ئێمە ژنگەلێکی میهرەبانمان هەبوون، ژنەکەی تۆ ناوی جیرۆنیما بوو، ئەوەی منیش ناوی هێلێن. باپیرە، چ بەختێکی یار بوو، کە سەیرمان دەکردن، چەند جار نەمانگوتووە: ڕەحمەت لەو ڕۆژەی تیایدا لەدایک بووین!

بەڵام ئێمە ڕێگەمان بەژنان، تەنانەت ڕێگەمان بەئازیزترینیشیان نەدا گومڕامان کەن، ڕێگە بەگوڵ پۆشراوەکەی ئەوانمان نەگرتەبەر، بەڵکو ئێمە ئەوانمان لەگەڵ خۆماندا برد. نا، لەگەڵ خۆماندا نەمانبردن، بەڵکو ئەو هاوڕێ جەربەزانەمان بەئیرادەی خۆیان شوێنپێی هەڵگژانی ئێمەیان هەڵگرت.

ئێمە بەدرێژایی تەمەن لەدووی شتێک بووین، خەونێکی زبر و دڕندانە و تۆکمە - جەوهەر-. لەپێناوی ئەو خەونەدا چ ژەهرێکمان بەدەستی خواوەندان و ئینسانەکان نەنۆشی و چ فرمێسکگەلێکمان نەڕشت! چ خوێن و چ ئارەقەیەک! بەدرێژایی ژیانمان شەیتانێک (ئەرێ شەیتان یان فریشتە؟) ئارامی لێ زەوت کردبووین. بەسەرماندا دەچەمایەوە و پێمانەوە دەنووسا و بەگوێماندا دەیچرپاند: (بێهوودەیە! بێهوودەیە! بێهوودە!) پێی وابوو دەتوانێ کۆڵمان پێ بدا، بەڵام بەسەرتەکاندانێک لەخۆمانمان دوور دەخستەوە، ددانمان جیڕ کردەوە و وەڵاممان دایەوە: (کوتومت ئێمەیش هەر ئەمەمان دەوێ، ئاخر ئێمە بۆ پاداشت کارناکەین، داوای کرێی ڕۆژانە ناکەین. لە فەزای خاڵیدا، لەودیو ئومێد و بەهەشتەوە

---

(*) لەئەفسانەکانی گریکستاندا ئاوها باسی حەکایەتی ئیرۆس و پسیشە دەکرێ: پسیشە بۆی نییە شووەکەی خۆی ببینێ، هەر جۆرە هەوڵێک بۆ ئەو مەبەستە بدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە تا هەتایە وی لەدەسبدا. خوشکەکانی فێری دەکەن کە بەدزییەوە چرایەک لای خۆیەوە دانێ و شەوێ هەر کاتێ شووەکەی خەوی لێکەوت، چراکە بەرزکاتەوە و شووەکەی ببینێ، ئەویش ئەمە دەکا و دەبینێ حجێڵێکی جوان لەپاڵیا خەوی لێکەوتووە. کە ئەوە دەبینێ دەخرۆشێ و لەتاوا دەستی دەلەرزێ و دڵۆپێ زەیت لەچراکە دەڕژێ و بەر جحێڵەکە دەکەوێ. ئیرۆس لەناکاوێکڕا وەئاگادێتەوە و هەڵدێ و ئیدی هەرگیز توخنی ئەو ناوە ناکەوێتەوە.



دەجەنگین!)

ئەم جەوهەرە ناوی زۆری هەبوو. تەواوی ئەو ماوەیەی لە دووی بووین، بەردەوام دەمامکەکەی خۆی دەگۆڕی، هەندێ جار ناومان دەنا ئومێدی باڵاو هەندێ جاری تریش نائومێدیی باڵا. هەندێ جار ناومان دەنا ترۆپکی ڕۆحی ئینسان و هەندێ جاری تریش سەرابی بیابان، هەندێ جار ناومان دەنا مەلی شین و ئازادی و هەندێ جاری تریش لەبازنەیەکی داخراو دەچوو کە دڵی ئینسان چەقەکەی بێ و نەمرییش چوارچێوەکەی، بازنەیەک کە بەویستی خۆمان ناوێکی قورس و لێوڕێژمان لە تەواوی ئومێد و فرمێسکەکانی دونیا لێنا، ئەو ناوەش (خواوەند) بوو.

هەر ئینسانێکی کامڵ، ناوەندێکی نهێنیی ئامێز لە ناخیدا، لەنێو دڵیدا هەیە کە هەموو شتەکانی تر بەدەوریدا دەسووڕێنەوە. ئەم سووڕانەوە نهێنیئامێزە یەکانگیری بەبیر و کردارەکانی دەبەخشێ و یارمەتی دەدا تا هاوئاهەنگیی گەردوونی بدۆزێتەوە یاخود بیخوڵقێنێ. ئەم ناوەندە لای هەندێ کەس ئەڤینە، لای هەندێکی تر میهرەبانی یان جوانییە، لای ژمارەیەکی تر تینوێتییە بۆ مەعریفە یاخود پەرۆشییە بۆ زێڕ و زیو و دەسەڵات، بەهای ڕێژەیی شتەکانیتر هەڵدەسەنگێنن و دەیخەنە ژێر فەرمانی ئەم خواستە سەنتراڵەوە. هەش بەسەری ئەو کەسەی کە هەست ناکا لەناوەوەیڕا لەلایەن سوڵتانێکی دڵڕەقەوە حوکم دەکرێ، ژیانی مۆلەق و ناهاوسەنگیی (با)ی چوارینە دەیڕەوێننەوە.

باپیرە، ناوەندی ئێمەیش، ناوەندێک کە دونیای بینراوی دەنایە نێو گالیسکەیەکەوە و دەجەنگی تا بەرەو باڵاترین پلەکانی ئازایەتی و بەرپرسیارێتی بەرزی کاتەوە، شەڕکردن بوو لەگەڵ خواوەند. کام خواوەند؟ ترۆپکی سەختی ڕۆحی ئینسان، ترۆپکێک کە یەکبینە لە هەوڵی ئەوەدا بووین بیگەینێ و ئەویش بێ وچان لەهەڵگژاندا و بەرز و بەرزتر دەبۆوە. ڕۆژێکیان چەند ئاشنایەک بەگاڵتەپێکردنەوە لێیان پرسیم: (چما ئینسان لەگەڵ خواوەندا دەجەنگێ؟) هەر بەڕاست، چما لەگەڵ کێی تردا بجەنگێ؟

باپیرە، لەبەر ئەمەبوو کە هەر هەموو ژیانمان هەڵگژان بوو: هەڵگژان، هەڵدێر، گۆشەگیری. لەگەڵ هاوسەنگەرانێکی زۆر و فیکری زۆردا کەوتینە ڕێ، هەروا کە هەڵدەگژاین و ترۆپک شوێنی خۆی دەگواستەوە و دوورتر دەکەوتەوە، هاوسەنگەران، فیکر و ئومێدەکان ماڵئاواییان لێ کردین، بڕستیان لێ بڕا، نە خۆیان دەیانویست و نە گوڕی ئەوەشیان هەبوو لەوە زیاتر سەرکەون. ئیدی ئێمە بەتەنێ ماینەوە و چاوانیشمان لە (جەوهەری بزۆز)، لەترۆپکی گەڕۆک بڕیبوو. نە لەخۆباییبوون و نە یەقینێکی سافیلکانەش خستینییە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕۆژێک ترۆپک لەجووڵە دەوەستێ و ئێمەیش دەیگەینێ، نە ئەو باوەڕەشمان لا دروست بوو کە تەنانەت بیشگەینە سەر ترۆپک، لەوێ، لەو بەرزاییيانە، بەختەوەری و ڕەهایی و بەهەشت دەدۆزینەوە. ئاخر ئێمە هەڵدەگژاین، خودی هەڵگژان بۆ ئێمە بەختەوەری و ڕەهایی و بەهەشت بوو.

سەرسامم بەڕۆحی ئینسان، چ هێزێک نییە نە لە ئاسمان و نە لەسەر عەرد لەو مەزنتر بێ. بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین لە ناخی خۆماندا هەڵگری هێزێکی ڕەهاین، بەڵام ڕۆحمان لەژێر قورسایی گۆشت و بەزدا دەپلیشێنینەوە و دەمرین بێ ئەوەی بزانین ئێمە چین و دەتوانین چ بکەین! کام هێز هەیە لەسەر عەرد

بتوانێ ڕاستەوخۆ لە سەرەتا و کۆتایی دونیا بنۆڕێ و کوێر نەبێ؟ وشە سەرەتا نەبوو (وەک ئەوەی کە ڕۆحگەلی پلیشاوەی ژێر قورسایی گۆشت و بەز وەعزی بۆ دەدەن)، کاریش سەرەتا نەبوو، لە کۆتاییشدا نە نەمری هەیە و نە پاداشت، نە بەهەشت هەیە و نە دۆزەخ، بەڵکو لە کۆتاییدا ئاگر هەیە. باپیرەی ئازیز، ئێمە بەنێوان ئەو دوو ئاگرەدا سەفەرمان کرد، بەگوێڕایەڵی بۆ فەرمانی ئاگر و هاریکاریکردنی، کەوتینە جەنگێن بۆ گۆڕینی جەستە بەبڵێسە، بۆ گۆڕینی فیکر بەبڵێسە، بۆ گۆڕینی ئومێد و نائومێدی و شەرەف و عار و شکۆ بەبڵێسە. تۆ لەپێشەوە دەڕۆیشتی و من شوێنت کەوتبووم. فێرت کردم بڵێسەکەی ناخمان، بەپێچەوانەی سروشتی جەستەوە، لەگەڵ تێپەڕینی ساڵاندا زێدەتر کڵپە دەسەنێ، هەر بەو هۆیەوە بوو – ئەمەم لە تۆدا بینی و هەر لەبەر ئەمەش پێت سەرسام بووم – هەر کە پێت نایە ئاستانەی پیرییەوە، توندوتیژتر بوویت و لەگەڵ نێزیکبوونەوەتدا لەهەڵدێر، ئازاتر. جەستەی قەدیس و فەرمانڕەوایان و قەشەکانت خستە نێو بۆتەی نیگاتەوە و وەکی کانزا توانتنەوە و ژەنگت لێ داماڵین و زێڕی ساخت لێ دەرهێنان. ڕۆحی ئەوان، کام ڕۆح؟ بڵێسە. ئەوەت لەگەڵ ئەو کڵپە سووتێنەرەدا یەکانگیرکرد کە لێی لەدایک بووین و دەیشمانکاتە خۆڵەمێش.

واقیعبینەکان بەوە تاوانباریان دەکردین کە ئێمە باڵە فریشتە ئاساکان گەلێک گەورە پیشان دەدەین و دەخوازین تیر بۆ ئەودیو سنوورەکانی بەشەرییەت بهاوێژین. بەڵام ئێمە کەسانێک نەبووین بمانەوێ تیر بۆ ئەودیو سنوورەکانی بەشەرییەت بهاوێژین. شەیتانێک لە ناخماندا – با ناوی بنێین ئیبلیس، لەبەر ئەوەی وی ڕووناکیی هێنەرە– هانی دەداین، ئەو بوو ئارەزووی لە تێپەڕاندنی سنوورەکان و ڕۆیشتن بوو بۆ جێگەیەک کە نەماندەزانی کوێیە. هەموو ئەوەی دەمانزانی ئەوەبوو، ئەوە ڕۆیشتنە بەرەو سەرووتر. وەکی قەدیس ژیۆرژ کە شازادەیەکی نابووە پاشکۆی ئەسپەکەی تا لە مەترسی ئەژدیها ڕزگاری کات. ئەم شەیتانە هەڵگری ژیان بوو، ژیانێک کە لەناخی هەر مەخلوقێکی زیندوودا لە مەترسیدا بوو. لەپێناوی ڕزگارکردنی گیانی خۆیدا ئامادەی هەڵاتن بوو. هەڵبەت مەیموونەکان بەهەمان شێوە هێزی گەردوونییان لەناخی خۆیاندا هەست پێ کردبوو، هێزێک کە هانی دەدان لەسەر دوو پێ ڕاوەستن گەرچی لەحەیوەت ئازاریش دەیانقریشکاند. دوو پارچە داریان بەیەکدا ماڵی تا پریشکە ئاگری لێ کەوتەوە، گەرچی مەیموونەکانی تر گاڵتەیان پێ کردن. ئاوها بوو کە ئینسانە مەیموون – ئینسان – لەدایک بوو. باپیرە گەورە، ئاوها بوو کە هێزی نەمر و بێ ڕوحمیش لەسینگماندا کەوتە لنگەفرتێ تا خۆی لە ئینسان ڕەها کا و بۆ ئەودیو ئینسان سەفەرکا. ئەدی تۆ پێت وایە بۆچی ئێمە لەنێو خەڵکیدا گینگڵمان دەدا و عەزابمان دەچەشت؟ ئاخر ئەوانە هاواریان دەکرد: (ئێمە لەوەندە زیاتر نارۆین، دەی باڵەکانتان جووت کەن و هێندە تیر مەگرنە ئەم قەدەرەی سەرێ. ئەنگۆ لە خواوەند ناترسن و گوێ بۆ دەنگی ئەقڵ ڕانادێرن. دەی لەجێی خۆتان داسەکنێن!) بەڵام ئێمە هیچمان نەگوت، بەڵکو کارمان کرد، لەسەر باڵەکانمان کارمان کرد و کەوانەکەی خۆمان ڕاکێشا، ناخمان کردەوە تا شەیتانی لێوە بێتە دەرێ.

ڕۆژێکیان پشکنەری گشتی لە (تۆلیدۆ) سەرزەنشتی کردیت و پێی گوتیت:" نە خۆشیم لەو فریشتانە دێ کە وێنەیان دەکێشیت و نە لە قەدیسەکان. ئاخر لەبری ئەوەی خەڵکی بۆ عیبادەت هان بدەن،



سەرسامیان دەکەن، ئیدی جوانی وەک لەمپەرێک دەکەوێتە نێوان ڕۆح و خوداوە."

تۆ پێکەنیت و لە دڵی خۆتا گوتت: "من ناخوازم وا لە خەڵکی بکەم عیبادەت کەن، ئاخر کێ گوتوویەتی من دەمەوێ خەڵک بۆ عیبادەت هان بدەم؟"

بەڵام چ قسەیەکت بەزارا نەهات.

جارێکی تر، نیگارکێشێکی هاوڕێی خۆت، بەبینینی (تۆلیدۆ لە تۆفان) سەری بادا و گوتی: "تۆ یاساکانت ژێر پێ ناوە. ئەمە هونەر نییە. تۆ لەسنوورەکانی ئەقڵت تێپەڕاندووە و چوویتەتە نێو مەملەکەتی دێوانەییەوە!"

زەردەخەنەیەکت هاتێ (ئەرێ چۆن لە تووڕەییدا نەترەکیت؟) و وەڵامت دایەوە: "کێ پێی گوتوویت من هونەر بەرهەم دەهێنم؟ من هونەر بەرهەم ناهێنم و جوانیشم چ پێ گرنگ نییە، ئەقڵ و یاساکان جێگەیان لەمندا نابێتەوە، ئاخر من وەک تەیرەماسی لەئاوە هێمنەکانەوە بۆ دەرەوە تاو دەدەمە خۆم و دەچمە فەزایەکی ئەسیریی ترەوە کە تژییە لە دێوانەیی!"

بۆ ساتێک بێدەنگ بوویت و لە تۆلیدۆت ڕوانی کە وێنەت کێشابوو: تۆلیدۆی پێچراو لەهەوری ڕەشەوە، قڵێشبردوو بەهەورە گرمە، بەبورج و کڵێسا و کۆشکەکانییەوە کە لەجەستە بەردینەکانی خۆی ڕزگارکردووە تا وەک تارمایی پۆشراو بەشکۆیەکی نائارام لەقوڵایی ڕەشاییەوە بێتە دەرێ. لەوانەت نۆڕی و پەڕەکانی کەپووت کەوتنە لەرە، ئاخر بۆنی گۆگردت کردبوو. دوای ئەوەی بۆ ساتێک لەبێدەنگیدا لەفیکرەوە چوویت، چنگت لەسینگت گیرکرد و لەحەیوەت ئازاری سەرت هاوارت کرد: (کام شەیتان لە ناخمدایە؟ کێ ئاگری لە تۆلیدۆ بەردا؟ من هەوایەک هەڵدەمژم تژییە لە دێوانەیی و مەرگ، مەبەستم لەوەیە تژییە لە ئازادی!)

تاقە کەسێک کە توانی لەو دێوانەییە مەلەکوتییە بگا شاعیرێک بوو (گرنگ نییە ڕاهیبیش بووبێ)، ئەویش باوکە (هۆرتینزیۆ فیلیکس پاراڤیسینۆ) بوو. ئەو بوو تاریکایی ترسناکی بینی، هەورەگرمەی کێوی، باڵگەلی مەزن و قەدیسانی بینی کە جەستەیان توابۆوە و ببوونە مۆمی هەڵایساو. ڕۆژێکیان دەستە بۆیاوییەکانی گرتیت و ماچی کرد. گوتی: "تۆ بەفریش دەکەیتە بڵێسە، تۆ لە سروشت ئەولاوەتر چوویت و ڕۆح خانەگومان بووە لەوەی کە چما دەبێ کامیان لەم دووە – مەخلوقی خودا یاخود مەخلوقی تۆ– شایستەی ژیان بێ!" کە قسانی دەکرد، دەنگی دەلەرزی.

ئارام و بەزەردەخەنەوە گوێت بۆ سووکایەتی پێکردن و بەشان و باڵ هەڵدانەکاندا ڕادەدێرا. گەر جار ناجار وا خۆت پیشان دابێ کە تووڕە بوویت، ئەوا ئەوکات تووڕەیی لە ڕوخسارتا تۆفانێکی ڕووکەش بووە و قوڵایی بوونت بێ جووڵە بووە. چونکە تۆ لە نهێنیی مەزن ئاگاداربوویت، نە ترس و ئومێدت هەبوون و نە خۆفریودان. ئینسانەکان لەگەڵ خێرو شەڕ، لەگەڵ ئەو دوو تارماییە گەورەیەدا لە زۆراندان. (کێ چوزانێ، دەشێ ڕوخساری دووانەی خواوەند بن!) سافیلکەکان دەڵێن خێر و شەڕ دوژمنی یەکن، هەندێکیتر پلەیەک لەوە زیاتر هەڵدەکشێن و دەڵێن: خێر و شەڕ هاوڕێن، هەندێکی تریش بەڕوانینێکی شەهێن ئاساوە لە گەمەی ژیان و مەرگ لەسەر ئەم توێکڵی عەردە دەنۆڕن و خۆشحاڵ لە هاوئاهەنگی

دەبێژن: خێر و شەڕ یەکێکن!

باپیرە، بەڵام ئێمە لەو نهێنییە بەئاگاین، ئێمە ئاشکرای دەکەین و چ خەم کە کەس باوەڕمان پێنەکا، وا باشترە باوەڕ نەکەن. ئاخر ئینسانی لاواز ئەوەیە کە پێویستی بەتەسەللایە. گەر باوەڕ بهێنێ ئەوا لە ترسا زەندەقی دەچێ. ئەدی کام نهێنی؟ نهێنیی ئەوەی ئەم (یەک)ە چ بوونی نییە!

باپیرە، ڕۆژێکیان چووم بۆ ماڵەکەت لە تۆلیدۆ تا منیش ئەو قەدیس و پێغەمبەر و بەگزادانە ببینم کە وێنەت کێشابوون. لەژێر قورسایی جەستەدا ڕەهات کردبوون و ئیدی ئامادەی ئەوە بوون بیانکەیتە بڵێسە. هەرگیز لەژیانمدا بڵێسەیەکی ئاوها بەلرفەترم نەبینیبوو. بەخۆم گوت: (ئاوها جەستە ژێر دەکەوێ، ئاوهاییە ڕێگەی ڕەهاکردنی جەوهەر لە ڕزین. نە قاچمان و نە دەستمان کە لە قوڕ دروست بوون، نە قژی زەرد یان ڕەشمان، بەڵکو جەوهەری گرانبەها کە لەناو ئەم مەشکەیەدا دەجەنگێ، هەندێ کەس پێی دەڵێن ڕۆح و هەندێ کەسی تر پێی دەڵێن بڵێسە.)

باپیرە، گەر هێشتا لە ژیاندا بایت، ئەوا بڕێک هەنگوین و پرتەقاڵم وەک دیاری لە کریتەوە بۆ دەهێنایت. (هارید هیمۆس) ئەو کەمانچە ژەنە بەتوانایەشم بۆ دەهێنایت کە چڵە ڕێحانەی دەنایە لاگوێی، تا ئەو سێ گۆرانییەت بۆ بچڕێ کە گەلێک حەزت بەژنەفتنیان بوو:

چارۆکەکە بڵندکە، باوەڕت لە ئامێز بگرە
ئیدی هەرچی دەبێ با ببێ
چ خەم، گەر نەخشەیەک بگاتە ئەنجام
یان بمرێ!

***

کارت لە پێشە، لە زەریا مەترسە
جحێڵێت بەبێ قەترە فرمێسکێ
لەبەر پێیدا بڕێژە!

***

من کوڕی برووسکەم و نەوەی هەورەگرمە
بەئارەزووی خۆم
برووسکە لێ دەدەم و دەگرمێنم
بەئارەزووی خۆم
تەرزە دەبارێنم!

***

بەڵام تۆ بوویتە بڵێسە، ئیدی دەتوانم لە کوێ بتدۆزمەوە؟ چۆناوچۆنی دەتوانم بتبینم؟ دەتوانم چ دیارییەکت بۆ بێنم تا کریتت وەبیر بێنێتەوە و لە گۆڕەکەتا هەستیت؟ ئاخر تەنێ بڵێسە دەتوانێ لای تۆ



بەهای هەبێ. ئاخ گەر بمتوانیبا ببوومایەتە بڵێسە و بگەیشتمایەتە لات!

سی و حەوت ساڵ لەم هۆدەیەدا کە ناوی تۆلیدۆیە دانیشتی. هەڵبەت سی و حەوت ساڵ پێت ناوەتە ئەم بانیژەیەی کە هەنووکە منی لێ ڕاوەستاوم. لێرەوە لە ڕووباری (تاگوس)ی لێڵت ڕوانیوە کە بەژێر پردی (ئەلکانتا)دا ڕۆیشتووە، لێی ڕوانیوە کە هەڵدێ و دەچێتە پێش تا بڕژێتە ئۆقیانووسەوە و مەحف بێ. زەینت لەگەڵیدا ڕۆیشتووە و هەروەها ژیانیشت، چووەتە پێش تا بڕژێتە مەرگەوە و دیارنەمێنێ. هاواری تاڵ و یاخیگەرانە لە ناختەوە بەرز بۆتەوە، مشتت هێناوەتەوە یەک و ئاخت هەڵنەکێشاوە، بەڵکو تووڕە بوویت و بەخۆت گوتووە: (تا ئەلعان چ کارێکم نەکردووە، ئاخر ڕۆح دەتوانێ بەڕەنگ و قوماش چی بەرهەم بێنێ؟ شیاوی من نییە کە لەمسەری دونیا دانیشم و ڕەنگەکان تێکەڵاوکەم و بەفلچە وێنەی قەدیس و مەسیحگەلی لەخاچدراو بکێشم. ئەم وێنە لەبەرگرتنەوانە قورسایی سەرشانم سووک ناکەن. دونیا تەنگە، ژیان تەنگە، خواوەند تەنگە، دەبوو ئاگر بەدەستەوە بگرم – ئاگر و زەریا و با و بەرد – تا دونیا بەو شێوەیە ڕۆبنێم کە دەمەوێ، دونیایەک شیاوی پلە و پایەی خۆم بێ!)

خۆر لە ئاوابووندا بوو، سەربانەکان ئاڵتوونی دەیاننواند، ڕووبار ڕەشداگەڕاو و ئەستێرەی ئێوارە بەژوور چیاکەوە هەڵاتبوو، چراکانی ماڵەکەت داگیرسابوون. (ماریا گومز)ی کارەکەری پیر و وەفادارت خەریکی ئامادەکردنی شێو بوو. جێرونیمای هاودەمی خەون و بێدارییەکانت هاتە هەیوان، تا نەبا بترسێیت، بەئەسپایی دەستی دا لە دەستتەوە و گوتی:" دونیا تاریک داهاتووە، بەدرێژایی ڕۆژ کارت کردووە و دەمت لەزادەوە نەداوە، ئەرێ بەزەییت بەجەستەدا نایەتەوە؟ وەرە!"

بەڵام هەنووکە ئیدی لە خولقاندنی دونیا کەوتبوویت و بەرەو کریت باڵت گرتبوو. بەسەر چیاکانی کریتدا دەڕۆیشتی و ئەو دەنگە میهرەبانەت نەژنەفت و ئەو دەستە سپییەت هەست پێ نەکرد. هێشتا تەمەنت نەگەیبووە بیست ساڵ، هەوا بۆنی شیوەرانی لێ دەهات، بەچڕینی ئەو سێ گۆرانییەی کە حەزت پێیان بوو، دەسەسرێکی ڕیشاڵداری درێژت بەقژە ڕەشەکەتەوە بەست و گوڵێکی هەمیشە بەهاریت نایە لا گوێ و چوویت بۆ دەیری (ڤرۆندیسی) بەناوبانگ تا مەراسیمی (ژنهێنان لە قانا) وێنە بکێشیت کە سەرۆکی دەیرەکە داوای لێ کردبوویت.

زەینت تژیی لە ڕەنگی شین و سوور و سەوز، بووک و زاوا لەسەر دوو کورسی بەرز دانیشتبوون، نەخشی هەڵۆی دوو سەر لەسەر کورسییەکەیان کێشرابوو، خوانی عەروسیی ئامادە و میوانەکان کەوتنە خواردن و خواردنەوە. کەمانچەژەن لەناوەڕاستیاندا دانیشتبوو، کەمانچەی دەژەند و گۆرانی خۆشی بووک و زاوایی دەچڕی، مەسیح هەستا -مەست و لێو سوور هەڵگەڕاو - پارەیەکی زیوینی نایە سەر نێوچەوانی کەمانچەژەن.

کوتوپڕ دەنگی یار، وەک ئەوەی لە دووری دوورەوە بێ، هاتە گوێت. وەڵامیت دایەوە: (وا دێم!) بەزەردەخەنەوە، بەدوای ژنێکدا ڕۆیشتیت کە بەمیهرەبانییەوە تۆی بۆ عەرد دەگەڕاندەوە. بەڵام (ژنهێنان لە قانا) ناوەوەتی دەتەنی، کەمانچەی کریتیی دەیژەنی و لە ناوەوەتڕا دەنگی دەدایەوە، کوتوپڕ ژەمە خواردنی ڕۆژانە وەک خوانی عەروسی لێهات، دوو مۆسیک ژەنت لای خۆت گلدابوونەوە. بەزاوا بانگت

کردن تا لە کاتی خواردندا عود و گیتارت بۆ بژەنن، تا خواردن و شەرابی هەژارانەت ببێتە خوانی عەروسیی قانا، کاتێکیش دەستت لە سفرە کێشایەوە، هەستایت (ئەو وێنەیەیت بیرکەوتەوە کە لەخەیاڵتا کێشابووت) و بەسەخاوەتێکی پادشایانەوە دوو لیرەت نایە سەر نێوچەوانی مۆسیک ژەنەکان.

لەبەرئەوەی وەکی پادشا دەژیایت، ڕقت لە ڕەزیلی و دەسبەلاوانە هەموو ئەو پارانەت خەرج کرد کە بەهونەرەکەت پەیدات دەکرد، دۆست و دوژمن سەرزەنشتیان دەکردیت و دەیانگوت: (خانووی بیست و چوار ژووریت بۆ چییە؟ مۆسیک ژەنت بۆ چییە؟ بۆ وەک خەڵکانی تر پەیکەرەکانت ناکەیتە کۆڵ و بچیت لەکڵێسا و دەیرەکان بیانفرۆشیت؟)

ناویان نابوویت هەوەسباز و لووت بەرز و بوغزن، گەر قسەیەک لەدژی تۆ بەزاردا هاتبا، ئەوا لە تووڕەییدا ئاگرت دەگرت. کاتێ نرخیان بۆ تابلۆکانت دادەنا، تووڕە دەبوویت و دەتگوت: (تابلۆکانی من هی فرۆشتن نین، ئەوانە ناکڕدرێن، کاری هونەریی وەک کارەکانی من نرخیان لەسەر دانانرێ، بەڕەهن لەلاتانی دادەنێم، هەر کاتێ بەوێ پارەکانتان دەدەمەوەو تابلۆکانی خۆم دەبەمەوە.)

دادوەران لێیان پرسیت: (خەڵکی کوێیت؟ ئەدی بۆچی هاتیت بۆ تۆلیدۆ؟ تۆ کێیت؟) قسەکانیانت پێ بڕین و گوتت: (ناچار نیم وەڵام بدەمەوە و وەڵا منادەمەوە!) بەڵام کاتێ ناچاریان نەدەکردیت، ئەوا بەخەتێکی گەورە ناوی خۆت لەسەر تابلۆکان دەنووسی و بەشانازییەوە لە ژێریشیدا نازناوی (کریتیی)یت بۆ زیاد دەکرد.

کاتێ سوڵتان فیلیپ، ئەو کەپوو مارئاسایە بەبینینی تابلۆی (قەدیس مۆریس) کە بۆ ویت کێشابوو، زەندەقی چوو، ددانت بەخۆتا گرت و سازشت نەکرد بۆ ئەوەی ڕەنگەکانت ڕووناکتر کەیتەوە، لەبری ئەوە پێچراو لەبڵێسە، تووڕەیی و شانازی و هونەری سرکت لەگەڵ خۆت هەڵگرت و بەرەو تۆلیدۆ هەڵهاتیت.

چ ساتەوەختێکی مەزن بوو، ویژدانێکی پاکژ و بێ پەڵە لە تای تەرازوودا و یەک ئیمپراتۆریەتیش لە تاکەی تریدا. ئەوە تۆ بوویت، ویژدانی ئینسان بوو کە تای تەرازووەکەی بەلای خۆیدا خست، ئەم ویژدانە دەتوانێ لە ڕۆژی قیامەتدا لە حزووری خوادا ڕاوەستێ و داوەری نەکرێ، بەڵکو خۆی داوەریی خۆی بکات، لەبەرئەوەی پاکژی و ئازایەتیی ئینسان، تەنانەت خواوەندیش لێوڕێژ دەکا لەترس.

باپیرە بمبوورە ناتوانم ددان بەخۆدا بگرم. ئەو ساتەوەختە پڕ شکۆیەی کە لە ئاستانەی (ئاسکۆراڵ)ەوە تێپەڕیت و سەرفرازانە کۆچت کرد و بەقێزەوە دەسبەرداری بەرژەوەندییە گەورە و چکۆڵەکانی دونیا بوویت و لەدوای خۆتەوە جێت هێشتن، ئەو ساتە پڕ شکۆیە هێندە تژی کردم لەسەرسامی و ستایش کە جورئەتم کرد ئەو ساتەوەختە لە پۆشاکی شیعردا بڕازێنمەوە تا نەهێڵم بەهەدەر بچێ. ئەم لاواندنەوەیە بەمەرەکەبی ڕەش و بەمەرەکەبی سوور دەنووسم و بەفەزادا هەڵی دەواسم:

چەماوە بەسەر سەکۆیەکی بەردین و لەژێر هەتاوێکی
سووتێنەردا
پادشا – کرم – بەڕوانینی بەرینی
لە بەناکان دەنۆڕێ کە تابووتی چوارگۆشەی تەنهایی



بەدەوریدا دروست دەکەن
سەردابێک و کۆشکێک و قەبرێک
خارای کێویی، ڕەق و ڕووت
بەسەر بەردی زڕدا خرۆشا
دەمە کەفاوییەکەی دەقڵیشا و
روخساری مۆم ئاسای سپی و
جەستە چرچ و لۆچەکەی سوڵتانی گوناهبار
هێور هێور دادەڕزا
کە کوتوپڕ لە ترۆپکی چیاوە
هەڵۆیەکی برسی، بەهاوارێکی شادومانانەوە
دابەزی بەسەر ئەو پەیکەرە نیوە گیانەدا
سی ساڵ بەرلەوە، بۆنی ئەو جەستە ڕزیوەی کردبوو
جحێڵی بۆشناخی کریتی، لە زەینی خۆدا
فڕینی ئەو مەلە نێچیرەڤانەی هەست پێ کردبوو
کە دەڕۆیشت تا چەنگاڵ کات بەجەستەی سوڵتانا
لە ئەشکەوتەکانی هەرتک گوێیدا هێشتا
گیڤەی قامچییەک دەنگی دەدایەوە
کە ئەوی لە پەرستگەی خەونەکانییەوە ڕاونابوو:
(سوڵتان تابلۆی سان مۆریسی ناوێ!)
هەوا کەوتە لەرەو بڵێسە لەهەموو لایەکەوە کڵپەی سەند
چەک و فریشتە، سینگەکان لێواولێو لە ئاگر، غەرق لە خواوەند
نێزەکان سۆسەنی شۆڕاو بەخۆر
لەسەر بەردە کڵپە سەندووەکانەوە، گوڵ دەپشکوێن
قەڵغانی لە مینا و زومروود و یاقووت
لەم میانەدا، ڕووناکی وەک شێرێک بۆ نێچیر دەگەڕێ
ئەو هەمووە هەڵدەلووشێ
لە ئاسمان، جەنگاوەرانی دلێر
بەڕیز تێدەپەڕن وەک تارمایی لە تۆفانی ئەووەڵێندا
جحێلان بەسەرقامکی گڕژ و بەهێزیان
لە شیلەی هەڵاڵەی گەرمی کێوانی کریت بارستەیەک

دروست دەکەن
تا ئەبەد ناولەپیان بۆنی عەتر دەگرێ.
کات نیوەڕۆیە، هەتاو لەسەر بەردەکان دەدرەوشێتەوە
مەرجانی نازک مەخلۆقێکی تر دەبینێ
کە لەژێر ڕۆشناییدا، بەپەنهانی پرشنگ دەدا
روخساری ڕووت و ئاسمانی وەدیاردەکەوێ کە زەحمەتە
ببینرێ
وەک باڵی ژاکاو کە بەدەنگێکی بەرز بکرێنەوە
دەکەوێتە لەرە، دەیر لەنێو دیوارەکانیدا وەدیار دەکەوێ
قەڵای سەنگینی ئینسان، جەستەی داڕزیو
بەرووی ئاسماندا دەکرێتەوە پەنجەرەیەکی شین
فریشتەگەلێ لە شێوەی مەلدا تا ناخی ئەقڵ دادەبەزن
تووڕەییە ڕەشەکانی سوڵتان وەکی سێوە لاسوورە دەلەرێنەوە
بەژوور ئاسمانی پاکیژەوە
داڵی ئەقڵ بەبێدەنگی بۆ سەر مۆخی پیاوی کریتی دادەبەزێ
فریشتەی مەزن، بەدەمی تژیی لە ئاگر.
مناڵان تێدەپەڕن، وەک پشکۆی دوای بارانی ئێواران
راهیبان و کیژان و لۆردگەل
تێدەپەڕن بەگۆنای داکەوتووەوە،
دایکانێک خۆ قوربانیکەری ڕۆڵەکانیان: خواوەندەکانیان
دەستانی جحێڵ لە سوێی سەرەتادا دەسووتێن
ئارەزووی شاراوە دەس دەنێتە گەرووی
بەزارێکی داپچڕاو و برسییەوە
قوماشی تابلۆ ئەسیرییەکە لە ئاسماندا ئەمدیو و ئەودیو دەکا
لەنێو مۆخیدا، ڕەنگە تیژ و چڕەکان دەڕژێن و
شادومانانە قوڵپ دەدەن، بەرلەوەی دەست بتوانێ بیانڕفێنێ.
فریشتەگەلی بازوو ئەستوور دادەبەزن
ئاپۆرەی نەیزەکەکان لە سەرەکاندا دەتەقنەوە
مەشخەڵ بەدەست، پەیامبەران دەچنە مۆخییەوە
لە گەڕانەوەدا، وەک ئاڵای سەر بەرەو خواری جەنگ



کلیلەکان لە دەستیاندا، ئاگرەکان و ئەو ڕەمزە پیرۆزە
جامێکی گەورەی نەخشی مار لەسەر کێشراو
جحێڵەکە هەست دەکا خواوەندی بەسەردا دانەویوەتەوە
کە وەک بارستەی ئاگر بەسەریدا دێتە خوار
دەزریکێنێ و جەستەشی بەسەر خاچەوە هەڵواسراو
ئەرز قوڵپ دەدا، وەک زوبانی شێر
عەتفی خواوەندیی بەئیشتیهایەکی تەواوەوە بەردە سووتێنەرەکان
دەلێسێتەوە
قەوارەیەکی ئاولەمەیی، لە سەمایەکی چالاک و پڕ پێچاوپێچدا
نێوقەدی جحێڵەکە لەخۆ دەگرێ.
سەرپەنجەکانی پریشک دەدەن و ئەویش یەک یەک
دایاندەگیرسێنێ بەبڵێسەی خامۆشی مۆمگەلێک بەرز
دوو بەقەد باڵای ئینسان.
بەپرشنگێکی نادونیایی
وەک هالەی مروارینی مانگ
رووی بەرینی خاک، لەرزە لەرز، تیشکرێژی دەکا:
(ئەم جەستەیە ڕەها دەکەم، لێگەڕێ با بشکێ
خواوەند، موگناتیسی بەرزی نێو هەورەکان
رامدەکێشێ بۆ هۆڵی سەمای ئەسیریی سێینە
بەڵام سوڵتان، ئەو بەرازە ژەهراوییە
لە کولانە مریشکی تەنگ و تاریکی خۆی وەدەرم دەنێ
رووناکی دەبینێ و دەترسێ.
نەفرەتت لێ بێ! ماڵئاوا... بەڵام بزانە ئەی جەستە بێژەنگ
کە هونەر نە دەستەمۆبوونە و نە یاسا
بەڵکو شەیتانێکە قاڵبەکان تێکوپێک دەدا
من لێدەگەڕێم تا بەوێنەکێشە خەسیوە تووڕەهاتەکانت
تووکە بەری ژنان گسک دەیت!
ئاوها ئاخافت و ڕوو لە خۆر و خەڵووزی بەردین ڕاوەستا
چاوانی، ئەو دوو گەوهەرە تۆکمە گرانبەهایەی برییە
گاشەبەردەکانی عابیدنشین

هەڵاڵەی بۆن کرد: کریت، مێ پڵنگی ئازیز
هاتە پێشێ و لە تاریکایی چڕی ناخیدا کەوتە پیاسە
خەمی قورس، ئارەزووی گەورە و پیاوانە
لە سینەیدا وەک تەپڵ کەوتبووە زرمە
ئاپۆرەی هەنگان لەنێو گوڵانی شیوەراندا دەفڕین
ڤیرۆندیسی ئازیز دێتە سەرییەوە
پسیلۆریتی کڵپەی سەندووە و هەڵمی لێ هەڵدەسێ
شەختە، سەرچاوەی مەڕمەڕیی دەکا بەژێرەوە
پرد بەرەو سەرەوە قەد ڕاست دەکاتەوە، کەمانچە نەغمەی بە
سۆز دەژەنێ
لێوی تەڕ دەکا بەئاوی سوێری زەریا، هێشتا دەتوانێ لەگوێی
ڕۆحیدا ببیبەت:
– ئەی کەنزی شاراوە.
دەنگی مجێوری زاهید لە بەندەری کاسترۆ بەر لە سەفەری
زەریایی و
ئاگادارکردنەوەی یەک لەدوای یەکی مەولا پیرەکەی
کە گوتبووی:
"کریاکۆس تۆ بەبڵێسەی پێغەمبەریێتی چەورکراوی
مەکەوە داوی سەروەت و سامان
مەبەرە کاسەلێسی دەرباری پادشایان
ڕێگەیەک بگرەبەر لەوەوبەر کەسی پێدا ڕەت نەبووبێ
وا بکە و بەرەو پێشەوە بڕۆ!"
ئەی دڵی لەخۆبایی و هەوەسباز
کاتێ ئومێدی فریودەر، سەخیی تەبعانە
خەونی شیرین و کۆیلانەی بەدیاری دەدامێ
بۆچی خۆت حەشاردا و
پاژنەی تووڕەی خۆت بەسەردا نەدام
تا وامان لێ بکەیت بڕۆین؟
ئەی دڵ بگەڕێوە، بۆماڵەوە بگەڕێوە!
وای دەگوت و ڕۆحی وەکی پڵنگێ هەدادانی نەبوو



گۆشەگیری هەستایە پێ، توندوتۆڵ
خواوەند وەک ئەستێرە بەنێوچەوانییەوە پرشنگی دا
لە دووی دەهات، ئاوڕی دایەوە و گەرەکی بوو ڕاکا
مانتینای جحێڵیی بەخش
تای تەرازووی ئیرادەی قورستر کرد:
(کارت لە پێشە، لە زەریا بدە و مەترسە
جحێڵێتی بکەرە قوربان، بێ ئەوەی فرمێسکێ لە چاوانتەوە
بڕژێتە خوار!)
من و فرمێسک ڕشتن بۆ جحێڵی؟ هەرگیز
ئارامی تەنگەنەفەسم دەکا، حەوسەڵەم نەماوە
من و تۆ ئەی دڵ خولقاوین بۆ ئەوەی
بەهێزی بازوو باڵە بنەڕەتییەکانی ئازادی وا لێ کەین و
ڕێگە باڵاکان بگرینەبەر.
شمشێرێکمان بەدەستەوەیە لە نوور.
بەرەو ڕووی خۆر بڕۆ، ڕووەو کریت
تا ئازادی بدۆزیتەوە و گۆشەگیریی پیرۆز!
بەپەلە بەلای ڕاستدا دادەگەڕێ
بەرەو ماڵە بابی لە پەناگەی دوور
ترۆپکی سەرفرازی، پسیلۆریتیی.
وەک مەندیلێک بەسەر زەینییەوە دەلەرایەوە
پێدەشتی (میسارا) بەرین و سەوز ڕاکشاو
ئاشنا بەباغەکانی
بەڵام کوتوپڕ لەسەر پێیان ڕاوەستا
دوو دەستی ترسناک دەیگرن
دەنگی باڵەکان، دەنگی تۆفانئاسای باڵەکان دەبیەت و
ئاه ئەی پرشنگی مەزن
چاوانی تژیی لە ئەستێرە دەبن!
بڵێسەی تارمایی ئاسا
سەوز و زێڕین، بەخێرایی کاسەی سەری لەخۆوە دەپێچێ و
گۆگۆد، پزیسکێ لەگەڵ ڕەشەبای سووتێنەر

فریشتەی مەزن بەسەریدا باز دەدا
بای گەرمی باشوور، بەباڵی شەلاڵ لە بۆنی هەلاڵە
جحێڵەکە بەسینگی بەرینی خۆیەوە دەگوشێ
پێ بەعەردا دەکێشێ و بەرەو سەرەوە هەڵدەگژێ
جحێڵەکە لە سێلاوی بەهوروژمی نووردا ڕەنگی دەپەڕێ
دەستەسڕە کریتییەکەی توند لە هەنییەی دەبەستێ
بەچاوانی ڕەشی کراوە و لێوی ئەستووری قوچاوەوە
لەو هەتاوە سووتێنەرە دەنۆڕێ،
کە قووڵترین چینەکانی عەردی تواندۆتەوە.
لاشەیەک لە مەزاری پرشنگی خۆردا، مێروولە بیناسازەکان
دەیشۆنەوە
چیاکان دەنەڕێن، ڕێگەکان دەچەمنەوە
سەردەنێتە سەر سینگی فریشتە، ڕووناکی درەو دەکا:
بەرزایی ئارەزوو
بالای نەبینراوی ئەرز ڕادەبێ
هەنووکە سینگی ئەو فریشتەیەی کە لە ناخیدایە
بەسەر ترۆپکە پاکیژەکانییەوەی دادەنێ
بەتاقە هیوای سەربەستی، سەربەستیی کێوی
سەرفەرازترین پەناگەی ئینسان
کریتی بالا، نیشتمانی راز!

بەدرێژایی ڕۆژ بەکۆلانە تەنگەبەرەکانی تۆلیدۆدا گەڕام، بۆنی گۆگردم لە هەوادا هەڵدەمژت، وەک بلێی برووسکە لێی دابێ، زیاتر لەسێ سەدە دوای تێپەڕینی تۆ، (با) هێشتا بۆنی دڕندەی کێویی لێ دەهات، وەک بلێی شێرێک بەم ڕێگەیەدا تێپەڕیبێ. چەند ترسناک و خۆشە بڕۆیت و هەست بکەیت ڕۆحێکی مەزن بەژوور سەرتەوە بەتووڕەیی باڵ لێک دەدا.

باپیرە، کاتێ شەوانە دەچوومە جێگەکەمەوە و ناخم تژیی دەبوو بەهەناسەی تۆ، خەو دەهات و بۆ دوور هەڵیدەکرد. خەو بوو یان بەلەمێکی سێ دینگە بەچارۆکەی بەرزەوە؟ سەردەکەوتم، ئەو ساتەی ئاوڕم دەدایەوە تا لە ناخودا بپرسم بۆ کوێ دەچین، ئیدی ئێمە هەر لەو ساتەدا لە میگالۆکاسترۆ لەنگەرمان گرتبوو. بەردە ڕەشە ڤینیسیاییەکە لەژێر هەتاوی ئێوارەدا سوور دەچۆوە. ئالای (قەدیس مارکۆس) بەسەر بورجە مەزنەکەوە دەشەکایەوە، شۆستەکە شەلاڵ بوو بەبۆنی مەی و زەیتی زەیتوون و لیمۆ و پرتەقاڵ، لەپاڵ دەروازەی بەندەرەوە، مەیخانەی جیرۆنیمۆ پڕ بوو لە ڤینیسیایی مەست و لە زەریاوانانی



باشوور و لە ژنانی برۆنزی کە جێژوانیان لەنگەرگاکە بوو. هەردووکمان دانیشتین، لەودیو بەرمیلێکی لارەوە دانیشتین، هێلکە شەیتانۆکە و قرژاڵی سوورەوەکراوی وەک مەزە بۆ هێناین. جار دوای جار پێکەکانمان بەتاڵ دەکردەوە و سەرلەنوێ پڕمان دەکردەوە، هیچ کاممان نەدەدواین، هەریەکەمان چاوانی لەچاوی ئەوی ترمان بڕیبوو.

هەردووکمان جحێڵ بووین، تۆ بیست ساڵان و منیش حەڤدە ساڵ، گەرچی هەردووکمان هەمان کیژمان خۆشدەویست، کەچی بەشەڕ نەهاتین، لەبەرئەوەی ئێمە دوو هاوڕێی گیانی بەگیانیی یەکتربووین، شەوانە هەریەکەمان لەبەر پەنجەرە داخراوەکەیدا ڕادەوەستا و بەگۆرانی چڕین دڵی خۆی هێور دەکردەوە، تۆ عودت دەژەند و منیش گیتار، دەنگمان ئامێتەی یەکدی دەبوو، دەنگی تۆ قووڵ و پیاوانە، دەنگی منیش هێشتا زیقن. پاشان کیژەکەمان سەرپشک کرد کە لەمدیو پەنجەرە داخراوەکەیەوە بەئازادی یەکێکمان هەڵبژێرێ، لای سپێدە لەیەکتر جیا دەبووینەوە. تۆ بەبێ خەو، هەروەک ئاکاری خۆت فلچەکەت هەڵدەگرت و دەکەوتیتە وێنەکێشانی فریشتەگەلی باڵدار کە لە ناخی بلێسەوە دەهاتنەدەر.

منیش شەکەت ڕووم دەکردەوە ماڵەوە، تا بنووم و لە خەوندا ببینم کە پەنجەرەکە دەکرێتەوە و سێوە لاسوورەیەک دەکەوێتە نێو لەپی دەستمەوە.

هەنووکە لە ناوەندی مەیخانەکەدا، هەریەکەمان بێ ئەوەی بئاخڤێ لەوی ترمان دەنۆڕێ، چونکە تۆ سپێدەی ڕۆژی دوایی دەڕۆیت. بۆیە دەکەوینە خواردنەوە تاسوێی لێکجیابوونەوە لەبیرخۆمان بەرینەوە.

نیوەی شەو ڕاشکابوو کە هەستاین مەیخانەکە جێ بێڵین، بادەیەکی خەستی مالیڤێزییمان خواردبۆوە و زەینمان کرابۆوە و پەلی هاویشتبوو، تەواوی دونیای تەنیبوو.

پێم گوتیت: "برام مینیگی، دونیا هی خۆمانە، بابڕۆین!"

دەستمان نایە ناوقەدی یەکتر تا خۆمان بگرین و نەکەوین، هەناسەکانتم لەسەر گۆنام هەست پێ کرد. لەخۆم پرسی: "تاکەی؟ تاکەی؟ چەند سەعاتێکی تر سپێدە دێ و ئەم هەناسە ئازیزە جێم دێڵێ و ئیدی هەرگیز نایدا لە گۆنام!" بەڵام من جحێڵ بووم، بەرگەی ئازارم دەگرت و فرمێسک نەزایە چاوانم.

لە دەروازەی بەندەرەوە تێپەڕین و بەلای چەپدا داگەڕاین و بەدیوارە ڤینیسیاییەکانی دەوری شاردا هەڵگژاین، مانگ چواردە و خەمین بەژوور سەرمانەوە شۆڕببۆوە، تەنێ ئەستێرە گەورەکان دەیانتوانی خۆیان لەبەر تریفەیدا ڕاگرن، لەو ئاسمانە شیرییە بێدەنگەدا دەدرەوشانەوە و زەریای کریتیش لای چەپمانەوە نەعرەتەی دەکێشا.

ئەی هاوڕێی ئازیز، ڕاوەستایت و دەستت ڕایەڵ کرد. پاشان پێت گوتم: "بنۆڕە، لە ئاوەکە بنۆڕە چۆن هوروژم دەبا تا دیوارەکان هەڵلووشێ و ڤینیسیاییەکان وەدەرنێ. ناتوانیت ببینیت؟ باش بنۆڕە، میناگی چکۆڵە ئەمانە شەپۆڵ نین- میناگی چکۆڵە ئەو نازناوە بوو کە بۆ کینایەت لێت نابووم- ئەوانە ئەسپن، گرۆهی سوارەی ترسناکن!"

پێکەنیم و گوتم: "مینیگی، ئەوانە شەپۆڵن، ئەسپ نین!"

شانت ڕاوەشاند و گوتت: "ئاخر تۆ بەدوو چاوانی قوڕین دەبینیت، بەڵام من بەهێتر دەبینم. تۆ جەستە

دەبینیت، بەڵام من ڕۆح دەبینم!"

– "دەشێ ئەمە دووپاتکەرەوەی ئەوە بێ کە ئێمە دوو هاوڕێی ئازیزین و ناخوازین لێک دابڕێین. چما ڕۆح حەز دەکا جەستە جێ بێڵێ؟"

لێکدابڕانمان بیرکەوتەوە و خەمی لێکدابڕان هەناسەی لەبەر بڕین.

باسکت گوشیم و گوتت: "وەرە، لەبارەی لێکدابڕانەوە مەدوێ!"

چەند ساتێک بەژێر تریفەی مانگدا ڕۆیشتین، بەڵام خەیاڵمان لای لێکدابڕان بوو، هەردووکمان هەوڵمان دەدا ئەوە بیر خۆمان بەرینەوە تا نەبا ببینە نێچیری فرمێسک، شەرممان دەکرد بگرین، ئاخر هەردووکمان ئەفسانەی قەدیسانمان خوێندبۆوە و بەخیلیمان دەبرد بەخۆڕاگریی قەدیسان لەژێر زەبری ئازاری فیراقدا، ئەوانە گەرچی تا ئەبەد لێک دادەبڕان، لەئازیزترین خۆشەویستانیان دادەبڕان، کەچی دڵۆپە فرمێسکێ لەچاوانیانەوە نەدەڕژا. سوێندمان خوارد وەک ئەوان بین.

بۆ ئەوەی بێدەنگییەکە بڕەوێنیتەوە، لێت پرسیم: "بیر لەچی دەکەیتەوە؟"

هەوڵم دا هەستەکانم حەشاردەم. وەڵامم دایتەوە: "لەهیچ! ها، ڕاستە، بیرم لەوە دەکردەوە کە چەند فراوانە ئەم زەریای کریتە. بەڵام حەزدەکەم دابەزمە کەنار و تەنانەت گەر بیشخنکێم لەگەڵ شەپۆلەکاندا بەشەڕبێم!"

وەڵامت دامەوە: "جحێڵی پێی وایە نەمرە، بۆیە بەرەنگاری مردن دەبێتەوە!" وات گوت و دەستت گرتم، دەتویست نەهێڵێت بۆ کەنار دابەزم.

خەنی بووم، دەست گوشینەکەت زۆر ئاشنایانە بوو، گەرچی ئازاری لێکدابڕانت لەلام زێدەتر دەبوو، بەڵام خۆم بێ باک پیشان دا و پێشنیارم کرد قسەکانمان بەلای شتە ڕۆژانەییەکاندا بەرین تا بۆ ساتێک خەمی لێکدابڕانمان لەبیرکەین.

لێم پرسیت:" ئەرێ مینیگی چۆن دەتوانیت لەسەرزەمینە دوورەکاندا بژێیت؟ تۆ نە کەس دەناسیت و نە کەس دەتناسێ و هێشتا ئەستێرەی بەختت هەڵنەهاتووە. ئەو پارانەی کە (مانۆسۆس)ی براشت داوێتی پێت پارەیەکی زۆر نییە و منیش هەر خۆم دەزانم تۆ چەند دەسبڵاویت و لەچاوترووکانێکدا تەخشان و پەخشانی دەکەیت. ئەی دوای ئەوە؟ چما ناترسیت؟"

وەڵامت دامەوە: "خەمی منت نەبێ میناگی چکۆڵە. هەر چەندێ کەمم پێبێ بەسە، هەرچەندێ زۆرم پێبێ بەس نییە. تێدەگەیت چ دەڵێم؟"

– "نا!"

وەک منالێک پێکەنیت، گوتت: "خۆشم تێناگەم، گرنگ ئەمە مەسەلەکەیە!" بەڵام تۆ سەرنجی نیگەرانییەکەمت دابوو، دەستت نایە سەر شانم تا تەسەللام بدەیتەوە، گوتت: "میناگی چکۆڵە، هیچم بەسەر نایەت. ئاخر ئامانجی مەزن لە زەینمدایە و هێزێکی مەزنیش وا لە دەستمدا. لەوێ، لە ئەورووپا، دەکەومە بەربەرەکانیکردنی ترسناکترین هێز، من دەڕۆم بۆ ئەوێ تا ڕۆحم ناچارکەم یان بیبباتەوە یاخود تیاچێ. دەبینیت، دەبینیت، دەبینیت، بەر لە هەر شتێک، مەسەلەکە لەگەڵ – مەترسە – مەسەلەکە



لەگەڵ مایکل ئەنجیلۆدا یەکلایی دەکەمەوە. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر نوسخەیەکی چکۆڵەی (ڕۆژی قیامەت)م بینی کە لەڕۆما وێنەی کێشاوە. بەدڵم نەبوو!"

چاوانت لەبەر تریفەی مانگدا پریشگیان دەدا، دەنگت وشکهەڵاتبوو، داهاتیتەوە و بەردێکت هەڵگرت و گرتتە زەریا، وەک ئەوەی بتەوێ بەبەرد بارانکردنی شەپۆڵەکان هێزی خۆت بنوێنیت.

– "بۆچی ئاوها سەیرم دەکەیت؟ پێتوایە زۆرم خواردۆتەوە و سەرخۆش بووم؟ من سەرخۆش نیم، نا، من حەزناکەم سەرخۆش بم. ئەوە خودایە کە جەستە دەژێنێتەوە و سەرلەنوێ دونیا پڕدەکاتەوە لە جەستە، من هیچیانم پێگرنگ نییە، قیامەتێکی تر وێنە دەکێشم، وا دەکەم، بەدوو ئاستیش دەیکەم. ئاستێکی نزم: گۆڕەکان – کە کراونەتەوە و کرمگەل بەقەبارەی جەستەی ئینسان، نیگەران و بەسەری بەرزەوە، وەک ئەوەی هەوا بۆن کەن، دێنە دەرێ. ئاستێکی بەرزیش: مەسیح– تەواوێک تەنها، دادەنەوێتەوە و فوو بەکرمەکاندا دەکا و ئیدی هەوا لێواولێو دەبێ لە پەپوولە، ئەمە مانای ژیانەوەیە، ئاخر پێویستە کرمەکان ببنە پەپوولە، نەک تەنێ بەرەو لای ئێمە بگەڕێنەوە و ببنە کرمگەلی نەمر!"

سەرم هەڵبڕی و لەبەر تریفەی سیحراویی مانگدا سەیرم کردیت، هەوای ژوور سەرە کڵپە سەندووەکەت سیخناخ بوو لە پەپوولە.

لێوم هەڵێنایەوە تا شتێ بڵێم (ئاخر ئەو ڕۆژی قیامەتەم بێ ئەندازە پێ هەرتەقە بوو) بەڵام تۆ ورووژابوویت و پەرۆش بوویت لە ساتی گونجاودا نهێنییەکانی خۆتم لەلا بدرکێنیت، سپێدە لە دەرکەوتنا بوو، ناچاربووین دوای تاوێکی تر لێک دابڕێین. ئیدی باوەڕم نەدەکرد قسەکانت بۆ من بکەیت، بەڵکو هەنگاوت دەنا و بۆ خۆت دەدوایت.

– "ئەوان وێنەی ڕوحلقودس لەشێوەی کۆتردا دەکێشن کە بەسەر سەری حەوارییەکاندا دادەبەزێ. چ نەنگییەکە! چما هەرگیز هەستیان نەکردووە کە ڕوحلقودس دەیانسووتێنێ؟ ئەو مەلە فەقیرەیان لەکوێ دۆزیوەتەوە کە بۆ خواردن دەشێ؟ چۆن دەتوانن لە شێوەی ڕوحلقودسدا پیشانماندەن؟ نا، ڕوحلقودس کۆتر نییە، بەڵکو ئاگرە، ئاگر کە ئینسان هەڵدەلووشێ، چەنگاڵەکانی لەسەری قەدیس و شەهید و تێکۆشەرە مەزنەکان گیر دەکا و دەیانکاتە خۆڵەمێش. ئەوە ڕۆحە سەرشۆڕەکانن ڕوحلقودس بەکۆتر دادەنێن، پێیان وایە دەتوانن بیکوژن و بیخۆن!"

پاشان پێکەنیت و گوتت: "ڕۆژێک لە ڕۆژان – گەر خودا بخوازێ – وێنەی ڕوحلقودس بەسەر سەری حەوارییەکانەوە دەکێشم. ئەوکات ببینە!"

لەبێدەنگیدا نوقووم بوویت، پاشان بەخێرایی دەستت بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە جوڵاند، وەک ئەوەی وێنەی جێژنی گوڵڕێزانی ئایندە لە هەوادا بکێشی. لێم پرسیت:" دەتوانیت ئاگر بکەیتە ڕووناکی؟" هەر کە وام گوت، دەسوبرد لەو وشانە ژێوان بوومەوە، چونکە ڕوخسارت گرژ بوو، بڕۆت هێنایەوە یەک و وەڵامت دامەوە: "ئاخ لە تۆ و لە دێوانەیی تۆ بۆ ڕووناکی!" وات لێ کردم کە پێم وابێ توورە بوویت:" پەلەی چیتە؟ ئەمە ئیشی تۆ نییە، ئاخر ئەمە عەردە و هەور نییە، عەردیش لە جەستەی بەگۆشت و بەز و ئێسک دروست بووە، لێگەڕێ بیکەینە بلێسە، ئەمە ئەوەیە کە دەتوانین بیکەین و ناتوانین بێ لەوە چ

شتێکی تر بکەین. ئەمە بەسە! ئاگر تەنانەت لە ڕەگی درەخت و گەڵاو لە جلکی شاهانە و گرانبەها و ئاوریشمیندا نوستووە، دەنوێ و چاوەڕێیە یەکێ وەئاگای بێنێتەوە. ئاگر بێدارکەوە، ئەمە ئەرکی ئینسانە، بڵێسە ڕۆدەچێتە بەرد و ئینسان و فریشتەکانەوە، ئەم بڵێسەیە ئەو شتەیە کە گەرەکمە وێنەی بکێشم. ئاخر من نامەوێ وێنەی خۆڵەمێش بکێشم. ئای گەر لە ساتی گونجاودا گەیشتبام، من لەوەندە زیاترم ناوێ کە لەساتی گونجاودا بگەم. هەر بۆیە دەبینی هەناسەبڕکێمە و پەلەمە، گەرەکمە بەر لەوەی ببنە خۆڵەمێش بگەم!"

هەستم کرد جەستەت تەنراوە بەبڵێسە. گوتم:

– "هاوڕێم، هێور بەرەوە، من دەترسم!"

– "میناگی چکۆڵە مەترسە، ئاگر دایکی پاکیژەیە، کوڕە نەمرەکەی هەڵگرتووە. کام کوڕ؟ ڕووناکیی ژیان. دونیا بەرزەخە، ئێمەیش دەسووتێین، ئەرکی بەهەشت وەرگرتنی ئەو بڵێسەیەیە کە ئامادەمان کردووە و گۆڕینییەتی بەڕووناکیی. با لێگەڕێین بەهەشت ئەوە بکات!"

هەمدیس بۆ ساتێک بێدەنگ بوویتەوە. گوتت: (دەمەوێ بزانیت ئەم ئینسانە بەم ڕێگەیە هاریکاریی خواوەند دەکات. هەندێ کەس پێم دەڵێن: ڕافیزی. چ دەڵێن با بیڵێن. ئاخر من خاوەنی کتێبی پیرۆزی خۆمم و کتێبەکەشم ئەو شتە دەڵێ کە کتێبەکانی تر بیریان چووە یاخود نەیانوێراوە بیڵێن. دەیکەمەوە و لە سیفری خەلیقەتەوە دەیخوێنمەوە: خودا دونیای خولقاندو لە حەوتەمین ڕۆژدا حەوایەوە، لەم قۆناغەدا دوا مەخلوقی خۆی – ئینسان–ی بانگ کرد و پێی گوت: کوڕەکەم گەر بەرەکەتی منت مەتڵەبە ئەوا گوێم بۆ ڕادێرە. من دونیام خولقاند، بەڵام تەواوم نەکرد و بەنیوە ناچڵ بەجێم هێشت، تۆ درێژە بەخولقاندنی بدە، دونیا بسووتێنە، بیکەرە ئاگر و خۆڵەمێشەکەیم بۆ بێنە تا منیش بیکەمە ڕووناکی!)

لەژێر کاریگەریی هەوای پاکژ و ئەو وتووێژە ترسناکەدا بێداربووینەوە، لەسەر گاشەبەردێک دانیشتین و چاوانمان لە زەریا بڕی، لە ڕێڕەوتی خۆردا، ئاسمان لای ئاسۆوە سپی دەچۆوە، لەژێریشمانەوە زەریا هێشتا تاریک و بەلرفە. مینیگی، کاتێ ڕووم تێ کردیت، وا پێدەچوو لە بڵێسە تەنرابیت.

گوتم:" تۆ ئەشکەنجەدەر و بێ ڕوحمیت، جەستە ئەشکەنجە دەدەیت تا ڕۆح ڕەهاکەیت!"

وەڵامت دامەوە: "تۆ ئەوە ناو دەنێی ڕۆح و منیش ناوی دەنێم بڵێسە!"

– "من جەستەم خۆش دەوێ، پێم وایە جەستە پیرۆزە، ئەویش هەر لە خوداوەیە. تووڕە مەبە گەر شتێکی تریشت پێ بڵێم: لەجەستەدا درەوشانەوەیەکی ڕۆحی هەیە و لە ڕۆحیشدا کولک و مووی جەستە، ئەوانە وەک دوو کیژۆڵەی هاوڕێ و هاوسێ بەهاوسەنگییەکی هاوگونجاوەوە لەگەڵ یەکتریدا دەژین، تۆ ئەم هاوسەنگییە پیرۆزە تێکوپێک دەدەیت!"

– "هاوسەنگی یەعنی زەلکاو، زەلکاویش یەعنی مەرگ!"

– "بەڵام ژیان لەم بارەدا ڕەتکردنەوەیەکی هەمیشەییە، تۆ شتێ ڕەت دەکەیتەوە کە توانیویەتی خۆی لەبەر تیاچووندا بگرێ و هاوسەنگی پێک بێنێ. تۆ ئەمە تێکوپێک دەشکێنی و بەدوای گوماندا دەگەڕێی."



– "من بەدوای یەقیندا دەگەڕێم، دەمامکەکان دەدڕێنم و چینەکانی جەستە دادەماڵم. بەخۆم دەڵێم: شتێکی نەمر لەژێر گۆشتدا هەیە و ناکرێ جگە لەوە شتێکی تر بێ، ئەمە ئەوەیە کە بەدوایدا دەگەڕێم و ئەوەیە کە وێنەی دەکێشم. ئەوەی دەمێنێتەوە – گۆشت و دەمامک و جوانی– بەشانازییەوە دەیدەمە (تیتیان)(*)ەکان و (تینتۆریتۆ)(**)کان و هیوادارم چێژی لێ وەربگرن.

– "دەتەوێ لە تیتیان و تینتۆریتۆ تێپەڕێنیت؟ ئەو گۆرانییە کریتییەت لەیاد نەچێ کە دەڵێ: گەر هێلانەکەت لەجێگەیەکی بەرزدا دروست کرد، ئەوا پەلکەکەی ژێری دەشکێ!"

سەرت ڕاوەشاند و گوتت: "نا، نامەوێ لەکەس تێپەڕێنم، من تەنیا و گۆشەگیرم!"

– "مینیگی زۆر بەخۆتا دەنازیت، وەک ئیبلیس!"

– "نا، من لەرادەبەدەر تەنهام!"

– "هاوڕێی ئازیز ئاگاداربە، خودا لەخۆباییبوون و گۆشەگیری سزا دەدات!"

بێ ئەوەی وەڵام بدەیتەوە، دوا سەرنجت لەزەریای خرۆشاو دا و ڕووت بەلای شاردا وەرگێڕا کە هێشتا لەشیرینە خەودا بوو، یەکەمین کەڵەباب قووقاندی، هەستایتە سەر پێ و گوتت:" وەرە، ئیدی سپێدەی دا!"

هەمدیس دەستت نایەوە نێوقەدم و کەوتینەوە ڕێ، لەژێر لێوەوە بڵمەبڵمێکت کرد و دەمت دادەخست و دەکردەوە. ئاشکرابوو کە دەتەوێ نهێنییەکم لابدرکێنیت بەڵام دوودڵ بوویت، دواجار نەتتوانی ددان بەخۆتا بگریت و گوتت:" میناگی چکۆڵە، ئەوەی پێت دەڵێم جێی خەفەتە، ببوورە، وای دانێ سەرخۆشم!"

پێکەنیم و گوتم: "هەنووکە سەرخۆشیت، دەرفەتی تەواوت هەیە هەموو ئەو شتانە بڵێی کە بەهۆشیاری ناتوانیت بیانلێی، ئاخر ئەوە بادەی مالڤێزییە کە دەئاخڤێ نەک تۆ... باشە؟"

لە ڕووناکی بێدەنگی سپێدەدا، دەنگت قووڵ و پڕ لە تاڵی و تفتی هاتە گوێم!

– "شەوێکیان لە خواوەندم پرسی: مەولا، کەنگێ لە ئیبلیس دەبووریت؟"

خواوەند وەڵامی دایەوە: هەر کاتێ کە ئەو لێم ببوورێ! هاوڕێی جحێڵم تێدەگەیت؟ گەر ڕۆژێک لە ڕۆژان لێت بپرسن گەورەترین هاوکاری خواوەند کێیە، ئەوا دەبێ بڵێی ئیبلیس. گەر لێت بپرسن ئەدی خەمینترین مەخلوقی خواوەند کێیە، ئەوا دەبێ بڵێی ئیبلیس. دواجار گەر لێت بپرسن: ئەدی کوڕە گومڕاکە، ئەوەی کە بابی گوێرەکەی دابەستەی بۆ سەربڕی و بەئامێزی کراوەوە چاوەڕێی گەڕانەوەیەتی، کێیە، ئەوا دەبێ بڵێی ئیبلیس!

---

(*) وێنەکێشێکی ئیتاڵیاییە، لەسەدەی حەڤدەیەمدا ژیاوە. لە کارە شێوەکارییەکانی: ڕۆنیشتنی ڕوحولقودس لە مەریەمی پاکیژەدا، قیامەت، مەسیح بەتاجی دڕکەوە، جێژنی تەبشیر.

(**) وێنەکێشێکی ڤینیسیایی سەدەی حەڤدەیەمە. لەنێو کارە شێوەکارییەکانیدا، هەردوو تابلۆی (هەڵگژان بەجەلجەتا) و (لەخاچدان) ناوبانگێکی جیهانییان هەیە.

من شاراوەترین نهێنییەکانی خۆمت بۆ ئاشکرا دەکەم، چونکە دەمەوێ بزانیت گەر تاخیر بووم یان نەمتوانی هەموو ئەو شتانە ئەنجامدەم کە دەمەوێ ئەنجامیاندەم، ئەوا دەبێ تۆ درێژە بەبەرخۆدان بدەیت. بەبێ ترس درێژە بەو بەرخۆدانە بدە و ئەو وەسێتە لەبیر مەکە کە کریتییەک بۆ کریتییەکی دەکا: (جحێلێتی بکەرە قوربان، بەبێ ئەوەی دڵۆپە فرمێسکێ لەچاوانتەوە بڕژێتە خوار!) ئەمەیە مانای جوامێری، ئەمەیە مانای ئازایەتی ڕاستەقینە، ئەمەیە ئەوپەڕی ئارەزووی پیرۆز.

سوێند دەخۆیت؟ دەتوانی ئەنجامی دەیت؟ کەمتەرخەمی تێدا ناکەیت؟ ئاوڕ نادەیتەوە بۆ دواوە و بڵێیت: خۆشگوزەرانی شتێکی جوانە، ئامێزی ژن و شانازیش؟ بۆ نادوێی؟"

– "مینیگی، ئاخر ئەو بەرپرسیارییەی دەیخەیتە سەر شانم قورسە، چما ناکرێ ئەرکی سەرشانی ئینسان کەمێک سووکتر بێ؟"

– "بەڵێ دەکرێ، بەڵام بۆ من و تۆ نا! ئاخر سێ جۆر ڕۆح هەن و سێ جۆر نزا. یەکەم: خواوەندە من کەوانێکم وام لە دەستتا، ڕامکێشە تا نەڕزێم. دووەم: خودایە زۆرم ڕامەکێشە تا نەپچڕێم. سێیەم: زۆرم ڕاکێشە خودایە، دە لێگەڕێ با بپچڕێم!

هەڵبژێرە"!

***

وەئاگا بوومەوە، زەنگەکانی کڵێسای (سانتۆ تۆمێ)ی ئەو نزیکانە، وادەی نوێژی بەیانییان ڕاگەیاند، ڕۆژ ببۆوە، هاوارەکان لە شەقامەوە دەنگیان دەدایەوە، پاژنەی پێڵاوی ژنان بەر وردە زیخی شەقام دەکەوت، بارۆکەیەک بەدەنگێکی زیقن دەیقووقاند. تۆلیدۆ وەئاگا دەبۆوە، خەونەکانم هێشتا بەپێڵووەکانمەوە بوون، هێشتا نەمدەتوانی ئەو دوایین وشە بێ ڕوحمە ببیەم کە تژیی کردم لە ترس و بێداری کردبوومەوە: وشەی (هەڵبژێرە!)

باپیرەی ئازیز، ئەرێ لەو شەوەوە چەند تێپەڕیوە کە لەتۆلیدۆ نووستم و تۆ بەبۆنکردنی هاتنی کریتییەک بۆ هاوسێیەتیت، لەگۆڕەکەت هەستایت و بوویتە خەون و بەدوامدا گەڕایت؟ ساتێک یاخود سێ سەدە؟ ئاخر کێ دەتوانێ لەفەزای ئەڤیندا جیاوازیی لەنێوان ساتێک و ئەبەدییەتێکدا بکا؟ لەو کاتەوە عومرێک تێپەڕیوە، قژی ڕەش سپی بووە، لاجانگەکان داکەوتوون، چاوان تاریک بوون. هەرگیز نەمتوانیوە بزانم چما کەوانەکە بەدەستی کێوە، بەدەستی خواوەندەوە یان شەیتانەوە دنگەی هات، بەڵام خەنی بووم بەهەستکردنم بەوەی کە هێزێکی زۆر گەورەتر و پاکژتر لە هێزی خۆم، هەمیشە بەتیروکەوان چەکدارم دەکا و یارمەتیم لە هاویشتنیدا دەدا. تەواوی تەختەکان لەخاچی ڕاستەقینەن، چونکە دەتوانرێ لەهەموو تەختەیەک خاچ دروست کرێ، بەم جۆرە هەموو جەستەکان پیرۆزن، چونکە دەتوانرێ کەوان لەهەموو جەستەکان دروست کرێ. بەدرێژایی عومرم، کەوانێک بووم لەنێوان دوو دەستی بێ ڕوحم و برسیدا، ئەو دەستە نەبینراوانە، چەندین جار کەوانیان کشاندووە و هەر کشاندووە تا قرچەی شکانیم ژنەفتووە! هەر هەموو جارەکانیش هاوارم کردووە:" با بشکێ!" ئاخر باپیرە، تۆ ئەمرت پێ کردبووم



هەڵبژێرم و دەی منیش ئەوەم هەڵبژاردبوو.

هەڵمبژارد، ئەلعان، بوولێلێ سپێدە، تاریکایی خۆی داوە بەگردۆڵکەکاندا، سێبەرەکان درێژ بوونەتەوە، فەزا تژیی بووە لەمردووان، جەنگ لە تەواوبووندایە. ئەدی چما بردوومەتەوە یان دۆڕاوم؟ تەنها شتێ دەیزانم ئەوەیە: جەستەم سەراپا زامە و کەچی هێشتا هەر بەپێوە ڕاوەستاوم.

پڕم لە برین، هەموویشی وا لە سینەمدا. باپیرە، ئەوەی توانیم کردم، زیاتریش لە توانای خۆم، تەواوێ بەو شێوەیەی کە ئەمرت پێ کردم، نەمویستووە ببمە مایەی شەرمەزاریت. ئەلعانیش کە شەڕ کۆتایی پێ هاتووە، دێم و لە پاڵتا ڕادەکشێم تا لە پاڵتا ببمە خۆڵ، تا هەردووکمان پێکەوە چاوەڕوانی ڕۆژی حەشرکەین.

باپیرە، دەستەکانت ماچ دەکەم، شانی ڕاستت ماچ دەکەم، شانی چەپت ماچ دەکەم.

باپیرە سڵاو!

***

# پێڕست


سەرەتا ....
بەر لەپێشەکی .... 9
پێشەکی .... 11
باپیران .... 16
باوک .... 22
دایک .... 24
کوڕ .... 31
قۆناغی خوێندنی سەرەتایی .... 39
مردنی باپیرەم .... 48
کریت لەبەرامبەر تورکیادا .... 52
ئەفسانەی قەدیسان .... 55
تاسەی هەڵاتن .... 58
کوشتار .... 67
ناکسۆس .... 73
ئازادی .... 83
گرفتەکانی هەرزەکاری .... 87
کیژە ئایرەلەندی .... 102
ئەسینا .... 106
گەڕانەوە بۆ کریت... کنۆسۆس .... 113
زیارەتکردنی گریکستان .... 125
ئیتاڵیا .... 145
هاوڕێ شاعیرەکەم... کێوی ئاتۆس .... 154
ئۆرشەلیم .... 197
بیابان... کێوی سینا .... 217
کریت .... 260
پاریس... نیچە شەهیدی مەزن .... 270
ڤێنا... نەخۆش کەوتنم .... 291
بەرلین .... 306





روسیا .... 338
قەوقاز .... 365
گەڕانەوەی کوڕە لاسارەکە .... 375
زۆربا .... 383
کاتێ نەمامی ئۆدیسە لەناوەوەمڕا چرۆی کرد .... 396
نیگای کریتییانە .... 414
کۆتایی .... 424


## سوپاس و تێبینی


* لە تەرجومەی ئەم کتێبەدا، وێڕای دەقە فارسییەکە، سوودیشم لە دەقە عارەبییەکەی (مەمدوح عەدوان) وەرگرتووە و لە زۆر شوێندا بەراوردم کردوون، جگە لەو دێڕ و پەرەگرافانەی کە لە یەکێکیانا هەبوون و لەوی تریانا نەبوون.

* سوپاس بۆ هاریکاریی دڵسۆزانەی کاک خالید ڕەشید پوور.

## چاپكراوەكانی دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٣

١٧٧:١ – بیرەوەرییەكانی سەعید ناكام

١٧٨:٢ – البارزاني. مسرحية للأطفال. تأليف: أحمد إسماعيل إسماعيل

١٧٩:٣ – بارزانی. شانۆگەری بۆ منداڵان. نووسینی: ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مەهدی خۆشناو.

١٨٠:٤ – كابینەی چوارەم: تەمەنێكی كەم و بەرهەمێكی زۆر. چالاكییەكانی حكوومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی ٢٠٠٢دا.

١٨١:٥ – من مهاباد الى اراس. ترجمه من الفارسية الى الكردية: شوكت شيخ يزدين. نقله الى العربية: شاخوان كركوكي.

١٨٢:٦ – تەمی سەر خەرەند. رۆمان. شێرزاد حەسەن.

١٨٣:٧ – بارگەی یاران. سەرجەمی شیعری هێمن.

١٨٤:٨ – هەواری خاڵی. سەرجەمی نووسینی هێمن.

١٨٥:٩ – زیندەخەو – ڕۆمان. نووسینی: فەتاح ئەمیری.

١٨٦:١٠ – پیاوێكی شەپقە رەشی پاڵتۆ رەشی پێڵاو شین. ڕۆمان: د. فەرهاد پیرباڵ.

١٨٧:١١ – هەیئە. ڕۆمانی: سەلام عەبدوڵڵا.

١٨٨:١٢ – ئاڤێستا – لەمێژینەترین سروودی كورد. كۆكردنەوە و وەرگێڕان و لێكۆڵینەوە: جەلیل عەباسی – ج. قەقنەس.

١٨٩:١٣ – خەنجەرە زێڕینەكەی عومەر قادر. نووسینی: جۆن هنری میولر. وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ناصح ئیبراهیم عەبدوڕەحمان دزەیی. بژاركردن و داڕشتنەوەی: غەریب پشدەری.

١٩٠:١٤ – الجَيْش الأيوُبي في عَهْد صَلاح الدّين (تركيبه. تنظيمه. أسلحَته. بحريَّته. وَ أبَرز المعارك التي خَاضهَا). تأليف: الأستاذ الدكتور مُحسنِ محَّمد حُسَين.

١٩١:١٥ – كورد و كوردستان– لێكۆڵینەوەیەكە سەبارەت بەباری ڕۆشنبیریی و كۆمەڵایەتی و سیاسی و جوگرافی كوردستان، ساڵی ١٩٢٣ لە فەلەستین بەئینگلیزی چاپ كراوە. نووسینی: كۆمەڵێك لە پسپۆران و ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیز. وەرگێڕانی: حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی و حسێن ئەحمەد جاف.

١٩٢:١٦ – ئەنفال و ئافرەتی كورد. دانانی: عەدالەت عومەر سالح.

١٩٣:١٧ – كوردستان نیشتمانی یەكەمینی سۆمەرییەكانە. نووسینی: هاوڕێ باخەوان.

١٩٤:١٨ – الإنتفاضات البارزانية. تأليف: كاوس قفطان.

١٩٥:١٩ – گۆرانیبێژە نەمرەكان – بەشی دووەم. دانانی: باكوری.

١٩٦:٢٠ – ظهور الكورد في التأريخ. ج ١ . د. جمال رشيد أحمد.

١٩٧:٢١ – ظهور الكورد في التأريخ. ج ٢ . د. جمال رشيد أحمد.

١٩٨:٢٢ – كۆچڕەو... كۆچڕەو. عەبدوڵڵا سەڕاج.



١٩٩:٢٣ – بەهاری رەش. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل.

٢٠٠:٢٤ – بەفر یا ئەشكەوتی مراز. رەزا سەیید گوڵ بەرزنجی.

٢٠١:٢٥ – خاتوون T. ڕۆمان: میلان كوندێرا. وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە. د. ئەحمەدی مەلا.

٢٠٢:٢٦ – پەیام بۆ گریكستان. نیكۆس كازانتزاكیس. یادەوەری. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: دلاوەر قەرەداغی.

٢٠٣:٢٧ – فرانسیسكۆس قەدیسی من. ڕۆمان. نیكۆس كازانتزاكیس. وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: دلاوەر قەرەداغی.